# ٣٣ ستراتیژیی شەڕ

■ نووسینی: ڕابێرت گرین

■ وەرگێڕانی بۆ کوردی: برایم چووکەڵی



کتێبخانەی دیجیتاڵی

www.rabari.org

# ٣٣

# ستراتیژیی شەڕ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ٣٣ ستراتیژیی شەڕ

نووسەر: ڕابێرت گرین
وەرگێڕانی بۆ فارسی: فاتمە باغستانی
وەرگێڕانی بۆ کوردی: برایم چووکەڵی
دیزاین: خەبات
بەرگ: ئەیووب شەهابیڕاد
تایپ: وەرگێڕ
هەڵەبڕی: بەیان و موکریان چووکەڵی
چاپی دووهەم: ٢٠٢٥
تیراژ: ٢٠٠ دانە
چاپخانە: چوارچرا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ٣٣ ستراتیژیی شەڕ

## ڕابێرت گرین

وەرگێڕانی بۆ کوردی:

**برایم چووکەڵی**

چاپی دووهەم
٢٠٢٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ناوەڕۆک


کورتە پێشەکیی "وەرگێڕ"........................................ ١٧
پێشەکی نووسەر........................................ ٢٠
فەسڵی یەکەم: شەڕهەڵایسێنی خۆئاڕاستەکراو ........................................ ٣٢
ستراتیژیی یەکەم: شەڕ لە دژی دوژمن ڕابگەیەنن. ستراتیژیی جەمسەری ........................ ٣٣
ستراتیژیی دووهەم: شەڕی پێشوو مەکەن. ستراتیژیی شەڕی پارتیزانی زەین ........................ ٥٢
ستراتیژیی سێهەم: لەسەر لێشێواوی و قەیراندا حوزووری زەینتان لەدەست مەدەن.
ستراتیژیی هاوسەنگی........................................ ٦٩
ستراتیژیی چوارەم: هەستی داماوی و دڵەکوتێ و نائومێدی دروست بکە. ستراتیژیی زەوی مەرگ ٨٩
فەسڵی دووهەم: شەڕهەڵایسێنی ڕێکخراوەیی (گرووپی) ........................................١٠٦
ستراتیژیی پێنجەم: لە تەڵەی بیرکردنەوەی گرووپی دوور بکەوە.
ستراتیژیی بڕیار و کۆنترۆڵکردن........................................١٠٧
ستراتیژیی شەشەم: هێزەکانی خۆتان جیا بکەنەوە. ستراتیژیی ئاژاوەی کۆنترۆڵکراو............١٢٤
ستراتیژیی حەوتەم: شەڕەکەت بکە بە بزووتنەوە. ستراتیژیی بەهێزکردنی وره (وره بەخشین)....١٣٧
فەسڵی سێهەم: شەڕی بەرگری........................................١٦٠
ستراتیژیی هەشتەم: شەڕەکانت بە سەرنجەوە هەڵبژێرە. ستراتیژیی ئابووریی تەواو (کامڵ) ..... ١٦١
ستراتیژیی نۆیەم: تۆ لەو لای وەرەوە (تۆ پێچەوانە وەرەوە). ستراتیژیی دژە هێرش............١٧٨
ستراتیژیی دەیەم: ئامادەگی هەڕەشەتان هەبێ. ستراتیژیی ڕێگریکردن و بەربەست ...........١٩٨
ستراتیژیی یازدەهەم: بۆ کڕینی کات فەزایەک دروست بکە، واتە زەوی(جێگە) بدە، کات بکڕە.
ستراتیژیی دەرگیرنەبوون ........................................٢١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەسڵی چوارەم: شەڕەنگێزی هێرشبەرانە .............................. ٢٢٤

ستراتیژیی دوازدەیەم: تێکهەڵچوونەکان لەدەست بدە، بەڵام ئەنجامەکەی ببەوە.

ستراتیژیی کەڵان.............................................. ٢٢٦

ستراتیژیی سێزدەهەم: دوژمنی خۆتان بناسە. ستراتیژیی هۆش ......................... ٢٥١

ستراتیژیی چواردەیەم: بە خێرایی و غافڵگیری بەربەرەکانییەکان تێک بشکێنن.

ستراتیژیی شەڕی بروسکەئاسا (برق‌آسا)........................................ ٢٧٠

ستراتیژیی پازدەیەم: هێزی بزوێنەر کۆنترۆڵ بکەن. ستراتیژیی بەکارهێنانی هێز (فشار) ........ ٢٧٩

ستراتیژیی شازدەیەم: زەربە لە شوێنی هەستیاری دوژمن بدەن. ستراتیژیی ناوەندی قورسایی ... ٢٩٩

ستراتیژیی هەڤدەیەم: بە هەموو شێوەیەک دوژمن خاشەبڕ بکەن.

ستراتیژیی دابەشکردن و داگیرکردن............................................ ٣١٠

ستراتیژیی هەژدەیەم: پێگەی لاوازی دوژمن بدۆزەوە و هێرشی بۆ بکەن. ستراتیژیی سووڕانەوە . ٣٣٠

ستراتیژیی نۆزدەیەم: لە هەموو لایەکەوە ڕێگا لە دژمن بگرن. ستراتیژیی نابوودی/تەرتووتوونا .. ٣٤٨

ستراتیژیی بیستەم: دوژمن بەرەو شوێنی لاواز پەلکێش بکەن. ستراتیژیی گەیشتن بۆ ڕنینەوە... ٣٦٣

ستراتیژیی بیستویەکەم: لە کاتی پێشکەوتن‌دا وتووێژ بکەن. ستراتیژیی شەڕی دیپلۆماسی ... ٣٨٦

ستراتیژیی بیستودووهەم: بزانن چۆن کێشەیەک دادەمرکێننەوە.

ستراتیژیی چوونەدەرەوە و دەربازبوون........................................ ٤٠١

فەسڵی پێنجەم: شەڕهەڵایسێنی ناباو (پیس).......................................... ٤١٩

ستراتیژیی بیستوسێهەم: تێکەڵاوێکی بێ کەموکوڕی لە ڕاستی و ئەفسانە ساز بکەن. ستراتیژیی تێگەیشتنی هەڵە (تێنەگەیشتن) ............................................ ٤٢١

ستراتیژیی بیستوچوارەم: کەمترین چاوەڕوانی ئەوان جێبەجێ بکەن.

ستراتیژیی ئاسایی نائاسایی............................................. ٤٣٧

ستراتیژیی بیستوپێنجەم: لە ئەخلاق‌دا، دەستی باڵات هەبێ. ستراتیژیی چەکدارانە.......... ٤٦٠

ستراتیژیی بیستوشەشەم: هیچ ئامانجێک ڕووبەڕووی دژمن دامەنێن.

ستراتیژیی پووچەڵ کردنەوە ............................................ ٤٧٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ستراتیژیی بیست‌وحه‌وته‌م: جۆرێک ڕەفتار بکەن وەک ئەوەی کار بۆ بەرژەوەندی کەسانی دیکە دەکەن، بەڵام هەنگاو بۆ قازانج وبەرژەوەندی خۆتان بنێن. ستراتیژیی هاوپەیمانی............٤٨٩

ستراتیژیی بیست‌وهەشتەم: بە دوژمنانی خۆتان تەنافی پێویست بدەن تاکوو خۆیان هەڵواسن. ستراتیژیی دەست ڕەپێش‌خستن ..............................٥٠٨

ستراتیژیی بیست‌ونۆیەم: پارووی چووکە دیاری بکەن.

ستراتیژیی خستن بەسەر کاری کراودا (عمل انجام شده)...............................٥٢٧

ستراتیژیی سی‌یەم: بچنە ناو زەینیانەوە. ستراتیژیی پەیوەندی‌کردن....................٥٣٧

ستراتیژیی سی‌ویەکەم: لە دەروونەوە وێران بکەن. ستراتیژیی(جبهەی) بەرەی دەروونی ......٥٥٤

ستراتیژیی سی‌ودووهەم: لە کاتێک‌دا وا پێدەچێ تەسلیم دەبن، هەوڵ بدەن سەرکەوتن بەدەست بێنن. ستراتیژیی هێرشی بێ‌گرژی (بێ‌خشوونەت)....................................٥٦٩

ستراتیژیی سی‌وسێهەم: ترس و دڵەڕاوکێ لە ڕێگەی کردەوەی ترسناکەوە پەرە پێ بدەن.

ستراتیژیی کاردانەوەی زنجیرەیی...............................٥٨٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## فەسلی یەکەم: شەڕفرۆشی خۆ ئاراستەکراو

### ستراتیژیی یەکەم

**شەڕ بە دوژمن ڕابگەیەنن: ستراتیژیی جەمسەری**

ژیان بریتییە لە خەبات و پێکدادانێکی بێکۆتایی، تا دوژمنانت بەباشی نەناسی ناتوانی بەباشی لە گەلیان بە شەڕ بێی. لەبیرتان بێ دوژمنانتان وەدەر بنێن، بە جۆرێک دەست نیشانیان بکەن کە دوژمن بوونیان وەدەرکەوێ. دواتر کاتێک ئەوان لەبەرچاوتاندان، شەڕی دەروونییان پێڕاگەیەنن. دوژمنان دەتوانن ئامانج و ڕێگەتان نیشان بدەن.

### ستراتیژیی دووهەم

**شەڕی پێشووتر مەکەن: ستراتیژیی شەڕی پارتیزانی زەین**

ئەوشتەی کە کاتی تۆ بەرەو دواوە دەبا و بەرەو چارەڕەشی ڕایدەکێشێ، ڕابردوویە. دەبێ زۆر ئاگاهانە دژی ڕابردووی خۆت بە شەڕ بێی و خۆت ڕابێنی کە تەنیا بیر لە کاتی ئێستا بکەیتەوە. لەگەل خۆت ڕوک و ڕاست بە و هیچکات ڕێگە هەڵەکانی ڕابردوو دووبارە نەکەیەوە. شەڕێکی چریکی دژی مێشکی خۆت دەست پێ بکە و هیچ ڕێگایەک بۆ هێڵی بەرگری سابیت و نەگۆڕ مەهێڵەوە. هەموو شتێک چالاک، ڕەوان و بگۆڕ و بەڕۆژ بهێڵەوە.

### ستراتیژیی سێهەم

**لەسەر لێشێواوی و قەیراندا حوزووری زەینتان لەدەست مەدەن: ستراتیژیی هاوسەنگی**

مێشک لە گەرمەی خەباتدا بۆی هەیە هاوسەنگی لە دەست بدات، زۆر گرنگە لە هەر دۆخێکدا وریایی مێشک و بیرت ڕابگری. مێشکتان بە خستنە نێو دۆخی جۆراوجۆرەوە بەهێز و قایمتر بکەن. فێر بن خۆتان لە هەڵلا و ئاڵۆزیی مەیدانی شەڕ بپارێزن و مەهێڵن ئەو ئاڵۆزییانە بەسەرتاندا زاڵ بێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### ستراتیژیی چوارەم

**هەستی داماوی و دڵەکوتێ و نائومێدی دروست بکە: ستراتیژیی زەوی مردن**

خراپترین دوژمنی ئێوە خۆتانن. کاتی پڕبایەخی ئێستای خۆتان، خەساری خەون و خەیاڵی داهاتوو دەکەن. پەیوەندیتان لەگەڵ ڕابردوو بپسێنن و بچنە نێو وڵاتی نامۆ و نەناسراوەکانەوە. خۆتان باوێنە "زەویی مەرگ"ـەوە، هەمان شوێن کەوا پشتتان بە دیوارەوە ناوە و بەناچاری بە هەموو هێز و توانای خۆتانەوە بۆ مانەوە شەڕ دەکەن.

## فەسڵی دووهەم: شەڕخوازی ڕێکخراوەی (گرووپی)

### ستراتیژیی پێنجەم

**لە تەڵەی بیرکردنەوەی گرووپی دوور بکەوە: ستراتیژیی بڕیار و کۆنترۆڵکردن**

کێشەی سەرەکی لەبەڕێوەبردی دەستەدا ئەوەیە کە تاکەکان بە ناچاری دەستووری کاری خۆیان هەیە. بۆیە ناچاری زنجیرە بڕیارێک بدەی کە ئەندامانی گرووپ هەست نەکەن نفوزی ئێوە دەست و پێی ئەوانی بەستووە و لەهەمانکاتدا بڕیاراتی ئێوەش پێڕەوی بکەن. هەستی بەشداریکردن لەواندا پێک بێنە. بەڵام وشیاری خۆت بپارێزە کە لە تەڵەی بیرکردنەوەی گرووپ و ناڕوونی بڕیاردان نەکەوی.

### ستراتیژیی شەشەم

**هێزەکانی خۆتان جیا بکەنەوە: ستراتیژیی ئاژاوەی کۆنترۆڵکراو**

توخمە گرنگەکانی شەڕ، خێرایی و خۆگونجاندنە، واتە توانایی جووڵە و بڕیاردانی خێراتر لەدوژمن. هێزەکانتان بەسەر گرووپی سەربەخۆدا دابەش بکە کە بتوانن خۆیان ڕێبەرایەتی بکەن. بە هێزەکانت وره ببەخشە و مەئمورییەتیان پێ بسپێرە. پاشان ڕێگایان پێ بدەن ڕابکەن و توانایی خۆیان تاقی بکەنەوە. بەم کارە هێزێکی لەبڕاننەهاتوو و کارایان لێ دروست دەکەی.

### ستراتیژیی حەوتەم

**شەڕەکەت بکە بە بزووتنەوە: ستراتیژیی بە هێز کردنی وره (وره بەخشین)**

نهێنی وره بەخشین بە تاکەکان و پاراستنی ئەم ورەیە ئەوەیە، کە کارێک بکەن کەمتر بیر لە خۆیان بکەنەوە و زیاتر بیر لە گرووپ بکەنەوە. ئەفراد سەرقاڵی ئامانج و جووڵانەوەی دژ بە دوژمنی دزێو بکەن. کارێک بکە کە مانەوەی خۆیان، لە سەرکەوتنی سوپاکەدا بەدی بکە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## فەسڵی سێهەم: شەڕی بەرگری

### ستراتیژیی هەشتەم

**شەڕەکانت بە سەرنجەوە هەڵبژێرە: ستراتیژیی ئابووریی تەواو(کامل)**

هەمووی ئێمە سنوورێکمان هەیە. وزەو و کارامەیی خۆمان ڕێگامان پێدەدا بەرەو ڕێگایەکی سنووردار بڕۆینە پێش، کەوابوو دەبێ کەموکورتییەکانی خۆمان بناسین و شەڕەکانی خۆمان بە سەرنجەوە دیاری بکەین. لەپێشدا تێچووە نهێنیەکانی شەڕ لەبەرچاو بگرن: کاتی لەدەستچوو، نیازپاکی سیاسی بە فیڕۆ چوو، و دوژمنی بریندار ئامادەی تۆڵەکردنەوەیە. هێندێک جار باشترە لەچاوەڕوانی دا بمێنی و لەجێگای ئەوەی ڕاستەوخۆ لە ناوجەرگەی دوژمن بدەی لە ژێرەوە یان بە نهێنی لاوازی بکە.

### ستراتیژیی نۆیەم

**تۆ لەو لای وەرەوە (تۆ پێچەوانە وەرەوە): ستراتیژیی دژە هێرش**

لە زۆربەی کاتەکاندا دەستپێشخەربوون لە شەڕدا بەقازانجتان نییە و زەرەری لێ دەکەن، بەم کارە ستراتیژی خۆتان ئاشکرا دەکەن و بژاردەکانتان سنووردار دەکەنەوە. لەجیاتی ئەوە هێز پاشەکشە لە خۆتاندا بدۆزنەوە و بەستێن بۆ یەکەم جووڵەی دوژمن خۆش بکەن. ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە هەر لایەکەوە پێتان خۆش بێت دژەهێرش بکەنە سەر دوژمنەکەتان. ئەگەر دژبەرەکانتان شەڕفرۆش و هێرشبەرن دانیان بۆ دانێن و بیانکێشنە نێو شەڕێکی بەپەلەوە بۆ ئەوەی بە لاوازی بێنە بەردەستتان.

### ستراتیژیی دەیەم

**ئامادەگی هەڕەشەتان هەبێ: ستراتیژیی ڕێگریکردن و بەربەست**

باشترین ڕێگە بۆ لەمەیدان وەدەرنانی هێرشبەران، لە هەنگاوی یەکەمدا ئەوەیە کە کارێک بکەن خۆیان لە هێرش‌کردن ببوێرن. ناوبانگێک بۆ خۆتان دروست بکەن، بۆ نموونە بڕێک سەرشێتن و شەڕ لەگەڵ ئێوەدا بێبایەخە. هێندێک جار دروست‌کردنی گومان لە هەڕەشەی ئاشکرا باشترە: ئەگەر دژبەرانتان ئەو گومانەیان لەلا دروست ببێ کەوا شەڕکردن لەگەڵ ئێوە تاوانی زۆری بەدواوەیە، بیر لە شەڕ ناکەنەوە و لێی دەگەڕێن.

### ستراتیژیی یازدەیەم

**بۆ کڕینی کات فەزایەک دروست بکە، واتە زەوی(جێگە) بدە، کات بکڕە: ستراتیژیی دەرگیرنەبوون**

پاشەکشەکردن لە بەرامبەر دوژمنێکی بەهێزدا نیشانەی لاوازی نییە، بەڵکوو نیشانەی هێزە. لە باتی وەسوەسەی وڵامدانەوە بە دوژمنی هێرشکردوو، خۆت بپارێزە، لە بەر ئەوەی کاتێکی بە نرخ بۆ بیرکرنەوە و دۆزینەوەی ئیدە و ڕوانگەیەک، بەدەست بێنی. هێندێک جار دەتوانن بە هیچ نەکردن، دەسکەوتێکی زیاتر بەدەست بێنن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## فەسڵی چوارەم: شەڕی هێرشبەرانە

### ستراتیژیی دوازدەیەم

**تێکهەڵچوونەکان لەدەست بدە بەڵام ئەنجامەکەی ببەوە: ستراتیژیی کەڵان**

ستراتیژیی گەورە، هونەری دیتنە لە سەرووی شەڕ و حیساب و کیتابی داهاتوویە. ئەم کارە پێویستی بەوەیە جەخت و سەرنجتان لەسەر دوا ئامانج بێت و بۆ دەسڕاگەیشتن بەو ئامانجە بەرنامەی پێویست دابڕێژن. بێڵن با خەڵکانی دی لە بەرزونزمی و وردە تێکهەڵچوونەکانی شەڕدا براوە بن و چێژ لە سەرکەوتنە بچووکەکانیان وەربگرن، ستراتیژیی گەورە هەمان پاداشتی کۆتاییە، واتە ئەو بزە شیرینەی دواڕۆژ وا بە خەڵات پێت دەبەخشرێ.

### ستراتیژیی سێزدەیەم

**دوژمنی خۆتان بناسە: ستراتیژیی هۆش**

ئامانجی ستراتیژیی ئێوە دەبێ کەمتر لەسەر ئەو سوپایەی بێ بەرامبەرتانە، بەڵکوو زیاتر لەسەر ئەو بیر و مێشکە بێت وا سوپاکە ڕێبەری دەکات. گەر بزانی ئەم مێشکە چۆن کاردەکات، کلیلی کونترۆڵ و فریودانی دێتە نێو لەپی دەستتانەوە. وا خۆتان بار بێنن ئەو پەیام و نیشانانەی وا خەڵک بەشێوەیەکی بێئاگا دەیانگوازنەوە، وەریان بگرن و لەم ڕێیەوە دەتوانن لە مەبەست و بیر و بۆچوونیان بگەن.

### ستراتیژیی چواردەیەم

**بە خێرای و سەرسووڕهێنەر بەربەرەکانییەکانی دوژمن تێک بشکێنن: ستراتیژیی شەڕی برووسکەئاسا (برق‌آسا)**

لەم جیهانەدا کە خەڵکانێکی زۆر لە دوودڵی‌دان و هێندێک جار زیاتر لە ڕادەی پێویست پارێز دەکەن، خێرایی دەتوانێ هێزێکی چاکتان بداتێ. ئەگەر پێش لەوەی دژبەرانتان بکەونە خۆ و بیرکردنەوە، ئێوە دەست پێبکەن، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان لەنگەریان تێک بچێ، هەڵەشە بن و ئەگەری هەڵەوپەڵەیان بچێتە سەرەوە.

### ستراتیژیی پازدەیەم

**هێزی بزوێنەر کۆنتڕۆڵ بکە: ستراتیژیی بەکارهێنانی هێز**

خەڵک بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان بتانخەنە ژێر کۆنتڕۆڵەوە. تەنیا ڕێگایەک کە بتوانێ لەم پێوەندییەدا سەرکەوتوو بن ئەوەیە کە بە زیرەکی و پیلان‌داڕێژی ڕۆڵی کۆنتڕۆڵکردنی خۆتان بەهێزتر بکەن. لەبری ئەوەی هەوڵ بدەن بەسەر هەموو جووڵەکانی لایەنی بەرامبەردا زاڵ بی، باشتر وایە جەوهەری و چۆنییەتی پەیوەندییەکە لەلایەن ئێوە دیاری بکرێ. مانۆڕ لێ بدەن بۆ ئەوەی زەینی دژبەرانی خۆتان بخەنە ژێر چاوەدێرییەوە، هەستیان هەڵخرێنن و بۆ هەڵەکردن دنەیان بدەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ستراتیژیی شازدەیەم

**زەربە لە شوێنی هەستیاری دوژمن بدەن: ستراتیژیی ناوەندی قورسایی**

هەرکەسێک سەرچاوەیەکی هێزی هەیە کە بەوەوە بەندە. کاتێک بۆ ڕقیبەکانتان دەڕوانن، پەردە لە سەر ناوەندی قورسایی ئەوان هەڵدەنەوە، ئەو ناوەزێڵەیە بدۆزنەوە کە پێکهاتەی ئەوانی دروست کردووە، ئینجا لەو ناوەندە بدەن با ئێش پەڕێتە پەڕەی دڵیەوە. بەدوای ئەو شتەدا بگەڕێن وا دژبەرەکەتان زیاتر لە ڕادەی پێویست دەیپارێزێ و بە بوونی شاگەشکەیە. ئەمە هەمان ئامانجی هێرشەکەی ئێوەیە، ئەو خاڵەیە وا دەبێ بیپێکن.

## ستراتیژیی هەڤدەیەم

**بە هەموو شێوەیەک دوژمن خاشەبڕ بکەن: ستراتیژیی دابەشکردن و داگیرکردن**

هەرگیز ڕواڵەتی دوژمن فریوتان نەدا، هەموو بەشەکانی ببینن کە ئەویان دروست کردووە. کاتێک ئەو بەشانەتان لێک جیا کردەوە و لە کارتان خست، بەهێزترین دوژمنیش بێت بە چۆکدا دێ. کاتێک لەگەڵ کێشەکان و یان دوژمنانتاندا بەرەوڕوو دەبنەوە، کێشە گەورەکە لەتلەت بکەن بۆ ئەوەی هەم بچووکتر بنەوە و هەمیش ئەگەری شکانیان زیاتر بێ.

## ستراتیژیی هەژدەیەم

**پێگەی لاوازی دوژمن بدۆزەوە و هێرشی بۆ بکەن: ستراتیژیی سووڕانەوە**

کاتێک ڕاستەوخۆ هێرش دەکەیتە سەر کەسێک، ئەو کەسە خۆڕاگری دەکا و کارەکەتان لێ ئەستەمتر دەکاتەوە. بەڵام شێوازێکی گونجاوتر هەیە. سەرنجی دژبەرەکانتان بشێوێنن کارێک بکەن ناچار بن چاویان ببڕنە بەردەمیان، ئینجا لە تەنیشتەکانەوە واتە ئەو لایەنانەی وا چاوەڕێی ناکا ڕێک لەوێوە هێرش بکەنە سەری. بۆ دوژمنەکانتان دان ڕۆ بکەن، با لە سەنگەرەکانیان بێنە دەر و ئەو کاتە خاڵی لاوازی بدۆزەوە و پاشان لەلایەکی دیکەوە ئاگری بەسەر دا بارێنە.

## ستراتیژیی نۆزدەیەم

**ڕێگا لە هەموولایەکەوە لە دژمن بگرن: ستراتیژیی نابوودی**

دوژمنان بۆ هەر درز یا کەلێنێکی بچووک لە دیواری بەرگریی ئێوەدا دەگەڕێن تا لەوێوە هێرشتان بکەنە سەر، کەواتە هیچ کەلێن و درزێک بەجێ مەهێڵن و پڕیان کەنەوە. تاکە شێواز و ڕێگەچارە ئەوەیە لە هەموو لا و ئاراستەکانەوە ڕێگەی دزەکردن دابخەن و لەگەڵ ئەوەشدا گوشارێکی زۆر و بەرگەنەگرانە بخەنە سەریان، کاتێکیش کەوتنە دۆخێکی لاوازەوە، مەیدانەکەیان لێ بەرتەسکتر کەنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ستراتیژیی بیستەم

**دوژمن بەرەو شوێنی لاواز پەلکێش بکەن: ستراتیژیی گەیشتن بۆ ڕنینەوە**

بەدەر لەوەی کە چەندە بەهێزن، شەڕی بێ‌کۆتایی لەگەڵ کەسانی ماندووکەردا، پڕتێچوو و پڕژانە. ستراتیژیستە ئاوەزمەندەکان هونەری مانۆڕلێدان دەخەنە پێش هەر شتێکی دیکەوە. ئەوان پێش لەوەی شەڕ دەست پێکات، دوژمنانیان دەخەنە دۆخێکی لاوازەوە، بە جۆرێک کە بە سانایی سەرکەوتنیان بۆ دەستەبەر بکات. دوژمن بخەنە گێچەڵ و قەیرانەوە، مانۆڕی وا لێ بدەن هەتا نەیارانتان ناچار بە وەڵامدانەوە بن.

## ستراتیژیی بیست‌ویەکەم

**لە کاتی پێشکەوتن‌دا وتوویژ بکەن: ستراتیژیی شەڕی دیپلۆماسی**

پێش وتوویژ و لە کاتی وتوویژدا دەبێ پێشڕەوی بکەن و لە چوونە پێش‌دا بەردەوام بن، زەختێکی زۆر بخەنە سەر لایەنی بەرامبەرتان و ناچاری بکەن لەگەڵتان بسازێ و بچارێ. هەرچەندە پتر بەدەست بێنن لە دۆخێکی نالەباردا دەتوانن ئەو دەسکەوتانە وەک ئیمتیاز بدەنەوە بە بەرامبەرەکەتان. وا ناوبانگی خۆتان بڵاو بکەنەوە کەوا کەسێکی تووڕە و تۆسنن و ڕێگەی ئەوە نییە لەگەڵتان بە مەسڵەت بگەن، بەجۆرێک کە دژبەرانتان پێش لەوەی لەگەڵتان بەرەوڕوو ببنەوە، سەریان لێ بشێوێ.

## ستراتیژیی بیست‌ودووهەم

**بزانن چۆن کێشەیەک دادەمرکێننەوە: ستراتیژیی دەربازبوون**

لەم دنیایەدا بەپێی ئەوەی چۆن کۆتایی بە کێشە و ئاڵۆزییەک دێنن، داوەریتان لەسەر دەکرێ. ئاکامێکی ناتەواو و نوقسان تا ساڵانی دواتریش کاردانەوەی دەبێ. هونەری کۆتایی‌هێنان بە بابەتەکان بەو واتایەیە کە بزانیت چ کاتێک ڕاوەستی. لووتکەی هزری ستراتیژیک ئەوەیە کە لە هەموو ئەو لێک‌دژ و گێرەوکێشانەی وا کە خێریکیان بە دواوە نییە، خۆ ببوێرن.

# فەسڵی پێنجەم: شەڕەهەڵایسێنی ناباو (پیس)

## ستراتیژیی بیست‌وسێهەم

**تێکەڵاوێکی بێ کەموکوڕی لە ڕاستی و ئەفسانە ساز بکەن: ستراتیژیی تێگەیشتنی هەڵە**

لەبەر ئەوەی هیچ بوونەوەرێک بەبێ بینین و هەست‌کردن بەوەی لە دەوروبەری‌دا دێ‌ودەچێ، ناتوانێ بمێنێ. بینین و پێش‌بینیی ڕووداوەکانی دەوروبەرتان، بۆ دوژمنان ئەستەم بکەنەوە، بۆ نموونە کارێک بکەن کەوا نەزانێ خەریکی چن. وەڵامدەری چاوەڕوانییەکانیان بن، ڕاستییەک بخولقێنن کەوا لەگەڵ خەیاڵەکانی وان‌دا بگونجێ و هاواهەنگ بێت، ئەوکاتەیە فریو دەخۆن و هەڵدەخەڵەتێن. فام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هەڵسەنگاندنی ئەوان لە ڕاستییەکان کۆنترۆڵ بکەن، با هەموو شتێکیان بێتە ژێر چاودێری و کونترۆڵتانەوە.

## ستراتیژیی بیستوچوارەم

**کەمترین چاوەڕوانی ئەوان جێبەجێ بکەن: ستراتیژیی ئاسایی نائاسایی**

خەڵک چاوەڕێی ئەوە دەکەن ڕەفتارەکانت لەگەڵ باو و ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان بگونجێ. ئەرکی تۆ وەک ستراتیژیستێک ئەوەیە کە چاوەڕوانییەکانیان بشێوێنی و تێک بدەی. لە پێشدا کارێکی ئاسایی باو بکە بۆ ئەوەی وێنای تۆ جێگیر بێت. پاشان بە جووڵەیەکی نائاسایی زەربەیان لێ بدە. ئەم هەنگاوە لەناکاو و سەیرە ترسێکی زۆر دەخاتە دڵیانەوە، هێندێک جار جووڵەی ئاسایی تەنیا لەوەدا سەرسوڕهێنەرە کە لە چاوەڕانی ناکەیت.

## ستراتیژیی بیستوپێنجەم

**لە ئەخلاقدا دەستی باڵات هەبێ: ستراتیژیی چەکداری**

لە دنیای سیاسەتدا، بزووتنەوەیەک کەوا خەباتی بۆ دەکەی، دەبێ باشتر و دادپەروەرانەتر لەو ئامانجانە بێ، وا دوژمنەکەتان شەڕی بۆ دەکا. بە گومان خستنە سەر پاڵنەر و هۆکارەکانی دوژمنەکەتان و هەروەها ئامانجەکانیان دزێو نیشان بدەن. ژێرخانی پشتیوانی دوژمنتان لاواز بکەن و بواری مانۆڕی لێ بەرتەسکتر بکەنەوە. کاتێک دوژمنەکەتان لە ڕووی ئەخلاقییەوە هێرشتان دەکاتە سەر، لە دین دەرمەچن، وڵامی ئاور بە ئاور بدەنەوە.

## ستراتیژیی بیستوشەشەم

**هیچ ئامانجێک ڕووبەڕووی دژمن دامەنێن: ستراتیژیی پووچەڵکردنەوە**

هەستی بە واڵایی یا پووچی، تەریک کەوتنەوە، بێدەنگی و پێوەندی نەکردن لەگەڵ خەڵکی دی، بۆ زۆربەی مرۆڤەکان بەدەر لە تەحەممولە. هیچ ئامانجێک مەخەنە بەردەست دوژمنەکانتانەوە، مەترسیدار و لە هەمان کاتدا نادیار بن، بزانن ئەوان چۆن وەدووتان دەکەون و لە چاڵی پووچی دەکەون. لەجیاتی شەڕی فەرمی لە پشتەوە هێرشی پڕئازار و ڕووخێنەر بکەن.

## ستراتیژیی بیستوحەوتەم

**جۆرێک ڕەفتار بکەن وەک ئەوەی کار بۆ بەرژەوەندی کەسانی دیکە دەکەن، بەڵام هەنگاو بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆتان بنێن: ستراتیژیی هاوپەیمانی**

باشترین شێوە بۆ بردنە پێشی ئامانجەکەتان، بە کەمترین هەوڵ و خوێنڕشتن، ئەویە کە تۆڕێکی بگۆڕ لە یەکیەتیی پێک بێنی، کە لەوێدا کەموکووڕییەکان قەرەبوو بکرێتەوە و تۆش درێژە بە کارە چەپەڵەکانی خۆت بدەی و شەڕەکەت بەرەوپێش ببەی. لە هەمان کاتدا دەبێ ناکۆکی بخەیە نێوان یەکڕیزیی دوژمنانتەوە و بە تەریکخستنیان بیانخەنە دۆخێکی لاوازەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ستراتیژیی بیستوهەشتەم

**بە دوژمنانی خۆت تەنافی پێویست بدەن تاکوو خۆیان هەڵواسن: ستراتیژیی دەست ڕەپێش‌خستن**

زۆرجار گەورەترین مەترسییەکانی ژیان لە دوژمنە دەرەکییەکانەوە نییە، بەڵکوو لە هاوکار و هاوڕێ گوماناوییەکانەوە دێ، لە دۆستان و نزیکانی ئێمەن کە بە خەیاڵ ئامانجێکی هاوبەشیان لەگەڵ ئێمە هەیە بەڵام هەوڵ دەدەن ئێمە سەرکوت بکەن. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا هەوڵ بدە شک وگومان بڕەوێنەوە و ئەوان وادار بکە تا زیاتر بیر بکەنەوە و حاڵەتی دیفاعی بە خۆیانەوە بگرن. ڕێگا بدە ئەو تەنافانەی ئاراستەت کردوون خۆیانی پێ هەڵواسن و تۆ بێ گوناح و بە خاوێنی بمێنیتەوە.

## ستراتیژیی بیستونۆیەم

**پارووی چووکە دیاری بکەن: ستراتیژیی خستن بەسەر کاری کراودا (عمل انجام شده)**

هێزی ئاشکرا و دیار هەروەها سەرکەوتن و هەڵکشانی خێرا مەترسیدارە و دەبێتە هۆی هەڵخڕانی هەستی بەغیلی و گومان و دوودڵی لە خەڵکانی دیکەدا. باشترین کار ئەوەیە پارووی بچووکبچووک بگرین، سەرکەوتنی بچووک بەدەست بێنین و لەو شوێنانەدا خۆ ڕادەین و مانۆڕ لێ بدەین وا سەرنجی زۆریان لەسەر نییە. بەم شێوەیە پێش لەوەی کەس پێمان بزانێ، بووینەتە خاوەنی ئیمپراتۆرییەکی مەزن کە بە دەستی خۆمان دامان مەزراندووە.

## ستراتیژیی سییەم

**بچنە ناو زەینیانەوە: ستراتیژیی پەیوەندی**

پەیوەندی جۆرێک شەڕە. مەیدانی خەباتیش بیری خۆڕاگریی و بەرگریکارانەی کەسانێکە کە بڕیارە دزە بکەنە نێو زەینیانەوە. ئامانجەکە ئەوەیە بتوانن دزە بکەنە نێو دیواری بەرگریی زەینیان و بیر و مێشکیان داگیر بکەن. فێر بن بیرۆکەکانتان لە پشت هێڵەکانی دوژمنەوە دابەزێنن، پەیامگەلێک بە وردەکاری تەواوە بنێرن، کارێک بکەن ئەوانی دیکە هەر بەو ئاکامە بگەن کەوا ئێوە دەتانەوێ، و لێیان گەڕێن با لە دڵی خۆیاندا پێیان وابێ بۆ خۆیان بەو ئاکامانە گەیشتوون.

## ستراتیژیی سیویەکەم

**لە دەروونەوە وێران بکەنن: ستراتیژیی (جبهەی) بەرەی دەروونی**

بە دزەکردنە نێو پلەی دوژمنانتان، دایانکێشنە خوارەوە. ئامانجی کۆتایی ئەوەیە کەوا هیچ شتێک بۆ دژکردەوە نیشاندان بەدەستەوە مەدەن. بۆ دەست‌خستنی ئەوەی دەتانەوێ پێویست ناکا شەڕ بکەن، هەر ئەوەندە بەسە کەوا لەگەڵ خاوەنەکەی یەکگرتوو بن، ئەو کات وردەوردە دەبنە خاوەنی ئەو شتە، و چاوەڕوانی دەرفەتێکی گونجاو بۆ پیلان‌دارِشتن بن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ستراتیژیی سیودووههەم

**لە کاتێکدا وا پێدەچێ تەسلیم دەبن، هەوڵ بدەن سەرکەوتن بەدەست بێنن: ستراتیژیی هێرشی بێگرژی (بێخشوونەت)**

لە دنیایەکدا کە ڕەچاوکردنی شتی سیاسی زۆر گرینگە، کاریگەرترین شێوەی هێرش فۆرمی شاراوە و دوور لەچاوانە، هێرشکردن لە پشت ڕواڵەتێکی خۆش و تەنانەت خۆشەویستیشەوەیە، ئەگەر دەتهەوێ لە ستراتیژی هێرشی پاسیڤ پەیڕەوی بکەی دەبێ بە جۆرێک هەڵسوکەوت بکەی وەک ئەوەی لەگەڵ ئەوانی و هیچ بەربەرەکانییەک لەخۆت نیشان نەدەی، بەڵام لەڕاستیدا دەبێ بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بی. هەروەها دڵنیابە کە هێرش و گرژی خۆت بەجۆرێک شاراوە بەکار بێنی کە بتوانی ئینکاری بوونی بکەی.

## ستراتیژیی سیوسێههەم

**ترس و دڵەڕاوکێ لە ڕێگەی کردەوەکانی ترسناکەوە پەرە پێ بدەن: ستراتیژیی کاردانەوەی زنجیرەیی**

ئاخرین ڕێگایە بۆ ئیفلیج‌کردنی ئیرادەی ئینسان بۆ بەرەنگاربوونەوە و لەناوبردنی توانای مرۆڤ و پلاندانان بۆ وەڵامدانەوەی ستراتیژیک، ترس و تۆقاندنە. ئامانج لە هەڵمەتی ترس و تۆقاندن سەرکەوتن لەمەیدانی شەڕدا نییە، بەڵکوو بۆ دروستکردنی ئاژاوە و ورووژاندنی لایەنی بەرامبەرە بۆ کاردانەوەی توندڕەوی بێ بنەمایە. بۆگەیشتن بە دژە ستراتیژی کاریگەر دەبێت قوربانیانی ترس و وەحشەت ئارام بمێننەوە. عەقڵانییەتی تاک دوا هێڵی بەرگریی ئەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتە پێشەکیی "وەرگێڕ"

کتێب، بەشێکی گرنگ و پێویست لە ژیانە و ئەگەر ژیانیشت تێکەڵ بە خەباتی سیاسی بێ، ئەوە گرنگی و پێویستییەکە زیاتر دەبێت. لە ڕاستی‌دا کاتێک ئەم کتێبەی بەردەستتانم دەست کەوت و خوێندمەوە، ئەوەم بەزەین‌دا هات: "باشە پاش ئەو هەمووە کارە نیزامی و خەباتی سیاسییە کە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا پێ‌بەپێ هەتا ئەمڕۆ هاتووە، بۆ وا درەنگ ئەم کتێبەم بە دەست گەیشتووە؟" بەتامەزرۆییەوە خوێندمەوە و بە خوێندنەوەی هەر بەشێک لەو کتێبە، مکوڕتر بووم بۆ ئەوەی بیکەمە کوردی. لە زۆر ستراتیژی‌دا سەرم سوڕ دەما، کە ئێمە دەیان جار لەوانە کەڵکمان وەرگرتووە بێ‌ئەوەی ناوەکەیمان زانیبێ و پێناسەیەکی ئاکادێمیمان بۆی بووبێ. پێویست ناکات لێرەدا نموونە بێنمەوە و دەیسپێرم بە خوێندنەوە و خوێنەری هێژای ئەم کتێبە، بەتایبەت ئەوانەی وا ئەزموونی خەباتی سیاسی و نیزامی‌یان هەبووبێ، لەگەڵ چوونەپێشیان لە خوێندنەوەدا شایەدی زۆر تاکتیک و ستراتیژیی بۆ چارەسەری کێشەکانی ڕۆژانە ئاشنا دەبن.

"٣٣ ستراتیژیی شەڕ"، کتێبێکە لەلایەن نووسەری ئەمریکایی، "ڕابێرت گرین" کە لە ساڵی ٢٠٠٦ نووسراوە. ستراتیژییەکان زیندوو و بەڕۆژن و بۆ کاری ڕۆژانە بەکار دێن، بەڕای من ئەم کتێبە زیاتر لە هەرکەسێک بۆ تاک و خوێندەواری کورد پێویستە. کتێبەکە بە زمانێکی سادە و ساکار باس لە ستراتیژیی هێرش و بەرگری‌کردن لە چەندین شوێن و دۆخی جیاوازدا لەخۆ دەگرێ. باسێکە لەو فەرمانە ستراتیژییانە وا فەرماندە گەورەکان و سیاسی‌کارەکان بە درێژایی مێژوو بەکاریان هێناوە. با ئەوەش بڵێم ئەم ستراتیژییانە تەنیا بۆ کاری سیاسی و نیزامی نییە، بەڵکوو دەتوانێ لە بوارە جیاوازەکانی وەک مودیریەت، بازرگانی و تەنانەت ژیانی تاکەکەسیش‌دا ڕێنوێن بێت.

یەکێک لە کێشەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گوماناوی و بەرنامەبۆداڕێژراو بۆ ئاشتی پەروەردە و ئامادە کراوە و هیچ کام لە ئێمە بۆ ئەو شەڕ و ململانێیانەی کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بەداخەوە ئامادە نین. نەزمی جیهانیی ئەم سەردەمە زیاتر هەوڵ دەدا تاکەکان گوێ‌ڕایەڵ و قانع و بێ‌کێشە پەروەردە بکات، بۆ ئەوەی نەتوانن دۆخی ئارایی بگۆڕن، بەڵام لە ڕاستی‌دا ئەم پەروەردەیە سەقەتە و کەم‌وکووڕیی زۆری هەیە، چون لەگەڵ ڕاستییەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژیان‌دا ناتەبایە. شەڕ ئاستی جیاوازی هەیە، لە لایەک ڕووبەڕووی ڕکابەرەکانمان دەبینەوە و لە لایەکی دیکەوە چەمکەکان، سیستمەکان، دیاردەکان و... کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئێمە دەبێ و پێویستە بزانین چۆن لەگەڵیان ڕووبەڕوو ببینەوە، کە ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ ئاشناکردنمان بە هونەری شەڕ و کەڵک‌وەرگرتن لە ستراتیژی و تاکتیکی جۆراوجۆر و بەسوود.

ڕابێرت گرین لە هەر بەشێک‌دا تاکتیکێک دەخاتە ڕوو کە دەتوانێ چارەسەرێک بێ بۆ کێشەکانی بەردەممان. وەک بۆ خۆی دەڵێ: "تۆ دەتوانی تەنیا یەک فەسڵی بخوێنیەوە کە پەیوەندی بە کێشەی ئەو ڕۆی تۆوە هەیە یان وەک ئەو دەچێ. بەڵام لەوەش باشتر، ئەوەیە کە تەواوی ستراتیژییەکان بخوێنیەوە و بە باشی وەریان بگری و ڕێگەیان پێ بدەی ببنە بەشێک لە جبەخانەی مێشک و دەروونی تۆ."

نامهەوێ زیاتر باس لە نێوەرۆکی کتێبەکە بکەم و نهێنییەکانی لێرەدا ئاشکرا بکەم، لەو ڕووەوە دەیسپێرم بە خوێندنەوە و تێڕوانینی خوێنەری هێژا، بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانم باس لە دوو بابەتی گرنگ بکەم، یەکەم: هەر ئەوەندەی کە ئەم کتێبەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەو واتایە نییە لەگەڵ وشە بە وشەی نووسەر و هەموو جیهان‌بینیی ئەودا هاوڕا بم، ڕەنگە شوێنی وا هەبووە لەگەڵ پرەنسیپەکانی من‌دا نەگونجابێ، بەڵام ناشکرێ بیقرتێنم و دەبێ لە گواستنەوەی‌دا ئەمانەتدارێکی باش بم. ڕەنگە بەشی وای تێ‌دا بێ لەگەڵ کولتووری کۆمەڵگەکانی دیکەدا زیاتر گونجاو بێ هەتا کوردەواری، بەڵام لەسەریەک بەدڵم بووە بۆیە دەستم داوەتە وەرگێڕانی.

دووهەم: ئەوەیە ئەگەرچی من وەرگێڕ نیم و خۆشم بە وەرگێڕ نازانم، بەڵام لەو کارەی کردوومە هەم خۆم بە بەختەوەر دەزانم و هەمیش لە بەرامبەری‌دا خۆم بە بەرپرسیار دەزانم و ئەوەی کە لە سەرەتادا بڵێم خۆم بە وەرگێڕ نازانم ناتوانێ پاساوێک بێت بۆ ئەوەی خۆم لە هەڵە و کەم‌وکووڕییەکانی وەرگێڕانەکە دەرباز کردبێ. بێ‌گومان وەرگێڕانی کتێبێکی ئاوا قورس، بێ‌کەم‌وکووڕی نابێ بەتایبەت ئەوەی کە یەکەم ئەزموونی کەسێک بێت کە لە سایەی نگریسی کۆماری ئیسلامییەوە هەر لە مێرمنداڵییەوە لە خوێندن دابڕاوە و ڕووی لە خەبات و بەربەرەکانی کردووە، بەو حاڵەشەوە وەک گوتم خۆم بە بەرپرسیار دەزانم و هەموو ڕەخنە و پێشنیارە جوان و بەجێکانتان لەسەر سەران دادەنێم. ئەگەرچی خوێندنی کلاسیکیم کەمە، بەڵام لە دانشگایەک پەروەردە بووم کە دامەزرێنەر و مامۆستاکانی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ماندوونەناس و پشوودرێژ بوون.

وەک دوا وتە: پێویستە سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی کاک "هەردی سەلیمی"، لاوی خەباتکار بکەم کە لە هێندێک وشە و ڕستەی فارسی‌دا یارمەتیی دام. کاک "ئەیوب شەهابی‌ڕاد" وەک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمیشە دیزاین و ڕازاندنەوەی بەرگی کتێبەکەی وەستۆی خۆی گرت. هەردوو جگەرگۆشەی خۆشەویستم "بەیان" و "موکریان"، کە هەم هێندێک پاشکۆ و پاراگراف کەوا لە کتێبە فارسییەکەدا یا نەهاتبوون یا سانسۆر کرابوون، ئەوان لە ئینگلیزییەوە کردیانە کوردی و هەمیش هەڵەبڕیی کتێبەکەیان بۆ کردم. هەروەها خاتوو گوڵاڵەی محەممەدزادە هاوکار و پشتیوانی هەمیشە کە وەک قەڵایەک لەپشت منەوە وەستا و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو کتێبە دڵگەرمتری کردم.

برایم چووکەڵی
گلاوێژی ١٤٠٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشەکی نووسەر

ئێمە لە کولتوورێک‌دا دەژیین کەوا جەخت لەسەر بایەخی دێموکڕاتیکی ئاکاری دادپەروەرانە لەگەڵ کەسەکان و گرنگیی هاواهەنگی لەگەڵ گرووپ و زانستی هاوکاری لەگەڵ کەسانی دیکە دەکاتەوە و تەنانەت بانگەشەش بۆ ئەم بایەخانە دەکات. لەو کاتەوەی چاومان بە دنیا هەڵێناوە پێیان کوتووین کەسانی دوژمنکار و شەڕەنگێز و لاسار، لەلایەن کۆمەڵگەوە سزای قورسیان دەکەوێتە سەر و دەکەونە پەراوێزەوە و کەس خۆشی ناوێن و تەریک دەکەونەوە. بایەخەکانی پەیوەندیدار بە گیانی هاواهەنگی و هاوکارییەوە بە شێوازی بەرهەست و نابەرهەست لە بیر و زەینمان‌دا هەرمان بوون. بەڵکوو لە ڕێگەی ئەو کتێبانەی کە باسی چۆنیەتی سەرکەوتن لە ژیاندا دەکەن و لە ڕێگەی خۆشی و ئاشتی ئەو کەسانەی کە لە دنیادا پێشکەوتوون لە ڕێگەی چەمکەکانی سەرڕاستی و ڕاست‌گوتنەوە کە فەزای گشتی پێی سەرمەستن پێشکەشی خەڵک دەکرێن. کێشەکە بۆ ئێمە ئەوەیە کە پەروەردە بووین ئامادەین بۆ ئاشتی و بۆ هەمان شتی کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبینەوە ئامادەگی‌مان نیە، ئەویش شەڕە.[1]

شەڕ لەسەر ئاستی جیاواز بوونی هەیە. لە هەمووی بەرچاوتر ئەوەیە کە هەموومان بەرامبەری خۆمان دژمان هەیە و ململانێ و کێبەرکێ لەجیهاندا تا دێ بە شێوەی سەرسووڕهێنەر پەرە دەستێنێ. لە سیاسەتدا، لەکارو کاسبی‌دا تەنانەت لە هونەریشدا ڕووبەڕووی نەیاران دەبینەوە کە ئامادەن دەست بۆ هەر کارێک ببەن بۆ ئەوەی پێشمان بکەون. ڕەنگە لەهەمووی ناخۆشتر و ئاڵۆزتر، زیاتر ئەو کەسانە ڕووبەڕوومان بنەوە کە بە قەول موافق و هاوسۆزی ئێمەن. ئەو کەسانە، کەسانێکن کە لەگەڵ ئێمە لە گرووپێک دان و هەڵس‌وکەوتیان زۆر دۆستانەیە، بەڵام لەپشتی پەردە خەنجەریان بەدەستەوەیە و سەرکوت‌مان دەکەن و بۆ بەرەوپێش‌بردنی ئەجێندای خۆیان لەگرووپەکەدا کار

١. ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی هەڵایسانی شەڕە. کتاب مقدس

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەن. هەروەها گرووپی دیکەش هەیە کە دەستنیشان کردنیان زۆر سەختە، یارییەکی ورد و هەڵسەنگێندراو بە هێرشێکی پاسیڤ دەست پێ دەکەن، پێشنیاری یارمەتی کردن بە ئێمە دەکەن کە هەرگیز بە کردەوە جێبەجێی ناکەن، لە وجودماندا هەستی تاوان دەچێنن و چاندنی ئەو هەستە دەبێتە چەکێکی نهێنی کە ئەوان بە کاری دێنن. لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەموو شتێک بە قەول ئارام و ئاشتیخوازانەیە، بەڵام تەنیا لە خوارەوەی ئەوە، هەر کەس چ ژن چ پیاو لە ژێر ئەو پەردە ئارامەدا لە فیکری خۆیدایە، ئەو دینامیکە تەنانەت پەیوەندییەکانی خێزانی گیرۆدە و پیس کردووە. ڕەنگە بێ فەرهەنگ و کولتوور ئینکاری ئەو ڕاستییە بکا و وێنەیەکی ئارامتر بەرەو پێش نیشان بدا بەڵام ئێمە ڕاستییەکە دەزانین لەو برینانەی لەشەڕەکان تووشی بووین، هەستی بە ئازارەکەی دەکەین.[١]

هۆکار ئەوە نییە کە ئێمە و هاوکارەکانمان بوونەوەرێکی بێبەزەیی و دڵڕەقین، کە ناتوانین لە جێبەجێکردنی ئیدئاڵەکانی ئاشتی و مرۆڤدۆستی و خۆنەویستیدا خۆمان هەماهەنگ بکەین، بەڵکوو ناتوانین ئەوەی لە قووڵایی دڵمان دایە گۆڕانی تێدا پێک بێنین. هەمووی ئێمە هێزی شەڕەنگێزیمان هەیە بۆ سەپاندنی دەسەڵات کە مەحاڵە پشتگوێ بخرێ یان سەرکوت بکرێ. لەڕابردوودا چاوەڕێی ئەوە دەکرا کە گرووپێک، کۆمەڵگا، خێزانێکی فراوان، یان ڕێکخراو ئاگایان لە یەکتر بێ. بەڵام ئێستا ئەو بابەتە چی دیکە گرنگی نەماوە و لەو جیهانە ناسڵامەت و بێئەمنییەتییەدا دەبێ پێش هەمووشتێک لەخۆمان، داخوازییەکانمان و هۆگریمان بە مسایلەوە بیر بکەینەوە. ئەوەی پێویستمانە بیزانین ئەوەیە، کە لە بازنەی ئیدئاڵەکان بۆ ژیانێکی پڕ لە ئاشتی و هاوکاری نەخولێینەوە و هەروەها تووشی لێڵییەک نەبین کە ئەو ئیدئاڵانە بە دیاری دێنن، بەڵکوو زانستی پراکتیکی بەڕێوەبردنی ئەم ململانێ و شەڕانەن کە بە درێژایی ڕۆژ لەگەڵیاندا خەریکین. ئەو زانیارییە لەسەر ئەوە نییە کە چۆن زیاتر بەهێز بین لە بەدەستهێنانی ئەوەی دەمانهەوێ یان بەرگری لە خۆمان بکەین، بەڵکوو چۆن منتقیتر و ستراتیژیتر عەمەل بکەین و کاتێک باس لە ململانێ دەکرێ ئەنگێزەی داسەپاندنی دەسەڵات لەکاتی خۆیدا چۆن وەلا نێین. ئەگەر ئیدئاڵێکی پڕبایەخ بوونی هەبێ بەدڵنیاییەوە ئی ژن و پیاوێکی شەڕکەرە کە ستراتیژییانە دەجووڵێنەوە و کار دەکەن و دەتوانن لە هەلومەرجی دژوار و کەسانی سەرسەخت لە ڕێگەی مانۆڕی زیرەکانە و وشیارانە کۆنترۆڵ و بەباشی مودیرییەت بکەن.[٢]

زۆرێک لە دەروونناس و کۆمەڵناسەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە زۆرجار کێشەکان لە دڵی ململانێیەکاندا چارەسەر دەکرێن و و زۆرجار جیاوازییە ڕاستەقینەکان لە ناو ناکۆکی ئاشت دەبنەوە. سەرکەوتن و شکستەکانمان لە ژیاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تا چەندە باش یان خراپ لەگەڵ ئەو

---

١. بڵێن کەسێک پێوشوێنی ئاسایش و ئارامی دەکەوێ خۆی بۆ شەڕ ئامادە بکا. "فلاویوس وجتیوس رناتوس

٢. ستراتیژی زیاتر لە زانستێکە، ستراتیژی بەکارهێنانی زانیارییە بۆ ژیانی پراکتیکی و بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوە کە توانای دەستکاریکردنی بیرۆکەی ڕێنوێنی سەرەتایی هەیە بە شێوەیەک لە هەر بارودۆخێکدا هەمیشە لەحاڵی گۆڕانی باشدایە، ستراتیژی هونەر نواندنە لە ژێر فشاری سەختترین بارودۆخەکاندا. هلموت فون مولتکە ١٨٠٠ – ١٨٩١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەزاد و ململانێ کە لە کۆمەڵگادا ڕووبەڕوویان دەبینەوە دەست و پەنجە نەرم دەکەین. ئەو ڕێکارە باوانەی کە خەڵک بۆ بەڕێوەبردنی ناکۆکییەکان کەڵکیان لێ وەردەگرن، واتە هەوڵدان بۆ خۆپارێزی لە هەر چەشنە پێکدادانێک، یان بە تووڕەیی یان سۆزدارییانە بەرەوڕووی کێشەکان دەبنەوە و هێندێک جار دەبێتە هۆی ئەوە بکەونە ناو تەڵەکەوە و ناچارن دەست بۆ پیلانگێڕیی بەردەوام ببەن، هەموویان لە درێژماوەدا ئاکامگەلێکی نێگەتیڤیان بەدوا دا دێ، چونکە هیچ یەک لەوانە لەژێر کۆنترۆڵی ئاگاهانە و هوشیاری ئێمەدا نین و زۆرجار هەلومەرج خراپتر دەکا. شەڕخوازانی ستراتیژی کردەوەی جیاواز بەکار دێنن و پێشتر بیر لە ئامانجی درێژخایەن دەکەنەوە و بڕیار دەدەن کە لە کام شەڕ دوور بکەونەوە و کامیان حەتمییە و دەزانن چۆن هەستەکانی خۆیان کۆنترۆڵ و هیدایەت بکەن. کاتێک ناچار بە شەڕێک دەکرێن ناڕاستەوخۆ مانۆڕێکی وردە و هەست پێنەکراو دەست پێدەکەن، هیچ شتێک لەپاش خۆیان بەجێ ناهێڵن تا شوێن پێیان هەڵنەگیرێ و بەو شێوەیە ڕوخساری دەرەوەی خۆیان ئاشتیخوازانە ڕادەگرن کە هەمان ستراتیژی کاریگەرە کە لە ڕۆژگاری سیاسیکاری زۆر بەنرخی دەزانن.

ئایدیالی خەبات کردن بە شێوەیەکی عاقڵانە لە شەڕی سازماندراو وەک میرات بۆمان ماوەتەوە، لە سەرەتاوە شەڕ بە هیچ شێوەیەک ستراتیژی نەبوو دواتر هونەری ستراتیژی داهێنرا و ئیسلاح کراوە. شەڕەکانی نێوان قەبیلەکان و هۆزەکان بە شێوەیەکی دڕندانە ڕوویان دەدا و زۆرتر وەک ڕێوڕەسمی توندوتیژی کە تاکەکان دەیانتوانی قارەمانێتی خۆیان تێدا نیشان بدەن، بەڵام لەگەڵ گەورەبوونەوە و فراوانبوون و پەرەسەندنی هۆز و قەبیلەکان ئاڵوگۆڕیان بۆ وڵاتەکان، بۆ هەموو کەس ڕوون بووەوە کە شەڕ تێچووی شاراوەی زۆری هەیە و دەرکەوت ئەگەر کوێرانە شەڕ دەست پێبکەی زۆرجار دەبێتە هۆی لەنێوچوونی خۆت و ماندوویەتی هەردوو لایەن، تەنانەت ئەوەی براوەی شەڕیشە زەرەرمەندە. بەم شێوەیە شەڕخوازان بەو ئاکامە گەیشتن دەبێ کە شەڕەکان عاقڵانەتر بکرێن.

وشەی "ستراتیژیی" لە یۆنانی باستان ئیستراتگوس "استراتگوس" واتە بە مانای لەشکر دێ و بەمانای فەرماندەهی ئەرتەش بەکاریان هێنا. وەک نموونە، سوپای یۆنانی باستان سەر بە بنەماڵەی یۆنانی کە لە گرووپی بچووکی سەربازدا پێک هاتبوون کەسانێک بەنێوی ئیستراتگوس فەرماندەیی دەکرد. لێرەدا چەمکی ستراتیژی بە مانای هونەری گشتیی، فەرماندەهی کردنی تەواوی عەمەلیاتەکانی شەڕ بوو، لە چ تاکتیکێک سوود وەرگرێ، بڕیاردان لەسەر ئەوەی چ پێکهاتەیەک دروست بکا، لەکام ناوچە شەڕ دەست پێ بکا و چ مانۆڕێک بەڕێوە بەرێ، هەموو ئەوانە لەسەر شانی یەک ئیستراتگوس بوو. لەگەڵ پێشکەوتنی ئەو زانیارییە، ڕێبەرانی نیزامی بۆیان دەرکەوت کە تا زیاتر بیری لێ بکەنەوە و پێشتر بەرنامەڕێژی و پلانی بۆ داڕێژن، ئەگەری سەرکەوتنیان زیاترە. ستراتیژی نوێ بەجۆریک داڕێژرا دەیانتوانی کە سوپای زۆر گەورەتر تێک بشکێنن، هەر وەک چۆن ئەسکەندەری مەزن لە سەرکەوتنەکانی بەسەر ئێرانییەکاندا لە ستراتیژی نوێ کەڵکی وەرگرت. ئەوانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارانی شارەزای خۆیاندا، ستراتیژی جۆراوجۆریان بەکار هێنا، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی سوودی زیاتر، ژێنراڵێک دەبوو ستراتیژیتر و نهێنیکار و زیرەکتر بێ تا باشتر لە لایەنی بەرامبەر ئەرکەکانی ئەنجام بدا. بە تێپەڕبوونی زەمان لەگەڵ داهێنانی ستراتیژی زیاتر، هونەرەکانی ژێنراڵی بە شێوەیەکی بەردەوام ئاڵۆز و چڕتر بوون.

هەرچەند وشەی "ستراتیژیی" خۆی لە بنەڕەتدا یۆنانییە، واتە ڕیشەی لەفەرهەنگی یۆنان دا هەیە، بەڵام ئەم چەمکە لە هەموو فەرهەنگ و کولتوورەکاندا و لە هەموو قۆناغەکاندا دەردەکەوێ. بنەما پتەوەکان لەسەر چۆنیەتی سات‌وسەوداکردن لەگەڵ ڕووداوە حەتمیەکانی شەڕ، چۆنیەتی داڕشتنی گەڵاڵەی کۆتایی، ڕێکخستن و سازماندەهی سوپا بە باشترین شێوە، هەموو ئەوانە دەتوانرێ لە کتێبی ڕێنماییەکانی شەڕدا، لە چینی کۆن تا ئورووپای مۆدێرن بدۆزرێتەوە. هێرشی دژەهێرش، فێڵ و تەڵەکەی هێرش لە دوو لاوە، یان غافڵگیری سوپای بەرامبەر و هونەرەکانی فریودان لە سوپای چەنگیزخان و ناپلیۆن و شاکا، شای ئیمپراتۆری زۆلادا، هەموویان لەو تاکتیکانەدا هاوبەشن. بە گشتی ئەو بنەما و ستراتیژیانە ئاماژەن بۆ جۆرێک لە حیکمەتی نیزامی گشتگیر واتە جیهانی، کۆمەڵێک نەقشەی گونجاو کە دەتوانن شانسی سەرکەوتن زیاتر بکەن.[١]

لەوانەیە گەورەترین ستراتیژیست لە دنیادا "سون تێزۆ" نووسەری کتێبی چینی باستانی بەناوی "*هونەری شەڕ*" بێ. کتێبەکەی کە لە سەدەی چوارەمی پێش زایینی نووسراوە، دەتوانی لەو کتێبەدا تەواوی شوێنەواری ئەو نەخش و بنەما ستراتیژییانە بدۆزییەوە کە دواتر لە ماوەی سەدان ساڵدا پەرەیان پێدراوە. بەڵام ئەوەی ئەوانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە بەواتایەکی دیکە، لە ڕاستیدا ئەوەی لە ڕوانگەی خودی سون تێزۆ، لەکتێبی هونەری شەڕ پێک دێ، ئیدئالی سەرکەوتن بەبێ خوێنڕشتنە. یەک دانە ستراتیژیست دەتوانێ یاریکردن بە لاوازیی دەروونییەکانی بەرامبەر، پەلکێشکردنی دوژمن بۆ شوێنی مەترسیدار و دروستکردنی هەستی بێزاری و سەرلێشێواوی لە نێو دوژمندا، پێش ئەوەی لە باری فیزیکییەوە شکستی بدا، دەتوانێ لایەنی بەرامبەر لە ڕووی زەینی و دەروونییەوە ورد بکا و بیشکێنی. بەم شێوەیە بۆت دەلوێ سەرکەوتن بە تێچووی زۆر کەمتر بەدەست بێنی. ئەو دەوڵەتانەی کە لە شەڕەکاندا بە کەمترین ڕادەی زیانی گیانی و سەرچاوەی وڵات سەردەکەون دەتوانن لە ماوەیەکی دیاری کراودا گەشە بکا و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ. بە دڵنیاییەوە زۆربەی شەڕەکان بە

١. زۆر باشە کوڕەکەم! جۆرێک ستراتیژی لەخۆتدا پەروەردە بکە بۆ ئەوەی لە یاری کردن‌دا خەڵاتەکان لە دەستی تۆ دابن. ستراتیژی وەک داربڕێکی باش هێز بە ئینسان دەبەخشێ. ستراتیژی کەشتییەکە یەک مەلەوانە، تەنانەت لە بای توند وتوفان‌دا کە دەریا شەپۆلەکانی بەرز دەبنەوە بەسلامەتی و قایم ڕایدەگرێ و لەسەر ڕێڕەوی خۆی دەهێڵێتەوە. ستراتیژی دەبێتە هۆی ئەوە لە پێشبڕکێی کالیسکەدا براوە بێ. کەسێک کە کالیسکە ئاسایی لێ دەخوڕێ متمانەی بە ئەسپەکانی هەیە و بەبێ بیر و بەرنامە شوێنی خۆی دەپێوێ، بەڵام کەسێک کە شێوەی گەمە و سەرکەوتن لەگەڵ ئەسپ کەمتر دەزانێ چاوی لەچەپەر بڕیوە و لەسەری درێژ بووە هەر لەسەرەتاوە هەوساری ئەسپەکەی گرتوە چاوی لەو کەسەیە کە ڕێنوێنی دەکا". ایلیاد، یکی از آثار حماسی یونان نوشته، "هومر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێوەی لۆژیکی و ژیرانە بەڕێوە ناچن، بەڵام بە درێژایی مێژوو خەباتکارانی کە لە ئوسوولی ستراتیژی و لەو بنەمایە پەیڕەوییان کردوە هاوکات لەشوێنی دیکەش تاریف و ستایش کراون و وەک نمونەی هەرەباش لەوانەی یادیان کراوە لە نێو ئەوانەدا دەتوانین بە ژێراڵی ڕوم ئیسکیپۆی ئەفریقایی لە ئیسپانیا، ناپلیۆن بناپارت لەشەڕی ئۆلێم و توماس ئێدوارد لورێنس لەتێکهەڵچوونەکانی بیابانی لەشەڕی یەکەمی جیهانی ئاماژە بکەین.

شەڕ، گۆڕەپانێکی جیاواز لە باقی کۆمەڵگا نییە و بە تەواوی مرۆییە و پڕە لە باشترین و خراپترین سروشتی مرۆڤ و هەروەها ڕەنگدانەوەی ڕەوتەکانی کۆمەڵگایە. ئێمە مەیلی شەڕخوازی خۆمان لە کۆمەڵگادا نیشان دەدەین و ئاڵوگۆڕ و پەرەئەستاندن ئێمە بەرەو ستراتیژی پیس و نەریتی کۆن وەک شەڕی چریکی و تێرۆریزم، هەمان ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکانی دیکەیە. ستراتیژییەکانی سەرکەوتوو لەشەڕدا، چ گرێبەستی و باو بێ، چ ناباو بێ، لەسەر بنەمای ڕەوانشناسی بێوچان دامەزراون و شکستە گەورەکانی نیزامی زۆر شتیان لەبارەی گەوجی و گەمژەیی مرۆڤ و سنووری قودرەت و هێزی ئینسانی لە هەر مەیدانێکدا فێرمان دەکا. ئیدئالی ستراتیژی لە شەڕدا بە مانای پاراستنی هاوسەنگیی هەستیاری، لۆژیک، عەقڵانییەت و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن بە کەمترین ڕێژەی خوێنڕشتن و زیانی ئینسانی کە سەرچاوەی کردەیی و پراگماتیکی بێ سنووری لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەیە.

زۆر کەس بە بەهاکانی سەردەمی ڕۆژگاری ئێمە نوقم بوون و دەڵێن شەڕی سازماندراو لەبنەڕەتدا دڕەندانە بووە و یادگاری ڕابردووی توندوتیژی مرۆڤە و شتێکە کە لە پێناو خێرخوازیشدا بێ هەمیشە بەسەریدا زاڵ بی. ئەوانەی بەمجۆرە قسە دەکەن کە تەبلیغی هونەرەکانی شەڕ لە کۆمەڵگادا بە مانای وەستان لەسەر ڕێگای پێشکەوتن و هاندانی ململانێ و جیاوازی بیروڕا دایە. ئایە دنیا بەئەندازەی پێویست شاهیدی شەڕ نەبووە؟ ئەوە باسێکی فریودەرانەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لۆژیکی و ژیرانە نییە. هەمیشە لە کۆمەڵگا و لە دنیادا بە گشتی کەسانێك لە ئێمە شەڕخوازتر هەیە کە بە چنگ و ددان هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی دەیان هەوێ بەدەستی بێنن. ئێمە دەبێ وریا بین و بزانین چۆن لەگەڵ کەسانی ئەوتۆ هەڵسوکەوت بکەین. ئەگەر قەرار بێ لە بەرانبەر کەسانی فێڵباز و قودرەتمەند سەر دانوێنین کەوابوو بەها شارستانییەکان بە چ دەردی ئێمە دەخۆن؟ چۆن بەرەوپێش دەچن؟ لە ڕاستیدا ئاشتیخوازی دانبەخۆداگرتن لەبەرامبەر ئەو گورگە ددان تیژانە، دەسپێک و سەرچاوەی تراژێدی و کارەساتی بێ کۆتایی و لەبیرنەکراوە.[١]

مەهاتما گاندی بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی چەکێکی گەورەی بەرزکردەوە کە دوور لە توندوتیژی بوو، پاشان لە ژیانیدا ئامانجێکی سادەی بەخۆیەوە بینی ئەویش ڕزگارکردنی هیندوستان لە شەڕی

---

١. هەناسەی ئینسان کاتێک هاوڕێتە، کە بەسەریدا زاڵ بن، بەڵام بۆ ئینسان کە بەسەرخۆیدا زاڵ نەبێ، بۆخۆی وەک دوژمنێک وایە لە شەڕدا. "بەهاگاواد گیتا" بخشی از آثار حماسی هند

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینگلیزییەکان، کە زۆر لە مێژ بوو ژێر چەپۆکەی ئەوان بوون. ئینگلیزییەکان حاکمییەتێکی زیرەکانەیان بوو، گاندی هاتە سەر ئەو باوەرە ئەگەر قەرار بێ خەباتی جەماوەری و ناتوندوتیژی کارساز و وەڵامدەر بێ، دەبێ لەڕادەبەدەر ستراتیژیستی کار بکات و ئەوە پێویستی بە سەبر و بەرنامەڕێژی ورد هەیە. ناوبراو ئەوەندە دەقیق بەرەو پێش هەنگاوی نا، تاکوو ناتوندوتیژی بە شێوازێکی نوێی شەڕکردن ناوی برد. بۆ پێشخستنی هەر بەهایەک تەنانەت هێمنی و ئاشتیخوازی، بۆ دەسڕاگەیشتن بە ئامانجەکانی دەبێ ئیرادەی شەڕکردن هەبێ. لەوەها هەلومەرجێکدا هەستێکی باش و گەرم دەربڕینی فکری جوان پێویست نیە ئەو ساتەی بە ئامانج دەگەی خۆت لە گەمەی ستراتیژی دەبینیەوە، شەڕ و ستراتیژی لۆژیکێکی نەبڕاوەیان هەیە ئەگەر هەر شتێک لە مێشکی تۆ دایە یان ئارەزووی دەکەی دەبێ ئامادە بی و بتوانی شەڕی بۆ بکەن.

هێندێکی دیکە دەڵێن شەڕ و ستراتیژی بە پلەی یەکەم بابەتگەلێکن کە پێوەندییان بە پیاوانەوە هەیە بەتایبەتی ئەوانەی کە شەڕخوازن یان لەنێو نوخبەی دەسەڵاتدا دەست ڕۆیشتوون. دەڵێن لێکۆڵینەوە لە شەڕ و ستراتیژی بەدواداچوونێکی پیاوانە و نوخبەگەرایی و سەرکوتگەرانەیە و ڕێگایەکە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەردەوام بن. باسێکی ئەوتۆ قسەیەکی بێ مانای مەترسیدارە. لە سەرەتادا ستراتیژی بەڕاستی هی چەند کەسێکی هەڵبژێردراوە وەک ژێنراڵەکان و هێزەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەوان و پادشا و کەسانێک لە دەوروبەری دەربار بوون. سەربازەکان فێری ستراتیژی نەدەکران چونکە ئەوە لە بەرەکانی شەڕدا فریایان ناکەوێ. لەلایەکی دیکەوە گەمژەییە سەربازەکانی خۆت بەو جۆرە زانیارییە پراکتیکیە پەروەردە بکەی کە ئیحتمالی هەیە بتوانێ دژی خۆت شۆڕش یان یاخی بێ. سەردەمی ئیستعمار کۆلۆنیالیزم، ئەم بنەمایەی زیاتر بەرەو پێش برد، خەڵکی بومی موستەعمراتی ئوروپا وەک سەرباز لەڕیزەکانی سوپای ڕۆژاوا خزمەتیان دەکرد و بەشێکی زۆری کاری سیاسی بەوان سپێردرا. بەڵام تەنانەت ئەوانەی پلەیان بەرز بووە، زۆر بە توندی لە زانینی ستراتیژیدا ڕێگایان لێ بەربەست کردن کە نەتوانن کەڵکی لێ وەرگرن، چونکە لەم دۆخەدا بە سەرچاوەی مەترسی بۆ فەرماندەکانیان دادەنرا. لەڕاستیدا پاراستنی ستراتیژی و هونەرەکانی شەڕ وەک لقێک لە زانستی پسپۆڕی بە دەست چینێکی نوخبە و دەسەڵاتەوە کە بەردەوام حەزیان بە دابەشبوون و داگیرکردنی خاکی زیاتر بووە. ئەگەر ستراتیژی هونەری گەیشتن بە ئەنجام و گۆڕینی بیرۆکەیەک بێ بۆ کردەوە، ئەوە پێویستە بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاو بکرێتەوە و دەستڕاگەیشتن بە هەموو لایەک، بە تایبەت ئەوانەی کە بەهۆی داب و نەریتی کۆنەوە لێی بێبەشن، لە نێویاندا دەتوانین ئاماژە بە ژنان بکەین. لە ئوستوورەناسی میتۆلۆژی هەموو کولتوورەکاندا ژن خوداوەندی گەورەی شەڕەکان بووە، کە دەکرێ ئاماژە بە خوداوەندی یۆنانی کۆن کە نێوی ئاتینا بوو، بکرێ. حەزنەکردنی ژن بۆ ستراتیژی و شەڕ پرسێکی بیۆلۆژیکی نییە، بەڵکوو پرسێکی کۆمەڵایەتی و ڕەنگە پتر سیاسی بێ.

لە بریی پێداگرتن لە بەرانبەر گرنگی ئیستراتیژی و باشییەکانی شەڕی عەقڵانی، یان ئەو بیرەی کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمە لە تۆ دوورە، باشترە ڕووبەڕووی پێویستییەکەی ببیەوە. زاڵ بوون و شارەزابوون لەو هونەرەدا لە درێژخایەندا ژیانت ئارامتر و کاراتر دەکا چونکە دەزانی چۆن یاری بکەی و بەبێ توندوتیژی سەر بکەوی. هەر بەم هۆیەوە پشت گوێخستنی دەبێتە هۆی ژیانێکی سەرلێشێواوی و شکست خواردوو کە پەشیمان بوونەوە تێیدا مانا نادا.

لە خوارەوە شەش ئیدئالی بنەڕەتیی دەخەینە ڕوو کە پێویستە لە گۆڕینی خۆت بۆ شەڕکەریکی ستراتیژی لە ژیانی ڕۆژانەدا لەبەرچاویان بگری.

**یەکەم: بە هەموو شتێک کە بوونی هەیە، وەک خۆی چاوی لێ بکە، نەک وەک ئەوەی هەستی ئێوە بە ئەوانەوە ڕەنگ و بۆ دەداتەوە.** دژکردەوەی هەستیار و هەیەجانی بە ڕووداوەکان لە ستراتیژیدا دەبێ وەک جۆرێک لە نەخۆشی چاوی لی بکەی کە پێویستی بە دەرمان و چارەسەری هەیە. لەغەیری ئەوەدا هەستکردن بە ترس بەڵایەکت بەسەر دێنێ کە دوژمنی خۆت زیاتر لە واقعییەت هەڵسەنگێنی و هەوڵس‌وکەوتی بەرگریت هەبێ. هەستی تووڕەیی و بێ حەوسەلەی وادار بە کردەوەیەکی عەجوولانەت دەکا و خاڵە بەربژێرەکان لەدەست دەدەی. هەستکردن بە متمانەی درۆ بە تایبەت ئەو متمانە بەخۆبوونەی کە دوای سەرکەوتن دێت دەبێتە هۆی ئەوەیکە تۆ لە ئامانجەکەت دوور بخاتەوە. هەستی خۆشەویستی و دۆستایەتی تۆ لە مانۆڕە خیانەتکارەکانی ئەوانەی بە ڕواڵەت لە گرووپی تۆ دا خۆیان بە لایەنگر ئێوە دەزانن کوێریان دەکا. تەنانەت وردترین شێوەی ئەم هەستانەش دەتوانێ ڕوانگەی تۆ بۆ ڕووداوەکان دڵخۆشکەر بکات. تەنیا چارەسەر ئەوەیە ئاگادار بین کە پێمان خۆش بێت یان نا، لەگەڵ کاریگەریی ئەم جۆرە هەژانانە ڕووبەڕوو دەبین و تاکە چارەسەر ئەوەیە کە ئاگاداری هاتنیان بین و قەرەبوویان بکەینەوە. کاتێک نوقمی سەرکەوتن دەبن زیاتر وریا بن و خۆپارێزی خۆتان لەدەست نەدەن. کاتێک تووڕەی هیچ کارێک مەکە. کاتێک ترس و خۆف دایگرتووی مەترسییەکان لەوە گەورەترن کە دەبێ ببینی. شەڕ پێویستی بە گەورەترین دەرەجەی ریالیزم و واقیع‌گەرایی هەیە و پێویستە کە هەموو شتێک وەک خۆی ببینێ. هەرچەندی وەڵامی سۆزدارییەکانت بەرتەسک بکەی زیاتر لەو ئیدەئالە نزیک دەبیەوە.[١]

**دووهەم: خەڵک لەسەر بنەمای کردارەکانیان حوکم بدە.** سەرنجراکێشی شەڕ ئەوەیە کە هیچ جۆرە قسەکردنێک وەسفی شکست لە بەرەکانی شەڕدا ناکا. ژێنڕاڵێک سەربازەکانی بەرەو شکست بردووە و گیانی زۆر کەس تێدا چووە و مێژوو بەم شێوەیە حوکمی خۆی دەدا. ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین

١. هەرچەندە خوداوەندی شەڕ، [ئەتینا] هیچ چێژێک لە شەڕ وەرناگرێ و پێش لەهەموو شتێک بە چارەسەری ناکۆکییەکان و پابەندکردنی یاسا لە ڕێگەی ئاشتیخوازانە بیر دەکاتەوە. ئەو هیچکات لە کاتی ئاشتیدا چەکی بەدەستەوە نەبوو لە کاتی پێویست لە "زئوس" چەکێکی بە ئەمانەت وەردەگرت. گەورەی ئەو هێندە بەرچاو بوو ئێستاش ڕەحمەتی بۆ دەنێرن.... بەڵام کاتێک سەرقاڵی شەڕ دەبێ، هەرگیز ڕێگای نەدا کە لەو شەڕەدا دۆڕاو بێ، ئەو تەنانەت لە بەرامبەر خودی ئاریسدا بەتەواوی هێزییەوە شەڕی دەکرد و هەمیشە لەنەزەر ستراتیژی و تاکتیک باشتر لەو بوو بەم هۆیە بوو کە کاپیتانە ژیرەکان بۆ تەوسییە و ئاموژگاری وەرگرتن سەردانیان دەکرد. استورهای یونان جلد اول، رابرت گریوز ١٩٥٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو پێوەرە بێبەزەییانە لە ژیانی نەمرنەژیدا جێبەجێ بکەین، دەبێ فێر بین لەسەر ئەنجامی کارەکانیان حوکم لەسەر مرۆڤەکان بدەین، ئەو ڕەفتارانەی کە دەیبینین و پێوانە دەکەین با حوکم لەسەر ئەو مانۆڕ و فێڵانە بدەین کە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەکاری دێن. ئەوەی خەڵک چی لەبارەی خۆیانەوە دەڵێن گرنگ نییە و ڕۆژانە قسەی زۆر خۆڕایی دەکەن. ئەوەی بە ئەنجامی دەگەیەنن سەیری بکەن چییان کردووە، کردەوە و هەڵس‌وکەوت درۆ ناکا. هەروەها دەبێ ئەو لۆژیکە لەبارەی خۆمانەوە دەست پێ بکەین. کاتێک پێداچوونەوە بە شکستێکی ڕابردوودا دەکەن پێویستە بزانن کە دەکرا بە شێوەیەکی جیاواز چی بکەن. ئەوەی کە دەبێ بۆ شکستی خۆت سەرکۆنەی بکەن دوژمنی بێ ڕوحم وزاڵم نیە، بەڵکوو ئەوە ستراتیژییە خراپەکانی خۆمانە. تۆ لەژیانی خۆتدا بە باش و خراپەوە بەرپرسایەتی هەیە. ئەوە وەک یەکێک لە ئاموژکارییەکانی ئەو کتێبە لە گوێی بگرە سەیری هەموو ئەو کارانە بکە کە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات کەسانی دیکە وەک مانۆڕێکی ستراتیژی دەیکەن. ئەو کەسانەی کە بە بێعەداڵەتی تۆمەتبارت دەکەن ئەوانەی هەوڵ دەدەن لەتۆدا هەستی گوناح پێک بێنن، ئەوانەی لەبارەی دادپەروەری و ئەخلاق قسە دەکەن هەوڵ دەدەن سوودێک لە یاری شەترەنجی ژیان، بەشی خۆیان زیاتر بەدەست بێنن.

**سێهەم: لەسەر پێی خۆت ڕاوەستە.** ئەو کەسانەی بەدوای سەرکەوتندا دەگەڕێن لە ژیاندا زیاتر پشت بە شتگەلێکی سادە و ئاسان یان ئەو شتانە دەبەستن کە پێشتر بەدەستیان هێناوە. ماناکەی هەمان کۆکردنەوەی سەروەت و سامانە، سەرچاوەی ماڵی لایەنگران و هاوپەیمانان، نوێترین تێکنۆلۆژی سوودی ئەوانەن کە بەدەستی دێنێ. ئەوانە هەمووی ماددی و میکانیکین، بەڵام ستراتیژیی ڕاستەقینەی دەروونییە، ستراتیژیی ڕاستەقینە هێزی هۆشیارییە نەک ماددی. بە درێژایی ژیان هەرچی هەمانە لە نوقتەیەکی زەمان لێمان جیا دەبێتەوە یان دەستێندرێتەوە و بەگشتی لە شوێنێک سامان‌مان نامێنێ، نوێترین تێکنۆلۆژی ڕۆژێک کۆن دەبن و هاوپەیمانەکان ئێمە بەجێ دێڵن. بەڵام ئەگەر مێشک و زەینی ئێمە تێکەڵ بە هونەری شەڕ ببێ، هیچ هێزێک توانای نییە کە بتوانێ لێت وەرگرێ، لە نێو قەیراندا مێشک و زەینی تۆ ڕێگە بۆ چارەسەرێکی دروست دەدۆزێتەوە. ئەگەر بەهێزترین ستراتیژی لەبەر دەست دابێ بە فێڵ و تەڵەکەکانی خوت هێزێکی بەرگری بە مانۆڕەکانت دەبەخشی وەک سون تێزۆ دەڵێ: "*شکستنەهێنان، هەستێکە لە دەروونی خودی ئێمەدایە.*" [١]

١. "ئاتنا" کە چاوەکانی وەک چاوی کوندەبەبوو خۆڵەمێشی بوون، ڕوو بە "دیومدس کوتی: "دیومدس کوڕی تئودوس پێویست ناکات لە ئاریس یان هەر کەسێکی دیکە لە نەمرەکان بترسی. سەیر کە کێ لێرە لە تەنیشتەوە وەستاوە. ئەسپەکانت ڕاستەوخۆ بۆ نێو دڵی ئاریس تاو بدە و کاتێک لە لەلایەن ئەوەوە مەترسییت هەست پێ کرد بێ ڕاوەستان زەربەی لێبدە. ڕێگا مەدە و لە سەرسامی ئاریس مەترسە. ئەو هیچ نییە بێجگە لە بێ‌نرخی وبێ مێشکی و نەزانی." کاتێک دیومدس دڵنیا بوو کە نێزەکەی لەژێر کراسەکەیدا شاردۆتەوە ڕاستەوخۆ لەزگی ئاریسی ڕۆکرد ئاریس لەسەر چۆک لەبەر ئێش وئازار ڕوو بە ئاسمان دانیشت زئوسی تاوانبار دەکرد و هەروەها کە خوێنی لەبەر دەڕۆی پێشانی دەدا کە هاوار بکا. "زئوس باوکم! ئایە بەڕاستی بەدیتنی ئەو توندوتیژیە

**چوارەم: دەست خۆشی لە "ئاتینا" بکەن نەک لە "ئارێس"**

"متیس" خوداوەندی ئەفسانەی یۆنانی کۆن، لە هەموویان زیرەکتر بوو. "زئوس" بۆ ئەوەی لە زیان و زەرەری متیس بەدوور بێ، هاوژینیی لەگەڵ کرد، پاشان هەوڵی خۆیدا کە سەرنجی متیس بۆ لای خۆی ڕاکێشێ تا لەحیکمەتی متیس بێبەش نەبێ، دواتر متیس لە زئوس دووگیان بوو خوداوەندی ئەتینا، لەبەرچاوی زئوس لەدایک بوو. ئینسانەکان چۆن لەسەر ڕەچەڵەکی خۆیان دەڕوێن، یان گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێ، ئێستا ئاتینا دوو شتی پێ بەخشراوە، فرت و فێڵبازی دایکی واتە متیس، و عەقڵییەتی شەڕانگێزی زئوسی باوکی، ئاتینا لەلایەن یۆنانییەکان بە خوداوەندی شەڕی ستراتیژی ناودێر کرا، "اودیسە"ی فێلباز خۆشەویستترین هاوڕێی ئاتینا بوو. ئارێس لە فۆڕمی ڕاستەوخۆ و دڕندانەی خۆیدا خوداوەندی شەڕ بوو. یۆنانییەکان قسەی ناشیرین ودزیویان بە ئارێس دەگوت، بەڵام ئاتینایان دەپەرست، کە هەمیشە بەوپەڕی زیرەکی و ورد بینییەوە لەبەرەکاندا شەڕی دەکرد. بەرژەوەندی ئێوە لە شەڕدا توندوتیژی و دڕندەیی و بەفیڕۆدانی ژیان و سەرچاوەکان نییە، بەڵکوو ئەو عەقڵانییەت و مەسڵەحەتگەراییە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەسەرماندا دەسەپێنن و ئیدەئالی سەرکەوتن بەبێ خوێنڕشتن لە مێشکی ئێمەدا دەچێنن. نمادەکانی ئارێس لەڕاستیدا لە جیهاندا تەواو گەوجانەن و بە ئاسانی بەلاڕێدا دەبرێن، بەڵام دەتوانی بە کەڵکوەرگرتن لە حیکمەتی ئاتینا توندوتیژی و شەڕانگێزی ئارێسەکانی ڕۆژگار دژی ئەوان بەکار بێنیەوە و بێڕەحمی ئەوانە هۆکاری کەوتن و لەبەین چوونیانە. ئێوەش وەک ئاتینا هەمیشە هەنگاوێک لە پێشەوەن و ئەوە دەبێتە هۆی جووڵە و حەرەکەتی خۆت ناڕاستەوخۆ بەئەنجام بگەیەنی. ئامانجی ئێوە ئەوەیە کە بە تێکەڵکردنی فەلسەفە و شەڕ، حیکمەت و شەڕ شکستنەخواردوویە. واتە فەلسەفە و شەڕ، حیکمەت و شەڕ بکەیە تێکەڵەیەکی نەدۆڕاو.

**پێنجەم: خۆتان لە مەیدانی شەڕ بەرزتر بکەنەوە.** لە شەڕدا ستراتیژیی هونەری فەرماندەهی کردن و کۆنترۆڵی تەواوی بەرەکانی عەمەلیاتی نیزامییە. لەلایەکی دیکەوە تاکتیک بریتییە لە لێهاتوویی بۆ پێکهێنانی سوپا بۆ بەربەرەکانی و مودیرییەت کردنی پێداویستییەکان بۆ مەیدانی شەڕ جێبەجێ دەکا. زۆربەمان لە ژیانی ڕۆژانەدا لە تاکتیک و فەنی شەڕ شارەزاییەکی نیسبی‌مان هەیە،

---

تووڕەت ناکا؟ ئێمەی خوداوەندەکان هەرکات کە هەوڵ دەدەین یارمەتی پیاوان دەدەین، لەیەکتر بریندار دەکەین زئوس لە ژێرەوە سەری بەرز دەکاتەوە گوتی: بێ ئەقل لێرە لە تەنیشت منەوە دانەنیشن و شین‌وشەپۆر مەکە. تۆ قێزەونترین خودایانی "المپ"ی، لەڕاستیدا حەزت لە شەڕە. تۆ دڵی پڕلەکینە و بوغزی دایکت بەسامان هەڵگرتووە وبەدوای دایکە سەرسەختەکەتدا دەگەڕێی، من ئەویشم بەزەحمەت دەتوانی کۆنترۆڵ بکەم. تۆ هەرچی دەتهەوێ بیکە بەڵام من بەرگەی ئازاری تۆ ناگرم..." پاشان ئەو داوای لە دوکتوری خودایانی "پئونی" کرد تا برینی ئاریس دەرمان بکا. لە کۆشکی زیوس گەورە، ئاتنا لەگەڵ ئارگیوهرا بوونە لەمپەر تا ئاریسی بێبەزەیی و زاڵم خەڵکی دیکە قەتل‌عام نەکا. پاشان گەڕانەوە بۆ کۆشکی زیوسی گەورە هات‌ئارگیف هێرا و ئەتینای پارێزەر، بوونە بەربەستێک کە ئارێسی دڕندەی لە قەسابی پیاوان ڕاگرت. ایلیاد هومر، قرن نهم پیش از میلاد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام ستراتیژیست نین. ئێمە ئەوەندە نوقم بووین لەو دژایەتیانەی کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە تەنیا دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن داخوازی ئێستامان کە لەو شەڕەدا ڕووبەڕووی دەبینەوە، بەدەست بێنین. بیرکردنەوەی ستراتیژی سەختە و نائاساییە. لەوانەیە وا بیر بکەیەوە کە تۆ ستراتیژیستی، بەڵام واقعییەت ئەوەیە تۆ لەفەنی شەڕدا شارەزایی باش بەدەست هێناوە، بۆ ئەوەی هێزی یەک ستراتیژیست بەدەست بێنی و خۆتان لە مەیدانی شەڕ بەرزتر بکەنەوە و بۆ ئامانجی بەرزتر لەسەر ئامانجە درێژخایەنەکانت بەردەوام بی، هەڵمەتێک دەست پێ‌بکە کە لە بارودۆخی کاردانەوە بچۆ دەرەوە، چونکە تایبەتمەندی زۆربەی شەڕەکان هەر ئەوەیە کە تاکەکان لەخۆیدا قوفڵ دەکا. کاتێک ئامانجەگشتییەکان لەبیر نەچۆتەوە زۆر ئاسانتر و خێراتر بڕیار دەدەن، کە لە کوێ شەڕ بکەن و کەی دوور بکەوییەوە. لەو ڕوانگەوە بڕیارە تاکتیکییەکانی ژیانی ڕۆژانە سادەتر و عەقڵانی‌تر دەدرێن. کەسانی تاکتیکی قورس و قایمن و بەعەرزەوە نووساون، بەڵام ستراتیژیستەکان هێندە سووک‌وسۆڵن دەتوانن بازدەن و بەرزتر و دوورتر بڕوانن و ببینن.

**شەشەم: شەڕەکەت مەعنەوی و ڕوحی بکە.** ئێمە هەر ڕۆژێ لەگەل شەڕێک دەستەویەخە دەبین. ئەوە ڕاستی هەموو بوونەوەرانی پاک و بێ‌گەردە کە بۆ مانەوەی خۆیان شەڕ دەکەن، بەڵام گەورەترین شەڕی ئێمە لە گەڵ خۆمانە، واتە شەڕ لەگەڵ خاڵەلاوازەکان، هەستەکان، بێ ئیرادەیی و ئامادەنەبوون بۆ بینینی کۆتایی هەموو شتێک. دەبێ شەڕێکی بێ‌وچان لەگەڵ خۆت ڕابگەیەنی بۆ باشترکردنی لێهاتوویی، بۆ بەدەستهێنانی بوێری و متمانە و ئەزموون، دەبێ وەک شەڕکەرێک لە ژیاندا بۆ سەلماندنی خۆت پێشوازی لە شەڕ و ململانێ بکەی. لەجێگەی ئەوە گومان و ترسەکانت سەرکوت بکەی، قۆڵی لێ هەڵماڵە و ڕووبەڕوویان ببەوە و شەڕیان لەگەڵ دەست پێ بکەن. تۆ پێوستت بە چالێشی زیاتر هەیە، کەوابوو خۆت بۆ بەرەنگاری زیاتر ئامادە بکە. دەبێ ڕۆحێکی شەڕکەر لەخۆتان‌دا دروست بکەن و تەنیا ڕاهێنانی بەردەوام بەرەو ئەو لووتکەیەت دەبا.

٣٣ ستراتیژی شەڕ، پوختە و جەوهەری عەقڵێکی لەبران‌نەهاتوویە کە لە وانەکان و بنەماکانی شەڕدا هاتووە. ئەو کتێبە کە بەو ئامانجەوە نووسراوە ئێوە بەزانستی پراکتیکی تەیار بکا، کە بژاردە و سوودی باشتان پێ دەبەخشێ لە بەرامبەر ئەو شەڕخوازە شکستخواردووانە کە ڕۆژانە پەلاماری ئێوە دەدەن.

هەر بەشێک باسی ستراتیژییەک دەکا کە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەیەکی تایبەتە، کە زۆرجار ڕووبەڕووی دەبییەوە. ئەو جۆرە کێشانە بریتین لە شەڕکردن لەگەڵ سوپایەکی کە پاڵنەری نیە، لەدۆخێکی وەهادا بەفیڕۆدانی هێزی خۆت شەڕکردن لە چەندین بەرەدا، ماندووبوون و دژایەتی و هەستکردن بە زەبروزەنگ، گیرکردن لە شوێنێک کە ناتوانی بەئاسانی خۆی لێ دەرباز بکەی. تۆ دەتوانی تەنیا یەک فەسڵی بخوێنیەوە کە پەیوەندی بە کێشەی ئەو ڕۆی تۆوە هەیە یان وەک ئەو دەچێ. بەڵام لەوەش باشتر، ئەوەیە کە تەواوی ستراتیژییەکان بخوێنیەوە و بە باشی وەریان بگری و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگەیان پێ بدەی بینە بەشێک لە جبەخانەی مێشک و دەروونی ئێوە. تەنانەت کاتێک هەوڵ دەدەی لە شەڕێک دوور بکەوییەوە لەگەڵ کەس ناتەوێ شەڕ بکەی، زۆرێک لەم ستراتیژیانە کار دەکەن بۆ یارمەتیدانی ئامانجە بەرگرییەکانتان و زاڵبوون بەسەر بیرکردنەوە و پرسگەلی ناخی بەرامبەرەکەتدا. بەهەر حاڵ من نامهەوێ ئەو ستراتیژیانە وەک فورمولێک یان دوکتورین دەرخواردی ئێوەی بدەم. ئامانج ئەوەیە کە ئەو ستراتیژییە یارمەتیدەرێک بۆ قەزاوەت لە گەرمەی شەڕدا وەک تۆوێک کە ڕەگ و ڕیشەی لە تۆدا داکوتێ و یارمەتی دەکا بۆ خۆت بیر بکەیەوە و لەزەینی خۆتدا ستراتیژیستێکی شاراوە پەرە پێ بدەی.[1]

ستراتیژییەکان لە نووسینەکانیاندا میتۆدی گەورەترین ژێنراڵەکانی مێژوو بەو شێوەیە هەڵبژێردراون ئەلکساندەر گەورە (کبیر)، هانیباڵ، چەنگیزخان، ناپلیۆن بناپارت، شاکای زۆلا، ویلیام تیکاماسا شێرمن، ئێروین ڕۆمڵ، وو گوین جیاپ) و هەروەها گەورەترین ستراتیژیستەکانی مێژوو سون تێزۆ، میاموتۆ مووساشی، کارل‌فون کلاوزویتس، ئاردانت دوپیک، تیوماس ئێدوار لورێنس، کلنل جان بوید. ئەوانە لە ستراتیژییە بنەڕەتییەکانی شەڕی کلاسیکەوە تا دەگاتە ستراتیژییە ناباو (نامتعارف) بێزراوی سەردەمی مۆدێرن دەست پێ‌دەکات.

کتێبەکە بەسەر پێنج بەشدا دابەش کراوە: ١- شەڕی خۆئاڕاستەکراو (چۆن مێشک و ڕوحمان بۆ شەڕ ئامادە بکەین)، ٢- شەڕی ڕێکخراوەیی (پێکهاتەی سوپا چیە و پاڵنەر و هاندەر کێن) ٣- شەڕی بەرگری؛ ٤- شەڕی هێرشبەرانە، ٥- شەڕەنگێزی ناباو (پیس) هەر بەشێک بە نموونەی مێژوویی وێنا کراوە، وێنەکان نەک تەنیا لە مەیدانی شەڕ، بەڵکوو لە مەیدانی سیاسەت (مارگارێت تاچێر)، مەیدانی فەرهەنگی (ئالفرێد هیچکاک)، مەیدانی وەرزش (محەمەد عەلی کلی)، مەیدانی بازرگانی (جان دی ڕاکفلێر)، کۆک و پەرداخ کراون، بە چەشنێک کە پێوەندی نزیک لە نێوان هەردوو گۆڕەپانی نیزامی و کۆمەڵایەتی ڕوون دەکاتەوە. ئەو ستراتیژیانە دەتوانی بۆ هەموو بوارێک بە هەر پێوانەیەک بەکاری بێنی. شەڕی سازماندراو (ڕێکخراو)، شەڕی بازرگانی، سیاسەتی گرووپێک یان تیمێک، تەنانەت پێوەندییە شەخسییەکان.[2]

لە کۆتاییدا ستراتیژیی هونەرێکە کە نە تەنیا پێویستی بە شێوازێکی بیرکردنەوەی جیاواز هەیە، بەڵکوو ڕێبازێکی تەواو جیاوازی بۆ ژیان هەیە. زۆرجار لە نێوان بیرۆکە و زانیارییەکانمان لە لایەک و ڕوانگە و ئەزموونی ڕاستەقینەمان لە لایەکی دیکەوە جیاوازی هەیە. ئێمە زانیاری بەدەست دێنین کە

١. شاید لە دژی شەڕ بگوترێ، سەرکەوتووی شەڕ کەللەڕەق و گەمژەیە، دۆڕاوکان ڕەش‌بین و نیاز پیسن، بەڵام لەبەرژەوەندی شەڕدا، هەمان دوو گۆشەنیگای وەحشی کە باس کرا، ئینسان زیندوو دەکاتەوە واتە ئینسان سروشتی‌تر نیشان دەدا. شەڕ، زستانی فەرهەنگە یان بە زمانێکی دیکە، فەرهەنگ لەگەڵ شەڕ خەوی زستانیان لێ دەکەوێ و ئینسان بەهێزتر لەپێشوو لەخەو هەڵدەستێ و لەبەرامبەر خێر و شەڕدا دەوەستێتەوە. فردریش نیچە ١٨٤٤ - ١٩٠٠

٢. ئینسانەکان بەبێ شەڕ لە ئاسوودەیی و دەوڵەمەندیدا نوقم دەبن، توانای بیرکردنەوە و ئێحساساتی گەورە لەدەست دەدەن، دەبنە کینەیی و لە درەندەیی‌دا نوقم دەبێ. فیودور داستایفسکی ١٨٢١- ١٨٨١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گۆشەیەک لە مێشکمان بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکا بەڵام بە جێگایەکمان ناگەیەنێ. ئێمە کتێبێک دەخوێنینەوە کە سەرقاڵ و غەرقی خۆیانمان دەکەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک و بەڕادەی نووکە دەرزییەک لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەماندا ناگونجێ. ئێمە بیرۆکەی نوێمان هەیە بەڵام بۆ بواری جێبەجێکرن هەمیشە پشتگوێی دەخەین. هەروەها لەئەزموونەدا سامانێکی گەورەمان وەسەریەک ناوە کە بە ڕادەی پێویست لێکدانەوەیان بۆ ناکەین، لە ئەزمونەکان ئیلهام وەرناگرین و وانەکانیان لەبیر دەکەین. ستراتیژی پێویستی بە پێوەندی بەردەوامی نێوان هەردوو بوارەکە هەیە. ستراتیژی زانستی پراکتیکییە لە باشترین حاڵەتدا. ڕووداوەکانی ژیان ئەگەر بە شێوەیەکی قووڵ بیریان لێ نەکەیەوە هیچ مانایەکی نییە و تەنانەت بیرۆکەکانی کتێبیش ئەگەر هیچ کاربوردی بۆ ژیان نەبێ سوودی نیە و مانا نادا. ژیان لە ستراتیژیدا نەوعێک کایەیە کە تۆ کۆنترۆڵی دەکەی. ئەو یارییە هەست بزوێنە، بەڵام پێویستی بە سەرنجی قووڵ و جیددی هەیە. ئەو شێوەیە هەڵەی زۆرە، دەبێ ئەوەی دەیزانی بەکردەوە جێبەجێی بکەی هەر کردەوەیەکی بەئەنجامی دەگەیەنی دەبێ بیگۆڕن بۆ زانست. بەو شێوەیە ستراتیژیی چالێشی درێژخایەن و لە سەختییە چارەنووس‌ساز و یەکلاکەرەوەکاندا وەک ڕێگە چارەسەری کێشەکان دەبێتە سەرچاوەی دڵخۆشی هەمیشەیی.[١]

ئارستون شوپنهاوێر، لەسەر حیکمەتی ژیان دەڵێ: *"لەم دنیایەدا کاتێک یاری بە تاسی ساختە دەکەی، دەبێ "سرشتت" وەک ئاسن وابێ و "زرێ" واتە کراسی ئاسنی شەڕ لەبەرامبەر زەربەلێدانی چارەنووسدا لەبەر بکەی و چەکێک لەبەر دەست دابێ بۆ ئەوەی ڕێگات بەرامبەر مرۆڤەکان بکەیەوە. و وڵتێر چەند ڕاستی گوتووە، "ئێمە کاتێک سەردەکەوین کە سەرکەوتن وەک نووکی شمشێر ببینین و چەک لەدەست بمرین."*

---

١. سروشت بڕیاری یەکجاری خۆی داوە ئەگەر کەسێک یان شتێک ناتوانێ دیفاع لەخۆی بکا کەوابوو کەسانی دیکە نابێ دیفاعی لێ بکەن. رالف والدو امرسون

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەسڵی یەکەم:
# شەڕهەڵایسێنی خۆئاڕاستەکراو

شەڕ یان هەر جۆرە ململانێیەک تەنیا لە ڕێگای ستراتیژییەوە بەرەو پێش دەڕوات و سەرکەوتنی لێ دەکەوێتەوە. ستراتیژی وەک هێڵ و تیرێک ببینن کە بەرەو ئامانجێک دەکێشرێن بۆ ئەوەیە ئێوە بۆ خاڵی دیاریکراو ڕێنوێنی بکا. ستراتیژی یارمەتیان دەدا بەدرێژای ڕێگا بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر کیشەکان، بۆ ئەوەی چۆن دوژمن گەمارۆ بدەن و پاشان وێرانی بکەن. بەڵام پێش ئەوەی ستراتیژی بکەنە ئەو تیرانە بەرەو دوژمن ئاراستە بکەی دەبێ بەرەو خۆتی ڕەوانە بکەی.

زەینی ئێوە خاڵی دەستپێکی هەموو شەڕ و ستراتیژییەکانە. عەقڵێک کە بە ئاسانی کاریگەری هەستەکانی لەسەرە، لەبری ئەوەی لە ئێستادا بێ لە ڕابردوودا دەگەڕێ و لەبەر ئەوەی ناتوانێ بە ڕوونی و بەپەلە جیهان ببینێ، ستراتیژییەگەلێک دروست دەکات کە لەگەڵ ئامانج مەودای زۆری هەیە.

بۆ ئەوەی ببی بە ستراتیژیست، سێ هەنگاوت لەپێشە. یەکەم: ئاگاداری ئەو لاوازی و نەخۆشیانە بە، کە بەشێکی مێشکتیان گرتووە و هێزی ستراتیژیکییان لێ ئەستاندووی. دووهەم: جۆرێک شەڕ لەگەڵ خۆت دەست پێ بکە بۆ ئەوەی شێلگیرانەتر بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێی. سێهەم: بە بەکارهێنانی ستراتیژی دیاریکراو شەڕێکی تەواو لەگەڵ دوژمنەکانی ناخی خۆتان دەست پێ بکە و ئەوان لەنێو ببە و خۆتی لێ ڕزگار بکە.

چوار بەشی سەرەتای ئەم کتێبە بۆ ئەوە دانراون کە ئاگاداری ئەو کێشانەت دەکاتەوە کە ڕەنگە هەر ئێستا لە مێشکتدا لک و پۆی دەر کردبێ و بۆ لە ڕیشەکێشانیان ئامادەت دەکات. کاتێک بە بیرکردنەوە و بە پراکتیزەکردن دەیانخەیە ژێر کۆنترۆڵی خۆتەوە، پاشان دەتوانی لەوانە وەک ئامرازێک بۆ لابردنی کەموکۆڕییەکان، لە شەڕەکانی داهاتوودا کەڵک وەرگری و ستراتیژیستی گەورە و دیارەکانی ناخی خۆتان لە نێو مێشکت ئازاد بکەی و وەگەڕی بخەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی یەکەم:
# شەڕ لە دژی دوژمن ڕابگەیەنن.
# ستراتیژیی جەمسەری

ژیان بریتییە لە خەبات و پێکدادانێکی بێ‌کۆتایی. تا دوژمنانت بەباشی نەناسی، ناتوانی بەباشی لە گەڵیان بە شەڕ بێی. لەبیرتان بێ دوژمنانتان وەدەر بنێن، بە جۆرێک دەست نیشانیان بکەن کە دوژمن بوونیان وەدەرکەوێ. دواتر کاتێک ئەوان لەبەرچاوتاندان، شەڕی دەروونییان پێڕاگەیێنن. دوژمنان دەتوانن گەلێک ئامانج و ڕێگەتان نیشان بدەن. هەروەک چۆن جەمسەری ئەرێنی و نەرێنی "موقناتیسی" ئاسن‌کێش جووڵە دروست دەکات دوژمن دەتوانێ گەلێ ئامانج و ڕێگات پێشان بدات. بەوجۆرەی کە خەڵکانێک لەپشت سەری ئێوە وەستاون لایەنگرانی ئێوەن. ئەوانەیش ڕووبەڕووتان ڕاوەستاون سەرچاوەی وزەن. گێل مەبن، لەگەڵ هێندێک دوژمن نابێ سازش بکرێ و نابێ هیچ دوودڵیەک قەبووڵ بکەیت.[1]

---

١. گزنفون هەستا، و لەپێشدا ئەفسەرە مشاویرەکانی ژێردەستی کۆکردەوە. کاتێک هەموویان لەدوری کۆ بوونەوە گوتی: بەڕێزان من ناتوانم بخەوم و پێم وانییە ئێوەش بتوانن، ناتوانم لێرە ڕاکشێم کاتێک دەبینم لە چ دۆخێکی نالەبار گیرمان کردووە، ڕوونە کە تا دوژمن هەموو شتێک بە قازانجی خۆی ئامادە نەکا شەڕمان لەگەڵ ڕاناگەیەنێ و هیچکام لەئێمە توانای بەربەرەکانی هەمەلایەنەی لەبەرانبەر هێرشی دوژمندا نیە، بەڵام ئەگەر تەسلیم بین بەدەستی شای قودرەتمەند گرفتار بین، چ چارەنووسێک چاوەڕوانی ئێمەیە؟ کاتێک برا براکەی خۆی کوشت بڕیاری دا دەست ولاقی لێ بکەنەوە لەپردی شار هەڵاوەسرا، ئێمە کەسمان نییە داوای لێبوردنمان بۆ بکات و دڵی بۆمان بسووتێ، شاە لەبیری نەچووە ئێمە لشکرکێشیمان بۆ وڵاتەکەی کردوە بۆ ئەوەی پادشا بە عینوانی کۆیلە بگرین یان بیکوژین، ئێستا چ چاوڕوانییەکمان هەیە؟ ئایە مەنتق حوکم ناکا کە لەهەموو ئامێرێکی ئەشکەنجە کەڵک وەرگرێ بۆ ئەوەی تەواوی دنیای پێ بترسێنێ کە نەکا گەلاڵەی هێرش بۆ خاکی ئەو لە مێشکیان دابێ؟ بەو هۆکارانەیە کە هەرچی لەدەستمان دێ بیکەین تا لەخواردنی زەبری ئەو پارێزراو بین. لەکاتی ئاگربەستەوە تائێستا هەرگیز نەمتوانیوە یەک ساتیش ئارام بگرم و دڵم بەحاڵی خۆمان نەسووتێ. من هەموو ساتێک سەرسامم بۆ ئەو پیاوە و هێزەکانی. چ وڵاتێکی بێخەم! شارەکانی چەندە بەربڵاو! چ قەرەباڵغی خزمەتکاران! چەندە مەڕ و وشتری باش و زۆر، چەندە مەعدەنی ئاڵتون، چ پۆشاکێک! بەڵام کاتێک بیر لەو سەربازانەی خۆمان دەکردەوە هیچ پشکێکمان لەو هەمووە شتە باشانەدا نەبووە، مەگەر بە پووڵی خۆمان هێندێک لەو کەلوپەلانە بکڕین، کاتێک چاو لێ دەکەم تەنانەت پووڵیش بەئەندازەی پێویست نەماوە بۆیە دڵم گیراوە. لەبیرم نەچۆتەوە کە سوێندمان خوارد ئەگەر پووڵمان نەبێ حەقمان نیە هیچ شتێک بدزین. لەکاتێکدا ئەو هەموو شتە لە نزیک یەک دادەنێم لەوەیکە ئاگربەست ئەوەندە درێژ بووەوە دەترسێم، بەڵام ئێستا ئاگربەستەکەیان شکاندووە. ئێستا خاڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دوژمنی دەروونی**

بەهاری ساڵی ٤٠١ی پێش زایین، گزنفۆن فەیلەسوفی تەمەن سی ساڵە، کە لە دەرەوەی ئاتێن دەژیا، بانگهێشتنامەیەکی سەرنجڕاکێش و نارِوونی پێگەیشت. هاوڕێیەکی سەربازانی یۆنانییەکانی بۆ خزمەتکردن بانگهێشت دەکرد بۆ ئەوەی وەک سەربازی بەکرێگیراوی کوروش هاوڕێیی بکەن و لەگەڵی بکەون تا دژی برا بچووکەی کوروش واتە ئەردەشیر لەشکرکێشی بکەن، ئەو هاوڕێییەی هەروەها داوای لەگزنفۆن کرد کە خۆی بە سوپا بناسێنێ. ئەو داواکارییە تا ڕادەیەک بۆ ئەو نەگونجاو بوو. یۆنانییەکان و فارسەکان ساڵانێکی دووروودرێژ دوژمنی سەرسەختی یەکتر بوون. لەڕاستیدا نزیکەی هەشتا ساڵ پێشتر فارسەکان هەوڵیان دابوو یۆنان داگیر بکەن، بەڵام یۆنانییەکان کە شەڕکەری بەناوبانگ‌یان هەبوو، هەرکەس داوای لێیان کردبوایە بە پووڵ خزمەتگوزارییەکانی خۆیان بۆ خوازیارانێکی پتر دەخستەڕوو، و لەنێو ئیمپراتۆری فارس‌دا زۆر شاری لاسار و سەرکێش بوون کە کورش مەیلی تەمبێ‌کردن و مجازاتی ئەوانی بوو. بەکرێگیراوانی یۆنانی لەنێو سوپای کوروش‌دا وەک باڵێکی بەهێزی گەورە ئەژمار دەکران.

گزنفۆن سەرباز نەبوو، ئەو لە ڕاستیدا ژیانێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، سەگ و ئەسپی پەروەردە دەکرد، بۆ بەشداریکردن لە قسەوباسی فەلسەفی سەردانی دۆستی خۆی یانیی سۆقراتی لەئاتێن دەکرد. گزنفۆن بەو میراتەی پێی گەیشتبوو، دەژیا. بەڵام لە پەنای ئەوانەدا حەزی لە سەرەخەری هەبوو و ئێستا ئەگەر ئەو پێشنیارەی قەبووڵ کردبایە، شانسی دیتنی کوروشی گەورەی پێ دەبڕا و فێری فەنی شەڕ و لەهەموو گرنگتر چاوی بە خاکی ئێران دەکەوت. بیریشی لەوە دەکردەوە ڕەنگە کاتێک شەڕ تەواو بوو، ئەو بتوانێ کتێبێک بنووسێ. ناوبراو بە هۆکاری ئەوەی پووڵ‌یان بە سوپای بەکرێگیراوی کوروش دەدا ئامادە نەبوو لەو سوپایەدا خزمەت بکا. ئەو سەروەت و سامانی زۆری هەبوو بەڵام پێی خۆش بوو وەک فەیلەسووف و مێژوونووسێک لەگەڵ سوپای کوروش بکەوێ. دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ یەکێک لە پێشبینیکارانی پەرستگای "دێلفی"، بڕیاریدا بانگهێشتنامەکە قەبووڵ

---

کۆتایی بێ حورمەتی ئەوانە، شک و گومانی ئێمەیە. لەم کاتەدا هەموو ئەم شتە باشانەی ڕووبەڕووی ئێمەیە، خەڵات نەسیبی هەر سوپایەک دەبێ کە بیسەلمێنێ پیاوانی باشتری هەیە، خوداوەندەکان و داوەران لەو بەربەرەکانییە بە تەواوی لەگەڵ ئێمە دەبن. کاتێک ڕادەی فەرماندەکانتان دیاری کرد سەربازەکان بە خەت بکەن و هانیان بدەن و وەرەیان پێ ببەخشن تا لەسەر ویستەکانی ئێستایان تەمەرکوزیان هەبێ. بێ ئەملاوئەولا بۆخۆتان هەستان پێکردوە ئەوانە تا چ ڕادەیەک کۆنترۆڵی خۆیان لەدەست داوە و چەندەش لە ئامانجی سەرەکی دوور کەوتوونەوە، بەڕاستی نازانم ئەگەر لە حاڵەتی ئێستادا بمێننەوە چ یارمەتێک لەدەستیان دێ، بەڵام ئەگەر کەسیک بێ بتوانی عەقڵییەتی ئەوان لەتەرکیزکردن لەسەر ئەو بەڵایانە کە چاوەڕیی ئێمە دەکەن بۆ تواناکانیان بگۆڕێ، بە دڵنیایی بەهێز دەبن. بە خۆتان باش دەزانن و منیش دڵنیام کە ڕادەی ئەفرادیان قودرەتی فیزیکی ئەوان لەشەڕدا ڕۆڵی بەرچاوی لەسەرکەوتن نابێ، بەڵکوو هێزی ڕوحی و ڕەوانی سوپایەک کە دەچێتە مەیدانی شەڕەوە گرنگە. هەروەها گەورەترین سوپا لە بەرامبەر سەربازانی کە ڕوحی گەورەیان هەیە توانایی ڕاوەستانی هەیە. آناباسیس، "کتاب هفت جلدی تاریخی به قلم گزنفون"

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکات.

نزیکەی ١٠ هەزار سەربازی یۆنانی پەیوەندییان بە کوروشەوە گرت. بەکرێگیراوان کەسانی جیاواز لە سەرانسەری یۆنان بوون کە لە بەر دوو هۆکاری هاوبەش، یانیی پووڵ و سەرەخەری ئامادەی هاوکاری لەگەڵ کوروش بوون. ئەوانە بۆ ماوەیەک کاتێکی خۆشیان بەسەر برد، بەڵام چەند مانگێک دواتر دوای ئەوەی چوونە قووڵایی خاکی فارسەوە، کوروش ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا کرد. ئەو بۆ خاکی "بابول" لەشکرکێشی کردبوو تا شەڕێکی نێوخۆیی دروست بکات بۆ ئەوەی براکەی لە سەر کورسیی دەسەڵات وەلا نێ و خۆی وەک پادشا بناسێنێ. یۆنانییەکان کاتێک زانیان درۆیان لەگەڵ کراوە دەستیان بە گلەیی و شکایەت کرد، بەڵام کوروش پێشنیاری پووڵی زیاتری پێکردن و ئەوانی بێدەنگ کرد.

سوپای کوروش و ئەردەشیری دووهەم، لە دەشتی کوناکسا لەلێواری چۆمی فوڕات کە مەودایەکی زۆری لەگەڵ بابول نەبوو ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە و هەر لە سەرەتای شەڕەکەدا کوروش کوژرا و شەڕ لەبەرژەوەندی ئەردەشیر زۆر زوو کۆتایی هات. دوای کوژرانی کوروش، لەناکاو پێگەی یۆنانییەکان لاواز و لەو دەشتەدا گلۆڵەیان کەوتە لێژی و وەک کوێریان لێهات. بەهۆی ئەوەی یۆنانییەکان لەلایەک لە دیوی هەڵەی شەڕی ناوخۆدا و لەبەرەی دۆڕاوی شەڕدابوون، لەلایەکی دیکەوە مەودایەکی زۆریان تا یۆنان هەبوو، ئەوان لەلایەن دوژمنی تووڕەوە گەمارۆ درابوون. بەڵام زۆری نەخایاند هەواڵیان پێدرا کە ئەردەشیر هیچ شەڕێکی لەگەڵ ئەوان نیە و تەنیا خواستی ئەوەیە کە ئەو بەکرێگیراوانە بە زووترین کات خاکی ئێران چۆل بکەن و بەرەو یۆنان بگەڕێنەوە. ئەردەشیر تەنانەت سەرداری ئێرانی خۆی بە ناوی "تیسافێرن"، ڕەوانەی لای ئەوان کرد بۆ ئەوەی تداروکاتیان بۆ دابین بکات. سەرەنجام لەژێر چاوەدێری سوپای ئێراندا بە فەرماندەیی و ڕێنوێنی تیسافێرن ئەو بەکرێگیراوانە دەبێ زیاتر لە ٢٠٠٠ کیلۆمیتر بۆ یۆنان بپێون.

یۆنانییەکان پاش چەند ڕۆژ ڕێپێوان بەرەو وڵاتی خۆیان، ترسی نوێیان لێ پەیدا بوو، پێداویستییەکانی خواردن کە لە لایەن ئێرانییەکانەوە دابین دەکرا کەم بوو و ئەو ڕێگایەی کە تیسافێرن بۆی دیاری کردبوون زۆر سەخڵەت و هەڵەموت بوو. ئایا دەیانتوانی متمانە بە ئێرانییەکان بکەن؟ نیگەرانی لەنیویاندا دەستی پێکرد.

فەرماندەی باڵای یۆنانییەکان، کلێرچۆس نیگەرانیی سەربازەکانی بۆ تیسافێرن دەربڕی. تیسافێرن لەگەڵ ئەوان هاوڕایی کرد و پێشنیاری کرد تا کلێرچۆس فەرماندەکانی خۆی بەشداری کۆبوونەوەیەک لە شوێنێکی بێ لایەن بکات بۆ ئەوەی یۆنانییەکان نیگەرانی خۆیان دەربڕن و هەردوو لایەن لە یەک تێبگەن. کلێرچۆس ڕازی بوو و ڕۆژی دواتر لەگەڵ ئەفسەرەکانی لە کات و شوێنی دیاریکراو ئامادە بوون، بەڵام لەگەڵ هێزێکی گەورەی فارسەکان ڕووبەڕوو بوونەوە و فارسەکان گەمارۆیان دان و بەدیلیان گرتن و هەمان ڕۆژ سەریان لە لەشیان جیا کردنەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر هەمان ڕۆژ، ئەفسەرێک توانی خۆی دەرباز بکا و یۆنانییەکان لە خیانەتی فارسەکان ئاگادار بکاتەوە. ئەو شەوە ئۆردوگای یۆنانییەکان کەشێکی ماتەمینی بوو، هێندێکیان موناقەشەیان دەکرد و یەکتریان تاوانبار دەکرد، هێندێکی دیکەش ئەوەندەیان خواردبووەوە لەسەر زەوی کەوتبوون و چەند کەسێکیان خەیاڵی بەرزەفڕانەیان دەکردەوە. بەڵام لە بەر ئەوەی ڕێبەرانیان مردبوون، هیوایەکیان بۆ نەمابوو.

لەکاتی ڕێپێوانەکەدا گزنفۆن زیاتر خۆی لە پەراوێز خستبوو، ئەو شەوە خۆی تێکەڵی ئەو قسانە نەکرد زوو بۆی خەوت. خەوێکی ناخۆشی بینی، هەورە بریسکەیەک لە لای زیوسەوە هەڵی کرد و ئاگری لە ماڵی باوکی بەردا، کاتێک لەخەو ڕاپەڕی هەموو لەشی لەئارەقەدا خووسابوو. لەپڕدا لێکدانەوەیەکی بەمێشکی داهات کە مردن لەبەرامبەر یونانییەکان‌دا خۆنمایی دەکا، واتە مردن چاوی لە یۆنانییەکانە و ئەوانیش دەستەوئەژنۆ دانیشتوون و لەگەڵ یەکتری دەمەقاڵەیانە. کێشەکە لە مێشکی ئەواندا بوو. شەڕکردن و تێکۆشان بۆ پووڵ لەبری ئەوەی ئامانجێک یان مەبەستێکی ڕوونیان هەبێ، ئەمەش وای لێ کردبوون نەتوانن دۆست لە دوژمن جیا بکەنەوە. بەربەستێک لە نێوان ئەوان و وڵاتەکەیان ڕووبار و شاخ یان سوپای ئێراندا نەبوو. ئەو بەربەستە مێشکی سەرلێشێواو و ناڕوونی خۆیان بوو. گزنفۆن نەیدەویست بەم شەرمەزارییە سەر بنێتەوە، ئەو هیچکات نیزامی‌کار نەبوو بەڵام فەلسەفەی دەزانی و شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی دەناسی. گزنفۆن پێی وابوو ئەگەر یۆنانییەکان سەرنجیان لەسەر ئەو دوژمنە چڕ بکەنەوە کە دەیهەوێ ئەوان بکوژێت، وشیاری و داهێنانیان لەخەو ڕادەپەڕێ و وریا دەبنەوە. بەڵام ئەگەر سەرنجیان لەسەر خیانەتی گەورەی ئێرانییەکان بێ تووڕەتر دەبوون و ئەو تورەییە دەبێتە هۆی ئەوە بڕیاری غەڵەت بدەن. ئەوان دەبوو واز لە بەکرێگیراوی سەرلێشێواوی بێنن و دووبارە ببن بە هەمان یۆنانیانی داهێنەر، کە ڕێک پێچەوانەی فارسی خیانەتکارن. ئەوشتەی یۆنانییەکان پێویستیان پێی بوو بەرچاوڕوونی و شفافییەت و ئاراستەکردن بوو.

گزنفۆن بڕیاریدا ببێتە بروسکەی زیوس و سوپای یۆنان لەخەو ڕاپەڕێنێ و ئاراستەی ڕێگایان بۆ بکاتەوە. ناوبراو کۆبوونەوەی لەگەڵ هەموو ئەفسەرە ڕزگاربووەکانی کرد و پلانەکەی بۆ باس کردن: ئێمە بەبێ هیچ وتووێژێک شەڕ لەگەڵ فارسەکان ڕادەگەیەنین و بەهیچ جۆرێک بیر لە چەنەبازی و مشتومڕ لەگەڵ ئێرانییەکان ناکەینەوە. ئێمە نابێ لەسەر موناقەشە یان تۆمەتبارکردنی ئەوان، کات بەفیڕۆ بدەین، ئێمەش وەک باب و باپیرانمان لە شەڕی ماڕاتۆن کە شەڕیان لەگەڵ سوپایەکی زۆر گەورەتری فارس کرد، داهێنەر و ئیلهام بەخش دەبین و ئەرتەشێکی شەڕانی و لێوانلێو لەئەنگێزە دروست دەکەین. لە ئێستاوە دەست بەکار دەبین، ئازووقە دابین دەکەین، هێز و توانا بەدەست دێنین. ئێمە بۆ یەک چرکە چەکەکانمان دانانێین و هەرگیز مەترسییەکانی دەوروبەرمان لەبیر ناکەین. کەوابوو بڕیار دەدەین و هەڵدەبژێرین. ئێمە یان ئەوان، ژیان یان مردن، خێر یان شەڕ. ئەگەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسێک هەوڵی ئەوە بدا بە قسەکردنی زیرەکانە یان بە بیرۆکەی نارۆوون ئێمە تووشی هەڵە بکات لەسەر ڕێگای خۆمان وەلای دەنێین. لە بەر ئەوەی ئەو گەمژەیە یان لە هاوڕێیەتی ئێمە سڵ دەکاتەوە. لێگەڕێن با فارسەکان ئێمە وەک بێ بەزەیی وێنا بکەن. ئێمە تەنیا دەبێ بە یەک ئامانج بیر بکەینەوە ئەویش ئەوەیە بە زیندووی بۆ ماڵەوە بگەڕێینەوە.

ئەفسەرەکان دەیانزانی کە گزنفۆن ڕاست دەکا. ڕۆژی دواتر ئەفسەرێکی فارس بۆ لای یونانییەکان هات پێشنیاری کرد وەک باڵیۆزێک لە نێوان ئەوان و ئەردەشیر ڕۆڵی ئاشتی بگێرێ. بەڵام ناوبراو لە لایەن مشاوڕێکی گزنفۆنەوە چاوەدێری دەکرا و لەژێر ڕێنووینییەکانیدا زۆر بەخێرایی چاونەترسانە دەریان کرد. ئێستا ئامانج نە شەڕ بوو نە شتێکی دیکە، بەڵکوو گرنگترین بەربژێر گەڕانەوە بۆ یۆنانی باب‌وباپیرانیان بوو.

یۆنانییەکان کە ئەنگیزەیەکی زۆر باشیان بەدەست هێنابوو ڕێبەرانی خۆیان دیاری کرد کە لە نێو ئەوان‌دا گزنفۆنیش بەرچاو دەکەوت. بێ ڕاوەستان سەفەریان بەرەو یۆنان دەست پێکرد. ئەوان ناچار بوون تەنیا پشت بە زیرەکی و وشیاری خۆیان ببەستن، بە خێرایی خۆیان بار هێنا و فێربوون لە گەڵ دۆخی ناوچەکە خۆیان بگونجێنن. لە شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ فارسەکان خۆیان بەدوور بگرن و شەوانە بە ڕێگا دا بڕۆن. ئەوان بە سەرکەوتوویی لە تێکەڵچوون لە گەڵ فارسەکان خۆیان پاراست، پێش ئەوەی ڕێگای شاخەکان لەلایەن فارسەکانەوە بگیرێن یۆنانییەکان زووتر تێپەڕین. هەرچەند زۆرێک لە هۆزەکانی دوژمن هێشتا لە نێوان ئەوان و یۆنان‌دا بوون بەڵام سوپای فریوخواردووی فارسیش لە پشتیانەوە بوو. ئەگەرچی گەڕانەوە بۆ یۆنان چەند ساڵێکی خایاند، بەڵام زۆربەی ئەو خەڵکە بە زیندووی گەیشتنەوە یۆنان.[١]

**لێکدانەوە**

ژیان شەڕ و خەباتی بەردەوامە، ئێوە بەردەوام لەگەڵ هەلومەرجی و بارودۆخی نەشیاو، پێوەندی وێرانکەر و چالاکی مەترسیدار ڕووبەڕوو دەبنەوە. ئەوەیکە چۆناوچۆن لەگەڵ ئەو بارودۆخە بەرەوڕوو دەبنەوە چارەنووستان دیاری دەکات. هەر وەک گزنفون دەیگوت، کۆسپی ئێوە ڕووبار، کێو یان کەسانێکی دیکە نین، بەربەست و کۆسپی ئێوە هەر خۆتانن. ئەگەر هەستتان بە سەرلێشێواوی و نارۆوونی کرد، ئەگەر هەستی ڕێڕەودانانی خۆت لەدەست داوە، ئەگەر ناتوانی جیاوازی لە نێوان دۆست و دوژمن ببیننەوە، تەنیا دەبێ گومان لە خۆتان بکەن.

بەمجۆرە بیر بکەوە کە پێویستە هەمیشە بڕۆنە مەیدانی شەڕەوە. هەموو شتێک بە چوارچێوەی زەینی و ڕوانینی ئێوە بۆ دونیا بەستراوەتەوە. گۆڕینی ڕوانگە دەتوانێ لە بەکرێگیراوێکی پاسیف و

١. لەنەزەر تیئۆری و پراکتیکەوە، بیری سیاسی و غەریزەی سیاسی، لە توانایی جیاکردنەوەی دۆست و دوژمندا سەرکەوتوون. لوتکەی سیاسەت کاتێکە کە دوژمن بە ڕوونترین شێوە بناسرێتەوە. کارڵ اشمیت ١٨٨٨- ١٩٨٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرلێشێواوە بۆ شەڕکەرێکی داهێنەر و بە ئەنگێزە بتانگۆڕێ.

ئێمە بەو شێوەیە پێناسە دەکرێین کە چۆن پێوەندیمان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەیە. هەر لە منداڵییەوە بە جیاکردنەوەی خۆمان لە کەسانی دیکە ناسنامەی خۆمان دەدۆزینەوە و تەنانەت دەگەینە ئەو ئاستەی کە ئەوانی دیکە ڕەت دەکەینەوە، یان تەنانەت نارەزایەتیی لە بەرامبەریاندا دەردەبڕین. تا زیاتر دەرک بەوە بکەین کە دەتهەوێ چ کەسێک نەبن و چ سیفەتێکت نەبێت، هەستێکی ڕوونتر بۆ ناسنامە دەدۆزییەوە و ئامانجی خۆت باشتر دەناسییەوە. بەبێ ئەم هەستە دووجەمسەرییە، بەبێ بوونی دوژمنێک کە بە دژی ڕاوەستی، وەک سەربازە بەکرێگیراوەکانی یۆنان هەست بە گومبوون و سەرلێشێواوی دەکەن. کاتێک لەگەڵ خیانەتی کەسانی دیکە ڕووبەڕوو دەبییەوە لە ساتەوەختی چارەنووس‌سازدا ناتوانی بڕیار بدەن، و دوودڵ دەبن و دەکێشرێتە نێو مشتومڕ و دەمەقاڵەی بێ کەڵکەوە.

سەرنجتان لەسەر یەک دوژمن بێت. ئەو دوژمنە دەتوانێ کەسێک بێ کە ڕێگای تۆ ببەستێ یان زیرەکانە و یان بە ئاشکرا سەرکوتت دەکا، دەتوانێ بەسانایی زەربەت لێ بدا، یان ناعادڵانە بەربەرەکانیت لە گەڵ بکات، دەتوانێ بەهایەک یان بیرۆکەیەک بێ کە تۆ لێی بێزاری و لە کەسێک یان گرووپێک‌دا چاوت پێی کەوتووە. ئەو دوژمنە دەتوانێ چەمکێک یا تایبەتمەندی وەک گەمژەیی، تەمبەڵی یان پووڵپەرستیی ڕەمەکی بێ. گوێ لە کەسانێک مەگرن کە دەڵێن جیاوازی نێوان دۆست و دوژمن شتێکی سەرەتاییە و پێوەندی بە ڕابردوو هەیە. ئەوانە ترسی خۆیان لەدژایەتی و ناکۆکی لە پشت دیوارێک لە گەرموگوڕی ساختەیی‌دا دەشارنەوە. ئەوان هەوڵ دەدەن کە بەرەو دواوە بکشێنەوە و شك و گومانی خۆیان بخەنە دڵیی تۆوە. کاتێک هەستت بە شفافییەت کرد و ئەنگێزەی پێویست بەدەستهێنا ئەوکات شوێنێک بۆ پەیداکردنی هاوڕێی ڕاستەقینە دەدۆزییەوە و لە ئاشتی و دۆستایەتی ڕاستەقینە چێژ دەبینی. دوژمنی ئێوە وەک ئەستێرەی جەمسەریی (قوتبی) وایە کە تۆ ڕێنوێنی دەکا و کاتێک ڕێگاکەت ڕوون بووەوە بە دڵنیاییەوە دەتوانی بچیە بەرەکانی شەڕ.

ئەنجیل لووقا دەڵێ: "ئەوەی لەگەڵ من نیە، دژی منە."

## دوژمنی دەرەکی

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، سیستەمی سیاسی بەریتانیا لە سەر نەخشێکی ساکار جێگیر بوو، حیزبی کرێکاران لە هەڵبژاردن‌دا سەرکەوت و لە خولی دواتردا حیزبی پارێزەران براوەی هەڵبژاردن و سەردەکەوتن. دەسەڵات لە نێوان ئەو دوو حیزبەدا کەم‌وزۆر ئاڵوگۆڕ و دەستاودەستی پێ‌دەکرا و هەموو شتێک زۆر شارستانی و ڕۆشنبیرانە بەرەو پێش دەچوو، لە ڕاستیدا ئەو دوو حیزبە وەک یەک وابوون. بەڵام کاتێک لەساڵی ١٩٧٤دا پارێزگاران (محافظەکاران) لە هەڵبژاردن‌دا دۆڕاندیان، هێندێکیان خۆیان تووڕە کرد. ئەوانە دەیان‌ویست لەسیاسەتدا هەژاندنێک دروست بکەن بۆیە پێشنیاری مارگرێت تاچێریان وەک کاندیدی خۆیان ڕاگەیاند و هەر ئەو ساڵەش پارتی پاریزگاران

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینشعابی تێ‌کەوت، بەڵام تاچێر سوودی لە دابەشبوونەکە وەرگرت و هەڵبژاردنی بردەوە.[١]

هیچ کەس سیاسەتمەداری وەک تاچێری چاو پێ نەکەوتبوو. لە دونیایەک کە پیاوان جڵەوی هەمووشتێکیان بەدەستەوە بوو ئەویش ژنێک لە چینی نێوەڕاست و کچی بەقاڵێک بوو بە ڕێبەری حیزبێکی سوننەتی کە ئی چینی ئەریستۆکراتی ئەو وڵاتە و ڕێبەرایەتی دەکردن، لیباسەکانی زۆر ئاسایی بوون، زیاتر لە ئەوەی وەک سیاسەتمەدار خۆی نیشان بدا وەک ژنێکی ماڵەوە خۆی دەردەخست. تاچێر لە حیزبی پارێزگارانی ئینگلستاندا دەورێکی ئەوتۆی نەبوو و لە ڕاستیدا لە کەناری باڵی ڕاستی حیزب دا بوو. تایبەتمەندیی بەرچاوی تاچێر شێوازی کارکردنی ئەو بوو، ئەوەیش ئەوە بوو لەو شوێنانەی کە سیاسەتمەدارانی دیکە نەرم و موافقی ئاشتی بوون ئەو بە پێچەوانەی ئەوان ڕووبەڕووی نەیارەکانی دەبووەوە و بەرخوردی پێدەکردن و ڕاستەوخۆ هێرشی دەست پێدەکرد و حەزی لەشەڕ بوو.

زۆربەی سیاسەتمەدارەکان هەڵبژاردنی تاچێریان بە هەڵکەوت دەزانی و چاوەڕێ نەبوون بتوانێ لەکاری سیاسیی‌دا بەردەوام بێ. تاچێر لە یەکەمین ساڵەکانی ڕێبەری حیزب، یانی کاتێک کە حیزبی کرێکار لە دەسەڵات دابوو، بۆ گۆڕانی بیروباوەڕی ئەوان هەوڵێکی ئەوتۆی نەدا. ئەو دژی سیستمی سۆسیالیزم هەنگاوی هەڵێناوە کە بە گومانی تاچێر تەواوی داهێنەری و خەلاقییەتەکانی خنکاندبوو و لە لاوازکردن و تێقرمانی ئابووری ئینگلستان دەوری بەرچاوی گێڕاوە. ئەو لە سەردەمی دێتانت[٢]، یەکێتی سۆڤییەتی دایە بەر ڕەخنە. دواتر لە زستانی ١٩٧٨ هەتا ١٩٧٩ چەند یەکێتی‌یەکی بەشی دەوڵەتی بڕیاریان دا مان بگرن. تاچێر ڕێڕەوی شەڕی لەپێش گرت و مانگرتنەکەی بە دەست تێوەردانی حیزبی کرێکار و سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی ئینگلستان "جیمز کالاهان" لە قەڵەمدا. ئەو قسەیە بە ڕادەیەک شیاو و چارەنووس‌ساز بوو کە هەواڵی ڕۆژنامەکانی ئێوارەی ئەو ڕۆژەی بەخۆیەوە تەرخان بکا، بەڵام نەک بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن. بردنەوە لە هەڵبژاردن‌دا پێویستە کە بەرامبەر بە دەنگدەران ئارام بی و ئەوان دڵنیا بکەی کە هەرگیز لەگەڵ ئەوان شەڕ ناکەن، لانیکەم هزری گشتی ئەوە قەبووڵ و پشت ڕاست دەکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٩ پارتی کرێکاران بانگەوازی گشتی بۆ هەڵبژاردن بڵاو کردەوە. تاچێر بەردەوام

---

١- من بە سروشت شەڕکەرم، هێرشکردن لە غەریزەکانی مندا هەیە. ئەوەی بتوانم دوژمن بم و ئەویش دوژمنێکی بە ڕوحیە و قەوی، شەڕکردن تایبەتمەندی ئینسانی بە قودرەتە، هێندێک‌جار ئێمە بەربەرەکانی لەگەڵ دەکەین. وەختێک بە پێوشوێنی کێشەیەک یان مخالیفێک دا دەگەڕێی پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوون لەتۆدا زیندوو دەمێنێتەوە. فەیلەسووفێک کە حەزی لەشەڕە بە دڵنیاییەوە لە موشکیلات پێشوازی دەکا، کە ئەوانە بە چالشێک بۆ "دوئل" دەزانێ. ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە لەبەرامبەر تەواوی مقاومەتی دەروونی‌دا ڕاوەستین و لە شەڕکردن شارەزایی بەدەست بێنین، کەسێک کە شەڕکەرە هەمیشە دەبی لەشەڕ دا بێ چونکە زەمانی ئاشتی لەگەڵ خۆی شەڕ دەکا. فریدریش نیچە ، ١٨٤٤-١٩٠٠

٢. detente سیاسییە بە مانای کەم کردنەوەی فشار یان گرژی لە نێوان وڵاتان‌دا، بۆ نموونە پەیمانی "لوکارنو" لەساڵی ١٩٢٥ دەورەیەک سوباتی نسبی لە ئورووپا دروست کرد، و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درێژەی بە هێرشی خۆی دەدا. ئەو هەڵبژاردنەی وەک بزووتنەوەیەک دژی سۆسیالیزم و هەروەها وەک دوا دەرفەتی ئینگلستان بۆ مۆدێرنیزاسیۆن ناساند. "کالاهان" سەمبولی سیاسەتمەدارێکی ئارام بوو، بەڵام تاچێڕ زۆر بەتوندی ئەوی ئازار و ئەزییەت دەکرد. لەڕوانگەی کالاهانەوە، تاچێڕی وەک ژنێکی ماڵەوە چاو لێدەکرد نەک وەک سیاسەتمەدار، ئەمە جگە لە هەستی بەکەمزانی بێ بایەخدانانی هیچ هەستێکی دیکەی نەبوو، بەهۆی ئەم تووڕەییە زیاتر ئاگری تاچێڕی گەشاندەوە. کالاهان ڕایگەیاند کە ئەو هەڵبژاردنە زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر تاچێڕ سەرکەوێ ئابووری بریتانیا سەرەوژێر دەبێ. بەکارهێنانی ئەو ستراتیژییە تا ڕادەیەک کاریگەر بوو. تاچێڕ زۆرێک لە دەنگدەرانی ترساند و لێی دوور کەوتنەوە. هەڵسەنگاندنێک لەبارەی ڕادەی خۆشەویستی ئەو دوو بەربژێرە، نیشانی دا کە خۆشەویستی تاچێڕ کەمتر لە کالاهانە. بەڵام دەمڕاستی و دەمهەراشی تاچێڕ و دژکردەوەی توندی کالاهان، بوو بەهۆی ئەوە کە دەنگدەران بە دووبەش دابەش بن و لە کۆتاییدا لە نێوان ئەو دوو حیزبە ئیختلافێکی قووڵ سەری هەڵدا. تاچێڕ بە قسە و کردەوەکانی خەڵکی بەسەر چەپ و ڕاستدا دابەش کردبوو و توانی لایەنگر و خەڵکێکی زۆر بۆ لای خۆی ڕابکێشی، هەر وەها دەنگی ئەو دەنگدەرانەی لە هەڵبژاردنی کاندیدای خۆیان شکوگومانیان هەبوو ئەوانیشی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا. بەم شێوەیە تاچێڕ توانی بە مەوداییەکی زۆر سەرکەوتن بە دەست بێنێ.

تاچێڕ دەنگدەرانی تووشی شۆک کرد. بەڵام ئێستا وەک سەرۆک وەزیران دەبوو شێوازی قسەکردنی هێور بکاتەوە، واتە ئارامتر بدوێ و برینەکان دەرمان بکا، چونکە بەپێی دەنگەکان ئەوە خواستی تەواوی خەڵک بوو. بەڵام تاچێڕ وەک هەمیشە پێچەوانە کاری دەکرد و دەجووڵایەوە. بڕیاری کەمکردنەوەی بودجە، کە لەکاتی کەمپینی هەڵبژاردندا بەردەوام قسەی لەسەر دەکرد جێبەجێ کرد. کاتێک سیاسەتەکانی بەکار هێنا و خستیە بواری جێبەجێکردنەوە ئابووری وڵات تووشی شۆک هات. ئەوە هەمان شت بوو کە کالاهان پێشتر گوتبووی. دوای ئەم ڕووداوە نرخی بێکاری بەرەبەرە بەرز بووەوە. پیاوانێک کە لە نێو حیزبەکەی تاچێڕ دابوون تا ئەو ساڵانە لە سیاسەتی ئەو وەزاڵە هاتبوون، ئێستا بیریان لە تواناکانی ئەو دەکردەوە. مخالیفانی تاچێڕ لە خۆشەویستترین و دیارترین ئەندامانی حیزبی پارێزگاران بوون. ئەوان بەتەواوی ترسیان لێنیشتبوو نەکا تاچێڕ وڵات تووشی بەڵا و نەهامەتی ئابووری بکا و ناچار بن تاوانی ئەو بەڵا و نەهامەتییە بە لەدەستدانی پیشەی خۆیان بدەنەوە. تاچێڕ ئەوانەی بە (اهل مسامحه) چاوپۆشیکار و کەمتەرخەم ناساند. دژکردەوەی تاچێڕ بە ئەوانە لە کابینەکەیدا پاک بکاتەوە. وا دیار بوو بەرنامەی هەبوو تەواوی مخالیفانی وەدەر نێت. هەستی کرد لەشکری دوژمنەکانی گەشەیان کردووە و ڕادەی خۆشەویستی ئەو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە. بە دڵنیاییەوە هەڵبژاردنی داهاتوو دوا هەڵبژاردنی ئەو دەبێ.[١]

١. "ساڵوادۆر دالی" بۆ کەسانێکی کە لەگەڵ ئوسوولی ئەو مخالیف بوون کاتی بە فیرۆ نەدەدا و بە نووسینی نامەی سووکایەتیکردن بۆ زۆرێک لەو هاوڕێیانەی کە لە "ڕێزیدەنسیا" دروستی کردبوو، بە بەراز ناوی دەبردن و زۆر بەخۆشحاڵییەوە خۆی بەراورد دەکرد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشان لەساڵی ١٩٨٢ لەو لای زەریای ئاتڵانتیک، شووڕای نیزامی دەسەڵاتی ئارژانتینی بەڕێوە دەبرد و ئەو دەسەڵاتە لە بیانوویەک دەگەڕان بۆ حەلی کێشەی ئەو وڵاتە، بۆیە هێرشیان کردە سەر دوڕگەکانی فالکلەند کە سەر بە وڵاتی ئینگلستان بوو، بەڵام ئاڕژانتین لەمێژ ساڵ بوو هاواری دەکرد کە ئەو دوڕگانە سەر بە ئێمەیە. ئەفسەرانی نیزامی دڵنیا بوون کە ئینگلستان ئەو دوڕگانە چۆڵ دەکا. لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە دوازدە هەزار کیلومیتر لە فالکلەند دوور بوون بەڵام تاچێر دوودڵی نەکرد و هێزی دەریایی خۆی ڕەوانەی ئەو دوڕگانە کرد. ڕێبەرانی حیزبی کرێکار بۆ ئەو شەڕە نەخوازراوە و پڕتێچوویە هێرشی توند و ڕەخنەبارانیان کرد، هێندێک لە ڕێبەرانی حیزبەکەی خۆشی ترسابوون کە ئەگەر هەوڵی وەرگرتنەوەی دوڕگەکان شکست بێنێ ئەوە حیزبەکەیان لێک هەڵدەوەشێ. تاچێر لەوکاتەدا لەهەموو کاتێک تەنیاتر بوو، بەڵام ئێستا زۆربەی خەڵک تایبەتمەندیی ئازارهێنەری تاچێریان بە دیدێکی ڕوونترەوە سەیر دەکرد. ئێستا سەرسەختییەکەی بە بوێری ناوی دەرکردبوو. ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ئەو پیاوە ترسەنۆک و ڕاڕایانە کە دەوریان گرتبوو، تاچێر دڵنیا و شێلگیر دەهاتە بەر چاو.

هێزەکانی ئینگلیز بە سەرکەوتوویی دوڕگەکانی فالکلنەدیان[1] وەرگرتەوە و تاچێریان لە جاران سەربەرزتر ڕاوەستا. دوایی ئەو ڕووداوە هەموو کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات لەبیر چوونەوە و تاچێر ئێستا بەسەر گۆڕەپانەکەدا زاڵە و لە دوو هەڵبژاردنی داهاتوودا پارتی کرێکارانی تێک شکاند.

### لێکدانەوە

مارگرێت تاچێر وەک کەسێکی نامۆ و غەریبە، نەک وەک کەسێکی خۆماڵی خۆیی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. ئەو ژنێک لە چینی ناوەند و ڕاستگەرایەکی توندڕەو بوو. یەکەم کار و خواستی هەر

---

بە گایەکی نێری زیرەک، کە خۆی لەگەڵ کابۆیەکان ڕای دەکرد و لەوەیکە گاڵتەی بەو کەسانە دەکرد کە بە براز ناوی دەبردن و لەشەڕ لەگەڵیان چێژی دەبرد. دالی زۆر بە زەوقەوە دەستی دەکرد بە خرابکردنی پردەکانی نێوان خۆی و ئەوان، سالوادور دالی بە "ئالێن بوسکوئیت" کە بیوەگرافی دالی دەنووسی گوتبووی: ئێمە[دالی و سینەماکار لویس بونوێل] بڕیارمان دابوو نامەیەکی توند و ژەهراوی بۆ یەکێک لە کەسایەتییە ناودارە گەورەکانی سینمای ئیسپانیا بنووسین و هەدەفی ئێمە خرابکاری ناوزڕاندنی ئەو بوو. هەردووکمان بە توندی کاریگەری نیچەمان لەسەر بوو. ئەو بە دوو نەفەر "مانوێل دیفالا" بەناوبانگترین ئاهەنگسازی ئیسپانیا، و "خوانڕامۆن خیمێنز" شاعیری بەناوبانگی ئیسپانیای بە نامەیەک هێرشمان کرد، ئەو نامەیە بە مەبەستی لێدان ناشیرینکردن و بە شێوەیەکی توندوتیژییەکی بێ هاوتا ئامادە کرد و ئاڕاستەی خوان ڕامۆن جیمێنێزمان کرد. لەو نامەیە نووسیمان کە "دۆستی هەڵکەوتوو، ئێمە هەست بە مەسئوولییەت دەکەین کە بە پێچەوانەی مەیلی خۆمان تۆ ئاگادار بکەینەوە کە کارەکەت بە هۆی نائەخلاقیبوون، دڵەڕاوکێی و زۆر لەو تایبەتمەندییە ملهوڕانەیە، بووەتە مایەی ڕقهەستانی زۆر،" و ئەم نامەیەش دڵگرانیی خیمێنزی لێکەوتەوە. تداوم حافظە، بیوگرافی دالی، "مردیث اترینگتون اسمیس" ١٩٩٢

١. لەساڵی ١٩٨٢ کاتێک جزیرەی فالکلەند گیرا ماڕادۆنا ئەفسانەی فوتباڵی ئاڕژانتین ڕایگەیان کە لە جامیجهانی ١٩٨٦ لە فوتباڵ تۆڵە لە ئینگلستان دەکەمەوە قسەی ماڕادۆنا وەدیهات و لە جامیجهانیدا لە یەک چوارم نیهاییدا ٢ بە ١ لە ئینگلستانی بردەوە، و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسێک کە لەدەرەوە بچێتە نێو بازنەیەک یان گۆڕەپانێکەوە، ئەوەیە کە ببێتە کەسێکی خۆیی، چونکە مانەوە لە دەرەوەی گرووپ و بازنەکە زۆر ئەستەمە، بەڵام ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە شوناسی کەسێکی لەو جۆرە لەبیر بکرێ، جیاوازی و هەموو ئەو شتانەی کە ئەو کەسە دەرەکییەی هێناوەتە بەر چاوی خەڵکیی، لە نێو دەچێ. ئەگەر تاچێر وەک ئەو پیاوانەی دەوروبەری کاری کردبایە ئەوە بە سانایی پیاوێک جێگەی دەگرتەوە. تاچێر لە ڕاستیدا هەتا ئەو جێگەی بۆی کرا دەرەکیبوونی خۆی پاراست. هەتا ئەو ئاستەی وای لێهات، بوو بە ژنێک کە لە بەرامبەر سوپایەک لە پیاواندا ڕاوەستا.

ئەو هەر هەنگاوێکی کە بۆ لابردنی پێویستی پاراستنی دژایەتی هەڵ دەگرت، تیری خۆی بەرەو مخالیفێک نیشانە دەگرت: سوسیالیستەکان، ڕەخنەگرانی "اهل مسامحە" سازشکاران یان ئارژانتینیەکان. ئەو نەیارانەی یارمەتی تاچێریان دا تاکوو خۆی وەک کەسێکی شێلگیر، بەئیرادە، بەهێز و خۆنەویست پێناسە بکات. تاچێر فریوی مەحبووبیەتێکی نەخوارد کە کاتی و ڕووکەشی بێت. ڕەنگە کەسانی ناسراو خۆشەویستی جەماوەریان بەلاوە گرنگ بێ و ئەرزشی زۆر قایل بن، بەڵام بۆ سیاسەتمەدار زەینی دەنگدەران هەمان گۆڕەپانی بەربەرەکانییە کە هێزی ئەو زۆر شوێندانەرتر لەو خۆشەویستییە بوو. لەوانەیە زۆر کەس ئێوەی خۆش نەوێ، تۆ ناتوانی هەموویان ڕازی بکەی. دوژمنەکانت، ئەوانەی کە بە توندی بەرامبەریان وەستاوی یارمەتیت دەدەن بۆ دروستکردنی بنکەیەکی پشتیوانی کە هیچکات بەتەنیا نامێنیەوە. لەناوەند، واتە ئەو شوێنە کە هەموویان کۆ بوونەتەوە حوزوورت نەبێ چونکە ئەو شوێنە بۆ خەبات کردن فەزایەکی گونجاو نیە، هاوبیرەکان بپارێزە و ئەوانی دیکە لێک بڵاو بکە و دۆخەکە بۆ بەربەرەکانی ئامادە بکەن.

هەموو شتێکی ژیان پیلانگێڕی دەکا بۆ ئەوەی بەرەو ناوەند پەلکێش بکرێی و ئەو ناوەندگەراییە لەگەڵ سیاسەت ناگونجێ. ناوند شوێنی ئاشتی و دۆستایەتییە، و هاوڕایی لەگەڵ ئەوانی دیکە کارامەیییەکی گرنگە، بەڵام هەمیشە مەترسی لە سەرە. ڕۆیشتن بەو ڕێگایەی کە کەس ڕێگری لێ ناکات هەمان ڕێگای سازانە و ڕێککەوتنە. مەترسییەکەی ئەوەیە لەبیرتان دەچێ کە تۆ چ کەسێکی و نوقمی کۆمەڵ دەبن. خەباتی بەردەوام تۆ بە هێز و بوێر ڕادەگرێ و یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی بیروباوەڕی خۆت بۆ کەسانی دیکە شیی بکەیەوە. نیگەرانی دژبەران مەبە، بە بێ موخالیفان شەڕێک لەئارا دا نیە و بەبێ شەڕ شانسی سەرکەوتن نیە. بە نیازی خۆشەویستی فریو مەخۆ: ڕێزگرتن تەنانەت بە ترسەوە باشترە لە خۆشەویستی. سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکاندا ڕێزی لە ئاشتبوونەوە لەگەڵیان زیاترە.[١]

١. دژایەتیکردنی ئەندامێکی گرووپێک یان پێوەندی لەگەڵیدا هەمیشە فاکتەری کۆمەڵایەتی نەرێنی نییە، چونکە ڕەنگە ئەم دژایەتییە تاکە ئامرازێک بێ کە پێوەندی لەگەڵ ئەو گرووپەدا بەرگەی بگرێ. ئەگەر تەنانەت قودرەتی نارەزایەتیمان نەبێ بە مافی دژایەتیکردنی ئارەزوومەندانە یان ستەمکاری، هەرگیز ناتوانین پێوەندیمان لەگەڵ ئەو کەسانە درێژە پێ بدەین. پاشان بە زۆر درێژە بەو پێوەندییە بێزارکەرە دەدەین و ئەمەش بە واتای کۆتایی هاتنی پێوەندییەک بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێ. دژی ئەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سن تزو لە کتێبی هونەری شەڕدا دەڵێ: *"هیچکات بەوخەیاڵە پاڵ مەدەوە کە دوژمن بوونی نیە، بەڵکوو خۆی بۆ ئامادە بکە."*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە خەڵک بە دەگمەن ڕاستەوخۆ دوژمنایەتی خۆیان دەردەخەن. یاساکانی شەڕی کۆمەڵایەتی، سیاسی و نیزامی گۆڕاوە و هەروەها دەبێ ڕوانگەی ئێمەش بۆ پێناسەی دوژمن بگۆڕدرێ. ئەمڕۆ بە دەگمەن دوژمنێکی ئاشکرا دەدۆزرێتەوە ئەگەر پەیدا بێ دوژمنایەتی ئاشکرا، لەڕاستیدا نیعمەتێکە. تەنانەت خەڵك ئێستا بەزەحمەت هێرش دەکەن و مەبەستەکانیان و ئارەزووی خۆیان بۆ لەنێوبردنی ئێوە بەڕاحەتی نیشان نادەن، لەبری ئەوە سیاسی‌کاری دەکەن و ناڕاستەوخۆ ژەهرەکەیان دەڕێژن. هەرچەندە جیهان لە پێشووتر ململانێی زیاتر بووە و هەر لەو کاتەش‌دا لەشکرکێشی ئاشکراو دەرەکیی سەرزەنشت و بە کارێکی نەشیاو دەزانرێ. بۆیە هەمووان فێری ئەوە بوون کە لە ژێرەوە کار بکەن و بە شێوەیەکی چاوەڕوان‌نەکراو، کتوپڕ و شارەزایانە هێرش بکەن. زۆرێک هاوڕێیەتی وەک ڕێگەیەک بۆ پەردەپۆشکردنی داوا ناڕەوا و شەڕەنگێزەکانیان ڕەچاو دەکەن. ئەوانە لێتان نزیک دەبنەوە تا زەربەتان لێ بدەن (چونکە هاوڕێکەت خاڵی لاوازی تۆ زۆر باش دەزانێ بۆیە دەتوانن بە باشترین شێوە زەربەتان لێ بدا.) یان هێندێک جار بێ ئەوەی هاوڕێی ڕاستەقینە بن پێشنیاری یارمەتی و هاوپەیمانی پێ دەکەن. ڕەنگە وا خۆنیشان بدەن کە پشتیوانیت لێ دەکەن، بەڵام لە نیهایەت‌دا لەسەر حیسابی تۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەرەو پێش دەبەن. دەستەیەکی دیکە هەیە کە لە شەڕەنگێزی ئەخلاقی‌دا لێهاتوویی تایبەتیان هەیە. ئەوانە ڕۆڵی قوربانی دەگێڕن و لە ئێوەدا بۆ کردەوەیەکی ناڕوون هەستی گوناح دروست دەکەن. دەبێ ئەوە بزانی کە گۆڕەپانی شەڕ پڕە لە شەڕکەری ناسەقامگیر، بێ پڕنسیپ، سەرگەردان و بێ سەرەوبەرەیە، بەڵام لەبیرت نەچێ زیرەک و وشیارن.

گرنگی بەم ڕوانگەیە بدەن کە وشەی دوژمن لە لاتینییەوە وەرگیراوە و بە واتای نادۆست دێت، بەڵام ئێستا ڕەهەندی شەیتانی و سیاسیی بەدەستهێناوە. یەکەمین ئەرکی تۆ وەک ستراتیژیستێک ئەوەیە کە تێگەیشتنی خۆت لە چەمکی دوژمن فراوانتر بکەی و ئەو کەسانەی کە لە ناسکترین هەلومەرجدا هەوڵ و زەحمەتی تۆ لەبەرچاو ناگرن و پووچەڵی دەکەنەوە بە دوژمنی خۆتی بزانی. (هێندێک جار بێ تفاوەتی و بێ خەبەری چەکێکە کە لە شەڕەنگێزی کاریگەرترە، چونکە لایەنی بەرامبەر ناتوانێ دوژمنایەتی شاراوەی لەم دوو شتەدا ببینێ.) بەبێ ئەوەی دڕدۆنگ و گومانی خراب

---

بۆچوونە جەماوەرییە کە ئەگەر ئینکاری بکەین، بە تێپەڕبوونی کات زیاتر دەبێ و زیان بە پێوەندییەکە دەگەیەنێ، بەڵام ناڕەحەتی و دژایەتییە سەرسەختەکان وامان لێدەکات ڕەزامەندی و ئارامی دەروونی بەدەست بێنین. دەربڕینی ناکۆکی و ناڕەزایەتی ئەو هەستە دروست دەکات کە ئێمە قوربانی بارودۆخی تایبەت نین. جورج سیمل ١٨٥٨- ١٩١٩

بکەن، پێویستە تێبگەی کەسانێک هەن بە ئاواتەوەن بەدبەختی تۆ ببینن و ناڕاستەوخۆ لەو ڕێگایەوە هەوڵ دەدەن، تەنانەت پێیان خۆش نیە نینۆکتان هەبێ سەری خۆتانی پێ بخورێنن. ئەوانە شناسایی بکە بۆ ئەوەی شوێنی زیاتر بۆ مانۆڕلێدان دیاری بکەن. پاشان دەتوانی لە دواوە بوەستی و چاوەڕێ بکەیت و سەیری ئەوە بکەی کە ئایا دوژمن بە ئاشکرا یان بە نهێنی مامەڵە دەکات، یان هەنگاو بنێی بۆ ئەوەی لە خراپترین شت دوور بکەویەوە. تەنانەت دەتوانی هەوڵبدەی ئەو دوژمنە بکەن بە دۆستی خۆتان، بەڵام هەر ڕێگایەک هەڵبژێری نابێ ڕۆڵی قوربانییەکی سادە و ساکار ببینی. هەرگیز ڕێگا مەدە لەکاتی دژکردەوە بە دوژمن لە پاشەکشەی بەردەوام دا بن، هەمیشە بە وریایی خۆتان تەیار بکەن و هەرگیز خۆتان بێ چەک مەکەن تەنانەت لە لای هاوڕێیانی خۆت.[١]

زۆربەی مرۆڤەکان لە شاردنەوەی دوژمنایەتی کارامە و شارەزان، بەڵام هێندێک جار نائاگاهانە نیشان دەدەن کە هەموو شتێک بەو جۆرە نییە وا ئەوان دەی نوێنن. یەکێک لە دۆستە نزیک و ڕاوێژکارانی سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی چین، مائۆ تسەتونگ، لین‌بیاو بوو کە ئەندامی پلە باڵای مەکتەبی "پۆلیت بورو" و ئەگەری جێنشینی سەرۆکی چین بوو. مائو لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ی زایینی و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی لین بوو، ئەو زۆر پەڕگیرانە هۆگری بۆ مائو نیشاندەدا، هەمووان بە مائۆ سەرسام بوون، بەڵام سەرسامی لین بە شێوەیەکی سەیر گەرم بوو. بە بڕوای مائۆ مانای ئەو ڕەفتارە ئەوەیە کە لە شوێنێک هەڵەیەک هەیە(شتێک لە شوێنی خۆی نییە). مائۆ بە وردی چاودێری لین دەکا و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو پیاوە پیلانێک دادەڕێژێ بۆ ئەوەی کورسی مائۆ بۆخۆی مسۆگەر بکا یان لانیکەم پلەی خۆی بەرزتر بکاتەوە. مائو ڕاستی کرد لین سەرسەختانە پیلانی دادەڕشت. مەسەلە ئەوە نییە گومان لە هەموو حەرەکەتێکی هاوڕێکانت بکەی بەڵام پێویستە سەرنجیان پێ بدەن. هەر گۆڕانکارییەکی سۆزداری و عاتفی لەڕادەبەدەر تۆمار بکە، دەمارگرژی غیری‌مەنتقی، تامەزرۆیی نوێ بۆ هاوڕێیەتی زیاتر، ئافەرین‌گوتن و دەستخۆشانەی زیادەڕەویی لە تۆ، لەلای لایەنی سێهەمدا هەوڵدانە بۆ پشتیوانی و پاڵپشتی زیاتر

١. لەگەڵ گەشتکردن بەسەر هەر یەکێک لە ڕووبارە گەورەکانی [بۆرنیۆ]، مرۆڤ لەگەڵ هۆزەکاندا کۆ دەبێتەوە کە یەک لە دوای یەک شەڕخوازترن. لە ناوچە کەنارییەکان کۆمەڵگەی ئاشتیخواز هەن کە هەرگیز شەڕ ناکەن جگە لە بەرگریکردن لە خۆیان، پاشان بە سەرکەوتنێکی خراپ، لە کاتێکدا لە ناوچەکانی نیوەڕاستدا، کە ڕووبارەکان سەرهەڵدەدەن، ژمارەیەک هۆزی زۆر شەڕەنگێز هەن کە هەڵکوتانە سەریان، بووە سەرچاوەیەکی بەردەوامی تیرۆر بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی لە خوارەوەی ڕووبارەکاندا نیشتەجێ بوون.... ڕەنگە وا دابنرێ کە خەڵکی کەنار دەریا ئارامەکان لە سیفەتە ئەخلاقییەکاندا لە دراوسێ شەڕەنگێزەکانیان باشترن، بەڵام بە پێچەوانەوە وایە. نزیکەی لە هەموو ڕوویەکەوە سوودەکە لە خێڵە شەڕکەرەکاندایە. خانووەکانیان باشتر دروستکراون و گەورەترن و پاکترن، ئەخلاقی ناوماڵیان سەرووترە، لە ڕووی جەستەییەوە بەهێزترن، ئازاترن، لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە چالاکترن و بە گشتی متمانە پێکراوترن. بەڵام، لە سەرووی هەموشیانەوە، ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییان پتەوتر و کاراترە، چونکە ڕێزگرتنیان بۆ و گوێڕایەڵی سەرۆکەکانیان و دڵسۆزییان بۆ کۆمەڵگاکەیان زۆر گەورەترە، هەر پیاوێک خۆی لەگەڵ هەموو کۆمەڵگاکەدا دەناسێنێتەوە و ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتیانەی کە لەسەری دانراوە قەبووڵ دەکات و بە دڵسۆزی جێبەجێ دەکات. ویلیام مەکدوگال، ١٨٧١-١٩٣٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە لە بەرژەوەندی هاوڕێکەت بێ، نەک ئێوە. لەم کاتەدا متمانە بە سرشتی خۆت بکە ئەگەر گومانت لە ڕەفتاری کەسێکە لەوانەیە حق بە تۆ بێ و شایەد لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە بگەن کە هەڵە بووی، بەڵام لە حاڵی حازردا باشترە لە ئامادەباش دا بیت.

دەتوانی لەدوورەوە یان دانیشی و پاڵ دەیەوە، ئاماژەکان یان نیشانەکان بخوێنیەوە یان چالاکانە بۆ ئاشکرابوونی نەخشە و پلانی دوژمنەکانت هەوڵ بدەن و بە قەولی چینییەکان دەڵێن، گیایەکان بدروو مارەکان خۆیان نیشان دەدەن. لە کتێبی "ئینجیل" دا باس لە گومانی داوود لە تالووتی خەزووری و پیلانگێڕی بۆ کوشتنی "داوود" کراوە. داوود چۆن بەو پیلانگێرییەی زانی؟ داوود ئەو مەوزووعەی بە دزییەوە لەگەڵ یەکێک لە کوڕەکانی تالووت بەناوی جاناتان باس کرد. ناوبراو یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی داوود بوو بەڵام باوەڕی بەوە نەکرد کە باوکی نەخشەی بۆ کوشتنی داوود کێشا بێ، هەر بۆیە داوود پێشنیاری تاقیکارێکی بەجاناتان کرد. هەموویان لە بارەگا چاوەڕێی داوودیان دەکرد بۆ ئەوەی لەو مێواندارییە بەشدار بێ. بڕیار وابوو داوود بەشداری نەکا و جاناتان بۆ ئەو میوانییە بچێ و هۆکاری بەشداری نەکردنی داوود لەوێ بە شێوەیەکی لاوەکی باس بکا. بە دڵنیاییەوە ئەو پەیامە نالۆژیکییە تالووتی تووڕە دەکرد، هەرواش بوو تالووت بەدەنگی بەرز هاواری کرد: "بێ ڕاوەستان مەئموورێک بنێرن با بێتە لای من، ئەوە شیاوی مردنە!"

تاقیکردنەوەکەی داوود سەرکەوت، چون تاڕادەیەک ناڕوون بوو، پاساوی بەشداری‌نەکردنی داوود لە میواندارییەکەدا دەتوانرا بە چەندین شێوە لێک بدرێتەوە. ئەگەر تالووت تێڕوانینێکی باشی بۆ داوود هەبوایە لە خراپترین حاڵەتدا وای دەزانی کە نەهاتنی زاواکەی جۆرێکە لە خۆپەرستی. بەڵام ئەو لەناخەوە لە داوود بێزار بوو، بۆیە ئەو کارەی داوود بە جۆرێک لە بێ‌ڕێزی ڕەها دەزانی و تورەی کرد. ئێوە کارەکەی داوود تاقی بکەنەوە و شتێک بڵێن یان کارێک بکەن کە لێکدانەوەی جیاوازی هەبێ. ئەم کارە لە ڕەواڵەت‌دا بە ئەدەب بێ، بەڵام ئەو پەیامە بە لایەنی بەرامبەر بدا کە سوکایەتی پێکردووە و بێ خەیاڵی و ساردوسڕی خۆتان نیشان بدن. ئەگەر لایەنی بەرامبەر دۆستی تۆ بێ گوێی پێ نادا، بەڵام ئەگەر دوژمنی شاراوەی تۆ بێ کاردانەوەی توند لە خۆی نیشان دەدا. هەر وروژاندنێکی خێرا، دەتوانێ بیسەلمێنێ کە لەژێر ئەو ڕواڵەتە ساف و سادەیەدا، شتێک خەریکە وەکوڵ دێت.

بۆ ئەوەی کەسانی دیکە نییەتی دڵی خۆیان ئاشکرا بکەن باشترین ڕێگا ئەوەیە کە بیانخەیە ناو گرژی و ململانێوە. ئامادەکاری هۆلیوود، هاری کۆهێن کە هاوکات بەڕێوەبەری ستۆدیۆی یونیورساڵ پیکچێرز بوو، چەندین جار لەو ستراتیژییە بۆ ئاشکراکردنی کاروباری ستافەکەی کە لە ستۆدیۆ کاریان دەکرد کەڵکی وەرگرت بەڵام بە ڕواڵەت نیشانیان نەدەدا کە لەگەڵ ئەون یان نە. ئەویش لە ناکاو هێرشی دەکرد بۆ کاری ئەوان یان هەڵوێستی زۆر توند و بێ‌ئەدەبانەی بەرامبەر بە ئەوان دەگرت. ئەو دەرهێنەر و سیناریۆنووسانی دەوروژاندن تا ناچار بن لایەنی پارێز وەلا بنێن و ڕوانگەی ڕاستەقینەی خۆیان پێشان بدەن.

ئاگاداربن خەڵک حەز دەکەنناڕوون و واز وازی بن، چونکە ئەو ڕێگایەی هەڵی دەبژێرن سەلامەت‌ترە لەوەی پابەندبوونی خۆیان بە شتێک ئاشکرا نیشان بدەن. ئەگەر تۆ ڕەئیس یان بەڕێوەبەر بن، بە ئەگەری زۆر پشتگیری لە بیرۆکەکانت دەکەن. ئەم ڕێککەوتن و سازانە زۆرتر دووڕووییەکی ڕەهایە. بیانخرۆشێنن، خەڵک زۆر کات لە مناقشەدا ڕاستگۆترن. ئەگەر تۆ باسێک هەڵبژێری و ئەویش یەک لە دوای یەک و لەپشت سەری تۆوە لەگەڵت هاوڕا بێ، ئەوە لەگەڵ کەسێکی زۆر دوو ڕوو ڕووبەڕوویت. ئاگاداری ئەو کەسانە بن کە لە پشت ڕواڵەتی چەمکە ناڕوون و بێ لایەنەکانەوە خۆیان دەشارنەوە. لەوکاتەدا لێدوانێکی ڕاستەوخۆ، پتەو و خێرا و بۆچوونێکی کەمێک توند وایان لێ دەکا خۆیان دەر بخەن و هەموو شتێکیان ئاشکرا بکەن.[1]

هێندێک جار باشترە کەمتر نزیکبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆمان بەرامبەر بە دوژمنە بەهێزەکانمان(بالقوە) هەبێ، وەک خۆیان ورد لە ژێرەوە ڕەفتار بکەین. لە ساڵی ١٥١٦ هێرنان کۆرتیس لەگەڵ کۆمەڵێک کەسانی سەرەخەری و سەربەگێچەڵ گەیشتنە مکزیک. لە نێو ئەوانەدا پێنج سەد پیاو هەبوون کە لە ئەمەگداری و دڵسۆزییان گومانی لەسەر بوو. بەدرێژایی ئەو سەفەرە هەر جارێ سەربازێکی کۆرتیس کارێکی جێی پرسیاری دەکرد و دەبووە هۆی بەدگومانی کۆرتیس، ئەو قەت توڕە نەبوو یان هێرشی بۆ نەکردن، لەبری ئەوەی توند بەرخورد بکا خۆی وا نیشان دەدا کە لەگەڵیان هاوڕایە و هەڵس‌وکەوتی ئەوانی قەبووڵە و پەسەندیان دەکا. ئەوان وایان هەست کرد کە کورتیس خۆشی دەوێن یان ئاگای لە هەڵس‌وکەوتی ئەوان نیە بۆیە هەنگاوێکی دیکەیان هەڵ دێناوە. لێرەدا بوو، کە کورتیس ئەوەی پێویست بوو و لە ژێر دەسەلاتی خۆیدا هەڵیگرتبوو. نیشانەگەلێکی ڕوون بۆ خۆی و ئەوانی دیکە کە نیشانی دەدا ئەوانە خیانەتکارن. ئێستا دەیتوانی ئەوانە جیا بکاتەوە و لەناویان بەرێ. ئێوەش شێوەی کورتێس لەبەرچاو بگرن. ئەگەر دۆست یا لایەنگرتان هەیە و بە ئەنگێزە و نهێنییەکانی گومانتان هەیە و پێتان وایە زیرەکانە بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی تۆ دەجووڵێتەوە تووڕە مەبن. لە وەسوەسەی کاردانەوە دوور بکەوە و تەنانەت لەپرسیار کردنیش خۆت بپارێزە و ڕێگای خۆت درێژە بدە، با ئەوان وابیر بکەنەوە وەک ئەوەی ئێوە ئاگاتان لەهیچ نیە و بە هیچ مەسەلەیەک نازانن. بەمجۆرە ئەوانە قاچیان زیاتر درێژ دەکەن. بە واتایەکی دیکە دەستیان ڕوو دەبێ، ئەوکاتەیە دەتوانی ڕاستەوخۆ هێرش بکەیتە سەریان.

زۆرجار ناسینەوەی دوژمنی گەورە ئەستەمە. ئەو دوژمنە مومکینە ڕێکخراوێک یا کەسێك بێ کە لە پشت تۆڕێکی ئاڵۆزەوە خۆی حەشار داوە. ئەوەی دەتهەوێ ئەنجامی بدەی ئەوەیە بەشێک لەو گرووپە چ ڕێبەر یان وتەبێژ بێ، یان ئەندامێکی سەرەکی ئەم بازنە دەروونیە، بیکە بە ئامانج. ساول ئالینسکی باوکی دەروونناسی ڕادیکاڵ، بەمشێوەیە لەگەڵ بڕۆکراسی دەست‌وپەنجەی نەرم دەکرد. لە

١. ئینسان تا ئەو جێگایە زیندووییە کە مخالیفەتی خۆی ڕابگەیەنێ. جورج هگل ١٧٧٠- ١٨٣١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەمپینی ساڵی ١٩٦٠ بۆ جیاکردنەوەی قوتابخانە حکومییەکانی شیکاگۆ سەرنجی خستە سەر بەڕێوەبەر و سەرپەرستی قوتابخانەکان. چونکە زۆر باش دەیزانی ئەو کەسانە هەوڵ دەدەن بەڕێوەبەری پلە باڵاکانی دەرەوەی سیستەم تاوانبار بکەن. ئەو توانی بە لێدانی چەندین زەربەی یەک بەدوای یەک لە سەرپەرستی قوتابخانەکان، چالاکییەکانی پشت پەردە ئاشکرا بکا و ئیتر بۆ کەسی تاوانبار ئەستەم بوو خۆی بشارێتەوە و نەیدەتوانی دەستی چەوری خۆی بەخەڵکی دیکە بسڕێ. بە دڵنیاییەوە کاتێک سەرپەرستی قوتابخانەیەک تووشی کێشە بوو، ئەوانی دیکە کە لە پشتیەوە بوون دەهاتنە گۆڕەپانەکە و بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن و ڕۆڵی خۆیان نیشان بدەن. ئێوەش وەک ئالینسکی بن و دوژمنێکی نادیار و دەرهەست وەک هەدەف دیاری مەکەن. شەڕێکی خوێنینی وا کە لە کۆتاییدا دوژمنانی ئێوە دەشارێتەوە و بە هەستەکی دەچێتە پێش، ئاستەم و دژوارە. شەڕ بکەنە بابەتێکی تاکی و دەستەویەخە شەڕ بکەن.

مەترسی لە هەموو شوێنێک هەیە. هەمیشە مرۆڤی لێکدوژمن و پێوەندی تێکدەرانەی هەیە. تەنیا ڕێگە بۆ نەهێشتنی دینامیکی نەرێنی ئەوەیە ڕووبەڕووی بییەوە، کپکردنی توڕەیی خۆت، دوورکەوتنەوە لەو کەسەی هەڕەشەت لێدەکا و هەمیشە بەدوای سازشکردن دایە، شێوە ستراتیژییەکی سواوە کە چی دیکە وەڵامدەر نیە. کاتێک لەشەڕ خۆدەپارێزی بەرەبەرە ئەم هەڵس‌وکەوتە دەبێتە عادت بۆتان و شۆروشەوقت و تاقەتت بۆ شەڕکردن نامێنێ. هەستکردن بە تاوان کارێکی بێ‌مانایە. ئەوەی کە دوژمنت هەیە تاوانی تۆ نیە. هەروەها هەستکردن بە قوربانی‌بوون یان هەڵەکردن فایدەی نیە. لە هەردوو حاڵەتدا سەیری دەروون و ناخی خۆتان بکەن و سەرنجت لەسەر خۆتان و هەستەکانتان بێ و لەبری ئەوەی هەلومەرجێکی خراپ بکەنە بابەتێکی دەروونی، بیخە دەرەوە و ڕووبەڕووی دوژمن بیەوە، ئەوە باشترین ڕێگای چارەسەر و چوونە دەرەوەیە.[1]

---

١. گوێگرتن لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، خاتوونەکەم زۆرجار بە دەنگی بەرز دەیخوێندەوە زۆری نەخایاند کنجکاوی منی لە ڕێزگرتن بەو نهێنی خوێندنەوەیە بەئاگا هێنایەوە، و ئارەزووی فێربوون لە مندا وروژاند. خانمی "ئاوڵد" کتێبی پیرۆزی بەدەنگێکی خۆش دەخوێندەوە، من کە هیچ ترسێکم لەو خانمە نەبوو بەڵکوو زۆریشی ڕێز لێ دەگرتم. زۆر بەڕاشکاوی داوام لێکرد فێری خوێندنەوەم بکا، و بەبێ دوودڵی، خانمی ئاوڵد ژنێکی زۆر مێهرەبان و ئێحساساتێکی پاکی هەبوو، زۆر زوو بە هاوکاری ئەو ژنە من شارەزای ئەلف‌وبێ بووم، و دەمتوانی وشەی سێ چوار پیتی بنووسم... ڕاست لەوکاتەدا بوو کە زیاتر هەنگاوم بەرەو فێربوون دەنا مێردەکەی، بەڕیز ئاوڵد، بە مەسەلەکەی زانی و ڕێگای نەدا خێزانەکەی دەرس بە من بلێ و پێی گوت کە فێر کردنی "بردە" کۆیلە، هەم یاسایی نیە هەم مەترسیدارە و تەنیا دەتوانێ ببێتە هۆی فەساد. لەوکاتەوە ئاغای ئاوڵد لە ڕوانگەی منەوە هەم ناماقووڵ هەم بێ‌کیفایەت چاوی لێ دەکرا. هەروەک نەیدەتوانی دەرحەق بەمن هیچ کارێکی باش بکا بەڵکوو دەیتوانی ناڕاحەتی و کوێرەوەریم بۆ دروست بکا. ئەو ڕووداوە ناڕاحەت و غەمگینی کردم ڕووداوێک بە ڕواڵەت چووکە، بەڵام بۆ من خەمێکی گەورە بوو. لەخۆم پرسیار کرد یانی بەغیری نۆکەرایەتی و گوێ‌لەمستی ئاغاکان نابێ هیچی دیکە فێر بین؟ کاریگەری ئەو قسانە کاریان لەدڵ‌وەدەڕوونم کرد و ڕستە ئاسنییەکانی ساردو توند لە قووڵایی دڵمدا نوقم بوون، و نەک هەر ئێحساساتی وروووژاندم بۆ جۆرێک لە یاخیبوون، بەڵکوو وەک شەمەندەفەرێکی خەوتوو لە بیرکردنەوەی ژیان ڕایچڵەکاندم. بەڵام ئێستا فیکرێکی بەتەواو نوێ لە زێهنم دا چەکەرەی کردوە. وردەوردە زانیم کە ئاڵۆزترین کێشە چیە. واتە دەسەڵاتی پیاوی سپی پێست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زانای دەروونناسی منداڵان "ژان پیاژە" ململانێ وەک بەشێکی گرنگی گەشەسەندنی مێشک دەزانێت. منداڵان لە ڕێگەی شەڕکردن لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان و پاشان دایک و باوکیان خۆیان لەگەڵ جیهاندا دەگونجێنن و بۆ مودیرییەتکردنی کێشەکان ستراتیژی دروست دەکەن. لە ڕوانگەی پیاژەوە ئەو منداڵانەی کە بە هەر نرخێک هەوڵ دەدەن خۆیان لە ململانێ بەدوور بگرن یان ئەوانەی کە دایک و باوکیان زۆر چاویان بەسەریانەوەیە، لەکۆتاییدا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە نوقسان دەبن. هەمان بابەت لەبارەی گەورەساڵانیش‌دا ڕاستە. لە ڕێگەی شەڕ لەگەڵ کەسانی دیکەدا فێر دەبێ چ هەڵس‌وکەوتێکی کارامە و ناکارامەیە و چۆن دەبێ لەخۆتان پارێزگاری بکەن. لەبری ئەوەی لە بەربەرەکانی لە بەرامبەر دوژمن ڕابکەی لەگەڵی ڕووبەڕوو ببیەوە. ئەمە وەربگرە، هێندێک جار مشتومڕ لایەنی چارەسەری هەیە.

دوژمنان خێری گەورە لەگەڵ خۆیان دێنن. خێرێکیان ئەوەیە کە پاڵنەرت بۆ دروست دەکەن و لەسەر بیروباوەڕەکان سوورترت دەکەن و وەرەتان پێ دەبەخشێ. هونەرمەند ساڵوادۆر دالی بەو ڕوانگەیە گەیشتبوو کە چەندین تایبەتمەندی لە ئینسانەکان دا هەیە کە ئەو ناتوانی تەحەمول و چاوی پێیان هەڵنایە. وەک: ڕەفتاری ئەویندارى، تەقوا و خۆسازان. لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا کەسێکی دۆزییەوە کە دژە ئیدەئالی ئەوی تێدا بوو، واتە ئەو تایبەتمەندییانەی ئەو ڕقی لێی بوو، هەیبوو. بۆ دالی وەک دوژمنێکی بەهێز ئەژمار دەکرا. ڕەنگە یەکەمین دوژمنی ئەو شاعیرێک بەنێوی "فێدریکۆ گارسیا لۆرکا" بووبێ کە شێعری ڕۆمانسی دەنووسی. دوای ئەو ئەندرێ بریتۆن شاعیر و تیۆریسیۆنی بان واقێع‌گەرا (بان ڕاستیخواز) (سووررئاڵ) بوو. هەبوونی دوژمنێکی ئاوا کەللەڕەق و هەوڵدان بۆ شەڕ لە گەڵیان، وایکرد زیاتر متمانە بەخۆی بکا و کاریگەری زیاتریشی ببێ.

هەروەها ئەمە پێوەرێکی ستاندارده بۆ هەڵسەنگاندنی خۆت لە دوو ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی‌دا پێ دەبەخشێ. سامورایییەکانی ژاپۆن هیچ پێوەرێکیان بۆ هەڵسەنگاندنی گەورەیی خۆیان نەبووە تا ئەو کاتەی لەگەڵ باشترین شمشێربازان بە شەڕ دەهاتن. هەر ئەم دەلیله بوو بە هۆی ئەوەی جۆفریزەر ڕووبەڕی محەممەد عەلی کلی بێتەوە و ئەوی وەکوو موبارزێکی واقیعی و

---

بۆ بەردەوام کردنی کۆیلەکردنی پیاوی ڕەش پێست، هەرلەوکاتەدا بۆفێربوونی خوێندن و نووسین بێ مامۆستای قوتابخانە بەهەر قیمەتێک بی فێر بم. ئێستا غەریزەیەک پەیدا بوو خەریکە دەبووم بە پیاوێکی شۆڕشگێر. لەو ساتەوە لە ڕێگای ڕاستەوخۆی کۆیلایەتییەوە بۆ ئازادی تێگەیشتم. ئەمە تەنها شتێک بوو کە پێویستم بوو.... هەرچەندە ئاغای ئاولد بە پێچەوانەی ژیری خۆی، ئەو لەمن تێ نەگەیشتبوو، هەرگیز بیری لەوە نەکردەوە کەمن بە کەڵک وەرگرتن لەو شعوورەی خاوەنی بووم بتوانم زۆرترین شت لەودەرسە فێر بم کە خێزانی پێی گوتووم. هەرشتێکی ئاغاکەم زۆرترین ترسی لێی هەبوو من زۆرترین ئارەزووی ئەوەم بۆ دەخواست کە زیاتر لەمێشکی‌دا پەروەردە بێ، هەرچی ئەو عەلاقەی پێی بوو من زیاتر لیی بێزار بووم، هەرشتێک لەڕوانگەی ئەوە بەڵایەکی گەورە بوو لێی دوور دەکەوتەوە نیعمەتێک بوو بۆ من کە هەمیشە بەدوایدا دەگەڕام، ئەو ئیرادەیەی کە بەکاری دێنا بۆ ئەوەی من لە تاریکی‌دا بمێنمەوە وای لێکردم زیاتر ئیرادەم بۆ بەدەستهێنانی حیکمەت هەبێ. بردگی من و آزادی من، فریدریک داگلاس، ١٨١٨-١٨٩٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورە ناو برد. دوژمن یان نەیاری سەرسەخت، باشترینەکانی تۆ وەدەر دەخات. هەرچەندە ئەو نەیارەت گەورەتر بێ، دەسکەوتی تۆ تەنانەت لەشکستیش‌دا گەورەتر دەبێ. بۆیە باشترە بە نەیارێکی سەرسەخت بیدۆڕێنی تا هێندێک دوژمنی بێ‌نرخ تێک بشکێنی. شکست لەبەرامبەر دوژمنێکی گەورەدا، لە شەڕی داهاتوودا هاوڕایی و ڕێز و پشتیوانیت بۆ دێنێ.

هێرشکردن بۆ سەر ئێوە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەوەندە گرنگی کە وەک هەدەف دیاری کراوی، کەوابوو لەم بە گرینگ‌بوونەی خۆتان چێژ وەرگرە و وەک هەلێک بۆ سەلماندنی خۆت چاوی لێ بکە. هەمووومان لەنێو خۆماندا ئەنگیزەیەکی باڵادەستمان هەیە کە خۆمان ناچار بەسەرکوتی ئەوان دەکەین، دوژمنێکی دەرەکی هەلێکی باشە بۆ ئەو جۆرە ئەنگێزانە، چونکە ئێستا کەسێک هەیە کە بە گژی دا بچییەوە بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ تاوانێک بکەن.

ڕێبەران هەمیشە لە دەورانی سەخت و قەیراندا پێیان باشە دوژمنێکیان هەبێ. کاتێک بۆ جووڵاندنی هێزی خۆتان کەڵک لە دوژمن وەردەگرن جەمسەرێک دروست بکەن و لە نێوان ئەوان و دوژمندا مەودایەک پێک بێنن، کاتێک شەڕکەران هەست بە بێزاری بکەن بەجیددی شەڕ دەکەن. کەوابوو لە باسی جیاوازی نێوان هێزەکانی خۆتان و دوژمن زیادەڕەوی بکە و هێڵێکی دیاریکراو لەبەینی هێزی خۆتان و دوژمن‌دا بکێشە. گزنفون بە هیچ جۆرێک هەوڵی نەدا ئینساف لەبەرچاو بگرێ. هەروەها نەیگووت ئێرانییەکان کەسانێکی باشن و شارستانییەتێکی گەورەیان هەیە. ئەو ئێرانییەکانی وەک وەحشی و دژ بە یۆنانی پێناسە کرد و خیانەتی ڕابردووی ئەوانی گەورە کردەوە و گوتی: "کە ئێرانییەکان فەرهەنگێکی شەیتانیان هەیە و لەگەڵ خوداوەندەکان ناکۆکن. ئەمە لەبارەی ئێوەشەوە ڕاستە." ئامانجی ئێوە دادپەروەری و هاوسەنگی نیە بەڵکوو سەرکەوتنە. بە کەڵک وەرگرتن لە قسەزانی و ڕەوانبێژی، ئەنگێزەی تاکەکان بەهێز بکەن و ڕوحی ئەوان بوروووژێنن.

ئەوەی ئێوە پێویستتانە فەزایەک بۆ مانۆڕ لێدانە. هەرچەندی تەنگیان پێ هەڵچنن، مردنی دوژمن نزیکتر دەکەنەوە و بەو پێیە هەبوونی دوژمن چەندین بژاردەت پێ‌دەبەخشێ. دەتوانن دوژمنەکانی خۆتان دژی یەکتر هان بدەن. دۆستایەتی لەگەڵ یەکێکیان بە ڕێگایەک بۆ هێرشکردنە سەر ئەوی دیکە بزانن و ئەم شێوەیە تا سەرکەوتنی کۆتایی درێژە بدەن. ئێوە بە بێ دوژمن ناتوانن چۆن و لە کوێ مانۆڕ لێ بدەن، ئەگەر بەمجۆرە بمێننەوە هەست بە سنووردار‌بوون دەست‌وپێت دەبەستێ و نازانی تا کوێ بڕۆن و لە جووڵەت دەخا. لە ڕۆژگاری کۆندا ژولیوس سزار، پۆمپیۆی بە دوژمنی خۆی دەزانی سزار کردارەکانی پۆمپیۆی بە وردی لەژێر چاوەدێری خستبوو و هەڵسەنگاندنی وردی بۆ کردبوو، هەڵوێستی توندی بەرامبەری گرت. کاتێک ئەو دووانە تووشی شەڕ بوون سزار لە دۆخێکی زۆر باش دابوو بەڵام کاتێک پۆمپیۆی شکست دا و دوژمن و ڕکەبەرێکی بۆ نەمابوو، بە تەواوی هاوسەنگی هێزی خۆی لەدەست دا و لەڕاستی‌دا خۆی وەک خوداوەند هاتە بەرچاو. شکستی پۆمپیۆی بە مانای وێرانی و فەوتانی خۆی بوو، بۆیە وشیار بن دوژمنانی ئێوە لە ئێوەدا هەستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

واقیع‌بینی و خۆبەزل‌نەزانی دروست دەکەن.

**لەبیرتان بێت:** لە دەرەوە کەسانێکی دەسەڵاتخواز، بێ‌شەرم و بەدفەڕتر لە ئێوە هەیە و دووری لەوان ئەستەمە و بە دڵنیاییەوە هێندێک لەوانە کەندوکۆسپ لەسەر ڕێگای ئێوە دروست دەکەن. لەوانەیە ئێوە هۆگریتان هەبێ کە لەگەڵ هێندێک لەوانە ئاشتەوایی و پشوودرێژیتان هەبێ، لە بەر ئەوەی زۆرجار ئەو کەسانە فریودەرانی زیرەکن، کە ستراتیژی ئەوان پاراستنی ڕواڵەتی ڕوخساری دڵرفێنیانە. ڕەنگە لەڕەواڵەت‌دا بۆشایی بدەن بەڵام لە ڕاستیدا داخوازییەکانی ئەوان سنووری نییە و بە سادەیی ئێوە چەک دەکەن. دەبێ لەگەڵ هێندێک ئەفراد سەرسەخت‌تر بن و بەو ڕوانگەیە بگەی کە هیچ سنوورێکی مام‌ناوەندی و هیوایەک بۆ ساچان و پێک‌هاتن بوونی نیە. لە ڕوانگەی دژبەر و مخالیفی ئێوەوە، تکا و تەمەنای ئێوە بۆ ئاشتەوایی، چەکێکە کە دژ بە خۆتان بەکاری دێنن. ئەو دوژمنانە بە ڕابردووکانیانەوە بناسن، بە دوای هەلپەرستی ئەوان بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات یان خیانەتەکانی ڕابردوویانەوە بن. کاتێک گەیشتییە ئەم گومانە کە ڕەنگ بێ لەگەڵ ناپلیۆنێک بەڕەوڕوو ببیتەوە، چەکی خۆتان دامەنێن یان ڕادەستی کەسێکی دیکەی مەکە، ئێوە ئاخرین سەنگەری بەرگری لە خۆتانن.

**بیهێنە بەرچاوت:** زەوی. دوژمن ئەو زەوییەیە وا لەژێر پێی ئێوە دایە. ئەو زەوییە هێزی ڕاکێشانێکی هەیە کەوا ئێوە لە جێی خۆتان‌دا ڕادەگرێ، دوژمن هێزی بەرگریی هەیە. ڕیشەی پتەو لەسەر زەوی ڕۆکەن بۆ ئەوەی بە هێز و خۆڕاگر بن. بەبێ حوزووری دوژمن، بۆ ئەوەی بتوانن بەسەری‌دا بڕۆن و پێشێل و پانی بکەنەوە، هەستی هاوسەنگی و هێزی خۆتان لەدەست دەدەن.

چوکو لیانگ دەڵێ: *"ئەگەر جەختت لەسەر ئاسایش و ئارامی بێ و بیر لە مەترسی نەکەیتەوە، ئەگەر دوژمن لەناکاو بەسەرت دا کەوت و ئەوەندە زانیاری پێویست بۆ ئامادە بوون نەبوو، وەزعت وەک باڵندەیەک وایە لە قەفەس‌دا گیری کردوە یان ماسییەکی لەدەفرێک‌دا مەلە دەکا، ئەو باڵندەیە و ماسییە ڕۆژی دوایی نابینن."*

## حاڵەتی دەگمەن

هەمیشە بە دوایی دوژمن‌دا بگەڕێ و ئەوان بێننە ژێر ڕکێفی خۆتانەوە. تۆ پێویستت بە شەفافییەت هەیە نەک ترس و خۆف. یەکێک لەهۆکارەکانی ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان ئەوەیە کە هەموو کەس بە دوژمنی خۆیان دەزانن. ئەوان سەرەنجی خۆیان لەسەر واقعییەت لەدەست داوە و تووشی دڵەڕاوکێ و ترسێک بوون کە ڕوانگەی دروستی لەوان دزیوە. بە لەبەرچاوگرتنی دوژمنە ئەگەرییەکان، تۆ وەک کەسێکی خۆپارێزت لێدێ. بێجگە لەوەش ئاگاداری ئەو کەسانە بن کە لە نێو کۆمەڵ‌دا ناکۆکی دروست دەکەن. مارگرێت تاچێر بە گشتی لەم یارییانەدا زیرەک بوو، لەپڕ کۆنترۆڵی لەسەر مەسەلەکان لەدەست دەدا. دوژمنێکی زۆری بۆ خۆی دروست دەکرد و هەمان تاکتیکی تەنانەت لە بارودۆخێکدا درێژەدا کە شکستی لێ دەکەوتەوە. فرانکلین ڕوزوێلت جەمسەر خولقێنێکی کارامە بوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە بەردەوام لە نێوان خۆی و دوژمندا خەتێکی شەفاف و ڕوونی دەکێشا. کاتێک ئەو هێڵەی دیاری دەکرد پاشەکشەی دەکرد، ئەمە بووە هۆی ئەوە کە هەموو کەس ئەو بە کەسێکی پشوودرێژ و ئاشتیخواز و سازشکاری بناسن کە هێندێک جار خۆی تووشی شەڕیش دەکرد. تەنانەت ئەگەر ئەو بۆچوونە هەڵە بێ، نیشانەی عەقڵ و وشیاری ڕۆزوێڵت بوو کە داهێنەری بووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی دووهەم:
# شەڕی پێشوو مەکەن.
# ستراتیژیی شەڕی پارتیزانی زەین

ئەو شتەی کە زۆرکات تۆ بەرەو دواوە دەگەڕێنێتەوە و بەرەو چارەڕەشی پاڵی پێوە دەنێ، ڕابردوویە. ڕابردوو بە شێوەی بەسراوەیی ناپێویست، دووبارەکردنەوەی فورمولی ناکاریگەر و بیرەوەری سەرکەوتن و شکستی ڕابردوو، تۆ بە خۆیەوە خەریک دەکات. دەبێ زۆر ئاگاهانە شەڕ لەدژی ڕابردووی خۆتان دەست پێبکەن و خۆتان ناچار بکەن کە تەنیا بە ئێستا دژکردەوە نیشان بدەن. لەگەڵ خۆتان ڕوو ڕاست بن و هەرگیز یەک ڕێگای هاوشێوەی ڕێگای هەڵە دووبارە مەکەنەوە. هێندێک جار بەناچاری ڕێگای دیکە تاقی بکەوە تەنانەت ئەگەر پڕمەترسیش بوو. ئەوەی لە ئارامش و ئەمنییەت لەدەستی دەدەی بە دڵنیایی لەخافڵگیری و نوێخوازی بەدەستی دێنی. بەم شێوەیە دوژمنەکانت ناتوانن بەڕاحتی هەڵس‌وکەوتی دوایی تۆ بخوێننەوە. شەڕێکی پارتیزانی دژی زەینی خۆت وەڕێ بخە و هیچ هێڵێکی نەگۆڕی بەرگری بە ڕەوا مەزانە و هیچ قەڵایەک بە بێ پارێزگاری بە جێ مەهێڵە و هەموو شتێک ڕەوان و بگۆڕ وەک خۆی بێڵەوە.[1]

### شەڕی پێشوو

هیچ کەس خێراتر لە ناپلیۆن بناپارت لە دەسەڵاتدا بەرەو سەر و گەشەی نەکرد. ساڵی ١٧٩٣ لە سوپای شۆڕشگێڕی فەڕانسەدا، لە پلەی سەروانی بۆ سەرتیپی بەرز کرایەوە. ساڵی ١٧٩٦ فەرماندەیی هێزەکانی فەڕانسەی بۆ شەڕکردن لە گەڵ ئوتریشییەکان لە ئیتالیا کرد و هەر ئەو ساڵە سوپای

١. بیرۆکە ناتوانێ ڕێکارێک بۆ چارەسەری کێشەکان بە مێشک ببەخشێ، هەروەها ناشتوانێ بە گەمارۆدانی ئەو باریکە ڕێیە، بە بنەماکانی دەوروبەری گریمانە بکات، بەڵام دەتوانێ ڕوانگەیەک بە مێشک و زەین ببەخشێ تاکوو کۆی دیاردە و پێوەندییەکانیان لەپاڵ یەکدا ڕێک بخا، ئینجا ئازادی بکات بۆ ئەوەی لە سەرەوەی کردەوە و هەنگاوەکان بفڕێ. لێرەدایە کە زەین دەتوانێ هەموو پتانسیێلە دەروونییەکان خۆی بۆ وەرگرتنی هەرچی ڕاست و دروستە بەکار بێنێ، ئێستا لەوانەیە ئەمە بیرۆکەیەکی سادە بێ بە تەرکیز و سەرنجێکی زۆر بەدەست بێ یان وڵامێک بێ بە بەرگژە و چالێشێکی نزیک. پیرامون جنگ، کارل فۆن کلاوزویتس، ١٨٣١-١٧٨٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئوتریشی شکست دا و جارێکی دیکە دوای ٣ ساڵ دیسان ورد و خاشی کردن. ناوبراو ساڵی ١٨٠١ وەک کونسوڵی یەکەم و ساڵی ١٨٠٤ نازناوی ئیمپراتۆری فەڕانسەی بۆخۆی مسۆگەر کرد. لە دووی دیسامبر [١٢ی سەرماوەز] ١٨٠٥ی میلادی سوپای فەڕانسە بە فەرماندەهی ناپلیۆن بناپارت سەرکەوتنێکی گەورەی لە شەڕی "ستریلیتز"، بەدەست هێناو توانی سوپای هاوبەشی ڕووسیە و ئوتریش بە فەرماندەهی ئیمپراتوران ئەلکساندری یەکەم و فرانتس دووهەم دوای ٩ سەعات شەڕی سەخت تێك بشکێنێ.

ناپلیۆن لە ڕوانگەی زۆر کەسەوە گەورتر و باڵاتر لە ژێنراڵێک دەرکەوت، ئەو بەلیمەت و خودای شەڕ بوو. بێ‌گومان هەموان بەمجۆرە بیریان نەدەکردەوە. زۆرێک لە ژێنراڵەکانی پڕۆس[١] سەرکەوتنەکانی ناپلیۆنیان بە خۆش شانسیەوە دەبەستەوە. ئەوان لەسەر ئەو بڕوایە بوون گەرچی ناپلیۆن زۆر تووڕە و دڵڕەق و بێ بەزەیی بوو، بەڵام دوژمنەکانی ئێجگار زۆر زەعیف و ئارامن. ئەوان دەیانگوت ئەگەر ناپلیۆن ڕووبەڕووی پڕۆسەکان بێتەوە بە دڵنیاییەوە تووشی شکستێکی سەخت دەبێ.

لە نێو ژێنراڵەکانی پڕۆسدا، فرێدریک لۆدیگ، شاهزادە هۆهێنلۆهێ و ئینگێل فینگێن هەبوو. هۆهێنلۆهێ سەر بە یەکێک لە کۆنترین بنەماڵەکانی ئەشرافی ئاڵمان بوو کە ڕابردوویەکی درەوشاوەی نیزامی لە کارنامەیدا هەبوو. ئەو لە تەمەنی لاویدا لە ژێر بەرپرسایەتی فرێدریکی گەورە خزمەتی کردبوو. فرێدریکی گەورە هەمان پیاوە کە بەتەنیا هێزێکی گەورەی بە پڕۆس بەخشی. هۆهێنلۆهێ لە ڕێگای پلەبەندی نیزامییەوە ڕوتبەی خۆی بەرز کردبووەوە و سەرەنجام لە پەنجا ساڵی دا وەک ژێنراڵ کاری پێ سپێردرا، ئەو تەمەنە لە ستاندارد و پێوەری سوپای ئاڵمان بۆ ژێنراڵ زۆر کەم بوو.

لە ڕوانگەی هۆهێنلۆهێ سەرکەوتنی شەڕ بەسازماندەهی، نەزم و بەکارهێنانی ستراتیژی گەورە بەستراوەتەوە کە بە عەقڵێکی نیزامی پەروەردەکراو داڕێژرا بێت. تایبەتمەندیی هێزەکانی پڕۆس هەموو ئەو مەرجانەی تێدا بوو و ئەمەش قسەی سەر زاری گشت لایەک بوو. سەربازەکانی پڕۆس لەڕادەبەدەر تەمرینیان(پرۆڤە) پێ‌دەکردن تاکوو لە نیهایەتدا بتوانن وەک ماشێن یا ڕۆبۆتێک تەواوی ئەو مانۆڕە سەخت و ئاڵۆزانە زۆر بە وردی و بێ کەموکوڕی بەڕێوەبەرن. ئەوان زۆر بەجیددی تەواوی سەرکەوتنەکانی فرێدریکی گەورەیان خوێندبووەوە. لەڕوانگەی ئەوانەوە شەڕ مەسەلەیەکی بیرکاری و محاسباتی بوو کە پێویستی بە بەکارهێنانی ستراتیژی کارساز هەیە. ئەم ژێنراڵانە، ناپلیۆن‌یان بە یەک "کورسیکاییی" کەللەشەق پێناسە دەکرد کە سوپایەکی لەهاوڵاتیانی سەرەڕۆ و سەرکێش هیدایەت دەکرد. پڕۆسیەکان لە بارەی زانست و کارامەیی لەو لەسەرتر بوون، باوەڕیان بەوە هێنابوو کە کارێکی وابکەن کە هیچ یەک لە ستراتیژییەکانی ناپلیۆن بە کەڵکی نەیەت، بە جۆرێک کە ترس تەواوی فەڕانسە لە خۆی بگرێ و سوپای فەڕانسە لە بەرامبەر پڕۆسی سیستماتیک و یاسامەند تێک بشکێ و

---

١. پڕۆس، پادشای ئاڵمان بوون لە١٧٠١ دەست پێدەکا بۆ ئیمراتۆری ئاڵمان تا ١٩١٨- و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئوستوورەی ناپلیۆنی لەگەڵ زەوی یەکسان بێت و لە زەین‌دا نەمێنێ و لەبیر بچێتەوە و ئورووپا بۆ هەمان ڕۆژەکانی ڕابردووی خۆی بگەڕێتەوە.

ئاگوستی ١٨٠٦ هۆهێنلۆهێ و ژێنراڵەکانی هاوڕێی سەرەنجام ئەوەی دەیانهەویست پێی گەیشتن. شا فردریش ویلهلم سێهەم پادشای پرۆس، کە لەدەست قەولە درۆکانی ناپلیۆن بێزار بوو، بڕیاری دا لە شەش حەوتووی داهاتوو دژی ناپلیۆن شەڕ ڕابگەیەنێ و هەر لەو کاتەدا داوای لە ژێنراڵەکان کرد بۆ تێکشکانی فەڕانسە نەقشە و پلانی خۆیان داڕێژن و تەحویلی ئەوی بدەن.

هۆهێنلۆهێ بە پەرۆش و هەوڵ ببوو. ئەم کارە لووتکەی توانایی و هێزی ئەو بوو، ساڵانێک بیری لەوە دەکردەوە چۆن و بە چ ڕێگایەک‌دا لە ناپلیۆنی بباتەوە، بۆیە تەرح و گەڵاڵەی خۆی لە یەکەمین کۆبوونەوەی ستراتیژی ژێنراڵەکان خستەڕوو. زۆر بە وردی شوێنی پێشڕەوی بۆ سەر سوپای فەڕانسە لە گۆشەی جۆراوجۆر دەست نیشان کرد و چۆن بەرەو باشووری پرۆس دەست بەکار بن، ئەو هێرشە ئاڵۆز و هەمەلایەنە کە یەکێک لە تاکتیکەکانی دڵخوازی فردریکی گەورە بوو، دەیتوانی زەبرێکی کاریگەر لە ناپلیۆن بدا. ژێنراڵەکانی دیکە کە تەمەن‌یان خۆی لە شەست تا هەفتا ساڵ دەدا ئەوانیش بەرنامەی خۆیان پێشکەش کرد، بەڵام بەرنامەکانیان لەگەڵ پلانی فردریک یەکی نەدەگرتەوە، لەکۆبوونەوەدا باسەکانیان بەرەبەرە مشت‌ومڕی لێ کەوتەوە و چەندین هەفتەی خایاند. پادشا بە ناچاری نابژیوانی کرد و ستراتیژێکی سازشی دروست کرد و هەردوو لایەنی لەبەرچاو گرت تا هەموو ژێنراڵەکانی خۆی ڕازی بکا.[١]

ئێستا تەواوی وڵات هاوڕا بوون و بیریان لە ساڵانی مەزنایەتی سەرکەوتنی فردریکی گەورە دەکردەوە. ژێنراڵەکان دەیانزانی کە ناپلیۆن لە گەڵاڵەی ئەوان ئاگادارە، چونکە لە هەموو شوێنێک سیخوڕی هەبوو، بەڵام پرۆسەکان لە هێندێک بواردا بەسەر سوپای فەڕانسەدا باڵادەست‌تر بوون، کاتێک ماشێنی شەڕی ئەوان وەکار دەکەوت هیچ کەس توانای خۆڕاگری لە بەرامبەری دا نەبوو.

پێش ئەوەی پادشا شەڕ ڕابگەیەنێ لە ٥ی ئوکتوبر [١٤ی ڕەزبەر] هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراو بە گوێی ژێنراڵەکانی پرۆس گەیشت. یەکێک لە نێردراوانی شناسایی هەواڵی پێدان کە ئەو سەربازانەی سوپای ناپلیۆن کە لێک بڵاو ببوون ئەوە یەکی گرتووەتەوە و بەرەو ڕۆژهەڵات وەڕێ کەوتوون و ئێستا نفووزیان کردۆتە قووڵایی باشووری پرۆسەوە. ئەو سەروانەی تیمی شناسایی کە هەواڵەکەی هێنابوو تەئکیدی کردبوو کە سەربازەکانی فەڕانسەوی هەموویان کۆڵەپشتی خۆیان بەکۆڵەوە بوو. پێیان

١. (بارۆن ئەنتۆن-هێنری دو ژۆمینی) زۆرجار بە شێوەیەکی تەواو سەرەڕۆیانە کردەوەکانی ناپلیۆن لە سیستمێک‌دا جێگای دەکردەوە و زۆر جار بەناوی ناپلئۆن پاشەکشەی دەکرد، بەو کارەی نەیدەتوانی بزانێ سەرتر لە هەر شتێک، گەورەیی ناپلئۆن ڕەگ و ڕیشەی لە چی دایە، گەورەی ناپلیۆن لە ئازایەتی، بەجەرگی، چاونەترسی و هەوڵدانی لە شەڕەکان دابوو، هەوڵ و تێکۆشانی ناوبراو لەهیچ تیئورێک‌دا نەدەگونجا و تەنیا بەرهەمی دەرفەت‌شناسی و پشت‌بەستن بە هەلومەرجی هەنووکەیی بوو. واتە هەمیشە هەوڵی دەدا ئەوەی کە باشترین شت لەگەڵ هەر بۆنەیەک‌دا بگونجێ، بیکا. فریدریک فون برناردی ١٨٤٩- ١٩٣٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەجایب بوو، کە کاتێک پرۆسیەکان بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و قشوون لە واگونی هێواشڕەو کەڵکیان وەردەگرت، سەربازانی فەڕانسەوی کەرەستەی خۆیان بە کۆڵ دەگوازتەوە و بەخێراییەکی دووبەرابەر دەڕۆیشتن.

پێش ئەوەی ژێنراڵەکان چاوخشاندنێک بە گەڵاڵەکانی خۆیاندا بکەن، سوپای ناپلیۆن لە ناکاو ئاڵوگۆڕی لە مەسیری خۆی بەرەو باکوور پێکهێنا و ڕاستەوخۆ بەرەو برلین واتە دڵی پرۆس پێشڕەوی دەکرد. ژێنراڵەکان کە پێکەوە قسەیان دەکرد، بەرەبەرە شك و گومانیان بۆ دروست بوو. هەروەها هێزەکانی خۆیان لەملا بۆ ئەولای دیکە ڕەوانە دەکرد هێشتا بڕیاری کۆتایی نەدرابوو کە بۆ چ شوێنێک هێرش بکەن ترس بەسەریان دا زاڵ و هەموو شتێکی لێ شێواندن. سەرەنجام پادشا بڕیاری پاشەکشەی دا. گوتی ڕەنگە لەشکر لە باکوور یەک بگرنەوە، کاتێک ناپلیۆن لەبرلین نزیک بووەوە لەگەڵ شکستدانی بیکوژن. هۆهێنلۆهێ بەرپرسی گاردی پشتی بەرە، پێویست بوو لەکاتی پاشەکشەی پرۆسەکاندا پشتیوانیان لێ بکات.

ڕۆژی ١٤ی ئۆکتۆبر [٢٣ی ڕەزبەر] ناپلیۆن لە نزیک شاری "یەنا" لەگەڵ هۆهێنلۆهێ ڕووبەڕووی یەک بوونەوە. هۆهێنلۆهێ بە خواست و ئاواتی خۆی واتە شەڕی ڕووبەڕوو لە گەڵ ناپلیۆن، گەیشت. ئەژماری ئەفرادی هەردوو لا وەک یەک بوون. بەڵام هێزی فەڕانسە زۆر ملهوڕ بوون و بە هەرا و هوریا و زۆر دڕندانە هێرشیان دەکرد. هۆهێنلۆهێ هێزەکانی خۆی بە نەزمێکی ورد و ڕێکوپێک لە لای یەکتر ئامادە ڕاگرتبوو، وەک گرووپێکی هەڵپەرکێ کۆنترۆڵی دەکردن. شەڕ و بەربەرەکانی درێژەی کێشا تاکوو فەڕانسەوییەکان دەستیان بەسەر ئاوایی (فیاتزین-هایلیگن) فێرزنهایلیگن دا گرت.

هۆهێنلۆهێ دەستووری بە قشوونی خۆیدا کە گوندەکە لە فەڕانسەوییەکان وەربگرنەوە. لە ڕێوڕەسمێکدا کە مێژووەکەی بۆ بیرۆکەی فرێدریکی گەورە دەگەڕایەوە فەرماندەی دەهۆڵژەنان دەستی بە لێدانی دەهۆڵی شەڕ کرد و سەربازەکانی پرۆس بە ئاڵای ڕەنگاوڕەنگ لە شوێنی دیاری کراوی خۆیان بە نەزم ڕاوەستان و بۆ هێرش ئامادە بوون. پرۆسەکان لەدەشتێکی کاکی بەکایدا ڕووتوقووت، بەڵام فەڕانسەوییەکان لە پشتی دیواری باغ و یان لە سەربانانی ماڵان لە کەمین دابوون. ئەنگیوەرانی فەڕانسەوی یەک لەدوای یەک سەربازانی پرۆسیان دەکوشت، هۆهێنلۆهێ مات و حەپەساو ڕاوەستابوو بە سەرلێشێواوی دەستووری بە سەربازەکانی دا کە ڕاوەستن و ئارایشی هێزەکانیان بگۆڕن. تەپڵەکان جارێکی دیکە دەستی بە لێدان کردەوە، پرۆسەکان بە وردبینییەکی تەواوە لە شوێنی دیاریکراو ئامادە بوون، بەڵام فەڕانسەوییەکان درێژەیان بە تەقەکردنی خۆیان دەدا و بە زیانێکی گیانی زۆر هێڵی پرۆسەکان تێک قرما.

هۆهێنلۆهێ هیچکات سوپایەکی شەڕکەری ئەوتۆی نەدیبوو، سەربازانی فەڕانسەوی وەک شەیتان وابوون. فەڕانسەوییەکان لەگەڵ ئەوەی لە هیچ نەزمێکی تایبەت پەیرەوییان نەدەکرد هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێگایەکی پێیان خۆش بایە دەچوون، وەک بڵێی ئەم بێ نەزمییە شێتانەیە شێوازێکی تایبەتی هەیە. لەناکاو لە جێگەیەک کە کەس بیری لێ نەدەکردەوە بۆ دوو لا هێرشیان دەکرد و بە گەمارۆدان پرۆسیەکانیان دەخستە مەترسییەوە. شازادە بڕیاری پاشەکشەی دا و شەڕی یەنا لەو خاڵەدا کۆتایی هات.

پرۆسەکان وەک ماڵێکی کۆن و ڕزیو بەخێرایی تێک قرما. قەڵا لە دوای قەڵا تێکدەقرما و هەرچی چەپەریان هەبوو دەڕووخا. پاشا بەرەو ڕۆژهەڵات ڕایکرد و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا شووێنەوارێک لە سوپای پرۆس نەما.[١]

**لێکدانەوە**

ئەو ڕاستییەی کە لە ساڵی ١٨٠٦دا پرۆسیەکان تێی‌گەیشتن سادە بوو. ئەوان پەنجا ساڵ لەدوای زەمەنی خۆیان دەژیان و لە دواتر بوون. ژێنڕاڵەکانیان پیر بوون و لەبری ئەوەی وەڵامێکی گونجاویان بۆ ئەو بارودۆخەی کە ئێستا تێی کەوتوون بدەنەوە فوڕمولەکانیان دووبارە دەکردەوە کە لە ڕابردوودا کاریان پێ کرابوو. ئەرتەشی ئەوان بە هێواشی دەجووڵایەوە و سەربازەکانیان وەک کەسانی مێکانیکی ڕێژە دەڕۆیشتن. ژێنڕاڵەکانی پرۆس لەزۆر نیشانەی کارەساتبار ئاگادار کرانەوە و هەواڵیان پێگەیشتبوو، بەڵام پشت‌گوێیان دەخست. سوپای پرۆس لە شەڕەکانی ئەم دواییانەدا کارامەیی باشی لەخۆی نیشان نەدابوو و تێک‌شکابوو. دواتر بەهۆی ئاستێکی نەزم لە سوپادا ژمارەیەک لە ئەفسەرانی پرۆس بانگەشەی چاکسازیان دەکرد. لانیکەم دە ساڵ هەل و کاتیان هەبوو تا لە سەر ناپلیۆن و ستراتیژی نوێی و خێرایی و بگۆڕی سوپاکەی لێکۆڵینەوە بکەن، بەڵام پشت گوێیان خست. حەقیقەت چاوی بڕیبووە ئەوان، بەڵام بۆخۆیان هەڵیان بژارد کە پشت‌گوێی بخەن. هەموو جارێ ئەمەیان بۆ خۆیان دووپاتەیان دەکردەوە کە ناپلیۆن دوژمنێکە لەبەرامبەر ئێمەدا مەحکووم بە دۆڕانە.

لەوانەیە لەدڵی خۆت‌دا بڵێی سوپای پرۆس تەنیا نموونەیەکی سەرنجڕاکێشی مێژووی کۆنە، بەڵام لە ڕاستیدا من و تۆ بە هەمان ئاراستەدا دەڕۆین. ئەوشتەی کە لەمپەری بەردەم وڵاتان و تاک بەتاکی ئێمەیە، نەتوانینی ئێمە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لە گەڵ ڕاستییەکاندایە کە ناتوانین دیاردەکان

---

١. شەمشەمەکوێرە و فسۆسی ماڵەوە. شەمشەمەکوێرەیەک کەوتە سەر زەوی و بە ڕێکەوت لەلایەن فسۆسی ماڵەوە گیرا. شەمشەکوێرە زانی کە لەمردن نزیک بۆتەوە بۆ ڕزگاری خۆی دەستی بە پاڕانەوە کرد، فسۆس گوتی ناتوانێ ئازادی بکا، چونکە فسۆسەکان ماوەیەکی لەمێژە دوژمنی باڵندەکانن. شەمشەمەکوێرەکە وەڵامی دایەوە کە ئەو باڵندە نییە بەڵکوو مشکێکە. بەمشێوە توانی بەدرۆیەک خۆی لە مەترسی ڕزگار بکا. بەڵام شەمشەمەکوێرە دوای چەند ڕۆژی دیکە کەوتەوە سەر زەوی و ئەمجارە فسۆسێکی دیکە گرتی و دیسان لەبەری پاڕاوە کە نەیخوا، فسۆسی دووهەم زۆر بە سەریعی وەڵامی داوە کە دوژمنی هەموو مشکێکە، بەڵام شەمسەمەکوێرە پێی گوت کە مشک نیە و بەڵکوو باڵندەیە، بەمجۆرە دیسان خۆی لەمرد ڕزگار کرد بەو شێوەیە بە گۆڕینی دوو جار ناوەکەی خۆی لە مردن ڕزگار کرد. ئەم ئەفسانەیە ئەوە نیشان دەدات کە هەمیشە پێویست نییە خۆمان لە هەمان تاکتیکدا قەتیس بکەین. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەگەر لەگەڵ بارودۆخ خۆ بگونجێنین باشتر دەتوانین لە مەترسی ڕزگارمان بێ. افسانەها، ئێزوپ، قرن ششم پیش از میلاد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو جۆرە ببینین کە هەن. کاتێک پیر دەبین ڕەگ و ڕیشەمان لە ڕابردوودا بە هێزتر دەبن خوو و خدە بەسەرمان دا زاڵ دەبێ، شتێک کە پێشتر بۆ ئێمە بەکەڵک بووە، دەبێتە ڕێبازی ئێمە و لەڕاستیدا وەک قاوغ یان توێکڵێک لەبەرامبەر ڕاستیدا دەورمان دەگرێ. ئێستا دووبارەکردنەوە جێگای خەلاقییەت و داهێنان دەگرێتەوە و ئێمە بە دەگمەن دەرکی ئەو دووبارەبوونەوە دەکەین چونکە مەحاڵە بتوانین ڕووداوەکانی نێو زەینمان ببینین، بۆیە ئەگەر گیرۆدەی ئەو کێشەیە بین لەناکاو ناپلیۆنێکی لاو سەر ڕێگامان پێ دەگرێ و ڕێگامان لێ دەبەستێ. ناوبراو بۆ داب‌ونەریتە کۆنەکان هیچ ڕێزێکی دا نەدەنا. ئەو بە شێوەی نوێ شەڕی دەکرد. هەر لەم خاڵەدایە، کاتێک دەبینین شێوازی بیرکردنەوە و دژکردەوەمان بەرامبەر بە ڕووداوەکانی دەوروبەرمان کە ساڵانێک لە دوای ئەمڕۆوەیە، کەڵکی نەماوە.

هەرگیز ئەوە بە شتێکی حەتمی مەزانە کە سەرکەوتنی دوێنێ تا سبەی بەردەوام دەبێ. لە ڕاستیدا سەرکەوتنەکانی ڕابردوو گەورەترین لەمپەر و بەربەستی ئێمەن. هەر شەڕێک لەگەڵ ئەویتر جیاوازی هەیە و ناتوانین پێش‌بینی و فەرز بکەین ئەوەی لەشەڕی ڕابردوودا بۆ سەرکەوتن کاریگەری بووە ئەمڕۆ و سبەینێ کاریگەری دەبێ. دەبێ پێوەندییەکانی خۆت لە گەڵ ڕابردوو شل و سست بکەی و دەبێ چاوکانت ببڕیتە ئێستاوە. مەیلی دڵت بۆ شەڕکردن بە شێوازی پێشوو، لەوانەیە تۆ بۆ شەڕێک پەلکێش بکات کە ڕەنگە دوایین شەڕی ژیانت بێت.

کارل فون کلاوزویتس(١٧٨٠-١٨٣١) لەکتێبی سەبارەت بە شەڕ دەڵێ: *"کاتێک لەساڵی ١٨٠٦ی زایینی ژێنراڵەکانی پرۆس بە کەڵک وەرگرتن لە گەلاڵەی لێل و تەماوی فرێدریکی گەورە لە داوی کارەسات کەوتن، مەسەلەکە تەنیا شێوازی شەڕەکە نەبوو کە کارایی خۆی لەدەست دابوو، بەڵکوو لاوازی هەڵسەنگاندن و داهێنان بوو، کە بیر بکەنەوە ئەم پلانە ئەوان بەرەو کوێ دەبا. ئاکام یان ئەنجامی ئەو لاوازییە بووە هۆی ئەوە کە سوپای پرۆس بە ڕێبەرایەتی هۆهێنلۆهێ بەتەواوی لەنێو چوو، بە تێک ڕووخانێک کە تا ئەو کاتە شکستخواردووترین سوپاش ئەزموونی نەکردبوو."*

### شەڕی هەنووکەیی

لە ساڵی ١٦٠٥دا میامووتۆ مووساشی، سامۆڕاییەک کە لە تەمەنی بیست‌ویەک ساڵیدا وەک شمشێرباز ناوبانگی دەرکرد بوو، بانگهێشتی دوئێل بۆ شەڕی دەستەویەخە کرا. لایەنی بەرامبەری کەسێکی لاو بەناوی ماتاشی چیرۆ لە بنەماڵەی یوشیوکا بوو. ئەو بنەماڵەیەش لە شمشیربازی‌دا سەروبنی زمانی خەڵکی بوون. سەرەتای ئەو ساڵە، مووساشی لە دوئێلێکدا لە باوکی ماتاشی چیرۆی بەناوی گێنزایمۆنی بردبووەوە و چەند ڕۆژێک دواتر لە دوئێلێکی دیکەدا برا بچووکەکەی گێنزایمۆنی کوشت بوو. ئێستا بنەماڵەی یوشیوکا لە بیری تۆڵەکردنەوە دابوون.

هاوڕێیانی مووساشی بۆنی ئەوەیان کردبوو کە ماتاشی چیرۆ گەلاڵەی فریودەرانەی هەیە و لەو بارەیەوە غیرەتی وەبەر خۆیداوە کە مووساشی بۆ دوئێل بانگهێشت بکا. هەربەم هۆکارە داوایان لێ کرد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە چەند کەس پارێزگاری لێ بکەن، بەڵام مووساشی بەتەنیا بەرەو شوێنی دیاریکراو ڕۆیشت. ئەو لەشەڕەکانی پێشتر لەگەڵ بنەماڵەی یوشیکا چەند سەعات درەنگ‌تر لەشوێنی شەڕ ئامادە دەبوو و هەر ئەوەش دەبووە تووڕەی لایەنی بەرامبەر. بەڵام ئەوجارە زوو لەماڵەوە دەرکەوت و لەپشت دارەکان خۆی حەشار دا. ماتاشی چیرۆ لەگەڵ چەند کەس لە لایەنگرانی لە شوێنی دیاریکراو ئامادە بوون. یەکیان گوتی: "ئوسوولەن مووساشی درەنگتر لە کاتی دیاریکراو دێتە مەیدانی شەڕ،" ئەوەندە بە گەلاڵەی خۆیان دڵنیا بوون بە ئاسوودەیی لە نێو گژوگیای دەوروبەر خۆیان حەشار دا، لەپڕدا مووشاشی لەپشت دارەکان هاتەدەر و هاواری کرد "زۆر لەمێژە چاوەڕوانم شمشیرەکانتان هەڵکێشن" مووساشی لە حەرەکەتێکی بروسکەئاسا ماتاشی کوشت و پاشان لە گۆشەیەکی تایبەت لەبەرامبەر ئەوانی دیکە وەستا، ئەوانیش هەستانە سەر پێ و لەبری ئەوەی لەگەمارۆی بخەن لەهێڵی شکستخواردوو بەڕیز ڕاوەستان، مووساشی بە درێژایی هێڵەکە ڕای کرد و پیاوانی حەپەساوی ماتاشی لەماوەی کەمتر لەدەقیقەیەک دا کوشت.

سەرکەوتنی مووساشی مۆری سەلماندنی مەزنیی ئەو وەک شمشێربازێک بوو. ئەو لەتەواوی وڵات بڵاوی کردەوە کە لە ڕەقیبێکی شیاو دەگەڕێ تا شمشێربازی لەگەڵ بکا. ناوبراو بیستبووی کە لەیەکێک لەشارەکان شەڕکەرێک بەناوی بیکێن هەیە کە چەکەکانی داس و زەنجیرێکی درێژە کە تۆپێکی پۆڵای بەسەرەوەیە. مووساشی پێی خۆش بوو شێوەکاری ئەو چەکانە ببینێ، بەڵام بیکێن ملی بۆ ئەوکارە نەدا و وەڵامی ئەو تەنیا ڕێگای چۆنیەتی کارکردن بەو چەکانە ئەوە بوو کە پێکەوە دوئێل بکەن.

جارێکی دیکە دۆستانی مووساشی بیریان لە شێوەیەکی بێوەی دەکردەوە: بۆیە پێیان گوت مەودایەک لەگەڵ بیکێن بپارێزێ، چونکە تا ئێستا هیچ کەس لەو پیاوە نزیک نەبۆتەوە. لە بەر ئەوە چەکەکەی شتێک نیە کە بە سانایی بە شمشێر شکستی بدەی. ئەوان تەعریفی ئەوەشیان بۆ کرد کە بیکێن تۆپی پۆڵا کە بەسەری زنجیرەکەوەیە لەڕادەبەدەر سووڕ دەدا تاکوو سورعەتی زۆر بێ و پاشان نەیاری بەرەو دواوە دەکشێتەوە ئەمجار تۆپی پۆڵاکە بەرەو دەموچاوی فڕی دەدا، لایەنی بەرامبەری ناچارە بە شمشێرەکەی لەبەرابەر تۆپ و زنجیرەکەدا پارێزگاری لەخۆی بکا کاتێک بەدەستێکی جووڵە بەشمشێر دەکا بیکێن لە چاو ترووکانێکدا داسەکەی لەملی حەریف دەکا و گیانی لی دەستێنێ.[1]

مووساشی بێ ئەوەی گوێ بە ڕێنوێنی هەواڵانی بدا بیکێنی بۆ بەربەرەکانی بانگهێشت کرد و بە دوو شمشێرەوە یەکیان کورت و ئەویتر درێژ، لە چادری بیکێن نزیک بووەوە. ناوبراو هیچکات کەسێکی بە دوو شمشێرەوە چاو پێ نەکەوتبوو. پێش ئەوەی بیکێن پەلاماری بدا لەلایەن مووساشییەوە هێرشی بۆ کرا، بیکێن لە هاویشتنی تۆپ تووشی گومان هات و بیری کردەوە نەکا مووساشی بە

---

١. من هەرگیز هیچ پەیامێکم لەبارەی ستراتیژی نەخوێندۆتەوە، کاتێک شەڕمان دەکرد هیچ کتێبێکمان بۆ گۆڕەپانی شەڕ پێ نەبوو.
مائۆ تسەتونگ ١٨٩٣- ١٩٧٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شمشیرێک تۆپ لە مەسیری خۆی لابدا و بە شمشێری دیکە بیکوژێ. بیکێن وەک هەمیشە لەدەرفەتێک دەگەڕا کە تۆپەکە کاری خۆی بکا، بەڵام مووساشی لە حەرەکەتێکی لەناکاودا بە شمشێری کورت تەعادولی ئەوی تێکدا و کەمتر لە چرکەیەک شمشێرە لە لەشی ڕۆکرد و لەنیهایەتدا ئەم مامۆستا شکستنەخواردووی لەنێو برد و تەرمی لە گۆڕەپان کەوت.

چەند ساڵ دواتر مووساشی هەواڵی شمشێربازێکی سامۆڕایی بەهێزی بیست بەناوی ساساکی گانریۆ کە لە شمشێری زۆر بەرز کەڵکی وەر دەگرت. هەموو کەس دەیان گوت ئەم شمشێرە جوانە ئەوەندە بەهێزە کە وێدەچێ ڕوحیان وەبەری نابێ. گانریۆ بانگهێشتی مووساشی قەبووڵ کرد و بڕیاریان دا دوئێل لە دورگەیەکی چووکە لەنزیک ماڵی ساموڕایی بێ. ئەو بەربەرەکانییە دەکرا وەک ئاخرین شەڕی مووساشی چاو لێ بکرێ.[1]

بەیانی ڕۆژی دوئێل دورگەکە بەسترا، بەربەرەکانی لە نێوان ئەو دوو کەسە پێشبینینەکراو بوو. گانریۆ لەکاتی خۆیدا ئامادە بوو. بەڵام مووساشی درەنگ هات. سەعاتێک تێپەڕی، دوو سەعات تێپەری، هیچ هەواڵێک لە مووساشی نەبوو، گانریۆ زۆر تووڕە بوو، سەرەنجام بەلەمێکی چووکە بەرەو دوڕگە هێواش هێواش دەهات. ڕێبواری ئەو بەلەمە مووساشی بوو بە حاڵەتێکی نیوەخەو خۆی ڕاکێشابوو و بە بێڵێکی داری بچووک بەلەمی خۆی گەیاندە لێواری دورگە. کاتێک بەلەم لە قەراغی ئاو وەستا، خاولێکی پیسی لە دەوری سەری خۆی پێچا و بێڵێکی زۆر درێژی بۆ لای سەری بەرز کردەوە کە لە شمشێری گانریۆ درێژتر بوو. ئەم پیاوە سەیرە بە بێڵێکی درێژ و خاولێکی پیس کە لەسەری پێچابوو، پێی نایە گەورەترین گۆڕەپانی ململانێی ژیانییەوە.

گانریۆ بەتووڕەی هاواری کرد: "تۆ هێندە لە من دەترسی کە بەڵێنی خۆت لەبیر چۆتەوە و سەعات ٨ لێرە نەبووێ؟" مووساشی هیچی نەگوت، تەنیا هەنگاوێک بۆ پێشەوە هات. گانریۆ شمشێرە بریقەدار و درێژەکەی خۆی کێشا و کالانی لەعەرزی فڕیدا، مووساشی پێکەنی. گوتی: "ساساکی تۆ هەر ئێستا دۆڕاندنت بە لە دەستدانی گیانت قەبووڵ کردووە!" "من و دۆڕاندن؟ هەرگیز!" مووساشی وەڵامی داوە: "پرسیار لەخۆت بکە کام شەڕکەر دەناسی کە شمشێرەکەی بخاتە دەریاوە و بە بێڵێکی دار پێ بنێتە مەیدانی شەڕەوە؟" ئەو دەربڕینە لەخۆڕازیانە، گانریۆی زیاتر تووڕە کرد.

دوای ئەو قسانە مووساشی هێرشی دەست پێکرد ناوبراو پاروی تیژی دەستی ڕاستەخۆ بەرەو چاوی دوژمن برد، گانریۆ بە خێرایی شمشێرەکەی تاو داو سەری مووساشی بە نیشانە گرت، بەڵام تەنیا

---

١. دوودڵبوون و ڕاڕاییبوون لەسەر سەرکەوتن نەخۆشییە و لە شەڕەشمشێریش‌دا دوودڵی هەبێ هەر نەخۆشییە. ئەگەر بتەوێ هەموو ئەوانەی وا فێریان بووی بەکاریان بێنی، جۆرێک لە ڕاڕایی‌یە و ئەوەش کە بیری هێرش‌کردن دەسبەردارت نەبێ، هەر هەوە. ئەوەش هەر نەخۆشییە کە بتەوێ لە هەموو ئەم نەخۆشییانە خۆت ڕزگار بکەی. نەخۆشیی سەرەکی هەمان بیر و دوودڵی‌یەی ئێمەیە وا لەسەر یەک شت‌دا ماوەتەوە و چەقیوە. بۆیە لەو ڕووەوە کە هەموو ئەم نەخۆشییانە لە مێشکی و زەینت‌دا دروست بوون، دەبێ خۆیان لێ دەرباز کەی تاوەکوو مێشکی خۆت ڕێک بخەیتەوە. تاکوان، ژاپۆن. ١٦٤٥- ١٥٧٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

توانی ئەو خاولییە کە لەسەری پێچابوو دوو لەت بکات. تا ئەو کاتە گانریۆ هەرگیز لە نیشانە گرتن هەڵەی نەکردبوو، مووساشی لە چرکەیەک کەمتر بێڵی هێنا خوارێ و زەربەیەکی توندی لە لاقی گانریۆ دا و تەماشاچییەکان هوریان کێشا. هەر لەوکاتەدا کە گانریۆ هەوڵی دەدا بێتەوە سەرپێ، مووساشی زەربەیەکی کاریگەری لەسەری دا و کوشتی، دواتر زۆر بەڕێزەوە لە بەرامبەر تەماشاچییەکان سەری دانواند و بە هەمان شێوەی کە هاتبوو هەر بەو شێوەیە دورگەی بە جێهێشت. لەو کاتەوە مووساشی، بە شمشێربازی بێ هاوتا ناوبانگی دەرکرد.[١]

**لێکدانەوە**

میاموتو مووساشی، نووسەری کتێبی "پێنج ئاڵقە" تەنیا بە هۆکارێک لە تەواوی دوئێلەکانی سەر دەکەوت. ناوبراو هەموو ساتێک ستراتیژی خۆی لەگەڵ دوژمن و بارودۆخی ئەو کاتە تایبەتەدا دەگونجاند. ئەو لە سەر ماتاشی چیرۆ بەو ڕوانگەیە گەیشت کە زووتر لەکاتی دیاری کراو لە مەیدانی شەڕ ئامادە بێ باشترە، کارێک کە لە شەڕەکانی پێشوو بەئەنجامی نەگەیاندبوو. سەرکەوتن لە بەرامبەر سوپایەکدا تەنیا لەگرێوی خافڵگیر کردندایە. کەوابوو ڕاستە تەواوی دارو دەستەی ماتاشی لەچیمەنەکەدا درێژ بوون، ئەو کاتێک خۆی نیشانی ئەواندا کە ڕێبەرەکەیانی کوشتبوو. دواتر سووچێکی گرت کە نەتوانن گەمارۆی بدەن و بە ناچاری هێرشیان کرد، چونکە گەمارۆدانی زۆر بە مەترسیدار دەزانی. لەبارەی بیکێندا کەڵك وەرگرتن لە دوو شمشێر بۆ ئەوە بوو کە ئەو بخاتە تەنگاوی و بێدەرەتانی تا دەرفەتێک بۆ وەڵامدانەوەی ژیرانە نەهێڵێتەوە. لەبارەی گانریۆ، ئەو لەشێوازی بە کەمگرتن، سووککردن و تووڕەکردنی دوژمنی خۆبەزلزان کەڵکی وەرگرت. بەدەستەوە گرتنی بێڵێکی دار بە جێگەی شمشێر، دواخستن و دواکەوتن لە چاوپێکەوتن، بەستنی ئەو خاولییە پیسە لە جێگار دەسرەی سەر، کردنی قسە مەغرووورانە و هێرش بۆ چاوەکانی لەو شتانە بوون کە تووڕەی گانریۆی لێکەوتەوە و هاوسەنگی خۆی لەدەست دا.

ڕەقیبەکانی مووساشی هەموویان بە شێوەی زیرەکانە بەتایبەتی لە شمشێری تایبەت و چەکی سەرنجڕاکێش کەڵکیان وەردەگرت، واتە هەمان شەڕی پێشوو کە ئەنجامیان دابوو، ئەوان لەبری ئەوەی لە کاتی دژکردەوەدا بەپێی بارودۆخەکە کاردانەوە لەخۆیان نیشاندا، تەرکیزیان لەسەر ئاموزش و تێکنۆلۆژی بوو کە پێشتر وەڵامدەر بووە. مووساشی لەکاتی لاویدا جەوهەری ستراتیژی بە مانای واقعی وشە دەرک کرد بوو، سەرسەختی دوژمنەکانی کردە خاڵی ڕووخانی خۆیان. یەکەمین فیکری کە بە زەینیدا دەهات ئەوە بوو کە لە یەکەم حەرەکەتدا ببێتە هۆی خافڵگیرکردنی دوژمن. هەر لەو ساتەدا تەواوی هێزی خۆی نیشان دەدا. ئەو کە لە حەرەکەتی یەکەمیدا هاوسەنگی

---

١. هەموو کەس دەتوانێ لەشکرکێشی بکا، بەڵام ئەوانەی کە شەڕ هەڵایسێنن لەقامکەکانی دەست تێ ناپەڕن، چونکە تەنیا بلیمەتێکی نیزامی ڕاستەقینە دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکان و بارودۆخ بکا. ناپلیۆن بناپارت، ١٧٦٩-١٨٢١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمنی تێک دەدا و زۆر بە دەقیقی لەژێر چاوەدێری دەگرت و جووڵەی دوایی بە پێی هەلومەرج و لە ناکاو دیاری دەکرد بەجۆرێک بە پتەوی بەڕێوەی دەبرد کە دوژمن بێجگە لە شکست و مردن ڕێگای دیکەی نەبوو.[١]

ئەگەر دەتهەوێ بۆ شەڕ ئامادە بی، دەبێ خۆت لەتەواوی شتی ئەفسانەیی و چەمکی نادروست دەرباز بکەی. ستراتیژی ئەوە نیە کە کۆمەڵێک حەرەکەت و یان بیرۆکە لە فورمولێکدا فێر بی و موو بەموو جێبەجێی بکەی، سەرکەوتن هیچ فورمولی دیاریکراوی نیە. بیرۆکەکان تەنیا وەک ماددە خۆراکییەکانی خاک وایە، ئەوانە وەک زنجیرەیەک "ئێحتمالات" ئەگەرەکان لە مێشکتدا چێنراون، بە جۆرێک کە لە کاتی شەڕدا ڕێگا و وەڵامی گونجاو و داهێنەرانە بە پێی هەلومەرج بۆ ئێوە دابین دەکەن. بەمجۆرە خۆت لە هەموو سێحروجادوو، کتێبەکان، دەستووری کارەکان، فورمولەکان و چەکی کۆنە ڕزگار بکە و تەنیا فێربە چۆن ستراتیژیستێکی خۆتان بن.

سون تێزۆ دەڵێ: "*بەمشێوەیە سەرکەوتنی کەسەکان لە گۆڕەپانی شەڕدا دووبارە نابنەوە، بەڵکوو ئەو سەرکەوتنانە لە وەڵامی گۆڕانی هەلومەرجەکاندا فورمی نوێ وەردەگرن.*"

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

کاتێک پێداچوونەوە بە ئەزموونە ئازاربەخشەکان یان تاڵ و ناخۆشەکاندا دەکەینەوە، بە ناچاری هێندێک هزر بە مێشکی مرۆڤ دەگات، وەک: ئەگەر لە جێگای فیسارە کار کارێکی دیکەم کردبایە، یان بەجێگەی ئەو قسەیە قسەیەکی دیکەم کردبایە، ئەگەر بتوانم جارێکی دیکە ئەنجامی بدەم.... هێندێک جار ژێنراڵێک لە لووتکەی شەڕدا هێزی بڕیاردان لەدەست دەدا کاتێک دوای شەڕ بڕیارەکە هەڵدەسەنگێنێ هەست دەکا کە تاکتیکێک مانۆڕێک یان جووڵەیەک دەیتوانی ئاکامی شەڕ بگۆڕیت. تەنانەت شازادە هۆهێنلۆهێ چەند ساڵ دواتر دەیتوانی بزانێ کە چۆن لەگرتنەوە ئاوایی فیاتزین-هایلیگن کەمتەرخەمی کردووە. دیارە کێشە ئەوە نیە کاتێک کە زۆر درەنگ بووە بیر لە چارەسەری کێشەکان بکەینەوە، بەڵکوو مەسەلە ئەوەیە کە بیر لەوە دەکەینەوە کەمایسیمان زانست و زانیاری بووە. لەوانەیە لە دڵی خۆمان بیر بکەینەوە ئەگەر کەمێک زیاترمان زانیاری هەبوایە، ئەگەر کەمێک پتر و وردتر فکرمان لە بارودۆخ کردبایەوە باشتر دەبووین. بەڵام ئەو ڕوانگەیە بەتەواوی هەڵەیە. ئەو شتەی کە لە هەنگاوی سەرەتاوە دەبێتە هۆی ڕەفتار و کردەوەی خراپ، ئەوەیە لەگەڵ کات و ساتەوەختی ئێستا هەماهەنگ نین و دەرکی هەلومەرجی حاڵی ئێستای خۆمان ناکەین. ئێمە گوێ لە بیرکردنەوەکانمان دەگرین و بە ڕووداوەکانی ڕابردوو دژکردەوە نیشان دەدەین، بەڵام لە هەمان ئیدە و

١. با و گەردەلوول و گێژەڵووکە هەڵدەکەن و نموونەیەکن لە جووڵە و نەوەستانی بەردەوام و چەمکێکی دژ بە هەرمان و مانەوە دێننە مێشکەوە، بەڵام یاساکانی زاڵی سروشت لەسەر هەوراز و نشێو و هاتوچۆی ئەوان هەرمان و نەگۆڕن، بەم پێیە سەربەخۆیی مرۆڤی سەرتر و سەرکەوتوو، لەسەر بنەمای چەقبەستوویی و نەجووڵیی تایبەتی ئەو کەسە نییە. ئی چینگ یا کتاب دگرگونیها، تفسیر علامت هشتم، قرن هشتم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تیئۆری کۆن کەڵک وەردەگرین کە پێشتر کارمان پێ‌کردووە لەکاتێکدا هیچ پەیوەندییەکی بە ئێستای ئێمەوە نیە. کتێبی زیاتر، تیۆری زۆرتر و بیرکردنەوەی وردتر تەنیا بارودۆخەکە مەترسیدارتر دەکا.[١]

سەرنج بدەنە ئەو مەسەلەیە، کە گەورەترین ژێنراڵەکان و داهێنەرترین ستراتیژیست بەو هۆکارە سەرکەوتوو نین کە زانستیان زۆرترە، بەڵکوو هۆی سەرکەوتنیان ئەوەیە کە لە کاتی پێویستدا دەتوانن هێندێک خاڵ پشتگوێ بخەن لەبەرچاو نەگرن کە دەمێکە لەفیکریان دایە و سەرنج و جەختیان لەسەر ئێستایە. بەو شێوەیە خلاقییەت و داهێنان شتی نوێی لێ دەکەوێتەوە و دەرفەتەکان لەکاتی خۆیدا خۆیان نیشان دەدەن، واتە خۆدەنوێنن. زانست و ئەزموون و تیۆری سنوورێکیان هەیە، هیچ حەجم و بارستاییەک لە بیرکردنەوەدا پێشتر ناتوانێ تۆ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاژاوەی ژیان و ئەگەری بی سنوور ئامادە بکا. فەیلەسووفی گەورەی شەڕ، کارل فون کلاوزویتس ئەو باسە بە لە یەک‌گیران یان لێکخشان (اصطکاک) نێو بردووە، یانی جیاوازی لەبەینی بەرنامەکانی ئێمە و ئەوەی لە ڕاستیدا ڕوو دەدا. لە بەر ئەوەی ناتوانی لە لێکخشان خۆ بپارێزی، پێویستە مێشکمان بتوانێ خۆی لەگەڵ گۆڕانکاری و ڕووداوە چاوەڕوان‌نەکراوەکاندا بگونجێنێ. هەرچی باشتر بتوانین بیرکردنەوەمان لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخدا هەماهەنگ بکەین وەڵامەکانمان لە ڕاستییەوە نزیکترن. هەرچی خۆمان لە تیۆری و ئەزموونەکانی ڕابردوودا نوقم بکەین وەڵامەکەمان ناڕوونتر و نەگونجاوتر دەبن.

شیکردنەوەی ڕووداوە هەڵەکانی ڕابردوو کارێکی بەنرخە. بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە توانای بیرکردنەوەمان بۆ کاتی ئێستا زیاد بکەین بۆ ئەوەی هەڵەی کەمترمان لە لێکدانەوەکاندا هەبێ.[٢]

بیروهزری خۆتان وەک ڕووبارێکی خێرا چاو لێ بکەن هەرچەندی بەخوڕتر بێ باشتر لەگەڵ ئێستادا دەگونجێ و وەڵامی گۆڕانکارییەکان دەداتەوە. ئەم ڕووبارە هەرچی خێراتر بێ، زیاتر خۆی نوێ دەکاتەوە و وزە و توانایی لەسەرترە. بیرکردنەوە وەسوەسەیی، دڵەڕاوکێ بۆ ئەزموونەکانی ڕابردوو چ سەرکەوتوو یان ناسەرکەوتوو، ئەو چەمکانەی کە پێشتر لە مێشکدا بە شتێکی ڕاست وەرمان گرتووە، وەک بەرد و قوڕ و لیتەی بنی ڕووبارن، ئەمانە ڕێڕەوی ئاوەکەت لێ دەبەستێ و خێرایی و سەریعی سست دەکەن. تا زیاتر سەرنجمان لەسەر ئەو شتانە بێ، جووڵەی ڕووبارەکە خاو دەبێتەوە و ڕووبارەکە وردە وردە دەوەستێ و خڵتە ناخی دەگرێ. کەوابوو دەبێ لەگەڵ ئەم ڕوانگەیە لە مێشکدا هەمیشە لەشەڕ دابین.

هەنگاوی یەکەم سادەیە و جگە لە هۆشیاری لە پرۆسەکە و پێویستی بەرەنگاربوونەوەی هیچی

---

١. سیاسەتی من ئەوەیە کە هیچ سیاسەتێکم نەبێت. آبراهام لینکلن، ١٨٠٩-١٨٦٥

٢. ئەگەر کوولەکەی بەتاڵ بخەیە سەر ئاو و دەستی لێ بدەی بۆ لایەک دەسووڕێ، هەرچەندی هەوڵ بدەی ناتوانی ئەو لەسەر جێگای خۆی ڕاگرن چونکە هەر بە لادا دەکەوێ. عەقڵی کەسێک کە گەیشتووەتە دۆخی کۆتایی ناتوانی بەزۆر لەگەڵ هیچ شتێک سابیت بمێنێتەوە، تەنانەت بۆ چرکەیەکیش، ئەو مێشکە هەمان کوولەکەی بەتاڵ لەسەر ئاوە. تاکوان، ژاپن ١٥٧٣-١٦٤٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیکە نییە. هەنگاوی دووەم، بریتییە لە هەڵبژاردن و جێبەجێکردنی چەند تاکتیکێک کە حەرەکەتی سروشتی زەین بپارێزێ.

**بە تەواوی بە بیروباوەڕ و بنەما بەنرخەکاندا بچۆوە.** کاتێک کە لە ناپلیۆن‌یان پرسی لە چ ئەسوولێکی شەڕ پەیرەوی دەکەی، وەڵامی دایەوە لە هیچ ئوسوولێک پەیڕەوی ناکەم. هەڵکەوتووی ئەو لە توانایی وەڵامدانەوە بە بارودۆخ و کەڵکوەرگرتن لە باشترین شتانە دابوو کە لەو کاتەدا لەبەر دەستی دابوون. ئەو یەکێک لە گەورەترین کوڕەکانی ڕۆژگار، هەلپەرست و هەلخواز بوو. بەم پێیە تەنیا بنەمای ئێوە دەبێ ئەوە بێ کە هیچ بنەمایەکتان نەبێ. ئەگەر پێت وایە ستراتیژی یاسای سەخت و بنەمای کاتبەری هەیە، مانای وایە هەڵوێستێکی پتەو و جێگیرت ڕچاو کردووە کە پێش لەپێشڕەوی دەگرێ. دیارە لێکۆڵینەوە لە مێژوو و تیۆری دەتوانێ ڕوانگەی ئێوە سەبارەت بە جیهان بگۆڕێ. بەڵام پێویستە ئێوە بەرەنگاری ئەو دیدگایە ببنەوە کە ڕەنگە لە ئێوە کەسێکی دەمارگرژ دروست بکا. بە توندی و بێ‌بەزەیی‌یانە بەرەوڕووی ڕابردوو و نەریت و شێوەکاری کۆن ببنەوە. لەگەڵ بتە پیرۆزییەکان و هەموو ئەو دەنگانەی وا لە دەروونتان‌دان و پێشتان پێ دەگرن، بەشەڕ بێن.

خوێندەواریی ئێمە زۆر جار کێشە ساز دەکەن. لە شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا هێزەکانی ئینگلستان لە بیابانەکانی ئەفریقای باکوور لەگەڵ هێزەکانی ئاڵمان شەڕیان دەکرد. ئەوان بۆ کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەی شەڕ وەکوو تانک، دەورەی باشیان بینی بوو، لەوبارەیەوە مێشکیان پڕ لە تیۆری بوو. پاش ماوەیەک قشوونی ئەمریکای لەگەڵ ئینگلیزییەکان یەکیان گرت. ئەمریکاییەکان بۆ تاکتیکی شەڕ ئامووزشی زۆریان نەدیبوو، هێزەکانی ئەمریکا بە خێرایی توانیان شێوازی ئینگلیزییەکان (ئەگەر نەمانهەوێ بڵێین باشتر لەوان) شەڕیان دەکرد. ئەوان زۆر زوو خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی بیابانی ئەفریقا گونجاند. بەمجۆرەی کە فەرماندە ئێروین ڕۆمێل فەرماندەی هێزەکانی ئاڵمان لە ئەفریقای باکوور گوتبووی "ئەمریکییەکان لە ئەزموونی ئەفریقا زۆر باشتر لە ئینگلیزییەکان کەڵکیان وەرگرت، ئەمە پشتڕاستکردنەوەی ئەو ئیددیعایەیە کە دەڵێ، فێربوون ئاسان‌ترە لەوەی پێشتر شتێک فێربووبی و ئێستا بتهەوێ بیگۆڕێ."

مەبەستی ڕۆمێل ئەوەیە ئاموزش و خوێندن لە مێشکی مرۆڤدا تۆوێک دەچێنێ کە جووڵە و هەڵکەندنی زۆر سەختە. لە نێوەڕاستی شەڕدا، مێشکی دەورە دیتوو هەمیشە هەنگاوێک لە مێشکی کراوە لە دواترە. چونکە گرنگی دەدا بە یاساکانی کە پێشتر فێر بووە نەک بارودۆخی بگۆڕی ئێستا کەهەر ڕۆژ لە گۆڕاندایە. کاتێک لەگەڵ بارودۆخێکی تازە ڕووبەڕوو دەبییەوە باشترین کار ئەوەیە وا نیشان بدەی کە وەک ئەوە وایە هیچ نازانی و دەتهەوێ هەموو شتێک لەسەرەتاوە فێر بن. پاککردنەوەی زەینی خۆت لەو شتانە تەنانەت بە بیرۆکەی باش و ئیدەی تایبەت دڵخواز، کە پێشتر دەتزانی بیسڕنەوە، مێشک بۆ وەرگرتنی شتی نوێ دەکاتەوە کە بە ئەزموونی ئێستا باری بێنن. ئەوە باشترین قوتابخانە و باشترین پەروەردەیە. لەڕاستی‌دا بەو شێوەیە لەبری ئەوەی بە تیۆری و کتێب و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەروەدەی خەڵکی دیکەوە بەستراوە بی، ماسولکەی ستراتیژیکی خۆت بەهێز و پەروەدەی بکە.

**بیرەوەرییەکانی شەڕی پێشوو لە مێشکدا بسڕەوە.** شەڕی پێشووی ئێوە مەترسییە، تەنانەت ئەگەر سەرکەوتنت بەدەستهێنا بێ. ئەو شەڕە لە زەینی تۆدا هەر تازەیە بەتایبەتی ئەگەر سەرکەوتنت مسۆگەر کردبێ هیواخوازی کە هەمان ستراتیژی دووبارە بکەیەوە، چونکە سەرکەوتنی ڕابردوو لە ئێمە کەسێکی تەنبەڵ دروست دەکا و ئەگەر دۆڕاندووتە، ئێستا کەسێکی دوودڵی کە نازانی لە چ شێوەیەک کەڵک وەرگری. کەوابوو بە هیچ جۆرێک بیر لەشەڕی پێشوو مەکەوە و هەر کارێکی لەدەستان دێت بیکەن تاکوو فەراموشی بکەن. ژێنراڵی گەورەی ویتنامی باکووڕ "وو گوین جیاپ" بە درێژایی شەڕی ویتنام یاسایەکی سادەی هەڵبژارد بوو. ئەو دوای هەر شەڕێک تەنانەت ئەگەر سەرکەوتووش بوایە خۆی قەناعەت پێدەکرد کە لەو شەڕەدا شکانیش بووە، لەئاکامدا بۆ سەرکەوتنەکانی مەغروور نەدەبوو، هیچکات ستراتیژی پێشووی لەشەڕی داهاتوودا دووبارە نەدەکردەوە، بەڵکوو بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی شەڕ ستراتیژییەکی نوێی بەکار هێناوە.

تێد ویلیامز کە دەکرێ بڵێین یەکێک لەگەورەترین یاریزانانی بێسبۆڵ بوو، هەمیشە هەوڵی دەدا ئاخرین زەربەی خۆی لەبیر بکا: جا ئەو زەربە ئامانجی دەپێکا یان نا، لەبیری دەکرد. تەنانەت ئەگەر تۆپ هاوێژەکە یەک کەسیش بووایە دوو زەربەکەی وەک یەک نەبوو. ویلیامز بەردەوام زەینی خۆی بە کراوەی دەهێشتەوە، ئەو چاوەڕوان نەبوو کە یاری دوایی دەست پێبکا تاکوو یاری پێشووی لەبیر بچێتەوە، ئەو کاتەی کە یاری دەستی پێدەکرد لە مێشکیدا ساتێك دواتر خەریکی سڕینەوەی بوو. گرنگیدان بە وردەکارییەکانی ئێستا باشترین ڕێگایە بۆ وازهێنان لە ڕابردوو و سڕینەوەی شەڕی پێشوو لە مێشکدایە.

کارێک بکە زەینی خۆت بەردەوام لە جووڵە و گەڕ دابێ. کاتێک منداڵ بووین مێشکمان هەرگیز نەدەوستا، بۆ وەرگرتنی ئەزموونی نوێ کراوە بووین و تا ئەو جێگایەی ئیمکانی بوایە فێری دەبووین. ئێمە زوو فێر دەبووین چونکە دنیای دەوروبەرمان سەرنجڕاکێش بوو. کاتێک هەستمان بە سەرلێشێواوی یان ماندوویی دەکرد بۆ گەیشتن بە ویستەکانمان هێندێک ڕێگەی داهێنەرانەمان دەدۆزییەوە و پاشان بە دیتنەوەی شێوازی نوێ گیروگرفتی ڕابردوومان لەبیر دەکرد.

تەواوی ستراتیژیستە گەورەکان وەک، ئەلکساندەر، ناپلیۆن و مووساشی لەو بارەیەوە وەک منداڵان وابوون و هێندێک جار تەنانەت وەک منداڵ ڕەفتاریان دەکرد. هۆکارەکەی سادەیە، ستراتیژیستە مەزنەکان شتەکان بەمجۆرە دەبینن کە بوونی هەیە. ئەوان لە سەر مەترسییەکان و دەرفەتەکان چاوتیژ و ورد بینن. هیچ شتێک لەژیاندا وەک خۆی نامێنێ بۆیە هاوهەنگاوی لەگەڵ بارودۆخێک کە بەردەوام لە ئاڵوگۆڕ دایە پێوستی بە زەینی چالاک هەیە. ستراتیژیستە گەورەکان بەپێی بیرۆکەی پێشوەختەی زەینیان کار ناکەن و ناجووڵێنەوە، بەڵکوو وەک منداڵان لەهەنووکەدا دەژین و بە چرکەسات وەڵام دەدەنەوە. زەینی ئەوانە بەردەوام لە جووڵە دایە و هەمیشە وردبین و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ورووژێنەرن و زۆر بە خێرایی ڕابردوو لەبیر دەکەن و بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێ دان.[١]

ئەرەستوو ئەو بیرمەندە گەورەیەی یۆنانی باوەڕی وابوو ژیان بە هۆی جموجۆڵەوە پێناسە دەکرێ. ئەوەی ناجووڵێ مردووە. ئەوەی پەلە و جووڵەی هەیە ئیمکاناتی ژیانی زیاتر بۆخۆی دابین کردووە. ئێمە هەموومان بەهەمان زەینی خرۆشاوی ناپلیۆنی لەدایک بووین، بەڵام کاتێک گەورە دەبین زیاتر ئارەزوو دەکەین وەک سوپای پرۆس وابین. لەوانەیە لە دڵی خۆتدا بیر لەوە بکەیەوە کە ئەوەی لەکاتی لاوی دا بۆی ژیاوی لە تەمەنی نیوەڕاست و پیری لەگەڵت بوایە، ئەوانە ڕەواڵەتی خۆشی، بەژن و باڵای ڕێک و خوشحاڵێکی سادەیە، بەڵام ئەوەی پێویستە لە هەموو شتێک زیاتر لەگەڵ خۆتدا هەڵیبگری تایبەتمەندی خێرایی زەینی منداڵانەیە. هەرکات هەستت کرد زەینی تۆ تێکەڵی بابەتێکی یان هزرێکی تایبەت بووە، یان بە واتایەکی هزرت تووشی وەسواسی بووە، هەر چۆنێک بووە لەخۆتی دوور بخەیەوە. بیر بە شتێکی تازەوە بکەنەوە. کاتی خۆت بۆ شتێک کە ناتوانی بیگۆڕی یان کاری تێیکەی بە فیڕۆ مەدە، تەنیا ڕێگای خۆت درێژە بدە.

**لە ڕوحی زەمانە تێبگەن.** بە درێژایی مێژووی شەڕانگێزی، شەڕی کلاسیکی بووە کە بە شێوەیەکی نائۆمێدکەر ڕابردوو بە دژی داهاتوو وەستاوە. نموونەی ئەوجۆرە لەسەدەی حەوتەمدا ڕووی دا، کاتێک ئیمپراتۆری ڕۆمی ڕۆژهەڵات و ئیمپراتۆری ئێران لە بەرامبەر سوپای شکستنەخواردووی ئیسلام ڕاوەستان، سوپایەک کە شێوەیەکی نوێی لە بەربەرەکانی بیابانی پەیڕەوی دەکرد. هەروەها لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەهەم کاتێک مەغۆلەکان لە جموجۆڵی بێوچان و بێ بەزەییانەیان لەدژی بەهێزی ڕووسیە و ئورووپا کەڵکیان وەرگرت، یان ساڵی ١٨٠٦

١. شکستخواردن تاڵە. تاڵە بۆ سەربازە ئاساییەکە، بەڵام سێ هێندە تاڵە بۆ ژێنراڵی سەربازەکان. ڕەنگە سەربازەکە دڵنەوایی خۆی بداتەوە بەو فکرەی کە شەڕ هەر ئاکامێک بێ ئەو ئەرکی خۆی بە دڵسۆزییەوە تا پێشکەش کردنی گیانی بە ئەنجام گەیاندووە، بەڵام فەرماندە باش دەزانێ ئەگەر شکست بخوا لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکەی کەمتەرخەمی کردووە چونکە سەرکەتنی سوپا وەزیفەی ئەو بووە. هیچ پەژارەیەک لەوە گەورەتر نیە بۆ فەرماندە کە شکست بخوا، ئەو سات بەسات بیر لە هۆکاری شکستەکەی دەکاتەوە، دەڵێ: لێرە هەڵەم کرد، لێرە لەبەر ئەوەی بوێری و ئازایەتی لەخۆم نیشان نەدا تەسلیمی ترسەکانم بووم، لێرە دەبوو سەبرم بێ و خۆم نوێ بکەمەوە، بەڵام پەلەم کرد لەو کاتەدا کە دەرفەتی پێشڕەوی بوو جێبەجێ نەکرا. ژێنراڵ هەموو سەربازەکانی بیر کەوتە کە ڕەوانەی گۆڕەپانی شەڕی کردن و لە میدان دا ڕایگرتن و بڕیاری پاشەکشەی نەدا بەڵکوو بەزیندووی دەرباز بن. هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵی بوون باوەڕیان پێی بوو یادی دەکردنەوە بەخۆی دەگوت: "من بوومە هۆکاری شکستی ئەوانە و وڵاتەکەم"، ئەو خۆی وەک ژێنراڵێکی شکستخواردوو دەبینێ لەساتەوەختێکی تاریکی ئەوتۆدا بنەماکانی فەرماندەهی و پیاوەتی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لێرەیە کە دەبێ واز لە ئەرکەکەی بێنێ، چونکە ئەگەر قەرار بێ لە شەڕێکی دیکەدا فەرماندەهی بکا دەبێ ئەو پەشیمانییانە فەراموش بکا و لەهەموویان مۆری بەتاڵکردنەوەیان لێ بدا، ئەگەر ئەو کارە نەکا ئەو شتانە پەنجە لە ئیرادە و ئیمانی گیر دەکەن، ئەو دەبێ دەست لە هێرش کردن بۆ سەر خۆی هەڵبگرێ و ئەو گومانانەی کە لە شکستەوە لەدایک بوون بۆ هەمیشە بیان نێژێ و تەنیا بیر لەو وانانە بکاتەوە کەشکستیان وەک دیاری بۆ هێنا و ئەو دەرس وەرگرتنە زۆر گرنگترە لە سەرکەوتن. شکست در پیروزی، ویلیام اسلیم، ١٨٩٧-١٩٧٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زایینی کاتێک ناپلیۆن سوپای پرۆسی لە یەنا شکست دا، لەهەر یەک لەو نمونانەدا سوپای سەرکەوتوو شێوەی شەڕی گەشە پێدا کە فورمێکی نوێی تەکنۆلۆژی یان نەزمێکی کۆمەڵایەتی نوێی لە باشترین شێوەی خۆیدا نیشان دەدا.

دەتوانی ئەو کارە لە ڕادەیەکی چووکەتردا بەرهەم بێنیەوە. تەنیا پێویستە لەگەڵ ڕوحی سەردەم خۆت بگونجێنی. وریا بوون بۆ ئەو مەیلانەی کە مرۆڤ بەرەو ئاستی باشتر بەرز دەکاتەوە بێگومان خۆگونجاندن لەگەڵ ئاستی باشتر و پێویستی بە هەوڵ و خوێندنەوە هەیە. لەگەڵ گەورەبوونمان باشترین شت ئەوەیە کە شێوازی خۆمان بگۆڕین. لە سەردەمی زێڕینی هۆلیووددا زۆربەی ئەکتەرەکانی ژن پیشەیی کورتماوەیان هەبوو، بەڵام جوان کراوفۆرد شەڕی لەگەڵ ئەوسیستمە کرد و توانی کارێکی درێژخایەن بۆ خۆی پەیدا بکا. ئەو بە گۆڕینی بەردەوامی شێوازی خۆی بەو ئامانجە گەیشت. ناوبراو لە دەور و ڕۆڵی ژنێکی دڵڕفێنەوە بۆ ژنێکی کەللەڕەق و قارەمان تا شاژنێکی بیرمەند کایەی کرد. لەبری ئەوەی خۆی و هەستەکانی بە مۆدێکی ڕۆژانەوە ببەستێتەوە کە دوای ماوەیەک باوی نامێنی، توانی ڕێگایەکی بەرەو لووتکە هەڵبژێرێ و لەگەڵی هەماهەنگ بێ. هەروەها ئێوەش بە گۆڕین و گونجاندنی شێوازی خۆتان لە چوونە نێو تەڵەکانی شەڕی ڕابردوو دوور بکەونەوە و ڕاست لەو کاتەدا کە هەموو هەست دەکەن باش دەتانناسن ئاڵوگۆڕ لەخۆتاندا پێک بێنن.

**سووڕانی پێچەوانە.** ڕۆماننووسی بەناوبانگی ڕووسی، فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی[1] (فئودور داستایفسکی)، تووشی نەخۆشی گەشکە ببوو، ساتێک پێش هێرشی نەخۆشی، هەستی بە حاڵەتێکی ڕۆچوونی قووڵ لە خۆیدا دەکرد. هەستێکی لەناکاو هاوکات لەگەڵ دەرکی ڕەوتی قووڵی واقیعییەت، یەک سات دیتنی جیهان ڕێک بەو شێوەی کە هەیە. دواتر کاتێک بەو ڕوانگە گەیشت کە ئەو واقیعییەتە تۆخە بە عادەت و ڕۆتینەکانی ژیان ڕەنگی ڕەسەنی خۆی لەدەست داوە، تووشی نائومێدی و خەمۆکی بوو. ناوبراو لە کاتی خەمۆکیدا پێی خۆش بوو دووبارە پێوەندی بە ڕاستییەوە بگرێتەوە. بۆیە سەردانی چایخانەکانی دەوروبەری دەکرد و تەواوی پووڵەکەی بە قومار دەدۆڕاند. لەوێدا بوو کە ڕاستییەکان بەسەریدا زاڵ دەبوو، ئارامیی و ژیانی ڕۆژانە نەدەما، وێنە کۆنەکان تێکدەشکان و ئەو ناچار دەبوو سەر لەنوێ بیر لە هەموو شتێک بکاتەوە و جارێکی دیکە وزەی داهێنەرانەی لە باوەش بگرێتەوە. ئەوە باشترین شێوە بۆ دەسڕاگەیشتنێکی وشیارانەیە بە هەستی لە خۆ ڕۆچوونی کاتی گەشکەبوون.

شێوازی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی بە دڵنیاییەوە کەمێک پەڕگیرانەیە. بەڵام ئێوەش هێندێک جار پێویستە تەکانێک بە خۆتان بدەن تا لە دەستی ڕابردوو ڕزگار بن. ئەوە دەتوانی هەمان وەرسووڕانی پێچەوانە بێت. واتە بە پێچەوانەوە کارێک بکە کە هەمیشە کردووتە. یانی خۆتان لە دۆخێکی

---

[1]. دۆستۆیڤسکی کتێبێکی لەسەر ژیانی خۆی هەیە بە ناوی "قومارچی"- و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نائاسایی جێ بدەن و کارەکە لە سفرەوە دەست پێ بکەنەوە. لە دۆخێکی ئەوتۆدا دەبێ عەقڵ لەگەڵ واقیعییەتی نوێدا خۆی بگونجێنێ و ژیان بگرێتە دەست. ئەم گۆڕانە ڕەنگە مەترسیدار دەرکەوێ بەڵام بە دڵنیاییەوە خرۆشێنەر و ڕوح هەژێن دەبێ.[١]

زەینی خۆت وەک سوپایەک چاو لێ بکە. سوپاکان دەبێ خۆیان لەگەڵ ئاڵۆزییەکان و تێکەڵ پێکەڵی شەڕی مۆدێرن بگونجێنن و ئەوەش تەنیا بە چالاکی و توانای مانۆڕی زیاتر دەکرێ. دوا لووتکەی ئەم گەشەیە شەڕی چریکی‌یە، کە تێیدا وەک ستراتیژییەک سوود لە ئاژاوە و پێش‌بینی‌نەکردن وەردەگرن. هێزێکی پارتیزانی هەرگیز بۆ بەرگریکردن لە شوێنێک یان شارێکی دیاریکراو ناوەستێ و بەردەوام لەکاتی جووڵەدایە و هەنگاوێک بەرەو پێشەوە دەڕوا و سەرکەوتن بەدەست دێنێ. ئەو سوپایە بە پەیڕەوکردنی مۆدێلی نوێ، هیچ ئامانجێک بۆ هێرشکردن نیشانی دوژمن نادا. هێزێکی پارتیزان هەرگیز تاکتیکێکی وەک یەک ئەنجام نادا و وەڵامی ئەو هەلومەرج و سات و ڕووداوانە دەداتەوە کە هاوکات ڕوو دەدەن. ئەو هیچ شەڕگەیەکی دیاریکراو، هیچ هێڵی پەیوەندی و ئامێرێکی جێگیر و هیچ کەلوپەل یان چکی قورسی لەپێشدا پێش‌بینی‌کراوی نییە. هێزێکی چریکی جووڵەی تۆخ و بەردەوامە.

ئەمە هەمان شێوازی بیرکردنەوەی نوێیە. لەسەر بەکارهێنانی تاکتیکێکی سەرسەختانە شێلگیر مەبن. ئیزن مەدە مێشکتان سەرنجی لەسەر شوێنێکی نەگۆڕ بێ و بەرگری لە جێگەیەک یان بیرۆکەی دیاریکراو بکەن. لەمانۆڕی هاوشێوە و بێ کەڵکی دووبارە خۆتان بپارێزن. خۆتان لەگەڵ ڕوانگە و ئەو شتانە کە لە چرکەدا ڕووبەڕووت دەبێتەوە، ڕابێنە. بە پاراستنی حەرەکەتی بەردەوام، دوژمن ناتوانێ ئامانجێک بۆ هێرش‌کردن ببینێتەوە لەبری ئەوەی تەسلیمی پشێوی و ئاژاوەی جیهان بن، سوودی لێ وەربگرن.

**بیهێنە بەرچاوت:** ئاو. لەگەڵ ئەو دەفرەدا دەگونجێ کە تێیدایە. دەڕوا و بەرد و بەربەستەکان لە سەر ڕێگای خۆی دەشواتەوە، کڵوگڵەکان و گڵمەتەکان نەرم دەبن و سەر ڕێگای ساف دەکا و هەرگیز لە جووڵە ناوەستێ، تا خێراتر بجوڵێ پاکتر و ڕووناکتر دەبێ.

---

١. ئەگەر بزانی کە هەموو ساتێک لە دۆخێکی تایبەت دای، ئەوە مانای ئەوەیە کە پرۆسەی ئازادی دەستی پێ‌کردووە، بەڵام کەسێک کە ئاگاداری دۆخ و هەوڵەکانی نەبێ، هەوڵ دەدا ببێتە کەسێکی جیاواز لە واقیعی بوونی خۆی، و ئەو ئەم خوو و عادەتەی لەگەڵ خۆیدا هەیە، بۆیە با هەموومان لەبیرمان بێ ئێمە دەمانەوێ بزانین چییە و ئاگاداری واقعییەتەکە بین بەبێ ئەوەی نێوی لێ بنێین و لێکی بدەینەوە. گەیشتن بەم قۆناغە بۆ یاوەریکردنی پێویستی بە عەقڵێکی زۆر زیرەک و دڵێکی زۆر خۆگونجاندن هەیە، چونکە هەموو شتێک بەردەوام لە گۆڕاندایە و ملکەچی گۆڕانە و ئەگەر عەقڵ کۆت و بەندەکانی بداتە بیروباوەڕ و بیرۆکەکان، ڕاگرتنی هاوهەنگاوی لەگەڵ گۆڕانکاری و هەڵکشان‌وداکشان زەحمەت دەبێ. دەبێ عەقڵێکی زۆر تیژ و دڵێکی زۆر نەرم و نیان هەبێ بۆ ئەوەی خۆت لەگەڵ ئەو شتەدا بگونجێنی کە بەردەوام لە بەرزی و نەزمی دایە، بەڵام کاتێک مێشک و زەینی خۆتان لە باوەڕ، دەمارگرژی یان شوناسێک‌دا قەتیس دێڵنەوە، ئیتر لە جووڵە دەکەوێ، دەروون و دڵی وشک ناتوانێ بە ئاسانی شوێن بارودۆخ و ساتەکان بکەوێ. جیدو کریشنامورتی ١٨٩٥- ١٩٨٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یولیسیز سایمۆن گرانت دەڵێ: "*هێندیک لە ژێنراڵەکانی ئێمە شکستیان خواردووە چونکە پێوشوێنی ئەوە کەوتوون کە هەموو شتێک بە یاسا و ئوسوول بەرەو پێش بەرن. ئەوان دەیانزانی کە فرێدریک پێشتر چی کردووە و ناپلیۆن چۆنی وەڵام داوەتەوە. هەمیشە بیریان لەوە دەکردەوە کە ناپلیۆن چ حەرەکەتێک دەکا. من نامهەوێ گومان لە بەهاکانی زانستی نیزامی بکەم، بەڵام باوەڕێکی قووڵم بەوە هەیە ئەگەر نیزامی‌کاران تەنیا بە لەبەرچاوگرتن و گوێڕایەڵی بنەما کوێرەکانی ڕابردوو شەڕ بکەن بە دڵنیاییی شکست دەخۆن چونکە شەڕ ڕووداوێکی ئیستاتیک و ڕاوەستاو نییە.*"

## حاڵەتی دەگمەن

شەڕکردن لەسەر بنەمای شەڕی پێشوو هیچ گرنگی و بایەخێکی نییە، بەڵام کاتێک مەیلی دواکەوتوویی و کۆنەپەرستانە وەلا دەنێی وابزانە کە دوژمنیش هەمان کاری کردووە. ئەویش خۆی لەگەڵ کاتی ئێستا هەماهەنگ دەکا. هێندێک ڕووداوی ماڵوێرانکەری مێژووی نیزامی بە هۆی شەڕکردن لەسەر بنەمای شەڕی پێشوو ڕووی داوە و پێیان وابوو کە دوژمنیش هەمان کار دەکات. کاتێک سەدام حوسێن ساڵی ١٩٩٠ هێرشی بۆ "کویت" کرد پێی وابوو ئەمریکا لە شەڕی ویتنام هێشتا نەهاتووەتەوە سەرپێی خۆی و پشتی ڕاست نەکردووەتەوە بەهۆی ئەو هەمووە ترس و زیانەی لەشەڕی ویتنام وێی کەوتووە خۆی تووشی شەڕێکی دیکە ناکا، یان بە هەمان شێوەی پێشوو دەجووڵێتەوە، واتە هەوڵ دان بۆ بەربەرەکانی هەوایی نەک زەوی. سەدام حوسێن دەرکی نەکرد کە نیزامی‌یانی ئەمریکایی خۆیان بۆ شەڕ بەشێوەیەکی نوێ ئامادە کردووە. لەبیرتان بێ، ڕەنگە دۆڕاوی شەڕی پێشوو بەهۆی ئەو زەبرە قورسانە کە وێی کەوتووە ترسی لەشەڕێکی نوێ هەبێ یان خۆی لێ بدزێتەوە. بەڵام بە دڵنیایی ئەگەر تووشی شەڕێکی نوێ بێ لە ئەزموونەکانی ڕابردوو دەرس وەردەگرێ و لایەنی وشیاری دەپارێزێ و شێوازەکانی پێشوو دووپاتە ناکاتەوە. هەرگیز ئیزن مەدەن لە کاتی شەڕدا، دوژمن ئێوە غافڵگیر بکا.

زۆرجار پەیوەندییەکان ڕێڕەوێکی پێش‌بینی‌کراو و بێزارکەر بە خۆیانەوە دەگرن. ئێوە دەبێ هەمان کار بکەن کە دەبوو بە ئەنجامی بگەیەنن، کەسانی دیکەش بە هەمان شێوە وەڵام دەدەنەوە کە ئوسوولەن وەڵامیان دەدایەوە. ئەو دەورە بەو شێوەیە درێژەی دەبێ، ئەگەر ئێو ئەو دەورە پێچەوانەی بکەن و بە شێوازێکی نوێ هەڵس‌وکەت بکەن ئەو ڕەوتە دەگۆڕن. هەر تاو ناتاوێ ڕێگەی نوێ دیاری بکەن تا شێوە کۆنەکانی پەیوەندی خۆتان بگۆڕن و ئیمکاناتی نوێی پێ تێکەڵ (تزریق) بکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی سێهەم:
# لەسەر لێشێواوی و قەیراندا حوزووری زەینتان لەدەست مەدەن.
# ستراتیژیی هاوسەنگی

لە لووتکەی شەڕدا عەقڵ مەیلی ئەوەی هەیە هاوسەنگی خۆی لەدەست بدات، زۆر شت لەپڕدا ڕووبەڕووت دەبنەوە - شکستەکانی ڕابردوو، گومانەکان و ڕەخنەی دەوروبەر و ئێستا ئەو مەترسییە هەیە کە نەکا دژکردەوەی هەستەکی تێکەڵ بە ترس و نائومێدی و ماندوویەتی نیشان بدەن. زۆر گرنگە لەهەر هەلومەرجێکدا حوزووری زەینی خۆت بپارێزی و هێزی زەینی خۆت ڕاگری. دەبێ زۆر چالاکانە لە بەرامبەر فشاری هەستیارانەی ساتەوەخت بەربەرەکانی بکەی - بێجگە لەوە کە چ شتێك زەربەی لێ داوی، زۆر پێداگر و متمانە بەخۆو و بە هێز کاردانەوە نیشان بدن. لەهەر بارودۆخێکدا عەقلی خۆت لەبەرامبەر شتی جۆراوجۆردا قایموپتەو ڕابگرە. فێربە، خۆت لە ئاژاوە و هەڵاوبگرەی مەیدانی شەڕ دوور بگرە و ڕێگا بدە ئەوانی دیکە هاوسەنگی خۆیان لەدەست بدەن. ئەوەندە پێویستە کە تۆ حوزووری زەینت ئامادە بێ تا لە نفووزکردنی ئەوان پارێزراو بی و لەڕێڕەوی خۆت بـمێنیەوە.[١]

### تاکتیکی زۆر شەڕاشۆ (تاکتیک بیش‌پرخاشگری)

دەریادار لۆرد هوڕاشیا نیلسۆن تەواوی بوونی خۆی بەو تاکتیکەوە تەرخان کرد. ئەو چاوی ڕاستی لە شەڕی کالوی و دەستی چەپی لەشەڕی تەنریف لەدەست دا. ناوبراو لەساڵی ١٧٩٧ لەشەڕی سێنت وێنستدا ئیسپانیای شکست دا و ساڵی دواتر لەشەڕی نیل لەوڵاتی میسر هێزی دەریایی ناپلیۆنی تێک شکاند و تێکۆشانی ناپلیۆنی لەمیسر کۆتایی پێ‌هێنا. بەڵام کاتێک لەمانگی فوریەی [ڕێبەندانی] ساڵی ١٨٠١دا خۆیان بۆ شەڕ دژی دانمارک ئامادە دەکرد، هیچکام لە ململانێ و سەرکەوتنەکانی ئەویان بۆ ئەو کێشانە ئامادە نەکرد بوو کە هاوکارەکانی لە ناوگانی هێزی دەریایی ئینگلستاندا

---

١. بوونی بیروهزر لەشەڕدا پێویستە و دەبێ ڕۆڵێکی گرنگ لەناوچە نەناسراوەکان و پێشبینی‌نەکراودا بگێڕێ چونکە مەبەست لەبوونی هزر واتە زیادبوونی توانای بەڕێوەبردنی بارودۆخی چاوەڕوان‌نەکراوە، ئێمە پێویستمان بە بوونی بیروهزر لە بارودۆخی نائاسایی‌دا هەیە بۆ ئەوەی دەستبەجێ و خێرا لەسەر مەترسییەکان بڕیار بدەین. زاراوەی "حوزووری هزر" بە وردی و خێرایی لەکاتی سەختی‌دا یارمەتی بە مێشکی مرۆڤ دەکا. پیرامون جنگ، کارل فۆن کلاوس‌ویتس، ١٧٨٠-١٨٣١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دروستیان کردبوو.

لۆرد هوراشیا نیلسۆن، بەناوبانگترین قارەمانی ئینگلستان و باشترین هەڵبژاردە بۆ فەرماندەیی کردنی کەشتیەکان بوو. بەڵام بەڕێوەبەری دەریاوانی سێرهاید پارکێری دیاری کرد و نیلسۆنی وەک فەرماندەی دووهەم هەڵبژارد. ئەو شەڕە بابەتێکی زۆر هەستیار و ئامانجی ئەو شەڕە ئەوە بوو دانمارک ناچار بکەن مل بۆ داواکانیان ڕاکێشێ، کە گواستنەوەی کەرەستەی نیزامی لەدانمارکەوە بۆ فەڕانسە کە لە لایەن شانشینی ئینگلستانەوە گەمارۆی خرابووە سەر، ڕاگرن. نیلسۆن کە کەسێکی تووڕە کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدا، ئەو نەفرەتی لە ناپلیۆن بوو. ئەگەر بیویستبوایە دژی دانمارک ڕێوشوێنی توندڕەوانە بگرێتەبەر، لەوانەبوو شکستێکی ئابڕووبەرانەی سیاسی لێبکەوێتەوە. سێرهاید لە نیلسۆن مەندتر و کەسایەتییەکی سەقامگیری بوو، ئەو خاوەنی ئەخلاقی توندڕەوانە نەبوو و دەیتوانی ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ و ئەگینا کارێکی دیکەی لەدەست نەدەهات.

نیلسۆن هەرچەند لەغروری درا بەڵام پۆستی فەرماندەهی دووهەمی قەبووڵ کرد. هەروەها دەیتوانی کێشەکانی سەر ڕێگا بەجوانی ببینێ. ئەو دەیزانی کاتی دەست بەکار بوون هاتووە و هەرچی کەشتیەکان خێراتر ڕێکەون دانمارکییەکان کەمتر دەرفەتی خۆڕاگرییان دەبێ. کەشتییەکان ئامادەی ڕێکەوتن بوون، بەڵام دروشمی پارکێر ئەوە بوو: "*هەموو شتێک بە پێی نەزم و ڕێسا و یاسا بەڕێوە بچێ.*" شێوازی کەسایەتیی پارکێر پەلەکردنی تێدا نەبوو. نیلسۆن لە کاوەخۆیی ناوبراو بێزار و لە دڵی خۆیدا هەر پیشی دەخواردەوە بۆیە بە هیوای کارێک بوو. ناوبراو ڕاپۆرتی ئیتلاعاتی لێک دەدایەوە و نەخشەکانی چاو لێ دەکرد هەوڵی دەدا دەست پێشخەریی بکا بەڵام پارکێر پشتگوێی دەخست.[١]

سەرەنجام ١١ی مارس [٢٠ی ڕەشەممە] کەشتییەکانی ئینگلستان وەجووڵە کەوتن و پارکێر بەجێگای ئەوە بەرەو کۆپێنهاک بڕوا ڕووی لە باکووری کەنداوی شار کرد و دانیشتنێکی بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ کاپیتانەکانی دیاری کرد. ناوبراو بۆی شیکردنەوە بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵگرییەکان دانمارکییەکان بیریان لە چەندین ڕێگای بەرگری ئاڵۆز و پێچەڵاوپێچ کردوەتەوە. بەلەمەکان لە کەنداو لەنگەریان گرتووە و بەشی باکوور و باشوور بە هێز دەکەن، بڕوایان وابوو کە ڕەنگە تۆپخانەی گەڕۆکی (متحرک)ی دانمارک کەشتییەکانی ئینگلستان نوقم دەکا. پرسیار ئەوەیە، کە چۆن شەڕ لەگەڵ ئەو تۆپخانەیە بکەین بەبێ ئەوەی زیانی زۆریان لێ بکەوێتەوە؟ تەنانەت مەلەوانانی کە شارەزاییان لە ئاوەکانی دانمارک بوو هەواڵیان هێنا کە ناوچەکە پڕ لە خۆڵ و لمە و بای بەهێز دەتوانێ کارەکە قورستر بکا. بە پێش‌بینیکردنی ئەو بارودۆخە چەندین مەترسی هەڕەشەی لێ دەکردن. سەرەڕای ئەو کێشانە، ڕەنگە باشترین کار ئەوە بوایە کە چاوەڕوان بمێننەوە تا دانمارکییەکان کەنداوەکە چۆل بکەن و پاشان ئینگلیزییەکان لە دەریای ئازاد شەڕیان لەگەڵ دەست پێبکەن.

---

١. لە بیرکردنەوەی مرۆڤەوە ژیان زیاتر هەڵدەقولێ، نەک لە برینە کراوەکانی. توماس هاردی ١٨٢٨- ١٨٤٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیلسۆن هەوڵیدا خۆی کۆنترۆڵ بکا بەڵام خۆی پێ ڕانەگیرا، لەکاتێکدا دەستە پەڕیوەکەی لە لای شانییەوە دەجووڵایەوە لەنێو ژوورەکەی خۆیدا هاتوچۆی دەکرد، گوتی: "هیچ شەڕێک بە چاوەڕوانی کردن سەرکەوتن بە خۆیەوە نابینێ و سەرنەکەوتووە، هێزی بەرگری دانمارک بۆ ئەو کەسانەی کە هیچ ئەزموونێکی لەشەڕکردندا نیە و منداڵن، بە ڕواڵەت بە هێز دیارن." ناوبراو ستراتیژییەکی هەبوو کە چەند حەوتوو پێشتر کاری لەسەر کردبوو: سادەترین ڕێگا ئەوە بوو کە لە باشوورەوە هێرش بکەن و پارکێر و هێزەکانی زەخیرە یان یارمەتیدەر لە باکوور بمێننەوە. نیلسۆن دەیتوانی لە هێزی دینامیکی خۆی بۆ چەککردنی دانمارک سوود وەرگرێ. ناوبراو نەخشەکانی لێک دابووەوە، تەپۆڵکە لەمەکان هیچ هەڕەشەیەکی نەبوو و لەبارەی باوە وەزعەکە خراپ نەبوو، تەنیا پێویست بوو هێزەکان خێرا و توندوتۆڵ ئێقدام بکەن.

وتەکانی نیلسۆن ئەنگێزەی بە کاپیتانەکانی پارکێر بەخشی. ئەو هەمیشە سەرکەوتووترین ڕێبەر بوو و متمانەی بەخۆبوونی لە جێی خۆیدا بوو. قسەکانی تەنانەت لە سەر سێرهاید کاریگەر بوو و گەڵالەی ئەوی قەبووڵ کرد.[١]

بەیانی ڕۆژی دوایی کەشتییەکانی نیلسۆن بەرەو کۆپێنهاک جووڵەیان کرد و شەڕ دەستی پێکرد. هێزەکانی دانمارک لە مەودایەکی کورتەوە تەقەیان لە هێزەکانی نیلسۆن کرد. ناوبراو کەشتی شەڕکەری گەورەی بەناوی HMS "اچ‌ام‌اس الفنت" لە پێشەوەی هەموو کەشتییەکان ڕەوانەی زەریا کرد. ئەو زۆر بە پەرۆشەوە بوو و خوێن بەری چاوی گرتبوو، یەکەمین گوللە لەکەشتی سەرەکی دانمارەکەوە بەرەو لای ئەوان هات، ئەو چاوێکی لە یەکێک لە سەرتیپەکانی کە بە ڕەواڵەت ترسابوو کرد و گوتی: "شەڕ گەیشتۆتە ئاستێکی سەخت و لەوانەیە هەر ئێستا بمرین و ڕەنگە ئەمڕۆ ئاخرین ڕۆژی ژیانمان بێت بەڵام لەبیرت بێ ئەگەر دەمتوانی لە شوێنێکی دیکە بم، دیسان هەر ئێرەم هەڵ دەبژارد."

پارکێر لە شوێنی خۆیەوە چاوەدێری گۆڕەپانی شەڕی دەکرد و ئێستا پەشیمان بوو کە بۆ موافقی

---

١. کەواتە "سایمۆن گڕانت" بە تەنیا بوو، متمانە پێ کراوترین ژێردەستەکانی داوای لێ دەکرد پلانەکانی بگۆڕێ، لە کاتێکدا سەرۆکەکانی سەریان سوڕما لە خۆڕاگرییەکەی و هەوڵیان دەدا دەست لەکاروباری وەردەن. سەربازانی ناوبانگ و خەڵکی مەدەنی لە ڕوتبە بەرزەکاندا، هەر لەسەرەتاوە ئێعترازیان کرد کە ئەو شەڕە هیوا بەخش نیە و نائۆمێدی دێنێ ئەگەر بەلای ئەوانەوە بێ‌هیوا بوو، ئەوەندەش بێ‌وێنە بوو. ئەگەر گڕانت شکستی خواردبوایە، تەواوی خەڵک لەگەڵ حکومەت و ژێنڕاڵەکان لە دژی ئەو هاوڕا دەبوون. گڕانت هەموو ئەوانەی دەزانی و بەڵام دیسان مەترسیی بەگیان و دڵ قەبووڵ کرد. ئەو لەبەرامبەر داواکاریی دۆستەکانی، یان تەنانەت دڵەڕاوکێی ژێنڕاڵەکان وخەڵکی نیشتمانپەروەر زۆر ئازایانە ڕاوەستا و متمانەی کە بە خۆی بوو هەرگیز لە هەلومەرجی سەخت وازی لێ نەهێنا و یەک جار بڕیاری دابوو بڵاویشی کردەوە کە تەنانەت بۆ ساتێکیش گومانی لە بڕیاری نەبووە هەمیشە وەفادار بە خۆی و بەرنامەکانی بووە. ئەم باوەڕە ڕەها و ئاشکرایە لەسەر حەماسەت و شانازی و هۆشیاری و پابەندبوون دامەزرابوو. ئەو ئیمانە هێزێکی نمونەی پێ بەخشی و تۆوی ئیمان بە گڕانت لە دڵی ئەوانی دیکەدا چاند. چونکە لە هەموو کەس زیاتر پشتی بە خۆی دەبەست. تاریخ نظانی یولسیز سایمون گرانت، آدام بادئۆ، ١٨٦٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیلسۆن بووە. ئەو بەرپرسی ئەو شەڕە بوو، تێکشکان دەیتوانی ڕێزی ئەو بۆ هەمیشە خەوشدار بکات. دوای چوار سەعات بۆمبارانی خەست لە هەر دوو لاوە، هێشتا ئینگلستان هەنگاوێک پێشڕەوی نەکردبوو و تەواوی هەوڵەکانی ئینگلستان هیچ سوودێکی نەبوو. نیلسۆن هیچکات بیری لە پاشەکشە نەدەکردەوە، بەڵام پارکێر بڕیاری‌دا کاتی هەڵکردنی ئاڵای ژمارە ٣٩ هاتووە کە نیشانەی پاشەکشە بوو. بڕیار درابوو یەکەمین کەشتی کە ئەو نیشانەیەی بینی ئەوە بە کشتی پشت سەری خۆی نیشان بدا. بەم شێوەیە هەموو کەشتییەکان ئاگادار دەکرانەوە کاتێک هەموو کەشتییەکان ئاگادار کرانەوە تەنیا کارێکی کە دەبوو بیکەن ئەوە بوو بۆ دواوە بگەڕێنەوە و وای دانێن شەڕ کۆتایی هاتووە.

لەسەر سەکۆی کەشتی "الفنت"، دەریاوانێک نیشانەکەی بینی و خێرا نیلسۆنی ئاگادار کردەوە، بەڵام نیلسۆن هەواڵەکەی پشتگوێ خست ئەو هەروا هێرشی بۆ دیواری بەرگری دانمارکییەکان دەکرد. نیلسۆن بە یەکێک لە ئەفسەرانی بەناوی فولی گوت: "ئایە ئێستاش ئاڵای ژمارە ١٦ دەشەکێتەوە؟" ئاڵای ژمارە ١٦ مانای ئەوە بوو کە هێرشەکانتان بەرەو دوژمن بەگوڕ و توندتر بکەن. فولی ئەوی دڵنیا کردەوە کە ئاڵا لە حاڵی شەکانەوە دایە، نیلسۆن پێی گوت: "وشیاربە ئاڵا بۆ خوارەوە نەیەت". چەند دەقیقە دواتر پارکێر کە سەری سووڕما بوو، دیسان ئاڵای ژمارە ٣٩ی بەرز کردەوە. نیلسۆن چاویکی لە ئەفسەر کرد و گوتی "فولی، هەروەک دەبینی من چاوێکم هەیە هێندێک جار هەقم هەیە کوێر بم" ناوبراو دووربینەکەی نا بە چاوە کوێرەکەی و بە هێواشی گوتی: "من هیچ نیشانەیەک لەلایەن پارکێرەوە نابینم."

کاپیتانەکانی کەشتی "الفنت" گومانیان بۆ دروست بوو ئایە پەیڕەوی لە نیلسۆن بکەن یان پارکێر، سەرەنجام نیلسۆنیان هەڵبژارد. ئەوان بەو ئاکامە گەیشتن کە تەنانەت ئەگەر پلەی خۆیان بۆ هەمیشە لەدەست بدەن لەگەل نیلسۆن بمێننەوە. هێزەکانی بەرگری دانمارک بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر کەوتنە داوی مەرگەوە و بەرەبەرە ئاگری چەکەکانیان ڕووی لە کزی کرد، سەعاتێک دوای نیشانەی پارکێر بۆ پاشەکشە، هێزەکانی دانمارک تەسلیم و خۆیان بەدەستەوە دا.

ڕۆژی دواتر پارکێر تەنیا لە ڕووی ئەدەبەوە پیرۆزبایی لە نیلسۆن کرد. ئەو نافەرمانی هێزەکانی ژێردەستی بەسەر خۆیدا نەهێنا چونکە هیواداربوو هەموو بابەتەکان و لەوانە بە ترسەنۆکی ئەوەوە لەبیر بچنەوە.

### لێکدانەوە

کاتێک دەریاوانی بڕوایان بە سێرهاید کرد هەڵەیەکی نیزامیی کلاسیکی دووبارە کرایەوە، واتە ناوەندی شەڕی بە کەسێک سپارد کە وردبین و ڕێک‌وپێک بوو. کەسانی ئەوتۆ کە لەکاتی ئاشتی‌دا بەهێز و ئارام دەردەکەون، بەڵام لەسەرەخۆ و باوەڕ بەخۆبوون دەبێتە هۆی ئەوە خاڵە لاوازەکانیان نەبینن. هۆکاری ئەوە هەموو شتێك بە وردی لەژێر چاوەدێری دەگرن چونکە ترسیان هەیە هەڵەیەک بکەن و ئاکامی هەڵەکە بۆ ئاسایشی کارەکەیان زیانبەخش بێ. ئەوانە خۆیان نیشان نادەن مەگەر لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەرگەی شەڕدا، لەوێیە لەپڕدا توانای بڕیاردان لەدەست دەدەن و ڕوو لەهەر جێگایەک بکەن کێشەیان بۆ دروست دەبێ و بە بچووکترین خافڵگیری شکست بەهەمو نرخێک دەکرن. ئەوانەی بە لاوازی دەجووڵێنەوە و بە سستی کاردەکەن، هۆکاری ئەو سستییە لەسەرەخۆیی و پشوودرێژی نیە، بەڵکوو بەهۆی ترسەوەیە. زۆرجار ساتەکانی گومان و دوودڵی ئەوانە مەحکووم بە شکستیان دەکا.

لۆرد نیلسۆن، بەپێی بنەمایەکی دژ بەیەک دەچووە پێش. ناوبراو زەعفی جسمانی خۆی بە ئیرادەی پۆڵایین قەرەبوو دەکردەوە. ڕەنگە لەڕواڵەتدا و بە جەستە وەک کەسێکی لاواز ببینرایە، بەڵام دڵێکی بەهێزی هەبوو. ئەو خۆی ناچار دەکرد کە لە تەواوی کەسانی دەوروبەری شێلگیرتر و هەڵسووڕتر بێ. لەجەرگەی شەڕدا هێزی شەڕەنگێزی خۆی بەتەواوی وەگەڕ دەخست. کاتێک دەریادارانی دیکە نیگەرانی با، لم و باوبۆرانی توند و هەروەها گۆڕینی ئارایشی نیزامی دوژمن بوون، ئەو سەرنجی لەسەر گەڵاڵە و تەرحی خۆی بوو. هیچ کەس وەک نیلسۆن پێش شەڕ بە وردی و وردبینانە لە دوژمن یان نەیارەکەی نەدەکۆڵییەوە. (ئەو زانستە یارمەتی نیلسۆنی کرد تاکوو بزانێ دوژمن لە لێواری شکستدایە.) ناوبراو ئەگەر گومانی بوایە بە چوونە نێو مەیدانی شەڕ هەموو گومانەکانی دەخستە ژێر پێی.

بیرتیژی، پارسەنگی لاوازیی مێشکە و دەبێتە لەمپەرێک لە بەرامبەر ئەوەدا کە لە کاتی شەڕدا جۆش‌وخرۆش بمانگرێ و هەیەجانی بین یا ئەوەیکە ئاسۆمان لێ ون بێت. گەورەترین لاوازی ئێمە، ترس و گومان لە خۆمانە. گەورەترین لاوازی ئەوەیە کە ببین بە کەسێکی خۆپارێز. ئەوەی کە زیاتر لەوە پێویستە وردبین بین هەمان بەستێنی ترس و دووگانگی و هەڵەیە. ئەو شتەیی کە پێویستمانە ئیرادە و متمانەی دووقاتە. ئەو ئیرادەیە هەمان پارسەنگە کە هاوسەنگی و هاواهەنگی ئێمە دەپارێزێ.

لە ساتەکانی سەرلێشێواوی و ناڕەحەتیدا بە ناچاری هەوڵ بدە جەسوورتر بن. وزەی زۆر و هێرشی دەروونی خۆتان کۆ بکەوە تا بە سەر خۆپارێزی و وەستاندا زاڵ بن. هەر هەڵەیەک کە تووش دەبن دەتوانی بە کردەوەیەکی پتەوتر قەرەبووی بکەیەوە. وریایی خۆتان بۆ کاتژمێرەکانی ئامادەکاری بپارێزە، بەڵام کاتێک شەڕ دەست پێ‌دەکا مێشکی خۆت لە هەر گومانێک بسڕەوە. تەواوی ئەو کەسانەی لەپشتی شەڕگەن و هاواری پاشەکشە دەکەن پشتگوێیان بخە. لە کاتی هێرشکردندا بەدوای سۆزێکی زیاتردا بگەڕێ و بزانە کە پاراستنی خێرایی و جووڵەی بەردەوام بەرەو پێشەوەت دەبا.

کارل فۆن کلاوزویتس لەکتێبی سەبارەت بە شەڕ(١٧٨٠-١٨٣١) دەڵێ: "*هەست زیاتر لە عەقڵ کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە. تەنانەت ئەو کەسەی گەڵاڵەی عەمەلیات دادەڕێژێ و دواتر شایەتحاڵی سەرکەوتنی گەڵاڵەکەی دەبێ، لە یەکەم هەڵسەنگاندندا تووشی گومانی دەبێ... ئەوە خەسڵەتی شەڕە، کە حیکمەتی فەرماندەکانی بە خەیاڵی ترسەوە ڕەنگیان دەگۆڕێ. کاتێک ترس نەما*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*و ئاسۆکان دەردەکەوتن، پێشڕەوی و بوێری، حوکمە سەرەتاییەکان دەسڕێتەوە، ئەوەش یەکێک لە کەلێنەکانی نێوان گەڵاڵەدارێژی و جێبەجێ کردنە."*

## تاکتیکی ڕزگاریی بودا

بۆ ئەو کەسانەی کە یەکەم جار ئالفرید هیچکاکیان لەپشتی پەردەی فیلمەکانییەوە دەدیت لە ئارامی ئەو سەریان سووڕ دەما. زۆربەی دەرهێنەری فیلمەکان وەک بۆمبی وزە وان. دەستوور بە تیمی فیلم دەدەن و هاوار دەکەن، بەڵام هیچکاک لەسەر کورسی خۆی دادەنیشت و هێندێک جار باوێشکی دەهات و هێندێک جار بە چاوی نیوەکراوە سەیری دەکردن. لە دیمەنی فیلمی "غەریبەکان لە قەتاردا" کە لە ساڵی ١٩٥١ دروست کراوە ئەکتەری ناودار فارلی گرنگر پێی وابوو ئەو هەڵس‌وکەوتەی هیچکاک نیشانەی تووڕەیی و نیگەرانیەتی، بۆیە پرسیاری لێ‌کرد بەڕاستی کێشەیەک پێش هاتووە؟ هیچکاک بە حاڵەتێکی خەواڵوو وەڵامی داوە، "نا من ماندووم". سکاڵا و گلەیی ئەکتەرەکان و هەڵەکانیان بە هیچ جۆرێک هیچکاکی تووڕە نەدەکرد. لەو کاتەدا جێگاکەی لە کورسییەک بۆ یەکی دیکەی دەگوازتەوە و دەستی دەکێشایەوە و کێشەکانی لەبەرچاو نەدەگرتن. مارگاریێت لاک وود یەکێک لە ئەکتەرەکان دەڵێ: "لەبنەڕەتدا پێت وانەبوو هیچکاک دەرهێنەری ئێمە بێ، ناوبراو وەک بودا بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە نهێنی سەیری ئێمەی دەکرد و سەری دەلەقاند."

هاوکارەکانی هیچکاک زۆریان بەلاوە گرنگ بوو بزانن کە ئەو پیاوە چۆن کارێکی وا دژوار و ئاڵۆز زۆر بە ئارامی و لەسەرەخۆ بە ئەنجام دەگەیەنێت. هێندێک پێیان وابوو ئەوە تایبەتمەندی کەسایەتی ناوبراوە و بە تەواوی خوێن ساردە. هێندێکی دیکە پێیان وابوو کە ئەو لە خۆنواندن و دەرکەوتن خۆی دەپارێزێ، بەڵام هێندێک ڕاستییەکەیان دەزانی کە ناوبراو پێش ئەوەی کلیلی پڕۆژە لێ بدا خۆی بۆ ئامادە دەکرد و لەڕادەبەدەر سەرنجی بە وردەکارییەکان دەدا، بە جۆرێک کە هیچ هەڵەیەک نەدەهاتە پێش. هەموو شت لە کۆنترۆڵی ئەودا بوو. هەر بۆیە نە ئەکتەری تووڕە، نە دەرهێنەری ترسەنۆک و نە ئامادەکاری دڕدوک‌ولاپرەسەن نەیتوانی سەلامەتی مێشکی لێ بستێنێ و یان لە بەرنامەکانی‌دا کەم‌وکوڕی دروست بکەن. ناوبراو بەهۆی ئەو ئاسایشەی کە خۆی دروستی دەکرد بە خەیاڵی ڕاحەت پاڵی بە کورسیەوە دەدایەوە و خەوی لێ دەکەوت.

ڕەوتی کارکردنی هیچکاک بە هێڵی چیرۆکێک دەستی پێ‌دەکرد، کە ڕەنگە لە ڕۆمانێکەوە وەرگیرابێ یان بیرۆکەیەکی خۆی بێ. وەک ئەوە وابوو کە پرۆژێکتۆرێکی فیلمی لە مێشک‌دا هەبێ و ئەو فیلمە بە چاوی خۆی ببینێ. پاشان لەگەڵ نووسەرێک کە دەیزانی کاری لەگەڵ خەڵکی دیکە جیاوازە، کۆبوونەوەی پێک‌دەهێنا. ئەو نووسەرە بە جێگای ئەوەی بیرۆکەی نیوەکارەی ئامادەکار هەڵگرێ و شانۆنامەی لە سەربنووسێ، بە ئاسانی ئەو خەونانەی لەمێشکی هیچکاک دا بوون لەسەر کاغەز دەینووسییەوە. دواتر بە کەسایەتییەکان ڕوح و گیانی دەبەخشی و بە دڵنیایی وتوویژەکەی دەنووسییەوە و ئیتر هیچ کاری دیکەی نەدەکرد. کاتێک هیچکاک لەگەڵ نووسەر ساموێل تایلۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر فیلمی "سەرەگێژە" کۆبوونەوەی گرت، لە ڕاستیدا وەسفەکانی لە چەند دیمەن ئەوەندە زیندوو و ورد بوون کە پێت وابوو ئەزموونی کردووە یان خەونی پێوە بینیوە. لەبەرچاوگرتنی ئەم شتە وردانە ڕێگری لە هەر جۆرە ململانێیەک دەکرد. هەر بەوجۆرەی تایلۆر بە خێرای هەستی پێکرد لەگەڵ ئەوەی دەق و فیلمنامەکەی دەنووسی بەڵام فیلمنامەکە نیشانەی عەقڵی داهێنەرانەی هیچکاک بوو.

کاتێک سیناریۆ تەواو دەبوو. هیچکاک نوسخەیەکی وردی بە تەواوی وردەکارییەکانەوە لێ ساز دەکرد. ناوبراو وردەکارییەکانی دیمەن، ڕووناکی، شوێنی کامێراکان و گۆشەی جیاواز لەسەر کاغەز دەکێشاوە. زۆربەی دەرهێنەرەکان ئازادیی کارکردنیان هەبوو بۆ وێنە بۆ نووسینەوەی فیلم بەرپژێری زۆریان پێشنیار دەکرد و دیمەنەکانیان لەزۆر گۆشەوە هەڵدەسەنگاند. بەڵام هیچکاک بە وردی دەیزانی چی دەوێ و هەر ئەوەشی دەنووسی. ئەگەر ئامادەکار یا ئەکتەرێک هەوڵی دەدا دیمەنێک بگۆڕێ یان شتێکی لێ زیاد بکا هیچکاک بە ڕواڵەت خوشحاڵ دیار بوو، وای نیشان دەدا کە گوێی بۆ ڕاگرتووە بەڵام لە دڵەوە لە هەمان ویستی سەرەتای خۆی دڵنیا بوو.

لەکاری هیچکاکدا هیچ شتێك بە شانس و بەخت بەرەو پێش نەدەچوو، ناوبراو بۆ دروستکردنی دیمەنی ئاڵۆز، وەک دیمەنەکانی فیلمی "پەنجەرەی دواوە" هەموو وردەکارییەکانی لە زەوییەوە تا شوێنەکانی دیکە بەگشتی بە دیزاینەری شانۆکەی دابوو. ئەو چاوەدێری هەموو لایەنەکانی دروستکردنی دیمەن بوو و تەنانەت لەسەر جلوبەرگی ئەکتەرەکان هەستیار بوو. وەک ئیدیت هێد، دیزاینەری تەواوی جلوبەرگەکانی فیلمی هیچکاک، بە تایبەتی فیلمی "ئێم وەک نیشانەی مەرگ ببینە" لەساڵی ١٩٥٤ دروست کراوە دەڵێ، "هیچکاک بۆ هەموو ڕەنگ و شێوازێک دەلیلی هەبوو و بۆ هەر شتێک کە دەیگوت متمانەی هەبوو. لە دیمەنێکدا گریس کێلی جلی سەوزی کاڵ لەبەر دەکات، لە دیمەنێکی دیکەدا بە شیفۆنی سپی و لە دیمەنی دواتردا جلی زێڕینی لەبەر کرد. ناوبراو لە ستودیۆ خەونەکانی دەکردنە ڕاستی. کاتێک کیم نواک ئەکتەری فیلمی "سەرەگێژە" بڕیاریدا کۆتوشەڕواڵی خۆڵەمێشی لەبەر نەکرد و پێی وابوو کە ئەو شێوازە جلوبەرگە ڕواڵەتی شکستخواردووی پێ بەخشیوە هیچکاک بۆی ڕوون کردەوە کە نیازی هەیە بەو جلوبەرگە خۆڵەمێشییە بە بینەران کەسایەتی ژنێکی ڕەمزاوی نیشان بدا کە لە کەشوهەوای پڕ ڕەمز و نهێنی سانفرانسیسکۆدا هاتۆتە دەرەوە و پیاسە دەکا. دوای ئەو شیکردنەوەیە کیم نواک قسەی دیکەی نەکرد و جلوبەرگی پەسەندکراوی لەبەر کرد.

ئەکتەرەکانی هیچکاک کارکردنیان لەگەڵ ئەودا بە شتێکی سەیر، بەڵام جێگای دڵخۆشی دەزانی. هێندێک لەباشترینەکانی هۆلیوود وەک: ژوزف کاتێن، گریس کلی، کری گرێنت، ئینگرید برێگمن گوتبوویان هیچکاک ئاسانگیرترین دەرهێنەرە کە کاریان بۆ کردووە. بێ خەیاڵی و خوێنساردی ئەو کەسانی دیکەشی گیرۆدە کردبوو و بەو پێیە پێشوەخت پلانی هەموو وردەکارییەکانی فیلمەکانی داڕشتبوو و لە هیچ دیمەنێکدا وابەستەی ڕۆڵی ئەکتەرەکان نەبوو، دەیتوانی ئارامشی هەبێ. هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شتێک وەک سەعات بە وردی کاری دەکرد. هەر وەک جیمز ئیستوارت بە بەڕێوەبەری فیلمی "ئەو پیاوەی زۆر دەزانێ" گوتبووی: "ئێمە لێرە لە بەر دەستی کەسێکی کارشناس کار دەکەین، دەتوانین پشتی پێ ببەستین، هەر کارێکی ئەو دەیڵێ ئەنجامی بدەین، هەموو شتێک وەک خۆی دروست دەبێ."

هەر بەو جۆرە کە هیچکاک بە ئارامی دادەنیشت و چاوەدێری دەکرد هێندێک جار خەوی لێ دەکەوت و تیمەکە تەنیا ئەو بەشە بچووکەیان بینی کە هەریەکەیان ڕۆڵی تێدا دەگێڕا. ئەوان تێنەدەگەیشتن چۆن هەموو شتێک بەو شێوەیە بەسەرکەوتوویی کۆتایی دێت. کاتیک تیلۆر بۆ یەکەمین جار فیلمی "سەرەگێژە"ی دیت وەک ئەوە وابوو کە چاو لە خەونی کەسێکی دیکە دەکا. ئەو فیلمە هەمان ئەو دیمەنە بوو کە هیچکاک چەند مانگ پێشتر بۆی باس کردبوو.

**لێکدانەوە**

یەکەمین فیلمی کە هیچکاک دەرهێنەری بۆ کرد فیلمی بێدەنگی بەناوی "باخی چێژ" لەساڵی ١٩٢٥دا بوو. دروستکردنی ئەو فیلمە بە بێ نەزمێکی لەڕادەبەدەر جێبەجێ کرا. هیچکاک ڕقی لە ئاژاوە، ڕووداوی چاوەڕوان‌نەکراو، بریکاری ترسەنۆک و هەر شتێک بوو کە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆی دا نەبێ. ئەو هەستی دەکرد خەریکە شێت بێ. لەوکاتەوە بڕیاری دا دروست‌کردنی فیلم وەک عەمەلیاتێکی نیزامی چاو لێ بکا. ناوبراو بە بەرهەمهێنەر و ئەکتەرەکان و باقی تیمەکە ڕێگەی نەدەدا کە پشێوی لە کارەکەیدا دروست بکەن. ئەو هەموو لایەنەکانی بەرهەمهێنانی فیلم لە ڕووناکی و دیزاینی دیمەنەوە بگرە تا تەکنیکەکانی فیلم‌بەرداری، عەدەسە، مۆنتاژکردن و دەنگی دەزانی. ئەو خاڵ بەخاڵی فیلمی مودیرییەت دەکرد بەو شێوەیە هیچ بۆشاییەکی لەنێوان بەرنامەداڕشتن و جێبەجێ‌کردن‌دا نەدەهێشتەوە.

ئەوەیکە هیچکاک پێش لەدەست پێکردنی پرۆژەی فیلم‌سازی هەموو شتێکی لەژێر چاوەدێری دەگرت وا دیارە تەنیا حوزووری زەین نییە، بەڵکوو لووتکەی ئەو کارەی ناوبراو نیشان دەدا، ڕاست وەکوو ئەوەی بە ئارامی و ئامادەگی لە مەیدانی شەڕدا حازر بێت. ڕەنگە شکست بخۆی، بەڵام پێشتر پێش‌بینی کردووە و بەدیلێکتان بۆ شوێنی دیاری کردووە و بۆ وەڵامدانەوە بە باشی ئامادەکاریت کردووە. کاتێک مێشکی مرۆڤ بەتەواوی ئامادەیە هەرگیز مات و حەپەساو نابێ، کاتێک هاوکارەکانت بە پرسیاری جۆراوجۆر و بیرۆکەی سەیر و سەمەرە گومانت بۆ دروست دەکەن، سەریان بۆ دەلەقێنی و بە ڕەواڵەت لەگەڵ ئەوان موافقی، بەڵام لەواقعییەتدا پشتگوێیان دەخەی. دیارە پێشتر بیری هەموو شتێکت کردوەتەوە، ئێستا ئاسوودەیی ئێوە کاریگەری لەسەر ئەوانیش کردووە و مودیرییەتی کاروبار ئاسانتر دەبێ.

کاتێک خەڵکانیک وەبەر پرسیارت دەدەن یان بیرێکت بەسەردا دەسەپێنن، سادەیە کە لەژێر کاریگەری هەرشتێکدا بن کە لە کاتی شەڕدا دێتە سەر ڕێگات. هێندێک جار ئەوەندە بابەتی گرنگ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فشارت بۆ دێنێ کە ئامانجەکانت لەبەرچاو ون دەکا و چیدی بەرنامەی گشتگیر و کەڵان نابینی.
لەبیرت بێ: حوزووری زەین بریتییە لە توانای ڕزگارکردنی خۆت لە هەموو ئەو شتانە و بینینی گۆڕەپانی شەڕ بە ڕوونی و یانی دیتنی هەمان ئامانجی سەرەکی. تەواوی ژێنراڵە گەورەکان ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە، ئەوەی کە بە تۆ ڕزگاری زەینی دەبەخشێ ئامادەگی و سەرکەوتوویی بەسەر وردەکارییەکاندایە، کە لە پێشتردا لەبەرچاو گیراوە. ڕێگا بدە با ئەوانی دیکە وا بیر بکەنەوە کە ڕزگاری ڕەگ و ڕیشەی لە نهێنیەکی گەورەی وەک تۆ دا هەیە، باشترە ئەوان کەمتر تۆ دەرک بکەن.

فرێدریکی گەورە لە نامەیەکدا بۆ ژێنراڵێک دەنووسێ: "*سوێندتان دەدەم بەخودا کە خۆتان کۆ بکەنەوە، ئەوەندە لە ڕەشبینیەوە سەیری شتەکان مەکەن، هەنگاوی یەکەم بۆ دواوە کاریگەرییەکی خراپ لە سوپا دا دروست دەکا، هەنگاوی دووەم مەترسیدارە و هەنگاوی سێهەم بەمانای مردنە.*"

### کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

ئێمەی مرۆڤ حەز دەکەین یەکتری وەک بوونەوەرێکی لۆژیکی و ژیر بزانین، و پێمان وایە ئەوەی ئێمە لە ئاژەڵان جیا دەکاتەوە بیرکردنەوە و ئیستدلال کردن و بەڵگە هێنانەوە لەسەر شتەکان، بەڵام ئەمە تا ڕادەیەک دروستە، ئەوەی ئێمە لە ئاژەڵان جیا دەکاتەوە بە هەمان شێوە توانای ئێمەیە بۆ پێکەنین، گریان و هەستکردن بە هەست و سۆزی جیاوازمانە. هەمووی ئێمە لەڕاستیدا بوونەوەرێکی لۆژیکی و عاتفی و عەقڵانین و لەگەڵ ئەوەی پێمان خۆشە وا بیر بکەینەوە کە بە بەڵگەهێنانەوە و هزرەوە هەڵسوکەوتی خۆمان مودیرییەت بکەین، ئەوەی کە زۆربەی کات کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتمان هەیە ئەو جۆش و خرۆش و ورووژاندنەیە کە لە چرکەدا ئەزموونی دەکەین.

ئێمە ئەو وەهمە دەپارێزین کە بە درێژایی ژیان لوژیکی و عەقڵانین و ئەمە یارمەتیمان دەدا بۆ ئەوەی شتەکان ئارام و بە ڕواڵەت لە ژێر کۆنترۆڵدا بهێڵینەوە. کاتێک پێوشوێنی بەرنامەی ڕۆژانە دەکەوین پێمان وایە مێشکمان بە هێز دێتە بەرچاو. بەڵام ئەگەر خۆمان لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا ببینین و مەنتیق لێمان دور کەوێتەوە لەگەڵ هەر جۆرە فشارێک ڕووبەڕووی ترس، دوودڵی و پەلەپەل دەبینەوە. لەم جۆرە ساتانەیە کە ڕەهەندەکانی هەستیاری و سۆزدارییەکانمان ئاشکرا دەبێ. کاتێک دوژمنێکی ناسراو یان هاوکارێک چاوەڕواننەکراو هێرشمان بۆ دەکا وەڵامدانەوەمان پڕە لە هەستی ڕق و تورەیی و خیانەت. تەنیا بە هەوڵێکی زۆر دەتوانین لەو ڕۆژانەدا ڕێگەی خۆمان بدۆزینەوە و بە شێوەیەکی عەقڵانی وەڵام بدەینەوە و ئەو عەقڵانییەتەی ئێمە بە دەگمەن تا هێرشی داهاتوو دەوامی دەبێ.

**لەبیرت بێ:** زەینی ئێوە لاوازترە لە هەستەکانی ئێوە، بەڵام ئێوە تەنیا لە ساتەکانی ئاڵوگۆڕ و گۆڕاندا، ڕێک لەوکاتەدا کە پێویستیت بە هێزە ئەم ڕاستییە دەبینی. ئەوەی بۆ ئاسایی‌بوون لەم کاتەدا پێویستە، نە زانیاری زیاتر نە زیرەکی زیاترە، بەڵکوو ئەوەی زەینت بەهێزتر دەکا و توانای کۆنترۆڵکردنی هەستەکان زیاد دەکا دیسیپلین و خۆڕاگری دەروونییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچ کەس ناتوانێ ئەو کارامەیی و شارەزاییە بە تۆ فێر بکات. تەنانەت ناتوانی بە خوێندنەوە و وەرگرتنی زانیاری فێری ببن. ئەم شتە گرنگە، وەک هەر پرنسیپێک تەنیا لە ڕێگەی پراکتیک و ئەزموون و کەمێک کوێرەوەری و سەختییەوە بەدەست دەکەوێت. یەکەم هەنگاو بۆ دروستکردنی حوزووری زەین ئەوەیە کە پێویستییەکەی ببینن، ئەوەی کە دەتهەوێ بۆ بەدەستهێنانی شەڕ بکەن. کەسایەتییە مێژووییەکان کە وا هەمیشە ئامادەیی دەروونییان بووە کەسانێک وەک: ئەسکەندەری گەورە (کبیر)، یولیسیز سایمۆن گرانت و وینستون چرچیل بوون کەوا توانیویانە لە ڕۆژانی گۆڕاندا بیرتیژیی خۆیان بە تاقیکاری و هەڵەکردن جێگیر بکەن.[١]

ئەوانە لە هەلومەرجی دژواری بەرپرسایەتی دا بوون، یان دەبوو فێری ئەو کارامەییە بن یان بۆ هەمیشە نوقم دەبوون. هەرچەندە ئەو کەسانە خاوەنی ئازایەتی بەرزی ئەخلاقی و کەسایەتی مەزن بوون، زۆر بە سەخت ودژواری کاریان کردووە تاکوو شەهامەت و ئازایەتی خۆیان لە حوزووری زەین‌دا قایم بکەن.

ئەو بیرۆکانەی لەخوارەوە هاتوون، لەسەر بنەمای ئەزموون و تێکۆشانی ئەو کەسانە بەدەست هاتووە. ئەوانە وەک ڕاهێنان و پرۆڤە (تمرین) چاو لێ بکەن. هەموو ئەوانە وەک شێوەیەک بۆ پتەوکردنی مێشک و بیری خۆتان لەبەرچاو بگرن و بزانن هەرکام لەوانە پارسەنگێک لە بەرامبەر ڕاکێشانی بەهێزی هەستەکاندایە.

**خۆت لە نێو ململانێ‌کان دا ببینەوە.** جورج ئیسمیت پاتێن سەر بە یەکێک لە بنەماڵەکانی ناسراوی نیزامی ئەمریکا بوو. باب و باپیرانی هەموان ژێنراڵ و سەرهەنگ بوون کە لە شۆڕشی ئەمریکا و شەڕە نێوخۆییەکانی‌دا کوژرابوون. ناوبراو بە داستانی قارەمانەتی بنەماڵەکەی گەورە ببوو و هەر ئەو ڕێگایەی درێژە دا و لەو بوارەدا پیشەی بە دەست هێنا. بەڵام جۆرج پاتێن لایەنێکی هەستیاری هەبوو، ناوبراو نیگەران بوو لەمەیدانی شەڕدا ترس بەسەریدا زاڵ بێ و زیان بە ناوبانگی بنەماڵەکەی بگەیەنێ.

جورج پاتێن لە سی‌ودوو ساڵی‌دا و بۆ یەکەمین‌جار چێژی ڕاستەقینەی لەساڵی ١٩١٨ لەشەڕی یەکەمی جیهانی چێشت، کە فەرماندەیی زرێهی سوپای ئەمریکا لە بەرامبەر سپای ئاڵمان‌دا لە شەڕەکانی سێنت میهیل و ئارگون دابوو. یەک جار جورج پاتێن لە گەرمەی ئەو شەڕەدا بەشێک لە

---

١. یەکەم تایبەتمەندی فەرماندەی گشتی ئەوەیە کە خاوەنی عەقڵی ڕوون و تێگەیشتنێکی ورد لە هەموو شتێک هەبێ. ڕێگا نەدا مێشکی بە مسایلی ورد ئاڵۆز بێ، هەرگیز نابێ بە هەواڵی خۆش یان ناخۆش سەرسام یان سەرخۆش بێ. هەموو ئەو هەستانەی کە لە ڕۆژدا ئەزموونی دەکا دەبێ پۆلێن (طبقەبندی) بکرێن و لە شوێنی شیاوی خۆیان دابنرێن، چونکە زیرەکی و عەقڵیەتی دەروون دەرئەنجامی بەراوردکردنی زۆرێک لە هەستەکانە کە هەریەکەیان پێویستە بە وردی لەبەرچاو بگیرێن. کەسانێک هەیە کە لە هەر شتێک وێنەی دروونی دروست دەکەن و بە غەریزە و ورووژاندن ڕووبەڕووی هەموو شتێک دەبنەوە، هەرچەندە هۆکارەکانیان منتقی بێ هەرچەندی شەهامەت و بوێری‌یان هەبێ بۆ ڕێبەرایەتی سوپا و بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی گەورە گونجا و شیاو نین. ناپلئون بناپارت، ١٧٦٩-١٨٢١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزی پیادەی بۆ شوێنێک لە سەر تەپۆڵکەیەک نارد تاکوو بە سەر شارێکی ستراتیژیکدا چاوەدێری بکەن، بەڵام ئاگری ئاڵمانییەکان کارێکی کرد کە ئەوان خۆیان حەشار بدەن و دواتر دەرکەوت کە ئەوانە گەمارۆ دراون و گیریان خواردووە. ئەگەر پاشەکشەیان کردبایە لە لایەکی دیکەی تەپۆڵکەوە لەژێر ئاگرباران دابوون، ئەگەر پێشڕەوییان کردبایە ڕاستەخۆ دەچوونە جەرگەی مەیدان کە تیربارەکانی ئاڵمان لەوێ دامەزرابوون. جۆرج پاتێن بەو ئاکامە گەیشت ئەگەر بڕیار وایە هەموو بمرن باشترە لەکاتی پێشڕەویدا بمرن، نەک لە پاشەکشەدا. ئەوکاتەی کە دەیویست قشوونی ژێر فەرماندەیی خۆی کۆنترۆڵ بکا ترس بەسەری دا زاڵ بوو. گیانی وەلەرزین کەوت و قاچەکانی وەک شەق شەقە دەلەرزین. ئەو کە قووڵترین ترسەکانی ئەزموون دەکرد بۆیە کۆنترۆڵ و مودیرییەتی خۆی لە دەست دا.

لەوکاتەدا سەری بەرز کردەوە و چاوێکی لە دووکەڵ و هەورە بەرزەکانی ئاسمان دەکرد لە ناکاو وێنەیەکی هاتە بەر چاو، کە باب و باپیر و ئەژدادی بە یونیفۆڕمی نیزامییەوە چاو پێکەوت کە لە ئاسمانەوە چاویان لێدەکرد پێی وابوو بانگهێشت کراون تا لەو شەڕەدا یارمەتی بدەن، وای هەست دەکرد کە قارەمانە مردووەکان لەو شەڕە هاوڕایی دەکەن. سەیر ئەوە بوو کە ئەو خەیاڵ پڵاویی و وەهمە بوو بە هۆی ئەوەی کاریگەری لەسەر جۆرج پاتێنی لاو دانا کە هێور بێتەوە. ناوبراو هەستی دەکرد ئەو شتە خەیاڵییانە بانگی ئەو دەکەن بۆیە هاواری کرد: "کاتی ئەوە هاتووە پاتێنێکی دیکە بۆ وڵاتەکەی بمرێ." دوای ئەو قسانە هێزێکی بەگوڕوتین بۆ قاچەکانی گەڕایەوە و زۆر پتەو لەسەر لاق ڕاوەستا و دواتر بەرەو تیربارەکانی ئاڵمانی هەنگاوی هەڵێناوە. چەند چرکە دواتر گوللەیەکی بەر ڕانی کەوت و بریندار بوو بەڵام لەشەڕکەدا سەرکەوت.

لەو کاتە بە دواوە تەنانەت دوای ئەوەی بوو بە ژێنراڵ، سەردانی هێڵی پێشەوەی بەرەی شەڕی دەکرد بێ ئەوەی پێویست بێ، خۆی لە مەترسی دەخست. پاتێن چەندین جار خۆی تاقیکردەوە. چاوپێکەوتنی خەیاڵی لەگەڵ باب‌وباپیرانی بۆ بە پاڵنەری پاراستنی ناوبانگی بنەماڵەکەی و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە ئاسانتر ڕووبەڕووی ترس بێتەوە. ژێنراڵەکانی هاوڕێی و کەسانی لەژێر فەرماندەهی ئەو دابوون هەستیان کرد کە هیچ کەس بە ڕادەی پاتێن حوزووری زەینی نیە. ئەوان نەیاندەزانی چ ڕادەیەک لەو هێزە بە هۆی هەوڵ و ئیرادەی ناوبراو بووە.

چیرۆکی جۆرج پاتێن دوو شت فێری ئێمە دەکا، یەکەم: باشترە ڕووبەڕووی ترسەکانی خۆمان بینەوە ڕێگا بدەین ئەوان خۆیان نشان بدەن نەک حاشایان لێ بکەین یان سەرکوتیان بکەین. ترس وێرانکەرترین هەست و دوژمنی وریایی و حوزووری زەینە، بەڵام شتێکی ئەرێنی هەیە ئەویش ئەوەیە کە بینینمان بێ سنوور دەکا و بەرەو دۆزینەوە نەناسراوەکان هەنگاومان پێدەنێ. بە ئاگاهییەوە بچۆ دۆخێک کە لێی دەترسی و خۆتان لەگەڵ ترسەکانتان ئاشنا بکەن تا نیگەرانیەکانتان کەم بێتەوە. کاتێک هەستت کرد بەسەر ئەو ترسەی کە ڕەگی لەتۆدا داکوتاوە زاڵ بووی، بڕوا و حوزووری زەینتان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیاتر دەبێ. تا زیاتر لە نێو ململانێ و هەلومەرجە سەختەکان‌دا بن، زیاتر مێشکتان بەئەزمون دەبێ و چێژی شەڕ دەبینێ.[١]

دووهەم: ئەزموونی پاتێن نیشانیدا هێزی هاندەر و ورە بەخشی هەستی گەورەیی و شەڕەفە. ئەگەر تەسلیمی ترس بن، ئەگەر حوزووری زەینی خۆتان لەدەست بدەن، ئابڕوو و وێنایەک کە لە خۆت هەتە، گەورەیت، بەشداریت، بنەماڵەت، گرووپەکەت و کۆمپانیا هەموو بە فیڕۆ دەدەی و هەمووی ئەوانە دبێتە هۆی ئەوەی کە ڕوحی گشتی لە خۆت‌دا بکوژی. کاتێک ڕێبەری تەنانەت گرووپێکی بچووکیشی ئەوانی دیکە چاو لە تۆ دەکەن، داوەری دەکەن و متمانەت پێدەکەن. لەدەستدانی کۆنترۆڵ بەسەر خۆتدا ژیانتان لێ ناخۆش و دژوار دەکا.

**پشت بە خۆت ببەستە.** هیچ شتێک لەوە خراپتر نییە کە هەست بکەی بە کەسانی دیکەوە وابەستەی. چونکە وابەستەگی لە ئێوە کەسێکی لاواز و شکستخواردوو دروست دەکا. لەو کاتەدا هەیەجانی وەک هەستی خیانەت، هەستی نائومێدی و ماندوویەتی لەگەڵ ژیانت تێکەڵ دەبن و هاوسەنگی مێشکتان تێکدەدا.

سەرەتای شەڕی نێوخۆیی ئەمریکا، ژێنراڵ ئولیسیز سایمۆن گڕانت بە فەرماندەی هێزەکانی باکوور دیاری کرا. ئەو هەستی کرد توانای فەرماندەیی خۆی لەدەست داوە. کەسانی ژێردەستی کە لەو ناوچەیەی شەڕیان دەکرد زانیاری هەڵەیان پێدابوو، هەروەها کاپیتانەکانی دەوروبەری لە بڕیارەکانی سەرپێچی‌یان دەکرد و ژێنراڵەکانیش لە بەرنامەکانی ڕەخنەیان دەگرت. گڕانت لە دەروونەوە کەسێکی بەهێز بوو بەڵام بێ توانایی لە کۆنترۆڵ‌کردنی هێزەکانیدا، بووە هۆی ئەوەی کە نەتوانێ کۆنترۆڵی خۆی بکا و ئەو بەرەو مەیخۆری کێشرا.[٢]

گڕانت لە کەمپینی ویسکبێرگ لەساڵی ١٨٦٢-١٨٦٣ لە وانەکانی ڕابردوو سوودی باشی وەرگرت. ئەو بۆ خۆی لە سەر ئەو ناوچەیە لێکۆڵینەوەی کرد و پێداچوونەوەی بە ڕاپۆرتە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتیەکان دا کرد. بەوردی لە بڕیارەکانی کۆڵییەوە بە جۆرێک کە هیچ جۆرە سەرپێچییەک لە

---

١. ڕێوییەک کە هیچکات شێری نەدیبوو ڕۆژێکی بە هەڵکەوت تووشی شێر دەبێ لە یەکەمین چاوپێکەوتنی زۆر ترسا، کە لە ترسان پێی وابوو ئێستا دەمرێ، ئەو هێزی بەخۆی دا لەگەڵ ئەوەی ترسابوو توانی ڕادەی ترسەکەی لە شێر کەم بکاتەوە. جارێکی‌تر ڕووبەڕووی بووەوە و ئەمجارەش ترسا، بەڵام بە ڕادەی یەکەمجار نەبوو، جاری سێهەم کە شێری دیت ئەوەندەی غیرەت بەخۆی دا کە چەند هەنگاو لێی نزیک بێتەوە و شۆخی لەگەڵ بکا. ئەو حقایەتە نیشان دەدا کە ئاشنایی و ناسیاوی ترسەکانی ئێمە دادەمرکێنێ. افسانەها، ازوب، قرن ششم پیش از میلاد

٢. بەقەولی قەدیمیەکان ئینسان دەبێ لە حەوت هەناسەدا بڕیارەکانی بدا "لورد تاکونپا" دەڵێ: "ئەگەر بۆ جیاکردنەوەی بڕیارەکان زۆری پی بچێ تازە کار لەکار ترازاوە". پاشان "لورد نائوشیگە" دەڵێ: "هەرکات بە ئاسوودەیی و خۆشی کارەکان دەکەی زۆر درەنگ دەبێ، پیاوی شەڕکەر کەسێکە کە هەموو شتێک بە خێرایی ئەنجام دەدا". کاتێک زەینی تۆ لێرە و لەوێیە، تەفکیک لە نێوان مەسەلەکان دا ئاکامێکی نیە، تەنیا بە ڕۆحێکی خێرا و تازە و پڕ نەفەس دەتوانی بڕیار بدەی و بڕیارەکەش بە ڕادەی حەوت هەناسە هەڵکێشان بێ. هەڵوێست ئیرادەیە، ئیرادەی ڕوحی داهێنەری هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ ڕێگا و نۆرمەکان بشکێنێ و دیوەکەی تری هەموو شتێک ببینی".هاگا کورە" کتاب سامورایی، یاماموتو تسونەتومو. ١٦٥٩- ١٧٢٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لایەن کاپیتانەکانییەوە نەمێنێ. کاتێک بڕیارێکی دەدا، گومانی ژێنراڵەکانی پشتگوێ دەخست و متمانەی بە خۆی و ژیربێژی و لۆژیکی پشت بڕیارەکانی بوو. ناوبراو بۆ ئەوەی بە ئامانجی بگا تەنیا پشت ئەستوور بەخۆی بوو. لەو کاتەدا کە هەستی گومان و نائۆمێدی لە وجوودیدا نەدەما و هاوکات لەگەڵ ئەوەدا تەواوی دوودڵی و دڵەڕاوکێی لەبەین دەچوون، کە حوزووری زەینی ناوبراویان تێک دەدا.

پشتبەستن بە خۆت زۆر گرنگە. بۆ ئەوەی بەستراوەیی خۆت بە کەسانی دیکە و بەناو پسپۆڕان کەم بکەیەوە پێویستە کارامەیی و لێزانی خۆت فراوانتر بکەیت. پێویستە زیاتر بڕوات بە بڕیارەکانت بێ. لەبیرت بێ، هەموومان مەیلمان هەیە تواناکانی کەسانی دیکە زیاتر لەوەی کە هەیە، هەڵسەنگێنین. لە هەر حاڵەتێکدا کەسانی دیکە مەیلیان هەیە هەوڵ بدەن خۆیان وەک باڵادەست و زانا نیشان بدەن و ئێمەش مەیلی ئەوەمان هەیە خۆمان بچووکتر ببینین. پێویستە قەرەبووی ئەو کێشەیە بە زیاتر متمانەکردن بە خۆمان و کەمتر متمانەکردن بە کەسانی دیکە بکەینەوە.

گرنگە لە بیرمان نەچێ پشتبەستن بەخۆمان بە مانای قورسایی و بارگرانی زیاتر لەسەر شانی خۆمان نیە. دەبێ بتوانی پرسەکان جیا بکەیەوە و پرسە بچووکەکان بە کەسانی دیکە بسپێری و ئەو پرسە گرنگانەی کە پێویستیان بە سەرنج و ئامادەبوونی خۆت هەیە، بە خۆتی بسپێری.

**بە خوشحاڵییەوە نەزانەکان تەحەمول بکەن، واتە بە بێ تووڕە بوون لەگەڵ گەمژەکان هەڵکەن.**

جان چرچیل یەکەمین دووک[١] مارڵبرو، یەکێک لە سەرکەوتووترین ژێنراڵەکانی مێژوویە. ئەو کە نابغەی تاکتیک و ستراتیژی بوو، لەحوزووری زەینی باڵا بێبەش نەبوو. لەسەرەتای سەدەی هەژدەهەم چرچیل فەرماندەیی بەشی زۆری سوپای ئینگلستان، هولەند و ئاڵمان بەدژی هێزەکانی فەڕانسە بوو، ژێنراڵەکانی کە لەگەڵی بوون سەپۆل و دوودڵ و ڕاڕا و ئاسایی بوون، ئەوانە لە گەڵاڵەکانی دووک خۆیان دەپاراست. چونکە مەترسییەکی زۆریان تێدا دەبینی و بۆیە هەوڵیان دەدا کارێکی چووکە لە پشت پەردەوە بۆ خۆیان بدۆزنەوە و بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان لەسەر حیسابی ئەو هاوپەیمانییە دابین بکەن، ئەوانە نە دووربینییان هەبوو و نە سەبروحەوسەلە پشوودرێژی، بە مانای واقیعی وشە گەمژە و نەزان بوون.[٢]

دووک کە زەریایەکی بەئەزموون بوو، هیچکات لەگەڵ هاوکارانی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوو نەدەبووەوە و

---

١. دووک، وشەیەکە تایبەت بە ئورووپای ڕۆژاوا و ئەو وڵاتەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری یان وڵاتێکی بەهێز دایە بەڵام دەسەڵاتی لە پادشا و ژنەکەی کەمترە.

٢. لە دیمەنێکی بەناوبانگی سەردەمی شەڕی ناوخۆییدا، کاتێک "سزار" لە کەشتی لە لێواری ئاوەکانی ئەفریقا دادەبەزێ بەرەو دم کەوتە خوارەوە، ناوبراو ئێستعدادیکی باشی لە ڕووداوی کتوپڕ دا هەبوو، بە بیرکردنەوەیەکی خێرا و ورد، نیشانەی نەگبەتی شکستی کردە نیشانەی سەرکەوتن، بۆیە زوو دەستی لێک کردەوە و زەوی لە ژێر جەستەی خۆیدا لە باوەش گرت. ناوبراو ئەوەی بە هێمای سەرکەوتنی سوپاکەی زانی. سیسرو: زندگی و روزگار بزرگترین سیاستمداران روم، آنتۆنی اوریت، ٢٠٠١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها ڕوانگەی خۆی بەسەر ئەواندا نەدەسەپاند، بەڵکوو وەک منداڵێک هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردن. لەگەل ترسەکانی ئەوان هاوسۆزی دەکرد، لەبەرنامەکانی خۆی بەشداری پێ نەدەکردن. زۆر جاریش ئێسقانی (وەک سەگ) بۆ دەهاویشتن. کارێکی بچووک کە خۆیان پێشنیاریان دەکرد پێیانی دەسپارد یان وای نیشان دەدا کە نیگەرانی ئەوان هەست پێدەکا، بەڵام هەرگیز ڕێگای نەدا لەدەستیان نارەحەت یان ماندوو بێ. ئەو حاڵەتە بووە هۆی ئەوە حوزووری زەینی و توانایی ڕێبەری ئەو کەمپینە لەدەست بدا، بۆیە خۆی ناچار دەکرد بە سەبروحەوسەلە و خوشحاڵی بمێنێتەوە لەبەرچاوی کەس نەکەوێ و دەیزانی چۆن لە لای خەڵکانی گەمژە و نەزان شاد بمێنێتەوە.[١]

**لە بیرت بێ:** ئێوە ناتوانن هەموو شتێک کۆنترۆڵ بکەن یان لەگەڵ هەموو کەسێک شەڕ بکەن. کات و وزەی تۆ سنووردارە و دەبێ بزانی کە چۆن ئەو کات و سنوورە بپارێزی، دنیا پڕە لە مرۆڤی نەزان و کاڵفام، کە ناتوانن بۆ وەرگرتنی ئاکامی مەسەلەکان سەبوور بن. ئەوانەی کە سەر بەحیزبی بان(بە هەر بایەک شەن دەکەن) تا بەرچاوی خۆیان و سەرلووتیان دەبینن، ئێوە لە زۆر شوێن لەگەڵیان ڕووبەڕوو دەبنەوە ئەو نەفامانە کەسانی گرنگ نین هەمان بەڕێوەبەری دڕدۆنگ و ڕاڕایە کە توانایی بڕیار دانی نیە، ئەوانە هەمان هاوکاری بزۆز، هەمان ژێردەستی عەسەبی و نەفامن. نابێ شەڕیان لەگەڵ بکەی، بەڵکوو وەک منداڵ و ئاژەڵی ماڵەوە بێ‌زیان سەیریان بکرێن. ئاگادار بن ئەوانە ئەوەندە گرنگ نین کە هاوسەنگی زەینی تۆ تێک بدەن. پەیوەندی سۆزداریت لەگەڵیان بپسێنە و چۆن لە کاتی تەنیایی خۆتدا بە گەمژەیی ئەوان پێ‌دەکەنن. ئەوان بەشداری بیرۆکەیەکی ناگرینگی خۆتان بکەن. پاراستنی خوشحاڵی و دڵخۆشی خۆت لە بەرامبەر کەسانی گەمژە و گێل‌دا بپارێزی، کارامەییەکی زۆر گرنگ و پێویستە.

**هەستەکانی ترس و دڵەڕاوکێ بە تەرکیزکردن لەسەر ئەرکە سادەکان وەلایان نێن.** لۆرد یامانۆچی نەجیب زادەیەکی سەدەی هەژدەهەمی ژاپۆن جارێک لە بەڕێوەبەری ڕێوڕسمی چایی داوای لێکرد بۆ سەفەرێک بەرەو ئیدۆ هەمان تۆکیۆی ئێستایە هاوڕێی بن. ناوبراو دەبوو ماوەیەک لەو شارە بمێنێتەوە. ئەو دەیهەویست لە ڕێوڕەسمی چاییدا، لێهاتوویی خزمەتکارەکەی بە دەربارییەکان نیشان بدا. ئەو وەستایە هەموو ئەو شتانەی کە بۆ ڕێوڕەسمی چایی پێویست بوو دەیزانی، بەڵام یەک تایبەتمەندی دیکەی هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە زۆر ئارام و ئاشتیخواز بوو. ئەو وەکوو یەک

١. کاتێک باس لە توانا و بوونی عەقڵ دەکەین لە ژێر بارودۆخی سترێس و هەستی توندوتیژدا، ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەین کە دیاریی کۆنترۆڵ لە بارودۆخە سەخت و سترێسییەکاندا سفەتێکی پاکە کە لە سروشتی مرۆڤدا شاراوەتەوە و ئەمەش ئەوەیە کەیفییەتی کارەکتەرە بەهێزەکان جیایان دەکاتەوە و بە کەسانی دیکە یارمەتیان دەدا کە هاوسەنگی خۆیان بپارێزن. کاتێک زۆرترین هەستی سۆزدارییان هەیە بەبێ ئەوەی زیان بە خۆیان یان کەسانی دیکە بگەیەنن. هاوسەنگی خۆیان دەپارێزن، هەستی ئاشنای کەرامەتی مرۆڤ و شانازی قووڵە، کە مرۆڤ دەباتە سەر ئەوەی لە هەر بارودۆخێکدا ڕەفتارێکی عەقڵانی بکا، بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کارەکتەری بەهێز کەسێکە کە ڕێگە نادات تەنانەت گەورەترین هەستەکانیش هاوسەنگی ئەو تێک بدەن. کارل فون کلاوزویتس" - کتاب پیرامون جنگ ١٧٨٠-١٨٣١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سامۆڕایی لە بەرزترین ئاستدا جلوبەرگی دەپۆشی.

ڕۆژێک کە لە شار پیاسەی دەکرد سامۆڕاییەک پێشی پێ‌گرت و بۆ دوئێل بانگهێشتی کرد. وەستای چاییەکە شمشێرباز نەبوو هەوڵی دا ئەو مەسەلەیە بۆ سامۆڕایی ڕوون بکاتەوە بەڵام ناوبراو گوێی بۆ قسەکانی نەگرت، وەستای چایی بیری کردەوە ئەگەر لەبەری بپاڕێتەوە بە دڵنیاییەوە هەم ئابڕووی بنەماڵەکەی دەچێ و هەم ئابڕووی لۆرد یامانۆچی دەبا. بەناچاری قەبووڵی کرد کە ئەوە کۆتایی ژیانییەتی، بەڵام داوای لێکرد کە بەیانی ڕۆژی دوای دوئێل ئەنجام بدەن سامۆڕایی قەبووڵی کرد.

وەستای چایی لە ترسان بە پەلە ڕووی لە نزیکترین قوتابخانەی شمشێربازی کرد. بیری کردەوە ئەگەر قەرار بێ بمرێ باشترە بە شێوەی سامۆڕایی بە سەربەرزی سەربنێتەوە. دیتنی وەستای شمشێربازی ئوسوولەن پێویستی بە ناسێن‌نامە "معرفی‌نامە" بوو، بەڵام وەستای چایی ئەوەندە پێداگر و تووڕە بوو لە نیهایەت‌دا بۆ چاوپێکەوتن قەبووڵیان کرد و وەستای شمشێرباز ڕووبەڕووی دانیشت و بەوردی گوێی بۆ قسەکانی ڕاگرت.[١]

شمشێرباز هاودڵی لە گەڵ کرد و بڕیاری دا هونەری مردنی فێر بکا، بەڵام لە پێشدا داوای لێکرد چایی بۆ دەم کا و بۆی بێنێ. وەستای چایی دەستی بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی چایی کرد. ئەو بە هێمنی و سەرنجی وردەوە ئەم کارەی ئەنجامدا. لەکۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا وەستای شمشێرباز هاواری کرد: "تۆ پێویست ناکا هونەری مردن فێر بی! حوزووری زەینی تۆ ئێستا زۆر باشە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو سامۆڕاییە، کاتێک دوژمن لەبەرامبەر خۆت‌دا بینی وا بزانە میوانت هەیە و چایی بۆ ساز

١. لە هەر حاڵەتێکدا، ئێستا گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە سەرباز بە بێ ڕەخنەگرتن شەڕ دەکەن ئەوەندە گرنگ نیە چ کەسانێکن، بەڵام کێشەیەکی دیکە هەیە، ئەو لە ئاسایشگا ڕاکشابوو بیری لە کێشەکە دەکردەوە کە لە ڕووی زانستی ژمێرییارییەوە بەخۆی بسەلمێنێ لەشەڕدا شکست ناخوا. کەمێک ترس و دڵەڕاوکێ لە مێشکی‌دا گەشەی کرد، کاتێک خەیاڵ هەڵی گرت و چووە جەرگەی شەڕەوە ئێحتمالی هێندیک شت بە زەینی گەیشت کە لە ڕوانگەی ئەو شاراوە بوون. لەخەیاڵی دا هێندێک هەڕەشەی بینی کە شاید لە داهاتوودا لەگەڵی ڕووبەڕوو ببێتەوە، بەڵام نەیتوانی بە پتەوی لە بەرامبەریان دا خۆڕاگر بێ. ڕوانگەکانی خۆی لە شکۆمەندی بابردوو یان تیغی شکاودا وەبیر هاتەوە. بەڵام لە سێبەری ئەو گێژاوەی کە نزیک بوو تێ‌بکەوێ، گومانی ئەوەی دەکرد کە غەیری‌مومکینە ڕاست بێ. لەپڕ لەجێگەی خۆی بۆ ئەملا و ئەولا ڕای کرد و بەدەنگی بەرز هاواری کرد "خودایە من چیم لێهاتووە؟" هەستی دەکرد لەم قەیرانەدا یاساکانی ژیانی کەڵکی نیە. هەرچی لە خۆیەوە فێری بووە لێرە هیچ سوودێکی نیە و بەتەواوی لەگەڵ خۆی نامۆ بوو. هەستی کرد کە دەبێ وەک کاتی لاوی تاقیکاری و ئەزموون و زانیاری لەسەر خۆی کۆ بکاتەوە و سوور بوو لەوەی بیروزەینی زیاتر کۆ بکاتەوە، هەروەها ئەگەر کەمێک هەیەجاناتی بەهێز بکا لەوانە بوو تایبەتمەندییەکانی نامۆیی تەواوی وجودی داگرێ. ئەو دیسان هاواری کرد، "خودایە یارمەتیم بکە". ڕۆژەکان بەدوای یەک‌دا تێدەپەڕین بەڵام ئەو حیساب و کیتابی هەروا ناڕوون بوو، و هیچکام لەوانە ڕەزامەندی خۆیان دەرنەبری. لێرە زانی کە بەمجۆرە بە هیچ جێگایەک ناگا لەنهایەتدا بەو ئاکامە گەیشت کە ڕێگا چارەی ئەو کێشەیە ئەوەیە کە خۆی لە ئاوری گۆڕەپانی بەربەرەکانی بدا و لەوێ خاڵی ئەرێنی و نەرێنی خۆی ببینێ. بەناچاری قەبووڵی کرد کە ناتوانێ لە گۆشەیەک دانیشێ و بە خەیاڵ‌پڵاوی زەینی و قەڵەم‌بەدەست وەڵامێکی دروست وەرگرێتەوە. بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی دروست دەبێ خوێنی بۆ بدەی و خۆت لەناو ئاگر بخەی و مەترسی بە گیان بکڕی. وەک کیمیاگەر چۆن بۆ گەیشن بەزێڕ پێویستی بە تۆخمەکانی دیکە هەیە کەوابوو ئەویش ئەو دەرفەتەی بە شتێکی ئاسایی وەرنەگەرت، واتە ئەو دەرفەتەی لەدەست نەدا. نشانە سرخ دلیری، استیفن کرین، ١٨٧١-١٩٠٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەی، باڵتۆکەت دانێ و بە وریایی قەدی بکە و بارۆشەکە هەروەک ئەوەی ئێستا ئەنجامت دا لەسەری دانێ". ڕێوڕەسمی چایی تەواو بوو. ئێستا وەستای چایی فێر بوو کە دەبێ شمشێر هەر بە زەینی ئامادە و بەو ئارامی بەرزی کەیەوە بۆ ئەوەی ئابڕوومەندانە بمرێت.

وەستای چایی ڕەزامەندی دەربڕی کە ئەو کارە بکا کە وەستای شمشێری فێری کردووە. ڕۆژی دوایی چوو بۆ دیداری سامۆڕایی. کاتێک کە باڵتۆکەی داکەند سامۆڕاییەکە بەسەر سوڕمانەوە سەیری ڕوخساری ئارام و لەسەرخۆی حەریفی دەکرد، بیری کردەوە کە ڕەنگە ئەم وەستای چایی خاکییە، ڕەنگە شمشێربازێکی پڕۆفیشناڵ و حێرفەیی بێ. بۆیە لە بەری نووشتایەوە و بۆ هەڵس‌وکەوتی ڕۆژی پێشووی داوای لێبوردنی لێ‌کرد و بە خێرایی لە وەستای چایی دوور کەوتەوە.

کاتێک هەلومەرج ئێمە دەترسێنێ، خەیاڵ و ڕوانگەی زەینی ئێمە هێزێکی زۆر بەدەست دێنێ و مێشکمان پڕ لەخەم و نیگەرانی دەبێ. ئەوە خۆتی دەبێ کۆنترۆڵی بیر و زەینت بەدەستەوە بگری، هەڵبەت قسەکردن لە کردەوە زۆر سادەترە. زۆرجار باشترین ڕێگا بۆ ئارام کردنەوە و کۆنترۆڵی خۆت ئەوەیە کە بە ناچاری زەینی خۆت بە شتێکی سادەوە سەرقاڵ بکەی. ئەو شتە دەتوانێ ڕێوڕەسمێکی سادە یان کارێکی دووپاتە بێ کە تێیدا شارەزاییت هەیە. عەقڵی تەرکیزکراو هیچ بوارێکی بۆ نیگەرانی یان کاریگەرییەکانی دیتنی نائاسایی و توندڕەوی نیە کاتێک بە هاوسەنگی زەینی گەیشتی دەتوانی لەگەڵ ئەو کێشەیە ڕووبەڕوو بیەوە. بە دەرکەوتنی نیشانەی هەر ترسێک، ئەم شێوازە تاقیکەوە تاکوو هێدی هێدی خوو و عادەتی پێ‌دەگری. توانای کۆنترۆڵکردنی خەیاڵات و وێنەی دەروونی لە هەلومەرجی پڕگوشاردا، کارامەییەکی زۆر گرنگە.

**خۆتان لەهەر ترس و گومانێک دوور ڕاگرە.** گومان و ترس ئەم دووەوە، هەمیشە هەڕەشەیە بۆ سەر حوزووری زەینی مرۆڤ و هەستێکی سەختە کە دەبێ شەڕی لەگەڵ بکرێ.

لەسەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی ئاهەنگ‌ساز دیمیتری شوستاکوویچ لەگەڵ چەند کەس لە هاوکارانی بۆ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ڕووسیە، جۆزێف ستالین [جوزف ویساریونوویچ جوگاشویلی] بانگهێشت کرابوون، ستالین لەبارەی نووسینی سروودێکی تازەی نەتەوەیی داوای بۆچوونی ئەوانی کرد. بەڕاستی کۆبوونەوە لەگەڵ ستالین سامناک بوو چونکە هەنگاوێکی هەڵە دەیتوانی مرۆڤ تووشی ڕۆژێکی ڕەش بکا. ستالین هێندەی چاو لە لایەنی بەرامبەری دەکرد تاکوو بترسێ و هەناسەی لەسینگی دا بوەستێنێ. ئەو کۆبوونەوەیە وەک زۆربەی کۆبوونەوەکانی دیکە لەگەڵ ستالین بە خراپی بەڕێوە چوو. ناوبراو ڕەخنەی لە یەکێک لە ئاهەنگ‌سازان گرت کە لە دروست‌کردنی سروودی نەتەوەیی لاوازی نیشان دابوو. ئەو پیاوە کە زۆر ترسابوو قەبووڵی کرد لەگەڵ ئاوازدانەرێک کاری کردووە کە شارەزایی لەکارەکەی‌دا نەبووە. بە ناچار خۆی بە دارودیوار دا کێشا تاکوو ئاوازدانەری بەرنامە سەرکۆنە بکەن چونکە ئاهەنگ‌ساز ئەوی دامەزراندووە دەبێ تاوانەکەشی بدا. ئەمجارە نۆرەی ئاهەنگ‌سازەکانی دیکە هات و لەبارەی ئەوانی دیکەوە بەتایبەتی شوستاکوویچ،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چ بیروبۆچوونێکی هەیە؟ شوستاکوویچ دەیزانی کاتێک ستالین بزانێ لایەنی بەرامبەری لێی دەترسێ بێبەزەییانە دەجووڵێتەوە.

شوستاکوویچ بە ڕادەی پێویست گوێی لە قسە هەڵیتوپڵیتی ستالین ببوو. بۆیە گوتی سەرکۆنەکردنی ڕێکخەریبەرنامە زۆر بێ بنەمایە، چونکە ئەو لە بڕیارات پەیرەوی کردووە. دواتر بە زەرافەتێکی تایبەت بابەتەکەی گۆڕی و باسی کرد کە ئایە ئاهەنگساز دەبێ خۆی ڕێکخستن و سازبەندی بکا یان نا؟ ناوبراو داوای لە ستالین کرد ڕوانگەی خۆی بڵێ، ستالین کە هەمیشە پێی خۆش بوو کارناسبوونی خۆی بە سەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێ بەڵام کەوتە داوی شوستاکوویچ و پاش ماوەیەک ئەو کاتە مەترسیدارە تێپەڕی.

شوستاکوویچ لەچەند ڕەهەندەوە حوزووری زەینی خۆی پاراست و ڕێگای نەدا ستالین بیترسێنێ، بەڵکوو خۆی ناچار کرد ستالین بە تەواوی لاوازییەکانییەوە چۆن هەیە، ئاوا ببینێ. کورتەباڵا، قەڵەو، ناشیرین و زۆر گەمژە. ئەو باشی دەزانی بەزەقی ڕوانینی ئەو دیکتاتۆرە نیشانەی باڵادەستی ئەو نیە، بەڵکوو نیشانەی نەبوونی ئەمنییەتی زەینێتی. دووهەم، ئەوەی کە شوستاکوییچ کاتێک لەگەڵ ستالین ڕووبەڕوو دانیشت زۆر ڕوون و بێ دوودڵی قسەی لەگەڵ کرد و بەو شێوە قسەکردنە نیشانی دا کە لە ستالین ناترسێ. ستالین هەستی کرد کە ترس لێرە جێگای نیە. ئەگەر ئێوە بەبێ ئەوەی ڕەفتارێکی هەڵچووانە یان ڕوودارانە بکەن، جیددی بیت و هیچ ترسێک نیشان نەدەی نەیاری دیکتاتۆری ئێوە، لە سەر ڕێگای ئێوە دوور دەکەوێتەوە.

کلیلی پاراستنی ئازایەتی و نەترسان ئەوەیە کە قەبووڵی بکەن لەگەڵ کەسێکی وەک خۆتان ڕووبەڕوو بوونەتەوە نەک سەرتر و باڵادەستتر. ئەو هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کەسانی دیکە نیە. ئەو وەک خۆی ببینە نەک ئەو ئەفسانەیەی لێیان دروست کردووە. ئەو وەک منداڵێک لە هزری خۆتان وێنای بکە. ئەوە بزانە کە ئەویش پڕە لە هەستی نائەمنی. ئەوەی کە قەوارە و بارتەقای ئەو کەسە بە گەورە نابینی، یارمەتیت دەدا کە حوزووری زەینی خۆت بپارێزی.

خێرایی کردەوەت زیاتر بکە. حوزووری زەینی تۆ تەنیا بە توانایی زەینیت لە هەلومەرجی جیاوازدا بەستراوە نییە، بەڵکوو بە خێرایی کردەوەی ئێوە لە هەلومەرجی جیاوازیشدا پەیوەندی هەیە. ئەوەی کە بۆ وەڵامدانەوە تا ڕۆژی دواتر سەبر بکەی هیچ کەڵکی نیە، (سرعت عمل) خێرایی کردەوە لێرە بەو مانایە کە زۆر زوو وەڵام دەیەوە و دەتوانی بڕیاراتی دروست لە کەمترین کاتدا ڕەچاو بکەی. ئەو هێزە پێویستی بە هەستێکی دیتنی بەرز هەیە و ئاڵمانییەکان بەو هێزە دەڵێن "هەستی تێگەیشتن لە هەلومەرج". ئەروین ڕۆمێڵ لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووهەم لە باکووری ئەفریقا و فەڕانسە سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا، خێرایی کردەوە و هەستی تێگەیشتنی لەهەلومەرج عەجایبی هەبوو. ناوبراو دەیتوانی بزانێ کە هاوپەیمانان چ کاتێک و لە کام لاوە هێرش دەکەن، ئەو لە دیاریکردنی شوێنی پێشڕەوی و خاڵی لاوازی دوژمن ڕۆڵی گرنگی دەگێڕا و لە سەرەتای شەڕ دەیتوانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ستراتیژی دوژمن هەست پێ بکا.

لەڕوانگەی هێزەکانی ڕۆمێڵەوە، فەرماندەکەیان بلیمەت و نابغەیەکی شەڕ بوو، زەینی ئەو لەوانیتر خێراتر کاری دەکرد. بەڵام ڕۆمێڵ بۆ بەرزکرنەوەی ئەو تایبەتمەندییەی خۆی زۆر کاری جیاوازی دەکرد تاکوو تێگەیشتنی بەرامبەر بە هەلومەرج و بارودۆخی جیاواز گەشە بکا. یەکەم، لەپێشدا زانیاری خۆی لەسەر دوژمن بە تەواوی بەدەست دێنا، ئەو لە چەکەکانی دوژمن ڕابگرە تا تایبەتمەندی کەسایەتی ژێنراڵەکانیان زانیاری کۆدەکردەوە. دووهەم، لە بواری هەست بە بەرپرسایەتی، بۆ نموونە زانیاری لە سەر تێکنۆلۆژیی تانکەکان، بەردەوام بەرز دەکردەوە و بەرۆژی ڕادەگرت. سێهەم، نەخشەکانی ناوچەی پەیوەندیدار، وەک ئەفریقای باکوور موو بەموو هەڵی دەسەنگاند و ڕۆژانە بە سەر ئاسمانی ئەو ناوچەیەدا بە فڕۆکە دەسووڕایەوە تاکوو بتوانێ بەجوانی مەیدانی شەڕ ببینێ. لەکۆتاییدا پەیوەندی خۆی لەگەڵ هێزەکانی تایبەتی و گەرموگوڕ ڕادەگرت، ڕۆمێڵ هەمیشە ئاکار و مێهرەبانی لە پێشەوەی کارەکانی دادەنا و بەدروستی دەیزانی چ داواکارێک و چاوەڕوانییەکی لێیان هەیە.

ڕۆمێڵ، تانکەکان، هێزەکانی خۆی، ناوچەی شەڕ و دوژمنی زۆر بە وردی دەپشکنی و تا نێو جەرگەی ئەوان نفووزی دەکرد. ڕوح و گیانی ئەوانی دەناسی، کاتێک تا ئەو ڕادە زانیاری بوو پێویستی نەدەکرد ئاگاهانە بیر لە هەلومەرج بکاتەوە. چوارچێوەی هەموو ئەو شتانە کە لەحاڵی ڕوودان دابوون بە باشی دەیزانی. ئەو زۆرباش لە مەوقعییەت و بارودۆخی لێکدەدایەوە و تێدەگەیشت.

ئێستا ئێوە مێشکی ڕۆمێڵتان هەبێ یان نا، شتگەلێک هەیە کە یارمەتیتان دەکا بۆ ئەوەی وەڵامێکی خێراتر و گونجاوتر بەو بارودۆخە بدەنەوە و هەستی "شهود"ی دیتن کە لەهەموو مرۆڤ و ئاژەڵەکاندا هەیە بەهێز و لە گەشەدایە. زانیاری قووڵ لە ناوچەکە یارمەتی دەدا کە خێراتر لە نەیار هەنگاو بنێن ئەوە شتێکی باش و پڕ بایخە. هەروەها زانیاری و چوونە ناو دڵی هاوڕێیان یارمەتی دەکا پرسەکان لە ڕوانگەی ئەوانەوە ببینن و بڕیارەکانت خێراتر بن، نەک ئەوەی لە دوور لە مەیدانی کار بڕیاری ئاراستەکراو بدەی. مێشکت بە بڕیاری خێرا عادەت بدە و بەو هەستە خێراییە باوەڕ بکە. لەوکاتەدا زەینی ئێوە وەک بروسکە لە دڵی دوژمن دەدا و پێش ئەوەی تێبگەن، لە نێو دەچن.

لە کۆتاییدا، حوزووری زەین بە تایبەتمەندییەکی بەسوود تەنیا بە هەلومەرجی نەوەساندا مەزانن، بیر مەکەنەوە دەبێ هەمیشە بێ دەنگ و سست بن، لە هەل‌ومەرجێکی تایبەتدا کەڵکی لێ وەرگرن. متمانە بەخۆبوون، بوێری و پشت‌قایمی بەخۆتان لەو تایبەتمەندییانەن کە هەم لەکاتی شەڕدا و هەم لەکاتی ئاشتیدا فریای مرۆڤ دەکەون و سوودی زۆری هەیە. فرانکلێن ڕوزوێلت لە هەلومەرجی پڕ تەوژمی قەیرانی ڕوحی، لەشەڕی جیهانی دووهەمدا و دۆخی ڕۆژانەی وەک پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵە، وەزیرەکان و جەستەی ئیفلیجی خۆیدا، حوزووری زەین و خوێن‌ساردی خۆی دەپاراست. کاتێک قەیرانێک دێتە پێش مێشکی ئێوە بە شێوەی غەریزەی ئارام و ئامادە دەبێت. کاتێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حوزووری زەین دەبێتە عادەت و خوو، هەرگیز بەجێتان ناهێڵێ.[١]

**بیهێنە چار چاوت:** با، چۆن هەڵ دەکا ڕووداوی چاوڕواننەکراوی لێ دەکەوێتەوە. ئەو گومان و لۆمەی کە کەسانی دیکە پێت دەلکێنن، وەک بای توندی دەریا وایە، ئەو بایە دەتوانێ لەهەر نوقتەیەکەوە دەست پێبکا و هیچ ڕێگایەک بۆ ڕاکردن نیە. هیچ کەرەستەیەک بۆ پێش‌بینی‌کردن کە با لە چ کات و شوێنێکەوە دەست پێ‌دەکا نیە، ئەگەر بتانەوێ لەگەڵ هەڵکردنی هەر بایەک‌دا ئاراستەی خۆتان بگۆڕن، بێ‌گومان پاش ماوەیەک دەریا فڕێتان دەداتە دەرەوە. کاپیتانە لێهاتووەکان کاتی خۆیان بەفیڕۆ نادەن لە خەمی ئەوەی کە ناتوانن کۆنترۆڵی چی بکەن، تەرکیزیان لەسەر

---

١. مرۆڤێک کە لە "هارا"دا بوونی هەبێت، هاوسەنگی و تەرکیزی هەیە، هێزی بڕیاردان و دادوەریی هەیە، هاوکات دوورە لە دەمارگرژی و هێور و لەسەرخۆیە و دەزانێت چی گرینگە و چی گرینگ نییە. ڕاستییەکان بە ڕوونی دەبینێ و بە بێ خۆلادان لێیان خۆی ڕێک دەخات. لە زمانی ژاپۆنیدا بە ئەم جۆرە مرۆڤانە دەگوترێت "Aara No Arue hito". ئەوانە هەمیشە لە ناوەند جێگیرن. ئەو مرۆڤانە بەردەوام هاوسەنگ و لەسەرخۆ و خاوەن هزر و دڵێکی ئاوەڵان. بە بێ ئەوەی کوێرکوێرانە دادوەری بکەن، دەزانن چی لە جێی خۆی دایە و هاوکات ئامادەن بەرەوڕووی هەموو پێشهاتەیەک ببنەوە. لەخۆی ڕا دەبینێ بەسەر هەموو کەند و کۆسپێکدا زاڵ بن. لە ڕاستیدا ئەو مرۆڤانە وەک دارێکن کە بەبێ زەحمەت و ماندووبوون بەرهەمیان هەیە و میوەی گەییو دەدەن. ئەگەر بێت و ئاگر بڵێسە بکات و پەل هاوێژێ بۆ هەموو کون و قوژبنێک و لەگەڵ هاوار وناڵەی خەڵک تەشەنە بکات، ئەوان بە خێرایی و وریایی و هێمنی، کارێکی گونجاو ئەنجام دەدەن و ئاراستەی "با" دیاری دەکەن. ئەوەی پێویست بێ ڕزگاری دەکەن. ئاو دێنن و بە بێ دوودڵی، هەموو هەوڵێک بۆ کووژاندنەوەی ئاگرە دەدەن. بە پێچەوانە، ئەو مرۆڤەی کە لە ناوەندی "هارا" بوونی نییە، بە زمانی ژاپۆنی پێی دەگوترێت " Hara No Nai hito"؛ هیچ کام لە بڕیارەکانی ئەم جۆرە مرۆڤانە لە ڕووی ڕاستگۆیی و ئارامییەوە نادرێن. ئەمجۆرە دوورن لە پێوەرەکانی مرۆڤی ژیر و هێور. ئەوانە لەسەر بنەمای کاریگەرییە دەرەکییەکان، وەڵامی ڕووداوە ئاڵۆز و وروژێنەرەکان دەدەنەوە، هەڵبەت لەسەر بنەمای لێکدانەوە ڕەواڵەتییەکان. ئەوانە ناتوانن لە نێوان چەمکەکانی گرینگ و ناگرینگ، پێویست و ناپێویست جیاوازی دابنێن. هەروەها قەزاوەت و دادوەرییەکانییان لەسەر بنەمای بارودۆخە کاتییەکان و هەست و سۆزە زوو تێپەڕەکانی وەک ئێرەیی و توڕەیی و ڕق دەکەن. ئەوانە بە ئاسانی توڕە دەبن و هاوسەنگی خۆیان لەدەست دەدن. نەک لەبەر ئەوەی مرۆڤی هەستیارن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ناوەندێکی دەروونیی جێگیریان نییە کە بتوانن هاوسەنگی پێویست بپارێزن. بە شێوەیەکی گشتی ناتوانێت لۆژیکی مامەڵە لەگەڵ ڕاستییەکاندا بکەن. لە جیهانبینی ڕۆژهەڵاتدا، هێزی ڕاستەقینە لە "هارا" دا جێگیرە. هەر بۆیە لە پێوەندی لەگەڵ کارکردن و بەهێزکردنی "هارا"دا هەوڵ و وانەی زۆر هاتوونەتە کایەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەیە کە دەبینین لە کۆی هونەرە جەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتدا، گرینگیدان بە "هارا"، واتا لێدانی زەربەیەکی کاریگەر و کوشندە لە بەرانبەرەکەت و هاوکات وزە وەرگرتن بووە لە "هارا". لەوانەیە وشەی هاراگیریتان بیستبێ. سامۆڕاییەکان هاراگیرییان بۆ خۆکوژی بەکار دەهێنا. وشەی "گیری" لە زمانی ژاپۆنیدا بە واتای بڕین دێت. لە هاراگیریدا سامۆڕاییەکان خەنجەرە دەخەنە ناو "هارا"وەوە و دەیبڕن. بە لەبەرچاوگرتنی گرینگی "هارا"، پێوەندیی نێوان جەستە (هارا)، هەست (خزمەتکاری دڵ) و بیرکردنەوە (ئەقڵ) دێتە ئاراوە. سۆفیەکان وشەی "مەودا" بۆ دەربڕینی دابڕان لە هارا بەکاردێت. جێگای سەرنجە کە ئەم وشەیە لە هێندێک کتێبی ڕۆژاوایشدا هاتووە. لێرەدا دووری بە واتای "جیابوونەوە لە ڕەچەڵەک و ماڵەوە دێت". ئێمە بە پەیوەندیکردن بە "هارا" بوونی خۆمان دەسەلمێنین. لێرەشدا مەبەست لە بوون؛ واتە لە سات و ئێستا و لێرەدا بوونە. هەردوو لایەنی مێینە و نێرینە، واتە ینگ و یین، لە "هارا"دا بوونییان هەیە. لەم حاڵەتەدا کەسەکە هەموو شتێک وەک خۆی قەبووڵ دەکات و عەقڵ بڕیاردەرێکی چالاک نییە. لەم دۆخەدا مەرج نییە شتەکان بگۆڕدرێن بۆ ئەوەی خۆشەویست بن. لە فێرکارییەکانی ڕۆژهەڵاتدا، کاتێک مرۆڤ فێر دەبێت لە "هارا"دا خۆی ببینێتەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە مەبەستی ڕاستەقینەی خۆیدا ئامادەیە و بوونی هەیە. بە گشتی مرۆڤێک کە لە "هارا"دا خۆی دەبینێتەوە، لە خۆی تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە سەرووی ئەوانی دیکە جێگیر بێ. هارا، حضور در مرکز، "کارل فرید گراف فون دورکیم" ١٩٦٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەنجامەکانیان دەبێ و ئەوان باوەڕیان بە کارامەیی و توانایی دەستیان هەیە و دەزانن لەسەر ئەزموونی پێشوو، هەرچی ڕوو دەدا سەرەنجام دەگەن بە لێواری دەریا، واتە ویشکایی.

ڕالف والد ئیمرسۆن (١٨٠٣- ١٨٨٢) دەڵێ: "*بەشێکی گەورە لە شەهامەت و بوێری، هەمان ئازایەتییە کە پێشتر بۆ بەڕێوەبردنی هەمان کار کەڵکمان لێ وەرگرتووە.*"

## حاڵەتی دەگمەن

هیچکات باش نیە وریایی و حوزووری زەینی خۆتان لەدەست بدەن، بەڵام هێندێک جار نەبوونی حوزووری زەین یارمەتیمان دەدا بزانین لە داهاتوودا چ بکەین. دەبێ ڕێگایەک بیینیەوە کەخۆت سفتوسۆڵ لەمەیدانی شەڕ بپارێزی. پاشان هەڵسوکەوتی کردەوەکانی خۆت پێداچوونەوەی پێدا بکە. پێوشوێنی لاوازییەکانی خۆت بکەوە و بیری لێ بکەوە کە چۆن قەرەبووی بکەیەوە. کەسانێک کە هیچکات حوزووری زەینی خۆیان لەدەست نادەن لەمەترسی دان و لەوانەیە ڕۆژێک ڕووداوێک خافڵگیریان بکا و بە قیمەتێکی گران بۆیان تەواو بێ. تەواوی ژێنراڵە گەورەکان وەک، ژولیس سزار یان پاتێن، بە جێگایەک گەیشتوون کە کۆنترۆڵی خۆیان لەدەست داوە و دواتر بۆ بەدەستهێنانەوەی سەختتر هەوڵیان داوە. هێندێک جار هەرچەند هاوسەنگی خۆتان لەدەست بدەن، باشتر دەزانن کە چۆن لەسەر پێی خۆتان بوەستن. ئەوە ڕاستە تۆ ناتەوێ لە ساتەوەختی گرنگ و سەرەکییەکاندا حوزووری زەینی خۆتان لەدەست بدەن، بەڵام ئەگەر بتوانن ڕێگایەک بیینیەوە تاکوو دوژمنان حوزووری زەینی خۆیان لەدەست بدەن، هەنگاوێکی گەورەت هەڵێناوەتەوە. سەرنج بدە کە چ شتێک دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی ئەوان، هەمان شتیان بەسەر دا بێنە. کارێک بکە کە پێش ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن ناچاریان بکە دەست پێشخەر بن. ئەوان خافڵگیر بکە و بزانە کە هیچ شتێک لەوە کاریگەرتر نیە کە دوژمن بەناچاری و لەناکاو بێ بەرنامە دەست بۆ کارێک بەرێ، خاڵی لاوازییان بیینەوە و دیاری بکە. هەرچەندی زیاتر ئەوان تووڕە بکەی باشتر دەتوانی بەرەو پێش بڕۆی و سەرکەوتوو بی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی چوارەم:
# هەستی داماوی و دڵەکوتێ و نائومێدی دروست بکە.
# ستراتیژیی زەوی مەرگ

ئێوە خراپترین دوژمنی خۆتانن. کاتە بەنرخەکانت لە جیاتی بۆ ئێستا هەوڵ بدەن، بۆ ململانێی خەون دیتن بۆ داهاتوو سەرف دەکەن، چونکە هیچ شتێک بۆ ئێوە بە پەلە نییە، نیوەی ژیانی خۆتان سەرفی کارێک دەکەن کە ئەنجامی دەدەن. تەنیا ڕێگە بۆ گۆڕانکاری، کردەوە و فشاری دەرەکییە، خۆتان بخەنە دۆخێکەوە کە ئەگەر کات یان سەرچاوەکانت بەفیڕۆ بدەن زۆر شت لەدەست دەدەن، واتە لەو بارودۆخە خۆت نەدۆڕێنی هەرگیز دۆڕاو نابی. پێوەندی خۆتان لەگەڵ ڕابردوو بپسێنن و بەرەو خاکی نەناسراو هەنگاو بنێ. خۆتان بخەنە "زەوی مەرگ" هەمان جێگەی کە پشتت بە دیوارەوەیە و ناچاری بۆ درێژەدانی ژیان و مانەوە بە هەموو هێز و تواناوە شەڕ بکەی.[1]

## تاکتیکی بێ گەڕانەوە

لە ساڵی ١٥٠٤ کوڕێکی گەنجی ئیسپانیایی بە ناوی هێرنان کۆرتیس وازی لە خوێندنی یاسا هێنا و بە کەشتی بەرەو "مستعمرات" ژێردەسەڵاتی وڵاتەکەی لە جیهانی نوێ وەڕێکەوت. ناوبراو لە سەرەتا چووە سانتۆدومینگۆ (ئەو دورگەیەی کە ئەمڕۆ پایتەختی کۆماری دومینکێن دەناسرێ) دواتر سەردانی وڵاتی کووبای کرد و لەبارەی وەڵاتی مکزیک هێندێک شتی بیستبوو، وەک دەڵێن ئەو وڵاتە پڕ لە

١. کورتیس کە لەگەڵ شەپۆلە تووڕەییەکانی دەریادا شەڕی دەکرد، دەیزانی ئەولای دەریای شین کوبایە، کوبا بەو مووچە و مەزرا سەوزانە، ئاژەڵە بەهێزەکانی قەومی هیندوستان هەر لە جێگای خۆیان بوون، بەڵام ڕێگای کوبا چیتر دەریایەکی ئارام و جوانەوە، بێ مەترسی نەبوو. دەبوو سەرەتا بە دەرباری مۆتکۆکۆمادا تێپەڕن. دەبوو بە فێڵ و بە زۆر یان هەردووکیان داگیریان کردبوایە. ڕێگای کوبا بە دڵی هیندییە کێوییەکاندا تێدەپەڕی کە دیلەکانیان دەخوارد و پێستیان وەک نیشانەی سەرکەوتن لەبەر دەکرد. ئەم پێنج سەد پیاوە بە هۆی لێهاتوویی و شارەزایی فەرماندەکەیانەوە، هەموو بیرەوەری و حەسرەتەکانی نیشتمانیان لە دڵی خۆیان دەرهاویشت و هەموو ژیانی ڕابردوویان لەبیر کرد. لەمەودوا، بۆ ئەوان هەموو ژیان لە پێشەوە بوو، بەرەو ئەو لووتکە قەدەغەکراوانەی کە بە شێوەیەکی زەبەلاح لە ئاسۆدا بەرزبوونەوە وەک ئەوەی ڕێگری لە هەموو دەستڕاگەیشتن بەو شتە بکەن کە ئێستا تەنها تەماحی ئەوان نەبوو، بەڵکوو تاکە ئامانجی ئەگەری ئەوان بوو، واتە گەیشتن بەم گردانە خولیای ئێستایان و ئامانجی کۆتاییان بوو: "مکزیک"، ئەم خاکە نهێنی و بەهێزە لە پشت ئەم هۆزە کێویانە بوو. ارنان کورتس، فاتح مکزیک، سالوادور مادارياگا ١٩٤٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زێڕە و سوورپێستەکانی ئازتەک دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بەڕێوە دەبەن و پایتەختە بەنرخەکەی نێوی تنۆچیتیلانە. لەوکاتەوە کۆرتیس بیری لە داگیرکردنی مکزیک دەکردەوە. کۆرتیس ورده ورده لە دە ساڵی داهاتوودا پلەی بەرزتری بەدەست هێنا و لەلایەن حاکمی ئیسپانیا وەک "منشی" بۆ کاروباری کووبا دیاری کرا و پاشان وەک خەزێنەداری شاهنشاهی دورگە دەست بەکار بوو. ناوبراو لە زەینی خۆیدا زۆر بە سەبروحەوسەلە چاوەڕێی دەرفەتێکی لەبار بوو تا سەرەنجام ئیسپانیا کۆمەڵێک پیاوی بەرەو مکزیک ڕەوانە کرد و ئیدی هیچکات نەگەڕانەوە.

ساڵی ١٥١٨ حاکمی کووبا دیەگۆ ولاسکوئێز، کۆمەڵێک خەڵکی بە فەرماندەهی کۆرتیس بۆ سەفەری دۆزینەوەی پێداویستی بەنرخ ڕەوانەی مکزیک کرد و ئامانج لەو سەفەرە بزانن چ بەڵایەک بەسەر ئەو گرووپەی پێشوو هاتووە و هەروەها زێڕ و بۆ داگیرکردنی مەکسیک ڕێگەی ئاسان بدۆزنەوە. ولاسکوئێز دەیهەویست ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بۆ خۆی بە ئەنجامی بگەیەنێ بەڵام بۆ ئەم گەشتە مەترسیدارە پێویستی بە کەسێک بوو کە بتوانێ بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکا، بۆیە دوای ماوەیەکی کەم لەو بڕیارە گومانی هەبوو. دەیزانی کە کۆرتیس کەسێکی زۆر وشیارە و لەوە نیگەران بوو کە ئەو وشیارییە کێشە و ژانەسەری بۆ دروست بکا. ئەو هەواڵە بە گوێی کورتیس گەیشتەوە کە گۆیا ولاسکوئێز لەبڕیارەکەی تووشی گومان بووە، کۆرتیس زوو تێگەیشت کە نابێ بە ولاسکوئێز کاتێکی زۆر بدا بۆیە لە نیوەشەودا بە یازدە کەشتییەوە کوبای بەجێهێشت و بیری کردەوە کە دواتر لە دەرفەتێکی لەبار هەموو شتێک بۆ حاکم باس دەکەم.

ئەو گرووپە لە مارسی ١٥١٩ لە کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی مکزیک دابەزین و لەماوەی چەند مانگ دواتردا کورتیس نەقشەکانی بە ڕێکوپێکی و بەکردەوە جێبەجێ کرد، ئەو بناخەی شاری وراکروزی بنیات نا و لەگەڵ قابیلی دژی دەسەڵاتی ئازتەک یەکی گرت و پەیوەندی بە ئیمراتۆری ئازتەکەوە کە پایتەختەکەی ٤٠٠ کیلومیتر لە لای ڕۆژاوا هەڵکەوتبوو گرت و وتووێژی سەرەتایی دەست پێکرد. بەڵام کێشەیەک لەسەر ڕێگای ئەو داگیرکردنە بۆ کۆرتیس دروست کرا. لە نێوان ئەو ٥٠٠ سەربازەی کە لەو سەفەرەدا بەشدارن بوون هێندێک لەوانە لە لایەن دیەگ ولاسکوئێزەوە مەئمورییەتی پێ سپاردبوون کە سیخوڕی لەسەر کۆرتیس بکەن و ئەگەر لە فەرماندەهی‌دا زیادەڕەوی کرد کێشەی بۆ دروست بکەن، بۆیە جاسوسانی وەفادار بە ولاسکوئێز تۆمەتیان لە کۆرتیس دا کە بۆ کۆکردنەوەی زێڕ مودیرییەتی لاواز بووە و کاتێک زانیان هەدەفی کۆرتیس داگیرکردنی مکزیک بوو پڕوپاگەندەیان بڵاو کردەوە کە کۆرتیس شێتە و عەقڵی تەواو نیە. ئەو دەنگۆیانە بەس بوون بۆ تاوانبارکردنی ڕێبەرێک کە بڕیار بوو پێنج سەد سەرباز بۆ شەڕکردن لەگەڵ نیو میلیۆن ئازتەکی ئامادە کردبوو، کە لە بەرامبەریان‌دا ڕاوەستێ. ئەویش نیو میلیۆن ئازتەکی کە بە خواردنی گۆشتی دیلەکان و دواتر لەبەرکردنی پێستی ئەوان، وەک نیشانەی سەرکەوتن بەناوبانگ بوون. ئەگەر کەسێکی عاقل بوایە هەموو زێڕەکانی کۆ دەکردەوە و بەرەو کوبا دەگەڕایەوە و دواتر بە سوپایەکی بەهێزتر لەشکرکێشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردبوایە. چ مرۆڤێکی عاقڵ لەو وڵاتە کە پێی دەڵێن زەوی شەیتانەکان بەو هەمووە نەخۆشییەوە لەو زیندانەدا بەبێ بچوکترین پێداوستی خۆشگوزەرانی دەمێنێتەوە؟ بۆچی نابێ بگەڕێنەوە خاکی خۆیان؟ بۆچی کەشتییەکانیان وەڕێ ناکەون و بچنەوە مووچە و ماڵەکانی خۆیان و لای ژنە جوان و منداڵە خنجیلاکانیان؟ بۆچی بەو هەمووە سەروەت و سامانە ژیانێکی شیرین و نوێ دروست ناکەن؟

کۆرتیس بڕیاریدا ئەو کەسانەی کە کێشەیان دروست کرد بە شێوازی خۆی بێ دەنگیان بکا، ناوبراو بە هێندێکیان باجی دا و بەشێکی دیکەی لە ژێر چاوەدێری ورد گرت، هەر لەوکاتەدا هەوڵیدا هەواڵی خۆش و پاڵنەر بە باقی هێزەکانی دیکەی بدا تا کەس نەتوانێ فریویان بدا. هەموو شتێک بە باشی بەرەو پێش دەچوو، تا شەوی ٣٠ ژوئیە [٩ی گەلاوێژ] کە یەکێک لە دەریاوانێکی ئیسپانیایی سەردانی کۆرتیسی کرد درکاندی کە فریوی خواردووە و بە پێی بەرنامەیەک لەگەڵ سیخوڕەکان کەوتووە و قسەی سیخوڕەکان ئەوەیە، کە هەموویان کەشتییەک بدزن و بەرەو کوبا بڕۆنەوە و بە ولاسکوئێز ڕابگەیەنن کە ئامانجی کۆرتیس داگیرکردنی مکزیکە.[١]

کۆرتیس بیری کردەوە، کە ئەوە ساتێکی یەکلاکەرەوەی ئەو گەشت و سەفەریە. ناوبراو دەیتوانی بە ئاسانی پیلانەکە سەرکوت بکا بەڵام پیلانەکە یەک و دوو نەبوون. هێزەکانی هەموویان مێشکی نەرێنییان هەبوو تەواوی بیرکردنەوەی ئەوانە لەچوارچێوەی زێڕ و کوبا و گەڕانەوە بۆ بنەماڵەکانیان دەخولایەوە. ئەوانە بیریان لە هەموو شتێک دەکردەوە بێجگە لە شەڕکردن لەگەڵ ئازتەکییەکان. کۆرتیس نەیدەتوانی لەگەڵ هیچ دوژمنێک بە کەسانی لێک هەڵوەشاوە و "منفک" جیابووەوە شەڕ بکا. بەڵام ئەوەی گرنگە چۆن بەو کەسانە ئەنگێزە و ئێنرژی بدا. چۆن دەبێ پاڵنەر و وزەیان پێ بدرێ بۆ ئەوەی هەموو سەرنجەکانیان لەسەر ئەو ئەرکە قورسە کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە چڕ بکەنەوە؟ کاتێک تەواوی لایەنەکانی لێک داوە زانی کە دەبێ زۆر بە خێرایی هەڵوێست بگرێ. لەپێشدا کەسانێکی کە پیلانیان گێڕا گرتنی و دو کەس لە ڕێبەرانی لەدار دان، پاشان بە کەشتیوان "ناخودای کشتی" بەرتیلی پێدا بۆ ئەوەی تەواوی کەشتییەکان کونکون بکا و بە هەموویان بڵێ کرم تەختوبێخی کەشتییەکانی خواردووە و ئەو کەشتیانە شایەنی ئەوە نین کە بخرێنە ناو ئاوەکە و بۆ گەشتکردن نابن.

کۆرتیس خۆی وانیشان دا، کە بە بیستنی ئەم هەواڵە لەناکاوە زۆر دڵتەنگە و بڕیاریدا هەموو ئەو شتانەی کە لە کەشتییەکان دا هەیە و بۆ کەڵک وەرگرتن دەبێ بیخەنە دەرەوە و کەشتیەکانیش نوقم

---

١. بیرکردنەوە لە مردن کە لێی دەرباز نابن، دەبێ هەموو ڕۆژێ بێ. هەموو ڕۆژێک کاتێک مێشک و جەستەی مرۆڤ ئارامە، پێویستە خەیاڵ بکەن کە ڕەنگە ئەو جەستەیەی ئێمە بە تیر و ڕم و شمشێر لەت لەت بکرێن. یان لە ئاوردا بسووتێن. ئەگەر ڕەشەبا لێی بدا و بوومەلەرزەیەکی گەورە دەبێتە هۆی مردنی، لە لووتکەی چیایەکەوە دەکەوێتە خوارەوە، یان بەهۆی نەخۆشییەکەوە دەمرێ. پیاوی شەڕکەر کەسێکە کە هەموو ڕۆژێ خۆی بەمردوو ئەژمار دەکا. هاگا کورە" کتێبی سامورایی، یاماموتو تسونەتومو. ١٦٥٩- ١٧٢٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەن. ناخودا بڕیاری وەرگرت کە جێبەجێی بکا، بەڵام کەشتییەکان بە ڕادەی پێویست کونکون نەکرابوون تەنیا پێنج کەشتی نوقم بوون. داستانی کرمەکان بەم ڕادەیە جێگایی باوەڕ پێکردن نەبوو، چونکە سەربازەکان هەواڵی ئەو پێنج کەشتیەیان بە گومانەوە وەرگرت. بەوشێوەیە پاش چەند ڕۆژی دیکە کەشتییەکانی دیکەش لە ئاودا نوقم بوون، تەنیا یەک کەشتی لەسەر ئاو مابووەوە. ئاشکرا بوو کە لە ژێر سەری کۆرتیس دابوو و چونکە کاتێك کۆرتیس ویستی کۆبوونەوەیان لەگەڵ بگرێ هەڵوێستیان ئاژاوەگێری و بوغزاوی بوو.

بەهەرحاڵ، کاتەکە ناسک و خۆنواندن دەوری نەبوو، کۆرتیس بە سەربازەکانی کوت کە بەرپرسیارەتی ئەو کێشە وەستۆی خۆم دەگرم و تەواوی بڕیارەکان لەلای منەوە دەرچوون، بەڵام هیچ ڕێگایەکی گەڕانەوە نیە. دیارە ئەوان دەیانتوانی کۆرتیس لەسێدارە بدەن بەڵام هەموویان لەگەڵ هێندییە شەڕانییەکان لەگەمارۆ دابوون و هیچ کەشتییەکیش لە ئارادا نەبوو کە پێی بگەڕێنەوە و هەروەها لەلایەن ئەوانەوە هیچ هاوپەیمانیەک بوونی نەبوو، ئەگەر کۆرتیس لەدار بدرێ بێ ڕێبەر دەمانەوە و مردنیان حەتمی بوو. ئێستا یەک ڕێگایان لە پێش بوو. ئەگەر ئازتک تێک بشکێنن ئەوە خۆیان سەرکەوتوون و مکزیک‌یان داگیر دەکرد و دواتر بەسڵامەت و بە خەیاڵی ئاسودە بۆ کووبا دەگەڕێنەوە. تەنیا ڕێگای کە لە پێشیان بوو تا داگیرکردنی تنوچیتیلان هاوکاری کۆرتیس بکەن. بۆ گەیشتن بە تنوچیتیلان، سەرەتا دەبوو بەو سەرلێشیواوی و سەرگەردانییەوە شەڕ بکەن یان پێکەوە یەکگرتوو و یەک دەنگ بن. ئەوان قەبووڵیان کرد هەر جۆرە تەکرەوی و خیانەت دەبێتە هۆی شکستخواردنی یەکجاری و تێداچوون. هەلومەرجی ئەوانە زۆر نائۆمێدی و هیوابڕاو بوو، بەڵام کۆرتیس گرێنتی دا کە ئەگەر سەربازەکانی بە تەواوی هێزیانەوە شەڕ بکەن ناوبراو تا سەرکەوتن شان‌بەشانیان هاوڕایان دەبێ. بەو پێیە ئەو سوپایە لە ژمارەدا کەم بوون، بەڵام لە ئەگەری سەرکەوتندا گەورەیی و سامانی زیاتریان پێ دەبڕا. کۆرتیس یاسایەکی نوێی دانا کە ئەوانەی ترساون و پشت لەو گەورەیی و سامان دەکەن سواری ئەو تاقە کەشتییە بن و بەرەو کووبا بگەڕێنەوە.[١]

بەڵام کەس ئەو یاسایەی قەبووڵ نەکرد و کەشتی بە بەتاڵی لەسەر شەپۆلەکان مایەوە. لە مانگەکانی دواتردا کۆرتیس سوپاکەی لە وراکرۆز و کەناراوەکان دەریا دوور خستەوە، ئێستا سەرنجی ئەوان بەتەواوی لەسەر تنوچیتیلانە، کە دڵی ئیمپراتۆری ئازتەک بوو. سیخوڕی و تەماح و بەرژەوەندیخوازی هیچیان نەمابوون، پیاوانی کۆرتیس بەگشتی دەرکیان بە قووڵایی کارەساتەکە کردبوو بۆیە بە هەموو هێزێکەوە شەڕیان دەکرد. سوپای کۆرتیس نزیکەی دوو ساڵ دوای لەنێوبردن و نوقم‌کردنی کەشتییەکانی ئیسپانیایی بە هاوکاری هیندوکان توانی تنوچتیتلان بگرن و ئیمپراتۆری

١. شەڕ خاوەنی تایبەتمەندییەکە کەوا بەقووڵی لەسەر دڵی خەباتکارێک دەنیشێ، وەک بڵێی مەرگ بە دوژمنی خۆی نازانێ، بەڵکوو مەرگ لە کایە و یارییەک‌دا کەوا پێی خۆش نییە کۆتایی پێ بێ، وەک هاوڕێی خۆی دەبینێ. شبحی بر فراز ویتنام، جان تراتی ١٩٨٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازتەک داگیر بکات.[١]

**لێکدانەوە**

لەشەوی پیلانگێڕی کۆرتیس دەبوو بڕیارێکی بە پەلە بدا. ڕیشەی ئەو کێشە کە خۆنمایی دەکرد، چی بوو؟ ڕیشەی ئاژاوە نە لە سیخوڕەکانی ولاسکوئێز دابوو، نە لە ئازتەکەکانی قین‌لەدڵ و نە لەهەماهەنگی هێزەکانی لەگەڵ ئەو بوون، بەڵکوو مەسەلەی سەرەکی کەسانی هاوسەفەر و کەشتییەکانی نێو دەریا بوون. دڵ و مێشکی سەربازەکانی وەک یەک نەبوون. ئەوانە بەدوای ئامانجی خۆویستی خۆیان وەک ژن و منداڵ و داهاتووی خۆیان بوون کە لە ناو مێشکیاندا لە ڕێگای دەربازبوون دەگەڕان. ئەگەر نەقشەی کۆرتیس زوو بەڕێوە نەچوبایە دەیانتوانی زووتر بۆ ماڵەوە بگەڕێنەوە. ئەو کەشتییانە تەنیا نیشانە و هێمای ڕاگواستن نەبوون، بەڵکوو چەمکەکانی وەک کووبا، ڕزگاری و ڕاکردن، گەیشتن بە هێمنایەتی و چەندین ئەگەری دیکەی دەهێنایە مێشکی سەربازەکانەوە.

ئەو کەشتییانە بۆ سەربازەکان وەک حوکمی گۆچانی ژێرباڵ وابوون، بە دیتنی کەشتییەکان دەیانگوت ئەگەر نەخشە تێک بچێ بەو کەشتیانە دەتوانین بگەڕێینەوە. ئەوکاتەی کۆرتیس کێشەی سەرەکی هەست پێکرد ڕێگا چارەی ئاسان دیتەوە کە دەبێ کەشتییەکان خراپ بکرێن و ئەوەندە بەسە کە سەربازەکانی بخاتە هەلومەرجێکی سەخت و بێ گەڕانەوە بۆ ئەوەی بە هەموو توانایانەوە شەڕ بکەن.

هەستکردنی بە پەلە، لە پەیوەندییەکی بەهێزەوە بە کاتی ئێستاوە سەرچاوە دەگرێ. لەبری ئەوەی خەون بە ڕزگاربوون ببینی یا بە هیوای داهاتوویەکی باشتر بن، دەبێ لەگەڵ گرفتێکی کە ئێستا ئازارت دەدا ڕووبەڕوو بیەوە بە پێچەوانەی ئەوە شکست و نابوودی خۆتان بە گیان کڕیوە. ئەو

١. ئەو بە تۆنێکی توندی گوتی: "گەمژە! کاتت بۆ ئەو نمایشانە نیە، هەرچی ئێستا ئەنجامی دەدەی ئاخرین کاری تۆ لەسەر زەوییە. هیچ هێزیک نیە کە گرێنتی بکا تەنانەت دەقیقەیەکی دیکە لە سەر زەوی دەژی..." ئەو وڵامی داوە: "هەوڵی مرۆڤ هێزی هەیە. بە تایبەتی ئەگەر ئینسان بزانێ کارێکی کە ئەنجامی داوە لەوانەیە دوا شەڕی لەسەر زەوی بێ. ئەوەی کە کەسێک بزانێ ڕەفتاری کە ئێستا هەیەتی لەوانەیە دوا ڕەفتاری ئەو بێ، هەستێکی لێوانلێو لە بەختەوەری ژیانی پێ دەبەخشێ. پێشنیار دەکەم کەمێک پێداچوونەوە بکەی و هەموو کردارەکانت بەم بۆچوونە ئەنجام بدە... سەرنجت لەسەر پێوەندی نێوان خۆت و مردن چڕ بکەوە بەبێ ئەوەی هەست بە پەشیمانی و دڵتەنگی و نیگەرانی بکەی. سەرنجت لەسەر ئەو ڕاستییە بێ کە کاتت نییە و ڕێگە بدەی ڕەفتارەکانت بەم هەڵوێستە دەربکەون. هەر کارێک بکەی دوا شەڕت بێ لەسەر ئەم زەوییە. تەنیا لە دۆخێکی وادایە کە هەر هەنگاوێک دەنێی هێز بەدەست دێنی. ئەگینا هەر کارێک کە ئەنجامی دەدەی بە درێژایی ژیانت ڕەنگ و بۆنی ترسی لێوە دێ". "مەگەر ترسان کێشەی هەیە؟" "ئەگەر مرۆڤ نەمر بووایە ترس هیچ شتێکی خراپ نەدەبوو، بەڵام ئێستا دەزانی کە ڕۆژێک مردن دێت، نابێ دەرفەتێک بە ترس بدەی، چونکە ترس وخۆف و دڵەڕاوکێ دەتبەستێتەوە بەو بیرکردنەوە سنووردارانەی کە لەسەرتدایە. لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کورت ئارامت بکاتەوە، بەڵام لە ساتێکدا ئەو جیهانە نهێنییە دەمی دەکاتەوە و قووتت دەدا. ئەوە کاتێکە کە تێدەگەی هیچ کام لە کارەکانت هێزی پێویستی نییە. ترس گەڕان و سود وەرگرتن لەوەی کە وەک مرۆڤێک لە تۆدایە. ڕێگری لێ دەکات." سفر به دیگر سو: درس‌هایی از دون ژوان، کارلوس کاستاندار، ١٩٧٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسانەی هەموو سەرنجیان لەسەر ئەو کێشەی کە لە بەردەستیدایە چڕ دەکەنەوە ترسەنۆک دەبن، چونکە ئەو چڕبوونەوە هێزیان دوو هێندە دەکات و هەستی بە پەلە و دڵەڕاوکێی خێراییان پێ دەبەخشی، ئێستا کۆرتیس لەبری پێنج سەد سەرباز پشتیوانی سوپایەکی گەورەتری هەبوو.

ئێوەش وەک کۆرتیس ڕیشەی کێشەکە بدۆزنەوە. کێشە لە خەڵکی دەوروبەرتان نیە. کێشەکە لە خۆتان و بیرکردنەوە و ئەو ورەیەی کە پێی لەگەڵ جیهاندا ڕووبەڕوو دەبیەوە. تۆ لەپشت سەری خۆتەوە بیر لە ڕێگای ڕاکردن دەکەیەوە، بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێی کە ئەگەر شتێک بە هەڵە جێبەجێ کرا بەوێدا دەرباز بن. ئەو ڕێگایە دەتوانێ خزمێکی دەوڵەمەندی پووڵدار بێ لە ئەگەری هەر کێشەیەک پشتی پێ ببەستن، لەوانەیە دەرفەتێکی گەورە بێ کە پێشتر بەڵێنی ئەویان بە تۆ داوە، ڕەنگە بەڵێنی کاتێکی زیاتر بێت ئەگەر کارەکەت لەکاتی دیاریکراو دا جێبەجێ نەکرد دەتوانی سوودی لێ وەربگری. ڕەنگە پیشەیەکی زانراو یان پەیوەندییەک بێ کە هەمیشە هەیە و دەتوانی پشتی پێ ببەستی. هەر وەکوو سەربازانی کۆرتیس کە کەشتی خۆیان وەک بیمە چاو لێدەکرد، هەروەها ئێوەش لە ئەگەری شکستدا ئەو گەڕانەوەیە بە نیعمەت بزانن، بەڵام ئەمانە نیعمەت نین و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەمانە بەڵا و نەفرەتن. بیرکردنەوە لەگەڕانەوەیە مێشک و دڵت لێک جیا دەکاتەوە. تۆ بیر دەکەیەوە کە بژاردەی دیکەت هەیە کەوابوو بە شێوەی پێویست بۆ ئامانج تێناکۆشی و بەو شێوەیەی کە شایستەیە هەموو هەوڵی خۆتان بۆ ئەو کارە تەرخان ناکەن. هێندێک جار دەبێ تەواوی کەشتییەکانی خۆت نوقم بکەی و ئاگریان بدەن و تەنیا یەک بژاردە بۆ خۆتان بهێڵەوە، یا بەختەوەر و سەرکەوتوو دەبن یا شکست دەخۆن. خۆتان لە تۆڕی ئەمنییەتی کە بەدەوری خۆتاندا کێشاوە ڕزگار بکەن. هێندێک جار ئینسان دەبی نائۆمێد بێ تاکوو بە شوێنی دڵخواز بگات.

نیکۆلۆ ماکیاولی دەڵێ: *"فەرماندە دێرینەکانی سوپا کە زۆر باش لە کاریگەری هێزی خێرایی و بەپەلە ئاگادار بوون، دەیانزانی کە دڵەڕاوکێ دەبێتە هۆی ئەوە کە سەربازان ئاخرین هێزی خۆیان بەکار بێنن، لە بیانوویەک دەگەڕان بۆ ئەوەی گوشارێکی لەو شێوەیە بخەنە سەر هێزەکانیان."*

## تاکتیکی مردن لە یەکەم هەنگاودا

ساڵی ١٨٤٥ فیودور داستایفسکی نووسەر، کە تەمەنی ٢٤ ساڵە بوو، بە نووسینی یەکەمین ڕۆمانی خۆی بە ناوی *"داماوەکان"* جیهانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ڕووسیەی هەژاند. ناوبرا بوو بە باس و خواستی خوێندەوارانی شاری سێن پترزبورگ. بەڵام بەشێك لەو ناوبانگە بۆش و بێمانا بوو. ئەو لایەنگری لەسیاسەتی چەپەکان دەکرد و بەشداری لە کۆبوونەوەی گرووپە ڕادیکاڵ و سوسیالیستەکاندا دەکرد. ڕێبەرایەتی کاریزماتیکی یەکێک لەو گرووپانە بە دەستی میخائیل پێتراشۆڤسکی بوو.

سێ ساڵ دواتر لەساڵی ١٨٤٨دا، شۆڕش سەرانسەری ئورووپای گرتەوە. گرووپەکانی ڕادیکاڵی ڕووسیە، وەک گرووپی پیتراشۆسکی لە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی ئورووپای ڕۆژاوا بوون و وەک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوان قسەیان دەکرد. بەڵام دەست و پەیوەندەکانی تزار نیکۆلای یەکەم زۆرێک لەو گرووپانەیان لەنێو برد و لەهەمانکاتدا ڕاپۆرتیان دا کە لەماڵی پێتراشۆسکی کۆبوونەوە و قسەی سیاسی توند بەتایبەتی لەبارەی شۆڕشی جووتیاران و ڕەعییەتەوە دەکەن. داستایفسکی لەوکەسانە بوو کە بە گوڕوتین سەبارەت بە ئازادیی کۆیلەکان قسەی دەکرد و لە٢٣ی ئاوریلی [٤ی بانەمەڕ] ١٨٤٩ لەگەڵ ٢٣ کەس لە ئەندامانی گرووپی پێتراشۆسکی گیران.

پاش هەشت مانگ سیس‌بوون لەزینداندا، بەیانییەکی زوو زیندانییەکانیان لەخەو هەستاند و پێیان ڕاگەیاندن کە سەرەنجام کاتی ئەوە هاتووە گوێ بۆ حوکمەکانتان بگرن. ئەوانە لای خۆیان بیریان دەکردەوە کە چەند مانگ دوورخستنەوە ئاکامی حوکمێکی لۆژیکی‌یانەیە بۆ ئەو تاوانە و دواتر دەتوانن ئازاد بن.

بەڵام ئەوانیان سواری عارەبانەیەک کرد و لە شەقامەساردەکانی سێن پترزبۆرگ گێڕایانن. کاتێك گەیشتنە گۆڕەپانی نوسکی قەشەیەک چاوەڕێی دەکردن. لەپشت قەشەوە ڕیزێک سەرباز دەبینران و لەپشت سەربازەکانەوە هەزاران شاهید بۆ سەیرکردن ڕاوەستابوون. ئەوانە لە نێوەڕاستی گۆڕەپانەکە داری سێدارەیان بینی کە پارچەی ڕەشیان بەسەر دا کێشرابوو. لە بەردەم ئەو داربەستانە سێ پۆست هەبوون و لە تەنیشت هەر یەکێکیان عەرەبانەیەک کە ڕیزێک تابووتی تێدا ڕیز کرابوون.[١]

داستایفسکی نەیدەتوانی ئەو شتە کە دەیبینێ باوەڕی پێ‌بکا. ئەو بە کەسێک کە لەنزیکی وەستابوو بە چرپە پێی گوت: "ئیمکانی نیە ئەوانە ئێمە لە سێدارە بدەن." ئەوان بۆ لای داربەستەکانیان جووڵان و لە دوو ڕیزدا ڕاوەستان. ڕۆژێکی زۆر سارد بوو، گیراوەکان بە هەمان جلوبەرگی تەنکی کە ڕۆژی یەکەم گیرابوون لەمەیدانی شار چاوەڕێی ئێعدام بوون. تەپڵەکان دەستیان بە لێدان کرد و ئەفسەرێک هاتە پێشەوە تاکوو حوکمی ئەوانە بەدەنگی بەرز بخوێنێتەوە. "تەواوی ئەو تۆمەتبارانە بە تاوانی پشێوەی و ئاڵۆزی و بێ‌نەزمی نەتەوەیی، مەحکوم بە ئێعدام دەکرێن" گیراوەکان بە جۆرێک حەپەسان کە توانای قسەکردنیان نەبوو.

ئەفسەرێک حوکمی تەواوی تاوان و تاوانبارانی خوێندەوە. داستایفسکی چاوی لە منارەی کەللەقەندیی زێڕینی کڵیسایەک بوو کە لە دوورەوە دەبینرا و دواین خۆری ژیانی لە پشت منارەکەوە بەنازوعیشوە دەڕۆیشت و چاوی لێ‌دەکرد. بەهاتنی هەورێکی ڕەش، تیشکی خۆر لەبەرچاوی داستایفسکی ون بوو و ئەو خەیاڵە بە زەینیدا هات کە قەرارە ئێستا بۆ هەمیشە بچێتە قووڵایی ئەو تاریکییەوە. لەناکاو بیرێکی دیکە لە زەینیدا چەکەرەی کرد: ئەگەر نەمرم و ئێعدامم نەکەن ژیانی دووبارەم بێ‌کۆتایی دەکەم، ژیانم ئەبدەی دەکەم و هەر دەقیقەیەکی دەکەمە یەک سەدە، ئەوکات هەرچی لەژیانمدا بێتە پێش ڕێزی دەگرم تەنانەت چرکەیەکیش بە فیرۆ نادەم.

---

١. لۆرد ناوشیگە دەڵێ: "ڕێگای سامۆڕایی خۆنەویستییە. دە پیاو و لەوەش زیاتر ناتوانن شکست بە پیاوێکی وا بێنن. عەقڵانیەت سوودی زۆرت بۆ ناهێنێ. بە سادەیی بە تەنیا شێت بە. هاکا کورە، کتاب سامورایی، یاماموتو تسونەتومو ١٦٥٩- ١٧٢٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە زیندانییەکان کراسێکیان پێدان کە سەریان دادەپۆشن. قەشە هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی ڕێوڕەسمەکانیان ئەنجام بدا و گوێیان لە ئاخرین دان‌پێدانەکان بێت. زیندانییەکانماڵئاواییان لە یەکتری کرد. سێ کەسی یەکەم بە پۆستەکانەوە بەسترابوونەوە و چاوبەستیان بەسەر دەموچاویان‌دا کێشابوو. داستایفسکی لە پێشەوە وەستا بوو و دەبوو لە گرووپی دووهەم‌دا لەبەرامبەر جوخەی ئێعدام ڕاوەستێ. سەربازەکان تفەنگەکانیان بەرزکردەوە و بەرەو سێ کەسی یەکەم نیشانەیان گرت، لەناکاو عەرەبانەیەک بە غار هاتە نێو گۆڕەپانەکەوە. پیاوێک بە پاکەتێکەوە لە عەرەبانە دابەزی و ڕاست لە چرکەی ئاخردا تزار سزای لەسێدارەدانی هەڵوەشاندەوە.[١]

چەند سەعات دواتری هەمان بەیانی، حوکمی نوێ بۆ داستایفسکی خوێندرایەوە: کە چوار ساڵ کاری زۆرەملی لە سیبری لەگەڵ خزمەتکردن بەلیباسی سەربازێکی سادەی سوپاوە بۆی بڕایەوە. ئەو زۆر بە توندی لەژێر کاریگەری ئەو بڕیارەوە، نامەیەکی بۆ براکەی نووسی: "کاتێک بۆ ڕابردوو و هەموو ئەو کاتانەی کە بە هەڵە و لە خۆڕا بەفیڕۆم داوە بیر دەکەمەوە خوێنم وەکوڵ دێت، ژیان زۆر بەنرخە... هەموو دەقیقەیەک دەبێ بەختەوەری ئەبەدی تێدا بێ، ئەگەر لاوان دەیانزانی! ئێستا ژیانی من گۆڕاوە، ئێستا دیسان لەدایک بوومەوە."

چەند ڕۆژ دواتر زنجیریان لەدەست و لاقی داستایفسکی بەست و بەرەو سیبری ڕەوانە کرا، کە دەبوو بە درێژایی زیندانی کردنی زنجیری پێوە بێ. ناوبراو لە ماوەی چوار ساڵ زیندانی‌دا ناخۆشترین و بێ بەزییانەترین دۆخی زیندانی ئەزموون و تاقیکردەوە. ئەو کە ئیمکانی نووسینی نەبوو، ڕۆمانەکانی لە زەینیدا دەنووسی و چەندین جار دووبارەی دەکردنەوە تاکوو لەبیری نەکا. سەرەنجام ساڵی ١٨٥٧ کە تا ئەوکاتیش حوکمی سوپای دەکێشا، ڕێگای پێدرا کە بەرهەمەکانی چاپ بکا. ئەو کە پێشتر

---

١- هەر لە کۆنەوە هەمووان پێیان وابوو کە کەسێک کە هەر ئارەزو و ئومێدێک بۆ ژیان لە ڕێگەی ڕاهێنانی سەختەوە هیوایەک بووبێ بۆ مانەوە تەنیا یەک ئامانجی هەبووە لەنێوبردنی دوژمنەکەی، دوژمنێکی ترسناک و شەڕکەرێکی سەرسەخت، کاتێک شمشێرەکەی لە کالان دەرهێناوە و لە دەستی دایە، هەرگیز سازش قەبووڵ ناکا و خۆشی سازش ناکا. بەم شێوەیە پیاوێکی بەڕواڵەت ئاسایی کە بە هێزی بارودۆخەکان نەک بە پیشە، لە دۆخێکدا دانرابوو کە ناچار بوو بێجگە لە شەڕکردن بژاردەیەکی دیکەی بۆ زیندووبوون نەبوو، کەسێکی مەترسیدار بێ، تەنانەت بۆ وەستایەکی لێهاتوو لە شمشێربازیدا توانایی بەربەرەکانی نیە. بۆ نموونە یەکێک لە ئەڵقە بەناوبانگەکان پێوەندی بە مامۆستایەکی شمشێربازییەوە هەیە کە لەلایەن کەسێکی سەرووترەوە داوای لێکرابوو کە خزمەتکارێکی خۆی ڕادەست بکا کە تاوانبارە بە تاوانێک کە سزای لەسێدارەدانی هەیە. ئەم مامۆستایە بە ویستی ئەوەی تیۆرێکی خۆی تاقی بکاتەوە سەبارەت بە هێزی ئەو بارودۆخەی کە ئێمە پێی دەڵێین نائومێدی یان خۆنەویستی، پێشنیاری بە کەسەکە کرد کە مەحکوم بە مەرگ کراوە دوئلی لەگەڵ بکا. خزمەتکارەکە بە باشی زانی کە ئایە وەستای شمشێرباز لە بەرامبەر پیاوێک کە هیچ ڕێگایەکی بێجگە لە شەڕ بۆ مانەوەی خۆی نیە، بە سختی لە بەربەرەکانی شەڕ دەکا یان نا. خزمتکار کە بە باشی لە وەزعی شپرێوی خۆی ئاگادار بوو دەیزانی ئەو حوکمە ئەو بەرەو لەنێوچوون دەبا. بۆیە سەرتر لە سنوورەکانی شەڕی کرد، ئەو زەڕرەیەک ڕێگای بە گومان نەدا کە هۆش و سەرنجی لەدەست بدا. ئەو خزمەتکارە ئەوەندە ئازایانە شەڕی کرد کە وەستای شمشێربازی واداری بە پاشەکشە کرد بە جۆرێک کە پشتی بە دیوارەوە نووساند. وەستا لە ئاخرین هەوڵی دا ڕاست ئەو کاتەی کە نائۆمێد بوو بەهۆی ئەم هەستەی هەوڵدان بۆ مانەوە، توانی گەورەترین هاوئاهەنگی لە نێوان لێهاتوویی و بوێری و ئیرادەدا دروست بکات و خزمەتکارەکە لەبەین ببا. رازهایی ساموراییی، اسکار رانی و ادل وستبوک، ١٩٧٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاغەزێکی بە دەستەوە دەگرت و بە نووسین و پاک کردنەوەی خەتێک، نیوەی ڕۆژی تێدەپەڕاند، بەڵام ئێستا دەینووسی و بەس. هاوڕێکانی ئەویان بینی لە شەقامەکانی سێن پترزبۆرگ بەڕێگادا دەڕۆیشت و لەگەڵ خۆیدا قسەی کەسایەتیەکانی پڕۆقە دەکرد و لە چیرۆک و پاڵەوانەکانیدا نوقم دەبوو. ئێستا دروشمێکی هەبوو "هەوڵ بدە لە کەمترین کاتدا، زۆرترین کارایی هەبێ."

**لێکدانەوە**

تزار نیکولای دوای گرتنی توندڕەوەکانی لایەنگری پتراشوسکی، بڕیاریدا ئەوان بەکاری سەخت مەحکووم بکات، بەڵام دەیهەویست وانەیەکی سەختریان پێ بلێتەوە، بۆیە مانۆڕی بێبەزییانەی حوکمی ئێعدامی وەڕێ خست. پاشان تەواوی وردەکارییەکانی بەڕێوە برد وەک: قەشە، سەرپۆش و شکانی حوکمەکە لە دواساتی بەڕێوەبردنی حوکمەکەدا. لەبیری خۆیدا گوتی کە ئەو کارە بەڕادەی پێویست زیندانییان تەحقیر و سووک دەکا. لەڕاستیشدا بەشێک لەو زیندانیانە بەدیتنی ئەو دیمەنە شێت بوون و سڵامەتی عەقڵی خۆیان لەدەستدا. بەڵام کاریگەری لەسەر داستایفسکی جیاواز بوو، ئەو بۆ ساڵانێک سەرلێشێواو و کرومات بوو، نەیدەزانی چی لە نیعمەتی ئازادیی بکا. ناوبراو کە پیاوێکی لەڕادەبەدەر هەستیار و بەگوڕوتین بوو لەو ڕۆژەدا، قووڵایی مەرگی لە پێست و ئێسقانیدا هەست پێکرد و کەمبوونەوەی حوکمەکەی وەک لە دایکبوونەوەی لێک دایەوە.

ئەم کاریگەرییە بۆ هەمیشە مایەوە. ناوبراو بە درێژایی تەمەنی ئەو بیرەوەرییەی ئاگاهانە بە زیندووی هێشتەوە، سوێندی خوارد کە لەهەموو ساتەکانی ژیانی بە مانای واقعی وشە کەڵکی لێوەرگری، لەبیری نەبردەوە. شاید ئەگەر جۆرێکی دیکە گەورە بوایە بۆ وێنە ژیانێکی ئاسودەتر و خۆشتری بوایە، تەواوی ساتەکانی خۆی لە کافتریا بە قومارکردن و بەزایەکردنی پووڵ تێدەپەڕاند. بەڵام هەژاری و قەرزاری بۆ ئەو مردنێکی هێمادار بوو و ئەوی بۆ پووچی و بێ مانایی ژیانی دەگەڕاندەوە. بەهەرحاڵ، ئەو دەبوو بنووسێ و شێوازی ئەو لەگەڵ ڕۆماننووسانی دیکە جیاواز بوو، وەک بڵێی نووسەری بە هەموو سۆخەنڕانییەکانیەوە، بە هەموو ڕەگ و ڕیشەکانییەوە پێشەیەکی هونەری دڵخواز و چێژ بەخشە. داستایفسکی جۆرێکی دەنووسی هەروەک ئەوەی ژیانی لەو چرکەدا کۆتایی دێت. ئەو هەمیشە هەستی بە پەلە و جیددی بوونی دەکرد.

مەحاڵە ئێمە لە مردن تێبگەین، مردن هێندە گەورە و ترسناکە ئامادەین هەر کارێک بکەین بۆ ئەوەی بیری لێ نەکەینەوە. کۆمەڵگا بە شێوەیەک سازمان دراوە مردنی کردوەتە کارێک کە نابینرێ. ڕووداوێک کە هەزاران هەنگاو لە ئێمەوە دوورە ئەم دوورییە پێ دەچێ بۆ ئارامشی ئێمە پێویست بێ بەڵام زۆر گران بۆمان تەواو دەبێ: وەهمی کاتە بێسنوور و بە هێند و جیددی وەرنەگرتنی ژیانی ڕۆژانە لە پشت ئەو وەهمەوەیە. هەمووومان لە حەقیقەتی مردن ڕادەکەین کە لە ڕووبەڕوومان وەستاوە.

وەک شەڕکەرێکی ژیان پێویستە ئەو وەهمە لە نێو بەرین. بیری مردن بکە بە بیرکردنەوەیەک کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناتوانی لێی ڕابکەیت، بەڵکوو بە توندی لە باوەشی دەگری. ڕۆژەکانت ئەژمار کراون، ئایە ئەو ڕۆژانە بە نیوەچڵی و بەبێ ئامادەبوونی دڵ و دەروون تێدەپەڕێنن یان بە هەستێکی بەپەلە و جیددیەوە؟ شانۆی بێبازییانەی تزار بۆ من و تۆ پێویست نیە چونکە مردن بە بێ ئەو شانۆگەرییە لە پێوشوێنی ئێمەدایە. فکر بکەوە کە مردن لەدەرگای ماڵەکەتی داوە و ئیدی ڕێگای دەربازبوونت نەماوە، لە ڕاستیشدا ڕێگای دەرباز بوونێک نیە. کاتێک هەست دەکەی مردن لەیەک هەنگاوی تۆیە کردەوەکان جیددی‌تر و چڕتر دەبێتەوە. ڕەنگە ئەوە دوایین مۆرەهەڵدانی ژیانتان بێ بۆیە بە حساب و کیتابەوە هەڵیدەن.

هاگا کورە، کتێبی سامۆڕایی، یاماموتو تسونەتومو لەبارەی مردنەوە ئاوا دەڵێ: *"سەرەڕای ئەوەی کە دەزانین ڕۆژێک دەمرین، دیسان لەسەر ئەو باوەڕەین کە هەموو کەس لەئێمە زووتر دەمرن و ئێمە ئاخرین کەس دەبین، پێمان وایە مەودایەکی زۆری لەگەڵ ئێمە هەیە، ئایا ئەم بیرکردنەوە ڕووکەش نییە؟ بەڕای من بیرێکی بێ نرخە و زیاتر لە گاڵتەیەکی خەوناوی دەچێ... لەوەیکە مردن هەمیشە لەپشت دەرگای ماڵەوە خەوتووە، دەبێ بە شێوەیەکی پێویست و بە خێرایی و بە پەلە هەوڵ بدەین."*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

زۆربەی کات هەست دەکەین کە سەرەداوی کار لە دەستمان دەرچووە. دەتوانین ئەوکارە یان کارێکی دیکە بکەین، بژاردەی زۆرمان لەبەردەستدا هەیە بەڵام بەڕای ئێمە هیچیان پێویست و بە پەلە نین، ئازادی ئێمە وەک بارێکی قورس بە کۆڵمانەوەیە کە ئەمڕۆ چی بکەین؟ بۆ کوێ بچین؟ شێواز و ڕۆتینەکانی ڕۆژانەمان یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی لە هەستی بێ ناسنامەیی سەرلێشێواوی ڕزگارمان بێ. بەڵام هەمیشە ئەو بیرکردنەوە بێزارکەرە لەمێشکدا هەیە کە ڕەنگە دەمان توانی زیاتر کار بکەین یان باشتر لەوە کار بکەین. کاتێکی زۆر بە فیڕۆ دەدەین. هێندێک جار هەستی پەلەپەل ئەزموون دەکەین زۆربەی کاتەکان ئەو هەستە لەدەرەوە ڕا بۆ ئێمە گوازراوەتەوە. لە کارەکان جێ دەمێنین. هێندێک جار زیاتر لەتوانای خۆمان بەرپرسایەتی وەردەگرین و ئەو بارە زیادییە بەسەر دەستمانەوە دەمێنێتەوە. ئێستا ئیتر هەموو شتێک ئاڵوگۆڕی تێدا پێک دێ. ئیتر لە ئازادی کردەوە هەواڵێک نیە دەبێ کارەکان بەڕێوە بەرین و کێشەکان چارەسەر بکەین. ئەو خافڵگیرییە زیاتر زیندوویی و هیوامان پێ دەبەخشێ چونکە ئێستا هەموو شتێک بۆ ئێمە بە پەلە و زەرووری دەبێ، بەڵام لەناکاو دەگەڕێینەوە بۆ هەمان شێوازەکانی ڕۆژانە، کاتێک هەستی خێرایی و بەپەلە بوون لەبەین چوو نازانین چۆن زیندووی بکەینەوە.

فەرماندەرانی سوپاکان لەو کاتەوە کە سوپا دروست بووە بیریان لەو بابەتە کردووەتەوە کە چۆن ئەنگێزە و وەرە بە هێزەکانیان ببخەشن و لە ڕووداو و پێشهاتەکان نەترسێن و زیاتر سەربەگێچەڵ بن و وزەی زیاتر لەواندا بنیات بنێن؟ هێندێک لە ژێنراڵەکان لە سەر قسەکردنی ئاگرین و حەماسی پێداگرن و ئەوانەی کە هێزی قسەکردنیان باشە تا ڕادەیەک سەرکەوتن بە دەست دێنن. بەڵام بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درێژایی دوو هەزار ساڵ لەوە پێش، ستراتیژی چینی سون تێزۆ بەو ئاکامە گەیشت کە گوێگرتن بە وتاربێژی هەرچەندە سەرنجڕاکێش و کاریگەر بێت زۆر درێژە یان دەوامی نیە. ناوبراو بژاردەی دیکەی بەناوی "زەوی مەرگ" هەبوو. مەبەست لە مانای زەوی مەرگ شوێنێکە کە لەودا سوپا بەهۆی سنوورداربوونی جوغرافیا بەتایبەتی وەک شاخ، دارستان یان ڕووبار گیر دەکا و هیچ ڕێگایەکی بۆ دەربازبوون نامێنێتەوە. سون تێزۆ باوەڕی وابوو کاتێک سوپایەک ڕێگایەکی بۆ پاشەکشە نەبێ بە ڕوحیەی دوو یا سێ بەرابەر زیاتر لە حاڵەتی ئاسایی شەڕ دەکا، چونکە مردن ڕووبەڕووی خۆی دەبینێ. سون تێزۆ بە ئاگاهییەوە سەربازەکانی لە شوێنی زەوی مەرگ جێگیر دەکرد بۆ ئەوەی بە حاڵەتێک بگەن کە وەک ئەهریمەنێک بە تەواوی وجوودیانەوە شەڕ بکەن. ئەوە هەمان کار بوو کە کۆرتیس لە مکزیک ئەنجامی دا و بەڕێوەی برد، ئەو کارەی بە تەنیا ڕێگەی بۆ گەشاندنەوەی پۆلووی هاندەر لە سەربازەکان‌دا بە پێویست زانی. پێویستی و خێرایی حوکمی سەر جیهان دەکا، خەڵك کاتێک ئاڵوگۆڕ لە هەڵس‌وکەوتی خۆی پێک دێنێ کە ناچار بێ ئەو کارە بکا. ئەویش ئەو ساتەیە کە هەست بەو پەلەیە دەکا کە ژیانی لە مەترسیدایە.[١]

زەوی مەرگ دیاردەیەکی دەروونییە کە سەرتر لە مەیدانی شەڕ کار دەکات. زەوی مەرگ هەر بارودۆخێکە کە تێیدا گەمارۆ دەدرێی. مەبەست لە بارودۆخێکە کە لە پشت سەری خۆتەوە هەست بە گوشار دەکەی و بەڵام ئیمکانی پاشەکشەت نیە. کات بەرەبەرە کەم دەبێتەوە و جۆرێک لە مردن ڕووبەڕووت دەبێتەوە و دوو بژاردەت هەیە: یا کارێک بکەی، یان تووشی لێکەوتەکانی کار نەکردن ببیتەوە.

**لە بیرت بێ:** ئێمە بوونەوەرێکین لە ڕوانگەی غەریزییەوە بە سروشت و ژینگەی دەوروبەرمان گرێ دراوین. ئێمە بە پێی هەلومەرج و مرۆڤەکانی دەوروبەر دژکردەوەمان بەرامبەر بە کەسانی دیکە دەبێت. ئەگەر هەلومەرجی ئێمە سانا و سادە بێ و کەسانی نزیک‌مان دۆستانە و سەمیمی

١. ئەوانەی کە دەیانهەویست لەدەرفەتی کە بەدەست هاتووە کەڵك وەرگرن دەستیان بە پرسیارکردن لە "هان‌شێن" کرد "بەگوێرەی کتێبی هونەری شەڕ، کاتێک کەسێک شەڕە دەکا پێویستە تەپۆڵکەکان لە لای ڕاست یان لەپشتی خۆی، و چۆم لەبەرامبەر خۆی یان لای چەپی بێ، بەڵام ئەمڕۆ دەستووڕ بەپێچەوانە بە ئێمە دراوە کە پشتمان لە چۆمی بکەین، سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە بە پێچەوانەی پەروەردەی هونەری شەڕ کارەکانمان کرد دیسان "چائۆ"مان شکست دا و جێژنی سەرکەوتن‌مان گرت، ئەو ستراتیژییە چۆنی وەڵام داوە؟" هان‌شین وەڵامی داوە "ئەوەش لەکتێبی هونەری شەڕدا هاتووە کە ئەوان بەرەو مەوقعییەتی مردن پەلکێش بکەن تاکوو زیندوو بمێننەوە، ئەوان لە نوقتەیەکی بێ گەڕانەوە دانێن تا خۆیان ڕزگار بکەن. لەلایەن منەوە قشوونی لە پێشدا دیاری کراوم نەبووە کە بتوانم ئەوانە ئامووزش بدەم و لەپێشتر ئامادەیان بکەم. لەو سۆنگەیەوە ناچار بووم ئەفرادێک لێرەولەوێ کەسانێک لە کۆڵان و بازار کۆ بکەمەوە شەڕیان پێ بکەم. لە باردۆخێکی ئەوتۆ دەبێ لە مەوقعییەتی نائۆمێدی و بێ هیوایی بکەون، ئەوکاتەیە کە هیچ ڕێگایە نیە بێجگە لە شەڕکردنی باش، ئەگەر لەناوچەیەکی بێ ترس بژین، هیچکات ئەو سەرکەوتنەمان بەدەست نەدەهات، کەوابوو لەو کاتەدا بوونیان هیچ سوودێکی بۆ من و سوپا نابێ؟" ژێنراڵەکانی هان‌شین دوای ئەو قسانە گوتیان: "حەق بەتۆیە ئێمە لەو زاوییەوە مەسەلەکەمان لێک نەدابووەوە." یادداشت‌های مورخ، زومان شن، ١٤٨- ٨٦ پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵسوکەوت بکەن ئەو گرژی و ئاڵۆزییە سروشتییە کەم دەبێتەوە. تەنانەت ڕەنگە داهێزاو و بێتاقەت بین و لەوانەیە تێنەگەین، ژینگەی ئێمە ناتوانێ بۆ ئێمە جێی ململانێ بێ. بەڵام خۆتان لە دۆخێکی پڕ مەترسی و زەوی مەرگ بخەن تاکوو هەموو شتێک ئاڵوگۆڕی تێدا پێک دێ. لەشی ئێوە لە ڕووبەڕووو بوونەوە لەگەڵ مەترسی بە وزەی دوو بەرامبەر دژکردەوە نیشان دەدا و زەینی ئێوە چڕ دەبێتەوە. پێویستی و خێرایی هەموو وجودت دادەگرێ و ئیتر ناتوانی تەنانەت ساتێکیش بە هەدەر بدەی.

چارەسەر ئەوەیە کە بە ئاگاداری و بە ئەنقەست ئەم کاریگەرییە تاوناتاوێ بەکار بێنن و وەک زەنگی مەترسیدار کەڵکی لێ وەربگرن. ئەو پێنج هەنگاوی خوارەوە کە ئاماژەم پێکردووە یارمەتی بەتۆ دەکا زەوی مەرگی دەروونی بۆ خۆت دروست بکەی. خوێندنەوە و بیرکردنەوە بەوانە کاریگەری نابێ، دەبێ ئەوانە بەکردەوە ئەنجام بدەی. ئەو کردارانە بە جۆرێک فشار لەسەر خۆت لەقەڵەم دەدرێ، لەسەر ئەو بنەمایە کە پێویستت بە شۆکێکی گەورە هەیە یان بە جووڵەیەکی کتوپڕ و بچووک، دەتوانی پلەی ئەو هەوڵانە کەم یا زۆر بکەیەوە و ڕێژەی هەر کامیان لەدەستی خۆتدایە.

١-**هەموو ئەو شتانەی کە هەتە لەسەر یەک ئامانج چڕ بکەوە.** ساڵی ١٩٣٧ لیندۆن بی جانسۆن تەمەن ٢٨ ساڵە، لە کاتی ڕێبەری شووڕای میللی لاوانی تێگزاس لەگەڵ کێشە و ململانێ ڕووبەڕوو بووەوە نوێنەری ولایەتی تێگزاس لە گۆنگرە جیمز بوکانین لە پڕدا مرد. لە بەر ئەوەی دەنگدەرانی وەفادار دەیانهەویست ڕەسمییەتی زیاتر بە کارەکانیان بدەن هەر دە یان بیست ساڵ جارێک کورسییەکی کۆنگرێس بۆ خەڵکی تێگزاس بەردەست بوو و جانسۆن دەیهەویست تا تەمەنی سی ساڵی بچێتە کونگرە. ناوبراو کە ٢٨ ساڵی تەمەن بوو، نەیدەتوانی دە ساڵی دیکە بۆ گەیشتن بە کۆنگرە سەبر بکا. جانسۆن بە تەمەن لاو و لەهەمانکاتدا لە دەهەمین هەڵبژاردنی ناوچەی سنووری بوکانین نەناسراو بوو. لەهەڵبژاردندا بە دڵنیایی لەگەڵ شکستێکی سیاسی گەورە ڕووبەڕوو دەبووەوە. لەبنەڕەتڕا بۆ دەبوو کارێک بکا کە شکستی حەتمی بوو؟ بەشداریکردن لەو کێبەرکێی هەڵبژاردنەدا بە فیرۆدانی پووڵ بوو، ئەگەر جانسۆن ڕووبەڕووی شکستێکی سەرشۆڕانە ببوایێتەوە هەموو هەوڵ و ناوبانگەکانی پێشووی لە نێو دەچوون.[١]

جانسۆن هەموو لایەنەکانی لەبەرچاو گرت و بڕیاری دا پەلەکردنی زیاتر بکات، لەماوەی چەند حەوتوودا زۆر بەتوندی چالاکی خۆی لە تەواوی گوندەکانی دوور لە ناوچەی هەڵبژاردن دەست پێکرد و سەردانی کردن. دەستی هەژارترین چینی ڕەشایی گوشی و لە دەرمانخانەکان دانیشت تاکوو لە

---

١. ئەگەر ئیمکاناتی بێ سنوور بۆ مرۆڤ ناگونجێ، ئەگەر کەسێک بە ئەگەرێکی زۆرەوە بژی، ژیانی لە بێ سنووردا گوم دەبێ بۆ ئەوەی مرۆڤ بەهێز بێ، دەبێ ئەرکێک دابنێ کە خۆی سنووردار بکا و ئەو سنووردارکردنە بە ئامادەییەوە بە ئارەزووی خۆی قەبووڵ بکا. مرۆڤ تەنیا کاتێک دەتوانێ ڕۆحی ئازاد ئەزموون بکا کە ئەرکێک و ڕەساڵەتیک بۆ خۆی دیاری بکا و بەهۆی ئەو ئەرکەوە سنوورێک بۆ خۆی دابنێ. ئی چینگ، یا کتاب دگرگونیها. قرن هشتم پیش از میداد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نزیکەوە چاوی بە خەڵک بکەوێ، سەرەنجام هەرچی لە هەگبەی دابوو هەڵیڕشت. شێوەی هەڵاڵەکردنی( تەبلیغاتی) کۆن و تازەی ڕەچاو کرد. لەبەرنامەکانی ڕادیۆی و کۆبوونەوەکاندا شەو ڕۆژ بەسەختی ماندوونەناسانە بەشداری دەکرد، کاتێک ململانێ تەواو بوو، جانسۆن بە هۆی ماندووی یەکجار زۆر و هەوکردنی ڕیخۆڵە کوێرە (ئاپاندیسیت) لە نەخۆشخانە خەوێندرا، بەڵام شۆکێکی گەورەی لە مێژووی سیاسی ئەمریکا تۆمار کرد و سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

جانسۆن بە وەگەڕخستنی تەواوی دارایی داهاتووی خۆی لە ئامانجی ئێستادا، خۆی خستە دۆخی زەوی مەرگەوە. لەش و گیانی پڕ لە وزەیەک بوو کە پێویستی بوو. زۆرکات شتی جۆراوجۆر تاقی دەکەینەوە هیوا دەخوازین کە یەکێک لەوانە سەرکەوتن بەدەست بێنین، بەڵام لەدۆخێکی ئەوتۆدا تەرکیزی زەینمان لەدەست دەچێ و هەوڵەکانمان لەگەڵ حوزووری تەواوی دەروون یەک ناگرێتەوە. باشترە چالێشی گەورە و بەهێز لەبەرچاو بگرین، باشترە ئەو چالێشە شتێک بێ کە کەسانی دیکە بە گەمژانەی بزانن. ژیانی ئێمە لە مەترسیدایە و لەبنەڕەتدا نابێ بیر لە دۆڕان بکەینەوە، کەوابوو سەردەکەوین.

٢- **پێش ئەوەی ئامادە بی، دەست بەکار بە.** ساڵی ٤٩ی پێش زایین، دەستەیەک لە سەناتۆرەکانی ڕۆم لەگەڵ پۆمپی سیاسەتمەدار و فەرماندەی لەشکری ڕۆم یەکیان گرت. ئەوانە لە بەرەو پێشچوون و بەهێزبوونی ژولیوس سزار ترسیان هەبوو، دەستووریان بەو ژێنراڵە گەورەیە دا کە سوپای خۆی چەک بکا ئەگینا ئەوە وەک هەڕەشە لە سەر کۆمارەکەیان حیسابی بۆ دەکرێ. کاتێک سزار ئەو بڕیارەی بیست، تەنیا لەگەڵ ٥ هەزار سەربازی لە وڵاتی "باستانی گوڵ" واتە فەڕانسەی ئەمڕۆ هەبوو، پاش ماوەی هێزەکانی لە باکووڕ خەریکی فەعالییەت بوون. ناوبراو بە هیچ جۆرێک نەیدەویست ئەو بڕیارە قەبووڵ بکات و ملکەچی بێ، ئەگەرچی بەو هێزە کەمەوە نەیدەتوانی هیچ کارێک بکا قەبووڵی ئەو بڕیارە وەک خۆکوشتن وابوو، لەلایەکی دیکەوە دەبوو چەندین حەوتوو ڕاوەستێ تاکوو لەگەڵ سوپای سەرەکی یەکانگیر دەبوون و فریای بکەون. سزار کە حەوسەلەی سەبرکردنی نەبوو بە کاپیتانەکانی گوت کە "کار لە کار ترازاوە مۆرەکانیان هەڵاویشتووە یاریی دەستی پێکردووە." ناوبراو لەگەڵ ٥ هەزار سەرباز لە چۆمی ڕۆبیکۆن سنووری زەوی نێوان ئیتالیا و گوڵ واتە فەڕانسە پەڕینەوە. ڕێبەری و کۆنترۆڵی قشوون لەخاکی ئیتالیادا بە مانای ڕاگەیاندنی شەڕ لەگەڵ ڕۆم بوو. ئێستا ئیتر هیچ ڕێگایەکی بۆ گەڕانەوە نەبوو، یان مردن یان شەڕ. سزار هەموو هێزەکانی کۆ کردەوە و باشی دەزانی تەنانەت نابێ یەک سەربازیش لەدەست بدا و دەبوو بە پەلە و دەسبەجێ هەنگاو هەڵێنێتەوە تا ئەو جێگەی کە بۆی دەڕەخسێ و دەگونجێ خولقێنەر و داهێنەر بێ. سزار بەرەو ڕۆم ڕێکەوت و بە توانایی و دەستپێشخەری توانی سەناتۆرەکان بترسێنێ و کارێکی کرد کە پۆمپی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆی دەرچوو.[١]

ئێمە زۆر جار و بەتایبەتی کاتێک ڕووبەڕووی فشاری دەرەکی دەبینەوە پێش ئەوەی کارێک بکەین زۆر بیر دەکەینەوە. هێندێک جار پێش لە ئەوەی بیر بکەیەوە ئامادەن کە دەست بەکارێک بکەن، باشترە لەسەر هەڵوێستی خۆتان پێداگر بن و لە چۆمی ڕۆبیکۆن بپەڕنەوە. بەم کارە نەک هەر دوژمنەکانت دەترسێنی، بەڵکوو باشترین سوود لە سەرچاوەی مەوجوودی خۆت وەردەگری. ئێوە بەڵێنتان بە خۆتان داوە و چی دیکە ڕێگای گەڕانەوە نەماوە. لەژێر فشاردا خەلاقییەت و داهێنەرێتی گەشە دەکا. زۆر جار ئەو کارە دەکەی تاکوو توانایی بیرکردنەوە و هەنگاوی خێرا لەخۆت دا پەروەردە بکەی.[٢]

٣- **بچنە ناو ئاوی نەناسراو.** ستۆدیۆ MGMی ام‌جی‌ام هۆلیوود بۆ لاوێکی وەک کراوفورد زۆر باش بوو ئەو ستۆدیۆیە ناوبراوی دۆزییەوە و ئەستیرەیەکی لێ دروست کرد و ناوبراوی جۆرێکی دیکەی پێناسە کرد. سەرەتای ساڵی ١٩٤٠ کراوفورد بە ڕادەی پێویست ناوبانگ و سەروەت و سامانی بەدەست هێنابوو. بەو سامانە هەموو شتێکی بە ڕاحەت و ئارام بۆ تێدەپەڕی، بەڵام "ام‌جی‌ام" ناوبراوی لە هەمان ڕۆڵی پێشوودا ڕاگرت و هیچ یەک لەوانە بۆ کراوفورد جێگای چالێش نەبوو، بۆیە ساڵی ١٩٤٣ کراوفورد کاری سەیروسەمەرەی بە پێچەوانەی ڕێکەوتنەکەی خۆی کرد.[٣]

ئاکامی ئەو کارە دەیتوانی سامناک و زۆر خراپ بە زیانی کراوفورد بشکێتەوە، بە چاڵیش کێشانی ستۆدیۆ وا وێدەچوو کە کارێکی نالۆژیکی بێ. ئەو لەگەڵ ئەو ستۆدیۆ دەستی لە کار کێشایەوە و پێوشوینی برایانی وارنێر کەوت، بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرا دیسان هەمان ڕۆڵی بێ بایەخیان پێ ئەسپاردەوە ئەو ئەم دەورانەی ڕەد کردەوە و بڕیاری دەرکردنی درا. لە سنووری دەرکردن‌دا بوو کە کارێکی دیتەوە کە حەزی لێبوو. ئەو کارە ڕۆڵی سەرەکی ژن لە فیلمی "میلدرد پییێرس" بوو، کە دیارە بۆ ئەویش پێشنیار نەکرابوو. بەڵام بڕیاریدا دەرهێنەر ڕازی بکا. بۆیە هەموو هەوڵی خۆی وەگەڕ خست تا سەرەنجام بە مایکل کورتیزی قەناعەت هێنا. ئەو باشترین کایەی تەمەنی خۆی لە دەورەدا نیشان دا. نە تەنیا خەڵاتی ئۆسکاری باشترین دەوری یەکەمی ژنی بەدەست هێنا بەڵکوو پیشەکەی خۆی زیندوو کردەوە.

کراوفورد بە ڕۆیشتنی لە ام‌جی‌ام مەترسییەکی گەورەی بە گیان کڕی، ئەگەر ئەو نەیتوانیبایە لە ستۆدیۆی برایانی وارنێر بدرەوشێتەوە بۆ هەمێشە زۆر بە سەریعی پیشەی خۆی لەدەست دەدا، بەڵام

---

١. مردن شتێک نیە، بەڵام ژیانی شکستخواردوو و درێژەدان بە سەرشۆڕی، هەموو ڕۆژێ مردنە. ناپلئون بناپارت ١٧٦٩- ١٨٢١

٢. زۆر کەم ئەوە ڕوو دەدا کە ئینسان لەکاتی سەرکەوتن‌دا قاچی بشکێ، بە هەمان ڕادە کاتێک کەسێک هەموو شتێک بە سادەترین شێوە ئەنجام دەدا و ئاسانترین مەسیر دیاری دەکا، شکستی ئەو قورستر دەبێ. فردریش نیچە ١٨٤٤- ١٩٠٠

٣. بەڕێز گیان، ژیان کورتە! ئەگەر بتهەوێ ئەو ژیانە بە ڕەزاڵەت و پەستی بگوزەرێنی زۆر درێژ دەبێتەوە، ئەگەر بزانی ژیانی تۆ بە چرکەسات بەستراوەتەوە جێژن بۆ کۆتایی ئەو سەعاتە دەگری، ئەگەر زیندوو مایەوە شاهانە ژیان تێدەپەڕێنی و ئەگەر بمری وەک شەڕکەرێک سەر دەنێیەوە. هنری چهارم، بخش اول، ویلیام شکسپیر، ١٥٦٤- ١٦١٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوبراو هی ڕۆژی تەنگانە بوو. کاتێک بە چالێش دەکێشرا وزەی دەروونی ئاگری دەگرت و ئەویش باشترینەکانی خۆی پێشکەش دەکرد. ئێوەش دەبێ هێندێک جار وەک کراوفورد خۆتان بەرەو زەوی مەرگ بڕۆن. ناوچەی بێترس و پەیوەندی ئارام بەجێ بێڵین و خۆتان لە تەواوی پەیوەندییەکانی ڕابردوو ڕزگار بکەن. ئەگەر خۆتان لە بنبەست بخەن ناچاری سەرلەنوێ دەست پێ بکەیەوە. جیابوونەوە لە ڕابردوو بۆ پەیوەندیکردن بە نەناسراوەکان وەک مردن وایە، بەڵام هەستکردن بەم کۆتاییە دەتباتەوە بۆ ژیان.

٤- **لەگەڵ جیهان تێوە چوون.** بیسباڵ بە بەراورد لە گەل یارییەکانی دیکە وەک تۆپی پێ، ئارامتر و فەزایی بۆ توندوتیژی کەمترە. ئەوە یەکێک لە کێشەکانی تید ویلیامز بوو چونکە ئەو کاتێک بە چاکی یاری دەکرد کە تووڕە دەبوو و هەستی دەکرد کە تەواوی جیهان لەگەڵ ئەو لەشەڕ دایە. دروستکردنی بارودۆخێکی ئەوتۆ لە ناو زەوی بۆ ئەو ئیمکانی نەبوو. بەڵام زۆر زوو چەکێکی بە هێزی دۆزیەوە، کە دەستی بە دڵڕەنجاندنی ڕاپۆرت نووسانی وەرزشی کرد، ئەو دڵئێشانە جاری وابوو بە قسەگوتن و هێندێک جار بە هاوکاری‌نەکردن لەگەڵ هەواڵنێرەکان بوو. ئەوانیش بەدڵنیاییەوە وەڵامی تید ویلیامزیان دەدایەوە و وتاری توندیان لە بارەی کەسایەتی و نەبوونی توانایی دەنووسی و چووکترین هەڵەکانی زەق دەکرایەوە و دەیانخستە سەر زمانی خەڵک. لێرە دابوو لەگەڵ ئەوەی ویلیامز باشترین یاری خۆی دەکرد دیسان لەلایەن ڕاگەیاندنەوە سەرکوت دەکرا و ئەویش بۆ ئەوەی حاڵی هەواڵنێران بگرێ هەوڵی زیاتری دەدا. ساڵی ١٩٥٧ کاتێک دوژمنایەتی ئەو و ڕاگەیاندن ساڵێکی خایاند باشترین وەرزی یاریی خۆی پێشکەش کرد و بە پلەیەک گەیشت کە بۆ یاریزانێکی بیسباڵ لە تەمەنی چل ساڵیدا دەگەیشتە لووتکە و بە حیساب دەهات. وەک ڕۆژنامەنووسێک دەنووسێ "بێزاری بۆ ئەو وەک ئەدرنالین وایە، چۆن ئەدرنالین دڵ هان دەدات، دژکردەوەکانی هانی دەدەن کە خسوومەت سووتەمەنی ناوبراوە."

خسوومەتی ڕاگەیاندن بەدژی ویلیامز و دوژمنایەتی ناوبراو لەگەڵ ئەوان جۆرێک فشاری بەردەوام بوو، کە دەی‌بیست دەیخوێندەوە و هەستی پێدەکرد. ڕاگەیاندن لێی بێزار بوون و گومانیان لێ دەکرد و دەیانهەویست شکستی ناوبراو ببینن. کەوابوو دەبوو نیشانی دا لە هەڵە دان و هەمان کاریشی کرد. ڕوحی خەباتکارێک پێویستی بە ڕۆیشتن لەسەر تیغ هەیە و کەمێک تورەیی و ڕق، بووە هۆی هێزی بزوێنەری ویلیامز. کەواتە پاڵی لێ‌دەنەوە و چاوەڕوان بمێنەوە کەسانی دیکە ببنە هۆی تووڕەیی و ئازاری ئێوە بدەن. ئەوەی کە هەست دەکەی خەڵکێکی زۆر تۆیان خۆش ناوێ و لەژێر فشاریان خستووی، هێزێکی ئاگرینت بۆ شەڕکردن پێ دەبەخشێ. لەبیرت بێ، لەهەر شەڕێکدا ناو و ناوبانگی خۆتان لەمەترسی بخەن دوژمن لە شکستی تۆ چێژ وەردەگرێ. لەو فشارە کەڵک وەرگرە و بە قایم‌وقۆڵی شەڕی خۆت بکە.

٥- **خۆت نارازی ڕاگرە.** ناپلیۆن تایبەتمەندی زۆری بوو کە گەورەترین ژێنڕاڵی جیهانی لێ دروست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو، بەڵام یەکێک لەو تایبەتمەندییانە ئەوی گەیاندە لووتکەی هەرە بەرز و وزەیەکی بێسنووری پێ بەخشی. ناپلیۆن لەماوی شەڕدا ١٨ تا ٢٤ سەعات ڕۆژانە کاری دەکرد بەڵام لەگەڵ ئەوەش بێ خەوی ناڕاحەتی نەدەکرد. ناوبراو لە حەمام، ساڵۆنی شانۆ، میوانی و شامخواردنیش کاری دەکرد و هەر لەو کاتەدا هەموو وردەکارییەکانی شەڕی لە مێشکیدا لێک دەدایەوە، مەودایەکی زۆری بە سواری ئەسپ دەبڕی بێ ئەوەی ماندوو بێ یان گلەیی بکا وردەکارییەکانی شەڕی لە خەیاڵی خۆیدا لێکدەدایەوە.

بە دڵنیاییەوە ناپلیۆن توانایییەکی سەیر و عەجایبی هەبوو، بەڵام تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەوە بوو کە هیچکات ئارام و ئۆقرەی نەبوو، هیچکاتیش ڕازی نەبوو. ساڵی ١٧٦٩ لە یەکەمین پۆستی مەسئولییەتیدا لە خاکی ئیتالیادا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، پاشان بێ ڕاوەستان شەڕێکی دیکەی لە وڵاتی میسر دەست پێکرد. ناوبراو کە لە بەرەو پێشەوە چوون و شێوەی شەڕ ڕازی نەبوو، بەو هەستەوە بۆ فەڕانسە گەڕایەوە، کە لە باری سیاسییەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری نیزامی قودرەتی کەمی پێدراوە، بۆگەیشتن بە بەرپرسایەتی کونسولی یەکەم پیلانێکی دارشت. کاتێک داواکارییەکەی جێبەجێ کرا دووهەمین شەڕی لە ئیتالیا دەست پێکرد و هەر بەو جۆرە درێژەی دا. ئەو لە خەبات و چالێشی نوێدا بەشداری کرد کە وزەیەکی لەڕادە بەدەری پێ دەبەخشی. ئەگەر ئەو قەیرانانەی بە گیان نەدەکڕی بە دڵنیایی کز و خەمۆک دەبوو.

زۆربەی کات ماندوویی ئێمە لە بێ حەوسەلەیی دایە. کاتێک هیچ چالێشێکی حەقیقی لەبەرامبەرماندا ڕانەوەستاوە، جووڵەنەکردنی فیزیکی و زێهنی بەسەرمان دا زاڵە. ناپلیۆن یەکجار گوتی: "هێندێک جار مردن ئاکامی کەمی وزەیە." کەمی وزە بە هۆی کەمی چالێشەوە کاتێک سەر هەڵدەدا کە ئێمە کارێکی خوارتر لە توانایی واقعی خۆمان ئەنجام بدەین. مەترسی دروست بکەن تاکوو زەین و لەشتان پڕ لە وزە بێت، مەترسی کردن وەک تەمرینی بەردەوام بزانن و ڕێگا مەدەن سەرکوت بکرێی. بە زوویی زەوی مەرگ بۆتان عادی دەبێ بە بێ ئەو ناتوانن درێژەی بدەن. کاتێک سەربازەکان لەشەڕ لە گەڵ مردندا زیندوو دەمێننەوە، ورووژاندن و خۆشییەک ئەزموون دەکەن کە پێیان خۆشە دووبارە بێتەوە. چونکە ژیان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مردن مانای سەرنجڕاکێشتری هەیە. ئەو مەترسییانە کە بەگیان دەیکڕی و ئەو چالێشانەی کە بەسەریاندا زاڵ دەبن هەمان مردنی سمبولیکە کە هەستی ستایشی ژیان لەتۆدا وەخەبەر دێنێ.

**بیهێنە بەرچاوت**: ئاگر. بە خۆی هیچ هێزێکی نییە، ئەو تۆخمە وابستە بە موحیتی خۆیەتی، ئەوەندە بەسە، دار، با، دارێکی ویشک یا شنەیەکی بگاتێ، بڵێسەی وڵات دەگرێ و بە خێراییەکی مەترسیدار بگا، جارلەگەڵ جار بەتینتر دەبێ. بۆ ئەوەی بگاتە لووتکە، هەرچی لە دەوروبەرییەتی هەموو هەڵدەلووشێ، هەرگیز سەبارەت بە هێزێکی ئەوتۆ بێ خەیاڵ مەبە.

سون تیزۆ لە کتێبی هونەری شەڕدا دەڵێ: "*ئەگەر کاتێک بە سەختی و بەخێرایی شەڕ دەکەن*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*زیندوو بمێنێیەوە و کاتێک شەڕ ناکەن هەست بە سیس‌بوون دەکەن، ئەوە ئێوە لە زەوی مەرگ دان. دوژمنەکانت بخە دۆخێکەوە کە هیچ ڕێگایەک بۆ دەربازبوون نەبێ بۆ ئەوەی پێش هەڵهاتن بمرن. ئەگەر کەوتنە تەڵەوە هیچ شتێک نییە کە بتوانی بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگار بکەن، شەرکەرانی ڕاستەقینە هەموو هێزی خۆیان بەکاردێنن و لە هیچ شتێک ناترسێن. کاتێک شوێنی پەنابردنیان نییە، بەهێز و پتەون، کاتێک لەدڵەوە کارێک دەکەن، وازی لێ ناهێنن. ئەگەر بژاردەیان نەبێ شەڕ دەکەن."*

## حاڵەتی دەگمەن

ئەگەر ئەو هەستەت هەبێ، کە هیچ شک نابەی لەدەستی بدەی، ئەوە بۆ کاری قورستر وزەی زیاترت پێ دەبەخشێ. دیارە ئەمە بۆ کەسانی دیکەش بەمجۆرەیە. لەم دۆخەدا لە هەر جۆرە دژایەتی کردن لەگەڵ ئەوانی دیکە خۆت بپارێزە. ڕەنگە ئەوانە لە بارودۆخێکی ناخۆشدا بژین، یان خەمۆک بن، هێندێك جار کەسانی خەمۆک ئامادەن هەموو شتێک بدۆڕێنن یان بە هەر هۆیەک خۆیان بکوژن. ئەو تایبەتمەندییە بۆ ئەوان باشی(مزیت) گەورەی هەیە. بەڵام ئەگەر تۆ شتێکی بەنرخت هەیە باشترە خۆتان لە ئەوانە دوور بگرن. چونکە ئەوانە لە ژیان‌دا شکست‌یان خواردووە بەڵام تۆ نا، لەوانە گەرێ با لە کەیفی خۆیان دا بن.

بە پێچەوانە، هێرش بۆ دوژمن کاتێک کە ئەنگێزەی کەمیان هەیە بۆ تۆ باشیی هەیە. لەوانەیە دوژمنی تۆ بۆ ئامانجێک شەڕ بکا کە خۆی دەزانێ عادڵانە نیە یان بۆ ڕێبەرییەک شەڕ دەکا کە هیچ ڕێزێکی بۆ دانانێ. قشوونێکی کە ئەنگێزەیەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ چکۆڵەترین شکست و ناخۆشی بەرەو دواوە دەکشێتەوە. ئەوەندە بەسە کە مانۆڕی هێزەکانی ئێوە چاو لێ بکا تاکوو ورەی شەڕانگێزی خۆی لەدەست بدا.

هەمیشە هەوڵ بدە ئاستی خێرایی لایەنی بەرامبەر کەم بکەیەوە، کارێک بکەن کە دوژمنەکەتان وا بیر بکاتەوە تا ئاخری دونیا کاتی هەیە. کاتێک لە ناکاو لەسنووری ئەوان دەردەکەون سەریان سووڕ دەمێنێ و باوەڕ ناکەن و ئێوە بە ئاسانی بەسەریان‌دا زاڵ دەبن. لەحاڵێک‌دا ڕوحی شەڕکردن لەتۆدا بریقە دەداتەوە، هەموو هەوڵی خۆت بدە تاکوو ڕوحیەی شەڕکردنی ئەوانە تێک بشکێنی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەسڵی دووهەم:
# شەڕهەڵایسێنی ڕێکخراوەیی (گرووپی)

لەوانە بیرۆکەیەکی باش لە مێشکت دابێ، ڕەنگە داهێنەری ستراتیژی بێوێنە بی، بەڵام ئەو گرووپەی کە ڕێبەرایەتی دەکەی و چاوەڕوانیت هەیە کە گەلاڵەی تۆ بەڕێوەبەرن، ئەگەر نامەسئول بن و یان خلاقییەت زۆر بەکار نەهێنن، ئەندامانی گرووپ دەستووری کاری خۆیان لەپێشەوەی کارەکانی ئێوە دانێن و بیرۆکەی ئێوە بە هیچ جێگایەک ناگا. ئێوە دەبێ وانەی شەڕ فێر بن: ئەوە هەمان پێکهاتەی سوپایە، واتە زنجیرەی فەرماندەیی و پەیوەندی بەشەکان لەگەڵ یەکتر بە ناوی گشتی کە بە ستراتیژی ئێوە هێزی جووڵە و بەڕێوەبردن دەبەخشی.

ئامانجی یەکەم و سەرەکی لەشەڕدا، پێدانی خێرایی کردەوە "سرعت عمل" و جووڵان لە وردترین پێکهاتەی سوپا دایە. مانای دروستی ئەوەیە کە بەرپرسێکی سەلاحییەتدار لەسەرەوەی هەموان بێ و لە لەهەر جۆرە ململانێ و گومان و دووفاقی خۆ بپارێزێ. بەواتایەکی دیکە بە هەموو سەربازەکان هەستی ئامانجی گشتی بخاتە مێشکیانەوە و ئامانجێک کە هەموویان هەوڵی بۆ دەدەن هەموو شتێکی خۆیانی بۆ وەلا دەنێن تاکوو پێی بگەن. لێرەیە کە سەربازەکان بە جێگەی ئەوە وەک کەسێکی ڕۆبۆت یا مکانیکی هەڵسوکەوت بکەن وەڵام و کاردانەوەی دروست بە ڕووداوەکانی مەیدانی شەڕ دەدەنەوە و سەرەنجام مانای ئەوەیە بەسەربازەکان جۆری ورەی هاوبەش و هێزبەخش بدرێ، کە خێرایی و گوڕوتین لە وردبینی و کردەوەی ئەوانەدا زیاد بکا. ئەگەر هێزی خۆت بەو شێوەیە سازماندەهی بکەی، دەبیتە ژێنراڵێک کە خێراتر لە دوژمن بڕیار دەدەی و بە دڵنیای سەرکەوتنی گەورە بەدەست دێنی.

ئەو شێوازە کاری نیزامییە دەتوانی بۆ هەر گرووپێک بشێ و گشتی بکرێ، بەڵام یەک پێویستی سادە هەیە، پێش کێشانی یەک ستراتیژی یان دەست بۆ کارێک بردن پێکهاتەی گرووپەکە بناسە. هەمیشە دەتوانی ئاڵوگۆڕی تێدا پێک بێنی یان سەرلەنوێ بە جۆرێکی دیکە دروستی بکەیەوە تاکوو لەگەڵ ئامانجەکانی تۆ هەماهەنگ بن. سێ فەسڵی داهاتوو لەسەر ئەم باسە گرنگە دامەزراوە و گەلێک بژاردەی ستراتیژیت پێ دەبەخشێ. لەو بەشانە فێر دەبن چۆن مۆدێلی ڕێکخراوەیی کاریگەر جێبەجێ بکەن و چۆن خۆتان لە هەڵە کارەساتبارەکان بەدوور بگرن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی پێنجەم:
# لە تەڵەی بیرکردنەوەی گرووپی دوور بکەوە.
# ستراتیژیی بڕیار و کۆنترۆڵکردن

کێشەی ڕێبەرایەتی هەر گرووپێک ئەوەیە کە مرۆڤەکان بە ناچاری ئەجێندای خۆیان هەیە. ئەگەر زۆر دەسەڵات بە کار بێنی لە دەستان ماندوو دەبن و شۆڕش دەکەن، ئەگەر بە شێوەیەکی نەرمونیان لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکەن دەگەڕێنەوە بۆ خۆپەرستی سروشتی خۆیان و بەم شێوە کۆنترۆڵی خۆتان لەدەست دەدەن. دەبێ زنجیرەیەک بڕیار بە شێوەیەک دارێژن کە تاکەکان هەست نەکەن بەهۆی دەسەڵاتی تۆوە دەستوپێیان بەستراوە، بەڵام لە ڕێبەری ئێوە سوود وەرگرن. کەسانی شیاو لە شوێنی شیاو دابنێن. مەبەست لەکەسانی شیاو، ئەوەیە بێ ئەوەی وەک کەسانێکی ئوتوماتیکی "ڕۆبۆت" کار بکەن بیرۆکەی ئێوە بەکردەوە جێبەجی دەکەن. بڕیارەکان بە ڕوونی هیوابەخش و بە سەرنجەوە بە گرووپ ڕابگەیەنن. بەڵام لەداوی بیرکردنەوەی گرووپ نەکەون، چونکە لە بڕیارداندا ڕووبەڕووی بەفیڕۆدانی کات و بیرۆکەی نالۆژیکی دەبنەوە. خۆت وەک نموونەیەکی تەواو لە دادپەروەری نیشان بدە، بەڵام هەرگیز لە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی بڕیارەکان خافڵ نەبی.[١]

### زنجیری پچڕپچڕ

شەڕی جیهانی یەکەم، ئاگوستی ١٩١٤ [بەرامبەر بە گەلاویژیساڵی ١٢٩٣] دەستی پێکرد و لەکۆتایی هەمان ساڵدا فەڕانسە و ئینگلستان لەگەڵ ئاڵمان لە بەرەی ڕۆژاوا بە بنبەست گەیشتن. ئاڵمان هاوکات لە لای ڕۆژهەڵاتەوە ڕووسیەی هاوپەیمانی فەڕانسە و ئینگلیسی تێک قرماند. ڕێبەرانی نیزامی ئینگلستان بەناچاری هەوڵیان دا کە ستراتیژییەکی نوێ تاقی بکەنەوە و گەلاڵەکەیان پشت ئەستوور بە لۆردی یەکەم دریانەوەردی وینستۆن چڕچیل و کەسانی دیکەی بوو.

١- یەکگرتوویی سوپایەک کە لەبەرامبەر یەک ئاڵا ڕێژە دەکا کە بە فەرماندەیی شەخسی ژێنراڵێک دێتە مەیدان، زۆر جیاوازە لە یەکگرتوویی سوپای یەکگرتوو کە پەنجا تا سەد ڕیزە. لە حاڵەتی یەکەمدا ئەم یەکگرتووییە لە زۆرترین ئاستدا دەبینرێ و یەکێتی نێوانیان زۆر بەرزە. لە دووهەمیاندا ئەم یەکگرتووییە زۆر دوورە، زۆرجار لە نیازێکی هاوبەشی سیاسی زیاتر هیچی دیکە نییە و ئەم ئامانجە سیاسییە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ناتەواو و یەکگرتوویی نێوان بەشە جیاوازەکان لە لاوازترین حاڵەتی مومکین دایە و زیاتر لە وەهمێک دەچێ. پیرامون جنگ، کارل فون کلاوزویتس، ١٧٨٠- ١٨٣١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەڵاڵەکە ئەوە بوو کە بۆ دوڕگەی گالیپۆلی هەڵکەوتوو لە تەنگەی داردانێلی تورکیە هێرش بکەن. تورک هاوپەیمانی ئاڵمان بوو و تەنگەی داردانێل دەروازەی چوونە ژوورەوەی قوستەنتەنیە پایتەختی تورکیە، (ئیێستانبۆڵی ئەمڕۆ) ئەژمار دەکرا. ئەگەر هاوپەیمانان گالیپۆلی‌یان بگرتبایە ئەوە قوستەنتەنییەش دەگیرا و تورک بە ناچاری لەشەڕ دەکشایەوە. بێجگە لەوەش هاوپەیمانان دەیانتوانی لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بە کەڵک وەرگرتن لە بنکەکانی تورک و باڵکان هێرش بکەنە سەر ئاڵمان، سوپای ئاڵمان دوو کەرت بکەن و توانایی سوپاکەی بۆ شەڕکردن لە بەرەی ڕۆژاوا لاواز بکەن، لەلایەکی دیکەوە بە سانایی دەیانتوانی پێداویستەکانی ڕووسیە دابین بکەن، کەوابوو سەرکەوتن لە گالیپۆلی بە مانایی ئاڵوگۆڕی ڕەوتی شەڕ بوو.

ئەو گەڵالەیە پەسەند کرا و مارسی [ڕەشەممە] ١٩١٥ ژێنراڵ سێریان هامیلتۆن بۆ فەرماندەهی و بەڕێوەبردنی ئەو عەمەلیاتە دیاری کرا. ناوبراو لە ٦٢ساڵی‌دا ستراتیژیستی شیاو و فەرماندەیەکی بە ئەزموون بوو. ئەو وێڕای چرچیل لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هێزەکانیان تێکەڵاو لە هێزی ئوستڕالیا و نیوزلەند تورکەکان قەڵتوبڕ دەکەن. بڕیاری چرچیل سادە بوو: قوستەنتەنییە داگیر بکەن. ناوبراو بە خەیاڵی ئاسوودە وردەکارییەکانی بە ژێنراڵی پیر، هامیلتۆنی ئەسپارد.

پلانی هامیلتۆن ئەوە بوو کە لە سێ جێگە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی نیمچە دوڕگەی گالیپۆلی جێگیر بن، کەناراوەکان بگرن و بەرەو باکوور بڕواتە پێشەوە. عەمەلیات لە ٢٧ی ئابریل [٨ی بانەمەڕ] دەستی پێکرد. هەر لەسەرەتاوە هەموو شتێک بە هەڵە بەرەو پێشەوە چوو، نەخشەکانی سوپا ورد و دەقیق نەبوون و سەربازەکانی لە شوێنی هەڵە پیادە کرابوون، کەناراوەکان تەسکتر لەوە بوون کە چاوەڕوانی بوون، لە هەمووی خراپتر تورکەکان بە شێوەیەکی زۆر باش و بەجیددی شەڕیان دەکرد. لە کۆتایی ڕۆژی یەکەم‌دا زیاتر لە ٧٠ هەزار کەس لە هێزی هاوپەیمانان دابەزیبوون، بەڵام نەیانتوانی لە کەناراوەکان زیاتر پێشڕەوی بکەن. تورکەکان بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک شیکاری و لێکۆڵینەوەیان لە وەزعییەتی ئەوان کرد، ئێستا گالیپۆلی بوو بە بن‌بەستێکی دیکە بۆ هاوپەیمانان.

وا وێدەچوو هاوپەیمانان هەموو شتێک لەدەست بدەن بەڵام لە مانگی ژوئن [پووشپەڕ] چرچیل حکومەتی ڕازی کرد کە قشوونی زیاتر ڕەوانەی گالیپۆلی بکا و هامیلتۆنیش پلانێکی نوێی داڕشت. ئەو بڕیاریدا دوو هەزار سەرباز لە کەنداوی سۆلادا کە نزیکەی ٣٠ کیلومیتر لە باکوورەوە دووربوو، پیادە بکا. سۆلا ئامانجێکی لاواز بوو چونکە بەندەرێکی گەورەی هەبوو زەوییەکەی نزم و ڕاحەت بوو کە ژمارەیەکی کەم لە سەربازانی تورک چاوەدێری‌یان دەکرد. هێرش بۆ ئەو نوقتەیە تورکەکانی وادار دەکرد هێزەکانی خۆیان دابەش بکەن و هاوپەیمانان لە باشوور بە جێ‌بێڵن و ئەو بن‌بەستە دەشکا و گالیپۆلی داگیر دەکرا.

هامیلتۆن بۆ ڕاگەیاندنی هێرش بۆ کەنداوی سۆلا ناچار بوو گەورەترین بەرپرسی نیزامی ئینگلستان کە لەوکات‌دا لەبەردەست دابوو، واتە سپاسالار "سیر فردریک ئیستاپفۆرد" وەک هاوکار قەبووڵ بکا و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها بڕیار وابوو سەرلەشکر فرێدریک هامێرسلی لەژێر مەسئولییەتی ئیستاپفۆرددا لەشکری یازدە کۆنترۆڵ بکا. دیارە هیچکام لەو دوو کەسە لە هەڵبژاردەکانی هامیلتۆن نەبوون، ئیستاپفۆرد مامۆستایەکی ٦١ ساڵەی نیزامی بوو کە هیچکات قشوونێکی لە مەیدانی شەڕدا مودیرییەت نەکردبوو، ناوبراو بۆردومانکردنی تۆپخانەیی وەک تەنیا ڕێگە بۆ سەرکەوتن لە شەڕێکدا دەبینی و هەروەها لە باری جسمانییەوە تەندروستی باش نەبوو. هامێرسلی ساڵی ڕابردوو تووشی تێکچوونی عەسەبی بوو.[1]

شێوەکاری هامیلتۆن جۆرێک بوو کە لە پێشدا بۆ ئەفسەرانی خۆی ئامانجی شەڕەکەی شیی دەکردەوە بەڵام وردەکاری و شێوازی کارەکەی بە خۆیان دەسپارد. ناوبراو لەڕاستیدا پیاوێکی قورسقۆڵ و سەنگین بوو و بە هیچ جۆرێک زۆربێژ نەبوو. بۆ نمونە لەیەکێک لەیەکەم کۆبوونەوەکاندا ئیستاپفۆرد پێشنیاری ئاڵوگۆڕی لەنەخشەی جێگیرکردنی هێزەکان بۆ کەم کردنەوەی مەترسی کرد، هامیلتۆن زۆر بە ڕێزەوە قەبووڵی کرد.

هامیلتۆن تەنیا پێشنیارێکی بوو، ئەویش کاتێک تورکەکان لە پیادەبوونی هێزی هاوپەیمانان لە کەنداوی سۆلا ئاگاداربوون، هێرشی بۆ بکەن. هامیلتۆن دەیهەویست بە گەیشتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ لێواری ئاو شەش کیلومیتر بۆ پێشەوە بەرەو تەپۆڵکەکانی تیکەتەپە بڕۆن و پێش تورکەکان لەوێ جێگیر بن. هاوپەیمانان دەیانتوانی لەو شوێنەوە بەسەر دوڕگەکەدا زاڵ بن. ئەو دەستوورە زۆر سادە بوو. بەڵام هامیلتۆن زۆری پێخۆش نەبوو ژێردەستانی لەژێر فشار بنێ، بڕیاری بە ڕاوێژێکی ئاسایی پێی دەگوتن و لە هەمووی گرنگتر باسی هیچ چوارچێوەیەکی کاتیی نەکردووە. ناوبراو ئەوەندە بە لێڵی بڕیاری دا، کە ئیستاپفۆرد تەواو بە هەڵە لێی تێگەیشت ئەو بە جێگەی ئەوەی زۆر بە خێرایی تیکەتەپە بگرن وا تێگەیشت بوو کە ئەگەر مومکین بێ هێزەکان بەرەو ئەو ناوچەیە پێشڕەوی بکەن، ئەویش هەمان دەستووری بە هامێرسلی دابوو. هامێرسلی لە ماوەی عەمەلیاتدا عەسەبی و نیگەران بوو ئەو بڕیارەی بە ئەفسەرانی ژێردەستی خۆی دا، ئەمەش خێرایی کارەکەی زیاتر کەم کردەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە هامیلتۆن ڕێزیکی تایبەتی بۆ سپاسالار دادەنا، بەڵام داواکەی ناوبراو کە گوتی، ئەگەر بۆمبارانی تۆپخانە زیاتر بکەن تورکەکان لاواز دەبن، پشتگوێی خست. هامیلتۆن دەیزانی کە قشوونی ئیستاپفۆرد لە سۆلا زۆر لە هێزەکانی تورک زیاتر و دە بە یەک بەراورد دەکرێن، لەوەڵامدا گوتی بۆمباران پێویست نیە.

بەیانی ڕۆژی ٧ی ئاگوست [١٦ی گەلاوێژ] هێرش دەستی پێکرد. ئەوجارەش هەموو شتێک بە خراپی بەرەو پێش چوو، چونکە ئیستاپفۆرد ئاڵوگۆڕی لەهێزی پێڕەو پێک هێنابوو و سەرلێشێواوی

١. لەشەڕدا ڕادەی ئەفراد گرنگ نیە، بەڵکوو ئازایەتی، بوێری و چاوتەنرسی گرنگە. ناپلئۆن بناپارت ١٧٦٩- ١٨٢١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دروست کردبوو. کاتێک ئەفسەرانی گەیشتنە قەراغی دەریا لە بەر ئەوەی جێگە و هەدەفی خۆیان نەدەزانی دەستیان بە هەراوهوریا کرد و شڵەژان دەستی پێکرد. ئەوان بە کەسێكدا نامەیان بۆ لای فەرماندەکەیان ڕەوانە کرد تا بڕیاراتی ئەو بە ڕوونی گوێبیست بن، کە ئایە دەبوو پێشڕەوی بکەن یان هەر لەوێ جێگیر بن؟ هامێرسلی هیچ وەڵامێکی نەبوو. ئیستاپفۆرد لەسەر گەمییەک دوور لە ویشکایی ڕاوەستابوو تاکوو مەیدانی شەڕ کۆنترۆڵ بکا بەڵام لەسەر ئەو گەمییە خێرایی کارەکانی بۆ دەرچوونی دەستوور لە خوارێ بوو. زاڵبوون بەسەر مەیدانی شەڕدا و کۆنترۆڵی لاواز بوو. هامیلتۆن لە دوڕگەیەکی دوورتر لەوان دامەزرا بوو. ئەو ڕۆژەیان بە باس و شەڕ و کێشمەکێشی نێوان هێزەکانی هاوپەیمانان و چەندین جار پەیام بردن و هێنان، تێپەڕاند.

بەیانیی ڕۆژی دوایی هامیلتۆن هەستی کرد کە پرۆسەی کۆنترۆڵ و ڕێنوێنی هێزەکان خراپ بەڕێوە چووە. ناوبراو لە ڕێگای فرۆکەی شناسایی پێیزانی کە زەوییەکانی دەوروبەری سۆلا چۆل و کەسی لێ نیە. ڕێگا بەرەو تیکەتەپە کراوەیە و تەنیا قشوون تەکانێک لەخۆی بدا لە خاڵی گرنگ جێگیر دەبن. هامیلتۆن بڕیاری دا خۆی لەنزیکەوە سەردانی بەرەی شەڕ بکا. کاتێک ئێوارێ چووە لای گەمی ئیستاپفۆرد بە قیافەیەکی سەرکەوتوانەوە ئیدیعای دەکرد کە تەواوی بیست هەزار سەربازەکەی بە سڵامەتی لە ویشکایی جێگر بوون! بەڵام بڕیاری نەداوە کە قشوون بەرەو تەپۆڵکەکان پێشڕەوی بکەن چونکە ترسابوو کە بێ بوونی تۆپخانە نەکا هێزەکانی تورک دژەهێرش بکەن، بۆیە گوتی یەک ڕۆژمان بۆ قایمکردنی سەنگەرەکان و دابین کردنی پێداویستەکانی شەڕ پێویستە. هامیلتۆن بەسەختی خۆی کۆنترۆڵ کرد، سەعاتێک پێشتر هەواڵی پێگەیشتبوو کە هێزەکانی تورک بە سەریعی بەرەو سۆلا پێشڕەوی دەکەن ناوبراو بڕیاریدا هاوپەیمانان تیکەتەپە بگرن، بەڵام ئیستاپفۆرد پێشڕەوی شەوانەی بە شتێکی مەترسیدار دەزانی و مخالیفەتی کرد، هامیلتۆن بە بێ دەنگی و بە ئەدەبەوە ئەو شوێنەی بەجێهێشت.[1]

ناوبراو بە ترسێکی زیاترەوە بەرەو سۆلا ڕۆیشت تا بەرەی هامێرسلی ببینێ، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی تووشی شۆک بوو، چاوی لێکرد وەک ئەوەی هێزەکانی بۆ پشووی هاوینی هاتوونە قەراغی دەریا خۆیان لێ بڵاو کردۆتەوە. پاشان توانی هامێرسلی لەلایەکی دیکەی دوڕگەکە بدۆزێتەوە و کە چاودێری دروستکردنی دیوی کاری کاتی خۆی دەکرد. هامیلتۆن لە هامێرسلی پرسی، بۆچی بۆ گرتنی تەپۆڵکەکان دەست بەکار نەبووە؟ هامێرسلی وەڵامی داوە کە چەندین تیپی ڕەوانە کردووە بەڵام لەگەڵ تۆپخانەی تورکەکان ڕووبەڕوو بوونەتەوە و سەرهەنگەکان پێیان گوتووە بە بێ بڕیاراتی دیکە ناتوانین پێشڕەوی بکەین. پێوەندی نێوان هامیلتۆن و ئیستاپفۆرد و هامێرسلی و

١. هەر سوپایەک وەک ئەسپ وایە، بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی تووڕەیی و ڕوحی سوارەکە نیشان دەدا واتە هیدایەتگەر، یان ئەوەی ڕێنوێنی دەکا. ئەگەر گومان و ناخۆشی لە سوپا هەبێ لە بڕیاردا دەردەکەوێ، ئەسپ لە ڕێگەی درزەکانی دەم و لووت هەوسارەوە خۆی نیشان دەدا و ئەسپەکە هەست بە ناڕاحەتی و گومان دەکات. واعظ شهر لون استار، کلنل جان دبلیو توماسون، ١٩٤١.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرهەنگی ژێردەستیان کاتێکی زۆری برد، کاتێک دواجار ئیستاپفۆرد بەردەست بوو پەیامێکی بۆ هامێرسلی نارد "کە هێزەکان بە وریاییەوە حەرەکەت بکەن و دواتر کەمێک پشوو بدەن و بۆ پێشڕەوی نیهایی تا ڕۆژی دواتر چاوەڕوان بن." هامیلتۆن نەیتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکا چونکە تێعدادێکی کەم لە تورکەکان بە چەکی کۆن و بێبایەخ سوپایەکی ٢٠ هەزار نەفەری تا شەش کیلومیتر دوورتر لەخۆیان سەرکوێر و ڕاگرتبوو. بۆ سبەینێ بەیانی کار لەکار دەترازا. هێزەکانی پشتیوانی تورک لەو دەرووبەرە بوون، لەگەڵ ئەوەی هەوا تاریک بوو هامیلتۆن بە هامێرسلی دەستووری دا کە تیپێک بەرەو تیکەتەپە ڕەوانە بکا و کاری یەکلا بکاتەوە.

هامیلتۆن بە گەمییەک بۆ دووڕگە گەڕایەوە تاکوو چاوەدێری مەوقعییەتی شەڕ بکا. بەیانی زوو لەکاتی خۆرهەڵاتن‌دا بەدووربینەکەی چاوەدێری مەیدانی شەڕی دەکرد لەپڕ بینی هێزەکانی هاوپەیمانان بە پەرش‌وبڵاوی بەرەو سۆلا پاشەکشە دەکەن. هێزێکی گەورەی تورک دروست ٣٠ دەقیقە پێش ئەوان تیکەتەپەی داگیر کرد و لە ڕۆژەکانی دواتر هێزەکانی تورک توانییان دەشتی دەوروبەری سۆلا بگرن و ئەرتەشی هامیلتۆن لە قەراغ دەریا لەژێر چاوەدێری بخەن. نزیکەی چوار مانگ دواتر هاوپەیمانان لە هێرشکردن بۆ گالیپۆلی پەشیمان بوونەوە و قشوونی خۆیان کۆ کردەوە.

**لێکدانەوە**

هامیلتۆن لە گەڵاڵەی هێرش بۆ سۆلا هەموو لایەنەکانی هەڵسەنگاندبوو و هەروەها پێویستی خافڵگیرکردنی بۆ فریودانی تورکەکان لەکاتی دابەزینی لە ناوچە دەرک کردبوو. وردەکاری لۆجستیکی هێرشی زەمینی و دەریایی لەبەرچاو گیرابوو، تەنانەت شوێنی کلیدی و سەرەکی واتە تیکەتەپەی شناسایی کردبوو تاکوو هاوپەیمانان بتوانن لەو شوێنەوە بەنداوی گالیپۆلی بشکێنن. تەنانەت هەوڵیدا بۆ ڕووداوی نەخوازراو و چاوەڕواننەکراو کە لەهەر گۆڕەپانێکی شەڕدا ڕوو دەدا ئامادە بێ، بەڵام بابەتێکی ئاشکرای لەبیر کردبوو، ئەویش زنجیرەی دەستوورەکان و ڕەوتی پێوەندییەکان بوو، لەسەر بنەمای ئەو دەستوورانە زانیاری و بڕیارەکان ڕەوانە دەکرێن و دەگەڕێنەوە. توانایی ئەو بەستراوەی ئاڵوگۆڕی زانیاری بوو، تا بتوانێ بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکاو ستراتیژی خۆی بەڕێوە بەرێ.

یەکەم پەیوەندییەکانی زنجیرەی فەرماندەیی ئیستاپفۆرد و هامێرسلی بوون، هەردووکیان بوێر نەبوون و لەخۆمەترسی هاویشتن دەترسان و هامیلتۆن نەیتوانی خۆی لەگەڵ لاوازییەکانی ئەوان بگونجێنێ. دەستووری ناوبراو بۆ گەیشتن بە تیکەتەپە بە ئەدەب و شارستانی و شل‌وشۆڵ بوو. ئیستاپفۆرد و هامێرسلی لەسەر بنەمای ترسەنۆکی خۆیان لێکیان دەدایەوە ئەوان تیکەتەپەیان بە ئامانجێکی لاوەکی دەزانی و گرتن و ئەمنییەتی کەناراوەکانیان بە ئەولەوییەتی یەکەم لێک دابووە.

پەیوەندییەکانی دواتر لەم زنجیرە، ئەو سەرهەنگانە بوون کە دەبوو هێرش بۆ تیکەتەپە فەرماندەهی بکەن، ئەوانە لەگەڵ هامیلتۆن لەدوڕگە و ئیستاپفۆردی سەر گەمی هیچ پێوەندییان نەبوو و هامێرسلیش ئەوەندە نیگران بوو کە توانای بەڕێوەبردنی ئەوانی لەدەست دابوو. بۆخۆشیان لەوەی کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە تەنیا کارێک بکەن یان شاید پلانێک خراپ بکەن کە هێشتا سەریان لێ دەرنەکردووە، دەترسان. بۆیە هەر هەنگاوێکیان بە گومانەوە هەڵ دێناوە. دوای سەرهەنگەکان، ئەفسەر و سەربازەکان بوون کە بە بێ ڕێبەری وەک مێرووولە کە ڕێگایان لێ گوم دەبێ بەدەوری خۆیاندا دەخولانەوە. ناڕوونی لە سەرێکی ئەو زنجیرەیە، لە نیهایەتدا سەرلێشێواوی و سستی ئەو سەری زنجیرەکەی لێ کەوتەوە. موقعییەت و پێگەی ئەو پلانە بە خێرایی کردەوە بۆ زانیاریی گەیاندن بە هەموو زنجیرەکە بەند بووە، چونکە لەو حاڵەدا هامیلتۆن دەیتوانی لە ڕووداوەکان ئاگادار بێ و خێراتر لە دوژمن لەگەڵ بارودۆخ خۆی بگونجێنێ. بەڵام ئەو زنجیرەیە پچڕپچڕ و گالیپۆلی لەدەست چوو.

کاتێک شکستێکی ئەوتۆ ڕوو دەدا و دەرفەتێکی زێڕین لە کیس دەچێ، ئوسوولەن پێوشوێنی هۆکارەکەی دەکەون. لەوانەیە ئەفسەرانی ناشارەزا، یان تێکنۆلۆژی هەڵە، یان کەم‌هۆشی خۆتان سەرکۆنە بکەن. بەڵام ئەو شێوە بیرکردنەوە واتە گەڕانەوە بۆ دواوەیە و ئاکامی شکستێکی زیاتر دەبێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەموو شتێک لە سەرەوە دەست پێدەکا. ئەو شتەی کە سەرکەوتن یان شکستی ئێوە دیاری دەکا شێوازی ڕێبەری و زنجیرە فەرمانێکە کە دروستت کردووە. ئەگەر بڕیارەکانی ئێوە ناتەواو و ناڕوون بن کاتێک دەگەنە مەیدانی شەڕ مانایان نامێنێ. ئەوەندە بەسە کە تاکەکان بێ چاوەدێری بمێننەوە تا خەریکی خۆخوازی خۆیان بن. لەو هەلومەرجەدا ئەوان لە بڕیارەکانی تۆ هەمان شت دەدۆزنەوە کە لە داخوازییەکانی خۆیان نزیکە و بەجۆرێک هەڵس‌وکەوت دەکەن کە بەرژەوەندی خۆیان دابین ببێت.

تا زەمانێک نەتوانی شێوازی ڕێبەری خۆتان لەگەڵ لاوازییەکانی ئەندامانی نێو گرووپەکە بگونجێنن بە دڵنیاییەوە لە نیهایەتدا لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو دەبیەوە. زانیارییەکان لە مەیدانی شەڕ زۆر بە هێواشی بەدەستت دەگەن. زنجیرەی باشی فەرمانەکان و هێزی کۆنترۆڵ بەرهەمی داهێنانن و بە ڕێکەوت بە دەست نایەن، بەڵکوو بەرهەمی داهێنانی خۆتانە. لە ڕاستیدا کارێک هونەرییە کە پێویستی بە سەرنجی بەردەوامە و ئەگەر ئەوە لەبەرچاو نەگرن، بە دڵنیاییەوە شکست دەخۆن.

گزنفۆن دەڵێ: *"ئەوە یاسایە کە ڕێبەران هەرچی بن ژێر دەستەکانیان هەر ئەوەن."*

## کۆنترۆڵ لە ڕێگای دوورەوە

کۆتایی دەیەی ١٩٣٠ سەرتیپ جۆرج سی مارشاڵ پێویستی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سوپای ئەمریکادا هێنایە بەرباس و سەرەڕای سەربازی کەم لەباری ئامووزشیەوە زۆر لاواز بوو. ڕوانگەی هەنووکەیی لەگەڵ تێکنۆلۆژی مودێرن و پێشکەوتوو ناهەماهەنگ بوو و پێرستی کێشەکان ئێجگار زۆر بوون. ساڵی ١٩٣٩ سەرۆک کۆمار فرانکلین ڕۆزوێلت ناچار بوو بەرپرسی ئەرکانی سوپای داهاتوو هەڵبژێرێ. ئەو هەڵبژاردن و دانانە زۆر گرنگ بوو، چونکە شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئورووپا دەستی پێ‌کردبوو و ڕۆزوێلت باوەڕی وابوو کە بە دڵنیاییەوە ئەمریکا تووشی ئەو شەڕە دەبێ. ئەو پێویستی چاکسازی نیزامی هەست پێ‌دەکرد. بەم پێیە ژێنڕاڵە بە ڕابردوو بە ئەزموونەکانی لابرد و مارشاڵی بۆ ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کارە هەڵبژارد.

دیاریکردنی مارشاڵ زیاتر نەفرەت بوو، نەک نیعمەتێک. چونکە ئیدارەی گشتی شەڕ بە شێوەیەکی بێ هیوا لەکار کەوتبوو. زۆرێک لە ژێنراڵەکان ڕوحیەی خراپیان هەبوو و بەهێز میتۆدی خۆیان بەسەر ئەوانی دیکەدا دەسەپاند، ئەفسەرانی باڵا لەبری ئەوەی دەست لەکار بکێشنەوە لەو بەشەدا کاری نوێیان وەرگرتبوو و جێ پێی خۆیان قایم کردبوو تاکوو بتوانن هەر کارێکی پێیان خۆش بێ ئەنجامی بدەن. ئیدارەی گشتی شەڕ، پڕ بوو لە پەیوەندی وێران، کەش‌وهەوای ئاغایانە، کاری دووپاتە، بە جۆرێک کە شڵەژاوی لە هەموو شوێنێکی دەبینرا. مارشاڵ گەر نەیتوانیبایە ئەو بارودۆخە کۆنترۆڵ بکا چۆن دەیتوانی سوپایەک بۆ شەڕێکی جیهانی ئامادە بکا؟[١]

نزیکەی دە ساڵ لەوەپێش "مارشاڵ" وەک جێگری فەرماندەی قوتابخانەی هێزی پیادە لە فۆرت بێنینگ لە ویلایەتی جۆرجیا کاری کردبوو و ئەفسەری زۆری پێگەیاندبوو. ناوبراو لەوکاتدا دەفتەرێکی یادداشتی ڕۆژانەی هەبوو کە نێوی گەنجانی داهاتووباشی نووسیبوو. دوای ماوەیەکی کەم کە وەک سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەمریکا دیاری کرا ئەفسەرە بەتەمەنەکانی بەشی شەڕی لە کارەکانیان لادا و لەجێگای ئەوان کاری بەو گەنجانە سپارد کە بۆخۆی پەروەردەی کردبوون. ئەو ئەفسەرانە جیددی و موشتاق بوون، و هەمان ورەی چاکسازییان لە مێشک دابوو مارشاڵ هانی دان بیروڕای چاکسازی خۆیان دەربڕن و دەست پێشخەری بکەن. لەنێو ئەوانەدا کەسانی وەک، عۆمەر بێردلی و مارک کلارک دەبینران، کە لە شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا شوێندانەر بوون، بەڵام هیچکامیان وەک دوایت ئایزنهاوێر گرنگ نەبوون کە مارشاڵ زیاترین کاتەکانی خۆی بۆ ئەو دانابوو.

ئەو پەیوەندییە چەند ڕۆژێک دوای هێرش بۆ سەر بەندەری پرێل‌هاربێر دەستی پێکرد. مارشاڵ داوای لە ئایزنهاور کە ئەوکات سەرهەنگ بوو کرد، ئەو کارانەی لە ڕۆژهەڵاتی دوور دەکرێ ڕاپۆرتێک ئامادە بکا، ئەو ڕاپۆرتە قەناعەتی بە مارشاڵ هێنا کە ئایزنهاوێر هەمان بیرۆکەی ئەوی سەبارەت بە بەڕێوەبردنی شەڕ هەیە. ناوبراو تا چەند مانگ دواتر ئایزنهاوێری لە بەشی گەڵاڵەداڕێژی شەڕدا هێشتەوە و بە وردی چاودێری دەکرد. مارشاڵ و ئایزنهاوێر هەموو ڕۆژێ چاویان بە یەکتری دەکەوت و لەو کاتدا ئایزنهاوێر لە شێوازی ڕێبەری مارشاڵ و شێوەی بەڕێوەبردنی کارەکانی نوقم ببوو. مارشاڵ

١. عەمەلیاتێک کە فەرماندەکەی گەڵالەی بۆ دانەناوە و تەنیا زانیاری کەمی لەسەری هەبێ، چ ئەنجامێکی دەبێ؟ من وەک یاریدەدەرێک لە دەفتەری ناوەندیدا ئەزموونێکی دڵتەزێنم هەبوو، بێجگە لە خۆم کەس ئاگاداری بەهای ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشم دەکرد ئاگادار نەبوو و بەتایبەتی لە ئەنجومەنی شەڕدا، پووچبوونی ئەم بەشە دیارە. تا پلەی ئەفسەرە سەربازییەکانی ئەم ئەنجومە بەرزتر بێ و ژمارهیان زیاتر بێ، سەرکەوتنی ڕاستی و عەقڵ قورستر دەبێ. دەکرا کردەوەی هەوڵی شوڕای شەڕ دەبێ چی بێ، کە ناپلیۆن پێشنیاری پێگەی هێرشی پردی ئێرکۆلا و تێپەڕاندنی سانت بێرنارد و مانۆڕی ئۆلێم و شەڕی ینای تێدا کرد؟ کەسانی ترسەنۆک، بە بێباکی و شێتی لێکیان دەدایەوە، هێندێکی دیکە هەزار و یەک کێشەیان بینی بۆ جێبەجێکردنی و هەموویان دەنگیان بۆ ڕەتکردنەوەی دا. ئەگەر بە پێچەوانەوە خۆیان لەگەڵ ئەم کردەوانەدا گونجاند، بەڵام کەسێکی دیکە جگە لە ناپلیۆن بێ بە فەرماندەی، ئایا مەحکوم بە شکست نەبوو؟ بارون آنتونی- هنری، ١٧٧٩-١٨٦٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەیهەویست ڕادەی سەبووری ئایزنهاوێر هەڵسەنگێنێ. بۆیە پێی گوت، سەرەڕای ئۆگری ئایزنهاوێر ئەو لە واشنگتۆن ڕادەگرێ. ئایزنهاوێر لەو تاقیکارییەش سەرکەوتنی مسۆگەر کرد. ئایزنهاوێر وەک مارشاڵ کەسێکی بەبڕشت بوو لەگەڵ ئەفسەرەکانی دیکە بە باشی خۆی دەگونجاند.

ژوئیەی [پووشپەڕی] ١٩٤٢ کاتێک ئەمریکا ئامادە بوو شان‌بەشانی هێزەکانی ئینگلیس لە باکووری ئەفریقای شەڕ بکا مارشاڵ بە نێوهێنانی ئایزنهاوێر وەک فەرماندە، لە ساڵۆنی عەمەلیاتی ئورووپادا هەموویانی خافڵگیر کرد. لەوکاتەدا ئایزنهاوێر ڕوتبەی سوپاسالاری بوو، بەڵام زۆر کەس ناسیاوی لەسەری نەبوو. دوای هەڵبژاردنی ئایزنهاوێر کردەوەکانی هێزی ئەمریکا لە ئەفریقای باکوور لاواز بوون، ئینگلستان زۆر پێداگرانە داوای لە ئەمریکا کرد کە ئایزنهاوێر لەو مەسئولییەتە لابەرن، بەڵام مارشاڵ بە قایم‌وقۆڵی پشتی ئایزنهاوێری گرت و ڕێنوێنی و تەوسییەی پێویست و تەشویقی بۆ کارکردن کرد، پێشنیاری سەرەکی مارشاڵ بۆ ئایزنهاوێر ئەوە بوو، کە ئەویش وەکوو ئەم جێگرێک بۆ خۆی پەروەردە بکات. تا ئەو جێگرە بتوانێ پێوەندی نێوان ئەفسەرانی خوارەوە بە باشی ڕێبەری بکا. هەڵبژاردەی مارشاڵ سەرلەشکر عۆمەر بێردلی کە ناسیاوێکی باشی لەسەری بوو. ئایزنهاوێر ئەو ئیدەیەی قەبووڵ کرد چونکە دەیزانی ئەو هەمان پێکهاتە ڕەچاو دەکا کە مارشاڵ لەبەشی بەرنامەڕێژی شەڕدا دایڕشتبوو. ئێستا بێردلی بۆ یارمەتی ئایزنهاوێر ئامادە بوو و مارشاڵ ئەوانی بەتەنیا جێ‌هێشت.

مارشاڵ جێگرەکانی خۆی لە بەشی شەڕدا دیاری کرد و ئەوانیش زۆر بە ڕێکوپێکی شێوەی کارەکانیان لە تەواوی بەشەکان‌دا بەکردەوە جێبەجێ دەکرد. ناوبراو بۆ ساناکردنەوەی کارەکان زۆر لێبڕاوانە هەرجۆرە کاری بێ‌کەڵک و کاری زیادی وەلا نا، بۆ نموونە جێگرەکانی لە ٦٠ کەسەوە بۆ شەش کەس کەم کردەوە ئەو شەش کەسە ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتیان بۆخۆی دەناردەوە. مارشاڵ لە زێدەباری خۆشی نەدەهات. ڕاپۆرتەکانی بۆ ڕۆزوێڵت بەوە ناوبانگی دەرکردبوو کە دەتوانێ ڕاپۆرتی دۆخێکی دژوار و ئاڵۆز لە چەند لاپەڕەدا کۆ بکاتەوە. ئەو شەش جێگرە کە ڕاپۆرتیان بۆ دەنارد دەیانزانی کە ئەگەر ڕاپۆرتیان لە لاپەڕەیەک زیاتر بێ ناخوێندرێتەوە. مارشاڵ سەرنجی زیاتری دەدا بە ڕاپۆرتی زارەکی، بەڵام کاتێک ئەو کەسەی کە ڕاپۆرتی بۆ باس دەکرد ئەگەر لە باسەکەی بە لاڕێدا ڕۆیشتبوایە، ناوبراو حەوسەلەی نەدەما و گوێی بۆ ڕانەدەگرت و ڕووی لەلایەکی دیکە دەکرد ئەوە حاڵەتێک بوو کە کەسی بەرامبەر بەبێ هیچ وتەیەک دەیزانی کە دەبێ لە ژوورەکە بڕواتە دەرەوە. هەر شەش جێگرەکەی مارشاڵ بەرەبەرە فێربوون کە وەک مارشاڵ بیر بکەنەوە و لەژێردەستانی خۆیان هەمان شتیان دەویست کە مارشاڵ لەوانی دەویست. واتە کارایی و شێوەی پێوەندی بە بێ هیچ بە لاڕێدا چوونێک. بەو شێوەیە خێرایی پێوەندی پەرەی ئەستاند و نزیکەی چوار بەرابەر زیادی کرد.[١]

١. "پێت وایە هەر پیاوێکی یۆنانی لێرە دەیبینی دەتوانێ پادشا بێت؟ هەبوونی چەند فەرماندەیەک باش نییە. تەنیا پێویستمان بە فەرماندەیەک، پادشایەکە، کەسێکە کە زیوسی کوڕی کرۆنۆس ماف و هەقی پێ بدات بۆ ئەوەی حوکمڕانی گەلەکەی بکا". بەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مارشاڵ هێزی خۆی بەباشی بەڕێوە دەبرد. بەڵام هیچکات هاواری نەدەکرد و ڕاستەوخۆ کەسی تاوانبار نەدەکرد. ناوبراو بۆ گواستنەوەی داخوازییەکانی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، فەنوفێڵی خۆی هەبوو. کارامەییەک کە ئەویان وەک کەسێکی بەتوانا نیشان دەدا بەجۆرێک ئەفسەرەکانی دەیانهەویست وەک ئەو بن.

کاتێک مارشاڵ داواکارییەکی دەکرد ئەوان هەموو هەوڵێکیان دەدا بۆ ئەوەی تێبگەن مەبەستی چییە و جێبەجێی بکەن. جارێک سەرتیپ لسلی گرووز فەرماندەی نیزامی پرۆژەی پەرەپێدانی بۆمبی ئەتۆمی، سەردانی شوێنی کاری مارشاڵی کرد و داوای کرد کە چەکێکی سەد میلیۆن دۆلاری هەزینەی ئەو کارە واژۆ بکا. گرووز ئاگای لێ بوو کە مارشاڵ خەریکی تاوتۆی چەند پەروەندەیەکە. بۆیە چاوەڕوان مایەوە تاکوو مارشاڵ ئەسنادی بەردەستی بەراورد بکا و یادداشتەکانی بنووسێتەوە. کاتێک مارشاڵ قەڵەمی لەسەر میزی کارەکەی دانا و داواکاری سەد میلیۆن دولاری تاوتوێ و بێ ئەوەی یەک وشەی لەزار بێتە دەر ئیمزای کرد و تەحویلی گرووزی دا. ژێنراڵ سپاسی کرد و ویستی بڕواتە دەرەوە، مارشاڵ گوتی "ڕەنگە حەزت لێ بێ کە بزانی من چیم دەکرد، خەریک بووم چەکێکم بە بڕی ٣/٥٢ دۆلار بۆ چەمەن کاری باغچەی ماڵەوە ئیمزا دەکرد."

هەزاران کەس کە لەبەشی ئیدارەی شەڕ یان لە گۆڕەپانی شەڕ لە ژێر چاوەدێری مارشاڵدا کاریان دەکرد بۆ ئەوەی هەست بە حزووری بکەن پێویستیان بە چاوپێکەوتنی نەبوو. ئەوان حزووری مارشاڵیان لە ڕاپۆرتی کم و پوخت، بەڵام پڕ لە ڕوانگەی جێگرەکانی کە بە دستیان دەگەیشت لە خێرایی وەڵامدانەوە بە پرسیار و داواکارییەکان، لە کارایی خێرای بەشی ئیداری شەڕ و ڕوحی کاری تیمی ئەفراددا دەبینی. ئەوان مارشاڵیان لە شێوازی ڕێبەریدا کەسانێکی وەک ئایزنهاوێر دەدیت کە لە مارشاڵەوە سیاسەت و شێوازی لێبڕاوانە و خێرا بۆ ئەنجامدانی کارەکان فێر ببوون. مارشاڵ لە ماوەی چەند ساڵدا ئیدارەی شەڕ و سوپای ئەمریکای گۆڕی، بەڵام کەم کەس تێگەیشتن کە ئەو چۆن ئەم کارە گەورەیەی بە ئەنجام گەیاند.

**لێکدانەوە**

کاتێک مارشاڵ بە سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەمریکا هەڵبژێردرا، هەستی کرد کە دەبێ لەپێشەوە نەوەستێ. وەسوەسە پێی دەگوت: کە پێویستە لە هەر کێشەیەک لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا بەربەرەکانی بکا. سەرپێچی ژێنراڵەکان، ئاغا سیاسییەکان و لایەکانی دووبارەکاری بەڵام ئەو زۆر زیرەکتر بوو کە وەڵامی ئەم وەسوەسەیە بداتەوە. یەکەم: کێشەکان یەک و دوو نەبوون، شەڕکردن لەگەڵ هەر کامیان ماندووی دەکرد کاتی بە فیڕۆ دەچوو و لەوانە بوو لەو سونگەیەوە تووشی نەخۆشی

---

شێوەیە ئۆدیسێس بەسەر سوپاکەدا زاڵ بوو. هەموو پیاوەکان لە کەشتییەکە هاتنە خوارەوە و بە ڕوحێکی شەڕکەرانەوە یەکیان گرت. ایلیاد، هومر، قرن نهم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ و جەڵتە لێی بدا. دووهەم: ئەوەی کە ئەگەر بیهەوێ بەش بە بەش مودیرییەتی بکا، دەبوو هەموو سەرنجەکانی خۆی بە چووکترین وردەکارییەکان چڕ بکا و وێنە گەورەکە لەبەرچاوی گوم دەبوون، لە دواییدا ئەویان وەک ملهوڕێکی گەمژە نێو دەبرد. مارشاڵ دەیزانی یەک ڕێگە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم غوولە چەند سەرە هەیە، هەنگاوێک لە دواوە ڕاوەستێ و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی ئەوانی دیکەوە زۆر بە نەرمی مودیریەت بکا بەجۆرێک کەس نەزانی چۆن بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بووە.[١]

کلیلی ستراتیژی مارشاڵ هەڵبژاردن و ڕاهێنان و گۆڕینی جێگرەکان بوو، و خۆی نوقمی ئەو کەسانە کرد بەجۆرێک کە بەهەمان گیانی چاکسازییەوە هەموو بەرنامەکانی جێبەجێ بکەن و لەدەورانی ئەو کەمخەرجی و کاتی بۆ پاشەکەوت بکەن. لەبری ئەوەی ئەو وەک داگیرکەر پێشانی بدەن وەک سەرمەشقێک چاوی لێبکەن. کەمکردنەوەی هێزەکان و لابردنی دووبارەکاری، لەسەرەتاوە وەک شتێکی خام و بێئاگاهی وەبەرچاو دەهاتن. کاتێک جێپەنجەی دەکەوتە سەرکارەکان، کارەکان ڕایی دەبوون. بەڵام مودیرییەتی کەسانی کەمتر ئاسانتر بوو. کەمتر ڕاپۆرتی ناپەیوەندیدار ئاڵوگۆڕ دەکرا و لە هەر ئاستێکدا کاتێکی کەمتر بەفیڕۆ دەچوو. کاتێک ئەو پرۆسەیە جێگەی گرت مارشاڵ باشتر و نەرمتر و ناڕاستەوخۆ مودیرییەتی خۆی بەڕێوە دەبرد. ئەو جۆرە سیاسیانەی کە زنجیرەی دەستووریان خاو دەکردەوە دوو بژاردەیان لە پێش بوو: یان خۆیان خانەنشین بکەن یان خۆیان لەگەڵ ڕوحی گرووپ دەگونجێنن. شێوازی پێوندی ناڕاستەوخۆی مارشاڵ بۆ زۆرێک لە کارمەندەکانی دڵخۆشکەر بوو، بەڵام لە ڕاستیدا کاریگەرترین شێوەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات بوو. لەوانە بوو ئەفسەرێک بچێتەوە ماڵەوە بۆ ئەندامانی بنەماڵەی شیی بکاتەوە کە مارشاڵ بۆ چەکێک ٣/٥٢ دۆلاری بۆ چیمەنکاری ماڵەکەی چەندین بەڵگەنامە تاوتوێ و بەراورد دەکرد بەڵام وردە وردە بۆی دەرکەوت کە هەستیاری مارشاڵ بەو مانایە کە ڕێگە نادات هیچ کەسێک یەک سێنت بەفیڕۆ بدا.

وەک هەمان ئیدارەی گشتی شەڕ کە مارشاڵ مودیرییەتی دەکرد، جیهانی ئەمڕۆ ئاڵۆز و شێواوە،

---

١. ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن ئەرکانی گشتی و دەستەی ئامار و لێکۆڵینەوە کۆ کرابوونەوە و پێشکەش دەکران، هەر لەبەر ئەم هۆکارە گرنگترین سەرچاوەی زانیاری لە بەر دەستی ناپلیۆن دابوو، ئەم ڕاپۆرتانە لە زنجیرەی پلەبەندی تێپەڕین و وردە وردە تایبەتمەندی خۆیان لەدەست دابوو هەر چەندی ئەو برگانە زیادیان کردبوایە، فورمی ڕاپۆرتەکان ستانداردتر دەبوو و ئەو مەترسییە کە ڕەنگە پوختە و بۆچوونی شەخسی سێبەری جەوهەری لەسەر بابەتەکە بکەن و زیاتر دەبوو. بۆ ئەوەی فەرماندەیەک بتوانێ زانیارییەکانی لەم مەترسییە بپارێزێ و ژێردەستەکانی چالاک و وشیار بکاتەوە پێویستە جۆری تێلێسکۆپی ڕاستەوخۆی هەبێ کە بتوانێ بچێتە نێو هەر ناوچەیەکی سوپای دوژمن، تاکوو لەبارەی زانیاری لەسەر هێز و ناوچەی جوغرافیا و ستراتیژی سوپای دوژمن وەدەست بێنێ و لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو فەرماندەیە یەک بگرێتەوە. ڕاپۆرتی ڕێکوپێک و سیستماتیکی ستادی سوپا بۆ ئەوەی دیاری بکەن چ پرسیارێک دەبێ بکرێ و پێویستن. بەڵام تێلێسکۆپی ڕاستەوخۆ ڕێگە بە فەرماندە دەدا وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەم پرسیارانە بداتەوە. ئەم دوو شێوازە لەبەردەستی ناپلێئۆنی کارامەدا بوون و گۆڕانکاری لە فەرماندەهی مومکین کرد.
فرماندهی در جنگ، مارتن ون کرولد، ١٩٨٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕۆژگارە لە ڕێگەی زنجیرەی دەستوورەکانەوە زۆر قورسترە لە ڕابردووە. تۆ ناتوانی چاودێری هەموو شتێک بکەی و ناتوانی ئاگاداری هەموو کەسێک بی، ئەوەیکە کەسانی دیکە تۆ بە دیکتاتۆر بزانن بۆ تۆ باش نیە و لە لایەکی دیکەوە ئەگەر تەسلیمی ئەو ئاڵۆزییانە بی و ڕێگا بدەی زنجیرەی فەرماندەهی لە دەست دەرچێ، ئاڵۆزی هەڵت دەلووشێ.

ڕێگا چارە هەر ئەوەیە کە بە ڕێگەی مارشاڵدا بڕۆی. واتە لە ڕێگای دوورەوە هەموو شتێک کۆنترۆڵ بکەی. جێگرانێک دیاری بکەی کە هەمان دووربینیی ئێوەی هەبێ، بەڵام دەتوانن سەربەخۆ بیر بکەنەوە و لە شوێنی خۆیان باشترین کردەوەیان هەبێ. لە بری ئەوەی کاتی خۆت بە وتوویژ و سەروکەللەلێدان لە گەڵ کەسانی بێمێشک بە هەدەر بدەن، کات بۆ بڵاوکردنەوەی ڕوحی هاوڕێیی و کاری تیمی و باشترکردن تەرخان بکە. ئاڵۆزییەکانی ڕێکخراوی خۆتان کەم بکەوە کاری دووبارەی کاربەدەستان، ڕاپۆرتی دووپاتەی بێ کەڵک و بە فیڕۆدانی کات لەنێو بەرە. کۆبوونەوەی بێ مانا خڕ بکەنەوە. هەرچەندی کەمتر سەرنج بە وردەکاری ناپێویست بدەن کاتی زیاترتان بۆ دیتنی وێنەی گەورەتر دەبێ و دەسەڵات و لێهاتوویی خۆتان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەڵام بە شێوەیەکی بەبڕشت و زاکوون بۆ خەڵکی زیاتر نیشان دەدەیت. بەو شێوەیە کەسانی دیکە لە ڕێنوێنییەکانی ئێوە پەیڕەوی دەکەن، بێ ئەوەی کە ئێوە بە کەسێکی گەمژە و دیکتاتۆر بزانن ئەوە ئەوپەڕی مودیرییەتە.

فردریش نیچە، دەڵێ: *"شێتی لە تاکەکاندا ئیستسنایە، بەڵام لە گرووپەکاندا بنەمایە."*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

ئێستا ڕێبەری کارامە پێش هەموو شتێک پێویستی بە فەنوفێڵی نادیار هەیە. هۆکارەکەی سادەیە: ئێمە جۆرێک گەورە بووین کە بە کەسانی خاوەن دەسەڵات باوەڕمان نیە، لەلایەکی دیکەوە هەمووومان خۆمان بە کەسانی خاوەن سەڵاحییەت و شایستە دەزانین. کاتێک مرۆڤەکان دەیانهەوێ ڕەوابوونی خۆیان بسەلمێنن بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندیی گشتییەوە. یەکگرتووی گشتی زۆر ناسک و لاوازە و بە ئاسانی زیانی پێدەگا.

ئەو پرۆسەیە کاریگەریی لەسەر ڕێبەران هەیە کە بە دەگمەن ئاگاداری دەبن. ویست و داوای گشتی ئەوەیە کە دەسەڵاتی زیاتر بە گرووپ بدرێ: دێموکراسی زیاتر، ڕاپرسی ڕێبەرەکان لە هەموو ئەندامانی گرووپ، ڕێگە پێدان بە گرووپ بۆ بڕیاردان و ڕێگەدان بە بیروڕای کەسانی خوارتر لە ستراتیژی گشتیدا. ئەگەر ڕێبەران لەو گرایش و ئینتیمایە تێنەگەن ڕێگەیان داوە سیاسەتی ڕۆژگار فریویان بدا و ئەوان یەکێک لە گرنگترین یاساکانی شەڕ و ڕێبەرایەتی، واتە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی بڕیارەکانیان پێشێل کردووە. پێش ئەوەی زۆر درەنگ بێ وانەکانی شەڕ فێر بن. ڕێبەرایەتی دابەشکراو و هاوبەش، شێوەکاری بەڵایە و ئەمە هۆکاری گەورەترین شکستەکانی نیزامی لە مێژوو دایە.

لەو نێوەدا، گەورەترین شکست لە شەڕی کانای لە دووهەمی ئوتی (١٢ی گەڵاوێژ) ٢١٦ی پێش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میلاد لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا لە نێوان سوپای ڕۆم و کارتاژ بە ڕێبەری هانیباڵ ڕووی دا. ڕۆمییەکان لە بواری نەفەرەوە زیاتر و نزیکەی دوو بەرابەری کارتاژەکان دەبوون بەڵام لە بواری ستراتیژییەوە ملیان لە نابوودی نابوو. هەڵبەت هانیباڵ لە شەڕدا بلیمەت بوو، بەڵام ڕۆمییەکان خۆیان هۆکاری شکستی خۆیان بوون چونکە سیستمێکی دەستووراتی غەڵەت بە دوو دەنگ فەرماندەهی سوپاکەیان پێدەکرد. ئەو دووانەیە لە شێوەی شەڕکردن لە گەڵ هانیباڵ جیاوازی بۆچوون‌یان هەبوو، لە بری ئەوەی لەگەڵ هانیباڵ شەڕ بکەن بە یەکەوە شەڕیان دەکرد و هەر ئەو ڕەفتارەیان بووە هۆی سەرلێشیواوی لە هەموو کارەکانیان دا.

نزیکەی دوو هەزار ساڵ دواتر فرێدریکی گەورە، شای پرۆس و ڕێبەری سوپاکەی، بەهۆی ئەوەیکە بڕیاراتی خۆی خێراتر لە پێنج هێزی مخالیفی خۆی دەگرت هەر پێنج قودرەتی لە شەڕێکی پێنج ساڵەدا شکست دا. دەلیلی سەرەکی ئەوە بوو کە ژێنراڵەکانی ئەو پێنج هێزە، ئەوە بوو کە پێش هەر بڕیاردانێک، دەبوو پێکەوە مەشوەرت بکەن و هاودەنگ و یەکڕا ساغ ببنەوە. لەشەڕی جیهانی دووهەم، ژێنراڵ مارشاڵ لە فەرماندەهی پچڕپچڕ و هاوبەش بە باشی ئاگادار بوو و پێداگری دەکرد کە فەرماندەهی باڵای تەواوی هێزەکانی هاوپەیمانان بکا. ئەگەر ناوبراو لەو شەڕە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوایە، ئایزنهاوێریش نەیدەتوانی لەئورووپا سەرکەوتن بەدەست بێنێ. لەشەڕی ویتنام یەکگرتوویی دەستوورات و فەرماندەیی تایبەتمەندییەکی ژێنراڵی جێگیر لە ویتنامی باکوور "وو گوین جیاپ" بوو، هەمان تایبەتمەندی بووە هۆی ئەوە کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئەمریکاییەکان باشتر و بەسەریاندا زاڵ بێ، چونکە ستراتیژی ئەمریکا لەلایەن کۆمەڵێک سیاسەتمەدار و ژێنراڵەوە پێناسە و ڕوون دەکرایەوە.

فەرماندەهی دابەش و پچڕپچڕ مەترسیدارە. چونکە ئەندامانی گرووپێک زۆرتر بە شێوازگەلێک بیرکردنەوە کار دەکەن کە نالۆژیکی و ناکارامەیە و پێی دەگوترێ بیرکردنەوەی گرووپی. ئەندامانی گرووپێک کاری سیاسی دەکەن و لە ڕاستیدا شتەهایەک دەڵێن و کارێک دەکەن بۆ ئەوەی ڕوانگەی خۆیان زیاتر لە گرووپەکەدا دەربکەوێ. ئەوان حەز دەکەن کەسانی دیکە دڵخۆش بکەن بۆ ئەوەی خۆیانی پێ بەرز بکەنەوە، لە کاتێکدا پێویستە بە ڕوانگەیەکی بێلایەنی و دوور لە ئێحساسات سەیری شتەکان بکەن. کاتێک کەسێک لە گرووپدا بتوانی بوێرانە و داهێنەرانە مامەڵە بکا گرووپەکە هەست بە مەترسی دەکا، بەهۆی زەرووڕەتی گەیشتن بە یەکدەنگی لە نێوان کەسانی جیاوازدا، داهێنان لەنێو دەچێ. گرووپ ڕوانگەی تایبەتی خۆی هەیە کە بە پارێزەوە هەڵس‌وکەوت دەکا و لە بڕیاردان‌دا خاوەخاو دەکا و هێندێک جار بەرەو نامەنتقی و نالۆژیکی دەچێتە پێش.

ئەوە هەمان یارییە کە ئێوە دەبێ ئەنجامی بدەن، هەر کارێکی کە لەدەستان دێت جێبەجێی بکەن تاکوو یەکگرتوویی فەرماندەیی و دەستوورات بپارێزن. با سەری گوریسەکان بەدەستی خۆتانەوە بێت. دوورنمایی ستراتیژییەکی هەمەلایەنە و بۆچوونێک کە هەمووان ڕازی و دڵخۆش بکا دەتوانێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆتوبەندی کاروبارەکان لە دەستان دەربێنێ و بەرەو گۆشەگیریت بەرن. لە هەمانکاتدا شێوازەکان و هەنگاوەکانی داهاتووت بە شاراوەیی ڕاگرە و کارێک بکە کە گرووپەکە وا بیر بکەنەوە ئەوان لە بڕیاردا بەشدارن. داوایان لێ بکە پێشنیار بکەن و لە بیرۆکە جوانەکانیان کەڵک وەرگرە و بە لەسەرەخۆیی بیرۆکەی خراپیان پشتگوێ بخە، ئەگەر پێویست بوو ئاڵوگۆڕێکی کەم نەک شوێندانەر، لە ستراتیژی خۆتدا پێک بێنە تاکوو ئەندامانی سیاسی و سەرچاوەی کێشەسازەکان بێ دەنگ بن. بەڵام لە نیهایەتدا دوورنمایی خۆتان بەرەو پێش بەرن. مەترسییەکانی بڕیاردانی گرووپ لەبیر نەکەن. یەکەمین یاسای ڕێبەری شوێندانەر ئەوەیە کە هەرگیز یەکگرتووی فەرماندەیی خۆت لەدەست نەدەی.[۱]

کۆنترۆڵ، دیاردەیەکە پێویستی بە زیرەکی هەیە. زۆرجار هەرچی زیاتر بازنەی دەسەڵاتی کەسێک بچووکتر بکەینەوە و تەنگی پێ هەڵچنین کۆنترۆڵی کەمترمان بەسەریدا دەبێ. ڕێبەریکردن شتێک زیاترە لە هاوارکردن و دەستووردانە بە کەسانی دیکە. ڕێبەری پێویستی بە وردبینی هەیە.

لە سەرەتاوە دەرهێنەری بەناوبانگی سوئێدی ئینگمار بێرگمان زۆرجار زۆر ماندوو و بێحەوسەلە دەبوو. ناوبراو بۆ ئەو فیلمانەی کە دەیهەویست دروستی بکا دووربینییەکی هەبوو: بەڵام دەرهێنەری ئەوەندە وزەی دەویست هێندێک جار لە دین دەهری دەبوو و هاواری بەسەر ستافەکەیدا دەکرد و هێرشی بۆ دەکردن کە بۆچی ئەو کارانەی دەیهەوێ بە دروستی بۆی جێبەجێ ناکەن؟ هێندێکیان بە بێزاری دەستوراتی ئەویان بەڕێوە دەبرد و هێندێکی دیکەش دەبوونە کەسێکی میکانیکی فەرمانبەر. بێرگمان بەو هەڵسوکەوتەی بۆ دروستکردنی هەر فیلمێک دەبوو خەڵکی تازەی بەشداری پێ بکا و بە ئەمەش کارەکانی خۆی سەختتر دەکرد. بەڵام لەناکاو توانی گرووپێکی زۆرکارامە لە باشترین

۱. لە بەیانیدا لە سێنتکلاود وەڕێ دەکەوی و بەسەر ڕووباری ڕایندا بۆ ورمز دەڕۆی، دڵنیابە کە هەموو کاروباری تداروکاتی بۆ پەڕینەوە لە ڕووبارەکە ڕەچاو کراوە. پاشان بەرەو کاسێل دەچی و دڵنیابە لەوەی ئەو شوێنە لە دۆخێکی بەرگریدایە. دوای ئەوە بە ڕێکاری ئەمنی بۆ قەڵای هانائۆ بڕۆ. لێکۆڵینەوە بکە کە ئایا دەتوانرێ بە هێرشێکی خێرا و بوێرانە داگیری بکەین یان نا. ئەگەر پێویست بوو سەردانی قەڵای نیزامی ماربۆگ بکە. پاشان وەرە بۆ کاسێل و لە ڕێگەی کەسی بەرپرسی ئەو کارەوە ڕاپۆرتەکانم بۆ بنێرە. گرنگی بەوە بدەن کە ئایە هەمیشە لە پۆستەکەی دایە یان نا. بڕیار نیە شەوانە گەشتی ئاوی لە فرانکفۆردەوە بۆ کاسێل هەبێ. چونکە دەمهەوێ بە باشی چاودێری هەموو شتێک بکەن و بە وردی ڕاپۆرتم پێ بدەنەوە. لە کاسێلەوە دەبێ لە ڕۆژدا کورتترین ڕێگا بگریە بەر بۆ کۆڵن بێن. ئەو ناوچەیە دەکەوێتە نێوان وێسل، مینز و کاسێل، و پێویستە بە باشی شناسایی بکرێ. دەبێ بزانی ئیمکاناتی پەیوەندی و ڕێگاکانی مناسب کامانەن. لە بارەی پەیوەندی نێوان کاسێل و پادەربۆرن زانیاری بەدەست بێنە و تێبگە گرنگی کاسێل چییە؟ ئایە ئەو ناوچەیە پۆشتەوپەرداخ و بەرگریی زۆر دەبێ؟ هەڵسەنگاندن بۆ هێزەکانی شازادە و دۆخی ئێستا و کەرەستەی نیزامی و شوێنە بەهێزەکان لەبەرچاو بگرە. لە کۆڵنەوە وەرە بۆ ئەوەی لە ماینز چاوم پێت بکەوێ، دەبێ گونجاوترین ساحیلی ڕاین هەڵبژێری، بەڵام کورت و بە وردی دەوروبەری دوسێلدۆرف و وێسل و کاسێل ببینە. من بۆ وەرگرتنی ڕاپۆرتەکان لە ۲۹ی مانگ لە شاری ماینز دەبم. پێویست ناکا بڵێم لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئەم عەمەلیاتە چەندە گرنگە و لە هەمووی گرنگتر، هەموو وردەکارییەکانی گەشتەکە بۆ ئەم وڵاتە بە مێشکت بسپێرە. دستورات کتبی ناپلئون بە ژنرال نظامی درج شده در کتاب فرماندهی در جنگ، مارتین ون کرولد ۱۹۸۵

فیلمهەڵگر، مونتاژکار، دەرهێنەر، ئەکتەر و شانۆگەر لە سوئێد پێک بێنێ. ئەو کەسانە هەموویان پێوەرە بەرزەکانی ئەویان لە مێشکدا بوو و ئەویش متمانەی تەواوی پێیان هەبوو، ئەوەش بووە هۆی ئەوە پەتی کۆنترۆڵ‌گەری خۆی بۆ کەسیکی وەک ماکس فون سیدۆ شل بکا. تەنیا ئەوەندە بەس بوو ئەوەی کە لە زەینی دابوو بە سیدۆ بڵێ تا ئەو ئەستیرە شیاوە بەو بیرۆکانە ژیان ببەخشێ، ئێستا کۆنترۆڵی زیاتر لەوەدا بوو کە ئەو ئەستیرەیە هەر چی زیاتر ئازاد بکات.

هەنگاوێکی گرنگ لە داهێنانی زنجیرەیەکی فەرماندەیی کاریگەر ئەوەیە تیمێکی لێهاتوو دروست بکەی کە ئامانج و بەهاکانی ئێوەی لەدڵ و گیانی ئەوان دایە. ئەو گرووپە چەندین سوودی بۆ تۆ هەیە، کەسانێکی بەئەنگێزە و بەڕوحیە کە دەتوانن سەربەخۆ فکر بکەنەوە و وێنەی تۆ وەک ڕێبەرێکی دێموکڕاتیک و دادپەروەرانە پێشانی کەسانی دیکە بدەن و وزەیەکی زۆر پاشەکەوت بکەن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو وزەیە بۆ گەیشتن بە وێنەی گەورەتر سوودی لێ وەرگرن.

بۆ دروستکردنی گرووپ بەدوای کەسانێک‌دا بگەڕێن کە قەرەبووی کەمایسی و کەموکوڕییەکانی ئێوە بکەنەوە و لەکارێک‌دا کارامەییان هەبێ کە تۆ تێیدا لاوازی. وەک نموونە، لەشەڕی نێوخۆیی ئەمریکادا ئەبراهەم لینکلێن بۆشکست‌دانی باشوور ستراتیژییەکی گرنگی بەکار هێنا، ناوبراو هیچ ڕابردوویەکی لەکاری نیزامی‌دا نەبوو بۆیە ژێنراڵەکان لەبواری نیزامییەوە ستراتیژی ئەویان پەسەند نەکرد. ستراتیژییەکی باش ئەگەر نەتوانی بیسەلمێنی چ قازانجێکی هەیە؟ بەڵام لینکلێن زۆر زوو تەشخیسی دا کە دەبێ چی بکا، ژێنراڵ یولیسیز سایمۆن گرانت کە بە یەکەوە هاودەستە بوون و ئەویش هەمان بیرۆکەی شەڕی هێرشبەرانەی لینکلێنی لە مێشک دا دەخولایەوە، لە لایەکی دیکەوە زۆر بەرزەفڕ نەبوو. کاتێک لینکلێن گرانتی دۆزییەوە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا ڕایگرت و دەستوراتی لە ڕێگای گرانتەوە جێبەجێ دەکرد و ئیجازەی پێدا شەڕ بەوجۆرەی کە لینکلێن دەیهەوێ مودیرییەتی بکا.

لە کۆکردنەوەی گرووپ ئەوپەڕی وردبینی بە کار بێنن تاکوو فریوی وشیاری و پسپۆڕی ئەوان نەخۆن. کەسایەتی، توانای کارکردن لە ژێر بڕیاری تۆدا، هەماهەنگی لەگەڵ باقی دەستە، توانای قەبووڵ‌کردنی بەرپرسایەتی و بیرکردنەوەی سەربەخۆ، هەموویان وەک یەک ئەهمییەت و گرنگیان هەیە، هەر بەو هۆیەوە مارشاڵ ماوەیەکی زۆر ئایزنهاوێری تاقیکردەوە. لەوانە کاتێکی زۆرتان بۆ ئەو کارە نەبێ بەڵام هەرگیز هێزێک لەسەر بنەمای سیڤی (رزومە) و پێشینەی کاریی بەهێز هەڵ مەبژێرە. کەمێک لەدەرەوەی لێهاتووییەکانیان سەیر بکەن و پێکهاتەی فیزیۆلۆژی و دەروونیشیان لەبەرچاو بگرن، واتە لە دەرەوەی لێهاتووییەکانیەوە سەیری پێکهاتە دەروونییەکەیان بکە.

پشت بە دەستەیەک ببەستن کە کۆکراوەی دەستی خۆتان بێ بەڵام تەسلیم‌یان نەبی و نەهێڵی بکەویتە ژێر کاریگەری ئەوانەوە. فرانکلێن دی ڕوزویلت وەزیر و ڕاوێژکارگەلێکی ناوزڕاوی بوو کە بەدەلیلی بیرۆکە و ئیدەی نوێ و باش وابەستە بەوان بوو، بەڵام هیچکات ڕێگای ندا لەسەر بڕیاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیددی کاریگەری‌یان هەبێ و چاوەدێری دەکردن کە لە وەزارەتەکەیان پێگەیەکی بەهێز بۆخۆیان دروست نەکەن. ئەوانی وەک کەرەستەیەک بۆ پەرەپێدنی تواناکانی خۆی و پاشەکەوتی کات و وزەی چاو لێ دەکرد. ناوبراو هەستی بە گرنگی یەکگرتوویی فەرماندەیی کردبوو و هیچکات فریوی نەدەخوارد و ئەویشی پێشێل نەکرد و سەر پێچی لەو یاسایە نەدەکرد.

یەکێک لە کردەوە گرنگەکانی زنجیرەی دەستوور و فەرماندەیی ئەوەیە، کە زانیاری بە دەستوبرد لەسەرچاوەی جۆراوجۆر دابین بکەن و بە خێرایی لەگەڵ بارودۆخی جیاواز هەماهەنگ بن. هەرچەندی زنجیرەی دەستوورات و فەرەماندەهی کورت‌تر و یەکگرتووتر بێ، ڕەوتی زانیارییەکان باشتر لەگەڕ دا دەبن، لەلایەکی دیکەوە کاتێک زانیاری لە زنجیرەیی زۆرتر تێپەڕێ ئاڵوگۆڕی تێدا پێک دێ و وردەکارییەکان کە زۆر گرنگە دەبنە بابەتی گشتی. تەنانەت کاتێک زانیاری بەدەست ئێوە دەگا مومکینە لێکدانەوە یان چەواشەکاری تێدا بکرێ. بۆ ئەوەی زانیاری نوێ و دەستی یەکەمت هەبێ هێندێک جار لەنزیکەوە سەردانی بەرەکانی شەڕ بکە و چاوخشاندنێک بە دەوروبەردا بگێڕە. مارشاڵ زۆر جار سەردانی پایگای سوپای دەکرد تاکوو بە چاوی خۆی شاهیدی ڕەوتی جێبەجێکردنی ئیسلاحات بێ. هەروەها ئەو نامانەی دەخوێندەوە کە سەربازەکان دەیاننارد بەڵام لەو ڕۆژگارە ئاڵۆز و پیچڵاوپێچەدا ئەو کارە دەتوانێ کاتێکی زۆرمان لێ بگرێ.

ئەو شتەی تۆ پێویستە هەمان شتە، کە مێژوونووس مارتین ون کرولد پێی دەڵێت "تێلێسکۆپی ڕاستەوخۆ"، واتە ئەفراد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی زەنجیرەکەدا و هەر جێگایەکی دیکە زانیاری دەسبەجێ و خێرای مەیدانی شەڕ بۆت بنێرن. ئەو کەسانە - تۆڕە نافەرمییەکان لە دۆستان، هاوپەیمان یان سیخوڕان - ڕێگەت پێدەدا بەسەر جووڵەی خاوی پێوەندییە زنجیرەییەکان‌دا زاڵ بن. مامۆستای ئەو یارییە ناپلیۆن بوو کە ڕێکخستنی سێبەری لە ئەفسەرە لاوەکانی لە هەموو بوارە سەربازییەکان‌دا دروست کردبوو و ئەو کەسانە بە هۆکاری وەفاداری، وزە و زیرەکی تۆخ لەو ڕێکخستنەدا کاریان پێ سپێردرابوو. ناوبراو لە کەمترین کات‌دا یەکێک لەو کەسانەی بۆ پادگانەکان یان بۆ بەرە دوورەکان یان شوێنی دوژمن (هەڵبەتە لە پۆستی نوێنەری سیاسیدا) ڕەوانەی دەکرد و دەستووری کاری نهێنی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەدا، کە نەیدەتوانی بە خێرایی لە ڕێگای کەناڵی فەرمی بەدەستیان بێنێ، بەگشتی زۆر گرنگە لەو تێلێسکۆپە ڕاستەوخۆ لەسەرتاسەری گرووپەکان‌دا بە کار بێنن. ئەوانە دەبنە هۆی نەرم‌نواندنی ئێوە لەزنجیرەکەدا و بە ئێوە فەزایەکی گونجاو بۆ مانۆڕلێدان لەشوێنێکی سەخت‌دا دەبەخشی.

مەترسی گەورە لە زنجیرەی فەرماندەیی‌دا لە کەسانی تازەکاری سیاسی نێو دەستە سەرچاوە دەگرێ، ڕزگاربوون لەو جۆرە کەسانە ئاسان نییە. ئەوانە وەک گیا و هەرزێ لە ڕێکخراودا گەشە دەکەن و لە بیری قازانجی خۆیان دان و بۆ بەرەو پێش‌بردنی دەستووری کاری خۆیان، حیزب و دەستە دروست دەکەن تاکوو لەو یەکگرتوویی کە تۆ دروستت کردووە کەلێنی تێ بخەن. ئەوان بە

لێکدانەوەی بڕیارەکانی ئێوە، بە ئارەزووی خۆیان لێکی دەدەنەوە و دەبنە هۆی سەرلێشێواوی دەستە و بەم شێوەیە درز یان کەلێنێکی هەست پێ‌نەکراو لە جەستەی زنجیرەکەدا دروست دەکەن.

هەوڵ بدەن ئەو گژوگیایانە پێش گەشەکردن بژار بکەن. لە کاتی دامەزراندنی ئەفرادی دەستەی خۆت سەرنجی ڕابردوویان بدە کە ئایە پەشۆکاو و سەربزێون؟ ئایە لە پۆستێک یان ڕێکخراوێکەوە بۆ ڕێکخراوێکی دیکە ڕۆیشتوون؟ ئەوە تایبەتمەندییەکی گرنگە کە نیشان دەدا بۆ دامەزراندن هیچ باش نین. ئەگەر بینیتان داواکاران هەمان بەها و بیرۆکەکانی ئێوەیان هەیە کەمێک وردتر بنەوە، لەوانەیە کارەکانی ئێوەیان لەژێر چاوەدێری گرتبێ و تەنیا بۆ ئەوەی سەرنجی ئێوە بۆ لای خۆیان ڕاکێشن دەبنە ڕەنگدانەوەی بیرۆکەکانی تۆ. بارەگای شاژن ئەلیزابێتی یەکەم پڕ بوو لە کوتلە سیاسییەکان، شێوازی ئەلیزابێت بریتی بوو لە شاردنەوەی بۆچوونەکانی، هیچ کەس لە دەرەوەی بازنەی ژوورەوە نەیدەزانی هەڵوێستی ئەو چیە و چ بۆچوونێکی هەیە، بەو هۆیە بۆ کەسانی دیکە دژوار بوو بیروباوەڕی ئەو بنوێننەوە و مەبەستەکانیان لە پشت ڕواڵەتێکی دۆستانە بشارنەوە، ئەوە یەکێک لە ستراتیژی عاقڵانەی ناوبراو بوو.

ڕێگایەکی دیکەی شاژن ئەوە بوو، کە دەیگوت ئەو مشکە سیاسی‌کارانە گۆشەگیر بکەن و بازنەی خۆنواندنیان تەسک بکەنەوە بۆ ئەوەی هیچ بوارێکیان بۆ مانۆڕلێدان لەنێو ڕێکخراوەکەتاندا نەمینێ. مارشاڵ بەدانی ڕوحیەی کارامەیی بە دەستە، ئەو ئامانجەی بەدەست هێنا. ئەو کەسانەی کە نەیان دەتوانی خۆیان لەگەڵ ئەو ڕوحیەدا بگونجێن وەدوا دەکەن و بە خێرایی تەریک دەکەوتنەوە. بەهیچ جۆر گێلۆکە نەبن. کاتێک ئەو مشکانەت لە نێو ڕێکخراودا ناسی دەسبەجێ هەنگاو هەڵێنەوە و ڕێگا مەدەن هێز کۆ بکەنەوە و پێگەی دەسەڵات بۆ لاوازکردن و نفووزی ئێوە دروست بکەن.

لە کۆتایی‌دا گرنگی بە خودی دەستوورەکان بدەن، گرنگی بە شکڵ و سروشتی دەستوورات بدەن. دەستووری ناڕوون بێ کەڵکن، کاتێک لە کەسێکەوە دەگەنە کەسێکی دیکە بە ئاسانی گۆڕانکاری بەسەردا دێ و کارمەندەکان ئەو دەستوورانە وەک هێمای گومان و ناکارایی تۆ وێنا دەکەن. زۆر گرنگە پێش دەرکردنی هەر بڕیارێک خۆتان ڕوونتان کردبێتەوە. لەلایەکی دیکە ئەگەر دەستووری ئێوە زۆر تایبەتی و سنووردار بێ هێزەکانی خۆتان هان داوە وەک کەسانی مکانیکی کار بکەن و سەربەخۆیی فکری لی ئەستاندون. ڕێگا بدە ئەوان لەسەر بنەمای بارودۆخی جیاواز ئازادی کردەوەیان هەبێ. ڕۆیشتن لە نێوان ئەو دوو تەوەرەدا هونەرێکە کە تەنیا لە دەستی ستراتیژیستێکی حێرفەی دێت.

لەم بوارەدا ناپلیۆن سەرمەشق و وەستا بوو، بڕیاراتی ئەو پڕ لە وردەکاری بوو تاکوو ئەفسەرەکانی بە باشی تێ‌بگەن کە چ شتێک لە زەینی ناپلیۆن دا هەیە و لەهەمان کات‌دا دەستووراتی جۆرێک گەڵاڵە دەکرد کە ڕێگای بۆ ئەفسەران دەهێشتەوە لە سەربەخۆیی خۆیان سوود وەرگرن. ئەو زۆرجار ئەگەرەکانی لەبەرچاو دەگرت و شێوازێکی پێدەگوتن کە ئەفسەرەکان خۆیان لەگەڵ بڕیاراتی ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سازگار بکەن. لەهەموو شتێک گرنگتر ئەوە بوو، کە بڕیارەکانی هەمیشە هاندەر بوون، زمان و چۆنیەتی گوتنی، ڕوحی خواست و ئارەزووەکانی ناپلیۆنی بە ئەفسەرەکان دەگەیاند. بڕیارێکی کە شێوەی دەربڕینی جوان بێ هێزی زیاتری هەیە. کەسێک کە بڕیاری بەدەست گەیشت لە بری ئەوەی هەست بکا بەڕێوەبەرێکی دەستوپی بەستراوە کە دەبێ داواکانی ئیمپڕاتۆرێکی خۆویست جێبەجێ بکا خۆی بە شەڕیکی ئامانجەکانی ئەو بزانێ. بڕیاری ناڕوون و بڕۆکڕاتیک، کاتێک لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێنەوە بە وردی جێبەجێ دەکرێن، بەڵام دەستوور و ڕێنمایی ورد و ڕوون و پاڵنەر، دەبێتە هۆی پەروەردەی ڕوحیەی خەبات لە ئەفسەرەکاندا.

ناپلیۆن دەڵێ: "*یەک ژێنراڵی خراپ، باشترە لە دوو ژێنراڵی باش.*"

**بێهێنە بەرچاوت:** هەوسار. ئەسپێک کە ڕێشمە و هەوساری(لەغاو) نیە، بەدەردی هیچ ناخوا، بەڵام بە هەمان ڕێژە ئەسپێک کە هەرکات ویستت هەوسارەکەی توند بکەن و لەخوڕا هەوڵ بدەی کۆنترۆڵی بکەن بەدەردی هیچ ناخوا. کۆنترۆڵ لە شل و ئازاد کردنی هەوسار دایە، دەبێ هەوسار ئەوەندە نەرم و ئازاد لەدەست دابێ، کە ئەسپ هەست نەکا لەژێر فشار دایە، بەڵام ئاڵوگۆڕێکی چووکە هەست پێ بکا و بەوجۆرەی ڕەفتا بکا کە تۆ دەتهەوێ، هەموو کەس ناتوانێ لەو هونەرەدا کارامە و لێهاتوو بێت.

### حاڵەتی دەگمەن

ڕێبەری دابەشکراو لە ئورگانێک‌دا هیچ خێر و سوودێکی نییە. ئەگەر پلەیەک بە هاوبەشی بە ئێوە بۆ ڕێبەری پێشنیار بکەن، قەبووڵی مەکە. چونکە جگە لە شکست هیچ شتێک چاوەڕوانیی تۆ ناکات و دواتر تۆ بە بەرپرسی ئەو شکستە دەزانن. باشترە پلەیەکی کەمتر وەربگری و ڕێگا بدەن کەسێکی دیکە ئەوکارە بەڕێوە بەرێ. بەڵام هێندێک جار ژیرانەیە کە لەپێکهاتەی فەرماندەیی هەڵەی حەریفی خۆت کەڵک وەرگرن، هیچکات لە یەکگرتووی مخالیفانی خۆت ترس و خۆفت نەبێ، ئەگەر ئەوان ڕێبەری یان ڕێنوێنی کارێک بە هاوبەشی جێبەجێ بکەن، ئەگەر لەلایەن کۆمیتەیەک کۆنترۆڵ دەکرێن، باڵادەستی تۆ زیاتر دەبێ. لەڕاستیدا کردەوەکانت وەک ناپلیۆن بن و دوژمنانی بدۆزەوە کە پێکهاتەی فەرماندەیی بەم شێوەیە بێت، لەو حاڵەدا ئیمکانی نییە کە شکست بخۆن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی شەشەم:
# هێزەکانی خۆتان جیا بکەنەوە.
# ستراتیژیی ئاژاوەی کۆنترۆڵکراو

توخمە گرنگەکانی شەڕ، بریتین لە خێرایی و خۆگونجاندن. واتە توانایی جووڵە و بڕیاردانی خێراتر لەدوژمن. بەڵام ئەمڕۆ دەست ڕاگەیشت بەخێرایی و خۆگونجاندن کارێکی ئاستەم و زەحمەتە. ئێمە دەستمان بە زانیاری زۆر ڕادەگا و ئەمەش هەر جۆرە لێکدانەوە و بڕیاردان سەختتر دەکا. دەبێ خەڵکی زیاتر کۆنترۆڵ بکەین کە زۆر پەرتەوازە و پەرشوبڵاون، کەوابوو لەگەڵ گومان و نەبوونی ئەمنییەتی زیاتر ڕووبەڕوو دەبینەوە. لە ناپلیۆنی مامۆستای دەستڕەنگینی شەڕکردن فێر بە: خێرایی و خۆگونجاندن لە ڕێکخستنی نەرمونیانەوە سەرچاوە دەگرێ. هێزەکانتان بەسەر گرووپی سەربەخۆدا دابەش بکەن کە دەتوانن خۆیان ڕێبەرایەتی بکەن. ڕوحی چالاکی و ورە بە هێزەکانتان ببەخشن تا بە هیچ شتێک نەوەستن. پاشان ڕێگەیان پێ بدەن بەردەوام لە ڕاکردن و کێبەرکێ دابن، بەو کارە هێزێکی لەبڕاننەهاتوو و کارا دروست دەکەن.[١]

**بێنەزمیی حیساب بۆکراو**

ساڵی ١٨٠٠ دوای شکستی ئوتریش لە شەڕێ مارنگۆ ناپلیۆن کۆنترۆڵی باکووری ئیتالیای بەدەستەوە گرت و ئوتریشییەکانی وادار کرد کە پەیماننامەیەک واژۆ بکەن لەسەر بنەمای ئەوە

---

١. سەرنجام، گرنگترین خاڵ کە دەبێ لەبەرچاو بگری ئەوەیە کە سیستمی فەرماندەیی شۆڕشگێڕانەی کە ناپلیۆن بەکاری هێنا، دەرئەنجامی هیچ پێشکەوتنێکی تێکنۆلۆژی وەک ئەوەی مرۆڤ چاوەڕوانی دەکات نەبوو، بەڵکوو تەنیا دەرئەنجامی ڕێکخستن و سازماندەهی باڵاتر بووە. ئامرازی تکنیکی کە لەبەردەستی ناپلیۆن دابوو لە ئامرازەکانی نەیارەکانی زیاتر نەبوون، لەو سونگەوە لەوان جیاواز بوو، چونکە خاوەنی ئەو بوێری و داهێنەرییە بوو، کە پێویست بوو بۆ تێپەڕاندنی ئەو سنوورانەی کە تێکنۆلۆژی بۆ هەزاران ساڵ بەسەر فەرماندەکاندا سپاندبووی. لە کاتێکدا نەیارانی ناپلیۆن هەوڵیان دەدا کۆنترۆڵ و دوودڵی و نادڵنیایی بپارێزن، بە هێشتنەوەی هێزەکانیان لە نزیکەوە ناپلیۆن بە پێچەوانە ڕێگەی دیکەی هەڵبژارد، ئەو دوای چاکسازی سوپاکەی بە شێوەیەک ڕێکی خستنەوە کە دێسانترالیزەکردنی ڕەچاو کرد کە بەشەکانی بتوانن بۆ ماوەیەکی سنووردار بە شێوەیەکی سەربەخۆ کار بکەن و لە ئەنجامدا بەرگەی نادڵنیایی زیاتر دەگرن. لەبری ئەوەی ڕێگە بە ئامرازە تێکنۆلۆژییەکان بدا ستراتیژی و ئەرکی فەرماندەیی بۆی دیکتە بکەن، ناپلیۆن بە تەواوی سوودی لە هەموو ئەو سنووردارکردنانە وەرگرت کە تێکنۆلۆژییەکان سەپاندوویانە. فەرماندەهی در جنگ، مارتین ون کرولد ١٩٨٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داهاتی کۆلۆنییەکانی فەڕانسە لە ئیتالیا و بلژیک دانی پێدانرا. لە ماوەی ٥ ساڵی دواتردا ئاشتییەکی سەخت دامەزرا، بەڵام ناپلیۆن وەکوو ئیمپراتۆر لەسەر تەختی فەڕانسە دانیشت. زۆرێک لە ئورووپاییەکان گومانیان لا دروست بوو، کە ئەو تازە بەدەسەڵات گەیشتووە لەدایکبووی دورگەی "کرس" بەرزەفڕی زۆری هەیە. کارێل مەک ژێنراڵی ئوتریشی و ئەندامی کۆنی نیزامی و بەدەسەڵاتی ئەو وڵاتە، بانگەشەی شۆڕشێکی پێشگیرانە بە سوپایەکی گەورە و بەهێز بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتن بە دژی فەڕانسە کرد و بە هاوکارەکانی گوت: "ئامانجی شەڕ ئەوەیە کە دوژمن خاشەبر بکەین، نەک ئەوەی ئاگامان لەخۆمان بێ خاشەبرمان نەکەن".

مەک و ئەفسەرە هاوبیرەکانی وردە وردە نفووزی زیاتریان بەدەستهێنا. لە سەرەتای ساڵی ١٨٠٥دا ئوتریش و ئینگلستان و ڕووسیە بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی فەڕانسە و پاشەکشەی بۆ سنوورەکانی پێش هاتنی ناپلیۆن، پەیمانێکیان واژۆ کرد. هەمان هاوین گەڵاڵەی شەڕیان داڕشت: ٩٥ هەزار کەس لە قشوونی ئوتریشی لە باکووری ئیتالیاوە هێرش بۆ فەڕانسە بکەن تاکوو شکستی سەرشۆڕانەی ساڵی ١٨٠٠ قەرەبوو بکەنەوە، قشونێکی٢٣٠٠ کەسی ئەمنیەتی ئەیالەتی تیرۆڵ کە لە نێوان ئیتالیا و ئوتریش هەڵکەوتووە دابین دەکا. پاشان کارێل مەک ٧٠ هەزار کەس لە هێزەکانی خۆی بە درێژایی دانوب بۆ لای ڕۆژاوا و بۆ نێو باوەریا ڕێنوێنی دەکا تا پێش بە یەکگرتوویی ئەو وڵاتە لەگەڵ فەڕانسە بگرن، کە مەوقعییەتێکی ستراتیژی هەبوو. مەک و هێزەکەی کاتێک لە باوەریا ئوردویان لێدا چەند حەوتوو ڕاوەستان تا قشونی ٧٥ هەزاری کەسی ڕۆژاوا بگەنە فەڕانسە. هاوکات ئینگلستان لە ڕێگای دەریاوە هێرش دەکاتە سەر فەڕانسە و پاشان قشوونێکی زۆر لە هەر ناوچەیەکی شەڕ ئامادە دەبن و سوپایەکی ٥٠٠ هەزار کەسی دروست دەکەن. ئەو سوپایە گەورەترین ئەرتەش بوو کە مێژووی ئورووپا بە خۆیەوە بینیبوو، بەدڵنیاییەوە ناپلیۆن لەبەرامبەر سوپایەکی دوو بەرابەر لە سوپای خۆی زیاتر، کە لەهەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ کردووە توانای بەربەرەکانی نیە.

لە نێوەڕاستی مانگی سپتامبر[خەرمانان] بە درێژایی دانوب بەرەو شاری ئۆلێم لە نێوەڕاستی باوەریا کاری خۆیان دەست پێکرد. مەک بە دانانی هۆردوو لەوێ هەستێکی قووڵی ڕەزامەندی هەبوو. ئەو لە بێنەزمی و دوودڵی بێزار بوو. هەوڵی دا هەموو شتێک پێشتر ئامادە بکا و بەرنامەی ڕوونی هەبێ تاکوو سەرنجی هەموویان بۆلای خۆی ڕاکێشێ. ناوبراو گەڵاڵەکەی بە "شەڕەنگێزی ورد و پراگماتیک" نێو برد. هەروەها پێی وابوو گەڵاڵەکەی هیچ قسەیەکی لەسەر نیە و هیچ درزێکی نیە کە تاڵە موویەکی تێوە بچێ و وای هەست کرد ناپلیۆن لە بەین دەبا.

جارێک پێشتر مەک بە دیل گیراوە بە ناچاری سێ ساڵ لە فەڕانسە ماوەتەوە. لەوێ شێوەی شەڕکردنی ناپلیۆنی خوێندووەتەوە. یەکێک لە ستراتیژییەکانی ناپلیۆن ئەوە بوو کە دوژمنی خۆی وادار بکا هێزەکانی دابەش بکات، بەڵام ئێستا فێڵی مەک بە پێچەوانە بوو. کاتێک ناپلیۆن لە ئیتالیا لەگەڵ کێشە ڕووبەڕوو بێتەوە ئیدی ناتوانێ زیاتر لە ٧٠ هەزار سەربازی فەڕانسەوی لە ڕێگای ڕاین بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاڵمان و باوەریا بنێرێ. ئەو کاتەی ناوبراو لە ڕاین دەپەڕییەوە و ئوتریشییەکان لە مەبەستی ئەو ئاگادار دەبوون و بۆ هێوەرکردنەوەی جووڵەی سوپاکەی دەست بە کار دەبوون. لانیکەم دوو مانگی دەویست تا سوپای ناپلیۆن بگاتە ئۆلێم و دانوب. ئەوکاتەش سوپای ئوتریش لەگەڵ ڕووسەکان یەکیان گرتووە و تازە ئاڵزاس و فەڕانسەیان تێکەوە پێچاوە. ئەو ستراتیژییە لە هەر جۆرە هەڵە و شکستێک بە دوور بوو. مەک لەوەی کە ڕۆڵێکی وەها تۆخی بۆ لە نێوبردنی ناپلیۆن دەگێڕا زۆر خوشحاڵ بوو. ناوبراو لە ناپلیۆن و لە تەواوی ئەو شتانەی نوێنەرایەتی ئەویان دەکرد بێزار بوو. سەربازانی بێ‌نەزم، دنەدان بۆ پێک‌هێنانی شۆڕش لە سەرانسەری ئورووپا و هەڕەشەی بەردەوامی بارودۆخی ئێستا لە ژێر سەری ئەو دایە. لەڕوانگەی مەک، ڕووسەکان بەمزوانە ناگەنە ئۆلێم.[١]

لەکۆتایی مانگی سپتامبر [سەرەتای مانگی ڕەزبەر] مەک هەستی کرد کە لە شتێکدا هەڵەیە. لە ڕۆژاوای ئۆلێم دارستانێکی ڕەش لەنێوان مەوقعییەتی ئەو و سنووری فەڕانسەدا هەبوو. لە ناکاو دیدەبانەکان هەواڵیان پێدا کە سوپای فەڕانسە لە دارستانەکە تێپەڕیوە و بۆ لای ئەو دێن. ناوبراو زراوی چوو. ژیرانە ئەوە بوو کە ناپلیۆن لە ڕاینەوە بەرەو ئاڵمان و دواتر بۆ باکوور بچێ لەبەر ئەوەی مەسیری ڕاحەت‌تر و بێ ترس‌تری هەبوو. بەڵام ناپلیۆن جارێکی دیکە دەستی بە کارێکی سەیر کردبوو و سوپاکەی بە ڕێگایەکی باریک و تەسکدا هێنابووە دارستانی ڕەش و ڕاستەوخۆ ڕەوانەی دڵی مەک کردبوو. لەگەڵ ئەوەی ئەو جووڵەیەی ناپلیۆن وەک فێڵ و تەڵەکە دەچوو مەک ناچار بوو لەشوێنی خۆی بەربەرەکانی بکا، کەوابوو بەشێک لە سوپاکەی بۆ ڕۆژاوا و دارستانی ڕەش ڕەوانە کردبوو تاکوو پێش بە پێشڕەوی فەڕانسوییەکان بگرن بۆ ئەوەی دەرفەتێکی مناسب هەبێ هێزەکانی ڕووسیە بگەنە یارمەتی مەک.

چەند ڕۆژ دواتر مەک بە تەواوی تووشی سەرلێشیواوی هات. فەڕانسە لە دارستانی ڕەشەوە بەرەو پێش دەهاتن و تەنانەت بەشێك لە سوارەکانیان نزیک ببوونەوە. لەهەمان کات‌دا هەواڵیان بە مەک دا کە سوپای فەڕانسە لە باکوورەوە بەرەو لای ئەو دێن. هەواڵەکان دژ بەیەک بوون، هێندێک باسیان لەوە دەکرد کە ئەو سوپایە لە ئەشتوتگارت، لە ٩٠ کیلومیتری باکووری ڕۆژاوای ئۆلێم جێگیر بووە، هێندێکی دیکە دەیانگوت زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵات یان تەنانەت زیاتر لە باکوور و نزیک دانوبە. مەک دەستی بە هیچ هەواڵێکی باوەڕپێکرا نەدەگەیشت چونکە هێزی پیادەی فەڕانسە لە دارستانی

١. ئێمە کە دەبینین چەندین جار سەرنجمان بۆ ئەو شتە ڕادەکێشرێ کە ڕەنگە پێی بڵێین "ڕەهەندی ڕێکخراوەیی ستراتیژی". ڕێکخراوە نیزامییەکان و ئەو دەوڵەتانەی کە پەرەی پێ دەدەن، یەک لەدوای‌یەک توانای خۆیان بۆ مامەلەکردن لەگەڵ هەڕەشە نیزامی هەڵدەسەنگێنن. کاتێک ئەمجۆرە کار دەکەن، ئەوان مەیلیان هەیە سەیری تایبەتمەندییە بچووکەکان بکەن، وەک ژمارەی قشوونەکان، بڕی تەقەمەنی، بەردەست‌بوونی چەکەکان، ڕادەی تداروکات و هتد... بە دەگمەن بۆ مودیرییەت‌کردنی ئەو چالێشانە گرنگی بە گونجاوی ڕێکخراوەکە و بەرزترین ئاستی ڕێکخراوەکە دەدەن. لەبارەی "پرێل‌هاربێر" و کەیسەکانی دیکەش پێشنیار دەکەن و بێ توانایی ڕێکخراوەیی بەدبەختی بەدوای خۆیدا دێنێ و لە کەمیی ڕێکخراوەکان‌دا کۆرپەی بەدبەختی گەشە دەکات. بدبختی‌های نظامی، آناتومی شکست در جنگ، آلویت کوهن و جون گوچ. ١٩٩٠

ڕەش لە پێشڕەوی دابوون و ڕێگەی چوونە باکووریان بۆ شناسایی سنووردار کردبوو. ژێنراڵی ئوتریشی ئێستا لەگەڵ شتێک ڕووبەڕوو بۆتەوە کە زۆرترین ترسی لێی هەبوو. گومان، و ئەو گومانە توانای بیرکردنەوەی قووڵ و دروستی لەنێو بردبوو. لەدوایی بڕیاری‌دا تەواوی قشوونەکانی بۆ ئۆلێم بگەڕێنەوە تاکوو بتوانێ هێزەکانی کۆ بکاتەوە. لەوانەیە ناپلیۆن نیازی بێ لە ئۆلێم شەڕ دەست پێ‌بکا. بەو کارە لانیکەم مەک بە ڕادەی سوپای ناپلیۆن هێزی هەبوو.

لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبردا [ڕەزبەر] دیدەبانەکانی ئوتریش توانیان سەر لەڕاستییەکان دەرێنن و ئەو ڕاستییە زیاتر وەک مۆتەکە دەچوو، بەشێک لە سوپای فەڕانسە لە دانوبەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئۆلێم هاتبوون و مەسیری مەکیان بەرەو ئوتریش بەستبوو و پێشیان بە جووڵەی ڕووسەکان گرتبوو. بەشێکی دیکەی بەرەو ڕۆژاوا هاتبوون و مەسیری مەکی بۆ لای ئیتالیا قوفل کردبوو. پرسیار ئەوەبوو، چۆن ٧٠ هەزار سەربازی فەڕانسەوی دەتوانن لە یەک کاتدا لە چەند شوێن بن و تا ئەو ڕادەیە بەو خێراییە بجووڵێن؟ مەک کە دڵی تۆقیبوو، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر بۆ هەر لایەک نەفەری ڕەوانە دەکرد. لە یازدەی ئوکتوبردا (٢٠ی ڕەزبەر] هێزەکانی خاڵێکی لاوازیان دیتەوە، ئەوەیش هێزەکانی فەڕانسە ڕێگای بەرەو باکوور و ڕۆژهەڵاتیان بە لاوازی گرتبوو و ئەو دەیتوانی لەو خاڵەوە هێزی فەڕانسەوی تێک بشکێنێ و لە گەمارۆی فەڕانسەوی ڕزگاریان بێ. ناوبراو بۆ پێشڕەوی بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات ئامادە بوو، بەڵام دوو ڕۆژ دواتر لەکاتی بڕیاری پاشەکشە دابوو، دیدەبانەکان هەواڵیان هێنا کە هێزەکانی فەڕانسە یەک شەوە گەیشتوون و مەسیری باکووری ڕۆژهەڵاتیان گرتووە.

٢٠ ئوکتۆبر [٢٩ی ڕەزبەر] مەک زانی کە ڕووسەکان بڕیاریان نەداوە کە بۆ دەربازکردنی یارمەتی بدەن بۆیە خۆی بەدەستەوە داو زیاتر لە ٦٠٠ هەزار سەربازی ئوتریشی بێ ئەوەی گوللەیەک بتەقێنن خۆیان تەسلیم کرد. ئەوە یەکێک لە شکۆمەندترین سەرکەوتنەکانی مێژوویە، کە بێ خوێن‌ڕشتن کۆتایی هات.

چەند مانگ دواتر سوپای ناپلیۆن بەرەو ڕۆژهەڵات ڕۆیشت تاکوو کاری ڕووسەکان و پاش ماوەی ئوتریشییەکان کۆتایی پێ بێنێ و سەرکەوتنی خۆی لە ئوسترلیتز بگەیەنێتە لووتکە. لەهەمانکاتدا مەک بە هۆی ڕۆڵی گرنگی لەو شکستە سەرشۆڕانەیەدا، کە لەیەکێک لە بەندیخانەکانی ئوتریش بە دوو ساڵ زیندانی مەحکوم کرابوو، سەرکۆنەی خۆی دەکرد کە سوپای ناپلیۆن چۆن لە چ شوێنێکی نادیارەوە لە ڕۆژهەڵات دەرکەوتبوو وا بە ئاسانی ناوبراوی قوت دابوو. ئەو گەلالەیەی کە بیری لێ دەکردەوە هیچ عەیبی نیە، چۆن و چی ڕووی دا تا ئەو ڕادەیە کەلێنی تێ کەوتبوو؟ تەنانەت هێندیک کەس دەیانگوت ناوبراو تا سنووری شێتی بەرەو پێش چووە. مەک بە درێژای ژیانی شتێکی لەو شێوەیە نەدیبوو و ڕۆژەکانی ئاخری ژیانی هەوڵی دەدا کە لە ستراتیژی ناپلیۆن سەر دەرێنێ.[١]

---

١. ئەو ڕاستییەی کە بە درێژایی مێژوو ئەو سوپایەی زۆرترین سەرکەوتنی بەدەست هێناوە کە قشوونی خۆی وەک کەسانی ئوتوماتیکی وێنا نەکردووە، هەوڵیان نەداوە کە هەموو شتێک لە سەرەوە کۆنترۆڵ بکەن و ڕێگەیان بە فەرماندەکانی خوارەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**لێکدانەوە**

مێژوونووسان نابێ بە سەختی لەبارەی ژێنڕاڵ مەک دادوەری بکەن، چونکە قشوونەکانی فەڕانسەوی کە ناوبراو لە پاییزی ساڵی ١٨٠٥ ڕووبەڕویان بووەوە، پێشاندەر و دەرخەری یەکێک لە گەورەترین شۆڕشەکان و ئاڵوگۆڕ لە مێژووی نیزامی‌دا بوون. بۆ ماوەی هەزاران ساڵ شەڕەکان بە شێوەیەکی هاوشێوە و وەک یەک بەڕێوە دەچوون: فەرماندە سوپایەکی یەکدەست و گەورەی بۆ شەڕ لە دژی نەیارەکەی بە هەمان ژمارەی هێز ڕێنوێنی دەکرد. ئەو هیچکات سوپای خۆی بە واحیدی چووکە دابەش نەدەکرد چونکە بە پێچەوانەی ئوسوولی نیزامی چڕبوونەوەی هێزەکان بوو. زیاتر لەوە دوورخستنەوە و جیاکردنەوەی هێزەکان لە یەکتر چاوەدێری سەخت‌تر دەکرد و فەرماندە کۆنترۆڵی خۆی بەسەر سەربازەکان و میدانی شەڕ لەدەست دەدا.

ناپلیۆن بەجارێک تەواوی ئەو بنەما و ئوسولانەی تێک دا. لەساڵەکانی ئاشتی‌دا، ١٨٠٠ تا ١٨٠٥ نیزامی‌یانی فەڕانسەوی سەرلەنوێ سازماندا و هێزەجۆراوجۆرەکانی لە لای یەک کۆکردەوە تاکوو بە وتەی خۆی "سوپای گەورە" دروست بکا. ناوبراو ئەو سوپایەی بە چەندین لەشکر دابەش کرد کە هەریەکەیان پێکهاتبوو لە هێزی پیادە، هێزی سوار، هێزی تۆپخانە و هێزی تایبەتی خۆیان هەبوو. هەرکامیان ژێنراڵێک ڕێنوێنی دەکردن و زۆر جار ئەو ژێنڕاڵە ئەفسەریکی لاو بوو کە هێز و تواناکانی خۆی لە لەشکرکێشییەکانی پێشتر سەلماندبوو. هەر لەشکرێک پازدە تا سی هەزار سەربازی لەخۆیدا کۆ دەکردەوە و لە ڕاستی‌دا سوپایەکی مینیاتۆڕی بوو کە ناپلیۆنی مینیاتۆری فەرماندەهی دەکرد.

کلیلی ئەو شێوەکارە، جووڵە پێکردنی خێرایی ئەو لەشکرانە بوو. ناپلیۆن مەئمورییەتی بە ژێنڕاڵەکان دەدا و پاشان ئەوانی ئازاد دەکرد کە کارەکانیان بە دروستی ئەنجام بدەن. بەمجۆرە کاتێکی کەم بۆ گوازتنەوەی بڕیارات بە فیڕۆ دەچوو و بە بێ هیچ گومانێک لەشکری چووکە کەرەستەی کەمتری پێویست بوو و دەیانتوانی بە سورعەتی زیاتر پێشڕەوی بکەن. ناپلیۆن لەبری ئەوەی سوپایەکی گەورە و جیاواز بە هێڵێکی ڕاست‌دا بجووڵێنێ، هێزەکانی خۆی بە شێوەی بەش بەش کۆ دەکردەوە، ئەم وێنایە(ئولگو) بۆ دوژمن پشێوی و پێش‌بینی‌نەکراو بوو.

ئەوە هەمان دیوەزمەیە بوو کە ناپلیۆن لە مانگی سپتامبر [خەرمانان] ١٨٠٥ لە گیان ئورووپا بەردا و بەسەر ئورووپادا ئازادی کرد. لە کاتێکدا چەند لەشکرێکی ڕەوانەی باکووری ئیتالیا کردبوو تاکوو لە بەرامبە هێرشی گەلاڵەڕێژی ئوتریش دەسەلاتی خۆیان نیشان بدەن، حەوت لەشکر بە ڕیزبەندییەکی

---

خۆیان داوە کە ئازادی کردەوەیان هەبێ ئەوە کارێکە کە سەلمێندراوە ڕێبەران و ترییۆنە سەربازییەکانی ڕۆم، مارشاڵەکانی ناپلیۆن، فەرماندەکانی سوپای مۆڵتکە و سەربازە زریانەکانی لودێندۆرف هەموویان نموونەی یەک دەستەن، و هەریەکەیان لە قۆناغی گەشەسەندنی تێکنۆلۆژی خۆیاندا، کارەکانیان بە سەرکەوتوویی ئەنجام داوە. فەلسەفەی شەڕی پاتێن ئەوە بوو: "هەرگیز بە خەڵک مەڵێن چۆن کارێک بکەن، پێیان بڵێ چی بکەن و با بە ئیبتکاری خۆیان خافڵگیرت بکەن." پاتن: نابغەای در جنگ، کارلو دسته ١٩٩٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەربڵاو بەرەو ڕۆژهەڵات چوونە نێو ئاڵمانەوە و هێزێکی زۆری پشتیوان لە سوارنیزام بەرەو لای دارستانی ڕەش ڕۆیشتبوون تا ڕێگای مەک بەرەو باکوور بگرن و ئاسانتر لەداوی بخەن. (ناپلیۆن لە دروونناسی سادەی مەک تێگەیشتبوو کە چۆن بوونی پشێوی و بێنەزمی ئیفلیجی دەکا) لە هەمان کاتدا کە ئەشتوتگارت تەوەری سەرەکی شەڕ بوو، حەوت لەشکر ئاراستەی خۆیان بەرەو باشوور و بەرەو دانوب گۆڕی و تەواوی ڕێگاکانی هەڵاتنی مەک بەسترا. یەکێک لە ژێنڕاڵەکانی سوپا کە بیستبووی ڕێگای باکووری ڕۆژهەڵات خاڵی لاوازە، چاوەڕێی ئەوەی نەکرد ناپلیۆن بڕیار بدا بەڵکوو زۆر بە سادەیی سورعەتی لەشکری خۆی زیاد کرد و ئەو لاوازییەی داپۆشی. مەک بۆ هەر لایەک دەڕۆیشت لەگەڵ هێزێکی گەورە ڕووبەڕوو دەبووەوە لەڕاستیدا بازنەیەکی چووکەیان بۆ هێشتەوە تاکوو سوپای فەڕانسە بە تەواوی بگاتێ، ڕێک وەک ئەوە وابوو گەلەگورگێک چوار دەوری کەروێشکێک بگرن.[١]

**لەبیرت بێ:** داهاتوو سەر بەو گرووپانەیە کە چالاک، خێرا و ناهێڵکاری دەجووڵێنەوە. لەوانەیە مەیلی سروشتی تۆ وەک ڕێبەرێک ئەوە بێ کە گرووپەکە کۆنترۆڵ و هەرکات پێویست بوو هەموو شتێکی هەماهەنگ بکەن. بەڵام ئەو ڕوانگەیە ئێوە بە ڕابردوو و بەو لەشکرانەی کە لەمێژوودا خاو دەجووڵانەوە دەبەستێتەوە، ڕەنگە بەڕواڵەت کەمێک ئاژاوە و بێنەزمی وزەت لێ کەم بکاتەوە بەڵام بە ناناوەندخوازی یا چڕکردنەوەی سوپای خۆت و دابەشکردنی بە گرووپی چووکە، ئەوەی لە جووڵە و حەرەکەتی توند لەدەستت دابوو هەمووی بەدەست دێنیەوە. حەرەکەت و جووڵە گەورەترین هێزی مومکینە. چونکە جووڵەکردن ڕێگات پێدەدا هەم هێزەکەت بڵاو بکەیەوە و هەم تەرکیزت لەسەری هەبێ و بە جێگەی ئەوە لە هێڵی ڕاستەوخۆی دووپاتەکراو جووڵە بکەن لە وێناکان (ئولگو) پەیڕەوی بکەن. ئەم وێنایانە، دوژمن سەرلێشێواو و ئیفلیج دەکا. بە لەشکری جیاواز مەئموورییەتی ڕوون و دیاریکراویان پێ بسپێرە کە لەگەڵ ئامانجی ستراتیژی بگونجێن و پاشان ئازادیان بکە چۆن بۆیان مومکین دەبێ ئەرکەکەیان جێبەجێ بکەن. تیمی چووکەتر خێراتر، داهێنەرتر و گونجاوترن، و ئەفسەران و سەربازەکانیان زیاتر تووشی شەڕ دەبن و ئەنگێزەی زیاتریان دەبێ. لە کۆتاییدا "گەڕاڵ بوون" واتە ئەو شتەی وەستانی نیە، هێزێکی زیاترت پێ دەبەخشێ و کۆنترۆڵکردنی زیاتر بە دیاری بۆ دێنێ.

ناپلیۆن بناپارت دەڵێ: *"بۆ ژیان لێک جیا بنەوە، بۆ شەڕ یەکگرتوو بن."*

---

١. "ئاگاممنون" زەردەخەیەکی هات و بەرەو پێش ڕۆی، چووە لای دوو کاپیتانەکەی کە هەردووکیان ناویان" ئاژاکس" بوو، ئاگاممنون بە بینینی ئەوان خوشحاڵ بوو و گوتی: "ئاژاکس! بە هەردوکتان دەڵێم فەرماندە ئازاکانی من! بڕیارات بە ئێوە دەدەم و تەواوی کارەکان بە ئێوە دەسپێرم. ئەوە ئێوەن کە دەبێ هێزەکانتان سەرسەختانە و متمانە بە خۆتان بەرەو لای دوژمن ڕێنوێنی و کۆنترۆڵ بکەن، سوێند بە زئوسی باوکم، بە ئەتینا و ئەپۆلۆ سوێند دەخۆم کە ئەگەر تەواوی پیاوانی من دڵی ئێوە و وەک ئێوە بوێر و ئازا بوایەن، پادشای شاری "پەریام" زۆر زووتر سەری کڕنۆشی لەبەرامبەر ئێمەدا دادەنواند. ئەو بەدیل بگرن و تاج و تەختی بخەنە ژێر پێتان." ایلیاد هومر، قرن نهم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی**

جیهان پڕە لە کەسانێک کە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن و قودرەت بەدوای فۆرمولێکی ڕەمزاوی دا دەگەڕێن. ئەوانە نایانهەوێ بۆ خۆیان بیر بکەنەوە، دەیانهەوێ دەسنووسێکی (نوسخە) سێحراویان دەوێ تا پەیڕەوی و لاسای بکەنەوە و لە پێناو ویستی خۆیاندا باوەڕیان بە بیرۆکەی ستراتیژیست هەیە. لە مێشکی ئەوانەدا ستراتیژی زنجیرە هەنگاوێکە کە دەبێ بەرەو ئامانج هەڵێنیەوە. ئەوانە دەیانهەوێ ئەو هەنگاوانە لەلایەن کەسێکی شارەزا یان بنیاتێکەوە بەوان بسپێردرێ. ئەوانە کە باوەڕیان بە هێزی تەقلیدکردن و لاساییکردنەوە هەیە دەیانهەوێ بە وردی بزانن کە فلان کەسی سەرکەوتوو پێشتر چی کردووە. هەر بۆیەش مانۆڕەکانیان لە ژیاندا وەک بیر کردنەوەکانیان مکانیکی دەبێ.

بۆ ئەوەی خۆتان لەو کەسانە جیا بکەنەوە دەبێ لە تێگەیشتنی هەڵە خۆتان ڕزگار بکەن. جێبەجێکردنی ستراتیژی هەنگاو بە هەنگاو بەرنامەیەکی بیرتیژانە نیە، بەڵکوو جێگرتن لە هەلومەرجێکە کە بژاردەی زیاترت سەبارەت بە دوژمن پێ دەبەخشێ. ستراتیژی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لەبری ئەوەی پابەند بە بژاردەی ئەلف وەک تەنیا ڕێگای چارەسەری بن دەتوانی بژاردەکانی ئەلف، ب و پ، لەبەرچاو بگرن. بەوە دەڵێن قووڵایی ستراتیژی بیرکرنەوە و بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی فورمولە کراوە.

سون تێزۆ ئەو ئیدەیەی بە شێوازێکی تەواو جیاواز ئاشکرا کرد. ناوبراو دەڵێ ئەوەی ئێوە لە ستراتیژیدا شوێنی دەکەون، "شیە[1]"یە. واتە شوێنی هیزێکی کۆکراو (بالقوه)، وەک تەختەبەردێک کە ڕەنگە هەر ئێستا لە چرکەیەکدا بخزێتە خوارەوە، یان هێزی کەوانێک کە لە کاتی کێشان دایە. لەوانەیە تەختەبەرد و سەری تیرەکە بۆ هەر لایەک بڕوا. ئەوەی گرنگە ئەوە نییە کە پەیڕەوی لە هەنگاوە پێشوەختەی دیاریکراو بکەن، بەڵکوو ئەوەیە کە خۆت بخەیتە دۆخی "شیە" و بژاردەکان بۆ خۆت دیاری بکەی.

ڕەنگە ناپلیۆن ئاگاداری چەمکی "شیە" سون تێزۆ نەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە گەورەترین تێگەیشتنی مێژوویی لەو چەمکە هەبێ. کاتێک ناوبراو حەوت لەشکری خۆی بەڕواڵەتی شێواو بەدرێژایی ڕاین دامەزراند و هێزە یارمەتیدەرەکانی لە دارستانی ڕەشدا جێگیر کردبوو ئەوە حاڵەتی "شیە" بوو. مەک ڕووی لەهەر جێگایەک دەکرد و هەر کارێکی کە ئەنجامی دەدا ئوتریش مەحکووم بە شکست بوو. ناپلیۆن بژاردەی زۆری لە بەردەست دابوو، لەکاتێکدا مەک تەنیا چەند بژاردەی لەبەر دەست دابوو کە هەمووشیان خراپ بوون.[2]

---

١. shih، مەوقعییەتی کە سوپایەک هیچ ڕۆڵێکی تایبەتی نیە، بەڵام لە هەموو بژاردەکان و مەوقعییەتی جوغرافیایی لایەنی بەرامبەر ئاگاداری هەیە، و.

٢. هەر لەم قۆناغەی خۆنیشاندان و هەڵسەنگاندنی پێش شەڕ بوو کە یەکێک لە چەمکە نیزامییە بنەڕەتییەکانی "شارنهۆرس" و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناپلیۆن هەمیشە دەسنووسی (نوسخە) "شیە" خۆی هەبوو و لە شەڕی ساڵی ١٨٠٥ کامڵی کردبوو. ناوبراو بە پێکهاتە و سازماندەهی هەستیار بوو، سیستمی لەشکری دروست کرد بۆ ئەوەی نەرمی و خۆڕێکخستن و سازگاری بخاتە نێو هەریەک لە ئێسکلێت و کۆڵەکەکانی نێو سوپاکەیەوە. وانەکە سادەیە: ڕێکخستنی توند و تەرکیزکراو ئێوە بە ستراتیژیی هێڵیی دەبەستێتەوە. سوپای چالاک و دابەشکراو بژاردەی زۆرتان بۆ گەیشتن بە"شیە" پێ دەبەخشێ. پێکهاتە بۆ خۆی ستراتیژییە. دەتوانین بڵێین گرنگترین بژاردە ئەو ستراتیژییە کە ئەنجامی دەدەی. ئەگەر گرووپێک لەژێر چاوەدێری تۆدایە تاوتوێی پێکهاتەکەی بکە و بە پێی ئامانجی خۆتان بیگۆڕن، هەروەها وزەی داهێنەرانەی خۆتان لە نێو ڕێکخستنەکەدا بچێنە، چالاکی و تەوش‌وتراو بوون وەک ئامانجی خۆتان دیاری بکەن. بەم کارە تۆ نەک تەنیا شوێن‌پێی ناپلیۆن، بەڵکوو گەورەترین ماشێنی شەڕ لە سەردەمی مۆدێرن، سوپای پڕۆس و پاشان ئاڵمان کەوتووی.

ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی ناپلیۆن لەساڵی ١٨٠٦ لەشەڕی یەنا سوپای پڕۆسی بە سەختی شکست دا، ڕێبەرانی دەستیان بە پشکنین و پێداچوونەوەی شکستی خۆیان کرد. ئەوان زانیان کە پێوەندی قووڵی خۆیان لەگەڵ ڕابردوو پاراستووە و دەستیان لە ڕابردوو بەرنەداوە و شێوەی ئەنجامدانی کارەکانیان زۆر سەرسەختانە بووە. لەناکاو بیرۆکەی چاکسازی نیزامی بەتایبەت کارل فون کلاوزویتس بە جیددی وەرگیرا و دەسەڵاتیان پێدرا. ئەو کەسانە بڕیاریاندا کارگەلێک ئەنجام بدرێ کە لە مێژوودا بێ‌وێنە بوو، ئەوان سەرکەوتنی خۆیان بە دیزاینکردنی پێکهاتەیەکی نیزامی باڵا دەستەبەر کرد.

---

"گنایزناو" یەکی گرت، و بوو بە دوکتورینێکی ڕوون و پێناسەکراو کە بە شێوەیەک هەموو ئەفسەرانی سوپا لێی تێبگەن. ئەوە چەمکی مەئمووریيەتی تاکتیکی بوو. "مۆڵتکە" خۆی ئەم دێڕانەی خوارەوەی بۆ فەرماندە باڵاکان لە دەستنووسی نوێ‌دا ئاماژەی پێکردوە: بارودۆخ و مەوقعییەتی دڵخواز هەرگیز بەدەست نایە ئەگەر فەرماندەکان چاوەڕێی دەستوور بن گەورەترین فەرماندە و لاوترین سەرباز دەبێ هەمیشە ئاگاداری ئەو ڕاستییە بن، کە کەمتەرخەمی و پاسیڤ و ناچالاکی خراپترە لە هەوڵی دووبارەبوونەوەی تەنانەت لە هەڵوێستی هەڵەدا. هیچ شتێک لە چەمکی تاکتیکەکانی مەئمورییەت هەماهەنگ‌تر نەبوو، کە نەیتوانی ڕوانگەی ستادی سوپای ئاڵمان و سوپای ئاڵمانی نەگۆڕی. بەرپرسایەتی هەریەک لەئەفسەرانی ئاڵمانی و ئەفسەرەکانی دیکە ئەوە بوو بێ ئەوەیکە چاوەڕوانی بڕیار بن لەسەر بنەمای مەوقعییەت و شناختی خۆیان دەست بەکار بن. مانای ئەوەیە کە ئەفسەر نابێ چاوەڕوانی بڕیار بن بە پێی پێویست کاری خۆی جێبەجی بکەن. مانایەکی دیکەی ئەوەیە کە ئەگەر بڕیارێکی داوە کە لەگەڵ دۆخەکەدا ناگونجێ، ئەوە مانای ئەوەیە کە بە پێچەوانەی بڕیار مامەڵەی کردووە. بۆ ئەوەیکە بۆ هەموویان ڕوون بێتەوە کردەوەی پێچەوانەی دەستوورات بە نافەرمانی و نەبوونی دیسیپلین ئەژمار ناکرێ. فەرماندەکانی ئاڵمان بە پێی عادەت یەکێک لە داستانەکانی مولتکەیان دەگێڕایەوە. ئەو داستانە لەدەورانێک دابوو کە سەردانی شاهزادە فرێدریکی چارلێزی کردبوو، شاهزادە لەسەر هەڵەیەکی تاکتیکی ڕەخنەی لە سەر گوردێک گرت، سەرگورد ئەو پاساوەی هێناوە کە ناوبراو گوێڕایەڵی بڕیارات بووە. وەبیر شاهزادەی خستەوە کە ئەفسەرێکی پڕۆسی فێری کردووە کە هەر بڕیارێک لە دەسەڵاتێکی باڵاترەوە بێ بە ڕادەی بڕیاری پادشا ئێعتباری هەیە. فرێدریک دەسبەجێ وەڵامی داوە "خاوەن شکۆ تۆی کردووتە سەرگورد، چونکە پێی وابوو دەزانی کەی بڕیارات جێبەجێ بکەی." ئەم چیرۆکە سادەیە ڕێنمایی هەموو نەسلەکانی ئەفسەری ئاڵمانی کرد.
نابغەی در جنگ، ارتش آلمان و تاد ارتش ١٨٠٧- ١٩٤٥ ، کلنل، تی، ان، دوپوی. ١٩٧٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەناوەندی ئەو ئاڵوگۆڕەدا، دروستکردنی ناوەندی فەرماندەهی پێکهاتوو لە ئەفسەرانی کادر کە ئامووزشی تایبەتیان بینیوە و لەبواری ستراتیژی، تاکتیک و ڕێبەری وانەیان خوێندووە. لەوانەیە پادشایەک، سەرۆک وەزیرێک، تەنانەت ژێنراڵێک لە شەڕدا ناکارامە بن، بەڵام دەستەیەک لە ئەفسەرانی پەروەردەکراو و وشیار لە سوپادا دەتوانن زیان و کەمایسی کەسانی دیکە قەرەبوو بکەنەوە. پێکهاتەی ئەو جەستەیە سابیت و جێگیر نەبوو، هەر بەرپرسێکی نوێ دەیتوانی قەوارە و کارایی دەستە بە پێی نیاز و زەمەنی خۆی بگۆڕێ. کاربەدەستان دوای هەر ململانێ و ڕاهێنانێک کارەکانی خۆیان تاوتوێ دەکرد. بەشێکی تەواو بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە مێژووی نیزامی پێکهات. ناوەندی فەرماندەهی لە هەڵەکانی خۆی ئەزموونی وەردەگرت و دواتر بەرەو پێش دەڕۆی.

گرنگترین چاکسازی، گەشەی سیستمی فەرماندەیی مەئمورییەت‌گەرا بوو، بە زمانی ئاڵمانی دوو وشە بە مانای فەرمان بوونی هەیە. Auftrag و Befehl مەبەستی لە Befehl بڕیاریکە کە بەنووسراوە بڵاو بێتەوە و دەبێ بەبێ ملکەچی جیبەجی بکرێ، بەڵام Auftrag گشتی‌ترە. ئەو دەستوورە، بەیاننامەی تەواوی مەئمورییەتەکانە و بڕیاریکە کە دەبێ ملکەچی تەواوی بن. سیستمی فەرماندەهی مەئمورییەت‌گەرا لەسەر ناوەندی فەرماندەهی کاریگەری هەبوو. لە پێشدا فەلسەفەی شەڕەنگێزی ئاڵمان یانی خێرایی و هێرش و شتی دیکە بە ئەفسەران فێر دەکرا پاشان ڕاهێنانیان پێدەکرا بۆ فێربوونی توانای بیرکردنەوەی سەربەخۆ و بڕیاردان لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی گشتی، بەڵام لەگەڵ هەلومەرج بگونجێ. دواتر لەسەر بنەمای کردەوەیان ڕێبەری لەشکریان پێ دەسپێردرا و دوای پێدانی مەئمورییەت کارەکان بە خۆیان دەسپێرن.

ناوەندی فەرماندەهی (بە پشوویەکی کەمەوە) لە ساڵی ١٨٠٨ تا کۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم لە جێی خۆی بوو. بە درێژایی ئەو دەورانە سوپای ئاڵمان بە بەردەوامی سوپاکانی دیکەی شکست دەدا، بەتایبەتی دەتوانین سەرکەوتنی بەسەر هاوپەیمانان‌دا لە شەڕی جیهانی یەکەم‌دا بە پێچەوانەی سنووردارکردنی سەختی ئیستحکاماتی خەندەقی، ئاماژە بکەین. دەسکەوتەکانی ئەوان لە مێژووی مودێرن‌دا زۆرترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا، شەڕی بروسکەئاسای لەساڵی ١٩٤٠ لەگەڵ فەڕانسە و وڵاتانی دەوروبەری کاتێک سوپای ئاڵمان لە دەوری هێزەکانی بەرگری فەڕانسە ئاڵقەی گەمارۆی دروست کرد پێکهاتەی سوپای ئەوان بەکەڵک وەرگرتن لە سیستمی فەرماندەهی مەئموورییەت‌گەرا بژاردەی زۆر و هێزێکی زیاتری پێ بەخشین.

ئەرکانی سوپای گشتی ئاڵمان دەبێ وەک مۆدێلێکی ڕێکخراوەیی خزمەتی بە هەموو گرووپێک دەکرد کە ئامانجی جووڵە و قووڵایی ستراتیژی بوو. یەکەم: پێکهاتەی ستاد چالاک و بگۆڕ بوو، ڕێگەی بە فەرماندەکانی خۆی دەدا کە لەگەڵ نیاز و پێداویستییەکان خۆیان بگونجێنن. دووهەم: بەردەوام لە تاقیکاری و بەپێی ئەوەی فێری بوون کەموکوڕی خۆی دەستکاری دەکرد. سێهەم: پێکهاتەکەی لە تەواوی سوپادا بەردەوام زیادی دەکرد، واتە ئەفسەرانی ئەو ستادە ئەفسەرەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوارەوەیان پەروەردە دەکرد و بەو شێوەیە ئەو ڕاهێنانە بۆ خوارەوە دەگوازراوە و شۆڕ دەبووەوە و چووکەترین تیم لەگەڵ فەلسەفەی گشتی ڕادەهات، سەرەنجام لە بری ناردنی فەرمانی ڕەق‌وتەق، ستاد دەستووری مەئمووریيەتی وەردەگرت. ئەو تاکتیکە کە ئەفسەر و سەربازەکان بە شێوەیەکی داهێنەرانەتر بەشداری هەلومەرجەکە دەکا و ئەنگێزەیان پێ دەبەخشی و کاراییان بەرز بکەنەوە، لە کۆتاییدا ڕەوتی بڕیاردان خێراتر بەرەو پێش دەڕۆیشت و حەرەکەت و جووڵە تایبەتمەندییەکی دانەبڕاوی ئەم سیستمە بوو.

کلیلی سیستمی دەستووری مەئمورییەت‌گەرا، فەلسەفەی گشتی گرووپە. ئەوە دەتوانی ئەم شتە گرینگە لە بۆ ئەو ئامانجەی کە خەباتی بۆ دەکەن یان باوەڕ بە خراپەی دوژمن کە ڕووبەڕوو دەبییەوە بە دەست بێنی. هەروەها ئەو فەلسەفەیە دەتوانێ بریتی بێ لە شێوازی شەڕەنگێزی کە هەڵت بژاردووە و لەگەڵ ئەو گونجاویت هەیە، واتە بەرگری یان بە تەواوی هێرش‌کردن. پاشان لە ڕێگەی ئامووزش و ڕاهێنانی داهێنەرانە دەتوانی فەلسەفەی گشتی لە نێو سەربازەکان و هێزەکانی خۆتان بەهێز بکەن و وەک خوێن لەنێو دەمارەکانیان دا هات‌وچۆ بکا. ئێستا کاتێک لەشکرەکانی خۆتان ڕەوانەی مەئمورییەت دەکەن دەتوانن بە بڕیاراتی ئەوان باوەڕ بکەن و بزانن لە هەر شوێنێک پێویست بێ لە قودرەتی ئێوە بۆ هەماهەنگی کەڵک وەردەگرن.

ڕەنگە بتوانین بڵێین کە مەغۆلەکان بە ڕێبەرایەتی چەنگیزخان لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەدا، نزیکترین پێشەنگەکان لە سوپای ناپلیۆن بوون. چنگیزخان هەمیشە باوەڕی بە فەلسەفەی سەرتر بوونی مەغۆلەکان هەبوو، وەستای ڕوو لە گەشەیی شەڕەنگێزی بوو. هێزە دابەشکراوەکانی دەیان توانی بڵاو ببنەوە بەڵام لە وێنای ئاڵۆزدا چڕ ببنەوە. ئەو سوپایەی کە لەگەڵ هێزی مەغۆل ڕووبەڕوو دەبووەوە لە بەربڵاوی و ئاڵۆزی ئەوان سەریان سووڕ دەما و تووشی شۆک دەبوو. حەریفی نەیدەتوانی چووکترین جووڵەی دواتری ئەوان هەست پێ بکا، سەرنجڕاکێش ئەوە بوو لەگەڵ ئەو ئاڵۆزییە سەربازەکانی زۆر بە هەماهەنگیکی سەیروسەمەرە مانۆڕیان لێ دەدا، سەربازانی مەغۆل بێ ئەوەی کە دەستووریان پێ بدەن دەیان زانی چ کارێک لە چ کاتێک‌دا ئەنجام بدەن. ئەو سوپایە کە بە دەستی مەغۆلان شکستی دەخوارد تەنیا یەک پاساویان هەبوو، کە دەیانگوت شەیتان لە ڕوحی مەغۆلەکان دایە.

هەماهەنگی باوەڕپێنەکراوی مەغۆلەکان لە ڕاستیدا دەرئەنجامی ڕاهێنانی سەخت بوو. هەموو زستانێک لە کاتی ئاشتی‌دا چەنگیز عەمەلیاتێکی سێ مانگەی بە نێوی "ڕاوی گەورە" دەست پێ‌دەکرد و لەو ماوەیەدا سوپای مەغۆل بە هێڵێکی ١٢٠ کیلومیتری لە پێدەشتە فراوانەکانی ئاسیای نێوەڕاست و ئەو شوێنەی کە ئێستا مەغۆلستانە، تێیدا بڵاو دەبوونەوە و مانۆڕیان لێ دەدا. ئاڵایەکی گەورە کە لەسەر زەوی بە سەدان کیلومیتر دوورتر لەسەر زەوی دەشەکایەوە، نیشانەی کۆتایی عەمەلیاتی ڕاوی گەورە بوو. ئەم هێڵە دەبوو هەموو ئەو ئاژەڵانە ببڕێ کە لە ڕووبەڕوویان بوون و وردە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وردە دوای ماوەیەکی کورت کۆتایی هێڵی سەربازە مەغۆلەکان دەبووە بە بازنەیەک کە لە نێوەڕاستی‌دا ئاژەڵەکان گەمارۆ درابوون، ئەو کارە لە ڕێگای مانۆڕی ئاڵۆز و دژوار هەماهەنگ جێبەجێ دەبوو. هەرچەندی ئەو بازنەیە تەسکتر دەبووەوە ئاژەڵی زیاتر دەکوژرا و مەترسیدارترین‌یان بەتایبەتی پڵینگەکان لە ساتەکانی کۆتایی ڕزگاریان دەبوو. عەمەلیاتی ڕاوی گەورە تیشکی خستە سەر توانای مەغۆلەکان بۆ پەیوەندییەکانی ڕێگای دوور لە ڕێگەی نیشانە و هاوئاهەنگی وردی جووڵەکان چڕ دەبووەوە و ئەوانیان فێر دەکرد لە بارودۆخی جیاواز دا چ کارێک بکەن و چاوەڕوانی بڕیارات نەبن. لەو خۆڕاهێنانەدا ئازایەتی، بوێری و نەترسی گرنگ بوو بەجۆرێک کە سەربازەکان بە تەنیا لەگەڵ پلینگ شەڕیان دەکرد. چەنگیز توانی لە ڕێگەی ڕاوکردن و جۆرێک لە یاری، فەلسەفەی خۆی لە سەربازەکانی‌دا جێگیر و بچەسپێنێ و لەنێو ئەوان‌دا یەکگرتوویی و متمانە دروست بکا و بناغەی سوپای خۆی قایم بکا.[١]

بۆ یەک‌دەست کردنی گرووپی خۆتان، ڕاهێنانێک بدۆزەوە تاکوو زانیاری قشوونی خۆتان زیاتر بکەن و متمانەتان بە یەکتر بێت. ئەوکارە دەبێتە هۆی بنیاتنانی توانای پێوەندیکردنی ناڕاستەوخۆ لە نێوانیان‌دا و پەرەپێدانی هەستی تێگەیشتنی خۆیان بۆ ئەوەی لە هەنگاوی داهاتوودا چی بکەن. لەم حاڵەتەدا، ئیتر کات بۆ ناردن و وەرگرتنی پەیام و بڕیاری بێ‌شومار یان بۆ چاوەدێریکردنی بەردەوامی سەربازەکان لە بەرەکانی شەڕدا بەفیڕۆ ناچێ. ئەگەر بتوانی ئەو ڕاهێنانانە وەک یاری لێ بکەی، هەروەک چۆن چەنگیزخان ئەو کارەی لە عەمەلیاتی ڕاوی گەورەدا کردی، ئەنجامێکی باشتر بەدەست دەێنی.

بەدرێژایی دەیە ١٩٤٠ و١٩٥٠ی زائینی، دوو ڕێکخراوی گەورەی بیسباڵ بەیەکەوە ململانێ‌یان بوو. بستون ڕێدساکس بە پشت بەستن بە تد ویلیامز و نیویۆرک یانکیز پشت بە جودی ماجیو دەبەستێ کە یەکێک لە باشترین زەربەزەنەکان بوو. خاوەنی ڕێدساکس بە ناوی تام یاکی باوەڕی وابوو یاریزانەکانی بە ناز پەروەردە بکا و فەزایەکی خۆشی بۆ دروست کردبوون و دۆستایەتی قووڵی لەگەڵیان هەبوو، لەسەر ئەو باوەڕە بوو تیمێک خوشحاڵ بێ یاری باش دەکا. هەر لەبەر ئەو هۆکارەش لە هەستان و دانیشتن‌دا یاری وەرقی لەگەڵ دەکردن و لە سەفەرەکان‌دا بۆ باشترین

١. "تام" لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا یانەی ڕێد ساکسی کڕی، لەو کاتەدا یانەی ڕێد ساکس تیپێکی ئیفلاس بوو کە تەنیا ٤٣ یاری لە وەرزی پێشوودا بردبووەوە و نزیکەی ٢٣٦٥ کڕیاری پووڵی نەغدی هەبوو. چونکە یاریزانەکانی خۆش دەویست زۆر نازیان پێدەدا و هەر بۆیە یاریزانەکانی دەیان پەرست. لە چاوپێکەوتنێکی بەناوبانگدا، بایدئور پرسیاری لە تۆمی هێنری کرد کە بۆچی یانەی ڕێد ساکس نەیتوانی لە یارییە گەورەکاندا لە یانکیز بباتەوە و پرسیاری کرد، "ئایە ئێمە بە ڕادەی پێویست باش نین؟ ئەوە لەبەر ئەوە نەبوو کە باش نەبوون، هێنری لە وەڵامدا گوتی: "خاوەنی تیپەکەتان بۆ ئێوە زۆر باشە یانەی ڕێدساکس پێویست ناکا بۆ دەرکردنی کلادیلا خۆی ماندوو بکا و بچێتە نێو یاری جیهانی چونکە بە ئاسانی هەیانە، بەڵام یانکیز ناچارە خۆی ماندوو بکا." ڕێکخراوی ڕێد ساکس ڕوانگەیەکی ئاماتۆری هەبوو و لە بەرامبەر سەختترین تیپەکاندا پاشەکشەی دەکرد. زندگی و مصیبت‌های، تد ویلیامز ادلین ١٩٩٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هۆتێلەکانی دەبردن. ناوبراو لە بڕیاراتی بەڕێوەبەران دەخاڵەتی دەکرد و هەمیشە وریا بوو باشترین شتەکان بۆ یاریزانەکانی دابین بکا بۆ ئەوەی دڵخۆش بن.

بەڵام فەلسەفەی یانکی بەتەواوی جیاواز بوو، ئەوان لەسەر سەرکەوتن و سەروەری یاسا بە هەر نرخێک پێداگرییان دەکرد. بەشەکانی ئەو ڕێکخراوەیە کاریان بە کاری یەکتر نەبوو. ئەوان بنەماکانیان دەزانی و دەیانزانی کە ئاکامی یاری گرنگە و بەڕێوەبەر بۆ خۆی بڕیاری دەدا. یاریزانانی یانکیز بەتوندی لەژێر گوشار دابوون بۆ ئەوەی خۆیان لە گەڵ چاوەڕوانییەکانی ڕێکخراوە ڕابینن کە هەمان سەرکەوتنی بێ ئەملاوئەولا بوو، لەکاتێکدا زۆر لەدۆڕان دەترسان.

یاریزانانی ڕێدساکس لەو دوو دەیەدا لە نێوان خۆیاندا شەڕ و پێکدادانیان بوو، ڕەخنەیان لەچووکترین مەسەلە دەگرت کە لە کۆتاییدا تەنیا یەک جار ئاڵای قارەمانەتییان بەرز کردەوە. یانکییەکان یەکگرتوو و هەماهەنگ بوون و سێزدە جار ئاڵا و دە کێبەرکێی جیهانییان بردەوە. ئەو وانەیە سادەیە: کەشی دۆستانەی یانەکە بە ڕوحی گرووپی و یەکگرتوویی تێکەڵ مەکەن، ناز پەروەردەکردنی سەربازەکان و چاولێکردنی هەموویان وەک یەک، پێچەوانەی بنەماکانی یاسایە و دیسپلین تێک دەدا و دەبێتە هۆی دروستبوونی فراکسیۆن و دووڕوویی و ڕیاکاری. سەرکەوتن زیاتر لە هاوڕێیەتی ڕووکەش، دۆستایەتی قووڵ و سۆزداری دروست دەکا. سەرکەوتن لە دیسیپلین، پەروەردە و ستانداردی بەرز و نایابەوە سەرچاوە دەگرێ.

لە کۆتاییدا پێویستە گرووپی خۆتان بەپێی بەهێزی و لاوازی سەربازەکانی خۆت و بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەوان سازماندەهی بکەن. بۆ ئەوەش پێویستە لەگەڵ بەشی مرۆیی قشوون هەماهەنگ بی و زۆر باش ئەوان و بارودۆخی ڕۆژگار بناسی.[١]

ژێنراڵەکانی ئەیالەتەکانی باکوور (اتحادیە) لەسەردەمی شەڕی نێوخۆیی ئەمریکا لەگەڵ سروشتی ناڕێکخراو و پشێوی سوپاکەیان شەڕیان دەکرد. زۆرێک لە سەربازەکانی باکوور بە پێچەوانەی قشونی سیستماتیک و ڕاهێنراوی ئەیالەتی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا، بەزۆر و لە دواساتدا و بە ئیجباری بۆ خزمەت وەردەگیران. ئەوان سنوورنشینی ناشارستانیەتی کەللەڕەق و سەربەخۆ بوون. ئەوانی دیکەش پشتیان بە ستراتیژێکی لە پێشدا دیاریکراو بەستبوو، بۆیەش سوپاکەیان ئاستێکی خراپی لەخۆی نیشان دا.

ژێنراڵ ویلیام تیکامسا شێرمن ڕێگا چارەسەری جیاوازی هەبوو: ناوبراو ڕێکخراوەکەی گۆڕی بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسایەتی هێزەکانی بگونجێ. ئەو سوپایەکی دێموکڕاتیکتر دروست بکا. لەسەرەتادا تەشویقی خۆبڕیاردانی ئەفسەرەکانی کرد و ڕێگەی پێدان کە بەو جۆرەی پێیان خۆشە لباس لەبەر بکەن، بۆ بەرزکردنەوەی وەرەی هاوکارەکانی یاسا و دیسپلینی دەرەوەی کەمێک ئاسانتر کردەوە.

---

١. بەرزترین ئاستی نافەرمانی و ئاژاوە بە مانای واقعی وشە، تەوازن و هاوسەنگی ئێمەیە. تی، ای، لارنس ١٨٨٥-١٩٣٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەربازانی ناوبراو وەک سنوورنشێنەکان بێنەزم و دەوارنشین بوون. بەو پێیە لە دینامیزم و ئاکتیڤی ئەوان سوودی وەرگرت و سوپاکەی لە جووڵە و دینامیزمی بەردەوامدا دەهێشتەوە و هەمیشە لە دوژمنەکانی زووتر دەست بەکار دەبوو. سوپای شێرمن لە نێو سوپای یەکێتی یان ئەیالەتەکانی باکووردا لە هەمووی تۆقێنەرتر بوون و زۆرترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

ئێوەش وەک شێرمن شەڕ لەگەڵ تایبەتمەندی سەربازەکان مەکەن، بەڵکوو ئەو تایبەتمەندیانە باشتر بکەن بۆ ئەوەی هێزی پۆتانسێلی سوپا زیاد بکەن. لەگەڵ پێکهاتەی گرووپ داهێنەرانە بجووڵێنەوە و مێشکی خۆتان لەماوەی فەرماندەهی سوپا بگۆڕ و گونجاو بهێڵنەوە.

**بیهێنە بەر چاوت:** تۆڕی جاڵجاڵۆکە. زۆربەی ئاژەڵەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هێرش دەکەن جاڵجاڵۆکە تۆڕێک دەبەستێ و لەگەڵ بارودۆخەکە خۆی دەگونجێنێ و لە نەخشێکی ئاڵۆز یان سادە پەیڕەو دەکات. کاتێک تارەکەی چنیی، کارەکە تەواو دەبێ. جاڵجاڵۆکە پێویستی بە ڕاوکردن نییە، تەنیا چاوەڕێی ئەوە دەبێ کە گەمژەیەک بکەوێتە نێو ئەم تۆڕە نەبینرا و ناسکەوە.

سون تێزۆ لە کتێبی هونەری شەڕدا دەڵێ: *"لەشکرێکی لەو جۆرە بۆ بەرژەوەندی خۆی شەڕ دەکا و بە پەرتەوازەی و دواتر بە یەکگرتنەوەی ئاڵوگۆڕ لەخۆی دا پێک دێنێ، بۆیە لە خێراییدا وەک با وایە و لە سستیدا وەک دارستان، هێرش و ئاژاوەگێڕیەکەی وەک ئاگر وایە و ئەستەمە بناسرێ، چونکە وەک تاریکی وایە و لە حەرەکەتدا وەک هەورەتریشقە وایە."*

## حاڵەتی دەگمەن

پێکهاتەی سوپای ئێوە دەبێ لەگەڵ هێزەکانی گونجاو بێ، بەو هۆیەوە یاسای لامەرکەزی و پەرشوبڵاوی ئەو دەبێ سازگار بێ، واتە هێندێک کەس باشتر وەڵامی یاسا سەختەکان دەدەنەوە و هێندێکیش وەڵامی یاسا نەرمەکان دەدەنەوە. تەنانەت ئەگەر ڕێکخراوێکی نەرمتر مودیرییەت بکەن لەوانەیە هێندێک جار ناچار بن سەختی بگرن و بە ئەفسەرانی خوارەوەتر ئازادی کەمتر بدەن. ژێنراڵە ژیرەکان زۆر سەرسەخت و نەگۆڕ نین، ئەوان سوود لەو توانایە وەردەگرن کە سوپای خۆیان بەپێی هەلومەرجی سەردەم و پێداویستییە بگۆڕەکانی، گۆڕان پێک بێنن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی حەوتەم:
# شەڕەکەت بکە بە بزووتنەوە.
# ستراتیژیی بەهێزکردنی ورە (ورە بەخشین)

نهێنی دروستکردن و هاندانی ئەفراد و پاراستنی ورە و ئەنگێزەیان ئەوەیە کە کارێک بکەن کەمتر بیر لە خۆیان بکەنەوە زیاتر بیر لە گرووپ بکەنەوە. ئەفراد سەرقاڵی ئامانج و تێکۆشانێکی دژ بە دوژمنی دزێویان بکەن و کارێک بکەن کە بۆ مانەوەی خۆیان پشت بە سەرکەوتنی سوپا ببەستن. لە گرووپێکدا کە ئەندامەکانی پەیوەندییەکی ڕاستەقینەیان لەگەڵ یەکتردا هەیە چۆنییەتی حاڵ و هەوایان لەگەڵ یەکتر وا پەرەدەستێنێ کە بە ئاسانی دەتوانی سوپایەکی بە گوڕوتین دروست بکەن. لە هێڵی پێشەوە ڕێنوێنی بکەن: ڕێگا بدەن سەربازان لە سەنگەر و بەرەکانی شەڕدا ئێوە ببینن و ڕێنوێنیی‌یان بکەن و ئاگاداری لەخۆبوردوویی و فیداکاریی ئێوە بن کە بۆ بزووتنەوە چی دەکەن. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان لێوڕێژ بن لە لاسایی‌کردنەوەی ئێوە و بتانکەنە سەرباشقەی خۆیان، کە ئەوەشیان کرد خوشحاڵی تۆی لێ دەکەوێتەوە. بە دەگمەن پاداشت و سزا بدە، بەڵام بە ئەوان مانا ببەخشە، واتە سوپای بە ورە دەتوانێ شتی سەرسووڕهێنەری دروست بکا و هەر جۆرە کەمبوونەوەی سەرچاوە مادییەکان قەرەبوو بکاتەوە.[1]

**هونەری بەڕێوەبردنی مرۆڤانە**

ئێمەی مرۆڤ لەبنەڕەتدا خۆپەرستین، یەکەم بیرکردنەوەمان لە هەر بارودۆخێک‌دا لە دەوری بەرژەوەندی خۆمان دەسوڕێتەوە: ئەو کارە چ کاریگەرێکی لەسەر من هەیە؟ چ یارمەتی‌یەک بەمن دەکا؟ لەهەمان کاتدا هەلومەرج وادەکا کە ئەم خۆپەرستییە بشارینەوە و بە شێوەیەک ڕەفتار بکەین کە پاڵنەرەکانمان مرۆڤ‌دۆستانە دەربکەون. خۆپەرستی بەهێز و توانایی ئێمە لەشاردنەوەیدا، لە پۆستی ڕێبەرایەتی‌دا کێشەتان بۆ دروست دەکا. شاید بیر بکەیەوە کەسانێک کە کار بۆ ئێوە دەکەن

---

١. تۆ ناتوانی بە سوپایەکی لەبەریەک هەڵوەشاوە، لێرە سەد کەس و لەوێ سەد کەس هیچ کارێک بکەی، ئەوەی بە سوپایەکی چوار هەزار نەفەری یەکگرتوو و یەک‌دەست شانبەشانی یەکتر ڕاوەستاوە، دەکرێ، بەڵام بەسوپایەکی چوار سەد یان پێنج سەد هەزار کەسی ناتەبا و لێك هەڵوەشاوە ناکرێ. قوانین جنگ و شجاعت، مبارک‌شا، سرزمین پارس، قرن سیزدەهم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەستێکی سۆز و دڵەکوتێیان بۆ کارەکانیان هەیە. ئەوە هەمان شتە کە ئەوان دەیڵێن و ڕەفتارەکانیان نیشانی دەدا. بەرەبەرە نیشانەکان دەبینی کە کەسانێک لەسەر بنەمای مەوقعییەتی خۆیان بۆ پێش‌خستنی بەرژەوەندییەکانیان سوود وەردەگرن. ڕۆژێک لە خەو ڕادەپەڕی و خۆتان دەبینیەوە کە سوپایەکی خۆپەرست و دووڕوو فەرماندەهی دەکەی.

لێرەدایە کە وردە وردە بیر لە ئەخلاق دەکەیەوە و شوێن‌پێی دۆزینەوەی ڕێگایەک دەکەوی بۆ پاڵنانی قشوونی خۆتان کە لە گرووپێكدا کۆیان بکەیەوە. ڕەنگە بە شێوەیەکی هونەرمەندانە هەوڵ بدەن ستایشی خەڵک بکەن و دەرفەتیان پێدەدەن کە سوود لە پاداشتەکە وەربگرن، لەو حاڵەتەدا دوای ماوەیەک بەو ئاکامە دەگەن کە کارێکی باش نەبووە و یارمەتی بە خۆپەرستی ئەوانە کردووە. ڕەنگە پەنا بۆ یاسا و سزای قورس ببەن کە لەو حاڵەتەدا پەرەت بە هەستی بێزاریی ئەوان داوە. ڕەنگە هەوڵ بدەن لە ڕێگای گوتار و وتەی ورەبەخش بۆ چالاکیی گرووپی هانیان بدەن بەڵام ئەمڕۆ مرۆڤەکان ڕەشبینن و هەموو شتێک لە دەلاقەی ڕەفتارەکانی ئێوەوە دەبینن.

کێشەکە ئەوە نییە کە تۆ چی دەکەی، کێشەکە ئەوەیە کاتێک کێشەکان بەرچاو و زەق دەبنەوە بیر لە ئەخلاق دەکەیەوە، ئەوە هەڵەی ئێوەیە. لە ئیلهام‌بەخشی ڕێبەرانی نیزامی مێژوو فێربە: باش ئەوەیە کە سەربازان بە یەکەوە کار بکەن و بە ئەخلاق بن. باش ئەوەیە هەست بکەن کە بەشێك لە گرووپێکن کە بۆ بزووتنەوەیەکی ڕەوا و شایستە خەبات دەکەن. هەر ئەو هەڵوێستە ئەوان لە بیرکردنەوە بۆ بەرژەوەندییەکانیان دووریان دەخاتەوە. ئەوان نیاز بە هەستێکی ئینسانی دەکەن کە گەورەتر لە واقعییەت بوونی خۆیانە، هەرچی زیاتر بیر لە گرووپ بکەنەوە کەمتر بیر لەخۆیان دەکەنەوە ئیتر بەرژەوەندی هاوبەش لە ئەولەوییەتی هەموو کارەکانیان‌دا دەبێ. لە سوپایەکی لەو جۆرەدا ئەفراد دەزانن کە ڕەفتاری خۆپەرستانە لەلایەن هاوڕێکانیانەوە وا دەکا کە وەک کەسێکی بێ نرخ چاویان لێ دەکەن بۆیە هەوڵ دەدەن خۆیان لەگەڵ شێوەی وشیاریی گرووپ‌دا بگونجێنن.

ئەخلاق بابەتێکی گشتگیرە و بڵاو دبێتەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسیکی دیکە دەگوازرێتەوە: کەسانێک لە گرووپێکی چالاک و یەکگرتوو جێگیر بکەن تاکوو بۆ خۆیان ڕوحیەی گرووپی بەدەست بێنن، ئەگەر ئەوان نارازی بن و یان بەرەو خۆپەرستی بگەڕێنەوە بەسانایی تەریک دەکەونەوە. ئێوە دەبێ لەو ساتەدا دینامیزم بنیات بنێین کە ڕێبەری گرووپ بەدەستەوە دەگرن. ئەم بابەتە تەنیا لە سەرەوە، واتە لە هەڵوێست و پێگەی تۆوە دەست دەکەوێ.

توانایی "گەڕاڵی دەستە[١]" واتە توانایی نەوەستان و لەگەڕ بوونی گرووپ، پاراستنی ڕوحیەی گشتی بە زمانی نیزامی پێی دەڵێن "مودیرییەتی ئینسانی". واتە بەڕێوەبەری مرۆڤ. ئەسکەندەری گەورە، هانیباڵ و ناپلیۆن هەموویان ئوستادی ئەو هونەرە بوون. بۆ کەسانی نیزامی‌کار کارامەیی ئەوتۆ زۆر

١. پویایی گروە، و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرنگ و پێوسیتە، چونکە لە شەڕدا دەتوانێ خاڵی بڕیار و بابەتی ژیان و مردن یەکلا بکاتەوە. جارێک لەشەڕدا ناپلیۆن گوتی: "گرنگی ئەخلاق لە شەڕدا بەراورد بە حاڵەتێکی ئاسایی سێ بە یەکە." مەبەستی ئەوە بوو کە ڕوحیەی سوپا بۆ ئاکامی شەڕ زۆر گرنگە. چونکە بە بوونی سەربازانی بە گوڕوتین و بەهەست دەتوانی سپایەکی سێ بەرابەر لە خۆت زیاتر تێک بشکێنی.

بۆ دروستکردنی گەڕاڵی باڵا و پێشگیری لە کێشەی ڕووخێنەری ئەخلاقی لەو هەشت هەنگاوە کەڵک وەرگرە. باشترین کار ئەوەیە لەو هەشت هەنگاوە پەیڕەوی بکە، کە لە نووسین و ئەزموونی مامۆستاکانی ئەو هونەرە کۆ کراونەتەوە، چونکە هیچیان لەوەی دیکە کەم ئەهمییەتتر نیە.

**هەنگاوی یەکەم: هێزەکانتان لە دەوری ئامانجێک یان بزووتنەوەیەک یەک بخەن و وایان لێ بکە بۆ یەک بیروباوەر شەڕ بکەن.** ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر مرۆڤەکان تینووی یەک شتن، ئەوان لەنێو خۆیاندا هەست بە بۆشایی دەکەن و حەز دەکەن ئەو بۆشاییە بە ماددە هۆشبەرەکان یان لە باشترین حاڵەتدا حەزی مانایی پڕ بکەنەوە. بەڵام دەتوانن ئەو هەستەیان بە بزووتنەوەیەکەوە گرێ بدەن و قەناعەتیان پێ بێنن کە کارێکی بەسوود و بە بایەخ دەکەن. ئەوان لەدەوری بڕوایەک (جووڵانەوەیەک) کۆ بکەیەوە و هێزێکی بە گوڕوتین دروست بکەن.[١]

ئەو بزووتنەوەیە دەتوانێ هەرچی بێت کە پێتان خۆشە، بەڵام باسی شتێکی پێشکەوتنخوازانە بکە: ئەم بزووتنەوە دەبێ لەگەڵ سەردەم سازگار بێ و ڕێبازەکەی بەرەو داهاتوو، بۆ ئەوەی چارەنووسی بێجگە لە سەرکەوتن هیچی دیکە نەبێ. ئەگەر پێویست بوو دەتوانی ڕوحێکی مەعنەوی پێ ببەخشن، باشترین کار ئەوەیە کە دوژمن بۆ گرووپی خۆتان بەرجەستە بکەیەوە کە لێی بێزار بن. دژمنێکی ئەوتۆ دەتوانن یارمەتی بە گرووپەکەتان بکەن بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی دژبەرانە لەگەڵ ئەو دژەبایەخە بگرێتەبەر و بۆ بڕوایەکی هاوبەش شەڕ بکا. ئەوەندە بەسە ئەو هەنگاوە پشتگوێ بخەن، کۆمەڵێک خەڵکی دووڕووتان لێ کۆ دەبێتەوە هێندێک کار دەکەن کە لە بەکرێگیراوێک دەوەشێتەوە.

**هەنگاوی دووهەم: زگیان بە تێروتەسەلی ڕاگرە.** ئەگەر پێداویستییە ماددییەکانی هێزەکانتان دابین نەکرێ ناتوانن بە ئەنگێزەوە بمێننەوە، ئەگەر هەست بکەن لە هێندێک دۆخدا سوکایەتییان پێکراوە خۆپەرستی زاتی ئەوانە ئاشکرا دەبێ و بەرەبەرە لە گرووپ مەودا دەگرن. کەڵک لە بزافێکی

١. هەمیشە چرکەساتێک هەیە کە پێگەی فەرماندەیەک لە پشت مێزەکەی لەلایەن سەربازەکانییەوە پشتیوانی لێ ناکرێ، بەڵام ئەگەر بچێتە گۆڕەپانی شەڕەوە، قشوونەکەی خۆشیان دەوێ. شتێکی بێمانایە ئەگەر بڵێین پاراستنی ڕوحیەی هێزەکان تەنیا کاری فەرماندەی مەیدانی شەڕە. هەرچەندی پلەی ئێوە بەرزتر بێ، کاریگەری حوزووری ئێوە لەهێڵی پێشەوەی بەرە زیاتر دەبێ. هێزەکانتان لەگەڵ فەرماندەی کە لە ژوورەوە لە پشت میز دانیشتووە و بڕیار دەدا، پێوەندییەکی باشیان نابێ، ئەوەی ئەوان دەیانهەوێ لەگەل فەرماندەکەی پێوەندییەکی فیزیکییان هەبێ. لە ساتەکانی ترس و دڵەڕاوکێ، ماندوویەتی، پەرش‌وبڵاوی، یان کاتێک کە شتێکی نائاسایی ڕوودەدا، حوزووری فەرماندە لە نێو سەربازەکاندا هێز و وره بەوان دەدا بە تایبەت ئەگەر بتوانێ لە خۆی ئەفسانەیەک دروست بکا. ارتشبد اروین رومل، ١٨٩١-١٩٤٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرهەست یان مانایی وەربگرن تاکوو ئەوانە لە دەوری یەکتر کۆ بکەنەوە، بە واتای دیکە بۆ ئەوەی لە دەوری یەک کۆیان کەنەوە، کەڵک لە جووڵەی زەینی یا مەعنەوی وەربگرن. بەڵام سەرنج و ئاوڕ لە پێویستیەکانی مادی ئەوانە بدەنەوە. بڕیار وا نیە کە پووڵێکی لەڕادە بەدەر بێ چاو و ڕوو و دەمسووریان بکەن، کارێک بکە کە هەست بکەن وەک دایک و باوکیان چاوەدێریان دەکەی و بە ئاسانی بیریان لێ دەکەنەوە. ئەو بابەتە زۆر گرنگە، پێڕاگەیشتن بە پێداویستی جەستەی ئەوان دەبێتە هۆی ئەوە کاتێک پێویستت بە هاوڕێیەتی ئەوانە هەیە ئاسانتر بە ئامانجی خۆتان بگەن.

**هەنگاوی سێهەم: لە هێڵی پێشەوە فەرماندەهی بکە.** ئەو شوروشەوقەی کە خەڵکی بۆ لای ئامانج یا بزووتنەوە ڕادەکێشی ئێستا زۆر کەم بۆتەوە. هۆکارێک کە ئەو شەوقە کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆکاری ناڕەزاییەتی، ئەو هەستە هەیە کە ڕێبەران ئەو شتەیی کە بانگەشەی بۆ دەکەن خۆیان بە کردەوە ئەنجامی نادەن. هەر لەسەرەتاوە دەبێ سەربازەکان لە هێڵی پێشەوە چاویان بە تۆ بکەوێ کە لە مەترسی و فیداکارییەکان لە گەڵیان دەژی و دۆزی گرووپ وەک ئەندامەکانی دیکە بە گرنگ دەزانێ، لەبری ئەوەی لە پشتەوە ڕاوەستن پاڵیان پێوە بنێن کارێک بکەن کە شانبەشانی ئێوە هەنگاو بنێن.

**هەنگاوی چوارەم: هێزی "چی" ئەوان چڕ بکەوە.** چینیەکان باوڕیان بە وزەیەک هەیە کە پێی دەڵێن "چی". هەموو گرووپەکان لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە هێندێک ئاستی "چی"یان هەیە، فەرماندەیەک دەبێ ئەو وزەیە بە باشی بناسێ و بزانێ چۆنی کار پێ دەکا.

بێهودەیی و بێ کەڵکبوون کاریگەری ترسناک و وێرانکەری لەسەر "چی" هەیە، کاتێک سەربازەکان کارێک ناکەن ورەیان لە ئاستێکی نەزم دا دەبێ و گومان نفووزیان تێدەکا و بەرژەوەندی خۆپەرستی زیاتر دەدۆزنەوە. بەهەمان شێوە گرتنەبەری هەڵوێستی بەرگری هەمیشە چاوەڕوانی و کاردانەوە بەرامبەر جووڵەکانی دوژمن هێزی "چی" کەم دەکاتەوە. کەوابوو سەربازانی خۆت سەرگەرم و دەرگیر بکەن بەشێوەیەک کە بۆ یەک ئامانج کار بکەن و لە چوارچێوەی ئەو مەسیرەدا حەرەکەت بکەن کارێک نەکەن کە چاوەڕوانی هێرشی دواتر بن. ئەوان بۆ پێشڕەوی دڵگەرم بکەن و هانیان بدەن تاکوو شوروشەوقیان زۆرتر بێ و تینووی شەڕ بن، ڕەفتارە شەڕاشۆیی هێزی "چی" زیاد دەکەن و "چی" پڕە لە هێزی نهێنی.

**هەنگاوی پێنجەم: پێ بەپێی سۆزدارییەکانی (عواطف) ئەوان کار دەست پێ‌بکە.** باشترین ڕێگا بۆ ئەنگێزەدان بە تاکەکان لە ڕێگەی ئیستدلالەوە نییە، بەڵکوو لە ڕێگەی سۆزدارییەوەیە. ئینسانەکان ماهییەتی بەرگریکارانەیان هەیە و ئەگەر بە هەڵوێستێکی نەساز لەگەڵ سۆزی ئەوان دەست پێ بکەن بە دڵنیاییەوە وەک کەسێکی بێزارکەر چاوت لێ دەکەن و لێت دوور دەکەونەوە، ڕاکێشانی سۆزداری پێویستی بە بەستێن هەیە: بە وەگەر خستنی شانۆ، سەرقاڵکردنی ئەوان، گێڕانەوەی حەقایەت یان چیرۆک، حاڵەتی بەرگریکارانەیان ئارام بکەنەوە و وەک گرووپێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەیوەندییەکی لەپسان‌نەهاتوو لە نێوانیاندا دروست بکەن. ئێستا ئەوان کۆنترۆڵی کەمتریان بەسەر هەیەجاناتی خۆیان دا هەیە و ئێوە بە ئاسانی دەتوانن لێیان نزیک ببنەوە و لە پێکەنینەوە بیانگوازیەوە بۆ خەفەت یان بێزاری. مامۆستایانی بەڕێوەبردنی مرۆڤانە، هەستی نواندن و نمایش‌کردنیان هەیە و دەزانن چۆن و کەی لە ڕووی سۆزدارییەوە دڵی سەربازەکانیان بجووڵێنن.

**هەنگاوی شەشەم: توندتیژی و نەرمونیانی پێکەوە تێکەڵ بکە.** کلیلی بەڕێوەبردنی مرۆڤانە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان تەمبێ و تەشویق دایە. تەشویق و پاداشتی زۆر سەربازەکانت بە هەموو ئاراستەیەکدا بار دێنن و سەرکۆنە و سزای زۆریش ئەخلاق و ئەنگێزەی ئەوان وێران دەکا. پێویستە هاوسەنگی بە وردی و دروست لەبەرچاو بگرن. بە کەمی لە گەلیان مێهرەبان و ڕووی خۆشیان نێشان بدەن، لە بەر ئەوەی کاتێک باسی دڵسۆزی، باشی یان بەخشەندەیان دەکەن لایان جوان و مانادار بێت. تووڕەیی و سزادانیش بەهەمان ڕادە دەبێ بە کەمی کاری پێ بکەن. پێویستە کارێک بکەن کە جیددی‌بوونی ئێوە ببێتە نیشانەی ستانداردی بەرز، کە کەم سەرباز دەتوانێ بەدەستی بێنێ. با هەڵس‌وکەوتی ئێوە جۆرێک بێ کە سەربازەکانت بۆ دڵخۆش‌کردنی ئێوە کێبڕکێ بکەن و هەوڵ بدەن توندوتیژی کەمتر و ڕووخۆشی زیاتری ئێوە شاهید بن.

**هەنگاوی حەوتەم: بۆ دەستە ئوستوورە دروست بکەن.** ئەو سوپایانەی بەرزترین ستانداردی ئەخلاقییان هەیە کە لە شەڕەکاندا ئەزموونی خۆیان تاقیکردووەتەوە. سەربازانی کە شانبەشانی یەکتر شەڕی زۆریان کردووە، جۆرێک ئەفسانەی گرووپی‌یان لەسەر بنەمای سەرکەوتنەکانی ڕابردوو بنیات ناوە. بۆ ئەو کەسانە هاوهەنگاوی لەگەڵ نەریت و ناوبانگی دەستە جێگای شانازییە و هەرکەسێک لەڕاستای گرنگی ئەو مەسەلەیە نەجووڵێتەوە شەرمەزار دەبێ. بۆ دروستکردنی ئەو ئەفسانەیە ئێوە دەبێ قشوونی خۆتان لە زۆر شەڕدا کۆنترۆڵ و ڕێنوێنی بکەن. ژیرانەتر ئەوەیە کە لە شەڕی سادەوە دەست پێ بکەن بۆ ئەوەی سەرکەوتن مسۆگەرە و تاکوو بڕوا بەخۆ و پشت ئەستوور بە خۆیان بڕواتە سەر و زیاد بکات. سەرکەوتن بە تەنیایی یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی گرووپ بە یەکگرتوویی لەلای یەک بمیننەوە. هێما و دروشم دروست بکەن کە لەگەڵ ئوستوورەدا بگونجێ. بە دڵنیاییەوە هێزەکانتان زۆر حەز دەکەن دڵسۆزی خۆیان بەم هێمایانە نیشان بدەن.

**هەنگاوی هەشتەم: لەگەڵ کەسانێک کە هەمیشە بۆڵە و گلەیی دەکەن، ئازایانە بەرخوردیان پێ بکە.** بەو کەسانەی کە هەمیشە پێچەوانە دەجووڵێنەوە یان سازی مخالیفەت لێ دەدەن، ڕێگەیان پێ‌مەدە مانۆڕ لێدەن بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر هەموو سوپا دانەنێن و ناڕەزایی و تەنانەت ترس و دڵەڕاوکێ لە سەرانسەری سوپادا بڵاو نەکەنەوە، پێویستە دەسبەجێ دووریان بخەیەوە و لەشەڕیان خەڵاس بن. گرووپی ئێوە دەبێ کەسانی بە ئەنگێزە و بە ڕێسا لەخۆ بگرێ. بەتایبەتی سەربازانیك کە شوروشەوقی زۆریان هەیە لە گرووپی تایبەت سازمان بدرێن، ئەو کەسانە بناسن و لە نییەتی باشی ئەوان دڵنیا بن. پاشان وەک نموونە بە سەربازەکانی دیکەیان بناسێنن، ئەوکەسانە بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێوەی سروشتی تەواوی چەوتی و نەرینی ڕوانینی ئەوان لە نێو دەبەن.

گزنفۆن دەڵێ: "*دەزانی؟ من باوەڕم وایە ژمارە یان هێزی سوپا نییە کە لە شەڕدا سەرکەوتن بەدی دێنێ، بەڵکوو هەر سوپایەک کە بە ورەیەکی بەهێزتر دەچێتە شەڕەوە، دوژمن تێک دەشکێنێ و سەرکەوتن مسۆگەر دەکا.*"

**نموونەی مێژوویی**

١- لە سەرەتای ساڵانی ١٦٣٠دا، ئولیوێر کرامۆڵ جووتیارێکی بێدەنگ و ئارامی خەڵکی گوندی کمبریج شایەری ئینگلستان بوو کە تووشی خەمۆکی ببوو و بەردەوام بیری لە مردن دەکردەوە. کرامۆڵ زۆر نیگەران و بە سەرلێشێواوی ڕووی لە ئایینی پیورتین کرد، کە کۆمەڵێک پرۆتستانی ئینگلیزی چاکسازیخواز بوون. لەناکاو ژیانی وەرچەرخانێکی نوێی بەخۆیەوە بینی. هەستی کرد کە پێوەندی باش و ڕاستەوخۆی لەگەڵ خودا هەیە. ئەو باوەڕی بە حیکمەتی خوایی هێنا و پێی وابوو کە هەر ڕووداوێک هۆکارێکی هەیە و هەمووی بەپێی ویستی خودا ڕوو دەدا، ئەو کە پێشتر بەردەوام دوودڵ و نائومێد بوو و ئێستا دەروونی لێوانلێو لە ئامانج و گەورەیی ببوو و تەنانەت خۆی لە نێو هەڵبژێردراوانی خودا دەزانی.

سەرەنجام کرامۆڵ بوو بە ئەندامی پاڕلمان و بەرگریکارێکی دەنگی خەڵکی ئاسایی لە ناڕەزایەتییەکانیان دژی ئەریستۆکرات. بەڵام هەر لەوکاتەدا هەستی دەکرد کە لەلایەن خودا بۆ شتێکی گەورەتر لە سیاسەت دیاری کراوە ئەو ڕوانگەی بزووتنەوەیەکی گەورەی لەژێر سەر دابوو. لە ساڵی ١٦٤٢ پارلمان لە ململانێیەکی تاڵدا لەگەڵ چارڵی یەکەم، دەنگی دا کە بودجەی پادشا کەم بێتەوە تاکوو بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی شاه ڕازی بێ. کاتێک چارڵز ڕەتی کردەوە، شەڕی نێوخۆیی لە نێوان لایەنگرانی پادشا (کاوالیرەکان)، کە قژیان درێژ بوو، و پارلمانخواز (ڕاندهێدەکان)، کە قژیان کورت کردبوو، سەری هەڵدا. لایەنگرانی پێداگری پاڕلمان پیوریتینەکانی وەک کرامۆڵ بوون کە شەڕی دژی پاشایان بە ئەرکی سەرشان دەزانی.

هەرچەندە کرامۆڵ هیچ پێشینەی نیزامی نەبوو بەڵام بەپەلە قشوونێکی لە ٦٠٠ سوار لە کمبریج شایەر زێدی خۆی پێکهێنا. ئامانجی ئەو ئەوە بوو کە سیستمێکی فراوانتریان پێ ببەخشێ و بە شەڕکردن لەژێر فەرماندەی جیاوازدا ئەزموونی نیزامی بەدەست بێنێ و هێواش هێواش بەهای خۆی بسەلمێنێ. ئەو متمانەی بە سەرکەوتنی نیهایی هەبوو چونکە بۆچوونەکانی خۆی بە لەشکاننەهاتوو دەزانی و هەرچی بێ خودا لایەنگری ئەوە و هەموو سەربازەکانی باوەڕیان بە گەلی ئینگلستانی ئیماندار هەیە.

کرامۆڵ سەرەڕای نەبوونی ئەزموونی شەڕ، بەڵام بۆچوونی نیزامی بوو، جۆرێکی شەڕی نوێی بە خەیاڵدا دەهات کە سوارەکانی خێراتر و سەریع‌تر فەرماندەیی بکا بۆیە لە چەند مانگی یەکەمی شەڕدا سەلماندی کە فەرماندیەکی ئازا و کاریگەری لێ دروست بووە. لەو سۆنگەیەوە هێزی زیاتری بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرماندەهی پێدرا، بەڵام زۆری نەخایاند بۆی دەرکەوت کە ورە و ڕوحیەی شەڕەنگێزی هێزەکانی زیاتر لەواقعییەت لەبەرچاو گرتووە: هێندێ جار هێرشی سوارەنیزامییەکانی دەبینی کە گوێ بە بڕیاراتی ئەو نادەن، تەنیا بە پێوشوێنی تاڵانکردنی ئۆردوگای دوژمنەوە بوون. هێندێ جاریش دەبوو دوو ئەوەندەی کات و وزەی خۆی بە فیڕۆ بدا بۆ ئەوەی هێزەکانی لە لای یەک ڕابگرێ و کۆبکاتەوە. سوپاکەی تەنیا بە دەستووری پێشڕەوی سەرنجیان دەدا و لە پاشەکشەکان‌دا زۆر بە بێ نەزمی دەجووڵانەوە. هێزەکانی کرامۆڵ کە خۆیان وەک شەڕکەرێکی خاچپەرستی نیشان دەدا لە شەڕدا وەک بەکرێگیراو و چەتە وابوون و تەنیا بیریان لە پوڵ و سەرەخەری دەکردەوە. کرامۆڵ بەو ئاکامە گەیشت کە ئەم جۆرە کەسانە بێ کەڵکن.

لە ساڵی ١٦٤٣ کاتێک کرامۆڵ وەک سەرهەنگ بە فەرماندەهی لەشکری خۆی دیاری کرا، بڕیاریدا لە ڕابردوودا دوور بکەویتەوە و ئاڵوگۆڕ لەسپادا پێک بێنێ، بۆیە لەمەودوا ئەو کەسانەی وەک سەرباز قەبووڵ دەکرد کە تایبەتمەندی تایبەتی‌یان هەبوو، کەسانێک کە وەک خۆی دید و بۆچوونی ئایینی‌یان هەبوو و ئامانجیان ڕزگاری بوو. ناوبراو لە پێشدا خۆبەخشەکانی دیاری دەکرد و ڕادەی باوەڕی ئەوانی تاقیکردەوە. کرامۆڵ لە نەریت دورکەوتەوە و خەڵکی ئاسایی، نەک ئەشراف و بەگزادە، وەک ئەفسەر هەڵبژارد. کرامۆڵ لەو بارەیەوە بۆ هاوڕێیەکی ئاوا دەنووسێ: "من کاپیتانێکی سادەی گوندیم هەیە کە دەزانێ بۆ چی شەڕ دەکا و ئەوەی دەیزانێ خۆشی دەوێ، نەک وەک تۆ کەسێکت بە کاپیتان دیاری کردوە کە خسلەتی "جنتلمنی" پیاو ماقووڵی هەیە و عورزەی هیچ کارێکی دیکەی نیە." کرامۆڵ داوای لە هێزەکانی کرد کە وەرگێڕاوەکانی مزامیر واتە زبور بخوێننەوە و پێکەوە دوعا بکەن. ناوبراو لە تەمرین و ڕاهێنانە سەختەکانی نیزامی‌دا فێری ڕێکی(نەزم)ی دەکردن کە کردارەکانیان وەک بەشێك لە پلانی خودا دابنێن و زۆر بە توندی لە ژێر چاوەدێری گرتبوون. هەر لەوکاتەدا وشیار بوو کە بەباشی نان بخۆن، جل‌وبەرگی باشیان لەبەردا بێ و حقووقی مانگانەیان لەکاتی خۆی‌دا پێ بدرێ.

ئێستا کاتێک سپای کرامۆڵ بۆ شەڕ دەچوو، دەکرا حیسابیان بۆ بکرێ. ئەوان ڕێک‌وپێک حەرەکەتیان دەکرد و بە دەنگی بەرز مەزامیریان دەخوێندەوە. کاتێک لە هێزەکانی شا نزیک دەبوونەوە دەوراندەور و یەک‌دەست ڕیز دەبوون و تەنانەت لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا ئەم ڕیزەیان دەپاراست. لە پێشڕەوی و پاشەکشەدا هەر وا بوون. لە بەر ئەوەی باوەڕیان وا بوو کە خودایان لەگەڵە لەمردن نەدەترسان و ڕاستەوخۆ دەچوونە شەڕەوە و یەک هەنگاو نەدەکشانەوە. کرامۆڵ کە باڵادەستی و کارامەیی بە سەر لەشکری سوارنیزام دا هەبوو، بە نەرمی بێ هاوتا مانۆڕی پێ لێدەدان، لەشکری ئەو یەک بە دوای یەکدا سەرکەوتنی بەدەست و مسۆگەر دەکرد.

لە ساڵی ١٦٤٥ کرامۆڵ وەک سوپاسالار لە سپای نوێ دامەزرا، هەمان ساڵ لەشەڕی نازبی لەشکری بە نەزم و یەکگرتووی ناوبراو ڕۆڵێکی گرنگی لەسەرکەوتنی ڕاندهێدهکان گێڕا. چەند ڕۆژ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دواتر لەشکری کرامۆڵ هێزەکانی پادشایان لە شەڕی لنگ‌پورت تێک شکاند و بە شێوەیەکی کاریگەر کۆتایی بە قۆناغی یەکەمی شەڕی نێوخۆیی هێنا.

**لێکدانەوە**

کرامۆڵ بەگشتی بە یەکێک لە فەرمانده گەورەکانی مێژوو دادەنرێ، شتی شیاوی سەرنج ئەوەیە کە سەربازی و فەرماندەهی و نیزامی‌گەری لە ماوەی کار و کردەوەدا فێر بوو. لە قۆناغی دووهەمی شەڕی نێوخۆدا بوو بە فەرماندەی گشتی هێزی ڕاندهێدەکان و دوای شکستی چارڵێزی یەکەم و لە سێدارەدانی، کرامۆڵ بوو بە لۆرد و پارێزەری ئینگلستان. هەرچەندە کرامۆڵ لە سەردەمی خۆیدا لەگەڵ هەڵوێستە نوێیەکانی شەڕسازی خێرا پێشەنگ بوو، بەڵام ستراتیژیستێکی درەوشاوە و تاکتیک‌زانێکی مەیدانی نەبوو. سەرکەوتنی ئەو لە ئەخلاق و نەزم و دیسیپلینی سوارەکانیدا، و نهێنی هەموو ئەوانە لە تایبەتمەندی هێزەکانی دابوو کە ئەوانەی هەڵی بژاردبوون باوەڕیان بە بزووتنەوەی کرامۆڵ بوو. ئەم جۆرە پیاوانە بە شانازییەوە کاریگەری و یاساکانی ئەویان قەبووڵ دەکرد و لەگەڵ هەر سەرکەوتنێکی نوێدا زیاتر دەروەست و یەکگرتووتر دەبوون. ئەو دەیتوانی هەر داوایەکی لێیان بوایە ئەوان بە گیان و دڵ قەبووڵیان دەکرد.

کەواتە ئێوش لە سەرووی هەموو شتێکەوە گرنگی بە کاربەدەستانی خۆتان بدەن و سەرنج زیاتر بەو کەسانەی کە بۆ خزمەت‌کردنی بڕواکەی خۆتان داتمەزراندوون، بدەن. زۆرێک خۆیان وا نیشان دەدەن کە هاوبەشی بیروباوڕی ئێوەن، بەڵام لە یەکەمین شەڕدا دەردەکەوێ کە تەواوی ئەو شتانەی ئەوان لێی دەگەڕان ڕێوشوێنیک بۆ بەدەستهێنانی پووڵ و جۆرێک کاسبی‌کردن بووە، سەربازانی وەک ئەوانە بەکرێگیراون و ئێوە بە هیچ شوێنێک ناگەیەنن. ئیماندارانی ڕاستەقینەیان هەر ئەوانەن کە تۆ دەتهەوێ، لەبیرت نەچێت سیڤی و پێشینە و شارەزایی باش زۆر کەمتر گرنگە لە کەسایەتی و توانای تاک لە لەخۆبوردوویی و گیان‌فیدایی‌دا. ئەوانەی کەسایەتی بەرزیان هەیە فەرماندەیی تۆ قەبووڵ دەکەن و بە ئاسانی ئەخلاق و نەزم و دیسپلین دەپارێزن. ئەوە زۆر باشە تیمێک لەو کەسانە لە چەقی سپادا سازمان بدەن تاکوو پەیام و ڕەساڵەتی ئێوە بە کەسانی دیکە بگوازنەوە و باقی سوپا هەماهەنگ دەکەن. لە جیهانی ماددی و دنیایی ئەمڕۆکەدا تاکوو ئەو جێگایەی دەکرێ و ئیمکانی هەیە شەڕ بەرەو ئەزموونی مەزهەبی و ڕووداوێکی سەرتر لە کات و شوێنی هەنووکەیی ببەستنەوە.

٢- لە ساڵی ١٩٣١دا لیندۆن جانسۆن تەمەن بیست‌وسێ ساڵان ئەو پیشەی پێ پێشنیار کرا کە خەونی پێیەوە دەبینی. دەفتەرداری ڕیچارد کۆلبێرگ، کە تازە لە ناوچەی چواردەهەمی ئەیالەتی تێگزاس وەک ئەندام هەڵبژێردرا بوو. جانسۆن لەو کاتەدا مامۆستایەکی باس‌وروژێن بوو کە لە دواناوەندی وانەی دەگوتەوە، بەڵام لە چەندین هەڵمەتی سیاسیدا فەعالییەتی کردبوو و بە ڕوونی کەسێکی لاو و بزۆز بوو. قوتابیانی لە قوتابخانەی دواناوەندی سام‌هیوستن لە هیوستنی تێگزاس پێیان وابوو مامۆستاکەیان لەبیریان دەکا بەڵام بە پێچەوانەی ئەوان، دوو لە باشترین لایەنگرانی،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"ئێل، ئی. جونز و جین لاتیمێر" نەک هەر پێوەندییان هەبوو، بەڵکوو بە بەردەوامی لە واشنگتۆنەوە نامەی بۆ دەنووسین. دوای شەش مانگ ئەو دوو قوتابییە لە ناکاو خافڵگیر کران، جانسۆن داوای لە جۆنز و لاتیمێر کرد سەردانی واشنگتۆن بکەن بۆ ئەوەی وەک یاریدەدەر کاری لەگەڵ بکەن. ئەو پیشەیەی جانسۆن بۆی دیاری کردبوون کەم وینە بوو، چونکە ئەوان گەنج و تازە پێ دەگەیشتن و توانایی هەر کارێکیان هەبوو ئەگەرچی لەوکارە زۆریش شارەزا نەبوون بەڵام شانیان وەبەر دەدا.

ئەوانە مووچەیەکی زۆریان وەر نەدەگرت و دواتر ڕوون بووەوە کە جانسۆن نیازی بوو ئەو دوو کەسە سەرتر لە سنووری ئینسانی خۆیان کار بکەن، ئەوانە زۆر جار ١٨ تەنانەت ٢٤ سەعاتە کاریان دەکرد و ناچار بوون بێ ڕاوەستان وەڵامی ئیمەیلەکان بدەنەوە. لاتیمێر دواتر دەنووسێ: "ڕەیس یان مامۆستا! یا باشترە بڵێم نابغەی کارکێشان لە کەسانی دەوروبەری بوو، ناوبراو ڕووی لەمن دەکرد و دەیگوت "لاتیمێر، چاو لێ بکە جونز لە تۆ خێراتر کار دەکا"، و منیش ناچار خێراتر کارم دەکرد، پاشان ڕووی لە جونز دەکرد دەیگوت "جونز چاو لێ بکە لاتیمێر خەریکە بە تۆ دەگاتەوە" جونز خێرای خۆی زیاتر دەکرد ئێمە هەردووکمان چەندین سەعات وەک بای شەماڵ و بە بێ ڕاوەستان تایپمان دەکرد.

جونز زۆر جار بڕیارەکانی باش وەرنەدەگرت، بەڵام لەهەمانکاتدا کاری زیاتر و سەختتری بۆ جانسۆن دەکرد. وادیار بوو بەڕێوەبەری ناوبراو ئامانجی گەورەتری لەژێر سەر دابێ ئەوەیش ئەوەیە، کە جانسۆن بگاتە لووتکەی دەسەڵات کە لە نێوچاوانی دەبینرا، جونز بە تامەزرۆییەوە کاری بۆ دەکرد. جانسۆن دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو هەموو شتێک بکاتە بزووتنەوەیەک و تەنانەت بچووکترین باس بکاتە شەڕێکی گەورە بۆ هەڵبژێراوانی کۆلێبرگ و جۆنز خۆی وەک بەشێک لەم شەڕە مێژووییە دەبینی.

گرنگترین هۆکاری خواستی جۆنز و لاتیمێر بۆ کارکردن لەگەڵ جانسۆن ئەوە بوو کە ناوبراو بۆخۆی لەوانی زیاتر کار دەکرد. کاتێک جۆنز کاتژمێر پێنجی بەیانی بە پەلە دەچووە نێو ژووری کارەکەی، لامپەکان هێشتا نەکووژابوونەوە و بێ ئەوەی کە سەرنج بە تێپەڕینی کات بدا درێژەی بە کار دەدا. ناوبراو ئاخرین کەس بوو شوێنی کاری بەجێدەهێشت و هەرگیز داوای لە کارمەندەکانی نەدەکرد کە کارێک بکەن بەڵام خۆی نەیکا یان دەستی دەستییان پێ بکا. وزەی ئەو نەبڕاوە و بێ سنوور و تەنانەت ئەو ئێنرژییەی بۆ هاوڕێکانی دەگوازتەوە. ئێستا چۆن کارمەندێك دەیتوانی بە کەمکاری کەسێکی پڕ وزەی وەک جانسۆن بێهیوا و ناڕەحەتی بکا؟

جانسۆن بەردەوام داوی کاری لە کاربەدەستانی دەکرد و زۆر جاریش بێبەزییانە ئیرادی لێ دەگرتن، بەڵام هێندێک جاریش بە جۆرێک تەعریف و دەسخۆشانەی پێدەگوتن کە ئەوان باوەڕیان نەدەکرد کە جانسۆن سەرنج بە شتێکی ئاوا چووکە بدا لە کاتێکی ئاوادا ئەو دوو گەنجە دەسبەجێ هەموو تاڵیی و لاساری جانسۆنیان لەبیر و هەستیان دەکرد کە لە پێناوی جانسۆندا تا کێوی قاف

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بچن.[١]

لەڕاستی‌دا جانسۆن سەرکەوتنەکانی یەک لەدوای یەک بڕی و لەسەرەتادا دا لە دەفتەری کۆلبێرگ دەستی پێکرد و دواتر سەرنجی سەرکۆمار فرانکلێن ڕۆزوێڵتی بۆلای خۆی ڕاکێشا و ڕوزویلت جانسۆنی وەک بەرپرسی شووڕای میللی لاوانی تێگزاس دیاری کرد، جانسۆن تیمێکی گەورەتری بە سەرپەرستی ئەو دوو گەنجە هاوکارەکانی دروست کرد و هەروەها چەندین لایەنگری دیکەی بە هۆی ئەوە کاری پێ دابوون بۆ خۆی پەیدا کرد. نەوەستانی جانسۆن کە سەرەتای گەشەکردنی بە جونز و لاتیمێری دەستی پێکرد، ئێستا خۆی زۆر گەورەتر نیشان دەدا. هاوکارەکانی بۆ ڕازی بوونی ناوبراو ململانێیەکی توندیان دەکرد و هەوڵیان دەدا جانسۆن خوشحاڵ بکەن و شتە باشەکانی ئەویان هەبێ و گرنگی مانەوە لەگەڵ جانسۆن و بزووتنەوەکەی لە خۆیان دا بەهێز بکەن.

لەساڵی ١٩٣٧ کاتێک نوێنەری تێگزاس جیمز بوکانێن فەوتی کرد کورسی ئەیالەتی ناوبراو چۆڵ بوو، جانسۆن مخالیفی زۆری هەبوو هەر لەوکاتەدا لەو ئەیالەتەدا باش نەناسرابوو، بۆیە بڕیاریدا تەواوی توانا و نفووزی خۆی وەگەر بخا. جێگرە لێهاتوویەکانی بژاردەی ئەو بۆ تەبلیغات ڕوویان لە تێگزاس کرد، ئەوانە ئەرکی جۆربەجۆر لە شۆفیری‌ڕا بگرە تا تەبلیغات‌کردن، لە قسەکردن، کۆبوونەوە، کەباب دروست‌کردن، پەرستاری و سەرگەرمی بە ئەستۆیان گرت. ئەوان هەموو ئەو شتانەی کەمپینی هەڵبژاردن کە پێویستی بوو، ئامادەیان کرد. لایەنگرانی جانسۆن لەماوەی شەش حەوتوو کێبەرکێدا درێژایی و پانایی ئەیالەتی تێگزاسیان خستە ژێر چاوەدێری خۆیان و لەهەر هەنگاوێکدا نیشانەی جانسۆنی دیاری دەدا. ناوبراو بە جۆرێک خەباتی دەکرد کە گۆیا لە نێوان ژیان و مردن دایە. جانسۆن و لایەنگرانی تەواوی دەنگەکانی چوار قوژبنەی ئەیالەتیان مسۆگەر کرد و بە پشت‌بەستن بە هەوڵ و سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی، لە ئاکام‌دا جانسۆن لە یەکێک لە بێ‌وێنەترین ئاڵۆزییەکانی مێژووی ئەمریکادا هەڵبژاردنەکەی بردەوە. پیشەکانی دواتری ئەو، سەرەتا سەناتۆر و پاشانیش وەک هەڤدەهەمین سەرکۆماری ئەمریکا، لەسەر بنەمای هەوڵ و سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی بوو. سوپایەک لە پەیرەوانی ماندوونەناس و فیداکار لە ماوەی پێنج ساڵ‌دا کۆی کردبوونەوە بناغە و ژێربنای سەرکەوتنەکانی جانسۆن بوون.

١. گورگەکان و سەگەکان لە شەڕدا. ڕۆژێک دوژمنایەتی لە نێوان سەگ و گورگ پەرەی ئەستاند و گەیشتە لووتکە سەگەکان یونانییەکیان وەک ژێنراڵی خۆیان هەڵبژارد، بەڵام ئەو بە پێچەوانەی هەڕەشەی توندوتیژی گورگەکان بۆ بەشداریکردن لەشەڕ هیچ پەلەی نەکرد و لەسەرەخۆ بوو. ژێنراڵ ڕووی لەسەگەکان کرد و گوتی: "ئێوە با بزانن بۆچی شەڕ دوا دەخەم؟ بە هۆکاری ئەوە، کە دەبێ هەموو ڕەهەندەکانی لێک بدەیەوە. لە لایەکەوە گورگەکان هەموویان لە یەک نەژاد و هاوڕەنگ لەمەیدان دان، بەڵام هێزەکانی ئێمە خسلەتی جۆراوجۆریان هەیە و هەریەکەیان شانازی بە وڵاتەکەی خۆیانەوە دەکەن و تەنانەت ڕەنگیان وەک یەک ناچێ. هێندێک ڕەش، هێندێک سپی و دەستەیەکیش ڕەنگی خۆڵەمێشی هەیە. چۆن دەتوانم بە پشت‌بەستن بەو هێزە پەرتەوازە و ناسازگارە لە نێو گۆڕەپانی شەڕدا ئامادە بم؟" لە هەموو سوپاکاندا ئەوە یەکگرتوویی ئیرادە و ئامانجە کە سەرکەوتن بەسەر دوژمندا مومکین و مسۆگەر دەکا. افسانەها، ازوپ، قرن ششم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### لێکدانەوە

لیندۆن جانسۆن گەنجێکی زۆر خۆپەرست بوو، ناوبراو نە پووڵ و نە پێوەندی هەبوو، بەڵام شتێکی پڕبایەخی بوو، تێگەیشتن لە دەروونناسی مرۆڤ بۆ ئەوەی بە سەر جیهاندا زاڵ بێ پێویستە بناغەیەکی دەسەڵاتی بەدەستەوە بێ و ئەو بناغەیەی دەسەڵات شتێک بێجگە لە هێزێکی ئینسانی یان سوپایەکی دڵسۆزی شوێنکەوتوو هیچی دیکە نییە. ئەو سوپایە کە لەهێزی ئینسانی پێک هاتووە لە پووڵیش بەنرخترە، چونکە ئەو کەسانە کارێکت بۆ دەکەن کە ناتوانی بە پووڵ بەدەستی بێنی یان بیکڕی، واتە پووڵ لە ئاستی ئەوانەدا بایەخی نیە.

دروستکردنی سوپایەکی بەمجۆرە زۆر سەختە. خەڵک لە گەل یەک دژایەتیان هەیە و حاڵەتی بەرگری بەخۆیانەوە دەگرن، ئەگەر سەختیان لێ بگری ئەوە دوور دەکەونەوە، ئەگەر ڕەفتارت لەگەڵیان باش بێ شل دەبن و بەهەر ئاراستەیەکدا بڵێی کاریان پێ دەکەن. جانسۆن کەرەستەی بۆ هەڵاتنی خەڵک لەو تەڵەیە دۆزییەوە. ئەویش ئەوەیە کارێکی کرد کە ئەوانەی هاوکاری بوون پێوشوێنی تەئید و دەستخۆشانەی ئەو کەوتبوون. بەو هۆکارە لە پێشەوەی هێڵی بەرە دابوو، واتە لە کارمەندەکانی زیاتر کاری دەکرد. هاوکارەکانی کاتێک ئەو ماندوبوونەی ئەویان دەبینی ئەگەر نەیان دەتوانی لەگەڵی هەماهەنگ بن نارەحەت و سارد دەبوونەوە. ڕێبەرێک کە ئەوەندە کار دەکا ڕوحیەی کێبەڕکێ لە کارمەندەکانیدا دەجووڵێنێ، کە هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی خۆیان لە هاوڕێکانی تیمەکە بە نرختر بزانن. جانسۆن پێشانی دان کە خۆی چەندە کات دادەنێ و ئەو هەوڵ و لەخۆبوردوویە نیشان دەدا بەو جۆرە ڕێزی هاوڕێیانی بەدەست دێنا. کاتێک ئەو ڕێزەی بەدەست دێنا هەر چەندە ڕەخنەی توندیش بوایە دەبووە پاڵنەرێکی ورەبەخش، بە جۆرێک لایەنگرانی هەستیان دەکرد کە ئەویان بێ هیوا کردووە، دەبێ زیاتر هەوڵ بدەن. لەهەمانکاتدا کردەوەی سادەی مێهرەبانی و لەناکاو وای دەکرد تاڵیی و لۆمەی جانسۆن لە دڵیاندا نەمێنێ.[1]

**لەبیرتان بێ:** ئەخلاق بابەتێکی گشتگیرە، لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە و بڵاو دەبێتەوە، ئێوە وەک فەرماندەیەک بنەما و بناغەی ئەخلاق دادەنێن. هەر ئەوندە بەسە داوای فیداکارییان لێ بکەن کە خۆتان لەگەڵیان هاوڕا نەبن نایکەن و لێت بێزار دەبن. ئەوندە بەسە لە گەڵیان زۆر باش بن و بۆ ئەمنییەتی ئەوان خۆتان زۆر نیگەران بکەن و لە گوڵ کاڵتریان پێ نەڵێی تاکوو دەبنە منداڵێکی نازنازی و دەست بەستراو. نموونەی کەسایەتی باشترین ڕێگایە بۆ دروستکردنی

---

١. هانیباڵ بە هۆی تێگەیشتنی قووڵی لە ناخی شەڕ، گەورەترین ژێنڕاڵی سەردەمی کۆن بوو، هەروەها ڕوحیەی سەربازەکانی خۆی و دوژمنی دەناسی و زانستی خۆی لە هەموو لایەنەکانی شەڕدا چ لە چالاکییەکانی پێش، چ لە لووتکەدا بەکاری هێنا و سوودی لێ وەردەگرت. سەربازەکانی ناوبراو لە ڕۆمییەکان باشتر نەبوون، ئەوان بە شێوەی ڕۆمییەکان تەیار نەبوون و بە ڕادەی نەفەراتیش نیوەی ئەوان بوون، بەڵام هانیباڵ هەمیشە سەرکەوتوو بوو چونکە بایەخی و ئەهمییەتی ڕوحیەی دەزانی و هێزەکانی باوەڕیان پێی بوو. لەهەموو شتێک گرنگتر هونەری فەرماندەیی لە دڵی سەربازەکانییەوە بە باشی دەزانی. کلنل چارلز آردانت دی پیک، ١٨٧٠-١٨٢١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بناغەیەکی ئەخلاقی دروست. کاتێک هێزەکانتان هێزی لەخۆبوردوویی تۆ دەبینن ڕوحی دڵخۆشی و خۆنەویستی لە ناخیان‌دا دەچێنن، ڕەخنەی بەینابەین یارمەتیان دەدا کە بۆ ڕەزامەندی ئێوە سەخت‌تر هەوڵ بدەن و خۆیان لەگەڵ پێوەرەکانی ئێوە بگونجێنن. ئەو کاتە لە بری ئەوەی پێویستت بە پاڵنان و ڕاکێشانی سوپاوە بێ خۆیان بەدوای تۆدا دێن.

٣- مانگی مەی، واتە مانگی ٥ی ساڵی ٢١٨ی پێش زایین، ژێنراڵی گەورەی کارتاژ، لە تونسی ئێستا، پلانێکی بوێرانەی دارِشت کە سوپایەک لە ئیسپانیا و گول، (فەڕانسەی ئەمڕۆ) بەکێوەکانی ئالپ‌دا تێپەڕێ و خۆی بگەیەنێتە باکووری ئیتالیا. ئامانجی ئەو حەرەکەتە شکستی لژیونەکانی ڕۆم لە خاکی خۆیان بوو هەروەها دەیهەویست بە سیاسەتی "ئیکسپانسیونیست" (پەرەپێدان و فراوانکردنی خاکی وڵات بە داگیرکردنی نیزامی) بە یەکجاری کۆتایی پێ بێنن.

کێوەکانی ئالپ لەمپەرێکی گەورە بۆ سوپای کارتاژ بوون. لەڕاستی‌دا تێپەڕینی سوپایەکی گەورە لەو کێوە بەرزانە کارێکی محاڵ بوو، بەڵام سەرەڕای بەرزی و سەختی لەمانگی دسامبر [سەرماوەز] هەمان ساڵ‌دا هانیباڵ بە کوێرەوەری و سەختییەکی زۆر خۆی گەیاندە باکووری ئیتالیا و لە ناوچەیەک ڕۆمییەکانی بە زیانێکی زۆرەوە چەک کرد و ناوچەیەکی لە لژیونەکان پاک کردەوە. لەهەرحاڵ‌دا ئەو هێرشە تێچووی گیانی زۆری بۆ هانیباڵ لێکەوتەوە. لە ١٠٢ هەزار سەربازی هانیباڵ تەنیا ٢٦ هەزار کەسی بۆ مایەوە کە ئەوانیش زۆر ماندوو، برسی بوون و بەهیلاکی شەو و ڕۆژیان لەسەریەک دادەنا و لەوە خراپتر کات‌یان بۆ پشوودان نەبوو. هەرلەوکاتەدا سوپایەکی ڕۆم لە چۆمی پوو لە باکووری ئیتالیا تێپەڕی و لێیان نزیک دەبووەوە کە تەنیا چەند کیلومیتر لە ئۆردوگای کارتاژەکان دوور بوون.

هانیباڵ ناچار بوو لە سەروبەندی یەکەم شەڕی سوپاکەی‌دا لەگەڵ لژیونە ترسناکەکانی ڕۆم‌دا سەربازە ماندووەکانی خۆی زیندوو بکاتەوە. هانیباڵ بڕیاری دا شانۆیەک ڕێک بخا. بۆ ئەو مەبەستە سوپای کۆ کردەوە، ئەسیرەکانی ڕیز کردن و پێی‌گوتن ئەگەر لە ململانێی گلادیاتوری بە نیازی کوشتنی یەکتر بە یەکەوە شەڕ بکەن، ئەوەی سەرکەوتوو بێ ئازادی دەکەین و وەک سەرباز لە سوپای کارتاژدا خزمەت دەکا. ئەسیرەکان قەبووڵیان کرد و سەربازەکانی هانیباڵ دوای چەند سەعات سەرگەرمی کاتێکی خۆشیان تێپەڕاند و هەموو برسیەتی و ماندووی موشکلاتیان لە بیر چووەوە.

کاتێک ململانێ کۆتایی هات، هانیباڵ ڕووی لە سەربازەکانی کرد و گوتی: "ئەو ململانێ‌یە زۆر سەرنجراکێش بوو، کە ئەسیرەکان بە تەواوی هێزیانەوە شەڕیان دەکرد بەشێکیش لەبەر ئەوەی لاوازترین پیاو کاتێک بزانێ دۆڕان یانی مردن، ئیرادەی لە خۆی نیشان دەدا کە سەرکەوتوو بێ. بەڵام دەلیلێکی دیکەش هەیە، کە هەوڵیان دەدا ببنە سەربازی کارتاژ، چونکە لە دیلێکی بەدبەختی ڕۆمییەوە دەبوونە سەربازێکی ئازاد کە بۆ دۆزێکی گەورە شەڕ دەکا، کە هەمان شکستی ڕۆمی قین‌لەدڵە. ئێوەی سەرباز لە هەمان موقعییەتی ئەو دیلانە دان، ئێوە لەگەڵ سوپایەکی بە هێز

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووبەڕوو دەبنەوە چەندین کیلومیتر لەماڵەوە دوورن و لە خاکی دوژمن دا دەژین و هیچ شوێنێک بۆ خۆ حەشاردان نیە لەو ڕوانگەیەوە وەک دیلەکانن، تەنیا دوو بژاردە لەبەردەستی ئێوە دایە: یان ئازادی یان دیلی. سەرکەوتن یان مردن. باشترە وەک ئەو دیلانە شەڕ بکەن تا سەرکەوتوو بن.[1]

شانۆ و وتەکانی هانیباڵ سەربازەکانی هان دا و ورەیان بەرز بووەوە، ڕۆژی دوای بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە شەڕیان کرد و ڕۆمییەکانیان شکستدا و دوابەدوای ئەوە یەکڕیزە سەرکەوتنی دیکەیان لەبەرامبەر سەربازەکانی لژیون مسۆگەر کرد.

نزیک بە دوو ساڵ دواتر هەردوو لایەن، لە ناوچەی "کانائە" سەنگەریان لەیەکتر گرتەوە پێش دەستپێکردنی شەڕ لەکاتێکدا هەردوو سوپا ڕووبەڕووی یەک وەستابوون کارتاژەکان هەستیان کرد کە هێزەکانیان بە ڕادەی هێزی بەرامبەر نیە و کەمتر دیارن و ترس بەسەریاندا زاڵ و هەموویان بێ دەنگ بوون. ئەفسەرێکی کارتاشی بەناوی "گیسگو" ڕوو بە هەموان وەستا و بە دەنگێکی لەرزۆک و سەرسوڕمانەوە ترسی خۆی لە بینینی ئەو ژمارە زۆرەی سوپای ڕۆم دەربڕی. هانیباڵ لەوەڵامی دا گوتی "گیسگو! شتێک هەیە کە تۆ سەرنجت نەداوەتێ، ئەوەیش ئەوەیە کە لەو ژمارە زۆرەی سوپای دوژمندا تەنانەت یەک کەسی وەک تو کە بتوانێ بە گیسگو بانکی بکەن بوونی نیە.[2]

گیسگو بە دەنگی بەرز پێکەنی و دواتریش بەڕیز هەموو ئەوانەی گوێیان لەو قسانە بوو پێکەنین و نیگەرانی و دڵەکوتێ لەوجوودی ئەواندا نەما. تەنیا کارتاژ گیسگۆی هەبوو. ڕۆمییەکان هیچ گیسگۆیەکیان نەبوو و تەنیا کارتاژییەکان هانیباڵیان بوو. ڕێبەری کە لە کاتی ئاوا گرینگدا دەیتوانی گاڵتە بکات و باوەڕ بەخۆبوون لە نێو سەربازەکانیدا وەگەڕ بخا، ئەوندە بەس بوو ئەو فەرماندەیە هانیباڵ بێ تاکوو هەموو شتی بۆ سەربازەکانی مسۆگەر بێ.

ڕاست لەوکاتەدا کە قشوونی هانیباڵ تووشی دڵەڕاوکێ بوو، بە یەک پیت یان دێڕێکی هانیباڵ باوەڕ بەخۆبوونیان بەدەست دێناوە. ئەو ڕۆژە لە "کانائە" یەکێک لە کەموێنەترین سەرکەوتنەکانی کارتاژ تۆمار کرا و سوپای ڕۆم تێک شکێندرا.

**لێکدانەوە**

هانیباڵ مامۆستایەکی پاڵنەر و بێ هاوتا بوو. لە کاتێکدا باقی فەرماندەکان بە وتارێکی پڕ لەسۆز

١. چوار پیاوی ئازا کە یەکتر ناناسن غیرەتی ئەوەیان نیە بۆ شێرێک هێرش بکەن. بەڵام چوار پیاوی دیکە لەوانە کەمتر ئازا، وبە باشی یەکتر دەناسن دەتوانن بە یارمەتی یەکتر و متمانە پێکردنی خۆیان بە هێزەوە هێرش بکەن. ئەوە هەمان بەرهەمی سازماندەهی سوپایەکە کە لە سەرکەوتن یان شکست دروستی دەکا. . کلنل چارلز آردانت دی پیک، ١٨٢١-١٨٧٠

٢. یۆنانییەکان بەبێ هیچ ترسێک لەگەڵ "تروا یا تروجان" ڕووبەڕوو بوونەوە. ئاگامێنۆن فەرماندەی یۆنانییەکان لە نێوانیاندا دەڕۆیشت گوتی: "کورەکانی من! هاوڕێکانم! بە لێهاتوویی و ئازایی شەڕ بکەن هەمیشە هەستی شەرمەزاریتان هەبێ کە ناتوانن وەک هاوڕێکانتان شەڕبکەن، چونکە کەسێک هەستی دینداری بۆ هەڤاڵەکانی هەبێ هەرگیز ناکوژرێ، هەڵاتن لەشەڕدا گەورەیی و سەربەرزی نیە. ایلیاد، هومر، قرن نهم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕازی و قەناعەتیان بوو. هانیباڵ دەیزانی کە تەنیا پشت‌بەستن بە وشەکان ناتوانێ لایەنی ڕوحیی سەرباز لەخۆ بگرێ فەرماندەیەکی واقعی دەبێ دڵی سەربازەکانی ڕاگرێ و خوێنیان وەکوڵ بێنێ و بچێتە نێو مێشکیانەوە تا هەست بە بوونی خۆیان بکەن. هانیباڵ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەستی سەربازەکانی تێوەگلاند و ئارامی پێ بەخشین و دواتر لە کێشەکان دووری خستنەوە و پێوەندییەکی قووڵی سۆزداری لە دڵیان‌دا دروست کرد و پاشان بە چەند وشەی ڕوون و پوخت و شفاف گوڕوتینی بە هێزەکانی بەخشی.

لە کانائە گاڵتەیەکی یەک دێڕی کاریگەری لێدوان و سوخەنرانیەکی درێژی هەبوو. هانیباڵ لەبری ئەوەی هەوڵ بدا قشوونەکەی باوەڕی پێ بکا وایکرد باوەڕ بە خۆیان بێنن. تەنانەت لە کاتێکدا بە گاڵتەجاڕییەکەی "گیسگو" پێدەکەنین هەمان وشە سادەکان پەیوەندییەکی قووڵی لەنێو دڵی هەموان‌دا دروست کرد و ئیدی پێویست بە وتاری هاندەرانە نییە. هانیباڵ دەیزانی کە گۆڕانکاری ورد لە باری دەروونی سەربازەکانی‌دا دەتوانێ ئەوان لەشکست دوور بخاتەوە و لەسەرکەوتن نزیک‌یان بکاتەوە.

ئێوەش وەک هانیباڵ ناڕاستەوخۆ بە هەستەکانی ئەفراد دژکردەوەتان نیشان بدەن. کارێک بکەن کە مەوزووعێک لە ڕەواڵەت‌دا پێوەندی بە ئێوەوە نیە یان هەر شتێکی دیکە پێ بکەنن یان بۆی بگرین. چونکە هەستەکان درمییە واتە تەشەنەسێنن و گیرۆدارن دەگوازرێتەوە و ئەوان مرۆڤەکان کۆ دەکەنەوە و بە یەکەوە دەبەستنەوە، دواتر دەتوانی وەک پیانۆ لێیان بدەن و وەجووڵەیان بخەن و لە هەستێکەوە بۆ هەستێکی دیکەوە بیانگوازنەوە. ڕەنگە وتارەکانی مانایی و ئاگرینەکان ورووژێنەر بن، بەڵام دروستکردنی ئەنگێزە زۆر کاریگەرتر لە وانەیە. بە پێشکەوتنی ناڕاستەوخۆ، جوانبێژی و ڕەفتاری دڵڕفێن دەتوانی لەبری ئەوەی کاریگەرییەکی ڕووکەشت هەبێ، بچیە نێو ناخی هێزەکانتەوە.

٤- لەدەیەی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ی زایینی تیمی فوتباڵی ئەمریکا گرین بی پاکێرز لە یاریی حێرفەیی‌دا یەکێک لەتیمە سەرکەوتووەکان بوو، بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٥٠ بە خرابترین تیم ناوبانگی دەرکرد. کەس نەیزانی چ ڕووی دا؟ ئەو تیمە یاریزانی زۆر بە ئێستێعدادی وەک پاوڵ هورنێنگی هەبوو. خاوەنەکانی ئەو تیپە گرنگی زۆریان بە ڕاهێنەر و یاریزانی نوێی دەدا و ئاڵوگۆڕی زۆریان پێک دێنا، بەڵام هیچ یەک لەو بڕیارانە نەک نەیانتوانی ئاستی تیمەکە بەرز بکەنەوە بەڵکوو ڕەوتی ڕوو لە دابەزین بوو. یاریزانەکان هەرچی هەوڵی خۆیان دەدا هیچیان بۆ نەدەکرا وایان لێهاتبوو کە لە دۆڕان بێزار بوون. لەڕاستی‌دا بەو ڕادەیە خراب یاریان نەدەکرد لەزۆربەی یارییەکان‌دا لەسەرکەوتن نزیک دەبوونەوە بەڵام دەبوو چ کارێک بکەن؟[1]

---

١. لەناکاو وازی لە گرنگی‌دان بەخۆی هێنا و هیچی‌تر بیری لە چارەنووسی مەترسیداری خۆی نەکردەوە، ئیتر پیاوێکی تەنیا نەبوو بەڵکوو لە کۆمەڵێک‌دا ئەندام بوو. هەستی کرد کە بەشێکە لە سیستمێک، سوپایەک، بزووتنەوەیەک و وڵاتێک، کە قەیران هەڕەشەی لێ دەکا. کەسایەتییەکی هەمەلایەنە و گەورە بوو کە خواستێکی هاوبەشی هەبوو. هەستی دەکرد حوکمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ساڵی ١٩٥٨ تیمی پاکێرز لە ڕیزبەندیی تیمەکان لەخوارەوەی هەموان دەبینرا. بۆ وەرزی ١٩٥٩ هەوڵیان‌دا هەمان شێوازی پێشوو بەکاربێنن، واتە لە بەڕێوەبەر و ڕاهێنەرێکی نوێ کەڵک وەرگرن، بۆ ئەم کارەش وینسێن لۆمباردی‌یان هێنا. یاریزانەکان هیچ ناسیاوی باشیان لەسەری نەبوو بێجگە لەوەی دەیانزانی کە هاوکاری ڕاهێنەری تیمی نیویورک جاینتێز بوو.

کاتێک یاریزانان بۆ ناساندنی ڕاهێنەری نوێ کۆ بوونەوە چاوەڕوانی هەمان قسەی دووپاتە بوون. وەک: "ئەو ساڵ دەبی هەموو شت بگۆڕین، من زۆر توندی دەگرم، دەبێ زیاتر لە پێشوو هەوڵ بدەن." بەڵام لۆمباردی کارێکی نەکرد کە ئەوانە دڵسار بکاتەوە. ناوبراو بە زمانێکی هێمن و لێبڕاوانە ڕێسای نوێی و کۆدەکانی ڕەفتاری ڕوون کردەوە. هێندێک یاریزان شتێکی جیاوازیان لە لۆمباردی‌دا بینی ئەو زۆر متمانە بەخۆ بوو، نە هاواری دەکرد نە دەستوپێی خۆی گوم دەکرد لەحنی قسەکردنی خۆی و بەڕێوەبەر جۆرێک بوو کە وەک بڵێی تیمی "پاکێرز لە ڕەدیفی پێشەوەیە و دەبێ ئەو پێشەنگیە بپارێزێ. کەس نەیدەزانی ئایا لۆمباردی گەمژەیە یان خەیاڵ پڵاوی دەکا؟

پاشان کاتی مەشق‌کردن و ڕاهێنان هات، جیاوازی ورد لە نێوان مەشقی پێشوو ئێستا بەڕوونی دەرکەوت. ڕاهێنان لەچاو پێشوو کورت‌تر، بەڵام سەخت‌تر و لە نەزەر جەستەییەوە پێویستی بە وەزی زیاتر هەبوو کە یاریزانانی تا ئاستی مەرگ دەبرد. ڕاهێنانەکان سەخت بوون و ڕەوتی کایە سانا دەچووە پێش. لۆمباردی بە پێچەوانەی ڕاهێنەرەکانی دیکە کارێکی کە بەڕێوەی دەبرد شیی دەکردەوە و سیستمێکی سادەتر نەک لەسەر بنەمای داهێنان و سەرسوڕمان، بەڵکوو لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی کارامە دروستی کرد. یاریزانەکان دەبوو سەرنجی تەواو بە مەسەلەکە بدەن بچووکترین هەڵە دەبووە هۆی سزا بۆ خۆیان یان هەموو تیپەکە جەریمە دەکرا. لۆمباردی بەردەوام ئاڵوگۆڕی لە ڕاهینان‌دا دەکرد و هیچکات بێ تاقەت نەدەبوون و تەنانەت بۆساتێکیش تەرکیزی زەینی خۆیان لەدەست نەدا.

ڕاهێنەرانی پێشوو هەمیشە بە شێوەیەکی جیاواز هەڵس‌وکەوتیان لەگەڵ هێندێک یاریزان وەک ئەوانەی ناوبانگیان هەبوو، دەکرد. ئەوان شێوازێکی تایبەتیان ڕەچاو دەکرد کاریان زوو بەجێ‌دەهێشت و درەنگانێک لە خەو هەڵدەستان، ئەوانیتر(نائەستێرەکان) بە هۆی ئەوە کە باش نەبوون ناچار بوون ئەم جیاوازییە قەبووڵ بکەن لەکاتێکدا لە ناخی دڵیانەوە ڕازی نەبوون. بەڵام لای لۆمباردی ئەستێرە (مەبەست باشترین یاریزان) مانای نەدەدا. هێنری جوردن لە بارەی لۆمباردییەوە دەڵێ: "ئەو زۆر بەئینسافەوە هەموومانی وەک یەک چاو لێ دەکرد." یاریزانەکان ئەو ئەخلاقەی ناوبراویان پێ باش بوو، ئەوان لەوەی کە لۆمباردی لەسەر ئەستێرەکانیش وەک یاریزانەکانی دیکە

---

پەنجەیەکی هەیە کە بە چوار پەنجەی دیکەوە بەستراوەتەوە، ناتوانێ خۆی دەرباز بکا. بوونی هەڤاڵان و هاوسەنگەرانی کە لەگەڵی بوون هەستی کرد کە ئەم برایەتی و دۆستایەتی تەنانەت لەو بزووتنەوەیەی کە خەباتی بۆ دەکەن، بەنرخترە. لە نێوان دووکەڵ و ئاگری مەرگ‌هێنەر هەستێکی برایەتی ڕەمزاوی هەموو وجوودی داگرتبوو. نشانە سرخ دلیری، استیفن کرین، ١٨٧١-١٩٠٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوار دەکا بەکارێکی گونجاو لەگەڵ یاسایان دەزانی و خوشحاڵی دەکردن.

ڕەخنەکانی لۆمباردی بێبەزییانە بوون و یاریزانەکانی نارەحەت دەکرد، پێدەچوو زۆر باش خاڵە لاوازەکانیان بزانێ. بۆ نموونە چۆنی زانی کە هێنری جوردن لە حوزووری کەسانی دیکەدا سەرکۆنەی بکەی بێزار دەبێ؟ لۆمباردی لەو خاڵە لاوازەی جوردن زۆرترین کەڵکی وەرگرت کە ناوبراو بۆ فێربوون وادار بکا و هەوڵی زیاتر بدا. یەکێک لە یاریزانەکانی لەو بارەیەوە دەڵێ: "ئێمە هەمیشە هەوڵمان دەدا کە بە لۆمباردی نیشان بدەین لە بارەی ئێمەوە لە هەڵە دایە"[١]

ڕاهێنان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ سەختر دەبووەوە یاریزانان پێشتر تا ئەو ڕادەیە کاریان نەکردبوو لەبری ئەوەی درەنگ بڕۆنەوە، زووتر بۆ ڕاهێنان دەهاتن. بەگەیشتنی یەکەمین وەرزی یاری لۆمباردی ئەوانی بۆ هەموو ڕووداوێک ئامادە کردبوو. لەگەڵ ئەوەی ڕاهێنانیان زۆر سەخت تێپەڕاند بۆ یاری کردنی واقعی زۆر خوشحاڵ بوون و نەک زۆریان بەلاوە ئاسان بووە، بەڵکوو خۆیان لە لووتکە دا دەبینی چونکە تەواوی مەشقە سەختەکان یاری بۆ ئەوان ئاسانتر کردبوو تەنانەت لە چارەکی چوارەمیش‌دا هەستیان بە ماندوویەتی زۆر نەدەکرد. سێ یاری یەکەمیان بردەوە و بەم سەرکەوتنە کتوپڕەش ئەخلاق و متمانە بەخۆبوونیان زیاتر بوو.

پاکێرز ئەوساڵە ٥ بە ٧ بردییەوە، ئەو گۆڕان و وەرچەرخانە خاڵێکی گەورە بوو لە پواندا ١-١٠-١ لە دەیەی ١٩٥٨. دوای یەک وەرز لە ژێر دەستی لۆمباردیدا بوونە یەکگرتووترین تیپ لە وەرزشی حێرفەی پیشەگەر دا. لەدوای ئەو سەرکەوتنە کەس وازی لە تیمی پاکێرز نەهێنا. ساڵی ١٩٦٠ بۆ یاری قارەمانی سەرکەوت و ساڵی ١٩٦١ بردییەوە. بەدرێژایی ساڵ زۆرێک لە لۆمباردی پاکێرزەکان هەوڵیان دا ڕوونی بکەنەوە کە چۆن لۆمباردی ئەو تیپەی گۆڕی، بەڵام هیچ کامیان نەیانتوانی بە باشی بەباتەکە ڕوون بکەنەوە.

١. دۆستانی بەڕێز! جارێکی دیکە یاسا پێ‌شێل بکەن، یان دیوارەکان بەرز بکەنەوە و لێمان گەڕێن با بمرین، لە ئاشتیدا نیعمەت نییە، چونکە پیاوی خاکەڕا و ئارام دروست دەکا. بەڵام کاتێک تەپڵی شەڕ لە گوێت‌دا دەزرینگێتەوە، لاسایی ڕەفتاری پڵنگ بکەوە و ڕەگ و دەمارت بەهێز بکە، با دینامیزم لە خوێن‌دا ڕەوان بێ. ئێستا ڕوخساری خاکەڕایی و ئارامی لەبیر بکە و توندوتیژی بەکار بێنە. با چاوەکانت کێوی دەرکەون و برۆکانت ئاڵۆزوتێکڵاو بن، وەک گاشە بەردێکی گەورە بەهێز بن، وەک شەپۆلە تووڕەییەکانی زەریا، کە بە هەموو لایەکدا هاژەیان دێ، هەناسەتان بەهێز بکەن و ترس بخەنە نێو هەموو ڕوحێکەوە. لەبیرتان بێ خوێنی باوکی ئێوە کە شەڕکەرێکی لەخۆبوردوو بوو لە دەمارەکانی ئێوەدا دەکوڵێ، باوکانی وەک ئەسکەندەری گەورە لە مەیدانی شەڕدا پێشەنگ بوون، ڕێگا نەدەن خوێنی ئەوانە بە فیڕۆ بچێ، ڕێگا وخەباتی ئەوانە درێژە پێ بدەن، شمشێرەکان بەرز ڕاگرن و دایکان پەشێو و پەرێشان نەکەن. ڕۆحی باوکە مردووەکانتان بپارێزن، ئێستا بین بە نموونە بۆ پیاوانی دیکە و فێری شەڕکردنیان بکەن. غیرەتی لەمێژینە پێشان بدەن، با سوێند بخۆم کە ئێوە نەوەی هەمان باب‌وباپیرانی ئازان، بڵێسەی غیرەت لە چاوەکانتان‌دا دەبینم. ئێوە وەک ئەستیرەیەکی پڕشەنگدار لە ئاسمان ترووسکەتان دێ، کەوابوو ئەوەی لە ڕوحی تۆدایە پەیڕەوی لێ بکە و هاوار بکە خودا لەگەڵ ئێمەیە. شاە هنری پنجم، ویلیام شکسپیر، ١٥٦٤-١٦١٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**لێکدانەوە**

کاتێک وینسێن لۆمباردی سوکانی پاکێرزی بەدەستەوە گرت بێ ڕاوەستان کێشەی سەرەکی دۆزییەوە. تیمە گەنجەکە شکستیان قەبووڵ کردبوو. تازەلاوان لەو دۆخەدا هەڵوێستێک دەگرن کە جگە لە سەربزێوی و ناڕەزایەتی دەردەبڕن، حاڵەتی پاسیڤبوونی ئەوانیش نیشان دەدا. بەو شێوازە پێی دەڵێن لەجێگەدا لێدان، واتە بەرەو پێش نەچوون، بۆیە ئەگەر سەختترین کار بکەن مەترسی زیاتر دەبێ و ئەوان چیتر بەرگەی ئەو ناخۆشیانەیان ناگرن، کەوابوو دەبێ چاوەڕوانییەکانیان کەم بکەنەوە و بە مامناوەندی بوون ڕازی بن و پێی ڕابێن. بەدڵنیاییەوە کاتێک شکست قەبووڵ بکەن وەک جاران بێزار نابن.

زۆرجار مرۆڤەکان بە بێ ئەوەی هەست پێ بکەن ڕوحیەی قەبووڵکردنی شکست لەخۆیاندا پەروەردە دەکەن. ئەوەندە بەسە کە چەند شکستێک یەک لە دوای یەک ئەزموون بکەن زەینی خۆیانی پێ عادەت دەدەن و بەرەبەرە ئاستی چاوەڕوانییەکانیان دادەبەزێ و شکستخواردوو دەمێننەوە. ڕێبەرێک کە هەوڵ دەدا ڕاستەوخۆ وەرەی کۆمەڵ بگۆڕێ و بۆ ئەو مەبەستە هاتوهاوار دەکا یان داوا دەکا و یاسای بۆ دادەڕێژێ بەبێ ئەوەی خۆی بزانێ گڕی شۆڕش لەنێو گەنجەکان هەڵدەگیرسێنێ.

لۆمباردی نابغەیەکی بەتوانا بوو کە هەموو شتێکی بە ڕوانگەی دەروونناسیی دەبینی. بۆ ناوبراو ئاستی تیپەکانی تۆپی پێی میللی لە بەهرەدا یەکسان بوون، جیاوازیی ئەوانە لە ڕوانگە و ئەخلاقدا بوون. ئەگەر بتوانێ هەڵوێستی شکستی تیپەکە بگۆڕێ بۆ هەڵوێستی سەرکەوتن، ئەوە ڕوحیەیان بەرز دەبێتەوە و بردنەوەی یەک لەدوای یەکتر بەدەست دەهات. لۆمباردی دەیزانی کە دەبێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە یاریزانەکانی نزیک بێتەوە و دەبوو ئەوان بەرەو ئاڵوگۆڕ هان بدا. لۆمباردی ئەو کارەی بە متمانە و بڕوا بە خۆبوون نیشان دا و بە شێوەیەک قسەی کرد وەک ئەوەی ئەوانە لەیاریدا براوەن کە چی بەختوشانس لەگەڵیان نەبووە، ئەو هەڵوێستە وەرەی پێ بەخشین. دوای ئەوە لۆمباردی لەبری ئەوەی زۆر داوای دووپاتکردنەوە بکا ئاسایشی زەینی یاریزانەکانی تێک دا و جۆری ڕاهێنانەکانی گۆڕی و توندتر و چڕتر و بەهێزتری کرد. ئەو دەیزانی کە هێزی ئیرادە بەستراوەتەوە بەو شتەی کە تۆ پێت وایە دەکرێ، ناوبراو کارێکی کرد کە ئەو باوەرە لە نێو یاریزانەکاندا پەرە پێ بدا و زیاتر هەوڵ بدەن. لۆمباردی تیپێکی باشتری دروست کرد کە یەکەم یاری خۆی بردەوە ئەو سەرکەوتنە وای لێکردن زیاتر جۆش و خرۆشیان هەبێ و ئیدی ئێستا قەبووڵکردنی شکست لایان ئاسان نەبوو.

**لەبیرت بێ:** گرووپێک یان تیمێک کەسایەتییەکی بەکۆمەڵیان هەیە کە بە تێپەڕبوونی کات دژوارتر دەبێتەوە و هێندێک جار ئەو کەسایەتییە تێک دەچێ یان تەنانەت دەکەوێتە حاڵەتی هەرزەکاری و تورەیی. بۆیە گۆڕینی کەسایەتییەکەی ئەستەمە. کەسێک هەرچی دەیزانێ پێی باشترە تەنانەت ئەگەر زانیارییەکانی بەکەڵک نەبن. ئەگەر ئێوە ڕێبەرایەتی گرووپێکی ئەوتۆ بەڕێوە دەبەن و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرەو نەرێنی‌گەری هانیان مەدەن. ڕاگەیاندنی چەندین ئامانج و داواکاری دەبێتە هۆی ئەوەی سەربازەکانت حاڵەتی بەرگریکاری بۆخۆیانەوە بگرن و وەک منداڵ ڕەفتار بکەن. هەروەها چۆن لۆمباردی ڕۆڵی باوکێکی زیرەکانەی بینی ئێوەش بەمجۆرە خۆتان نیشان بدەن. داوایان لێ بکەن وەک گەورەکان ڕەفتار بکەن. لە کاتی هێمنی‌دا ڕوحیەی نوێ بە تیمەکە ببەخشن تاکوو شێوازی بەڕێوەبردنی کارەکان لەسەر بنەمای ئەو ئاڵوگۆڕە بن. سووربوون لەسەر کارایی گرنگە، هەرکەس دەتوانێ کارامە بێ (کارایی پەیوەندی بە بەهرەوە نییە). کارایی سەرکەوتن پەروەردە دەکا و سەرکەوتن ورە و ڕوحیە مرۆڤ بەهێز دەکا، کاتێک ڕوحیە و کەسایەتی گرووپ دەستی بە گۆڕانکاری کرد هەموو شتێک لە شوێنی خۆی جێ دەگرێ.

٥- مانگی چواری ساڵی ١٧٩٦ ناپلیۆن بناپارتی ٢٦ ساڵە، وەک فەرماندەی هێزەکانی فەڕانسە لە شەڕ لەگەڵ ئوتریشیەکان لە ئیتالیا دیاری کرا. لە ڕوانگەی زۆرێک لە ئەفسەرەکان دانانی بۆ ئەم پۆستە زیاتر لە گاڵتەجاڕی دەچوو، چونکە ئەوان فەرماندەکەیان وەک پیاوێکی کورتەباڵا، زۆر گەنج و تازەکار چاویان لێ‌دەکرد تەنانەت پێیان وابوو هیچکات ناتوانی ڕۆڵی ژێنڕاڵێک بگێڕێ. هەروەها سەربازەکانی داهاتێکی کەمیان دەست دەکەوت، نانی پێویستیان نەدەخوارد و لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە کە پێیان ناسێندرا واتە شۆڕشی فەڕانسە هاوڕا نەبوون. لەچەند حەوتووی یەکەم کەمپینی ناپلیۆن هەموو هەوڵێکی دا کە سەربازەکانی شەڕی باش بکەن بەڵام بەشی زۆریان لە بڕیارەکانی ناپلیۆن سەرپێچیی‌یان دەکرد.

ناپلیۆن و قشوونی شپرزەی داماوی ئەو لە ١٠ی مانگی ٥دا [٢١ی بانەمەر] گەیشتنە پردی لۆدی بەسەر ڕووباری ئادا، و زۆری هەوڵدا کە قشوونەکەی دەستی لەگەڵ بدەنێ و ئوتریشییەکان وادار بە پاشەکشە بکا، بەڵام ئوتریشیەکان دەیانزانی کە پردی لۆدی شوێنێکی لۆژیکییە بۆ ئەوەی دوژمن هێزی لێ جێگیر بکا. بەو هۆیەوە لەهەردوو لای پردەکەوە سەربازەکانیان بە تۆپخانەوە لەو شوێنە جێگیر و دامەزراند، دەست بەسەرداگرتنی پردی لۆدی تێچووی زۆری دەویست، بەڵام لەناکاو سەربازە فەڕانسەوییەکان بینیان کە ناپلیۆن لەپێش هەموانەوە هێرشەکەی دەست پێ‌دەکرد. سەرەتا وتارێکی بە گوڕوتینی بۆ سەربازەکانی بڵاو کردەوە، پاشان مەترسییەکی گەورەی بەگیانی خۆی کڕی و فەرماندەیی هێرشەکەی کرد. دوای قسەکانی نارنجەکهاوێژەکانی دەستیان پێکرد و هاواریان کرد "بژی شۆڕش" و هێرشیان کردە سەر هێڵی بەرگری ئوتریشیەکان، لەوکاتەدا ئەفسەرە پلە باڵاکانی هێندە ورەیان بەرز بووەوە کە بۆ خۆیان فەرماندەیی هێزەکانیان وەستۆ گرت.

فەڕانسەوییەکان پردەکەیان گرت و دوای ئەو عەمەلیاتە چووکەیە، قشوونی فەڕانسە ڕوانگەی بە تەواوی سەبارەت بە ناپلیۆن گۆڕا. ئەوانە تاکوو ئەوکاتە کەسی وا بوێر و بەغیرەتیان نەدیبوو، ناوبانگی "ئەفسەری بچووک"یان لێنا. چیرۆکی ڕووبەڕووبوونەوەی ناپلیۆن بەرامبەر دوژمن لە پردی لۆدی لەنێو هەموو هێزەکان‌دا بڵاو بووەوە. بە هەمان شێوە کە شەڕ بەرەو پێش دەڕۆی ناوبراو سەرکەوتنی یەک

لەدوای یەک مسۆگەر دەکرد. پەیوەندییەک لە نێوان سەربازەکان و ژێنراڵدا دروست بوو کە لە خۆشەویستی و ڕێزگرتن تێپەڕی. ناپلیۆن زۆر جار لەماوەی شەڕەکاندا سەردانی ئوردوگای سەربازەکانی دەکرد لەگەڵ ئەوان دەستی بە قسەی دۆستانە دەکرد. ناوبراو لەسیفرەوە دەستی پێکردبوو و سەرەتا چەکداریکی سادە بوو، بۆیەش دواتر بە ئاسانی هاتوچۆ و تێکەڵی لەگەڵ هەمووان بە بەردەوامی هەبوو، ئەوە کارێکە هیچ یەک لەژێنراڵەکان نەیان دەکرد. ناپلیۆن ناوی سەربازەکانی دەزانی، مێژووەکانیان، ڕابردووی ئەوانی لە بیر نەدەچوو تەنانەت دەیزانی لە چ شەڕێکدا بریندار بوون.[١]

سەربازەکانی زۆر چاویان بە ناپلیۆن نەدەکەوت بەڵام ئەگەر ماوەیەکی کورت چاویان پێی دەکەوت وزەیان لێ وەردەگرت وەک ئەوەی بە شارژی ئەلکترۆنییەوە وەسڵ بن. ئەو ئێنرژییە تەنیا بە هۆی حوزووری ئەو نەبوو، بەڵکوو ئەو باشی دەزانی چۆن و چ کاتێک سەردانی هێزەکانی بکا، پێش هەر شەڕێکی سەخت یان هەرکات هەستی دەکرد هێزەکانی ورەیان لەدەست داوە سەردانی دەکردن. لە کاتێکی ئەوتۆدا پێی دەگوتن لەو ڕۆژانەدا پێکەوە مێژووسازی دەکەین. ئەگەر یەکێک لە ئەفسەرەکانی لە بەڕێوەبردنی کارێک لە گەڵ کێشە ڕووبەڕوو دەبووەوە ناپلیۆن دەسبەجێ سەردانی دەکرد و هاواری دەکرد: "ئەفسەری سی‌وهەشتەم! من تۆ باش دەناسم، توانای ئەو کارەت هەیە و ئەو گوندەم بۆ داگیر بکە!" سەربازەکان بە بیستنی ئەو قسەیە بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ملکەچی بڕیارەکە بن، بەڵکوو پێیان وابوو شانۆ پێشان دەدەن.

ناپلیۆن بە دەگمەن توندوتیژی نیشان دەدا، بەڵام کاتێک تووڕە بوایە سەربازەکانی هەستێکی سەرتر لە هەستی تاوان و شڵەژاوییان ئەزموون دەکرد. لەکۆتایی یەکەم شەڕی لە ئیتالیا، سوپای ئوتریش بەشێک لەسوپای ناپلیۆنی ناچار کرد پاشەکشەیەکی سەرشۆڕانە بکەن و ئەو سەرشۆڕییە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لۆژیکی نەبوو. ناپلئون خۆی سەردانی ئوردوگای شکست‌خواردووی کرد لە کاتیكدا لە چاوە خۆڵەمێشییەکانی ئاگری تووڕەیی لێ دەباری، ڕووی لە سەربازەکان کرد و گوتی: "سەربازەکان! من لێتان ڕازی نیم، ئێوە ئازایەتی، یاسامەندی و بەڕێوەبردن‌تان نییە، ڕێگەتان بە خۆتان داوە لە موقعییەتێک پاشەکشە بکەن کە کۆمەڵێک هاوقەتارانی ئێوە بە سەختی و بە خوێنی خۆیان لە دوژمن‌یان گرت. سەربازانی گوردانی سی‌ونۆ و هەشتاوپێنج! لەمڕۆوە سەربازی فەڕانسە

١. سوپایەک کە بەکرێگیراو خزمەتی تێدا دەکەن، بێ‌فایدە و مەترسی‌دارە، ئەگەر کەسێک داهاتووی خۆی لەسەر سوپای بەکرێگیراو بنیات بنێ ئەمنییەت بە خۆیەوە نابینێ، چونکە سوپای بەکرێگیراو یەکپارچە و یەکگرتوو نیە و هەر کەس قازانج و بەرژەوەندی خۆی لەبەرچاو دەگرێ. شاید ئەوانە لە نێوان هاوڕێیی خۆی ئازا بێ، بەڵام لەبەرامبەر دوژمن‌دا ترسەنۆکە، ئەوانە لە خودا ناترسێن و ئیمانیان بە فەرمانده نیە. لەکاتی شەڕ ناتوانی پشتیان پێ بسپێری و لە دەورانی ئاشتی بە بوونی ئەوانە ناتوانی ئارامی ئەزموون بکەی، هۆکاری ئەوەیە کە ئەوانە مەفهومی خۆشەویستی نازانن. نە خۆشەویستی لە دڵیان‌دایە و نە ئامانج لە سەریان‌دایە، کاتێک ئەم دووانە غیاب بوون ئەوە بزانن کە هەرگیز نە بۆ تۆ و نە بۆ ئامانجت نامرن. شهریار، نیکۆلۆ ماکیاولی ١٥١٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نین، ژێنراڵی بەرپرسی ستاد! ئەو ڕەستەیە لەبارەی ئەوانەوە تۆمار بکە. "ئەوانە چیتر بەشێک لە سوپای فەڕانسە نین". سەربازەکان شۆک لێی دابوون هێندێک‌یان دەگریان و هێندێک دەپاڕانەوە کە دەرفەتێکی دیکەیان پێ بدەنەوە. ئەوان بۆ هەمیشە پەشیمان بوونەوە کە لاوازیان نیشان داوە و ڕێبازێکی نوێیان گرتەبەر. دوای ئەوە گوردانی سی‌ونۆ و هەشتاوپێنج بە ئازایەتی و لێهاتوویی و فیداکاری خۆیان ناوبانگیان دەرکرد کە لە ڕابردوودا هەرگیز ئازایەتی ئەوتۆ تۆمار نەکراوە.

چەند ساڵێک دواتر لە شەڕێکی سەنگەربەسەنگەر و کەڵێن دژی ئوتریشییەکان لە باواریا، فەڕانسەوییەکان سەرکەوتنێکی سەخت و گەورەیان بەدەست هێنا. بۆ بەیانی ناپلیۆن سەردانی گوردانی سێزدەهەمی پیادەی کرد کە ڕۆڵێکی سەرەکییان لەو سەرکەوتنەدا گێڕا. ناوبراو داوای لەسەرهەنگێک کرد کە ناوی ئازاترین سەربازەکانی ئەو شەڕەی بۆ بنووسێ، سەرهەنگ بۆ ساتێک بیری کردەوە گوتی: "ئەو ڕێبەرایەتی مارش دەکا". ناپلیۆن دەسبەجێ داوای ئەو کەسەی کرد کە ئازایەتی نواندووە کاتێک لە ناپلیۆن نزیک بووەوە لەبەرامبەر ناپلیۆن‌دا وەک شەقشەقە دەلەرزی، پاشان ناپلیۆن بۆئەوەی سەربازەکانی دیکە گوێیان لێ بێ بەدەنگی بەرز گوتی: "باس لەوە دەکەن کە تۆ ئازاترین کەسی لەو گوردانەدا، تۆ وەک شاسوارێکی شوڕشگێڕێکی لەشکری شەڕەف (شوالیە لژیون دونور) پلەی ئێوە بەرز دەکەمەوە، تۆ لەمڕۆوە دەبیە "باڕون[1]"ی ئیمپراتۆری و وەک دەسخۆشانە چوار هەزار فرانکت پێدەدەم." هەموو سەربازەکان خافڵ‌گیر بوون. ناپلیۆن بۆ دانی دیاری و پاداشت لەکاتی خۆی‌دا بەناو بانگ بوو. هەموان ناپلیۆن‌یان وەک ژێنراڵێکی بەخشەندە دەناسی جۆرێکی هەڵس‌وکەوت دەکرد تا چووکترین سەرباز بزانێ ئەگەر توانایی خۆی بسەلمێنێ پلەی بەرز دەبێتەوە و دەتوانێ ڕۆژێک وەک مارشاڵ ئەرکی بۆ دیاری بکرێ. بەڵام ئایا دەکرێ ڕێبەری مارش لە شەوێکدا بەپۆستی بارونی بگا؟ ئەو بڕیارە سەرتر لە باوەڕی هەمووان بوو و قسەکانی بە خێرایی لە ڕێگەی سەربازەکانەوە بە نێو هەموو سوپادا بڵاو بووەوە و کاریگەرییەکی سەیر و سەمەرەی وەک هەورەتریشقە هەبوو، بەتایبەتی لەسەر نوێترین سەربازەکان و تازەپێگەیشتوەکان بەجۆرێک کە سەربازکان لە خەمۆکی و بیری ماڵەوە هاتنە دەرەوە و ژیانێکی نوێیان دەست پێ‌کردەوە.

بەدرێژایی شەڕە خوێناوییەکانی و تەنانەت شکستە دڵتەزێنەکانی ئەو، بەتایبەتی ئەو زستانە تاڵەی لە ڕووسیە و دوورخستنەوە لەناکاوی بۆ ئالبا و کارە هەڵەکەی لە واترلۆ، پیاوەکانی ناوبراو تەنیا بە خاتری خۆشەویستی ناپلیۆن ئامادە بوون تا ئەو سەری دنیای بۆ بپێون نەک بۆ کەسی دیکە، تەنیا بۆ ناپلیۆن.

### لێکدانەوە

ناپلیۆن گەورەترین بەڕێوەبەری هێزی مرۆیی لە مێژوودا بوو، ناوبراو بە میلیون‌ها گەنجی ناشارەزا و

---

١. بارون، مەبەستی ئەو ساڵانەیە کە خزمەتکار ڕاستەوخۆ زەوی و مووچەیان لە پادشا وەردەگرت، و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ ئەزموونی لەدەوری خۆی کۆکردەوە کە لەم دواییانەدا بەهۆی ئامانجی شۆڕشی فەڕانسە هەستیان بە ئازادی دەکرد، ئەوانە بوون بە یەکێک لە سەرکەوتووترین هێزی شەڕکەر لە مێژوودا، کە تا ئێستاش ناوبانگی هەیە. ڕوحیەی ئەوانە ڕۆڵێکی گرنگی لە تەواوی شەڕە سەختەکان و نەهامەتییەکان دا گێڕاوە. ناپلیۆن تاکبەتاکی فەن‌وفێڵێکی نێو ئەو پەرتووکەی بۆ بنیاتنانی سوپاکەی بەکار هێنابوو، ئەو هێزەکانی لە دەوری بزووتنەوەیەک کۆ کردەوە و یەکەمین ئیدە و بیرۆکەکانی شۆڕشی فەڕانسەی پەرە پێدا و پاشان باسی لە شکۆمەندی فەڕانسە وەک ئیمپراتۆرێکی لە حاڵی گەشەستاندن‌دا کرد. ناوبراو لەگەڵ هێزەکانی ڕەفتاری باش و هیچکات بە نازنازی پەروەردەی نەکردن و هەوڵی تێرکردنی هەستی تەماحی ئەوانی نەدەدا، بەڵام زیاتر هەستی غرور و شکۆمەندی نیشانە دەگرت و شانازیی پێوە دەکردن. ئەو لەهێڵی پێشەوە فەرماندەهی دەکرد و چەندین جار شەهامەت و لێهاتووی لەخۆی نیشان دا. ناپلیۆن کە پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ سەربازەکانی دروست کردبوو بە لێهاتوویی وەستایانەوە هەیەجاناتی ئەوانی کۆنترۆڵ دەکرد و زۆربەی سەربازەکانی زیاتر لەوە کە هەست بکەن سەربازن، هەستیان دەکرد بەشێکن لە ئوستوورە و لە ژێر پێوانە بەرزەکانی ئیمپراتۆری ئەفسانەیی خۆیاندا یەکگرتوون.[١]

لە نێو تاکتیکەکانی ناپلیۆن‌دا، هیچکامیان بە ڕادەی تەشویق و سزا کاریگەر و بەکەڵک نەبوون، هەردووکیان کاریگەری قووڵی لەسەر سەربازەکان دانا و بە دەگمەن سەرکۆنەی تاکەکەسی دەکرد بەڵام کاتێک توڕە دەبوو و گوردانێکی سزا دەدا کە کاریگەرییەکی سەیر و سەمەرەی هەبوو، چونکە هێندیک سەرباز هەستی گۆشەگیری‌یان دەکرد وەکوو ئەوەی لە گەرم‌وگوڕی نێو خێزان بەدوور بن. بەڵام دیسان هەوڵیان دەداوە کە سەرنجی ژێنراڵ بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و هەرگیز کارێک نەکەنەوە کە ببێتە نارەحەتی ژێنراڵ. هەروەها پلە بەرزکردنەوە، پاداشت و ڕێزلێنان لە نێو گوردان بەدەگمەن دەبینرا، بەڵام کاتێک جێبەجێ دەکرا بەهۆی حیساباتی سیاسییەوە نەبوو، بەڵکوو تەنیا لەبەر سۆز و خۆشەویستی بوو. ئەفرادەکەی کە لە نێوان دوو جەمسەری هەوڵدان بۆ ئەوەی ناپلیۆن نارەحەت نەکەن و هەوڵی سەلماندنی خۆیان جووڵەیان دەکرد، ئەوان خۆیان بۆ ناپلیۆن و داخوازییەکانی تەرخان کردبوو و هەرگیز دەستبەرداری ناپلیۆن نەبوون.

لەو مامۆستا لێهاتووە فێر بن، ڕێگای مودیرییەتی ئەفراد ئەوەیە کە بە هەڵپەسێردراوی بمێننەوە. سەرەتا پەیوەندییەکی قووڵ لەگەڵ سەربازەکان دروست بکە، کە ئەوان ڕێزت لێ دەگرن و دەسخۆشانەت پێ دەڵێن و تەنانەت هێندێک حساب بۆ تۆ دەکەن. بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە بەهێزتر بکەی کەمێک خۆت دوور ڕابگرە و مەودایەکی بچووک لە نێوان خۆت و ئەوان‌دا دروست بکە، لەگەڵیان گەرم‌وگوڕ و سەمیمی بن، بەڵام بە پاراستنی ئەو دوورییە. کاتێک ئەو پەیوەندییە لە نێوان‌دا

---

١. ئەگەر دەتهەوێ سەربازەکان خۆشیان بوێی، ئاگاداری خوێن‌یان بە، و بەرەو مردن ڕێنوێنی‌یان مەکە. فردریک کبیر ١٧١٢-١٧٨٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چێندرا زۆر بەکەمی خۆت نیشانی ئەوان بدە. لە تەشویق و سزا بە دەگمەن و چاوەڕواننەکراو کەڵک وەربگرە تەنانەت بۆ شکست و سەرکەوتنە چووکەکانیش ئەگەر مانای سمبولیکی هەبوو، سوود لە سزا و تەشویق وەربگرن. لەبیرت بێ کاتێک ئەفراد دەزانن بە چی دڵخۆشی و بە چی ناڕەحەتی، ئەوە دەبنە دەست پەروەردەی تۆ.

هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی بە ڕەفتارە باشەکانیان سەرنجی تۆ ڕابکێشن. ئەوانە بە هەڵپەسێراوی بێڵەوە، واتە وایان لێ بکە بەردەوام بیرت لێ بکەنەوە و بیانەوێ دڵخۆشت بکەن، بەڵام نازانن چۆن ئەو کارە بکەن، کاتێک کەوتنە ناو تەڵەکەوە ڕاکێشانی مێغناتیسی لەسەریان دروست بکە و ئێستا ئیدی گڕوتین و ئەنگێزە بزوێنەرەکەی ئۆتۆماتیکی دەبێ.

**بیهێنە بەرچاوت:** شەپۆلی ئۆقیانووس. هەڵکشان و داکشانی بەهێزی هەیە کە هیچ کەس لەسەر ڕێگای بەزیندووی نامێنێ و هیچ شتێك توانای بەربەرەکانی نیە، ئێوەش وەک مانگ ئەو هێزەن کە دەبێتە هۆی ئەم هەڵکشان و داکشانە، ئەو هێزەی کە هەموو شتێک لەگەڵ خۆی دەگۆڕێ و لەگەڵ خۆی دەبات.

سون تێزۆ دەڵێ: "*شێوازی ڕێبەری کردن ئەوەیە کە بە سەربازەکانت جۆرێک وره بدەی کە ئەوانیش هەمان ئامانجی ڕێبەریان هەبێ بە چەشنێک کە بێ ترس لە مەترسی ژیان و مەرگی خۆیان لەگەڵی هاوبەش بزانن.*"

### حاڵەتی دەگمەن

ئەگەر ئەخلاق و ڕوحیە گشتگیر و درمی بێت و بڵاو بێتەوە، پێچەوانەکەشی ڕاستە، ترس و ناڕەزایەتی دەتوانێ وەک بڵێسەی ئاگر چۆن پووش و پەڵاش دەگرێ ئاوەهاش بەنێو قشووندا بڵاو بێتەوە. تەنیا ڕێگا بۆ مودیرییەتی بارودۆخێکی ئەوتۆ ئەوەیە کە پێش گەیشتنی سوپای خۆتان بەو دۆخە، ئەو ئاگرە بکوژێنیەوە.

ساڵی ٥٨ی پێش میلاد کاتێک ڕۆم سەرگەرمی شەڕی گالی بوو. ژولیوس سزار بۆ شەڕ لەگەڵ ڕێبەری ژێرمەنەکان آریوویستۆس خۆی ئامادە دەکرد. دەنگۆ و پڕوپاگەندە لەبارەی گەورەی سوپای دڵڕەقی ئەوان هەموو جێگایەکی داگرتبوو سوپای سزار زۆر پەشێو و ناڕەحەت بوون. سزار زۆر بە خێرایی وەجووڵە کەوت، سەرەتا ئەوانەی شایعەیان بڵاو دەکردەوە گرتنی و دواتر ڕووبەڕووی سەربازەکان قسەی کرد و بیرەوەری ئازایەتی باب‌وباپیرانی بۆ باس کردن کە چۆن ژێرمەنەکانیان تێک شکاندووە و پاشان گوتی بڕیار نیە نەوەی ترسەنۆک و لاواز فەرماندەهی بکەم و ڕێگەتان پێ نادەم ڕووبەڕووی لژیون دەیەم ببنەوە کە یەک تۆسقاڵ هەست بە مەترسی ناکەن. ناوبراو بە سەربازەکانی گوت، کە ترسەنۆکەکان وەلا دەنێ. کاتێک سزار بۆ پێشڕەوی بەرەو لژیونەکانی دەیەم ئامادە دەبوو باقی سوپا شەرمەزار بوون و تکا و ڕەجایان دەکرد و داوای لیبوردنیان لێ دەکرد کە لەگەڵ خۆی بۆ شەڕیان بەرێ. سزار بە بێ‌مەیلی داواکەی قەبووڵ کردن و پاشان هەموو سەربازەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ئەوەی خۆیان بسەلمێنن بە هەموو هێزیانەوە شەڕیان کرد.

لەکاتێکی ئەوتۆدا دەبێ وەک سزار ڕەفتار بکەی شەپۆلەکانی ترس بگۆڕی. هیچ کاتێک بەفیڕۆ نەدەی و هەموو گرووپەکە بەشدار بکەن. ئەو کەسانەی ترس و نافەرمانی لەنێو دەستەدا بڵاو دەکەنەوە، جۆرێک لە شێتی و حاڵەتی ڕەوانی ئەزموون دەکەن کە تێیدا پەیوەندی لەگەڵ واقعییەتدا لەدەست دەدەن. باشترە پێشینەی دڕەوشاوە و ئازایەتی ڕابردوویان بیر بخەینەوە بۆ ئەوەی لەو هەمووە لاوازییە شەرم بکەن. دەسکەوتەکانی ڕابردوویان بیر بێننەوە بۆ ئەوەی لێی تێبگەن کە چەندە لە ئارمان و ئارەزووەکان مەودایان گرتووە، ئەو شەرمەزارییە کۆمەڵایەتییە وەخەبەریان دێنێتەوە و دۆخەکەش جیاواز دەبێ و دەگوڕدرێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەسڵی سێهەم:
# شەڕی بەرگری

شەڕکردن لە دۆخی بەرگریدا نیشانەی لاوازی نییە، بەڵکوو لووتکەی عەقڵی ستراتیژی و شێوازێکی بەهێز لە بەڕێوەبردنی شەڕدایە. پێش‌مەرجەکانی ئەو شێوازە خەباتە سادە و ساکارن: سەرەتا پێویستە زۆرترین سوود لە سەرچاوەکانی خۆت وەربگری، بە سەرچاوەی ئابووریی گەورەوە شەڕ بکەی و تەنیا لەو شەڕانەدا بەشداری بکەی کە پێویستن. دووهەم: دەبێ بزانی چۆن و چ کاتێک پاشەکشە بکەی و دوژمنی پەلاماردەر بۆ هێرشێکی بێ‌پلان و مەحکوم بەشکست هان بدەن. پاشان بە سەبروحەوسەلەوە چاوەڕێی ساتی ماندوویەتی و داماوی بکەن و بە دژەهێرشێکی پیاوانە میوانداری و پێشوازی لێ بکەن و تێکی بشکێنن.

لە جیهانێکی پڕ لە شانۆی پەلامار و شەڕەنگێزیدا توانایی شەڕی بەرگریی و ئەوەی کە بە کەسانی دیکە ڕێگە بدەن هەنگاوی یەکەم ئەنجام بدەن دواتر چاوەڕێی هەل بکەن کە بەدەستی خۆیان لەنێو بچن، هێزی نموونەییتان پێ دەبەخشێ. بەو پێیە و بەم شێوەیە ئێوە هیچ وزە و کاتێکتان بەفیڕۆ نەداوە، هەمیشە بۆ شەڕی حەتمی داهاتوو ئامادە دەبن و بەم جۆرە مانەوەی ئێوە حەتمی و کاریگەر دەبێ.

بۆ ئەوەی بەم شێوەیە شەڕ بکەن پێویستە لە هونەرەکانی فێڵ‌کردن شارەزا بن. ئەگەر خۆتان لاوازتر لەوەی کە هەی نێشان بدەن دەتوانی دوژمن بۆ هێرشێکی مودیرییەت‌نەکراو و هەڵە ڕێنوێنی بکەن. ئەگەر لەکاتی خۆیدا و بە حەرەکەتێکی بوێرانە خۆتان بەهێزتر لەوەی کە هەی نێشان بدەن دەتوانی دوژمن بترسێنی و ئەو لە هێرش بۆسەر خۆتان پەشیمان بکەنەوە. لە شەڕی بەرگریدا سوود لە لاوازی و سنووردارێتی خۆتان بۆ بەدەستهێنانی هێز و سەرکەوتن وەردەگرن.

ئەو چوار بەشەی دواتر فێرتان دەکەن کە بە سەر هونەرە بنەڕەتییەکانی شەڕی بەرگریدا زاڵ بن. لەو بەشانەدا فێری ئابووریی ئامرازەکان، دژەهێرش، تۆقاندن، ڕێگریکردن، چۆنیەتی پاشەکشەی لێهاتووانە و خۆ نیشاندانی لاواز لە ژێر هێرشی پەلاماردەرانەدا، لەو چوار بەشەدا بە دروستی فێر دەبن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی هەشتەم:
# شەڕەکانت بە سەرنجەوە هەڵبژێرە.
# ستراتیژیی ئابووریی تەواو (کامڵ)

هەمووی ئێمە سنوورێکمان هەیە کە هێز و کارامەیی و شارەزایی خۆمان ڕێگامان پێدەدا بەرەو شوێنێک یان ڕێگایەکی سنووردار بڕۆین، ئەگەر بمانهەوێ لەو سنوورانە زیاتر بچینە پێش مەترسی لەسەر ڕێگا هەیە و هەڕەشەمان لێ دەکا. ئێمە بە وەهمی دەستکەوتە درەوشاوەکانەوە فریومان خواردووە دوای هەوڵێکی کەم بۆ فراوانکردنی تواناکانمان ماندوو و زیان وێکەوتوو بۆ جێگای خۆمان دەگەڕێینەوە، کەوابوو دەبێ سنوورەکانی خۆمان بناسین و شوێنی شەڕەکانی خۆمان بە وریایی و دەقیق دیاری بکەین. پێش هەرشتێک تێچووی شاراوەی شەڕ لەبەرچاو بگرین: کاتی لەدەستچوو، نیازپاکی سیاسی بە فیڕۆچوو، دوژمنی بریندار ئامادەی تۆڵەکردنەوەیە، هێندێک جار باشترە لەچاوەڕوانی دا بمێنی و لەجێگای ئەوەی ڕاستەوخۆ لە جەرگی دوژمن بدەن لە ژێرەوە بە نهێنی لاوازی بکەن. شەڕ بۆ لایەنی بەرامبەر گران و بۆ خۆتان هەرزان بکەن. ئەگەر بە ئابووریییەکی باشەوە بچییە ناو شەڕەوە دەتوانی بە هێزترین دوژمن تێك بشکێنی.

### کاریگەری پێچەڵاوپێچ (مارپیچی)

لە ساڵی ٢٨١ پێش زایین‌دا شەڕ لە نێوان ڕۆم و شاری تارێنتۆم لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا ڕوویدا. تارێنتۆم وەک موستعمەرەی کۆلۆنی شاری ئێسپارتای یۆنانی بوو، خەڵکی ئەو شارە هێشتا بە زمانی یۆنانی قسەیان دەکرد و خۆیان بە ئێسپارتاییەکی بەفەرهەنگ دەزانی و شارەکانی دیکەی ئیتالیایان بە کێوی دەزانی. لەوکاتدا ڕۆم وەک زلهێزێکی تازە سەری هەڵدەدا و لە گەڵ شارەکانی دراوسێی خۆی تووشی زنجیرە شەڕێکی بەدوای یەک دا بوو.[١]

ڕۆمییەکان کە خۆیان دەپاراست ئامادە نەبوون لەگەڵ تارێنتۆم شەڕ دەست پێ بکەن، چونکە

---

١. بۆ بەکارهێنانی شانۆی شەڕ، وەک شانۆی هەموو شتێکی دیکە، ستراتیژی پێوشوێنی ئابووری بەهێز دەکەوێ. ئەگەر فەرماندەهی بتوانێ بە کەمترین ڕادەی سەرچاوە باشترین ئاکامی هەبێ زۆر باش دەبێ. بەڵام نابێ دەست‌پێوەگرتن لەگەڵ حەسوودی تێکەڵ بکەن. کارل فن کلاوزیتس، ١٧٨٠-١٨٣١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوشارە لەوکاتەدا دەوڵەمەندترین شاری ئیتالیا بوو و دەیتوانی لەباری ماڵییەوە خەرجییەکانی شەڕی هاوپەیمانەکانی لە دژی ئیتالیا دابین بکا. هەروەها شارێکی دوور لە باشووری ڕۆژهەڵات و نەیدەتوانی مەترسییەک دروست بکا. بەڵام تارێنتۆمیەکان چەند کەشتی ڕۆمی سەرگەردانیان لە کەنداوی ئەو ناوچەیە نوقم کرد و دریاسالاری کەشتییەکەیان کوشتبوو، کاتێک ڕۆم هەوڵیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە وتووێژ دەست پێ‌بکا سووکایەتی‌یان بە باڵوێزەکانی کردبوو. ئەوان پێیان وابوو شەڕەفی ڕۆم لە مەترسی دایە و بە ناچاری خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد.

تارێنتۆم کێشەیەکی هەبوو: ئەو شارە دەوڵەمەند، بەڵام سوپای ڕاستەقینەی نەبوو. هاوڵاتیانی بە ژیانی خۆش و ئاسوودە ڕاهاتبوون و ڕێگا چارەسەری ئەو کێشەیە ئەوە بوو کە سوپای یۆنان لەبری ئەوان شەڕ بکا. بێجگە لەو بڕیارە، ئێسپارتەکان بە پێچەوانەوە داگیریان دەکرد. بۆیە تارێنتۆمیەکان لە پادشای پیرهۆسی ئیپڕۆسی گەورەترین پادشای شەڕکەری یۆنانی لە ئەسکەندەر بەم لاوە، داوای یارمەتیان کرد.

ئیپڕۆس پادشانشینێکی بچووک لە ڕۆژاوای نێوەڕاستی یۆنان بوو. ئەم وڵاتە سەرزەوییەکی هەژار لەگەڵ دانیشتووانی بەربڵاو و سەرچاوەی لاواز بوو. بەڵام پیرهۆس کە بە چیرۆکی ئاشیلەکان پەروەردە بوو بنەماڵەکەی ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە سەر بە ئاشیلەکانن و مێژوویەکەیان بۆ ئەسکەندەری گەورە یەکێک لە برازا دوورەکانی دەگەڕێتەوە. بڕیاری دابوو شوێن‌پێی باب‌وباپیرانی هەڵبگرێ و ئیپڕۆس فراوان‌تر بکەن و ئیمپراتۆری خۆی دامەزرێنێ. ئەو لە کاتی گەنجی‌دا لە سوپای نیزامی زۆر گەورەی دیکەدا لەوانە کلاودیوس بەتلەمیۆس خزمەتێکی زۆری کردبوو ئێستا ژێنراڵی ئەسکەندەر بوو کە دەسەڵاتداری میسری دەکرد. پیرهۆس بە خێرایی بەهای خۆی وەک شەڕکەر و فەرماندە سەلماند و لە شەڕدا بە قەبووڵ‌کردنی بەرپرسایەتی مەترسیدار و گرنگ ناوبانگی دەرکرد و بە شێوەیەک کە نازناوی "هەڵۆ"یان پێ بەخشی. بە گەڕانەوەی بۆ ئیپڕۆس سوپایەکی بچووکی دروست کرد و بە باشی مەشق و پەروەردەی کردن و تەنانەت توانی سوپای مەقدونیە کە زۆر گەورەتر بوو لە چەندین شەڕدا تێک بشکێنێ.

ناوبانگی پیرهۆس وردەوردە پەرەی دەستاند، بەڵام بۆ وڵاتێکی بچووکی وەک ئەو سەخت بوو کە باڵادەستی بەسەر دراوسێ یۆنانییە بەهێزکانی وەک: مەقدونییە، ئێسپارتاک و ئاتێنیەکاندا هەبێ. پێشنیاری تارێنتۆمیەکان وەسوەسەئامێز بوو. یەکەم: ئەوان بەڵێنی پووڵ و سوپایەکی گەورە لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکانیان پێدان، دووهەم: بە شکست هێنانی ڕۆمییەکان دەیتوانی خۆی وەک ڕێبەری ئیتالیا بسەلمێنێ و دواتر لە ئیتالیاوە دەیتوانی سەرەتا سیسیلی و پاشان کارتاژ لە باکووری ئەفریقا گەمارۆ بدا. ئەسکەندەر بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆری بەرەو ڕۆژهەڵات ڕۆیشتبوو، پیرهۆس دەیتوانی بەرەو ڕۆژاوا بڕوا و مەقدونیە داگیر بکا و بەسەر دەریای نێوەڕاستدا زاڵ بێ بۆیە ئەو پێشنیارەکەی قەبووڵ کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە بەهاری ساڵی ٢٨٠ پێش زایین‌دا، پیرهۆس لەگەڵ گەورەترین سوپای یۆنانی کە تا ئەو کاتە شتی وای بەخۆیەوە نەدیتبوو بەرەو ئیتالیا ڕێ کەوتن. ئەو سوپایە ٢٠ هەزار سەربازی پیادە، ٣ هەزار سوار، ٢ هەزار کەوانچی و بیست فیل‌یان پێ بوو. بەڵام کاتێک گەیشتنە تارێنتۆم، تێگەیشتن کە فریویان خواردووە. تارێنتۆمییەکان نەک هیچ سوپایەکیان نەبووە، بەڵکوو هیچ هەوڵێکیان نەداوە بۆ دروستکردنی سوپایەک، پیرهۆسیان لەو کارەدا بە تەنیا هێشتەوە. پیرهۆس هیچ کاتێکی بەفیڕۆ نەدا ناوبراو لەشاردا دیکتاتۆری نیزامی ڕاگەیاند و بە خێرایی دەستی بە دروستکردن و ڕاهێنانی سوپایەک لە ناو تارێنتۆمییەکان‌دا کرد.

هاتنی پیرهۆس بۆ تارێنتۆم، ڕۆمییەکانی نیگەران کرد چونکە ناوبانگی ئەویان وەک ستراتیژیست و خەباتگێڕ و خەباتکار بیستبوو. بڕیاریان دا کە هیچ دەرفەتێکی بۆ ئامادەکاری پێ نەدەن و بە خێرایی سوپایەکیان نارد بۆ ئەوەی پیرهۆس ناچار بێ بە سوپای خۆی ڕووبەڕوویان بێتەوە. ئەو دوو سوپایە لە نزیک شاری هراکلیا ڕووبەڕووی یەک بوونەوە. قشوونی پیرهۆس ژمارەیان لە لایەنی بەرامبەر کەمتر بوو لە کاتێکدا لە لێواری شکست دا بوون لەناکاو چەکی نهێنی خۆیان ئاشکرا کرد. فیلەکانی بە کێشی قورسەوە و بە دەنگی بەرز و ترسناک کە سەربازیان بەسەرەوە بوو سەربازەکان بە ئارەزووی خۆیان تیریان بەرەو ڕۆمییەکان دەهاویشت ڕۆمییەکان پێشتر هیچکات لە شەڕدا ڕووبەڕووی فیل نەبوونەوە ترس و دڵەڕاوکێ بە سەریان‌دا زاڵ بوو و شەپۆلی شەڕ پێچەوانە بووەوە. زۆری نەخایاند لژیونەکانی بەدیسیپلینی ڕۆمی پاشەکشەیان کرد.

"هەڵۆ" سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ خوی مسۆگەر کرد و ناوبانگی لە سەرانسەری شێوە دوورگەی ئیتالیادا بڵاو بووەوە، کە بەڕاستی ئەو وێنەی ئەسکەندەری گەورە بوو. ئێستا شارەکانی دیکە لە فکری ناردنی هێز و یارمەتی دا بوون بۆ ئەوەی کە قەرەبووی زیانەکانی لەشەڕدا وێکەوتبوو، بکەنەوە. بەڵام پیرهۆس نیگەران بوو، زۆرێک لە سەربازە ئازاکانی و بە تایبەت لەنێویان‌دا ژێنراڵە سەرەکییەکانی لەدەست دابوو. لەوەش گرنگتر، هێز و یاسامەندی لەشکرەکانی لژیون سەرسامی کردبوو. ئەوان وەک هیچ سوپایەکی دیکە نەدەچوون کە ڕووبەڕووی بووەتەوە. هەڵۆ بڕیاریدا لەگەڵ ڕۆمییەکان وتوویژ و ئاشتی بکا و پێشنیاری کرد لەو نیمچە دوورگەیە لەگەڵیان شەریک و هاوبەش بێ. بەڵام هاوکات بەرەو ڕۆم لشکرکێشی کرد بۆ ئەوەی وتوویژ بە خێرایی بکرێ و ڕوونی بکاتەوە کە ئەگەر ڕۆمییەکان لە وتوویژدا ڕێک نەکەون ناچارن جارێکی دیکە ڕووبەڕوویان بێتەوە.

هەر لەوکاتەدا شکستی ڕۆمییەکان لە هراکلیا کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەریان دانابوو کە وا بە ئاسانی نەدەترسان و خۆیان لەشکست نەدەدا. ئەوان دەسبەجێ دوای شەڕەکە بانگەوازیان بۆ دامەزراندنی هێز بڵاو کردەوە و گەنجێکی زۆر بە پیر بانگەوازەوە هاتن. ڕۆمییەکان بە شانازییەوە پێشنیاری وتوویژیان ڕەت کردەوە و هەرگیز هاوبەشی ئیتالیا لەگەڵ کەس قەبووڵ ناکەین.

هەر دوو سوپا لە بەهاری ساڵی ٢٧٩ پێش زایین‌دا، لە نزیک شاری ئاسکۆلی لە نزیک ڕۆم،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جارێکی دیکە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە و ئەمجارە ژمارەی هێزەکانیان یەکسان بوون. یەکەم ڕۆژ شەڕ زۆر گەرم و سەخت بوو، جارێکی دیکە وا دیار بوو ڕۆمییەکان لە لێواری سەرکەوتن دابوون بەڵام لە ڕۆژی دووهەمدا پیرهۆس کە ئوستادی ستراتیژی بوو توانی لەشکرەکانی ڕۆم بەرەو شوێنێک پەلکێش بکا کە لەگەڵ شێوازی مانۆڕدانی خۆیدا بگونجێ و لژیونەکانی ڕۆم پاشەکشە پێ‌بکا و ئیمتیاز وەربگرێ. ناوبراو بەپێی عادەتی خۆی لە نزیک ئێوارێ‌دا بە سوپایەکی کە فیلەکان لە پێشەوە دەڕۆیشتن فەرماندەهی هێرشێکی توندوتیژی کرد و شکستێکی سەختی بەدڵی لژیونەکانی ئیتالیادا کرد و ڕۆمییەکان پەرش‌وبڵاو بوون و پیرهۆس جارێکی دیکە سەرکەوتنی بەدەستهێنایەوە.

پادشا پیرهۆس ئێستا بە لووتکە گەیشتبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد. زیانەکانی سپاکەی زۆر قورس بوون، تەواوی ئەو ژێنراڵانە کە پشتی پێ بەستبوون کوژران و خۆشی بە سەختی بریندار ببوو. لە هەمانکاتدا ڕۆمییەکان کۆڵنەدەر بوون. لەگەڵ ئەوەی شکست‌یان خواردبوو بەڵام کوژراوی زۆریان نەبوو. پیرهۆس کاتێک سەبارەت بە سەرکەوتنی لە ئاسکۆلی پیرۆزبایی‌یان لێکرد وەڵامی دایەوە: "ئەوەندە بەسە کە جاریکی دیکە لەگەڵ ڕۆمییەکان تووشی شەڕ بین، تا بە تەواوی وێران ببین."

بەهەر حاڵ پیرهۆس لە هەمان کاتدا داڕمابوو، زیانەکانی لە ئاسکۆلی هێندە زۆر بوو کە بەمزوانە جێگایان پڕ نەدەکرایەوە و هێزەکانی کە مابوونەوە بۆ شەڕ لەگەڵ ڕۆمییەکان زۆر کمتر بوو. لەشکرکێشی ناوبراو بۆ سەر ئیتالیا بۆ هەمێشە کۆتایی هات.

**لێکدنەوە**

لە چیرۆکی پادشای پیرهۆس و ئاخی بەناوبانگی ئەو لە دوای شەڕی ئاسکۆلی دەستەواژەی "سەرکەوتنی شکستخواردوو" جێی گرت، کە مەبەستی سەرکەوتنێکە کە بەهاکەی یەکسانە لەگەل شکست، چونکە تێچووی ئێجگار زۆرە، کەسی سەرکەوتوو ئەوەندە ماندووە کە ناتوانێ هیچ خۆشییەک لە سەرکەوتن ببینن، زەربەیەکی ئەوەندە گەورەی خواردووە کە ناتوانێ لە شەڕی داهاتوو بەرەنگاری دوژمن بێتەوە. لە ڕاستیدا پیرهۆس دوای سەرکەوتنی ئاسکۆلی لە بەڵایەکەوە تووشی بەڵایەکی دیکە بوو و هیچکات سوپاکەی نەیتوانی بە ڕادەی پێویست بەهێز بێتەوە تاکوو لەگەڵ دوژمنی گەورەتر بەرەنگاری بکا. هەر ئەو هۆکارانە بووە هۆی ئەوەی کە لە یەکێک لە شەڕەکان‌دا گیانی خۆی لە دەست بدا و هیوای پیرهۆس گەیشتن بە دەسەڵات لە یۆنان لەگەڵ خۆی بەڕیتە نێو گۆڕەوە.

پیرهۆس دەیتوانی لەو مارپێچ و پێچەڵاوپێچە کە ڕەوتی ڕوو لەخوارێ بوو، خۆی لە پێوانی (سیر نزولی) دوور بگرێ. بیرتیژی ئەو بە تەواوی بۆی ڕوون کردبووەوە کە ڕۆمییەکان بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک و پرەنسیپی کار دەکەن و لە لایەکی دیکەوە ئاگاداری خیانەتەکانی تارێنتۆمییەکان بووە و ئێستا کە ئەوەی زانی، دەبوو واز لە سەرقورسی بێنێ، یان دەیتوانی کاتێکی زیاتر بۆ دروستکردنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سوپایەکی بەهێز تەرخان بکا. کاتێک زانی خیانەتی پێکراوە دەیتوانی ڕێگای بگۆڕێ و بگەڕێتەوە، تەنانەت دوای شەڕی هراکلیاش بۆ دەرباز کردن و بەهێزکردنی سوپا کاتێکی زۆری بەدەستەوە هەبوو. لەوانەیە ئەگەر یەکێک لەو کارانەی کردبوایە کۆتایی چیرۆک بە ئاقارێکی دڵخواز دا تێپەڕ بوایە، بەڵام پیرهۆس نەیتوانی خۆی ڕاگرێ و خەیاڵاتی ئەو گەورەتر لەو قسانە بوون. ئەو لەگەڵ خۆی بیری دەکردەوە کە بۆچی نیگەرانی ئەو تێچوویانە بێ، بە خۆی دەگوت یەک سەرکەوتنی دیکە، یەک شەڕی دیکە لە ئامانجی نزیک دەکاتەوە.

سەرکەوتنەکانی لەمجۆرە زۆر ئاساییترە لەو شتە کە بیری لێ دەکەیەوە، سروشتییە کە پەرۆش بین بۆ داهاتوو و پێش دەست پێکردنی بە دوای ڕووداوەکاندا بگەڕێین. ئەگەر ئامانجەکە فریودەر بێ ئەوە لە نائاگایی ئەو شتەی کە دەمانهەوێ ببینین بە زیانێکی کەمتر لە واقیع و قازانجی زیاتر لە واقعییەت دێتە بەر چاومان. هەرچی بەرەو پێش بڕۆین هاتنەدەر لەوێ و هەڵسەنگاندنی دروست سەختتر دەبێ. لە دۆخێکی ئەوتۆدا تێچووی زیاتر دەبێ و لە کۆنترۆڵی ئێمە دەردەچێ، ئەوکاتەیە هەر سەرکەوتنێک بە درێژایی ئەو ڕێگایە بێ مانا دەبێ.

**لەبیرت بێ:** هەرچەندی زیاتر لە بیری پاداشت دابی، دەبێ زیاتر ئاکامەکەی هەڵسەنگێنی. سەرتر لە تێچوو و هەزینەکان بیر بکەوە و هەموو ئەو شتانەی لەبەردەست دان و شتە نامەحسوس و هەستپێنەکراو هەڵسەنگێنە و بپشکنە. وەکوو مەبەستتان لە هەڵگیرسانی شەڕ، تورەیی دوراو لە ئەگەری سەرکەوتنتان، ئەو کاتەی کە دەبێ تەرخانی بکەن بیر لە قەرزی هاوپەیمانان و شتی دیکە بکەنەوە. هەمیشە دەتوانی چاوەڕێی کاتێکی باشتر بکەن و هەمیشە دەتوانی شتێکی زیاتر تاقی بکەنەوە کە لەگەڵ سەرچاوەکانی تۆ هاوتەریب بێ. لەبیرت بێ مێژوو پڕە لە تەرمی کەسانێک کە تێچوونەکانیان پشتگوێ خستووە. لەشەڕی ناپێویست خۆتان بپارێزن و زیندوو بمێنەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتنێکی چاکتر لە کاتێکی باشتردا بەدەست بێنی.

سون تێزۆ لەکتێبی هونەری شەڕدا دەڵێت: *"کاتێک چەکەکان کول و سست بوون و ڕوحەکان پرتووکاو و پەترۆخا، کاتێک هێزمان کەم و سەرچاوەکانمان خەرج دەکرێ، ئەو کاتەیە کە کەسانی دیکە لە ماندوویی ئێمە سوود وەردەگرن و خۆیان دەگەیەنە لووتکە، لەو کاتەدا تەنانەت ئەگەر ژیرترین ژێنراڵەکان دامەزرێنی، لە کۆتاییدا ناتوانی ئەنجامێکی درەوشاوە و پڕشەنگدار وەدەست بێنی."*

## خاڵە بەهێز و لاوازەکان

کاتێک شاژنی ئەلیزابێتی یەکەم لە ساڵی ١٥٥٨دا لەسەر تەختی پاشایەتی ئینگلستان دانیشت، دەسەڵاتێکی پلە دووی بەمیرات پێ بڕا، چونکە وڵاتەکەی بەهۆی شەڕی نێوخۆوە لە دۆخێکی پشێو دا بوو و سەرچاوەکانی لە دۆخێکی شڕدا بوون. ئەلیزابێت خەونی بە دروستکردنی قۆناغێکی درێژخایەنی ئاشتییەوە دەبینی کە بتوانێ بەرەبەرە ژێرخان و بناغەکانی ئینگلستان بەتایبەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئابوورییەکەی بنیات بنێتەوە. حکومەتێکی دەوڵەمەند، حکومەتێک بوو کە چەندین بژاردەی هەبوو. ئینگلستان دوڕگەیەکی بچووک و سەرچاوەی سنووردارە نەیدەتوانی هیوای ئەوە بخوازێ کە لە شەڕ لەگەڵ فەڕانسە و ئیسپانیادا دوو قودرەتی ئورووپایی کێبەرکێ بکا و سەرکەوێ لەبری ئەوە دەیتوانی لە ڕێگەی بازرگانی و سەقامگیری ئابوورییەوە بەدەسەڵات و هێز بگا.[١]

ساڵ بەساڵ و بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ ئەلیزابێت پێشکەوتنی باشی بەدەست هێنا. پاشان لە کۆتاییەکانی ساڵانی١٥٧٠دا لەناکاو دۆخەکەی بە خێرایی بەرەو خراپی دەڕۆیشت. بەمزووانە شەڕێکی نەخوازراو لەگەڵ ئیسپانیا هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی هەموو دەستکەوتەکانی دوو دەیەی پێشووی لێ دەکرد. پادشای ئیسپانیا، فیلیپی دووهەم، سەر بە ئایینی کاتۆلیک بوو کە بە ئەرکی تایبەتی خۆی دەزانی لە بڵاوبوونەوەی ئایینی پڕۆتێستان پێشگیری بکا. وڵاتانی خواروو نزم (هلند وبلژیکی ئێستا) لەو کاتەدا موڵکی ئیسپانیا بوون بەڵام بزاڤی پڕۆتێستان کە لە گەشەکردن دا بوو هەڕەشەی لە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە دەکرد و لەو سۆنگەیەوە فیلیپ دژی یاخیبووەکانی پڕۆتێستان شەڕی دەست پێکرد و بڕیاریدا تێکیان بشکێنێ. هەر لەوکاتەدا یەکێک لە گەورەترین خەونەکانی ئایینی کاتولیسیسم لە ئینگلستان جێگیر بکا. ستراتیژی کورتخایەنی فیلیپ پیلانێک بوو بۆ ئەوەی ئەلیزابێتی یەکەم تیرۆر بکا و دواتر زڕخوشکی خۆی بە ناوی ماری یەکەم، شاژنی ئیسکاتلەندی کاتۆلیک لەسەر تەختی پادشای ئینگلستان دابنێ. لە ئەگەری شکستی ئەو پلانە ستراتیژی درێژخایەنی وەکار بخات کە بریتی بوو لە دروستکردنی کەشتی گەورە بۆ ئەوەی هێرش بۆ ئینگلستان و داگیری بکەن.

فیلیپ نیازە خراپەکانی خۆی بە باشی نەشاردەوە و وەزیرەکانی ئەلیزابێت شەڕیان بە حەتمی دەزانی و ئەوان بە ڕاوێژ و تەگبیر ئامۆژگاری ئەلیزابێت‌یان کرد کە سوپایەک بۆ وڵاتانی خواروو ڕەوانە بکا، تاکوو فیلیپ وادار بکەن سەرچاوەکانی خۆی لەبری ئەوەی بۆ هێرش‌کردنە سەر ئینگلستان خەرج بکا بۆ ئەوێی بنێرێ. بەڵام ئەلیزابێت ئەو پێشنیارەی ڕەت کردەوە چونکە دەیتوانی هێزێکی چووکە بۆ یارمەتیدانی شۆڕشگێڕانی پڕۆتێستان بنێرێ بۆ ئەوەی پێشگیری لەکارەساتی نیزامی بگرێ، بەڵام هیچ بەرپرسایەتییەکی بۆ ئەنجامی کاری دیکە وەستۆی خۆی نەدەگرت. ئەلیزابێت لە شەڕ ترسا و پاراستنی سوپایەک تێچوویەکی زۆری دەویست و هەموو جۆرە تێچووی شاراوەی دیکەش بە دڵنیاییەوە سەری هەڵدەدا، ئەوەش دەبووە هۆی مەترسی لەسەر ئەو سەقامگیرییە کە ئەلیزابێت ساڵانێکی زۆر زەحمەتی بۆ کێشابوو. ئەگەر بەڕاستی شەڕ لەگەڵ ئیسپانیا حەتمییە ئەلیزابێت دەیهەویست لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و خۆی کۆنترۆڵی بکا و شەڕێکی دەویست کە ئیسپانیا لە

١. لە کۆندا کەسێک بە شارەزای شەڕ ناسرابوو کە لە شوێنێکدا سەرکەوتنی بەدەست دێنا کە مومکین بوو. بۆیە شەڕی شارەزایەکی شەڕ، هەرگیز سەرکەوتنێکی ناوازە نییە و بۆ فەرماندەکەی هیچ ئێعتبار و حیکمەت و ناوبانگێکی تێدا نیە. سەرکەوتنەکانی حەتمییە، حەتمی واتە سەرکەوتنی لە شوێنێک بەدەست هێناوە و بەسەر دوژمن‌دا سەرکەوتن مسۆگەر بووە و پێش ئەوەی کە شەڕیش بکا دوژمن بەزیوە. هنر جنگ، سون تێزۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووی ماڵی و داراییەوە وێران بکا و ئینگلستان ڕاحت و ئەمنییەتی بمێنێ.

ئەلیزابێت بە دژایەتی‌کردن لەگەڵ وەزیرەکانی، ئەوەی لە توانای دابوو بۆ ئاشتی لەگەڵ ئیسپانیا کردی و لە هاندان ورووژاندنی فیلیپ خوی پاراست. ئەوەش کاتی بۆ کڕی، کە پارە بۆ بنیاتنانی هێزی دەریایی بەریتانیا تەرخان بکا و هەروەها بە نهێنی بۆ زەرەر و زیان گەیاندن بە ئابووری ئیسپانیا کار بکا کە بە خاڵی لاوازی ئیسپانیای دەزانی. ئیمپراتۆری گەورە و بەربڵاوی ئیسپانیا لە دونیای نوێ (برجدید[1]) هێزی ئەو وڵاتەی زێدەتر کردبوو بەڵام ئەو ئیمپراتۆرییە زۆر دوور بوو. فیلیپ بۆ پاراستنی ئەو ئیمپراتۆرییە و قازانجی خۆی بە تەواوی پشتی بە کەشتییەکانی بەستبوو، تێچووی ئەو کەشتیانە دەبوو بە قەرزێکی زۆر کە لە بانکەکانی ئیتالیا جێبەجێی بکا، ئەگەرچی ژێرخانی ئیسپانیا لاواز بوو بەڵام قەرز وەرگرتنی ئەو لەو بانکانەدا بسترابووەوە بە تێپەڕبوونی سڵامەتی ئەو کەشتیانەی کە زێڕیان لە دونیای نوێیەوە(برجدید) بۆ ئیسپانیا دەگواستەوە.

بەم شێوەیە شاژن ئەلیزابێت گەورەترین کاپیتانی خۆی سیر فرانسیس دریکی، بۆ تاڵانی زێڕەکانی کەشتی ئیسپانیا ڕەوانە کرد و بڕیار وابوو هیچ کەس بە نهێنی فرانسیس و شاژن نەزانێ و وەک ئەوەی تەنیا کار بۆ خۆی و سوودەکەی هەر بۆ خۆی هەیە. فرانسیس لەگەڵ هەر کەشتییەکی کە دەستی بەسەر دادەگرت ڕێژەی سوودی قەرزەکانی فیلیپ بەرەو سەرەوە باڵی دەگرت، تاکوو لەپڕدا بانکدارەکانی ئیتالیا نرخەکەیان بەرز کردەوە ئەوەش نەک بەهۆی هەر زیانێکی وێیان دەکەوێ، بەڵکوو بەهۆی هەڕەشەی فرانسیسەوە بەرزیان کردەوە. فیلیپ بەهیوا بوو تا ساڵی ١٥٨٢ کەشتییەکانی خۆی بۆ شەڕ بەرەو ئینگلستان ڕەوانە بکا بەڵام ناچار بوو گەلالەی خۆی دوا بخا، بەمجۆرە ئەلیزابێت کاتێکی زیاتری بۆ خۆی کڕی.

هاوکات فیلیپ بە پێچەوانەی داواکاری وەزیرانی ماڵی و دارایی خۆی، لە چووک کردنەوەی کەشتییەکانی خۆی پاراست. دروست‌کردنی کەشتی گەورەتر بێ‌گومان کاتێکی زیاتری دەوێ ئەوەش قەرزێکی زیاتری دەویست. فیلیپ بەهۆی ئەوە کە شەڕ لەگەڵ ئینگلستانی بە ڕەساڵەتێکی ئایینی دەزانی و ڕێگای نەدەدا کە کەمایەسی ماڵی گیروگرفتی بۆ دروست بکا.[2]

ئەلیزابێت لەکاتێکدا بۆ بێ حورمەت‌کردنی فیلیپ کاری دەکرد بەشێکی گرنگی سەرچاوەکانی خۆی بۆ بنیاتنانی تۆڕی سیخوڕی ئینگلستان وەگەر خست. لە ڕاستیدا سیخوڕەکانی لە هەموو ئیسپانیادا

---

١.New world، "برجدید" بە بەشیکی گەورە لە وڵاتانی ڕۆژاوا بە تایبەتی ئەمریکا و دوڕگەکانی کارائیب و بەرمۆدا دەڵێن. ئەو وشەیە لە سەدەی شادەوە باوە، و.

٢. ئاشیل سەربازەکانی ترۆی قەتل‌عام کرد و تا نێو شاری ڕاونان و لەوێش خۆیان نەدەگرت. ئەپۆلۆ و پۆزیدۆن سوێندیان خوارد تۆڵەی خوێنی سیکنۆس و ترۆیلۆس بکەنەوە و بە یەکگرتوویی خۆیان شانازی و خودنمایی ئاشیل لەسەر جنازەی هیکتور تێک بشکێنن. ئەپۆلۆ کە دەموچاوی بە هەور داپۆشیبوو و لە پشت دەرگا وەستابوو، کەوانەکەی کێشا و تیرە ژەهراوییەکەی ئامانجی تەنیا بەشی لاوازی ئاشیل، کە پاژنەی پێی ڕاستی بوو، پێکای و پاشان بەدەست ئازارەوە گیانی لەدست دا. اسطورەهای یونان، جلد دوم، رابرت گریوز ١٩٥٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەگەڕ خست و ئاڵۆزترین دەزگای هەواڵگری لە ئورووپا پێکهێنا و لە هەموو جووڵەیەکی فیلیپ ئاگادار دەکرایەوە. ئەو بە تەواوی دەیزانی کە کەشتی "ئارمادا"ی ئیسپانیا چەندە گەورە دەبێ. هەر ئەوەش هەلی پێدا کە بانگ‌کردنی سوپا و یەدەگەکانی تا دوا سات دوا بخات و پووڵی حکومەت پاشەکەوت بکا. دواجار لە هاوینی ساڵی ١٥٨٨ هێزی دەریایی ئارمادای ئیسپانیا کە لە ١٢٨ کەشتی و ٢٠ کەشتی بادبانی گەورەی گاڵۆنی و ژمارەیەکی زۆر لە دەریاوان و سەرباز پێکهاتبوو، ئامادە بوو. ئەو کەشتییە قەبارەکەی بە ڕادەی هەموو هێزی دەریایی ئینگلستان دەبوو، سامانێکی زۆری تێچوو. کەشتیی ئارمادا لە هەفتەی دووهەمی مانگی ژوئیە [پووشپەڕ] لە لیسبۆنەوە سەفەری خۆی دەست پێکرد، بەڵام جاسووسەکانی ئەلیزابێت لەپێشدا بەتەواوی لە بەرنامەکانی ئیسپانیا ئاگاداریان کردبووەوە و ناوبراو توانی هێزێکی دەریایی بچووکتر و گەڕۆکتر بۆ سەرکوتی کەشتی ئارمادا لە مەسیری خۆیەوە بەرەو کەنارەکانی فەڕانسە ڕەوانە بکات، کەلوپەلەکانی هەموو نوقم بکا و بەگشتی پشێوی و ئاژاوە دروست بکا. "لۆرد هاوارد" وەک فەرماندەی کەشتی ئینگلیستان ڕاپۆرتی داوە: "هێزەکانی ئەوان زۆر و بەهێز بوون، بەڵام ئێمە پەڕەکانی یەک بە یەکمان هەڵکەند."

سەرەنجام کەشتیی ئارمادا لە بەندەری کالاس لەنگەری گرت تا لە گەل سوپای دیکەی ئیسپانیا لە وڵاتانی خوارەوە یەک بگرن. ئینگلیستان سوور بوو کە دەبێ پێش بە یەکگرتوویی ئەو هێزە بگرن. هەشت کەشتی گەورەیان ئامادە کرد و موادی تەقینەوەیان لێ بار کرد بەرەو شوێنی کەشتی ئارمادای ئیسپانیا ڕێ‌کەوتن. لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەشت کەشتییەکەی ئینگلستان لە بەندەرەکە تیمەکانیان ئاگریان تێبەردان و خۆیان فڕێدا خوارەوە و ئاکامێکی وێرانکاری و ترسناکی لێ کەوتەوە. دەیان کەشتی ئیسپانیایی لە بڵێسەی ئاگردا سووتان، هێندێکی دیکەیان لەشوێنێکی ئەمن دەگەڕان کە بە هۆی پەلەپڕوزەیی خۆیان پێک دا دەدا و دەتەقینەوە.

لەدەستدانی کەشتی و پێداویستییەکانی لە بەندەری کالاس وره و سیستمی ئیسپانیای وێران کرد و نەخشەی لەشکرکێشی هەڵوەشایەوە. ئەو کەشتی‌یانە کە مابوونەوە بۆ ئەوەی لە هێرشی ئینگلیس لەئەمان دابن ئاڵوگۆڕیان لە مەسیری خۆیاندا پێکهینا و لە بری ئەو بەرەو باشوور برۆن، بەرەو باکوور واتە لە دەوروبەری ئیسکاتلند و ئیرلەند سەریا دەرهێنا. ئینگلیزییەکان تەنانەت زەحمەتی پێوشوێن کەوتنیان بە خۆیان نەدا. ئەوان دەیانزانی کە لە ئاوەکانی پڕ مەترسی و سامداری ئەو ناوچەیە شتێک لە کەشتییەکان نامێنێ. تا ئەو کاتەی کەشتییە شکاوەکەی ئارمادا گەڕایەوە بۆ ئیسپانیا، چل و چوار کەشتی لەدەست دابوو و زۆربەی ئەوانی دیکەش زیانیان پێ‌گەیشتبوو و هەرگیز نەیانتوانی بچنەوە نێو دەریاوە. نزیکەی دوو لەسەر سێی دەریاوان و سەربازەکانی لە دەریادا نوقم بوون، لەکاتێکدا ئینگلستان یەک کەشتی لەدەست نەدا و کەمتر لە ١٠٠ سەربازی لەو شەڕە لەدەست دا.

سەرکەوتنێکی گەورە بوو، بەڵام ئەلیزابێت بۆ دەربرینی خۆشی و شادی هیچ درفەتێکی نەبوو، ناوبراو بۆ ئەوەی لە کاروباری ماڵی‌دا پووڵ پاشەکەوت بکا کەشتی هێزی دەریایی لەکار خست و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنانەت گوێی بە مشاویرەکانی نەدا کە هێرش بکەنە سەر وڵاتانی خوارەوە "سفلی" واتە (بلژیک و هلند)، بۆ ئەوەی پێگەی ئیسپانیا لاواز بکەن و سەرکەوتنەکانی زیاتر بکا. ئامانجی ئەو سنوردار بوو: لەنێوبردنی سەرچاوە داراییەکانی فیلیپ، وادارکردنی ئەو کە واز لەخەونەکانی لە باڵادەستی کاتۆلیک و هەروەها دامەزراندنی هاوسەنگییەکی هێز لە ئورووپا. لە ڕاستیدا ئەوە وەک گەورەترین سەرکەوتنی ئەلیزابیت ئەژمار دەکرا چونکە ئیسپانیا هەرگیز لە ڕووی داراییەوە لە کارەساتی کەشتیی ئارمادا نەیتوانی خۆی دەرباز بکا و زۆری نەخایاند بە تەواوی وازی لە نەخشەکانی بۆ سەر ئینگلستان هێنا.[١]

**لێکدانەوە**

شکستی ئارمادای ئیسپانیا بە یەکێک لە پڕ تێچووترین شکستەکانی مێژووی نیزامی ئەژمار دەکرێ. هێزێکی پلە دوو لە نەبوونی سوپایەکی سەقامگیردا توانی ڕووبەڕووی گەورەترین ئیمپراتۆری سەردەمی خۆی ببێتەوە. ئەوەی سەرکەوتنەکەی کردە مومکین، بەکارهێنانی ئەکسیۆمێکی نیزامی بنەڕەتی حەقیقەتی گشتی بوو کە بە خاڵە بەهێزەکانی هێرشی دەکردە سەر خاڵە لاوازەکانی دوژمن. هێزی ئینگلستان کەشتی چووکە بەڵام دینامیکی و تۆڕی هەواڵگری ئەو، و خاڵە لاوازییەکانی سەرچاوەی سنوورداری هێزی مرۆیی، چەک و پووڵ بوو. خاڵی بەهێزی ئیسپانیا سامانی گەورە و سوپا و هێزی دەریایی گەورە، و خاڵە لاوازییەکانی پێکهاتەیەکی لەرزۆکی دارایی سەرەڕای قەبارەی گەورەیی بەڵام خاوی و هێواشی کەشتییەکانی بوو.

ئەلیزابێت لە شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسپانیا خۆی پاراست چونکە خاڵی لاوازی خۆی دەزانی. لەبری ئەوە بە خاڵە بەهێزەکانی خۆی هێرشی بۆسەر خاڵە لاوازییەکانی ئیسپانیا کرد ئەو بە کەشتییە چووکەکانی کەشتیە گەورەکەی ئیسپانیای خافڵگیر کرد و زەبری کاریگەری لە سەرچاوەیماڵی دا و بە کەڵك وەرگرتن لە تێکنیکی تایبەت ماشێنی شەڕی ئیسپانیای ڕاگرت. ناوبراو توانی تێچووی شەڕ بۆ ئینگلستان کەم بکاتەوە و لەهەمان کات هەزینەی شەڕ بۆ ئیسپانیا چەند بەرابەر بکا و ئەو وڵاتە بەرەو شکست ببا. لەناکاو فیلیپ بێجگە لە قەبووڵی شکست هیچ بژاردەیەکی دیکەی لە بەردەمدا نەما. ئەگەر ئارمادا نوقم بوایە ئەوە بۆ ساڵانی داهاتوو هێزەکەی دەفەوتا، ئەگەر ئارمادا سەرکەوتوو بوایە ئەو سەرکەوتنە بە تێچووی زۆر باری گران بەدەست هاتبوو، کە ئەگەر هەوڵی بدایە لە خاکی ئینگلستان سوودی لێوەربگرن دیسان فیلیپ ڕووبەڕووی شکست دەبووەوە.

**لەبیرت بێ:** هیچ کەسێک یان گرووپێک بە تەواوی لاواز و یان بەهێز نییە. هەر سوپایەک هەر چەندی بەهێز بێ خاڵی لاوازی هەیە و شوێنێکی بێ پارێزگاری یان گەشەنەکردوو بەجێماوە،

---

١. بیرکردنەوەی ئابووری لە زەلیل‌بوون دوورمان دەخاتەوە. هەروەها سنووردارکردن لە دانانی هەلومەرجی جیهانیدا کاریگەرن، لە سروشتدا هێندێک سنوور بۆ هاوین و زستان، شەو و ڕۆژ هەیە و ئەو سنوورانەش لە یەک ساڵدا مانایان هەیە، بەهەمان شێوە ئابووریش بە دانانی سنوورێکی دیاریکراو بۆ خەرجییەکان، یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی سەرچاوەکان و زیان گەیشتن بە خەڵک پێشگیری دەکا. کتاب دگرگونی‌ها، چین، قرن هشتم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنانەت ڕادە یا ئەندازە دەتوانێ لە نیهایەت‌دا لاوازییەک بێ، بەڵام لاوازترین گرووپ مومکینە شتێکی هەبێ کە بتوانێ حیسابی لەسەر بکا و ئەوە هەمان خاڵی بەهێزی شاراوەیە. ئامانجی ئێوە لە شەڕ تەنیا ئەوەیە ئەنبارێکی تەقەمەنی ئاگر بدەن و هێزی ئاگرکردنەوەی خۆت نیشان بدەن تاکوو دوژمن ڕاو بنێن، بەڵام ئەو کارە بێ‌فایدەیە چونکە تێچوویەکی زۆری دەوێ و ئەوە زۆرتر وەک شێوەی شەڕی پارتیزانی دەچێ. نزیکبوونەوە لە دوژمن بە شێوەی زەربە بە زەربە و نیشاندانی هێز لە بەرامبەر هێزەکەیدا بە هەمان شێوە ناستراتیژییە. لەبری ئەوە سەرەتا خاڵە لاوازەکانیان ببینەوە: کێشەی سیاسی نێوخۆیی، بێ ورەیی، خراپی دابینکردنی دارایی، کۆنترۆڵی ناوەندی لەڕادەبەدەر و خۆبەزل‌زانینی ڕێبەری ئەوانە. لە کاتێکدا کە بە وریاییەوە لاوازییەکانی خۆتان بشاریتەوە و خاڵی بەهێزی خۆتان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەپارێزن و پاشان دەتوانن دووبارە و سێ‌بارە پاژنەی ئاشیل‌یان نیشانە بگرن. بەئاشکرابوون و چڕبوونەوە لەسەر خاڵە لاوازییەکانیان ورەیان لەدەست دەدەن و لەگەڵ ماندووبوونیان خاڵی لاوازی دیکەیان دەر دەکەوێ. پێویستە بە وردی خاڵی لاواز و بە هێزی خۆتان و دوژمن بزانی تاکوو بە هاویشتنی تیرێکی بچووك لە کەمانی خۆتەوە پاژنەی ئاشیلی دوژمنەکەت بپێکی تەنیا بەو تیرە "جالووت" قارەمانی خۆت لەگەڵ هەموو قەومەکەی بە دەسەڵات بگەیەنن.

ئۆوید (٤٣ پیش زایین تا ١٧ی زایینی) دەڵێ: *"سەرووەت و سامان منی هەژار کرد."*

**کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی**

حەقیقەت دەتوانرێ بە کۆمەڵێک سنووردارکردن پێناسە بکرێ کە کاریگەری لەسەر هەموو شتێکی زیندوو هەیە و ئەویش کە هەمان سنووری نێوان ژیان و مردنە. ئێمە وزەیەکی سنووردارمان هەیە کە پێش ئەوەی ماندوو بین بەکاری دەهێنین. هەروەها بە ڕێژەیەکی سنووردار خواردن و سەرچاوەمان هەیە، لێهاتوویی و تواناکانمان حەدوحدودی هەیە. ئاژەڵیش لە سنوورێکدا دەژی هەوڵی ئەوە نادا زیاتر لە ئاستێک بەرز لە توانای خۆی بفڕێ یان لە توانای خۆی خێراتر ڕابکا یان وزەیەکی زۆر بۆ کۆکردنەوەی خواردەمەنی خەرج بکا چونکە ئەو هەوڵدانە زۆر ماندووی دەکا و کاتێک کە تووشی هێرشی دوژمنەکانی دەبێ توانای خۆڕاگری نامێنێ و تووشی زیانی دەکا. یەک ئاژەڵ هەرچی هەیەتی کەڵکی لێ وەردەگرێ، بۆ نموونە پشیلە، بە غەریزەیی زنجیرەیەک جووڵە و مەشق دەکا و دووبارەی دەکاتەوە و هەرگیز کات و وزەی خۆی بەفیڕۆ نادا. ئەو کەسانەی کە لە هەژاریدا دەژین بە هەمان شێوە بە توندی ئاگاداری سنوورەکانی خۆیانن ئەوانە ناچارن سوود لە هەر شتێک وەربگرن کە هەیانە و ئەو سنووردارکردنە شتی نوێ و داهینان‌یان بۆ پێک دێنێ. نیاز و پێداویستی کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر دەست پێشخەری و داهێنانی ئەوان هەیە.

گەورەترین کێشەی کەسانێک کە لە کۆمەڵگای دەوڵەمەندا دەژین ئەوەیە کە هەستی سنوورداری لەدەست دەدەن. ئێمە زۆر بە وردی لەبەرامبەر مەرگ‌دا خۆمان دەپارێزین و دەتوانین چەندین مانگ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنانەت ساڵەها بێ ڕاوەستان و بێ ئەوەی بیری لێ بکەینەوە درێژە بە ژیان بدەین، هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕەین کە کاتێکی زۆرمان هەیە بەڵام هەر ئەو باوەڕە بەرەبەرە لە ڕاستییەکان دوورمان دەخاتەوە و پێمان وایە وزەیەکی فراوان‌مان هەیە و بەسادەیی و کەمێک هەوڵ‌دانی زیاتر دەتوانین بە پێگە و مەوقعییەتێکی کە دەمانهەوێ، پێی بگەین. هەموو شتێک و لەوانە ئیرادەی باشی دۆستان، ناوبانگ و سامان بە بێ سنوور دەبینین. چەند کتێبێک دەخوێنینەوە و دەچینە چەند پۆلەوە پێمان وایە ئێستێعداد و بەهرەکانمان بێ سنوورن و گەیشتوینە ئاستێک کە بتوانین مرۆڤی جیاواز بین و تێکنۆلۆژی هەموو شتێک دەخاتە بەردەستمان.

زۆر و زەوەندی و سەروەت و سامان خەونەکانمان دەوڵەمەندتر دەکا چونکە لە خەون و خەیاڵدا سنوورێک نیە، بەڵام لەڕاستیدا فەقیر و هەژارمان دەکا، سەروەت و سامان لە ئێمە کەسانی تەنبەل، نەوی و لار دروست دەکا. ئێمە بەو شتەی کە هەمانە ڕازی دەبین بۆ ئەوەی تێبگەین کە زیندووین پێویستمان بە شۆکی بەردەوام هەیە. لە ژیاندا دەبێ شەڕکەر بین و شەڕیش لەسەر بنەمای واقیع‌گەرایی و ڕیالیزم دامەزراوە. خەڵک لە خەون و خەیاڵە بەردەوامەکانیان‌دا بەدوای جوانی‌دا دەگەڕێن، لەکاتێکدا شەڕکەران جوانی لە ڕاستییەکان‌دا، لە تێگەیشتن و زانینی بەربەست و سنوورەکان‌دا بۆی دەگەڕێن و هەروەها جوانی لە زیاترین کەڵک‌وەرگرتن لەوەی هەیانەدا دەبینن. ئەوان وەک پشیلەیەک بەدوای باشترین ئابووری جووڵەدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی بە کەمترین وزە زۆرترین هێز بە زەربەکانی ببەخشن. ئەوەی کە دەزانن ڕۆژەکانی ژیانیان کورتە و لەوانەیە لە هەر ساتێکدا بمرن، ئەوانە لە واقعییەتدا ڕادەگرێ. شتگەلێک هەیە کە هەرگیز ناتوانن ئەنجامی بدەن، ئامانجی بەرز هەیە کە هەرگیز پێی ناگەن و ئەوە زۆر ئازاریان دەدا. شەڕکەران سەرنجیان لەسەر ئەو شتانە دەبێ کە هەیانە و ئەو هێزەی هەیانە. ئەوان لە سەر هەمان شت کە هەیانە بە ڕوانینێکی داهێنەرانەوە بەکاری دێنن چونکە دەزانن کەنگێ حەرەکەتیان هێواش بکەنەوە، کەنگێ هێزیان تازە بکەنەوە و کەی خێرایی کەم بکەنەوە، نەیار و دوژمنەکانیان لە نێو دەبەن و بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەمێننەوە.

لە ساڵانی کۆتایی دەسەڵاتی داگیرکاری فەڕانسە لە ویتنام و لە ماوەی شەڕی ویتنامدا، فەرماندەی نیزامی خەباتکارانی ویتنام، ژێنراڵ "وو گین جیاپ" بوو. سەرەتا ڕووبەڕووی فەڕانسە و پاشان ئەمریکا بووەوە کە سەرچاوەیەکی زۆر گەورەی، دەسەڵاتی شەڕاشۆ و هیزێکی ڕاهێنراو و پەروەردە کراویان هەبوو. سوپاکەی جیاپ لە کۆمەڵێک وەرزێڕی نارازی پێک‌هاتبوو بەڵام ورە و هەستێکی قووڵ‌یان بە ئامانجیان هەبوو لەوە زیاتر هیچی دیکەیان شك نەدەبرد. جیاپ بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی هیچ ماشێنی نەبوو و کەل و پەلی پێوەندی گرتن هی کۆن و سەدەی نۆزدەهەم بوو. چین پێشنیاری یارمەتی ماڵی ماشێنی بارهەڵگر، ڕادیۆ، چەک و ڕاهێنانی پێکردن، بەڵام جیاپ ئەم پێشنیارانەی بە تەڵە زانی. هۆکاری سەرەکی کە پێی وابوو ئەگەر لەو یارمەتییە کەڵک وەرگرن ئاکامەکەی ئەوە دەبێ

کە ویتنامی باکوور پلەیەک نوشوست دەکا. بۆیە ناوبراو ئەوەی هەڵبژارد کە هەرچی هەیەتی زۆرترین کەڵکی لێ وەربگرن و لاوازییەکانی سوپاکەی کردە باشی و چاکە.

بارهەڵگرەکان لە ئاسمانەوە دەبینران و ئەمریکاییەکان بەدڵنیاییەوە دەیانتوانی لە ئاسمانەوە بۆمبارانی بکەن بەڵام نەیانتوانی بۆمبارانی هێڵەکانی دابینکردنی تەجهیزات بکەن چونکە نەیاندەتوانی ببینن. بۆیە داوای لە سوپاکەی کرد کە پێداویستیەکانیان بە کۆڵی خۆیان هەڵگرن و کاتێک دەگەیشتنە سەرچۆمێک یان ڕووبارێک، بەسەر ئەو پردانەدا بپەڕنەوە لە پەت یان تەناف کە هەر ئەو کاتە دروست کرابوون. ئەمریکاییەکان تا کۆتایی شەڕ هێشتا هەوڵیان دەدا ئەو ڕاستییە بدۆزنەوە کە سوپای ویتنامی باکوور چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە چەکوچۆڵ و کەرەسەی دیکە بۆ سوپاکەی دابین دەکرد.

لە لایەکی دیکەوە جیاپ تاکتیکەکانی شەڕی پارتیزانی بەکار هێنا و ئەوەش توانایەکی گەورەی بۆ لەنێوبردنی هێڵەکانی دابینکردنی کەرەستەی ئەمریکایی پێبەخشی. ئەمریکاییەکان بۆ گواستنەوەی کەرەسەی شەڕ و سوپاکەی لە هێلیکۆپتێر کەڵکیان وەردەگرت کە قودرەتی مانۆڕ و جووڵەی زۆری پێ دابوون، بەڵام لە نیهایەتدا شەڕ دەبوو لە شێو، دۆڵ، لێرەوار و دارستانەکاندا بکرێ. جیاپ بە کەڵک وەرگرتن لە دارستان و لێڕەوارەکان بۆ پووچەڵ کردنەوەی هێزی هەوای ئەمریکا ماندووکردن و بڵاوەپێکردنی سەربازانی پێڕەوی ئەمریکا و خۆحەشاردانی هێزەکانی خۆی زۆر داهێنەرانە ئەرکەکانی بەڕێوە برد. ناوبراو نەیدەتوانی لە شەڕێکی کراوە (ڕووبەڕوو) و پڕ لەگێژاو لەگەڵ سپای ئەمریکادا هیوای بەسەرکەوتن هەبێ چونکە ئەوان چەکی پێشکەوتوو و مەوقعییەتی باڵایان هەبوو، لەو سۆنگەیەوە هەموو هەوڵەکانی لەسەر هێرشی ڕەمزی و ناوازە چڕ کردەوە تاکوو ورەی سەربازانی دوژمن لاواز بکەن و لانیکەم کاتێک هەواڵی شەڕ لە ڕاگەیەنەکانی ئەمریکا بڵاو دەبووەوە با خەڵک بزانن کە ئەو شەڕە هیچ فایدەی نیە. جیاپ بە کەمترین ئیمکاناتی کە لەبەر دەستی دابوو زۆرترین کاریگەری دانا.

کردەوە و ئەنجامی ئەو سوپایانەی کە پێیان وایە خاوەنی باشترین کەرەستە و قودرەتی نیزامی و دەوڵەمەندترین سەرچاوەی داراییان لەبەردەستدایە، پێش‌بینی‌کراوە. لەبری ئەوەی سەرنجیان لەسەر زانست و ستراتیژی بێ، پشت بە کەرەستەی خۆیان دەبەستن و لە ڕووی زەینەوە خاو و تەمبەڵ دەبن. کاتێک تووشی کێشەیەک دەبن ڕێگاچارەیان ئەوەیە کە لەوەی هەیانە زۆر زیاتری بکەن بەڵام ئەوەی هەیانە ناتوانێ سەرکەوتنی پێ بەدەست بێنێ، بەڵکوو شێوەی کەڵک وەرگرتن دەتوانێ سەرکەوتنی بۆ مسۆگەر بکا. هەرکات کەمترت هەبێ خۆی ئوسووڵەن خەللاق و داهێنەرتر دەبن. خلاقییەت و وەدیهێنانی شتی نوێ پوانی زیاتر پێدەدا، کە دوژمنی وابەستە و بەستراوە بە تێکنۆلۆژی لێی بێ بەرییە، واتە زیاتر فێر دەبن و گونجاوتر دەبن و وشیارانەتر لە دوژمن ڕەفتار دەکەن. ئێوە کە ناتانهەوێ سەرچاوەی سنووردارتان بەهەدەر بڕوات بە باشترین شێوە کەڵکی لێ وەردەگرن. ئێستا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیدی کاتیش هەنگاوەکانی لەگەڵ ئێوە یەکگرتوو دەبێ.

ئەگەر سەرچاوەی ئێوە کەمتر لەهی دوژمنە نائۆمێدی ناوێ. بەردەوام دەتوانن بەستراتیژی ئابووری ورد و دەقیق لاپەڕەکە بسوورێنی. ئەگەر ئێوە لەگەڵ دوژمن هاوسەنگی یەکەن، هەبوونی زیاتری کەرەستەی شەڕ ئەوەندە گرنگ نییە، لە بری ئەوە بەکارهێنانی دروست و گونجاوی سەرچاوەکان گرنگە. هەروەک پاپلۆ پیکاسۆ دەڵێ: "تەنانەت ئەگەر دەوڵەمەند بووی هەزارانە ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکە." فەقیر خەللاقترە و زۆر کات خۆشتری دەگوزەرێنن چونکە ئەوەی هەیانە بایەخی پێدەدەن و سنوورەکانی خۆیان دەناسن. هێندیک جار ستراتیژی حوکم دەکا کە هێزی زیاتر خۆتان پشتگوێ بخەن و خۆتان ناچار بکەن کە لە کەمترین شتەکان زۆرترین سوود وەربگرن، تەنانەت ئەگەر تێکنۆلۆژی هەبێ وەک وەرزێران خەبات بکەن.

مەبەستم ئەوە نیە کە خۆتان چەک بکەن یان باشییەکانی خۆتان پشتگوێ بخەن. لە عەمەلیاتی گەردەلوولی بیابان، کە هەمان عەمەلیاتی دەرکردنی عێراق لە خاکی کویت لە جەریانی شەڕی ساڵی ١٩٩١ دا بوو، ستراتیژیستەکانی نیزامی ئەمریکا لە تێکنۆلۆژی بەهێزی خۆیان بە تایبەتی لە هێزی ئاسمانی کەڵکی باشیان لێ وەرگرت بەڵام بۆ سەرکەوتن پێی پشت ئەستوور نەبوون، ئەوان لە خراپکاری بیست ساڵ پێشتر لە ویتنام ئەزموونیان وەرگرتبوو و مانۆڕەکانیان نیشانەی حەرەکاتی فێڵبازانە و کەڵک وەرگرتن و بەکارهێنانی حەرەکەت لە شێوازی پێشمەرگە و چریکی بە ژمارەیەکی کەمتر نیشان دەدا. پێکهاتەی تێکنۆلۆژی پێشکەوتوو و حەرەکاتی نوێی کاریگەری وێرانکەری لەسەر عێراق هەبوو.

شەڕ هاوسەنگی ئامانج و کەرەستەکانە. ڕەنگە ژێنراڵێک باشترین گەڵاڵەی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو هەبێ، بەڵام تا کاتێک کەرەستەی گونجاوی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە نەبێ گەڵاڵە و پلانەکەی بێ بایەخ دەبێ. ژێنراڵە ژیرەکان لە ڕێگەی ئەزموونی ساڵانێک فێربوون کە بە تاقیکردنەوەی ئەو کەرەستانە لەبەردەستیاندایە دەست پێدەکەن و دواتر لە دڵی ئەم ئامراز و کەرەستانەوە ستراتیژی خۆیان پەرە پێدەدەن. ئەوە هەمان کار بوو کە هانیباڵی بە ستراتیژیستێکی هوشیار پێگەیاند. هانیباڵ سەرەتا بیری لەوە دەکردەوە کە چی هەیە و لە بەر دەستیدایە، پاشان ئارایشی سوپاکەی و دوژمنی لەبەرچاو دەگرت و دواتریش سوار و پیادەی دوژمنی لەگەڵ هێزەکانی خۆی بەراورد دەکرد و هەڵی دەسەنگاند، هەر لەو کاتەدا ڕووبەری جوغرافیای لەبەرچاو دەگرت و بیری لەکەش و هەوا و ورەی هێزەکانی دەکردەوە. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە بناغەیەکی باشی هەبێ نەک تەنیا بۆ پلانی هێرشبردن، بەڵکوو بۆ ئەو ئاکامەی کە دەیهەوێ لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا بەدەستی بێنێ. لەبری ئەوەی وەک زۆرێک لە ژێنراڵەکانی دیکە لە ڕێڕەوی خەباتدا قوڵف بکا بەردەوام کەرەستەکانی خۆی لەگەڵ ئامانجەکانی دەگونجاند و ئازادیی کردەیی دروست دەکرد. ئەوەش سوودی ئەو ستراتیژییە بوو کە چەندین جار بەکاری هێنا.

جارێکی دیکە کە دەست بە چالاکی یان عەمەلیاتێک دەکەن تاقیکردنەوەیەک ئەنجام بدەن. بیر لە ئامانجی پتەو یان خەونی خۆش مەکەوە و ستراتیژی لەسەر کاغەز مەکێشەوە، لەبری ئەوە بە وردی بیر لەوە بکەوە کە ئێستا چ کەرەستە و موادێک لەبەردەست دایە. خۆتان لە خەون و پلانەکاندا نوقم مەکەن، بەڵکوو خۆتان لە ڕاستی‌دا نوقم بکەن. گرنگی بە توانایی و لێهاتوویی و بەرژەوەندی سیاسی و وورەی هێزەکانت بدە و پاشان بزانە چۆن لە کەرەستەکانی بەردەست بە شێوەیەکی داهێنەرانە بەکاری بێنی بۆ ئەوەی گەڵاڵە و ئامانجەکانت لەم ڕەوتانەدا گەشە بکەن. ئێستا ستراتیژیی ئێوە واقیعی‌تر و بەهێزتر و داهێنەرتر دەبن. خەون بینین بەو شتەی کە دەتهەوێ و دواتر هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی کەرەستەی پێویست، ڕێچکەیەکە ماندوت دەکا، بەفیڕۆت دەدا و شکستت تووش دەکا.

ئابووری ورد و دەقیق لەگەڵ هەرزانی بە هەڵە مەگرن. بەو ڕادەیەی کە سوپاکان وێڵخەرجییان کردووە، سوپاش هەیە بە هۆی ڕەزیلی و چنۆکی شکستیان خواردووە. کاتێک ئینگلستان لەشەری یەکەمی جیهان‌دا هێرشی بۆ تورک کرد هیوای ئەوەبوو کە شەڕەکە بباتەوە و دواتر لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ئاڵمان هێرش بکا، ئینگلیس کاری خۆی بە ناردنی چەند کەشتییەکی زەبەلاح بۆ قوستەنتەنییە دەست پێکرد و سەرەتا پێشڕەوی باشی کرد بەڵام دوای چەند هەفتەیەک بەشێک لە کەشتییەکانی نوقم بوون و زیانی گیانی زۆر لەوە زیاتر بوو کە چاوەڕوانی لێ دەکرا، ئەو ڕووداوە پێشبینی‌نەکراوە زۆر بە گران کۆتایی هات، هەر بۆیە ئینگلستان کەمین‌نانەوەی لە ئاودا وەدوا خست و بڕیاری دا لەبری ئەوە سوپا لە نیمچە دوورگەی گالیپۆلی دابەزێنێ شەڕ لەسەر وشکایی درێژە بدا. پێیان وابوو ئەو ڕێگەیە بێ‌ترس زیانی کەمتری بۆ سوپاکەیان هەیە. بەڵام پاش ماوەیەک دەرکەوت کە ئەو شێوازەش هەزاران کوژراوی دەبێ و بە هیچ جێگایەک ناگەن، هەر بەو هۆکارە هاوپەیمانان قشوونی خۆیان بۆ دواوە کێشایەوە. ساڵەکانی دواتر ئەسناد و بەڵگەکانی تورکیە ئەو نهێنییەی ئاشکرا کرد کە کەشتییەکانی ئینگلستان لەسنووری سەرکەوتن دابوون تەنیا ئەوەندە یەک یا دوو ڕۆژی دیکە شەڕیان کردبوایە قوستەنتەنییە داگیر دەکرا. ئینگلستان لەڕادەبەدەر لە ڕووی ئابوورییەوە بیری کردبووەوە و ئەگەر لەو بوارەدا زۆر قووڵی بیر نەکربوایەوە شەڕەکە بە سەرکەوتنی خۆیان کۆتایی پێ دەهێنا، بەڵام لە دوا ساتەکان‌دا زەبرەکانی بۆسەر تورک کەم کردەوە چونکە لە تێچووی شەڕ نیگەران بوو. لە کۆتاییدا هەوڵدان بۆ سەرکەوتنی کەم‌تێچوو، بەپێچەوانە تێچووی یەکجار زۆری لێ دەکەوێتەوە.[١]

١. هەموو سنووردارکردنێک بەهایەکی هەیە، بەڵام سنووردارکردنێک کە پێویستی بە هەوڵی بەردەوام هەیە، پێویستی بە وزەیەکی زۆر هەیە. لە هەموو حاڵەتێکدا سنووردارکردنی سروشتی هەیە، وەک ئاوێک کە تەنیا لە شاخێکەوە دەێتە خوارەوە، هەمیشە سەرکەوتوو دەبێ، چونکە مەبەستەکەی پاشەکەوتکردنی وزەیە، بەڵام ئەو وزەیەی کە لە هەوڵێکی بێهودەدا بۆ شەڕکردن لەگەڵ شتێکدا خەرج دەکرێ، بە دڵنیاییەوە لە سەرکەوتنی ئەو شتەدا کۆتایی دێت نەک سەرکەوتنی شەڕکەرەکە. ئی چینگ یا کتاب

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەواتە بەو ئاکامە دەگەین کە ئابوورییەکی ورد و دەقیق بە مانای عەنبارکردنی سەرچاوەکان و پاراستنی ئابووری نیە، مانای ئەم کارە دەستپێوەگرتن و ئابووریانە بیرکردنەوە نیە، بەڵکوو ڕژدی و ڕەزیلیە کە ئەویش بە مانای شکستی مەرگ‌هێنەر لەشەڕ دایە. ئابووریی ڕێکوپێک بە واتای دۆزینەوەی ئامرازی زێڕین و ئاستێکە کە لەودا قورسایی گورزەکانی ئێوە ئەژمار بکرێ، نەک ئێوە ماندوو بکات. ئەگەر لەڕادەبەدەر بیر لە ئابووریی بکەیەوە زیاتر ماندوو دەبن و شەڕەکە درێژتر و تێچووی زیاتر دەبێت بەبێ ئەوەی توانای لێدانی زەبری کۆتایی بە ئێوە بدا.

زۆرێک لە تاکتیکەکان قەرزداری ئابوورین لەشەڕدا. تاکتیکی یەکەم: بریتییە لە بەکارهێنانی فێڵوکەڵەک، کە تێچووی تاڕادەیەک کەمی هەیە بەڵام ئاکامێکی گەورە لێ دەکەوێتەوە. لە کاتی شەڕی جیهانی دووهەمدا هاوپەیمانان زنجیرەیەکی فێڵوتەڵەکەی ئاڵۆزیان بەکار هێنا بۆ ئەوەی ئاڵمانییەکان باوەڕ بکەن لە چەندین ئاراستەی جیاوازەوە چاوەڕوانی هێرش بکەن و بخرێنە ژێر فشارەوە تا فەزاکە تەسک بکەنەوە. عەمەلیاتی هیتلێر لە ڕووسیە بەهۆی پێویستی پاراستنی سەربازەکانی لە فەڕانسە و باڵکان بۆ بەرگریکردن لە هێرشەکانی ئەو ناوچەیە زۆر لاواز دەرکەوت و جێگای سەرنجە کە هێرش لەو ناوچانە هەرگیز ڕووی نەدا. فێڵوفریودان باشترین تاکتیکە بۆ قازانجی ئەو لایەنەی کە لە ڕووی ئیمکاناتەوە لاوازە، هونەری فێڵ‌کردن لە کۆکردنەوەی زانیاری و بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست و کەڵک‌وەرگرتن لە پڕوپاگەندە لە سەر خراپەی شەڕ لە ئۆردوگای دوژمن دا.

دووهەم: بە دوای ئەو نەیارانەدا بگەڕێن کە دەتوانی لەنێویان ببەن، خۆتان لەو دوژمنانەی کە هیچی لەدەستیان نایە دوور ڕابگرن، ئەوانە ئامادەن ئەوەندەی پێویستیان پێیەتی خەرجی بکەن تاکوو ئێوە بە چۆک دابێن. لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئۆتۆ فۆن بیسمارک بە پاڵپشتی نەیارە لاوازەکانی وەک دانمارک سوپای پڕۆسی دروست کرد. سەرکەوتنە ئاسانەکان وەرەی سوپا بەرز دەکەنەوە و متمانەی زیاتر بە ئێوە دەکەن و خێرایی کردوەتان پێ دەبەخشن و لە هەمووی گرنگتر تێچووتان کەم دەکەنەوە.

هێندێک جار حیساباتی ئێوە هەڵە دەردەکەون ئەوەی کە پێتوایە ئاسان بەدەست دەگا، سەختر دەبێت. ناکرێ هەموو شتێک بە باشی پێش‌بینی بکرێ. گرنگ ئەوەیە کە شەڕی خۆتان بە سەرنجەوە هەڵبژێرن و بزانی چ کاتێک شکستت قەبووڵە و پاشەکشە بکەن. لەساڵی ١٩٧١ دوو کەسی بۆکسۆڕ محەممەد عەلی کلی و جوفریزر، هەر دووکیان لە لووتکە دابوون و لە هورووژێنترین وەرزشکارانی مێژوو ئەژمار دەکران. ململانێکە بەڕاستی خەڵکی ماندوو دەکرد. فریزر بە بڕیارێک لە چەلی (ڕاند) پازدەدا لە محەممەد عەلی بردەوە. هەردووکیان زەربەی باشیان لێک دا و ئازاری زۆریان دیت.

---

دگرگونی‌ها، چین قرن هشتم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

محەممەد عەلی کە بەدوایی قەرەبووکردنەوەی شکستەکەی دابوو، سێ ساڵ دواتر لەساڵی ١٩٧٤ بە هەمان ڕادەی سەخت پازدە چەل شەڕی کرد و بە بڕیارێکی دروست سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بەڵام هیچکام لەو دوو بۆکسۆڕە خوشحاڵ نەبوون. چونکە ئاکامی باشتر و یەکلاکەرەوەیان دەویست. بۆیە لە ساڵی ١٩٧٥ جارێکی دیکە ڕووبەڕووی یەک بوونەوە، ئەو ململانێیە بە ناوی ململانێ "توندوتیژانە لە مانیل" ناوبانگی دەرکرد. ئەمجارە محەممەد عەلی لە ڕاندی چاردەهەمدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام هیچکام لەو دوو وەرزشکارە هەرگیز وەک ڕابردوو نەبوون. ئەوان لەو سێ ململانێ‌یەدا کە ڕووبەڕووی یەک بوونەوە بڕستیان لێ بڕابوو و تەمەنی مانەوەیانی لە گۆڕەپانی مشتەکۆڵێدا کورت کردبووەوە. تووڕەیی و خۆبەزلزانی توانای بیرکردنەوەی ژیرانەی لێ ئەستاندبوون. بۆ ئەوەی نەکەونە وەها داوێکەوە، دەبێ بزانن کە چ کاتێک بوەستی. بۆ غرور یان بۆ سەلماندنی ڕاستی خۆتان، خەریکی ململانێیەکی تاقەت‌پڕوکێن مەبن، ئەو جۆرە شەڕانە باجێکی قورسیان هەیە.

سەرەنجام هیچ شتێک لە کاروباری مرۆڤدا وەک خۆی نامێنێتەوە، بە تێپەڕبوونی کات هەموو هەوڵەکان خاو دەبنەوە. جۆرێک بەریەککەوتن و لێکخشان (اصطکاک) یان بەهۆی ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکانی دەرەکی یان بەهۆی ڕەفتاری خۆتانەوە دروست دەبێ و ئەگەر بتهەوێ بڕۆیتە پێش، پێویستە یارمەتی لە هێزی خێرایی وەربگرن. لە دەستدانی ئەوەی هەتە تێگیران دروست دەکا و وزە و ڕوحیەی ئێوە کەم دەکاتەوە. ئێوە خۆتان هۆکاری خاوکردنەوەی کارەکان دەبن. لە لایەکی دیکەوە شەڕی ئابوورییانە خێرایی لە گەل خۆی دەهێنێ. ئاستی خۆتان بدۆزەوە، هاوسەنگییەکی لە نێوان توانایی خۆتان و ئەو ئەرکەی کە لەبەر دەستدایە بدۆزنەوە کاتێک ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدەن نە لە سەروی بەهرەکانتەوە بن و نە لە خوار بەهرەکانتەوە، بەڵکوو لە ئاستی تۆ دابن، نە ماندوو و نە نائۆمێد دەبن. لەناکاو وزە و خلاقییەتی نوێ بەدەست دێنن. شەڕکردن بە ئابووریی تەواو وەک ئەوە وایە بە هەمان ئاست بگەن، ئیدی بەرگرییەک لە سەر ڕێگات نامێنی و وزەی زیاتر ئازاد دەکرێت. سەیر لەوەدایە زانینی سنوورەکان ئیمکاناتی تۆ بەربڵاوتر دەکا و بەکارهێنانی باش و گونجاو لەو شتانەی کە هەتە ڕێگات پێ دەدا بژاردەی زیاتر هەبێت.

**بیهێنە بەرچاوت:** مەلەوانێک. ئاو بەرەنگاری دەبێتەوە، تەنیا دەتوانی تا ڕادەیەکی سنووردار بجووڵێ. هێندێک لە مەلەوانەکان شڵپ و کوت دەکەن و هێزی خۆیان بەکار دێنن بۆ ئەوەی خێراتر بڕۆن، بەڵام تەنیا شەپۆلی زیاتر دروست دەکەن. هێندێکیان زۆر ئارامن، هێندە بە هێواشی قاچیان ڕادەوەشێنن کە بە ئاستەم دەجووڵێن. مەلەوانە مامناوەندەکان بە ئابوورییەکی وردەوە فشار دەخەنە سەرەوەی ئاوەکە و ئاوی پێش خۆیان بە مەندی و سافی دەهێڵنەوە. ئەوان تا ئەو شوێنەی ئاو ڕێگەی دەدا بەرەوپێش دەڕۆن و بە لێدانێکی بەردەوام مەودای زۆر دەبڕن.

فردریش نیچە باس لەوە دەکات: *"هێندێک جار بەهای شتێک لەوەدا نییە کە کەسێک بە بەدەستهێنانی دەتوانێ شتی دیکە بەدەست بێنێ، بەڵکوو لە تێچووی شتێکدایە، کە بۆی هەیە."*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### حاڵەتی دەگمەن

شەڕکردن بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئابوورییەکی ورد بێ بایەخ و مانای نیە. بەڵام هێندێک جار تەنیا لەبەر ئەوە باشە کە دوژمن ناچار دەکەن سەرچاوەکانی بەفیڕۆ بدا. ئەوە دەتوانی لە ڕێگەی تاکتیک و ڕاکردنەوە ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی بە هەر نرخێک بێ واداری بکەی پێوشوێنت بکەوێ. فێڵی لێ بکەی کە وا بیر بکاتەوە بە هێرشێکی قورس ئێوە تێک دەشکێنێ. پاشان بە شەڕێکی درێژخایەن و شەکەتهێنەر بەرپەرچی هێرشەکەی بدەنەوە بۆ ئەوەی کات و سەرچاوەیەکی زۆر لەدەست بدا. دوژمنێکی ماندوو کە وزەی خۆی بە لێدانی زەبری بێئاکام بەهەدەر دەدا، زۆر زوو تووشی هەڵە دەبێ و بە دوای بازنەی چەوتی دژەهێرشی بێ کەڵکدا دەسووڕێتەوە.

# ستراتیژیی نۆیەم:
# تۆ لەو لای وەرەوە (تۆ پێچەوانە وەرەوە).
# ستراتیژیی دژە هێرش

لە زۆربەی کاتەکان‌دا ئەگەر یەکەم هەنگاو بنێی و شەڕەکە دەست پێ‌بکەن زۆرجار بە زیانی تۆ دەشکێتەوە: بەو کارە ستراتیژی خۆتان ئاشکرا و بژاردەکانی خۆتان سنووردار دەکەنەوە، لەبری ئەوە هێزی پاشەکشە لە خۆتان‌دا بدۆزنەوە، بەستێن بۆ یەکەم جووڵەی دوژمن خۆش بکەن، ئەو هەنگاوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە هەر لایەکەوە پێتان خۆش بێ دژەهێرش بکەنە سەر دوژمنەکەتان، ئەگەر دژبەرەکانتان شەڕفرۆش و هێرشبەرە، دانیان بۆ دانێن و بیان کێشنە نێو شەڕێکی بەپەلەوە بۆ ئەوەی بە لاوازی بێنە بەردەست‌تان. فێری ئەوە بن لە پەلەپەل و تامەزرۆیی ئەوان بۆ دەسبەسەرکردنتان، کەڵک وەربگرن و هەر ئەوە بە مەبەستی تێکدانی هاوسەنگییان بەکار بێنن. لە ساتە سەختەکاندا نائۆمێد مەبن و پاشەکشە مەکەن، هەر بارودۆخێک مومکینە پێچەوانە بێتەوە. ئەگەر فێر بی چۆن سەبر و حەوسەلەت بێ بۆ دژەهێرشی پێش‌بینی‌نەکراو چاوەڕێ بکەن، لاوازییەکانت دەبێ بە توانایەکی بەهێز.[1]

**هێرشی شاراوە**

ناپلیۆن مانگی سپتامبری [خەرمانانی] ۱۸۰۵ لەگەڵ گەورەترین قەیرانی تەمەنی خۆی ڕووبەڕوو

---

۱. تێکنیکی هاوتاکردن لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی دوژمن پێویستی بەوە هەیە سەرەتا دیاری بکەن کە باوەڕی چییە و چی دەوێ، پاشان بە ڕواڵەت لەگەڵ خواستەکانی هاوتا بن، تا دەتوانی سوود لە دۆخەکە وەربگری، پێناسە: کاتێک دوژمن ویستی شتێک وەربگرێ و تۆ هەرزانت کردووە، مانای وایە کە تۆ بە پێی "سازگاری لەگەڵ" چاوەڕوانی دوژمن دەجووڵێیەوە. بەگشتی کاتێک دژایەتیکردنی شتێک تەنیا بەهێزتری دەکا، باشترە بۆ چارەسەری بگونجێی، ئەگەر دوژمن ویستی پێشڕەوی بکا بەتەواوی نەرم و نیان بن و لاوازی نیشان بدەن بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتن، ئەگەر دوژمن ویستی پاشەکشە بکا، پەرش و بڵاو بێ و ڕێگای پاشەکشە نیشانی بدەن. ئەگەر دوژمن پشتی بە بەرەیەکی بەهێز بەستووە، کەمێك لە دوورەوە بوەستە، بە ئاگادارییەوە هەڵوێستی بەرگری بگرە بۆ ئەوەی شایەتحاڵی گەمژەییەکەی بێ. ئەگەر دوژمن پشتی بە هەست و جۆش و خرۆشی بەست، لە دەرەوە بە ڕواڵەت ڕێزی لێ بگرە، بەڵام چاوەڕێی لاوازییەکەی بکەن. بیبە بۆ پێشەوە و پوششی بدە، ئازادی بکە و دەستی بەسەردا بگرە. خۆبەزلزانینەکەی بەکار بێنە بۆ ئەوەی شایەتحاڵی لاوازییەکەی بێ. متون کهن سلسله مینگ، رالف دی، سایر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووەوە. ئوتریش و ڕووسیە لە هاوپەیمانییەکدا دژی ناوبراو یەکیان گرت. قشوونی ئوتریش لە باشوورەوە هێرشی کردە سەر سەربازەکانی فەڕانسە و باکووری ئیتالیای داگیر کرد. لە ڕۆژهەڵاتەوە ژێنراڵێکی ئوتریشی بەناوی کارێل مەک هێزێکی گەورەی ڕەوانەی شاری باواریا کرد. هەروەها سوپایەکی گەورەی ڕووسیە بە فەرماندەهی ژێنراڵ میخائیل کۆتۆزۆف لە ڕێگەی دیکەوە ڕێکەوت و تا لەگەڵ سوپای مەک یەک بگرنەوە و بەرەو فەڕانسە جووڵە بکەن. لە ڕۆژهەڵاتی ڤییەن زۆربەی سەربازەکانی ڕووسیە و ئوتریش چاوەڕێی بوون لەکاتی پێویستدا دەست بەکار بن سەرەڕای ئەوە ژمارەی هێزەکانی ناپلیۆن بە بەراورد بەو سوپایە دوو بە یەک بوون.

گەڵاڵەی ناپلیۆن ئەوە بوو کە سوپای هاوپەیمانان بە جیا شکست بدا و بۆ ئەم مەبەستە سوود لە هێزی گەڕۆکی بچووك وەرگرێ، دەبوو ئەو کارە پێش تێکەڵبوونی دوو سوپای دوژمن ئەنجامی بدا. کاتێک هێزی پێویستی بۆ بنبەست گەیاندنی ئەو مەسەلە لە ئیتالیا دابینکرد پێش ئەوەی کۆتووزۆف بگاتە باواریا، ناپلیۆن خۆی گەیاندێ و بووە هۆی ئەوە مەک بە سەرشۆڕانەترین شێوەی مومکین بە بێ ئەوەی تەنانەت یەک گوللە بتەقێنن لە ئۆلێم تەسلیم بوون. (لە ستراتیژی شەش باس کراوە) ئەم سەرکەوتنە بێ خوێنڕشتن شاکارێکی مێژوویی بوو، بەڵام ناپلیۆن بۆ ئەوەی زۆرترین سوودی لێ وەربگرێ پێش ئەوەی ژێنراڵی ڕووسی لەگەڵ هێزی یارمەتیدەری دیکەی ڕووسیە یەک بگرێتەوە ناچار بوو بەرەو کۆتۆزۆف ڕێکەوێ، بەو بۆنەوە بەشێکی گەورەی لە هێزەکانی بەرەو ڕۆژهەڵات واتە ڤییەن ڕەوانە کرد بەڵکوو هێزەکانی ڕووسیە کە پاشەکشەیان کردووە لە داویان بخا، بەڵام ئەو پێوشوێنکەوتنە هیچ سوودی نەبوو چونکە هەوا ناخۆش و هێزەکانی فەڕانسە ماندوو بوون و مارشاڵەکان تووشی هەڵە ببوون، لەهەموو گرنگتر کۆتۆزۆڤ لە پاشەکشەدا وشیارتر لە هێرشکردن هەنگاوی دەنا و توانی خۆی لەدەست فەڕانسەوییەکان ڕزگار بکا و بگاتە شاری ئۆڵمۆتێز لە نزیک ڤییەن، لەبەر ئەوەی پاش ماوەی هێزەکانی ئوتریش و ڕووسیە لە وێ جێگیر بوون.

ئێستا ئیدی بارودۆخ گۆڕاوە: لە چاوترووکانێکدا ناپلیۆن لە مەترسییەکی گەورە کەوت، هێزی لەشکری ناوبراو لە خێرایی حەرەکەتدا بوو و ئێستا کە هێزەکانی کەم بوونەتەوە هەریەکەیان بە تەنیا لاواز بوون، کاتێک کە لە یەکەوە نزیک بوون باشتر کاریان دەکرد و دەیانتوانی پشتیوانی یەکتر بکەن، بەڵام ئەو هێزانەی لەوکاتەدا لە چوارچێوەیەکی پانوبەرین لە مونیخەوە تا ڤییەن لێکدوور و پەرشوبڵاو بوون. ئەوان برسی و ماندوو و پێداویستی خواردنیان کەم پێمابوو. ئوتریشیەکان کە لەگەڵ فەڕانسەوییەکان لە باکووری ئیتالیا شەڕیان تەواو ببوو لە کشانەوە دابوون، بەڵام هەر ئەو پاشەکشەیە ئەوانی بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات ڕەوانە کرد، کە بە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر هێزەکانی ناپلیۆن لە باشوور ئەژمار دەکرا. هەروەها لە باکووریش پڕۆسەکان هەستیان کرد کە هێزەکانی ناپلیۆن تووشی گیروگرفت بوون ئەوانیش بیریان لەوە دەکردەوە کە لەگەڵ ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوپەیمانییە بکەون. ئەگەر شتێکی وا ڕووی دابوایە، دەیانتوانی هێڵەکانی پێوەندی و دابینکردنی کەرەستەی نیزامی ناپلیۆن پەک بخەن و گیروگرفتی زیاتری بۆ دروست بکەن و لە باکوور و باشوورەوە ئەوەندەی دیکە چوارچێوە و سنووری لێ تەسک بکەنەوە تا مەحکووم بە شکست بێ.

ناپلیۆن بژاردەی زۆری لەبەر دەست دا نەبوون. درێژەی پێوشوێن‌کەوتنی کۆتۆزۆف دەبووە هۆی بڵاوبوونەوەی زیاتری هێزەکانی و نەیدەتوانی لەهەموو بەرەکان شەڕ بکا، بێجگە لەوە ڕووسەکان و ئوتریشییەکان ٩٠ هەزار کەسی بەهێزیان لە دوخێکی باش لە شاری ئۆڵمۆتێز جێگیر کردبوو. سووڕانەوە بە دەوری خۆیدا و بەرەو پێش نەچوون، دەبووە هۆی ئەوە کە ناپلیۆن و هێزەکانی وردە وردە لە هەموو لایەکەوە فشاری بخرێنە سەر و لێک هەڵتەکێن و قووت بدرێن. وادیار بوو پاشەکشە تەنیا ڕێگا چارەیە کە هەمان پێشنیار بوو کە ڕاوێژکارەکانی پێیان گوتبوو، بەڵام بە کەش‌وهەوای نێوەڕاستی مانگی نوامبر [خەزەڵوەر] کە هەر ساتێک ڕوو بە ناخۆشی دەچوو و دوژمنیش بە دڵنیایی فشاری خۆی زیاتر دەکرد، کەوابوو پاشەکشە تێچووی زۆری دەویست. لەلایەکی دیکەوە پاشەکشە بەو مانایە بوو کە سەرکەوتنەکەی لە ئۆلێم بەفیڕۆ چووە و ئەوەش زەربەیەکی گەورەی لە ورەی هێزەکانی دەدا. ئەو کارە دەبووە هۆکاری بانگهێشت‌کردنی پڕۆسەکان بۆ بەشداریکردن لە شەڕ دابوو. دوژمنانی ئینگلیز ئەویان وەک کەسێکی لاواز سەیر دەکرد و ڕێگەیان بە خۆیان دەدا هێرش بۆ فەڕانسە بکەن. ناوبراو هەر ڕێگایەکی هەڵی دەبژارد تووشی تەنگ‌وچەڵەمە دەبوو. چەند ڕۆژێک بە قووڵی بیری کردەوە و پێشنیاری ڕاوێژکارانی پشتگوێ خست و خۆی لە نێو گەڵاڵەکانی‌دا نوقم کرد.[١]

ڕێبەرانی ئوتریش و ڕووسیە لە ئۆڵمۆتێز لە نێویان‌دا، ئیمراتوری ئوتریش فرانسیس یەکەم و سزار ئەلکساندەری یەکەم حوزووریان هەبوو، هەڵس‌وکەوتی ناپلیۆن‌یان بە وردی و کونجکاوی لە ژێر چاوەدێری خستبوو، ئەوان ڕاست لەو جێگایەی کە حەزیان لێ‌بوو گیریان خستبوو، و بە ئاسانی دەیانتوانی تۆڵەی هەموو ئەو شکستانەی وەک ئۆلێمی لێ بکەنەوە کە ناپلیۆن بەسەری هێنابوون.

بیست و پێنجی نوامبر [٥ی سەرماوەز] سیخوڕەکانی هاوپەیمانان ڕاپۆرتێکیان بە فەرماندەهی دایەوە کە ناپلیۆن بەشێکی زۆری هێزەکانی لە ئیسترلیتز لە نێوان ڤییەن و ئەڵمۆتێز گوازتووەتەوە، وادیارە بەرزاییەکانی پڕاتزۆن داگیر دەکا و ئامادەگی و نیازی شەڕکردنی هەیە بەڵام ناوبراو تەنیا ٥٠ هەزار کەس لە سوپاکەی لەگەڵی بوون کە لەبەرامبەر هێزی ڕووسیە و ئوتریش دوو بە یەک کەمتر بوون. بەمجۆرە چ هیوایەکی هەبوو لەبەرامبەر هاوپەیمانان‌دا سەرکەوتوو بێ؟ لەگەڵ ئەوەدا ٢٧ی نوامبر [٧ی سەرماوەز] فڕانسیس یەکەم پێشنیاری ئاشتییەکی کاتی دا. ناپلیۆن هەمیشە کەسێکی بە توانا بوو تەنانەت لەو هەلومەرجەی کە تێی کەوتبوو فرانسیس لێی دەترسا. لەڕاستی‌دا فرانسیس

١. تێپەڕینی خێرا و بەهێز لە حاڵەتی بەرگری بۆ هێرش وەکوو خەنجەری تێژی تۆڵە، شکۆدارترین ساتی بەرگرییە. کارل فون کلاوزویتس، ١٧٨٠-١٨٣١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوڵی دەدا کاتێکی تەواوی بۆ چەک‌کردن و گرتنی تێکڕای سوپای فەڕانسە هەبێ بەڵام هیچ یەک لە ژێنڕاڵەکانی هاوپەیمانان بیریان لەوە نەکردەوە کە ناپلیۆن فریوی ئەو نەخشەیە بخوا.

سەرەڕای سەرسووڕمانی هاوپەیمانان، وادیاربوو ناپلیۆن مەیلی ڕازیبوونی بە مەرجەکانی فرانسیسی یەکەم هەبوو. لە ناکاو سزار و ژێنڕاڵەکانی دیکە بیریان لە شتێکی نوێ کردەوە کە ناپلیۆن ترساوە و دەستوپێی خۆی گوم کردووە و ڕێگای دەربازبوون دەدۆزێتەوە. کاتێک ناوبراو زۆر بە خێرایی بەرزاییەکانی پراتزۆنی چۆل کرد و لە ڕۆژاوا سەنگەری لێ گرتن و جارێکی دیکە سوپای سوارنیزامی خۆی جێگیر کردەوە، ئەوە باوەڕەی بەهێزتر کرد. وادیارە ناپلیۆن بەتوندی گومانی لا دروست بووە. ڕۆژی دوایی داوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سزار کرد، بەڵام سزار نوێنەری خۆی نارد و نوێنەر دوای گەڕانەوەی ڕاپۆرتی وتووێژەکەیان بە سزار دا و گوتی: "ناپلیۆن ئەوەندە ترساوە لە ماوەی کۆبوونەوەدا نەیتوانی ترس و گومانی خۆی بشارێتەوە و وا وێدەچی کە ناوبراو گەیشتبێتە سنووری شێتی." ئەو مەرجانەی نوێنەری هاوپەیمانان بۆ ئاشتییەکی کاتی پێشنیاری کردبوو زۆر قورس بوون هەرچەندە ناپلیۆن دژی پێشنیارەکان بوو، بەڵام بە بێدەنگی گوێی لێ‌دەگرتن و هەڵس‌وکەوتی بە شێویەک نیشان دا وەک ئەوەی لێیان ترسابێ. ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی بۆ فرانسیسی دووهەم وەک موسیقایەکی ئارامکەرەوە وابوون چونکە هەستی بە تینوێتی یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ناپلیۆن دەکرد و چاوەڕوانی زۆری ماندوو کرد بوو.

وادیار بوو ناپلیۆن بە چۆلکردنی بەرزاییەکانی پراتزۆن خۆی لە مەوقعییەتێکی مەترسی‌دار هاویشتبێ، چونکە هێڵی باشوری لاواز و ڕێگای پاشەکشەی واتە بۆ باشوری ڕۆژاوا بەرەو لای ڤییەن هیچ ئەمنییەتی نەبوو. سوپایەکی هاوپەیمانان دەیتوانی بەرزاییەکانی پراتزۆن بگرێ و بەرەو باشوور بچێ تا بۆ خاڵی لاوازی ناپلیۆن هێرش بکەن و پێش بە پاشەکشەی بگرن، پاشان بۆ گەمارۆدان و لێک بڵاوبوونی ناوبراو بەرەو باکوور حەرەکەت بکەن. سزار و ژێنڕاڵە گەنجەکانی باشتر بیریان لە ئیمپراتۆری دوودڵی ئوتریشی کردەوە و هێرشێکیان ڕێکخست.[1]

ئەو هێرشە بەیانی ڕۆژی ٢ی دسامبر [١٢ی سەرماوەز] دەستی پێکرد. لەکاتێکدا دوو لەشکری

---

١. پاشان ئیلهامێکی خێرا هاتە مێشکی ویلیام (لە شەڕی هیستینگز) کە لە هەمان شەڕی یەکەمدا ئینگلیزییەکان شکست بدا. ئەو بڕیاریدا ستراتیژی نوێ بەکار بێنێ کە تا ئەو کاتە بۆ بریتۆنەکان و نۆرمنەکان نەناسراو بوو. بە بڕیاری ئەو بەشێکی زۆری هێرشبەرەکان لەناکاو ڕێگاکەیان گۆڕی و حاڵەتێکی سەرلێشێواو و دۆڕاویان بەخۆیانەوە گرت. ئینگلیزییەکان پێیان وابوو دوژمنی شکست‌خواردوو لە حاڵی هەڵاتن‌دایە و بۆ جاری دووهەم ئینگلیزییەکان ڕێگەی سەرەکی خۆیان گۆڕی و بەدوای گوردانە هەڵهاتووەکان دا ڕۆیشتن. کاتێک هەمووی ئەوانە لە ڕێگەی خۆیانەوە بەرەو خوارێ دەڕۆیشتن، ویلیام ڕێکارەکانی پێشووی دووبارە کردەوە و تیمێکی دیکەی لەسەربازەکانی خۆی بە پێوشوێنی ئەوانی نارد ئاکامی ئەوە بوو، کە ناوبراو بە خواستەکانی خۆی گەیشت، واتە هێزەکانی ئینگلیزی فریوخواردوو تێک شکێندران و ڕادەیەکی کەم توانی خۆیان دەرباز بکەن و سەرەنجام گەیشتنەوە لای سەربازەکانی دیکە کە لە بەرزاییەکان جیگیر ببوون. تاریخ هنر جنگ در ادوار تاریک، سر چارلز اومان، ١٨٩٨

بچووکتر لە باکوور ڕووبەڕووی فەڕانسەوییەکان بوونەوە، لەخوارەوە سەربازانی ئوتریشی و ڕووسی بەرەو بەرزایی پراتزۆن ڕێ‌کەوتن و دەستیان بەسەر بەرزاییەکە داگرت و پاشان بۆ لای باشوور سووڕانەوە و خاڵی لاوازی فەڕانسەوییەکانیان کردە ئامانج، لەگەڵ ئەوەی کە لەلایەن دوژمنەوە بەربەرەکانی دەکرا بە خێرایی پێشڕەوییان دەکرد و توانیان دەست بەسەر پێگەی سەرەکی‌دا بگرن، بۆ ئەوەی ڕوو لە باکوور بکەن تا گەمارۆی ناپلیۆن بەنێوی خۆیانەوە تۆمار بکەن، بەڵام سەعاتی ٩ی بەیانی کاتێک کە ئاخرین قشوونی هاوپەیمانان کە ٦٠ هەزار نەفەر دەبوون بەرەو بەرزاییەکان و باشوور دەچوون هەواڵێکی ناخۆش بە گوێی فەرماندەکانی هاوپەیمانی گەیشت، کە شتێکی چاوەڕوان‌نەکراو ڕوو دەدا. هێزێکی گەورەی فەڕانسەوی لە بەرزاییەکانی پراتزۆن کە هاوپەیمانان هەستیان پێ نەکردبوو بەرەو ڕۆژهەڵات و لەشاری پراتزۆن نزیک بۆتەوە واتە خۆی لە ناخی هێڵی هاوپەیمانان نزیک کردۆتەوە.

کۆتۆزۆف هەستی بە مەترسی کرد، هاوپەیمانان ژمارەیەکی زۆر سەربازیان بۆ ئەو کەلێنانەی لەهێڵی فەڕانسەدا دۆزیبوویانەوە ڕەوانە کردبوو ئێستا نێو ناخی خۆیان ئەمنییەت و ئاسایشی نەمابوو. ناوبراو هەوڵی‌دا ئاخرین قشوون بگەڕێنێتەوە، بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو. ڕاست لە سەعاتی ١١ی ئەو ڕۆژە فەڕانسە بەرزاییەکانی گرت و لە هەمووی خراپ‌تر سەربازانی فەڕانسە لە باشووری ڕۆژاوا بۆ بەهێزکردنی پێگەکانی باشوور بە خێرایی خۆیان گەیاندێ و پێشی هاوپەیمانانیان گرت کە گەمارۆی سوپای فەڕانسە بدەن. ئێستا بارودۆخەکە بە تەواوی پێچەوانە بووەوە لە شاری پراتزۆن هێزەکانی فەڕانسە هێرشیان بۆ هێڵی هاوپەیمانان کرد و پێشی پاشەکشەی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ باشوور گرت.

هەر بەشێک لە سوپای هاوپەیمانان - باکوور، ناوەند و باشوور - لە بەشەکانی دیکە جیا کرانەوە. ڕووسەکان کە لەوسەری باشوور لە خاڵی ئاخر بوون هەوڵیان دەدا بۆ لای باشوور بکشێنەوە، بەڵام هەزاران سەربازیان لە دەریاچە و زونگاوی بەستوودا گیانیان لەدەست دا. سەعاتی ٥ی دوانیوەڕۆ تەفر و تونابوونی سوپای هاوپەیمانی کۆتایی هات و ئاگربەست ڕاگەیەندرا. سوپای ڕووسیە و ئوتریش زیانێکی زۆریان وێکەوت، ئەو شکستە هێندە گەورە بوو کە هاوپەیمانی لێک هەڵوەشاند و ئەو کەمپینە بۆ هەمیشە کۆتایی هات. ئەو شەڕە دەسپێکی شکستێک بوو کە ناپلیۆن کردی بە سەرکەوتن. ئیسترلیتز گەورەترین سەرکەوتنی سەردەمی فەرماندەهی ناوبراو بوو.

### لێکدانەوە

ڕاوێژکاران و ژێنراڵەکانی ناپلیۆن لە قەیران و تەنگژەی شەڕی ئیسترلیتزدا تەنیا بیریان لە پاشەکشە دەکردەوە و ئەوان باوەڕیان وابوو کە لەهێندێک بواردا پاشەکشە باشترین بژاردەیە. لە بەر ئەوە مرۆڤ بە ئیرادەی خۆی پێش تێکشکان حاڵەتێکی بەرگری بە خۆیەوە دەگرێ، لەلایەکی دیکەوە سزار و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوپەیمانانی کە ناپلیۆنیان لاواز کردبوو لە چاوەڕوانی هێرشکردن دابوون.

بەڵام لەو نێوەدا، ناپلیۆن وەک یەک ستراتیژیست سەرتر لە ڕاوێژکارەکانی و مارشاڵەکانی لە لایەکەوە و هەروەها سزار و ژێنراڵەکانی لە لایەکی دیکەوە بیری دەکردەوە. گەورەی ناپلیۆن لە بیرکردنەوەیەکی نەوەستاوی دابوو، ناوبراو بۆ شەڕ دوو پێناسەی باوی بەرگری و هێرشبەری نەبوو، لە زەینی ئەو دا ئەو دوو پێناسەیە لێکئاڵا و تەندرابوو. دۆخی بەرگری باشترین ڕێگە بوو بۆ خۆحشاردان لە مانۆڕی هێرشکردن یان دژەهێرش، و دۆخی هێرشکردن باشترین ڕێگە بۆ بەرگریکردن لە پێگەیەکی لاواز بوو. ئەو کارەی ناپلیۆن لە ئیسترلیتز کردی نە پاشەکشە بوو نە هێرش کردن، بەڵکوو دیاردەیەکی داهێنەرانە بوو ناوبراو بۆ لەداوخستنی نەیارانی لە کاتی خۆیدا بەرگریکردن و هێرشکردنی لێک گرێ دا.[١]

ناپلیۆن سەرەتا بە داگیرکردنی شاری ڤییەن و دواتر بەرەو ئیسترلیتز پێشڕەوی کرد و حاڵەتی هێرشکردنی بۆ خۆیەوە گرت، پاشان کە زانی سوپای ئوتریش و ڕووسیە لە ڕادەی تێعداد زۆر لە هی ناپلیۆن زیاترن تووشی سەرسووڕمان بوون و هێندێك پاشەکشەی کرد و بۆ حاڵەتی بەرگریکردن خۆی سازمان دا. دوای ئەوەش درێژەی بە شانۆگەریی لێڵ و سەرلێشێواندن دا و بەردەوام لەو دوو بژاردەیەی دیفاع و هێرش لە هەڵکشان و داکشان دابوو، لە کۆبوونەوەی نوێنەری سزاردا شڵەژاو پەشێو، بەڵام وەک ستراتیژیست خۆی نیشان دا. هەموو ئەو کارانە شانۆی ناپلیۆن بوون تاکوو لاواز خۆی نیشان بدات و دوژمن بۆ هێرش کردن هان بدا.

ئەو شانۆگەرییە ناوبراو هێزەکانی هاوپەیمانی تووشی هەڵە کرد بە جۆرێک کە وازیان لە لایەنی پارێزی هێنا و خۆیان خستە دۆخێکەوە کە ناپلیۆن چاوەڕێی دەکرد. دۆخی بەرگریی هاوپەیمانی لە ئۆڵمۆتێز هێندە بەهێز و باڵادەست بوو، کە چۆلکردنی ڕێگری لە ناوچوونی سوپای ئەوان کرد و ئەوەش ئەو تەڵەیە بوو کە ناپلیۆن بۆی دانابوونەوە. پاشان لەبری ئەوەی ناپلیۆن بەرگری لە خۆی بکا لە ناکاو هەڵوێستی خۆی گۆڕی و دۆخی دژەهێرشی دەست پێکرد. بەو هەنگاوە دینامیکی شەڕەکەی لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە گۆڕی و کاتێک لەناکاو سوپایەک لەحاڵەتی هێرشەوە دەچێتە بەرگری ڕوحیەی سەربازەکانی دادەبەزێ. لە ڕاستیدا سەربازەکانی هاوپەیمانی کە ترسابوون بۆ لای

---

١. کاتێک دوژمن خۆی لە دۆخێکی سەختدا دەبینێتەوە و دەیهەوێ ئێمە لە شەڕێکی یەکلاکەرەوەدا بەشدار بێن، چاوەڕوان بن، کاتێک کە سوودی بۆ دوژمن هەیە بەڵام بۆ ئێمە زیانی هەیە کە شەڕ بکەین، چاوەڕوان بن، کاتێک کە گونجاوە بێدەنگ بمێنیەوە و هەرکەسێک یەکەمجار حەرەکەتی کرد دەکەوێتە مەترسییەوە، چاوەڕێ بن، کاتێک دوو دوژمن بەیەکەوە شەڕ دەکەن کە دەبێتە هۆی شکست یان زەربە خواردن، چاوەڕوان بن، کاتێک هێزەکانی دوژمن باوەڕیان بە یەکتر نیە و مەیلیان بۆ پیلانگێڕی لە دژی یەکتر هەیە، چاوەڕوان بن، کاتێک فەرماندەی دوژمن هەرچەندە ژیر بێ بەڵام لەلایەن هێندێک لە هاوکارەکانییەوە فەلەج دەبێ و هیچیان لەدەست نایە، چاوەڕوان بن. حیلەهای جنگ، ٣٦ استراتیژی نظامی چین باستان ترجمە سان هایچن، ١٩٩١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمان دەریاچەکانی "منجمد" بەستەڵەک پاشەکشەیان کرد کە ناپلیۆن دەیهەویست گۆڕستانی هەمیشەی ئەوان بی.

زۆربەمان تەنیا دەزانین چۆن بەرگری بکەین یان هێرش بەرین. ئێمە یان دۆخی هێرش و هەموو سەرچاوەکانمان لە هێرشێکی بێ هیوا دا بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەمانەوێ بە فیڕۆ دەدەین یان لە هەر دۆخێک‌دا بە هەر نرخێک بێت خۆمان لە ململانێ بەدوور دەگرین. تەنانەت ئەگەر هێرشێک‌مان بەسەر دا بسەپێنن، بە هەر شێوەیەک کە بزانین خۆمانی لێ دوور دەخەینەوە. هیچ کام لەم دوو ڕێبازە بەبێ ڕێبازەکەی دیکە مانا و مەفهومی نییە. ئەگەر یاسای خۆمان لە سەر هێرش و هەڵمەت ساغ بکەینەوە تەنیا دوژمن بۆ خۆمان ساز دەکەین و کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانمان لەدەست دەدەین، ئەگەر تەنیا خۆمان بە بەرگری‌کردنەوە ببەستینەوە گیرۆدەی گۆشەگیری دەبین و ئەمە دەبێتە خوو و عادەت، لە هەر دوو حاڵەتدا وەکوو کەسێکمان لێدێت کە دەکرێ هەموو جووڵەکانی پێش‌بینی بکرێ.

لەبری ئەوانە بژاردەی سێهەم لەبەرچاو بگرن و وەک ناپلیۆن بن. کاتێک هەست دەکەن لاوازی کارێک بکەن کە دوژمنەکانی ئێوە بە هەڕەشە بۆ سەر خۆیان نەزانن بۆ ئەوەی فشاری خۆیان بۆ سەر تۆ کەم بکەنەوە. کاتێک دۆخەکە گونجاوە و هەست بە دەرەتانێکی کراوە دەکەن، هێرش بکە. بە شێوەیەکی کۆنترۆڵکراو و بە تەگبیر هێرش بکە و خاڵی لاوازی خۆتان وەک ئامرازێک بۆ شاردنەوەی مەبەستەکان بەکار بێنن. لەساتێکی مەترسیداردا، کاتێک بۆنی ئەوە دەکەن کە دوژمن پاشەکشە دەکا لەوکاتەدا دەرفەتە کە ڕۆڵی کەسێکی لاواز بگێڕن تاکوو دوژمن بە لاڕێدا بەرن و بیخەنە دۆخێکەوە کە ویستی ئێوەیە. لەو چرکەساتەی کە کەس چاوەڕوانی نیە خاڵی لاواز وەلا نیە و خۆتان بۆ حاڵەتێکی هێرش‌کردن ئامادە بکە. تێکەڵکردنی هێرش و بەرگری لەگەڵ شێوازێکی نەوەستاو، دەبێتە هۆی ئەوە هەنگاوێک لە پێش دوژمنی سەرسەخت و نەگۆڕی خۆتانەوە بن، باشترین زەربەکان ئەوانەیە کە کەس چاوەڕێی بینینی ناکا.[١]

---

١. ئەم دوو بنەما سەرەکییەی بەکارهێنانی بە تایبەتی پەیوەندییان بەو بەهای تاکتیکییەوە هەیە کە بۆ کەسایەتی بەرامبەر لە شەڕدا دیاری کراوە. بەپێی بنەمای یەک‌لایەنە بەکارهێنان، کەسایەتی دوژمن بە ئامانجی سەرەکی هێرش یان دژە هێرش دادەنرێ، بۆ مەبەستی ژێردەستەیی تەواو یان نسبی لەبەرچاو دەگیرێ. لە لایەکی دیکەوە بەپێی بنەماکانی بەکارهێنانی دوولایەنە کەسایەتی دوژمن وەک ئامانج و بەگوێرەی بنەماکانی جوجیتسۆ بە ئامرازێکی گونجاو بۆ ملکەچکردنی دادەنرێ. ئەوە بنەمای بەکارهێنانی دوولایەنەیە کە پێدەچێ جیاوازییەکی تاکتیکی لە نێوان جوجیتسۆ ژاپۆنی و هونەرە ماددییەکانی ڕۆژاوا نوێنەرایەتی بکا. بۆ نموونە "لافکادیۆ هێرن" ئەم بنەمایەی بە بیرۆکەیەکی ناوازەی ڕۆژهەڵات دەزانی، پرسیاری ئەوەی لێدەکرد: "چ مێشکێکی ڕۆژاوا دەیتوانی ئەم فێرکارییە سەیرە وردتر بکاتەوە: "هەرگیز دژایەتی هێز بەرامبەر بە هێز نەکا، بەڵکوو تەنیا هێزی هێرشکردن ئاڕاستە بکا و سوودی لێ وەربگرێ، بۆ ئەوەی دوژمن تەنیا بە هێزی خۆی پشتگوێ بخا و تەنیا بە هەوڵەکانی خۆی بەسەریدا زاڵ بێت؟" نووسەرێکی دیکە بە نێوی تاکوان، لەبارەی هونەری شمشێربازی بە تایبەتی بۆ خوێندکاری خۆی دەنووسێ: "بۆ سود وەرگرتن لە هێرشی دوژمن بۆ بەرژەوەندی خۆت، ئاماژەی تایبەتی هەیە بۆ بەهای ستراتیژی ئەم پرەنسیپە دوولایەنە لە ستراتیژی بەرپەرچدانەوەی دوژمندا، و پێی دەڵێ ئەو چەکە کە بەرەو تۆی کێشابوو، دواجار دەبێتە چەکی تۆ." لە مەکتەبی فیکردا ئەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سون تێزۆ بەوجۆرە باسی هیوا بەخشی دەکا: *"هەرچەندی بارودۆخەکە نائومێدی پێوە دیار بێ، بێ ئومێد مەبن. کاتێک هەموو شتێک وادار بە ترست دەکا، مەترسێن. کاتێک مەترسییەکان لە هەموو لا یەکەوە لێت نزیک دەبنەوە دەستوپێی خۆت لێ گوم نەبێ، کاتیک بێ سەرچاوە دەمێنیەوە خۆتان وا نیشان بدەن کە دەوڵەمەندی. کاتێک خافڵگیر کران، ڕێگایەک بۆ خافڵگیرکردنی دوژمن بدۆزەوە."*

**جۆجیتسۆ**

لە ساڵی ١٩٢٠ حیزبی دێموکرات جیمس کاکسی وەک بەربژێری کاندیدی حاکمی ئەیالەتی ئۆهایۆی هەڵبژارد تا یارمەتی پێگەی سەرکۆماری خانەنشێن‌کراو، "وودروی ویلسۆن" بکا، هاوکات فرانکلێن دلانو ڕۆزوێڵتی ٣٨ ساڵە وەک جێگری جیمس کاکس دیاری کرا، ڕوزوێڵت پێشتر وەک جێگری دەریایی لەژێر چاوەدێری ویلسۆن‌دا کاری دەکرد، لەهەموو گرنگتر برازای تئودور ڕوزوێڵت بوو. تئودور ڕوزوێڵت لە دەیەی سەدەی ڕابردوو دوای تێپەڕینی دەورانی سەرۆک کۆماری هەروا خۆشەویست بوو.

وارن جی هاردینگ کاندیدی کۆمارییەکان بوو. هەڵمەتی هەڵبژاردن زۆر پڕووکێنەر بوو. کۆمارییەکان پووڵێکی زۆریان بەدەستەوە هەبوو و باسی زۆر بابەت و مەسەلەیان نەدەکرد و دەیانویست ڕوخسارێکی خەڵکی یان عامەپەسەند لە هاردینگ دروست بکەن. کاکس و ڕوزوێڵت بە هێرشێکی بەربڵاو و توند وەڵامی کۆمارییەکان‌یان دەدایەوە و چالاکی هەڵبژاردنی خۆیان لەسەر باسەکانی بەرچاوی ویڵسون چڕ کردبووەوە، واتە بەشداریکردنی ئەمریکا لە کۆمەڵەی گەلان، کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئاشتی و سامانی بۆ ئەمریکا تێدا بوو. ڕوزوێڵت لەتەواوی ئەمریکا کەمپینی وەرێخست و وتار لەسەر وتار بەو ئیدەوە بڵاوی دەکردەوە کە بتوانێ پشتیوانی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕاکێشێ بەڵام ئاکامی ئەو ململانێیە بۆ ناوبراو بەڵا بوو، هاردینگ لە یەکێک بێ‌وێنەترین هەڵبژاردنەکانی مێژوو وەک سەرکۆمار دیاری کرا.

ساڵی دواتر ڕوزوێڵت تووشی ئیفلیجی منداڵان بوو و یەکێک لە پێیەکانی لە کار کەوت. دوای هەڵبژاردنی ئابڕووبەرانەی ساڵی ١٩٢٠ ئەو نەخۆشییە وەک خاڵی وەرچەرخان لە ژیانیدا ئەژمار کرا. لەناکاو ئاگاداری نەخۆشی هەتاهەتایی جەستەیی خۆی بووەوە و بیری لە خۆی دەکردەوە کە دونیای سیاسەت دونیایەکی چەپەڵ و پیس و گڵاوە. کەسانیك بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردن سەرکەوتوو بن

هەڵوێستە "بە گرتنی ڕەمزی دوژمن و بەکارهێنانی وەک چەک لە دژی خۆی دادەنرێ." قوتابخانە کۆنەکانی جوجیتسۆ لەو بارەوە زۆر هاوڕا بوون، جوجیستۆ بە واتای وشەیی (هونەری نەرم) وەک لە ناوەکەی ڕا دەردەکەوێ، لەسەر بنەمای بەکارهێنانی نەرمی یان نەرمی‌ونیانی لە بەرامبەر سەخت یان ڕەقیی لەگەڵ توندوتیژی دامەزراوە. نهێنییەکەی ئەوەیە کە هەموو جەستە پڕ لە نەرمی و هەمیشە وشیار و بەهۆش بی بۆ گۆڕینی هێزی دوژمن بۆ هێزی خۆت، بە کەمترین هێزی جەستەیی یان ماسولکەیی. رازهای سامورایی، اسکار راتی و ادل ویستبرگ، ١٩٧٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەست بۆ هەموو کارێک دەبەن و ئامادە بوون خراپترین قسەی ناشیرین و تۆمەت بۆ یەکتری هەڵبەستن. لەو دنیای ناپاک و پۆخڵە، تەواوی خاوەن دەسەڵات بە جۆرێک هەڵسوکەوت دەکەن تاکوو لەیەکتری کەمتر نەبن و بەهەر نرخێک بێ پێش ئەوانی دیکە بکەون، بەڵام ئەو ڕوانگەیە لەگەڵ کەسایەتی ڕۆزوێڵت سازگار نەبوو، ناوبراو بڕیاری دا خۆی لەو کەسانە جیا بکاتەوە و بۆ خۆی گەورەییەک هەرمان بکا.

ساڵی ١٩٣٢ پاش ماوەیەک فەرمانداری ئەیالەتی نیویورک، وەک کاندیدی دێموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمار خۆی خزاندە نێو دنیای سیاسەتەوە و لە بەرانبەر کاندیدی کۆماریخوازەکان هێربێرت هوور وەستایەوە. وڵات لە قەیرانی ئابووری دابوو، وادیار نەبوو هوور بتوانی دۆخێکی ئەوتۆ مودیرییەت بکا بە لەبەرچاوگرتنی ئەم لاوازییە کارەکە بۆ هوور سەخت بوو و ئەویش وەک دێموکراتەکان لە ساڵی ١٩٢٢ هەڵوێستێکی هێرشبەرانەی گرتەبەر و ڕۆزوێڵتی بە سوسیالیستبوون تاوانبار دەکرد. ڕۆزوێڵت ڕاستەوخۆ وەڵامی نەداوە و لەبری ئەوە سەفەری بۆ تەواوی وڵات دەست پێکرد و ڕوانگەکانی خۆی سەبارەت بە دەربازبوون لە قەیرانی ئابووری بڵاو کردەوە. ئەو زۆریش باسی وردەکاری نەکرد. هەوڵی دا باوەڕ بەخۆبوون و تواناکانی دەروونی خۆی باس بکا. هوور لەڕادەبەدەر شەڕەنگێز و عەسەبی دەرکەوت. ئەم ناو نیشانەی هوور بووە هۆی ئەوە سەرەڕای هەوڵێکی زۆر مەحکوم بە شکست بێ، بەڵام وا دیارە بوو شکستەکەی تێچووی زۆری لێکەوتەوە، چونکە دەنگەکانی سەرکەوتنی ڕۆزوێڵت لەوە زیاتر بوو کە باوەڕی پێ بکرێ.

ڕۆزوێڵت لە حەوتووەکانی دوای هەڵبژاردن زۆر خۆی نیشان نەدا نەیارەکانی بەرەبەرە لە ئامادە نەبوونی کەڵکیان وەرگرت و هێرشی تەبلیغاتی‌یان بۆ کرد. ئەوان هەوڵیان دا خەڵک قەناعەت پێ‌بکەن کە ڕۆزوێڵت بە هۆکاری ئامادە نەبوون بۆ چالێشەکانی ئەم پۆستە لەنێو خەڵکدا دەرناکەوێ. ڕەخنەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر و توندتر دەبوون بەڵام ڕۆزوێڵت لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردن‌دا ئەوەندە ڕێکوپێک و بە جوانی قسەی کرد کە بەشداربوان سەریان سووڕ مابوو. پاشان لە مانگەکانی یەکەمی حوزووری لەکاخی سەرکۆمار واتە "دەورانی سەد ڕۆژە" لە کەسێکی بە ڕواڵەت پاسیڤەوە بوو بە کەسێکی خەباتکار و بەهێز گۆڕدرا. یاسایەکی تێپەڕاند کە بووە هۆی ئەوە خەڵکی وڵاتەکەی هەست بکەن کارێکی دروستیان ئەنجام داوە.

لەماوەی چەند ساڵ دواتر ئەو نموونەیە دووبارە بووەوە. ڕۆزوێڵت لەگەڵ بەربەرەکانی ڕووبەڕوو بووەوە کە دادگای باڵا بەرنامەکانی ئەوی نەفی کردەوە و دوژمنەکانی لە هەموو لایەکەوە (سەناتۆر هیوی پی لۆنگ و سەرۆکی پارتی کرێکاران، جام ئێڵ لویس لە چەپەکان و باوکی چارلس کۆڵین و بازرگانانی دەوڵەمەندی ڕاست) هەڵمەتی دوژمنانانەی خۆیان لە دژی دەست پێکرد. ڕۆزوێڵت لەوکاتەدا پاشەکشەی کرد و لە غیابی خۆی‌دا زیاتر هێرشیان دەکرد. ڕاوێژکارەکانی دەترسان بەڵام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوبراو لە دەرفەتێکی لەبار دەگەڕا، ئەو دەیزانی کاتێک هەموو هێرشەکان یەک لایەنەیە، لە وەڵامدانەوە بە نەیارەکانی دەبوو خۆی بپارێزێ چونکە خەڵک لەشتی دووپاتە ماندوو دەبن. پاشان یەک یان دوو مانگ پێش هەڵبژاردن خۆی نیشان دا و بە شێوەیەکی ڕێک‌وپێک و پتەو ڕوانگە و ئیدەکانی خۆی ئێعلام کرد و لەناکاو زۆر بەتوندی مخالفانی کەوتنە بەر هێرشی و ئەوانی لەباری سیاسییەوە چەک کرد، کاتی دیاریکردنی دەقیق و وردە وای لێکرد کە خەڵک بە چاویکی ڕێزەوە بڕوان و بە درەوشاوەیی چاوی لێ بکەن.

لە دەورانی کە ڕوزوێڵت بێ دەنگ بوو هێرشی مخالفان زیاتر و توندتر دەبوو. بەڵام هەموو ئەوانە کەرەستەیەک بوون کە لەکاتی خۆیدا سوودی لێ وەرگرت. ناوبراو لە تووڕەیی ئەوانە کەڵکی وەرگرت تاکوو ئەوانە وەک کەسێکی گاڵتەجاڕ نیشان بدا. بەناوبانگترین نموونە ساڵی ١٩٤٤ ڕووی دا، کاتێک کاندیدی ئەو ساڵەی سەرکۆماری کۆماریخوازان توماس دویی زنجیرە هێرشێکی بۆ کەسایەتی ڕۆزوێڵت کرد و چالاکییەکانی خێزانی، کوڕەکانی و تەنانەت سەگی ئیسکاتلەندییەکەی ناوبراو "فالا" لە تۆرەمەی "تریێر" بردە ژێر پرسیارەوە. توماس ئیدیعای دەکرد کە فالا بە پوڵی ئەو کەسانەی ماڵیات دەدەن گەورە و بەناز پەروەردە کراوە، ڕۆزوێڵت لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی باسی ئەو مەسەلەیەی کرد.

"ڕێبەرانی کۆماریخوازەکان بە هێرش بۆ سەر من کوڕەکانم کردیان ڕازی نەبوون ئێستا بە سگە چووکەکەم فالا هێرش دەکەن فالا بە پێچەوانەی ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەم لەو قسانە تووڕەیە." کاتێک زانی کە نووسەرانی خەیاڵی کۆمارییەکان چیرۆکێکی وایان بۆ داڕشتووە کە من فالام لە دوڕگەیی ئێلشوونی ئالاسکا بەجێ هێشتووە، پاشان ناوشکێنێکم (کەشتی شەڕ) لەسەر حیسابی باجدەران، واتە نزیکەی دوو، سێ، هەشت، تەنانەت بیست ملیۆن دۆلار تێچووەکەی بووە بۆ دۆزینەوەی فالا بۆ ئەو دوڕگەیە ناردووە. ڕوحی ئیسکاتلەندیەکەی تووڕە بوو و لەو ڕۆژەوە هەمان سەگی پێشوو نییە. من بەبیستنی قسەی بێ مانا و بێ بنەما لەبارەی خۆمەوە خووم پێ گرتووە بەڵام پێموایە مافی ئەوەم هەیە بەرامبەر بەو جۆرە ئیدیعا درۆزنانەیە سەبارەت بە سەگەکەم ناڕەزایەتی دەربڕم.[١]

١. بۆ ئەنجامدانی عەمەلیاتی نیزامی، سوپا دەبێ بێدەنگی لە جووڵە پێ باشتر بێ. تا کاتێک سوپا بێ دەنگی پاراستوە هیچ شتێك ئاشکرا نابێ، ئاشکرابوونی لە حەرەکەت دایە، حەرەکەتی بێ بەرنامە دەبێتە هۆی نێچیر بۆ دوژمن. وەک نموونە: ببر و پلینگ لە بێدەنگی‌دا لە تەڵە ناکەون. ئاسک بە بێ دەنگی بۆ کەمەند ڕاناکا، باڵندەکان ناکەونە تەڵەی تۆڕەکە و ماسییەکانیش لە قولاپی ماسیگردا ناگیرێن. هەموو ئاژەڵەکان بەهۆی جووڵانەوە لە تەڵەی مرۆڤدا دەگیرێن. بۆیە مرۆڤی دانا بێدەنگی بە گەنجینەیەکی بەنرخ دەزانێ، بە پاراستنی بێدەنگی، بوێری دوژمن لەنێو دەچێ. کاتێک دوژمن فۆڕمێکی لاوازی بەخۆیەوە گرتووە، وەک دەرفەتێک بۆ سەرکوتکردنی بزانە. بەم شێوەیە لە کتێبەکانی ستراتیژی جەنگی چینی‌دا نووسراوە "سوپا بە بێدەنگی و خامووشی سەرکەوتن بەدەست دەێنێ و لە ڕاستیدا سوپاکان تەنیا پێویستە بە بیرکردنەوەی دروست و ورد بجووڵێن و کەمتر بە بێ بیرکردنەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو وتارە گاڵتەجاڕانەیە کاریگەرییەکی قوڵی هەبوو و ئێستا کە ڕۆزوێڵت هەمان وشەی نەیارانی بۆ قسەکردن لەگەڵیان بەکاری هێنابوو، ئەوان چۆن وەڵامی بدەنەوە؟ هەرساڵێک کە تێدەپەڕی نەیارانی ڕۆزوێڵت بە هێرشکردن بۆ سەری خۆیان ماندوو دەکرد ئەوان هەموو جارێ زیاتر سووک دەبوون و یەک لە دوای یەک لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەدۆڕان.

**لێکدانەوە**

ڕۆزوێڵت بەرگەی ئەوەی نەدەگرت گۆشەگیر بێ و هیچ بژاردەیەکی بۆ دەرکەوتن نەبێ. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەبوو کە خۆگونجێن بوو، ئەگەر پێویست بووایە بە ئاسانی دەیتوانی بە پێی بارودۆخی سروشتی و ڕەوتی ڕووداوەکان خۆی بگۆڕێ. هۆکارێکی دیکە سنوورداربوونی جەستەیی بوو، ڕقی لەوە بوو کە بە زۆر بچێتە گۆشەیەکەوە و بێ دەسەڵاتی بکەن. لە سەرەتاوە کاتێک ڕۆزوێڵت وەک زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ئەمریکا هەمان سیاسەتی باوی گرتەبەر، واتە هێرشکردن بۆ نەیاران و بە توندی هەستی بە سنووردارێتی دەکرد. لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و هەڵەوە دەرکی بە هێزی کارنەکردن و کاردانەوە نەنواندن کرد. ئێستا ڕێگەی بە مخالیفانی دا کە یەکەم جووڵە بکەن، جا ئەو هێرشکردنە بۆ سەر ڕۆزوێڵت بێ یان چ بۆ بیروبڕوا و ڕوانگەکانی، لە هیچ یەک لەمانە ڕۆزوێڵت شتێکی لەدەست نەدەدا.

ئەوانە ماهییەتی خۆیان نیشان دا و ڕێگەیان بە ڕۆزوێڵت دا کە لە کاتی گونجاودا هەمان وشە کە بەناوبراویان دەگوت لە دژی خۆیان بەکاری بێنێتەوە. ئەو بێدەنگ دەبوو، ئەوەش مخالیفانی زیاتر تووڕە دەکرد بەجۆرێک لە هێرشەکانیاندا زۆر زیادەڕەوییان دەکرد و ڕەفتاری نائاساییان نیشان دەدا و ئەم شتانە ڕوانگەی خەڵک بەرامبەریان نەرێنی دەکرد. کاتێک شەڕەنگێزی ئەو کەسانە وای لێکردن خاڵی لاوازیان دەرکەوێ ڕۆزوێڵت دەردەکەوت و بە وتارێکی سادە زەربەی کۆتایی لێ دەدان.

شێوەی ڕەفتاری ڕۆزوێڵت لە شێوازی جۆجیتسۆ دەچێ. جۆجیتسۆ هونەری بەرگریکردنی تایبەتە لە ژاپۆندا. خەبات لە جۆجیتسۆ بە پاراستنی ئارامی و سەبر، دان‌وئاو هەمان چەشتە بۆ نەیارەکان دادەنێ و ناچاریان دەکا یەکەم جووڵە دەست پێ بکەن. کاتێک لە خەبات نزیک دەبنەوە دەیگرن یان تەنانەت لێی دەدەن. وک نموونە، ئەو دەکوژن یان بۆ شوێنێکی دیکە پاڵی پێوە دەنێن. ئەویش لەگەڵ حەرەکەتی ئەوان دەجووڵێتەوە و هێزی ئەوان دژی خۆیان بەکار دێنێ. شاید لەکاتی شەڕدا هەنگاوێك بۆ پێشەوە یان بۆ دواود هەڵێنێتەوە، ئەوان بەهۆی بە پەلەبوون هاوسەنگی خۆیان لەدەست دەدن، ئەگەر هاوسەنگی لەدەست نەدەن لەبەرامبەر دژەهێرش‌دا بەتەواوی لاواز دەبن. هیرش‌کردن و هەستی هێرش‌بردن هەمان خاڵی لاوازی ئەوانە، چونکە ئەوان بە بێ بیرکردنەوە وادار

هەنگاو بنێن.حیلەهای جنگ، استراتژی نیزامی از چین باستان. ترجمە، سان هایچن ١٩٩١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە هێرشی دووبارە دەبنەوە بە شێوەیەک کە ستراتیژی خۆیان ئاشکرا دەکەن و ئیتر ڕاوەستان بۆ ئەوان کارێکی سەختە.

شێوازی جۆجیتسۆ لە سیاسەتدا چەندین سوودی هەیە. توانای شەڕکردن پێ دەبەخشێ بەبێ ئەوەی وەک کەسێکی هێرشکەر دەرکەون. بەربەرەکانییەکی بەدەستوبرد و تەواو عەیار لەخۆت نیشان بدەی، ئەمە وزەی ئێوە دەپارێزێ و هێزی مخالیف تێک دەشکێنێ. لە هەمووی گرنگتر بژاردەکانی ئێوە فراوان دەکا و سەرکەوتنەکان لەو بوارەدا بنیات بنێ کە ئۆپۆزسیۆن لەدەستی داوە.

هێرش و شەڕەنگێزی فریودەرەن: ڕەنگە لە بنەڕەتدا تووڕەیی لاوازی ئێمە بشارێتەوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تاکەکانی تووڕە و تۆسن ناتوانن هەستەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن. ئەوانە ناتوانن چاوەڕێی ساتێکی گونجاو بن و ڕێگەی جیاواز تاقی بکەنەوە، ناتوانن بوەستن و بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن دوژمنی خۆیان خافڵگیر بکەن، ئەوانە لە شەپۆلی یەکەمی هێرشکردندا بەهێز دەردەکەون بەڵام هەرچەندی هێرشەکەیان درێژتر بێتەوە لاوازی و نائەمنی بنەڕەتییان ڕوونتر دەبێتەوە. زۆر ئاسانە تەسلیمی کەم چیکڵدانەیی بین و هەنگاوی یەکەم بنێین بەڵام هێزی گەورەتر لە بێدەنگی و سەبردا هەیە و خۆی شاراوە هێشتۆتەوە، چونکە نەیارەکەمان ناچارە هەنگاوی یەکەم بنێ. هێزی دەروونی هەمیشە لە هەموو شوێنێکدا لە توندوتیژی و ڕووشاڵی ڕواڵەتی بە نرخترە.

کات لەگەڵ تۆیە، دژەهێرشی خۆتان خێرا و لەناکاو دەست پێبکەن. وەک پشیلەیەک بن کە لەسەر پەنجەکانی بەرز دەبێتەوە و لە چاوتروکانێکدا خۆی بە سەر نێچیردا دەدا. جۆجیتسۆ لە نێو هەموو کارەکانی خۆتدا بەکاری بێنە و لە دژکردەوەکانی ڕۆژانەدا کەڵکی لێ وەرگرن. بەو هونەرە لەگەڵ هەلومەرجی ڕۆژگار ڕووبەڕوو ببەوە. ڕێگا بدەن ڕووداوەکان بەرەو تۆ بێن لەکات و وزەی خۆتان پاشەکەوت بکەن و چاوڕوانی ساتێکی باش و لەبار بکەن و خۆتان بۆ دژەهێرش ئامادە بکەن.

ولادمیر لنین دەڵێ: *"باشترین ستراتیژی لە شەڕدا ئەوەیە تاکوو ڕوحیەی دوژمن لێک بڵاو دەبێ عەمەلیات دوا بخەن، پشوودرێژی، داهێنانی زەبری مەرگهێنەر ئاسانتر و خێراتر دەکا."*

**کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی**

لە هەزاران ساڵ لەوە پێش بە دەستپێکردنی مێژووی نیزامی، زۆرێک لە ستراتیژیستەکانی کولتوورە جیاوازەکان سەرنجیان دا بە دیاردەیەکی سەیر. لە شەڕێکدا لایەنێک کە بەرگری لەخۆی دەکرد زۆر جار سەر دەکەوت، ئەو ڕاستییە هۆکاری زۆری هەبوو. یەکەم: کاتێک هێرشبەر درێژەی بە هێرش دەدا هیچی لە هەگبەی دا نەبوو کە لایەنی بەرابەری پێ خافڵگیر بکا، کەسی بەرگریکار دەیتوانی بە سانایی ستراتیژی ئەو بەراورد و لە خۆی پارێزگاری بکا. دووهەم: ئەگەر بەرگریکار بتوانێ هێرشی یەکەمی هێرشبەر ناکارامە و پووچەڵ بکاتەوە هێرشبەر لە دۆخێکی لاوازدا دەبێ و سوپاکەی نەزمی خۆی لەدەست دەدا و ماندوو دەبێ بۆ دابەزاندنی نەزم و ڕێکخستنەوەی سپاکەی وزەیەکی زۆری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوێ، ئەگەر بەرگریکارەکان بتوانن سوود لەو لاوازییە وەربگرن و هێرشی پێچەوانە ڕێک بخەن هێرشبەر بە ئاسانی ناچار دەبی پاشەکشە بکا.

لەسەر بنەمای ئەو تێبینی‌یانە هونەری دژەهێرش پەرەی ئەستاند. بنەمای سەرەکی ئەوە بوو، کە ڕێگە بە دوژمن بدرێ هەنگاوی یەکەم دەست پێ‌بکا و خۆی بۆ هێرشی چەندبارە ماندوو بکا و هێڵی پێشەوە ناهاوسەنگ بکا، پاشان ئێمە کەڵک لە لاوازی و ناهەماهنگی ئەوان وەردەگرین. بیرداڕێژەر و تیۆریسینەکانی وەک سون تێزۆ ئەو هونەرەیان پاڵاوتە کرد و ڕێبەرانی وەک فیلیپ ماسێدۆن بە دوایین ئاستیان گەیاند.

دژەهێرش لەڕاستیدا سەرچاوەی ستراتیژی مۆدێرنە. دژەهێرش یەکەم نموونەی ڕاستەقینەی ڕوانگەی ڕاستەوخۆیە لە شەڕدا و بە نیشانەی گۆڕانکاری لە بیرکردنەوە دا ئەژمار دەکرێ. دژەهێرش لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ و بێ‌بەزییانە بێ، ژیرانە و فریودەرانەیە کە کەڵک لە هێز و هەیەجانی دوژمن وەردەگری تاکوو تێکی بشکێنی. لەگەڵ ئەوەی ئەم کارە یەکێک لە کۆنترین و گرنگترین ستراتیژییەکانی شەڕە، بەڵام لە زۆر حاڵەتدا بە کاریگەرترین دادەنرێن و لەگەڵ بارودۆخی مۆدێرنیشدا دەگونجێ. دژەهێرش ستراتیژی هەڵبژێردراوی زۆرێک لە کەسایەتییە مێژووییەکانی وەک ناپلیۆن، تی ئەی لارێنس، ئەروین ڕۆمێڵ و مائۆ تسە تونگ.

بنچینەی دژەهێرش لەگەڵ هەر بارودۆخێکی کێبڕکێ یان هەر جۆرە شەڕێکدا دەگونجێ، چونکە لەسەر بنەمای هێندێک ڕاستی سروشتی مرۆڤ دامەزراوە. ئێمە بە سروشت بوونەوەرێکی بێ تاقەت و کەم حەوسەلەین، چاوەڕوانی بۆ ئێمە سەختە و دەمانهەوێ بە خێرایی پێداویستییەکانمان دابین بکرێن ئەوە خراپترین خاڵی لاوازی ئێمەیە، چونکە لە هەر بارودۆخێکی تایبەتدا بەبێ بیرکردنەوەی پێویست خۆمان پابەند دەکەین پاشان لە ڕێگایەک کە لەپێشمانە بژاردەکانمان سنووردار دەکەین و لە ڕێگادا خۆمان تووشی ژانەسەر و کێشە دەکەین، لەکاتێکدا سەبر سوودی سنوورداری هەیە بەتایبەتی لە شەڕدا ڕێگامان پێدەدا لە دەرفەتەکان کەڵک وەرگرین و هێرشی پێچەوانە ئامادە بکەین کە دوژمن تووشی خافڵگیرکردن بکا ئەو کەسەی کە پاڵی لێ دەداتەوە و چاوەڕێی کاتێکی گونجاو دەکا هەمیشە سەرترە لە کەسێک کە بە پەلە کارێک ئەنجام دەدا.[١]

---

١- تەڵەی هێفالامپ: "پیگلت" و "پوو" لە نێو دارستانێک‌دا کەوتنە نێو کونێکەوە. ئەوان بەو ئەنجامەگەیشتن کە ئەو تەڵەیە لەلایەن هێفالامپەوە دروستکراوە، ئەمەش وایکردووە پیگلت زۆر تووڕە بکا. ئەو بیری لێ دەکردەوە کە هێفالامپ لە نزیکەوە خۆی حەشار داوە تا گوێی لێبوو دەیگوت "هوهو!" پیگلت لە وەڵام دا گوتی"ترالا. ترالا." هێفالامپ کە سەری سوورمابوو، دیسان بانگی کرد "هوهو!" پیگلت دیسان لە وەڵام دا وتی "تیدل ئۆم تۆم، تیدل ئۆم تۆم". هێفالامپ کە دەستی بە گوتنی "هوهو" کرد هیواش هیواش دەستی بە کۆخە کرد، بە سەرسووڕمانییەوە گوتی ئەو پرسیارە چیە؟ پیگلتیش بە سەرسووڕماوییەوە وەڵامی داوە کە گوتی "هوهولو. تەڵەیەکە کە دروستم کردوە و چاوەڕێم هێفالامپ تێ بکەوێ." هێفالامپ کە بەتەواوی نیگەران بوو، پاش ماوەیەک بێ دەنگی گوتی "دڵنیای؟" پیگلیت وەڵامی داوە "بەڵێ". هێفالامپ بە تووڕەییەوە گوتی "پێموابوو ئەو تەڵەیە من بۆ

یەکەم هەنگاو بۆ کارامەبوون لە دژەهێرش شارەزابوونە لە خۆتان و بەتایبەتی زاڵبوونە بە سەر مەیلی گەشەی هەستەکانتان لە شەڕدا. کاتێک یاریزانی گەورەی بیسبۆڵ تێد ویلیامز لەگەڵ یانەی بۆستۆن ڕێدساکس خولە گەورەکانی بەشداری دەکرد چاوێکی بە دەوروبەریدا گێڕا. ئێستا ئەو ئەندامی باڵای تیپ بوو یەکێک لەباشترین زەربە لێدەرەکانی وڵات بوو هەموویان بینینی تیژ و دژکردەوەی خێرا و باسکی بەهێزیان هەبوو، بەڵام تاقمێکی کەمیان دەیانتوانی کاتێک زەربەیەکی نەشیاویان لێدەدا ڕوحیەی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن. ویلیامز لەوکاتەدا سەری لەنێو سەران دا دیار بوو بە پەرەپێدانی سەبر و باشتربوون لە دژەهێرشەکاندا، خۆی کردە باشترین زەبر وەشێن لە مێژووی بیسبۆڵدا. ناوبراو بە سەبرو حەوسەلەوە چاوڕوانی دەکرد تا کاتی باشترین زەربە دێ. تۆپ لێدەرانی شارەزا لە تووڕەکردن و ماندووکردنی لایەنی بەرامبەر وەستابوون، بەڵام ویلیامز کەسێک نەبوو کە بە هاسانی نێچیری ئەوانە بێ. ئەوان هەر کارێک بکەن ئەو دیسان چاوەڕوانی فڕیدانیکی لەباری دەکرد. لە ڕاستیدا وەرەقی لە بەرژەوەندی خۆی دەگۆڕی و تایبەتمەندییەکانی سەبر و حەوسەلەی بە باشی بەکار دەهێنا و وای لە فڕێدەر دەکرد کە لە دین دەهری بێ و فڕێدانی هەڵە ئەنجام بدا.

کاتێک فێری سەبر دەبن لەناکاو بژاردەکان فراوانتر دەبن، لەبری ئەوەی خوتان تووشی شەڕی بێبایەخ بکەن دەتوانی وزەی خۆتان بۆ ساتێکی گونجاو پاشەکەوت بکەن و سود لە هەڵەکانی نەیار وەربگرن. لە دۆخی دژواردا بە ڕوونی بیر بکەنەوە ئەو کاتەیە کە بە پێچەوانەی زۆر کەس کە تەنیا بیر لە تەسلیم بوون یان پاشەکشە دەکەنەوە، تۆ دەرفەتی زۆرت بۆ دژەهێرش لە بەر دەست دا هەیە.

کلیلی دژەهێرش ئەوەیە کە ئارام بن و بەرامبەرەکەت هیلاک و کەلافە بکەن. لە ژاپۆن سەدەی شەشەم، شێوازێکی نوێی شەڕکردن بە نێوی "شینکاگە" سەری هەڵدا. شەمشێرباز لاسای هەموو جوڵەیەکی نەیاری دەکردەوە. هەر ڕەفتارێکی بە چاوتروکاندن، ڕۆیشتن، سەیرکردنی بە وردی دووبارە دەکردەوە، ئەو کارەی دوژمنی تووڕە دەکرد چونکە نەیدەتوانی زەینی دوژمنی خۆی بخوێنێتەوە یان مەبەستی لەو ڕەفتارە چیە و دەرکی نەدەکرد. لەپڕدا مێشکی تێکەڵی دەکرد و لە حاڵەتی بەرگری نەدەما و بەو شێوەیە ساموڕایی بەرامبەری پێشەنگی لێ دەبردەوە و دوا زەربەی مەرگهێنەری

گرتنی پیگلیتم دروست کردوە." پیگلت کە زۆر عەسەبی و سەرسووڕماو بوو، وەڵامی داوە "چی دەڵێی؟ نە!" هێفالامپ کە پەشیمان بووە بە زمانێکی پەشیمانی گوتی: "ئێمە ببورە پێم وایە هەڵەم کردوە". پیگلت بە زمانێکی شیرین گوتی "بەڵێ ئەو کارە لە تۆ دوور بوو". هێفالامپ گوتی: "زۆر باشە، با بچم کەسێک بێنم بۆ یارمەتیکردن". پیگلت کە بە ناراحەتییەوە چاوی لەسەرەوە دەکرد گوتی: "ئەگەر چووی کریستۆفێر ڕابین، بینی پێی بڵێ من پێویستیم پێی هەیە." هێفالامپ کە دی هەویست دڵی پیگلت خوشحاڵ بکا وتی "دڵنیا بە" بە خێرایی دوور کەوتەوە. پوو(بڕیار نەبوو لەوێ بێت، بەڵام بینیمان کە نەبوونی ئەو زۆر سەرنجڕاکێش نییە) گوتی: "پیگلیت تۆ چەندە ئازاو وشیاری!" کاتێک کە کریستۆفێر دەگاتێ پوو دەتوانێ هەموو داستانەکەی بۆ بگێڕێتەوە. خانەای در کنج پو، آلن الکساندر میلن ١٩٢٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێدەدا.[١]

بەم شێوەیە پاڵەوانی شینکاگە بەم باوەڕە گەیشتبووە کە باڵادەستی لە شەڕ و ژیان و مردندا لە هێرش و تووڕەیی‌دا نییە، بەڵکوو لە پاسیڤیەت و پشوو درێژیدایە. ئەو بە لاسایی کردنەوەی جووڵەی دوژمن ستراتیژی و هزری دەخوێندەوە و بە دیاریکردن و سەبر و حەوسەلە دەیتوانی کاتی هێرشی دوایی بە بەراورد و هەڵسەنگاندن پێش‌بینی بکا. تەواوی چاولێکردنی دوژمن و جووڵەی دەستوپێی ساموراییی لە ذێهنی خۆی دا تۆمار دەکرد. هەرچەندی دوژمن زیاتر عەسەبیتر و بێزارتر دەبوو، هەر چەندی ململانێ لەگەڵ ساموراییی شینکاگە بۆی سەختر دەبووەوە هاوسەنگی ئەو کەمتر و زەربە خواردنی زیاتر دەبوو.

لاسایی‌کردنەوەی مرۆڤەکان و نیشاندانی هەموو ڕەفتارەکانیان، شێوازێکی بەهێز بۆ دژەهێرشە. لە ژیانی ڕۆژانەدا تەقلیدکردن و پاسیڤیەت وا لە مرۆڤەکان دەکەن لە دۆخی شەڕانگێزی دەربچن و لاوازییان زیاد دەکا. هەروەها دەتوانێ بێزار و دڵشکاویان بکات چونکە بیرکردنەوەکانیان بووەتە بیرکردنەوەی تۆ، و تۆ وەک خوین خۆرێک (خون‌آشام) خوینیان لێ دەخۆی هێزتان لێ بڕیون. پاسیڤیەتی ڕواڵەتی تۆ وایان لێدەکا کە نەزانن بەسەر مێشکیان‌دا زاڵ بوون، لە کاتێکدا تۆ هیچکام لە ستراتیژییەکانت ئاشکرا نەکردووە، ئەوان ناتوانن دەروونی تۆ بخوێننەوە، دژەهێرشی ئێوە، هێرشێکی لەناکاو و خافڵگیرانە دەبێ.

دژەهێرش ستراتیژییەکی زۆر کاریگەرە دژی ئەو کەسانەی کە پێیان دەگوترێ "کێوی یان بەڕبەرییەت"، ئەو ژن و پیاوانەی سروشتێکی کێوییان هەیە، لەم کەسانە مەترسێن و لەڕادەبەدەر لاوازن و بە ئاسانی فریو دەدرێن. چارەسەر ئەوەیە کە بە ڕواڵەتێکی ترساو و گەمژانە ئەوان زۆر خوشحاڵ بکەن و لە دڵەوە بیر لە کاتێکی گونجاو بۆ لێدانی زەربەی کۆتایی بکەنەوە.

سوپای بەهێزی ئەیالەتی "وی" [پارێزگایەکە لەچین] لە سەردەمی دەوڵەتانی شەڕخواز لە چین، هەڕەشەیان لە پارێزگای "کی" دەکرد. ژێنراڵ "چی" لەگەڵ ستراتیژیستی بەناوبانگ سون‌پین (لە نەوەکانی سون تێزۆ) ڕاوێژ و تەگبیریان کرد. سون‌پین پێی گوت کە ژێنراڵ "وی" سوپای ئەوی بە سوپایەکی چووکە و بێکارە ئەژمار کردووە و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەربازەکانی زۆر ترسەنۆکن. سون‌پین لە وەڵامدا گوتی ئەوە هەمان کلیلی سەرکەوتنە. ناوبراو گەڵاڵەیەکی داڕشتوو و گوتی: بە

---

١. چەمکی "درمی" یا "واگیر" زۆر شت دەگەیەنێ. بۆ نموونە باوێشکدان و خەواڵوویی. هەروەها کات دەتوانێ درمیش بێ. لە شەڕە گەورەکاندا کاتێک دوژمن بێ تاقەت دەبێ هەوڵ دەدا زووتر ئەنجامەکەی بەدەست بێنێ، هیچ گرنگییەک نادا. لەبری ئەوەی ئەم کارە بکەن هەوڵبدە لە ڕووکەشدا خۆت نیشان بدەن کە ئارام بن، وەک ئەوەی وریا نەبن و لە هەموو شتێک بێ ئاگا بن، مامەڵە بکە. کاتێک ئەم حاڵەتە درمیە دروست بوو، یەکسەر هێرشێکی سەرتاسەری بکەن بۆ شکستدانی دوژمن. هەروەها چەمکێکی دیکە هەیە بە ناوی "بێخود بوون(مەدهۆش) کە هەمان شتە لەگەڵ درمی، دەتوانی دوژمن سەرلێشێواو و مەدهۆش بکەن. دەبێت شارەزا بن لەم تایبەتمەندییە. کتاب پنج حلقه، میاموتۆ مووساشی، ١٦٤٥- ١٥٨٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سوپایەکی گەورەوە بچنە نێو خاکی ئەوانەوە و لە هەزاران ئوردوگا بدەن، ڕۆژی یەکەم نیوەیان کۆ بکەنەوە و ڕۆژی دووهەم ئەوەی مایەوە کۆی بکەنەوە. ژێنراڵ کە متمانەیەکی زۆری بە سون‌پین بوو هەمان کاری کرد.

ژێنراڵ بە وردی هێرشەکەی لە ژێر چاوەدێری گرت و چەن دانە لە ئوردوگاکانی لەبەرچاو گرتبوو. ئەو کە پێشتر لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سەربازەکانی "کی" هەموو ترسەنۆکن، لە حەرەکەتی ئەوان جۆرێکی واتێگەیشت کە لە پاشەکشە دان. لەگەڵ خۆی بیری کردەوە کە باشترین کار ئەوەیە بە سوپای سوارنیزام پێوشوێنیان بکەوەی و ئەو سوپا چووکەیە تێک بشکێنێ و دواتریش هێزی پێرەو بە دوایی ئەودا بێتە نێو ئەیالەتی "کی" و داگیری دەکەن. سون‌پین کە هەواڵی پێشڕەویی ئەوانی پێ‌گەیشت ڕادەی خێرایی ئەوانی هەڵسەنگاند و سوپای "کی" لە باریکە ڕێگاکان دامەزراند. ناوبراو دارێکی گەورەی هەڵکەند و پێستەکەی داماڵی، لەسەر دارەکە بە خەتێکی درشت نووسی: "ژێنراڵ وی لەو دارەدا دەمرێ". ناوبراو دارەکەی لەسەر ڕێگای سوپای وی دانا و پاشان کەوانداڕانی خۆی لە دوو لای شوێنی تێپەڕین دامەزراند و نێوەشەو ژێنراڵ وی کە لە پێشی سوارنیزامەکانی خۆی بوو، گەیشتە شوێنی دیاریکراو، لە ڕێگا بینی کە ئاڵوودارێک ڕێگای بەستووە و شتێک لەسەر دارەکە نووسراوە، دەستووری دا ڕووناکاییەک بێنن تاکوو بتوانێ نووسراوەکە بخوێنێتەوە. نوری چراقووەکە نیشانەیەک بۆ هێزە کەوانداڕەکانی "کی" بوو کە بە دیتنی هێرشی خۆیان بەرەو هێزی دوژمن دەست پێ‌بکەن، ژێنراڵ "وی" کە زانی فریوی خواردووە، پێش ئەوەی لە لایەن کەوانداڕەوە بکوژرێ، خۆی کوشت.

سون‌پین بە ناسینێک کە لەو پیاوەی هەیبوو کردی بە نێچیری خۆی، ئەو باشی دەزانی کە ژێنراڵ وی تووڕە و خۆویستە و بەرگەی شکست ناگرێ. سون‌پین بە گۆڕینی ئەو تایبەتمەندییە بە سوودێک بۆ خۆی و هاندانی تەماحی دوژمن، توانی کۆنترۆڵی مێشکی ژێنراڵ وی بکا. ئێوەش دەبێ بەدوای ئەو ورووژاندنەدا بگەڕێن کە دوژمنەکانت ناتوانن مودیرییەتی بکەن، کەمێک هەوڵ بدە بەسە تاکوو ئەوان لە بەرانبەر دژەهێرشی تۆ دا بیدۆڕێنن.[1]

١. هۆکارێکی دیکەی پێشکەوتنەکەی ئیلهام بەخشی باوکی بوو. لیندۆن جانسۆن زۆر دڵتەنگ بوو کاتێک لە ماڵی باوکی، لە شاری جانسۆن دوای چەندین کاتژمێر لە بانگەشەی هەڵبژاردن، ئەو لەگەڵ برا و دایک و باوکی، براکەی، تۆمی مامی، ئاڤا جانسۆن کۆکسی ئامۆزای قسەی دەکرد، و کوڕە هەشت ساڵانەکەی ئاڤا، ویلیام، کە بە کۆرکی ناسراوە. ناوبراو گوتی کە ڕێبەران نزیکەی هەموویان دژی بوون، چەندین گردبوونەوەی گەورەی بۆ دانرابوو، نەیتوانیبوو یەک کەس ڕازی بکا کە بۆ ناساندنی بێتە پێشەوە. لێرە دابوو کە ئاوا بیری لە ڕەستەیەکی برای لیندۆن کردەوە لە قەولی باوکییەوە گوتبووی: "کاتێک مەسیرێک بەکاری تۆ نایە بۆ مسیرێکی دیکە دیاری ناکەی؟" لیندۆن بە سەرسووڕماوییەوە پرسیبووی "ئەو مەسیرەی دیکە چیە؟" باوکی بۆی شیی کردەوە. تاکتیکێک هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن لەبری ئەوەی دژی ئەو کار بکەن لە بەرژەوەندی ئەو مامەڵە دەکەن، هەمان ئەو تاکتیکە دەتوانێ وا لە ڕۆژنامە جیاوازەکان بکا لە بەرژەوەندی ئەو کار بکا و تەنانەت دەتوانێ کۆمەڵەی گەنجانیش پاڵپشتی بکەن. ناوبراو ڕوو بە کوڕەکەی گوتی: "ئەگەر سەرکردەکان دژی تۆ بوون، پێویست ناکا ئەم ڕاستییە لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، چارەسەرکاری خێزانیی "جەی حیلی" بۆی دەرکەوتووە کە ئەو ستراتیژییە بۆ زۆر کەس باشترین ڕێگایە بۆ کۆنترۆڵکردنی کەسانی دەروون ناساز[١] و نەخۆش. ئەو کەسانەی تووشی تێکچوون بوون، ڕێگە بەخۆیان دەدەن کە پێش‌بینی‌نەکراو بن. ئەگەر بە تووڕەبوون و هەوڵدان بۆ ڕاگرتنیان ڕووبەڕوویان ببیەوە دروست ئەوەی ئەوان دەیانهەوێ کردووتە، ئەوان خەریکی سەرقاڵکردنی هەستەکانی ئێوەن و کۆنترۆڵی دەکەن، بەڵام ئەگەر ڕێگەیان پێ بدەن بەردەوام بن لە ڕەفتارەکانیان ئەوە تۆی کە ئەوان دەخەیە ژێر کۆنترۆڵی خۆتانەوە. لەڕاستیدا زۆرکەس بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەگەر تۆ هانی هەڵسوکەوتە خراپەکانیان بدەن و لەگەڵ ئیدەی پارانۆیاکانیان هاوڕا بن و ڕێگا بدەن بڕۆنە پێشەوە، ئەوە لاپەڕەکە هەڵدەگەڕێتەوە. ئێستا ئەوانیش هەمان کار دەکەن کە تۆ پێت خۆشە. لە ستراتیژی جۆجیستۆ ئێوە لە وزەی دوژمن دژی خۆی کەڵک وەردەگرن. واتە بەتەواوی هانی دەدەن کە هەمان مەسیری سروشتی خۆی بپێوێ و تایبەتمەندییەکانی نەرینی خۆی نیشان دەدا و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە کۆنترۆڵی زیاترت لەسەری هەبێ، کەواتە ئەو شێوازە زۆر کاریگەرترە لە بەرەنگاربوونەوەی.

هەر کاتێک خۆتان لە دۆخێکی لاواز یان هێرش‌دا دیتەوە گەورەترین مەترسیی وەسوەسەی توندڕەوییە. لەو دۆخەدا زۆر جار قودرەتی دوژمنی خۆتان زیاتر لە واقعییەت و خۆتان لەو لاوازتر دەبینن. بنەمای سەرەکی هێرشی بەرپەرچدانەوە ئەوەیە کە هەرگیز دۆخەکە نائۆمێدکەر هەڵ نەسەنگێنن. جیا لەوە کە دوژمنی ئێوە چەندە هێزی هەیە، بە دڵنیایی شوێنی لاوازیشی هەیە کە

---

کەسانی دیکە بشاریەوە، بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی تایبەت جەختی لەسەر بکەوە، ئەگەر لە دواوە بووی جەختی لەسەر بکەوە، ئەگەر لەکاندیدەکانی دیکە گەنجتر بووی، جەختی لەسەر بکەوە. لیندۆن لە باوکی پرسی مەبەستت چیە، باوکی پێی گوت. سام گوتی ئەگەر هیچ سەرکردەیەک لیندۆن نەناسێنێ، ئەوا پێویستە واز لە گەڕان بەدوای گەورەساڵانی مامناوەند بێنێ بەڵکوو لەبری ئەوە دەبێ لەلایەن منداڵێکی بچووکی نایابەوە بناسێنرێ. منداڵەکە دەبێ بیناسێنێ نەک وەک ئەوەی گەورەیەک دەیناسێنێ، بەڵکوو بە شێعرێک، شێعرێکی زۆر تایبەتەوە ئەو کارە ئەنجام بدا. کاتێک لیندۆن پرسیاری ئەوەی کرد کە منداڵەکە دەبێ کێ بێ، سام زەردەخەنەی کرد و ئاماژەی بەکوڕی ئاڤا کرد. لەو ناوچەیەی کە سوارکاری بە یەکێک لە بەهرە گەورەکان دادەنرێ، کۆرکی لە تەمەنی هەشت ساڵیدا لەم وەرزشەدا ناوبانگێکی زۆری هەبووە و هەموو منداڵ و گەورەکانی ئەوێ بە کوڕێکی بەتوانایان زانیوە. هەموو ڕۆژێ سام فێری دەکرد. ئاڤا دەگێڕێتەوە کە مامەسام بە درێژایی ئەو شەو فێری کۆرکی کردووە کە بە دەنگێکی بەرز وشەی "هەزاران" هاوار بکا و مشتی توند بکا و ڕایوەشێنێ. ئەو چەندین جار بە مشت لە میزی ئاشپەزخانەی دا تاکوو کۆرکی بە تەواوی فێر بێ. ئەو ڕۆژە لە خۆپێشاندانێك لە هنلی ئەیالەتی تێگزاس، لیندۆن جانسۆن ڕوو بە بەشداربوان گوتی "ئەوان دەڵێن من کاندیدی زۆر لاوم، بەو هۆکارە بەڕێوەبەری تەبلیغات زۆر لاوم دامەزراندوە." پاشان داوای لە کۆرکی کرد کە بچێتە پشتی تریبون و مشتی وێک بنێ شێعرێک لە "ئیدگار گوست" بە نێوی " ناتوانێ ئەنجامی بدا" خوێندەوە. هەزاران کەس بە تۆ دەڵێن ناتوانێ بیێ، هەزاران نەفەر شکست پێش‌بینی دەکەن، هەزاران نەفەر یەک بەیەک بە تۆ ئاماژە دەکەن، و مەترسییەکانت نیشان دەدەن و دەیانهەوی دەورت بگرن، ئەوەندە بەسە کۆتی خۆت دانێ و لەبەری بکەوە. ئەوەندە دەست بە خوێندن بکەی و بڵێی شاید نەتوانی ئەنجامی بدا، بەڵام من دەتوانم. گذرگا قدرت، سالهای لیندون جانسون، جلد اول، رابرت، ای، کارو، ١٩٩٠

١. روان پریش، پسیکوز، و.

دەتوانن لەسەری چڕ ببیەوە و بۆ دژەهێرش خۆتان ئامادە بکەن. لێرەدا خاڵی لاوازی تۆ دەتوانێ ببێ بە خاڵێکی بەهێز و ئەگەر دەوری باش بگێرن و بەباشی یاری پێ بکەن، ئەوەندە بەسە کە کەمێک وشیاری بەکار بێنن تاکوو هەموو شتێک لەبەرژەوەندی ئێوە بگەڕێتەوە. ئەوە شێوازێکە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ هەر کێشە و سەختییەک بەکاری بێنە.[١]

دوژمن لەو ڕوانگەیەوە بەهێز دەردەکەوێ کە گوایە هێز یان سەربوونی تایبەتی هەیە، ڕەنگە ئەو تایبەتییە باشە، پووڵ یان سەرچاوە، یان ڕادەی سوپا یان خاکی ژێر دەسەڵاتی بێ و ڕەنگە پێگەی ئەخلاقی و ناوبانگی ئەو بێ. ئەو هێزە هەرچی بێ لە گۆشەیەکەوە لاوازییەکی گەورەیە، چونکە ئەو سەرنجی خۆی لەسەر ئەو سیفەتانە بووە بۆیە دەبێ لە کاری بخەن یا پاسیڤی (خنثی) بکەن بۆ ئەوەی دوژمن خەسارهەڵگر بێت. ئەرکی ئێوە ئەوەیە کە بیخەنە دۆخێکەوە نەتوانێ لە باشترینەکانی سوود وەرگرێ.

ساڵی ٤٨٠ی پێش زایین، کاتێک شای ئێران خەشایارشا، هێرشی بۆ یۆنان کرد لە ڕووی قەبارەی سوپا و بەتایبەتی هێزی دەریایی خۆیەوە خاوەنی سەربوونێکی گەورە بوو. بەڵام ژێنراڵی ئاتێنی، تێمیستۆ کلێس، توانی ئەوخاڵە بە هێزە بکاتە لاوازی خشایارشا. ناوبراو لە ڕووبارە ئاوە تەنگەبەرەکان و باریکەکانەوە لە دوڕگەی سەلامیس بەرەو کەشتی خەشایارشا ڕۆیشت و ڕادەی گەورەی کەشتی خەشایارشا کە تا ئەو ڕۆژە ئاڵای شکۆمەندی سوپاکەی بوو، گۆڕا و بوو بە کابوسێک، ناوگان بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی بجووڵێ و مانۆڕ لێدا. یۆنانییەکان پەنایان بۆ دژەهێرش برد و بە لێک بڵاوبوونی ناوگان کۆتاییی‌یان بەو هێرشە هێنا.

ئەگەر سەربوونی (مزیت) دژی ئێوە لە شێوازی شەڕکردنی باڵای ئەوەوە دێت، باشترین ڕێگە بۆ لە کار خستنی ئەوەیە کە لەو فێر بن و لەگەڵ ئامانجەکانی خۆتدا بیگونجێنی. لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ئاپاچییەکانی باشووری ڕۆژاوای ئەمریکا لە تاکتیکی چریکی کە تایبەت بەو ناوچەیە و کەش‌وهەواکەی بوو کەڵکیان وەرگرت و بۆ خۆیان سەرکەوتووی مەیدان بوون. هیچ شتێک نەبوو ڕێگرییان لێ بکا تا ژێنراڵ جۆرج کرۆک لە ئاپاچییە ناڕازییەکان کەڵکی وەرگرت. پووڵی پێدان تا شێوە

---

[١]- هەلومەرجەکان بە جۆرێکە هێزەکانی دوژمن کە کۆنترۆڵی کات دەکەن، بەرەو پێشەوە دەچن. لە دۆخێکی وادا پاشەکشەکردن ڕاستە و سەرکەوتن بە پاشەکشە بەدەست دێت، بەڵام سەرکەوتن کاتێک مسۆگەر دەبێ کە بتوانی بە باشی پاشەکشە مودیرییەت بکەن، پاشەکشەکردن بە هەڵە مەزانە لەگەڵ ڕزگارکردنی خۆتان لە ژێر هەر بارودۆخێکدا. پاشەکشەکردن لە ناخی خۆیدا دەسەڵاتی هەیە، دەبێ وریا بین ئەو ساتە گونجاوە لەدەست نەدەین کە دەسەڵات و پێگە لە دەستماندایە، دەبێ بتوانین هەڵسەنگاندن بۆ پێگە و کاتەکە بکەین پێش ئەوەی درەنگ بێت و لەبری ئەوەی ڕابکێشرێن بۆ شەڕی ژیان و مردن، بە وردبینی و هەڵبژاردنی خۆمان بگەڕێینەوە دواوە، بۆ ئەوەی دەرفەتی گونجاومان دەست بکەوێ، بۆیە نابێ بەڕاحەتی مەیدان بۆ دوژمن چۆڵ بکەین. دەبێ بە بەربەرەکانی ورد دۆخەکە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆمان دا بێ و پێشی پێشڕەوی ئەوان بگرین. بەوشێوەیە لە کاتی پاشەکشەکردندا ئامادە دەبین بۆ دژەهێرش. ناسینی پاشەکشەی محافیزەکارانە ئاسان نییە، ئەو چەمکەی کە لەو کاتدا لە دۆخێکی وادا شاراوەتەوە زۆر گرنگە. ئی چینگ یا کتاب دگرگونی‌ها.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڕی ئاپاچی فێری سەربازەکان بکەن و خۆیان وەک پێشڕەو بەکاری بێنن. جۆرج کرۆک توانی بە خۆگونجاندنی سوپای خۆی لە گەڵ شێوەی شەڕکردنی ئاپاچییەکان، خاڵی بەهێزی ئەوان لە کار بخا و پاش چەندین ساڵ شکستیان بدا.

کاتێک خاڵە بەهێزەکانی دوژمن لە کار دەخەن، دەبێ بە هەمان شێوە خاڵە لاوازەکانی خۆتان لە نێو ببەن. بۆ نموونە ئەگەر هێزەکانی ئێوە کەم بن بیر لەوە بکەنەوە کە بە توانایی ئەو هێزە دژەهێرش دەست پێبکەن. ڕەنگە ناوبانگی ئێوە لەدوژمن کەمتر بێ، لە گۆشەیەکی ئەرێنییەوە سەیری بکەن چونکە ئەو کاتە ئەگەر شکستیش بخۆن زۆرتان لە دەست ناچێ. دوژمنەکەتان بێ باوەڕ بکە تا وردە وردە دەگاتە ئاستی خۆتان و هەمیشە ڕێگەیەک بدۆزەوە بۆ ئەوەی لاوازیەکانت بۆ هێز بگۆڕی.

سەرهەڵدانی کێشە لەگەل کەسانی دیکە حەتمییە. ئێوە دەبێ لە خۆتان بەرگری بکەن و هێندێک جاریش هێرش بکەن. کێشەی ئەمڕۆ ئەوەیە کە شەڕەنگێزی قەبووڵکراو نییە، ئەوەندە بەسە هێرش بکەن بۆ ئەوەی گومان لە ئیعتباری ئێوە بکەن و لە ڕووی سیاسییەوە گۆشەگیر بکرێن و دوژمن بۆ خۆت داتاشی. دژەهێرش باشترین وەڵامە، با دوژمنەکەت یەکەمین هەنگاو هەڵبگرێ و پاشان ڕۆڵی کەسێکی ستەم لێکراو بگێڕن بێ ئەوەی ڕۆڵی خۆتان بگۆڕن دەتوانی کۆنترۆڵی زەینی دوژمن بکەن. بۆ ئەو چەشتەی بۆ دانێن و ڕێنوێنی بکەن بۆ هێرشێکی هەڵنەسەنگێنراو، کاتێک ڕووبەڕووی ناخۆشی دەبێتەوە تەنیا خۆی سەرکۆنە دەکا و دەوروبەریشی ڕەخنەی لێدەگرن. لە ڕاستیدا هەم لە شەڕی ڕواڵەتی و هەم لە مەیدانی سەرەکیدا ئێوە سەردەکەون، تەنیا ڕادەیەکی کەم لە ستراتیژییەکان توانا و لێهاتوویی و هێزێکی وایان هەیە.

**بیهێنە بەرچاوت:** گای کێوی. گەورەیە، ڕوخسارێکی ترسناکی هەیە و شاخەکانی دەتوانێ جەستەت شەقارشەقار بکا. هێرشکردن و هەوڵدان بۆ ڕاکردن لەچنگی، هەردووکیان بە یەکسانی مەرگ‌هێنەرن. لە بری ئەو کارە لە شوێنی خۆتان مەجووڵێن تا گا کێوییەکە لە مەسیری ئێوە تێدەپەڕێ. نابێ بەو بیانوو بدەن، بیانوو نەدان شاخی کول دەکا، ئەگەر تووڕەتری بکەن بە خێراییەکی چەند بەرابەر پێوشوێنی ئێوە دەکەوێ، کاتێک دێت ئێوە دۆخەکە لەبەرژەوەندی خۆتان بگۆڕن و ئەو گا وەحشییە ڕام دەکەن.

ناپلیۆن بناپارت دەڵێت: *"تەواوی هونەری شەڕ لەحاڵەتێکی بەرگری بە پارێزەوە و بە حیساب و کیتاب، بەدوایدا هێرشێکی دەستبەجێ بەڵام بوێرانەیە."*

## حاڵەتی دەگمەن

ستراتیژی دژەهێرش لە هەموو بارودۆخێکدا بەکار ناهێنرێ، هەمیشە کاتێک هەیە کە باشترە خۆتان هێرشەکە دەست پێ بکەن و بە دانانی دوژمن لە دۆخی بەرگریدا گۆشەگیر بکەن بۆ ئەوەی کاتی بیرکردنەوەی نەبێ. گرنگی بە وردەکارییەکانی مەوقعییەت بدەن. ئەگەر دوژمن زۆر زیرەکتر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوە بوو تا سەبر و حەوسەلەی خۆی لەدەست بدا و هێرش بۆ ئێوە بکا، یان ئەگەر چاوەڕوانی گرانتان بۆ تەواو دەبێ باشترە خۆتان شەڕ دەست پێ بکەن. ئەگەر دوژمن زانی ستراتیژی ئێوە دژەهێرش و سەبر کردنە، باشترە بە دەسپێکردنی هێرش خافڵگیری بکەن. بۆیە هەموو بژاردەکان لەبەرچاو بگرن و هەلومەرج بە باشی تاوتوێ و کارێک بکەن کە پێشبینی جووڵەکانتان بۆ دوژمن سەخت بکەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی دەیەم:
# ئامادەگی هەڕەشەتان هەبێ.
# ستراتیژیی ڕێگریکردن و بەربەست

باشترین ڕێگە بۆ لە مەیدان وەدەرنانی هێرشبەران لە هەنگاوی یەکەمدا ئەوەیە کە کارێک بکەن خۆیان لە هێرش‌کردن ببوێرن. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ ئەو بڕوایە دروست بکەی کە تۆ بەهێزتری لەوەی کە هەی و دیارن. ناوبانگێک بۆ خۆتان بەدەست بێنن، بۆ نموونە بڕێک سەرشێتن و شەڕ لەگەڵ ئێوەدا بێ‌بایەخە و سوودی نییە چونکە ئەگەر دۆڕاو بی دوژمنەکانت لەگەڵ خۆتان بۆ دواوە دەبەن، ناوبانگێکی وا دروست بکە و بە چەند کردارێکی تیژ و کاریگەر متمانەی پێ بدەن. هێندێک جار دروست‌کردنی گومان لە هەڕەشەی ئاشکرا باشترە. ئەگەر دژبەرانتان ئەو گومانەیان لەلا دروست بێت کەوا شەڕکردن لەگەڵ ئێوە کێشەی زۆری بەدواوەیە، بیر لە شەڕ ناکەنەوە و لێی دەگەڕێن. کار لەسەر ترس و دڵەڕاوکێی سروشتی مرۆڤەکان بکەن بۆ ئەوەی بۆ سەر هێڵی بیرکردنەوەی دووبارە بگەڕێنەوە.[1]

### ترساندنی پێچەوانە

بە دڵنیاییەوە لە ژیاندا ڕووبەڕووی کەسانێک بوونەتەوە کە لە ئێوە توندتر و شەڕەنگێزترن بوون، کەسانێکی ڕوودار و بێ شەرم کە پێداگرن بۆ ئەوەی دەیانهەوێ بە هەر جۆرێک بێت بەدەستی بێنن. شەڕکردن و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوانە بەگشتی گەمژەییە، چونکە پسپۆڕی ئەوانە شەڕاشۆییە و زۆر بێ مەڕامن و هیچ شتێک پێشیان پێ ناگرێ. ئەگەری هەیە شەڕکردن لەگەڵ دوژمنێکی ئەوتۆ شکست بخۆن. لە لایەکی دیکەوە هەوڵدان بۆ ڕاگرتنیان بە جێبەجێکردنی بەشێک لە خواستەکەیان یان بە ڕازی هێشتنەوەیان، ڕێچکەیەکە بۆ کارەسات: تۆ بەو کارە تەنیا خاڵی لاوازی خۆتان نیشان

١. ئەگەر ڕێکخراوەی ئێوە لە ژمارەی ئەفراد چووکەیە، ئەوە هەمان کار بکە کە "گیلدئۆن" کردوویەتی: واتە ئەندامەکان لە تاریکی‌دا بشارنەوە بەڵام دەنگ و جەنجاڵی دروست بکەنەوە کە گوێگر بڕوا بە ئەوە بکا ڕێکخراوەکە ژمارەیان زۆر زیاترە لەوەی کە هەیەتی. هەمیشە یەکەم یاسای تاکتیکی دەسەڵات لە بیر بێ، دەسەڵات تەنیا ئەوە نییە کە تۆ هەتە، بەڵکوو ئەوەیە کە دوژمن پێی وایە تۆ هەتە. قوانین برای رادیکال‌ها، ساول دی. آلینسکی، ١٩٧٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داوە و هەڕەشە و بانگهێشتی هێرشی زیاتر دەکرێی. بەڵام خۆ بەدەستەوەدان بە تەواوی، تەسلیم بوون بە بێ شەڕ، ئەو سەرکەوتنە ئاسانەیان پێ دەبەخشی کە ئارەزووی دەکەن و هەروەها وا دەکەن وەک کەسێکی داماو و بێچارە دەرکەوی. ئەوە لەبنەڕەتدا دەبێتە خووی خراپ و فێر دەبن بەبێ چووکترین بەرەنگاری لە بەرامبەر هەلومەرجە سەختەکاندا تەسلیم بن.

لەبری ئەوەی هەوڵی دوورکەوتنەوە لە ململانێ و ناکۆکی یان گلەیی لە نادادپەروەریی دۆخەکە بکەن، بیر لە بژاردەیە بکەوە کە بەدرێژایی سەدەکان لەلایەن ڕێبەرانی نیزامی و ستراتیژیستەکانەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دراوسێ شەڕەنگێز و خۆپەرستەکانیان گرتوویانەتە پێش و کەڵکیان لێ وەرگرتووە. "هونەری ڕێگریکردن" لەسەر سێ ڕاستی بنەڕەتی سەبارەت بە شەڕ و سروشتی مرۆڤ دامەزراوە: **یەکەم**، ئینسانەکان کاتێک مەیلی شەڕیان لەگەڵ ئێوە هەیە کە بە لاوازت ببینن و خەسارهەڵگر بن. **دووهەم**، ناتوانن بە دڵنیاییەوە بزانن کە تۆ لاوازی، ئەوان پشت بەو نیشانانە دەبەستن کە لە ڕێگەی ڕەفتارەکانتەوە هەم ئێستا و هەم لەڕابردوو خاڵی لاواز و بەهێز خۆتیان پێ دەسەلمێنی. **سێهەم**، ئەوان دوای سەرکەوتنی ئاسان و خێرا و بێ خوێنڕشتنن، هەر بەو هۆیەوە خوازیاری دیتنەوەی خاڵی لاوازی ئێوەن.

ڕێگریکردن کارێکی سادەیە، تەنیا بەسە ئەو دینامیکی و نەوەستاویە بگۆڕی. هەر تێڕوانینێک بگۆڕە کە تۆ وەک کەسێکی لاواز و سادە دەبینن و لەبری ئەوە ئەو پەیامە بگەیەنە کە ئێوە ئەوەندە سادە نین ئەوان بیری لێدەکەنەوە. بەسە کردەوەیەکی بوێرانە ئەنجام بدەن و وایان لێدەکا وا بیر بکەنەوە کە تۆیان بە هەڵە خوێندووەتەوە: دەبێ ئەو پرسیارە لە مێشکی ئەوانەدا دروست بێت ڕەنگە تۆ لاواز بووی، بەڵام ئەوان دڵنیا نین. تۆ لاوازییەکان دەشاریەوە و گومان لە نێو ئەواندا دەچێنی. لەبیرتان بێ کردەوە زۆر زیاتر باوەڕ پێکراوتر لە قسەی هەڕەشەئامێز یان وتەی ئاگرین. بۆ نموونە لێدانی زەربەیەکی سەخت تەنانەت بە شێوەیەکی هێمایی و ڕەمزی نیشانیان دەدا کە تۆ ئەو کەسەی خۆتان ئیدیعای دەکەن. لێرەدایە کە هێرشبەر پێی وایە کەسانێکی ترسەنۆک و سادە و ساکار زۆرن کە دەتوانێ پێوشوێنی ئەوان بکەوێ. کەوابوو بیر دەکاتە بۆ خۆی لە دەست و پێی ئێوە بئاڵێنێ، کە ئێجگار کەللە ڕەقن.

ئەم جۆرە لە شەڕی بەرگریی لە شەڕەکانی ڕۆژانەی ژیانماندا سوودی زۆری هەیە. هیوا هەڵچنین و دڵخۆش‌کردن بە کەسانی پاوانخواز و زێدەخواز بە هەمان ئەندازە کوشندەیە، کە لەگەڵیاندا بەشەڕ بێن. بەڵام ڕێگریکردن و ترساندنیان لە هێرشکردن یان ڕێگرتن وزە و کات بۆ تۆ پاشەکەوت دەکا. بۆ ئەوەی هێرشبەرەکان بوەستێنی پێویستە فێر بیت چۆن فریو بدەن و ڕەواڵەتەکە بگۆڕی و گومان لە تێڕوانینەکانیان دروست بکەن. ئەمانە کارامەییەکی بەنرخن کە دەتوانرێ لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا بەکاری بێنن. لە کۆتاییدا ئەوە ئێوەن کە بە پراکتیزەکردنی ئەم هونەرە بۆ خۆتان ناوبانگی سەرسەختی، ڕێزداری و کەمێک ترسناک دروست دەکەن کە کەس ناتوانێ شەڕتان لەگەڵ بکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێرەدایە کە ئەو کەسانەی نایانهەوێ باوەڕ بکەن کە ئێوە بەهێزن لانیکەم بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئێوە بە بڕیارەکەیاندا دەچنەوە.

ئەوانەی خوارەوە پێنج شێوازی بنەڕەتین بۆ ڕێگریکردن و تۆقاندنی پێچەوانە. دەتوانی هەموویان لە شەڕی هێرش‌کردن‌دا بەکار بێنی، بەڵام بە تایبەتی لە بەرگری‌دا کاریگەری زۆریان هەیە بۆ ئەو ساتانەی کە ئێوە لاواز و لە ژێر هێرش دان. ئەو پێنج شێوازە لە ئەزموون و نووسینەکانی گەورەترین مامۆستاکانی هونەرەوە کۆ کراونەوە.

١- **بەمانۆڕێکی بوێرانە خافڵگیریان بکەن.** باشترین ڕێگە بۆ شاردنەوەی لاوازییەکان و بۆ ملکەچکردنی دوژمنەکانت بۆ ئەوەی واز لە هێرشەکەیان بێنن، ئەوەیە کە کردەوەیەکی مەترسیدار بوێرانە چاوەڕوان‌نەکراو ئەنجام بدەن. ڕەنگە ئەوان پێیان وابێ کە تۆ لاوازی، بەڵام بەو کارە نیشان دەدەیت کە کەسێکی چاونەترسی و متمانەت بەخۆتان هەیە، ئەو کارە دوو کاریگەری ئەرێنی دەبێ. **یەکەم:** ئەوان مەیلیان دەبێ بۆ ئەوەی وا بیر بکەنەوە کە حەرەکەتی ئێوە بە شتێکی ڕاستەقینە پشتگیری دەکرێ دەڵێن ئایە گەمژەیە کە کاری وا ورد و درشتی کردووە بۆ ئەوەی سەرسامامان بکات؟ **دووهەم:** وردە وردە بیر لەو مەترسیانە دەکەنەوە کە لەشەڕ لەگەڵ ئێوە بەسەریان دێ.[١]

٢- **هەڕەشەکان بۆ سەر خۆیان بگەڕێننەوە.** ئەگەر دوژمنەکانت ئێوە وەک ترسەنۆک دەبینن ئێوە بارودۆخەکە بگۆڕن و کارێک بکە هەرچەندی بێ ئەرزش و چووکەش بێ بیان ترسێنن، هەڕەشە لە شتێک بکەن کە بۆیان بەنرخ بێت و ئەو خاڵانە لێ بدەن کە لاواز و هەستیارن. ئەگەرە هەستت کرد ئەو زەبرانە دەبێتە هۆکاری تووڕەیی هێرشی ئەوان، پێش ئەوەی زەربە بخۆی پاشەکشە بکە و سەر لە نوێ کاتێک کە لەخۆیان ئاگا و هۆشیان نین زەربەیەکی باش لەهەمان خاڵی پێشوو بدەوە، نیشانی بدە کە لەوان ناترسێی و لەوان چاونەترس و بوێرتری، بەڵام تا ئەمڕۆ نەت ویستووە بەم شێوەیە بن.

٣- **پێش‌بینی‌نەکراو و ناعەقڵانی دەرکەون.** لەو بابەتەدا تۆ دەبێ کارێک ئەنجام بدەی کە کەمێک وەک لەخۆدان ئەژمار دەکرێ واتە کەمێک بە زیانی خۆتانە، بەشێوەیەک کە بە ئەوانی بسەلمێنی ئەگەر تێکەوی هیچت نیە لەدەستی بدەی. لە ڕاستیدا نیشانیان دەدەی ئەگەر پێویست بکا دەیانکێشی بۆ خوارەوە و لمبۆزیان دەشکێنی بۆ ئەوەی ناوبانگ و ئابڕوویان نەمێنێ. (ئەم شێوازە بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانە کارسازە کە بایەخ بە ناوبانگ و ئابڕووی خۆیان دەدەن). شکستدانی ئێوە بۆ ئەوان تێچووی زۆری دەوێ و هەر ئەوە دەبێتە هۆکارێک کە شەڕ لەگەڵ ئێوە سەرنجڕاکێش نەبێ و

١. کەسێکی بەناوبانگ ئەوانەی خوارەوەی گوت: دوو جۆر مەیل هەیە، ناوەوە و دەرەوە، کەسێک کە لە یەکێک یان ئەوی دیکەدا نوقسانی هەبێ، بێ بەهایە. بۆ نموونە وەک تیغی شمشێرێک وایە، کە مرۆڤ دەبێ بە باشی تیژی بکاتەوە و دواتر بیخاتە ناو کالانەکەیەوە، جارجارە دەری بێنە و لەدڵی دوژمنی بدە، تیغەکەی بسڕێتەوە و دواتر بیخاتە ناو کالانەکەی. ئەگەر کەسێک بەردەوام شمشێرەکەی دەرهێنا و بەدەستیەوەیە، هەر ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوە خەڵک دووری لێ بکەن و هیچ دۆستێک و هاوڕایەکی نەبێ. ئەگەر شمشێر هەمیشە لە کالاندا بێ، سست دەبێ و ژەنگاوی دەبێ و تیغەکەی مات دەبێ ئەوە هی دیکە خاوەنیەتی نەک ئێمە. هاگا کورە، کتاب ساموراییی، یاماموتو، تسونە تومە. ١٦٥٩- ١٧٢٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە بێ سوودی بزانن. بڕیار نییە تۆ هەست و سۆز بتانگرێ چونکە ئەو ڕێبازە هی کەسانی لاوازە. تەنیا وا هەڵسوکەوت دەکەن کە هێندێک نامەنتقی و حەرەکەتی دوایی تۆ مومکینە هەر شتێک بێ. لەو حاڵەتەدا تەنانەت سەرسەختترین شەڕکەرەکانیش شکست دەخۆن. کەس حەز ناکا لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بچێتە نێو شەڕەوە کە پێشبینی‌نەکراوە، مەگەر کەسێک کەمێک شێت بێ.

**٤- مانۆڕ لەسەر پارانۆیا[١]ی سرشتی (ذاتی) ئەفراد بکە.** لەبری ئەوەی بەرامبەری خۆتان زۆر بترسێنن کردەوەی ناڕاستەوخۆ ئەنجام بدەن و وای لێ بکەن بیر بکاتەوە. بۆ نموونە پەیامی دوو فاقەی بۆ بنێرە بۆ ئەوەی دوودڵ بێ، یان چیرۆکێکی ئازاردەر لەسەر کارەکانت بگێڕەوە بۆ ئەوەی تێبگا کە تۆ مەترسیداری یان بە ئاگاهییەوە کارێک بکە با سیخوڕیت بۆ بکا و شتگەلێک بڵێ کە نیگەرانی بکا. کارێک بکە دوژمن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەست بکا کە تۆ پلانی ترسناک لە مێشکدایە و باشترە لەوەی خۆتان ڕاستەوخۆ پێی بڵێی. ئەوەیکە هەڕەشە لەوان بکەن ئەوە چیروکێکە، بەڵام ئەگەر لە پشتەوە دژی ئەوان پیلانگێری بکەن ئەوە چیروکێکی دیکەیە. هەرچەندی ترس و گومان زیاتر دروست بکەن مەترسیدارتر دەردەکەوی و ئەوان زیاتر دووری دەکەن.

٥- **ناوبانگێکی ترسناک بۆ خۆتان دروست بکەن.** ئەم ناوبانگە دەتوانێ تایبەتمەندی زۆر شت بێ: سەرسەختی، توندوتیژ بوون، تووڕەیی، بێشەرم، لاساری، سەرەڕۆیی.... ئەم کاریگەرییە بەردەوامە بەدرێژایی ساڵان دروست بکەن بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە خۆیان لێ ئێوە دوور بخەنەوە و بە ئێحترام و کەمێک ترسەوە ڕووبەڕوو بنەوە. لەخۆیان دەپرسن، بۆچی بچمە شەڕەوە لەگەڵ مرۆڤێکی گەمژە، کە سەلماندوویە تا کۆتایی شەڕ لەگەڵ دەکا و لە هیچ شتێک ناترسێن. ئەو جگە لەوەی کەسێکی ستراتیژیستە، لە هەمانکاتدا کەللەڕەق و بێبەزەییە! بۆ ئەوەی وێنەیەکی لەو شێوەیە دروست بکەن دەبێ شتێکی سەیر و ترسناک ئەنجام بدەی تا زوو تێبگەن کە نابێ تووشی شەڕت بکەن، ئەوە باشترین چەکە، چونکە پێش ئەوەی دوژمن لێتان نزیک بێتەوە تەسلیم دەبێ. بەڵام دەبێ زۆر وشیار بن کاتێک خەریکی دروستکردنی ئەم وێنەی خۆتانن لە هیچ شوێنێک بۆشایی نەدەن، چونکە هەر درزێک دەتوانێ هەموو ماندووبوونەکە بە فیڕۆ بدا.[٢]

مائۆ تسە تونگ باس لەوە دەکات: *"برینداركردنی هەردە پەنجەی کەسێک واتە دە قامکەکەی، هێندەی هەڵکەندنی یەکیان کاریگەر نییە."*

---

١. جۆرێک نەخۆشیی دەروونی درێژ ماوەیە، کە نەخۆش تووشی بەرزە فڕی و وەهمی خۆبەزلزانی دەبێ. و.

٢. ستراتیژی لێواری هەڵدێر، بە واتای دروستکردنی هۆشیارانەی مەترسییەکی دیاریکراو، مەترسییەک کە مرۆڤ بە تەواوی کۆنترۆڵی ناکا. ستراتیژی پاڵنانی قەیرانەکە بۆ لێواری هەڵدێر شەڕە، بۆ ئەوەی نەیار ناچار بکا لە پێگەکانی پاشەکشە بکا. سەرکەوتنی ئەو ستراتیژییە بەندە بەو لایەنەی کە پێیەوە لکاوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەبێ ئەوەی بەشداری شەڕ بکا. مانای وردی ئەم ستراتیژییە ئەوەیە کە نەیار ڕابکێشێ بۆ مەترسی هێڵی هاوبەش، یان سەلماندنی ئەوەی کە ئەگەر شتێکی پێچەوانەی بکا ئەوە کێشەمان بۆ دروست دەکا. دوژمن بترسێنین یان پاشەکشەی پێ بکەین بە ویستی خۆی بێ یان نا، ئەویش لەگەڵ خۆمان بۆ هەڵدێر دەبەین. تفکر استراتژیک، آویناش دیکست و بریجی، نالبف، ١٩٩١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕێگریکردن و تۆقاندن بە کردەوە

١- مارسی ١٨٦٢ کەمتر لە ساڵێک دوای دەست پێکردنی شەڕی نێوخۆیی ئەمریکا، بارودۆخی هاوپەیمانان وێدەچوو خراپ دیار بێ، ئەوان لەشەڕە گرنگەکان شکستیان خوارد بوو و ژێنراڵەکانیان شەرمەزار و لەگەڵ یەکتردا دەمەقاڵەیان دەست پێکردبوو، ورەی سەربازەکان زۆر نزم و دامەزراندنی هێزی نوێ ئەستەم بوو. سوپایەکی یەکگرتووی گەورە بە ڕێبەرایەتی فەرماندەی ستادی گشتی جورج بی مکللان کە ئاگاداری لاوازی بەرەی باشوور بوو بڕیاری دا بەرەو لێوارەکانی وێرجینیا جووڵە بکا و لەوێوە بەرەو ڕۆژاوا واتە ڕیچمۆند کە پایتەختی باشور بوو، بڕۆن. هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ پێشگرتنی سوپای مکللان لانی کەم دوو یا سێ مانگ لەو ناوچەیە حوزووریان بوو، بەڵام سیخوڕەکانی باشوور ڕاپۆرتیان دابوو کە قشوونی یەکێتی جێگیر لە نزیک واشنگتۆن کە بڕیار بوو بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ مکللان، کە ئابراهام لینکلێن بۆ خۆی بەڵێنی دابوو بەرەو ڕیچمۆند مەسیری خۆیان گۆڕیوە. ئەگەر ئەو هێزانە گەیشتبوانە لای مکللان بە دڵنیایی ڕیچمۆند دەگیرا و بە مانای تەسلیمی باشوور بوو.

ژێنراڵێکی هێزی هاوپەیمانان بە ناوی ئیستون واڵ جەکسون لەدۆڵی شناندۆی وێرجینیا سەرپەرەستی ٣٦٠٠ نەفەری دەکرد کە زۆربەیان شۆڕشیانی تازە دامەزراو بوون کە ئامووزشیان دەبینی. ئەرکی ناوبراو لەو دۆڵە پڕ بە پیت و بەرەکەتە ئەوە بوو کە لەبەرابەر سوپای یەکێتی پارێزگاری بکا، بەڵام کاتێک تاوتوێی لەشکرکێشی لە دژی ڕیچمۆند دەکرد بیری لە ئەگەری عەمەلیاتێکی گرنگتر کردەوە. جەکسۆن لە قوتابخانە لەگەڵ مکللان لە ئەیالەتی ویستپوینت بە یەکەوە هاوپۆل بوون و دەیزانی لەژێر ئەو ڕواڵەتە توند و پڕ ئیدیعایەی ڕوحێکی ترسەنۆک و نیگەرانی هەیە. ئەو دەترسێ کە نەکا تووشی هەڵەیەک بێ و پێگەی خۆی لەدەست بدات. مکللان ٩٠ هەزار کەسی ئامادەی بۆ پێشڕەوی بەرەو ڕیچمۆند لەژێر دەسەڵاتی دابوو کە نزیکەی دوو بەرابەری هێزی هاوپەیمانان دەبوون، بەڵام جەکسۆن دەیزانی کە مەک هێندە بە پارێزەوە کار دەکا هێزەکانی ماندوو دەبن. مکللان بە دڵنیایی چاوەڕوان دەمێنێتەوە تا ئەو قشوونەی کە بەڵێنیان دابوو بگاتە لای ئەوان. لەلایەکی دیکەوە ئیمکانی نەبوو لینکلێن لە کاتی مەترسیدا ئەو هێزانە ئازاد و بەرەو مکللان ڕەوانە بکا. دۆڵی شناندۆ لە باشووری ڕۆژاوای واشنگتۆن هەڵکەوتووە، ئەگەر جاکسۆن دەیتوانی هێندێک سەرلێشیواوی و پارادۆکس دروست بکا بەئاسانی دەیتوانی گەلاڵەی سوپای یەکێتی پووچەڵ بکاتەوە و لەوانەیە باشوور لە بەڵای مەرگهێنە ڕزگار بکا.

٢٢ی مارس [٢ی خاکەلێوە] سیخوڕەکانی جەکسۆن ڕاپۆرتیان ناردبووەوە کە دوو لەسەر سێی سوپای یەکێتی لە دۆڵی شناندۆ لە ژێر فەرماندەی ژێنراڵ ناتانیەل بنێکس جێگیر بوون. بڕیار وایە بۆ پەیوەستبوون بە مکللان بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆن و هەروەها سوپای نزیک واشنگتۆن بە زووترین کات بە فەرماندەی ئیرون مکداوڵ بەرەو ڕیچمۆند حەرەکەت بکەن. جەکسۆن کاتی بە هەدەر نەدا و سەربازەکانی بە خێرایی بەرەو باکوور ڕەوانە کرد تاکوو بۆ سوپای یەکێتی هێرش بکا کە هێشتا لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆڵێک نزیک بە کرنێزتاون بوون. ئەو شەڕە زۆر جیددی و لە کۆتایی ڕۆژدا واتە ئێوارێ سەربازانی جەکسۆن بە ناچاری پاشەکشەیان کرد. بۆ ئەوان درێژەدانی شەڕکردن، شکست یا تەنانەت بەڵایەکی گەورەیان بەسەر دەهات. ئەوانە لە ڕادەی نەفەرات یەک بە دوو دەبوون و زیانێکی زۆریان وێکەوت. بەڵام جەکسۆن کە پیاوێکی سەرسەخت بوو، وا وێدەچوو لە بارودۆخەکە ڕازی بێ.

دوای چەند ڕۆژێک جەکسۆن هەواڵێکی پێگەیشت کە ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕێی دەکرد، لینکلێن دەستوری بە سوپای بنێکس داوە بگەڕێنەوە بۆ دەڕرەکە و سوپای مکداوڵ لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە. شەڕ لە کرنێزتاون سەرنجی ئەوی ڕاکێشا و نیگەرانی کرد، بۆ ئەویش ئەو نیگەرانییە بچووکە بەس بوو. لینکلێن نەیدەزانی ئامانجی جەکسۆن چیە یان سوپای ئەو چەندە گەورەیە، بەڵام ئەو دەیهەویست بەهەر قیمەتێک بێ دەڕرەی شناندۆ ئارام بێت. ئەگەر ئەو دۆڵە ئارامی پارێزراو بوایە، لەوانە بوو تازە هێزی بنێکس و مکداوڵ بەرەو مکلالان بنێرێ. مکلالان ناچار بوو شتی مەنتیق و فیکری دروست قەبووڵ بکا و لەگەڵ ئەوەی سەربازێکی زۆری بۆ پێشڕەوی خێرا بەرەو ڕیچمۆند بەدەستەوە بوو، بەڵام دەیهەویست تا هێزەکانی دیکە بۆ بەهێزکردن و پشتیوانی سوپای ئەو بێن و سەرکەوتن مسۆگەر بکەن.

جەکسون دوای کرنێزتاون بەرەو باشووڕ گەڕایەوە و لە بنێکس دوور کەوتەوە تا چەند حەوتوو هەر لەوێ مایەوە. سەرەتایی مانگی مەی [بانەمەڕ] لیکلێن بیری کردەوە کە دۆڵی شناندۆ ئەمنییەتی هەیە و مکداوڵی بەرەو ڕیچمۆند ڕەوانە کرد و بنێکسیش ئامادە بوو کە لەگەڵ ئەو یەک بگرێتەوە. دیسان جەکسۆن ئامادە بووەوە و سوپای خۆی بە ئارایشێکی زۆر عەجایب، لەپێشدا بۆ ڕۆژهەڵات واتە مکداوڵ، پاشان بۆ ڕۆژاوا واتە دەڕرەکە نارد. تەنانەت سەربازەکانی نەیاندەزانی کە ئەو چی دەکا. لینکلێن کە لەو حەرەکاتەی سەری سووڕمابوو پێی وابوو جەکسون دەیهەوێ شەڕ لەگەڵ مکداوڵ دەست پێبکا، بەڵام گومانی هەبوو. ناوبراو دیسان پێشڕەوی مەکداوڵی بەرەو باشووڕ ڕاگرت و نیوەی سوپای بنێکسی لە دەڕرەکەدا ڕاگرت و نیوەی دیکەی بۆ یارمەتی مکداوڵ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ جەکسۆن ڕەوانە کرد.

لەناکاو پلانەکانی سوپای یەکێتی کە باشیش داڕێژرابوو، تێکڕووخا و پەرشوبڵاو بوون و نەیانتوانی پشتگیری یەکتر بکەن. ئێستا جەکسۆن پلانە مەرگهێنەرەکەی خۆی جێبەجێ کرد. ئەو لەگەڵ تیمەکانی دیکەی هاوپەیمانانی ئەو ناوچەیە هاوڕا، و لە ٢٤ی مەی [٤ی جۆزەردان] بەرەو سوپای یەکێتی لەشکرکێشی کرد کە لێکبڵاو ببوون و لە دۆڵەکە مابوونەوە. جەکسۆن تاکوو لێوارەکانی دەڕرە پێشڕەوەوەی و هێزەکانی یەکێتی ناچار بە پاشەکشە بەرەو باکوور واتە ڕووباری پۆتۆماک کرد. ڕاودوونانی سوپای یەکێتی لە لایەن جەکسۆنەوە شەپۆلێکی لەترس لەهەموو واشنگتۆن دروست کرد. هێزەکانی ئەو ژێنراڵە کە بە ڕواڵەت لەماوەی یەک شەودا دوو بەرابەر زیادیان کرد ئێستا ڕاستەوخۆ بەرەو پایتەخت دەچوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێدوین ئیستانتۆن وەزیری شەڕ، دەستبەجێ تێلگرافی بۆ پارێزگارەکانی باکوور کرد کە خۆیان بۆ ئەو مەترسییە و بۆ بەرگریکردن لەشارەکە قشوون ئامادە بکەن. هێزی یارمەتیدەر دەستبەجێ بۆ وەستاندنی پێشڕەوی هاوپەیمانان خۆیان گەیاندێ. لە هەمانکاتدا لینکلێن پێداگر بوو کە یەکجار و بۆ هەمێشە جەکسۆن لەنێو بەرن، دەستووری دا نیوەی سوپای مکداوڵ بۆ لێک بڵاوبوونی جەکسۆن و هێزەکانی بەشداری شەڕەکە بکەن و نیوەی دیکە بۆ پاراستنی ئەمنییەتی شاری واشنگتۆن بگەڕێنەوە، مکلالان بێجگە لە قەبووڵکردنی ئەو بڕیارە شتێکی دیکەی نەبوو.

جەکسۆن جارێکی دیکە پاشەکشەی کرد، بەڵام تا ئەو کاتە گەڵاڵەکەی بە باشی بەڕێوە چوو. لەماوی ٣ مانگدا تەنیا بە ٣٦٠٠ کەس سوپایەکی ٦٠ هەزار کەسی پەرتەوازە کردبوو و بۆ بەشی باشوور دەرفەتی باشی ڕەخساندبوو تاکوو بەرگری لە ڕیچمۆند بەرنامەڕێژی بکا و بە تەواوی جەریانی شەڕی گۆڕی.

**لێکدانەوە**

چیرۆکی ئیستون واڵ جەکسون لە دۆڵی شیناندۆ ڕاستییەکی سادە دەخاتە ڕوو. ئەوەی لەشەڕدا و هەڵبەت لەژیاندا گرنگە بە تەنیا ژمارەی سەربازەکان یان ڕادەی کەلوپەل نییە، بەڵکوو ڕوانگەی دوژمن لەسەر تۆیە. ئەگەر ئەوان وا بیر بکەنەوە کە تۆ لاوازی و خەسارهەڵگری، هێرش بۆ ئێوە دەکەن ئەوە مەترسیدارە. ئەگەر ئەوان لە ناکاودا بزانن تۆ بەهێزی و یان پێش‌بینی‌نەکراوی یان سەرچاوەی شاراوەت هەیە، ئەوە پاشەکشە دەکەن و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەنەوە. ناچارکردنی ئەوان بۆ گۆڕینی پلانەکانیان و ڕەفتاری دروست‌تر و وردتر دەتوانێ مەسیری شەڕەکە بگۆڕێ. لە هەر شەڕێکدا هێندێک شت لەدەرەوەی کۆنترۆڵی ئینساندا هەیە، لەوانەیە نەتوانن سوپایەکی گەورە پێکەوە بنێن یان بەرگری لە هەموو خاڵە لاوازەکانی خۆتان بکەن، بەڵام هەمیشە دەتوانن کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی کەسانی دیکە دەربارەی تۆوە هەبێ.

جەکسۆن سەرەتا تێگەیشتنەکانی یەکێتی بۆ هێرشی بوێرانەی بۆ سەر کرنێزتاون گۆڕی، کە وایکرد لینکلێن و مەکلالان باوەڕیان کردبوو کە ڕادەی سوپای ئەو زۆر لەوە زیاترە کە ئەوان دەیانزانی، ئەوان نەیان دەتوانی قەبووڵی بکەن کە کەسێک ئەوەندە گەمژە بێ کە تەنیا ٣٦٠٠ سەرباز بەرەو سوپایەکی بەهێزی یەکێتی بنێرێ، ئەوانە بیریان لەوە کردەوە ئەگەر جەکسۆن بەهێزتر بوایە لەوەی کە خەیاڵیان دەکرد، ئەوە مانای ئەوە بوو کە لە دۆڵی شناندۆ پێویستیان بە هێزی زیاتر بوو هەر ئەوە بووە هۆی کە قشوونی ئامادە بەرەو ڕیچمۆند دابەش بکەن. دواتر جاکسۆن دەستی کرد بە حەرەکەتێکی کە بە شێوەی پێش‌بینی‌نەکراو ئەو بڕوایەی دروست کرد کە نەک تەنیا سوپایەکی گەورەی لەژێر دەستیدایە، بەڵکوو هێندێک پلانی سەیر و نیگەرانکەری هەیە. بێ‌توانایی لینکلێن و مەکلالان لە دۆزینەوەی ئەو گەڵاڵەیە ئەوانی لە ڕێڕەوی خۆیان ڕاگرت و وای لێکردن هێزەکانیان دابەش بکەن بۆ ئەوەی ئاگاداری مەترسییە ئەگەرییەکان بن. لە کۆتاییدا جەکسۆن جارێکی دیکە بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوێری هێرشی بۆ کردنەوە. ڕاستە کە جەکسۆن ئەوەندەی سەرباز نەبوو کە هەڕەشە لە واشنگتۆن بکا، وەکو جادووگەرێکی تەردەست لە سوپاکەی شتێکی خەیاڵی وەک ئەوەی منداڵی پێ بترسێنی دروست کرد و نیشانی ئەوانی دا، کە لە بنەڕەتدا شتێکی چووکە و پێکەنینی بوو.

دەبێ تێگەیشتنی خەڵک لەسەر خۆتان بە هەڵە بەرن، بۆ ئەوەش پێویستە ڕۆڵی خۆتان بگێڕن، نهێنیکار بن و ناونیشانی هەتڵە بدەن بۆ ئەوەی کونترۆڵیان بکەن. باشتر وایە وەک جەکسۆن بوێریتان لەگەڵ چاوەڕواننەکراوی و ناژیرانە ڕەفتارکردن و کردەوەی نەترسانە لە کاتەکانی لاوازی مەترسی لەسەر دروست بکەن. ئەو کارە ناهێڵێ کەسانی دیکە سەرنجیان لەسەر خاڵە لاوازەکان بێ و بە چاولێکردن لە چاوەکانی ئێوە دەترسێن. بەسە ئەم ڕەفتارانە پێشبینینەکراو بن، کە بەهێز خۆتان نیشان بدەن چونکە کردەوەی ڕوون نەکراوە نیگەرانی و کەمێک ترس بۆ بەرامبەر دەهێنێ. بەم شێوەیە ئەوانی دیکە لە هاوسەنگی دەخاتە دەرەوە. مەودای خۆتان لەگەڵ ئەوانە بپارێزە تاکوو نەتوانن هەنگاوەکانی ئێوە بەراورد بکەن، بەم شێوەیە دەستدرێژکاران پاشەکشە دەکەن. ڕواڵەتی ئێوە و تێگەیشتنی ئەوان لە ئێوە، شانبەشانی یەکتر دەڕۆن بۆ وەدیهێنانی دەسەڵاتی ئێوە.

٢- پادشای ئینگلستان ئێدواردی یەکەم، پادشایەکی شەڕکەری سەدەی سێزدەهەم بوو. ئەو بڕیاریدا هەموو دوڕگەکانی ئینگلستان داگیر بکا. سەرەتا وێڵزییەکانی ملکەچ کرد و تەسلیم بوون، پاشان چاوی تەماعی لە ئیسکاتلەند بڕی و بەشێک لە شارکان و قەڵاکانی داگیر کرد و دواتر زەمینەی بۆ هێرشکردنە سەر ئەو عەشیرەت و گرووپانە خۆش کرد کە بوێری و ئازایەتیان لەخۆیان نیشان دابوو، کە بەرەنگاری بیوونەوە، تەنانەت لەگەڵ ئیسکاتلەندییەکانی کە خەباتیان دژی کردبوو بەتایبەتی سێر ویلیام والاسی بە ناوبانگ زۆر بێڕەحمانە ڕەفتاری لەگەڵ کرد، ناوبراو ئەوانی ئەسیر کرد و لەنێو ئاپۆڕای خەڵک ئەشکنجە و دواتر ئێعدامی کردن.

تەنیا یەک ئیسکاتلەندی توانی ئێدوارد فریو بدا و خۆی دەرباز بکا. ڕابێرت دی بروس، (١٢٧٤-١٣٢٩) ناسراو بە ئێرێل کاریک کە بە جۆرێک خۆی گەیاندبووە باکووری ئیسکاتلەند. هەر بۆیە ئێدوارد خێزان و هاوڕێکانی ئەو شۆڕشگێڕەی گرت و پیاوەکانی کوشت و ژنەکانی لە قەفەسێکدا زیندانی کرد. بروس بە زیندووی مایەوە و لە ساڵی ١٣٠٦ی زایینیدا وەک پادشای ئیسکاتلەند تاجی لە سەر نا. ناوبراو پێوشوێنی ئەوە کەوت کە سوێندی خوارد تۆڵەی خۆی لە ئێدوارد بکاتەوە و ئینگلیزییەکان لە ئیسکاتلەند دەر بکا. ئێدوارد بە بیستنی تاج لەسەرنانی پادشای بروس زیاتر سوور بوو لەسەر ئەوەی هەرچی زووتر ئەو پاشماوەیەی ئیسکاتلەندییەکان پان بکاتەوە و ئاسەواریان ببڕێ، بەڵام پێش ئەوەی بە ئامانجی بگا لە ساڵی ١٣٠٧دا مرد.

کوڕی ئێدوارد، واتە ئێدوارد دووهەم، وەک باوکی تینووی شەڕ نەبوو، ئێدواردی یەکەم دوڕگەی ئارام کردبووەوە بەڵام شای نوێ نیگەرانی تایبەتی لە ئیسکاتلند نەبوو. ئینگلستان دەوڵەمەند و سوپاکانی پۆشتەوپەرداخ، خواردنیان باش، پووڵی باش و ئەزموونی باشیان هەبوو. لەڕاستیدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڕەکانی ڕابردوو سوپایەکی ساماناکی لێ دروست کردبوون. ئێدواردی دووهەم هەرکات پێویست بوایە بڕیاری دەدا سوپایەکی گەورە دژی ئیسکاتلەندییەکان دروست بکەن کە چەکی ئیسکاتلەندی تا ئەوکاتە سەرەتایی بوون و دڵنیا بوو کە بەڕاحەتی دەتوانێ بروس کۆنتڕۆڵ بکا.

چەند مانگ لە دەسەڵاتی ئێدوارد دووهەم تێدەپەڕی کە بروس توانی هێندێک لە قەڵاکانی ئیسکاتلەند لەژێر دەسەڵاتی ئینگلستان دابوون بگرێ و ئاگریان تێبەردا. کاتێک ئێدوارد هیزەکانی بۆ بەربەرەکانی بەرەو بروس ڕەوانە کرد ناوبراو خۆی لەشەڕ پاراست و بە سوپای چووکەی کە پێکی هێنابوو بەرەو دارستانەکان ڕۆیشت و خۆی شاردەوە. ئێدوارد بۆ پارێزگاری لەو شوێنانەی کە لە ئیسکاتلەند بەدەستیەوە مابوون و بۆ تۆڵەکردنەوە لەبروس هێزی زیاتری ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کرد، بەڵام لەناکاو سەربازانی ئیسکاتلەندی هێرشیان بۆ ئینگلستان کرد. ئەو تاڵانکەرانە زۆر دینامیک و چالاک بوون، لە هەوارەکانی باکووری ئینگلستان بەسواری ئەسپ هەموو بەروبووم و ئاژەڵەکانیان لەنێو دەبرد. شەڕەکانی ئینگلستان لە ئیسکاتلەند تێچووی زۆری دەویست بۆیە ئێدوارد ماوەیەک وەستاندی، بەڵام دوای چەند ساڵێک دەستی پێکردەوە.

ئەمجارەیان سوپای ئینگلستان نفوزی زیاتری کردە نێو ئیسکاتلەند، بەڵام دیسان هێرشکەرانی ئیسکاتلەندی لە وەڵامی ئەواندا بۆ باشووری ئینگلستان هێرشیان کرد و وێرانکاری زیاتریان لە مووچە و ماڵەکاندا دروست کرد. سوپای ئیسکاتلەندیش لە نێوخۆی وڵات بەشی زۆری دەغڵودانی سووتاند تا ئینگلیزییەکان هیچیان بۆ خوارن نەبێ. پاشان وەک پێشتر ئینگلیزییەکان خۆیان بۆ ڕاوەدوونانی بروس ماندوو کرد، بەڵام نەیانتوانی بیدۆزنەوە و بروس خۆی لەشەڕ نەدا. سەربازە ئینگلیزییەکان کە لە ئۆردوگاکان مابوونەوە بۆ ماوەیەکی زۆر بە هۆی بلوێر و زوڕنا کە فووی لە هەنبانەوە دەدەنێ، بۆقە بۆق و دەنگی کەڕنا خەویان زڕابوو. ئەوان کە برسی و ماندوو و بێزار بوون بە خێرایی بە مەبەستی دۆزینەوەی خۆاردنی خۆیان و بەرهەم و ئاژەڵ بۆ باکووری ئینگلستان پاشەکشەیان کرد تا بەڵکوو بەهرە و بەروبومی خۆیان ببیننەوە و شتێک بخۆن. سەربازانی ئینگلیزی ورەیان نەمابوو هیچ کەس ئامادە نەبوو تەنانەت ڕۆژێک لە ئیسکاتلەند بمێنێتەوە و بەرە بەرە قەڵا لە دوای قەڵا ئیسکاتلەندییەکان دەستیان بەسەر دا دەگرت.

سەرنجام ساڵی ١٣١٤ ئیسکاتلەندییەکان لە شەڕی بانۆکبۆرندا ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئینگلیزییەکان ڕووبەڕوو بوونەوە و شکستیان دان، ئەوە شەرماویترین شکستی ئێدوارد دووهەم بوو کە سوێندی خوارد تۆڵە بستێنێتەوە. ساڵی ١٣٢٢ بڕیاری دا بۆ جارێک بۆ هەمیشە بروس لە شەڕێکی گەورەدا بە ناوی باوکییەوە شکستی بدا. ئێدوارد گەورەترین سوپای سازماندەهی کرد کە تا ئەو ڕۆژە دژی ئیسکاتلەند نەیکردووە و بۆخۆشی فەرماندەهی دەکرد. ئێدوارد تاکوو نزیک قەسری ئیدینبۆرگ پێشڕەوی کرد و خاوەن مووچەکانی بۆ پەیداکردنی خواردن بەرەو هەوارەکانی ڕەوانە کرد، بەڵام ئەوانە بە گایەکی پیر و داشقەیەکی خاڵی گەڕانەوە. قشوونی ئینگلیس بەشی هەرە زۆریان تووشی ئیسهالی خوێن بوون و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێدوارد بە ناچاری پاشەکشەی کرد. کاتێک گەیشتە باکووری ئینگلستان، چاوی بە ئیسکاتلەندییەکان کەوت کە دیسان هێرشیان بۆ مووچەکان کردووەتەوە و وێرانکارێکی زیاتریان دروست کرد. برسیەتی و نەخۆشی پاشماوەی سەربازانی ئینگلیسی هەموو لە نێو برد. ئەو شەڕە ئەوەندە کارەساتبار بوو کە سەربازەکانی ئێدوارد لە دژی ڕاپەڕین و ئێدوارد بە ناچاری ڕایکرد بەڵام لەساڵی ١٣٢٧ گرتیان و ئیعدامیان کرد.[١]

ساڵێک دواتر کوڕی ئێدوارد، واتە ئێدوارد سێهەم لەگەڵ ئیسکاتلەندییەکان وتوویژ و ئاشتی کرد و سەربەخۆیی ئیسکاتلەندی بەو وڵاتە داوە و ڕابێرت دی بروس وەک پادشای ڕاستەقینە بە فەرمی ناسی.

**لێکدانەوە**

ئینگلیزییەکان باوەڕیان وابوو کە هەرکات ئیرادە بکەن دەتوانن هێرش بۆ ئیسکاتلەند بکەن. ئیسکاتلەندییەکان کەل‌وپەلی نیزامی باش و ڕێبەرایەتی یەکگرتوو و یەکپارچەی نەبوو، کاتێک ئینگلستان ئەو خاڵە لاوازانەی بینی بۆچی بیر لە داگیرکردنی نەکاتەوە؟ ڕابێرت دی بروس هەوڵی دەدا کە پێش بەو بڕیارە بگرێ، بۆیە دەسبەجێ ستراتیژییەکی نوێی دروست کرد. کاتێک ئینگلیزییەکان هێرشیان دەکرد ئەو ڕاستەوخۆ شەڕی لەگەڵ نەکردن، لەبری ئەوە زەربەی ناڕاستەوخۆی لێ دەدان و هەمان کاری کرد کە ئینگلیزییەکان دەیانهەویست بیکەن. ئەو یاری "شتێک کە دەگۆڕییەوە گلەیی ناوێ، یان بە واتایەکی دیکە جێگای مشت سندانە" بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی دا تاکوو ئینگلستان زانیان هەرکات دەستدرێژی بکەنە سەر ئیسکاتلەند بە ژمارەیەک لەدەستدانی سەربازەکانی کۆتایی دێت و ئەمجار هەستیان کرد ئەو زیادەڕۆوییە دەبێتە هۆی لەدەستدانی مووچە و مەزرا و داهاتی بژێوی ئەوان و شەڕ بەرەو دۆخێکی ئاڵۆز و ئاستەم دەکێشرێ. ئەوان وردە وردە تاسەی شەڕکردنیان لەدەست دەدا و سەرەنجام ئەو ئارەزویان وێل کرد.

---

١. حیکایەتێکی دیکە کە ئێوە ڕوون دەکاتەوە، پێوەندی بە شمشێر بازێکی بەتواناوە هەیە کە گەیشتبووە بەرزترین قۆناغی هونەری شەڕی شمشێر. بەهۆی ئەوەی کە ڕۆشنبیر بوو لە مانای ڕاستەقینەی هونەری شەڕی شمشێر دەگەیشت، کە دەبێ لەسەر بنەمای بەرەو پێش‌بردنی خۆشگوزەرانی خەڵک بێ نەک لەنێوبردنی یان کوشتنی ئەوانی دیکە، ئەم وەستا گەورەیە حەزی لە شەڕی توندرەوی نەبوو. توانای ئەو لە هونەری شمشێربازیدا بە تەواوی جێگەی پرسیار بوو، لەلای هەمووان ڕێزی لێ دەگیرا. بەگۆچانێکەوە بە شەقامەکاندا دەڕۆیشت وەک پیرە پیاوێکی بێزار و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هەر شوێنێک دەچوو خەڵک بە ترس و ڕێزێکی زۆرەوە سەیری دەکرد. خەڵک وریا بوون کە تورەی نەکەن و ئەویش بێ‌باک بوو. ئەو پیاوە هاوشێوەی ئەوەیە کە بەردێکی زەبەلاح لە سەرووی ڕێڕەوێکی شاخەوە هەڵواسراوە. خەڵک لە بەردەکە دەترسن، کە پێیان وایە ڕەنگە لە هەر ساتێکدا بێتە خوارەوە، بۆیە بە هێمنی و بە وریاییەوە لە ژێر بەردەکەدا دەڕۆن. بەڵام لە ڕاستیدا بەردەکە زۆر جێگیرە، ئەوەندە قووڵ لە زەوی دایە کە هەرگیز ناکەوێتە خوارەوە. بەڵام خەڵک ئەو مەوزووعە نازانن، و بەردەوامن لە ترس و دڵەڕاکێ کە دەکەوێتە خوارەوە. بەردەکە لەوێیە و سەیری ترسی مرۆڤەکان دەکا. طریقت پیروزی: تفسیری بر کتاب پنج حلقه، مترجم، هایدی اوچیایی ٢٠٠١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەوهەری ستراتیژی ڕێگریکردن ئەوەیە، کە کاتێک کەسێک هێرش دەکا یان هەڕەشە دەکا ئێوە بەڕوونی نیشانی بدەن کە دەبێ تاوانی کارەکەی بداتەوە. لەوانەیە بەهێزتر بێ و بتوانێ لە شەڕەکەدا سەر بکەوێ بەڵام ئەو سەرکەوتنە تێچووی بۆ ئەویش دەبێ. لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵی دەرگیر بی زەربە لە شتێک بدەن کە لەو نزیکە و بۆ ئەو بایەخی هەیە. بەو جووڵەیە تێگەیشتووە هەر کات کێشەی دروست کرد دەبێ چاوڕوانی زەربەیەک بێت کە هەرچەندە چووکەش بێ لەلایەن تۆوە ئەنجام بدرێ. تەنیا شێوەی ڕاگرتنی ئێوە ئەوەیە کە دەست لە هێرشکردن بۆ سەر ئێوە هەڵگرێ. ئێوە وەک گەنە پێوەی نووساون و زۆر کەس بەرگە ناگرێ و دەیان هەوێ ئەو گەنەیە لە کۆڵیان بێتەوە.

۳- سەر لە بەیانیی ڕۆژێک لە ساڵی ١٤٧٤دا، لویی یازدەهەم پادشای فەڕانسە کە بەهۆی پلانە فێڵبازەکانی بۆ دوژمنەکانی بە جاڵجاڵۆکە یان جاڵجاڵۆکەی جیهانی ناسرابوو، دەم هەراشییەکی سەیر و سەمەرەی دژی دووکی میلان بڵاو کردەوە. هەموو ئەوانەی لە دەربار بوون ئەو ڕۆژە لە مانگی ژانویە [بەفرانبار] گوێیان لە قسە ورد و جوانەکانی لویی و گومانەکانی بۆ دووک میلان گرت: هەرچەندە باوکی دوک هاوڕێی ئێمە بووە، بەڵام ناتوانین متمانەی پێ بکەین. ناوبراو هەمێشە چالاکی دژی فەڕانسە بەڕێوە دەبا و پەیماننامەکانی نێوان هەردوو وڵات پشتگوێ دەخا. لویی ئەوەندەی درێژ کردەوە کە هەموویان بیریان دەکردەوە کە مومکینە گەلاڵەی هێرشی بۆ سەر دووک داڕشتبێ، هەر لەو کاتەدا کەسێک زۆر ئارام ژوورەکەی بەجێهێشت و ئەو جووڵەیە دەرباریەکانی سەرسام کرد. ئەو کەسە کریستوفر دی بلات باڵوێزی میلان لە فەڕانسە بوو، بەیانی زوو بلات پێشوازییەکی سەخاوەتمەندانەی لە لایەن پاشاوە لێکرابوو، بەڵام لەڕادەبەدەر دڵتەنگ و نارەحەت بوو گۆیا لویس لەبیری چۆتەوە کە ئەو لە وێ حوزووری بووە و زمانە تیژ و ئاگرینی پادشا دەیتوانی ببێتە هۆی پشێوەی و ئاژاوەی دیپلۆماسی.[۱]

لویی لە هەمان ڕۆژدا بلاتی بانگهێشتی ژووری تایبەتی خۆی کرد و لە کاتێکدا لەسەر جێگاکەی خۆی درێژ ببوو و دەستی بە قسەکردنێکی گەرموگوڕی دۆستانە کرد کە بەڕواڵەت ئاسایی بوو. کاتێک چوونە نێو بەحسی سیاسەتەوە، خۆی بە لایەنگری دووکی میلان وەسف کرد و گوتی بۆ بەربڵاوکردنی

۱. جارێک کە گرووپێکی پێنج شەش کەسی سامۆڕایی پێکەوە بە بەلەم بەرەو پایتەخت دەڕۆیشتن، کە بەلەمەکەیان درەنگانی شەو خۆی بە کەشتییەکی ئاسایی دادا. پێنج شەش دەریاوانی کەشتییەکەی دیکە بازیان دا و بە دەنگی بەرز داوای لە سامۆڕاییەکان کرد کە بەلەمەکەی خۆیانی بدەنێ، سامۆڕاییەکان کەزانیان بەرامبەریان زۆر خۆویستن هێرشیان بۆ کردن و هاواریان دەکرد، "ئاماژەی دەریاوانەکە، شتێکە بۆ کەسانی وەک ئێوە! پێت وایە ئێمەی سامۆڕایی ڕێگە پێ دەدەین ئامێر لە بەلەمەکە ببەن کە شتە شەڕکەرەکان هەڵگرتووە؟ ئێمە تا ئاخر کەس‌تان دوو قاش دەکەین و بۆ نێو دەریاتان فڕێ دەدەین." دریاوانەکان بەبیستنی ئەو قسانە هەڵاتنەوە بۆ کەشتییەکەی خۆیان. لە کاتێکی ئاوادا مرۆڤ دەبێ وەک سامۆڕایی مامەڵە بکا. لە دۆخی سەرگەردانی بە هاوارکردن و هەڵاوبگرە و قاوەقاو دروست کردن دەتوانی باشتر بە ئاکام بگەی، بە دروستکردنی شتێکی گرنگتر لەوەی کە لە ڕاستیدا هەیە و بە نیشاندانی هەڵوێستێکی گرنگتر لە واقیع و ترساندنی کەسانیتر و ڕێگە نەدانیان بەو شتانەی لای تۆ ئەرزشی هەیە، هیچ دەسکەوتێک نەسیبی نەیار مەکە. هاگا کورە: کتاب سامورایی، یاماموتو تسونەموتو، ١٦٥٩- ١٧٢٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەسەڵاتی دووک ئامادەیە هەر شتێک بکا. پاشان پرسی، پێم بڵێ: "کریستوفر، ئایە ئەوەی ئەم بەیانییە لە کۆبوونەوەدا گوتم پێت گەیشتۆتەوە؟ ڕاستیم پێ بڵێ؟ ئایە کەسانی دەربار هیچیان پێ گوتووی؟" بلات دانی بەوە دانا، کە لە ڕاستیدا لە کاتی قسە زلەکانی پادشادا لە ژووری کۆبوونەوە خۆی گوێی لە قسەکانی پادشا بووە هەروەها ناڕەزایەتی دەربڕی کە دووک میلان دۆستێکی دڵسۆزی فەڕانسەیە. لویس وەڵامی دایەوە کە گومانی لە دووک هەیە و بەیانی توڕە بووە، بەڵام دواتر یەکسەر بابەتەکەی بۆ شتێکی خۆش گۆڕی و لە کۆتاییدا بلات ژوورەکەی بەجێ‌هێشت.

ڕۆژی دواتر پادشا سێ ئەندامی ڕاوێژکاری نارد بۆ ئەوەی سەردانی بلات بکەن، ئایە ئەو لە شوێنی نیشتەجێ بوونی ڕازییە؟ ئایە لە پێشوازی پادشا ڕازییە؟ ئایا شتێک هەیە کە بتوانین بیکەن بۆ باشترکردنی مانەوە لە دەرباری فەڕانسە؟ هەروەها دەیانویست بزانن ئایا بلات قسەکانی پادشا بۆ دووک دەگێڕێتەوە یان نا. هەرچی بێ لویی متمانەی بە بلات هەبوو و بەدۆستی خۆی دەزانی و تەواوی قسەکانی لە ڕووی تووڕەییەوە بووە و بلات پێویستە هەموو شتەکان لەبیر بکا.

بێگومان هیچکام لەوانە نە سێ مشاوێرەکە، نە پیاوانی دەربار و نە بلات نەیاندەزانی کە ئەوە بەشێک لە نەخشەی پادشا بووە. لویی دڵنیا بوو لەوەی کە ئەو باڵیۆزە قەڵب و تەزویرە کە لویی بە دۆستی خۆی نەدەزانی و گومانیشی لێی بوو، تەواوی ئەوانەی وەک ڕاپۆرت بە دووکی دەدایەوە و ئەو دەیزانی کە دوک خیانەتکارە و بەو کارەی دەیویست دووک ئاگادار بکاتەوە. وا دیار بوو پەیامەکە کاری خۆی کرد و بۆ چەند ساڵی داهاتوو، دووک هاوپەیمانێکی گوێڕایەڵ مایەوە.

**لێکدانەوە**

شای جاڵجاڵۆکە پیاوێک بوو کە هەمیشە پێش هەر ڕووداوێک چەند پیلانی سەرنجڕاکێشی دادەڕشت. لەم حاڵەتەدا دەیزانی کە ئەگەر بە ئەدەب و دیپلۆماسییەوە قسە لەگەڵ باڵیۆز و نیگەرانییەکانی خۆی سەبارەت بە دووک بکا قسەکانی هیچ فایدەی نابێ، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر تووڕەیی خۆی ڕاستەوخۆ بە باڵیۆز بڵێ لە ژێر کۆنترۆڵ دەر دەچێ. هەڕەشەی ڕاستەوخۆ هەمیشە ناکاریگەرە و دووک دیسان درێژە بە خیانەتەکانی دەدا، بە دەربڕینی نیگەرانییەکان و هەڕەشەی ناڕاستەوخۆ هۆشدارییەکەی کاریگەری لێ کەوتەوە. ئەوەی کە بە ڕواڵەت هەوڵی دەدا دووک لە تورەیی خۆی ئاگادار نەبێ کاری خۆی کرد، یانی لویی نەخشە دەکێشێ و نایهەوێ دووک گومانی لێ بکا و ئێحساساتی بزانێ. ئەو هەڕەشەیەی پڕ لە فیتنە نێو برد بۆ ئەوەی دووک کەمێک بیر لە مەبەست و کردەوەکانی بکاتەوە و واز لە خیانەت بێنێ[1]

---

١. لە دەیەی ١٩٣٠ سەدەی ڕابردوودا سیاسەتی موسولینی لە ئیتالیا نموونەی بوێری و دروستکردنی سەرابێکی دەسەڵات بوو. سوپایەکی ٨ میلیۆن نێزەدار کە ڕووخساری نمایشیان جووڵەی بوێرانە و نمایشکردنی کەرەستەی نیزامی بە هەڵاوبگرەیەکی زۆرەوە بوو. هێزێکی ئاسمانی کە زۆر ڕێزی لێ دەگیرا، کەمترینیان بەهۆی گەشتە سەرنجڕاکێشەکانی مەودای دوورەوە بۆ جەمسەری باکوور و ئەمریکای باشوور، و هێزێکی دەریایی کە دەیتوانی چەندین کەشتی سەرنجڕاکێش لەخۆ بگرێ. چونکە زۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێک لە ژێر هێرش داین، وەسوەسەمان بۆ دروست دەبێ کە بە شێوەیەکی سۆزداری هەڵس‌وکەوت بکەین و بە پەلاماردەران بڵێین بوەستن و هەڕەشەیان لێ بکەن کە ئەگەر بەردەوام بن چی ناکەین. ئەو شێوازە دەمانخاتە دۆخێکی لاوازەوە، لەوحاڵەتەدا هەم ترسەکان و هەم پلانەکانمان ئاشکرا کردووە و قسەکانی ئێمە کاریگەری لەسەر هێرشکاران نابێ. ناردنی پەیام بۆیان لە ڕێگەی لایەنی سێهەمەوە یان کردەیەکی ناڕاستەوخۆ زۆر کاریگەرتر دەبێ. بەم شێوەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە تۆ لە ئێستاوە کارێک دژی ئەوان دەکەن. هەڕەشەکانی خۆتان ڕاستەوخۆ و شەفاف باس مەکە. ئەگەر ئەوان تەنیا گۆشەیە لە نەخشەی ئێوە بزانن، ئەوە باقی نەخشەکە بۆ خۆیان بەراورد دەکەنەوە، ئەگەر شتێک بکەی کە پێش‌بینی‌نەکراو و ستراتیژیک بێ بە دڵنیاییەوە کاریگەرییەکی سەیر لەسەریان دەبێ و دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە شەڕکردن لە گەڵ ئێوە سوودێکی نییە.

٤- لە سەرەتای ساڵانی ١٩٥٠دا جۆن بۆید (١٩٢٧-١٩٩٧) وەک فڕۆکەوان لە شەڕی کورەدا کاری کردووە. لە نێوەڕاستی هەمان دەیەدا وەک بڕوا پێکراوترین و باشترین مامۆستای ڕاهێنەری فڕۆکەوانی لە بنکەی هەوایی نلیس لە نوادا ناسێندرا. ئەو بە کردەوە لە شەڕە سەختەکاندا شکستی نەخوارد و ئەوەندە بە جوانی ئەرکی بەڕێوە دەبرد کە داوای لێکرا شێوەکاری تاکتیکی فڕۆکەوانی فرۆکە شەڕکەرەکان بنووسێتەوە. ناوبراو شێوازێکی پەرە پێدا کە ڕوحیەی دوژمنی وێران دەکرد و دەی ترساند، زەینی دەخوێندەوە و لە نیهایەت‌دا توانایی دژکردەوەی لێ دەستاندەوە بۆیەش بوید ئازا و بێ‌باک بوو. بەڵام هیچکام لە پەروەردەکان، شارەزاییەکان و بەرەو ڕووبوونەوەکانی لەگەڵ مەرگ، یارمەتی ئەویان نەدا کە ساڵی ١٩٦٦ پلانی فرۆکەیەکی شەڕکەرەی سووک بۆ مانۆڕی سیاسی بەبێ خوێن‌ڕشتن و ململانێی ناراستەوخۆ بۆ پێنتاگۆن ئامادە بکات.

هەر وەک بۆید بە خێرایی بۆی دەرکەوت کە برۆکراتییەکانی پێنتاگۆن زیاتر خەمی پیشە و پۆستەکەیان بوون نەک بەرگری لە ئاسایشی نەتەوەیی. ئەوان زیاتر بیریان لە دڵخۆشکردنی پەیمانکاران دەکردەوە نەک پەرەپێدانی فڕۆکەیەکی جەنگی نوێ بۆ نیشتمانەکەیان، زۆرجار کەرەستە تێکنۆلۆژییە نوێیەکانیان دەکڕی بەبێ گوێدانە پێنتاگۆن و گونجانی کەرەسەی بەڵێندەرەکان. بۆید

---

کەم لە بودجەکانی بۆ تاقیکردنەوەکانی تۆپخانە و کەشتی‌وانیدا بەفیڕۆ دەچوو. موسولینی بە سیاسەتێکی سەربازی کە پێویستییە ناخۆشەکانی شەڕی لە بەڕێوەبردنی ئەو قۆناغەدا لە پێشینەدا بوو، وێنەی گەورە و زیادەڕەوی لە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خۆی نیشان دا، بەڵام دەرئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە زۆر سەرنجڕاکێش بوون. هەردوو وڵات بەریتانیا و فەڕانسە لە هەر جۆرە دەستێوەردانێک لە داگیرکردنی ئیتیوپی لەلایەن ئیتالیا و دەستێوەردانی ئیتالیا لە ئیسپانیا و ئالبانی بێ هیوا بوون و هیچ کامیان نەیانوێرا دژایەتی ئەو بانگەشەیەی ئیتالیا بکەن کە ئیتالیا زلهێزێکی گەورەیە و بەرژەوەندی بەرجەستە و مۆڵەتی زۆری لە بانکەکانی مجارستان، بولغارستان، ڕومانی و یوگسلاوی بەدەستی هێنا. تەنیا بڕیاری دەقیقەی نەوەدی موسولینی بۆ چوونە ناو شەڕ لە مانگی ژوئنی ساڵی ١٩٤٠، کاتێک وریایی زیادەڕۆیی لەدەستچوو بەهۆی وەسوەسەی هاوبەشکردنی خاکی فەڕانسە، ساڵانێک فریودانی سەرکەوتووی (و خۆفریودان)ی بەدوای خۆیدا هێنا. استراتژی: منطق جنگ وصلح، ادوارد آن. لوتواک ١٩٨٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک فرۆکەوانێک خۆی بەجۆرێک پەروەردە کردبوو کە هەموو بارودۆخێک وەک جۆرێک لە شەڕی ستراتیژی ببینێ و لەو بوارەدا بڕیاریدا لێهاتوویی و شێوازی شەڕەکەی بۆ پنتاگۆن بگوازێتەوە و دەیتوانی نەیارەکانی بترسێنێ یان هەڕەشەیان لێ بکا و بەرپەرچیان بداتەوە.

بۆید پێی وابوو ئەو جێتە شەڕانییە کە ئەو گەڵاڵەی داڕشتووە دەتوانێ پاشەکشە بە هەر فڕۆکەیەکی لە جیهاندا بکا. بەڵام بەڵێندەران ڕقیان لە دیزاینی بۆید بوو چونکە پێیان وابوو زۆر هەرزانە و لەگەڵ تێکنۆلۆژی ئەو ڕۆژەدا کە ئەوان دەیانهەویست ناگونجێ. ئەوان بەدوای پووڵی زیاتردا دەگەڕان، هەرچی لە باریاندا بوو بۆ سەرکوتکردن یان گۆڕینی پلانی بۆید بەکاریان هێنا.

بۆید شێوازی بەرگری پەرەپێدا. لە دەرەوە کەمێک گەمژانە دەرکەوت، کۆتوشەڵوارێکی کۆمیدی لەبەر دەکرد و جگەرەی کۆنی دەکێشا و دیمەنێکی ناشیرینی هەبوو، وا دیار بوو فڕۆکەوانێکی عەسەبی بوو کە زۆر زوو پلەی بەرز کرابووەوە، بەڵام لە پشت ئەو دەرکەوتنە گەمژانەیەوە بەڕێوەبەرێکی لێهاتوو خۆی حەشار دابوو. دڵنیا بوو لەوەی زیاتر لە نەیارەکانی زاناترە، و دەتوانێ ئامار، توێژینەوە و تیۆرییەکانی ئەندازیاری بخوێنێتەوە، تاکوو لە پڕۆژەی خۆی دیفاع بکا و کەلێن لە پڕۆژەکەی ئەواندا دروست بکا. پەیمانکاران لە کۆبوونەوەکاندا بە پێشکەشکردنی شتی بریقەدار و بە دەعیە و خۆنوێنی کە لەلایەن ئەندازیارە باڵاکانیانەوە پێشکەش دەکران خۆیان نیشان دەدا، ئەوان ئیدیعای خەیاڵییان دەکرد بۆ ئەوەی ژێنراڵەکان سەرسام و ڕازی بکەن. بۆید بە ئەدەبەوە گوێی لێ گرتبوون. لە ڕواڵەتدا جۆرێکی هەڵسوکەوت دەکرد وەک ئەوەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دانابێ مامەڵەی دەکرد و دواتر بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک هێرشی کردە سەر ئیدیعا گەشبینەکانیان و بە وردی نیشانی دا کە هیچیەک لە پلانەکانیان یەکتری ناخوێننەوە و ساختەکاری و خۆنمایشکردنی ئەوانی ئاشکرا کرد. ئەوان تا زیاتریان شیی دەکردەوە بۆید زیاتر بە گژیان دا دەچووەوە و کار گەیشتە جێگایەک کە بۆید گەڵاڵەکانی ئەوانی دڕاند.

ئەوانە کە لەلایەن پیاوێکی شپرزەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرا و کات و وزەیان بەفیڕۆ دەچوو، بە نیگایەکی ناڕازییەوە کۆبوونەوەکەیان بەجێهێشت، بەڵام نەیانتوانی هیچ کارێکی دیکە بکەن. بۆید بە کردەوە هەموو ژمارە و ڕەقەم و حیساب و کیتابی لێ تێک دابوون و هیچیان نەبوو پێشکەشی بکەن، دیتیان کە متمانەیان نەماوە و لە هەر حاڵەتێکدا دەبوو شکست قەبووڵ بکەن. زۆری نەخایاند تێگەیشتن کە دەبێ لە بۆید دوور بکەونەوە و لەبری ئەوەی هەوڵی سەرکوتکردنی بدەن، هیوایان خواست کە بەسەر خۆیدا بڕووخێ و شکست بێنێ.

لە ساڵی ١٩٧٤ بۆید و تیمەکەی دیزاینی فڕۆکەیەکی جێت کە کاریان لەسەر دەکرد تەواو کرد، کە پێدەچوو پەسەند بکرێ. بەڵام بەشێک لە ستراتیژیەکەی بۆید ئەوە بوو کە تۆڕێکی هاوپەیمانان لە بەشە جۆربەجۆرەکانی پنتاگۆن هەبێ، بەڵام هەواڵێکیان پێگەیشت کە کۆمەڵێک ژێنراڵی سێ ئەستێرە ڕقیان لە پڕۆژەی ناوبراو هەیە و هەوڵ دەدەن کە بۆ شکستی پڕۆژەکەی گەڵاڵە دادەڕێژن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوان ڕێگەیان پێدا بەکورتی پلانەکەی بۆ بەرپرسە جیاوازەکانی زنجیرەی فەرماندەیی ڕوون بکاتەوە، پاشان دەبوو کۆبوونەوەی کۆتایی لەگەڵ ژێنراڵەکان ئەنجام بدا، کە شیمانە دەکرا پڕۆژەکەی لێ ڕەت بکەنەوە. سەرەڕای ئەوەش وا دیار بوو بۆید دەرفەتێکی باشی بۆ گوێگرتن لەم پلانە بۆ ڕەخسابوو.

بێجگە لە تۆڕی هاوپەیمانەکانی، بۆید هەمیشە هەوڵی دەدا دڵنیا بێ لەوەی کە لانیکەم یەک لایەنگری بەهێزی هەیە. بە شێوەی گشتی ئەو کارە سادە بوو، چونکە لە فەزایەکی سیاسی وەک پێنتاگۆندا هەمیشە چەند ژێنراڵ یان بەرپرسی قودرەتمەندی دیکە هەبوون کە لە سیستمی مەوجود بێزار بوون و دڵخۆش بوون کە پارێزەری نهێنی بۆید بن. بۆید بەهێزترین هاوپەیمانی خۆی واتە وەزیری بەرگری "جمیز شلیسینگێر" بانگ‌هێشت کرد و پەسەندی ناوبراوی بۆ پڕۆژەکە وەرگرت. پاشان لە کۆبوونەوەی ژێنراڵەکانی پیلانیان داڕشتبوو و بەرنامەکانی لێ کردنە بڵقی سەرئاو و ڕایگەیاند: "بەڕێزان، وەزیری بەرگری لە منی داوا کردووە کە ئێوەی لێ ئاگادار بکەمەوە کە ئەو پڕۆژەیە کۆتایی هات و لەڕاستی‌دا ئەو کۆبوونەوە تەنیا بۆ ڕاگەیاندنە." بۆید ئەو کۆبوونەوەی تا ئەو جێگەیەی کە پێی خۆش بوو درێژی کردەوە و بە جۆش و خرۆشەوە ناوەڕۆکەکەی پێشکەش و کارتەکەی توندتر لە پشتی ئەوان ڕۆ کرد. ئەو دەیهەویست ژێنراڵەکان هەست بە زەلیل‌بوون بکەن و جارێکی دیکە تووشی سەر لێشێواوی ببنەوە.

بۆید وەک فرۆکەوانێکی شەڕکەر خۆی پەروەردە کرد کە بتوانێ چەند هەنگاو لە پێش مخالیفانییەوە بێ و هەمیشە بە مانۆڕە سەیر و ڕەسەنەکانی سەرسامیان بکا. ئەو ستراتیژیە لەشەڕە بڕۆکراسیەکان‌دا بەکاری هێنا. کاتێک ژێنراڵێک دەستوورێکی دەدا بەڕوونی دەردەکەوت کە بۆ لێک بڵاوبوونی گەڵاڵەکانی ئەو بووە، ناوبراو پێ دەکەنی و قسەکانی پەسەند دەکرد دەیگوت: "بەڕێز خوشحاڵم لەو بڕیارە پەیڕەوی بکەم، بەڵام دەمهەوێ ئەو بڕیارە بە نووسراوە پێم بدەی." ژێنراڵەکان پێش ئەوەی مەیلی نووسینی‌یان هەبێ بیریان دەکردەوە وشەیەک بەکار بێنن تاکوو ئەگەر بڕیارەکە ئاکامی خراپی لێ کەوتەوە بتوانن لەژێر قورسایی مەسئولییەتەکەدا خۆیان دەرباز بکەن. لەحاڵەتێکی ئەوتۆدا ژێنراڵ یان دەبوو بڕیارەکەی وەرگرێتەوە یان داواکاری بۆید بۆ بە نووسراوە بوون، پشتگوێ بخا. ئەگەر ئەم پشت گوێ‌خستنە لەنێو خەڵکدا باس بکرێ متمانەی ئەو ژێنراڵە کەم دەبووەوە و کەوابوو لەهەر حاڵەت‌دا کەوتبووە تەڵەوە.

دوای ساڵانێک لە ڕێککەوتن لەگەڵ بۆید، ژێنراڵەکان و ژێردەستەکانیان فێربوون لە جگەرە سەیرەکانی، سووکایەتی و تاکتیکە تیژەکانی دوور کەونەوە. وەک ئەوە وابوو کە لە نەخۆشی تاعون ڕابکەن. ناوبراو توانی سەرەڕای ڕەوتی هێواشی کارەکان دیزاینەکانی بۆ فرۆکەی اف ١٥ و اف ١٦ لە پێنتاگۆن پەرە پێ‌بدات. بۆید بە دروستکردنی دوو فڕۆکەی زۆر بەناوبانگ و کاریگەر، کاریگەرییەکی بەردەوامی لەسەر هێزی ئاسمانی بەجێ هێشت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**لێکدانەوە**

بۆید هەر زوو دەرکی بەوە کرد کە پرۆژەکەی لە پنتاگۆن پەسەند نییە و لەگەڵ دژایەتی سەرەوە و خوارەوە زۆر ڕووبەڕووی بەربەست دەبێتەوە. ئەگەر هەوڵی دابوایە لە گەڵ هەموویان شەڕ بکا بۆ ئەوەی هەموو پەیمانکار و ژێنراڵەکان ڕازی بکا خۆی ماندوو دەکرد، بۆید ستراتیژیستێکی پلەباڵا و بیرکردنەوەکانی دواتری کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر عەمەلیاتی "طوفان صحرا" گردەلوولی بیابان هەبوو واتە هێرشی ئەمریکا لەساڵی ١٣٦٩ هەتاوی بۆسەر عێراق. لەکاتێکدا ستراتیژیستێک هەرگیز لە خاڵی بە هێزی خۆی دژی خاڵی بەهێزی دوژمن کەڵک وەر ناگرێ، بەڵکوو زەربە لەخاڵی لاوازی دوژمن دەدا. برۆکراسییەکی وەک پێنتاگۆن، بێ گومان خاڵی لاوازی خۆی هەیە و بۆید ئەو خاڵە لاوازانەی بە باشی دەناسی.

ئەو کەسانەی کە لەگەڵ بۆید لە پێنتاگۆن کاریان دەکرد هەوڵیان دەدا کەسانێکی خۆشەویست بن. ئەوانە کەسانی سیاسی بوون و وشیاری کەسایەتی و ناوبانگی خۆیان بوون، لە لایەکی دیکەوە سەریان زۆر سەرقاڵ بوو و کاتێکی کەمیان بۆ فیرۆ دان هەبوو. ستراتیژی بۆید سادە بوو، بەدرێژایی ساڵان خۆی بۆ هەلومەرجی سەخت و شڵەژاو ئامادە کردبوو، شەڕکردن لەگەڵ بۆید بە واتای شەڕێکی ناشیرینی گشتی بوو کە متمانەی مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە و کاتەکەی بەفیرۆ دەدا و لە ڕووی سیاسییەوە زەربەی لێ دەدا. بۆید لە هەر شوێنێک کە بە گونجاوی دەزانی خۆی وەک سیخوڕ و سووچەڕ لێ دەکرد و هیچ ئاژەڵێک حەزی لە نزیکبوونەوە لە بوونەوەرێکی مەترسیدار وەکو سووچەڕ نەبوو، هەرچەندە ژووژک و سووچەڕ بچووک بێ، ئەوە مەترسییەکی گەورەیە و تەنانەت پڵینگەکانیش خۆیان لێی بەدوور ڕادەگرن. ئەوەیە کە بوید بە تەنیا مابووەوە هێزێکی زۆری پێ بەخشی و ڕێگەی پێدەدا بە ئاسانی پەرە بە ئێف ١٥ و ئێف ١٦ لە مێشکیدا بدا.

بۆید دەیزانی کە جێیمتمانە بوون و ناوبانگ گرنگە و ئەو دەیزانی کە نابێ ئێعتباری زیانی پێ بگا، چونکە هەموویان دەبێ سیاسەتبازی بکەن و باش خۆیان نیشان بدەن و بتوانن خۆیان بساچێنن و بگونجێنن. زۆربەی کات ئەو شێوازە بە باشی وەڵامدەرە دەبێ. بەڵام لە ساتەکانی مەترسی و کێشەدا، زۆر باش بوون بە زیانی مرۆڤە. ئەگەر هەرگیز مەیلی شەڕکردنت نیشان نەداوە، هیچ جووڵەیەکی هەڕەشەئامێز نابێتە هۆی پاراستنی متمانەی ئێوە. لەبیرت بێ، ئەویکە ئەوانیتر بزانن ئەگەر پێویست بێ لە باشبوون دەست هەڵدەگرن و ڕووی شەڕەنگێزانەتان دەردەخەن، بایەخێکی زۆری هەیە. تۆزێک نیشاندانی توندوتیژی و شەفاف بەسە، کاتێک کەسانی دیکە وەک شەڕکەرێک بیرت لێ دەکەنەوە، بە تۆزێک ترس و ڕێزەوە لێت نزیک دەبنەوە و وەک ماکیاولی دەڵێ: "ئەوەیکە لە ئێمە بترسێن سوودی زیاترە لەوەی کە ئێمەیان خۆش بوێ."

**بیهێنە بەر چاوت:** ژووشک، بە ڕواڵەت گەمژە و بەسەبر و سەری لە خۆی دایە، بەڵام کاتێک لەلایەن شتێکەوە هێرش یان هەڕەشەی لێ دەکرێ دڕووەکانی تیژ و بەرز دەبنەوە. ئەگەر بوێری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستی لێ بدە؟! بە ئاسانی دەچنە ناو گۆشتەوە و ئەگەر هەوڵی دەرهێنانی بدەی، زیاتر دەچێتە خوارەوە و برینەکە زیاتر دەبێ، ئەوانەی لەگەڵ ژووشک و سووچەر تێکەوتوون، ئیدی مەیلیان بە دووبارە بوونەوەی ئەو ئەزموونە نیە، تەنانەت بە بێ بەربەرەکانی خەڵک باشتر دەزانن کە دەبێ دووری لێ بکەن و وازی لێ بێنن.

سون تێزۆ دەڵێت: *"کاتێک مخالیفان مەیلی شەڕکردنیان لەگەڵ تۆ نیە لەبەر ئەوەیە کە شەڕکردن بە پێچەوانەی سەرچاوە و بەرژەوەندیی خۆیانی دەزانن، یان ئێوە کارێکتان کردووە کە تێگەیشتن و دەرکی ئەوان بەمجۆرە بێ."*

## حاڵەتی دەگمەن

مەبەست لە ستراتیژی ڕێگریکردن سەرزەنشتکردنی هێرش و بوونی هەڕەشەیەکە کە دەبێتە هۆی ڕاگرتنی گەڵاڵەی هێرشەکە. هێندێک جار دەتوانی هەمان شت بە شێوەیەکی تەواو پێچەوانە ئەنجام بدەی. گەر ڕۆڵی کەسانی ڕاڕایی و گەمژە ببینی بێ زیان و دۆڕاو دەرکەون و ئەوانی دیکە بە تەنیا بەجێت دێڵن. بەرەیەکی بێ زیان دەتوانێ بۆ ئێوە کات بکڕێ ئەوە هەمان کار بوو کە کلۆدیۆس بۆ دەربازبوون لە دنیای پڕ لەخیانەت و توندوتیژی سیاسەتی ڕۆم لەو ڕێگایەدا کە دەویست ببێ بە ئیمپراتۆر ئەنجامیدا. زۆر بێ زیانتر لەوە بوو کە کەسێک بیر لە ئازاری بکاتەوە. ئەو ستراتیژیە پێویستی بە سەبر هەیە و دیارە بێ مەترسیش نییە، تۆ بە ئەنقەست خۆت دەکەیتە بەرخ لە نێوان گورگەکاندا. بەگشتی پێویستە کارە ترسناکەکانت لە ژێر کۆنترۆڵدا بن. وشیار بن ئەو هێزەی کە ترسی لە گەڵە تۆ لەخۆیدا نەتوێنێتەوە، هێزی ترس وەک دیوارێکی بەرگری لە بەرامبەر مەترسی کەڵکی لێوەرگرن. ترساندنی خەڵک لە درێژخایەندا بە مانای دوژمن سازکردنە و ئەگەر نەتوانی بە سەرکەوتنی یەک لەدوای یەک متمانەیەکی زۆر بۆخۆت بەدەست بێنی، زۆر زوو ئەو ئێعتبارە لەدەست دەدەن. ئەگەر مخالیفانی ئێوە ئەوەندە تووڕە بوون کە بڕیار بدەن هەمان یاری لەگەڵ ئێوە بکەن، ناچار دەبن باسەکە بۆ شەڕی تۆڵەسەندنەوە بگۆڕن، کەوابوو بە وریاییەوە ئەو ستراتیژییە بەکار بێنە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی یازدەهەم:
# بۆ کڕینی کات فەزایەک دروست بکە، واتە زەوی(جێگە) بدە، کات بکڕە.
# ستراتیژیی دەرگیرنەبوون

پاشەکشەکردن لە بەرامبەر دوژمنێکی بەهێزدا نیشانەی لاوازی نییە، بەڵکوو نیشانەی هێزە. بە بەرەنگاربوونەوەی وەسوەسەی وەڵامدانەوە بە دوژمنی هێرشبەر، کاتێکی بەنرخ بۆ باشتربوون و بیرکردنەوە و دۆزینەوەی بیرۆکە و هەڵوێستەکان یا ڕوانگە بەدەست دێنی. ڕێگە بە پێشکەوتنی دوژمنانتان بدەن، کات لە فەزا و شوێن گرنگترە. هەر ئەوەندەی لە شەڕ بکشێنەوە بۆ ئەوەی تووڕەیی و خۆبەزلزانیی دوژمنانتان پەرە پێ بدەن، ئیدی بۆخۆیان لە زووترین کاتدا پێش‌دەستی دەکەن و دەست دەکەن بە هەڵەکردن، تێپەڕبوونی کات بە پارێزنەبوونی ئەوان و ئاوەزمەندیی ئێوە دەردەخات. هێندێک جار دەتوانن بە هیچ نەکردن، دەسکەوتێکی زیاتر بەدەست بێنن.

**پاشەکشە بۆ پێشکەوتن**

لە سەرەتای ساڵانی ۱۹۳۰دا، مائۆ تسە تونگ (۱۸۹۳-۱۹۷۶) ئەستێرەیەک کە سەرەتای سەرهەڵدانی لە حیزبی کۆمۆنیستی چین دا بوو. شەڕێکی نێوخۆیی لە نێوان کۆمۆنیستەکان و ناسیۆنالیستەکاندا دەستی پێکرد. مائۆ چالاکییەکانی دژی ناسیۆنالیستەکان ڕێکخست و لەتێعدادی نەفەرات ژمارەیان لەوان زیاتر بوو، بەڵام تاکتیکی چریکی بۆ ململانێ لەبەرامبەر نەیارانی بەکارهێنا. هەروەها وەک سەرۆکی حکومەتی تازەپێگەیشتووی کۆمۆنیستی چین کاری کردووە و وتارە وروووژێنەرەکانی لەسەر ستراتیژی و فەلسەفە بە شێوەیەکی بەرفراوان خوێندراونەتەوە.

پاشان کێشە و ململانێی دەسەڵات لەنێوان کۆمۆنیستەکاندا دەستی پێکرد کۆمەڵێک بیرمەندی خوێندەوار کە لە سۆڤیەت خوێندبوویان بە ناوی "بلشویکییەکانی ۲۸" هەوڵیان دەدا کۆنترۆڵی حیزبی کۆمۆنیست بەدەستەوە بگرن. ئەوان مائۆیان بە دڕکودڕوو دەزانی. ئەوانە سەلیقەی مائۆیان بۆ سوود وەرگرتن لەتاکتیکەکانی چریکی بە نیشانەی لاوازی و ترسەنۆکی دەزانی و پشتیوانی‌کردنی لە وەرزێران بە شۆڕشێکی کۆنەپەرەست نێو دەبرد. ئەوان لە شەڕی جبهەی پشتیوانی‌یان دەکرد و پێیان وابوو دەبێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناسیۆنالیستەکان شەڕ بکەن و شار و ناوچەکانیان لێ داگیر بکەن، ئەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمان کار بوو کە کۆمۆنیستەکان لە ڕووسیە ئەنجامیان دابوو. ئەو گرووپە بەرەبەرە مائۆیان گۆشەگیر کرد و دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی ئەوەیان گرتە دەست. لە ساڵی ١٩٣٤ مائۆیان لە کوخێکدا لە شاری هوونان دەست بەسەر و لەو ماڵەدا ڕایان گرت.

دۆستان و هاوسەنگەرانی مائۆ دوای ئەو ڕووداوە ناوبانگ و جێی باوەڕبوونی خۆیان لەدەست دا، بەڵام تاڵترین شت ئەوە بوو کە خۆی لەگەڵ ئەو دابەزین و داکشانە ڕازی بوو و داوای لە لایەنگرانی نەکرد لەگەڵ بلشویکەکان شەڕ بکەن و وازی لە بڵاوکردنەوەی نووسراوەکانی هێنا و لە گۆڕەپانەکەدا ون بوو. لەوانەیە بلشویکی ٢٨ هەقیان بێ کە مائۆ ترسەنۆک بوو.

هەمان ساڵ ناسیۆنالیستەکان بە ڕێبەرایەتی ژێنڕاڵ چیانگ کای شک کەمپینێکی بۆ لێکبڵاوبوونی کۆمۆنیستەکان وەڕێ خست، گەڵاڵەی ئەوان ئەوە بوو کە سوپای سوور لە قەڵاکانی خۆیان دەست بەسەر بکەن و تەواوی سەربازەکان بکوژن و ئەوجارە پێیان وابوو سەر دەکەون. گرووپی بلشویکی ٢٨ ئازایانە شەڕیان لەگەڵ کردن، سەرەڕای ئەوە هێندێک لە شار و ناوچەکان کەوتە ژێر کۆنترۆڵی کۆمۆنیستەکانەوە، بەڵام ناسیۆنالیستەکان لەوان زیاتر و باشتر چەکدار بوون و لە ڕێنوێنی ڕاوێژکارانی ئاڵمانی کەڵکیان وەردەگرت. ناسیۆنالیستەکان شارەکانیان یەک لەدوای یەک دەگرتەوە و بەرەبەرە کۆمۆنیستەکانیان لە گەمارۆ خست.

بە هەزاران لە سوپای سوور ڕایان کرد، بەڵام سەرەنجام پاشماوەی سەربازەکان کە نزیک بە سەد هەزار کەس دەبوون توانیان لە گەمارۆی ناسیۆنالیستەکان دەرباز بن و بەرەو باکووری ڕۆژاوا بڕۆن، مائۆ لەو هەڵاتنەدا لەگەڵ ئەوان کەوت. ئێستا ئەو دەیتوانی دەنگی بەرزکاتەوە و بە ستراتیژی بلشویکی ٢٨ گومانی هەبێ. ناوبراو نارەزایەتی دەربڕی کە بلشویکەکان لەهێڵێکی ڕاست پاشەکشەیان کردووە و ئەو کارەیان ڕاودوونانیان بۆ ناسیۆنالیستەکان ئاسانتر کردووە، لەلایەکی دیکە زۆر بە هێواشی جووڵاونەوە و بەڵگەنامەیەکی زۆریان لە کابینە پڕ لە فایل و بەڵگەنامەی دیکەی ئۆفیسە کۆنەکانیان پێ بوو. ئەوان بە جۆرێک ڕەفتاریان دەکرد کە گۆیا هەموو سوپاکە لەشکرکێشی دەکا و بە پرۆسەیەکی یەکپارچە درێژەیان بە شەڕ لەگەڵ ناسیۆنالیستەکان داوە و بۆ گرتنی شار و خاک شەڕیان دەکرد. مائۆ ئاماژەی بەوەکرد کە پێشڕەوی نوێ نابێ پاشەکشەیەکی خێرای بەدوا دا بێ بۆ ناوچەیەکی پارێزراوتر، بەڵکوو دەبێ شتێکی گەورەتری هەبێ. هەروەها مفهومی گشتی حیزب پێوستی بە پێداچوونەوە هەیە. لەبری ئەوەی لە بلشویکەکان ڕوونووسێک هەڵگرن بە پشتبەستن بە ڕەعییەتەکان شۆڕشێکی جیاوازی چینی دەست پێبکەن چونکە ڕەعییەتەکان گەورەترین گرووپی چینی جیاواز بوون. ئەوان بۆ ئەوەی بەو ئامانجە بگەن پێویستیان بە کات و دەربازبوون لەهێرش بوو، دەبوو بەرەو باشووری ڕۆژاوا بچن و خۆیان بگەیەنە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی چین بۆ ئەوەی دەستی دوژمن پێیان نەگا.

ئەفسەرانی سوپای سوور گوێیان بۆ وتەکانی مائۆ دەگرت، تاکتیکەکانی چریکی پێشووی ناوبراو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرکەوتوو بوو و ستراتیژی بلشویکی ٢٨ شکستی هێنا، ئەوان بەرەبەرە خۆیان لەگەڵ ئیدەکانی مائۆ گونجاند واتە سووکتر و تەنیا شەوانە دەجووڵانەوە. ئەوان بە شێوەیەکی فریودەرانە کارێکیان کرد کە ناسیونالیستەکان نەتوانن پلانەکانیان بخوێننەوە هەر شوێنێک دەچوون کۆمەڵێک خەڵکیان کۆ دەکردەوە و ڕەعییەتەکانیان بۆ خەبات هان دەدا. ئێستا ئیدی مائۆ ڕێبەری بێ ئەملاوئەولای سوپای سوور بوو، لەگەڵ ئەوەی ڕادەی نەفەراتی سوپای سوور لەبەرامبەر ناسونالیستەکان یەک بە سەد بوو، ئەو سوپایەی لەژێر چاوەدێری ئەو دابوو توانی لەچنگ ناسیونالیستەکان ڕابکەن و لە ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٣٥ گەیشتنە کەناراوەکانی دوور لە ویلایەتی شانشی و سەرنجام لەوێ ئەمنییەتیان ئەزموون کرد و تاوێک بحەسێنەوە.[١]

سوپای سوور دوای تێپەڕاندنی ٢٤ ڕووبار، ١٨ شاخ و چەندین سەختی، گەیشتە کۆتایی پێشڕەوییەکی دوور و درێژ. ڕاستە دوای ئەو پێشڕەوییە ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی لەدەست دا و تەنیا ٦ هەزار کەسی بۆ مایەوە، بەڵام جۆرێکی نوێ لە حیزب دروست بوو، حیزبێک کە مائۆ بەدرێژایی چەندین ساڵ تامەزرۆی دەکرد، تاقمێکی پابەند و سەرسەخت کە شوێن کەوتووانی خۆشەویستی هەیە هەموویان متمانەیان بە شۆڕشی کرێکاران و ڕعییەتەکان و شەڕی چریکی هەبوو. ئەو حیزبە پوختە کە ئێستا لە هەر هێرشێک شانشی ئەمنییەتی هەیە وردە وردە خۆی نۆژەن کردەوە و ئامانجەکانی فراوانتر کردەوە. ساڵی ١٩٤٩ کۆمۆنیستەکان سەرنجام ناسۆنالیستەکانیان شکست دا و لە سەرخاکی چین تەبعیدیان کردن.

### لێکدانەوە

مائۆ لە مەزرا لەدایک و گەورە بووە. ژیانی جووتیاری لە چین سەخت بوو، جووتیارێک دەبوو سەبر بگرێ و خۆی لەگەڵ گۆڕانی وەرز و کەش و هەوا دا بگونجێنێ. هەزاران ساڵ پێشتر ئایینی تائۆئیسم لەو ژیانە سەختەدا سەری هەڵدابوو. چەمکێکی سەرەکی لە تائۆئیسمدا بریتییە لە "وی وو"، بیرۆکەی گرتنەبەری کردەیەک، بە بێ هیچ کردەیەک یان کۆنترۆڵکردنی دۆخێک بە بێ هیچ هەوڵێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو یان یاسادانان لەڕێگەی نەهێشتنی یاسای گرێبەستەکانەوە. "وی وو" ئەو باوەڕە دەڵێت: ئەگەر بە دوای دژکردەوە و بەرەنگاربوونەوەی بارودۆخی ئێستا بن و ئەگەر بتهەوێ بەردەوام لە ژیاندا بەربەرکانی بکەن، لە ڕاستیدا بەرەو دواوە هەنگاو دەنێی و دەگەڕێیەوە. بەرزی و نزمی زیاتر لە ڕێگادا بۆ خۆتان ئەزموون دەکەن، لە یەک قسەدا ژیان لە خۆتان تاڵ دەکەن. هێندێک جار باشترە کارێک نەکەن تا زستان تێپەڕێ. لەو جۆرە ساتانەدا دەتوانی وزەی

---

١. مانای شەش لە پێگەی چواردا ئەوەیە: سوپا پاشەکشەی کرد، سەرزەنشی نییە. لە بەرامبەر دوژمنێکی باڵادا کە لەگەڵی بێ‌هیوایە بچیتە شەڕەوە، پاشەکشەی پرەنسیپی تاکە ڕێڕەوی دروستە، چونکە سوپا لە شکست و هەڵوەشانەوە ڕزگار دەکا، ئەو پاشەکشەیە نیشانەی بوێری و هێزە و لە بەشداریکردن لە شەڕێکی بێ هودەدا باڵاتر و لەسەرترە. ئی‌چینگ، چین، قرن هشتم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆتان کۆ بکەنەوە و شوناس و هوییەتی خۆتان بەهێزتر بکەن، هەروەک چۆن لقێکی داری حەیزەران (بامبو) کە لەگەڵ هەر شنە بایەک دەچەمێتەوە بەڵام هەر بە پێوە دەمێنێتەوە.

مائۆ کە لە مووچەومەزرا گەورە بووبوو، ئەو بیرۆکانەی کە لە زەینیدا بوو لە سیاسەت و شەڕدا بەکاری هێنا. لە ساتەکانی مەترسیدا کە دوژمنەکانی بەهێزتر بوون لە پاشەکشەکردن نەترساوە هەرچەند دەیزانی کە ئەو پاشەکشەیە لەڕوانگەی هێندێک کەسەوە نیشانەی لاوازیە. ئەو باشی دەزانی کات و زەمان کەلێن و لاوازیەکانی ستراتیژی دوژمن ئاشکرا دەکا. بۆیە دژکردەوەی لەخۆی نیشان نەدەدا و ڕێگای دا زەمەن کاری خۆی بکا تا ئەو زیاتر ڕامێنێ و بە سەر هەلومەرجە گشتییەکەدا زاڵ بێ. ئەو ماوەیەی بۆ هانان پاشەکشەی کرد بە زەلیلێکی نەرێنی نەدەزانی، بەڵکوو هەڵوێستێکی ئەرێنی بەرامبەر بەو شتە هەبوو، بۆیە پێشڕەوی دوور و درێژی بەکار هێنا بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی نوێ بۆ حیزبی کۆمۆنیست و شوێن کەوتوو و باوەڕداری نوێی دۆزییەوە. کاتێک زستانی ئەو تێپەڕی دیسان سەری هەڵدایەوە، لە ماوەی کە دوژمنەکانی لەسەر لاوازیەکانی خۆیان بێدەنگ هەڵترووشکابوون، بەڵام ئەو لە کاتی پاشەکشەدا خۆی بە هێزتر کردبوو.

شەڕ کارێکی فریودەرانەیە، لەوانەیە وا بیر بکەیەوە کە تۆ بەهێزی و کردەوەی کاریگەر بەرامبەر دوژمن ئەنجام بدەن. بەڵام کات بە ئێوە نیشان دەدا کە لەگەڵ هەر کردەوەیەکدا بەرەو مەترسییەکی گەورە هەنگاوت ناوە. هەرگیز ناتوانی بە باشیی تێبگەی، چونکە نوقم بوون لە ئێستادا لە دیتنی دوورتر و ئاسۆ بێ بەشمان دەکا، باشترین شت کە دەتوانی بیکەی ئەوەیە کە خۆتان لە شێوازی یەکدەنگ و ئاساییەکانی بیرکردنەوە ڕزگار بکەن. پێشکەوتن هەمیشە باش و پاشەکشەکردن هەمیشە خراپ نییە. لە ڕاستیدا لە ساتەکانی مەترسی یان کێشەدا خۆپاراستن لەشەڕ و دژکردەوە نیشان‌نەدان باشترین ستراتیژییە. بە دووریکردن لە دوژمن شتێکی بایەخدار لە درێژخایەن‌دا لەدەست نادەن و لەڕاستیدا کات بەدەست دێنن تا پێداچوونەوە بە بیرۆکەکانت‌دا بکەن و باوەڕدارانی ڕاستەقینە لە ڕەواڵەتباز و خۆنوێنەکان جیا بکەیەوە، لێرەدایە کە کات دەبێتە هاوپەیمانت. ئەگەر لەدەرەوەی خۆتان هیچ کارێک نەکەن، لە دەروونی خۆتاندا هێز و دەسەڵات بەدەست دێنن و ئەو هێزە ناوەکییە لە کاتی کردەوەدا بۆ هێزی بەنرخ و متمانە پێکراو دەگۆڕێ.

ناپلیۆن بناپارت دەڵێ: *"دەتوانم جارێکی دیکە شوێن بەدەست بێنمەوە، بەڵام کات هەرگیز!"*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

ئەو کێشەیەی کە هەمووومان چ لە ستراتیژیدا چ لە ژیاندا ڕووبەڕووی دەبینەوە، ئەوەیە کە هەریەکەمان تایبەتە و کەسایەتییەکی ناوازەی هەیە. هەلومەرجی ئێمە تایبەت بە خۆمانە، وەها هەلومەرجێک لەوانەیە هیچ کاتێک دووپات نەبێتەو، بەڵام زۆربەی کاتەکان تەنیا ئاگاداری ئەو تایبەتمەندییەین وا جیاوازمان دەکات، واتە کێین و لە چ کەسێکین. بیرۆکەکانمان لە کتێبەکان، مامۆستا و هەموو جۆرە کاریگەرییەکی نەبینراو سەرچاوە دەگرن. ئێمە بە شێوەیەکی ڕۆتینی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میکانیکی وەڵامی ڕووداوەکانی دەوروبەر دەدەینەوە بەبێ ئەوەی جیاوازی ئەو ڕووداوانە بزانین. لە هەڵس‌وکەوت لەگەڵ کەسانی دیکەدا بە ئاسانی دەکەوینە ژێر کاریگەری ڕەنگ‌وڕو و خوو و خدەی ئەوانەوە. هەموو ئەمانە فەزایەکی تەم و مژاوی بۆ ئێمە دروست دەکەن و ئێمە هیچی دیکە ناتوانین ڕووداوەکان وەک هەیە ببینین و ئیدی خۆمان ناناسین.

ئەرکی تۆ وەک ستراتیژیستێک ڕوونە: جیاوازی نێوان خۆتان و کەسانی دیکە ببینن و خۆتان بناسن، لایەنی بەرامبەر و دوژمن بناسن، دیدێکی باشتر و تەواوتر بۆ مەرجەکان بەدەست بێنن و لە دیاردەکان وەک خۆیان تێبگەن لە گەرمەی ژیانی ڕۆژانەدا ئەمە کارێکی ئاسان نییە. لە ڕاستیدا هێزی ئەنجامدانی ئەو ئەرکە پێویستی بە ئەوەیە چ کاتێک و چۆن پاشەکشە بکەن. ئەگەر هەمیشە لەحاڵی پێشڕەوی دابن، بەردەوام لە شەڕدای و لە ڕووی سۆزدارییەوە وەڵامی مرۆڤەکان دەدەیەوە و کاتتان بۆ بیرکردنەوە و دۆزینەوەی دیدگایەک نیە، ئێستا ستراتیژییەکانی ئێوە لاواز و میکانیکی دەبن و لەسەر بنەمای ڕووداو و مرۆڤەکانی ڕابردوو دامەزراون. ڕاشکاوانە دەتوانم بڵێم لە دۆخێکی ئەوتۆدا لەبری دروستکردن و داهێنان وەک مەیموون لاسایی شت دەکەنەوە و کۆپی دەکەن. پاشەکشەکردن شتێکە کە دەبێ جارناجار بەڕێوەی بەرن بۆ ئەوەی خۆتان بدۆزنەوە تا لە کاریگەرییە پیسەکانی لە ئەمان دابی و باشترین کات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە لە ساتە سەخت و مەترسیدارەکان دایە.

ڕەنگە نمادین و سمبولیک دەربکەون. بەڵام پاشەکشە هێندێک جار عیرفانییە، حەزرەتی مووسا و جوولەکەکان بە هەڵاتن بۆ بیابان توانیان ناسنامەی خۆیان بەهێزتر بکەن و بتوانن دووبارە سەرهەڵدانەوەی هێزێکی سیاسی کۆمەڵایەتی مەیسەر بکەن. حەزرەتی مەسیح بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە بیابانی وەحشی برسیەتی کێشا. حەزرەتی محەممەد لە کاتی مەترسی‌دا هەڵات بۆ مەککە و بۆ ماوەیەک پاشەکشەی کرد. ئەو لەگەڵ کۆمەڵێک لە هەواڵەکانی بۆ قووڵکردنەوەی پەیوەندی و خۆناسین و ئامانجەکانیان ئەو کاتەیان بەکار هێنا و کەڵکیان لە کات وەرگرت. پاشان هەر ئەو کۆمەڵە بچووکە، مەککە و نیمچە دورگەی عەرەبستانیان داگیر کرد و دوای مردنی حەزرەتی محەممەد، لەگەڵ شکستی ئیمپراتۆری بەهێزی بیزانس و ئیمپراتۆری ئێران، ئیسلامیان لەسەر خاکێکی بەرفراوانەکاندا پەرە پێدا. بە درێژایی مێژوو هەموو ئایینێک قارەمانێکی هەبووە کە لە شوێنێکدا پاشەکشەی کردووە و تەنانەت لە نموونەی ئۆدیسەدا خۆی کرد بە هادێس بۆ ئەوەی خۆی بدۆزێتەوە.[١]

ئەگەر حەزرەتی مووسا زیندوو ببوایە و لە میسر شەڕی کردبایە، جوولەکەکان لە مێژوودا ڕەستەیەک

---

١. دەرفەتەکان بێ وەستان لە گۆڕان دان. ئەوانەی ماوەیەک پێش ئێستا چاوەڕێمان بوون ئێستا گوم بوون و ئەوانەی درەنگ هەوڵمان بۆ دان، ئێستا بەردەست نین. وەک چۆن خۆر و مانگ دێن و دەڕۆن، کاتیش دێ و دەڕوا بۆ کەسیش ناوەستێ. بۆیە حەکیمەکان ئەوەندی بۆ کات ئەرزش دادەنێن و بڕوایان پێی هەیە بۆ گەوهەرە بریقەدار و بەنرخەکان ئەرزش دانانێن، چونکە دەزانن کات بەزەحمەت دەستکەوتووە و بە ئاسانی لەدەست دەچێ. هوایانان زی، متون کهن چینی، قرن دوم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبوون و دەخرانە پەراوێزەوە. ئەگەر حەزرەتی محەممەد لە مەککە لەگەڵ دوژمنەکانی شەڕی کردبوایە ئەویش ڕەستەیەک و بۆ هەمیشە لەنێو دەچوو و لەبیر دەکرا. کاتێک لەگەڵ دوژمنێکی لەخۆتان بەهێزتر ڕووبەڕوو دەبیەوە سەروەت و سامان زۆرێک لە مەوقعییەتەکان و توانای دەرکەوتن لەدەست دەدەن. بۆیە بوونی تۆ بەر کاریگەری هەست و توندوتیژی هێرشکەر دەکەوێ. باشترە خۆتان دەرباز بکەن و کاتەکانی ڕاکردن بەکار بێنە بۆ ئەوەی زیاتر بیر بکەنەوە. با دوژمن پێشڕەوی بکا، تۆ دەبووژێیەوە و لە کاتی خۆیدا بارودۆخەکە لەبەرژەوەندی ئێوە دەسوڕێتەوە. بڕیاری پاشەکشەکردن هێندێک جار نیشانەی لاوازی نییە، بەڵکوو نیشانەی بەهێزییە، پاشەکشە دەتوانێ لووتکەی حیکمەتی ستراتیژی شەڕکەرێک بێ.

جەوهەری کشانەوە بریتییە لە ڕەتکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ دوژمنی فیزیکی یان دەروونی، ڕەنگە تۆ بۆ پاراستنی خۆتان بە شێوەیەکی بەرگریکارانە ئەنجامی بدەن، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ستراتیژییەکی ئەرێنی بە ڕەتکردنەوەی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنی پەلاماردەر و دەستدرێژکەر بەچەشنێک شایەنی ئەوەیە کە تۆ توڕەت کردووە و هاوسەنگی تێکداوە.[1]

لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەمدا، ئینگلستان و ئاڵمان شەڕێکی لاوەکییان لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا ئەنجامدا کە هەریەکەیان لەو وڵاتە "مستعمرە" کۆلۆنی خۆیان هەبوو. لە ساڵی ١٩١٥ فەرماندەی ئینگلیزی ژێنراڵ جان ئیسماتێس، دژی سوپایەکی بچووکی ئاڵمانی لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا جووڵەی کرد، ئەو سوپایە لەژێر فەرماندەهی کۆلۆنێل "پاوڵ فن لێتف- فۆربێک"، دابوو. ئیسماتێس بە هیوای سەرکەوتنێکی کتوپڕ بوو، ئەو پێشبینی ئەوەی دەکرد هەر کە ئەڵمانیەکان شکستیان خوارد بە خیاڵی خۆی قشوونی دەیانتوانی بچنە بەشێکی گرنگتری شەڕەوە. بەڵام فن لێتف- فۆربێک لە شەڕو پێکدادان خۆی پاراست و بەرەو باشوور پاشەکشەی کرد و ئیسماتێس بە پێوشوێنی کەوت.

کات لەدەست دەچوو، دیسان ئیسماتێس پێی وابوو فن لێتف- فۆربێکی گۆشەگیر کردووە. بەڵام دواتر زانی کە چەند سەعات پێشتر ئەفسەری ئاڵمانی حەرەکەتی کردووە. ئیسماتێس وەک موغناتیسی پێوشوێنی فۆربێک کەوتبوو. سەدان کیلومیتر لە چۆمە و چیاکان و دارستانەکان تێپەڕی. هێڵی تەجهیزات بەسەدان کیلومیتر بڵاو و سەربازەکانی لە بەرامبەر چووکەترین جووڵەی ئاڵمانییەکان زەربەیان دەخوارد و ڕوحیەیان سات لەگەڵ سات لاواز دەبوو. سەربازەکانی سپای ئیسماتێس لە دارستانەکانی ئالوودە بە نەخۆشی تاعوون و چاوقووڵە گیریان خواردبوو و بێ ئەوەی لە شەڕێکی واقعی بەشداری بکەن نەخۆش و بەبرسی مابوونەوە، لە کۆتایی ئەو ڕاوڕاوێنەی پشیلە و مشکدا، زۆرێک لە

---

١. لەشەڕی ناوچەی سەقز ساڵی ١٣٦٩ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەماوەی ٣ سەعاتدا واتە ٥ بۆ ٨ی بەیانی، ٤٠ کەسیان لەدوژمن کوشت و٩٠ کەسیان بەدیل کرد، شاخێکی ٥٠٠ میتری بۆ ئەوان کارێکی سەخت بوو ١٥ سەعات درێژە بەشەر بدەن. بەڵام پاشەکشەیان وەک لووتکەی حیکمەتی ستراتیژی شەڕکەرێک هەڵیان بژارد، ئەو کارە دوژمنی توڕە کرد و هاوسەنگی دوژمن تێکچوو کە دوژمن سەری لێشێوا، و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەربازە بەنرخەکانی ئینگلستان لەدەست چوون و ئیسماتێس هیچی دەست نەکەوت.

ئیسماتێس فەرماندەیەکی شەڕەنگێز و پێداگر بوو، کە دەیهەویست بە مانۆڕەکانی دوژمنەکانی بخاتە تەڵەوە. فن لێتف-فۆربێک، هەمان تایبەتمەندی ئیسماتێسی خستە تەڵەوە یانی لە شەڕکردن لەگەڵ ئیسماتێس خۆی پاراست، بەڵام بۆ زۆرکردنی تینوێتی ئەو لە ئیسماتێس خۆی نزیک ڕادەگرت و سوپاکەی بۆ نێو دارستان پەلکێش دەکرد. ئیسماتێس کە هیچ ئاکامێکی لەو ڕاودوونانە دەست نەکەوتبوو تووڕە بوو هەر بۆیە درێژەی بە پێوشوێنکەوتن دا. فن لێتۆف- فۆربێک لە فەزای بەربڵاوی ئەفریقا و ئاو و هەوای نالەباری ئەوێ کەڵکی خۆی وەرگرت تاکوو ئینگلیزییەکان بەرەو نابوودی نزیک بکاتەوە.

زۆربەی خەڵک بە دەستپێکردنی تێکهەڵچوون لەگەڵ هێرشبەر وەڵام دەدەنەوە، وەک ئەوەی بەرەنگاری بۆ زۆربەی مرۆڤەکان مەحاڵ بێ، لەکاتێکدا بە خۆڕاگری و پاشەکشەکردن هێزێکی زۆر لە خۆیان نیشان دەدەن. دوژمن تووڕەیە لەوەی کاردانەوەتان نەبووە، پاشەکشەی ئێوە ئەوانی وروووژاندووە و هانی داون. کەواتە پێویستە درێژە بە پاشەکشە بدەن و فەزا بە کات بدەن. و ئارامی و هاوسەنگی بپارێزن، ڕێگە بدەن دوژمن تا ئەو شوێنەی کە دەیهەوێ پێشڕەوی بکا. وەک ئاڵمانییەکان دوژمن بەرەو بۆشاییەک پەلکێش بکەن، لێرەدایە کات لە بەرژەوەندی ئێوەیە چونکە ئێوە هیچ کاتتان لە شەڕی بێهودە بەفیڕۆ نەداوە.

شەڕ بە شێوەیەکی عەجایب سەرسوڕهێنەر و ڕووداوێکی نامۆ و پێشبینینەکراوە کە باشترین پلانەکان خاو دەکاتەوە یان لەنێویان دەبا. کارل فون کلاوزویتس ئەو مەسەلەیە بە سوان (سایش) نێو دەبا، بە واتایەکی دیکە، کاری ساوێنی دوو شت بە یەکدا کە لێکیان دەخشێنی. شەڕ نموونەیەکی سابیت لە یاسای مورفییە، ئەگەر شتێک بتوانێ بە هەڵەدا بچێ هەر بەوجۆرە دەبێ، بەڵام کاتێک پاشەکشە دەکەی کاتێک شوێن دەدەن بۆ کڕینی کات، کارێک دەکەن کە یاسای مورفی لە بەرژەوەندی تۆدا کار بکا. هەروەک فن لێتف- فۆربێک بە پاشەکشە ئیسماتێسی کردە قوربانی یاسای مورفی و ئەوەندەی کات درێژ کردەوە کە ئیسماتێس خراپترین چارەنووسی بۆ خۆی دروست کرد.

لەماوەی شەڕی حەوت ساڵەی (١٧٥٦-١٧٦٣)دا، فرێدریکی گەورەی پرۆس لە هەموو لایەکەوە ڕووبەڕووی سوپای ئوتریش و فەڕانسە و ڕووسیە بووەوە، لە هەموو لایەکەوە چواردەوری گیرابوو و هەموویان پێداگربوون تا تەسلیمی بکەن. فرێدریک کەسێك بوو کە بە ستراتیژیستی هێرشبردن ناسرابوو، ئەمجارە بڕیاریدا بە شێوەیەکی بەرگریکارانە لەگەڵ هەر سێ سوپا بجووڵێتەوە و بە جۆرێک مانۆڕەکانی خۆی داڕشت بۆ ئەوەی کات بۆ خۆی بکڕێ و دوژمنەکانی ناچار بە پێوشوێنی بکەون و ماندوویان بکا. هەر ساڵێک کە تێدەپەڕی لە بەڵایەک ڕزگاری دەبوو، لەناکاو ئیمپراتریس ئیلیزابێت ڕووسیە کۆچی دوایی کرد. ناوبراو لە فرێدریک بێزار بوو، بەڵام پیتری سێهەم کە برازای بوو لە جێگەی ئەو دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت هەمیشە تاریفی فرێدریکی گەورەی دەکرد و پێی سەرسام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو.

ناوبراو نەک هەر ڕووسیەی لە شەڕەکە دوور خستەوە بەڵکوو خۆی لەگەڵ پرۆسەکان هاوپەیمانی دروست کرد. شەڕی حەوت ساڵە بە مردنی ئەلیزابێت کۆتایی هات و فرێدریک بە کرینی کات ئەو موعجیزەیەی کە چاوەڕێی دەکرد هاتە دی. ئەگەر ئەو هەوڵی دابوایە بچێتە نێو شەڕەوە بە دڵنیایی هەموو شتێکی لەدەست دەدا، بەڵام ئەو لەبری ئەو کارە بڕیاری دا کات بکرێ تاکوو یاسای مورفی کاری خۆی بکا.

شەڕ شتێکی فیزیکییە کە لە شوێنێکی دیاریکراودا ڕوو دەدا. ژێنراڵەکان پشت بە نەخشە دەبەستن و بەرنامەی ستراتیژی دادەڕێژن بۆ ئەوەی لە شوێنێکی دیاریکراودا بەکاری بێنن، بەڵام لە هزری ستراتیژیدا، کات بە ڕادەی فەزا گرنگە و هەروەها زانینی ئەوەی کە چۆن کات بە کار بێنی وا دەکا وەک ستراتیژیستێکی باڵا بناسرێی و لایەنێکی ژیرانەتر بە هێرش و بەرگری ئێوە دەبەخشێ. بۆ ئەوەش دەبێ واز لەو هزرە بێنی کە کات شتێکی دەرهەستە واتە هەست پێنەکراو بێ. واقعییەت ئەوەیە هەر لە سەرەتای لەدایکبوونەوە شتێکی کە لە بەردەستتان دابووە کاتە. کات تەنیا کاڵای ئێوەیە، ڕەنگە خەڵک هەموو کەلوپەلەکانی ئێوە ببەن بەڵام خراپترین بکوژان و دەست درێژیکاران ناتوانن کاتتان لێ بدزن، مەگەر ئەوەی ڕێگەیان پێ بدەن. تەنانەت لەزیندانیش کات هەر هی تۆیە، بە مەرجێک بۆ خزمەتی خۆتان بەکاری بێنن. بەفیرۆدانی کاتەکانت لە شەڕدا لە کاتێکدا هیچ بژاردەیەکتان نییە هەڵەیە و گەمژەیی فەرماندەی گشتی ئێوە نیشان دەدا و کات کە بەفیرۆ دەچێ هەرگیز ناگەڕێتەوە.

**بی‌هێنە بەرچاو:** لموخۆڵ بیابانەکان. لە بیاباندا هیچ شتێک بۆ خواردن نییە و کەرەستەیەک بۆ شەڕکردن نییە، تەنها ڕووبەڕووی خۆڵ و فەزایەکی فراوان دەبیتەوە. جارناجارێ بۆ بیابان پاشەکشە بکە، سەبر بکە و ڕوانگەت ڕوون بێ. لە بیابان کات بە هێواشی تێدەپەڕێ ئەوە هەمان شتە کە ئێوە چاوەڕێی دەکەن. کاتێک بەردەوام هێرشتان بۆ دەکرێ دیسان بۆ بیابان بگەڕێوە دوژمنەکانت بەرەو شوێنێک پەلکێش بکە کە هەستی خۆیان بۆ کات و شوێن لەدەست بدەن و ئێوە کۆنترۆڵی ئەوان بەدەستەوە بگرن.

سون تێزۆ دەڵێ: "*پاراستنی ئارامی و ڕێکوپێکی زەمەن لە کاتێکدا چاوەڕێی هاتنی ئاژاوە لە لایەن دوژمنەکانتەوەیە، تەنیا بە هونەری خۆپارێزی و پشوودرێژییەوە (دڵ گەورەیی) بەسراوەیە.*"

### حاڵەتی دەگمەن

کاتێک دوژمنەکانتان بە هێزێکی گەورەوە هێرش دەکەن لەوانەیە لەبری پاشەکشە بیر لەو ئیدەیە بکەیەوە کە ڕاستەوخۆ شەڕی لەگەڵ بکەن. ئێوە خۆتان ڕووبەڕووی شەهیدبوون دەکەنەوە و تەنانەت هیوای بۆ دەخوازن، بەڵام شەهیدبوونیش، ستراتیژییەکە پێگەیەکی دێرینی هەیە. شەهیدبوون لە ئێوە هێما و ڕەمزی لێ دروست دەبێ و لە داهاتوودا بزوتنەوەکەدا دەبێتە جێی ستایش. ئەگەر زۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەناو بانگ بن ئەو ستراتیژییە بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبێ، بەڵام بەو مەرجەی تێپەڕبوونی کات ڕاستی بزووتنەوەکە و هەڵەبوونی بزووتنەوەی دوژمن دەربخا و لەخۆبوردوویی ئێوەش ناوازە بێ. شەهیدی زۆرتر کە بە تێپەڕبوونی کات ژمارەیان زیادتر دەبن، ئەو کاریگەرییە لەنێو دەبات. ئەگەر زۆر لاواز بن کاتێک لەگەڵ دوژمنێکی سەرسەخت ڕووبەڕوو دەبنەوە شەهید بوون، نیشانی دەدا کە ئاگری ڕوحیەی ئێوە هەر گەشاوەیە و نەکوژاوەتەوە، ئەوە باشترین ڕێگایە بۆ پاراستنی ڕوحیەی ئەفراد. بەڵام بە گشتی شەهیدبوون چەکێکی مەترسیدارە و دەتوانی ئاکامی پێچەوانەی هەبێ. چونکە تۆ لەوێ نی بۆ ئەوەی سەیری هەموو شتێک بکەن و کاریگەرییەکانی ئەوەندە بەهێزن کە کۆنترۆڵ ناکرێ. هەروەها چەندین سەدە کاتی دەوێ تا ئاکامی هەبێ. تەنانەت کاتێک سەرکەوتنە ڕەمزییەکەی سەلمێنرا ستراتیژیستێکی ژیر خۆی لەو بژاردەیە دەپارێزێ، پاشەکشە هەمیشە بژاردەیەکی باشترە.

پاشەکشە هەرگیز کۆتایی شتێک نییە، هێندێک جار دەبێ بگەڕێیەوە و شەڕ بکەن، ئەگەر وا نەبووایە لەبری پاشەکشەکردن، وشەی تەسلیم بوونیان بەکار دێنا و دوژمن سەرکەوتوو دەبوو. ئەوە بزانە لە درێژخایەندا ناتوانی خۆتان لە شەڕ و بەربەرەکانی بەدوور بگرێ، بۆیە پاشەکشە کاتی‌یە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەسڵی چوارەم:
# شەڕەنگێزی هێرشبەرانە

گەورەترین مەترسییەکانی شەڕ و ژیان لە نەناسراو و نەزانراوەکانەوە دێن: ئەوانی دیکە کاردانەوەیان بەو شێوەیە نییە کە چاوەڕێی دەکەن چونکە ڕووداوەکان هەموو پلانەکانتان تێک دەدەن و سەرلێشێواوی دروست دەکەن و هەلومەرجەکە گێژتان دەکا. لە ستراتیژی‌دا ئەو جیاوازییە لەنێوان ئەوەی دەتهەوێ ڕوو بدا و ئەوەی لە ڕاستیدا ڕوو دەدا "لێکخشان یان بەریەککەوتنی (اصطکاک) پێ دەگوترێ. بیرۆکەی پشتی شەڕەنگێزی هێرشبەرانە سادەیە: کاتێک یەکەمین هێرش بۆ لایەنی بەرامبەر دەکەن لەشوێنێک دەدەن کە خەسارهەڵگر بێ و توانایی دەستپێشخەری بەدەستەوە دەگرن و هەرگیز ڕێگای پێنادەن کە بتوانێ ڕابکا و دۆخەکە لەبەرژەوەندی خۆتان دەگۆڕن. پێش ئەوەی تووشی بەریەککەوتن بن و بەرنامەکانتان لێ تێک بدا، ئێوە حاڵەتی هێرش لەبەرچاو دەگرن و مانۆڕەکانی ئێوە ئەوەندە لێکخشان دروست دەکەن کە دوژمن بە تێک‌قرمان و وێرانی ناچار دەکا.

ئەوە هەمان شێوەی شەڕەنگێزییە کە زۆربەی ژێنڕاڵە سەرکەوتووەکانی مێژوو بەکاریان هێناوە و نهێنی سەرکەوتنەکانیان تێکەڵەک لە زیرەکی ستراتیژی و چاونەترسی بووە. توخمی ستراتیژییەک لە ناخی پلاندانان و بەرنامەداڕشتندایە: دیاریکردنی ئامانجی گشتی، دروستکردنی ڕێگایەک بۆ ئەوەی پێی بگەن و بیرکردنەوە لە بەرنامەیەکی گشتگیر و لەبەرچاوگرتنی هەموو وردەکارییەکانی، مانای ئەوەیە شەڕ بابەتێکی تاکە کەسی نییە، بەڵکوو چالاکییەکی دەستە جەمعی و گرووپ و گشتییە. مانایەکی دیکەی ئەوەیە کە خاڵی بەهێز و لاوازی لایەنی بەرامبەر بزانین بۆ ئەوەی گورزی بەهێزتر لە بەشە لاوازەکانی بدەین. هەر چەندی گەلاڵەڕێژی ئێوە لەکاتی شەڕدا تۆکمە و گشتگرتر بێت، زیاتر هەست بە متمانە دەکەن و ئاسانتر لەگەڵ کێشە حەتمیەکان دەستوپەنجە نەرم دەکەن، لە خودی شەڕەکەدا دەبێ بە ڕۆحێکی بەهێز و عەقڵی وشیارەوە حوزوورتان هەبێ بە جۆرێک هاوسەنگی دوژمن تێک بچێ و خێراییەکی بەرچاو بە هێرشی خۆتان بدەن.

یازدە بەشی داهاتوو ئەم شێوە لە شەڕهەڵایسینی‌تان پێ دەناسێنی. ئەو بەشانە یارمەتی دەدەن کە داخوازییەکان و ئامانجەکانت بخەیە چوارچێوەیەکی گەورەتر کە پێی دەگوترێ ستراتیژی کەلان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو بەشەدا فێر دەبی کە چۆن دوژمنی خۆتان شناسایی بکەن و پەردە لەسەر نهێنییەکانی لا بدەن، ناوەڕۆکی ئەو بەشە ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن بناغەیەکی تۆکمەی بەرنامەسازی، چەندین بژاردەی گەڕۆک و چالاک بۆ هێرشکردن پێ دەبەخشێ و چۆن مانۆڕی تایبەت (مانۆڕی لایەنی، گەمارۆدان) و شێوازی هێرشکردن (لێدان لە ناوەندی قورسایی، پاڵنانی دوژمن بۆ دۆخی لاواز) کاربوردی بە درەوشاوەی لە شەڕدا هەیە و دەتوانی لەژیاندا ئەنجامی بدەن. سەرەنجام فێر دەبن کە چۆن کەمپینی خۆتان تەواو بکەن، بەبێ ئەنجامێکی بەهێز کە ئامانجە گشتییەکانت بەدی بێنێ هەر کارێکی بیکەن بێ سوود دەبێ. شارەزابوون لە پێکهاتە جیاوازەکانی شەڕی هێرشبەرانەدا هێزێکی زۆر زیاتر بە هەموو هێرشەکانت لە ژیاندا دەبەخشێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی دوازدەیەم:
# تێکهەڵچوونەکان لەدەست بدە، بەڵام ئەنجامەکەی ببەوە.
# ستراتیژیی کەڵان

هەموو کەسانی دەوروبەرت ستراتیژیستن و لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتدان و زۆرجار هەوڵدەدەن بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەسەر حیسابی ئێوە باشتر بکەن. ڕەنگە ململانێی ڕۆژانە وا سەرقاڵت بکا کە نەتوانن ئەو شتەی لە هەمووی گرنگترە، واتە سەرکەوتنی کۆتایی ببینن. ستراتیژی کەڵان، هونەری دیتنی ئەودیوی شەڕەکە و لە سەرووی شەڕ و حیساب و کیتابەوەیە. ئەو کارە پێویستی بەوەیە تەرکیز و سەرنجتان لەسەر ئامانجە کۆتاییەکەتان بێت و بەرنامەی پێویستی بۆ دەسراگەیشتن پێی دابڕێژن. لە ستراتیژی کەڵان‌دا لایەنە سیاسیی و دەرئەنجامە درێژخایەنەکانی کارەکانت دەبینی و لەبری ئەوەی کاردانەوەی سۆزداری نیشان بدەن کۆنترۆڵی خۆتان بکەن و کردەوەکانی خۆتان کاریگەرتر و وردتر دەکەن. بێڵن با خەڵکانی دی لە بەرز و نزمی و وردە تێکهەڵچوونەکانی شەڕدا براوە بن و چێژ لە سەرکەوتنە بچووکەکانیان وەربگرن، ستراتیژیی "وقار" شکۆ، هەمان پاداشتی کۆتایی‌یە، واتە ئەو بزە شیرینەی دوا ڕۆژ وا بە خەڵات پێت دەبەخشرێ.[١]

### لەشکرکێشی گەورە

ئەسکەندەر (٣٥٦-٣٢٢ پێش زایین) لە دەرباری مەقدونیە گەورە بووە، گەنجێکی جوان چاک و سەیر بوو. چێژی لە هەڵس‌وکەوتی ئاسایی کوڕانە، وەک ئەسپ سواری و تیرهاوێژی دەبینی، شانبەشانی باوکی شا فیلیپی دووهەم لە چەندین شەڕدا بەشداری کرد و ئەو ئازایەتی و بوێری خۆی سەلماند، بەڵام حەزی لە فەلسەفە و ئەدەبیاتیش بوو، کە لەگەڵ مامۆستاکەی ئەرەستوو بیرمەندی گەورە کاری دەکرد و کاریگەرییەکی هێندە لەسەر ئەسکەندەر هەبوو کە ئەسکەندەر حەزی دەکرد بەردەوام لە سەر سیاسەت و زانست قسە بکا و تێڕوانینی بۆ جیهان بێ‌لایەن بێ. لە لایەکی دیکەوە

---

١. ئامادەکاری هەموو شتێکە. هەنگاوی جێگیر و بڕیاری پتەو بە شێوەیەکی سەیر، لەگەڵ وریایی تێکەڵ بوون و گرێیان خواردووە، ئەگەر کەسێک ورد بێ و هەمیشە هێزی عەقڵی هەبێ، پێویست ناکا دڵتەنگ و وروژاو بێ. ئەگەر هەمیشە وریا بی، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیدا پێویست ناکا بترسی. مرۆڤی مەزن بۆ دیفاع لە بەرامبەر ئەو شتانەی نادیترێن و نابیسترێن ئامادە و پڕ چەکە. بۆیە لە کاتی هاتنی ئاستەنگەکان وەها ئارامی خۆتان ڕاگرن کە گۆیا هیچ گرفتێک نەهاتۆتە پێش. ئەگەر عەقڵ و ئاوەزی مرۆڤ لە سەرووی هەموو شتێک بێ، هەست و سۆز پاشەکشە دەکا. ئی چینگ، کتاب دگرگونی‌ها

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئۆڵومپیاسی دایکی کە ژنێکی ڕەمزاوی و خورافاتی بوو، هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونی ئەسکەندەر لەسەر ئەو باوەڕە پێداگر و دەیزانی کە کوڕەکەی ڕۆژێک بەسەر جیهاندا دەسەڵات بەڕێوە دەبا. دایکی لەو بارەیەوە بۆ ئەسکەندەر قسەی دەکرد و چیرۆکەکانی ئاشیلی بۆ دەگێڕایەوە و ئیدیعای دەکرد کە بنەچەکیان لەوێوە سەرچاوەی گرتووە. ئەسکەندەر ئەوەندەی ڕقی لە باوکی بوو چەند هێندە زیاتر دایکی دەپەرست و خۆشی دەویست و ڕێنوێنییەکانی ئەوی بە جیددی وەردەگرت، هەر لە سەرەتای سەردەمی منداڵییەوە جۆرێکی ڕەفتار دەکرد گۆیا شتێك زیاتر لە شازادەیەکە.

ئەسکەندەر بۆ جێگرەوەی باوکی گەورە بوو و ئەو وڵاتەی کە بڕیار بوو لە باوکییەوە وەک میرات وەری بگرێ لە سەردەمی باوکیدا گەشەیەکی بەرچاوی بینیبوو. فیلیپ بەدرێژایی ساڵان توانی سوپای مەقدونیە لە یۆناندا وەک هێزێکی سەرتر بەرز بکاتەوە. ناوبراو توانی شارەکانی تیبز و ئاتێن شکست بدا و تەواوی شارەکانی یۆنان بێجگە لە ئێسپارتا، هێنایە ژێر ڕکێفی خۆی و لەکۆمارێک لە ژێر ڕێبەرایەتی خۆیدا کۆی کردنەوە. فیلیپ دەسەڵاتداریکی فێلباز بوو کە هەموو ترسیان لێی بوو، هەر ئەو ترسە وای کرد تا لە ساڵی ٣٣٦ی پێش میلاد یەکێک لە بەگزادەگانی کە دژی بوو تیرۆری کرد. لەوکاتەدا ئاتێن کە مەقدونیەی بە خەسارهەڵگر و لاواز بینی سەربەخۆیی خۆی لەو کۆمارە ڕاگەیاند و دواتر ئەیالەتەکانی دیکەش ئەو کارەیان کرد، پاشان قەبیلەکانی باکوور هەڕەشەیان بۆ هێرش‌کردن کرد و لە ماوەی یەک شەودا ئیمپراتوری فیلیپ لە لێواری داڕمان دابوو.

کاتێک ئەسکەندەر لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشت و تاجی لەسەر سەری دانا، تەمەنی بیست ساڵان بوو، کە زۆر کەس ئەویان بۆ ئەو دەسەڵاتە گرنگە بە ئامادە نەدەزانی. کاتێکی باش بۆ فێربوونی بەڕێوەبردنی دەسەڵات نەبوو، بۆیە مومکین بوو ژێنراڵەکان و ڕێبەرانی سیاسی مەقدونیە ئەسکەندەر بخەنە ژێر باڵی خۆیانەوە. ئەوانە پێشنیاریان پێکرد کە بە پارێزەوە بجووڵێتەوە و لەپێشدا پێگەی خۆی لە نێو سوپا و مەقدونیە پتەو بکا و پاشان وردە وردە کۆمار لە ڕێگای زۆر و فێڵ و تەڵەکەوە ئیسلاح بکا. ئەوە هەمان کار بوو باوکی کردبووی، بەڵام ئەسکەندەر گوێی بە وان نەدا و گەلاڵەیەکی دیکەی لەژێر سەری دابوو یا لانی کەم وادیار بوو. ناوبراو بێ ئەوەی بە دوژمنەکانی لە دەرەوە و ژوورەوە لە مەقدونیە کات بدا، سوپای خۆی بەرەو باشوور ڕەوانە کرد و لە یەک زەنجیرە مانۆڕدا شاری تیبزی دووبارە داگیر کردەوە و پاشان بەرەو ئاتێن سەروخوار بووەوە. ئاتێنییەکان کە بە تەواوی ترس و خۆفیان لێی بوو دەستیان بە پاڕانەوە کرد و داوای بەخشین‌یان لێ کرد و ڕایانگەیاند ئامادەن دووبارە بۆ کۆمار بگەڕێنەوە، ئەسکەندەریش ئەوانی بەخشی.

ئەو شازادە لاو و پێش‌بینی‌نەکراوە خۆی نیشان دا کە پادشایەکی ئازا و بوێرە. ئەو بەبێ هیچ پێشەکی‌یەک هێرشی کردە سەر تیبز و پاشان بە سەرسوڕمانی ئەوانی دیکە، لوتفی بە ئاتێن کرد و لەگەڵ ئەوان هەڵس‌وکەوتی باشی نیشان دا. لەڕاستی‌دا پێش‌بینی ڕەفتارەکانی سەخت بوو، بەڵام هەمان ئەو مانۆڕە بوێرانەیە بووە هۆی ئەوە کە زۆر کەس دەست‌خۆشانەی لێ بکا. جووڵەی دواتری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر سەیر بوو، لەبری چەسپاندنی دەستکەوتەکانی و بیرکردنەوە لە بەهێزکردنی ئەو کۆمارە تازەپێگەیشتووە، پێشنیاری کرد کە شەڕی "صلیبی" خاچپەرستانە دژی ئیمپراتۆری فارس دەست پێ بکا کە سەرسەختترین دوژمنی یۆنان بوو. ئێرانییەکان نزیکەی ١٥٠ساڵ پێش هەوڵیان دا کە بۆ یۆنان هێرش بکەن و تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوون، بۆیەش خەیاڵاتی هێرشی دووبارە بۆ داپڵۆسینی یۆنان لە ژێر سەریان دابوو. یۆنان سەرەڕای هەڕەشەیەکی گەورەی وەک ئێران، هەرگیز نەیدەتوانی ئاسایش و ئارامی بە خۆیەوە ببینێ و بازرگانی دەریاییەکەی بەهۆی بەهێزی ناوگانەکانی ئێرانەوە ئیفلیج ببوو.[١]

ئەسکەندەر ساڵی ٣٣٤ پێش میلاد سوپایەکی یەکگرتووی لە ٣٥ هەزار یۆنانی دروست کرد و لە تەنگەی داردانێل تێپەڕی و بەرەو ئاسیای بچووک ڕێگای درێژەدا. ئاسیای بچووک لە ڕۆژاوای بەشی ئیمپراتۆری فارس بوو، یۆنانییەکان لەیەکەم ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ فارسەکان لە شەڕی گرانیک یان گرانیکۆس‌دا شکستیان دان. ژێنراڵەکانی ئەسکەندەر دەست خۆشانەیان لە بوێری و نەترسی ئەو دەکرد. وادیار بوو لە ژێر فێرکارییەکانی دایکی‌دا گەورە بووە بۆ ئەوەی ئێران داگیر بکا. ئەسکەندەر بە دوو هۆکار، خێرایی و ئیبتکاری عەمەل توانی سەرکەوتوو بێ، ئێستا سەرباز و ژێنراڵەکانی چاوەڕوان بوون ڕاستەوخۆ بەرەو ڕۆژهەڵات، واتە ئێران بڕۆن و سوپای دوژمن داپاچن چونکە لاواز بووە.

جارێکی دیکە ئەسکەندەر بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان عەمەلی کرد، لەناکاو بڕیارێکی دا کە پێشتر هەرگیز ئەنجامی نەدابوو. ڕەنگە ئەو بڕیارە لە کاتێکدا کە تازە لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتبوو مەعقول و ژیرانە بێ، بەڵام ئێستا هەمان شتی کە پێویستیانە بە ئێرانییەکانی داوە، واتە کات بۆ باشترکردن و نۆژەنکردنەوەی سوپا. ئەسکەندەر سوپای خۆی بەرەو ڕۆژهەڵات ڕەوانە نەکرد، بەڵکوو بەرەو باشور ڕێنوێنی کرد و لە لێوارەکانی ئاسیای بچووک تێپەڕی و لەو ناوچەیە شارەکانی خۆجێی لەژێر دەسەڵاتی ئێران ڕزگار کرد. لەسەرەتادا زیگزاگ و پێچەڵاوپێچ هێرشی کردە سەر ڕۆژهەڵات، دواتر باشوور و لە پێشدا بۆ فینیقیە، پاشان بۆ میسر و بە خێرایی هێزی لاوازی ئێرانی لەوێ شکست دا. میسرییەکان ڕقیان لە دەسەڵاتی فارسەکان بوو و پێشوازییان لە ئەسکەندەر وەک ڕزگاریخواز و ڕزگاری‌دەر کرد. ئێستا ئەسکەندەر دەیتوانی لە ئەمبارە بەرفراوانەکانی دانەوێڵەی میسر

---

١. ڕێوی و مەیموون پاشایان هەڵبژارد، مەیموون کە لە کۆبوونەوەی ئاژەڵاندا سەمای کرد و ڕەزامەندی ئەوانی بەدەست هێنا و لەلایەن ئەوانەوە هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی ببێتە پاشا. ڕێوی حەسوودی دەبرد. ڕۆژێک پارچە گۆشتێکی لە تەڵەیەکدا بینی، مەیموونەکەی فریو داو بەرەو ئەوێی برد و گوتی گەنجینەیەکم دۆزیوەتەوە. پاشان خۆی فرێدایە سەری بۆ ئەوەی وا نیشان بدا کە بەهۆی دڵسۆزییەوە بۆ مەیموونەکە، پارێزگاری لێکردوە تا ئەو پارچە زێڕە بۆ خۆی ببا. ڕێوی هانی مەیموونەکەی دا کە بە نێوی خۆیەوە زێڕەکە دەر بێنێ. پاشان مەیمون بێ ئەوەی لێی ورد بێتەوە لە تەڵەکە نزیک بووەوە و پێوە بوو. کاتێک ڕێوی بە فریودەر تاوانبار کرد ڕێوی وەڵامی داوە "مەیمون! تۆ دەتهەوێ بەسەر تەواوی ئاژەڵەکاندا حوکمرانی بکەی بەڵام سەیرکە تۆ چەندە گەمژەی!" ئەمە چیرۆکی هی ئەو کەسانەیە کە بێ بیرکردنەوە شتێکی گەورە دەکەن، ئەوانە نەک هەر شکست دەخۆن، بەڵکوو تەنانەت دەبنە جێگەی پێکەنین و گاڵتە بە خۆیان دەکەن. افسانەها، ازوپ، قرن ششم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ دابینکردنی خۆراک بۆ سوپای یۆنان و پاراستنی سەقامگیری ئابووری وڵاتەکەی سوود وەرگرێ و لەهەمانکاتدا ئێران لەو سەرچاوە بەنرخە بێبەش بکا.

هەر بەو جۆرە کە یۆنانییەکان لە ماڵی خۆیان دوورتر دەکەوتنەوە هەڕەشە لەسەریان زیاتر دەبوو، هێزی دەریایی ئێران کە دەیتوانی سوپایەک لە نزیکەی هەر شوێنێکی دەریای ناوەڕاست پیادە بکا و بە هەڕەشەیەکی جیددی ئەژمار دەکرا و مومکین بوو لە دواوە یان لە تەنیشتەوە هێرشیان بۆ بکەن. پێش ئەوەی ئەسکەندەر سەفەری دەریایی خۆی دەست پێ‌بکا، زۆرێک ئامۆژگارییان کردبوو کە هێزی دەریایی یۆنان بنیات بنێ و شەڕەکە لە ڕێگەی دەریاوە و هەروەها وشکانییەوە لەگەڵ فارسەکان درێژە بدا. ئەسکەندەر ئەو پێشنیارانەی پشتگوێی خست و لەبری ئەوە بە ئاسیای بچووک‌دا تێپەڕی و پاشان لە کەناراوەکانی فینیقیەدا بەرەو پێش چوون و بە سادەیی بەندەرەکانی سەرەکی ئێرانیان گرت و هێزی دەریایی ئەوانی لەکار خست.

ئەو سەرکەوتنە بچووکانە ئامانجێکی ستراتیژی گەورەتری هەبوو. سەرەڕای ئەوە ئەگەر یۆنانییەکان توانای شکستی ئێرانییەکانیان لەشەڕدا نەبوایە، ئەو سەرکەوتنانە زۆر بەرچاو نەبوون و وا دیار بوو ئەسکەندەر سەرکەوتنەکەی سەخت کردووەتەوە. پادشای ئێران داریۆش، هێزەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی چۆمی تیگریس یا دیجلە کۆ دەکردەوە، ئەو بژاردەی زۆری بۆ ناوچەی شەڕەکە لەبەرچاو گرتبوو و دەیتوانی لە ڕۆژهەڵات بە ئاسانی چاوەڕێی پەڕینەوەی ئەسکەندەر لە چۆمەکە بێ. ئایە ئەسکەندەر ئارەزووی شەڕی لەدەست دابوو؟ ئایا کلتووری ئێران و میسر ناوبراویان نەرم کردبوو؟ ناوبراو دەستی کرد بە لەبەرکردنی جلوبەرگی ئێرانی و خۆی لەگەڵ داب و نەریتی ئێرانی گونجاند و تەنانەت خوداوەندی ئێرانییەکانیشی دەپەرست.

لەگەڵ پاشەکشەی سوپای ئێران لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە ناوچەیەکی فراوانی ئیمپراتوری فارس کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی یۆنان. ئێستا ئەسکەندەر زۆربەی کاتەکانی نەک بۆ شەڕ، بەڵکوو لە سیاسەتدا چڕ کردبووەوە، هەوڵی دەدا بە باشترین شێوە ئەو ناوچانە بەڕێوەبەرێ. ئەو بڕیاریدا هەمان سیستمی ئێرانی بپارێزێ و هەمان نازناو و نیشانەکان بۆ کار و پۆستەکانی بڕۆکراسی حکومەت هەڵبژێرن و هەمان نەریتی داریوش درێژە بدەن. ئەو تەنیا لایەنە توند و ناپەسەندەکانی دەسەڵاتی فارسی گۆڕی. هەواڵی بەخشندەیی و دڵاوایی ئەسکەندەر بە هەموو جێگایەک دا بڵاوبووەوە و ئەوەش بە تایبەتمەندییەکانی دیکەی زیاد بوو. شارەکان یەک لەداوی یەک بە بێ چووکترین بەربەرەکانی خۆیان تەسلیمی یۆنانییەکان کرد و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی کە بەشێک بن لە ئیمپراتۆری گەشەسەندووی ئەسکەندەر. ئێستا ئیدی ئەو بەسەر یۆنان و ئێران‌دا دەسەڵاتی هەبوو، ئەو بووە هۆکاری یەکڕیزی و یەکێتی و خوداوەندی خێرخوازی بۆ ئێرانییەکان.[١]

---

١. ئەگەر بمانەوێ لە ڕوانگەی مەعریفەناسی "ئەبستیمۆلۆژی" باسی شەڕ بکەین، دەبێ ئەوە بڵێین کە سەرچاوەی هەموو بۆچوونە هەڵەکان سەبارەت بە شەڕ لە مەیلی ئایدیالیستی و میکانیکیدایە. ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە مەیلانەیان هەیە، یەکلایەنەن و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەنجام لە ساڵی ٣٣١ پێش میلاد ئەسکەندەر لە (ئاربلا) هەولێری ئێستا [کوردستان] بەرەو هێزی سەرەکی ئێران لەشکرکێشی کرد. ئەوەی کە ژێنراڵەکانی دەرکیان نەکرد ئەوە بوو، کە ئیمپراتوری فارس لە بەکارهێنانی هێزی دەریایی خۆی بێبەش بوو، هەروەها زەوییە پڕلە پیتوبەرەکت و دەوڵەمەندەکانی لە میسر لەدەست دابوو و هیچ پشتیوانییەکی شک نەدەبرد، لە هەمان کاتدا تێک ڕووخابوو. سەرکەوتنی ئەسکەندەر لە هەولێر تەنیا پشتڕاست کردنەوەی نیزامی بۆ سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی چەند مانگی ڕابردوو بوو، ئەو ئێستا حاکمی ئیمپراتوری فارس بوو کە سەردەمانێک بەهێزترین ئیمپراتوری مێژوو بوو، ئەسکەندەر لە ژێر فێرکارییەکانی دایکی‌دا بەسەر هەموو جیهانی دەوروبەری‌دا زاڵ بوو.

**لێکدانەوە**

مانۆڕەکانی ئەسکەندەری (مقدونی) هاوکارەکانی سەریان لێ دەشێوا و دەترساند: وا دیارە هیچ لۆژیکێک لە پشتیانەوە نییە و هیچ سەقامگیرییەکی نیە، بەڵام دوای ماوەیەک یۆنانییەکان دەرکیان بەوە کرد ئەو بڕیارانە کە بەڕواڵەت نالۆژیکییە، چەندە دەسکەوتی گەورەیان بووە. هۆکاری تێنەگەیشتنی ئەوە بوو کە ئەسکەندەر شێوازێکی تەواو نوێی لە بیرکردنەوە و ڕەفتاردا لەو دنیایە داهێنابوو: کە ئەویش هونەری ستراتیژی گەورەیە یان کەڵان بوو.

ئێوە ستراتیژی کەڵان دوورتر لە چرکەسات دەبینن، دوورتر لە شەڕەکان و نیگەرانی داهاتوو چاوی لێدەکەن و لەبری ئەوانە سەرنجت لەسەر شتێکە کە پێویستە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە ئەنجامی بگەیەنن. بە کۆنترۆڵکردنی وەسوەسەی کاردانەوە بە ڕووداوەکان هەر کردەوەیەکی خۆتان لەسەر بنەمای ئامانجی کۆتایی هەڵبژێرن. لە ڕاستیدا تۆ بیر لە ململانێ تاکە کەسی ناکەیەوە، بەڵکوو بیر لە هەولی کەڵان دەکەیەوە.

ئەسکەندەر ئەم شێوازە نوێیەی ستراتیژیی قەرزداری دایکی و ئەرەستوو بوو، بەتایبەتی دایکی ئەو هەستەی تێدا زیندوو کردەوە کە دەبێ ئامانجی هەبێ و چارەنووسی خۆی دیاری بکا بۆ ئەوەی حوکمڕانی جیهان بکات. کاتێک ئەسکەندەر تەمەنی سێ ساڵان بوو دایکی توانایی کوڕەکەی لە تەمەنی سی ساڵیدا ئەرک و ڕێساڵەتی بینی. ئەسکەندەر لە ئەرەستوو فێربوو چۆن کۆنترۆڵی هەستەکانی بکا و بە تێگەیشتووییەوە سەیری شتەکان بکا نەک هەست و سۆز، پێش ئەوەی هەر کارێک بکا دەرئەنجامەکانی لەبەرچاو بگرێ.

تەنیا پێوشوێنی مانۆڕەکانی زیگزاگی ئەسکەندەر بکەوە و سەقامگیری دووربینی تێیدا ببینە. کردەوە

---

لە نزیکبوونەوەیان لە کێشەکان خۆیان نارسیستی عەمەل دەکەن. ئەوانە تەنیا بیر لە لایەنێک دەکەنەوە، واتە بۆ ئەوەی ببینرێن و خۆیان نیشان بدەن و ئەم لایەنە هێندە گەورە دەکەنەوە وەک ئەوەی لایەنەکانی دیکە بێ بایەخ بن. تەنیا بە دژایەتیکردنی مەیلی کامڵ‌گەرایی و سەیرکردنی هەمەلایەنە لە کێشەکان، سەبارەت بە شەڕ دەتوانین بە ئەنجامێکی گونجاو بگەین. مکتوبات منتخب نظامی، مائۆ تسە تونگ (١٨٩٣- ١٩٧٦)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دەست بەکاربوونی خێرا سەرەتا دژی تیبز و میسر، پاشان ئێران، لە ڕووی دەروونییەوە کاریان لەسەر سەربازەکانی و لەسەر ڕەخنەگرانی کرد. لەبیرت نەچێ هیچ شتێک وەک شەڕێک دڵەڕاوکێی یەک سوپا کەم ناکاتەوە. شەڕی لەناکاوی ئەسکەندەر لەگەڵ فارسەکان کە لەلایەن یۆنانییەکانەوە نەفرەتیان لێدەکرد، باشترین ڕێگە بۆ یەکگرتووی سوپا بوو. کاتێک لە ئێران بوو خێراکردنی تاکتیکی بە هەڵە دەهاتە بەرچاو. ئەگەر ئەو بەخێرایی پێشڕەوی دەکرد ڕەنگە شاری زیاتری داگیر کردبایە، بەڵام سەرچاوەی سوپا زووتر تەواو دەبوو و هێزی ئەوان لە بەین دەچوو و مومکین بوو دوژمن لە زۆر شوێن بڵاو بێتەوە ئەوکاتە پێوشوێنکەوتنیان سەخت بوو. باشترین شێوە، ئەوە بوو کە پێشرەوی بە هێواشی ئەنجام دا تاکوو ئەسکەندەر بتوانێ دڵی خەڵکی ئەو شارانەی داگیری کردبوو بەدەست بێنێ و لە ڕووی دەروونی و سۆزدارییەوە بیانکاتە هاوڕێی خۆی. ئەسکەندەر لەبری ئەوەی کات و پووڵی خۆی بۆ دروستکردنی ناوگانی دەریایی خەرج بکا بەڕاحەتی ناوگانی ئێرانی لەکار خست. ناوبراو بۆ ئەو هەڵمەتە گەورەیە کە سەرکەوتنی درێژخایەنی بۆ بەدەستهێنا، سەرەتا دەستی بەسەر خاکی دەوڵەمەندی میسر داگرت. هیچ یەک لە حەرەکەتەکانی ئەسکەندەر بێ ئاکام و لەخۆڕایی نەبووە، هەمووو ئەوانەی سەرەتا کارەکانی ئەسکەندەریان بە بێهودە و پێش‌بینی‌نەکراو دەزانی دوای ئەوەی دەرئەنجامی هەوڵەکانیان بینی بە خودای شەڕ ناویان دەبرد و بەمجۆرە کۆنترۆڵکردنی بەسەر ڕووداوەکانی داهاتوودا وای لێکرد ببێتە کارەکتەری سەروو مرۆڤایەتی.[1]

بۆ ئەوەی ببیە ستراتیژیستێکی گەورە لە ژیاندا پێویستە ڕێگای ئەسکەندەر بگریە بەر. سەرەتا ڕەمزی مەتەڵی دەروونت بکەوە و ژیانتان ڕوون بکەنەوە و دیاری بکەن کە چارەنووست شوێنی کام ڕێساڵەت کەوتووە، دواتر ئەو ڕێگایە دیاری بکە کە پێویستە لێهاتوویی و ئێستێعدادی ئێوە بەرەو پێشەوە دەبا، پاشان ئەو چارەنووسە بیهێنە بەرچاوت کە بە شکۆمەندترین شێوە دروست کردووە. هەر وەک ئەرەستوو ئامۆژگاری کرد هەوڵ بدە بەسەر هەستەکانی خۆتاندا زاڵ بن و خۆتان پەروەردە بکەن کە لە دوورتر لە ئەمڕۆ و سبەینێ ببینێ، واتە دووربیین بن. دەبێ دیاری بکەن کە فلانە کار ئێوە بەرەو کام ئامانج دەباتە پێش، یان کامە ئامانج بۆ هیچ شوێنێکتان ناگەیەنێ.

ئەو حیکمەتە ئاساییە کە دەڵێ، پێویستە چ بکەن یان چ نەکەن، لەبیری بکە. واتە دوودڵ بوون لەبیر بکەن. ئەمە ڕەنگە بۆ هێندێک کەس مانادار بێ، بەڵام بەو مانایە نییە کە ئەبێ و نابێی

---

١. هەمیشە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا لە میراتە کولتوورییەکان و لە بەهاکان و لە شێوازی بیرکردنەوەدا هەیە. ڕوانینی ڕۆژهەڵاتی تاک بە کۆ و گشت دەست پێدەکا، هەموو شتێک بە شێوەی گشتی لەبەرچاو دەگیرێ و پێکهاتەیەکی گشتی و بەرچاو و بەرهەست لە هەموو ڕوانینە ڕۆژهەڵاتییەکاندایە، لە کاتێکدا لە شێوەڕوانینی ڕۆژاواییدا مرۆڤ لە پێکهاتەیەکەوە دەست پێدەکا و هەمیشە پرسە ئاڵۆزەکان دابەش دەکا بۆ بەشە بچووکەکان و هەر بەشێکیش یەک بە یەک دەکۆڵێتەوە و جەخت لەسەر شیکاری لۆژیکی دەکرێتەوە، بەم هۆیە هێزە نیزامییە دێرینەکانی ڕۆژاوا لەو ڕوانگەی نیزامییەوە ڕاستەوخۆ جەختکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی پشتگیری دەکا. مزیت استراتژیک، سان‌زی و رویکردهای غربی به جنگ، ویراست خائو شن، ۱۹۹۷

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەریتەکان بە ئامانج و چارەنووسی کەسیەتی ئێوە پەیوەندی هەیە. دەبێ ئەوەندە سەبرت هەبێ کە چەند هەنگاوێک لە پێشەوە وێنا بکەی و لەبری شەڕی خوێناوی، پێویستە چالاکی ئارام بەڵام کەڵان و بەئاکام تەڕاحی بکەن. ڕەنگە ڕێگای ئامانجەکەت ناڕاستەوخۆ و کارەکانت بۆ هێندێک کەس سەیر و سەمەرە بن، بەڵام بیر لەوە بکەوە چ باشتر، ئەوان هەرچی کەمتر لە بەرنامەی ئێوە تێبگەن باشتر فریو دەدرێن و خێراتر لە نەخشەکانیان ڕزگارت دەبی و بەلاڕێدابردن و فریودانی ئێوە سەختتر دەبێ. بە پەیڕەوکردنی ئەو ڕێگایە، ڕوانگەیەکی دوور و ئارام بەدەست دێنی، کە ئێوە لەو کەسانەی ڕوو لەنەمانن جیا دەکاتەوە، جا چ مرۆڤی مەرگ‌خوازی خەیاڵاوی بن کە هیچ بەهرەیەکی بە کردەوەیان نییە یان پراگماتیستەکانی کە دەستکەوتی بچووک و بێ بایەخیان هەیە.

ناپلیۆن دەڵێ: *"ئەوەی ئێمە هەمیشە ستایشی ئەسکەندەر دەکەین، ئەوە نییە کە چەندە بەربڵاوی لەشکرکێشی کردووە، بەڵکوو سیاسەتمەداری ئەو بووە. ئەو هونەری سەرکەوتنی بەسەر دڵی خەڵک‌دا هەبووە."*

## شەڕهەڵایسێنی ڕەها

ساڵی ١٩٦٧ ڕێبەرانی شەڕخوازی ئەمریکا لە ویتنام لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سەرەنجام پێشڕەوییان کردووە. ئەوان کۆمەڵێک کاریان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و لەنێوبردنی ویت‌کۆنگ یان بەرەی ڕزگاری نیشتمانی کردبوو، واتە هەمان سەربازانی چریک و کۆمۆنیستەکانی ویتنامی باکوور کە لە ویتنامی باشوور و کامبوج، دژی سوپای ئەمریکا و حکومەتی ویتنامی باشوور شەڕیان دەکرد. ئەم چەکدارە چریکانە زیرەک و ناسەقامگیر بوون، بەڵام ئەمریکاییەکان لەچەند شەڕی قامک‌ژمێر لەو ساڵەدا زەبرێکی قورسیان لێدان. حکومەتی نوێی ویتنامی باشوور کە لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە پشتیوانی لێ دەکرا، پێدەچوو تاڕادەیەک سەقامگیر بێ و ئەو سەقامگیرییە یارمەتی حکومەتی دا بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خەڵکی ویتنام بەدەست بێنێ. هێرشە ئاسمانییەکان بووە هۆی ئەوە کە زۆرێک لە فرۆکەخانەکانی باکووری ویتنام لەکار بکەون و هێزی ئاسمانی ئەو وڵاتە زیانێکی قورسیان وێکەوت. لەگەل ئەوەی خۆپێشاندانی گەورە دژی شەڕ لە ئەمریکا دەستی پێکردبوو، دەنگەکانی هەڵبژاردن نیشانی دەدا کە زۆربەی ئەمریکاییەکان پشتیوانی لەو شەڕە دەکەن و کۆتاییەکی باشی بۆ پێش‌بینی دەکەن.

بەو پێیەی بەرەی ویت‌کۆنگ و سوپای ویتنامی باکوور لە شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزی ئاگرین و تێکنۆلۆژی بەهێزی ئەمریکادا لاواز دەرکەوتن، ستراتیژی ئەمریکا ئەوە بوو کە ئەوان فریو بدا و زیاتر بیانکێشێتە ناو شەڕەوە بۆ ئەوەی ببنە نێچیرێکی ئاسان. ئەوە هەمان خاڵی وەرچەرخانی شەڕ بوو. سازمانی ئیتلاعات لە ڕاپۆرتی خۆیدا دەڵێ تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٧ ویتنامی باکوور دەکەوێتە ئەو تەڵەیەوە. ڕێبەری ئەوان ژێنراڵ "وو گوین جیاپ" خۆی بۆ شەڕێکی هێرشبەرانە بۆ سەر بنکەی هێزی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەریایی ئەمریکا لە "خە سان[١]" ئامادە دەکرد. بە ڕەواڵەت ئەو دەیهەویست گەورەترین سەرکەوتنی خۆی دووبارە بکاتەوە واتە شەڕی "دین بین فۆ" لەساڵی ١٩٥٤ کە سوپای فەڕانسەی شکست دا و فەڕانسەی لە ویتنام وەدەر نا.

"خە سان" بنکەیەکی ستراتیژی سنووری و گرنگ بوو. ئەو پایگایە لە ناوچەیەکی غیری‌نیزامی کە ویتنامی باکوور و باشووری لێک جیا دەکردەوە، دروست بیست کیلومیتر دوور، و دە کیلومیتر لە سنووری وڵاتی لائۆسەوە دوور بوو. شاری بەناوبانگی هۆشی‌مین ڕێگای دابینکردنی تەجهیزات لە ویتنامی باکوورەوە بۆ ویت‌کۆنگ لە باشوور لە هەمان مەسیر دابوو. ژێنراڵ ویلیامز وێستمۆرلند، فەرماندەی گشتی سوپای ئەمریکا بۆ چاودێری‌کردنی چالاکییەکانی دوژمن لە باکوور و ڕۆژاوا لە "خە سان" کەڵکی وەردەگرت. دین بین فۆ هەمان دەوری بۆ فەڕانسەوییەکان ئەنجام دا و جیاپ توانی ئەو نەخشەیە بە شەڕی هێرشبەرانە ئەو ڕۆڵە پاسیف بکا، وادیار بوو وێستمۆرلند ڕێگە نەدا جیاپ ئەو سەرکەوتنە دووبارە بکاتەوە. ئەو چوار دەوری "خە سان"ی بە هێڵی هەوایی باش پارێزگاری لێ‌دەکرد. لە باشوورەوە بو "خە سان" بەشێکی زۆری سەرباز گوازتەوە و شەش هەزار هێزی دەریایی دیکەی بۆ بەهێزکردنی ئەو بنکە سنوورییە ئامادە کرد، بەڵام هێرشێکی گەورە بۆ سەر "خە سان" شتێک نەبوو کە بیهەوێ بە ناشیرینی لە قەڵەمی بدا: دوژمن لە بەرەی سەرەکی شەڕدا ڕووبەڕووی شکستی قورس ببووەوە.

لە چەند هەفتەی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨ هەموو چاوەکان لەسەر "خە سان" بوو. کۆشکی سپی و میدیاکانی ئەمریکا دڵنیا بوون لەوەی کە شەڕی چارەنووس‌ساز خەریکە دەست پێ‌دەکا. لە کۆتاییدا، سەرەنجام لە بەرەبەیانی ٢١ی ژانویەی [١ی ڕێبەندان] ١٩٦٨ سوپای ویتنامی باکوور هێرشێکی تەواو قورسی دەست پێکرد. ئەو شەڕە کە لە دوو لاوە بەرەو ناوەند دەستی پێکرد، وردە وردە شێوەی گەمارۆدانی بەخۆیەوە گرت.

دوای ئەوەی شەڕ دەستی پێکرد، ویتنامییەکان دەبوو ساڵی نوێی مانگی خۆیان، یانی جێژنی "تێت" بگرن. ئەو جێژنە کاتی خۆشی و شادی و شادمانی بوو، لە کاتی شەڕیشدا بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست بە ساتێکی نەریتی دادەنرا. ئەو ساڵەش حاڵەتی دەگمەن بوو و هەردوو لایەنی شەڕەکە ڕێککەوتن لەسەر وەستاندنی شەڕ لە کاتی جێژنی تێت دا، بەڵام لە بەیانی ٣١ی ژانویە [١٢ی ڕێبەندان]، یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێ هەواڵەکان لە هەموو ویتنام باشوورەوە ئاماژەیان بەوە دەکرد کە هەموو شار و پارێزگا گرنگەکان و هەروەها گرنگترین بنکەکانی ئەمریکا کەوتە بەر هێرشی ویت‌گونگ. ژێنراڵێکی سوپا کە پەیجۆری(بەدواداچوون) بۆ شێوازی هێرشەکەی لەسەر نەقشە دەکرد، هێرشەکەی بەمجۆرە شیی کردەوە: "هێرشەکە وەک ئامێرێکی "پین‌باڵ" وایە کە لەگەڵ هەر

١- khe sanh

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێرشێکدا دەس بە ڕووناک بوونەوە دەکا."

بەشێک لە سایگۆن کەوتبووە دەستی سەربازانی دوژمنەوە، واتە لە دەستی هێزەکانی ویت‌کۆنگ دا بوون. ئەوان لەدیوارەکانی سەفارەتی ئەمریکا کە گرنگترین نمادی ئەمریکا لە ویتنام ئەژمار دەکرا، سەر کەوتن. سەربازەکانی هێزی دەریایی لە شەڕێکی خوێناوی‌دا کۆنترۆڵی سەفارەتیان بەدەستەوە گرتەوە و ئەو زەبرانە لە تەلەڤزیۆنی ئەمریکا نمایش دەکرا. ویت‌کۆنگ هەر وەها هێرشی بۆ ڕادیۆی شار کرد، کۆشکی سەرکۆماری گرت و تەنانەت بۆ کۆمەڵگای وێستمۆرلند بۆ پایگای هەوایی "تان سون نهات" هێرشی کرد. ئەو شارە هەر زوو بوو بە شوێنی ئاژاوەگێڕی سەر شەقامەکان.

لە دەرەوەی شاری سایگۆن شارەکانی دیکەی پارێزگا گیران، گرنگترین‌یان گرتنەوەی شاری "هۆ"، کە پایتەختی دێرینی ویتنام بوو کە لەلایەن بوداییەکانەوە، یانی لەلایەن ویتنامییەکانی باکوورەوە ڕێزی لێ‌دەگیرا، شۆڕشگێران توانیان تەواوی شارەکە کۆنترۆڵ بکەن.

لەلایەکی دیکە هێرش بۆ "خە سان" بە شێوەیەکی شەپۆل‌ئاسا درێژەی هەبوو، بۆ وێستمۆرلند زۆر سەخت بوو کە بزانێ ئامانجی سەرەکی کوێیە؟ ئایە شەڕەکانی باشوور تەنیا کەرەسەیەک بوون تاکوو هێزەکان لە "خە سان" دوور بخەنەوە یان مەسەلەکە شتێکی دیکە بوو؟ ئەمریکاییەکان لە ماوی چەند حەوتوودا لە تەواوی بەشەکانی ویتنامی باشوور سەرکەوتوو بوون. ئەوان کۆنترۆڵی شاری هوشی‌مین‌یان بەدەستەوە گرت و لەباری ئەمنییەتەوە لەپایەگای هەوایی خۆیان دڵنیا بوون، بەڵام گرتنەوەی "هۆ" و "خە سان" کاتێکی زیاتری خایاند و بۆمبارانی بەربڵاوی هەوایی و تۆپخانە، یاخیبووانی شکستدا و تەوای بەشەکانی "هو" یەک دەست بوون.[١]

دوای ئەوەی هێرشی تێت کۆتایی هات، وێستمۆرلند ئەم هێرشانەی بە شەڕی "ئاردن"یان "بولج" بەراورد کرد، کە دوا هەوڵی بەرفراوانی ئاڵمانییەکان نازی بوو بۆ ڕێگریکردن لە داگیرکردنی ئاڵمان لەلایەن سوپای ئەمریکا و سۆڤییەتەوە لە شەڕی جیهانی دووهەم‌دا. ویستمۆرلند ڕایگەیاند کە سوپای ویتنامی باکوور لە "خە سان" و ویت‌کۆنگ لە باشوور وەک هەمان سوپای نازییەکان شکست‌یان خوارد، ئەوانە زیانێکی زۆریان وێکەوت و ڕادەی زیانەکانی زۆر زیاتر بووە لەو خەسارەتانە کە بە ئەمریکییەکان کەوتبوون. ژێرخانی ویت‌کۆنگ زیانێکی زۆری بەرکەوت کە بە ئاسانی چاک نەدەکرایەوە و هەرگیز نەیاندەتوانی چاکی بکەنەوە، هەڵەکەیان ئەوە بوو کە خۆیان ئاشکرا کرد و

---

١. کاتێک ئینسێریای سی ئای ئەی زیاد دەکا، ئینکاری وەهم، نارِوونی و پاسیڤیەت دێن. کاتێک ڕوونی و ڕووناکی زیاد دەکا، خودی جەستە و جەستەی خۆی لەبیر کردووە. ئەوانەی حەقیقەت دەزانن دەچنە نێو دونیای نەگۆڕەوە. مرۆڤ کاتێک لە سۆزدا دەمرێ، لە نێوەڕاستی کرداردا دەژی و کاتێک لە تاریکیدا دەمرێ، لە ڕەحمی تەسک و تاریکی گەمژەکاندا دەژی. بەرهەمی کردەوەی چاک و پاک و پیرۆزە، بەڵام بەرهەمی سۆز ئازارە، بەرهەمی ڕەشی و تاریکیش نەزانییە. مەعریفە لە مەعریفەوە لەدایک دەبێ، و لە سۆز و پەشیمانی و لە تاریکی، غفلەت. ئەوانەی ڕێگاکەیان ڕوونە دەچنە پێشەوە و ئەوانەی بێ زانست وروژاندنیان هەیە لە نێوەڕاستی ڕێگاکەدا دەوستن و ئەوانەی تاریکییان هەڵبژاردووە بە ڕێگای هەڵەدا دەڕۆن. بهگود گیتا یا سروده خدا نوشته ویاسه، اولین قرن پس از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باجێکی قورسیان دا.

ئەمریکاییەکان پێیان وابوو کە هێرشی تێت کارەساتێکی تاکتیکی بۆ ویتنامی باکوور بووە، بەڵام لە ئەمریکا ڕوانگەیەکی دیکە و جیاوازیان لە سەر شەڕەکە هەبوو و دەبیسترا. دۆخی تاڵی باڵوێزخانەی ئەمریکا، گرتنی "هۆ" و هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی بۆ سەر بنکە ئاسمانییەکان، بووە هۆی ئەوە بە میلیۆن خەڵکی ئەمریکی بە دیار تەلەڤزیۆنەکانیانەوە دانیشتبوون. تا ئێستا هەرچەندە ویتکۆنگ چەندین عەمەلیاتی ئەنجام دابوو بەڵام بۆ خەڵکی گشتی ئەمریکا نەناسرابوو. ئێستا ئیدی بۆ یەکەمین جار هێزەکانی ویتکۆنگ لە شارە گرنگەکان ئاشکرا بوو کە وێرانییەکی زۆری دروست کردبوو. بەرپرسانی ئەمریکایی دیانگوت کە براوەی شەڕن، بەڵام وێرانییەکان باسیان لە شتێکی دیکە دەکرد. لەناکاو ئامانجی ئەو شەڕە بۆ ئەمریکاییەکان لێڵ بوو. چۆن ویتنامی باشوور لە بەرامبەر دوژمنێکی وەها سەرتاسەریدا سەقامگیر بووە؟ چۆن ئەمریکاییەکان دەیانتوانی ئیددیعای ئەوە بکەن کە ئەوان سەرکەوتنی بێهاوتای ئەو شەڕەن؟ خەڵکی ئەمریکا هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی بۆ کۆتایی هاتنی ئەم شەڕە پێشبینی نەدەکرد.

ئەمجارە دەنگەکانی خەڵکی ئەمریکا وەرچەرخانێکی توندی بەدژی شەڕ بەخۆیەوە گرت، خۆپێشاندان دژی شەڕ لە هەموو وڵاتدا بەڕێوە چوو. ڕاوێژکارە نیزامییەکانی سەرکۆماری ئەمریکا لیندۆن جانسۆن کە پێیان گوتبوو ویتنامی باشوور لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندایە، ئێستا دانیان بەوەدا ناوە کە چیتر بە سەرکەوتن و سەقامگیری گەشبین نین. لە هەڵبژاردنی سەرەتاییدا دێموکراتەکانی شاری نیوهامپشایر لە مانگی مارسدا، جانسۆن بە ڕەقیبەکەی سناتۆر یوجین مەکارتی دۆڕاند، کە ناوبراو هەستی خەڵکی دژی شەڕ وروژاندبوو. دوای ماوەیەکی کەم ڕایگەیاند کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکۆماری ناکا و بەرەبەرە هێزەکانی ئەمریکا لە خاکی ویتنام دەکێشێتەوە.

لە ڕاستیدا هێرشی تێت لە شەڕی ویتنامدا خاڵی وەرچەرخان بوو، بەڵام بەو ئاراستەیەدا نەبوو کە وێستمۆرلند و هێزەکانی پێشبینییان کردبوو.[١]

**لێکدانەوە**

١. بەم قسەیە خوداوەندی چاو خۆڵەمێشی ئەتینا زەردەخەنەی هات، و نازێکی پێدا، ئێستا نیگاکانی گۆڕاوە، بۆیە وەک ژنێک دەرکەوت، باڵابەرز و جوان و بێ گومان شارەزا بوو لە بونیاتنانی شتە نایابەکان. ئاتینا بە خێرایی وەڵامی دایەوە: "هەرکەسێک لەدەوروبەری تۆ (ئۆدیسە) بێ، دەبێ وەک مار تیژ و فێڵباز بێ، تەنانەت خوداوەندێکیش بەبێ ویستی خۆی کڕنۆش بۆ دادەنێ. تۆ! کۆڵەبارێک لە فێڵ وتەڵەکەی! لیرە لە وڵاتی من هیچ کەس ناتوانێ لە فێڵەکانی تۆ لە ئەمان دا بێ و تەنانەت ساتێک ناهیلی لە ئارامی دابێ. ئێستا ئیمە دوو نەفەر کە هەردووکمان فریودەر و فێڵبازین، لە نزیک یەک چ کارێك هەیە نەیکەین! لە نیو هەموو پیاوەکاندا تۆ لە نەخشەکێشان باشترینی و لە نێو هەموو ژناندا لە حیکمەتدا ناوازەم. ادیسە، هومز، قرن نهم پێش از میلاد

سەرکەوتن بۆ ستراتیژیستەکانی ئەمریکا زیاتر بە سوپا و هێزی نیزامییەوە بەستراوە بوو. ئەوان بە بەکارهێنانی سوپا و چەکی مودێرن بۆ کوشتنی زیاتری ویت‌کۆنگەکان و کۆنترۆڵکردنی دەوروبەری شارەکان، سەقامگیری دەوڵەتی ویتنامی باشووریان دابین کرد. لە ڕەوانگەی ئەوانەوە پێیان وابوو کاتێک باشوور بە ڕادەی پێویست ئەمنییەتی هەبێ ویتنامییەکانی باکوور لە شەڕەکە دەکشێنەوە.

هێزەکانی ویتنامی باکوور سەبارەت بەشەڕ ڕوانگەیەکی جیاوازیان هەبوو. بە شێوەیەکی سروشتی و لە ڕێگەی ڕاهێنان و دووبارەکردنەوە شەڕیان بەرفراوانتر دەبینی. ئەوان سەیری بارودۆخی سیاسی باشووریان دەکرد، چونکە لەو ناوچەیەدا ئەرکی گەڕان و لەنێوبردنی ئەمریکاییەکان وایکردبوو کە ڕەعییەتەکان ناوچە چۆل بکەن. ئێستا ویتنامی باکوور هەر کارێکی لەدەستی هاتبوایە دەیکرد بۆ ئەوەی دڵی ڕەعییەتەکان بەدەست بێنێ و لەگەڵ ئەوان هاوڕا و هێمن و بێ‌دەنگانە سوپایەکی میلیۆنی پێک هێنابوو. ئایە دەکرێ باشوور لە ئەمنیەت‌دا بمێنێتەوە لە کاتێکدا ئەمریکاییەکان نەیانتوانی دڵی ڕەعییەتەکان بەدەست بێنن؟ ویتنامییەکانی باکوور گرنگی‌یان بە بارودۆخی سیاسی ئەمریکا دەدا و دەیانزانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا نزیکە، هەروەها کولتووری ئەمریکاییەکانیان لەبەرچاو دەگرت و دەیانزانی کە ڕەنگە پشتیوانی لە شەڕەکە فراوان بێ، بەڵام قووڵ نەبووە. شەڕی ویتنام یەکەمین شەڕی تەلەڤزیۆنی لە مێژوو دا بوو، سوپا و هێزەکانی نیزامی هەوڵیان دەدا زانیاری پێوەندار بە شەڕ لە کۆنترۆڵ‌یان دابێ بەڵام وێنەکانی تەلەڤزیۆنی بە ڕادەیەکی پێویست ڕاستی و دەربڕین بوون.

ویتنامییەکانی باکوور درێژەیان بەو چاودێری و لێکدانەوەی هەمەلایەنە دا و لە ڕوانگەی جیهانییەوە لەشەڕەکەیان کۆڵییەوە و لەو لێکۆڵینەوەیەشدا درەوشاوەترین و زیرەکترین ستراتیژییەتی‌یان هەڵکڕاند، کە هێرشی تێت بوو. ئەوان بە دامەزراندنی سوپایەک لە ڕەعییەتەکانی هاوسۆز و هاوڕای باشوور توانیان هەموو بەشەکانی وڵات ئیفلیج بکەن. ئەو ئامانجانەی کە ئەوان گرنگیان پێ دابوو تەنیا نیزامی نەبوو و بەڵکوو تەلەڤزیۆنیش بوو. هێرشەکانیان لە سایگۆن کە شوێنی بەناوبانگترین خاوەن میدیاکانی ئەمریکایە وەکو پەخش‌کردنی بەناوبانگی "سی بی ئێس" و "واڵتر کرۆنکیت" بە نەخشەی پێشوو تەڕاحی بۆ کرابوو. هەروەها "هۆ" و "خە سان" لەو شوێنانە بوون کە لەژێر چاوەدێری چڕی هەواڵدەریەکانی ئەمریکا دابوون و بە شوێنی سمبولیک ئەژمار دەکران، چونکە شوێنی بنکە ئاسمانی و باڵیۆزخانە و گرووپە نیزامییەکان بوون. بەو وێنانە بینەران قەناعەتیان هێنا کە لە کاتێکدا لەشکرکێشی و بۆردومانەکانی ئەمریکا نەگەیشتووەتە هیچ شوێنێک، بەڵام ویت‌کۆنگ لە هەموو شوێنێک حوزووری هەبوو. بۆیە ئامانجی لەشکرکێشی تێت نیزامی نەبووە بەڵکوو چەسپانی بینەری ئەمریکایی لە بن تەلەڤزیۆن بوو. بەو جووڵانە خەڵکی ئەمریکا باوەڕیان بە خۆیان نەمابوو و لە ساڵی هەڵبژاردن‌دا ئەو شەڕەیان مەحکووم کرد. ویتنامییەکانی باکوور پێویست نەبوو سەرکەوتنی تەواو لە بەرەکانی شەڕدا بەدەست بێنن هەر بەمجۆرەش بوو، بەڵام بە فراوانکردنی دیدگای خۆیان لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرەوەی بەرەکانی شەڕ و بە لەبەرچاوگرتنی لایەنە سیاسی و فەرهەنگی لە شەڕەکەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

ئێمە هەمیشە مەیلی ئەوەمان هەیە سەیری شتێک بکەین کە لە خۆمانەوە نزیکە، بەمجۆرە ڕاهاتووین کە ڕاستترین ڕێگا بە ئامانجەکانمان لەبەرچاو بگرین و بە سەرکەوتنی چەند مەیدانی شەڕ خۆمان بە سەرکەوتوو بزانین. ئێمە ڕوانگەیەکی وردمان هەیە و هەمیشە کاردانەوەمان بەرامبەر ڕووداوەکانی ئێستا دەبێ، بەڵام ئەو ستراتیژییە ڕوانگەیەکی دەقیق و ورد بینە. هیچ شتێک لەژیاندا لەگۆشەگیری ڕوو نادا، هەموو شتێک پەیوەستە بە هەموو شتێکەوە و چوارچێوەیەکی فراوانتری هەیە. ئەو چوارچێوەیە کەسانی دەرەوەی ئەو بازنە نزیکە دەگرێتەوە کە کردەوەی ئێوە کاریگەرییان لەسەری هەیە، هەروەها هەموو خەڵک و هێندێک جاریش هەموو جیهان دەگرێتەوە. ئەو بەستێنە تەنانەت سیاسەتیش دەگرێتەوە چونکە هەر هەڵبژاردنێک لە ژیانی مۆدێرندا لێکەوتەی سیاسی هەیە، بریتیلە فەرهەنگ، میدیا و چاوی خەڵک لە سەر ئێوەیە. ئەرکی تۆ وەک ستراتیژیستێکی دووربین ئەوەیە کە دیدگای خۆتان بە هەموو ئاراستەکاندا فراوانتر بکەن و هەم داهاتوو ببینی و هەم بە دنیای دەوروبەری خۆتان زیاتر لەوەی کە دوژمنان بیری لێ دەکەنەوە گرنگی بدەن. لەم حاڵەتەدا دژایەتیکردن و وەستانەوە دژی ستراتیژییە پیلانگێڕییەکانتان سەخت دەبێ. دەتوانی پێوەندییەکانی نێوان ڕووداوەکان کۆنتڕۆڵ بکەن. شەڕێک، شەڕی داهاتوو سازماندەهی دەکا و کودەتایەکی کولتووریش کودەتای سیاسی لێدەکەوێتەوە. شەڕەکە بەرەو ئەو ناوچانە دەبەن کە دوژمنەکەت پشتگوێ خستووە و بەم شێوەیەش سەرسامی دەکەن، تەنیا ستراتیژییەکی کەلان ئەنجامێکی کەلانی لەو شێوەیە لێ دەکەوێتەوە.

کارل فون کلاوزویتس دەڵێ: *"شەڕ، بریتییە لە بە دوا داچوون و درێژەی سیاسەت بە شێوازێکی دیکە."*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

هەزاران ساڵ لەمەوبەر ئێمەی مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکەی جیهان لە پێشتر بووین و هەرگیز ئاوڕمان لە دواوە نەدایەوە. ئەگەر بمهەوێ بە زمانی تەمثیل قسە بکەم، دەبێ بڵێم کلیلی ئەم پێشکەوتنە پەرەسەندنی هێزی بینین و ڕوانگەمان بوو، واتە زمان و توانایی بەڵگە هێنانەوەی ئەو شتانەی کە زمان پێمان دەبەخشێ، ئەو ئیمکانەی دابین کرد تاکوو بتوانین دنیای دەوروبەرمان زیاتر ببینین. یەک ئاژەڵ بۆ پاراستنی خۆی لە هێرشبەران پشت بەهەست و غەریزەکانی دەبەستێ لەبەر ئەوەی ئەو ناتوانێ سووچ و ئەولا و دیوەکەی دیکەی دارستانەکە ببینێ. بە واتایەکی دیکە، ئێمەی مرۆڤ دەتوانین تەواوی دارستانەکە ببینین و لەبەرچاو بگرین. عادەت و خووی ئاژەڵە مەترسیدارەکان و تەنانەت سروشت بپشکنین و بە تێگەیشتنێکی قووڵ بگەین. ئێمە دەمانتوانی پێش ئەوەی دیاردەیەکی سروشتی ڕووبدا، یان ئاژەڵێکی مەترسیدار ڕووبەڕوومان بێتەوە، پێشبینی مەترسییەکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەین. بەڵام ئەو ڕوانگە فراوانە دەرهەست (ئەبستراکت) بوو: ئاژەڵ بەستراوە بە زەمەنی ئێستاوەیە، بەڵام ئێمە دەتوانین چاوێکمان لە ڕابردوو بێت و بە سەرنجدان بەو بەڵگە هێنانەوەیە دەلیلێک بۆ داهاتوو بهێنینەوە. ڕوانگەی ئێمە لەگەڵ تێپەڕینی کات و کەش پتر و پتر پەرەی ئەستاند و وردەوردە بووینە سەروەری بوونەوەران (اشرف مخلوقات) و بەسەر جیهاندا زاڵ بووین.

لە شوێنێکدا بەدرێژایی ئەو هێڵە، وەک بوونەوەرێکی خاوەن هێزی عەقڵ و لۆژیکی ئەو پەرەسەندنەمان ڕاگرت. سەرەڕای پێشکەوتنەکانمان، بەشێک لە بوونمان وەک ئاژەڵ خۆمان پاراستووە و ئەو بەشە ئاژەڵییە، تەنیا بە یەکەمین و دەستبەجێ‌ترین دیاردە لە سروشتدا وەڵام دەداتەوە. هەمووومان گیرۆدەی ئەو بەڵایەین، ئەو دوو لایەنەی کەسایەتیمان، عەقڵانی و ئاژەڵی، هەمیشە لە شەڕدان و زۆربەی هەوڵەکانمان بەفیڕۆ دەدەن، ئێمە بۆیە بە بەڵگە و بەرنامە بڕیار دەدەین بە ئامانجێک بگەین بەڵام لە لووتکەی عەمەلیاتدا لەناکاو دەورووژێین و ڕێگە دەدەین هەستەکانمان بەسەرماندا زاڵ بن و دورنما و ئاسۆ گوم بکەین. ئێمە بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکانمان زیرەکی ستراتیژی بەکار دێنین، بەڵام واز لە بیرکردنەوە و وەسوەسە ناهێنین و لە خۆمان دەپرسین ئایە ئەوەی دەمانهەوێ پێویستە؟! یان دەرئەنجامەکانی چی دەبێ؟! ئەو ڕوانگە فراوانەی کە لۆژیک و ئیستدلال بۆمان دێنێ، زۆرجار لەلایەن سۆز و کاردانەوەی ئاژەڵی دەروونمان گیر دەخوات کە بەشێکی بەهێزتری سروشتی مرۆڤایەتیمانە.

یۆنانییە کۆنەکان زۆر زیاتر لە وەی ئەمڕۆ ئێمە ئەزموونی دەکەین لە گواستنەوەی ڕەگەزی مرۆڤ لە ئاژەڵەوە بۆ عەقڵانییەت بەشدار بوون. لە ڕوانگەی ئەوانەوە جەوهەری دوو فاقی مرۆڤایەتی ئێمەی خەمناک کردووە و سەرچاوەی ئەو خەمناکییە، تێڕوانینی سنووردار بووە. لە تراژدییە کلاسیکە یۆنانییەکاندا ئەدیپ شەهریار[١]، کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە بەو جۆرە بیردەکاتەوە کە ڕاستییەکان دەزانێ و بە باشی جیهان دەناسێ، بەڵام بە هۆی هەست و سۆزەکانیەوە بینینی سنووردارە، ئەو تەنیا ڕوانگەیەکی ڕێژەیی سەبارەت بە ژیان و ڕەفتار و ناسنامەی خۆی هەیە، کەوابوو بێ تەگبیر و تەویر ڕەفتار دەکا و دەبێتە دیلی خەم و ناڕەحەتی. سەرنجام کاتێک ئەدیپ دەرکی بە ڕۆڵی خۆی لە هەموو بەدبەختییەکانیدا کرد چاوەکانی خۆی کوێر کرد و بڕیاری دا کە لە بری چاو لە گۆشەنیگای دڵەوە بڕوانێتە جیهان.

هەر جۆرێک بێ یۆنانییەکان لە گرنگیی ئەگەری بوون بە مرۆڤێکی مەزن تێگەیشت بوون. لە سەرەوەی مرۆڤە ڕوولەمەرگەکان، خودایانی کێوی ئۆڵەمپیش هەبوون کە خاوەنی تێڕوانینێکی قووڵ

---

١. ئەدیپ شەهریار، بەشی یەکەمی سێیانەی ئەدیپ لە کۆلۆنۆس و ئەنتیگۆن لە کارەساتی "افسانه تبای" کە لەلایەن دراماتۆری یۆنانی "سۆفۆکل" نووسراوە، کە لە ساڵی ٤٢٩ پێش زایین نمایش کرا. ئەوە کارەساتی دونیای دووگانە و ناتەبای خوداوەند و مرۆڤەکانە کە هەریەکەیان یاسای تایبەتی خۆیان هەیە. بە واتایەکی دیکە ئەو مەسەلەیەی کە لەو کارەساتەدا هاتۆتە ئاراوە، بەرخوردی مرۆڤە لەگەڵ چارەنووس- و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر دنیا و ڕابردوو و داهاتوو بوون. ئەوان دەیانزانی کە ڕەگەزی مرۆیش کە لەگەڵ ئاژەڵەکان خاڵی هاوبەشی هەیە، لەگەڵ خوداکانیش‌دا خاڵی هاوبەشی خۆی هەیە چونکە بەشێک لە بوونی مرۆڤ، ئاژەڵانە و بەشەکەی تریشی خودایانە واتە ئیلاهیە. بێجگە لەوەش ئەو کەسانەی کە دەتوانن سەرتر لە ئەوانی دیکە ببینن و سروشتی ئاژەڵیی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و پێش هەر هەوڵێک بیر بکەنەوە، دەبنە کەسانی پلە باڵاتر لە مرۆڤی ئاسایی. بە بەکارهێنانی هێزی ئیستدلال‌کردن دەتوانن باشتر خۆیان لە ڕەهەندی ئاژەڵ دوور بخەنەوە. بە پێچەوانەی گەمژەیی مرۆڤ (بینینی سنووردار)، یۆنانییەکان هێمای مرۆڤێکی ئیدئاڵیان وێنا دەکرد. ئەو هێمایە ئۆدیسە بوو، کە هەمیشە پێش ئەوەی کارێک بکا بیری لێ دەکردەوە. دوای ئەوەی سەردانی هادێسی کرد و چوو بۆ وڵاتی مردووەکان، ئەو لەگەڵ مێژووی باب و باپیران و ڕابردوو پەیوەندی گرت هەروەها هەمیشە خوازیاری زانیاری زیاتر بوو. توانی بە چاوی دڵ بێ هیچ سنوورێک یان کاریگەری هەستەکان سەیری کردەوەکانی خۆی و خەڵکی دیکە بکا و لێکەوتە درێژخایەنەکانی پێش‌بینی بکات. بە واتایەکی دیکە، ئەو بەقەد خوداوەندەکان لێهاتوویی پێش‌بینی‌کردنی داهاتووی هەبوو. ئەو پیاوێکی بەتەواوی واقیع‌گەرا، خاوەنی ڕوانگە، ئۆدیسە کارەکتەری شێعری حەماسیی هومەر بوو، بەڵام ئێمە لە مێژوودا نوسخەی ئەم ئیدئالەمان هەیە و دەیناسین، بۆ نموونە کەسایەتی سیاسی و ڕێبەری نیزامی تێمیستۆکلس و ئەسکەندەری مەزن کە لە ژێر فێرکاری ڕوحی و ڕەفتارەکانی ئەرەستوودا پەروەردە کراون.

ڕەنگە مرۆڤی واقیع‌بین بە ساردی دەرکەوێ و عەقڵانییەتی ئەو خۆشی لە ژیان دەربێنێ، بەڵام واقعییەت شتێکی دیکەیە. ئەویش وەک خوداوەندەکانی چیای "المپ" کە شەیدای شادمانی و دڵخۆشی و دووربینی هەیە، هۆگری ئارامیە و توانای پێکەنینی هەیە، ئەو دەروون پاکییە لەگەڵ ڕوانگەی حەقیقەتی خۆی تێکەڵ دەکا و ئەو تێکەڵ‌بوونە تایبەتمەندییەکی پێ‌دەبەخشێ کە نیچە "ئایدیالی ئاپۆلۆنی"، پێ دەڵێت، واتە بەکارهێنانی لۆژیکیانەی ژیری و عەقڵانی، پێکهاتەسازی و ڕێکخستنی هەموو کاروبارەکان بۆ پێکهێنانی تاکایەتییەکی ناوازە. ئەسکەندەر پیاوی کردەوە و ستراتیژیستی مەزن، هەروەها بە خۆشگوزەرانی و عەیاشیش ناوبانگی هەبوو، ئۆدیسەش حەزی لە گێچەڵ بووە، لە ئەزموونی خۆشی و چێژدا کەس لەو باشتر نەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا هاوسەنگ‌تر و لۆژیکی‌تر لە کەسانی ئاسایی ڕەفتاری دەکرد و کەمتر تووشی هەست و سۆزی دەروونی خۆی و ئەوانی دیکە بووە و لە سەردەمی خۆیدا بەڵای کەمتری بەجێ هێشتووە.

ئەم بوونەوەرە لوژیکییە، هێمن و داهاتووبین کە یۆنانییەکان پێیان دەگوت "بەرزەمرۆڤ" (ابرانسان) هەمان ئەو کەسەیە کە ئێمە پێی دەڵێین ستراتیژیستێکی کەڵان یان دووربین.

هەموو ئێمە تا ڕادەیەک ستراتیژیستین، لە زگماکییەوە بەدوای کۆنترۆڵی ژیان داین و بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات پلان دادەڕێژین و بە ئاگاهییەوە یان نائاگاهییەوە لەگەڵ ئەوەی دەمانهەوێ هاوتەریب و خۆمان ڕێک دەخەین. بە واتایەکی دیکە، ئێمە لە ستراتیژیستەکان کەڵک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەردەگرین بەڵام ئەو ستراتیژیانە زیاتر مەیلیان بە لای ئاراستەکراو و کاردانەوەدا هەیە و زۆرجار بەهۆی وەڵامە سۆزدارییەکانەوە شکست دەخۆن. ستراتیژیستەکانی زیرەک و وشیار دەتوانن لەوە زیاتریش بڕۆن، بەڵام بێجگە لە چەند کەسێکی بەڕادەی قامکەکانی دەست "قامکژمێر" هەموویان هەڵە دەکەن. ئەگەر سەرکەوتوو بن ورووژێنەر دەبن، ئەگەر لە ژیاندا ڕووبەڕووی شکست ببنەوە و ئەو شکستە لەو کاتەدا حەتمی بێ، ئەو بە ئاسانی کاریگەرییان لەسەر دەبێ. ئەوەی ستراتیژیستێکی کەڵان لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، توانایی و لێهاتووییە کە دەتوانێ بە قووڵی سەیری خۆی و ئەوانی دیکە بکا. توانای ئەوەی هەیە ڕابردوو بناسێ و لێی فێر بێ بۆ ئەوەی هەستێکی ڕوونی بۆ داهاتوو بەدەست بێنێ و بتوانێ پێش‌بینی بکا. ئەو کەسانەی شتەکان بە ڕوونی زیاتر دەبینن ڕوانگەی بەرفراوانی ئەوانە هێندێک جار بەرنامەڕێژی بۆ ماوەیەکی زۆر دوور دادەنێن، بە جۆرێک کە تەنانەت دەوروبەریان تێناگەن کە لە مێشکیاندا چی دەگوزەرێ. ئەوان لە ڕەگ و ڕیشەی کێشەکە دەدەن نەک نیشانەکانی. لە هەنگاونان بەرەو ستراتیژیستی کەڵان پێویستە ڕێگای ئۆدیسە ببڕی و زیاتر لە مرۆڤێکی ئاسایی ببینی. نامانهەوی بڵێم کاتێک بەو لووتکەیە گەیشتی ستراتیژییەکانتان زیرەک‌تر دەبن، بەڵکوو بازدانێکی ناوازە دەکەن.

لە جیهانێک‌دا کە مرۆڤەکان ناتوانن بیر لە ئاکامی ڕەفتارەکانیان بکەنەوە و هەموو ڕۆژێک زیاتر بۆ ڕەهەندی ئاژەڵیی خۆیان دەگەڕێنەوە، پراکتیزەکردن و فێربوونی ستراتیژی کەڵان بە پێگەیەکی باڵاتر لەوانی دیکەت دەگەیەنێ.

بۆ ئەوەی ببی بە ستراتیژیستێکی گەورە، پێویست بە ساڵانێک خوێندن و گەشەپێدانی کەسایەتی خۆت نییە، تەنیا پێویستە ئەوەی هەتە، جا عەقڵ بێ، ژیربێژی یا مەنتیق بێ، یان تێڕوانین و ڕوانگە، بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەکاری بێنی. ستراتیژی گەورە چەمکێکی نیزامییە کە وەک چارەسەرێک بۆ کێشەکان لە شەڕەکاندا گۆڕاوە. لێکۆڵینەوە لە گەشەسەندنی مێژوویی ئەو، کلیلی کاریگەربوونی لە ژیاندا نیشان دەدا.

لە سەرەتای مێژووی شەڕدا، دەسەڵاتدارێک یان ژێنراڵێک کە ستراتیژی و مانۆڕی بە باش دەناسی دەیتوانی پرۆڤە و ڕاهێنان لەسەر دەسەڵات بکا. ئەو دەیتوانی لە شەڕەکاندا سەربکەوێ و ئیمپراتۆری دابمەزرێنێ یان لانیکەم لە شار یان وڵاتەکەی بەرگری بکا، بەڵام کێشەکان سەریان هەڵدا. شەڕ زیاتر لە هەموو چالاکییەکی دیکەی مرۆڤ پەیوەندی بەهەیەجان و هەستەکانمان و ڕەهەندی ئاژەڵی ئێمەوە هەیە. پادشایەک لە دارشتنی پلانی شەڕدا بە شتگەلێکی وەک زانیاری خۆی لەسەر ناوچەکە و هێزی خۆی و دوژمن بەو سێ لایەنە بەستراوەیە، سەرکەوتنیشی هاوپێچە بە توانایی کە هەموو شتێک بە ڕوونی ببینێ، بەڵام ئەو بینینە، ئەگەری هەوربوون و ناڕوونی و لێڵی هەیە. ئەو هەستێکی هەیە کە دەبێ وەڵامی بداتەوە، ئارەزوگەلێکی هەیە کە دەبێ وەدی‌بێنێ و هەرگیز ناتوانێ تەنیا بیر لە ئامانجەکانی بکاتەوە. ئەو کە دەیهەوێ لە گۆڕەپانەکە سەرکەوتوو بێ، هێزی دوژمن بە کەمتر لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاستی ڕاستەقینە دەخەملێنێ یان دەسەڵاتی خۆی بە بەرزتر لە ئاسایی دەبینێ. کاتێک خشایار پادشای ئێران لەساڵی ٤٨٠ی پێش زایین هێرشی بۆ یۆنان کرد بیری لەوە کردەوە کە گەڵاڵەیەکی ورد و لۆژیکی‌یانەی هەیە بەڵام شتگەلێکی زۆری لەبەرچاو نەگرت و نەهامەتی و نەگبەتی بەرۆکی گرت.

ئەو دەسەڵاتدارانەی کە لەشەڕەکانیاندا سەرکەوتوو دەبوون، لەخۆشی ئەو سەرکەوتنانە لە پێستی خۆیان جێگایان نەدەبووەوە و مەستانە لەشەڕکردن بەردەوام دەبوون و نەیاندەزانی چ کاتێک باشترین دەرفەتە بۆ ڕاگرتنی شەڕ. ئەوانە چونکە گیرۆدەی ئێحساساتی وەک قین، بێ‌متمانەی و تۆڵە ئەستێنی بوون، شەڕیان لە بەرەی جیاواز درێژە پێدەدا و دواتر شکستی حەتمی وەک ئەوەی بەسەر ئیمپراتۆری ئاشووری هات و پایتەختەکەی نەینەوا لە ژێر خیزەڵاندا نێژرا. لەبارودۆخی ئەوتۆدا، سەرکەوتن لە شەڕدا تەنیا مەترسی لەگەڵ خۆی دێنێ و کارێک دەکات سەرکەوتوو ڕووبەڕووی سووڕانەوەی بێهودە و وێرانکەری لە هێرش و دژەهێرش بێتەوە.

لە سەردەمی کۆنیشدا ستراتیژیستەکان و مێژوو نووسان، لە سون تێزۆوە تا توسیدید، ئاگاداری ئەو نەخشەی خۆلەنێوبردنە لە شەڕکردندا بوون و هەوڵیان دا ڕێگەی لۆژیکی‌تر بۆ شەڕکردن بدۆزنەوە. هەنگاوی یەکەم ئەوە بوو کە دیدگایەک سەرتر لە شەڕی دەست‌بەجێیان هەبێ. فەرماندە دەبێ بیهێنێتە بەر چاوی خۆی، کە سەرکەوتن لەو شەڕەدا بەرەو کوێی دەبا، بەرەو باشتر بوون، یان خراپتر؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە هەنگاوی لۆژیکی ئەوە بوو، کە کەمێک پێشتر لەکاتی ئێستا پێش‌بینی بکا. دەبوو شەڕەکانی سێهەم و چوارم لەبەرچاو بگرێ کە هەموو وەک زنجیرێک بە یەکەوە گرێ درابوون. ئاکامی ئەو ڕوانگە نوێیە چەمکی وێناکردنی عەمەلیاتێک بوو، کە لەو دا ستراتیژیست ئامانجێکی واقیع‌گرایانەی دادەڕشت و چەند هەنگاو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دانا. شەڕەکانی تاکە کەسی تەنیا لەوەدا گرنگە کە شەڕەکانی دیکە دروست دەکەن. سوپایەک دەتوانێ بە ئەنقەست لە شەڕێکدا لە چوارچێوەی پلانێکی درێژخایەندا شکست بخوا. بەڵام سەرکەوتنی گرنگ لە عەمەلیاتی گشتی‌دا بەدەست دێت و هەموو شتێک پاڵپشتی لەو عەمەلیاتە گەورە دەکات.[١]

ئەو جۆرە ستراتیژییە پێشاندەری پێشکەوتنی چۆنایەتی دەکا. بیر لە شەترەنج بکەوە، کە لەودا مامۆستای گەورە بۆ ئەوەی وەڵامی ڕەفتاری یاریزانی بەرامبەر بداتەوە، لەبری ئەوەی تەنیا سەرنجی لەسەر جووڵەی ئەو مۆرانە بێ کە زیاتر دەستیان پێ دەگا، دەبێ تەواوی تەختەی شەترەنج لەگەڵ داهاتوودا ببینێ و ستراتیژییەکی گشتی لەبەرچاو بگرێ و لە جووڵەی پیادە بۆ بەربەستی مۆرەی بەهێز و کەڵک وەرگرتنی ئەوانە لە داهاتوودا سودی لێ وەرگرن.

---

١. لەبیرکردنی ئامانجەکانمان، لە کاتی گەشتەکەدا بە زۆری ئامانجی ئەو گەشتەمان لەبیر دەچێتەوە. نزیکەی هەموو تایبەتمەندییەک وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە شوێنێکی مەبەست هەڵدەبژێردرێ. لەبیرکردنی ئامانجەکانمان باوترین گەمژەیی ئێمەیە. فردریش نیچە، ١٨٤٤- ١٩٠٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڕ لەو ئاستەدا پێویستی بەوە بوو کە ستراتیژیست بە قووڵی بیر لەهەموو مەسیر و ئاراستەکان بکاتەوە و پێش دەستپێکردنی هێرش دەبێ جیهان بناسێ، دوژمن تەنیا بەشێک لە وێنەکەیە: هەروەها ستراتیژیست دەبێ پێش‌بینی کاردانەوەی دەوڵەتانی هاوپەیمانان و دەوڵەتانی دراوسێ بکا، چونکە هەر هەنگاوێکی هەڵە بە پێچەوانەی قازانجی ئەوان دەتوانێ مەترسی‌دار بێ. ئەو دەبێ بیر لە ئاشتی و ئارامی دوای شەڕ بکاتەوە و دەبێ بزانێ بە تێپەڕبوونی کات سوپاکەی چ کارێک دەتوانێ بکا و زیاتر لەتوانای خۆی داوای شتێکی دیکە نەکا. هەروەها ئەو دەبێ واقیع‌گرا بێ و زەینی ئامادەی لەبەرچاو گرتنی ئاڵۆزییەکانی ئەرکەکەی بێ. تەواوی ئەو پێش‌بینی‌یانە دەبێ پێش ئەوەی چووکترین زەبر لێ بدرێ ئەنجام بدرێ.

بەڵام بیرکردنەوەی ستراتیژی لەو ئاستەدا سوودی زۆری لێ دەکەوێتەوە. سەرکەوتنێک لە بەرەکانی شەڕدا فەرماندە بۆ جووڵەیەکی بیر لێنەکراوە ڕاناکێشێ کە ڕەنگە لە نهایەت‌دا بە شکست یان پاشەکشە کۆتایی بێت. هەروەها لەلایەکی دیکە شکست تووشی نائۆمێدی ناکا. کاتێک ڕووداوێکی چاوەڕوان‌نەکراو ڕوو دەدا، ئەو چارەسەرییەی کە ئەو لەبەرچاوی دەگرێ دەبێ لە ڕاستای ئامانجی درێژخایەن و هەمەلایەنەدا بێت. چونکە دەزانێ لە شەڕدا مومکینە هەر شتێک ڕوو بدا. هەروەها کۆنترۆڵکردنی بەسەر هەستەکانیدا زاڵبوونی زیاتری بەسەر دۆخەکەدا پێ دەبەخشێ. ئەو لە لووتکەی شەڕدا دووربینیی خۆی دەپارێزێ و هەرگیز لە نەخشەی خۆ لەنێوبردن و کاردانەوەدا گیر ناکات کە بۆتە پەتایەکی زۆرێک لە سوپا و وڵاتان.

ئەو جۆرە لە عەمەلیاتی نیزامی و سوپا لەو دواییانەدا وەک ستراتیژییەکی کەلان ناسراوە، بەڵام لە کۆنەوە بە فۆرمێکی جیاواز بوونی هەیە. ئەو ستراتیژییە بە باشی لە سەرکەوتنی ئەسکەندەر بەسەر ئێراندا، کۆنترۆڵکردنی زۆرێک لە خاکە بەرفراوانەکانی ئیمپراتۆری بیزانس و ڕۆم، لەشکرکێشییەکانی سیستماتیکی سوپای مەغۆل، سەرکەوتنی مەلەکە ئەلیزابیتی یەکەم بەسەر ئارمادای ئیسپانیا، عەمەلیاتی فیڵبازانەی دوکی مارلبرۆ دژی شانشینی هابسبورگ، یەکەم سەرکەوتنی ویتنامی باکوور بەسەر فەڕانسە و پاشان ئەمریکا، ڕوونە کە لە دوا بابەتدا ویتنامی باکوور و هێزەکانی ویت‌کونگ لە دژی ئەمریکا، تەنانەت بەبێ ئەوەی لە شەڕێکی گرنگدا سەرکەوتن بەدەست بێنن بە باشی سوودیان لەو هونەرە وەرگرتووە.

مێژووی نیزامی نیشانی دەدا کە کلیلی ستراتیژی کەلان کە لە ستراتیژی سادە و بێ‌بایەخ جیا دەکاتەوە، تایبەتمەندی تایبەت دووربینیی‌یە. ستراتیژیستە دووربینەکان پێش هەر هەوڵ و کردەوەیەک داهاتوو لەبەرچاو دەگرن و لەسەر بنەمای ئەو گەلاڵەی خۆیان دادەڕێژن، نەخشە و پلانەکانیان تەنیا بەرهەمی کۆکردنەوەی زانیاری نییە، بەڵکوو بە ڕوانینێکی ژیرانە نە هەستەکی جیهان بە باشی لەبەرچاو دەگرن و لە پێناوی ئامانجی درێژماوەی خۆیان‌دا هەنگاوی ڕێک‌وپێک و ناڕاستەوخۆ هەڵدێنەوە، بەجۆرێک کەوا گەلاڵە و پلانەکانیان بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرا نییە. ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جۆرە لە پلاندانان دوژمن بەلاڕێدا دەبا و کاریگەری دەروونی هێورکەرەوەی لەسەر خودی ستراتیژیست هەیە و ڕێگەی پێدەدا خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییە ساتەکان بگونجێنێ و لە هەمان کاتدا ئامانجەکە لەبەرچاو بگرێ. لێرەیە ستراتیژی کەڵان لووتکەی عەقڵانییەتە.[١]

ستراتیژی گەورە چوار بنەمای سەرەکی هەیە، کە بە سەرنجدان بە ئەزموونی مێژووی مامۆستایانی سەرکەوتووی ئەو بوارە لە خوارەوە دێن. هەر چەندە زیاتر بتوانی لەو بنەمایانە کەڵک وەرگری، ئەنجامەکانت باشتر بەدەست دێنی.

١- **سەرنجت لەسەر ئامانجی گەورە بێ، یانی چارەنووسی خۆت چڕ بکەوە**. یەکەم هەنگاو بۆ بوون بە ستراتیژیستێکی گەورە هەمان هەنگاوە کە هەموو شتێک لەسەر شوێنی خۆی دادەنێت و شتێك نیە بێجگە لە دەست پێکردن بە ئامانجێکی ڕوون و ورد، کە ڕەگ و ڕیشەی لە واقیعدا هەیە. ئێمە زۆرجار بیر دەکەینەوە کە بە جۆرێک بە پلان کار دەست پێدەکەین و ئامانجێکمان هەیە و بۆ بەدەستهێنانی هەوڵ دەدەین تا پێی بگەین. بەڵام زۆرجار خۆمان فریو دەدەین چونکە ئەوەی هەمانە ئامانج نییە، بەڵکوو ئارەزوویە. سۆز و هەست لەگەڵ ئارەزووی ناڕوون کاریگەرییان لەسەر ئێمە هەیە و بەدوای ناوبانگ، سەرکەوتن، ئاسایش و بە کورتی خەونێکی گەورە و دەرهەست دا دەگەڕێین. ئەو ناڕوونییە نەخشەکانی ئێمە هەر لە سەرەتاوە ناهاوسەنگ دەکا و دەیانخاتە سەر ڕێڕەوێکی ئاڵۆز. ئەوشتەی کە هەموو ستراتیژیستە گەورەکان جیا دەکاتەوە و دەتوانن تۆش جیا بکەنەوە، ئامانجی چڕ و ورد و تایبەتە. هەموو ڕۆژێک کامڵیان بکە و بیهێنە بەرچاوی خۆتان گەیشتن بە ئەوانە چ هەستێکت هەیە و چۆن دەردەکەون. وەک بنەمای دەروونناسی دەڵێت، بینینی شفاف و ڕوونی هەر شتێک، دەبێتە ئەرکێک کە بەدەستهێنانی ئاسانتر بێت.

هەبوونی ئامانجی ڕوون بۆ ناپلیۆن زۆر گرنگ بوو. ئەو ئامانجەکانی خۆی بە وردییەکی چڕەوە ڕوونی دەکردەوە و لە سەرەتای لەشکرکێشی بۆ شەڕ لە مێشکیدا بە ڕوونی لێکی دەداوە. کاتێک لەگەڵ هاوکارەکانی لە حاڵی پشکنینی نەخشەکانیدا بوو ئاماژەی بەو شوێنە دەکرد کە دەبێ شەڕ لە وێ کۆتایی بێ. لەوانەیە پێشبینییەکانی گاڵتەجارانە بێ چونکە لە شەڕدا مومکینە ڕووداوی چاوەڕواننەکراو بێتە پێش و دوژمن ئێوە تووشی سەرسوورمان بکا. بەڵام نەخشەکانی سەردەمی ناپلیۆن بەشێوەیەکی سەیروسەمەرە جێی باوەڕ و متمانە بوون. ناوبراو هەروەها مەوقعییەتی دوای

١. تا کاتێک کێشەکە هێشتا سەخت نەبووە، بۆ خەباتکردن پلانێک دابنێ. تا کاتێک دەردەسەری زۆر گەورە نەبووە دژی ئەو کار بکە. لە ژیاندا شتە سەختەکان لە کێشە سادەکانەوە دەست پێدەکەن. بەو هۆکارەیە دانایان و هەرگیز ڕووبەڕووی کێشەیەکی زۆر سەخت نابنەوە و لەبری ئەوەی کێشەکانیان گەورە بن، خۆیان دەگەنە گەورەیی. ئەوەی ئارام و بێ پشێوییە بە ئاسانی وەدەست دێ، شتێکی کە تورت و ناسکە بە ئاسانی دەشکێ، ئەوەی بچووکە بە ئاسانی دابەش دەبێ، پێش ئەوەی دەست و پێ ببەسترێ کارێک بکە. پێش ئەوەی کێشەکان ببنە کارەسات بیریان بۆ بکەوە. داری گەورە بۆ لە باوەش‌گرتنیان دەبێ هەردوو دەستی خۆت بکەیەوە کە لە هەمان تۆوی ورد لەدایک بووە وگەورە بوون. بورج یان شۆقەیەکی نۆ تەبەقە لە چاڵیکی نێو زەوییەوە بەرز کراوەتەوە. سەفەری هەزاران کیلۆمیتر لە یەک میترەوە دەست پێ دەکا. دائو دەچینگ، اثر لائۆ دزی ٤٧٩- ٥٥١ پێش میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڕیشی وێنا دەکرد و بیری لە واژۆکردنی پەیماننامەکان دەکردەوە و مەرجەکانی ئەوانی لەبەرچاو دەگرت، تەنانەت بیری لەوە دەکردەوە کە سزاری ڕووسیە یان ئیمپراتۆری ئوتریش چ ڕەفتارێکیان دەبێ و ئەو دەسکەوتانە مەوقعییەتی ناپلیۆن بۆ شەڕی داهاتوو، بەرەو کوێ دەبات.

لە گەنجیدا، لیندۆن جانسۆن سەرەڕای خوێندنی کەم، سوور بوو ڕۆژێک ببێ بە سەرکۆماری ئەمریکا. خەونی ئەو بۆ وەسوەسە گۆڕا، دەیتوانی خۆی وەک سەرۆک وێنا بکا، کە لە بارەی جیهان‌دا بڕیار دەدا. لەگەڵ پێشکەوتنی لەژیانی پیشەیی خۆیدا هەرگیز کارێکی بە بێ لەبەرچاوگرتنی سەرکۆماری ئەنجام نەدا. لە ساڵی ١٩٥٧دا جانسۆن کە تا ئەو کاتە ئەندامی سەنای ویلایەتی تێگزاس بوو، پشتگیری لە پرۆژە یاسای مافە مەدەنییەکان دەکرد. ئەو کارە لە تێگزاس زیانی بە کەسایەتی گەیاند، بەڵام لەسەر ئاستی وڵات بەرزی کردەوە. بە ڕواڵەت سەناتۆرێک لە باشوور سەری لە توێکڵەکەی دەرهێنا و بەو کارە پیشەکەی خستبووە مەترسییەوە. دەنگی جانسۆن سەرنجی جان ئێف کندی ڕاکێشا، کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٠دا بۆ جێگری سەرکۆمار کاندیدی کرد و ئەو کارەی کە دواجار بوو بە نێردیوانی هەنگاوی جانسۆن بۆ پۆستی سەرکۆماری.

ئامانجی درێژخایەنی ڕوون بە هەموو کردەوەکانی ئێوە، چ گەورە یان بچووک ئاراستە دەدەن و بڕیارە گرنگەکان ئاسانتر دەکەنەوە. ئەگەر پێشنیارێکی بچووک بەڵام فریودەر ڕوانگەی ئێوە لە ئامانجە گەورەکە لابەرێ، دەزانی چۆن لە بەرامبەری‌دا ڕاوەستی. دەتوانی پێش‌بینی بکەی چ کاتێک باشترە پێڕەوەکانت لە خزمەتکردنی ئامانجی خۆتدا قوربانی بکەن یان تەنانەت شەڕەکەش بدۆڕێنن. چاوەکانی ئێوە لەسەر ئامانجە گەورەکە قوفڵ کراوە و بێجگە لە سەرکەوتنی سەرتاسەری هیچی دیکە نابینن.

ئامانجەکان دەبێ ڕەگ و ڕیشەی لە ڕاستی‌دا هەبێ. ئەگەر ئەو ئامانجانە بە سادەیی بانتر لە مومکینات و ئامرازەکانی تۆ دا بن، وەدیهێنانیان ئەستەم دەبێ و تۆ هەنگاو بەرەو نائومێدی دەنێی و ئەو نائومێدییە ئێوە بەرەو شکست دەبا. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر ئامانجەکانت گرنگی نەبێ پاراستنی ئەنگێزە بۆتان سەخت دەبێت. لە بوێری و ئازایەتی مەترسێن. لە مەفهومی کەلاندا تۆ هەمان شت بۆ خۆت دەخوڵقێنی کە ئەسکەندەر وەک "چارەنووس" بۆ خۆی نووسیبوو و نیچەش بە "ئەرکی ژیان" نێوی بردووە. ئەو ئەرکی ژیانی بەو شتە زانی کە وانە و حەزە سروشتییەکان، بەهرە و ئارەزووەکان، لە بەر پێی تۆ دایدەنێن. دیاریکردنی ئەرکی ژیان، ڕێنوێنی ئێوە دەکا و لە دڵەوە سۆزێکی وەسفنەکراو هەست پێ‌دەکەن.

ناوەڕۆکی ئامانج زۆر گرنگە: هێندێک ئامانج ئەگەر وەدی بێن لە درێژخایەندا بە ئێوە ئازار دەگەیەنێ. ئامانجەکانی ستراتیژی کەلان بە مانای ڕاستەقینە بریتییە لە دروستکردنی بناغەیەکی تۆکمە بۆ گەشەپێدانی لە داهاتوودا دابین دەکا، کە بە ئاسایش و ئەمنییەتی ئێوە زیاتر یارمەتی دەکا و هێزتان زیاتر دەکات. کاتێک ئیسرائیل لە شەڕی شەش ڕۆژەدا لە ساڵی ١٩٦٧ دەستی بەسەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیابانی سینادا گرت پێ دەچوو مانای هەبێ دروستکردنی جۆرێک ناوچەی "دیوار" یان لەمپەر لە نێوان خۆی و میسردا دروست بکا. ئەم کارە لە ڕاستیدا تەنیا بە مانای خاکی زیاتر بوو بۆ کۆنترۆڵکردن و گەشت لێدان، ئەو حەرەکەتەی ئیسرائیل بووە هۆکاری تووڕەیی و دوژمنایەتی زیاتری دانیشتوانی میسر لەدژی ئەوان، و بیابانی سینا لە بەرامبەر هێرشی لەناکاو خەسارهەڵگر بوو و ئەوەش شەڕی یۆمکیپور لە ساڵی ١٩٧٣ی لێکەوتەوە. پاراستنی بیابانێک لەگەڵ ئەوەی فریودەرانەیە، بەڵام پێویستی بە ئەمنییەتی بەربڵاو هەیە و لە مەفهومی ستراتیژی کەلاندا بڕیارێکی هەڵەیە. هێندیک جار سەختە کە بزانی کاریگەری درێژخایەنی گەیشتن بە ئامانجێک چی دەبێ بەڵام تا بە وردی و جیددی ئەگەرەکانی داهاتوو بپشکنی، حیساباتی هەڵەت کەمتر دەبن.

٢- **دوورنمای خۆت فراوانتر بکە.** ستراتیژی گەورە بەشێک لە دووربینییە، واتە سەرتر لە کات و شوێن ببینە و لەم بوارەدا پێش دوژمن بکەوە. پڕۆسەی دووربینی ناسروشتییە، ئێمە تەنیا دەتوانین لە ئێستا دا بژین چونکە بەستێنی زانیاری ئێمەیە، و ئەزموونی زەینی و ئارەزووەکانی ئێمە مەودای دووربینی تەسک دەکەنەوە. لەڕاستیدا ئەو ئەزموون و خواستانە وەک زیندانێک وایە کە ئێمەیان لەخۆیاندا بەند کردووە. ئەرکی تۆ وەک ستراتیژیستێکی گەورە ئەوەیە کە خۆتان ناچار بکەن دوورنما و ڕوانینی خۆتان فراوانتر بکەن تا بەشێکی زیاتر لە جیهانی دەوروبەر بناسن، دیاردەکان بەجۆرێک ببینی کە بزانی واقعییەتی ئەوانە چیە و چ ڕۆڵێکیان لە داهاتووی ئێوەدا هەیە، نەک ئەوەی کە ئێوە چۆنت پێخۆشە ئەوانیش بەمجۆرەی دڵی تۆ بن. هەموو ڕووداوێک هۆکارێکی هەیە و پێوەندیی زنجیرەئاسا هۆکاری ئەوانەن، لەبری ئەوەی ڕوانگەیەکی سەتحی هەبێ پێویستە بەدواداچوون بۆ واقعییەت بکەن. تا زیاتر لە ڕاستییەکان نزیک بنەوە، ستراتیژی باشتر هەڵدەبژێرن و ئاسانتر ڕێگا بەرەو ئامانج دەپێون.[1]

بۆ گەیشتن بەو شتە گرنگە پێویستە هەمیشە هەوڵ بدەن لە چاوی کەسانی دیکەوە جیهان ببینن و ئەم کەسانە دەکرێ ئەو دوژمنانەتان بن کە هێشتا لە دژی ئێوە شەڕیان ڕانەگەیاندووە. پێش فەرزەکانی ئێوە لەمپەرێکی گەورە بۆ واقیعگەرایی جیهانن، ئەوەی کە هەموو شتێک لەڕوانگەی کەسانی دیکەوە ببینی بابەتی ڕاستگۆیی سیاسی نییە، بەو شێوەیە ستراتیژییەکان کاریگەرتر دەبن. ویتنامی باکوور لە ماوی شەڕی ویتکۆنگ بە توندی دۆخی فەرهەنگی ئەمریکای لەبەرچاو گرتبوو، ئەوان پێوشوێنی ئاڵوگۆڕ لە بیروباوەڕ و دەنگی گشتی خەڵک دا بوون و هەوڵیان دەدا سیستمی

---

١. بەرازی کێوی و ڕێوی. بەرازی کێوی بە دارێک شاخەکانی تیژ دەکرد. ڕێوی لێی پرسی کاتێک نە ڕاوچییەک هەیە نە مەترسییەک، ئەو کارە چ سوودێکی هەیە. بەراز وەڵامی داوە، "لەبەرژەوەندی خۆم ئەو کارە دەکەم ئەگەر ڕۆژێک لە ناکاو مەترسی خافڵگیری کردم کاتم بۆ تیژ کردنی شاخەکانم نیە، چ باشتر هەر لە ئێستاوە بۆ ئەنجام دانی ئەرکی دروست ئامادەی بکەم." ئەو چیرۆکە نیشانی دەدا، مەنتیقی نیە بۆ ئەوەی مەترسی بگاتێ ئێمە چاوەڕێ بین و باشترە لە پێشدا خۆمان ئامادە بکەین. افسانەها، ازوپ، قرن ششم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی ئەمریکا و گاریگەری کۆمەڵایەتی تەلەڤزیۆن بناسن، لەلایەکی دیکەوە ستراتیژیستی ئەمریکایی تێگەیشتنێکی کەمی لە فەرهەنگی ویتنام هەبوو. ئەوان هیچیان لەبارەی فەرهەنگی دوژمنەکەیانەوە کە ویتنامی باکوور بوو نەدەزانی، هەروەها فەرهەنگی ویتنامی باشووریان نەدەزانی. ئەمریکاییەکان تەنیا لەژێر کاریگەری ئەو خواستە وەسوەسەییە دا بوون کە ڕێگا لە بڵاو بوونەوەی کۆمۆنیزم بگرن. تێگەیشتنی قووڵیان لە کاریگەرییەکانی فەرهەنگ و ناوچەکە لەسەر شێوازی خەباتی ویتنامی باکوور پشت گوێخست و لە ستراتیژی کەڵان تووشی هەڵەیەکی گەورە و لەبیرنەکراو بوون.

ستراتیژیستە گەورەکان ئانتێنەکانیان لەگەڵ سیاسەتی دۆخە هەستیارەکاندا ڕادگرن. سیاسەت هونەری بەرەو پێش‌بردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێوەیە. ڕەنگە بیر بکەنەوە سیاسەت تەنیا بە حیزب و فراکسیۆن پێوەندی هەیە، بەڵام هەر تاکێک جگە لە شتەکانی دیکە، بوونەوەرێکی سیاسییە و بە دوای دەستەبەرکردنی پێگەی خۆیدا دەگەڕێ. ڕەفتاری ئێوە لە جیهاندا هەمیشە ئاکامی سیاسی هەیە و بەو پێیەی کەسانی دەوروبەر ئەو ڕەفتارانە بۆ دوو بەشی یارمەتیدەر یان زیانبەخش دابەش دەکەن. سەرکەوتن لەشەڕ بە نرخی لە دەستدانی هاوپەیمانان یان دروست‌کردنی دوژمنی سەرسەخت هەرگیز کارێکی ژیرانە نیە.

بە لەبەرچاو گرتنی سیاسەت، پێویستە ستراتیژی کەڵان پێک بێنن بۆ ئەوەی پشتیوانی خەڵکی دیکە بەدەست بێنن تا بتوانی پێگەیەک بۆ خۆتان دروست بکەن و بەهێزی بکەن. لەشەڕی نێوخۆیی ڕۆم لەساڵی ٤٩ی پێش میلاد، ژولیوس سزار لەگەڵ پۆمپی ڕووبەڕووی یەک بوونەوە، پۆمپی لەو کات‌دا بە ئەزموون‌ترین پیاوی نیزامی بوو، سزار بە مانۆڕەکانی کاریگەری زۆری لەسەر بیروڕای گشتی هەبوو بۆیە پشتیوانی زیاتری لەگەڵ بوو. بەڵام لە مەجلیس پشتیوانی کەمی هەبوو، لە نێو ئاپوڕای خەڵک خۆی زەق کردەوە. سزار کەسێکی سیاسی و وشیار، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە نفووز بکاتە نێو زەین و دەروونیانەوە. ئەو قازانجەکانی خەڵکی دەناسی و ستراتیژییەکانی لەسەر بنەمای ئەوانە دادەمەزراند. سیاسی بوون بە مانای ناسینی مرۆڤەکان و دیتنی هەموو شتێک لەچاوی ئەوانەوەیە.

٣- **ڕەگ و ڕیشەکان ببڕن.** لە کۆمەڵگایەکدا کە خۆدەرخستن بەسەریدا زاڵە، دیتنەوەی سەرچاوەی ڕاستەقینەی کێشەیەک سەختە. بۆ ئەوەی ستراتیژییەکی گەورە لە دژی دوژمنێک دابڕێژی دەبێ بزانی چ شتێک خوشحاڵی دەکا یان سەرچاوەی دەسەڵاتی لە کوێیە. زۆرێک لەشەڕەکان بەو هۆیەوە شکڵ دەگرن چونکە هیچکام لە لایەنەکان نازانن چۆن زەربە لە ڕەگ و ڕیشەی ئەوی دیکەیان بدا. وەکوو ستراتیژیستێکی دووربین پێویست ناکا زۆر نیگایەکی دوور و بەرفراوانتان هەبێ، بەڵکوو سەرنجی ناخ و قووڵایی بدەن و قووڵ بیر بکەنەوە، ڕواڵەت لەگەڵ ڕاستیی تێکەڵ مەکەن، ڕەگەکانی کێشەکە ئاشکرا بکەن و ستراتیژییەکی باش بۆ بڕینی ئەوانە دابنێن و کۆتایی بە شەڕ یان کێشەکە بێنن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێک ژێنراڵ هانیباڵ لەساڵی ٢١٨ی پێش میلاد هێرشی بۆ ئیتالیا کرد، ژێنراڵەکانی ڕۆم زۆریان هەوڵ دا کە شکستی بدەن بەڵام هیچ یەک لەو هەوڵانە گاریگەرییان نەبوو. بەڵام ژێنراڵێکی ڕۆمی بە ناوی ئەسکیپیۆ ئەفریقایی دۆخەکەی لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لەبەرچاوی گرت، کێشەکە خودی هانیباڵ نەبوو، بەڵکوو بنکەکەی لە ئیسپانیا یان توانایی دروستکردنەوەی ئامێرەکانی لە ڕێگەی دەریای کارتاژ و خودی کارتاژەوە بوو. کارتاژ وڵاتێک بوو کە ڕقێکی چارەسەرنەکراوی لە ڕۆم بوو و ماوەیەکی زۆر لە نێوان ئەو دوو وڵاتە ململانێ لەسەر دەسەڵات هەبوو. ئەو لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی هانیباڵ بێتەوە هێرشی بۆ کارتاژ کرد و بەو کارەی هانیباڵی ناچار کرد ئیتالیا بەجێ بێڵێ و پارێزگاری و بەرگری لە نیشتمانەکەی بکا. هێرش کردن بۆ سەر کارتاژ بیانوویەک بوو بۆ دەرکردنی هانیباڵ و ئەوە هێرشێکی چەند لایەنە بوو. ستراتیژی گەورەی ئەسکیپیۆ بە باشی کاری کرد، ئەو شەڕە نەک هانیباڵی شکست دا، بەڵکوو کارتاژی وەک هێزێکی ڕەقیب وەها لاواز کرد کە بۆ هەمیشە توانای وەستانەوە لە بەرامبەر ڕۆمدا نەما.[١]

بەشێک لە ستراتیژیی کەڵان لە ڕەگەوە دەرهێنان ئەوەیە کە مەترسییەکان هاوکات لەگەڵ دروستبوون ببینن، بەڵام پێش ئەوەی کە زۆر گەورە بن مودیرییەتیان بکەن. ستراتیژیستی دووربین بایەخی ڕێوشوێنی خۆپارێزی دەزانێت.

٤- **ڕێگای ناڕاستەوخۆ بەرەو ئامانج هەڵبژێرە.** گەورەترین مەترسی کە لە ستراتیژیدا ڕووبەڕووی دەبیەوە، ئەوەیە کە توانای دەستپێشخەری واتە ئیبتکاری عەمەل لەدەست بدەن و ئەو ڕەفتارەیە کە بەردەوام کاردانەوەت دەبێ بەو کارانەی کە لایەنی بەرامبەر دەیکا. بێگومان چارەسەر ئەوەیە کە

١. هەر وەک خۆیەتی کە دەبێ ببێ. هیچ پێشنیارێکی سەرەکی پێویست بۆ شەڕ ناتوانرێ بە بێئاگایی لە هۆکارە سیاسییەکان کاری لەسەر بکرێ، و کاتێک خەڵک وەک زۆرجار باسی کاریگەری سیاسی زیانبەخش لەسەر بەڕێوەبردنی شەڕ دەکەن، لە ڕاستیدا مەبەستی واقعی خۆیان ناڵێن. ناکۆکییان لەگەڵ خودی سیاسەت هەیە، نەک کاریگەرییەکانی. ئەگەر سیاسەت دروست هەڵبژێردرا واتە سەرکەوتوو دەبێ هەر کاریگەرییەکی مەبەستدار کە لەسەر بەڕێوەبردنی شەڕ هەبێ بە دڵنیای سودی هەیە. ئەگەر کاریگەری پێچەوانە ببینرێ واتە سیاسەت هەڵەیە. ئێستا ئەگەر دەوڵەتمەدارێک چاوی لەسەر هێندێک جووڵەی نیزامی هەبێ کە کاریگەری پێچەوانەی سروشتی خۆیان هەبێ، بە دڵنیاییەوە بڕیارێکی سیاسی هەڵەی داوە. ڕاست وەک ئەوەی کەسێک بە سەر زمانی بێگانەدا زاڵ نەبێ و لە قسەکردنی خۆیدا تووشی هەڵە دەبێ. بەهۆی ئەو بڕیارە هەڵەیە زۆربەی دەوڵەتمەدارەکان بڕیارێک دەدەن کە بە پێچەوانەی مەبەستی ڕاستەقینەی خۆیانە. کات نیشان دەدا کە هێندێک بابەتی نیزامی بۆ بەرپرسانی سیاسی گرنگی هەیە. ئەزموون بە ئێمەی سەلماندوە پێش ئەوەی بەردەوام بین خۆمان لە لێکدانەوەیەکی هەڵە بپارێزین. ئێمە هێشتا لەو باوەڕە دوورین، کە وەزیرێکی شەڕ سەری خۆی لە نێو فایلەکانی دایە، ئەندازیارێک، زانایەک و تەنانەت سەربازێکی بە ئەزموون تەنیا لە پسپۆڕیی خۆیدا شارەزایە و ئەم پسپۆڕییە باشترین سیاسەتمەداری لێ دروست ناکا. ئێمە تەنانەت ناتوانین قەبووڵی بکەین کە هێندێک جار شازادەکانیش کۆنترۆڵیان بەسەر خۆیان دا نیە. دەبێ بزانین لەو پۆستەدا پێویستە خاوەنی زیرەکییەکی زۆر و دیار و کەسایەتییەکی قودرەتمەند و بەهێز بێ. سیاسەتمەدار هەرکاتێک بیهەوێ دەتوانێ زانیاری نیزامی پلە یەک بەدەست بێنی، بەڵام دەبێ کەسایەتی و زیرەکی هەبێ. کاروباری سیاسی و نیزامی فەڕانسە هەرگیز لەوە خراپتر نەبووە کە برایانی "بلیل" و دوک "شوئازل" مەسئولییەتی وڵاتەکەیان گرتە ئەستۆ، هەرچەندە هەردووکیان لە باشترین سەربازەکان بوون. پیرامون جنگ، کارل فن کلاوزویتس، ١٧٨٠-١٨٣١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرنامەڕێژی پێش‌وەختە دابنێی، بەڵام بەرنامەڕێژی بە شێوەیەکی نادیار و لە گرتنەبەری ڕێگای ناڕاستەوخۆ ئەنجامی بدەن. ئەگەر ڕێگا نەدەن نەیارەکان لە ئامانجی کارەکان تێبگەن ئەوە سوودێکی گەورەت بە خۆتان بەخشیوە.

کەواتە جووڵەی یەکەم بە خاڵێک بزانە کە مخالیف یان نەیارەکەت لەسەر بنەمای ئەوە ئاگاداری جووڵەی داهاتووتان دەبێ. ڕاستەوخۆ زەربەی لێی بدە بۆ ئەوەی دژکردەوەی هەبێ، خۆتان بۆ هەڵوێستی بەرگری ئامادە بکەن بۆ ئەوەی زەبری دوایی ئێوە هەست پێ بکا، بەڵام ئەگەر بە ئامانجی ئێوە نەزانێ یا لە بارەی زەربەی دوایی ئێوە تووشی هەڵە بێ، بێدیفاع و کوێر دەبێ. کلیلی پاراستنی هەست و کێشانی پلانی پێشڕەو ئەوەیە کە تەواوی لاپەڕەی شەترەنجەکە یان مەیدانی شەڕ ببینی.

دەرهێنەری فیلم و سینما ئەلفرێد هیچکاک، ئەو ستراتیژییەی بە بنەمایەکی گرنگی ژیان زانی. هەر هەنگاوێکی ئەو بە شێوەیەک داڕێژرابوو، کە باقی ڕێگاکەی بۆ خۆش دەکرد. ئەو لە ئارامیدا پێشەوەی دەبینی و هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت. ئامانجی دروستکردنی فیلمێک بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ تێڕوانینی سەرەتایی خۆیدا هاوئاهەنگ بێ و بە کاریگەری ئەکتەر و بەرهەمهێنەران یان هێزەکانی دیکە کە دواتر دەردەکەون، نەگۆڕێ. بە کۆنترۆڵکردنی هەموو وردەکارییەکانی فیلمەکە، ڕێگری لە دەستێوەردانی هەرکام لە هۆکارەکان بەتایبەتی بەرهەمهێنان کردبوو، ئەگەر بەرهەمهێنەر بە هەر هۆکارێک لە درێژەی کارەکەدا دەستی تێوەردانی بکردایە، هیچکاک کامێرایەکی ئامادەی هەبوو کە هیچ فیلمێکی تێدا نەبوو. هیچکاک بەجۆرێک خۆی نیشان دەدا کە خەریکە ئەو بەشانەی ئامادە دەکا کە بەرهەمهێنەر ویستویەتی. بەم درۆیە جگە لەوەی هەستێکی دەسەڵاتی پێ دەبەخشی، بەرهەمی کۆتایی بەو شێوەیە کە حەزی لێ بوو ئەنجام دەدا. هیچکاک هەمان شتی لەگەڵ ئەکتەرەکانی دەکرد، لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆیان دەستوریان پێ بدا بەو ڕەفتارەی کە لە سەر شانۆ لەگەڵیان دەکرد هەمان هەیەجانی تێدا دروست دەکردن کە ئەو دەیهەویست، بۆ نموونە تووڕەیی، ترس، دڵەخورپە، هەموو هەنگاوێک لە ئامادەکردنی فیلمەکانیدا بە شێوەیەکی تەواو و ڕێکوپێک هەڵ دەگیرا.

کاتێک کار لە سەر ئاستی عەمەلیات و لەشکرکێشیدا کار دەکەن نەک شەڕەکان، هەنگاوی یەکەم زۆر گرنگە. ئەو هەنگاوە پێویستە ئەوەندە نەرم و ناڕاستەوخۆ بێ کە لایەنی بەرامبەر نەتوانێ زەینی ئێوە بخوێنێتەوە. بۆمبارانی ژاپۆن بۆ سەر پرێل‌هاربێر لە کاتی شەڕی جیهانی دووهەمدا سەرسوڕهێنەرێکی وێرانکەر و وەک یەکەمین هەنگاوی عەمەلیات زۆر کارەساتبار بوو. ژاپۆنییەکان زۆر بە خێرایی هەموو شتێکیان ئاشکرا کرد و بەو کارەیان ئێحساساتی ڕای گشتی ئەمریکایان بۆ ئاستێکی توندی تووڕەیی جووڵاند و بەم شێوەیە تووڕەیی ئەمریکاییەکان کوڵ‌وکۆی گرتن و بڕیاریان دا بە تاڵترین شێوە درێژە بە شەڕ بدەن، لەبیرمان نەچێ کە سەرچاوەی ئەمریکاییەکان لە ژاپۆنییەکان زیاتر و بەهێزتر بوو. هەمیشە گرنگی بە هەنگاوی یەکەمی عەمەلیات بدەن چونکە شێوازی شەڕ و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەقڵییەتی دوژمن دەگۆڕێ و ئەگەر هەنگاوی یەکەم بە دروستی هەڵبژێردرا دەچنە سەر ئەو ڕێگایەی کە باشترین دەبێ.

تیۆریزانی نیزامی پرۆس، کارل فن کلاوزویتس باس لەوە دەکا کە شەڕ درێژە پێدانی سیاسەتە بە ئامراز و شێوەی دیکە. مەبەستی ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەک ئامانجێکی هەیە کە ئاسایش و سامان و خۆشگوزەرانی لەخۆ دەگرێ کە لە ڕێگەی سیاسەتەوە بەدوای ئەو ئامانجانەدا دەگەڕێ. بەڵام کاتێک نەتەوەیەکی دیکە یان هێزێکی ناوخۆیی هەوڵ دەدەن بەهەمان سیاسەت مانعی دەستکەوتەکان بن، ئاکامی سروشتی شەڕە. شەڕ هەرگیز تەنیا سەرکەوتن لە مەیدانی شەڕ یان گرتنی سادەی خاکێک نییە، بەڵکوو بە دوادا چوون و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکە کە بە شێوەیەکی دیکە بێجگە لە هێز و زۆر ناتوانێ وەدی بێ.

کاتێک لە شەڕێکدا شکست دەخۆین، هەموو پەنجەکان ئاماژە بە هێزی نیزامی دەکەن، ڕەنگە هێندێک جار پێویستە لەبری ئەوەی بەسەر سەری ژێنراڵەکاندا هاوار بکەین پێوشوێنی ئەو سیاسەتمەدارانەی بکەوین کە شەڕیان هەڵایساندووە. بۆ نموونە: لە کاتی شەڕی ویتنام و دوای ئەویش، هێندێک پێیان وابوو کە شکستی شەڕکە بۆ پابەندنەبوونی حکومەت بۆ شەڕ دەگەڕێتەوە، زۆربەی کات بەو پێیەی لێکدانەوەکانی دەکەونە دوای شەڕەوە، هەموو شکستەکانی شەڕ بۆ کردەوەی ئەفسەر و ژێنراڵەکان دەگێڕنەوە، بێگومان ئەوە هێزە نیزامییەکانن کە پلان و جێبەجێکردنی شەڕەکە دادەنێن، بەڵام کێشەی ڕاستەقینە ستراتیژی کەڵانە. بە گوێرەی فن کلاوزویتس، شکست لە شەڕدا، شکستە لە سیاسەتدا. ئەگەر ئامانجەکانی شەڕ و ئەو ڕێبازە سیاسییەی کە ئەو شەڕە بەرەو پێش دەبا نەشیاو، و بێ لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی ئەوکاتە بێ، شکست ئەمری حەتمی دەبێ.

ئەو بیرۆکەیە، فەلسەفەی ستراتیژیستە دووربینەکانە. هەرکاتێک شتێک هەڵە بوو، زاتی مرۆڤ پێت دەڵێ ئەم یان ئەو تاوانبار بکە. ڕێگە بدە کەسانی دیکە ئەو هەڵەیە بکەن تا سەری لووتیان ببینن و سەرتر لە دۆخی ئێستا بیر نەکەنەوە، بەڵام ئەگەر هەڵەیەک ڕووی دا، چ لە چوارچێوەی سیاسەتدا یان کاروکاسبیدا، یان لە ژیاندا، ئێوە ڕوانگەیەکی جیاوازتان هەبێ و ئەو هەڵەیە بۆ سیاسەتێک بگەڕێننەوە کە هەنگاوی یەکەم، بنەمای هەموو کردەوەکانی دواتر بووە.

ئەمەش مانای ئەوەیە لە هەموو ڕووداوێکی خراپ و نەرێنی ژیانتدا، تۆ گرنگترین هۆکار و فاکتەری ڕۆڵگێریت. ئەگەر کەمێک دیدگای خۆتان فراوانتر دەکرد و هێندێک ڕێوشوێنی ژیرانەتر بەکار دەبرد، بە دڵنیاییەوە ئەو مەترسییە یەخەی تۆی نەدەگرتەوە. کەواتە ئەگەر کارێک بە پێچەوانەی ویستی تۆ بەرەو پێش چوو، چاو لەناخی وجوودی خۆتان بکەن. پێویست نییە هەیەجانی بجووڵێیەوە و خۆتان لۆمە بکەن یان هەست بە تاوانباری بکەن، تەنیا دڵنیا بە، لەوەی کە عەمەلیاتی داهاتوو بە هەنگاوێکی تۆکمەتر هەڵدەگرن و ئاسۆتان فراوانتر دەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بیهێنە بەرچاوت:** لە لووتکەی شاخ. لە خوارەوەی بەرەکانی شەڕ، هەموو شتێک ناڕوون و تەمومژاوییە. ئەستەمە دۆست لە دوژمن جیا بکەیەوە، زەحمەتە پێش‌بینی بکرێ کێ سەردەکەوێ و کێ شکست دەخوا، تەنانەت پێش‌بینی‌کردنی هەنگاوی دواتری دوژمنیش ئاستەمە. ژێنراڵ دەبێ لە داوێنی چیا سەرکەوێ و خۆی بگەیەنێتە لووتکەی چیا، بۆ ئەوەی هەموو شتێك بە شفاف و ڕوون و بە تەرکیزکراوی ببینێ، لەوێیە کە ئەو سەرتر لە مەیدانی شەڕ جێی گرتووە و تەواوی حەرەکاتی دوژمنی لەژێر چاوەدێری خستوە و بە ڕاحەتی و ژیرانە بڕیار لەسەر داهاتووی شەڕ دەدا، ژێنراڵ تەنیا لە لووتکەی چیاوە توانایی مودیرییەت و کۆنترۆڵی دروستی شەڕی هەیە.

توکودیدس دەڵێ: *"هەڵەیەکی باو لە دەستپێکردنی شەڕدا ئەوەیە کە جووڵەی یەکەم ئێوە دەست پێ بکەن و چاوەڕێ کاردانەوە بن، پاشان بیر لە لایەن و ڕەهەندەکانی شەڕ بکەنەوە و در بارەی گفتوگۆ بکەن."*

## حاڵەتی دەگمەن

ستراتیژی گەورە دوو مەترسی لەخۆ دەگرێ کە دەبێ ئەوانە لەبەرچاو بگیرێ. یەکەم: ئەو سەرکەوتنەی لە عەمەلیاتی یەکەمدا بەدیاری پێت دەبەخشرێ، ڕەنگە هەمان کاریگەری ئەو سەرکەوتنە گەورانەی هەبێ کە ژێنراڵێک لە شەڕدا سەرخۆش و شەیدا دەکا. ئاگاداربە ئەو هەستە دەتوانێ هێزی واقیع‌گەرایی و ڕیالیزمی ئێوە لەنێو بەرێ و کاریگەری لەسەر داهاتووی ئێوە هەبێ. تەنانەت گەورەترین و بەهێزترین ستراتیژیستەکانی دووربین هێندێک جار دوای چەندین سەرکەوتن، بەو ئاکامە گەیشتوون کە دەسەڵاتێکی نائاساییان هەیە. هەرچەندی سەرکەوتن گەورەتر بێ مەترسیش گەورەتر دەبێ. کاتێک بەتەمەنتر دەبن هەروا کە بەرەو چالاکیی دواتر هەنگاو دەنێن، پێویستە پتر پارێز بکەن و جڵەوی هەستەکانتان لەدەستتان‌دا بێ و هەستی ڕاست‌بینی لە خۆتان‌دا زیندوو ڕاگرن.

دووهەم: مەترسی دیکە ئەوەیە کە کشانەوە لە ستراتیژی کەلان دەتوانێ ئێوە بە خاڵێک بگەیەنێ کە هەر جۆرە جووڵەیەک بۆ ئێوە سەخت بێت. بە تێگەیشتنێکی دروست لە جیهان، بژاردەتان زۆر دەبێ و وەک "هملێت" بێ‌بەزەیی دەبن. گرنگ نیە چەندە پێشکەوتووین، چونکە بەشێک لە ئێمە بەردەوام ئاژەڵێکە و ئەوە هەمان ئاژەڵی دەروونی ئێمەیە کە پاڵنەرە بۆ ستراتیژییەکانمان، و بە ئەوان ژیان دەبەخشێ و وادارمان دەکا شەڕ دەست پێ بکەین. بەبێ ئارەزووی شەڕ و توانای توندوتیژی، ناتوانین مامەڵە لەگەڵ مەترسیدا بکەین. جۆرەها ئۆدیسە سەروو مرۆیی، لە گەل هەردوو بەشە مرۆییەکانیان ئاسوودەن، ئەوان بە پێی توانایی خۆیان بە باشترین شێوە پێش‌بینی داهاتوو دەکەن و هەنگاو دەنێن. ئەوەیکە بزانی چۆن هەستەکانی خۆتان کۆنترۆڵ بکەن، بە مانای سەرکوتکردنی تەواو و کامڵی ئەوان نییە، بەڵکوو کەڵک وەرگرتن لەوانە بە باشترین شێوەی مومکینە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی سێزدەهەم:
# دوژمنی خۆتان بناسە.
# ستراتیژیی هۆش

ئامانجی ستراتیژیی ئێوە دەبێ کەمتر لەسەر ئەو سوپایە بێ بەرامبەرتانە، بەڵکوو زیاتر لەسەر ئەو بیر و مێشکە بێت وا سوپاکە ڕێبەری دەکات. ئەگەر لە چۆنیەتی کارکردنی ئەو مێشکە تێبگەن، کلیلی کونترۆڵ و فرت و فێڵەکانی دێنە نێو لەپی دەستتانەوە. وا خۆتان بار بێنن ئەو پەیام و نیشانانەی وا خەڵک بەشێوەیەکی بێ ئاگا دەیانگوازنەوە، وەریان بگرن و لەو ڕێیەوە دەتوانن لە مەبەست و بیر و بۆچوونیان تێبگەن. بەرەی دۆستانە ڕێگەت پێ دەدا لە نزیکەوە چاودێرییان بکەن و لە مێشکیاندا بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێی، گرنگی بە ڕەنگدانەوەی خۆت و هەست و خووی دەروونی خۆتان بدن و هەوڵ بدە وەک ئەوان بیر بکەیەوە. بە دۆزینەوەی لاوازییە دەروونییەکانی گوێگر، دەتوانی زەینی تێک بدەی.[1]

### دوژمن لە ئاوێنەدا

لە مانگی ژوئن [پووشپەڕ] ساڵی ١٨٣٨ لۆرد ئاکلاند، جێگری پادشای هیندوستان، کۆبوونەوەی لە ئاستی بەرپرسانی باڵای ڕێکخست تا لەسەر ئەگەری هێرشکردن بۆ ئەفغانستان بیروڕا بگۆڕنەوە. ئاکلاند و وەزیرەکانی دیکەی بەریتانیا لە سەر دەست ڕۆیشتوویی و پەرەئەستاندنی کاریگەرییەکانی ڕووسیە لە ناوچەکەدا زۆر نیگەران بوون. ڕووسەکان تا ئەو کاتە هاوپەیمانی ئێرانییەکان بوون و ئێستا هەوڵیان دەدا کە ئەفغانستان بە هاوپەیمانی خۆیان زیاد بکەن و ئەگەر سەرکەوتوو بوایەن ئینگلیزییەکانی جێگیر لە هیندوستان زەوییەکانی ڕۆژاوایان لەدەست دەدا و دەکەوتنە بەر هێرشی ئەفغانییەکان. ئاکلاند شتێکی پێشنیار کرد کە دڵنیا بوو باشترین ڕێگا چارەیە. بیرۆکەی ناوبراو ئەوە بوو کە لەبری ئەوەی وەپێش ڕووسەکان بۆ وتووێژ لەگەڵ دوست محەممەدخان حاکمی ئەفغانستان بکەون، هێرشی بۆ بکا و حاکمێکی نوێ بە ناوی شاشوجاع لەسەر تەخت دابنێن. شاە شوجاع ڕێبەری پێشووی ئەفغانییەکان بوو کە ٢٥ ساڵ پێشتر بە زۆری لە دەسەڵاتیان لابردبوو و منەتبار و مدیونی

---

١. ئەو کەسەی خۆی و دوژمن دەناسێ تەنانەت لە سەدان شەڕیش شکست ناخوا. سن تزو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینگلستان بوو.[١]

لەنێو ئەو پیاوانەی کە ئەو ڕۆژە گوێیان بۆ ئاکلاند ڕاگرتبوو، ویلیام مەک‌ناتن، سکرتێری گشتی چل و پێنج ساڵەی حکومەتی "کەلکتە" حوزووری هەبوو. مەک‌ناتن لەشکرکێشی بۆ ئەفغانستان بە بیرۆکەیەکی ژیرانە دەزانی: ئەفغانستان دۆستێک بوو کە بەرژەوەندییەکانی ئینگلستانی لە ناوچەکەدا مسۆگەر دەکرد و تەنانەت یارمەتی پەرەپێدانی کاریگەری ئینگلستانی لە ناوچەکە دەدا و ئەگەری ئەو شکستە دەگمەن بوو. سوپای ئینگلیز هیچ کێشەیەکی لە سەر ڕێ لابردنی خێڵە سەرەتاییەکانی ئەفغانستان نەبوو. ئەوان خۆیان وەک ڕزگاریدەر نیشان دەدا و ئەفغانییەکان لە دیلی و ملهوڕی ڕووسیە ڕزگار دەکرد و دەست ڕۆیشتویی و پشتیوانی و شارستانیانەی ئینگلستانیان بۆ ئەو وڵاتە بە دیاری دەهێنا. هەر کە شاەشوجاع دەسەڵاتی بەدەستەوە دەگرت، سوپا ئەوێی چۆڵ دەکرد و بەجۆرێک کە کاریگەریی قورس و بەهێزی ئینگلستان لەسەر شاە شوجاع لە دیدی گشتی خەڵک بە شاراوەیی دەمایەوە. کاتێک نۆبەی مەک‌ناتن هات و بۆچوونی خۆی لەسەر ئەو لەشکرکێشیە باس بکا پشتگیری خۆی لە هێرش‌کردن بۆ سەر ئەفغانستان ڕاگەیاند و لورد ئاکلاند بڕیاری دا ئەو کارە بکا و مەک‌ناتن وەک نوێنەری مەلەکەی ئینگلیز لە کابول بناسێنێ کە باڵاترین بەرپرسی ئینگلستان لە ئەفغانستان دەبوو.

سوپای ئینگلستان بە درێژایی ئەو ڕێگایە کە بەربەرەکانییەکی ئەوتۆی نەدیت، ئوتی [گەلاوێژ] ١٨٣٩ گەیشتە کابول. دوست محەممەدخان بەرەو چیاکان ڕای کرد و شاەشوجاع چووە نێو شارەوە. بۆ خەڵکی خۆجێیی بینینی ڕەواڵەتی شاەشوجاع سەیروسەمەرە بوو و زۆر کەس ئەویان نەناسییەوە، چونکە زۆر پیر و ملکەچ لە نزیک مەک‌ناتن دەڕۆیشت. یونیفۆرمی بریقەداری لە بەردا و کڵاوی پڕ لەپەڕی حوشترمەل لەسەر نابوو. خەڵک لەیەکتریان دەپرسی ئەو کەسانە بۆچی هاتوون؟ لەبنەڕەتدا لێرە چیان دەوێ؟

مەک‌ناتن کە لە پشتیوانی شاەشوجاع بێبەش نەبوو، دەبوو سەر لەنوێ دۆخەکە هەڵسەنگێنێ. پاش ماوەیەک هەواڵیان هێنا کە دوست محەممەدخان سوپایەکی لە کێوەکانی باکوور دروست کردووە. هەروەها ئاشکرا بوو کە ئینگلستان دوای هێرش بۆ ئەفغانستان ڕێبەرانی خێڵەکانی لەباشوور بۆ چاندنی دانەوێڵە هانداوە و ئێستا ئەو ڕێبەرانەش بوونە هۆی ژانەسەر بۆ ئینگلیز و شاەشوجاع. لە لایەکی دیکەوە ڕوون بووەوە کە شاەشوجاع بە هۆی ئەو کارانەی کە پێشتر ئەنجامی دابوون لەلای

---

١- هەرگیز نابێ لە تەڵە بکەوی و گوتنی شتێک بەبێ هۆکارێکی لۆژیکی قەبووڵ بکەی. بۆ نموونە ئەگەر دوژمن دەسکەوتێکی خوڵق کردی پێویستە گومان هەبێ کە نەکا تەڵەیەکی تێدا دانابێتەوە تاکوو ئێوە لەداو بکەون. ئەگەر ژمارەی ئێوە کەم هی دوژمن زۆر بڕیاری پاشەکشە بدەن، ئەگەر ڕادەیەکی کەمی دوژمن بەرەو هێزێکی زۆری ئێوە هێرشی کرد، یان ئەگەر ئاوڕی بۆ دواوە داوە دڵنیا بە کە ئەو ماستە بێ موو نیە و هەرگیز بیر لەوە مەکەوە دوژمن نازانێ چی بکا. ئەگەر دوژمن بە شێوەیەک ڕەفتار دەکا کە ئێوە بیر دەکەنەوە ناتوانێ فریوتان بدا، ئەوە لە ئیوە لاوازترە یان بە ڕادەی ئێوە خۆی ناپارێزێ دەبێ زیاتر لێی بترسێی. هنر جنگ، نیکۆلۆ ماکیاولی، ١٥٢١

خەڵك خۆشەویست نیە، بەجۆرێک کە مەک‌ناتن نەیدتوانی ناوبراو بە تەنیا جێی بهێڵێ و ڕێگە بدا بەرژەوەندییەکانی ئینگلستان لەو وڵاتە بێ پارێزەر بمێننەوە. ئەو بە دوو دڵیەوە دەستووری بە زۆربەی سوپای ئینگلستان کرد لە ئەفغانستان بمێننەوە تا دۆخەکە سەقامگیر دەبێ.

ماوەیەک تێپەڕی و لەپڕدا مەک‌ناتن بڕیاریدا کە ئەو ئەفسەر و سەربازانەی کە ماوەیەکی زۆرە لە ئەفغانستان خزمەت دەکەن و ماونەتەوە ڕێگای پێدان کە بنەماڵەکانیان بێنە ئەفغانستان و سەریان بدەن تا سەختی ژیان بۆ سەربازەکان کەم بێتەوە. زۆر زوو بنەماڵەی ئینگلیز لەگەڵ خزمەتکارە هیندییەکانیان ڕوویان لە ئەفغانستان کرد، بەڵام مەک‌ناتن نەیدەزانی کە هاتنی ئەو بنەماڵانە هەستی سووکایەتی لە دڵی ئەفغانییەکان‌دا دروست دەکا و دەبێتە هۆشدارییەک بۆیان. خەڵکی خۆجێیی چاویان لە هەر شوێنێک دەکرد ئینگلیزییەکیان دەدیت کە نوێنەری بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز بوو. ئەوان بە ئاسانی لە شەقامەکان هاتووچۆیان دەکرد، بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد و مەشرووباتیان دەخواردەوە، چاویان لە شانۆ دەکرد و سواری ئەسپ و غارغارێنیان دەکرد. ئەوانە هەموو ئەو چێژانە بوون کە ئینگلیزییەکان هێنایانە ئەو وڵاتە، بۆیە تۆوی ڕق و کینە لە دڵی ئەفغانییەکاندا چێندرا.[1]

کەسانێک لەو بارەیەوە بە مەک‌ناتن هۆشداریاندا، بەڵام ئەو بە هەموویانی یەک وەڵامی دایەوە. کاتێک سوپا، ئەفغانستان چۆڵ بکا هەموو شتێک لەبیر دەچێتەوە. ئەفغانییەکان وەک منداڵان هەستیار و ئێحساسین و کاتێک لە سوودەکانی شارستانییەتی ئینگلستان تێ‌بگەن، سوپاسمان دەکەن. بەڵام یەک مەسەلە ئەم نوێنەرەی شاژنی ئینگلیزی نیگەران کردبوو. حکومەتی ئینگلستان لە بەرزبوونەوەی تێچووی داگیرکاری ناڕاحەت بوو. مەک‌ناتن دەبوو بۆ کەمکردنەوەی تێچوونەکان شتێک بکا و زۆر باش دەیزانی لە کوێوە دەست پێ بکا.

زۆربەی ئەو دەروازە شاخاوییانەی کە ڕێگا سەرەکییە بازرگانییەکانی ئەفغانستان لەوێ تێدەپەڕین، کە لەلایەن هۆزەکانی غەلزیەوە بەڕێوە دەچوون، کە بۆ چەندین ساڵ، بەدرێژایی ژیانی زۆرێک لە دەسەڵاتدارە جیاوازەکانی وڵات، باجیان وەردەگرت بۆ ئەوەی ڕێگاکان بە کراوەیی بمێننەوە. مەک‌ناتن بڕیاری دا نیوەی ئەو یارمەتییە کەم بکاتەوە. وەڵامی غەلزیەکان گرتنی دەروازەکان بوو و لە شوێنەکانی دیکەی وڵاتدا هۆزەکانی هاوسۆزی غلزیەکان شۆڕشیان کرد. مەک‌ناتن دەستوپێی

---

١. شێری پیر و ڕێوی، شێرێک کە بە تەواوی پیر بوو و چیتر نەیدەتوانی بە زۆر و هێزی بازوو خواردن بەدەست بێنێ، بڕیاری دا کە لەبری ئەوە دەبێ پەنا بۆ فێڵ‌کردن ببا. بۆیە پەنای بۆ ئەشکەوتێک و خۆی بەجۆرێک نیشان دا کە نەخۆشە. هەر کاتێک ئاژەڵەکان بۆ ئەحواڵپرسی سەردانی ئەشکەوتەکەیان دەکرد یەک لەدوای یەک بێ ڕاوەستان دەیخواردن. کاتێک زۆرێک لە ئاژەڵەکان گوم بوون، ڕێوییەک زانی کە چی ڕوو دەدا. ئەویش چووە ملاقاتی شێر، و بەڵام لەمەودایەکی دوور لەدەرەوەی ئەشکەوتەکە وەستا و لە حاڵ‌وئەحواڵی شێری پرسی. شێرەکە گوتی: "ئاخ! دەبینی کە باش نیم ئێستا بۆ لەدەرەوەی ئەشکەوتەکە وەستاوی؟" ڕێوی لە وەڵام‌دا گوتی: "پێم خۆش بوو لە نزیکەوە تۆ ببینم، بەڵام کە دەزانم زۆر جێگە پێ دیارن هاتوونە ناو ئەشکەوتەکە و هیچ جێگە پێیەک دیار نیە هاتبێنە دەرەوە، وا باشە ئەو مەودایە هەر بپارێزم." مرۆڤی ژیر گرنگی بە نیشانەکانی مەترسی دەدا و خۆی لێیان بەدوور دەگرێ. افسانەها ازوپ، قرن ششم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسترا و هەوڵیدا ئەو شۆڕشە کپومات بکا بەڵام زۆر بە جیددی نەگرت و ئەو لەوە نیگەران بوو نەکا ئەو ئەفسەرانەی پێیان دەگوت وەڵامێکی توند بدەنەوە و بەهۆی شەڕەنگێزییەوە سزا بدرێن. ئێستا سوپای ئینگلستان دەبوو زیاتر بمێنێتەوە.

دۆخەکە زۆر بە خێرایی تێک چوو. لە ئۆکتۆبری [خەزەڵوەر] ساڵی ١٨٤١ گرووپێک هێرشیان کردە سەر ماڵی بەرپرسێکی ئینگلیزی و کوشتیان. تیمە ناوخۆییەکان دەستیان بە پیلانگێڕی بۆ دەرکردنی بەرپرسانی ئینگلیزی لە کابول کرد. شاشوجاع تووشی شۆک بوو، چەند مانگێک داوای لە مەکناتن کردبوو کە ڕێگەی پێ بدا نەیارە سەرەکییەکانی بگرێ و بیانکوژێ، چونکە ئەوە شێوازێکی نەریتی حاکمانی ئەفغانستان بۆ دەستەبەرکردنی پێگەی خۆیان بوو. بەڵام مەکناتن پێی گوتبوو کە وڵاتێکی شارستانی بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی هەرگیز لە تیرۆر و کوشتن کەڵک وەرناگرێ. شاشوجاع دەیزانی کە ئەفغانییەکان ڕێز لە هێز و دەسەڵات دەگرن نەک لە بەها شارستانییەکان. لەڕوانگەی ئەفغانییەکان ناکامی شاشوجاع لەمودیرییەتکردنی دوژمنان، سیمایەکی لاواز و ناڕێبەری لێ دروست کرد و دەبووە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە دوژمنان ڕێگە بە خۆیان بدەن هێزی خۆیان نیشان بدەن، بەڵام گوێی مەکناتن ئەو شتانەی نەدەبیست.

سەرهەڵدان پەرەی ئەستاند و مەکناتن ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە بووەوە، کە بە ڕادەی پێویست هێزی بۆ سەرکوتکردنی ئەو شۆڕشە گەورەیە بەدەستەوە نەبوو، بەڵام بۆچی دەبێ بترسێ؟ ئەفغانییەکان و ڕێبەرانیان سادە بوون، مەکناتن دەیتوانی لە ڕێگەی هۆش و کەڵەکەوە لاوازیان بکات. بۆ ئەو مەبەستە، ناوبراو بە ئاشکرا وتوویژی لەسەر ڕێککەوتنێک کرد کە تێیدا سەرباز و هاوڵاتیانی ئینگلیزی، ئەفغانستان بەجێ دێڵن، لە بەرامبەردا ئەفغانییەکان خۆراک بۆ ئینگلیزییەکان تا کۆتایی پاشەکشە و چوونەدەر لە ئەفغانستان دابین دەکەن. بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت، مەکناتن چەند بەرپرسی کلیلی ئاگادار کردەوە کە ئامادەیە یەکێکیان بکاتە وەزیر و بە پێدانی پووڵی زۆر شۆڕشی پێ سەرکوت بکات و ئاسایشی مانەوەی ئینگلیزیەکان لە ئەفغانستان دابین بکات.[١]

سەرۆکی خێڵی ڕۆژهەڵاتی غەلزی ئەکبەرخان، وەڵامی ئەو پێشنیارەی داوە و ٢٣ی دسامبری [٣ی ڕێبەندان] ١٨٤١ مەکناتن بڕیاری دا سەردانی لای ئەکبەرخان بکا بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵی ئەنجام بدا و وتوویژ بکەن. ئەکبەرخان دوای خوڵقکردنێکی ئاسایی، پرسیاری لە مەکناتن کرد کە ئایا دەتهەوێ بەردەوام بن لەو خیانەتەی کە پلانت بۆ داناوە؟ مەکناتن کە نەیدەزانی دەبێ چی بڵێ و ترسابوو، دانی بەوەدانا کە هەموو ئەمانە نەخشەیە. ئەکبەرخان بەبێ هیچ شیکردنەوە بە

١. چەشتە (نێچیر). "هەر کەسێک نرخێکی هەیە،" ئەوە ڕاست نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە بۆ هەموو کەسێک نێچیرێک هەیە، کە ناتوانێ پشت گوێی بخا و بیری لێ نەکاتەوە، کەواتە بۆ ئەوەی بتوانی خەڵک بەرەو ئامانج و بزووتنەوەکەت ڕابکێشی، ڕوخسارێکی مرۆیی و خێرخوازی و خۆنەویستانەی پێ ببەخشە و بزانە کەسێک نادۆزیەوە کە فریوی ئاوەها مەبەستێک نەخوات. ئەوە هەمان تامە شیرین و دڵگیرەکەیە کە دەم ئاو دەکا. انسانی بیش از حد انسان، فریدریش نیچە ١٨٨٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەردەستەکانی ئاماژەی کرد کە مەکناتن بگرن و لە زیندانی بکەن. ئەکبەرخان مەیلی نەبوو لەو پیلانە جاشایاتییەدا بەشدار بێ و لە سەرۆک خێڵەکانی دیکە فێڵ بکا. لەو ماوەی کە بڕیار بوو مەکناتن بۆ زیندان ڕەوانە بکەن، گرووپێک لە ناڕازییان هێرشیان بۆ نوێنەری ماڵوێران کرد و هەموو تووڕەیی ساڵانێکی زۆریان بەسەر سەری و ئاخوئۆخیان پێ ڕشت و جەستەیان لەت لەت کرد و سەر و قاچەکانی لە شەقامەکانی کابول نمایشکران و باقی لاشەکەی بە قولاپی قەسابێکەوە لە بازاڕدا هەڵواسرا.

لە ماوی چەند ڕۆژدا کێشەکان یەکلا کرانەوە. پاشماوەی هێزەکانی ئینگلستان کە نزیکەی ٤٥٠٠ نەفەر دەبوون وێڕای ١٢٠٠٠ هاوڕا ناچار کران سەرەڕای هەوای ناخۆش و تورەیی زستان بە پاشەکشە ڕازی بوون. ئەفغانییەکان ڕازی بوون کە خوراکی ئەو هێزانە دابین بکەن، بەڵام ئەوان بەڵێنەکەیان جێبەجێ نەکرد باوەڕیان وابوو کە ئینگلستان خاکەکەیان بەجێ ناهێڵێ تا ناچار نەکرێن، بۆیە فشاریان خستە سەر ئەو هێزانە کە بکشێنەوە لە کاتی کشانەوە زۆریان لە سەربازەکان و هاوڕاکانیان لە نێو بەفردا ڕەق هەڵاتن و گیانیان لەدەست دا.

لە ١٣ی ژانویەدا [٢٢ی پووشپەر] هێزەکانی ئینگلستان لە قەڵای جەلال‌ئاباد ئەسپێکیان بینی کە هەوڵی گەیشتن بە دەروازەکانی دەدا، ئەو ئەسپە تەرمی نیوەگیانی دوکتور ویلیام برایدنی بەسەر پشتییەوە بوو، تەنیا ڕزگاربووی سوپای بەریتانیا بوو کە مەحکوم بوو لە ئەفغانستان بکشێتەوە.

**لێکدانەوە**

ئەو زانیارییانە کە دەیتوانی ئەوان لەو کارەساتە ڕزگار بکات، پێش لەشکرکێشی ئینگلیز بۆ ئەفغانستان، لە ئیختیاری مەکناتن دا بوو. مەکناتن ئینگلیزی و هیندییەکانی کە ئەزموونی ژیانیان لە ئەفغانستان هەبوو دەیانتوانی پێی بڵێن کە خەڵکی ئەفغانستان لە یەکێک لە خۆباییترین و سەربەخۆترینەکانی مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوین. بۆ ئەوان بینینی لەشکری بێگانە لە شەقامەکانی کابول کە بێخەم پیاسە دەکەن سەرشۆڕێکی نەبەخشراوە. زیاتر لەوەش، ئەوان خەڵکێک نەبوون کە تامەزرۆی ئاشتی، سامان و ئاشتەوایی بن، لە ڕاستیدا شێوازی ژیانی ئەوان لە گەڵ شەڕ و تێکهەڵچوون ڕاهاتبوو.

مەکناتن ئەو زانیارییانەی هەبوو بەڵام ئامادە نەبوو قەبووڵی بکا و خۆی لێ پاراست. لەبری ئەوە هەوڵیدا بەهاکانی ئینگلستان دەرخواردی ئەوان بدا. ئەو کە بەهۆی خۆبەزلزانی خۆیەوە کوێر ببوو، بە هەڵە پێی وابووە کە ئەو بەهایانە جیهانین. لەئاکامدا حەرەکەتی ستراتیژی ناوبراو واتە وێڵکردنی سوپای ئینگلستان، داگیرکردنی کابول، نیوەکردنی پووڵی غەلزییەکان و پێداگرتن لە سەر دەوری خۆی لەسەرکوتی شۆڕش، ئەنجامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە. لە ڕۆژێکی چارەنوس‌سازدا مەکناتن هێزی عەقڵی خۆی لەدەست دا و تووشی گەورەترین هەڵەی حیساب و کیتاب بوو و پێی وابوو دەتوانێ بە پەنابردن بۆ پووڵ قازانجی تایبەتی، لە نێو خەڵکێکدا کە تا ئەو ڕادە سووک کرابوون،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لایەنگر و وەفادارانێک بۆخۆی بەدەست بێنێ.

خۆگێل‌کردن لە دیتنی ڕاستییەکان و خۆبەزلزانی، دوو تایبەتمەندیی دەگمەن نین، لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەو تایبەتمەندیانە دەبینین. ئێمە لە دڵەوە حەز دەکەین کە ئەوانیتر پیشاندەری بایەخ و ئارەزووی ئێمە بن. ئێمە لە ناسین و تێگەیشتن لەو ڕاستییەی کە ئەوان وەک ئێمە نییە نائۆمێد دەبین. کاتێک ئەو کاردانەوەیە کە خەیاڵمان دەکرد نایبینین سەرمان سوڕ دەمێنێ، بۆیە بێ ئەوەی بزانین سوکایەتیان پێدەکەین و ڕەخنەیان لێدەگرین و دووریان دەخەینەوە، بێ ئەوەی بزانین کە دەبێ لە بێ‌توانایی خۆمان لە تێگەیشتنی کەسانی دیکە گومانمان هەبێ.

**لە بیرت بێ:** ئەگەر ڕێگە بدەی خۆویستی وەک دیوارێک لە نێوان تۆ و کەسانی دیکەدا بکێشرێ ئەوە تێگەیشتنێکی دروستت لەسەریان نیە و هەموو ڕێوشوێنەکانت بەفیڕۆ دەچێ. پێویستە ئاگاداری ئەو تایبەتمەندییە بن و هەوڵبدەی بە هێزی لۆژیک نەک هەست و سۆز کەسانی دیکە ببینی. هەر مرۆڤێک وەک کولتوورێکی نامۆ وایە کە دەبێ بیدۆزیەوە. دەبێ لە شێوازی بیرکردنەوەی ئەو تێبگەن و بچیە ناو مێشکی و ئەمە نەک بە هەست، بەڵکوو بە پێویستی ستراتیژی کردەوە ئەنجامی بدەن. تەنیا کاتێک ئۆمێدەوار بن کە دوژمن تێک بشکێنی ئەو کاتەیە کە دەیناسن.

تای کۆنگ، لە شەش فێرکاری ڕازاویدا، دەڵێ: *"بێ‌فیز و ملکەچ بن، تا ئەو متمانەت پێ بکا و تۆش بەو هۆیەوە ئاگاداری دۆخی ڕاستەقینەی ئەو بی. بیرۆکەکانی قەبووڵ بکەن و جۆرێک وەڵامی کارەکانی بدەنەوە، وەک ئەوەی دووانە(دوقلو) بن کاتێک هەموو شتێکت زانی، دەسەڵاتی کۆتایی هی تۆیە و کاتی ڕۆژی دیاریکراو دەگا، وا دێتە بەر چاو کە دەڵێی هێزی ئاسمانی ئەوی وێران کردووە."*

## دەورگرتنی نزیک

ساڵی ١٨٠٥ ناپلیۆن بناپارت لە شەڕەکانی ئۆلێم و ئیسترلیتز ئوتریشییەکانی زەلیل کرد و دوایی لە پەیمانێک‌دا ئیمپراتۆری ئوتریشی دابەش کرد و خاکەکەی لە ئیتالیا و ئاڵمان کونترۆڵ کرد، تەواوی ئەو کارانە بۆ ناپلیۆن یاری شەترەنج بوو. ئامانجی کۆتایی ئەوە بوو کە ئوتریش وەک هاوپەیمانێکی لاواز بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە و دەسەڵاتی بەسەردا بەڕێوەبەرێ. بەو پێیەی ئوتریش لە سیاسەتی ئورووپادا بە هێزێکی ناوەندی ئەژمار دەکرا قورسایی و کۆنترۆڵی زۆری لەسەر بێ. لە چوارچێوەی ستراتیژییەکی گشتی‌دا ناپلیۆن باڵیۆزێکی نوێی بەناوی شازادە کلیمێنس وێنتسێل فۆن مێترنیخ وەک نوێنەری ئوتریش ڕەوانەی فەڕانسە کرد.[١]

١. هەڵسەنگاندنی کۆنفۆسیۆس بۆ یانگ‌هۆ، پیاوێک کە ناچار بوو لە ئەیالەتێکەوە بۆ ئەیالەتێکی دیکە ڕابکا، چونکە هەر جارێک کە دەهاتە سەر دەسەڵات تەماحکارتر و ناکارامەتر دەبوو، نموونەیەکی سادەی بنەمای سەقامگیری ڕەفتارەکانە. بە پشتبەستن بە شێوازی دووبارەبوونەوەی ڕەفتاردا، کۆنفۆسیۆس پێش‌بینی دەکا ئەو پیاوە یانگ‌هۆ، بە ئەگەرێکی زۆرەوە تووشی کۆتاییەکی شەرمەزارکەر دەبێ. فەیلسوفێکی چینی سەبارەت بەم بابەتە دەڵێ: "کەسێکی کە هەوڵەکانی لە شوێنێک ڕادەگرێ نابێ لە هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فۆن مێترنیخ کە لەو کاتەدا ٣٢ساڵی بوو لەیەکێک لە بەناوبانگترین بنەماڵەکانی ئورووپایی چاوی بە دنیا هەڵێنابوو. ناوبراو بە زمانی فەڕانسەوی بێ کەموکوڕی قسەی پێ دەکرد. موحافیزەکارێکی دڵسۆز لە سیاسەتدا و نموونەیەکی تەواو لە کەرامەت و ئەدەب، بەڵام گیرۆدەی ژنان و بەتایبەتی بۆ ژنان دەتلیسایەوە. بوونی ئەم ئاغازادەیە یارمەتیدەر بوو بۆ دروستکردنی ئەو کەسە بەڕێز و بەهێزەی کە ناپلیۆن بەدوایدا دەگەڕا. لە هەمووی گرنگتر ناپلیۆن توانی کاریگەری لەسەر ئەو پیاوە بەهێزە دروست بکا و لە کۆبوونەوە تایبەتیەکاندا بە تەواوی بە لاڕێی‌دا بەرێ و ئەوەش بۆ لاوازکردنی ئوتریش یارمەتی ستراتیژی گەورەی ناپلیۆنی دا. بێگومان لاوازی فۆن مێترنیخ بەرامبەر بە ژنان، ئامرازی پێویستی بۆ ئەو کارە بە ناپلیۆن دەبەخشی.

ئەو دوو پیاوە یەکەمین جار لە ئاگوستی ١٨٠٦ کاتێک فۆن مێترنیخ بڕوانامەی خۆی پێشکەش دەکرد یەکتریان چاو پێکەوت، ناپلیۆن زۆر خوێن‌سارد هەڵسوکەوتی دەکرد. بۆ ئەو چاوپێکەوتنە جلوبەرگێکی زۆر باشی لەبەردا بوو، بەڵام کڵاوەکەی لەسەری هەڵنەگرت، کە ئەو ڕەفتارە لەو کاتەدا زۆر بێ ئەدەبانە بوو. دوای قسەکانی مێترنیخ کە کورت بەڵام زۆر بە شکۆ بوو، ناپلیۆن دەستی کرد بە پیاسەکردن بە ژوورەکەدا و باسی بابەتە سیاسییەکانی دەکرد، بەجۆرێک خۆی نیشان دا کە پیاوێکی زۆر باڵادەست و ئارامە. ناوبراو پێی خۆشە کاتێک هەمووان دانیشتوون بەپێوە قسە بکا. ئەو خۆی وەک کەسێکی بیرتیژ و کورتبێژ نیشان دا کە وەک پیاوەکانی دیکەی کۆرسیکایی دێهاتی نییە و مێترنیخی زیرەک ناتوانێ فریوی بدا. لە کۆتاییدا ئەوە ناپلیۆن بوو کە دڵنیا بوو لەوەی کە دەتوانێ ئەو کاریگەرییەی کە دەیهەوێ لەسەر مێترنیخ دانێ.[1]

لە مانگەکانی دواتردا مێترنیخ و ناپلیۆن زۆر دیداری لەو جۆرەیان ئەنجامدا، پلانی ئیمپراتۆریش بۆ

---

بارودۆخێک‌دا دەستی لێ بکێشێتەوە. پیاوێک کە دەست ڕژد بێت بەرامبەر بەو کەسانەی کە بە بەخشندەیی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، لە هەر شوێنێک و لە هەر کاتێکدا قڕنیس و بەرچاوتەنگ دەبێت" و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مرۆڤەکان لە سەرەتای منداڵییەوە فێری کۆیلەی و عادەت دەگرن، دەکرێ لە میان‌ساڵی‌دا پێش‌بینی چارەنووسی خۆیان بکرێ: "کەسێک کە لە تەمەنی چل ساڵیدا "نفرت‌انگیز" بێ، لە هەر تەمەنێکدا هەر وا دەبێ". رالف دی. سایر، اصل جاسوسی، ١٩٩٨

١. کاتێک ڕێبەرانی سیاسی ڕۆڵێکی گرنگ لە بواری زانیاری دەگێڕن هەماهەنگی کێشەیەکی نابێ. لیندۆن جانسۆن کاتێک ڕێبەری زۆرینەی سەنای ئەمریکا بوو سیستمێکی زانیاری فراوانی لەسەرانسەری واشنگتۆن پێک هێنا، لە کاتێکدا لە ساڵانی ١٩٥٠دا، جانسۆن گلەیی لە پەیامنێرێک کرد کە بۆچی لەوکاتەی لە نێو کۆماریخوازان کێشە هەبوو ڕوماڵی نەکردوە و بەڵام سەرنجی لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی دێموکراتەکان چڕ کردوەتەوە. بۆ ئەوەی مەبەستی ڕوون بکاتەوە نامەیەکی لە بارەی کۆبوونەوەی تایبەتی ئەو دواییانە دەرهێنا، کە تێیدا پەیامنێرەکە و چەند هاوکارێکی لە بارەی فەسادی ماڵی سەناتۆر سرستۆن مۆرتۆن نووسیبوو ڕۆژنامەنووسان، "رولند اوانز" و "رابرت نواک"، بیری هێنایەوە، "سیستەمی زانیاری نمایشێکی کارایی و هێز بوو، هەروەها ترسیش بوو." تەنانەت لە کۆشکی سپیشدا جانسۆن باوەڕی بە هەواڵگری سیاسی پلە یەک هەبوو، بە گوتەی یاریدەدەرەکەی هری مەکفرسون، "هەست دەکەم ئەو بۆ زۆر کەس تەلەفونی دەکرد بەڵام هەموو ڕۆژێ لە کۆتاییدا ڕاپۆرتەکانم پێ دەداوە دروست لە کاتێکدا کە لە خەوی دوانیوەڕۆ هەڵدەستا و دەیپرسی، "باشە، هەواڵی نوێ چیت پێیە؟" دواتر من ئاخرین هەواڵەکانی کە لە پیامنێرەکان و ڕۆژنامەنووسەکان گوێ لێ دەبوو بۆم باس دەکرد". هنر جنگ‌افروزی سیاسی، جان جی، پیتنی، ٢٠٠٠

ڕاکێشانی شازادە بوو. مێترنیخ بە جۆش و خرۆشەوە گوێی لێ دەگرت و بۆچوونی سەرنجڕاکێشی دەردەبڕی و تەنانەت هەمیشە بە پلانی ستراتیژی ناپلیۆن سەرسام بوو. ناپلیۆن دەیتوانی دەرونی مێترنیخ ببینێ، ئەو لەگەڵ کەسێک ڕووبەڕوو بووەوە کە چێژی لە بلیمەتی ناپلیۆن دەبینی. ئەو توانی دڵی مێترنیخ خۆش بکا و گفتوگۆکانیان لەسەر سیاسەتی ئورووپا وردە وردە دۆستانەتر بێ و بوونە دوو هاوڕێی گەرموگوڕی یەکتر.

ناپلیۆن کە هیوای بوو لە لاوازی مێترنیخ لە بەرامبەر ژنان دا سوودی لێ وەرگرێ، ئەوی بە کارۆلین مورات خوشکی خۆی ناساند. بەو کارە مورات قسە و باسە سیاسییەکانی مێترنیخی دەگەیاندەوە گوێی ناپلیۆن و پێی گوت کە مێترنیخ ڕێزێکی زۆری بۆی هەیە. لەلایەکی دیکەوە مورات بە مێترنیخی گوتبوو کە ناپلیۆن لە هاوژینی ئێستای ئێمپرێس ژۆزفین ڕازی نیە چونکە ئەو ناتوانێ منداڵی ببێ و خەریکە تەڵاق وەرگرێ و جودا بێتەوە. وادیار بوو، ناپلیۆن لەوەی کە مێترنیخ شتی تایبەتی ئەو بزانێ، ناراحەت نابێ.

ساڵی ١٨٠٩ ئوتریش دەیهەویست شکستی سەرشۆڕانەی ئیسترلیتز قەرەبوو بکاتەوە و بۆیە شەڕی لەگەڵ فەڕانسە ڕاگەیاند، ناپلیۆن پێشوازی لەو ڕووداوە کرد، چونکە هەلێکی نوێی بۆ هەڵکەوتەوە کە جارێکیتر ئوتریشییەکان شفافتر و توندتر وردوخاش بکا، ئەو شەڕە زۆر سەخت دەچووە پێش، بەڵام فەڕانسە سەرکەوت و ناپلیۆن بە ڕێکەوتنێکی پڕ سووکایەتی هەموو بەشەکانی ئوتریشی گرت، سوپای ئەو وڵاتە لەبەین چوو و حکومەتەکەی تێک قرما، دۆستی ناپلیۆن، فۆن مێترنیخ وەک وەزیری خارجی نوێی دەرەوەی وڵات دیاری کرا و ئەوە هەمان شت بوو کە ناپلیۆن دەیهەویست.

چەند مانگێک دواتر شتێک ڕوویدا کە ناپلیۆنی تووشی سەرسوڕمان کرد، بەڵام هەر لەوکاتەدا دڵخۆشی کرد: ئیمپراتۆری ئوتریش پێشنیاری بە ناپلیۆن کرد کە لەگەڵ خوشکە گەورەکەی دوشێس ماری لویزدا هاوسەرگیری بکا. ناپلیۆن دەیزانی کە ئەشرافی ئوتریش لێی بێزارن، ئەو پێشنیارە کاری مێترنیخە. هاوپەیمانی لەگەڵ ئوتریش بە هۆی هاوسەرگیری ستراتیژییەکە لێهاتوو دەبێ و ناپلیۆن بە خۆشحاڵییەوە پێشنیارەکەی قەبووڵ کرد و سەرەتا ژۆزفینی تەڵاق دا و جیابووەوە و پاشان لە ساڵی ١٨١٠ لەگەڵ ماری لویس هاوسەرگیری کرد.

مێترنیخ لەگەڵ دوشێس بۆ بەشداریکردن لە شایی بووک گواستنەوە ڕوویان لە پاریس کرد و لەو ڕۆژەوە پێوەندی لەگەڵ ناپلیۆن زیاتر بوو، هاوسەرگیری ناپلیۆن بوو بە هۆی ئەوەی کە ببێتە ئەندامی یەکێک لە گەورەترین بنەماڵەکانی ئورووپا و بۆ یەک کورسیکایی بنەماڵە هەمووشتێک بوو. ئێستا ئەو بە میراتی سەڵتەنەتی گەیشت کە ئارەزووی چەندین ساڵەی بوو، ئەو لە قسەکانی دا لەگەڵ شازادە لەڕادەبەدەر گەرموگوڕ بوو. هەروەها چێژی لە بوونی هاوسەرە نوێیەکەی وەردەگرت کە عەقڵێکی زیرەکی سیاسی بەرزی هەبوو. ناپلیۆن باسی پلانەکانی بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆری گەورە لە ئورووپا دەکرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساڵی ١٨١٢ ناپلیۆن هێرشی بۆ ڕووسیە کرد و مێترنیخ بۆ پێشنیارێک سەردانی کرد: بۆ پێکهێنانی سوپایەک کە لە سی هەزار سەربازی ئوتریشی پێک هاتبێ و لە خزمەتی ناپلیۆندا بن و لە بەرامبەردا ناپلیۆن ڕێگا بە ئوتریش بدا کە هێزە نیزامییەکانی نۆژەن بکاتەوە. ناپلیۆن هیچ زیانێکی لەو کارەدا نەبینی چونکە بەهۆی هاوسەرگیرییەوە لەگەڵ ئوتریش یەکگرتوو بوو و ئەو کارەش دواجار لە بەرژەوەندی ئەودا دەبوو.

چەند مانگ دواتر هێرش بۆ ڕووسیە ئەوانی تووشی بەڵایەک کرد و ناپلیۆن بە ناچاری پاشەکشەی کرد و سوپاکەی لەبەین چوو. مێترنیخ پێشنیاری کرد وەک ناوبژیوانێک لە نێوان فەڕانسە و وڵاتە بەهێزەکانی دیکەی ئوورووپادا کار بکات. ئوتریش پێشتر کاری وای کردبوو. ناپلیۆن هیچ بژاردەیەکی دیکەی نەبوو. ئەو بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستی لەگەڵ ڕووسیە پێویستی بە کات هەبوو، ئێستا لەبری ئەوەی لە خزمەکانی هاوسەرەکەی بترسێ، پێویستە بۆ نۆژەنکردنەوەی هێزەکانی خۆی بیر بکاتەوە.[١]

بەهاری ساڵی ١٨١٣ وتووێژ ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە و وەستا، خەریک بوو شەڕێکی نوێ لە نێوان فەڕانسەی تێک قرماو کە زیانێکی زۆری پێ گەیشتبوو و هاوپەیمانییەکی بەهێزی ڕووسیە، پرۆس، ئینگلستان و سوئێد دەست پێ بکا. تا ئەو کاتە سوپای ئوتریش زۆر گەورە و گەشەی کردبوو بە جۆرێک ناپلیۆن دەیتوانی سوودی لێ وەربگرێ. بەڵام سیخوڕەکانی ڕاپۆرتیان دا کە مێترنیخ ڕێککەوتنی نهێنی لەگەڵ هاوپەیمانان کردووە. ناپلیۆن بیری کردەوە مەگەر دەکرێ ئیمپراتوری ئوتریش لەگەڵ زاوای خۆی کارێکی ئەوتۆ بکا؟ بەڵام دوای چەند حەوتوو نەخشەی مێترنیخ فەرمی کرا. ئەگەر فەڕانسە نەچێتە نێو وتووێژەوە و ئاشتی نەکا ئوتریش لە هەڵوێستی ناوبژیوانی خۆی واز دێنێ و پێوەندی بە هاوپەیمانانەوە دەکا.

ناپلیۆن نەیدەتوانی باوەڕ بەو شتانە بکات کە دەی بیست. ناوبراو بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ مێترنیخ سەفەرێکی بۆ درێسدن کرد کە لە ٢٦ی ژوئن [٦ی پووشپەڕ] بەڕێوە چوو. لەو ساتەی کە شازادە مێترنیخی بینی هەستی بە شۆکێک کرد: هەوای دۆستانە و گەرموگوڕی فەراموش کرابوو، مێترنیخ بە لەحنێکی تا ڕادەیەک سارد پێی گوت: فەڕانسە دەبێ قەبووڵی بکا سنوورەکانی بۆ هەمان سنوورە سروشتییەکانی پێشوو کەم بکاتەوە، چونکە ئوتریش بڕیاری داوە لە بەرژەوەندییەکانی خۆی و

---

١- حەرەکات یا پێگەی مرۆڤ لە هونەرە ماددییەکان نمایش و فورمەکانی ڕەفتاری مرۆڤدا لەسەر بنەمای جووڵە دەروونییەکانی دامەزراوە. لە شێوازی شمشێربازی کاگەیدا، شمشێربازێک لە ڕێگەی دۆخی جەستە یان جووڵەکانییەوە مێشکی بەرامبەرەکەی دەخوێنێتەوە. چ عەقڵێک دەتوانێ بچێتە ناو مێشکی بەرامبەرەکەیەوە؟ عەقڵێکە کە ڕاهێنراوە و بتوانی خۆی لە وابەستەگی دەرەوە جیا بکاتەوە بە ئازادییەکی تەواو بگا. ئەو زێهنە وەک ئاوێنەیەک ڕوونە کە دەتوانێ جووڵەکانی ناو مێشکی بەرامبەرەکەی ڕەنگ بداتەوە. کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی نەیارەکانی وەستاوە نابێ مێشکی خۆی لەهەمان جووڵە یەکەم نیشان بدا، بە پێچەوانە لەبری ئەوە دەبێ مێشکی بیری بەرامبەرەکەی وەک ئاو ڕەنگدانەوەی مانگ ڕەنگ بداتەوە. زندگی استادان شمشیرزنی، ماکوتو سوگاوارا، ١٩٨٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەقامگیری ئورووپا بەرگری بکا. لە ناکاو لەوێ بوو کە ئیمپراتۆر تێگەیشت کە مێترنیخ ئەو هەموو کاتە ئەوی فریو داوە و پێکهێنانی ژیانی هاوبەش پلانێکی ناشیرین بوو بۆ ئەوەی ناپلیۆن چاوەکانی لەسەر سەربەخۆیی ئوتریش لابەرێ. ناپلیۆن بە تووڕەیی هاواری کرد گوتی: "کەواتە من بە هاوسەگیری لەگەڵ یەک دوشێس ئوتریشی تووشی گەمژانەترین کار بووم؟" مێترنیخ وەڵامی داوە. "ئێستا گەورەم کە ئامادەن بۆچوونی من ببیستن، دەبێ زۆر بە ڕاشکاوانە بڵێم کە ناپلیۆنی سەرکەوتوو، هەڵەیەکی گەورەی کردوە!"

ناپلیۆن ڕەتیکردەوە ئەو ئاشتییە قەبووڵ بکا کە مێترنیخ لە ژێرەوە کردبووی، لە ئەنجامدا ئوتریش دەستبەرداری بێ لایەنی بوو و پەیوەندی بە هاوپەیمانانەوە کرد و بوو بە ڕێبەری ئەوان. سەرەنجام بە ڕێبەرایەتی ئوتریش هاوپەیمانان توانیان لە مانگی ئاوریلی ١٨١٤ ناپلیۆن تێک بشکێنن و بۆ دوورگەی ئالبا لە دەریای "مدیترانە" نێوەڕاست تەبعید و دوور خرایەوە.

**لێکدانەوە**

ناپلیۆن بۆ پێوانەکردنی دەروونناسی خەڵک و بەکارهێنانی لە دژی خۆیان شانازی بە توانای خۆیەوە دەکرد، بەڵام لەم حاڵەتەدا پیاوێکی زیرەکتر پەیدا بوو کە لە یارییەکی لەو جۆرەدا، ناپلیۆنی شکست دا. شێوازی کارکردنی مێترنیخ بەو شێوەیە بوو: کە لە پشت زەردەخەنە و دەرکەوتنی دۆستانە و هێمنانە، دوژمنانی بانگهێشت دەکرد بۆ ئەوەی هەموو شتێکیان نیشان بدەن. لە یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ ناپلیۆن، پیاوێکی بینی کە هەوڵی کاریگەری لەسەر کەسانی دیکەی دەدا. ئەو زوو زانی ناپلیون قەدی کورتە و هەوڵ دەدا لەسەر قامکەکانی ڕاوەستێ و خۆی بەرزتر نیشان بدا هەر لەوکاتەدا لەهجەی "کورسیکایی" خۆی بشارێتەوە. کۆبوونەوەکانی دواتر تەنیا بۆ ئەوە بوو مێترنیخ بە ناپلیۆنی کە هەوڵی دەدا خۆی لە نێو ئاغازادەی ئورووپا بسەلمێنێ، نیشان بدا کە لە ژێر کاریگەری ئەودایە، چونکە ئیمپراتور هەستی بە ئەمنییەت نەدەکرد و بەمجۆرە باوەڕی بە مێترنیخ هێنا.

مێترنیخ ئەو زانایییەی بەکارهێنا دژەستراتیژییەکەی خۆی جێبەجێ بکا، واتە پێشنیاری هاوسەرگیری و چوونە نێو بارەگای پادشای ئوتریشەوە. ئەوە بۆ کۆرسیکاییەک مانای هەموو شتێک بوو، و دەیتوانی ناپلیۆن لە بەرامبەر ڕاستیەکی سادەدا کوێر بکا. بۆ ئاغازادەگانی وەک مێترنیخ و ئیمپراتۆری ئوتریش، بنەماڵە بە بەراورد لەگەڵ مانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی هیچ مانایەک و مەفهومی نەبوو.[١]

بلیمەتی مێترنیخ ئەوە بوو کە ئامانجێکی گونجاو بۆ ستراتیژی خۆی بدۆزێتەوە: ئەو شوێن پێی

---

١. کاتێک مونتێری ئەو ئیمتیازەی وەرگرت کە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ شۆگون هەبێ، بەپێی نەریتی کۆن، بۆ ئەوەی ڕێزی خۆی بۆ شۆگون نیشان بدا و دەستەکانی لەسەر زەوی "تاتومی" دانا. لەپڕدا ئایەمیتسۆ نێزەیەکی بۆ لای ئەو ڕەوانە کرد کە لەهەموو دنیا بی خەبەر بوو، مونتێری لەوەیکە دەسبەجێ بە حاڵەتی ڕاکێشانەوە خۆی نیشان دا، سەری سوڕما. مونتێری پێش جووڵەکردن ئایەمیتسۆ مێشکی خوێندەوە و لەهەمان کاتدا دژکردەوەی لەباری نیشان دا. زندگی استادان شمشێر زنی، ماکاتو سوگاوارا، ١٩٨٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سوپای ناپلیۆن نەکەوت، ناپلیۆنی کە ساڵانێکی زۆر ژێنراڵ بوو کە چەندین جار سوپای ئوتریشی شکست دا، بۆیە مێترنیخ سێرەی لە عەقڵی ناپلیۆن وەک نیشانە گرت. شازادە زانی کە بەهێزترین پیاوەکان مرۆڤن و زەعفی مرۆڤییان هەیە. ئەو بە چوونە نێو ژیانی تایبەتی ناپلیۆنەوە، بە توانایی و ملکەچی توانی خاڵی لاوازی ناپلیۆن دیاری بکا و زەربەی لێ بدا کە هیچ سوپایەک لە توانای دا نەبوو. ناوبراو بە نزیکبوونەوە لە هەست و سۆزی دەروونی ناپلیۆن لە ڕێگای خوشکییەوە کارولین و هەڵبەتە ماری‌لویز کۆبوونەوەی گەرموگوڕی لەگەڵ ناپلیۆن، توانی بە متمانەی برایەتی، لە پشتەوە خەنجەری لێ بدا.

**لەبیرت بێ:** دوژمنی ڕاستەقینەی ئێوە، مێشکی بەرامبەرەکەتە. سوپا و سەرچاوە و هەواڵگریی دوژمن هەمووی لەژێر کۆنترۆڵی تۆ دا دەبێ، بەمەرجێک خاڵە لاوازەکانی بدۆزیەوە و پەنجە لەسەر ئەو هەستە شاراوانەیان دابنێ وا دەیانجووڵێنێ. بەهێزترین سوپای جیهان بە هێرشکردنە سەر مێشکی ڕێبەرانیان داگیر دەکرێن.

باشترین ڕێگا بۆ دۆزینەوەی لاوازی ڕێبەری، سیخوڕی کردن نییە، بەڵکوو دەورگرتنی نزیکی ڕێبەرە. لەپشت هەر ڕەواڵەتێکی دۆستانەدا دەتوانی دوژمن ببینی، لێی نزیک ببیەوە و هەموو شتێکی ئاشکرا دەبێ. بچنە نێو مێشکی و وەک ئەو بیر بکەنەوە، کاتێک خاڵی لاوازت دیتەوە باشترین کەرەسە بۆ لێک بڵاوبوونی لەبەر دەستدایە، ئەو لاوازییە دەتوانێ دژکردەوەیەکی کۆنترۆڵنەکراو، خاڵی لاوازی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر یان نائەمنیی دەروونی بێ.[١]

کارل فن کلاوزویتس دەڵێ: *"شەڕ کردەوەیەک نییە بەرامبەر بە ماددەیەکی وەستاو و میکانیکی، شەڕ هەنگاو و ئیرادەیە لە دژی شوناسێکی زیندووە کە کاردانەوەی هەیە."*

### کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

گەورەترین قودرەت و هێزی کە دەتوانین لە ژیاندا بمان بێ لە سەرچاوەی بێ سنوور و لێهاتوویی فراوانەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو لە زانست و زانیاری ڕوون و شفاف لە دەوروبەرەوە دێت. بە واتای توانایی خوێندنەوەی مرۆڤەکان وەک کتێبێک. ئەگەر بەو زانیاریە دەوڵەمەند بن دەتوانن دۆست لە دوژمن جیا بکەنەوە و پێش ئەوەی مار لێت نزیک بێتەوە، هەستی پێ بکەن و دەتوانی پێش دوژمن بکەوی و ستراتیژی ئەوان تێک بدەن و حاڵەتی بەرگری بە خۆتانەوە بگرن. ئەو زانستە ڕێگەت پێ

[١]- بە گشتی دەبێ بڵێم ستوونی پێنجەم تەحەمول ناکرێ، چونکە لە بیابانی ئەو حەقیقەتە شەیتانانەی کە ڕووبەڕووتان وەستاون، زیادەڕەوی دەکات، ئەوەیکە سیخوڕ ئەو زانیاریانەی پێت دەدا ساختەکاری دەکا، ئەوە شتێکی سروشتییە، بەڵام لە چوارچیوەی کردەوە سیاسی و شۆڕشگێڕییەکان کە تا ڕادەیەک پشت بە توندوتیژی دەبەستێ، سیخوڕێکی پیشەیی هەموو ئامراز و ئاسانکارییەکی پێویستی هەیە بۆ زیادەڕەویکردن لە ڕاستییەکان و بۆ وروژاندنی مێشکی گشتی، لایەنە نەرێنییەکانی شەیتان دوو بەرابەر دەردەبڕێ و لە لایەک ڕق و بێزاری و لە لایەکی دیکەوەوە ترس و تۆقاندن دروست دەکەن. مأمور مخفی، جوزف کنراد، ١٨٥٧- ١٩٢٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەدا هەستەکانی ئەوان بناسی و کاتێک بەو زانستە کۆک‌وپۆشتە بووی دەتوانی دوژمن لەداو بخەن و ورد و خاشی بکەن. ئەم جۆرە زانستە هەر لە سەرەتای مێژووەوە ئامانجێکی نیزامی بووە، هەر لەبەر ئەوەشە هونەری کۆکردنەوەی زانیاری و سیخوڕی داهێنراوە، بەڵام سیخوڕەکان جێی متمانە نین و ئەوان زانیارییەکان لەڕێگەی یان فلتێری دەمارگیری و تێڕوانینەکانیانەوە تێدەپەڕێنن و لەبەر ئەوەی کارەکانیان ئەوە دەخوازێ لایەنی کەسێک بگرن، کۆنترۆڵکردنیان ئەستەمە و ڕەنگە لە بەرامبەرتدا بوەستنەوە، لە هەمانکاتدا کە ڕاپۆرتی سیخوڕەکان بەدەستی کەسێک دەگا، خاڵە وردەکانی وەک زمانی جەستە و ئەو هەستەی کە لە ڕوخساردا دەردەکەون پشتگوێ خراوە و لێی لابراوە. لە کۆتاییدا ئەگەر لە زانستی دەروونناسی و لێکدانەوەی ڕەفتاری مرۆڤدا شارەزاییت نەبێ، زانیاری سیخوڕی هیچ سوودێکی نییە، چونکە بە بێ ئەو لێهاتووییە تەنیا ڕوانگەیەکی دەمارگرژانە و یەکلایەنە لەو ڕاپۆرتانەدا دەبینی و ئەوەش تووشی هەڵەت دەکا.

ئەو ڕێبەرانەی کە بە باشترین شێوە سوودیان لە زانیاری و هەواڵگری وەرگرتووە وەک: هانیباڵ، ژولیۆس‌سزار، شازادە مێترنیخ، وینستن چرچیل و لیندۆن جانسۆن لە ماوەی کارکردنیدا لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا چالاک بوو. ئەو کەسانە یەکەم و سەرسەختترین زانای سروشتی مرۆڤ بوون و زۆر باش دەیانتوانی مێشکی مرۆڤەکان بخوێننەوە. ئەوان بە چاوەدێری‌کردنی ڕاستەوخۆی ڕەفتاری مرۆڤەکان ئەو زانستەیان بەدەست هێناوە. کەڵک وەرگرتن لە سیخوڕ ئەگەر بە تەنیا بەو کەرەستەیە پۆشتەوپەرداخ بن دەتوانێ وەڵامدەری تۆ بێ و بەکەڵک دێت.

یەکەم هەنگاوی پرۆسەکە ئەوەیە کە بەسەر ئەو بیرۆکەیەدا زاڵ بن، مرۆڤەکان نهێنیەکی نەبڕاوەیان هەیە و بۆ دۆزینەوەیان دەبێ فێڵ و فریودان بەکار بێنن. ئەگەر ئەوانی دیکە بە نهێنی دەرکەون ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە هەموومان لە منداڵییەوە فێر بووین هەست و بۆچوونەکانمان لە یەکتر بشارینەوە و دەمامک ببەستین. ئەگەر بەملا و ئەولادا بچین و بە کەسانی دیکە نیشان بدەین کە هەست و بیری ڕاستەقینەی ئێمە چییە، بە دڵنیاییەوە زەربە دەخۆین و تووشی لاوازی دەبین، ئەگەر هەمیشە بیرکردنەوەکانمان بێنە سەر زمان و باسیان، بکەین بێ مەبەست ئازاری کەسانی دیکە دەدەین. کەواتە لەگەڵ گەورەبوونمان، شاردنەوەی بیر و هەستە ڕاستەقینەکان دەبێتە سرشتی دووهەممان.

ئەم داشارینی هۆشیارانەی کایەی زانیاریی دەکاتە کارێکی دژوار بەڵام نەک مەحاڵ، چونکە کەسانێک ئەوەندەی بە ئاگادارییەوە هەوڵی شاردنەوەی ئەو شتانە دەدەن کە لە بیرکردنەوەکانیاندا دەگوزەرێ، ئەوەندەش نائاگایانە دەیانهەوێ خۆیان نیشان بدەن. بۆ مرۆڤ دژوارە خۆی لە نێو کۆمەڵدا بشارێتەوە و خۆنیشاندان بە شێوەیەک ئاسوودەیی و دڵنیایی پێ دەبەخشێ. لە قووڵایی دڵمان دەمانەوێ کەسانی دیکە بمانناسن و تەنانەت بەشە تاریکەکانی ناخیشمان بدۆزنەوە. تەنانەت کاتێک بە ئاگادارییەوە هەوڵی شاردنەوەی ئەو ئارەزووە نهێنییە دەدەین، هەمووومان بە نائاگاییەوە ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیگناڵ و نیشانانە دەنێرین کە بەشێک لە دەروونی ئێمە ئاشکرا دەکەن، لەوانە تۆنی دەنگ یان شێوازی ئاخاوتن، شێوازی جلوبەرگ لەبەرکردن، زمانی جەستە، جووڵەی لەپڕدا، سەیرکردنی چاوی کەسێکی دیکە و ئەو ڕەفتارانەی بە پێچەوانەی ڕەفتاری ڕەواڵەتی ئێمەیە.[١]

**لەبیرت بێ:** ڕۆژانە مرۆڤەکان هەوڵدەدەن نیشانەیەک بنێرن کە مەبەست و ئارەزووی دەروونی خۆیان دەربخەن. ئەگەر ناتوانین ئەوانە بناسین هۆکاری خەمساردی و کەمتەرخەمی خۆمانە. هۆکاری ئەو کەمتەرخەمی و خەمساردییە سادەیە، ئێمە بەگشتی لە جیهانی خۆماندا نوقم بووین و لەگەڵ "منی" دەروونماندا بەخۆشی بەسەر دەبەین. ئێمە مەیلی ئەوەمان هەیە وەک ویلیام مەکناتێن مرۆڤەکان وەک ڕەنگدانەوەی خۆمان ببینین، کاتێک دەتوانی کەسانی دیکە وەک خۆیان ببینی کە واز لە بەرژەوەندی شەخسی و کەسێتی بێنن و بێ گوێدانە خواستەکان زیاتر بەرامبەر ئەو نیشانانە هەستیارتر بن.

توانای خوێندنەوەی زەینی کەسانی دیکە کارامەییەکی مانەوە بۆ ساموڕاییەکان بوو و کۆنترین قوتابخانەکانی شمشێربازی جەختی تایبەتیان لەسەر بوو. یەکێک لە یەکەمین گەورەکانی ئەو قوتابخانەیەی ساموڕایی سەدەی هەڤدەهەم یاگۆ منۆری بوو. ناوبراو لە ئێوارێکی بەهاردا لەکۆتاییەکانی تەمەنیدا لە باغێکدا پیاسەی دەکرد و بە چرۆ و خونچەی دارگێلاسەکانی دا هەڵدەگوت. کەسیك وەک پارێزەر لە پشت ئەو دەڕۆی و وەک نەریت شمشێرەکەی لەسەرەوە گرتبوو. لەناکاو منۆری وەستا و هەستی بە مەترسی کرد، چاوێکی لە دەوروبەر گێڕا، هۆکارێکی بۆ ئەو هەستە نەدیتەوە: بەڵام هێندە نیگەران بوو کە بۆ ماڵ گەڕایەوە، بۆ ئەوەی لە هێرشی خافڵگیرانە دوور بێ پاڵی بە جێگایەکەوە دا.[٢]

---

١. تووڕەیی سیخوڕە، تووڕەیی ڕوحی مرۆڤ و هەموو گۆشەکانی ئاشکرا دەکا. هەر بۆیە دەبێ فێری ئەوە بین کە ڕاستیەکان بەدەست بێنین، چۆن تووڕەیی دۆست و ناسیاو و لە هەمووی گرنگتر ڕەقیب یان دوژمنمان وەجووڵە بخەین بۆ ئەوەی بیر و نیازە نهێنییەکانیان بدۆزینەوە. انسانی، بیش ازحد انسان، فردریش نیچە، ١٨٨٦

٢- پاشان داود لە نایعوت لە ڕاما هەڵهات و هاتە لای "یۆناتان" گوتی "چیم کردووە؟ تاوانی من چییە؟ کە باوکت دەیهەوێ من بکوژێ؟"یوناتان گوتی "خودا نەکا کەس تۆ ناکوژێ، باوکم هەر کارێکی بیکا چ بچووك چ گەورە لە پێشدا لە گەڵ من باس دەکا. بۆچی باوکم ئەو مەسەلەیە لەمن بشارێتەوە؟ ئەو کارە حەقیقەتی نیە؟" داود وەڵامی داوە "باوکت باش دەزانێ من و تۆ دۆستین، کەوابوو نەیویستووە لەوبارەیەوە هیچ بە تۆ بڵێ کە نەکا نارەحەت بی، بە نێوی خوداوەند و بە گیانی تۆ سوێند دەخۆم کەمن لەگەڵ مەرگ یەک قەدەم مەودام هەیە." یوناتان بە داودی گوت "هەرچی بتهەوێ بۆت جێبەجێ دەکەم". داود وەڵامی داوە "سبەینێ سەرەتای مانگە و من دەبێ لەگەڵ باوکت لەسەر سفرە دانیشم، بەڵام ڕێگام پێ بدە تا ڕۆژی سێهەم کە ڕۆژ ئاوا دەبێ لە دەشت خۆم بشارمەوە، ئەگەر باوکت هۆکاری نەبوونی منی لەسەر سفرە پرسی، بڵێ کەمن لە تۆ پاڕاومەتەوە ئیزن بە من بدەی بۆ شاری خۆم "بیت‌الحم" بچم و لە ڕێوڕەسمی قوربانی ساڵانە لەگەڵ بنەماڵەکەم بم. ئەگەر کوتی باشە، ئەوە مەترسییەک هەڕەشە لە من ناکا، ئەگەر تووڕە بێ ئەوە مەرگی من بە دەستی ئەو حەتمییە. کەوابوو داوات لێ دەکەم لە ڕووی لوتفەوە یارمەتی بە من بکەی چونکە ئێمە پەیمانی برایەتیمان بەستووە، ئەگەر هەڵە لەمنەوە ڕووی داوە ئەوە خۆت بمکوژە، بەڵام من بۆ لای باوکت مەبە." یۆناتان گوتی "هەرگیز ئەو بیرە مەکەوە! ئەگەر بزانم باوکم نییەتێکی خراپی بە نیسبەت تۆوە هەیە من پێم نەدەگوتی؟" داود گوتی "ئەگەر باوکت بە تووڕەیی وەڵامی تۆی داوە کێ من ئاگادار دەکاتەوە؟" یوناتان بە داودی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای ئەوەی کە ماوەیەک لە دانیشتنی مننۆری تێپەڕی پاسەوانەکەی لێی پرسی کە چ شتێک ڕووی دا؟ مننۆری درکاندی کە کاتێک چاوی لە خونچەی گێلاسەکان دەکرد هەستی کرد کە مەترسی هەڕەشەی لێ دەکا و دوژمنێک دەیهەوێ هێرشی بۆ بکا. شتێک کە ئەوی ئازار دابوو هەست و وەهم و خەیاڵ بوو. سامۆڕاییەک هەمیشە بۆ پێش‌بینی مەترسی پشت بە غەریزەی بەهێزی خۆی دەبستێ، ئەگەر مننۆری ئەو وردبینی و وریایی دەروونیەی لەدەست دابوایە ژیانی وەک شەڕکەرێک تەواو دەبوو.

لەناکاو پاسەوانەکەی خۆی خستە سەر زەوی و دانی بەوە دانا کە لە کاتێکدا مننۆری لەنێو باخچەکەدا پیاسەی دەکرد، بە بیریدا هات کە مننۆری لەو کاتەی چێژ لە جوانی خونچەی گێلاسەکان وەردەگرێ زەربەی لێ بدا، مننۆری شەڕکەر ئاگای لێ نابێ. بەڵام مننۆری لێهاتووی و غەرایزی لەدەست نەدابوو و بە پێچەوانە، هەستیاری سەیر و سەمەرەی بەرامبەر بە هەست و بیری ئەوانی دیکە ڕێگەی پێدا لە بچووکترین بیرکردنەوە و هەستی پشتی خۆی باشتر لە خاوەنەکەی تێبگا. هەموو ئاژەڵێک هێزی پێش‌بینی مەترسی هەیە، چونکە هەموو سەرنجیان لە سەر چرکەساتە. لەقوتابخانەی شمشێربازی مننۆری‌یان فێر کردبوو کە زەینی لەکاتی ئەوتۆدا خاڵی بکا و وەک ئاژەڵ تەنیا بە چرکەسات بیر بکاتەوە. ئەو کارە ڕێگای پێدەدا دوژمن یا مخالیفی ئەو، هەرچی لە هەگبەی دایە هەمووی ئاشکرا بکات. ئەو دەیتوانی لە چاوی دوژمنەکانییەوە هەموو شتێک ببینێ یان هەر هۆیەکی ترس و دڵەخورپە بناسێ. مامۆستایەکی وەک مننۆری دەیتوانی تەنانەت ئەگەر کەسیک لەو نزیک نیە، زەینی بخوێنێتەوە.

---

گوت وەرە با پێکەوە بچینە مووچە ومەزرا، هەردووکیان بە یەکەوە ڕۆیشتن. یوناتان بە داودی گوت "لە حوزووری خوداوەند، خودای ئیسرائیل قەوڵت پێ دەدەم سبەینێ یان دوو سبەی لەگەڵ باوکم سەبارەت بە تۆ قسە دەکەم و دەسبەجێ پێت دەڵێم لەبارەی تۆ چۆن بیر دەکاتەوە ئەگەر زانیم توڕەیە و خەیاڵی کوشتنی تۆی هەیە، بە گیانی خۆم سوێند دەخۆم پێت بڵێم تاکوو بتوانی خۆت دەرباز بکەی و خوداوەند پشت و پنای تۆ بێ هەروەک لەگەڵ باوکم بووە! ئەگەر من زیندوو مامەوە لوتفی سوێندی خۆت لەگەڵ بیرت بێ. ئەگەر مردم هەمان لوتف و موحیبەت بە بنەماڵەکەم بێ تاکوو ڕۆژێک خوداوەند هەموو دوژمنەکانت لەسەر زەوی نابوود بکا." کەوابوو یوناتان لەگەڵ بنەماڵەی داود پەیمانی بەست و گوتی "خوداوەند تۆڵەی تۆ لە دوژمنەکانت بکاتەوە" و یوناتان دیسان داودی سوێند دا ئەو جارە بۆ خۆشەویستی کە بۆ ئەوی بوو، چونکە داودی وەک گیانی خۆی خۆش دەویست. یوناتان گوتی "سبەینێ جێژنی یەکەمی مانگە و چونکە تۆ لەسەر سفرە نی جێگاکەت چۆلە، کەوابوو سەبینێ هەموویان لە وەی کە تۆ نی ئاگادار دەبن........ ڕۆژی دووی مانگ دیسان جێگای داود چۆل بوو باوکی لە یوناتانی پرسی بۆچی کوری "یسی" ئەوڕۆش لەسەر سفرە نیە؟ یوناتان وەڵامی داوە کە دوای لێکردم بچێتە بیت‌الحم لەگەڵ بنەماڵەکەی لە ڕێوڕەسمی قوربانی بەشدار بێ.... بەو دەلیلە نەیتوانی بەشدار بێ. شائول باوکی یوناتان زۆر تووڕە بوو گوتی "ئەی حەرامزادە دەزانم پشتیوانی لە داود دەکەی تۆ بەو کارە هەم ئابڕووی خۆت دەبەی هەم ئی دایکت. تا کاتێک کوری "یسی" زیندوو بێ تۆ بە پادشاهی ناگەی، بڕۆ بیهێنە و لای من و دەبێ بکوژرێ." یوناتان لە باوکی پرسی "بۆچی بکوژرێ؟ گوناحی چیە؟" لەوکاتە دا شائول نێزەی لەدەست دابوو بە نیازی کوشتنی کوڕەکەی بۆ لای فڕێ دا، یوناتان زانی کە باوکی دەست لە کوشتنی داود هەڵ ناگری بە تووڕەی لەسەر سفرە وەدەر کەوت و لە ڕۆژی دووهەمیش‌دا هیچی نەخوارد چونکە لەسەر ڕەفتاری ناحەزی باوکی لەگەڵ داود زۆر ناڕاحەت بوو. سموئیل، فصل اول، کتاب مقدس

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو هێزە و دەسەڵاتەی کە لەو قوتابخانەیەدا ڕاهێنانی کرد هەمان ئەو هێزە بوو کە شازادە مێترنیخ سوودی لێ وەردەگرت. شازادە مێترنیخ دەیتوانی لە خۆبەزلزانی دەروونی خۆی ڕزگاری بێ و بۆ ماوەیەکی کاتی بچێتە نێو مێشکی کەسی بەرامبەرەوە. ئەگەر بتوانی دەنگی دەروونی زەینی خۆتان بکوژێنیەوە بێ دەنگی فێری مێشکت بکە و خۆتان نوقمی چرکەسات بکە، ئەوە سەرت سووڕ دەمێنێ لەو هێزەی کە لە خوێندنەوەی مێشکی ئەوانی دیکەوە بەدەستی دێنی. ئەو وردەکاریانەی ئێستا دەیبینی، زانیاری ڕاستەقینە و لە بێژنگ‌نەدراوە کە وێنەیەکی ڕاستەقینە لە خاڵی لاواز، ئارەزوو و مەیلی خەڵک بە ئێوە پیشان دەدا. بە تایبەتی بە باشی سەرنجی چاوەکانیان بدە چونکە داشارینی پەیام لە چاودا ئەستەمە.

وەک باب لێمۆن یاریزانی بیسبۆڵ دەڵێ، تێد ویلیامز تەنیا زەربە وەشێنێک بوو کە هەستت دەکرد دەتوانێ دەروونتان ببینێ. لە هەوڵی نێوان فرێدەر و زەربەوەشێن، فرێدەر ئەو باشییەی هەیە کە بزانێ تۆپەکە چەند بەرز فڕێ دەدا، کەوابوو زربەوەشێن تەنیا دەتوانێ لەسەر بنەمای پێش‌بینی و گومان دژکردەوە نیشان بدا، لە باشترین حاڵەتدا یەکجار لە سێ یا چوار جار پێش‌بینی دروست دەردەکەوێ، بەڵام ویلیامز ئەو ڕەوەندەی گۆڕی.

شێوازی ویلیامز سێحر یان هەستێکی ئیلهامی "ئینتێزی" نەبوو، بەڵکوو زۆر سادە بوو. ئەو لەبارەی فرێدەر لێکۆڵینەوەی کردبوو و شێوازی ڕەفتارەکانیانی لە کاتی یارییەک، وەرزێک یان خولێکدا چاودێری کردبوو. بێ پسانەوەی پرسیاری لە یاریزانانی تیمەکەی خۆی دەکرد سەبارەت بە پرۆسەی فرێدان، هەوڵی دەدا هەست بە بیرکردنەوەکانیان بکا و بۆ ئەوەی بەرداشتی دروستی لە سەر مەوقعییەتی ئەوان هەبێ. لە مەیدانی یاریدا زەینی خۆی لە هەر بیروفکرێکی زیادی پاک دەکردەوە و ڕێگای نەدەدا هیچ ڕەفتارێک یا جووڵەیەک ئامانجی دوایی ئەو بۆ لایەنی بەرامبەر ئاشکرا بکا. ئاکامی دوایی باوەڕ پێ‌نەکراو بوو. ئەو لە یاریکردن دەیتوانی مێشکی فرێدەر یان هاوێژەر بخوێنێتەوە و ئەو تۆپەی کە بۆ لای ئەو فڕێ دەدرا پێش‌بینی دەکرد. تەنانەت دەیتوانی خۆی وەک کەسێکی دیکە ببینێ، واتە خۆی لە جێگای شوێنی زەربەوەشێنی ڕووبەڕووی دانێ. هەروەک ویلیامز بە کردەوە ئەنجامی دا، توانایی لاسایی‌کردنەوە و چوونە نێو شێوازی ڕەفتاری دوژمنان پێویستی بەوەیە کە بتوانن زانیارییەکی زۆر ورد لەسەریان بەدەست بێنن و ڕەفتارەکانی ڕابردوویان وەک شێوازی خوو و عادەت شیی بکەنەوە و ئاگاداری ئەو نیشانانە بن کە لە حاڵی ئێستادا ڕەنگ دەدەنەوە.

بێگومان گرنگە کە خەڵک نەزانن کە تۆ ئەوەندە لە نزیکەوە چاودێرییان دەکەی. بەرەیەکی دۆستانە وەک بەرەیەکی شازادە مێترنیخ بۆ ناپلیۆن یارمەتیدەر دەبێ بۆ پۆشینی ئەو کارانەی تۆ دەیکەی. نابێ زۆر پرسیار بکەی، فەن‌وفێڵ ئەوەیە کە کارێک بکەن ئەوان ڕاحەت و ئارام بن و بە بێ شاردنەوە و کورت‌وکرمانجی هەموو شتێک‌تان بۆ باس بکەن. کەوابوو کارێک نەکەی گومان بکەن کە ئامانجی ئێوە چیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا کاتێک نەزانن چۆن زانیاری لێک بدەنەوە، بەدەردی ئێوە ناخوا. دەبێ بزانن چۆن زانیاری بۆ جیاکردنەوەی ڕواڵەت لە ڕاستی بەکار بێنن و سودی لێ وەربگرن. دەبێ فێر بن چۆن سیمای شاراوەی پشت "نقاب" ماسکەکە بناسییەوە. کاتێک کەسێک بە توندی تایبەتمەندییەکی دیاریکراو نیشان دەدا ئەوە بزانە کە تایبەتمەندییەکی ڕووکەشی و داپۆشینە. ئەو زمان لووس و چەورانەی کە خۆیان بە شۆخ و شەنگ نیشان دەدەن و کلکەسووتێ دەکەن، ڕەنگە دوژمنایەتی و ئیرادەی گڵاوی خۆیان لە پشت ڕواڵەتێکی مێهرەبانەوە بشارنەوە. چۆن بە هەمان شێوە، کەسێکی شەڕەنگێز نائەمنی خۆی دەشارێتەوە و مرۆڤی بە ئەخلاقیش بۆ داشارینی ویستە قێزەونەکانی، باسی ئەخلاق دەکا. ئێستا با ڕێگای ئێوە تەپوتۆزاوی بکەن یان ئی خۆیان بەلایانەوە گرینگ نیە، ئەوان هەوڵ دەدەن خۆیان قەناعەت پێ‌بکەن کە لەوەی لە مێشک و ڕوحیاندا دەگوزەرێ ترسیان نییە. ئەوان تایبەتمەندی نەرێنی خۆیان لە ژێر ئەو ڕواڵەتەدا شاردۆتەوە.

بەگشتی و بەتایبەتی لە ساتی قەیراندا ئاسانترە چاودێری کردەوەکانی کەسانی دیکە بکەن. ئەوان لەو دۆخانەدا خۆیان دەردەخەن. ئەوانە لەو کاتانەدا یان لاوازی خۆیان ئاشکرا دەکەن یان ئەوەندە بە سەختی خەبات دەکەن بۆ ئەوەی لاوازی خۆیان داپۆشن. ئێوە دەتوانن لەو نیشانانەوە ڕاستیەکانی ئەوان بزانن. دەتوانن بە ئاسانی بە ئەنجامدانی کارێکی بێ زیان، ئەوان وادار بە دژکردەوە بکەن. بۆ نمونە قسەیەکی توند یان بوێرانە و نەترسانە بکەن، بەسە دوگمەی سۆزدارییان دابگرن، واتە بیانوروژێنن و دەست لە سەر خاڵە هەستیارەکان دابنێن بۆ ئەوەی بەشە قووڵەکانی بوونیان لەم دۆخەدا دەربکەوێ. لە مەوقعییەتێکی ئەوتۆدا یان ڕێگە دەدەن هێندێک ڕاستی لەبارەی خۆیانەوە ئاشکرا دەکەن یان ماسکێکی نوێ بەسەر سەریان دا دەکەن. تۆ لەو هەلومەرجەدا وەک توێژەری باڵا، دەتوانی پشتەوەی ئەو ماسکە ببینی.

بەشێکی گرنگی ناسین و تێگەیشتن لە مرۆڤەکان بریتییە لە پێوانەکردنی هێزی خۆڕاگری و بەرگری ئەوان. بە بێ ئەو زانیارییە، بە پێی ئاستی ترس یا متمانەی خۆتان ئەوان زیاتر یان کەمتر لەوەی کە هەن پێوانەیان بۆ دەکەن. دەبێ بزانی مرۆڤ تا چ ڕادەیەک ڕوحیەی شەڕەنگێزیان هەیە. کەسێک ترسی خۆی یان بێ ئیرادەی خۆی بشارێتەوە بە زەبرێکی کتوپڕ خۆی بەدەستەوە دەدا، بەڵام کەسێک کە هیچی نیە لەدەستی بدا تا دوا هەناسە شەڕ دەکا.

مەغۆلەکان عادەتیان بوو تەنیا بۆ تاقیکردنەوەی هێز و ئیرادەی دوژمنی خۆیان لەشکرکێشیان دەست پێ دەکرد، ئەوان هەرگیز نەدەچوونە شەڕەوە بەبێ ئەوەی ڕوحی دوژمنەکەیان بزانن، ئەو شەڕە ڕواڵەتی و تاقیکارییە خاوەنی قازانجێکی دیکە بوو و ئەویش ئاشکراکردنی بەشێک لە ستراتیژی و بیری دوژمن بوو.

کەیفییەتی (چۆنایەتی) ئەو زانیاریانەی کە لەسەر دوژمنەکەتان کۆی دەکەنەوە باشترە لە چەندایەتی. لێرەیە، کە زەربەیەکی بچووك و سادە دەتوانێ دوژمن وێران بکا. کاتێک هانیباڵ ژێنراڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کارتاژەکان زانی کە ژێنراڵی ڕۆمییەکان زۆر خۆبەزلزان و خۆویستە، بە ئەنقەست ڕۆڵی کەسێکی لاوازی نیشان دا و ڕۆمییەکانی بە هێرشێکی ماڵوێرانکەر ڕێنوێنی کرد. کاتێک چرچیل هەستی کرد هیتلێر مەیلی پارانۆیای هەیە بە بچووکترین جووڵە زەربە دەخوات، زانی چۆن ئاڵمانییەکان خافڵگیر بکا. ئەو هێرشی بۆ ناوچەی لاوەکی وەک باڵکان دەست پێکرد و هیتلێر کە لە هەڕەشەی ئەو لە تەواوی لێوارەکان ترسابوو، تووشی هەڵەیەکی گەورەی نیزامی بوو.

لە ساڵی ١٩٨٨دا لی ئاتواتەر ستراتیژیستێکی سیاسی لە تیمی جۆرج بۆش بوو، بۆش کە ئەوکاتە کاندیدی کێبەڕکێی سەرکۆماری بوو. ئاتواتەر کە بۆی دەرکەوت ڕەقیبی جورج بۆش سناتۆر ڕۆبێرت دۆل، ئەخلاقێکی ترسناکی هەیە کە هاوکارەکانی بە زەحمەت کۆنترۆڵی دەکەن، هەموو هەوڵی خۆیدا تاکوو دوگمەی هەستیاری ئەو فشار بدا. ئەو دەیزانی کە سەناتۆرێکی عەسەبی کەسایەتی باش نابێ بۆ سەرکۆمار و هیچ دەنگدەرێک بیر لە هەڵبژاردنی پیاوێکی عەسەبی و تووڕە ناکاتەوە.

بێگومان سنوورێک بۆ ڕادەی ئەو زانیاریانە هەیە کە دەتوانرێ بە چاودێری ڕاستەوخۆ بەدەست بێن. تۆڕێک لە سیخوڕان دەتوانن دووربینیی ئێوە فراوانتر بکەن و ئەو کاریگەرییە کاتێک زیاتر دەبێ کە بزانی چۆن زانیارییەکانیان لێک بدەیەوە. تۆڕی جاسوسی نافەرمی باشترین شێوەی مومکینە، چونکە کۆمەڵێک هاوپەیمان کە بە تێپەڕبوونی کات لەسەر بنەمای متمانە دیاریت کردووە دەبنە چاو و گوێت. هەوڵ بدە لەگەڵ خەڵک دۆستایەتی بکەن یان لە سەرچاوەی زانیاری ڕەقیبەکانت نزیک بن. کاریگەری دۆستێکی متمانەپێکراو لە نێو دوژمناندا چەند بەرابەری کاریگەریی گرووپێکی سیخوڕییە. لە دەورانی ناپلیۆن تۆڕی زانیاری ئەو لە ئەولەویەتی دووهەم دابوو بەڵام باشترین زانیارییەکانی لە دۆستانێک وەردەگرت کە زۆر بە وردی و وریاییەوە لە بازنەی سیاسی سەرانسەری ئورووپا جێگیری کردبوون.

هەمیشە هەوڵ بدە جاسوسی نێوخۆیی لە ئوردوگای دوژمن پەیدا بکەن کە لە بەرپرسەکەی ناڕەحەت بێت. ئەوانە بەرەو ئامانجی خۆت ڕاکێشە تا باشترین زانیاریت پێ بدەن. کەسانێک ئەو کارەیان پێ بکەن کە دوژمن وەدەری ناون، چونکە ئەفکاری دوژمن بۆ ئێوە ئاشکرا دەکەن. بیل کلینتۆن سەرکۆماری ئەمریکا باشترین زانیاری لە بارەی کۆماریخوازانەوە لە مشاویری خودی دیک موریس وەردەگرت چونکە ئەو چەندین ساڵ بۆ کۆماریخوازانی کار کردبوو و لە خاڵی لاوازی ڕێکخراوەیی و کەسایەتی ئەوان بە باشی ئاگادار بوو.

**ئاگاداری:** هەرگیز لەسەر یەک سیخوڕ یان سەرچاوەی زانیاری حیساب مەکە، تەنانەت ئەگەر ئەو سەرچاوەیە لە باشترینەکان بێ، چونکە ئەو مەترسییەی هەیە کە لە ڕووی دەمارگرژییانە (متعصبانە) یان لایەنگرییەوە زانیارییەکانت پێ بگات.

زۆر کەس لە پاش خۆیان نووسراوە، وتووێژ، یان کتێبێک بەجێ دێڵن کە وەک زانیاری سیخوڕێک ئاشکراکەرن. ماوەیەک پێش لە شەڕی جیهانی دووهەمدا، کتێبەکەی ئەدۆلف هیتلێر بە نێوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"شەڕی من" کۆمەڵێک بیرۆکە و مەبەستی ئەوی لە گەڵ چەندین سەرەداوی دەروونی ئاشکرا کرد. ژێنراڵەکانی ئێروین ڕۆمێل و هاینز گودێریان، لەسەر شەڕەنگێزی بلیتس‌کریگ یان (جنگ برق‌آسا) "شەڕی بروسکەئاسا" کە خۆیان بۆی ئامادە دەکرد، نووسیبوو. خەڵک لە نووسینەکانیان‌دا بابەتی زۆر ئاشکرا دەکەن کە هێندێکیان ئاگاهانە ئەو کارە دەکەن، چونکە دەیانهەوێ خۆیان تاریف بکەن، بەڵام ئەگەر خوێنەر وشیار بێ دەتوانێ زانیاری تایبەت لە بەرژەوەندی خۆی وەرگرێ.[١]

سەرەنجام ئەو دوژمنەی کە لەگەڵی سەروکارت هەیە شتێکی پاسیڤ و بێ ئیرادە نییە کە بەو شێوەیەی چاوەڕێی دەکەن بە سادەیی وەڵامی ستراتیژییەکانی تۆ بداتەوە. دوژمنی ئێوە بەردەوام لە حاڵی گۆڕان دایە و خۆی لەگەڵ ڕەفتاری ئێوە سازگار دەکا. ئەو کەسانەی کە هەمیشە لە حاڵی نوێکاری و داهێنانن هەوڵ دەدەن لە هەڵەکانی خۆیان و سەرکەوتنەکانی ئێوە فێر بن و وانە وەربگرن. کەوابوو زانیاری ئێوە لە سەر دوژمن ناتوانێ بە جێگیری بمێنێتەوە. زانیارییەکانتان بە ڕۆژ ڕاگرن و تەنیا پشت بە کاردانەوە و دەنگدانەوەی پێشووی دوژمن مەبەستن. شکان و شکست مامۆستایەکی سەرسەختە و دوژمنی شکست‌خواردووی ئێوە سبەی عاقڵ‌تر و ژیرتر لە دوێنێیە. ستراتیژییەکانی ئێوە دەبێ هەموو ئەوانە لەبەرچاو بگرێ، زانیاری ئێوە لەسەر دوژمن دەبێ قووڵ و نوێ و بەڕۆژ بێت.[٢]

**بیهێنە بەرچاوت:** سێبەر. هەر مرۆڤێک سێبەری هەیە، ئەو سێبەرە خۆی نهێنی و نیمچە تاریکە. ئەو سێبەرە هەموو ئەو شتانە لەخۆ دەگرێ کە هەوڵی شاردنەوەی لە کەسانی دیکە دەدەین. خاڵی لاواز، ئارەزووی شاراوە و ئامانجی خۆویستانە کە لە دوورەوە نابینرێن. بۆ بینینی دەبێ زۆر نزیک ببیەوە و هەموو ڕەهەندەکانی جەستە و ڕوحی بەرامبەرەکەت لەبەرچاو بگری، ئەو کاتە ئەو سێبەرە دیار دەبێ. بە وریاییەوە شوێن پێی ئامانجەکەت بکەوە و ڕێگە مەدە بزانێ کە چەندە لەو نیمچە تاریکەی وجودی بۆ تۆ ئاشکرا بووە.[٣]

---

١. ئەنگێزەی هێرش، ئەوەیە کە کەسێک هێرش دەکاتە سەر دوژمن بە مەبەستی زیان گەیاندن بە دوژمن و بیهەوێ باڵادەستی و دەسەڵاتی خۆی بۆ نیشان بدا. فریدریش نیچە ١٨٤٤- ١٩٠٠

٢. ساڵی ڕابردوو پیاوێک لە کۆنفرانسەکەدا بۆچوونی دژبەری خۆی دەربڕی و ڕایگەیاند، ئەگەر بۆچوونەکەی قەبووڵ نەکرێ، سوێند دەخۆم سەرۆکی کۆنفرانسەکە بکوژم. بەرامبەرەکەی قەبووڵی کرد و دوای تەواوبوونی ڕێکارەکان گوتی "چەند خێرا خۆیان ڕازی بوون و لەگەڵم ڕێککەوتن، پێموایە ئەوان زۆر لاوازن و ناکرێ وەک ڕاوێژکار حسابیان بۆ بکرێ." هاکاکورە، کتاب ساموراییی، یاماتو

٣. کلنل جان سی کریمونی لە بارەی گرینگی خۆحشاردان ئاوا دەڵێ: یەک دانە سوورپێستی ئاپاچی دەتوانی لە پشت چیمەنی سەوز، قامیشەڵانێک یان تاشەبەردێکی خاکی بێ مەشق و ڕاهێنان خۆی بشاریتەوە، بۆ ئەوەی تەنانەت زیرەکترین کەسەکانیش کاتێک بەلایدا تێدەپەڕن هەستی پێ نەکەن. ئاپاچییەک شەو و ڕۆژ چاودێری هەموو جووڵەیەکی تۆ دەکات بەبێ ئەوەی بە دووری شەش یا حەوت کیلومیتر ببینرێ، هەموو ڕەفتارەکانت دەبینێ و ئاگاداری تیپەکەت و هەموو کەلوپەلەکانت دەبێ. بێجگە لەوەی کە گرنگیی خۆحەشاردان دەزانن، سەبریان هەیە و بە سەبرەوە چاوەڕێ دەکەن و بە نیگایەکی تیژ و وردەوە چاودێری هەموو شتێک دەکەن. مبارزان: جنگ‌افروزی و بومیان امریکاییی هندو، نورمن بنکرافت هانت، ١٩٩٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سون تێزۆ دەڵێ: "*کەوابوو هۆکاری ئەوەی کە لە هەموو جووڵە و شەڕێکدا حاکمی دووربیین و فەرماندەی دیارەکان دوژمن تێک دەشکێنن و سەرتر لە حیکمەتی مرۆڤایەتی سەرکەوتن بەدەست دێنن، زانستی پێشکەوتووانەی ئەوانە. ئەو جۆرە زانستە لە جنۆکە و وەهمەوە بۆیان بەدەست نایە، بە ڕەچاوکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو یان ئەستێرەناسی و خوێندنەوەی ئەستێرەکان بەدەست ناهێنرێ، بەڵکوو لە هێزی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە، هەمان ئەو هێزانەی کە بارودۆخی دوژمن بە باشی دەناسن.*"

## حاڵەتی دەگمەن

تەنانەت کاتێک هەوڵ دەدەی دوژمنی خۆتان بناسی، دیسان دەبێ وشیار بن کە کەسانی دیکە دەستت نەخوێننەوە. لە بەر ئەوەی کە ئەفراد بە ڕواڵەت سەرنج دەدەن، بەئاسانی هەڵدەخەڵەتێن. جار ناجارێ ڕەفتاری پێش‌بینی‌نەکراو لە خۆتان نیشان بدەن، بۆ ئەوان چەشتەی زێڕین فڕێ بدە و ڕواڵەتێکی گەورە لە خودی دەروونەوە نیشان بدەن کە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕاستی بوونی ئێوەوە نییە. هۆشت بێ کە کەسانی دیکە هەمیشە لە حاڵی پشکنینی تۆ دان، ئێوە یان نابێ زانیاریان پێ بدەن یان زانیاری هەڵەیان پێ بدەن، ئەگەر خۆتان بەبێ قاڵب و پاسیڤ نیشان بدەن دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان ناتوانن لەبەرامبەر ئێوەدا بەرگری لە خۆیان بکەن و ئەو زانیاریانەی لەسەر تۆ کۆیان کردۆتەوە هیچ سوودێکی نابێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی چواردەیەم:
# بە خێرایی و غافڵگیری بەربەرەکانییەکان تێک بشکێنن.
# ستراتیژیی شەڕی بروسکەئاسا (برق‌آسا)

لە جیهان‌دا کە خەڵکانێکی زۆر لە دوودڵی دان و هێندێک جاران زیاتر لە ڕادەی پێویست بەپارێزەوە دەجووڵێنەوە، کەڵکوەرگرتنی خێرایی لەکردەوەدا دەتوانێ هێزێکی نموونەیی بداتێ. ئەگەر پێش لەوەی دژبەرانتان بکەونە خۆ و خۆیان ئامادە بکەن، ئێوە دەست پێ‌بکەن، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان هاوسەنگی و لەنگەریان تێک بچێ، بە جۆش و خرۆشەوە ڕەفتار دەکەن و ئەگەری هەڵەوپەڵەیان زۆر دەچێتە سەرەوە. کاتێک هەنگاوی یەکەمت بە کردەوەیەکی خێراتر و لەناکاوتر لە جاران دەست پێکرد، ترس و سەرلێشیواوی زیاتر دروست دەکەن. ئەو ستراتیژییە ئەگەر بواری ڕەخساندنی لەگەڵ بێت باشترین ئەنجامەکانی دەبێ، چونکە جووڵە چاوەڕوان‌نەکراوەکەت دوژمن چەک دەکا. تا دەتوانی زەبری بە توندترین شێوەی مومکین لێ بدەن. کردەوەی خێرا و پێش‌بینی‌نەکراو ڕێز لەگەڵ ترس بەدوای خۆیدا دێنێ و کەس توانای نیە لەبەرامبەر ئێوەدا ڕاوەستێ.[1]

**خاوەخاو- خێرا خێرا**

ساڵی ١٢١٨ سێ کەس لە لایەن چەنگیزخانەوە ڕێبەری ئیمپراتوری مەغۆل لە ڕۆژهەڵات، بۆ ملاقات لەگەڵ "علاءالدین محەممەد خەوارزم‌شاه" ڕەوانە کران، ئەو نوێنەرانە بە دیاری زۆر بەنرخ و پڕ بایەخ و لە هەموو گرنگتر پێشنیاری بەستنی پەیماننامە لە نێوان دوو هیزی گەورە چوونە بارەگای خوارزم‌شاه. ئەو پەیماننامەیە بۆ کردنەوەی ڕێگای ئاوریشم بوو کە چین و ئوورووپای بەیەکەوە گرێ

---

١. لە شەڕدا بەرزترین ڕەچاوکردن خێرایی کردەوەکانە. واتاکەی ئەوەیە کە بە باشترین شێوە سوود لەو شتانە وەربگرێ کە سەرتر لەوەیە کە لە دەستی دوژمن دایە، مانای دیکەی بریتییە لە ڕۆیشتن بە هێندێک مەسیردا کە دوژمن چاوەڕێی ناکا و دوا مانای ئەوەیە کە ڕەقیب بێنینە نێو شەڕێکەوە کە خۆی بۆ ئامادە نکردوە. سون تێزۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەدا، ئیمپراتۆری خەوارزمشا زۆر گەورە بوو و ئێرانی ئەمڕۆ و بەشێکی زۆری ئەفغانستانی ئێستای لەخۆ گرتبوو. پایتەختی ئەو ئیمپراتۆرە سەمەرقەند کە زۆر دەوڵەمەند و هێمای دەسەڵاتی ئەو بوو. زیادبوونی بازرگانی لە ڕێگای ئاوریشمەوە تەنیا سامانی ئەوی زیاد دەکرد. بەو پێیەی مەغۆلەکان ئەوەیان ڕوون کردەوە کە خەوارزمشا بە هاوبەشی باڵای ئەم پەیماننامانە دەزانن، ئەویش واژۆی کرد.

دوای چەند مانگێک کاروانی مەغۆلەکان گەیشتنە شاری فاراب لە گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی شاە و ئەرکیان کڕینی کەلوپەل و کاڵای (تجملی) جوان و لۆکس بۆ دەرباری مەغۆل بوو. فەرمانداری فاراب گومانی ئەوەی هەبوو کە ڕەنگە پیاوەکانی کاروانەکە سیخوڕ بن، بۆیە هەموویانی کوشت و ئەوانەی کرییوویان هەمووی لێ هەڕاج کردن. چەنگیزخان دوای بیستنی ئەو ڕووداوە، هەیئەتێکی لەگەڵ دوو سەرباز بۆ دەرباری شای ناردن تاکوو شاە داوای لیبوردنی لێ بکا. ئەو داوای لێبوردنە کە مەبەستی ئاشتبوونەوەی دووبارە بوو، ئەو داوایە خەوارزمشای تووڕە کرد، ناوبراو سەری باڵیۆزی بڕی و بۆ چەنگیزخانی ناردەوە ئەو هەنگاوەی پادشا بە مانای ڕاگەیاندنی شەڕ بوو.

پادشا لە هیچ شتێک نەدەترسا، سوپاکەی کە لەلایەن پێش قەڕەوڵی سوارنیزامی تورکەوە مەشقیان پێ کرابوو زیاتر لە چوار سەد هەزار کەس، کە نزیکەی دوو بەرابەری سوپای دوژمن بوو. ئەوەندە بەس بوو بۆ شکستدانی مەغۆلەکان و دەست بەسەرداگرتنی خاکەکەیان. شاە پێی وابوو مەغۆلەکان بۆ "ماوراءالنهر" ڕۆژهەڵاتترین بەشی ئیمپراتۆریەتی شا هێرش دەکەن. ئەو شارە لە ڕۆژهەڵاتەوە بە ٧٥٠ کیلومیتر زیاتر لەگەڵ ڕووباری سیردەریا، لە باکورەوە لەگەڵ بیابانی قەزڵقۆم و لە ڕۆژاواوە لە گەل ڕووباری ئامودەریا هاوسنوور بوو، هەروەها ناوەندی دوو شاری گرنگی ئیمپراتۆری بە ناوەکانی سەمەرقەند و بوخارا بووە. شاە بڕیاری دا دەستەیەک لە سەربازەکانی بە درێژای سیردەریا جێگیر بکا، چونکە سەربازەکانی مەغۆل بۆ هێرشکردن دەبوو لەو ڕووبارە تێپەڕن. ئەوان نەیان دەتوانی لە باکوورەوە بێن چونکە بیابانێک ئیمکانی هاتوچۆی ئەستەم و چوون بۆ ڕۆژاوا زۆر سەخت بوو. محەممەد خەورازمشا بە هێشتنەوەی زۆربەی سوپاکەی لە "ماوراءالنهر" دەیتوانی لەکاتی پێویستدا یارمەتیان بدات. ناوبراو پێگەیەکی بەرگریی داگیرنەکراوی هەبوو، لە ژمارەشدا زیاتر، لە دڵی خۆیدا دەیگوت با مەغۆلەکان بێن من شکستیان دەدەم.

هاوینی ساڵی ١٢١٩ سیخوڕەکان ڕاپۆرتیان دابوو کە مەغۆلەکان لە ڕێگای دۆڵی فرگانا بەرەو باشووری سیردەریا نزیک دەبنەوە. خەوارزمشا هێزیکی زۆری بە فەرماندەهی کوڕەکەی جەلالەدین بۆ ئەو شوێنە ڕەوانە کرد تا دوژمن تێک بشکێنن. دوای شەڕێکی سەخت مەغۆلەکان شکستیان خوارد، جەلالەدین هەواڵی بۆ باوکی نارد کە سوپای مەغۆل ئەوجۆرەی ناوبانگی هەیە زۆر سەخت و قایم نیە. سوپایەکی زۆر بێ دیسیپلین و ئەسپەکانیان زۆر کزولاواز و پێم وایە توانای پیویستیان بۆ شەڕکردن نیە و ناتوانن سەرکەوتن بەدەست بێنن. شاە بیری دەکردەوە کە مەغۆلەکان لەگەڵ سوپاکەی بەراورد ناکرێ، هێزی زیاتری لە کۆتایی باشووری کەمەربەندی جێگیر کرد و چاوەڕێ مایەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەند مانگ دواتر دەستەیەک لە سوپای مەغۆل بە بێ ئاگاداری لە باکوور سەروکەللەیان پەیدا بوو و هێرشیان بۆ شاری فاراب کرد و حاکمی ئەو شارەیان بەدەیل گرت، یانی هەمان کەس کە مەسئولی کوشتنی تاجرەکانی مەغۆل بوو. مەغۆلەکان قورقوشمیان تواندەوە و لە چاو و گوێیان کرد و ئەویان کوشت. شاه لەو حەرەکەتەی ئەوان سەری سووڕمابوو بڕیاری دا قشوونی زیاتر بۆ باکوور بنێرێ، چونکە پێی وابوو بڕیارەکانی ئەو ڕەگەزە کێوییە زۆر چرکەساتیە بەڵام ناتوانێ لە بەرامبەر سوپایەکی ئاوا گەورە خۆیان بگرن.

دوو هێزی مەغۆل دوای داگیرکردنی فاراب بە خێرایی بەرەو باشوری سیردەریا ڕێکەوتن. یەکێک لە هێزەکان بە فەرماندەهی جووجیخان هێرشی بۆ شارێک کە لە لێواری ئەو ڕووبارە هەڵکەوتووە کرد و هێزەکەی دیکەش بە فەرماندەهی سەردار جبەنویان لە باشوور خۆی شاردەوە و گوم بوو. سوپاکەی جووجیخان وەک پەتای کوللە بەنێو تەپۆڵکە و زەوییە لێژەکاندا حەرەکەتیان کرد. پادشا بۆ پاراستنی پاشەکەوتی سەمەرقەند بەشێکی بەرچاو لە سوپاکەی بەرەو ڕووبار ڕەوانە کرد. هێزی جووجیخان نزیکەی ٢٠ هەزار کەس دەبوو کە لەحاڵی پێشڕەویدا شوێن لەدوای شوێن داگیری دەکرد و قەڵا و پەرژینەکانی هەموو ئاگر دەدا و وێرانێکی سیروسەمەرەی دروست کرد.

ئەو ڕاپۆرتانەی لە مەیدانی شەڕەوە هاتبوون، وێنەیەکی لە مێشکی پادشادا سەبارەت بەو شەڕە عەجایبانە لە ڕۆژهەڵات دروست کرد. وەک سوپاکەیان سوارنیزامە، هەر مەغۆلێک سواری ئەسپێک بوو و چەند ئەسپێکی بێ سوار لەگەڵ خۆی هێناوە بە جۆرێک کە کاتێک ئەسپەکەی ماندوو بوو ئەسپێکی تازەنەفەس لەبەر دەستی دایە. مەغۆلەکان هیچ عەرەبانەیەکی خواردنیان بە دوای خۆیانەوە ڕانەدەکێشا و زۆر کەم ئەرک بوون، ئەوان مەوادی خواردنیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرت و لەشیر و خوێنی ماینەکان خواردنیان دەخوارد و ئەسپی کزولاوازیان دەکوشت و دەیانخوارد. ئەوان دەیانتوانی دوو بەرابەری دوژمن خێراتر بڕۆن، شێوەی تیرهاویشتنیان سەیر بوو. چ لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا چ لەکاتی پاشەکشەدا، تیرەکانیان بە لێهاتووییەکی زۆرەوە دەهاویشت کە هێرشەکانیان زۆر مەترسیدارتر دەکرد و پادشا ئەو شتەی بە چاوی خۆی هەر نەدیتبوو. دەستە و قشوونەکانیان لە مەودایەکی دوورەوە بە جووڵەی ئاڵا و مەشخەڵەکان پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا دەگرت و مانۆڕەکانیان بە وردبینییەکی سەیرەوە هەماهەنگ دەکرا و بە هیچ شێوەیەک پێشبینی کراو نەبوون.

هێزەکانی شاه کە لەگەڵ سوپایەکی ئاوا شێت ڕووبەڕوو بوونەوە، ماندوو بوون. لەپڕدا هێزەکانی جبەنویان کە لە باشوور خۆی حەشار دابوو دیسان لە باکووری ڕۆژاوا خۆی نیشان دا ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بە خێراییەکی زۆر سەیر بەرەو "ماوراءالنهر" دەچوون. خەوارزمشا بە سەر لێشێواوی پاش ماوەی هێزەکانی خۆی کە لە ٥٠ هەزار کەس پێکهاتبوو بەرەو باشوور ڕەوانە کرد تا پێش بە جبەنویان بگرن. ناوبراو هێشتا نیگەران نەبوو چونکە هێزەکانی لەشەڕی ڕاستەوخۆ، واتە لە فرگانا باڵادەستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیان سەلماندبوو.

بەڵام ئەمجارە هەموو شتێک جیاواز بوو، مەغۆلەکان چەکی سەیروسەمەریان ئاشکرا کرد. چەکێکی سەیریان دەرخست، کە مۆمێکی بڵێسەدار لەسەر ڕمەکانیان بەستبوو کە بە خێرایی دووکەڵی لە پشت ئەسپسوارەکانەوە دروست دەکرد کە بتوانن بچنە نێو سوپای گەورەی پادشا و کاتێک ڕێگاکە دەکرایەوە دوای هەر سوارێک، سوارنیزام بە کەرەستەی باشتر هێرشی دەکرد. لە پشت هێڵی مەغۆلەکانەوە عەرەبانە لە هاتوچۆ دابوون و پێداویستی و چەکیان دەگواستەوە، مەغۆلەکان بە ڕم و نێزە ئاسمان‌یان لێل و تاریک کردبوو و فشارێکی بێ وچانیان بۆ سوپای شاه هێنا. ئەوانە "زرە" کراسی ئاسنی شەڕکردنی عەجایب ئەستووریان لەبەر دابوو کە کەمتر نێزە کاری لێ دەکرد و بەدەگمەن چاوت پێ دەکەوت کە نێزە کاری لێ بکا. جنسی لباسەکانیان بەشێوەیەک دروست کرابوو لەگەڵ چوونەژوورەوە نێزەکە دەکەوتە خوارەوە. ئێستا خێرایی عەجایبی ئەوانە بە هەموو ئەو کەرستانەوە زیاد بکە و سوپای جبەنویان هێزەکانی محەممەد خەوارزمشای نابود کرد و لێکی هەڵتەکاند.

پادشا یەک بژاردەی لە پێش بوو: پاشەکشەکردن بۆ ڕۆژاوا، کەرەستەی زیاتر و بەرەبەرە بۆ باشترکردنی سوپا وەجووڵە بکەوێ. بەڵام لەگەڵ دەست‌پێکردنی ئامادەکاری بۆ سازمان‌دانی سوپاکەی شتێکی سەرتر لە باوەڕ ڕووی دا. سوپایەک لە ژێر فەرماندەهی چەنگیزخان‌دا لەناکاو لە بەر دەروازەکانی شاری بوخارا لە ڕۆژاوای سەمەرقەند ڕاوەستابوو. ئەوانە لە کوێوە سەروکەللەیان پەیدا بوو؟ ئیمکانی نەبوو بیابانی قزلقۆم‌یان لەباکوورەوە پێوابێ، هەر ئەگەریک نامومکین بوو. بەهەرحاڵ، بوخارا دەستی بەسەر داگیرا و دوای چەند ڕۆژ ئەو بەڵایەش بەسەر سەمەرقەند هات. سەربازەکان لێک بڵاو بوون و ژێنراڵەکان ترسان، خەوارزمشا کە لەگیانی خۆی دەترسا لەگەڵ دەستەیەک سەرباز ڕایکرد و مەغۆلەکان پێوشوێنی کەوتن. چەندین مانگ دواتر دەوڵەمەندترین حاکمی ئیمپراتۆری ڕۆژهەڵات، لەکاتێک‌دا جلوبەرگی دڕاوی لەبەر دابوو بۆ پارونانێک دەپاڕایەوە و لە دوڕگەیەکی بچووک لە دەریای خەزەر (کاسپین) کۆچی دوایی کردووە.

**لێکۆڵینەوە**

کاتێک چەنگیزخان ڕێبەرایەتی نەتەوەی مەغۆلی وەستۆ گرت ڕەنگە خێراترین سوپای جیهانی بە میرات وەرگرتبێ. بەڵام ئەو خێراییە نەیتوانی سەرکەوتنی نیزامی بەرچاو بەدەست بێنێ. ڕەنگە مەغۆلەکان هونەری شەڕکردنیان بە سەر ئەسپەوە کارامە بووبێ، بەڵام بۆ هەماهەنگی لەشەڕی گەورەدا یان بۆ بەدەستهێنانی پوان لە شەڕەکان زۆر بێ دیسیپلین و سەر لێشیواو بوون. بلیمەتی چەنگیزخان ئەوە بوو کە خێرایی ناڕیکوپێکی و بێ دیسیپلینی مەغۆلەکان بۆ دیاردەیەکی سازماندەیکراو و ستراتیژیک بگۆڕێ. چەنگیزخان ئەو کارەی بە گونجاندنی خۆی لە گەل ستراتیژی چینی کۆن کە بریتی بوو لە خاوەخاو- خێراخێرا، جێبەجێ کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکەمین هەنگاو یان هەمان خاوەخاوی یەکەم، ئامادەگی لە پێش هەر لەشکرێکەوە بوو کە مەغۆلەکان بە ڕادەیەکی سەرەوە ئەنجامیان دەدا. (مەغۆلەکان لە پلاندانانی هێرش بۆ سەر خەوارزمشا، لە ڕێنوێنی کەسێک کەڵکیان وەرگرت کە شارەزای هەموو گوندەکانی بیابانی قزڵقۆم بوو، ئەوان ئەو پیاوەیان دەستگیر کرد و ناچاریان کرد کە لەو شوێنە ئەستەمەدا ڕێنوێنیان بکات.) خاوەخاوی دووهەم، خۆ ئامادە کردن بۆ ئەوە بوو کە دوژمن هەست بکا مەغۆلەکان بە هێز نین و لە توانای خۆیان ڕازی بن، بۆ نمونە مەغۆلەکان لە یەکەمن شەڕ لە دۆڵی فرگانا شکستیان خوارد تاکوو شاه توانای ئەوان بە هەڵە هەڵسەنگێنێ. پاشان نۆبەی یەکەم خێرایی هات، واتە هێرشی کتوپڕ لە بەرەی شەڕ بە شێوەیەک سەرنجی دوژمن بۆ پێشەوە ڕابکێشرێ، (هێرشی جبەنویان بەدرێژای ڕووبارەکە) و ئاخرین خیرایی زەربەی توند و دووانەی لە شوێنێکی باوەڕپێنەکراو بوو، (پەیدابوونی لە ناکاوی چەنگیزخان لە پشت دەرگای شاری بوخارا دەتوانی بە یەکێک لەخافڵگیرکردنی حەرەکاتی نیزامی مێژوو ئەژمار بکرێ). چەنگیزخانی وەستای شەڕی ڕەوانی دەیزانی کە سەربازانی شاه بە جووڵەی نەناسراوە و پێش‌بینی‌نەکراو سەرلێشێواو دەبن. کتوپڕی ئەو هێرشانە خێرایی و کارایی ئەوانی دوو هێندە کرد و تۆقاندن و سەرلێشێواوی لێ کەوتەوە.

ئێمە لە جیهانێک‌دا دەژین کە خێرایی کردەوە لە سەررووی هەموو شتێکەوەیە و کردەوەی خێراتر لە ڕەقیب یەکێک لە لێهاتووییەکانی یارییە، بەڵام زۆربەی خەڵک بە پەلە مامەڵە دەکەن. ئەوان بەبێ سەبر و بیرکردنەوە دژکردەوە بەرامبەر ڕووداوەکان نیشان دەدەن و لە درێژخایەندا جگە لە کاری بێخۆ و بە فیڕۆدانی کات و وزە دەستکەوتی دیکەیان نییە. بۆ ئەوەی خۆتان لەو کەسانە جیا بکەنەوە هێزێکی گەورە و خێرا بەدست بێنن دەبێ ستراتیژیک و بە دیسیپلین و سیستماتیک کار بکەن و پێش هەر جووڵەیەک خۆتان ئامادە بکەن و خاڵی لاوازی دوژمن بناسن و پاشان شێوازێک ڕەچاو بکەن کە ڕەقیبی ئێوە تۆ بە کەم بگرێ. ئێوە بە شێوەیەکی چاوەڕوان‌نەکراو هێرش بکەن و ئەوان دەستوپێی خۆیان گوم دەکەن، ئەوە هەمان زەبری پێش‌بینی‌نەکراوە کە گەورەترین کاریگەری دەبێ.

گزنفون دەڵێ: *"هەرشتێک کەمتر پێش‌بینی بکرێ، ترسی زیاتر دروست دەکا، باشترین وێنەی ئەو ڕاستییە مەیدانی شەڕە، کە هەر خافڵ‌گیرییەک تەنانەت بۆ ئەوانەی بەهێزترینن ترس دروست دەکا."*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

مانگی مەی [جۆزەردان] ساڵی ١٩٤٠ سوپای ئاڵمان هێرشی کردە سەر فەڕانسە و وڵاتانی خوارەوە (وڵاتانی ناوچەی لێواری ڕۆژاوای ئورووپا کە دەبێتە هولەند و بلژیک)، لەو هێرشەدا سوپای ئاڵمان بە فورمێکی نوێ شەڕەنگێزی سوودی لێ وەرگرت. ئاڵمانییەکان بە خێراییەکی باوەڕ پێنەکراو پێشڕەوییان کرد، لە تانک و فڕۆکە بە شێوەی هەماهەنگ بۆ هێرش کەڵکیان وەرگرت و سەیرترین سەرکەوتنیان لە مێژووی نیزامی‌دا تۆمار کرد. سەرکەوتنی هێرشی بروسکەئاسا بەهۆی بەرگرییەکی پتەو و وەستاوی هاوپەیمانان، زۆر لەسەرێ بوو. شێوەی بەرگری هاوپەیمانان هاوشێوەی بەرگری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەوارزمشا لە دژی مەغۆلەکان بوو. کاتێک ئاڵمانییەکان ئەو بەرگرییەیان تێکشکاند هاوپەیمانان نەیانتوانی لەکاتی پێویستدا خۆیان ڕێک بخەنەوە و کاردانەوەیان هەبێ. ئاڵمانییەکان خێراتر لەوان جووڵانەوە، سەرەنجام هاوپەیمانان بڕیاران دا ستراتیژییەکی بەرانبەر بەکار بێنن، ئیتر زۆر درەنگ و هەلومەرج گۆڕابوو. ئەوان هەمێشە هەنگاوێک لەدواوە بوون.

ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر لەگەڵ کەسانی خۆپارێز، وریا و بەرگریکاردا سەروکەللە لێک دەدەین، ئەو کەسانە هەموو شتێک لە پێگەیەکی ڕاوەستاوەوە دەست پێدەکەن هۆکارەکەشی سادەیە: خێرایی ژیانی مۆدێرن ئەمڕۆ لە ڕۆژی پێشوو خێراترە و ژیانی ئەمڕۆ پڕە لە بیرچوونەوە و کەمهۆشی، پڕە لە وەستان و ئازار و هەراسانکردن. وەڵامیکی سروشتی بۆ زۆر کەس ئەوەیە کە بۆ ناخ و دەروونی خۆیان پاشەکشە بکەن و لە بەرامبەر ڕاستییەکانی تاڵ و قورسی ژیانی مۆدێرن دیوارێکی ڕەوانی بکێشن. خەڵک لە هێرشکردنە سەریان و هەڵەکردن دەترسێن و بێ ئاگاهانە هەوڵی هێوەرکردنەوەی شتەکان دەدەن و بڕیارەکان وەدوا دەخەن و ناچنە ژێر باری بەڵێنەوە و بە وریا و بەرگریکارانە هەڵسوکەوت دەکەن.

هەروەها شەڕەنگێزی بروسکەئاسا لە شەڕەکانی ڕۆژانەماندا کاربوردی هەیە و دەتوانرێ بڵێین ستراتیژییەکی تەواو و بێ کەموکوڕییە بۆ ئەو ڕۆژگارەیە. کاتێک دەوروبەری ئێوە حاڵەتی بەرگری و ئیستایی هەیە ئەوانە بە جووڵەی خێرا، لەناکاو و کاریگەر خافڵگیر بکەن و پێش ئەوەی ئامادە بن واداریان بکە کردەوە و جووڵەیان هەبێ. وەک هەمیشە کەسانی خۆپارێز و پاسیڤ ناتوانن کاردانەوەیان هەبێ، ئەگەری ئەوە هەیە کە تووڕە بن و بە بێ بیرکردنەوە دژکردەوە نیشان بدەن. ئێستا ئێوە دیواری بەرگری ئەوانتان تێکشکاندووە و ئەگەر ئەو گوشارە درێژە بدەن، دیسان بە زەربەیەکی کتوپڕ خافڵگیریان بکەنەوە. ئەوان بە بێ مەبەست دەچنە نێو مارپێچی دەروونییەوە و یەک لە دوای یەک هەڵە دەکەن. ئەوەش دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی زیاتریان و ئەو سووڕانە بێهوودە و خۆڕاییە بەردەوام دەبێ.

هێندێک کەس کە جۆرێک لە شەڕی بروسکەئاسایان لە بەرەکانی شەڕدا جێبەجێ کردووە و باوەڕیان بە کاریگەرییە سەرسوڕهێنەرەکەی لە ژیانی ڕۆژانەدا هەیە. ژولیوس سزار مامۆستای خێرایی و خافڵگیری نموونەی بەرچاوی ئەو لێهاتووییە، ئەو لەناکاو پلانی دۆستایەتی لەگەڵ خراپترین دوژمنی ئەندامی سەنا دانا و ئەو سەناتۆرەی ناچار کرد هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ و لەگەڵ سزار هەماهەنگ بێ. چونکە بێجگە لەوە سەناتۆر ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبووەوە. بەو پێیە دەیتوانی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە کەسێک خۆش بێ کە لە دژی ئەو شەڕی کردبێ، ئەو کاتە دەبووە یەکێک لە هاوپەیمانە دڵسۆزەکان و متمانەپێکراوی سزار. بڕوا و ناوبانگی ژولیوس بۆ ئەنجامدانی کاری چاوەڕواننەکراو، وایکرد بوو کەسانی دیکە لە حوزووری ئەودا خۆپارێز ڕەفتار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەن.[١]

ئەو ستراتیژییە بۆ کەسانێک سەرسوڕهێنەرە کە هەمیشە گومانیان هەیە و لە هەڵەکردن دەترسێن. بە هەمان شێوە ئەگەر ئێوە دوژمنتان هەیە کە یەکپارچەیی و یەکگرتوویی لە دەست داوە بە هێرشی بروسکەئاسا زیاتر سەرلێشێواو دەبێ و دادەڕمێ. نیوەی سەرکەوتنی ناپلیۆن بناپارت لە شەڕکردن‌دا ئەوە بوو کە ئەو ستراتیژییەی لە دژی سوپای هاوپەیمانان بەکار هێنا و لەو شەڕانەشدا چەند ژێنراڵێک مەسئولی جێبەجێ‌کردنی ئەو ستراتیژییە بوون. کاتێک سوپای ناپلیۆن هەماهەنگی و یەکگرتوویی سوپای دوژمنی دەشێواند دیواری بەرگری ئەوانی تێک دەشکاند و لە دەروونەوە خەریکی داڕمان بوون.

وەک کیسینجێر نیشانیدا، ستراتیژی بروسکەئاسا لە دیپلۆماسی‌دا کارایی هەیە. کاتێک وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا زۆرجار دیدارێکی لەگەڵ کەسێک هەبوایە زۆربەی کاتەکانی بە گاڵتەکردن لەگەڵی تێدەپەڕاند. بەڵام هەر کە دەگەیشتنە دوا ساتەکانی کۆبوونەوە لیستێکی درێژی داواکارییەکانی بۆ لایەنی بەرامبەر ڕیز دەکرد، ئەو کەسە ئیدی کاتێکی بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان نەبوو، بۆیە سەری سووڕ دەما و تووشی هەڵە دەبوو، ئەوە هەمان ستراتیژی خاوەخاو- خێرا خێرای کیسینجێر بوو.

ئاڵمانییەکان لە شەری جیهانی دووهەم‌دا لە یەکەمین هێرشیان بۆ فەڕانسە لە ڕێگەی دارستانی ئاردێنس لە باشووری بلژیکەوە هێرشیان کرد. وا پێ‌دەچوو تانکەکان ناتوانن بچنە نێو دارستانەکە، بۆیە زۆر پارێزگاری لێ نەدەکرا. بە سەرنجدان بەم خاڵە لاوازە ئاڵمانییەکان توانیان خیرایی و پەلەی خۆیان زیاتر بکەن. بۆ بەڕێوەبردنی ستراتیژی بروسکەئاسا دەبێ لە پێشدا خاڵی لاوازی دوژمن بدۆزییەوە. کاری خۆتان لە مەوقعییەتێکەوە دەست پێ بکەن کە دوژمن لە بەرامبەری دا بەرگرییەکی ئەوتۆ نەکا و بەو جۆرە هەمان خێرایی هەرەپێویست بەدەست دێنی.

سەرکەوتنی ئەو ستراتیژییە لەسەر سێ شت دامەزراوە. گرووپێک کە چالاک و گەڕۆک بێ

---

١. نابغەی محەممەد عەلی هێندە گەورە بوو سنووری خۆی تێپەڕاند و کردیان بە هەست، باشترە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە بچێ. باوەڕ ناکەم عەلی بەرامبەر پاڵەوانی کێشی قورس سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ. عەلی لە بیست پێشبڕکێی یەکەمدا هەمووی بردەوە، نهێنی محەممەد عەلی کلی چی بوو؟ ئایە دەکرێ کەسێک کە بە گوتەی هەموو شارەزایان لە بواری بۆکس‌دا زۆر بەهێز نەبێ و هەموو ڕەقیبەکانی لە نێویاندا "سۆنی لیستۆن" کە ساڵانێکی زۆر یەک لە دوای یەک پاڵەوانی جیهان بوو، لە مەیدان وەدەری بنێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە خێرایی کردار و (زمان‌سنجی) واتە کات‌بژێر. محەممەد عەلی کلی ئەو توانایی هەبوو کە زەربەکانی بە شێوەیەکی زۆر بەسورعەتی توند و لە هەموو گرنگتر لەکاتی پێویست‌دا لێ بدا، کە نەیاری توانای پێش‌بینی نەبوو تەنانەت نەیاری ڕووبەڕووی عەلی نەیدەتوانی زەربەکەی ببینێ و لەئاکام‌دا بۆ ئەوەی زەینی بۆ دیتنەوەی دژکردەوە لەخۆی نێشان بدا ئامادە نەدەبوو، بەو هۆیە چاوەکانی بەرامبەر مشتی عەلی نەیدەبینی و نەیدەتوانی بۆ مێشکی پەیام بنێرێ و تا مێشک ئەو شوێنەی زەربەی دەخوارد ئامادە بکا، لە ئاکام‌دا تەختی زەوی دەبوو. زەربەی مشت یان مستی کە ئێوە دەخاتە سەر زەوی هێزی کەمترە لە مستێک کە ناتوانی بیبینی. مانند زنبور نیش بزن، خوزە تورس و برت، ڕاندولف شوگار ١٩٧١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(هەرچەندە بچوکتر، باشتر)، هەماهەنگیەکی هەرەباش لە نێوان بەشەکان و توانای ناردنی دەستووراتی خێرا بۆ دەستی سەرەوە و خوارەوە. هەرگیز بۆ ئەو کارە پشت بە تێکنۆلۆژی مەبەستە. لەشەڕی ویتنام نیزامی‌یانی ئەمریکایی لە هەمان بواردا ڕووبەڕووی وەستان بوونەوە، ویتنامییەکان لە ڕووی پێوەندییەوە لە وان لەسەرتر و باڵاتر بوون. پشتیان بە تۆڕێکی سیخوڕی هەماهەنگ و باش، نەک تێکنۆلۆژی، بەستبوو، خێراتر بڕیاریان دەدا و هێرشیان دەکرد و لە ئەنجامدا لە بەرەکانی شەڕدا زیرەکانەتر ڕەفتاریان دەکرد.

پاش ماوەیەک لەساڵی ١٩٣٢ کاتێک فرانکلێن ڕۆزوێڵت وەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرا، وا پێدەچوو کە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا ون بووە. دابەزینی ئابووری کارەسات بوو و بە بڕوای زۆرێک لە ئەمریکاییەکان ئەو ونبوونە ئاسایشی دابین نەکرد. ڕۆزوێڵت پاشان بە میتۆدێکی نوێ ئەو دۆخەی گۆڕی. ئەو بە وتارە ئاگرینەکەی نیشانیدا کە بڕیارە زۆرێک لە کێشەکانی وڵات چارەسەر بکا. لە هەفتەکانی دواتردا بە یاسایەکی بوێرانەوە چووە کۆنگرێس. چڕی و جیددییەتی ئەو ڕێکارە نوێیە ئەوەندە زۆر بوو کە هەمووان هەستیان پێدەکرد. ئەوەی ئەو سیاسەت و ستراتیژییە بۆ ڕۆزوێڵت بەدیاری هێنا، ئەوە بوو کە خەڵکی دەرکیان بەوە کرد ئەو پیاوێکی کردەوەیە و بەو کارە ڕاست و دروستە وڵات ڕزگار دەکا. ئەو خێرایی و چڕییە وایکرد خەڵک پشتیوانی سیاسەتەکانی و متمانەیان بە سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمە بکەن و لە ئەنجامدا دۆخی ئابووری باشتر بوو.

کەواتە خێرایی کردەوە تەنیا ئامرازێکی بەهێز نییە لە دژی دوژمنێک، بەڵکوو دەتوانێ کاریگەرییەکی ئەرێنی و بەهێزی هەبێ لەسەر ئەوانەی لە لای تۆ و دەوروبەری ئێوە هەیە. فرێدریکی گەورە ئاماژەی بەوە کردووە کە سوپایەک بە خێرایی بجووڵێ، ورە و ڕوحیەی بەرزتری هەیە. خێرایی هەستێکی زیندوویی بە مرۆڤ دەبەخشێ. جووڵەکردنی خێرا، واتە بۆ تۆ و سوپاکەت هەلێک بۆ هەڵەکردن نییە. هەروەها کاریگەرییەکی ئەفسوناوی هەیە، چونکە خەڵکێکی زۆرتر سەرسام دەبن بە بوێری تۆ و بڕیار دەدەن بچنە نێو هێزەکەتەوە. وەک ڕۆزوێڵت بڕیارە گرینگەکانی خۆتان لەکاتێکی هەستیار ڕابگەیەنە و جێبەجێی بکەن، کاتێکی پڕ لە بێدەنگی و جێگەی سەرنج لە شوێنی کۆبوونەوە کە هەمووان چاوەڕێی هاتنە ژوورەوەی تۆ دەکەن.

**بیهێنە بەرچاوت:** زریان. ئاسمانێکی بێدەنگ و مات، هێمنی باڵی بە سەردا کێشاوە. پاشان لەناکاو لە شوێنێکی نادیارەوە هەورە بروسکە ئاسمانی شەق کرد، با هەڵیکرد و ئاسمان تێتەپی، ئەو هەموو ترسە بەهۆی کتوپڕی زریانەکەوە بوو.

ناپلیۆن بناپارت دەڵێ: *"دەبێ لە هزر و بیرکردنەوە بەسەبر بی، بەڵام لە جێبەجێ‌کردنی خێرا و سەریع بە."*

## حاڵەتی دەگمەن

خاو یان هێواش بەتایبەتی لە کاتی دەسپێکەوە بەهایەکی زۆری هەیە. کاتێک بیرمەند ئارام و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەمێک گەمژە بەرچاو کەوێت، دوژمنەکەتان ئارام دەبێتەوە و هەست دەکات کە هەر ئەمە شێوازی تۆیە. کەواتە خاوی و خێرایی زۆر زانایانە و ورد بەکار بێنە تا نەبێتە تەڵەیەکی فریودەر بۆ خۆتان.

بەگشتی کاتێک ڕووبەڕووی دوژمنێکی توندوتیژ و خێرا دەبیەوە، تەنیا بەرگری ڕاستەقینە ئەوەیە یان وەک ئەو خێرا بی یان لە ئەو خێراتر بی. تەنیا خێرایی دەتوانێ خێرایی لە کار بخات. دەست پێکردن بە بەرگرییەکی بەهێز تەنیا بە لایەنی بەرامبەر کات دەدا، ڕێک هەمان هەڵە کە خەوارزمشا کردی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی پازدەیەم:
# هێزی بزوێنەر کۆنترۆڵ بکەن.
# ستراتیژیی بەکارهێنانی هێز (فشار)

خەڵک بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان بتانخەنە ژێر چاوەدێرییەوە و وادارت بکەن لەبەرژەوەندی ئەوان کار بکەی و جووڵەی ئێوە لە چوارچێوەی ئامانجی ئەواندا بێ. تەنیا ڕێگایەک کە بتوانێ ئێوە لەم پێوەندییەدا سەرکەوتوو بکا ئەوەیە کە بە زیرەکی و پیلان‌دارێژی ڕۆڵی چاوەدێری خۆتان بەهێزتر بکەن. لەبری ئەوەی هەوڵبدەی بەسەر هەموو جووڵەکانی لایەنی بەرامبەردا زاڵ بن، باشتر وایە جەوهەر و زاتی پێوەندیەکە پێناسە و ڕوون بکرێتەوە. مانۆڕ لێ بدەن بۆ ئەوەی بیرو ئاوەزی دژبەرانی خۆتان بخەنە ژێر چاوەدێریتانەوە، هەستەکانیان هەڵخرێنن دنەیان بدەن بۆ هەڵەکردن. ئەگەر کۆنترۆڵی ڕێڕەوی گشتی بکەن و چوارچێوە بۆ شەڕەکە دابنێین، هەموو شتێک لە دەستی ئێوە دا دەبێ.[1]

## هونەری کۆنترۆڵی کۆتایی

کۆنترۆڵکردن لە هەموو پەیوەندییەکان‌دا گرنگە. سروشتی مرۆڤ دەخوازێ هەستی بێ هیوایی لا بدەین و بۆ بەهێزبوون هەوڵ بدەین. هەر کاتێک دوو کەس یان دوو گرووپ پێکەوە کار بکەن بەردەوام مانۆڕ لێ‌دەدەن بۆ پێناسەکردنی پەیوەندیی و دیاریکردنی ئەوەی کێ کۆنترۆڵی بەسەر ئەوی دیکەدا هەیە. شەڕی ئیرادەکان بابەتێکی قەدەر و حەتمییە. ڕۆڵی ئێوە وەک ستراتیژیست دوو ڕەهەندی هەیە. یەکەم: دەبێ تێکۆشان و هەوڵی خۆتان بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو لایەنەکانی ژیان ڕێک بخەن و هەرگیز فریوی ئەو کەسانە نەخۆن کە دەڵێن مەیلی کۆنترۆڵکردنی شتەکانمان نییە.

---

١- "فشاردانی باڵنج یان بالیف، لەسەر دەمی نەیار"، ئاماژەیە بۆ هەوڵدان بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەی نەیار سەری بەرز بکاتەوە. لە شەڕەکاندا بە پشتبەستن بە ستراتیژی نیزامی، شتێکی نامۆیە ڕێگە بە دوژمن بدەن دەست پێشخەری بکا و خۆت بخەیە دۆخێکی بەرگرییەوە. بە هەر نرخێک بێ، دەبێ لە نەیاری بەرامبەر وا بکەی بە شێوەیەک بجووڵێ کە کۆنترۆڵی هەلومەرج لە دەست ئێوەدا بێ. بە دڵنیاییەوە لە کاتی شەڕدا، بەرامبەرەکەت بە ڕادەی تۆ دەیهەوێ کۆنترۆڵی دۆخەکە بکا. بۆیە زۆر گرنگە لە تاکتیک و نیازی ئەو تێ‌بگەن، لەسەر بنەمای پرنسیپەکانی ستراتیژی نیزامی پێویستە هەمیشە زاڵ بی بەسەر دوژمن‌دا، بۆیە بە وردی گرنگی بەو خاڵە بدەن. کتاب پنج حلقه میاموتو مووساشی ١٥٨٤-١٦٤٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووهەم: پێویستە بە هونەری ڕێنمایی لایەنی بەرامبەرت وەک مۆرەکانی شەترەنج بە شێوەیەک تەیار بن کە هەم ڕێگا و هەم ئامانج لەبەردەستی ئێوە دا بێت. بە درێژایی مێژوو زۆربەی ژێنراڵە داهێنەر و ستراتیژییە نیزامییەکان پشتیان بەو هونەرە بەستووە.

شەڕ لە سەرووی هەموو شتێکەوە، ململانێ بۆ ئەو ئامانجەیە کە کێ دەتوانێ تا ڕادەیەکی زیاتر کردەوەکانی لایەنی بەرامبەر کۆنترۆڵ بکا. نابغە نیزامییەکان وەک هانیباڵ، ناپلیۆن و ئێروین ڕۆمێل بەو ئاکامە گەیشتوون کە باشترین ڕێگە بۆ کۆنترۆڵ ئەوەیە کە مەسیر و خێرایی و شێوەی گشتی شەڕەکە دیاری بکەن. بەو مانایە کە دوژمنان بە ناچاری بە پێی ئارەزووی تۆ شەڕ بکەن و بەو شێوەیە بۆ ناوچە و کەش‌وهەوایەک پەلکێشیان دەکەن کە بۆ ئەوان نامۆ و نادیارە، بەڵام بۆ تۆ ئاشنایە و ئەوەش بە مانای بەدەستهێنانی سەرچاوەی زیاترە. لە هەمووی گرنگتر ئەوە مانای ئەوەیە کە مانۆڕەکان لەگەڵ لاوازیی دەروونیی ئەوان هەماهەنگ دەکەن، چونکە بە سەر چوارچێوەی زەینی ئەواندا کۆنترۆڵی پێویستت هەیە.

ستراتیژیستی سەرکەوتوو دەزانێ کە محاڵە و ناکرێ بە وردی دژکردەوەکانی دوژمنەکەی بەرامبەر بە جووڵە و بڕیارەکانی کۆنترۆڵ بکا. هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵی وردبینانە، ئاکامەکەی تەنیا ماندوویەتی و بێتاقەتی دەبێ. لە شەڕ و ژیاندا زۆر شت هەیە کە کۆنترۆڵ ناکرێ. بەڵام ئەگەر ستراتیژیست بتوانێ ڕەنگ‌وڕوو و زەینی دوژمنەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکا، چۆنیەتی وەڵامی ئەوان بەمانۆڕەکان زۆر گرینگ نییە. ئەگەر بتوانن ئەوان بترسێنن و تووڕەیان بکەن، ئەوە دەتوانن بەشێکی زۆر لە کردەوەکانیان کۆنترۆڵ بکەن و پێش ئەوەی زەربەی فیزیکی‌یان لێ بدەن دەتوانێ دەروونیان وێران بکات.

کۆنترۆڵکردن دەتوانێ پاسیف یان شەڕەنگێزانە بێ، دەتوانێ گورزێکی دەستبەجێ لە دوژمن بێ کە هاوسەنگی تێک بدا و ئیبتکاری عەمەلی لە دەست دەربێنن، هەروەها دەتوانێ جۆرێک لە یاریکردن بێ، بەشێوەیەک کە دوژمن لە دۆخی بەرگری بچێتە دەرەوە و بکەوێتە نێو تەڵەیەکی هێرشێکی دەستبەجێوە. هونەری کۆنترۆڵکردن دەزانن کە هەر دوو فوڕمەکە لە نەخشێکی لەنێوبردن پەیڕەو دەکەن، واتە زەربە لێدان و تێکدانی هاوسەنگی، تەڵە نانەوە و وێران‌کردن.

ئەو هونەرە لە تەواوی شەڕەکانی ڕۆژانەمان کاربوردی هەیە. زۆر کەس بە نائاگایی مەیلیان هەیە یاری باڵادەستی بکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی جووڵەی کەسانی دیکە و هێندێک جار لەو یارییانەدا خۆیان دەبنە قوربانی. ئەوان لە هەوڵی بەڕێوەبردن و دیاریکردنی کاروباری بێ‌ئەژمار خۆیان ماندوو دەکەن و تووشی هەڵە دەبن و کەسانی دیکە ئازار دەدەن، لەکۆتایی‌دا کۆنترۆڵی هەلومەرج لەدەست دەدەن. ئەگەر ئێوە ئەو هونەرە بناسن و لەو بوارەدا ببنە مامۆستا، لە کۆنترۆڵ و کاریگەری لەسەر لایەنی بەرامبەر خەلاقییەت و داهێنان بەدەست دێنن. بە دیاریکردنی جووڵەی ئەوانی دیکە و ئاستی خێرایی ئەوان و ئەو پشکەی کە بەریان دەکەێ، بەرە بەرە بۆت دەردەکەوێ کە هەموو ئەو کارانەی ئەوانی دیکە لە وەڵامی ڕەفتارەکانی ئێوەدا دەیکەن لەگەڵ ئەو دینامیکی گشتییەی کە تۆ دروستت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردووە، هاوئاهەنگە. لەوانەیە بزانن لەژێر دەسەڵاتی تۆ دان، بەڵام هیچ کارێکیان لەدەست نایە یان ڕەنگە بێ ئەوەی کە هەستی پێ بکەن لە بەرژەوەندی تۆ هەنگاو دەنێنەوە. ئەوە هەمان کۆنترۆڵکردنی کۆتاییە. لەخوارەوە چوار بەشی بنەڕەتی ئەو هونەرەم هێناوە.[١]

١-**دەست و پێی ببەستن.** پێش ئەوەی کە دوژمنی ئێوە جووڵە بکا پێش ئەوەی کە شانش ڕووی تێ بکا و جووڵەی چاوەڕوان‌نەکراوی ئەو، پلانەکانت لێ خراپ بکا، هێرشی بۆ بکە تاکوو ئیبتکاری عەمەل بەدەستەوە بگرن و پاشان فشارێکی بێ‌پسانەوەی بخەنە سەر و لە باشییەکانی خێرایی کردەوە کەڵک وەربگرن، چاوەڕوانی دەرفەت مەکەن و بۆخۆتان دەرفەت دروست بکەن. ئەگەر لە نەیار لاوازتر بن ئەو بنەمایە ئێوە لەگەڵ ڕەقیبەکەت هاوتەراز دەکا، ئەگەر بتوانی دوژمن لە حاڵەتی بەرگریدا ڕابگرن و ئەو لە دۆخی دژکردەوەدا قوفل بکەن کاریگەری وێرانکەری دەبێت.

٢- **مەیدانی شەڕ بگۆڕن.** دوژمن ئوسوولەن دەیهەێ لە ناوچەیەکی کە لێی شارەزایە شەڕ بکا، ناوچە لێرە بە مانای تەواوی وردە کارییەکانی شەڕە. لە شوێن و کات ڕابگرە تاکوو ئەو کەسانەی کە لەشەڕدا بەشدارن و دەسکەوت و هۆکاری شەڕ چیە. ئەگەر زۆر زیرەکانە و وشیارانە دوژمنی خۆتان بەرەو ناوچەیەک یان هەلومەرجێکی باش پەلکێش بکەن کە ئەو لێی شارەزا نییە و دەتوانن هەموو شتێک لەژێر چاوەدێری بگرن. نەیارانی ئێوە بێ ئەوەی کە بزانن چ شتێک ڕوو دەدا بە پێی بارودۆخی ئێوە شەڕ دەکەن.

٣- **لایەنی بەرامبەر ناچار بە هەڵەی بکەن.** دوژمنی ئێوە پشتی بە جێبەجێ‌کردنی ئەو ستراتیژیە بەستووە کە بەرژەوەندییەکانی لەخۆ بگرێ و لە ڕابردوودا وەڵامدەر بوو بێ. ئەرکی تۆ دوو لایەنی هەیە: ئەو شەڕە بەجۆرێک بکە کە نەتوانێ هێز و ستراتیژی خۆی بەڕێوە ببا. ئەوەندە ماندووی بکە کە لە پرۆسەکەدا هەڵە بکا، نابێ کاتێکی ئەوتۆی پێ بدەن کە کارێک بکا. پێویستە یاری بە لاوازییە سۆزدارییەکانی بکەن و تا دەتوانی لاوازی بکە، بەو کارە ئەو بەرەو تەڵە پەلکێش دەکەن. هەڵەی زیاتری ئەو یانی کۆنترۆڵی زیاتری ئێوە.

٤- **بە شێوەیەکی پاسیڤی کۆنترۆڵ بکەن.** باشترین شێوەی باڵادەستی ئەوەیە کە لایەنی بەرامبەر وا بیر بکاتەوە کە خۆیان کۆنترۆڵی دۆخەکە دەکەن. کاتێک پێیان وایە بەرپرسن کەمتر بەرەنگاری ئێوە دەبنەوە و حاڵەتی بەرگری بە خۆیانەوە دەگرن، بەسە بە وزەی ئەوان بجووڵێی و هاوڕایان بی، بەڵام وردە وردە و بەمشوور ڕایانکێشن بەرەو ئەو ڕێیەی وا حەزتان لێیە.

سون تێزۆ دەڵێت: *"ئەو کەسەی لە شەڕدا لەسەرترە، ئەو کەسەیە کە ئەوانی دیکە دەکاتە بوکەڵەی خۆی، نەک ئەو کەسەی کە خۆی دەبێتە بوکەڵەی ئەوانی دیکە."*

---

١. بەکورتی وەک فرێدریکی گەورە، پێم وایە هەمیشە دەبێ یەکەم کەس بم کە هێرش بکەم. ناپلیۆن بناپارت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**نموونەی مێژوویی**

١- کۆتایی ساڵی ١٩٤٠ هێزەکانی ئینگلستان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست توانیان پێگەی خۆیان لە میسر مسۆگەر بکەن و بەشێکی باشی لیبی وەربگرنەوە کە ئیتالیاییەکان (هاوپەیمانی ئاڵمان) لە سەرەتای شەڕی جیهانی دووهەمدا دەستیان بەسەردا گرتبوو. ئینگلیزییەکان دوای ئەوەی بەندەری گرنگی شار، واتە بنغازییان گرتبوو دەیانتوانی بەرەو ڕۆژاوا پێشڕەوی بکەن و تەواوی ئەو مەسیرە تا دەگاتە تەرابلۆس بپێون و ئیتالیا بۆ هەمیشە لەو وڵاتە وەدەر نێن. پاشان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بڕیاری وەستان دەرا. ژێنراڵ ئارچیباڵد ویوڵ فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئینگلستان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە زۆربەی بەرەکاندا شەڕی وەڕێ خستبوو. بەو پێیەی ئیتالیاییەکان خوێرییەتی و بێ خاسییەتی و ناکارامەیی خۆیان لەشەڕی بیاباندا نیشان دابوو، ئینگلیزییەکان بیریان کردەوە کە دەتوانن لە لیبی هێڵێکی بەرگریی دروست بکەن و هێزەکانیان لە میسر زیاتر بکەن و تا مانگی ئاوریلی [بانەمەڕ] ساڵی داهاتوو هێرشێکی گەورە بۆ سەر ئیتالیاییەکان دەست پێ بکەن.

هەواڵی ئەوەی کە تیپێک زرێپۆشی ئاڵمانی بە فەرماندەهی ژێنراڵ ئێروین ڕۆمێڵ لە فوریەی ١٩٤١ گەیشتە تەرابلۆس و هیچ ئاڵوگۆڕێکی لە پلانەکانی ئینگلستاندا پێک نەهێنا. ڕۆمێل لە ماوەی هێرشی بروسکەئاسای ساڵی ڕابردوو لەفەڕانسە وەک فەرماندەیەکی لێهاتوو دەرکەوتبوو بەڵام لێرەدا لەژێر فەرماندەیی ئیتالیادا بوو، بۆ پێداویستییەکان وابەستەی ئیتالیای ناکارامە و هێزەکەی بۆ ئەوەی ڕوحیەی ئینگلزییەکان بشێوێنێ زۆر کەم بوون. بێجگە لەوە، ڕاپۆرت و هەواڵگرییەکان ئاشکرایان کردووە کە هیتلێر ئەوی ناردووە بۆ ئەوێ بێجگە لە ڕێگریکردن لە پێشڕەوی ئینگلیزییەکان بۆ تەرابلۆس کارێکی زیاتر نەکا.

پاشان بەبێ ئاگادارکردنەوە، لە کۆتایی مانگی مارس [سەرەتای مانگی خاکەلێوە] ساڵی ١٩٤١دا تانکەکانی ڕۆمێڵ بەرەو ڕۆژهەڵات ڕۆیشتن. ڕۆمێڵ هێزە بچووکەکانی خۆی بەسەر چەند ستووندا دابەش کرد و لە چەند شوێنی جیاوازەوە بەرەو هێڵی بەرگری ئینگلستان ڕەوانەی کردن. ستوونە میکانیکییەکان بە خێراییەکی زۆر حەرەکەتیان دەکرد، شەوانە کە ڕووناکی کەم بوو دەستیان بە پێشڕەوی دەکرد و دوژمنیان سەرسام و خافڵگیر دەکرد، لەناکاو لە پشتەوە یان لە لاوە دەر دەکەوتن. کاتێک هێڵی بەرگری ئینگلیز لە چەند لاوە تێکدەشکان ئەوان ناچار کران بۆ دوورترین خاڵ، واتە زیاتر بۆ لای ڕۆژهەڵات بکشێنەوە. لەڕوانگەی ئارچیباڵد ویوڵ کە لە قاهیرەوە بەدواداچوونی بۆ ڕووداوەکە دەکرد ئەو شۆکێکی عەجایب و هەڵبەت سووککردنی ئینگلیز بوو. ڕۆمێڵ توانی بە هێزێکی زۆر کەم و تانکی کەم و خواردنێکی زۆر کەم گێژاوێکی وا گەورە دروست بکا کە لە چەند هەفتەیەکدا ئاڵمانییەکان تا سنووری میسر پێشڕەوییان کرد.

شێوازی نوێی شەڕەنگێزی ڕۆمێڵ لەو هێرشەدا وێرانکەر بوو. ئەو بە جۆرێک لە بیابان کەڵکی وەرگرت گۆیا دەریایە، سەرەڕای سنوورداربوونی سەرچاوەکان و نائاشنابوون بە ناوچەی جوغرافیایی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تانکەکانی بەردەوام لە جووڵە دابوون، ئینگلیزییەکان تەنانەت نەیانتوانی ساتێکیش پشوو بە هێزەکانی خۆیان بدەن. ئەوەش بووە هۆکاری کە ماندوو بن. لەگەڵ ئەوەی جووڵەی هێزی ڕۆمێڵ بە شێوەیەکی سوتفە دەرکەوت بەڵام ئامانجی تایبەتیان بۆ شتێکی دیاریکراو بوو. ئەگەر ویستبایەی شارێکی دیاریکراو بگرێ ئەوە بە ئاراستەی پێچەوانەدا دەجووڵایەوە و پاشان دەوری لێدەدایەوە و لە شوێنێکی چاوەڕواننەکراو هێرشی دەکرد، لەلایەکەوە ئەو چەندین ماشێنی بارهەڵگری لەگەڵ خۆی هێنابوو ئەوەندە تۆز و خۆڵ دروست بکا کە هێزەکانی ئینگلستان نەیانتوانی بزانن بەرەو کوێ دەڕۆن و لە لایەکی دیکەوە تووشی هەڵەی دەکردن پێیان وایە هێزەکانی زۆرن.

ڕۆمێڵ پێش ئەوەی هێزەکانی بە چەندین ستوون دابەش بکا، گیانی دەخستە مەترسییەوە و لە هێڵی پێشەوە دەڕۆی تا بتوانێ بەچاوی خۆی هەڵێنجان و بەرداشتی دروست و بڕیارێکی خێرا بدا، پێش ئەوەی هێزەکانی ئینگلیز کاتی کاردانەوەیان هەبێ ستوونەکانی بڵاوە پێ دەکرد، لەلایەکی دیکەوە تانکەکانی بە ئاراستەی پێچەوانەی تانکەکانی ئینگلیزدا دەجووڵاند بۆ ئەوەی ترسناکترین زەربە بوەشێنێ. ناوبراو لەبری ئەوەی بۆ پێشەوە ڕێنوێنییان بکا تا لە هێڵی پێشەوەی دوژمن کەلێن دروست بکەن لاوازترین تانکەکانی بۆ پێشەوە ڕەوانە دەکرد و پاشان لە یەکەمین پەیوەندی بەرەو دواوەی دەکێشانەوە. تانکەکانی ئینگلیزی دەسبەجێ فریویان دەخوارد و پێوشوێنی تانکەکانی ئاڵمانی دەکەوتن، ئەوەندە تۆزوخۆڵ دروست دەبوو کە نەیان دەتوانی ببینن و ڕوو لە نێو لوولەی مەرگهێنەرترین چەکی دژە تانکی ئاڵمانییەکان دەکەن. کاتێک ژمارەیەک لە تانکەکانی ئینگلیس لە جێگەی خۆیان نەمابوون ڕۆمێڵ سەر لەنوێ پێشڕەوی دەکردەوە و لە پشتەوە زەربەیەکی کاریگەر و وێرانکەری لە هێڵی بەرگری ئینگلیس دەدا.[١]

ئینگلیزییەکان کە بەردەوام دەست و پێیان بەسترا بوون، بەناچاری دەبوو لە وەڵامی جموجۆڵەکانی ڕۆمێڵدا بڕیاری خێرا بدەن کە تووشی هەڵەی زۆر بوون. ئەوان نەیان دەزانی کە ڕۆمێڵ دیسان لە کوێ و لەکام لاوە دەردەکەوی بەو هۆیەوە هێزەکانی خۆیان بە شێوەیەکی مەترسیدار لە ناوچەیەکی فراوان بڵاو دەکردەوە و زۆری نەدەخایاند ستوونی ئاڵمانی بە فەرماندەهی ڕۆمێڵ دەردەکەوت، هەرچەند هێزەکانی ئینگلستان لە ئاڵمانییەکان زۆر زیاتر بوون بەڵام ئینگلیزییەکان سەنگەر و پێگەکانیان بەجێدەهێشت. لە کۆتاییدا، تەنیا شتێک کە ڕۆمێلی ڕاگرت حەساسییەتی هیتلێر بەرامبەر بە ڕووسیە بوو، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەو کەرەستە و سەرچاوە و هێزەکانی یارمەتیدەر کەم بکاتەوە کە ئەو بۆ داگیرکردنی میسر پێویستی بوو.

---

١. ئەگەر بڕی زانیاری و زیرەکی وەک یەک بێ، ترس و تۆقاندن و وەحشەت، هەزاران جار لە بوێری وێرانکەرتر دەبێ. کارل فون کلاوزویتس

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**لێکدانەوە**

هەلومەرجێکی کە ڕۆمێل لەگەڵی ڕووبەڕوو بوو بەمجۆرە لێکدانەوەی بۆ کرد. دوژمن پێگەیەکی بەهێزی لە ڕۆژهەڵات هەیە ئەگەر هێزی زیاتر لە میسرەوە بنێردرێ بەهێزتر دەبێ، ڕۆمێل هێزی کەمتری هەبوو و ئەگەر زیاتر چاوەڕێ بوایە ئەو هێزە بێ کەڵک و بێ‌سوودتر دەبوو، بۆیە بڕیاریدا سەرپێچی لەدەستووراتی هیتلێر بکا و تەنانەت کار و پیشەکەی بخاتە مەترسییەوە و ڕاستییەک ئاشکرا بکا کە لە شەڕی بروسکەئاسا لە فەڕانسە بۆی سەلمێندرا، ئێستا دەیتوانی دژی ئینگلستان بەکاری بێنێ. ناوبراو لە یەکەمین زەربە لە دوژمن پرۆسەی شەڕی گۆڕی. ئەگەر دوژمن بەهێزتر بێ، بەهۆی ئەو لێدانە بەهێزەوە سەری لێ دەشێوێ و دەکەوێتە دۆخێکی بەرگرییەوە. ئێستا کە دوژمن گەورەتر و ئامادەکارییەکی زۆری نەبوو، کەوابوو سازماندەهی پاشەکشەیەک لەکاتی خۆیدا سەخت‌تر و گران بۆی تەواو دەبوو.

ڕۆمێل بۆ ئەوەی ئەو ستراتیژییە بەکار بێنێ، دەبوو لە نێو هیزەکانی دوژمن پشێوی و بێ‌نەزمی دروست بکا. ئاڵمانییەکان دوای دروستکردنی سەرلێشیواوی بۆ دوژمن، لە پێشوو بەهێزتر و بە تواناتر بوون. خێرایی و جووڵە و خافڵگیری ئاڵمانییەکان لە ئەنجامی ئەو سەرلێشیواویە کە پێکهاتبوو، بوو بە ئامانجیان. کاتێک دەست و پێی دوژمن بەستراوە مانۆڕێکی فریودەر واتە چوون بۆ لایەک و هێرشکردن لە لایەکی دیکەوە دوو کاریگەری دەبێ. ئەگەر لەکاتی پاشەکشەدا فشارەکان لەسەر دوژمن هەروا درێژەیان هەبێ ناتوانێ بڕیارێکی دروست بدا و بە دڵنیاییەوە تووشی هەڵەی زۆر گەورە دەبێ. لە کۆتاییدا کلیلی سەرکەوتنی ڕۆمێل ئەوە بوو کە بە مانۆڕێکی بوێرانە و بێ‌باکانە ئیبتکاری عەمەلی لە دەستی دوژمن دەرهێنا و زۆرترین سوودی لە خێراییەکەی وەرگرت.

هەموو شتێک لەو جیهانەدا دەست دەخەنە نێودەستی یەک یان بەشێوەیەک دروست کراوە کە تۆ لە دۆخی بەرگریدا بمێنیەوە. لە شوێنی کار بەرپرسەکانت بەدوای شکۆمەندی و سەرکەوتنی خۆیاندا دەگەڕێن، بۆیە ڕێگری لە ئەنجامی ئیبتکاری ئێوە دەکەن. خەڵکی بەردەوام پاڵت پێوە دەنێن یان هێرشت بۆ دەکەن تاکوو بیر لە دژکردەوە بکەیەوە. هەموو کەم وکوڕییەکانت پێشان دەدەن و شکستەکانت بیر دەخەنەوە. هێندێکی دیکە ناچارت دەکەن کە لەسەر ئەم بڕیارە و ئەو بڕیارە خۆتان بە گوناهکار و تاوانبار بزانین، ئەو جۆرە بەرگریکردنە دەتوانێ ببێتە خووی دووهەمی ئێوە، پێش هەموو شتێک خۆتان لەو هەستە ڕزگار بکەن. بەکردەوەیەکی بوێرانە پێش ئەوەی ئەوانی دیکە ئامادە بن بە دەستپێشخەری و داهێنان لەبری ئەوەی دەست لەسەر دەست دانیی و چاوەڕێ بکەن بزانی چی ڕوو دەدا، دەتوانی باشترین ڕێگا بۆ خۆتان دیاری بکەن. یەکەم زەربەی ئێوە هەلومەرج لە بەرژەوەندی ئیوەدا دەگۆڕێ. خەڵک حەز دەکەن کاردانەوەیەکی نەرێنیتان پێ بدەن بۆ ئەوەی خۆیان بەهێزتر و گەورەتر لەواقعییەت نیشان بدەن، ئەو ڕێز و ترسەی کە تۆ دروستی دەکەی دەبێتە هێزی هێرش و ناوبانگ بۆ ئێوە، وەک ڕۆمێل دەبێ دەمارێکی شێتیت هەبێ. بۆیە خۆتان بۆ ئاژاوە و نائارامی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئامادە بکەن و خۆتان بیر بکەنەوە کە بەبێ گوێدانە ڕووداو و بارودۆخەکان دەبێ لە هەنگاونان بۆ پێشەوە بەردەوام بن. هەڵبژاردن بە دەست ئێوەیە: دەتوانن هەمیشە لە نێو توێکڵێکی بەرگریی دابمێننەوە و دەتوانن هەلومەرجێکی لەو شێوەیە بۆ ئەوانی دیکە دروست بکەن.

٢- لە ساڵی ١٩٣٢ پەیمانگا و دامەزراوەی پاڕامۆنت پیکچێرز، کە ڕەوتی دروستکردنی فیلمی گانگستری "چەتەگەری" پەیڕەو دەکرد، دەستی کرد بە بەرهەمهێنانی فیلمی "هەموو شەوێک Every- Night’’ کە ئەستێرەی بەناوبانگ جۆرج ڕافت ڕۆڵی لەو فیلمەدا دەبینی. جۆرج ڕافت پێشتر لە فیلمی "ڕوومەتی بریندار- Scar face" ناو بانگێکی بۆ خۆی تۆمار کردبوو. جۆرج ڕافت هەمیشە هێمای گانگستر بووە بەڵام لە فیلمی "هەموو شەوێک" لایەنی کۆمیدی بۆ ئەو ئەکتەرە زیاد دەکرا، بەرهەمهێنەر ویلیام لیباڕۆن نیگەرانی خۆی دەربڕی سەبارەت بەو ڕاستییەی کە ئەو ئەکتەرەی نەدەناسی کە بتوانێ لایەنە کۆمیدییە بە فیلمەکە بدا، جۆرج ڕافت کەسێکی دیکەی بە ناوی مائەوێست پێ پێشنیار کرد.

مائەوێست لە شانۆنامەکانی سەما و گۆرانیدا ئەستێرە بوو، دواتر لە شاری خۆی "برادوی"، لە هەر شانۆگەرییەکدا کە خۆی نووسیبێتی ڕۆڵی گێڕابوو، بە ژنێکی کاڵ، سەرنجڕاکێش، بوێر، زیرەک و زۆر بیرتیژ ناسرابوو. بەرهەمهێنەرانی هۆلیوود پێشتر بیریان لە دامەزرانی ئەو کردبووەوە بەڵام ئەو بۆ نواندن لە فیلمدا کەمێک نەگونجاو بوو، لە لایەکی دیکەشەوە تا ساڵی ١٩٣٢ تەمەنی دەبووە سی و نۆ ساڵ و بۆ ئەوەی لە فیلمەکەدا بدرەوشێتەوە کەمێک قەڵەو بوو. لە هەر حاڵەتێکدا لیباڕۆن مەیلی ئەوەی هەبوو کە مەترسی دروست بکا و ڕوخسارێکی تازە و سەرنجڕاکێش لە فیلمەکەدا هەبێ. ناوبراو دەیتوانی گۆشەیەکی تایبەت بۆ بانگەشەکردنی فیلمەکە بەتایبەتی لە شاری برادۆی زێدی خۆی دروست بکا. کۆمپانیای پاڕامۆنت گرێبەستێکی دوو مانگی پێشکەش بە مائەوێست کرد بە بڕی پێنج هەزار دۆلار لە هەفتەیەکدا، ئەوەش گرێبەستێکی سەخاوەتمەندانە بوو، مائەوێست بە خۆشحاڵییەوە ئەو گرێبەستەی قەبووڵ کرد.

لە سەرەتای کاریدا مائەوێست کەمێک توند بوو پێیان دەگوت دەبێ کێشی خۆتان دابەزێنی لەکاتێکدا ڕقی لە پارێزخواردن بوو بەو هۆکارە بەردەوام نەبوو، ئەو کێشی خۆی کەم نەکردەوە و قژی بە کاڵی نوقرەیی ڕەنگ کرد. ڕقی لەوە بوو کە دیالۆگەکانی لە فیلمەکەدا زۆر بێ بایەخ بوون و کەسایەتییەکی زۆر گرنگی لە فیلمەکەدا نەبووە، بۆیە پێی وابوو کە ئەو بەشەی دەقەکە دەبێ دووبارە بنووسرێتەوە و پێشنیاری کرد کە خۆی سیناریۆکە بنووسێ. کارگێڕانی هۆلیوود لەگەڵ زۆر لە خانمە ئەکتەرە سەرسەختەکان کاریان کردبوو تاکتیکی زۆریان بۆ ڕامکردنیان هەبوو، بەتایبەتی ئەوانەی دەیانویست بەشەکانیان بنووسرێتەوە، بەڵام سەبارەت بە مائەوێست سەیر بوو کە ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە خۆی دووبارە نووسینەوە ئەنجام بدا. ئەوان کە بە پێشنیارەکەی مائەوێست ناڕەحەت بوون هەرچەندە دەیانزانی خۆی شانۆنامەی برادۆی دەنووسی بەڵام ڕەتیان کردەوە و ڕێککەوتن کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر ئیمتیازاتی نووسینی پێبدەن ئەنجامێکی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام مائەوێست هەر پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە پێویستە خۆی دیالۆگەکانی خۆی بنووسێ ئەگەر خۆی ئەو کارە نەکا لە فیلمەکەدا بەشداری ناکات.

"ئەدۆلف زوکۆر" بەرپرسی کۆمپانیای پاڕامۆنت تاقیکردنەوەی مائەوێستی بینی بوو و حەزی لە ڕواڵەت و جووڵەکانی ئەو بوو. ئەو فیلمە پێویستی بە ئەکتەرێکی ئەوتۆ بوو. زوکۆر بەڕێوەبەری ستۆدیۆیەکی هەبوو دەستوری پێدا کە بە بەهانەی ڕۆژی لەدایکبوونی مائەوێست بۆ نانخواردنی ئێوارە بانگی بکا و هەوڵ بدا فریوی بدا و ئارامی بکاتەوە و ئیجازە بدا فیلمبەرداری دەست پێبکا. ناوبراو لەگەڵ خۆی بیری کردەوە کاتێک کامێراکان هەڵکران و کار دەستی پێکرد بە هەر جۆرێک بێ مائەوێست هاوکاریان دەکا، بەڵام ئەو شەوە لەکاتی نان خواردن‌دا مائەوێست لە کیفە دەستییەکەی چەکێکی بە ڕادەی ٢٠ هەزار دولاری هێنایە دەرەوە و تەحویلی بەڕێوەبەری ئیجرایی دا. ئەوە هەمان ڕادەی داهاتی مائەوێست بوو کە تا ئەو ڕۆژە لەو پڕۆژەیە بەدەستی هێنابوو، ناوبراو پووڵەکەی بە کۆمپانیای پاڕامۆنت داوە و لەوەی کە ئەو دەرفەتەیان پێ داوە سپاسی کرد و بە بەڕێوەبەری گوت کە بەیانی زوو بۆ هەمیشە بەرەو نیویۆرک دەگەڕێتەوە.

ئەدۆلف زوکۆر کاتێک ئەو هەواڵەی بیست هاوسەنگی خۆی لەدەست دا، مائەوێست بەو هەڵس‌وکەوتەی سەلماندی کە مەیلی هەیە پووڵی زیاتر لەدەست بدا و کێشەکانی یاسایی و پێشێل‌کردنی ڕێککەوتنەکە بە گیان بکڕێ و کارکردن لەهۆلیوود بۆ هەمیشە ماچ بکا و وڵای بنێ. زوکۆر بڕیاری دا جارێکی دیکە چاو بە فیلمنامەکەدا بخشێنێتەوە. شاید ئەگەر مائەوێست کەمێک دەسکاری فیلمنامەکەی کردبوایە شتێکی تایبەت ڕووی نەدەدا، بۆیە بڕیاری دا لە گەڵ مائەوێست ڕێک بکەوێ، مائەوێست دەتوانێ دیالۆگی خۆی بنووسێتەوە و ئەوان دوو نوسخە فیلم دروست بکەن. یەک نوسخە بەپێی ویستی مائەوێست و نوسخەیەکیش بە پێی ویستی ستۆدیۆ. لەوانە بوو هێندێک تێچووی زیاتری بوێ ئەویش زۆر نیە، بەڵام پاڕامۆنت شتێکی لەدەست نەدەدا چونکە ئەگەر نوسخەیەی مائەوێست پێ باش نەبێ نوسخەی خۆی پێشان دەدا.

مائەوێست ئەو پێشنیارەی قەبووڵ کرد و فیلمبەرداری دەستی پێکرد، تەنیا یەک نەفەر ناڕاحەت بوو ئەویش "ئارچی مایۆ" دەرهێنەر، کە سیڤیبەکی لێوانلێوی هەبوو. مائەوێست بەپێی خواستەکانی خۆی دەقەکەی دەگۆڕی و پێداگری دەکرد کە دوربینەکان و ڕاگرتنیان جۆرێک بێ کە هێڵەکانی دیالۆگەکەی زیاتر دەرکەوێ، ئەوان چەندین جار پێکەوە شەڕیان کرد تا ڕۆژێک مائەوێست ڕەتیکردەوە بێتە سەر شانۆ و پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە دوای ئەوەی چەند دێڕێکی تەشەرئامێزی لە سیناریۆکەیدا گوت، هێندێک دیمەنی ونبوونی لە سەر پلیکانەوە وێنە بگیرێ، چونکە ئەمە کاتێکی زیاتر بە بینەران دەدا بۆ ئەوەی لە دێرەکان بیر بکەنەوە و دەتوانن بیر لە لێدوانەکانی پێشووی بکەنەوە و پێ‌بکەنن. بەڵام ئارچی مایۆ بە پێویستی نەزانی و ڕەتیکردەوە ئەو دیمەنە لە وێنەگرتنەکەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بگیرێن. مائەوێست نەگەڕایەوە سەر شانۆ و کاری بەرهەمهێنان وەستا. بەڕێوەبەرانی ستۆدیۆ لەسەر ئەوەی لەگەڵ بۆچوونی مائەوێست هاوڕا بن ڕێککەوتن و داوایان لە ئارچی مایۆ کرد کە ئەو دیمەنە فیلمبەرداری بکرێ و دواتر لە کاتی مۆنتاژکردندا بیخاتە نێو دیمەنەکانی دیکەوە.

بەرهەمهێنان دەستی پێکردەوە، ئەکتەرەکانی دیکە وەک "ئەلیسۆن ئیسکیپۆرت" لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە مائەوێست بە ئانقەست ئەو کارە دەکا تا دووربینەکان لەسەر خۆی چڕ بکاتەوە بۆ ئەوەی دیمەنەکە لە ئەکتەرەکانی دیکە بدزێ، ئیسکیپۆرت کە ناڕەزایەتی بەرامبەر بەو کارەی مائەوێست دەربڕی، ئەو باسەی لای دەرهێنەرەکان باس کرد بەڵام ئەوان پێیان گوت کە نیگەران نەبێ و لە کۆتاییدا هەموو ئەو شتانە لە کاتی مۆنتاژکردندا ڕاست دەکرێنەوە.

کاتێک کاتی مۆنتاژکردنی فیلمەکە هاتبوو، مائەوێست خێرایی و دۆخی جووڵەکانی بەجۆرێک گۆڕیبوو کە تەنانەت وردبینترین مۆنتاژکاران نەیاندەتوانی وەک جاری یەکەمی لێ بکەنەوە و لەلایەکی دیکەشەوە هەستی مائەوێست بە کات و دۆزینەوەی ئاراستەکان ئەوەندە بەهێز بوو کە بە دەگمەن دەتوانی بڵێین کوالێتی فیلمەکەی زیاد کراوە.

فیلم لە ساڵی ١٩٣٢ بۆ خەڵک بە گشتی بڵاوکرایەوە. بۆچوونەکان جیاواز بوون بەڵام هەمووان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئەستێرەیەکی نوێ بۆ گۆڕەپانی هۆلیوود هەنگاوی ناوە. شێوازی مکوڕ، دڵڕفێنی و خەمزە و نازی مائەوێست هەموو ئەو پیاوانەی کە سەیریان دەکرد تووشی شۆک کردبوو. ئەو تەنیا لە چەند دیمەنێکی فیلمەکەدا نەقشی گێڕابوو، بەڵام ئەو بەشانەی کە ڕۆڵی تێدا دەگێڕا تەنیا بەشێک بوون کە لە مێشکی هەمووان‌دا مانەوە، دیالۆگەکانی وشە بە وشە لە مێشکی بینەراندا مایەوە "من کچێکم کە ئابڕووی لەدەست داوە، بەڵام هەرگیز لەو کارە پەشیمان نیە"، ئەو ڕستەیە لە دەمی هەمووان دا دەگوترایەوە، هەر بەم شێوەی کە ڕافت دواتر گوتی "مائەوێست هەموو شتێکی لەسەر سێن و شانۆ بێجگە لە کامێراکان، دزی و کردی بە هی خۆی".

بینەرانی ئەو فیلمە هەر زوو ویستیان فیلمی زیاتر لە مائەوێست ببینن و کۆمپانیای پاڕامۆنت کە لەو کاتەدا ڕووبەڕووی کێشەی دارایی گەورە بووەوە نەیتوانی بە ئاسانی ئەو داواکارییە پشتگوێ بخا و چاوپۆشی لێ بکا. مائەوێست کە هێشتا تەمەنی لە ٤٠ ساڵی دابوو هەمان شوڕوشەوقی پێشووی تێدا مابوو، گرێبەستێکی درێژخایەنی بە زۆرترین مووچە واژۆ کرد کە ئەکتەرێک دەتوانێ لە ستۆدیۆکەدا بەدەستی بێنێ. ناوبراو بۆ فیلمی داهاتووی خۆی "دایمۆند لیل" لە هەموو بابەتێکی داهێنەرانەدا کۆنترۆڵی گرتە دەست، بە شێوەیەک هیچ هونەرمەندێکی دیکەی چ ژن چ پیاو نەیتوانی لە ماوەیەکی کورتدا پیلانی دابڕێژێ و ببێتە حاکمێک کە کەس نەتوانێ دژایەتی فیلمەکانی بکا.

**لێکدانەوە**

کاتێک مائەوێست پێی نایە هۆلیوودەوە هەموو شتێک دژی ئەو بوو. هەروەها بە تەمەن و جنگز و بەدخوڵق دەهاتە بەرچاو. دەرهێنەر و سوپایەک لە بەڕێوەبەرانی ستۆدیۆ تەنیا یەک ئامانجیان بوو، کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە یەک دوو دیمەن‌دا لە یەکێک لەبەشەکانی فیلم دەرکەوێ تا بە جووڵەی ناوبراو دیمەنێکی مات و داهێزراو زیندووتر بکەنەوە و پاشان بەرەو نیوەیۆرکی ڕەوانە بکەنەوە. ئەو هیچ دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی نەبوو، ئەگەر بڕیاری دا لەو مەیدانەدا شەڕ بکا کە هەمیشە هونەرپیشەی ژن تا ئەو پەڕی توانایان کاریان دەکرد و هیچیان دەست نەدەکەوت، هۆکاری ئەوەیە کە دەیزانی ئایندەیەکی گەش بۆ ئەو نییە. بلیمەتی مائەوێست بەواتای ئەو ستراتیژیە شەڕەنگێزیە کە مەبەستی ئێمەیە، شل(کول) بوو، بەڵام دڵنیا بوو کە دەبێ خۆی مەیدانی شەڕ هەڵبژێرێ.

ئەو شەڕی خۆی بە لاڕێدابردن و فریودانی پیاوانی پاڕامۆنت دست پێکرد، تاقیکاری یەکەمی ئەو، بوو بە هۆی ئەوە کە هەموویان دەست خۆشانەیان لێ کرد. ڕاستە کە ئەو ژنێکی سەرسەخت بوو بەڵام کام ئەستێرە هەیە کە وا نەبێ؟ پاشان ئەو کە دەیزانی وەڵامێک "نا" دەبیستێ، پێداگری کرد لەسەر ئەوەی خۆی دەقی گفتوگۆکانی بنووسێ، بە دانەوەی ئەو پووڵەی وەری گرتبوو ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا زۆر زیرەکانە تەرکیزی شەڕەکەی لەگەڵ ژنێک هێنایە نێو خودی فیلمەکەوە. ئەو بەو فێڵەی کە ئامادەیە بەو ئاسانییە کارەکە بەجێ بێڵێ، زوکۆری ناچار کرد زیاتر لەوەی بیر لە مائەوێست بکاتەوە، بیر لە گفتوگۆکانی بکاتەوە. دوای ئەوەی لەگەڵ زوکۆر ئاشت بووەوە، مائەوێست ڕووی لە مانۆڕی داهاتوو کرد و پشتی بە وەستان و گۆشەی کامێرا و خێرایی هەر دیمەنێکی فیلمەکە بەست. بەم شێوەیە نووسینەکەی قەبووڵ کرا، ئێستا شەڕی داهاتوو لەسەر دەرهێنان بوو، ئەوەش سازشێکی دیکە بوو کە بە سەرکەوتنی ئەو کۆتایی هات. مائەوێست لەبری ئەوەی بە پێی مەرجی بەڕێوەبەرانی ستۆدیۆ شەڕ بکا زۆر زیرەکانە ئاراستەکەی گۆڕی و خۆی مەرجەکانی دیاری کرد. ئەو مەرجە نوێیانە بۆ ئەوان نەناسراو بوون. کارێکی کرد لەگەڵ هونەرمەندێکی ژن لەسەر نووسین و دەرهێنانی فیلمی خۆیان بچنە شەڕەوە و لە کۆتاییدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. لە دۆخێکی ئەوتۆدا بە دڵنیاییەوە سوپای پیاوان لەبەرامبەر ژنێکی فریودەر کەمیان هێنا.

دوژمنی ئێوە بە سروشتی خۆی هەوڵ دەدا لە ناوچەیەک کە لەگەڵی بگونجێ شەڕ بکا، چونکە لەم حاڵەتەدا هێزی پێویستی هەیە و بەرژەوەندییەکانی مسۆگەر دەبێ. ئەگەر تەسلیمی ئەو بن، دەبێ بەناچاری لەگەڵ هەلومەرجی ئەو خۆتان بگونجێنن. ئامانجی تۆ ئەوە بێ کە بە شێوەیەکی زیرەکانە ناوچەی یاریی بگۆڕن و شەڕەکە قەبووڵ بکەن، بەڵام ماهییەتی واتە لەباری چۆنایەتییەوە بیگۆڕن. ئەگەر شەڕەکە لەسەر پووڵ بوو بەرەو پرسێکی ئەخلاقی پەلکێشی بکە. ئەگەر بەرامبەری ئێوە بە هۆکارێکی سەیروسەمەرە ویستی بێتە ناو شەڕەوە بیکە بە شتێکی گەورەتر و سەخت‌تر. ئەگەر ئەو حەزی لە خاوەخاو بێ، ئەوە ڕێگەیەک بۆ پەلە و خێراکردن بدۆزنەوە. ڕێگە مەدەن دوژمنی ئێوە بە شێوەی شارەزا یا ئاسایی شەڕتان لەگەڵ بکا و بزانن کە ئەگەر دوژمن لە بازنە یا چوارچێوەیەکی نەناسراو خۆی تووشی شەڕ دەکا، بە دڵنیاییەوە کۆنترۆڵ لەدەست دەدا. کاتێک کۆنترۆڵی لەدەست دا، یان داوای ئاشتی دەکا یان دەکشێتەوە یان هەڵە دەکا و هەموو ئەوانە بە واتای وێرانی و لەبەین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوونە.

٣- سەرەتای ساڵی ١٨٦٤ شەڕی نێوخۆیی ئەمریکا بە بن‌بەست گەیشتبوو، سوپای ڕۆبێرت ئی. لی لە وێرجینیای باکوورەوە توانی هێزەکانی یەکێتی یان ئەیالەتەکانی باکوور لە ڕیچمۆند، پایتەختی کۆنفیدراڵی یان هەمان ئەیالەتی باشوور دوور بخاتەوە. ئەیالەتەکانی هاوپەیمانان لە ڕۆژاوا پێگەیەکی بەرگریی بە هێز و پتەویان لە شاری داڵتۆن لە ویلایەتی جۆرجیا دامەزراند و ڕێگایان لە پێشڕەوی یەکێتی بۆ ئاتڵانتا کە شارێکی پیشەسازی گرنگە لە باشوور کرد. ئەبراهام لینکلێن کە لەو ساڵەدا دووبارە خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بەربژێر کردبوو. ئەگەر ئەو بن‌بەستە بەردەوام ببوایە پێگەی خۆی بە لەرزۆک دەزانی و بڕیاریدا یولسیز سایمۆن گڕانت وەک فەرماندەی گشتی هێزەکانی یەکێتی دەست نیشان بکا، سایمۆن گڕانت تەنیا هێرشبەرانە ڕەفتاری دەکرد.[١]

یەکەمین هەنگاوی سایمۆن گرانت ئەوە بوو کە ژێنڕاڵ ویلیام تیکامسا شێرمنی بە فەرماندەهی هێزەکانی یەکێتی لە جورجیا دیاری بکا. کاتێک شێرمن گەیشتە مەیدانی شەڕ، زانی کە هەر هەوڵێک بۆ گرتنی داڵتۆن هەر لەسەرەتاوە مەحکوم بە شکستە، فەرماندەی هاوپەیمانان جان جانستۆن ئوستادی شەڕی بەرگری و شاخێک لە پشتیەوە و پێگەیەکی بەهێزی لەڕووبەڕووی دا بە ئاسانی دەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ. گەمارۆدان کاتێکی زۆری دەویست و هێرشەکردن لە پێشەوە تێچووی زۆر بوو، هەلومەرج زۆر سەخت بوو.

شێرمن بڕیاریدا ئەگەر نەتوانێ داڵتۆن گەمارۆ بدا، مێشکی جانتسۆن داگیر دەکا و ترس بخاتە ژیانی پیاوێکەوە کە خۆپارێز و کۆنەپارێزە. لە مانگی مەی [جۆزەردان] ساڵی ١٨٦٤ شێرمن سێ لە چوار بەشی سوپای خۆی بۆ شەڕێکی ڕاستەوخۆ بەرەو داڵتۆن ڕەوانە کرد. کاتێک سەرنجی جانستۆن بۆ ئەو هێرشە ڕاکێشرا، شێرمن بە دزییەوە سوپای تێنسی بۆ نێو شاخەکانی شارۆچکەی ڕێساکا کە بیست کیلومیتر لە باشووری داڵتۆنەوە دوورە، ڕەوانە کرد. تەنیا ڕێگای پاشەکشەی بۆ پێگەیەکی بەرگری دیکە لێ‌گرت و لە هەمووی گرنگتر هێڵی دابینکردنی سەرچاوەکانی بەربەست کرد. جانستۆن هیچ بەربژێرێکی دیکەی لەبەردەم نەبوو، خۆی لە گەمارۆدا دیتەوە و ناچار بوو پێگەی خۆی لە

١. با دان بەوەدا بنێین کە بوێری لە شەڕدا سوودی تایبەتی خۆی هەیە. دەبێ دەسەڵاتێکی دیاریکراوی پێ بدرێ بەسەر حیساباتە سەرکەوتووەکاندا کە فەزا و کات و گەورەیی هێزەکانی تێدایە، چونکە لە هەر شوێنێک باڵادەست بیت، سوود لە لاوازی بەرامبەرەکەی وەردەگرێ. بە واتایەکی دیکە ئازایەتی، هێزێکی ڕاستەقینەی داهێنەرە. ئەو ڕاستییە تەنانەت لە ڕووی زانستیشەوە سەلماندنی ئاستەم نییە. کاتێک بوێری ڕووبەڕووی ترسەنۆکی دادەنرێ، ئەگەری زۆرە بە بێ نەیار سەرکەوتوو بێ، چونکە ترسەنۆکی خۆی لە خۆیدا واتای لەدەستدانی هاوسەنگی هەیە. بوێری تەنیا لە یەک کات دا دۆڕاوە ئەویش ئەو کاتەیە کە لە دژی وریایی هۆشیارانە دەوەستێتەوە. چونکە وریای لە خۆیدا بە بوێری ئەژمار بکرێ و بە دڵنیاییەوە بە هەمان شێوە بەهێز و کاریگەرە، بەڵام ئەو جۆرە حاڵەتانە دەگمەنن. ترسەنۆکی ڕەگی وریاییە لە زۆرینەی پیاواندایە. تا زنجیرەی فەرماندەیی بەرزتر بێت، پێویستی بە بوێری لە بیرکردنەوەی قووڵەوە زیاتر دەبێت، چونکە بوێری لەسەر بنەمای بیرکردنەوە هەرگیز نابێتە هۆی تەقینەوەی سۆزداری . پیرامون جنگ، کارل فون کلاوزیتس، ١٧٨٠-١٨٣١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داڵتۆن بەجێهێشت. بەڵام ئەو فریوی نەخوارد و بە ئاسانی گواستیەوە بۆ شوێنێکی دیکەی بەرگری کە زۆرترین ئاسایشی هەبوو و دیسان شێرمنی بۆ هێرشی ڕاستەوخۆ بانگهێشت کرد. ئەو ستراتیژییانە هێدی هێدی وەک جوولەی هەماهەنگ ڕێک بوون، شێرمن بە فێڵ وا خۆی نیشان دەدا کە بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا هەنگاو دەنێ، بەڵام دواتر بەشێک لە سوپاکەی بەرەو باشووری مەوقعییەتی جانتسۆن ڕێنوێنی دەکرد و جانتسۆنیش پێگەیەکی بەدیلی پەیدا دەکرد و ئەو کارە لە تەواوی ڕێگاکە تا ئاتڵانتا بەردەوام بوو.

جفرسۆن دیویس سەرکۆماری کۆنفیدرالییەکانی ئەمریکا، ڕقی لە خۆپاراستنی جانستۆن بۆ شەڕکردن بوو، بۆیە ژێنڕاڵ جۆن هودی لە جێگای ئەو دیاری کرد. شێرمن دەیزانی کە جۆن هود فەرماندەیەکی شەڕەنگێزە، بەڵام کەم سەرنجە و هەروەها دەیزانی کە کات و هێزی مرۆیی بۆ گرتنی ئاتڵانتا نیە و ئەبراهەم لینکلێن سەرکەوتنێکی خێرای دەوێ. جۆن هود نەیدەتوانی بەرەنگاری ئەو دڵەڕاوکێ بێتەوە کە قەڵای خۆی لە شارەکەدا بەجێ بێڵێ، بۆیە هێرشی دەست پێکرد و کەوتە کەمینەوە. ئەو ڕووداوە چەندین جار دووبارە بووەوە و هەموو جارێ شکستی دەخوارد، بەمجۆرە سوپای جۆن هودی چووکە بووەوە و ورەی سەربازەکانی بە خێرایی دابەزی.

ئێستا کە شێرمن لەگەل سوپایەکی ماندوو و بێ ورە ڕووبەڕوو بووەوە فێڵێکی دیکەی کرد. لە کۆتایی مانگی ئاگوستدا [گەلاوێژ] سوپاکەی بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات برد، لە ئاتڵانتادا تێپەڕی و هێڵەکانی دابینکردن و سەرچاوەی بەجێهێشت. بە بڕوای جۆن هودی ئەمە مانای ئەوە بوو کە شێرمن شەڕی بۆ ئاتڵانتای وێڵ کردووە. لە سەرانسەری شارەکەدا جێژن و شایی هەبوو، بەڵام شێرمن پێشڕەوییەکەی تا گەیشتنی گەنمەشامی دواخست، لەو کاتەدا هێزەکانی بە باشی خۆاردنیان بۆ دابین کرابوو و جۆن هودی ئاگای لە مەحموودی بێزەواد نەبوو. دوایین هێڵی شەمەندەفەری کراوەی بۆ ئاتڵانتای بڕی و هێرشیان کردە سەر ئەو شارە کە هیچ پارێزەرێکی نەبوو. جۆن هودی ناچار بوو ئاتڵانتا چۆل بکا ئەمە ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بوو کە دووبارە هەڵبژاردنەوەی لینکلێنی مومکین کرد.

پاشان نۆبە گەیشتە عەجایبترین مانۆڕی شێرمن. ناوبراو سوپاکەی بە چوار ستون دابەش کرد و بە تەواوی خۆی لە هێڵەکانی دابینکردن جیا کردەوە و بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئاتڵانتا و ساوانا و دەریا ڕۆیشت. سەربازەکانی هەرچی لەسەر ڕێگایان بوو لەنێویان برد. ئەوان کە عەڕەبانەیان بۆ دابینکردنی خۆراک و کەرەستەکان پێ نەبوو، بە خێراییەکی باوەڕپێنەکراو دەڕۆیشتن. ئەو چوار ستوونەی هاوتریب ئەوەندە لێک دوور بوون کە هێزەکانی باشوری نەیان دەتوانی هەست پێبکەن کە هەر کام بۆ کوێ دەڕۆن. وا پێدەچوو کە ستونی باشوری بۆ لای ماکنجۆرجیا و ستونی باکوری بۆ لای ئاگوستا لە جۆرجیا دەچن. هێزەکانی هاوپەیمانان بە پەلە کەوتنە خستنە ژێرچاوەدێری و پاراستنی هەردوو شارەکە و ناوەندیان بە چۆل و کراوەی هێشتەوە، ئەوە هەمان جێگایە کە شێرمن بەنیاز بوو هێرشی بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکا. شێرمن بە مەبەستی شاردنەوەی ئامانجەکانی خۆی باشورییەکانی خستبووە سەر دوو ڕێیانی و گومانەوە، بۆیە بەبێ بچووکترین شەڕ هەموو ڕێگاکە تا ساوانا ڕۆیشت.[1]

کاریگەری ئەو پێشڕەوییە بۆ سەربازانی هاوپەیمانان کە هێشتا لە وێرجینیا شەڕیان دەکرد، وێرانکەر بوو. هەواڵی وێرانکردنی جورجیا و دەربەدەری و بێ حاڵوماڵی خەڵکی گەورەترین زەربەی ڕوحی بوو. ئەو سەرکەوتنەی شێرمن سێبەرێکی ڕەشی خستە سەر هەموو ئەیالەتەکانی باشور و ئەوانە کە بەرەبەرە ئەنگێزەی خۆیان بۆ سەرکەوتن لەدەست دا، لە تەواوی شوێنەکان شکستیان خوارد و شێرمن بە ئامانجەکانی گەیشت.

**لێکدانەوە**

لە هەموو ناکۆکییەکدا زۆرجار ئەوە لایەنی لاوازە کە کۆنترۆڵی ڕووداوەکان دەکات. لەو حاڵەتەدا باشوورییەکان چ لە ڕووی ستراتیژی و چ لە ڕووی دووربینییەوە کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان دەکرد. هێزەکانی هاوپەیمانان بە ستراتیژی خۆجێیی و خێرا لە دۆخی بەرگرییەکی بە هیز لە جۆرجیا و ویرجنیا ڕۆچووبوون. وەسوەسەی هێزەکانی یەکێیەتی ئەوە بوو کە هێرش بکەنە سەر پێگەکانی دوژمن، ئەوان شانسی پێشڕەوییان نەبوو و هێزێکی زۆریان لەدەست دا. لە ستراتیژی کەڵان باشوورییەکان هەرچی بنبەست زیاتر بەردەوام بوایە ئەگەری ئەوە زیاتر بوو کە لینکلێن لە هەڵبژاردنەکاندا شکست بخوا. ئەو ناچار دەبوو پێگەی سیاسی خۆی بەجێ بێڵی و شەڕەکە بە وتووێژ کۆتایی دەهات. هێزەکانی هاوپەیمانان ڕیتمی شەڕەکەیان بە خاوی بەڵام بە جێگیری هێشتەوە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی خۆیان بپارێزن و لەدەستی نەدەن.

هەروەک شێرمن تێگەیشت بوو، ئامانج ئەوە نەبوو کە شارێک بگرێ یان شکستی هاوپیمانی لە شەڕدا ببینێ، لە ڕوانگەی ئەو تەنیا ڕێگە بۆ سەرکەوتن لە شەڕدا کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە لە دەستی باشوورییەکان دا نەبێ. لەبری ئەوەی هێرشی دڕندانە و ڕاستەوخۆ بۆ سەر داڵتۆن یان ئاتلانتا ئەنجام بدا بڕیاریدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ عەمەلیات بکا. ئەو جانتسۆنی بە ئارامی ترساند تا شوێنەکەی بەجێ بێڵێ و جۆن هودی دوژمنکارانەی بەرەو هێرشی ناڕاست و بێهودە برد و لە هەر دوو حاڵەتەکەدا یاری بە عەقڵی فەرماندەکان کرد و بە ئامانجی خۆی گەیشت. ئەو بەردەوام دوژمنی لەسەر دوو

---

١. ئێستا پێویستە ئۆلۆمپیان شەڕ لەگەڵ غۆڵەکان بکەن، ئەتینا بەدوای هێرکۆل دا ڕۆیشت و داوای یارمەتی لێکرد، بەپێی فەرمانی زیوس، هێرکۆلیش وەڵامی دایەوە و تیرێکی بەرەو غوولی ئەلسیۆنیۆس هاویشت، کە بەهۆی ژەهری هایدرا کە مارێکی ترسناک و زۆر سەر ژەهراوی بوو، بووە هۆی ئەوەی بکەوێتە سەر زەوی. هەرچەندە ئەو غوولە هەر مابوو بەڵام بووە هۆی ئەوە لە "پالێن" بە بەنکراوی بمێنێتەوە. ئاینا پێشنیاری بە هێرکول کرد. ئەلسیۆنیۆس لە پالێن ئازاد بکا، تاکوو بۆ مردن ئامادە بێ، هەر کە ئەویان ئازاد کرد هێرکول کوشتی. هێرکول ئەلسیۆنیۆسی کوشت و لە جنازەکەی بۆ دروستکردنی چەک بۆ کوشتنی غوولەکانی دیکە کەڵکیان وەردەگرت، کە ئۆلۆمپیانەکان بریندایان کردبوون، ئەو غولانەی کە هێرکول کوشتی، ئەلسیۆنیۆس، دامسیوس، ئیقیالتێس، لئۆن، پلۆرئوس، پۆڕفیریون و تئوداماس بوون. اسطورەهای یونان، جلد اول، رابرت گریوز، ۱۹۵۵

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبیانێک ڕادەگرت، بەجۆریک هەر کردەوەیەک چ پاشەکشە بێ یان هێرشکردن هیچ دەرئەنجامێکی بۆیان نەبوو، بەم شێوەیە هەلومەرجەکەی کۆنترۆڵ دەکرد. لەهەموو گرنگتر ئەوەیە بە پێشڕەوی ماڵوێرانکەر خۆی بە باشورییەکان نیشان دا، کە ئەگەر شەڕ درێژە بدەن بە زیانیان دەبێ و کونترۆڵی ستراتیژی کەلان لەشەڕدا بەدەستەوە گرت. ئێستا ئیدی درێژەدان بە شەڕ بۆ هاوپەیمانان وەک خۆکوژی وابوو.

خراپترین بارودۆخ لە شەڕدا یان لە ژیاندا ئەوەیە کە بە بن‌بەست بگەن. پێدەچێ هەموو شتێک کە ئەنجامی دەدەن تەنیا دەبێتە چەق‌بەستوویی. کاتێک ئەو حاڵەتە دروست دەبێ بەجۆرێک زەین ئیفلیج دەبێ. ئێوە توانای بیرکردنەوە یا وەڵامدانەوە بە شێوەی جیاواز لەدست دەدەن، لەهەلومەرجێکی ئەوتۆدا هەموو شتێک لەدەست دەدەی. ئەگەر خۆتان لە مەوقعییەتێکی ئەوتۆدا دیتەوە و لەگەڵ ڕەقیبێکی بەرگریکار و هێرشبەر ڕووبەڕوو بوونەوە، دەبێ وەک ژێنراڵ شێرمن داهێنەر بن. بە ئەنجامدانی کاری ئازارهێنەر کۆنترۆڵی خێرایی مەیدانی شەڕ لە لایەنی بەرامبەر بگرن. لە دەرەوەی ئەزموونی دوژمن ڕەفتار بکە بە هەمان شێوەی شێرمن خۆی لە هێڵەکانی دابین‌کردن جیا کردەوە تا هەر شوێنێکی پێی خۆش بێ خێرایی زیاتر یا کم بکاتەوە. یک چاڵ‌وچۆڵ یا تاسەی گەورە بۆ دوژمن ئەوەیە کە ئەو ناچار بە ئەنجامدانی کاری جیاواز بکا. ئێوە بە چووکترین ئاڵوگۆڕ، بوارێکی زیاترتان بۆ گۆڕانکاری و کۆنترۆڵکردنی زیاتر دەبێ و زۆرجار کاری داهێنان بگۆڕی بۆ تێکدانی هاوسەنگی زەینی دوژمنە سەرسەختەکانی ئێوە بەس دەبێ.

٤- لە ساڵی ١٨٣٣ تۆماس ئۆڵد جووتیارێک لە لێواری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی میریلاند، لە شاری بالتیمۆرەوە، فرێدریک داگلاس کۆیلەی تەمەن ١٥ ساڵە بانگ کردەوە. داگلاس حەوت ساڵ بوو کە بۆ خزمەت بە برای ئۆڵد، لای ئەو بوو. بەڵام ئێستا تۆماس پێویستی پێی بوو بۆ ئەوەی لە کارەکانی مووچە و مەزرا یارمەتی بدا. کارکردن لەشار ئاڵوگۆڕی زۆری لەداگلاس‌دا پێکهێنابوو و ئەوەندەی پێ ناخۆش بوو بۆ لای ئۆلد بگەڕێتەوە بۆیە زۆر دڵتەنگ بوو کە نەیتوانی بیشارێتەوە. ئەو لە بالتیمور بە نهێنی خوێندن و نووسینی فێر ببوو. ئەوە کارێک بوو کە هیچ کۆیلەیەک (بردە) ڕێگای خوێندنی پێ نەدرابوو، چونکە خوێندەواری و بەدەستهێنانی زانست بیری مەترسیداری لە مێشکی کۆیلەدا دروست دەکرد. داگلاس لە مووچە و مەزرا هەوڵی دابوو بە زۆرێک لە کۆیلەکان خوێندن و نووسین فێر بکا. ئەو هەوڵانەی بە خێرایی سەرکوت کران، بەڵام خراپتر ئەوە بوو کە ڕوحی خەبات و شەڕەنگێزی دۆزیبووەوە و ئەوە بوو کە خاوەن کۆیلەکان پێیان دەگوت سەرەڕۆی و لاساری و لێی بێزار بوون. ئەو هەر جارێ بڕیاراتی ئۆڵدی دەبردە ژێر پرسیارەوە و هەموو فن‌وفێڵەکانی بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی خواردنی زیاتری لێ بستێنێ. لەسەر زمانی هەموو کەس باس لەوە بوو کە ئۆڵد کۆیلەکانی تا سنووری مردن بە برسێتی دێڵێتەوە.

ڕۆژیک ئۆڵد هەواڵی بە داگلاس دا کە بۆ ماوەی یەک ساڵ ئەوی بە "ئێدوارد کووی" بە کرێ

داوە، ئێدوارد کووی مەزرایەکی بە ئیجارە گرتبوو بەوەش ناوبانگی هەبوو کە دەتوانێ ڕەش‌پێستەکان بەباشی پەروەردە بکا. تەواوی کۆیلەداران، تەواوی ئەو کویلانەی کە ئازا و گوێیان لەقسە نەدەگرت بۆ لای ئێدوارد ڕەوانە دەکران تا ئێدوارد دوایین ئاسەواری شۆڕش لە مێشکیاندا بشواتەوە. ئێدوارد کاری زۆری بە داگلاس دەکرد بەشێوەیەک کە دوای چەند مانگ هەم لەباری جسمانییەوە هەم لەباری ڕەوانی لە کزی دابوو. لەڕۆژەکانی پشوو داگلاس خۆی دەخزاندە ژێر سێبەری دارێک و وەک کەسانی بێ هیوا و ماندوو خەونووچەکە دەیبردەوە.

ڕۆژێکی زۆر گەرم لە ئاگوستی [گەلاوێژی] ١٨٣٤دا داگلاس نەخۆش کەوت و بێهۆش بوو. ئاخرین شتی کە لە بیری مابوو کە ئێدوارد کووی بە قامچی کە لە تێکوڵی دارگوێز دروستی کردبوو لە پشت سەری وەستابوو دەستوری پێ دەدا بۆسەر کارەکەی بگەڕێتەوە، بەڵام داگلاس زۆر لاواز بوو ئێدوارد کووی بە قامچی لەسەری داگلاسی دا و سەری بریندار کرد، پاشان چەند جار بە شەق و پێلاقە لێی دەدا بەڵام داگلاس توانای جووڵەی نەبوو و سەرەنجام ئێدوارد کووی دوور کەوتەوە و بڕیاری دا دوایی بە حیسابی داگلاس بگا.[١]

پاش ماوەیەک داگلاس توانی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و بەرەو دارستانەکە ڕۆیشت و خۆی گەیاندە مووچەی ئۆڵد و لە وێ لە گەورەکەی خۆی پاڕایەوە کە هەر لای خۆی بمێنێ، دواتر باسی بێ ڕوحمی ئێدوارد کووی کرد، ئۆڵد هیچی نەگوت، تەنیا ئەوەندەی ڕێگا پێدا کە شەو بمێنێتەوە و دەستووری پێدا بەیانی ڕوو بۆ مووچەی ئێدوارد کووی بگەڕێتەوە.

---

١- زۆر باشە خوێنەری خۆشەویست! شەڕی من لە گەڵ ئاغای ئێدوارد کووی، بێزارکەر و قێزەون بوو تەنانەت گێڕانەوەی ئازارم دەدا، خاڵی وەرچەرخانی ژیانی من لە دەورانی کویلایەتی بوو، ئەو شەڕە لە دڵی مندا جرەقەی ئازادی‌خوازی هەڵکرد، خیاڵەکانی بالتیمور و هەستی ئینسانی‌بوونی لە خەو ڕاپەڕاند و دوای ئەو شەڕە بوومە ئینسانیکی دیکە. پێش ئەو هیچ نەبووم، ئێستا خۆم وەک مرۆڤ دەبینم، ئەو شەڕە تەواوی بڕوا بەخۆبوون و نەفس‌بەرزی هاڕدرا و وردکراوی منی زیندوو کردەوە ئیرادەی پتەوی لە دەڕونم دا پەروەردە کرد. مرۆڤی بێ دەسەڵات، مرۆڤی بێ جەوهەر، کەرامەتی مرۆڤایەتییە، سروشتی مرۆڤ هێندە ئاڵۆزە کە ناتوانێ بە مرۆڤێکی بێ‌هیوا و بێ‌چارە ئێعتبار قایل بی، و تەنیا دەتوانێ هاوسۆزی لەگەڵدا بکا و ئەگەر نیشانەکانی دەسەڵات نەوەستن، ئەو هاوسۆزییە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام نابێ. ئەو تەنیا دەیتوانی لە کاریگەری ئەو شەڕە لەسەر ڕوحم تێبگا. هەروەها لەنێو خۆیدا هەستی بە شتێکی دەکرد، لە ناوەشدا لە هەوڵەکانی من بۆ وەستانەوە بەرامبەر نادادپەروەری تووشی شتێکی سەخت بوو. ئێدوارد کووی دڕندە بوو، بێگومان ستەمکارێکی ترسەنۆک بوو. دوای ئەوەی لەبەرامبەری‌دا وەستامەوە، هەستێکم بەخۆمەوە بینی کە پێشتر نەم بینی بوو، شتێکی هاوشێوەی ڕزگاربوون لە تاریکی و هەڵسانەوە لە گۆڕە ڕقاوییەکەی کۆیلایەتی و ڕۆیشتن بەرەو بەهەشتی ئازادی و ئازادیگەری. من ئیدی خزمەکارێکی ترسەنۆک نەبووم کە لە ژێر خەڵواری خۆڵ و خاک ڕوحم بشارێتەوە، بە جێگایەک گەیشتبووم کە تەنانەت لە مردنیش نەدەترسام. کاتێک کۆیلەیەک قامچی بەر نەکەوێ نیوەی ئازادی بەدەست هێناوە، ئەو ئیدی زەوییەکی بە پانتایی قەلبی هەیە کە دەبێ دیفاعی لێ بکا و ئێستا ئیدی هێزێکە لەسەر زەوی. لەوکاتەوە تا ئێستا هەرگیز زەربەی قامچیم لە لەشم ئێحساس نەکردوە، چەندین جار هەوڵیان دا من وەبەر شەلاخ و کوتەک‌کاری بکەن، بەڵام هەمیشە هەوڵەکانیان بێ سوود بوو. ڕاستە کە پێش ئەوە جەستەم شین ببووەوە، بەڵام من لە تەواوبوونی ئەو بێ‌بەزییانە و کویلایەتی گەیشتن بە ئازادی قسە دەکەم. بردگی من و آزادی من، فریدریک داگلاس ١٨١٨-١٨٩٥

بەیانی داگلاس لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ مووچەی ئێدوارد ترس بەسەری دا زاڵ بوو. لەگەڵ خۆی بیری کردەوە کە هەموو هەوڵی بدا گوێڕایەڵی ئێدوارد بێ تا ئەو ماوەیە کە لێرە ماوەتەوە بتوانێ گیانی بەسڵامەتی تێپەڕ بکا. کاتێک گەیشتە نزیک گەوڕ و تەویلەکە، سەرەڕای ئازارەکانی بڕیاریدا کارەکەی ئەنجام بدا، ئێدوارد لەناکاو وەک مارێک لە پڕدا دەرکەوت و بە تەنافێکەوە لە سەر سەری وەستابوو، بەسەر داگلاس‌دا خۆی درێژ کرد بۆ ئەوەی لاقی بەو تەنافە ببەستێ. دیارە بڕیاری دابوو کۆتایی بە هەموو ترسەکانی داگلاس بێنێ!

داگلاس هیچی دیکە توانای کوتەک خواردنی نەمابوو بێ ئەوەی زەربە لە ئێدوارد بدا پاڵی پێوەنا و ڕێگای نەدا پێیەکانی ببەستێتەوە، لەوکاتەدا شتێک بەمێشکی داگلاس داهات هەموو ئەو بیرکردنەوە ئازادانەی کە لەو ماوەیەدا خنکاندبووی لەناکاو زیندوو بوونەوە، ئیتر نەترسا. ئێدوارد کووی دەیتوانی بیکوژێ، بۆیە ئەمجارەیان بۆ ئەوەی ژیانی ڕزگار بکا هەرچی پێویست بوو دەیکرد.

لەپڕدا یەکێک لە ئامۆزاکانی ئێدوارد کووی بۆ یارمەتی هات، کاتێک داگلاس بینی دوو کەسی سپی‌پێست ئەویان دەور داوە ئەوانی خافڵگیر کرد و هێرشی بۆ ئامۆزاکەی کرد و بە مستیک لەسەر زەوی خستی، کوتک‌کاری سپی‌پێستێک لەلایەن کۆیلەیەکەوە دەیتوانی بە مانای ئێعدام بێ. جۆرێک لە شێتی دەستی بەسەر داگلاس‌دا گرت، ئەمجارە بە مشتەکانی وەڵامی لێدانەکانی ئێدوارد کووی دایەوە ئەو شەڕە دوو کاتژمێری خایاند تا خوێن لە دەموچاوی و لەشی ئێدوارد کووی هات و هەناسەی بەدەگمەن و نەیتوانی ڕاوەستێ بە ناچاری وازی لە داگلاس هێنا و هێواش هێواش بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتەوە.

داگلاس تەنیا بیری لەوە دەکردەوە کە ئێستا بە تفەنگەوە پێوشوێنی دەکەوێ و ئەو پەیدا دەکا و دەیکوژێ، بەڵام هەرگیز شتی وا ڕووی نەدا. داگلاس بەو ئاکامە گەیشت کە کوشتن یا سزادانی بەو شێوەیە بۆ ئێدوارد کووی مەترسییەکی گەورە دەبێ، چونکە ئەمجارە خەڵک دەڵێن ئێدوارد نەیتوانی کۆیلەیەکی ڕەش‌پێست ئاقڵ بکا. تەنانەت یەک ڕەستەی وەک ئەوە بۆ ئابڕوو بردنی ئێدوارد کووی بەس بوو. کاری کووی بە ناوبانگ و ئێعتباری ئەوەوە بەسترابووەوە. کووی گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە باشترە ئەو کۆیلە شازدە ساڵە کێویە وێڵ بکا تا ببینێ ئابرووی چووە. داگلاس وانەیەکی باشی فێر کردبوو، باشتر بوو داگلاس بە تەنیا بەجێ بێڵێ و ڕێگای بدا ئەو کاتەی کە ماوە بە ئارامی بەسەر ببا.

لەو ماوەیەی کە داگلاس بۆ یەک ساڵەکەی مابوو کووی هەرگیز دەستی لێ بەرز نەکردەوە. داگلاس تێگەیشت کە "کۆیلەدارەکان پێیان باشە کە بە قامچی لە کۆیلەیەک بدرێ کە خۆی بەو کارە ڕازییە." ئێستا وانەیەکی باشی فێری خۆی کردبوو کە "**هەرگیز ملکەچ نەبێ**" ئەو لاوازییەی خاوەن کۆیلەکان وایان لێ دەکا پێی لە بەڕە درێژتر بکەنەوە. لەو ڕۆژەوە داگلاس تا مردن خەباتی بۆ ژیانی کرد و وەڵامی هەموو مستێک بە مست و هەر قامچییەک بە قامچییەک دەدایەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**لێکدانەوە**

دوای ئەوەی داگلاس بۆ باکوور ڕایکرد و دەبێتە یەکێک لە بەرگریکارە سەرسەختەکانی بزووتنەوەی دژە کۆیلایەتی، لە کتێبی "کۆیلەیی من و ئازادیی من" ئاماژە بە ساتەوەختە ناخۆش و سەختەکان دەکا و دەنووسێ: "شەڕ لەگەڵ کووی لە ژیانی مندا وەک کۆیلەیەک خاڵی وەرچەرخان بوو، شەڕ لەدوای شەڕ، دەبووم بە کەسێکی جیاواز، گەیشتمە ئەو ئاستەی کە چیتر لە مردن نەترسام هەر ئەو ڕوحیە بوو کە منی کردە مرۆڤێکی ئازاد، هەرچەندە ئەو پیاوە ئازادە ڕەواڵەتێکی وەک کۆیلەی بوو." داگلاس لەدوای ئەوە هەرچەندی ژیا، ڕوحیەی شەڕەنگێزی پاراست و ئیتر لە دەرئەنجامەکانی کارەکانی نەدەترسا تا ئەو ڕادەیەی توانی لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و ڕوحییەوە کۆنترۆڵی ژیانی خۆی بکا. کاتێک لە ڕەگ و ڕیشەی ترس ڕزگاری بوو ئیمکاناتی زۆری بۆ دابین کرا. هێندێک جار بە ئاشکرا و هێندێک جار بە زیرەکی و وشیارییەوە شەڕی دەکرد، ئێستا لە کۆیلەیەکی دەستوپێ بەستراو گۆڕابوو بۆ پیاوێک کە دەسەڵاتی هەڵبژاردنی زۆری هەیە و هەموو ئەوانەش لە نهایەتدا ئەویان بە ئازادی گەیاند.

بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ڕووداوێک بکەی، سەرەتا دەبێ خۆتان و هەستەکانتان کۆنترۆڵ بکەن، تووڕەبوون و لەدین دەهری‌بوون تەنیا بژاردەکانی تۆ تەسک دەکاتەوە. لە دەمەقاڵە و شەڕەقسەدا ترس ئیفلیج‌کەرترین هەستە. ترس زۆر پێش ئەوەی هەر شتێک ڕوو بدا، کارێک دەکا کە لەسەر جێگای خۆتان وشک بی و دوژمن ئیبتکاری عەمەل بەدەستەوە بگرێ، ئێستا لایەنی بەرامبەر هەزاران بژاردە و ئەگەری هەیە بۆ ئەوەی ترسەکەتان بە دژی خۆتان کەڵک وەرگرێ و کۆنترۆڵی ئێوە بەدستەوە بگرێ و ئێوە لە حاڵەتی بەرگری دا ڕابگرێ. ئەوکات ئەو خەڵکەی هەستی زاڵبوونیان هەیە بۆنی لاوازی تۆ دەکەن و هێزی باڵادەستیان زیاتر دەبێ. سەرەتا دەبێ ترسی خۆتان لە هەموو شتێک، ترس لە مردن، ترس لە هەنگاوێکی بوێرانە یان لە هەمووی گرنگتر ترس لەوەی کەسانی دیکە چۆن بیر لە تۆ دەکەنەوە لە ناو ببەن. هەر ئەو ساتەوەختە ئازادی لە ترس دەریایەک لە هیز و ئیمکانات بۆ ئێوە ئاشکرا دەکا. لە کۆتاییدا هەر لایەنێک ئیمکاناتی زیاتری بۆ کردەوەی ئەرێنی هەبێ بەسەر کاروبارەکاندا زاڵ دەبێ.

٥- تیمارکەری دەروونی ئەمریکایی، میڵتۆن ئێچ ئێریکسۆن(١٩٠١- ١٩٨٠) ئاگادار بوو کە نەخۆشەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی پێوەندی نێوان نەخۆش و چارەسەرکەر ڕێگەی زۆریان هەیە، لەوانەیە لە دانی هەر زانیارییەک بە چارەسەرکەر تەفرە بڕۆن یان تەنانەت بۆ چوونە نێو فەزای هیپنۆتیکەوە خۆیان ببوێرن. (ئێریکسۆن زۆرجار هیپنۆتیزمی لە دەرمانەکانی بەکار هێناوە). تەنانەت لەوانە بوو گومان بخەنە سەر توانایی چارەسەرکەر و لەگەڵ ئەوەش‌دا پێداگری بکەن لەسەر ئەوەی کە گۆیا ئەو تیمارکەر لە ڕادەبەدەر قسەی کردووە و یان تەنانەت جەخت لەسەر چارەسەرنەبوونی نەخۆشیی خۆیان و بێ‌کاریگەریی شێوەی دەرمان بکەنەوە. ئەو هەوڵانە لە ڕاستیدا پێشاندەری کێشەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژانەیان بوو، ئەوان لە تەواوی ئەو یارییە پاسیڤ و وشیارانەیان کەڵکیان وەردەگرت بۆ زاڵبوون بەسەر دۆخەکەدا و ئەو کارانەیان هەم لەلای خۆیان و هەم لەلای کەسانی دیکە حاشایان لێ دەکرد. بەم شێوەیە، بەدرێژایی ساڵان ئێریکسۆن ئەو شتەی پەرە پێدا کە ناوی "تێکنیکی سوود وەرگرتن"ی لێ نابوو و ئەو شەڕانگێزی پاسیڤی نەخۆشەکان و زیرەکی وردیان بۆ گۆڕینی خۆیان بەکارهێنا.

ئێریکسۆن زیاتر لەگەڵ ئەو نەخۆشانەدا سەروکاری هەبوو کە لە لایەن کەسێکی دیکەوە وەک هاوسەر یان دایک و باوکیان ناچار بوون بەشداری لە دانیشتنەکانی دەرمانیدا بکەن. ئەوان لەو دانیشتنانە ماندوو و بێزار بوون و بە ئەنقەست زانیاری پێویستیان بە تیمارکەر نەدەدا. ئێریکسۆن پێشتر بە نەخۆشەکانی خۆی دەگوت ئەوە بۆ تەندروستی ئێوە خراپە، بەڵام ئاساییە کە ئەوان حەز ناکەن زۆر شت بە چارەسەرکەری دەروونی خۆیان بڵێن. پاشان ئەو نەخۆشانە هەستیان بەوە کرد کە کەوتوونەتە تەڵەوە و بە پاراستنی نهێنییەکان گوێڕایەڵی چارەسەرکەر بوون، ئەمەش تەنیا پێچەوانەی ئەو کارە بوو کە دەیانویست بیکەن. ئێریکسۆن بەو شێوەیە کارێکی کرد لە دانیشتنی دووهەمدا بە ئاسانی هەموو شتێکی خۆیان دەرببڕن.

جارێک پیاوێک لە یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئێریکسۆن لە نێو ژوورەکە دەستی بە پیاسە کردن کرد. ئەو بە دانەنیشتن و هێمنی وایکرد کە هیپنۆتیزمی بۆ ئێریکسۆن غیرمومکین کرد بەجۆرێک ئێریکسۆن تەنانەت نەیتوانی کاری لەگەڵ بکا. ئێریکسۆن بەم پرسیارە دەستی بە کارەکانی کرد: ئایە مەیلت هەیە بە پیاسەکردن وەک ئێستا کارەکەمان دەست پێ بکەین؟ نەخۆش بەو پێشنیارە سەیرە ڕازی بوو. پاشان ئێریکسۆن پرسیاری ئەوەی کرد کە ئایا دەتوانی بە نەخۆش بڵێی چۆن و بە چ خێراییەک بڕوا؟ نەخۆشەکە ڕازی بوو. بۆ چەند خولەک، ئێریکسۆن لە پێدانی ڕێنمایی بە نەخۆشەکە دوودڵ و نەخۆشەکە چاوەڕێی ئەوە بوو ئێریکسۆن پێی بڵێ کە بە کام ڕێگادا بڕوات، کاتێک چەند جارێک ئەو مەوزووعە دووبارە بووەوە ئێریکسۆن بە نەخۆشەکەی گوت لەسەر کورسییەک دابنیشێ، پیاوەکەش بە سادەیی ملکەچی هیپنۆتیزم بوو.[١]

ئێریکسۆن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بە دەرمانی نەخۆشی وەسواسیان نیشان دەدا بە زانیارییەوە لە شێوازی هیپنۆتیزمی هەڵە سوودی وەردەگرت و دوای ئەوەی وەڵامی دەست نەکەوتووە داوای لێبوردنی لە نەخۆشەکانی کردووە، دواتر باسی ناکارامەیی و هەڵەکانی ڕابردووی کردووە. ئێریکسۆن دەیزانی کە ئەو جۆرە کەسایەتیانە حەز دەکەن چارەسەرکەر بزانێ کە هیچ تێناگا و کاتێکیش بەو شتە گەیشتن بەبێ ئاگاداری زانیاری پێویستی پێ دەدەن و دەچنە نێو فەزای دڵخوازی ئەو.

ڕۆژێک ژنێک سەردانی ئێریکسۆنی کرد و شکایەتی کرد کە مێردەکەی هەموو جارێ ئاگاداری

---

١. ئەو سەردەمەی کە خەباتکارێک بە ئیرادەی خۆی دەجووڵێ، هەمان ئەو سەردەمە نییە کە ناچارە تێیدا بجووڵێ. جو فریزر، ١٩٤٤

دەکاتەوە کە دڵی لاوازی هەیە و هەرساتێک لەوانەیە جەڵتە لێی بدا، مێردەکەی بەو کارەی کۆنترۆڵی ئەوی بەدەستەوە گرتووە و هەموو جارە ئەو بە مردنی خۆی دەترسێنێ. دوکتورەکان پشکنینی دڵی مێردەکەیان کرد و تێگەیشتن کە هیچ نەخۆشییەک یا کێشەیەک لە گۆڕێ دا نیە، بەڵام ئەو پیاوە سووربوو لەسەر ئەوەی جەڵتەی دڵ لێی دەدا. ئەو ژنە هەموو ساتێک هەستی بە تووڕەیی و دڵتەنگی و تاوانباری دەکرد. ئێریکسۆن پێشنیاری کرد کە لەو دۆخەدا هاوسۆزی هاوسەرەکەی بێت، بەڵام جارێکی دیکە کە باسی جەڵتەی دڵی کرد پێویستە زۆر بە ئەدەبەوە پێی بڵێ ماڵەکە پاک بکاتەوە، پاشان هەموو ئەو بڕوشورانەی کە لە گارگێرانی کفن و دفنی وەرگرتووە، لێرە و لەوێ ماڵەوەی دانێ و پێوەندی بە بیمەی ژیانی هاوسەرەکەیەوە بکا و لەبارەی مەرجەکانی بیمەی دوای مردنی مێردەکەی بپرسێ. ڕەنگە ئەوە مێردەکەی تووڕە بکا بەڵام ترسی بینینی بڕوشورەکان و بیستنی قسەی ژنەکەی وا دەکا واز لە باسی جەڵتەی دڵ و گەمە بە ژنەکەی بێنێ.

**لێکدانەوە**

لە هێندێک پێوەندیدا ڕەنگە هەست بکەن کە بەرامبەرەکەت کۆنترۆڵی تۆی بە دەستەوە گرتووە، بەڵام بۆت سەختە بزانی ئەوە چۆن و کەی ڕوویداوە. ئەوەی بە دڵنیاییەوە دەتوانێ بگوترێ، ئەوەیە کە هەست دەکەن دژوار و زەحمەتە کاریگەری لەسەر پێوەندییەکە و لەسەر کەسی بەرامبەر هەبێ. هەموو کارێک کە ئەنجامی دەدەن بە توانایی و هێزی ئەو زیاد دەبێ. فێڵەکە ئەوەیە کە لایەنی بەرامبەر فورمێکی وردی کۆنترۆڵکردن بەکار دێنێ کە بە ئاسانی ناتوانن دەست نیشان بکرێ. ئەو جۆرە کەسانە بە شێوەیەک کۆنترۆڵت دەکەن کە خەمۆک و نیگەران دەبن، بارگرانییەکی زۆریان لەسەر شانە و هەمیشە خۆیان وەک قوربانی بارودۆخی نایەکسانی و بێ عەداڵەتی دەناسێنن. ئەوان هیچ کارێک بۆ مەوقعییەتی خۆیان ناکەن، پێویستیان بە سەرنجە و ئەگەر سەرنجیان پێ نەدەن وادەکەن کە ئێوە هەست بە تاوانباری بکەن. ئەوان جۆرێک دەجووڵێنەوە وەک ئەوەی حەزیان لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە و زاڵبوون بەسەر ئەوانی دیکەدا نەبێ و بەو پێیە شەڕکردن لەگەڵیان سەخت دەبێ. ئەوان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوانیتر لە ئێوە بە ئیرادەترن و لەهەمانکاتدا نهێنیکاری باشن.

بۆ ئەوەی ئەو ڕەوتە بگۆڕن، سەرەتا دەبێ بزانی کە ئەوان داماوترن لەوەی کە خۆیان نیشان دەدەن، پاشان بزانە ئەو کەسانە حەز دەکەن هەموو شتێک بە پێی خواستی ئەوان بەرەو پێش بڕوا و بەسە هەڕەشە لەو ئارەزوو و ئاواتە بکەن بۆ ئەوەی بە شێوازی ڕەمزاوی شەڕتان لەگەڵ بکەن. هەرگیز نابێ بە موناقەشە و گلەیی و ئاراستەکردنیان وایان لێ بکەن کە هەست بکەن لە ژێر کۆنترۆڵی تۆ دان. ئەو کارە هەستێکی قوربانیدان بە وان دەدا، بە شێوەیەک کە پێیان خۆشە بە شێوەیەکی نهێنی تۆڵەت لێ بکەنەوە. کەوابوو باشترە لە هەمان تاکتیکی ئێریکسۆن کەڵک وەرگرن و هەماهەنگ لەگەڵ سیستمی کۆنترۆڵکردنی ئەوان هەنگاو هەڵێنیەوە. لەگەڵ ئەوان هاوڕایی و هاوسۆزییان لەگەڵ بکەن بەڵام ئەو هەڵوێستەیان لەنێو بیر و زەینیان باوێ کە هەر کارێک بکەن

لەگەڵ ئامانج و داخوازییەکانتدا دەگونجێ و ئەوەش دەبێتە هۆی دارمانی هاوسەنگییان. ئەگەر لەو دۆخەدا سەربزێوی بکەن ئەوە بە پێی پلانی ئێوە یاری دەکەن و ڕووداوەکە لە بەرژەوەندی ئێوەدا دەگۆڕێ و شوێن و کەشێکی باش بۆ بەرەو پێشبردنی گۆڕانکاری بۆتان دەلوێ. بە هەمان شێوە ئەگەر کەسێکی دیکە لاوازییەکی بنەڕەتی (بۆ نموونە جەڵتەی دڵ) لە دژی تۆ کەڵکی وەرگرت، ئێوەش پەل‌وپۆی ئەو هەڕەشەیە ئەوەندە زیاد بکەن تا بترسێ، ئەمجار ئەو هەڕەشەیە لە دژی خۆی بەکار بێنە. تەنیا ڕێگە بۆ بەرخوردی توند لەگەڵ نەیار و ڕەقیبی پاسیڤ ئەوەیە کە ئەوان بە شێوەیەکی ورد و زیرەکانە بیانخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆتانەوە.

**بیهێنە بەرچاوت:** بۆکسۆرێکی ئازا، پشت بە زەربەی بەهێز و کاردانەوەی خێرا نابەستێ، بەڵکوو لە شەڕەکەدا بە نەزمێک دەڕواتە پێش کە لەگەڵ خۆی بگونجێ، چوونە پێش و تەکدانەوەی بە خێراییەک کە لەگەڵ پێداویستییەکانی‌دا دەگونجێ ڕێک دەخات، ئەو کۆنترۆڵی ڕینگ لە دەستی‌دایە و کارێک دەکا کە بەرامبەری جووڵە بکات. هێندێک جار ئەو بۆ ناوەند دەنێرێ، جاری وایە بۆ گۆشەکان، جاری واشە لەخۆی دوور و نزیکی دەکاتەوە. ئەو مامۆستای کات و شوێنە، ماندوویی بۆ دوژمن دروست دەکا، تووشی هەڵەی دەکا و بە دروستکردنی هەلومەرج بۆ دارمانی دەروونی ئەو زەربەی قورسی لێ دەدا. ئەو بە مست و زەربەی فیزیکی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، بەڵکوو بە کۆنترۆڵکردنی ڕینگ سەرکەوتووی گۆڕەپان دەبێ.

فرێدریکی گەورە دەڵێ: *"بۆ ئەوەی ئارام و ئاسوودە بن، دەبێ سەری دوژمن بە شتێک گەرم بکەن، ئەمەش وای لێ‌دەکات بکەوێتە دۆخێکی بەرگرییەوە، کاتێکیش بکەوێتە دۆخی بەرگرییەوە، هەرگیز ناتوانێ لە کاتی لەشکرکێشی یان شەڕێکدا لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ."*

### حاڵەتی دەگمەن

ئەو ستراتیژییە هیچ حاڵەتێکی دەگمەنی نییە. هەر هەوڵێک بۆ ئەوەی نەیەتە بەر چاو کە ئێوە هەلومەرج‌تان کۆنترۆڵ کردووە و پەیوەندییەکە لە ژێر کاریگەری ئێوەدایە، جۆرێکە لە کۆنترۆڵ‌کردنە. لەو حاڵەتەدا ئەوە ئێوەن کە بڕیار دەدەن چ کاتێک کۆنترۆڵی دۆخەکە بە کەسێکی دیکە بسپێرن. ئەوانەی دەڵێن نایهەوێ هەلومەرجەکە کۆنترۆڵ بکا، فێڵبازانە و بنبڕانە یاری دەکەن.

# ستراتیژیی شازدەیەم:
# زەربە لە شوێنی هەستیاری دوژمن بدەن.
# ستراتیژیی ناوەندی قورسایی

هەرکەسێک سەرچاوەیەکی هێزی هەیە کە بەوەوە بەندە. کاتێک بۆ ڕقیبەکانتان دەڕوانن، پەردەی ئەو سەرچاوەیە هەڵدەنەوە، ئەو ناوەندی قورسایی بدۆزنەوە وا هەموو چوارچێوە و پێکهاتە دەیپارێزێ، ئینجا لەو ناوەندە بدەن با ئێش پەرێتە پەڕەی دڵیەوە. ئەو ناوەندە دەتوانێ سامان، خۆشەویستی، پێگەی سەرەکی یان ستراتیژی باڵایان بێ. بەدوای ئەوەدا بگەڕێن وا دژبەرەکەتان زیاتر لە ڕادەی پێویست ئاگاداریەتی و دەیپارێزێ و بە بوونی شاگەشکەیە، ئەمە هەمان ئامانجی هێرشەکەی ئێوەیە، ئەو خاڵەیە وا دەبێ بیپێکن.[1]

**داڕمانی کۆڵەکەکان**

لە ساڵی ٢١٠ پێش زایین، ژێنراڵێکی گەنجی ڕۆم بە نێوی "پوبلیۆس کۆرنێلیۆس سکیپیۆ ئەفریکانۆس" کە دواتر بە سکیپیۆ ئەفریقایی ناوبانگی دەرکرد، بە مەئمورییەتێکی سادە ڕەوانەی باکووری ڕۆژاوای ئیسپانیا کرا، ئەو دەبوو لە بەرامبەر سوپای بەهێزی کارتاژ لە ڕووباری ئیبرو پارێزگاری بکا. ئەوان هەڕەشەیان کردبوو بە تێپەڕاندنی ئەو ڕووبارە کۆنترۆڵی شێوە دووڕگەکە وەستۆی خۆیان دەگرن. ئەوە یەکەم ئەرکی سکیپیۆ بوو وەک فەرماندەیەک، هەر وەک ڕووبارەکەی لە ژێر چاوەدێری دا بوو و ستراتیژی خۆی وێنا دەکرد کە هەستی بە تێکەڵاوێک لە هەست و سۆزی جیاواز دەکرد.

هەشت ساڵ لەوەپێش هانیباڵ فەرماندەی گەورەی کارتاژ ئەو ڕووبارەی تێپەڕاند و بەرەو باکوور

---

١. مرۆڤ بۆ ئەوەی بە باشی هەناسە بدا پشت بە قوڕگی دەبەستێ و لە ژیان‌دا بەردەوام بێ، کاتێک قوڕگی کەسێک ڕێک دەگوشی هەر پێنج هەستەکەی لەکار دەکەون و ئیتر بە شێوەیەکی ئاسایی کار ناکەن. ناتوانێ ئەندامەکانی جەستەی بجووڵێنێ و ئەگەر فشار زیاتر بکەن بە دەگمەن ڕزگار دەبێ و زیندوو بمێنی. بۆیە کاتێک ئاڵای دوژمن بەرز دەبێتەوە و سوپاکەی دەبینرێ و تەپڵەکانی شەڕی ئەو دەبیسترێ، سەرەتا پێویستە پێگەی پشتیوانی و قوڕگی بدۆزینەوە، ئینجا لە پشتەوە هێرشی بۆ بکەی و قوڕگی ڕێک بگوشین، ئەوەش ستراتیژێکی گەورەیە بۆ تێک شکاندنی دوژمن. خدعەهای جنگ: ٣٦ استراتیژی نظامی از چین باستان، ترجمە سان هایشن ١٩٩١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆیشت بوو، ناوبراو لە ڕێگادا چووە ناوچەی گاڵی و ڕۆمەکانی خافڵگیر کرد پاشان لە بەرزاییەکانی ئاڵپەوە بەرەو ئیتالیا ڕۆیشت، سکیپیۆ کە لەو کاتەدا تەمەنی هەژدە ساڵ بوو لەگەڵ باوکی کە ژێنراڵێکی شەڕ بوو لە یەکەمین شەڕی دژی هانیباڵ لە ئیتالیا حوزووری بوو، ئەو لێهاتوویی شەڕکەرانی ئەفریقای باکووری بە چاوی خۆی دیتبوو، هانیباڵ بە سوپای چووکەی خۆی زۆر زیرەکانە مانۆڕی پێ دەکردن. زۆرترین سوودی لە ئەسپسوارە ئازاکانی خۆی وەردەگرت و بە داهێنان و نوێگەری ڕۆمییەکانی خافڵگیر دەکرد. ئەوانی ناچار بە شکستێکی سەرشۆڕانە کرد و لە ساڵی ٢١٦ پێش زایین لە کاتی شەڕی کانای‌دا گورزێکی قورس و ترسناکی لە سوپای ڕۆم دا. سکیپیۆ باشی دەزانی کە شەڕکردن لەگەڵ هانیباڵ هیچ سوودێکی نییە. وا دیار بوو ڕۆم لە دژی ئەو پیاوە مەحکوم بە لە نێو چوونە.

هەروەها سکیپیۆ دوو ڕووداوی دیکەی دوای شەڕی کانای لەبیر بوو کە کاریگەری قووڵی لەسەری هەبوو. سەرەتا ژێنراڵی ڕۆمی بە ناوی فابیۆس ستراتیژێکی داڕشت بۆ ئەوەی هانیباڵ لە کەنداودا ڕاگرێ. فابیۆس کە لە شەڕی ڕاستەوخۆ بەدوور و خۆی دەپاراست و لەشکرەکانی لە گرد و تەپۆڵکەکان جێگیر کرد، هێرشی لە ناکاوی ڕێک دەخست بۆ ئەوەی کارتاژییەکان ماندوو بکا. چونکە ئەوان دوور لە خاکی خۆیان واتە تونسی ئەمڕۆ، شەڕیان دەکرد. ئەو ستراتیژییە لەو ڕوانگەیەوە باش بوو چونکە ڕێگری لە پێشڕەوی کارتاژ دەکرد، بەڵام بە بڕوای سکیپیۆ بە هەمان ڕادە بۆ ڕۆمییەکان ماندووکەر بوو، چونکە دوای ئەو هەموو شەڕ و هەوڵە دوژمن هێشتا لە پشت دەرگاکانیانەوە وەستابوو.

دووهەم، ساڵێک دوای لەشکرکێشی هانیباڵ، ڕۆمییەکان باوکی سکیپیۆ بۆ لەنێوبردنی بنکە و پێگەی کارتاژییەکان لە ئیسپانیا ڕەوانە کرد. کارتاژ ساڵانێکی زۆر لە ئیسپانیا کۆلۆنی هەبوو و لە کانگەکانی ئیسپانیا پووڵێکی زۆری دەست دەکەوت. ئەوان ئیسپانیایان وەک مەیدانی مەشق و ڕاهێنان بۆ سەربازەکانیان و بنکەیەک بۆ شەڕکردن لەگەڵ ڕۆم بەکار هێنا. باوکی سکیپیۆ بۆ ماوەی شەش ساڵ لەگەڵ کارتاژییەکان لە ئیسپانیا شەڕی کرد بەڵام شەڕ و لەشکرکێشی درێژخایەنەکان شکستی خوارد و لە ساڵی ٢١١ پێش زایین کۆچی دوایی کرد.

لە کاتێکدا سکیپیۆ لێکۆڵینەوەی لەو ڕاپۆرتانە سەبارەت بە دۆخی ئەودیوی ئیبرۆ دەکرد، پلانێک لە مێشکیدا چەکەرە و ڕەگی داکوتا: ئەو دەتوانێ بە مانۆڕێکی ئازایانە تۆڵەی مردنی باوکی لە ساڵی پێشوودا بکاتەوە، کاریگەری ستراتیژییەک نیشان بدا کە بە دڵنیاییەوە لە ستراتیژی فابیۆس باشتر بوو و دەبووە هۆی ڕووخانی هانیباڵ و خودی کارتاژ. بەدرێژایی کەناراوەکان لە باشووری ئەودا شاری کارتاژی نوێ واتە (کۆلومبیای ئێستا) بوو کە ئەو کات، پایتەختی کارتاژ لە ئیسپانیا بوو. لەو شارەدا سەرووەت و سامانێکی زۆر کەرەستەی سوپا و بارمتەیان ڕاگرتبوو کە لە هۆزە جۆراوجۆرەکانی ئیسپانیا گرتبوویان و بۆ ئەوەی لە کاتی شۆڕش‌دا بەکاریان بێنن. لەو ساتەدا سوپای کارتاژ دوو بەرابەری سوپای ڕۆم بوو، بە هەموو وڵاتدا بڵاو ببوونەوە و هەوڵی دەدا بەسەر هۆزەکانی ئیسپانیادا زاڵ بن،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنیا چەند ڕۆژێک لە کارتاژی نوێ دوور بوون. سکیپیۆ دەیزانی کە فەرماندەکانی ئەوان لە نێوان خۆیاندا لەسەر دەسەڵات و پووڵ شەڕیانە و ئێستا کارتاژی نوێ تەنیا هەزار نەفەری هەیە کە چاودێرییان بکا.[١]

سکیپیۆ بە سەرپێچی‌کردنی دەستوراتی مانەوە لە ئیبرۆ، بە کەشتی بەرەو باشوور ڕۆیشت و ئازایانە هێرشی بۆ سەر کارتاژی نوێ کرد. ئەو شارە چوار دەوری بە دیواری بەرز و لە گیران‌نەهاتوو، گیرابوو. بەڵام ئەو هێرشەکەی لەگەڵ شەپۆلی ئاوی باکووری شار هەماهەنگ کرد بۆ ئەوەی سەربازەکانی بە ئاسانی لە دیوارەکان سەرکەون و کارتاژی نوێ بگرن. سکیپیۆ بە یەک جووڵە لاپەڕەکەی سووڕاند واتە دۆخەکەی لەبەرژەوەندی خۆی گۆڕی. ئێستا ڕۆمییەکان لە ئیسپانیا خاڵی سەرەکی ڕێبەری دەکەن. ئەوان پووڵیان لە بەر دەستدایە و کەرەستەیان هەبوو کە کارتاژییەکان پشتیان پێ بەستبوو، هەروەها بارمتەی کارتاژییان هەبوو، کە دەیانتوانی لەنێوان هۆزەکان‌دا بۆ دروست‌کردنی شۆڕش بەکاری بێنن. لە چەند ساڵی دواتردا سکیپیۆ ئەو پێگەیەی فراوانتر کرد و وردە وردە ئیسپانیای خستە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی ڕۆمییەکانەوە.

لە ساڵی ٢٠٥ی پێش زایین، سکیپیۆ وەک قارەمانێک بۆ ڕۆم گەڕایەوە، بەڵام هانیباڵ هێشتا بۆ نێوخۆی ئیتالیا هەڕەشە بوو، ئێستا سکیپیۆ دەیویست شەڕەکە بەرەو کارتاژ لە ئەفریقا پەرە پێبدا. ئەوە تەنیا ڕێگایەک بوو کە هانیبال بۆ دەرەوەی ئیتالیا پەلکێش بکا و هەڕەشەی ئەو بۆ هەمیشە خاشەبڕ بکات، بەڵام فابیۆس هێشتا فەرماندەی بەرپرسی ستراتیژی ڕۆم بوو و کەم کەس لە گرنگی شەڕکردن لەگەڵ هانیباڵ لە ناوچەیەکی دوور، واتە ڕۆم تێگەیشتنی هەبوو، بەڵام متمانە و پرێستیژی سکیپیۆ بەرز بوو، مەجلیسی سەنای ئیسپانیا سوپایەکی پێدا بۆ ئەوەی لە لەشکرکێشی بەکاری بێنێ، هەڵبەتە ئەو سوپایە بچووک و لاواز بوو.

سکیپیۆ نەیدەویست هەل و دەرفەت بە فیرۆ بدا، دەسبەجێ هاوپەیمانی لەگەڵ ماسینیسا پادشای ماسیل و دراوسێی کارتاژ بەست. ماسینیسا سوارەنیزامێکی گەورە و ڕاهێنراوی باشی بۆ دابین کرد.

---

١- شوگان سێهەم، بە نێوی لمیتسو، ئاشقی شمشێربازی بوو. جارێک کە پلانی دانابوو لێهاتوویی شمشێربازە دیارەکان ببینێ. لە گرووپێکدا یەکێک لە ڕاهێنەرانی سوارکاری بینی بە ناوی "سوا بانکورا" و بە تامەزرۆییەوە داوای لێکرد بەشداری پێشبڕکێ بکا. لەبەرامبەردا بانکورا وەڵامی داوە کە حەز دەکا بەشداری ئەو پێشبڕکێیانە بکا، بەڵام ئەو پێی باشترە کە لەسەر ئەسپ شمشێربازی بکا و بەڵێنی پێدا کە بەو شێوەیە هەمووان شکست دەدا. ئاکامی کێبەرکێ نیشانی دا کە ئەو هاشوهوشی نەکردووە و بەڕاستی براوە بوو. هاوکات کۆنترۆڵی ئەسپ و شمشێر کارێکی ئاسان نیە کە هەموو کەس ناتوانێ تێیدا سەرکەوتوو بێ و هەر شمشێربازێک بوێری ئەوەی هەبوو لێی نزیک بێتەوە، دەکوژرا. لمیتسو کە کاتێکی سەختی بەسەر دەبرد، ئاماژەی بە "یاگیو مونانۆری" کە وەستای شمشێربازی بوو، کرد. بۆ ئەوەی بەختی خۆی تاقی بکاتەوە مونانوری یەکسەر گوێڕایەڵی بوو و سواری ئەسپەکەی بوو. لە کاتێکدا ئەسپەکەی بەرەو ئەسپەکەی بانکورا دەبرد، لەناکاو هەوساری ئەسپەکەی ڕاکێشا و ڕایگرت، پاشان بە شمشێرێکی دار لە لوتی ئەسپەکەی بانکورای دا و ئەسپی بانکورا بۆ دواوە کشایەوە، کاتێک سوارکاری لێهاتوو، بانکورا هەوڵی دا هاوسەنگی خۆی لەسەر ئەسپەکە بپارێزێ مونانوری بە زەربەیەکی ئارام ئەوی لەسەر ئەسپەکەوە بەر دایەوە. شمشیر و ذهن، ترجمه هیرواکی ساتو، ١٩٨٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشان لە بەهاری ساڵی ٢٠١ی پێش زایین سکیپیۆ بە کەشتی بەرەو ئەفریقا ڕۆیشت و لە نزیک یوتیکا کە مەودایەکی زۆری لەگەڵ کارتاژ نەبوو جێگیر بوو. کارتاژییەکان کە لە سەرەتای کارەکەدا سەریان سوڕمابوو، دواتر خۆیان ڕێکخستەوە و توانیان لە دوورگەیەکی دەرەوەی شار چاودێری سوپای سکیپیۆ بکەن. هەلومەرج مەترسیدار بوو، ئەگەر سکیپیۆ بتوانێ بە شێوەیەک بەنێو سوپای دوژمندا تێپەڕێ کە ڕێگاکەی لێ گیرابوو، ئەوە خۆی لە نێو دڵی وڵاتی دوژمن خزاندووە و دواتر کۆنترۆڵی دۆخەکە دەکا بەڵام پێ‌دەچوو مەحاڵ بێ. ئەو هیوای نەبوو بتوانێ بە کەمەربەندە بەهێزەکەی کارتاژییەکاندا تێپەڕێ. ئەو کەوتە تەڵەوە و لەگەڵ کەمی کەرەستە و ئیمکانات ڕووبەڕوو بووەوە و بێجگە لە تەسلیم‌بوون هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نەبوو. سکیپیۆ بۆ ئاشتی دەستی بە وتووێژ کرد، بەڵام دانیشتنەکانی وەک ڕێگەیەک بۆ بەدەستهێنانی زانیاری هەواڵگری و سیخوڕیکردن بەسەر سوپای کارتاژدا دەبینی.

باڵوێزی سکیپیۆ پێیان گوت کە دوژمن دوو ئۆردوگای هەیە، یەکیان بۆ سوپاکەی و ئەوی دیکە بۆ هاوپەیمانی سەرەکی خۆیان کە ئوردوگای نومیدیایە، هەروەها ئۆردوگای نومیدیا زۆر ئاڵۆز و تێکەڵاوە کە لە قامیشی زەلکاو دروست کراوە، بەڵام ئۆردوگای کارتاژییەکان ڕێک و پێک‌ترە، ئەویش لە مادەیەک دروست کراوە کە زوو ئاگر دەگری. لە چەند هەفتەی دواتردا وا دیار بوو سکیپیۆ دوودڵ بوو. سەرەتا لە وتووێژ پاشەکشەی کرد پاشان سەر لە نوێ دەستی پێکردەوە و کارتاژییەکانی تووشی سەرلێشێواوی کرد. ئەوکات یەک شەو هێرشێکی خێرای بۆ ئوردوگای نومیدیا کرد و ئاگری تێبەردا. ئاگرەکە زۆر بە سەریعی پەرەی ئەستاند و سەربازانی ئەفریقای ترساند و بۆ هەر لایەک بۆیان دەگونجا ڕایان دەکرد. کارتاژییەکان بۆ یارمەتی هاوپەیمانانی خۆیان دەرگای ئوردوگای لەسەر گازەرەی پشت کردەوە. بەڵام لەو سەرلێشیواوی و لێڵی‌دا ڕۆمییەکان توانیان بۆ ناو ئوردوگای ئەوان دزە بکەن و ئاوری بدەن. دوژمن نیوەی سوپای خۆی لە هەمان شەڕی شەوانە لەدەست دا و ئەوانی دیکە ناچار بە پاشەکشە بۆ لای کارتاژ و نومیدیا بوون.

لەناکاو کارتاژی نێوخۆیی بەسەر سوپای سکیپیۆدا کرایەوە. سکیپیۆ شار لە دوای شار داگیری کرد و ئەوەندەی هانیباڵ لە ئیتالیا داگیری کردبوو، پێشڕەوی کرد. پاشان سوپایەکی لە بەندەری تونس و لەبەرچاوی دیوارەکانی کارتاژدا جێگیر کرد. ئێستا نۆرەی کارتاژییەکان بوو کە بترسێن و گەورەترین ژێنراڵیان هانیباڵ، یەکسەر هەستی بە مەترسی کرد. هانیباڵ لە ساڵی ٢٠٢ی پێش زایین دوای شانزدە ساڵ شەڕ لە بەردەگای ڕۆم ناچار بوو ئیتاڵیا بەجێ بێڵێ.

هانیباڵ سوپای خۆی لە باشووری کارتاژ جێگیر کرد و گەڵاڵەی شەڕی لەگەڵ سکیپیۆ داڕشت، بەڵام ژێنراڵی ڕۆم بەرەو ڕۆژاوا پاشەکشەی کرد واتە بۆ دۆڵی باگراداس. ئەو دۆڵە بە یەکێک لە زەوییە پڕ پیت‌وبەرەکەتی کارتاژ دەناسرا و وەک پێگەی ئابووری ئەژمار دەکرا. سکیپیۆ لەوێ وێرانییەکی زۆری دروست کرد و هەرچی چاوی پێی دەکوت خاپوری کرد. هانیباڵ هیوای دەخواست کە لە نزیک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کارتاژ شەڕ بکا، واتە شوێنێک کە پەناگا و سەرچاوەی داهاتی بێ، بەڵام ئێستا ناچار بوو پێش ئەوەی کارتاژ زەوییە دەوڵەمەندەکەی لەدەست بدا، پێوشوێنی سکیپیۆ بکەوێ. سکیپیۆ هەروا درێژەی بە پاشەکشە دا تا کاتێک خۆی بە شاری زاما دا کرد و لە هەر شەڕێک خۆی پاراست. ئەو لە شاری زاما پێگەیەکی قایم و پتەوی دروست کرد و هانیباڵی ناچار کرد لە شوێنێکی بێ ئاو چادر لێ بدەن. ئێستا ئەو دوو سوپایە سەرنجام لە شەڕێکدا ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە. هێزەکانی کارتاژ کە سوارنیزامییەکانیان لەلایەن هێزی ماسینیسا قەتڵوعام کرابوون و لە پێوشوێن کەوتن و ڕاکردن ماندوو بوون، شکستیان خوارد و هانیباڵ کە هیچ پەناگای بۆ پاشەکشە نەبوو، ناچار بوو تەسلیم بێ. کارتاژ بە خێرایی وتووێژی ئاشتی دەست پێکرد و لە ژێر ئەو مەرجە سەختەی کە لەلایەن سکیپیۆ و مەجلیسی سەناوە سەپێندرابوو، وەک دەوڵەتی بەسراوە بە ڕۆم قەبووڵ کرا. ئێستا کارتاژ وەک زلهێزێکی دەریای نێوەڕاست "مدیترانە" و هەڕەشە بۆ سەر ڕۆم بۆ هەمیشە لە بەین چوو.

**لێکدانەوە**

زۆربەی کات ئەو شتەی کە ژێنڕاڵێکی ئاسایی لەژێنڕاڵێکی زۆر باش جیا دەکاتەوە ستراتیژی یان مانۆڕەکانی نییە، بەڵکوو بۆچوون و ڕوانگەی خۆیەتی. ئەوان کێشەیەک لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیر دەکەن. ژێنڕاڵی باڵا کە خۆی لە نۆرمەکانی گرێبەست دوور خستۆتەوە و بە شێوەی سروشتی ستراتیژییەکی دروست هەڵدەبژێرێ.

ڕۆمییەکان هەمیشە لە بلیمەتی ستراتیژییەکانی هانیباڵ سەریان سوڕ دەما. ئەوان هێندە لێی دەترسان کە تەنیا ستراتیژییەک کە دەیانتوانی لە دژی هانیباڵ بەکاری بێنن دواکەوتن و خۆپاراستن بوو. سکیپیۆی ئەفریقایی بە سادەیی ڕوانگەیەکی جیاوازی هەبوو. ئەو لە هەر پێچێک سەیری دوژمن و سوپا و فەرماندەی نەدەکرد ئەو تەنیا کۆڵەکە و ستوونی پشتیوانییەی لەبەرچاو دەگرت کە سوپای دوژمن پشتی پێ دەبەستێ، چونکە ئەو ستوونە تەنیا خاڵی گرنگ و لاوازی دوژمن بوو. ناوبراو زانی کە قودرەتی نیزامی لە خودی سوپا دا نیە، بەڵکوو لە بناغەکانی دایە و ئەو بناغانە هەمان ئەو هۆکارانەن کە بوونی ئەوانی مومکین کردووە: واتە پووڵ، کەرەستەی نیزامی، هاوپەیمان و پشتیوانی گشتی، سکیپیۆ ئەو ستوونانەی ناسییەوە و زەربەی لێدان و بەتەواوی لاوازی کردن.

یەکەمین هەنگاوی سکیپیۆ ئەوە بوو کە ئیسپانیای وەک ناوەندی قورسایی هانیباڵ چاو لێکرد نەک ئیتالیا. ئەو لەبری ئەوەی چەند سوپایەک لە ڕۆمەوە وەڕێ بخا، کارتاژی نوێی گرت و هەلومەرج لە بەرژەوەندی ئەو سوڕا. لێرەدابوو هانیباڵ لە بنکە نیزامی و سەرچاوەی کەرەستە سەرەکییەکانی بێبەش بوو. هانیباڵ دەبوو زیاتر پشت بە بنکە پاڵپشتییەکانی دیکە ببەستێ، یانی خودی کارتاژ، سەرچاوە و سامانەکەی. هەر بەو هۆکارە سکیپیۆ شەڕی بەرەو ئەفریقا برد. ئەو تەنانەت کاتێک لە یوتیکا کەوتە کەمینەوە دانەنیشت و سەرنجی لەسەر شتێک بوو کە هێز و توانایی بە دوژمن دەبەخشی. ئەو تێگەیشت کە ئەو سەرچاوەی دەسەڵاتە خودی سوپا نییە، بەڵکوو پێگەی سوپایە. بۆیە بڕیاریدا بە بێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی هێزەکانی لە شەڕێکی ڕاستەوخۆدا لەدەست بدا ئەوان لەو دۆخە ڕزگار بکا. سکیپیۆ بە ئاگردانی ئوردوگاکان سوپای دوژمنی وەجووڵە خست، پاشان لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ بۆ سەر شاری کارتاژ لەشکرکێشی بکا زەربەی لە شوێنێک دا کە دەیزانی تەنیا سەرچاوەی سروشتی کارتاژە. ئەو ناوچەی پڕ پیت‌وبەرەکەتی مووچەومەزرای نیشانە گرت کە سەرچاوەی سامان بوون، چونکە دەیزانی ئەگەر بچێتە شاری کارتاژ، یەکسەر ژێنراڵەکان وەک ئاسنێک کە بەلای ئاسن‌ڕفێندا (آهن‌ربا) ڕادەکێشرێ، خۆیان دەگەیەنن و کارکە خراپ دەکەن. لە کۆتاییدا لەبری ئەوەی پێوشوێنی هانیباڵ بکەون وای لە هانیباڵ کرد کە بەدوای خۆیدا پەلکێشی بکا و هانیباڵی ڕاکێشا بۆ شوێنێک کە هیچ سەرچاوە و پشتیوانییەکی نەبوو. ئێستا سکیپیۆ بە تەواوی هاوسەنگی کارتاژییەکانی تێکدا و شکستی ئەوان لە زاما حەتمی بوو.

هێز فریودەرە. ئەگەر دوژمنی خۆمان وەک مشت وەشێن "بۆکسۆڕ" ببینین، مەیلی ئەوەمان هەیە سەرنجمان لەسەر زەربەکانی ئەو بێ، خافڵ لەوەی مشت وەشێن زیاتر پشت بە زەربەکانی ببەستێ پشت بەپێیەکانی دەبەستێ. کاتێک پێیەکانی لاواز دەبن، هاوسەنگی لەدەست دەدا و ناتوانێ لە ململانێی بەرامبەرەکەی ڕزگاری بێ. ئەو کاتەیە لە بەردەم مەترسیدارترین زەربە ڕادەوەستێ و زەربەکانی وردە وردە هێزی خۆیان لەدەست دەدەن. کاتێک سەیری بەرامبەر دەکەی بە مشتی ئاسنیی فریو مەخۆ. دەرگیربوون لە ئاڵوگۆڕی زەربەدا لە ژیان یان لە شەڕدا لووتکەی گەمژەیی و نەزانییە. هێز بەردەوام پشت بە هاوسەنگی و پاڵپشتی دەبەستێ بۆیە بیر لەوە بکەوە کە دوژمن بە چی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە و لەبیرتان بێت کە زەربە لە هەمان کۆڵەکە و پایە دەبێتە هۆی تێک ڕووخانی دوژمن. هەموو تاکێک، هەر وەک سوپا هێزی خۆی لە سێ یا چوار سەرچاوە هاوکات وەردەگرێ، یانی پووڵ، خۆشەویستی، مانۆڕی ڕێکوپێک و ئەو شتە تایبەتە کە لە خۆیدا پەروەردەی کردووە. لە یەکێک لەوانە زەربەی لێ بدەن تا ناچار بێ پاڵ وەسەرچاوەی دیکە بدا، پاشان بە ڕیز ئەوانە وێران بکەن و تا شکست دەخوات، پێیەکانی بۆکسۆڕ لاواز بکەن تلاوتل بێتەوە و لەسەر زەوی بکەوێت. هیچ هێزێک بە بێ پێ توانای ڕاوەستانی نیە.

چێ هەسوان، لە ستراتژیستی خانەدانی مینگ دەڵێ: *"کاتێک پەڕەکانی نوکی تیرێک لێک جیا بکەیەوە، دارەکەی و نووکی دەمێنێتەوە، بەڵام توانای چوونە ژوورەوەی تا سەر ئێسقانی لەدەست داوە."*

## کلیلەکانی شەڕهەلایسێنی

لە شەڕدا سروشتییە کە سەرنجت لەسەر ڕەهەندەکانی فیزیکی ململانێ بێت واتە جەستە،کەرەستە و ئامرازی پێویست بۆ شەڕەکە. تەنانەت ستراتیژیستێکی چاوکراوە و لێزانیش پێی خۆشە سەرەتا سوپای دوژمن، هێزی ئاتەش‌بار، ڕادەی جووڵە و سەرچاوە و پاشەکەوتەکانی لەبەرچاو بگرێ. شەڕ هەر لە بنەڕەتەوە سۆزداری و هەستیاریە لە بەستێنی مەترسییە فیزیکییەکاندایە و بۆ ئەوەی تاک لەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاستە زیاتر بڕوانێ، پێویستە هەوڵێکی زیاتر بدا. ئەو دەبێ بپرسێ چ شتێک جووڵەی دوژمن دەڕەخسێنێ؟ چ شتێک خۆڕاگری و ئەنگێزەی پێ دەبەخشێ؟ کێ هەوڵ و هەنگاوەکانی کۆنترۆڵ دەکا و ئاراستەی کردەوەکانی دەکا؟ سەرچاوەی سەرەکی ئەو هێزە چییە، یان کێیە؟

زۆربەی خەڵک ئەو کێشەیەیان هەیە کە شەڕ بە چالاکیەکی جیا دەزانن کە پێوەندی بە بوارەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤەوە نییە بەڵام لە ڕاستیدا فورمێکی هێز و دەسەڵاتە. کارل فون کلاوزویتس پێی دەڵێ "*سیاسەت بە ئامێرێکی دیکە*" هەموو فورمەکانی دەسەڵات خاوەنی هەمان پێکهاتەیە.

بەرجەستەترین شت لە دەسەڵاتدا ڕواڵەتی دەرەکییە. ڕەواڵەتی دەرەکی بەو مانایەیە کە شایەتحاڵەکان دەیبینن و هەستی پێدەکەن. سوپا، ڕادە، چەک و کەرەستە، سیستم و مانۆڕی هێرشی هەیە، بە هەمان شێوە تاکەکان بۆ نیشاندانی پێگە و کاریگەری خۆیان ڕێگەی جیاوازیان هەیە. هەقیقەتی قودرەت ئەوەیە کە لایەنی بەهێزی نیشان بدا و بە ڕادەیەکی پێویست ترسناک یان تەنانەت فریودەر دەربکەوێ، چونکە هیچ دەسەڵاتێک نابێ خاڵی لاوازی خۆی نیشان بدا. لە ژێر ئەو ڕواڵەتە دەرەکییانەدا هەمان بنەمای پشتیوانی هەیە کە دەسەڵات پشتی پێ بەستووە. ئەو بناغەیە ناوەندی هەموو دەسەڵات و بزووتنەوەکانە و هەموو شتێک بە بوون و پتەوبوونی ئەو بناغە بەستراوەتەوە. هەر ئەو بەشەیە کە کۆی گشتی لە ژێر کۆنترۆڵدایە و بە ناوەندی دەمار یان سیستمی عەسەبی سوپایەکی خاوەن دەسەڵات دادەنرێن.

هێرشکردنە سەر ناوەندی قورسایی، پەک خستن یان وێرانکردنی ستراتیژی کۆتاییە لە شەڕ دا، چونکە بەبێ ئەو ناوەندە تەواوی پێکهاتەی دوژمن دەڕووخێ. ڕەنگە دوژمن ژێنڕاڵێکی ناودار و سوپای بەهێزی وەک هانیباڵی هەبێ، بەڵام بەبێ ناوەندی قورسایی ئەو سوپایە نە هێزی جووڵەیان هەیە و نە هێزی یەکگرتنیان هەیە.

زەربە لەو ناوەندە کاریگەری دەروونی وێرانکەری دەبێ، دوژمن حاڵەتی هاوسەنگی تێک دەچێ و ترسێکی سامناک دەخاتە دڵیانەوە. ئەگەر ژێنڕاڵە ئاسایی و مامناوەندەکان سەیری ڕەهەندی فیزیکی سوپای دوژمن بکەن خاڵە لاوازەکانیان دەبینن و سوودی لێ وەردەگرن، ستراتیژیستە باڵاکان بۆ ئەولاتر و دواتر دەڕوانن، ئەوانە لە پێوشوێنی سیستمی پشتیوانین. ناوەندی قورسایی دوژمن هەمان جێگایە کە باشترین زەربەی دەتوانن لێ بدەن. بە ئامانج گرتنی ئەو ناوەندە بە تێچووی کەم، باشترین ڕێگایە بۆ کۆتایی سەرەکی شەڕەکە.

کلیلەکە ئەوەیە کە بۆ دیاریکردنی ناوەندی قورسایی، دەبێ هێزی دوژمن شی بکرێتەوە. دەبێ وریا بین لە ڕەوتی گەڕان بەدوای ناوەندی قورسایی فریوی ڕواڵەتی ترسناک و مانۆڕە دەرەکییەکان نەخۆین، بۆ ئەوەش پێویستە چەندین هەنگاوی کاریگەر بنێین. یەکەم، سەرچاوەی هێز بدۆزەوە پاشان چین بە چین لێی بکۆڵەوە. لەبیرت بێ سکیپیۆ کە پێش هەموو شتێک دەرکی بەوە کرد کە هانیباڵ وابەستەی ئیسپانیایە دواتر زانی کە وابەستەی کارتاژە و ئەمجار تێبینی ئەوەی کرد کە کارتاژ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پشت بە سەرچاوە ماددییەکان دەبەستێ و ئەو سەرچاوە ماددییانە سەرچاوەی تایبەتیان هەیە دوای هەموو ئەو هەنگاوانە سکیپیۆ زەربەی کۆتایی لێدا و شەڕەکە لە بەرژەوەندی ئەو و بە تێکچوونی هاوسەنگی هانیباڵ کۆتایی هات.

بۆ دیتنەوەی ناوەندی قورسایی دەستەیەک، دەبێ پێکهاتە و فەرهەنگی کردەوەی ئەو بناسن. ئەگەر دوژمنانی ئێوە تاکەکانن، دەبێ دەروونی مرۆیی ئەوان بناسن و بزانن چ شتێک ئەوانی بەهێز کردووە و پێکهاتەی هزری و ئەولەوییەتەکانیان بزانن.

ژێنراڵ "وو گوین جیاپ" بۆ دروستکردنی ستراتیژی شکستی ئەمریکا لە شەڕی ویتنامدا، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ناوەندی ڕاستەقینەی قورسایی لە دێموکراسی ئەمریکادا، پاڵپشتی سیاسی هاووڵاتیانە. ئەمریکا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پشتگیرییە کە لە بنەڕەتدا جۆرێک لە پشتیوانی نیزامی ئاسایی لە شەڕی جیهانی دووهەمدا بوو، توانی شەڕێکی کاریگەر لە دژی ویتنام دەست پێ بکا، بەڵام بەبێ ئەو پشتیوانییە مەحکوم بە فەنا بوو. جیاپ توانی لە ڕێگەی هێرشی تێت لەساڵی ١٩٦٨دا پشتیوانی هاوڵاتیانی ئەمریکی کەم بکاتەوە. ئەو بە قووڵی لە کولتوری ئەمریکا تێگەیشت و ئەو تێگەیشتنە قووڵە توانی زەربەیەکی کاریگەر لە ئەمریکا بدا.

تا دوژمن چڕتر بێ زەربە لە جەستەی فەرمانڕەوا یان ڕێبەرەکەی وێرانکەرتر دەبێ. هێرنان کۆرتیس توانی مۆکتێزوما، دەسەڵاتداری نۆهەمی تێنۆچتیتلان بگرێ و بە ژمارەیەکی کەم سەرباز گەمارۆی مەکسیک بدا و بەسەر ئیمپراتۆری ئازتەکدا سەرکەوێ.

مۆکتێزوما ناوەندێک بوو کە هەموو شتێک بە دەوریدا دەسوڕایەوە، بەبێ ئەو فەرهەنگی ئازتەک بە خێرایی داڕما. کاتێک ناپلیۆن لە ساڵی ١٨١٢دا هێرشی بۆ ڕووسیە کرد بیری کردەوە کە بە گرتنی مسکۆ پایتەختی ئەو وڵاتە، دەتوانن ڕووسەکان ناچار بکا خۆیان تەسلیم بکەن. بەڵام ناوەندی ڕاستەقینەی قورسایی لەو وڵاتەدا تزار بوو، کە بڕیاری دابوو شەڕ درێژە بدا و لەدەستدانی موسکۆ تەنیا بڕیاری ئەوی پتەوتر کرد.

لەلایەکەی دیکەوە هەرچەندی دوژمن لامەرکەزیتر بێ، چەندین ناوەندی قورسایی جیاوازی دەبێ. کلیلەکە لێرەدا ئەوەیە کە پێوەندی نێوان ئەو ناوەندانە تێک بدە و بیپسێنە. ئەوە هەمان کارێکە کە ژێنراڵ داگلاس مەک‌ئارتۆر لە لەشکرکێشییە سەرنجڕاکێشەکەی دا بۆ زەریای ئارام لە کاتی شەڕی جیهانی دووهەمدا کردوویەتی: ناوبراو لەچەندین دوورگە تێپەڕی، بەڵام هێندێک دوورگەی سەرەکی گرت و ژاپۆنییەکان بە درێژایی ناوچەیەکی فراوان بڵاوەی پێکردن و کارێکی کرد کە پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا بپچڕێ. هەمیشە لە ڕووی ستراتیژییەوە ژیرانەیە کە هێڵەکانی پێوەندی دوژمن تێک بدەن، ئەگەر بەشەکان نەتوانن پێوەندی لەگەڵ خوارەوە یا یەکتر بگرن سەرلێشێواوی دروست دەبێ.

ناوەندی قورسایی دوژمن دەتوانێ شتێکی دەرهەست بێ وەک (چۆنایەتی) کەیفییەت، چەمک یان بەهرەیەکی سروشتی. ئەو ناوەندە لەوانەیە ئابڕو، متمانە، توانای فریودەرانە یان پێش‌بینی‌نەکراوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو بێ. بناغەکانی دەسەڵات کاتێک دەلەرزێن کە بتوانی ناشیرین نیشانی بدەن یان لە کاریان بخەن.

ئەسکەندەری مەقدونی، لە شەڕ لەگەڵ سەکاییەکان، خەڵکی کۆچەری بە ڕەچەڵەک ئێرانی کە کەس نەیدەتوانی شکستیان بدا، ناوەندی قورسایی ئەوانی دۆزییەوە و تێگەیشت کە ئەو ناوەندە لە لێهاتوویی ئەواندایە، لە ئەسپسواری و شێوازی (سیال) بگۆڕ، بەڵام بەڕواڵەت شپرزەی شەڕی ئەوانەیە. ئەو بەسادەیی گەڵاڵەی داڕشت کە ئەوان بەرەو شوێنێکی دەورگیراو پەلکێش بکا تا نەتوانن لە تاکتیکەکانی تایبەتی ئەسپسواری کەڵک وەرگرن، سەرچاوەی هێزیان لێ بستێنێ و پاشان بە ڕاحەتی شکستیان بدا.

بۆ ئەوەی ناوەندی قورسایی دوژمن بدۆزیتەوە دەبێ دەستبەرداری بیرکردنەوە بە شێوازی ئاسایی بین. هەروەها وا مەزانە کە ناوەندی دەسەڵاتی لایەنی بەرامبەر وەکوو ناوەندی دەسەڵاتی ئێوەیە، کاتێک سالوادۆر دالی لەساڵی ١٩٤٠ ڕووی لە ئەمریکا کرد و هەوڵیدا خۆی وەک هونەرمەند لەو وڵاتەدا بناسێنێ و ژیانێکی خۆش بۆ خۆی دروست بکا، ئەو حیساباتێکی زیرەکانەی کرد. لە جیهانی هونەری ئورووپاییدا هونەرمەند دەبوو ڕوانگەی ڕەخنەگران بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و خۆی وەک کەسێکی جیددی و بەبڕشت نێشان بدا. ئەمە لە ئەمریکا بە پێچەوانە بوو ئەو جۆرە متمانەیە بە مانای لەنێوچوونی ئەو هونەرمەندە بوو، چونکە ناوەندی قورسایی ئەمریکا میدیاکانی بوون. ناوبراو توانی لە ڕێگای ڕۆژنامەکان لە گەڵ تێکڕای خەڵکی ئەمریکا پێوەندی بگرێ و خەڵک ئەستێرەیەکی بەناوبانگیان لێ دروست کرد.

لەشەڕی نێوخۆیی چین لە نێوان کۆمۆنیستەکان و ناسیونالیستەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی چین، لە کۆتایی دەیەی ١٩٢٠ و سەرەتای ١٩٣٠، کۆمۆنیستەکان زۆرتر بیری خۆیان لە سەر گرتنی شارەکان چڕ دەکردەوە، هەمان کار کە بلشویکەکان لە ڕووسیە ئەنجامیان دابوو، بەڵام مائۆ تسە تونگ، نامۆیەک لە حیزبی کۆمۆنیستی دەمارگرژی چینییەکان، توانی بەبێ جیاوازی سەیری چین بکات و ناوەندی قورسایی لە حەشیمەتی بەرفراوانی ڕەعییەتدا بدۆزێتەوە. ئەو پێی وابوو بە ڕاکێشانی بیروڕای ئەوان دەتوانن شۆڕش بە زیندووی ڕاگرن، ئەو تێڕوانینە سادەیە، بوو بە کلیلی سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان. توانای دیاریکردنی ناوەندی قورسایی بەو ڕادەیە گرینگە.

زۆرجار سەرچاوەکانی هێزی خۆمان دەشارینەوە و ئەوەی زۆرینەی خەڵک بە ناوەندی قورسایی دەزانن، شتێکی ڕەواڵەتییە، بەڵام هێندێک جار دوژمن بە چاوەدێری زۆرەوە ناوەندی قورسایی خۆی ئاشکرا دەکا. لە کاتی شەڕی ناوخۆیی ئەمریکادا، ژێنڕاڵ ویلیام تیکامسا شێرمن لە سوپای یەکێتی دەرکی بەوە کرد کە خەڵکی باشوور زۆر نیگەرانی چاوەدێری لە ئاتلانتا و ناوچەکانی دەوروبەرین. ئەوە هەمان ناوەندی قورسایی پیشەسازی ئەیالەتی باشوور بوو. ئێوەش وەک شێرمن لە بەنرخترین سەروەت و سامانی دوژمن زەربەی لێ بدەن یان هەڕەشەی لێ بکەن تا لە چڕبووبوونەوەی هێزەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمن کێشە دروست بکەن.

لە هەر گرووپێکدا هێزی کاریگەری بە شێوەیەکی سروشتی لە دەستی کەسانێکدایە کە لە پشت پەردەدا دەسورێنەوە. ئەو جۆرە دەسەڵاتە کاتێک بە باشترین شێوە کاریگەری هەیە کە هێشتا خۆی ئاشکرا نەکردووە. کاتێک کەسانی ئەو دیوی دیوارەکانتان دیتەوە دەتوانی بەسەریاندا زاڵ بن. فرانکلێن ڕوزوێڵت سەرکۆماری ئەمریکا لە سەردەمی قەیرانی ئابوریدا لە بوارە جیاجیاکاندا ڕووبەڕووی کێشە بووەوە و بۆ ئەو کارێکی سەخت بوو کە دەبێ وزەی خۆی لە کام بواردا بەکار بێنێ، دواجار بەو ئەنجامە گەیشت کە کلیلی جێبەجێکردنی چاکسازییەکانی سەرکەوتن لە کۆنگرێسدایە. لە نێو کۆنگرە ڕێبەرانی تایبەتی هەبوون کە دەسەڵاتی سەرەکییان لەژێر دەست دابوو، ناوبراو هەوڵی دا سەرنجی ئەوان و بۆچوونی ئەو ڕێبەرانە ڕابکێشێ و ڕازییان لێ بکا، ئەوەش یەکێک لە نهێنیەکانی سەرکەوتنی ئەو بوو.

ئەو شتەی لە کۆتاییدا ڕێنمایی گرووپێک دەکات ناوەندی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ کردنە، مێشکی عەمەلیاتە کە زانیاری وەردەگرێ و پاشان بڕیاری گرنگ دەدا. تێکدانی کارکردنی ئەو مێشکە دەبێتە هۆی کێشە و پەرتەوازەیی لە سەرانسەری سوپای دوژمندا. ئەسکەندەری گەورە پێش ئەوەی لەهەر شەڕێک نزیک بێتەوە لە ڕێکخستنی دوژمنی دەکۆڵییەوە و بە باشترین شێوە شوێنی پێکهاتەی فەرماندەهی دیاری دەکرد، پاشان یان هێرشی بۆ دەکرد یان کێشەی لە پێوەندییەکانیدا دروست دەکرد ئەوەش کارێک بوو کە پێوەندی مێشکی لە گەڵ ئەندامانی خوارەوە دەپساند.

تەنانەت لە وەرزشێکی جەستەیی وەک بۆکسۆڕیشدا، محەمەد عەلی کلی لە داڕشتنی ستراتیژییدا بۆ شکستدانی جوفریزر ڕەقیبی سەرەکیی، زەینی فریزری کردە ئامانج، چونکە بەباشی دەیزانی کە زەین دوا ناوەندی قورسایی هەر تاکێکە. محەممەد عەلی پێش هەموو شەڕێک مێشکی فریزری تێک دەدا و ئەو بۆ لەدەستدانی ڕوحیەی فریزر نازناوی "عموتام"[١] پێ دابوو کە تورەی دەکرد. ئەوەش بووە هۆی جوفریزر لەنێو ڕینگدا تورە بێ و نەتوانێ بیر لە جووڵەکانی محەممەد عەلی کلی بکاتەوە بە بێ تورەیی بیر لە جووڵەکانی کلی بکاتەوە و کۆنترۆڵی مێشکی فریزر تەنیا کلیلی کۆنترۆڵکردنی جەستەی ئەو بوو.

لە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکدا، خۆتان بار بێنە بۆ ئەوەی سەرنجتان لەسەر هێزەکانیان بێ، واتە سەرچاوەی پشتگیریی. ئەو زانیارییە دەبێتە هۆی بژاردەی زۆر بۆ دۆزینەوەی ستراتیژی لەبەردەست دابێت. هەروەها چەندین گۆشەت بۆ هێرشکردنە سەر دوژمن بۆ دەکاتەوە بەم پێیە لەبری ئەوەی زەربەی بێبەزەیی لەسەروچاوی بدەن یەک زەربە لە حەساسترین خاڵی بدەن و هیچ ترسێک لەوە گەورەتر نیە کە دوژمن نەتوانێ لە سەرچاوەی هێزی خۆی کەڵک وەرگرێ.

---

١. نازناوی "عموتام" بۆ ڕەشپێستێک خراپترین تەوهین بوو، چونکە بە مانای ڕەشپێستێکە کە بە سپیپێستە ڕەگەزپەرەستەکان خزمەت دەکا و هاو ڕەگەزی خۆی قوربانی دەکا، و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بیر بکەوە:** دیوار. نەیارانی ئێوە لە پشت دیوارێک وەستاون و ئەو دیوارە ئەوان لە بینینی بێگانە و دەستدرێژکار دەپارێزی. لەبری ئەوەی سەرت بەدیوار دادەی یا زەربەی لێ بدەی، کۆڵەکەکان بدۆزنەوە چونکە ئەو ستوونانە پاڵپشتی ئەو دیوارەن. ژێری کۆڵەکەکان هەڵکەنن بەجۆرێک کە بناغەی کۆڵەکەکان بلەرزێ و دیوارەکە بڕووخێن.

کارل فون کلاوزویتس دەڵێ: "*بنەمای یەکەم ئەوەیە کە سەرچاوەی دەسەڵاتی دوژمن لەحاڵەتی ئاسایی بە چەند سەرچاوەیەکەوە و لە ئیدئاڵترین حاڵەتدا بە یەک سەرچاوە بەستراوەتەوە. هێرشکردنە سەر هەر یەکێک لەم سەرچاوانە پێویستی بە کردەوەیەکی کەم هەیە، تەنیا پێویستە بەردەوام بن لە دۆزینەوەی ناوەندی ئەو دەسەڵاتە، تاکوو بە هێرش کردن بۆ سەر ئەو خاڵە تەسکە هەموو سوپا تووشی شکستی سەرشۆڕانە بکەی.*"

## حاڵەتی دەگمەن

هەموو بوونەوەرێکی زیندوو ناوەندی قورسایی هەیە. تەنانەت پەرشوبڵاوترین گرووپەکانیش دەبێ پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن و پەیوەست بن بە تۆڕێکەوە کە خاڵی لاوازی ئەوانە. ئەو ستراتیژییە هیچ (استثنایی) ئاوارتەیی و تاقانەی نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی هەڤدەیەم:
# بە هەموو شێوەیەک دوژمن خاشەبڕ بکەن.
# ستراتیژیی دابەشکردن و داگیرکردن

کاتێک چاو لە دوژمنی خۆتان دەکەن هەرگیز ڕواڵەتی ئەو فریوتان نەدا، لەو مەترسێن، بەڵکوو چاو لەو بەشانە بکە کە تەواوکەری ئەوانن. بەشەکانی لێک جیا بکەنەوە و ئینجا لێی بڕوانن. کاتێک هەموو ئەو بەشانەتان لێک جیا کردەوە و لە کارتان خست، بەهێزترین دوژمنیش بێت بە چۆکدا دێ. لە کاتی پلاندانان بۆ هێرشەکەت کار لەسەر مێشکی دوژمن بکە بۆ ئەوەی ناکۆکی ناوخۆیی دروست بکەن. بەدوای هاوبەشی و پێوەندیدا بگەڕێ ئەمانە ئەو شتانەن کە تاکەکان لە گرووپێکدا بەیەکەوە دەبەستنەوە. جومگەکانی یەک جەستە لاوازترین بەشەکانین. کاتێک لەگەڵ کێشەکان یان دوژمنانتاندا بەرەوڕوو دەبنەوە، کێشە گەورەکە لەتلەت بکەن بۆ ئەوەی هەم بچووکتر بنەوە و هەمیش ئەگەری شکانیان زیاتر بێ.[1]

---

١. لە هەر حاڵەتێکی نائاساییدا، زۆر جار هەبوو کە فەڕانسە بە دوورییەکی لۆژیکی و پشتیوانی لە یەکترەوە، لەگەڵ یەک یان دوو گرووپی سوپای دوژمن ڕووبەڕوو بۆتەوە. لە دۆخێکی وەها سەختدا ناپلیۆن سیستەمێکی لاوەکی مانۆڕی بەکارهێنا، کە لە "ستراتیژی پێگەی ناوەندییەوە" بوو. زۆرجار فەڕانسەوییەکان لەژێر ئەو مەرجانەی هەست کردندا لە بەرامبەر هێزی یەکگرتووی نەیارەکانیدا چەندین سوود لەدەست دەدەن، بەڵام دەتوانن لە بەرامبەر هەر بەشێکی هێزە دژبەرەکانیدا سوودی باڵاتری دیکە بەدەست بێنن. ئەوە هەمان فاکتەری دووهەم بوو، کە ناپلیۆن ئەو سیستەمەی داڕشت بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرێ. "هونەری ژێنراڵی شەڕ ئەوەیە کە لە بەرەکانی شەڕدا ژمارە لە دوژمن کەمتر بێ لەمەیدانی شەڕدا سەرتر لەو عەمەل بکەی"، بە کورتی ناپلیۆن ئەرکی بۆخۆی دانا، کە سەرەتا بەشێک لە سوپایەکی گەورە یان سوپایەکی بچووک، لەچەندین سوپا گۆشەگیر بکا، پاشان بە هەموو هێزەوە سەرنجی لەسەر شکستی ئەو بێ و دوای لە نێوبردنی، پێوشوێنی بەشەکانی دیکە یان سوپای دووهەم بکەوە. بە واتایەکی دیکە، لەبری ئەوەی گورزێکی بەهێزی لێدا، بە زەربەیەکی بچووکتر کە پەڕش‌وبڵاو بوون، لە دوژمنی دەدا و بە تەواوی لێکی بڵاو دەکردن. ئەو کارە چۆن جێبەجێ دەبوو؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە گرنگی بە ڕێکوپێکی هێرشەکانی ناپلیۆن بدەین. دوای ئەوەش ئیمپراتۆر لە سەرچاوە جیاوازەکانی وەک ڕۆژنامە و سیخوڕەکان کە لە دەستی دوژمن هەڵاتوون بە تایبەت گەڕانی لێکۆڵینەوەی تایبەت، زانیاری زۆر لەسەر هێزی دوژمن بەدەست دێنا و دواتر لەو زانیاریانە، شوێنی هێزەکانی دوژمن لەسەر نەخشە وەدەست دەخست. ئەو ناوچانە بە جومگە یان یەکگرتنی سوپا جیاوازەکان یان بەشە جیاوازەکانی یەک سوپا دادەنران و لە ئەنجامدا بە لاوازترین خاڵەکان دادەنران، لێرەدا ناپلیۆن ستراتیژی هێرشی بروسکەئاسا و بە خێرایی ڕەشەبا و بای بەکار هێنا، سوپای فەڕانسە کە ئەسپ‌سواری پێش هەموو شتێك ڕێکەوتبوون، بەسەر کۆمەڵێک سەربازی دوژمندا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پێگەی ناوەندی**

ڕۆژێک لە سەرەتای مانگی ئاگوستی [گەلاوێژ] ساڵی ٤٩٠ی پێش زایین، خەڵکی ئاتێن ئاگادارکرانەوە کە ناوگانێکی گەورەی ئێران نزیکەی ٤٠ کیلومیتر لە باکوورەوە بەدرێژایی دەشتەکانی لێواری دەریای ماڕاتۆن لەنگەری گرتووە. هەستی لەنێو چوون و نابوودی بە خێرایی لەناو خەڵکی ئاتێندا بڵاو بووەوە. هەموو ئاتێنییەکان لە نیازی ئێرانییەکان تێگەیشتن کە دەیانەوێ شارەکە بگرن و دێموکڕاسی گەنج و تازە دامەزراوەکەی لەنێو ببەن و حاکمی ستەمکاری پێشوویان هیپیاس بێننەوە سەر تەخت و زۆرێک لە خەڵکی ئاتێن بۆ کۆیلایەتی بفرۆشن. نزیک بە ٨ ساڵ پێش ئاتێنیەکان بۆ پشتیوانی شارەکانی یۆنانی ئاسیای بچووک، کەشتییان بۆ شۆڕش‌کردن لە دژی داریوشی حاکمی ئیمپراتوری ئێران ڕەوانە کرد، دوای چەندین شەڕی نائومێدکەر ئاتێنییەکان پاشەکشەیان کرد، بەڵام بەشدارییان لە سووتاندنی شاری "سارديس"[١]دا کرد. ئەوە تاوانێکی گەورە بوو کە داریۆش لەبیری نەکرد و بەنیازی تۆڵە ئەستاندنەوە بوو.

ئەم ژانەسەر و گرفتاری ئاتێنییەکان بێ ئومێدانە دەهاتنە بەرچاو. سوپای ئێران زۆر گەورە بوو و نزیکەی ٨٠ هەزار سەرباز بە سەدان کەشتیەوە هاتبوونە ئەوێ. ئەو سوپایە ئەسپ‌سواری زۆر باشیان پێ بوو و باشترین تیرهاوێژی لە ئاستی جیهان‌دا لەبەردەست دابوو. لەو کاتەدا ئاتێنییەکان تەنیا هێزی پیادەیان هەبوو کە نزیکەی١٠ هەزار کەسی بەهێز بوون. بە خێرایی نەفەرێکیان بۆ لای سپارتەکان نارد و داوای هێزی یارمەتیان کرد بەڵام سپارتەکان ئاهەنگی جەژنی مانگیان دەگێڕا کە لەو ماوەیەدا هەموو شەڕێک قەدەغە بوو. ئەوان بەڵێنیان دا تا یەک هەفتەی دیکە قشوونێک بۆ یارمەتی ئاتێن بنێرن، بەڵام هەفتەیەک زۆر درەنگ بوو. لە لایەکی دیکەوە گرووپێک لە لایەنگرانی ئێران لە ئاتێن دەژیان کە زۆربەیان لە بنەماڵە دەوڵەمەندەکان بوون، ئەوان لە دێموکڕاسی بێزار بوون و هیوادار بوون هیپیاس بۆ سەر تەختت پاشایەتی بگەڕێتەوە. ئەوانە هەموو هەوڵی خۆیاندا تا لە نێو شار خیانەت بە ئاتێن بکەن. ئێستا ئاتێن دەبوو لەگەڵ ئێرانییەکان شەڕ بکەن و بۆ ئەو دابەشبوونەی

---

زاڵ بوون کە لە پێگەی ناوەندی بەرگرییان دەکرد، تێکی دەشکاندن. بە دڵنیاییەوە هێرشێکی سەرەتایی و لەناکاوی لەو شێوەیە سەردەکەوێ. ناپلیۆن یەکسەر سوپاکەی گواستەوە بۆ ئەو ناوچەیەی کە تازە گەمارۆ دراوە. ئەو وەستای ستراتیژی پێگەی ناوەندی بوو و لە ڕاستیدا بەو هێرشە بروسکەئاسایە بەشەکانی سوپای دوژمنی بە ڕادەیەک لێک بڵاو دەکرد کە سوپای بچووک بە ئاسانی دەتوانێ ئەوان تێک بشکێنێ. بە واتایەکی دیکە کە وای لە دوژمن دەکرد لە هێڵەکانی دەرەوە درێژە بەشەڕ بدا و لەشەڕ دوور بێ، مەودای زۆری لەگەڵ بەشەکانی دیکە هەبێ، بەڵام سوپای فەڕانسە پێوەندی خۆی پاراست و بە ئاسانی دەستی بە سوپای دوژمن دەگەیشت. لەشکرکشی‌های ناپلئون، دوید جی چندلر، ١٩٦٦

١. ساردیس، شاری ساردیس شارێکی کۆنە و دەکەوێتە بەشی ڕۆژاوای ئاسیای بچووک کە تا ساڵی ٥٤٦ پێش زایین پایتەختی ئیمپراتۆری "لیدی" بووە و پاشان شوێنی ساتراپەکانی فارس بووە، نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر ساردیس لەلایەن کوروشی گەورەوە داگیرکراوە و دوای ئەوە بووەتە یەکێک لە شارە گرنگەکانی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنەشی، شارەکە لە ڕێگەی شاهی بە تەختی جەمشیدەوە بەسترا بووەوە، و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە لە نێو خۆیاندا واتە خیانەتکارەکانی ناوخۆیی سەری هەڵدابوو کارێک بکەن.

ڕێبەرانی ئاتێنی دێموکراتیک کۆبوونەوەیان گرت تا هەموو بژاردەکان تاوتوێ و هەڵسەنگێنن کە هەڵبەتە هەموویان خراب بوون. زۆربەیان بەو ئاکامە گەیشتن کە هێزەکانی ئاتێن لە دەرەوەی شار دیوارێکی بەرگری دروست بکەن. بەو پێیە دەیانتوانی لە ناوچەیەک لەگەڵ ئێرانییەکان بەربەرەکانی بکەن کە شارەزاییان هەبوو. لەو لاوە سوپای ئێران ئەوەندە گەورە و بەهێز بوو کە دەیتوانی شارەکەیان لە ویشکایی و دەریاییەوە گەمارۆ بدا، لەو ڕوویەوە یەکێک لە ڕێبەران بەناوی میلتیاد پێشنیارێکی بەتەواو جیاوازی کرد. ناوبراو پێشنیاری کرد سوپای ئاتێن بە باریکەیەکدا کە بەدرێژایی کەناراوەکان تێپەڕێ، ئەوەش بە واتای بەجێ‌هێشتنی ئاتێن بێ پاراستن بوو. ڕاستە بەم شێوازە ڕێگری لە پێشکەوتنی ویشکایی ئێرانییەکان دەکرد بەڵام لەو حاڵەتەدا ئاتێنی پایتەخت لە بەرامبەر هێرشی دەریایی ئێراندا بێ پاراستن دەمایەوە. میلتیاد دەلیلی دەهێنایەوە کە داگیرکردنی ئەو باریکەیە تەنیا ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی لەو گەمارۆیە دەرباز بن. ناوبراو لە ئاسیای بچووک لە دژی ئێرانییەکان شەڕی کردبوو و یەکێک لە سەربازە بە ئەزموونەکانی ئاتێن بوو. بۆیە سەرکردەکان دەنگی ئەرێنییان بەم گەڵاڵەیە دا.

بەوشێوەیە چەند ڕۆژ دواتر دە هەزار سەربازی پیادەی ئاتێن بەرەو باکوور ڕەوانە کران و کۆیلەکان لباسی ئاسنی شەڕ و هێسترەکانیش خواردنی ئەوانی هەڵدەگرت. کاتێك گەیشتنە باریکە و چاویان لە دەشتەکانی ماراتۆن دەکرد، دڵیان لە لێدان وەستا. تا ئەو جێگەی چاو هەتەری دەکرد زەوی هەمووی چادر و ئەسپ و سەربازی ئێرانی بوون و کەشتییەکانیش هەموو لیوارەکانی گرتبوو.

بۆ چەند ڕۆژێک هیچ لایەک جووڵەی نەکرد، ئاتێنییەکان بێجگە لە پاراستنی شوێنی خۆیان هیچ بژاردەیەکی دیکەیان نەبوو. ئەوان نە ئەسپ سواریان هەبوو نە سەربازیان زۆر بوو. کەوابوو چۆن دەتوانن لە ماراتۆن شەڕ بکەن؟ لەوانەیە ئەگەر کاتێکی زیاتریان بۆ ڕەخسابوایە سپارتەکان بۆ یارمەتی ئەوان دەگەیشتن، بەڵام ئێرانییەکان بۆ نەدەجووڵان و کارێکیان نەدەکرد؟

پێش بەرەبەیانی ١٢ی ئاگوست [٢٢ی گەلاوێژ)، هێندێک لە دیدەبانەکانی یۆنانی کە بە ڕواڵەت بۆ فارسەکان کاریان دەکرد، بە خێرایی هاتنە لای ئاتێنیەکان و هەواڵێکی سەیریان هێنابوو، ئێرانییەکان لە تاریکی هەوا کەڵکیان وەرگرتوە و لە ڕێگەی دەریاوە خۆیان گەیاندە کەنداوی فالڕون لە دەرەوەی ئاتێن بوو و لەگەڵ خۆیان زۆربەی ئەسپ سواریان بردبوو و هێزێکی تۆکمەی بریتی لە ١٥ هەزار سەربازی لە دەشتەکانی ماراتۆن جێگیر کردبوو. پلانی ئەوان ئەوە بوو کە ئاتێن لە ڕێگەی دەریاوە بگرن و پاشان بەرەو باکوور بچن و سوپای ئاتێن لە نێوان دوو هێزی گەورەتردا لەژێر فشار بخەن.

لە یازدە فەرماندەی ئاتێنی تەنیا میلتیاد ئارام بوو. میلتیاد تەنانەت ئەو دۆخەی بە دەرفەتێک دەزانی، میلتیاد لەگەڵ گزینگی بەیاندا پێشنیاری هێرشی دەست بەجێی بۆ سەر ئەو هێزەی ئێرانی کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ماراتۆن جێگیر بوون، کرد. هێندێک لە فەرماندەکان دژی ئەو بۆچوونە بوون و لەسەر ئەو باوەڕە بوون دوژمن ئەسپسوار و کەوانداری زیاتری هەیە. ئەوان دەیانگوت باشترە تا گەیشتنی سپارتەکان چاوەڕێ بکەین، بەڵام میلتیاد پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە ئێرانییەکان هێزەکانیان دابەش کردووە. ئەو پێشتر لەگەڵ ئێرانییەکان شەڕی کردووە و دەیزانی کە هێزی پیادەی ئاتێن لە ڕووی ڕێکوپێکی و نەزم و دیسیپلینەوە لە ئێرانییەکان لەسەرترن. لەو لاشەوە ئێرانییەکان لە دەشتی ماراتۆن ئێستا کەمتر لە پێشوو بوون و سەرکەوتنی ئاتێنیەکان ڕاحەتتر بوو.

هەروەها ئەگەر "با" لە بەرژەوەندی ئاتێنییەکان بوایە نزیکەی دە بۆ دوانزە کاتژمێری پێ دەچوو تا کەشتیە ئێرانییەکان بە دەوری کەناراوەکاندا دەور لێدەن و لە کەنداوی فالڕون جێگیر بن، بێجگە لەوە پێویستیان بە کاتی زیاتر بۆ دابەزاندنی سەرباز و ئەسپەکانیان بوو. ئەگەر ئاتێنیەکان بتوانن بە خێرایی ئەو هێزە فارسانەی کە لە ماراتۆن جێگیر بوون شکست بدەن، ئەوە کاتێکی تەواویان دەبێ بۆ گەڕانەوە بۆ ئاتێنی پایتەخت و هەمان ڕۆژ بەرگری لێ بکەن، بەڵام ئەگەر چاوەڕێ بکەن ڕەنگە سپارتییەکان هەرگیز یارمەتیان نەگات، ئەوە لەکاتێکدایە ئێرانییەکان گەمارۆیان دەدەن و لە هەمووی گرنگتر لایەنگرانی ئێرانی لە نێو ئاتێندا لە نێو شارەوە خیانەت دەکەن و دەروازەکانی شار بەڕووی ئێرانییەکاندا دەکەنەوە. یان دەبوو هەر ئێستا لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرن یان هەرگیز. لە نێوان یازدە فەرماندە شەش کەس بەو پێشنیارە ڕازی بوون و دواجار بڕیاریان دا لە بەیانی زوو دەست بە هێرش بکەن.

سەعات ٦ی بەیانی ئاتێنییەکان هێرشیان دەست پێکرد و کەمان بەدەستەکانی ئێران وەک بارانە تیریان بە سەر ئاتێنییەکان دا دەباراند، بەڵام ئاتێنییەکان بە خێرایی دوژمنی خۆیان لە گەمارۆ خست و ئێستا تەنیا شێوەی شەڕکردن، شەڕی دەستەو یەخە بوو، هەمان شێوەی کە میلتیاد پێش‌بینی کردبوو کە یۆنانییەکان لەشەڕی نزیک و ڕاستەخۆ سەرکەوتووتر بوون. ئەوان کارێکیان کرد کە ئێرانییەکان تا کۆتایی باکووری دەشتەکە پاشەکشەیان کرد و بە هەزاران نەفەریان لێ نوقم بوو. ئاوی دەریا بە خوێنی ئەوان سوور بوو، سەعاتی نۆی بەیانی ئاتێنییەکان کۆنترۆڵی دەشتی ماراتۆنی بەدەستەوە گرت ئەوە لەکاتێکدا بوو کە کەمتر لە ٢٠٠ کەسیان لەدەست دا.

لەگەڵ ئەوەی ئاتێنییەکان ماندوو بوون، بەڵام تەنیا حەوت سەعات دەرفەتیان بوو تاکوو مەودایەکی٤٠ کیلومیتری بپێون و لە کاتی خۆیدا لە ئاتێن ئامادە بن و پێش بە ئێرانییەکان بگرن. ئەوان هیچ کاتیان بۆ پشوودان نەبوو تا ئەو جێگەی توانیان ڕایان کرد و لباسە ئاسنەکانیان بە دوای خۆیاندا ڕادەکێشا تەنیا بیریان لە مەترسییەک دەکردەوە کە هەڕەشەی لە بنەماڵەکانیان دەکرد. ئەوانەی زۆر توند ڕایانکرد خۆیان گەیاندە کەنداوی فالڕون و تا ئەوێ لە ژێر چاوەدێری بگرن و ئەوانی دیکەش پێوشوێنیان کەوتن. چەند دەقیقە لە گەیشتنی ئەوان تێپەڕی بوو کە ئێرانییەکانیش هاتن، بە بینینی هەزاران سەربازی ئاتێنی کە سەر و دەموچاویان لە خۆڵ و خوێندا دیار نەبوو شان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشان ڕووبەڕووی ئێرانییەکان وەستانەوە، سەریان سوڕمابوو. ئێرانییەکان بۆ چەند سەعات هەر لەوێ ڕاوەستان و پاشان بەرەو دەریا ڕۆیشتن بە بێ هیچ دەسکەوتێک ژمارەیەکی زۆر سەربازیان بە کوشتن دا و بەرەو ماڵەوە گەڕانەوە بەمشێوە بە پێی نەخشەی میلتیاد ئاتێنیش ڕزگاری بوو.

**لێکدانەوە**

شەڕ و سەرکەوتن لە ماڕاتۆن شاید ڕەنگە چارنوس‌سازترین سات لە مێژووی ئاتێن دابێ. ئەگەر سەربازەکان لە کاتی خۆیدا نەگەیشتبوون، فارسەکان شارەکەیان دەگرت و پاشان بە دڵنیاییەوە دەستی بەسەر هەموو یۆنان دا دەگرت و لە کۆتاییدا بە درێژایی دەریای نێوەڕاست (مدیترانە) فراوان و دەسەڵاتی خۆیان دەسەپاند، چونکە هیچ هێزێکی دیکە لەو کاتەدا نەیدەتوانی ڕێگرییان لێ بکا، بەو پێیە مێژوو بۆ هەمیشە دەگۆڕا.

پلانی میلتیاد سەرەڕای باریکی ڕێگاکە، بە کردەوە کرا، چونکە لەسەر بنەمای دروست و دەسبەجێیی پایەڕێژی بۆ کرابوو. کاتێک دوژمنێکی بەهێز هێرش دەکا توانای پێشڕەوی ئێوە دەخاتە مەترسییەوە دەبێ کار بکەن بۆ ئەوەی دوژمن بە ناچاری هێزەکانی دابەش بکا و دواتر لە پێشدا هێزە بچووکەکان تێک بشکێنی و پاشان هێزی ئەسلی شکست بدەی.

کلیلی ستراتیژی میلتیاد، زیرەکی لە ڕاکێشانی شەڕەکە بۆ نێو ماڕاتۆن بوو، ئەو بە جێگیرکردنی هێزی خۆی لەو ڕێگایە کە دەچووە ئاتێنەوە پێگەی ناوەندی شەڕەکەی داگیر کرد. کاتێک هەموو سوپاکە ڕێگاکەیان گرت، ئێرانییەکان ناچار بوون بۆ کردنەوەی ڕێگاکە شەڕێکی خوێناوی بکەن. بۆیە بڕیارياندا پێش هاتنی یارمەتی سپارتەکان بۆ ئاتێنییەکان هێزەکانیان دابەش بکەن. کاتێک ئەو بڕیارە درا هێزی پیادەیان دوور کەوتەوە و سوودێکی گەورە و سەرەکی‌یان لەدەستدا و پێگەی ناوەندییان کە باشترین پێگە بۆ سەرکەوتن لە شەڕ دابوو، لەدەست دا.

بۆ ئاتێنییەکان پێویست بوو کە سەرەتا لەگەڵ چووکترین هێزی ئێرانی شەڕ بکەن، واتە هێزەکانی جێگیر لە ماڕاتۆن. دوای ئەو پێگەی ناوەندییان گرت و بەو کارەیان ڕێگەی ئاتێن نزیکتر بووەوە، لەکاتێکدا داگیرکەران دەبوو بە درێژایی کەناراوەکان بەدەوری خۆیاندا بسووڕێنەوە. ئاتێنییەکان کە پێش ئێرانییەکان خۆیان گەیاندە فاڵرون، هیچ خاڵێکی ئەمن و ئاسایشیان بۆ ئێران نەهێشتەوە. ئێرانییەکان دەیانتوانی بۆ ماڕاتۆن بگەڕێنەوە، بەڵام بە دیتنی سەربازی خوێناوی ئاتێنی ئەو هەواڵەی بە گوێ دا چرپاندن کە بە کردەوە لە شەڕی ماڕاتۆن شکستیان خواردوە و ڕوحیەیان تێکشکا و پاشەکشە تەنیا بژاردەی ئەوان بوو.

لە ژیانتدا کاتێک هەیە ڕووبەڕووی دوژمنێکی سەرسەخت و بەهێز دەبیەوە. ئەو دوژمنێکی وێران‌کەرە کە هەوڵ دەدات هاوسەنگی تۆ تێک بدا و هەموو کێشە و سەختییەکان دەخاتە سەر ڕێگای ئێوە. سروشتییە لەو دۆخەدا هەست بە ترسان بکەن و لە بێ هەڵوێستی و بێدەنگی‌دا نوقم بن یان بێ توانا بن یا بەو هیوایەی کە کات تێپەڕێ و کێشەکە چارەسەر دەبێ و دەست لەسەر دەست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانێن، بەڵام ئەوە یاسای شەڕە کە ئەگەر سوپایەکی بەهێز و گەورە بە هیوای کاتی زیاتر یان گەیشتنی هێزی یارمەتیدەر بە قەزاوقەدەری بسپێرن دوژمن هێزی زیاتر پەیدا دەکا و بە یەکگرتووی و توانای زۆرتر دژی ئێوە هەنگاو دەنێتەوە، چونکە کاتێک لەمپەرێکی لەسەر ڕێگا نیە لە جووڵەکردن بۆلای ئێوە خێرایی دوو بەرابەر دەبێ. عاقلانەترین کار ئەوەیە کە مەترسی دروست بکەن پێش ئەوەی دوژمن بگاتێ ئێوە ئەو ببینن و هەوڵ بدە بە هەر کەڵەکێک بێ ناچار بە دابەش‌بوونی هێزی بکەن و باشترین شێواز بۆ دابەشکردنی دوژمن ئەوەیە کە پێگەی ناوەندی لێ جیا بکەیەوە.

شەڕ یان ململانێ وەک تەختەی شەترەنج چاو لێ بکەن. ناوەندی تەختەی شەترەنج دەتوانێ فیزیکی بێ. بۆ نموونە شوێنێک وەک دەشتی ماراتۆن یان دەروونی بێ وەک باڵەکانی دەسەڵات لەنێو گرووپەکەدا یان پشتیوانی هاوپەیمانێکی بەهێز. دەبێ ناوەندی تەختەی شەترەنجەکە لەژێر دەسەڵاتی تۆ دا بێ. لەو حاڵەتەدا دوژمن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەسەر بەشی بچووکدا دابەش دەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە لایەکانەوە هێرشت بۆ بکا. ئێستا دەتوانن ئەو بەشە بچووکانە مودیرییەت بکەن و شکستیان بدەن یان دووبارە دابەش بکرێنەوە و کاتێک شتێکی گەورە دابەش‌کرا توانای دابەشبوونی زیاتری هەیە و دەسەڵاتی لەدەست دەدا، تا لە نیهایەت‌دا هیچ دەسەڵات و تواناییەکی نامێنێ.

میاموتۆ مووساشی دەڵێ: *"کاتێک سوپای ئێوە لەگەڵ دوژمنێکی بەهێز ڕووبەڕوو دەبێتەوە، هەوڵ بدە لە خاڵێکی تایبەت هێرشی بۆ بکەن. ئەگەر توانیت ئەو شوێنە وێرانی بکەن، ئەوێ چۆل بکەن و دواتر بۆ خاڵێکی دیکە هێرش بکەن و ئەو کارە درێژە بدەن، وابزانە لە ڕێگایەکی سەرەوژێری لە حاڵی تێپەڕین دان."*

### هێرش بۆ سەر جومگەکان

سامۆئێل ئادامز، لەدایکبووی شاری بۆستۆن، لە کاتی لاویدا خەونێکی بوو، ئەویش پێی وابوو کە ڕۆژێک کۆلۆنیەکانی ئەمریکا بە تەواوی لە ئینگلستان جیا دەبنەوە و لەسەر بنەمای نووسینەکانی فەیلەسوفی ئینگلیزی جان لاک، حکومەتێک بۆ خۆیان دادەمەزرێنن. بە بڕوای جان لاک، حکومەت دەبێ ڕەنگدانەوەی ئیرادەی هاوڵاتیانی خۆی بێت، ئەگەر حکومەتێک بەوجۆرە نەبێ مافی بوونی نیە (نابێ ببێت). ئادامز کارخانەیەکی خواردنەوەی لەباوکییەوە بە میرات پێ بڕابوو، بەڵام گرنگی بە کار و کاسبی نەدەدا، کاتێک ئەو کارخانەیە نابووت و مایەپووچ بوو هەموو کاتەکانی بە نووسینی بابەت لەسەر جان لاک و پێویستی سەربەخۆیی بەسەر دەبرد. ئەو نووسەرێکی بەتوانا بوو و بابەتەکانی بە ئاسانی چاپ دەکران، بەڵام کەم کەس بیریان لە تیۆرییەکانی بە جیددی دەکردەوە. لە ڕوانگەی هێندێکی دیکەوە ئەو پێوەندی لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینەدا نەبوو. ئەو تروسکەیەکی سەیر لە چاوەکانیدا بوو کە کەسانی دیکە وا بیر بکەنەوە کە گەمژەی لە هەموو وجودی دەبارێ. کێشەکە لەوەدابوو کە پەیوەندی نێوان ئینگلستان و ئەمریکا بەهێز بوو: کۆلۆنیەکان گلەیی و سکاڵای زۆریان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەبوو، بەڵام هیچ جۆش و خرۆشێکیان بۆ سەربەخۆیی نیشان نەدەدا، ئادامز وردە وردە هەستی بە نائومێدی کرد چونکە ئەو ئەرکەی کە بۆ خۆی پلانی بۆ دانابوو، شکستی هێنابوو.

ئینگلیزییەکان زۆر پێویستیان بە داهاتی دارایی کۆلۆنیەکان بوو و لە ساڵی ١٧٦٥ یاسایەکیان بە نێوی یاسای "تەمر" پەسەند کرد. یاسای تەمر باجێکی ڕاستەوخۆ بوو، بەپێی ئەو یاسایە زۆرێک لە چاپکراوەکانی نێو کۆلۆنیەکان دەبوو کاغەزی تەمردار بەکار بێنن کە لە لەندەن بەرهەم دەهێنرا یان تەمری دارایی‌یان لێ دەدا، بابەتی چاپکراو بریتی بوو لە بەڵگەنامەی یاسایی، گۆڤار، ڕۆژنامەکان و زۆرێک لە نووسینەکان لە کۆلۆنیەکان‌دا لەخۆ گرتبوو. بۆ ئەوەی بەڵگەنامەکانیان بە یاسایی بکرێن بازرگانەکانی ئەمریکا دەبوو تەمری دەسەڵاتی پاشایەتی ئینگلستان بکڕن و لە بەڵگەنامەکانی بدەن. کۆلۆنی‌نشینەکان بەرامبەر بەو باجانەی کە بە ئینگلستان دەدران زۆر هەستیار بوون. ئەوان یاسای تەمریان وەک جۆرێکی نوێ لە باجی شاراوە دەبینی و وردە وردە دەنگی ناڕەزایەتی لە چێشتخانە و قاوەخانەکانی شارەکەدا دەبیسترا، بەڵام ئادامز ئەو یاسایەی وەک دەرفەتێک دەبینی کە بە درێژایی تەمەنی چاوەڕێی بوو. ئێستا ئەو یاسایە فاکتەری بەرچاو بوو تا هێرشی بۆ بکات و لە هەموو ڕۆژنامە و ڕۆژنامەکانی کۆلۆنیەکاندا بابەتی دژی ئەو یاسایە نووسی.[١]

بەبێ ئەوەی ڕاوێژ بە کۆلۆنییەکان بکا، نووسیویەتی کە ئینگلستان جۆرێکی نوێی باجی بەسەر کۆلۆنییەکان‌دا سەپاندووە و ئەو دەستەواژە یادگارییەی زیاد کردووە کە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، "ئەوە باجێکی شاراوەیە کە نیشان دەدا ئینگلستان هەنگاوی یەکەمی بەرەو سەرەڕۆیی و ملهوڕی هەڵگرتووە."

ئەو بابەتانە ئەوەندە باش نووسرابوون و لە ڕەخنەگرتندا چاونەترسانە بوون، وای لە زۆر کەس کرد لە نزیکەوە ئاوڕێک لە یاسای تەمر بدەنەوە. ئەوان لە ئەو شتەی کە دەیان بینی خوشحاڵ نەبوون. ئادامز پێشتر لە نووسینی وتار تێپەڕ نەببوو بەڵام ئێستا ئاگری ناڕەزایەتی هەڵ کردبوو، چونکە دەرکی بە دەسبەجێیی بوونی ئەو کارە کردبوو. ئەو بۆ چەندین ساڵ هەستی برایەتی لەگەڵ کرێکارانی بارهەڵگر هەبوو، بەتایبەتی ئەو کرێکارانی باریان دادەگرت کە لە ڕووی چینی خوێندەواری کۆمەڵگاوە ئەوان خڵتە و زبڵ بوون. ناوبراو هەموو ئەو کەسانەی لە ڕێکخراوێک بە نێوی "کوڕانی ئازادی" سازمان دا. گرووپەکە بە شەقامەکانی بۆستۆن‌دا ڕێپێوانیان دەکرد و ئەو دروشمەیان دەگوتەوە کە ئادامز دایڕشتبوو، "ئازادی، خاوەندارێتی و نا بۆ یاسای تەمر!" ئەوان وێنەی کەسایەتییە سیاسییەکانی کە پشتگیری یاسای مۆریان دەکرد دەسووتاند و کاغەز گەلێکیان بڵاو دەکردەوە کە

---

١. یاریزانە تازە پێگەیشتوەکانی شەترەنج بە تێپەڕبوونی کات فێر دەبن، بیرۆکەیەکی باشە کە ناوەندی تەختەکە کۆنترۆڵ بکا. ئەو دۆزینەوەیە لە خۆحەشاردان و جیهانی دەرەوەی شەترەنجیشدا کاربوردی باشی هەیە. کۆنترۆڵ کردنی ناوەند لە هەر بارودۆخێکدا، چ لە یاری شەترەنجدا چ لە گۆڕەپانی شەڕدا، چ لە ڕووداوەکانی ژیاندا باشترین ستراتیژییە. پیرامون استراتژی کارل فون کلاوزویتس، ویراستارها: کریستوفر بسفورد، تیها فن قیزی، بولکو فن اوتینجر، ٢٠٠١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بابەتەکانی ئادامزیان لە دژی یاسای تەمر لەخۆ گرتبوو. هەروەها ئەو کەسانەی کە تەمریان بڵاو دەکردەوە دەیان ترساندن و لە مەسیری خۆیان شوێنێکی کاری تەمریان وێران کرد. لەگەڵ جیددیتربوونی ئەو ڕێوشوێنانە ئادامز زیاتر دەناسرا و دەیتوانی بابەت و نووسراوەکانی خۆی دژی ئەو یاسایە زیاتر بیخاتە بەر بیستن و بۆچوون و بە گوێی خەڵکی بگەیەنێت.

ئادەمز ئێستا وزەی زیاتری بەدەست هێنا و ڕاوەستانی نەبوو. هەر لەو ڕۆژەی کە بڕیار بوو پڕۆژە یاساکە پەسەند بکرێ مانگرتنی سەرتاسەری لە ویلایەتەکەی وەڕێخست و هەموو فرۆشگاکان داخران، دادگاکان چۆڵ بوون و بەو پێیەی هیچ شوێنێکی بازرگانی لە ماساچوست کراوە نەبوو، هیچ تەمرێک کڕین و فرۆشتنی نەدەکرا و ئەو بایکۆتە زۆر سەرکەوتوو بوو.

بابەتەکانی ئادامز، لە ئینگلستان ناڕەزایەتی و بایکۆت تۆف و زریانی لێکەوتەوە، ژمارەیەک لە ئەندامانی پاڕلمان بە هاوسۆزی لەگەڵ کۆلۆنینشینەکان و دژی ئەو یاسایە قسەیان کرد. لە کۆتاییدا جۆرجی سێهەم لە ئاوریلی [بانەمەڕ] ١٧٦٦ ئەو یاسایەی هەڵوەشاندەوە. ئەمریکاییەکان بۆ ئەو خۆنیشاندان و نمایشە شادییان کرد. ئینگلستان کە لەو شکستە دەرسی وەرگرتبوو لە ساڵی دواتردا زەنجیرەیەک باجی ناڕاستەوخۆی خستە بواری جێبەجێکردنەوە کە بە یاساکانی "تاونزند"[١] ناسراوە.

دیارە ئینگلستان دوژمنی خۆی بە دەستی کەم گرتبوو. هەروەها ئادامز ڕێوشوێنی دژی یاسای تەمر گرتەبەر و ئەمجارەیان پێڵاوی لێ هەڵکێشا. ئەو لە بارەی ماهییەتی ئەو باجانەی کە ئینگلستان بەسەر ئەمریکادا دەیسەپاند و ڕواڵەتێکی جیاوازی پێ بەخشی، بابەتی جۆراوجۆری دەنووسی و دیسان خەڵکی توڕە دەکرد. هەروەها لەگەڵ "کوڕانی ئازادی" خۆپێشاندانێکی نوێی دەست پێکرد کە هەڵبەت لە خۆپێشاندانەکانی پێشوو توندوتیژتر بوو. ئەو خۆپێشاندانە ئەوەندە جیددی بوو کە ئینگلستان ناچار بوو سەرباز بنێرێ بۆ بۆستۆن بۆ ئەوەی بتوانن ئارامی بپارێزن. ئەوە هەمان دوا ئامانجی ئادامز بوو، ئادامز کەشێکی گرژی دروست کرد. ڕەفتاری دوژمنانەی نێوان خۆپێشاندەران و سەربازەکان ئەوەندە زۆر بوو کە سەربازە ئینگلیزییەکان تووڕە بوون و تەقەیان لە خەڵک کرد و هێندێک لە خەڵکی بۆستۆنیان کوشت. ئادامز ئەو ڕووداوەی بە "کۆمەڵکوژی بۆستۆن" نێو برد و هەواڵی دڵتەزێن و پڕهەستی لە سەرانسەری کۆلۆنینشتن بڵاو کردەوە.

لە هەلومەرجێکدا کە هەموو خەڵکی بۆستۆن تووڕە بوون. ئادامز بایکۆتێکی دیکە وەڕێخست ئەویش هیچ کەس لە خەڵکی شاری ماساچوستی نابێ خزمەت یان شتومەک بە سەربازی ئینگلیسی بفرۆشن، هیچ کەس ماڵیان بە کرێ نەداتێ، لە ڕستوران و شەقامەکان کەس قسەیان لەگەڵ نەکا و تەنانەت مافی چاولێکردنی بە سەربازی ئینگلیزی نیە. هەموو ئەو هەوڵانەی خەڵک کاریگەری

---

١. Townshend system، یاسای "تاونزند" یاسایەک بوو کە لە سەرەتای ساڵی ١٧٦٧ پاڕلمانی ئینگلستان کەبیر لە پێوەندی لەگەڵ کۆلۆنی ئینگلستان لە ئەمریکای باکوور پەسەند کرد. نێوی ئەو یاسایە لە نێوی "چارلز تاونزند"، وەزیری خەزانەداری ئینگلستان وەرگیرابوو، کە پێشنیاری پەسەندی ئەو یاسایەی دابوو، و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وێرانکەری بۆ سەربازەکانی ئینگلیزی هەبوو. زۆربەیان تووشی هەستی ناڕەحەتی و خەمۆکی بوون و لەڕێگایەک دەگەڕان تاکوو بۆ وڵاتی خۆیان بگەڕێنەوە.[١]

هەواڵی کێشەکانی ماساچوست لە باکور و باشور بڵاو دەبووەوە، پاش ئەوە هەموو کۆلۆنیئشینەکان لە بارەی کردەوەی ئینگلستان لە بۆستۆن قسەیان دەکرد، کە هێزی ئینگلیز لە زۆر و تۆقاندن کەڵکیان وەرگرتووە، باجی شاراوەیان وەرگرتووە و سێبەری زەبر و زۆری خۆیان بەسەر ئەمریکادا سپاندووە. پاشان لە ساڵی ١٧٣٣ پارلمان یاسای چای دەرکرد. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو یاسایەدا بەڕواڵەت گوتیان ئامانجی ئەم یاسایە هەوڵێکی بێ زیان بووە لە پێناو چارەسەری کێشەی ئابوورییەکانی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندوستان، بە جۆرێک کە ئیمتیازی هاوردەی چای لە کۆلۆنییەکانە بەو کۆمپانیایە بدرێ. هەروەها ئەو یاسایە بە ناو باجێکی دەسەپاند، کە لەودا فرۆشتنی چایی لە کۆلۆنیەکاندا لە شوێنەکانی دیکە هەرزانتر بوو. بەو پێیەی هاوردەکارانی کۆلۆنیالیزم قازانجیان لەو هێنانە نەدەکرد. لە هەر حاڵەتێکدا یاسای چا فریودەر و دووفاقی بوو، ئادامز وەک دەرفەتێکی باش بۆ کودەتای دەبینی. ئەو یاسایە زۆرێک لە هاوردەکارانی کۆلۆنیەکانی بەدبەخت دەکرد و لە دڵی خۆیدا باجێکی شاراوەی هەبوو و دەریدەخست کە ئینگلیزییەکان گاڵتەیان بە وشەی دێموکڕاسی کردووە. ئەمجارەیان ئادامز دەستی بە نووسینی وتار بە زمانێکی توند و تیژتر کرد کە زامەکانی یاسای تەمر و کۆمەڵکوژی بۆستۆنی، دەکولاندەوە.

کاتێک کەشتییەکانی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندوستان لە کۆتایی ئەو ساڵەدا گەیشتنە بۆستۆن، ئادامز هەوڵیدا بایکۆتی چا دەست پێ بکا. هیچ کرێکارێکی بارکردن لە گواستنەوەی بارەکاندا هاوکاری نەدەکرد، هیچ ئەنبارێک دەرگایان بۆ هەڵگرتنی چای نەکردەوە. پاشان شەوێک لە ناوەڕاستی مانگی دسامبر، [بەفرانبار] دوای ئەوەی ئادامز کۆبوونەوەیەکی لەسەر ئەو بابەتە گرت، ئەندامانی "کوڕانی ئازادی" جەستەیان ڕەنگ کرد و جلوبەرگیان گۆڕی بۆ ئەوەی وەک سوورپێستەکان دەرکەون و شەوانە چوونە نێو کەشتیی چایی ئینگلیزییەکان و هەموو بارەکانیان خستە نێو دەریاکەوە. ئەو بابەتە بە ڕیسوایەکی گەورە بۆ حکومەتی ئینگلستان ئەژمار کرا.

ئەو کردەوە هاندەرانەیە کە دواتر بە جووڵانەوەی چای بۆستۆن ناسرا خاڵێکی وەرچەرخان بوو. ئینگلیزییەکان نەیانتوانی بەرگەی ئەو بابەتە بگرن و بە خێرایی بەندەری بۆستۆنی داخست و حکومەت نیزامییان لە ماساچوست ڕاگەیاند. ئێستا هەموو گومانەکان لەبەین چوون. ئینگلیزییەکان دوای هەوڵی ئادامزە گۆشەگیر کرابوون هەروەک چۆن ئادامز پێشبینی کردبوو بە شێوەیەکی سەرەڕۆیانە هەڵسوکەوتیان دەکرد. حوزووری نیزامی قورس لە ماساچوست جێگای پەسەندی کۆلۆنیئشینەکان نەبوو و چەند مانگ دواتر توندوتیژی سەری هەڵدا: لە ئاوریلی [خاکەلێوە] ١٧٧٥

---

١- هەر مەملەکەتێک لەدژی خۆی دابەش بوو لەنێو چووە، هەر دەربارێک دابەش بێ هەر وەک ئەو وایە، ئەگەر شەیتان هێزەکانی لە دژی خۆی دابەش بکا، چۆن پادشایەتی و دەسەڵاتی خۆی دەپارێزێ.؟ انجیل لوقا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەربازە ئینگلیزییەکان لە شاری لێکسینگتۆن تەقەیان لە میلیشیاکانی ماساچوست کرد. دەنگی ئەو تەقەیە لە سەرانسەری جیهاندا بیسترا و بوو بە پریشکێک بۆ ئەو شەڕەی کە ئادامز لە هیچەوە زیرەکانە هەڵی گیرساندبوو.

**لێکدانەوە**

پێش ساڵی ١٧٦٥ ئادامز بەو باوەڕە درێژەی بە کارەکانی دا تا کۆلۆنییەکان لە مافەکانیان لەسەر بنەمای نارەزایەتی و شۆڕش ئاگادار بکاتەوە. قسە و باسی عەقڵانی و ژیرانە بەس بوون، بەڵام کاتێک ساڵانێک شکست بەدوای یەکدا هاتن ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە بووەوە کە کۆلۆنی‌نشینەکان پەیوەندییەکی قووڵی سۆزداریان لەگەڵ ئینگلزییەکان هەیە، پەیوەندییەکی هاوشێوەی منداڵ لەگەڵ دایک و باوکیدا. پارێزگاری ئینگلیس لەوان و حەزکردنیان لە ئینگلیس لە دۆخێکی هەرەشەئامێزدا، لە چەمکی ئازادی مانادارتر بوو. کاتێک ئادامز دەرکی بەو ڕاستییە کرد ئامانجەکانی خۆی دارشتەوە: لەبری نەسیحەت و بانگەشەی ئازادی و سەربەخۆیی و بەیانی بیرۆکەکانی جان لاک، هەوڵیدا پەیوەندیی کۆلۆنی‌نشینەکان لەگەڵ ئینگلستان تێک بدا و کارێک بکا منداڵان لە دایک و باوکیان بە گومان بن و نەک وەک چاودێر، بەڵکوو وەک زۆردار و بەرژەوەندیخواز سەیریان بکەن. ئێستا پەیوەندی لەگەڵ ئینگلستان لاواز بوو و نووسراوەکانی ئادامز بۆ سەربەخۆیی بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕەنگدانەوەی هەبوو. ئێستا کۆلۆنی‌نشینەکان لەنێو خۆیاندا بەدوای هەستێکی ناسنامەدا دەگەڕان نەک ئینگلستانی دایکیان.

ئادامز لە خەبات و هەڵمەتی یاسای تەمر ستراتیژی باشتری دۆزییەوە، ئەو ستراتیژییە بووە پردی نێوان بیرۆکەکانی و ڕاستییەکان. ئێستا نووسینەکانی بە ئامانجی وروژاندنی تووڕەیی خەڵک بوون. هەروەها ئەو خۆپێشاندانەی کە ئەو وەڕێی دەخست زیاتر لایەنی دەرخستنی هەبوو بۆ دروستکردنی تووڕەیی لەنێو چینی نێوەڕاست و خوارەوە دارێژرابوو، ئەو دوو هۆکارە پێکهاتەی سەرەکی شۆڕشی داهاتوو بوون. بەکارهێنانی داهێنەرانەی ئادامز لە بایکۆت و تەحریم بووە هۆی تووڕی ئینگلیزییەکان و ئەوانی خستە تەڵەوە، کە ئادامز ماوەیەک چاوەڕێی بوو. ئەوان دەستیان دایە توندوتیژی و وەڵامی ئینگلیزییەکان بە شێوەیەکی وەحشیانە لەگەڵ شێوازی تاڕادەیەک ئاشتیخوازانەی کۆلۆنی‌نشێنەکاندا جیاواز بوو و ئەمە قسەی ئادامزی سەلماند کە ئینگلیزییەکان سەرەڕۆن. هەروەها ئادامز کاری کرد تا ناکۆکی لە نێوان خودی ئینگلیزییەکاندا دروست بکا و پەیوەندییەکان لە هەموو لایەکەوە لاواز و تاریک بکات. یاسای تەمر و یاسای چایی لە ڕاستیدا ئەوەندە گەورە نەبوون، بەڵام ئادامز بە شێوەیەکی ستراتیژی دەستکاری کرد بۆ ئەوەی تووڕەیی خەڵک دروست بکا و شەڕی هەردوو لای لێ دروست بکات.

**لەبیرت بێت:** بابەتگەلی لۆژیکی لە گوێیەکدا دێتە ژوورەوە و لە گوێیەکەی دیکەدا دەچێتە دەرەوە. ئەو بابەتانە هیچ کەسێک ناگۆڕێ و بانگەوازەی ئێوە بە هیچ شوێنێک ناگا. بۆ ئەوەی بەسەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوێگردا سەرکەوتوو بی و کاریگەریت لەسەری هەبێ، سەرەتا دەبێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕابردوودا تێک بدەن و وای لێ بکەن لە بەرامبەر گۆڕانکاریدا بەرگری بکا. پێویستە ئاگاداربن کە ئەو پەیوەندییانە زۆرجار لۆژیکی نین بەڵکوو عاتفی و سۆزدارین. ئەگەر بتوانی کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی کەسانی دیکە دروست بکەن وایان لێدەکەن لە گۆشەیەکی جیاوازەوە سەیری ڕابردوو بکەن و ڕووداوەکانی بە بێ‌ئەخلاقی و بێزارکەر و ناشیرین ببینن. ئێستا فەزای پێویستت دەبێ بۆ بڵاو کردنەوەی بیرۆکەی نوێ، دەتوانی بۆچوونی خەڵک بگۆڕی و کارێک بکەن بیر لە سوودی خۆیان بکەنەوە و تۆوی شۆڕشگێڕانەی نوێ و پەیوەندی نوێ بچێنن. بۆ ئەوەی ئەوانیش پەیوەستی بیری ئێوە بن، سەرەتا لە ڕابردوو جیایان بکەوە. کاتێک ئامانجەکانت زەق کردەوە بزانن چ شتێک ئەوان بە ڕابردوویان دەبەستێتەوە و دەبێتە هۆی بەرگریکردن لە بەرامبەر ڕووداوە نوێیەکان.

جومگە لاوازترین بەشی هەر پێکهاتەیەکە. ئەو جومگە بشکێنە بۆ ئەوەی ئەفراد لە نێوەوە بڵاو بنەوە، پاشان ئەوان لەبەرانبەر پێشنیار بۆ گۆڕانکاری لاواز و هەستیاریان بکەن. بەسە زەینیان دابەش بکەن بۆ ئەوەی بەسەریاندا زاڵ بن.

کلنل ئاردانت دوپیک(١٨٧٠-١٨٢١)، دەڵێ: *"کارێک بکە دوژمن هەست بکا کە پشتیوانی پێویستی نییە، بە هەزاران ڕێگا دەتوانن کارێک بکەن بۆ ئەوەی هێزەکانی دوژمن هەست بە گۆشەگیری بکەن. ئەوان ناچار بکەن کە بە سەر تیپ، گوردان، گورهان و گرووپی بچووک دابەش بن و بەو پێیە ئێوە سەرکەوتووی کۆتایی دەبن."*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

هەزاران ساڵ لەوەپێش باب‌وباپیرانی ئێمە هەستیان بە لاوازی و بێ هێزی زۆر دەکرد. لەو ژینگە دوژمنکارانەدا، ئاژەڵەکان بۆ مانەوەی خۆیان خێرایی، ددان و چنگیان هەبوو، کوڵک و تووک و مووەکانیان لە سەرمادا دەیپاراستن، هەروەها لە سوودی دیکەی هێز و پاراستن بەهرەمەند بوون. مرۆڤەکان هیچکام لەوانەی نەبوو بە جیددی هەستیان بە تەنیایی دەکرد. تەنیا ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ئەوە بوو کە پێکەوە دەستە دروست بکەن.[١]

دەستە یان قەوم و خێڵەکان لە بەرامبەر هێرشکەران بە باشی بەرگریان لە خۆیان دەکرد و لە ڕاوکردندا کارامەتر بوون. لە گرووپەکەدا ئەوەندە خەڵک هەبوون کە ئاگاداری یەکتر بن. هەرچەندی گرووپەکە گەورەتر بوایە ئەندامەکانی زیاتر ئیمکانی دۆزینەوە و داهێنان و دابەشکردنی کارەکانیان هەبوو و هەرچەندی پێداویستییە زەرووریەکانی مانەوەی ژیانی ئەندامان زیاتر دابین کرابا، کات و

١. سێ گای نێر و شێرێک: سێ گا هەبوون هەمیشە پێکەوە لە گەڕان دابوون. شێر نەخشەی کێشا ئەوانە نۆشی گیانی بکا، بەڵام هەرگیز نەیتوانی یەکێک لەوانە بە تەنیا ببینێ، چونکە هەمیشە پێکەوە بوون، بەو پێیە بڕیاری دا بە زمانی چەور یان باشتر بڵێین لووس لێکیان جیا بکاتەوە. کاتێک هەرکام لەوانە بە تەنیا بوون، یەک لەدوای یەک بیانخوا. افسانە ازوپ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وزەی زیاتر بۆ ئەرکە قورسەکان تەرخان دەکرا. نەقش و ڕۆڵە جیاوازەکان بە شێوەی دوولایەنە پاڵپشت و بەهێزکردنی یەکتر بوون و لە ئاکامدا هێزی مرۆڤیان زیاد کرد.

بە تێپەڕبوونی سەدەکان گرووپەکان گەورەتر و ئاڵۆزتر بوون. خەڵک فێربوون لە شارەکان نیشتەجێ بن و زانیان کە دەتوانن لە هەستکردن بە مەترسی و نیازەکانیان ڕزگاریان بێ. هەروەها ژیان لەگەڵ کەسانی دیکە پارێزگاری دەروونی وردتری بە دوادا هات. بە تێپەڕبوونی کات مرۆڤەکان ئەو ترسەیان لەبیر کرد کە لە پلەی یەکەمدا وای لێکردبوون هۆز، خێڵ، قەبیلە و گرووپ دروست بکەن. بەڵام ئەو ترسە لە گرووپێکدا واتە سوپا بەهێز مابووەوە.

شێوازی ستانداردی شەڕی نەریتی، شەڕی یەک بە یەک و دەستەویەخە بوو کە لە خۆیدا ڕاستییەکی تاڵ و ترسناک بوو. چونکە هەر تاکێک لەوانە بوو لە پشتەوە یا لاشانەوە هێرشی بۆ بکرێ. ڕێبەرانی نیزامی هەر لەسەرەتاوە فێربوون کە سەربازەکانیان بە شێوەیەکی لێک نزیک و یەکگرتوو پێک بێنن. سەربازێک بە متمانەکردن بە هاوڕێکانی لە هەردوو لای خۆی کە پاشەکشە ناکەن و بە ئاشکرا بەجێی ناهێڵن دەیتوانی بە ڕوح و متمانەی زیاترەوە شەڕ لەگەڵ دوژمنی ڕووبەڕووی خۆی بکا. ڕۆمییەکان بە دانانی گەنجترین و بێ ئەزمونترین سەربازەکان لە ڕیزەکانی پێشەوە، بە ئەزموونترین و باشترین سەرباز لە ڕیزەکانی دواوە و ئەوانی دیکەش لە ناوەڕاستدا ئەو ستراتیژییەیان پەرە پێدا، ئەوەش بەو مانایە بوو کە سەربازانی بێ ئەزمون ئەوانەی زۆرتر تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بوون لەلایەن ئەو کەسانەی پشتەوە و دەوروبەری کە ئازاتر و جێگیرتر بوون، ئەو پشتیوانییە هەمەلایەنە هەستێکی بەهێزی ئەمنییەتی پێ دەبەخشی. بەو پێیە هیچ سوپایەک بە ڕادەی لژیونەکانی ڕۆم یەکگرتوو و بەهێز نەبوو.

لە لێکۆڵینەوە لە شەڕی کۆن، نووسەری نیزامی گەورەی سەدەی نۆزدەهەم کۆلۆنێل ئاردانت دوپیک سەرنجی بە دیاردەیەکی تایبەتی دا. لە هێندێک لە شەڕە بەناوبانگەکان بۆ وێنە: (سەرکەوتنی هانیباڵ بەسەر ڕۆمییەکان لە کانای و ژولیوس سزار بەسەر پۆمپیۆ لە فارسالۆس)، شکستەکانی هەر لایەن ناهاوسەنگ بوون. لایەنی سەرکەوتوو چەند سەد نەفەری لەدەست دابوو، بەڵام لایەنی شکستخواردوو بەهەزاران کەسی لێ کوژرابوو و ڕادەیەکی زۆریشی لێ بێ سەرشوێن دەبوو. بە گوێرەی دۆزینەوەکانی ئاردانت دوپیک ئەوەی لەو حاڵەتانەدا سوپای سەرکەوتوو توانیبووی دوژمن خافڵگیر بکا و ئەوان بە چەند بەش دابەش بکا، لایەنی دۆڕاو کاتێک سەربازەکانی دەبینن ڕیزەکانیان پچڕپچڕ بووە لەدەستدانی هەستی هاودەنگی و پشتیوانی دەروونی ئەوان کەم دەبێتەوە و هەست بە گۆشەگیری دەکەن. لەو سۆنگەیەوە سەربازەکان تووشی شۆک دەبن و چەکەکانیان وەلا دەنێن و ڕادەکەن، سەربازێک کە پشتی لە دوژمن کرد بەدڵنیایی بە ئاسانی دەکوژرێ. هەزاران سەرباز بەم شێوەیە گیانی خۆیان لەدەست دا. کەواتە ئەو سەرکەوتنە گەورانە لە بنەڕەتدا هۆکاری دەروونی بوون. هانیباڵ لە کانای بە ڕادەی ڕۆمییەکان ژمارەیان زۆر کەمتر بوو، بەڵام بۆ ئەوەی ڕۆمییەکان هەست بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوازی و گۆشەگیری بکەن وای لێکردن کاردانەوەی هەڵەشەیان هەبێ و تووشی سەرلێشێواوی و پەشۆکاوی بن و پاشەکشە بکەن.[١]

ئەو دیاردەیە تایبەت بە کات و شوێن نییە، سەربازێک کە هەست بکا پاڵپشتی دەوروبەری خۆی لە دەست داوە تووشی ترس و خۆفێکی وەسف نەکراو دەبێ و لەوە دەترسێ نەوەکوو بە تەنیا ڕووبەڕووی مردن ببێتەوە. زۆرێک لە ڕێبەرانی گەورەی نیزامی ئەو ترس و خۆفەیان کردووە بە ستراتیژی. چەنگیزخان لەو ستراتیژییەدا وەستا بوو، ئەو بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی جووڵەی ئەسپسوارەکانی مەغۆل بۆ پچرانی سیستمی پەیوەندییەکانی دوژمن، بەشەکانی سوپای دوژمنی جیا دەکردەوە بە شێوەیەک کە نەیان دەتوانی بە یەکەوە پەیوەندی بگرن و هەستی ترس و بێ پشتیوانی لە سەربازەکان‌دا پێک دەهات. ئەو زیرەکانە هەوڵی دەدا ترس لە دڵی دوژمن دا بچێنێ. ناپلیۆن تا ڕادەیەکی زۆر لە ستراتیژی جیا کردنەوە و گۆشەگیری کەڵکی وەرگرت، هێزەکانی چریکی مائۆ تسەتونگ لە هەمان ستراتیژی سوودی وەرگرت.

تا ئێستا سروشتی ئێمە نەگۆڕاوە. لە چینەکانی ناوەوەی هەر یەکێک لە ئێمەدا تەنانەت شارستانیترین کەسیش هەمان بناغەی ترس لە تەنیایی بێ پشتیوانی و هەستکردن بە مەترسی هەیە. مرۆڤەکانی ئەمڕۆ لە جاران زیاتر پەرش و بڵاون و کۆمەڵگاش یەکگرتوویی خۆی لەدەست داوە. ئەو تایبەتمەندیانە نیازی ئێمە بە بەستراوەیی بە گرووپێک و تۆڕێک لە هاوپەیمانمان زیاد دەکا، چونکە پێویستە لە هەموو لایەکەوە ئێحساسی چاوەدێری خۆمان بکەین. ئەوەندە بەسە هەستی سەر بە گرووپمان لێ بستێننەوە بۆ ئەوەی بۆ هەمان هەستی سەرەتایی ترس لە لاوازی و زەربەخوارن بگەڕێینەوە. ستراتیژی دابەشبوون و گۆشەگیری هەرگیز وەک ئەمڕۆ کاریگەر نەبووە. خەڵک لە گرووپی خۆتان جیا بکەنەوە بۆ ئەوەی زۆر لاواز بن، ئەو لاوازییە هێزێکی زانۆرت پێ دەبەخشێ تا بیانخەیە تەڵەوە. بەم شێوەیە یان فریویان دەدەن یان ترس و پاشەکشەیان تێدا دروست دەکەن.

---

١. ڕۆزوێڵت لەوەی کە وابەستەی یەک کەس بێ بێزار بوو. وەسوەسەی ئەوە بوو کە لە ناوەندی سەرنجدا بێ و ئەوەش وای لێکرد ببێتە ناوەندێکی سەرنج کە لە هێڵەکانی کارکردنییەوە دزە دەکا. هۆکاری گرنگی ئەو هەوڵانەی ڕۆزوێڵت بۆ پاراستنی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بوو لە بەرامبەر ئەو گرووپانەی کە لە ناوەندی سیستمی سیاسی ئەمریکا هەڵدێن. بە دروستکردنی ناوەندێکی دەسەڵات کە ڕووبەڕووی ناوەندێکی دیکەی دەسەڵات بووە، هەموو بەرپرسێکی زۆر وابەستەی پشتیوانی کۆشکی سپی کردبوو و بەم شێوەیەش بە سەرۆکی یەکگرتوو و هاوبەشی پێویست و ئیجباری هەموو بەرپرسێک دادەنرا. مەیلی برۆکراسی بۆ خۆبەزلزانین کەم کردبووەوە و هەر هەوڵێک بۆ پێکهێنانی گرووپ و کوتلەیەک لە دژی خۆی خنکاندبوو. لە ڕاستیدا هەمان ستراتیژی کۆنی دووبەرەکی بنێوە و فەرمانڕەوایی بکە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکارهێنا. شێوازەکەی زۆر لە جۆزێف ستالین دەچوو، چونکە بە وتەی یەکێک لە خوێندکارەکانی، هەمان میتۆدی بەکارهێناوە بۆ ڕێگریکردن لە بڕیارە ئارەزوومەندانەی هەر بەرپرسێک و ناچارکردنیان بۆ هاتنە پێشەوەی هەر بیرۆکەیەک، ڕۆزوێڵت سەرکردەیەکی سیاسی وەک ستالین بووە چونکە ئەو یەکەم خەمی دەسەڵات بوو و ئەو دەسەڵاتەی بۆ زۆر مەبەست بەکار هێنا. روزولت: شیر و روباه، جیمز مک‌گرگور برنز ١٩٥٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە درێژایی دەیەی ١٩٦٠ی سەدەی ڕابردوو، یەکێک لە دڵسۆزترین و متمانە پێکراوترین لایەنگرانی مائۆ تسە تونگ وەزیری بەرگری بە نێوی "لین بیاو" بوو. هیچ کەس بە ڕادەی لین زیاتر ستایشی دەسەڵاتداری چینی نەدەکرد، بەڵام ساڵی ١٩٧٠ مائو گومانی ئەوەی هەبوو کە ئەو چەپڵە لێدان و دەست خۆشیە فێڵێکە بۆ پۆشینی مەبەستەکانی. لین پیلانی داڕشتبوو بۆ ئەوەی جێگای مائۆ بگرێتەوە و شتێکی کە لین بە تایبەتی مەترسیدار کردبوو، ئەوە بوو کە وەک وەزیری بەرگری هاوپەیمانی لە تۆڕێکی نیزامی بۆ خۆی دەستەبەر کردبوو.

مائۆ کارەکانی هەموو بە جوانی و لەباری ئەنجام دەدا و وەک هەمیشە لەنێو خەڵکدا پشتگیری لە وەزیرەکەی دەکرد، وەک ئەوەی بە جێنشینی خۆی بزانێ. ئەو ڕەفتارە نیگەرانی وەزیرەکەی کەم کردەوە لە ترسی ئەوەی پلانەکەی ئاشکرا بێ. لە هەمانکاتدا مائۆ هێرشی کردە سەر بەشێک لە لایەنگرانی سەرسەخت و گرنگی وەزیر لە سوپادا و سەلبی مەسئولییەتی کردن و لە پۆستەکەیانی دوور خستنەوە. لین کەمێک توندڕەوی دەکرد و لە زۆربەی باسەکان مەیلی بە لای چەپدا هەبوو. مائۆ ئەوی ناچار دەکرد هێندێک لە ڕوانگەی توندی خۆی بۆ داڕشتن و بنیات نانەوەی سوپا ئاشکرا بکا، لەکاتێکدا دەیزانی کە ئەو ڕوانگەیە زۆر جێگای پەسەند نیە. بەم شێوەیە پشتیوانی لین لە نێو پلە باڵاکانی نیزامیدا وردە وردە کەمڕەنگ بووەوە.

سەرەنجام لین تێگەیشت کە مائۆ هەموو شتێکی دەزانی بەڵام زۆر درەنگ بوو. ئەو بنەمای دەسەڵاتی خۆی لەدەست دا و ئێستا بەدەستی بەتاڵ بە ماندوو و ترسەوە دەستی بە پیلانگێڕییەکی دیکە کرد. لە ساڵی ١٩٧١ لین لە ژێر بارودۆخێکی گوماناویدا لە ڕووداوێکی فڕۆکەدا گیانی لەدەست دا.

هەر وەک مائۆ خۆی تێگەیشتبووە لە بارودۆخە سیاسییەکاندا مرۆڤەکان پێش ئەوەی پشت بە بەهرەکانیان ببەستن، پشت بە پەیوەندییەکانی خۆیان دەبەستن. لە دونیایەکی ئەوتۆدا کەسێک کە کاسبی ڕووی لە کزی بێیت کەم کەس دەیهەوێ بیناسێ و ئەو کەسانەی کە هەست بە گۆشەگیری دەکەن زۆرجار بە هەڵەشە و پەلە دەجووڵێنەوە و بەبێ بوار لە ئاو دەدەن و ئەو هەڵوێستەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە گۆشەیەک مات بن، بۆیە مائۆ فەزایەکی دروست کرد کە لین پەیوەندییەکانی خۆی لەدەست دا. ئەگەر ناوبراو ڕاستەوخۆ هێرشی بۆ لین کردبوایە لە شەڕێکی دزێودا گرفتار دەبوو، بەڵام جیاکردنەوەی وەزیر لە پێگەی دەسەڵات و هێنانی بۆ نێو پرۆسەی دابەزینی دەسەڵات زۆر کاریگەرتر بوو.

پێش ئەوەی ڕاستەخۆ بۆ دوژمن هێرش بکەی ژیرانەتر ئەوەیە کە لە سەرەتادا لە گرووپی ئەواندا کەلێن دروست بکەن. خاڵێکی باش، ئەوەیە کە لە نێوان ڕێبەر و هێزەکاندا چ خەڵك چ سەربازەکان کەلێن دروست بکەن. کاتێک ڕێبەری پشتیوانی خەڵکەکەی لەدەست دەدا کردەوەکانی لاواز دەبێ. کەوابوو کارێک بکەن کە وەک دیکتاتۆر دەرکەون، یان پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکەکەیان ببڕێت یان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕیشە و بناغەکانیان لاواز بکەن. ئەوەش هەمان کار بوو کە ڕیچارد نیکسۆن سەرکۆماری کۆماریخواز، بەو لوتفەی کە ساڵی ١٩٧٢ کە چینی کرێکار دەنگیان بە دێموکراتەکان دابوو، جێبەجێی کرد: ئەو بەو کارە بناغەی دەسەڵاتی دێموکراتەکانی وێران کرد و لەبەینی برد. (کۆمارییەکان لەو کاتەوە هەمان ستراتیژی نیکسۆنیان گرتووەتەبەر) لەبیرت بێ، کاتێک دوژمنی ئێوە بە هەر هۆکارێک لە نێو جەستەیدا کەلێن و بۆشایی تێدەکەوێ و دابەش دەبێت، کەلێنی بچووک هەمیشە دابڕانێکی قووڵی لێ دەکەوێتەوە.

لە ساڵی ٣٣٨ی پێش زایین، ڕۆم گەورەترین دوژمنی ئەو سەردەمەی واتە لاتین لیگی شکست دا، لاتین لیگ لە هاوپەیمانی شارەکانی ئیتالیا پێکهاتبوو و بۆ بەربەست لە پەرەستاندنی ڕۆمییەکان دروست کرابوو. بەو سەرکەوتنە ڕۆمییەکان ڕووبەڕووی کێشەیەکی نوێ بوونەوە، ئەویش چۆن حوکمڕانی ئەو هەرێمە بکەن. ئەگەر ئەندامانی لیگ لەنێو ببەن، ئەوە ڕووبەڕووی بۆشایی دەسەڵات دەبوونەوە و بەو شێوەیە ڕەنگە ڕووبەڕووی دوژمنێکی دیکە ببنەوە کە لەوان مەترسییدارتر دەبێ. ئەگەر تەنیا کۆنترۆڵی هێندێک شاری لیگیان کردبوایە ئەوە دەسەڵات و شکۆمەندی ڕۆمیان لاواز دەکرد و لە لایەکی دیکەشەوە دەبوو ڕووبەرێکی پانوبەرین بپارێزن و کۆنترۆڵی بکەن.

ئەو چارەسەرەی کە ڕۆمییەکان پێی گەیشتن دەستەواژەی بەناوبانگی (تفرقه بینداز و حکومت کن) بوو، یانی: دووبەرەکی بنێوە و فەرمانڕەوایی بکە، یان "پەرتکە زاڵ بە." ئەوە ئەو ستراتیژییە بوو کە بۆ بنیاتنانی ئیمپراتۆری کاری کرد. ئەوان لاتین لیگیان جیا کردەوە بەڵام لەگەڵ هەموو شارەکان وەک یەک هەڵسوکەوتیان نەکرد، بەڵکوو سیستمێکی نیزامییان دروست کرد کە تێیدا بەشێک لە شارەکانی لیگ بۆ خاکی ڕۆم زیاد کران و دانیشتوانی ئیمتیازاتی تەواوی هاوڵاتی ڕۆمیان وەرگرت و شارەکانی دیکەش لە زۆربەی زەوییەکانی خۆیان بێبەش کران. بەڵام سەربەخۆیی ڕێژەیی بەدەستهێنا و هێندێکی دیکەش بوونە کۆلۆنی هاوڵاتی ڕۆم و ئیدی هیچ شارێک ئەوەندە بەهێز نەما کە ڕۆم بە چالێش بکێشێ و پێگەی ناوەندی خۆی بپارێزێ، هەر بەو هۆکارە ئەو قسە نەستەقە بوو بە باو کە دەڵێ: "هەموو ڕێگاکان لە ڕۆم کۆتایی دێ."

کلیلی ئەو سیستمە ئەوە بوو کە ئەگەر شارێکی سەربەخۆ بە ڕادەی پێویست دڵسۆزی خۆی بۆ ڕۆم بسەلمێنێ یان بە هەموو دڵەوە شەڕ بۆ ڕۆم بکا ئەوە شانسی ئەوەی دەبێ کە لەگەڵ ئیمپراتۆری ڕۆم ببێ بە یەک. ئێستا شارە جیا کراوەکان لە بەرژەوەندی خۆیان دەبینی کە بۆچوونی ڕۆم بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و لە گەل ڕۆم و نەک شوێنێکی دیکە یەکیەتی دروست بکەن. ڕۆم دەسەڵات و سامان و توانایی پشتێوانی زۆری هەبوو و جیابوونەوە لێی مەترسیدار بوو. بۆیە ئەندامانی لاتین لیگ سەردەمانێک شانازیی بە خۆیان دەکرد ئێستا کێبەرکێ لەسەر ئەوە دەکەن کە ڕۆم سەرنج یان ئاوڕیان لێ بداتەوە.

دووبەرەکی بنێوە و فەرمانڕەوایی بکە، ستراتیژییەکی بەهێزە بۆ بەڕێوەبردنی هەر گرووپێک، ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ستراتیژییە لەسەر بنەمایەکی سەرەکی دامەزراوە: لەنێو هەر ڕێکخراوێکدا مرۆڤەکان بە شێوەیەکی سروشتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی کەسیی دوو لایەنە کە هەمان خواستی سەرەتاییە بۆ زیادکردنی دەسەڵات، گرووپی چووکەتر دروست دەکەن. ئەو ژێر گرووپانە بنچینەی دەسەڵات پێک دێنن کە هەڕەشە لە هەموو گرووپەکە دەکا. پێکهێنانی حیزب و فراکسیۆن ڕەنگە خراپترین هەڕەشە بۆ سەر ڕێبەرێک بێ، چونکە بە تێپەڕبوونی کات هەوڵی دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆی دەدا نەک ئاسایشی کۆی گشتی گرووپەکە. ڕێگا چارە هەمانە دووبەرەکی بنێوە و فەرمانڕەوایی بکە. بۆ ئەوەش پێویستە سەرەتا خۆتان بخەنە ناوەندی دەسەڵات، دەبێ خەڵک بزانن کە پێویستە کێبڕکێ بۆ ڕەزامەندی تۆ بکەن. ئەوان دەبێ بگەنە ئەو بۆچوونەی کە دڵخۆشکردنی سەرکردەکەیان سوودی زیاترە لە دروستکردنی بنەمای دەسەڵات لەنێو گرووپ دا.[١]

کاتێک ئەلیزابێتی یەکەم بوو بە شاژن، ئینگلستان نەتەوەیەکی دابەشکراو بوو. پاشماوەی دەرەبەگایەتی لە زۆرێک لە ناوەندەکانی دەسەڵاتدا دەبینران و بارەگا و کۆشکی پادشا بە قووڵی دابەش بوو. چارەسەری ئەلیزابێت ئەو بوو کە بە هۆشیارانە لایەنگریکردن لە بنەماڵەیەک و پشت گوێخستنی بنەماڵەکانی دیکەی دەکرد تا چینی نەجیبزادە لاواز بکات. لە هەمان کاتدا پێگەی ناوەندی بۆ خۆی ڕەچاو کرد و خۆی کرد بە هێمای ئینگلستان. ئەوەش ئەو هێمایە بوو کە هەموو شتێک بە دەوریدا دەسوڕایەوە. لە نێو بارەگای شادا دڵنیا بوو لەوەی هیچ کەسێک بێجگە لە خۆی ناتوانێ بەرز بێتەوە. کاتێک ڕابێرت دادلی یەکەم، و پاشان ڕابێرت دوروکس ناسراو بە "لورد ئێسێکس"ی چاو پێکەوت، دۆستایەتی لەگەڵ ئەوانە لە بەرژەوەندی خۆی زانی و بەڵام هەوڵی دا کۆنترۆڵیان بکا.

دەرهێنەری فیلم، ئەلفرێد هیچکاک، لە هەموو لایەکەوە ڕووبەڕووی دوژمنانی وەک نووسەر، دیزاینەری دیمەن، ئەستێرە، بەرهەمهێنەر و بازاڕگەر بووەوە و هەریەکەیان دەیانتوانی بەرژەوەندی خۆیان بخەنە پێش کەیفییەتی فیلمەکەوە. نووسەران دەیانویست توانای ئەدەبی خۆیان نیشان بدەن، ئەکتەرەکان دەیانویست وەک ئەستێرەکان بن، بەرهەمهێنەران و بازرگانەکان دەیانویست فیلمەکە بازرگانی بێ و بە کورتی هەموو هێزەکان بەدوای بەرژەوەندی خۆیاندا دەگەڕان. چارەسەری هیچکاک وەک ئەلیزابێتی یەکەم، بریتی بوو لە وەرگرتنی پێگەی ناوەندی و دووبەرەکی بنێوە و فەرمانڕەوایی بکە، یا پەرتکە زاڵ بە. ئەو هەوڵی‌دا ڕۆڵی خۆی وەک ئەستێرەیەک پڕ ڕەنگ بکاتەوە.

---

١. شەیتان گوتی: "وا بیر مەکەوە هاتووم بۆ ئەوەی ئاشتی بە هەرزانی بۆ سەر زەوی بهێنم، من نەهاتووم بۆ ئەوەی ئاشتی بێنم، بەڵکوو شمشێرێکم پێیە، هاتووم کوڕێک لە دژی باوکی، کچێک لە دژی دایکی و بووکێک لە دژی خەسووی بشۆمەوە و دوژمنانی مرۆڤ هەمان کەسانی نێو ماڵین، ئەوەی لە من زیاتر باوک یان دایکی خۆشتر دەوێ بۆ من هیچ بەهایەکی نییە، ئەوەیکە کوڕ و کچەکەی زیاتر لە من خۆش دەوێ بۆ من بێ بەهان و ئەو کەسەی شوێنم ناکەوێ ئەویش بۆ من بێ بایەخە."
انجیل متی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە چالاکیی بانگەشەی فیلمەکانیدا ڕۆڵی وتاربێژی بینی و ڕۆڵێکی بچووکی لە فیلمەکانیدا گێڕا. خۆی لەنێو هەموو لایەنەکانی بەرهەمهێنان لە نووسینی سیناریۆوە تا فیلمبەرداری و مۆنتاژ دەقورتان. ئەو هەموو بەشەکانی فیلمەکە و تەنانەت بەرهەم هێنانیشی بەو شێوەیەی بەڕێوە دەبرد کە پێویستیان پێی بێ. زانیاری لەسەر وردەکارییەکانی فیلمەکە تەنیا لە مێشکی ئەو گەڵاڵە و نووسینەکانی ئەودا بوو. کەس نەیدەتوانی بڕیار بدا و ئەو لەبەرچاو نەگرێت. تەنانەت پێش دەستپێکردنی فیلمەکەش گەڵاڵەی جلوبەرگی ئەستێرە سەرەکیەکانی ژنی دەکێشا و ئەگەر دیزاینەری جلوبەرگ بیهەوێ گۆڕانکاری لە جلوبەرگەکاندا بکا، دەبوو سەرەتا ڕاوێژ بە هیچکاک بکات بۆیە دەبێ بڵێین کە ئەو وەک ڕۆم بوو و هەموو ڕێگاکان لەلای هیچکاک کۆتایی دەهات.

ئەگەر لە گرووپێکدا تۆ ڕێبەرایەتی دەکەی و ئەفرادی شارەزا کارەکانیان بە ئێو ڕاپۆرت نەدەنەوە ڕەنگە وردە وردە فراکسیۆن دروست بکەن. لەبیرت بێ ئەوان تەنیا وێنەی بچووک دەبینن، ئەوە ئێوەن کە بەرپرسیاری گشتی بەرهەمهێنانن. ئەگەر بڕیارە ڕێبەرایەتی بکەن دەبێ پێگەی ناوەند بکەن بە هی خۆتان. هەموو شتێک دەبێ لە ژێر چاودێری ئێوەدا ئەنجام بدرێ. ئەگەر بڕیارە هێندێک زانیاری بە نهێنی بمێننەوە، دەبێ ئێوە ئەو کارە بکەن، ئەوە دەبێتە هەمان دووبەرەکی بنێوە و فەرمانڕەوایی بکە. ئەگەر هەموو بەشەکانی عەمەلیات دەستیان بە هەموو زانیارییەکان نەگا ئەوە ناچارن پشت بە تۆ ببەستن مانای ئەوە نییە تەنانەت بچوکترین شتەکانیش بەڕێوەبەرن، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە کە دەبێ کۆنترۆڵی هەموو ڕەهەندە گرنگەکان بکەن و هەر جۆرە پێگەی دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆن گۆشەگیر بکەن.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ی سەدەی ڕابردوودا، سەرهەنگ ئێدوارد لێنزدیل، وەک پسپۆڕی سەرەکی ئەمریکا لە عەمەلیاتی بەرەنگاربوونەوەی دژی شۆڕش ناسرا. ئەو کە لەگەڵ سەرکۆماری فلیپین ڕامۆن ماگسایسای کاری دەکرد، پلانێکی داڕشت کە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بزووتنەوەی پارتیزانی ئەو وڵاتەی تێکشکاند. عەمەلیاتی بەرەنگاربوونەوەی دژی شۆڕش پێویستی بە لێهاتوویی زۆر بوو چونکە زیاتر بابەتێکی سیاسی بوو نەک نیزامی، کلیلی سەرکەوتنی لێنزدیل ئەوە بوو کە توانی لەڕێگەی چەند بەرنامەیەکی جەماوەرپەسەندەوە گەندەڵی لەنێو حکومەت بوەستێنێ و خەڵک لە حکومەت نزیک بکاتەوە. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی شۆڕشگێڕان گۆشەگیر بکا و کاریگەرییەکانیان لەدەست بدەن و شوێنەواریان نەمێنێ، لێنزدیل لەسەر ئەو باوەڕە بوو تێکشکاندنی ئەم بزووتنەوەیە بە زەبری هێز و تۆقاندن کارێکی گەمژانەیە، چونکە پێی وابوو بەکارهێنانی هێز ئامرازێک دەدا بە شۆڕشگێڕان بۆ ئەوەی زیاتر مانۆڕ لێدەن و پشتیوانییەکی بەربڵاوتر لەنێو خەڵکدا بەدەست بێنن. بۆ شۆڕشگێڕان دوورکەوتنەوە لە خەڵک واتای مردنە.

بیر لەو کەسانە بکەوە لە گرووپدا کە وەک شۆڕشگێڕەکان زیاتر بۆ بەرژەوەندی خۆیان کار دەکەن. ئەوان کەسانی پیلانگێڕن کە دەیانهەوێ ناڕەزایی لەنێو ڕێکخراوەکەدا دروست بکەن و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسەر بەشە نارازییەکاندا دابەشی بکەن. هاوکات دەگەڵ ناسینی ئەو کەسانە دەتوانی لە ڕێکخراوەکە جیایان بکەنەوە، بەڵام باشترین چارەسەر ئەوەیە کە بیانکەنە سەربازی ڕازی و ژێردەستی خۆتان، هیچ زانیارییەکیان پێ مەدە بۆ ئەوەی سەرچاوەی خۆراکیان نەبێ و کاتێک نیگەران و گۆشەگیر دەبن، بۆ خۆیان دەمرن.

ستراتیژی دووبەرەکی بنێوە و فەرمانڕەوایی بکە، لە هەوڵدان بۆ کاریگەری زارەکی لەسەر ئەوانی دیکە زۆر پڕ بایەخە. سەرەتا لەگەڵ نەیارەکان لەسەر هێندێک بابەتی بچووک هاونەزەر بن بۆ ئەوەی جێگای خۆتان لە نێو ئەواندا بکەنەوە. کاتێک نفوز لە نێو ئەواندا پەیدا کرد گومان لە هێندێک لە بابەتەکانیان دروست بکەن و بۆچوونەکانی ئەوان کەمێک بە لاڕێدا بەرن. ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرخۆدانیان و سەبارەت بە بیرۆکەیەک یان بیروباوەڕێک بە دژایەتی نێوخۆیی دەگەن. ئەو دژایەتییە لاوازیان دەکا و لە ئەنجامدا ئەوانە لەبەرامبەر پێشنیار یان ڕاسپاردەی دوایی ئێوە تووشی زیان وێکەوتن دەبن.

گەورەترین شمشێربازی ژاپۆنی سەدەی هەڤدە میامووتۆ مووساشی، لە زۆر بۆنەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک شەڕکەر بووەوە کە دەیان هەویست بیکوژن. تەنانەت دیتنی ئەو جۆرە گرووپانە خەڵکی ئاسایی‌یان تا ئاستی مردن دەترساند یان لانیکەم وای لێکردن گومانیان لە بیروباوەڕی سامۆڕاییەکان هەبێ. ڕەنگە تەنیا ڕێگای چارەسەر کە هاتە مێشکی کەسێکی ئاسایی ئەوە بێ تا ئەو جێگەی ئیمکانی هەیە هەوڵی کوشتنی ئەو شەڕکەرانە بدا، بەڵام هەمیشە مەترسی ئەوە هەبوو کە لەو کاتەدا کۆنترۆڵی کاروبارەکان لە دەستی مرۆڤ دەرچێ. مووساشی سەرتر لە هەموو ستراتیژییەکان هەنگاوی نا و بە ژیرانەترین شێوەی مومکین ئەو بەڵایە چارەسەر کرد. خۆی بەجۆرێک جێگیر دەکرد کە شەڕکەرانی هێڵ لە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە لێی نزیک ببنەوە، ئەو لە بری ئەوەی زۆر هەوڵ بدات یان تێک بچێ ئەو گرووپەی بە چەند بەش، دابەش دەکرد: پاشان تەرکیزی لەسەر نەفەری یەکەم دەکرد و دژبەری یەکەمی دەکوشت و بەبێ ئەوەی بیر لە پێکدادان لەگەڵ شەڕکەرانی دوایی بکاتەوە لە دۆخێکدا خۆی جێگیر دەکرد. تەنیا ڕووبەڕووی شەڕکەری ژمارە دوو بێتەوە، بۆیە لەو کاتەدا هاوسەنگی نەیارەکانی تێک دەدا و تەرکیزی خۆی دەپاراست و ئەوە نەیارەکان بوون کە بەهۆی حەرەکەتی تایبەتی ئەو دەترسان و گومانیان لا دروست دەبوو.

ئێستا چ ڕووبەڕووی کێشەی بچووکی زۆر ببنەوە یان کێشەیەکی گەورەتر، دەبێ نەخش و مۆدێلی مووساشی لەبەرچاو بگرن. ئەگەر ڕێگە بدەن ئاڵۆزیی هەلومەرج سەرتان لێ بشێوێنێ، یان بێ بیرکردنەوە گومانت لا دروست ببێ، ئەوە کۆنترۆڵی دەروونی لەدەست دەدەن و ئەمەش بیری نەرێنی لە زەینی تۆدا پەرە پێدەدا. هەمیشە بابەت دابەش بکە و شوێنی خۆتان لە ناوەند دا ببینەوە، پاشان هێڵ بە هێڵ و یەک بە یەک کێشەکان بنبڕ بکەن. زۆرجار ژیرانەتر ئەوەیە لە بەشە بچووکەکانەوە دەست پێ بکەن و مەترسیدارترین کێشە لە پەراوێزدا و لە ژێر کۆنترۆڵ دا بێ. چارەسەرکردنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کێشەیەکی گەورە بە سەبر، خێرایی کردەوەی جەستەیی و دەروونیی پێ دەبەخشێ.

گرنگترین مەسەلە ئەوەیە کە بە خێراییەکی زۆر دژی دوژمنەکانی خۆتان بجووڵێیەوە. ئەوە هەمان کارێکە کە ئاتێنییەکان لەماڕاتۆن ئەنجامیان دا. ئەوەی کە لەڕادەبەدەر دەستی بەدەستی و خۆگنخاندن دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی دیکە و خیرایی زیاتر بە کێشەی سەرەکی دەدا.

**بیهێنە بەرچاوت:** گرێیەک. هێندە لێک ئاڵاو و گەورە دەرکەوێ کە پێت وایە ناتوانن بیکەنەوە، گرێیەکی گەورە لە چەند گرێیەکی بچووک دروست کراوە کە هەموویان بە یەکەوە تێک ئاڵاون. ئەوەی کە گرێکە وێڵ بکەن، دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکا. بە جێگای ئەو کارە، شمشێرەکەت بەرز بکەوە و بە یەک زەربە گرێکە لە نیوە ببڕە تا بۆ خۆی بکرێتەوە.

سون تێزۆ دەڵێ: *"لە مێژووی کۆندا، ئەوانەی لە بەکارهێنانی سوپادا لە پێشتر و بەرچاوتر بوون، دەیانتوانی هێزی پێشەوە و دواوەی دوژمن لە پێوەندی گرتن لەگەڵ هێزە ناوەندییەکان بپچڕێنن. مەهێڵن پشت بە یەکتر ببەستن، مەهێڵن هێزە بەئەزموونەکان بە هانای تازەکانەوە بێن و مەهێڵن هێزی سەرێ و خوارێ بڕوا بە یەکتری بکەن. قشوونێک کە لەیەکتر جیا ببێتەوە، ئیتر ناتوانێ لێک نزیک بێتەوە و لەباشترین حاڵەتدا نەزم و دیسپلینی پێشوویان نابێ."*

### حاڵەتی دەگمەن

دابەشکردنی هێزەکان بۆ خێراکردنی هێرشەکان دەتوانێ ستراتیژییەکی بەهێز بێت. ئەویش ئەوەیە کە ناپلیۆن بە سیستمی خۆگونجاندن و نەرمونیانی کردوویەتی و ئەو ستراتیژییە ڕێگەی پێدا کە دوژمنی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەرسام و خافڵگیر بکا. ناپلیۆن پێویستی بە هەماهەنگییەکی وردی بەشەکان و کۆنترۆڵکردنی بە سەر تەواوی جووڵەکانیاندا هەبوو، ئامانجیشی ئەوە بوو کە لە نیهایەتدا بەشەکان بۆ لێدانی زەربەی کۆتایی بەیەکەوە یەکگرتوو بکا. فەرماندە لە شەڕی پارتیزانیدا هێزەکانی بۆ لێدانی زەربەیەکی سەخت بڵاو دەکاتەوە بەڵام لێرەش دەبێ هەماهەنگی تەواو لەبەرچاو بگیرێ. ئەگەر پێوەندی بەشەکانی جیاواز سوپای چریکی پچڕانی تێکەوێ هەرگیز سەرکەوتوو نابێ. بەگشتی هەر دابەش‌بوونێکی هێز پێویستە کاتی و ستراتیژی و کۆنترۆڵ کراو بێ.[١]

لە هێرشکردن بۆ سەر گرووپێک بەو مەبەستەی کە تۆوی دووبەرەکی بچێنن ئەوەتان لەبیر بێ زەبرێکی زۆر بەهێز و کاریگەر نەوەشێنن، زەبری زۆر بەهێز کاریگەریی پێچەوانەشی دەبێ و ئەگەر

١. کوڕەکانی وەرزێرێک هەمیشە بە یەکەوە شەڕیان دەکرد، ئەو زۆر جار ڕێنوێنی و ئامۆژگاری دەکردن، بەڵام قسەکانی فایدەی نەبوو. بۆیە بڕیاری دا بە کردەوە وانەیان پێ بڵێتەوە. باوکیان داوای لێ کردن کە باوەشێک دار بێنن. پاشان باوەشە دارەکەی بە یەک یەکی کوڕەکانی دا کە ئەو باوەشە دارە بشکێنن، هیچکامیان نەیان توانی باوەشە دارەکە بشکێنن. وەرزێرەکە باوەشە دارەکەی کردەوە بە هەرکام داریکی پێ دان و داوای لێ کردن دیسان هەوڵ بدەنەوە، ئەوان ئەوجارە توانیان دارەکە بکەنە دوو بەش، باوکیان بە کوڕەکانی گوت "کوڕەکانم ئێوەش وەک ئەو دارانە وان ئەگەر بە یەکەوە بن و یەکگرتوو بن، دوژمن ناتوانێ ئێوە تێک بشکێنێ، بەڵام ئەگەر جیا بن بە ئاسانی شکست دەخۆن." افسانه ازوپ، قرن ششم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دواتر یەک بگرنەوە دەبنە مەترسییەکی گەورە لە سەرتان. ئەوە هەمان حیساباتی هەڵەی هیتلێر لە هێرشی بلیتس یا هەمان هێرشی بورسکەئاسا بوو، واتە بۆردومانی ئاسمانی بۆ دەرکردنی ئینگلستان لە شەڕی جیهانی دووهەمدا بوو. ئەو دیهەویست خەڵکی ئینگلستان بترسێنێ بەڵام کاریگەری ئەو هێرشە پێچەوانەی لێ کەوتەوە و ئەوانی پێداگرتر کرد. ئەوان بەرگەی مەترسییەکی کورتخایەنیان گرت بۆ ئەوەی گورزێکی درێژخایەن لە هیتلێر بدەن. بەشێک لە یەکڕیزی و پەیوەندییەکانی خەڵک لە ئەنجامی دڕندەیی و بێ بەزەیی هیتلێر بوو و بەشێکی دیکە ئاکامی ئەو فەرهەنگە بوو کە دەڵێی: "تا ڕەنج نەبەی بە گەنج ناگەی." یان هیچ گەنجینەیەک بەبێ ئازار نادۆزرێتەوە.

قسەی ئاخر ئەوەیە: کە گرووپی خۆتان یەکگرتوو و یەکڕیزی ڕابگرن و مێشکی خۆتان بە کراوەیی و سەرنجتان لەسەر ئامانجەکان بێت. باشترین ڕێگا بۆ دروستکردنی یەکگرتوویی و یەکڕیزییەکی لەو شێوەیە، ئەوەیە کە ڕوحیەی بەرز و حەماسەتێکی زۆر دروست بکەن. حەماسەت گرنگە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بە شێوەیەکی سروشتی کەم دەبێتەوە و ئەگەر دەتهەوی تەنیا پشت بەو فاکتەرە ببەستی ئەوە شکست دەخۆن. هیچ سوپایەک یا گرووپێک ئیمکانی دابەشبوونی نیە ئەگەر ئاگاداری زانیاری و بیری ستراتیژی دوژمن بێ و لەسەر ئەو بنەمایە زیرەکانە دژکردەوەی نیشان بدا. هەر وەک ساموئێل ئادامز پێی گەیشت: ستراتیژی تەنیا شمشێرە و شمشێر ئەو پەناگەیە کە دەتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی هەژدەیەم:
# پێگەی لاوازی دوژمن بدۆزەوە و هێرشی بۆ بکەن.
# ستراتیژیی سوورِانەوە

کاتێک ڕاستەوخۆ هێرش دەکەنە سەر کەسێک، ئەو کەسە خۆڕاگری دەکا و کارەکەتان لێ سەخت و ئاستەمتر دەکاتەوە. شێوازێکی گونجاوتر هەیە. زەین و سەرنجی دژبەرەکانتان بشێوێنن و هەوڵێک بدەن ناچار بن چاویان لە پێش خۆیانەوە بێ، ئینجا لە تەنیشتەکانەوە، واتە ئەو لایانەی وا چاوەڕێی ناکا، ڕێک لەوێوە هێرش بکەنە سەری. زەربە بدەن لە شوێنێکی کە لاواز و بێ پارێزگاریە. ئەو خافڵگیر دەکەن و ئەوە هەمان چرکەیە کە دەتوانی بە باشترین شێوە سوودی لێ وەرگرن. بۆ دوژمنەکانتان دان ڕۆ بکەن، با لە سەنگەرەکانیان بێنە دەر و ئەو کاتە خاڵی لاوازی بدۆزنەوە و پاشان لەلایەکی دیکەوە ئاگری بدەن. تەنیا شێوازێکی کە نەیارانی خۆتان وەجووڵە بخەن ئەوەیە کە ناڕاستەوخۆ لێیان نزیک ببیەوە.[1]

---

١. ئیمپراتۆر ناپلیۆن بناپارت کە بە وتەی کارل فون کلاوزویتس هەمیشە ئامادە بوو خۆی دەسپێشخەر بێت. هەمیشە ئامادەی ئەوە بوو بە کەمترین هێز و وزە تامەزرۆی بەدەستهێنانی گەورەترین سەرکەوتن بوو، بۆیە ڕقی لەوە بوو کە شەڕێکی تەواو و سەراپا لەگەڵ دوژمن هەبێ. هەرگیز حەزی نەدەکرد ڕاستەوخۆ لەگەڵ دوژمن شەڕ و بەو دۆخەی کە دوژمن هەڵی دەبژێرێ، چونکە شەڕێکی لەو شێوەیە بێجگە لەوەی کە تێچووی زۆری هەبوو، ئەنجامێکی ئەرێنی بەدوای خۆیدا نەدەهێنا (شەڕی برۆدینۆ لە ٧ی سپتامبر [١٧ی خەرمانان] ١٨١٢ یەکێک بوو لەو شەڕانە.) لە بری نزیک بوونەوەیەکی لەو شێوەیە، دوای هێرشێکی لاواز بۆ سەر بەرەی پێشەوەی دوژمن، بێ ڕاوەستان سوپای سەرەکی خۆی بە کەڵک وەرگرتن لە پشتیوانی ئەسپسوارەکان و بەربەستی سروشتی لە ڕێگایەکی کە ئەمنییەتی بوایە بەرەو پشتی دوژمن یان لایەکانی سوپای دوژمن دەبردە پێشەوە. کاتێک سوپاکەی بە سەرکەوتوویی جێگیر دەکرد، بەزۆری بەربەستێکی سروشتی یان پوششی ستراتیژی وەک ڕووبارێک یان شاخێک داگیر دەکرد و دەستووری دەدا هەموو شوێنی هاتوچۆ دابخرێن. بۆیە قوربانیەکەی لە سەرچاوەکانی پشتەوە بێبەش دەبوو و شانسی هێزی یارمەتیدەر زۆر کەم دەبووەوە و بەو شێوەیە ناپلیۆن بێ وەستان بەرەو سوپای دوژمن پێشڕەوی دەکرد و دوو بژاردەی بۆ دیاری دەکرد: شەڕی زیندوومانەوە لە زەوی و ئەو مەرجانەی کە ناپلیۆن دیاری کردبوو، یان تەسلیم. سوودەکانی ئەو ستراتیژییە زۆر ڕوونە، لەلایەک سوپای دوژمن خافڵگیر دەبێ و لەلایەکی دیکەوە سەربازەکانی ڕوحیەی خۆیان لەدەست دەدەن، پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ بەشەکانی دیکە دەپچڕی. لشکرکشی‌های ناپلئون، دیوید جی. چاندلر ١٩٦٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سووڕانەوە بەرەو لایەنەکان

ساڵی ١٧٩٣ لویی چواردەهەم و خێزانی ماری ئانتوانت، شا و مەلەکەی فەڕانسە، بە بڕیاری حکومەتی نوێی بەدەسەڵات گەیشتووی دوای شۆڕشی فەڕانسە ئێعدام و سەریان لە لەشیان جیا کرایەوە. ماری ئانتوانت کچی ماری تێرزا، ئیمپراتوری ئوتریش بوو و ئاکامی مردنەکەی بووە هۆی ئەوە ئوتریش ببێ بە دوژمنی خوێنینی فەڕانسە. سەرەتای ساڵی ١٧٩٦ ئەوان خۆیان ئامادە کرد کە لە باکووری ئیتالیاوە کە ئەو کات بەستراوە بە ئوتریش بوو بۆ فەڕانسە هێرش بکەن.

ئاوریلی [بانەمەڕ] هەمان ساڵ ناپلیۆن بناپارتی ٢٦ ساڵە وەک فەرماندەی سوپای فەڕانسە لە ئیتالیا دیاری کرا و مەئمورییەتێکی سادەیان پێ سپارد کە ئەویش پێشگیری لە سوپای ئوتریش بۆ فەڕانسە بوو. لە کاتی شۆڕشی فەڕانسەوە تا ئەو ڕۆژە، ئەوە یەکەم جار بوو کە لە ژێر فەرماندەهی ناپلیۆن‌دا فەڕانسە بتوانێ پێگەی بەرگری ڕەچاو بکا و بە سەرکەوتوویی ئوتریشییەکانی بە هێرشی بەردەوام بەرەو ڕۆژهەڵات و بۆ دواوە پاشەکشەیان پێ بکا. بۆ سوپای ئوتریش شکست‌خواردن لە بەرامبەر سوپایەکی کە تازە شۆڕشی کردبوو سەرسام‌ئاوەر بوو. بەڵام دۆڕاندن بە ژێنڕاڵێکی نوێ و نەناسراو، ئەویش لە یەکەم لەشکرکێشی خۆیدا زۆر بەکەم‌گرتن و سووکایەتی بە ئوتریشیەکان بوو. ئوتریشییەکان شەش مانگی ڕەبەق بۆ شکستی ناپلیۆن سوپایان ڕەوانە دەکرد تا سەرنجام سەربازەکان لە هێرش‌کردن بۆ سەر ئەو پێگەیە دەستیان کێشایەوە.

ناپلیۆن هێزەکانی بۆ سەرکوت‌کردنی ئوتریشیەکان لە منتووا جێگیر کرد و پاشان پێگەی خۆی لە باکووری شاری ورونا دامەزراند. ئەگەر ئوتریشییەکان بیان ویستبایە لەو شەڕەدا سەرکەوتوو بن، سەرەتا دەبوو ناپلیۆن لە ورونا وەدەر بنێن و ئەوجار سەربازە برسییەکانی گیرخواردووی منتووا ئازاد بکەن، بەڵام کاتی پێویستیان نەبوو.

لە مانگی ئوکتوبری [خەزەڵوەر] ساڵی ١٧٩٦ بارون ژوزێف ئالوینتزی وەک فەرماندەی ٥٠ هەزار کسی ئوتریش دیاری کرا و مەئمورییەتی بێ ڕاوەستانی ناوبراو ئەوە بوو کە ناپلیۆن و هێزەکانی فەڕانسە لە شاری ورونا دەر بکا. ئەو کە فەرماندەیەکی بە ئەزموون و ستراتیژیستێکی زیرەک بوو، بە وردی چالاکییەکانی ناپلیۆنی لە ژێر چاوەدیری گرت و بە وشیاری ئەو سەرسام بوو. ناوبراو بۆ شکست‌دانی ئەو ژێنڕاڵە گەنجە و وشیارە، دەبوو بە سەبرو حەوسەلە بجووڵێتەوە بۆیە بە ڕێگا چارەیەک گەیشت: ئەو سوپاکەی خۆی بە دوو ستوون، یەکیان لە ژێر چاوەدێری خۆی دا و ئەوی دیکە لە ژێر چاوەدیری ژێنڕاڵێکی ڕووسی پاوڵ داویدووک دابەش کرد. ئەو دوو ستوونە بە جیا بەرەو باشوور پێشڕەوییان بکەن و لە شاری ورونا یەکتر بگرنەوە. هاوکات، بارون ژوزێف لەشکرێکی بۆ فریودانی ناپلیۆن وەرێ خست تاکوو وا بیر بکاتەوە کە هێزەکانی داویدوویک کە ژمارەیان کەمە، بۆ پاراستنی هێڵی پەیوەندی ئوتریش کەڵکیان لێ وەرگرتوون، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە سوپای واقعی داویدووک لە ١٨ هەزار کەسی بە هێز پێکهاتبوو. ئەگەر ناپلیۆن فریوی دەخوارد، ژێنراڵی ڕووسی بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاسانی دەیتوانی ڕێگەی خۆی تا ورونا بپێوێ بە بێ ئەوەی دوژمن کێشەیەکی بۆ دروست بکا، تەڵەی بارون ژۆزێڤ ئەوە بوو کە ناپلیۆن لە نێوان چنگی ئەو دوو سوپایەدا گیر بکا.

ئۆتریشییەکان لەسەرەتای مانگی نوامبر [سەرماوەز] چوونە باکووری ئیتالیا. وادیارە هەروەک بارون چاوەڕێی دەکرد ناپلیۆن فریوی خوارد و سوپایەکی کەمی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داویدووک ڕەوانە کرد کە دەسبەجێ یەکەمین شکستیان خوارد و داویدووک تەواوی ڕێگای تاکوو شاری ورونا بە ئاسانی پێوا. هاوکات ئالوینتزی لە ڕۆژهەڵاتەوە خۆی گەیاندە نێو شاری و ناوبراو بۆ پلانەکەی زۆر خوشحاڵ بوو. ئەگەر ناپلیۆن ئەفرادی زۆرتری بۆ پێش‌گرتنی داویدووک ڕەوانەی کردبوایە ئەوە ورونا لە بەرامبەر ئالوینتزی لاواز دەبوو، ئەگەر هەوڵی دابا لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕێگری لە ئالوینتزی بکا ئەوە وروناى بۆ داویدووک لاواز کردبوو. ئەگەر ناپلیۆن دەیهەویست هێزی یارمەتیدەری لە سوپاکەی لە منتووا بێنێ ئەوە دەبوو بیست هەزار سەربازی ئۆتریشی کە لەوێ گیریان خواردبوو ئازاد بکا و ئەوانیش لە باشوورەوە ڕێگەیان لێ دەگرت. ئالوینتزی دەیزانی کە هێزەکانی ناپلیۆن ماندوو و برسییەتی بڕستی لێ بڕیون چونکە ئەوانە بێ پشوودان ماوەی شەش مانگی بەردەوام شەڕیان دەکرد و ئێستا بەرەو لێک بڵاوبوون دەڕۆیشتن. تەنانەت نابغەیەکی گەنجی وەک ناپلیۆنیش نەیدەتوانی لەو تەڵەیە ڕا بکا.

چەند ڕۆژ دواتر ئالوینتزی هێرشی بۆ گوندی کاڵدیرۆ لە نزیک شاری ورونا کرد لەوێ سوپای فەڕانسەی شکست دا کە ناپلیۆن بۆ پێشگرتنی ناوبراو ڕەوانەی کردبوون. دوای چەندین سەرکەوتنی یەک لەدوای یەکی ئۆتریشییەکان، ناپلیۆن لە دوو شەڕ لەسەریەک شکستی خواردبوو و ئێستا کات بە پێچەوانەی ئەو سووڕی دەخوارد.

لە کاتێکدا ئالوینتزی خۆی بۆ سەرکەوتنی کۆتایی لە ورونا ئامادە دەکرد، هەواڵێکی ناڕوونی پێگەیشت: بە پێچەوانەی هەموو پێش‌بینییەکان ناپلیۆن سوپاکەی لە ورونا دابەش کردبوو، بەڵام لەبری ئەوەی بەشێکی سوپاکەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داویدوویک یان ئالوینتزی بنێرێ سوپایەکی گەورەی بۆ شوێنێک لە باشووری ڕۆژهەڵات نارد. ڕۆژی دوایی ئەو سوپایە لە دەرەوەی شاری ئارکۆلا دەرکەوت. ئەگەر فەڕانسە لە ڕووباری ئارکۆلا تێپەڕێ و چەند کیلومیتر بەرەو باکوور بڕوا، ئەوە ڕاستەوخۆ هێڵی پێوەندی ئالوینتزی دەپچڕێ و دەیتوانی سەرچاوە و کەرەستەکانی لە ویلانوا داگیر بکا، ئالوینتزی کە ئێستا سوپای گەورەی فەڕانسەوی لە پشتیەوە بینی ناچار بوو هەمان کات خێر و قازانجی ورونا یان گرتنی چاو پۆشی لێکرد و بە خێرایی بۆ ڕۆژهەڵات بگەڕێتەوە.

ئالوینتری لە چرکەدا پاشەکشەی کرد و توانی پێش ئەوەی فەڕانسەوییەکان لە ڕووبارەکە بپەڕنەوە و هێرش بکەنە سەر ویلانوا پێشیان پێ بگرێ. ئەو دوو سوپایە بۆ ئەوەی لە ئارکۆلا بپەڕنەوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک شەڕێکی توندیان کرد. ناپلیۆن زیانی زۆری بەرکەوت و خۆی تا نزیک گیان لەدەستدان چووە پێش. بەشێک لە قشوونی فەڕانسەوی کە منتووای گرتبوو بۆ یارمەتی‌کردنی هێزی فەڕانسە لە ئارکۆلاوە خۆیان گەیاندە ئەوێ، بەڵام سوپای ئالوینتزی زۆر بە توندی بەربەرەکانی کرد و ئەو شەڕە بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بن‌بەست گەیشت.

لە سێهەمین ڕۆژی شەڕدا، سەربازانی ئالوینتزی کە هێڵەکانیان بە هۆی هێرشی یەک لەدوای یەکی فەڕانسەوییەکان کەمبوونەوە و هیچی نەمابوو، بۆ شەڕێکی دیکە و بۆ پاراستنی پردی چۆمەکە خۆیان ئامادە دەکرد، کە لەناکاو گوێیان لە دەنگی شەیپووری شەڕ لە دەستەی لای باشوورەوە بوو. سوپایەکی فەڕانسە لە چۆمەکە لە ژێر پردەکەوە پەڕیبوونەوە و خۆیان گەیاندە سوپای ئوتریش لە ئارکولا. دەنگی شەیپووری شەڕ زۆر بە خێرایی جێگای خۆی بە هاواری سەرباز و گوللە دەدا. دەرکەوتنی لەناکاوی سوپای فەڕانسە بۆ ئوتریشییەکان هێندە خافڵگیرانە بوو کە تەنانەت سەرنجیان بە ژمارەی سوپای فەڕانسە نەدا و بەرەو دواوە ڕایان کرد و فەڕانسەوییەکان لە سەرانسەری ڕووبارەکە جێگیر بوون، ئالوینتزی هێزەکانی بە باشترین شێوە کە دەیتوانی کۆیان بکاتەوە و بۆ شوێنێکی کە گیانیان بپارێزێ بۆ لای ڕۆژهەڵات ڕێنوێنی بکا، بەڵام شەڕی ورونا بۆ ئالوینتزی لەدەستچوو و بەو شکستە داگیرکردنی منتووا بێ ئەملاولا بوو.

ناپلیۆن توانی تا ڕادەیەک لە دڵی شکستەوە سەرکەوتن دروست بکا. شەڕی ئارکۆلا یارمەتیدا کە میراتی لەشکان‌نەهاتووی خۆی بپارێزێ[1]

---

١. ئێستا بابەتی گرنگ دیاریکردنی ساتەوەختی گونجاوە بۆ پێگەی سوپا بۆ هێرش کردن بۆ سەر خاڵی لاوازی دوژمن. بۆ ئەوەی گەورەترین ئەنجام بەدەست بێنی، نابێ ئەو کارە پێش ئەوەی دوژمن هەموو سەرچاوەکانی لەسەر شەڕی ڕاستەوخۆ و پێشەوە چڕ بکاتەوە ئەنجام بدرێ و کاتی وردی هێرشەکە لە لایەنەکانەوە گرنگترین بڕیاری حوکمدانی ناپلیۆن و ژێنراڵەکانی بوو. ناپلیۆن دەبوو بە وردی ئەو کاتە بناسێ کە سوپای دوژمن لە بەرەوە خەریکی شەڕ بووە و پابەند بووە بە شەڕەوە و ئەوەش لە فەزایەکی تەماوی و پڕ دووکەڵی شەڕەکەدا زۆر سەخت بوو. پاشان ژێنراڵەکانی ناچار بوون کۆنترۆڵی قشون خۆیان بکەن بۆ دەست پێکردنی هێرش پێش لە کاتی خۆیدا و شوێنی دەقیق خۆیان ئاشکرا بکەن. پاشان کە کاتی خۆی گەیشت، ناپلیۆن ئاماژەی دەکرد. ئێستا خەریک بوو هێرشی تەواو دەست پێ بکا. قیژەوهاواری زریانەکەی سوپای ناپلیۆن دوژمنی لە پشتەوە یا لایەنەکان بۆ سەر خۆی هێنا تا ئاوڕ بۆ پشتەوە بداتەوە و تاکە شتێک کە دەیبینی هێڵەکانی دووکەڵ و خۆڵ بوو کە هەموو ساتێک نزیکتر دەبوونەوە. ئەوەش بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر هێڵەکانی پەیوەندی و پاشەکشەی دوژمن دادەنرا. ئێستا ژێنراڵی دوژمن لە ڕووی تیۆرییەوە لە دوو بژاردە زیاتر نەبوو، بەڵام لە پراکتیکدا تەنیا یەک بژاردە هەبوو. دەیتوانی بەخێرایی بڕیاری پاشەکشەی گشتی بدا، ئەوەش بە کردەوە مومکین نەبوو، چونکە پێش هێرشەکە لە دواوە یان لە لایەنەکانەوە، ناپلیۆن ئامادەکارییەکانی بۆ هێرشکردن لە بەرەوە بۆ هەموو بەشەکانی سوپای دوژمن کردبوو، کە هاوکات لەگەڵ هێرشکردن، لە دواوە و لە ئەنجامدا دوژمن زیاتر لەوەی کە پێشتر هەبوو بۆ ئەوەی بەشداری شەڕەکە بکا لەو بارودۆخەی کە ناپلیۆن دیاریی کردبوو. بژاردەیەکی دیکەی ژێنراڵی دوژمن ئەوە بوو کە لە شوێنێکەوە سوپا بێت بۆ ئەوەی لە گۆشەیەکی گونجاوەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی نوێ و پاراستنی دوولایەن یان پشتەوە هێڵی نوێی هەبێ، کە ئەوەش نەدەکرا، چونکە هەموو دەسەڵات و سەرچاوەکانی خۆی چڕکردەوە و ئەگەر بیهەوێ سەربازەکان بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی نوێ، بە دڵنیاییەوە هێڵی پێشەوە لاواز دەبێ و ئەوەش بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر دوژمن دادەنرێ. تەسکبوونەوەی "پیشانی" دوژمن ئەوە بوو کە ناپلیۆن بە (بزنگاە) واتە شوێنی لەبار و هەستیار ناوی دەبرد و ئەویش چاوەڕوانی هەمان شت بوو، ئێستاش یەکەم هێرش دەرکەوتبوو، دوژمن کاردانەوەی هەبوو وەک ئەوەی ناپلیۆن پێش‌بینی کردبوو. یەکگرتوویی و یەکپارچەیی هێڵەکانی دوژمن لەدەست چوو و هاوسەنگی تێک چووبوو و ئەوەش دەستەبەری سەرکەوتنی کۆتایی ناپلیۆن و سوپاکەی بوو. لشکرکشی‌های ناپلئون، دەیوید جی. چاندلر، ١٩٦٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**لێکدانەوە**

ناپلیۆن جادووگەر نەبوو. شکستدانی ئوتریشییەکان لە ئیتالیا بە شێوەیەکی فریوەدەرانە سادە بوو. ناپلیۆن ڕووبەڕووی دوو سوپا بووەوە کە لە بەرامبەر ئەو یەکیان گرت و بەو ئەنجامە گەیشت کە ئالوینتزی مەترسیدارترە. شەڕی کالّدیرۆ وایکرد ئوتریشییەکان باوەڕیان بەوە هەبێ کە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆدا دەتوانن بەرگری لە ورونا بکرێ، بەڵام ناپلیۆن سوپاکەی دابەشکرد و بەشێکی زۆری بۆ ئەوەی هەڕەشە لە سەرچاوە و هێڵەکانی پێوەندی سوپای ئوتریش بکا، ڕەوانەی کرد تا پاشەکشە بکا. ئەگەر ئالوینتزی ئەو هەڕەشەیەی پشتگوێ خستبوایە و بەرەو ورونا پێشڕەوی کردبایە ئەوە خۆی لە پێگەی گرنگی عەمەلیاتەکان دوور دەخستەوە و لە مەترسیی گەورەدا گیری دەخوارد. ئەگەر لە شوێنی خۆی جێگیر بوایە، ناپلیۆن لە نێوان دوو سوپاکەیدا گیری دەدا. لە ڕاستیدا ناپلیۆن دەیزانی کە ئالوینتزی دەبێ پاشەکشە بکا چونکە هەڕەشەکە زۆر جیددی بوو، ئەو بە ئەنجامدانی ئەو کارە ئیبتکاری عەمەلی بە ناپلیۆن دا. ناپلیۆن لە ئارکولا تێگەیشت کە دوژمن ماندوویە، بۆیە تیمێکی چووکەی ئامادە کرد کە لە ڕووبارەکە بەرەو باشور بپەڕنەوە و تا نێو ناخی سوپای ئوتریش پێشڕەوی بکەن. ناپلیون پێی ڕاگەیندبوون بە نزیک بوونەوە لە هێزی دوژمن بە شەیپوور و دەنگ و هاواری زۆر ئاگر لەسەر پشتی دوژمن بکەنەوە، هێزی هێرشبەر کەم بوون بەڵام ترس و خۆف و وێرانکردنی ڕوحیەی دوژمنیان بە هێز بوو و ئەو فەن و فێڵە وەڵامی داوە.

ئەو مانۆڕە بوو بە ستراتیژی دڵخوازی ناپلیۆن. سەرکەوتنی ئەو ستراتیژییە پشتی بە دوو هۆکار بەستبوو: **یەکەم:** ژێنراڵەکان چ بۆ هێرشکردن چ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای هێرشبەر، مەیلیان ئەوەیان هەیە سوپاکانیان لە پێگەیەکی بەهێزی پێشەوەدا دابنێن. زۆرجار ناپلیۆن مەیلی خۆی بۆ جێگرتن لە هێڵی پێشەوە بەکار دەهێنا بەجۆرێک دوژمن وایدەزانی لە بەرەدا سەرقاڵی شەڕە، بەڵام لە گەرمەی شەڕەکەدا نیوەی سوپاکەی لەوێ جێگیر دەکرد و نیوەکەی دیکەی بۆ پشتەوە یان لایەکان ڕەوانە دەکرد. **دووهەم:** کاتێک سوپایەک لە پێگەیەکەوە هەست بە مەترسی دەکا زیاتر لاواز و خەسارهەڵگرتر دەبێ و بۆ لە بەینبردنی ئەو هەڕەشەیە ئاراستەی خۆی دەگۆڕێ. ئەو چرکەی ئاراستە گۆڕینە ئاڵۆزی و لاوازییەکی گەورە بەسەر ئەو سوپایەدا دەسەپێنێ. تەنانەت سوپایەک لە پێگەیەکی بەهێزتری وەک ئالوینتزی لە ورونا هەمیشە لەکاتی گۆڕینی ئاراستەدا، یەکگرتوویی و هاوسەنگی و هێزی خۆی لەدەست دەدا.

لە خودی ئەو مامۆستایەوە فێر بن، کە هێرشکردن لە بەرەوە بە دەگمەن ژیرانەیە. ئەو سەربازانەی ڕووبەڕوو دەبنەوە لەڕادەبەدەر بەهێزن و چڕبوونەوەی هێزەکانیان دەسەڵاتی بەرەنگاربوونەوەی لە بەرانبەر تۆدا دوو بەرابەر دەکا. بۆ سەر پێگەی لاوازیان هێرش بکەن، کە زەربەی بە ئاسانی وێ دەکەوێ و خەسارهەڵگرترە. ئەو بنەمایە بۆ هەر شەڕێک لە هەر پێوەرێکدا شیاوی کەڵک لێ وەرگرتن و کاربوردی هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆرجار ئەفراد پێچەوانەی خاڵە لاوازەکەیان یان پێگەی لاوازی خۆیان نیشان دەدەن. ئەو بەرەیە دەتوانێ کەسایەتی شەڕەنگێزی ئەوان و شێوازی هەڵس‌وکەوتیان لەگەڵ خەڵک لە ڕێگەی هەڕەشە و تۆقاندنەوە، یان میکانیزمێکی بەرگری ڕوون، بۆ نموونە گرنگیدان بە دوور کەوتنەوە لە مزاحیم و ئازاردەر بۆ پاراستنی سەقامگیری ژیان بێت، تەنانەت ڕەنگە بیروباوەڕی بەهێز و دەمارگرژییانە بێ یان شێوازێک بێ کە خۆیان خۆشەویست‌تر نیشان بدەن. تا زیاتر خەڵک ناچار بکەن ئەو هەڵوێستە نیشان بدەن زیاتر هەوڵی ئەوە دەدەن کە ڕێگای دڵخوازی خۆیان نیشان بدەن، پێگەی لاواز و بەبێ پاراستنیان باشتر دەردەکەوێ. ئەو پێگانە ڕەنگە ئارەزووی نەست، نائەمنی دەروونی، هەست و سۆزی کۆنترۆڵ نەکراو و هاوپەیمانانی گوماناویی ئەوان بن. کاتێک بەرەو دۆخێکی لاواز دەڕۆی ئامانجەکان ڕوو لە تۆ دەکەن و هاوسەنگییان لەدەست دەدەن. هەموو دوژمنەکان لە لایەنەکانەوە لاواز و خەسارهەڵگرترن. هیچ میکانیزمێک و ڕێوشوێنێکی گونجاوی بەرگری لەبەرامبەر مانۆڕێکی داڕێژراودا بوونی نییە.

بی. اچ. لیدل هارت، ١٨٩٥- ١٩٧٠ دەڵێ: *"ئەستەمە بە پێچەوانەی ڕاستییەوە هەنگاو بنێین، بەتایبەت ئەگەر فورمی بیرۆکەیەکی نوێ بە خۆتانەوە بگرن، بەڵام دەتوانرێ بەرەنگاری بەرامبەر ڕاستی بە بیرکردنەوە لەمەڕ ئامانج و شێوازی نزیکبوونەوە لێی کەم بکەنەوە. هەمیشە لە هێرش بۆ تەوێڵی (مەبەستی هێرشی ڕووبەڕووە) پێگەیەکی جێگیربوو، خۆتان بپارێزە، و لەبری ئەوە لە لایەنەکانەوە هێرش بکەن چونکە ئەو پێگەیە لە بەرابەر حەقیقەتدا لاوازە."*

## داگیرکردنی لایەنەکان

جارێک ژولیوس سزار لە کاتی گەنجی‌دا لەلایەن چەتەی دەریاییەوە گیرا و بۆ ئازادکردنی داوای بیست "تالنت"[١]یان لێ دەکرد. ئەو پێکەنی و وەڵامی دایەوە کە ئاغازادەیەکی وەک ئەو پەنجا تالنت ئەرزشی هەیە و بۆ خۆی داوای کردبووە ئەو داوایە جێبەجێ بکات. هاوڕێکانی بۆ هێنانی پارەکە ڕەوانەی کردن و سزار بە تەنیا لەگەڵ چەتەی دەریایی بێ بەزەییدا مایەوە. بۆ چەندین هەفتە لەنێویاندا مایەوە بەشداری یارییەکانیان دەکرد و تەنانەت شۆخیی نابەجێی لەگەڵ دەکردن و جارێک سزار بە گاڵتەجاڕیەوە پێی گوتن، ڕۆژێک دێ لە سێدارەتان بدەم.

چەتەی دەریایی کە لە ژێر کاریگەری ئەو گەنجە مێهرەبان و بەورەیە دابوون وردە وردە وەک یەکێک لە خۆیان دەزانی، بەڵام کاتێک پووڵەکەی پێ‌دان و سزار ئازاد کرا، ڕووی لە یەکێک لە نزیکترین بەندەرەکان کرد و چەند کەشتی لەسەر حیسابی خۆی دابین کرد و دوای چەتەی دەریایی کەوت و ئەوانی لە حەشارگەی خۆیاندا خافڵگیر کرد. چەتەکان پێشوازیان لە گەڕانەوەی ژولیوس سزار کرد، بەڵام سزار بەدیلی گرتن و ئەو پارەیەی کە پێی دابوون لێی وەرگرتنەوە و وەک بەڵێنی

١. واحیدی پوڵی قەدیم لە یۆنان و ڕۆم باستان، و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دابوو لە سێدارەی دان. زۆر کەس دوای چەندین ساڵ فێربوون کە پێیان خۆش بێ یان نا، ئەوە شێوازی شەڕی ژولیوس سزار بوو.

لە هەر حاڵەتێکدا سزار هەمیشە بەو شێوەیە سزای تاوانبارانی نەدەدا. لە ساڵی ٦٢ پێش زایین لە ئاهەنگێکی ئایینی‌دا لە ماڵی سزار، گەنجێک بە ناوی پاپێلیۆس کلۆدیۆس لە نێو میوانی ژنەکاندا دۆزرایەوە. ناوبراو جلوبەرگی ژنانی لەبەر کردبوو و لەگەڵ پۆمپیای هاوسەری سزار سەما و هەڵپەرکەیان دەکرد. کارەکەی ئەو وەک دەستدرێژی لە قەڵەم دەدرا، سزار بێ سی‌ودوو لێکردن لە پۆمپیای خێزانی جیا بووەوە و گوتی: "هاوسەری من دەبێ لە هەموو گومانێک و دوڕدونگی لە ئەمان دابێ"، بەڵام کاتێک کلۆدیۆس دەستگیر کرا تۆمەتی بێحورمەتی بە شتە پیرۆزەکانی بەسەر داسەپا، سزار بە پووڵ و کاریگەری خۆی بۆ بێ تاوانی کلۆدیۆس بەکاری هینا و چەند ساڵێک دواتر ئەنجامی بەخشندەیی خۆی بەدەست هێنا. کاتێک خەریک بوو بۆ شەڕەکانی گال ڕۆم بەجێ بێڵێ پێویستی بە کەسێک بوو کە لە غیابی‌دا پشتگیری لە سەرچاوەکانی بکا. سزار جارێکی دیکە نفووزی خۆی بەکار هێنا بۆ ئەوەی کلۆدیۆس وەک وتەبێژی سیاسی دەست نیشان بکا. لەو هەڵوێستەدا، کلۆدیۆس بە شێوەیەکی دەمارگرژیانە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی سزار دەکرد و لە غیابی سزاردا بە مانۆڕی سەیر و سەمەرەی خۆی کێشەی بۆ ئەنجومەنی پیران دروست کرد کە دژی سزار بوون، بەجۆرێک کەس ڕێگەی بە خۆی نەدا لە نەبوونی ژێنراڵ دژی قسەیەک یان کردەوەیەک بکا.[١]

سێ کەس لە بەهێزترین پیاوەکانی ڕۆم لەو سەردەمەدا سزار، کراسۆس و پۆمپیۆ بوون. پۆمپی کە ژێنراڵێکی سەرکەوتوو و خۆشەیست بوو کراسۆس لێی دەترسا، کراسۆس هەوڵیدا هاوپەیمانییەکی نهێنی لەگەڵ سزاردا ببەستێ، بەڵام سزار ڕووی خۆشی پێ نیشان نەدا و لەبری ئەوە چەند ساڵ

١. لە کاتی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بەو ستراتیژە، هەڵوێستێک زۆر گرنگە. بەدرێژایی ساڵان دەستکەوتی کاریگەر و زۆرباش لە شەڕەکاندا، تا ئەو کاتەی شەڕ ناڕاستەوخۆ و بێ ئامادەکاری لەلایەن دوژمنەوە نەبوو، مەیسەر نەبوو. ئەو چاوەڕواننەکراوە بەزۆری جەستەییە و هەمیشە دەروونییە. لە ستراتیژی‌دا درێژترین ڕێگا بۆ دەورلێدانەوەی دوژمن، دەبێتە کورتترین ڕێگا، بۆ هاتنەوە و گەڕانەوەیەکی سەرکەوتووانە بۆ ماڵەوەیە. ئەو وانەیە زۆر ڕوونە کە نزیکبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە ئامانجێکی دەروونی یان بابەتیی دوژمن بە درێژایی ئەو هێڵانەی کە پێش‌بینی دەکا ئەنجامی نەرێنی دەبێ. هۆکاری ئەوەش لە تیۆری ناپلیۆن‌دا بە باشی ڕوون کراوەتەوە. ئەو گوتی "ئەگەر سەربازەکان ڕوحیە و حەماسەتیان هەبێ، بە هەمان هێزی جەستەیی، دەتوانن لەشکرێک سێ بەرابەری سوپای خۆیان لە نێو ببەن". ئەو وتەیە لە تیورێکی زانستییەوە دەکرێ بەو شێوەیە لێک بدرێتەوە: "کاتێک دەسەڵاتی سوپا یان وڵاتی دوژمن وابەستەی شتە دەرەکییەکان بێ وەک ژمارەی خەڵک و سەرچاوەکان، سوپا پێویستییەکی بۆ کۆنترۆڵ کردن، ڕوحیە و دابینکردنی کەرەستەکان هەیە." ئەگەر بەدرێژایی ئەو هێڵانەی ئەو سوپایە دامەزراندوویانە بەردەوام بن، تەنیا بناغەکانی دەسەڵاتەکەی بەهێزتر دەکەن و زیاتر خۆڕاگر و هاوسەنگتری دەکەن. شەڕ وەک زۆرانبازی وایە، ئەگەر هەوڵی شکست‌دانی بەرامبەر بدەی بەبێ ئەوەی پێیەکانی لە زەوی جیا نەکەیەوە و هاوسەنگی تێک بدەی، ئەنجامەکەی تەنها ماندویەتی تۆ دەبێ. لەو جۆرە حاڵەتانەدا سەرکەوتن تەنیا کاتێک مومکین دەبێ کە قودرەتێکی زۆر زیاتر لە دوژمن هەبێ. لە زۆربەی شەڕەکاندا تێکدانی هاوسەنگی جەستەیی و دەروونی دوژمن باشترین پێشەکیە هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی. استراتژی، بی. اچ. لیدل هارت (١٩٥٤)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دواتر، پۆمپی کە دوژمنایەتی لەگەڵ سزار بوو و ئەوی وەک ڕەقیبی خۆی لە داهاتوودا دەبینی، پێشنیاری پێکهێنانی هاوپەیمانی پێکرد. ناوبراو بە پۆمپی گوت کە لە بەرامبەر ئەو هاوپەیمانییە هەوڵ دەدا پێوشوێنی داخوازە سیاسییەکانی بکەوێ کە لە ئەنجومەنی پیران بێ دەنگی و سڕ کرابوو، پۆمپی کە سەری سووڕما، ڕەزامەندی دربڕی و لەو لاوە کراسۆس کە پێی خۆش نەبوو لەو هاوپەیمانییە وەدوا بکەوێ ئەویش ڕازی بوو لەگەڵیان هاوپەیمان بێ و یەکەمین هاوپەیمانی سێ حیزبی‌یان دروست کرد و کە بڕیار وابوو ساڵەکانی دواتر دەسەڵاتی ڕۆم بەڕێوە بەرن.

ساڵی ٥٣ی پێش میلاد کراسۆس لە شەڕێکدا لە سوریە کوژرا و شەڕی دەسەڵات لە نێوان سزار و پۆمپی سەری هەڵدا. ئێستا بەناچاری شەڕی نێوخۆیی زەق بووەوە و پۆمپی لە ئەنجومەنی پیران لایەنگری زیاتری هەبوو. ساڵی ٥٠ی پێش میلاد، پیران بڕیاری دا کە هەم سزار (کە لەوکاتەدا لە گاڵ لەشەڕ دابوو) و هەم پۆمپی یەکێک لە لژیونەکانی واتە (هنگ لە ٣ هەزار کەس تا ٦ هەزار) خۆی بۆ پشتیوانی لە سوپای ڕۆم بۆ سوریە ڕەوانە بکا، بەڵام پۆمپی یەک لژیونی بۆ شەڕ لەگەڵ سزار ڕەوانەی شەڕێ گاڵ کردبوو پێشنیاری کرد کە هەمان لژیون بۆ سوریە ڕەوانە بکا. بەمشێوەیە سزار دوو لژیونی لەدەست دەدا و لەو شەڕەی کە لە پێشی بوو پێگەی لاواز دەبوو.

سزار گلەیی و سکالای نەکرد. ئەو دوو لژیونی ڕەوانە کرد هەڵبەتە هەروەک چاوەڕوان دەکرا یەکێک لە لژیونەکان بەرەو سوریە نەچوو، بەڵکوو لەسەر داوای پۆمپی لە نزیک ڕۆم جێگیر بوو. پێش ئەوەی ئەو دوو لژیونە سزار بە جێ بێڵن ئەو بە هەر یەک لە سەربازەکان بە دڵفراوانییەوە پووڵی دا. هەروەها ئەفسەرەکانی خۆی ڕێنوێنی کرد تاکوو ئەو بانگەشەیە لە ڕۆم بڵاو بکەنەوە کە قشونەکەی ئێستا لە گاڵ زۆر ماندوویە و ئەگەر ئەو غیرەتی بێ و ئەوانە بۆ دژایەتی پۆمپیۆ ڕەوانە بکا، ئەوانە لەگەڵ تێپەرین لە چیاکانی ئاڵپ لەگەڵ سوپای پۆمپیۆ تێکەڵ دەبن و بە سزار خیانەت دەکەن. پۆمپیۆ کە باوەڕی بەو شایعەیە کرد بە پێویستی نەزانی هێزەکانی خۆی بۆشەڕ لەگەڵ سزار زیاتر بکا بەڵام دواتر پەشیمان بووەوە.

مانگی ژانویەی ساڵی ٤٩ی پێش میلاد، سزار لە چۆمی ڕوبیکێن لە نێوان ئیتالیا و گاڵ تێپەڕی و ئەو جووڵەیە چاوەڕوان‌نەکراو و دەسپێکی شەڕی نێوخۆیی بوو. پۆمپیۆ لەگەڵ لژیونەکانی بەرەو یۆنان ڕۆیشت تا لەوێ بۆ عەمەلیاتی ئەسلی خۆی ئامادە بکا. کاتێک سزار لەشکرکێشی بۆ باشور کرد زۆریەک لە لایەنگرانی پۆمپیۆ لە ڕۆم ترسان. سزار بە هۆی ڕەفتاری بێ‌ڕەحمانەی لەگەڵ دوژمن، لە نێوبردنی شارەکان و قەتڵ‌وعامی دوژمنەکانی نێوبانگی دەرکردبوو. ئەگەرچی کاتێک شاری زۆر گرنگی کورفینیوی گەمارۆ دا و سناتور و ئەفسەرانی سوپای هەموو بەدیل گرت کە لەگەڵ قشوونی وەفادار بە پۆمپیۆ شەڕیان کردبوو، ئەوانی سزا نەدا، تەنانەت ئەو پووڵەی سەربازەکانی لە گرتنی شار دزیبویان پێی دانەوە. ئەو ڕەفتارە سەخاوەتمەندانەی بوو بە شێوەی ئەو لەگەڵ لایەنگرانی پۆمپیۆ. ئێستا لەبری ئەوەی هێزەکانی سزار بچنە لای پۆمپیۆ، لایەنگرانی پۆمپیۆ تێکەڵ سزار دەبوون، لە ئاکامدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەشکرکێشی سزار بۆ ڕۆم زۆر خێرا و بێ خوێن ڕشتن بوو.

دوای ئەوە، بەو پێیەی پۆمپیۆ بنکەی خۆی لە یۆنان دامەزراندبوو، سزار بڕیاریدا یەکەم هێرش بۆ سەر پێگەی لاوازی ئەو بکا، سوپایەکی گەورە کە لە ئیسپانیا جێگیر کردبوو سزار ئەو سوپایەی لە پەڕاوێز خست کە لەلایەن دوو ژێنراڵی پۆمپی بە ناوەکانی مارکۆس پێتریۆس و لوسیۆس ئیفرانیۆس فەرماندەهی دەکران. ئەوانە گەمارۆ دران، هەلومەرجەکە هیوابەخش نەبوو، ئیفرانیۆس و زۆرێک لە سەربازەکان کە ئاگاداری ڕەفتاری باشی سزار لەگەڵ دوژمنەکانی بوون پەیامیان بۆ سزار نارد کە ئامادەن خۆیان تەسلیمی ئەو بکەن، بەڵام پێتریۆس کە ترسی لەخیانەت بوو، دەستوری دا هەر سەربازێک پشتگیری سزار بکا کوژراوە. پاشان سوور بوو بۆ درێژەدانی شەڕ و باقی هێزەکانی لە ئۆردوگا بۆشەڕ هێنایە دەرەوە، بەڵام سزار خۆی لەو شەڕە نەدا، چونکە سەربازەکانی هێزی شەڕکردنیان نەبوو.

سەرەنجام هێزی پۆمپیۆ سەرچاوەی خواردن و کەرەستەیان نەما و ناچار تەسلیم بوون، بەڵام ئەوان چاوەڕوانی سزای خراب بوون، چونکە سزار لە بارەی قەتڵوعامی ئۆردوگا هەواڵی پێ گەیشتبوو. بۆ جارێکی دیکەش سزار پێتریۆس و ئەفرانیۆسی بەخشی و سوپاکەی جیا کردنەوە و بە ڕادەی پێویست پووڵ و خواردنی بە سەربازەکاندا تا بەرەو ڕۆم بگەڕێنەوە. شارەکانی ئیسپانیای وەفادار بە پۆمپیۆ بە بیستنی ئەو هەواڵە چی دیکە پشتیوانی پۆمپیۆیان نەکرد. لە ماوەی سێ مانگدا ئیسپانیای ڕۆم لە تێکەڵەیەک لە مانۆڕی سەربازی و سیاسی، بەبێ ئەوەی دڵۆپێک خوێن بڕژێ، داگیر کرا.

لە مانگەکانی دواتردا پشتیوانی سیاسی لە پۆمپیۆ، لە ڕۆم کۆتایی هات. تەنیا ئەوەی بۆی مابووەوە سوپاکەی بوو. شکستی لە شەڕی فارسالۆس لە باکووری یۆنان لە لایەن ژولیوس سزارەوە لە ساڵی دواتردا مۆری دوا وێرانی بوو.[1]

## لێکدانەوە

ژولیوس سزار هەر لە سەرەتای ژیانی سیاسییەوە دەرکی بەوە کرد کە بۆ داگیرکردنی وڵاتێک ڕێگای زۆر هەیە. زۆربەی مرۆڤەکان بە هەوڵدان بۆ دەسەڵاتخوازی بەدژی نەیارەکانیان کەم تا زۆر پێشڕەوی دەکەن، بەڵام تا کاتێک نەیارەکەیان تێك نەشکێنن هەمان ڕێکار پەیڕەوی دەکەن و بەو شێوەیە دوژمنی هەمیشەیی بۆ خۆیان پەیدا دەکەن، ئەوەش کێشەی زۆریان بۆ پێک دێنێ. بەسە ئەو دوژمنانە بوونیان هەبێ بۆ ئەوەی ژیان مەترسیدارتر بکەن.

سزار شێوازێکی دیکەی بۆ شەڕکردن هەبوو. بڕیاریدا بە فریوکاری ستراتیژی و دەسباوی سیاسی دەست لە شەڕ و دوژمن داتاشین هەڵگرێ. ئەو دوژمنانەی کە بەو شێوەیە چەک دەکران لەگەڵ سزار

---

١. ئارامی دەروونی ئێوە بەبڕشتتره لە بەهێزی بازوو، چونکە ئەو هێزە بەرەو بڕیاری ژیرانەت دەبا. وەک چۆن حەزت لێیە.
ویلیام شکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦)

یەکیان دەگرت و ڕوانگە نەرێنییەکان دەبوون بە ئەرێنی. دوای ئەوە ئەگەر بە پێویستی دەزانی و دوژمنەکەی زۆر لەخۆی نزمتر دەبینی وەک چەتەکانی دەریایی قەتڵوعامی دەکردن. پێویستە کەمێک بە ڕەحمەوە ڕەفتار بکەن بۆ ئەوەی دوژمنی ئێوە ببێ بە هاوڕێ و پەیڕەوی لە تۆ بکات. هەر وەک پاپلیۆس کلۆدتۆس کە دوای بەدناو و بێئابروکردنی ماڵی سزار، بەهۆی بەخشندەیی خۆی، بوو بە کەسی خۆبەخش و فیداکاری بۆ کارە پیسەکانی ژێنراڵ.

کاتێک شەڕی ناوخۆیی دەستی پێکرد سزار دەرکی بەوە کرد کە ئەو هەڵوێستە بێجگە لە پرسێکی نیزامی، دیاردەیەکی سیاسییە و ئەوەی کە گرنگی هەیە پشتیوانی سەنا و ڕۆمییەکانە. کارە دڵخوازەکانی بەشێک بوون لە چالاکییە حیساب کراوەکانی بۆ چەککردنی دوژمنەکان و گۆشەگیرکردنی پۆمپیۆ. لە ڕاستیدا سزار بەو کارە جێگەی دوژمنیشی پڕ کردەوە. لەبری ئەوەی لە تەوێڵەوە هێرش‌یان بۆ بکا و ڕاستەوخۆ شەڕیان لەگەڵ بکا، ئەوانی لە ژێر پەڕوباڵی خۆی گرت و دیاریی پێ بەخشین و دڵی ئەوانی بە قسەی خۆش و ڕەفتاری خۆشەویستی بەدەست هێنا. ئێستا کە سزار لە ڕووی دەروونی و سیاسییەوە لایەنی ئەوانی گرتبوو، ئیدی هیچ دوژمنێک بۆ شەڕکردن وجودی نەبوو. هەموو دوژمنێک لەگەڵ سزار لەناو چوو و نەما. ئەو شێوازە شەڕکردنە ڕێگەی پێدا کە بە ئاسانی پۆمپیۆ کە لە باری نیزامییەوە لە سزار سەرتر بوو، شکست بدا.

ژیان پڕە لە دوژمنایەتی، هێندێکیان دیار و ڕوونن و هێندێکیان وشیارانە و زیرەکانەن. ململانێ و شەڕ حەتمییە، هیچ کەس هەرگیز ئارامی تەواو بە خۆیەوە نابینێ. لەبری ئەوەی باوەڕتان بەوە هەبێ کە دەتوانن لەو ململانێ‌یانە دوور بکەونەوە، ئەوان قەبووڵ بکەن و ڕێگەیەک بۆ وێک‌هەڵکەوتن بدۆزنەوە کە ببێتە هۆی سەرکەوتن لە ژیاندا. ئەوەی کە بتوانی لە شەڕە چووکەکان سەربکەوی و خەڵک پەرتەوازە بکەن چ سوودێکی هەیە ئەگەر ببێتە هۆی دوژمنایەتی درێژخایەن؟ بە هەر نرخێک بێ هەوڵ بدەن بەسەر ورووژاندنی شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دوژمنەکانتدا زاڵ بن. لەبری ئەوەی لە لاشانەوە لە ژێر چاوەدێریان بگرن و چەکیان بکەن، ئەوان دەبنە هاوپەیمانی ڕاستەقینەی خۆتان، پاشان بڕیار بدەن کە تۆڵەیان لێ بکەیەوە یان بۆ ڕۆژی تەنگانە ڕایانگرن. سەرکەوتن بەسەر دوژمن‌دا لە ڕێگەی ئامرازە ستراتیژییەکانی وەک مێهرەبانی و دڵفراوانی و سۆزەوە ڕێگەی ئێوە ڕووناک دەکاتەوە و یارمەتی دەدا وزەی خۆتان بۆ خەبات‌کردن بپارێزی بۆ ئەو شەڕانەی محاڵە خۆیان لێ بشارییەوە. بۆیە خاڵە لاوازەکانیان بدۆزەوە. ئەو خاڵە لاوازانە دەکرێ ئەو پاڵپشتە بن کە نیازت پێ دەبێت. یا مێهرەبانییەک بێ کە وەڵامی دەدەنەوە و یان چاکەیەک بێ وا لە ئاکامدا چەکیان دەکات. لە دنیای سیاسەت‌دا، دوو لایەنی لاوازتر دەبنە ڕێگەیەک کە بە دەسەڵات دەگات.

ژولیوس سزار بەمجۆرە باس دەکا: "*بە مێهرەبانی دەتوانین هەموو دڵەکان بەدەست بێنین و سەرکەوتنێکی لەبیرنەکراو مسۆگەر بکەین، چونکە ئەگەر دڕندەیی بکەیە پیشەی خۆتان، ناتوانن لە هێزی ڕق و کینەی ئەوانی دیکە سەلامەت بن و سەرکەوتنەکانتان زۆر ناخایەنێ، ئەوە ڕێگای نوێ بۆ*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*سەرکەوتنە، ڕێگەی خۆتان بە بەخشندەیی و مێهرەبانی بەهێز بکەن."*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

ئەو تێکهەڵچوون و ململانێیەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی دەبینەوە زۆر سەرسوڕهێنەرە، چونکە باب و باپیرانمان بەو شێوەیە نەبوون. لە شەڕدا تێپەڕبوونی سوپاکان بە نیشانەی تیر لەسەر نەخشە دیاری دەکرا، ئەگەر ئێمە ناچار بین شەڕەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆمان نەخشەیان بکێشینەوە دەبێ هەزاران تیر و هەزاران جووڵە و مانۆڕ لە قەراغیەوە بکێشینەوە. ئەگەر نامانهەوێ باسی ئەو تیر و تیرانە بکەین کە ڕۆژانە بەرەوڕووی ئێمە دێن، پێویستە باسی کەسانێک بکەین کە هەوڵی ئەوە دەدەن وادار بە ئەنجامدانی کارێکمان بکەن، بۆ ڕێگایەکی تایبەت ڕێنوێنیمان بکەن و ناچارمان بکەن لەبەردەم ئیرادە و مەبەست یان ئارەزووی ئەواندا کڕنۆش بەرین.

لە کاتێکدا زۆر کەس بەردەوام دەسەڵاتی خۆیان دەگۆڕن، جیهانی کۆمەڵایەتی ئێمە لە ژێر ڕواڵەتێکی ئارامدا جۆرێک لە شەڕەنگێزی و هێرشی هەیە. ڕەفتار و هەڵسوکەوت کردنی ناڕاستەوخۆ لەم هەلومەرجەدا پێویستی بە کات و وزە هەیە. ئەو بۆچوونە ورد و زیرەکانە لە هەوڵی بەردەوام و ڕۆژانە بۆ کاریگەریی لەسەر کەسانی دیکە ئەستەم و کاتبەرە. بۆیە هەموو کەسێک مەیلی ئەوەی هەیە ڕێگای ڕاستەوخۆ بۆ داخوازی خۆی بگرێتە بەر. ئەو کەسانە بۆ ئەوەی قەناعەتمان پێ بکەن کە بیرۆکەکانیان ڕاستە، لە گفتوگۆ و وتووێژ و دیمانەدا سوود وەردەگرن و تەنانەت ورووژاوتر و بە دەنگی بەرزتر هاوار دەکەن. ئەوانە بە قسە، ڕەفتار، دەستوور و ڕاسپاردەی خۆیان ئێمە بەرەو سەر ڕێگای دڵخوازی خۆیان دەبەن. تەنانەت دەکرێ ئەکتەری پاسیڤتر دەست نیشان بکرێ کە کەرەستەی هەستی تاوانباری بەکار دەهێنن و یاری بە ڕوحی مرۆڤ دەکەن و ڕاستەوخۆ کار دەکەن. ڕەنگە کەمێک وردتر ڕەفتار بکەن، بەڵام بەسە چەند جووڵەیەکیان لە ژێر چاوەدێری بخەن و بە ئاسانی دەستیان بخوێنیتەوە.[١]

---

١. کاتێک لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە زەنجیرەیەکی درێژخایەنی لەشکرکێشی نیزامی دابووم، بۆ یەکەمجار هەستم بە باڵادەستی ناڕاستەوخۆ بەسەر ئاراستەی ڕاستەوخۆدا کرد، تەنیا بەدوای ڕووناکی لەسەر ستراتیژیدا دەگەڕام. بەڵام لەگەڵ قووڵبوونەوەی بیرکردنەوەدا، دەستم کرد بە تێگەیشتن لەوەی کە هێرشی ناڕاستەوخۆ کار پێ‌کردنێکی زۆر فراوانتری هەیە، کە یاسایەکی ژیانە لە هەموو بوارەکاندا: ڕێبازی ناڕاستەوخۆ ڕاستییەکی فەلسەفییە. جێبەجێکردنی وەک کلیلی دەستکەوتی پراکتیکی لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر کێشەیەکدا کە فاکتەری مرۆیی زاڵە و ململانێی ئیرادە لە خەمی بنەڕەتی هەموو بەرژەوەندییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ڕووداوە نوێیەکە تەنیا بەرەنگاربوونەوەی زیاتر و زیادبوونی توندی قەیرانی لێکەوتووەتەوە و ڕێگری لە گۆڕینی هەڵوێستەکان کردووە. گەیشتن بە باڵادەستی لە ڕێگەی کاریگەری ناڕاستەوخۆ و شاراوە یان چوونە نێو گفتوگۆکانەوە کە خاڵە لاوازەکانی نەیاران دەکاتە ئامانج. ڕێبازی ناڕاستەوخۆ لە پێوەندی بازرگانی و فرۆشتندا هێندەی لە سیاسەتدا کاریگەرە. لە هەر بوارێکدا ئەو شێوازە سەلامەتترین ڕێگایە بۆ قەبووڵکردنی باڵادەستی خۆت بەسەر یەکێکی دیکەدا، کە لەگەڵ ئەوەدایە کەمتر بەرخۆدان و دڵنیایی سەرکەوتنی لەگەڵدایە. ئەو ستراتیژیە وا لە ڕکابەرەکان دەکا لە دۆخی بەرگری دەربچن. استراتژی، پی. اچ. لیدل هارت، ١٩٥٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاکام و بەرئەنجامی هەموو ئەمانە دوو لایەنەیە: هەموومان زیاتر حاڵەتی بەرگری بەرخورد دەکەین و بەرامبەر گۆڕانکاری خۆڕاگر دەبین. بۆ ئەوەی ئارامی و سەقامگیری لە ژیاندا بپارێزین، دیوارەکانی کوشکی خۆمان بەرزتر و پتەوتر دەکەین. سەرەڕای ئەو بێڕەحمییەی کە لە زیاد بووندایە ژیان درێژەی هەیە. هەموو ئەو تیرانەی کە بەرەو ئێمە بە نیشانە گیراون و زەمان پیس و ژەهراوی دەکەن و هیچ بژاردەیەکمان نییە بێجگە لەوەی ئەو شتەی وەری دەگرین، بیخەینەوە، بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی هەبێت. لە وەڵامی ڕەفتاری ڕاستەوخۆدا خۆمان تووشی شەڕی ڕووبەڕوو دەکەین. ئەستەمە لەو بازنە خراپ و ئاژاوەگێڕییە دوور بکەویەوە و لەبەرچاوگرتنی ڕوانگەیەکی دیکە دژوار و سەختە.

دەبێ لەخۆتان بپرسن گرنگی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاو بوون بێجگە لەوەی بەرخۆدانی ئەفراد زیاد دەکا و زیاتر لەسەر بیروباوەڕەکانیان پێداگر و سوورتر بکا، چیە؟ ڕەنگە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی هەستێکی ئارامت پێ ببەخشێ، بەڵام دوژمنی زۆرتان بۆ دروست دەکا. ئەو شێوازە کاریگەر نییە. لە شەڕی نێوان دوو سوپادا، نەک لە شەڕی تاکەکەسی ڕۆژانە شەڕ لە پێشەوە یا تەوێڵەوە زۆر دەگمەن بووە. ئەفسەرانی نیزامی بەو بۆچوونە گەیشتوون کە هێرشی ڕاستەوخۆ بەرخۆدان و خۆڕاگری زیاد دەکا، لە کاتێکدا هێرشی ناڕاستەوخۆ بەرخۆدان وخۆڕاگری کەم دەکاتەوە.

کەسانێک کە لە ژیانی مۆدێڕنی ئەمڕۆدا دەسەڵاتیان هەیە فێری میتۆدی ناڕاستەوخۆ بوون. ئەوانە بەهای نزیکبوونەوە لە گۆشەیەکەوە، شاردنەوەی ئامانجەکان، کەمکردنەوەی بەرخۆدانی دوژمن، زەربە لێدان لە خاڵە لاوازەکان و هێرشکردن لە لاشانەوە، نەک لە پێشەوە باش تێدەگەن. لەبری ئەوەی ئەوانی دیکە ناچار بە کارێک بکەن بە ڕواڵەتێکی ئارامەوە بە مەیلی خۆیان بۆ سەر ڕێگای دڵخوازی خۆیان دەبەن. ئەو کارە وزەیەکی زۆری دەوێ بەڵام بە تێکهەڵچوونێکی کەمتر و ئەنجامێکی باشتر بەدەست دێت.

کلیلی هەنگاونان بەرەو لاشانەکان ئەوەیە کە هەنگاو بە هەنگاو بۆ پێشەوە بڕۆن. جووڵەی سەرەتایی ئێوە ناتوانێ مەبەستەکان یان هێڵی سەرەکی هێرشەکە ئاشکرا بکا. مانۆڕی ناپلیۆن بکە بە مۆدێلی کارکردنی خۆتان: سەرەتا ڕاستەوخۆ هێرشیان بۆ بکە وەک چۆن ناپلیۆن بەرامبەر ئوتریشییەکان لە کاڵدیرۆ کردی، بەو شێوازە سەرنجیان بۆ پێشەوە ڕادەکێشرێ، ڕێگا بدەن با دەست لە نێو دەست بنێن و بە پێوشوێنی تۆ دا بێن. ئێستا هێرشکردن لە لایەنەکانەوە شێوازێکی چاوەڕواننەکراو دەبێ و سەرکەوتنیان بۆ سەخت دەبێ.

لەساڵی ١٨٥٦ لە دەرباری پاریس هەموو چاوەکان لەسەر ژنێکی گەنج بوو کە تازە ڕووی لە دەربار کردبوو: ئەشرافزادەیەکی ئیتالیایی هەژدە ساڵە بە ناوی کنتێس کاستیگلیونە ئەو زۆر جوان و لە هەمووی گرنگتر خۆی وەک پەیکەرە یۆنانییەکان دەرازاندەوە. ئیمپراتۆر ناپلیۆنی دووهەم، ژوزێف شارل بناپارت کە پیاوێکی داوێنتەڕی ناوزڕاو مێبازێکی بەدناو بۆ ژنان سوێی دەچوو، هەرکات ژنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەدیت ئاوی هەم لە لای زاریەوە هەم لە پشتێند بۆ خوارەوە لەشی تەر دەکرد. نەیدەیتوانی چاوەکانی لەسەر ئەو کچە گەنجە هەڵگرێ هەرچەندە لە هەمانکاتدا ژنی بە ئەزموونتری پێ باشتر بوو، بەڵام دوای بینینی ئەو کچە بۆ ماوەی چەند مانگێک عاشقی بوو.

لە هەموو ڕووداو و ڕێوڕەسمەکانی دەربادا ناپلیۆنی دووهەم و کنتێس چاویان لێک دەکرد و قسەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد، بەڵام ئەو ژنە گەنجە پێش ئەوەی ناپلیۆن گفتوگۆی دڵداری لەگەڵ بکا شوێنەکەی بەجێ‌دەهێشت. ناپلیۆن وردە وردە بوو بە پشتیوانێکی سەرسەختی ئەو ژنە و دوای چەند هەفتەیەک لە دەربڕینی خۆشەویستییەکەی ئەو ژنە تەسلیم بوو، بەڵام ئێستا کە ئەو ژنە تەسلیمی بووە لەگەڵی سارد و ناچار بوو زیاتر لە پێشوو خۆشەویستی خۆی بۆ دەرببڕێ و متمانەی بە ئێحساساتی ئەو ژنە نەبوو. لە هەموو میوانییەکان‌دا کنتێس سەرنجی پیاوانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا و ئەوەش حەسوودی ناپلیۆنی تیژ دەکردەوە. ئەو پەیوەندییە هەروا بەردەوام بوو، بەڵام ئیمپراتۆر کە هەمیشە دوای ماوەیەکی کورت عاشقی ژنێکی دیکە دەبوو، لەو حاڵەتەدا تەنیا بیری لە کنتێس دەکردەوە.[1]

لەو کاتەدا لە پاریس، ویکتۆر ئیمانوێل پاشای پیدمۆنت یان پیامۆنتە وڵاتی کنتێس بوو. ئیتالیا لەوسەروبەندەدا بەسەر ئەیالەتی چووکەکانی وەک پیدمۆنت دابەش بوو، بەڵام بە پشتیوانی فەڕانسە بەو زووانە دەبووە وڵاتێکی یەکگرتوو و ویکتۆر ئیمانوێل خەونی ئەوەی دەبینی کە یەکەم پادشای ئیتالیا بێ. کنتێس لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ چارلز ناپلیۆن چەندین جار باسی شای پیدمۆنت کرد. باسی کەسایەتی، خۆشەویستی بۆ فەڕانسە و هێزی ئەوی وەک ڕێبەرێک تاریف و ستایشی دەکرد. ئیمپراتور تەنیا لەگەڵ ئەو ڕەزامەندی دەردەبڕی و دەیگوت: "ویکتۆر ئیمانوێل باشترین بژاردەیە بۆ شای ئیتالیا." ناپلیۆنی دووهەم زۆر زوو ئەو بیرۆکەیەی لەگەڵ مشاویرەکانی باس کرد و بەرەبەرە هەوڵ و فەعالییەتی بۆ ویکتۆر ئیمانوێل دەست پێکرد تا لەسەر تەختی پاشایەتی ئیتالیا دانیشێ. وەک ئەوەی بیرۆکەی خۆی بێ. لەناکاو ئەو بوو بە پادشای ئیتالیا و ڕوحی ناپلیۆن لەو کارە بێ ئاگا بوو، کە پەیوەندی ئەو لەگەڵ کنتێس لەسەرەتاوە پلانی ویکتۆر ئیمانوێل و موشاوێری وشیاری ئەو کامیلو دی کاوور بووە. ئەوانە ئەو کچەیان لە پاریس لە کۆشکی ناپلیۆن جێگیر کرد تا ناپلیون بە لاڕێدا بەرێ و فریوی بدا و هێواش هێواش بیرۆکەی پادشایەتی ئیمانوێل لە مێشکی‌دا بچێنێ.[2]

---

١. شەش لە پلەی پێنجەمدا بە واتای: شفرەی بەرازی خەساو نیشانەی بەختێکی باشە. شفرەی بەرازی کێوی مەترسیدارترین بەشەکانی جەستەیەتی، بەڵام ئەگەر ماهییەتی هەمان بەراز بگۆڕێ، ئەو شفرەیە هەرگیز مەترسی دروست ناکا. ئەوەش پێشاندەری هێزی شاراوە کە لە شەڕی ناڕاستەوخۆدا لەلایەن لایەنەکانەوەیە. تا ئەو کاتەی پەیوەندییە مرۆییەکان لە ئارا دایە، هەرگیز نابێ هێزی دڕندەی ڕاستەوخۆ بەکار بێنی. ئی‌چینگ، قرن هشتم پیش از میلاد

٢. چیرۆکێک سەبارەت بە شێوازەکانی مائو لە نێو ڕێبەرانی شانگهای باو بوو. ڕۆژێک مائو، بانگی "لی‌یو" و "زو" دەکا و پرسیارێکی هەبوو، "چۆن دەتوانی پشیلەیەک وادار بکەی بیبارێک بخوا؟" لی‌یو لە پێشدا قسەی کرد: "ئەوەندە بەسە کەسێک هەبێ تاکوو پشیلە ڕاگرێ دەمی پشیلە بە زۆر دەکەیەوە و پاشان بیبارەکە بە زۆری لە زاری دەخەی و بە داری نانخواردن پاڵی پێوە دەنێی تا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵخەڵەتاندنی ناپلیۆنی دووهەم لەلایەن کنتێسەوە وەک لەشکرکێشیکی نیزامی ورد و ئاڵۆز، پلانی بۆ داڕێژرابوو. هەر لەو جلوبەرگەی لەبەری دەکرد تا ئەو وشانەی کە بەسەر زاری دا دەهات و تەنانەت ئەو نیگایانەی لەگەڵ ناپلیۆن ئاڵوگۆڕی دەکرد هەمووی لەپێشدا پلانی بۆ کێشرابوو. شێوازی فێڵبازانەی کنتێس لە پەلکێش‌کردنی ناپلیۆن لە دوای خۆی، هێرشکردن بۆ لایەنەکان و بۆ خاڵی لاوازی ناپلیۆن بوو. ئەو مانۆڕە فریودەرانەیە تا ئەو شوێنە چووە پێشەوە کە ناپلیۆنی دووهەم پێی وابوو کنتێس هیچ ئارەزووی بۆ ئەو نییە و خۆی بە دەست‌درێژکەر دەزانی. جوانی سارد و سڕی کنتێس و حاڵەتی دڵڕفێنەکانی ناپلیۆنی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. بەو شێوازە کنتێس سەرنجی ئیمپراتۆری بۆ پێشەوە ڕاکێشا بەڵام بۆ خۆی سەرنجی لەسەر لایەکان بوو. ئەگەر ئەو ڕاستەوخۆ پێوشوێنی ئیمپراتۆر بکەوێ یان بە قسەیەکی سادە و خێرا داخوازی خۆی لەسەر بنەمای تاج لەسەرنانی شاە دەربڕێ، ئەوە ڕووبەڕووی دژایەتی ناپلیۆن دەبووەوە و ئیمپراتۆر هەڵوێستی بەرەنگاربوونەوەی دەگرتە پێش. ئیمپراتۆر لەو بوارەدا بەهۆی گرنگیدانی زۆر بە ئافەرتبازی و داوێن‌تەڕی لاواز بوو و لەو پێگەیەوە شکستی خوارد.

مانۆڕەکانی لەو شیوەیە دەبێ ئولگووی ئێوە هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی کەسانی دیکە بێت، هەرگیز مەبەست یان ئامانجەکانی خۆتان ئاشکرا نەکەن و لەبری ئەوە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، فریودەرانە، گاڵتە و شۆخ و شەنگ یان هەر شێوازێکی دیکە بەکار بێنە بۆ ئەوەی سەرنجی لایەنی بەرامبەر بۆ پێشەوە ڕابکێشی. کاتێک تەرکیزیان بۆ خاڵێکی دیکە ڕادەکێشرێ، لایەنەکان و خاڵە لاوازەکانیان بەبێ پارێزەر دەمێننەوە و کاتی ئەوە هاتووە لە هەمان شوێنەوە بە ئامانج بگەن. ئێستا دەرگاکان کراوە و دیوارەکان تێک قرماون، ئەوان چەک کراون و بۆ هەر ئاراستەیەک بتەوێ جووڵە دەکەن.

شانازی و خۆپەرستی و ڕوح و ئیگۆی خەڵک بە تەوێڵ یا بە بەرەکانی پێشەوە بزانن. کاتێک هێرش بۆ ئێوە دەکەن و تۆ هۆکارەکەی نازانی، زۆرجار لەبەر ئەوەیە کە تۆ هەڕەشەت لە ڕوح یا غرووری کردووە و بە هەڵس‌وکەوتی خۆتان گومانت لەسەر بایەخەکانیان دروست کردووە. هەرکاتێک گونجاو بوو کارێک بکەن کە خەڵک هەست بە ئەمنییەتی خۆیان بکەن. لێرەشدا لە هەر ئامرازێکی وەک

قووتی دەدا." مائو لە بیستنی ئەو کارە تووڕە و زۆر ناڕاحەت بوو و دەستی بەرز کردەوە و گوتی: "هەرگیز لە توندوتیژی کەڵك وەرمەگرن هەموو شتێک دەبێ دڵخوازانە بێ." زو تەنیا گوێی دەدایە، مائۆ داوای لەویش کرد کە شێوازی خۆی باس بکا. ئەو پیاوە هەمێشە سەرەداوی دروستی مەسەلەکانی بەدەستەوە بوو. گوتی: "من ڕێگا دەدەم پشیلە برسی بێ پاشان دەوری بیبارەکە لە گۆشت دەگرم، کاتێک پشیلە بە ڕادەی پێویست برسی بێ گۆشتەکە دەخوا." مائۆ هەروەک مخالەفەتی لەگەڵ لی‌یو کرد لەگەڵ ئەویش مخالەفەتی کرد، و گوتی: "هەروەک توندوتیژی قەدەغەیە فریودانیش قەدەغەیە، هەرگیز خەڵک بە گەمژە مەزانە." پاشان بۆخۆی وەڵامی گوت: "بەسە بۆ ئەوەی بیبارەکە بە تەواوی بەسەر کۆمی پشیلەکەدا بێنی، کاتێک کۆمی دەستی بە سووتانەوە کرد، پشیلەکە بۆ کەمکردنەوەی هەستی سووتانی دەیلێسێتەوە، وە تێر دەبێ کە بە ئارەزووی خۆی ئەم کارە دەکات." مائو، زندگی‌نامە، راس تریل، ١٩٩٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێهرەبانی، دیاری، پێشنیاری هاوڕێیەتی و هاوپەیمانی خۆتان بە یەکسانی لەگەڵ ئەوان بزانە و لە ڕەنگدانەوەی بۆچوون و بەهاکانیان سوود وەربگرە. هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی لە هەمان بەرەی پێشەوە بمێننەوە و قەڵغانی بەرگری خۆیان وەلا بنێن. ئێستا کە هەست بە ئاسوودەیی و ئەمنییەت دەکەن دەتوانی لە هەر دوولا بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆتان زۆرترین سوود وەربگرن. ئەو ستراتیژییە بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانە وەڵام دەداتەوە کە هەناسەی لەرزۆک و لاوازیان هەیە.

ڕێگەیەکی باو بۆ بەکارهێنانی مانۆڕی هەر دوولایەن لە شەڕدا ئەوەیە کە دوژمن بۆ شوێنێک ڕابکێشی کە دیارترین لاوازی خۆیان نیشان بدن. مانای ئەوەیە کە کارێک بکەن ئەوان بەرەو بەرەیەک ڕابکێشن تا تەوێڵ یان تەرکیزیان لە ڕێڕەوێکی باریک و تەسکدا گیر بخوا و لایەنەکانیان ئازاد و بێ پاراستن بە جێ بێڵن و ئەوەش خۆشترین چەشتەیە بۆ ئەوەی لە لایەکانەوە هێرش بکەی.

لەساڵی ١٥١٦دا هێرنان کورتیس لەگەڵ سوپایەکی چووکە لە ڕۆژهەڵاتی مکزیک جێگیر بوو. ئەو بۆ وەدیهێنانی خەونی داگیرکردنی ئیمپراتۆری ئازتکەکان ئەو سەفەرەی بۆ ئەوێ کرد، بەڵام بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا دەبوو دڵی پیاوەکانی خۆی بەدەست بێنێ، بەتایبەتی ئەو گرووپە بچووکە بەڵام پڕ لەکێشە و هەڵاوهەنگامەیە کە لایەنگری دییەگۆ ولاسکێس دەسەڵاتداری وڵاتی کووبا بوون. ئەو کەسێک بوو کە کۆرتیسی وەک سیخوڕ ڕەوانە کرد بۆ ئەوەی خۆی دوای ئەوەی زانیارییەکانی لە کۆرتیس وەرگرت مەکسیک داگیر بکات. لایەنگرانی ولاسکێس لەهەر هەنگاوێک کێشەیەکیان بۆ کۆرتیس دروست دەکرد و بەردەوام دژی ئەو پیلانیان دەنایەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو پیلانگێڕییە زێڕ بوو کە بڕیار وابوو ئیسپانیاییەکان بۆ کۆکردنەوە و دانی بە شای ئیسپانیا هەوڵ بدەن. کۆرتیس ڕێگای بە سەربازەکانی خۆی دا کەمێک لە زێڕەکان بفرۆشن و خواردن بۆ خۆیان بکرن، بەڵام هێزی لایەنگرانی ولاسکێس ڕێگایان نەدا کارێکی ئەوتۆ بکرێ.

کۆرتیس بە ڕواڵەت لەگەڵ سیخوڕەکانی ولاسکێس ڕەزامەندی دەربڕی و پێشنیاری پێکردن بەشی ماڵی یا خەزانەدار دیاری بکەن. ئەوانیش زۆر بە خێرایی یەکێک لە خۆیانی بۆ ئەو کارە دیاری کرد و بە یارمەتی ئەوان خەزانەداری بەربژێر دەستی بە کۆ کردنەوەی زێڕی هەموو سەربازەکان کرد. ئەوە سروشتی بوو کە لە لایەن سەربازەکانەوە پێشوازی لێ ناکرێ، چونکە ئەوانە بۆ هەمان شت گیانی خۆیان لە مەترسی خستبوو. ئەوان زۆر بە توندی دژایەتییان کرد، بەڵام کۆرتیس بیری هێنایەوە کە پێویستە بە ناوی حاکمی کووبا ڕێز لەو پیاوانە و ئەو سیاسەتە بگیرێ. بێگومان خۆشی لایەنگری ئەو سیاسەتە نەبوو. زۆری نەخایاند ڕق و کینەی لایەنگرانی ولاسکێس لەنێو هەموو سوپاکەدا پەرەی ئەستاند و کۆرتیس لەسەر پێشنیاری زۆرینەی سەربازەکان بە خۆشحاڵییەوە ئەو سیاسەتەی هەڵوەشاندەوە، لەو کاتەوە پیلانگێڕەکان لەگەڵ سەربازەکاندا بۆ هیچ شوێنێک نەچوون. پیلانەکانیان ئاشکرا و هەموویان وەک کەسانی هیچ و پووچ چاویان لێ دەکردن و گاڵتەیان پێ دەکردن.

زۆرجار کۆرتیس ئەو ستراتیژییەی لەگەڵ نەیاران و کێشە سازەکان بەکار دەهێنا. ئەو لەسەرەتادا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جۆرێکی ڕەفتار دەکرد وەک ئەوەی لەگەڵیان هاوڕا بێ و تەنانەت بۆ بەردەوام بوون و بەرەو پێش بردنی بیرۆکەکانیان هانی دەدان. بەو کارە دوژمنەکانی ناچار کرد لاوازی بەرچاویان ئاشکرا بکەن، بەجۆرێک هەموو خۆپەرستی و تەسک بینییان ڕوون دەبووەوە، ئێستا ئامانجی زەربە لێدان بوو.

کاتێک مرۆڤەکان بۆچوون و بابەتەکانی خۆیان دەردەبڕن زۆرجار خۆیان سانسۆر دەکەن، ئەگەر ڕاستەوخۆ و لە پێشەوە هێرشیان بۆ بکەن، زۆر توانایی پێشڕەویت نابێ چونکە هیچ شتێک وەک ئامانج دیار نیە. لەبری ئەو کارە هانیان بدەن بەرەو پێشەوە بچن و پێداگری لەسەر بیرۆکەکانیان بکەن بۆ ئەوەی ئامانجێکی گەورەترتان پێ نیشان بدەن. پاشەکشە بکە و بە ڕواڵەت لەگەڵیان بن، پاشان بۆ درێژەدانی ڕێگا هانیان بدەن. (تەنانەت دەتوانی بیان ورووژێنی و بە فشاردانی دوگمەی هەستیاریان کارێک بکەن بۆ ئەوەی ئەوەندی لە توانایان دایە قسە بکەن و زیاتر لەوەی دەیانەوێ خۆیان ئاشکرا بکەن.) لەو حاڵەتەدا ئەوەندە بەرەو پێش دەڕۆن کە لە کۆتاییدا شتێک دەڵێن یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن کە لە ڕوانگەی ئەوانی دیکەوە نالۆژیکی و گاڵتەجاڕانە دەردەکەون و ئەوە هەمان خاڵی لاوازی بەرچاوی ئەوانە. کلیلی ئەو ستراتیژییە ئەوەیە کە زور زوو و خێرا هێرشیان بۆ نەکەن. کات بە دوژمن و نەیارەکانی خۆتان بدەن تا تەنافی سێدارە بە ملیان دا بکەن.[1]

لە جیهانی سیاسیدا مرۆڤەکان پشت بە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان دەبەستن. پێویستیان بە پشتیوانی چەندین سەرچاوە هەیە. ئەو پشتیوانییە کە بنەمای دەسەڵاتی زۆربەی خەڵکە بە خاڵێکی لاوازی گەورە بۆ هێرش‌کردن دادەنرێ. فرانکلین دی ڕۆزوێڵت دەیزانی خاڵی لاوازی سیاسەتمەدارێک، ئەوانەن کە دەنگ دەدەن، واتە هەمان ئەو کەسانەی لە ململانێ و کێبەڕکێی داهاتوودا دەنگی پێ دەدەن یان نا. ڕۆزوێڵت دەیتوانی بە هەڕەشەیەک متمانەی سیاسەتمەدارێک لە نێو لایەنگرانی‌دا لە نێو ببا و ئەو مەجبور بکات جیا لە بیروباوەڕی کەسیەتی، پڕۆژە یاسایی هەڵوەشێنیتەوە یا لە دامەزراندنی کەسێک پشتیوانی بکا. هێرشکردن لە لایەنەکانەوە بەو شتەی کە بە ئابڕو و ناوبانگی کەسێک دادەنرێ و پێوەندی بە پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوەوە هەیە، کارێک دەکا

---

١. ڕاستی دەروونی بەرازەکان و ماسییەکان. مرۆڤ بۆ بەزاندنی دەریای ترسناک، دەبێ عەقڵ و حیکمەتی نموونەیی هەبێ. بەراز و ماسی خاوترین بوونەوەرن، بۆیە زۆر ئەستەمە کاریگەری لەسەریان هەبێ. لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدەی کاریگەری لەسەر ئەو جۆرە بوونەوەرانە هەبێ، پێویستە ڕاستی دەروونی خۆت ڕابگەیەنی. هەڵس‌وکەوت کردن لەگەڵ مرۆڤی کەمتەرخەم کە وەک ماسی و بەراز وان و ناگۆڕێن، نهێنی سەرکەوتن لە دۆزینەوەی باشترین ڕوانگەیە. سەرەتا دەبێ خۆت لە هەموو دمارگرژییەک ڕزگار بکەی بۆ ئەوەی کاتێک قسە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەی بەبێ هیچ بەرەنگارییەک ڕووبەڕووی دەروونی ئەوان ببیەوە. پاشان دەبێ پێوەندییان لەگەڵ بگری و بیانناسی و وردە وردە بەسەریان دا زاڵ بی. کاتێک دەرگایەکت کردەوە هێزی دەروونی ئێوە بۆ ڕەخنەکردنی نێو ئەوان بەس دەبێ. ئەگەر بتوانی بەو شێوازە بەرەو پێش بڕۆی تەنانەت مەترسیدارترین تاقیکردنەوەکان و بەڵاکان، وەک تێپەڕین لە دەریای بەهێز و ترسناک بەسەری دا زاڵ دەبی. کتاب دگرگونی‌ها، ئی چینگ، چین. قرن هشتم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەزایەکی لەبار بۆ ئەوەی دژی ئەو بجووڵێ، بەدەستی بێنێ.[١]

هەرچەندی مانۆڕەکان لە ژیاندا وردتر و ناڕاستەوخۆتر بن، باشترە. لە ساڵی ١٨٠١ ناپلیۆن بەبێ هیچ پێشەکییەک بە ڕووسیەی پێشنیار کرد کە لەژێر چاوەدێری فەڕانسەدا دوورگەی ماڵتا بپارێزێ. ئەو ڕووداوە بنکەیەکی گرنگی بۆ ڕووسیە لە دەریای نێوەڕاست (مدیترانە) دروست دەکرد. ئەو پێشنیارە وەک دەستباوی وابوو، بەڵام ناپلیۆن دەیزانی کە ئینگلستان بەو زووانە کۆنترۆڵی دوورگەی ماڵتا دەکا و سوپای فەڕانسە بە تەنیا ناتوانێ بەرامبەر ئەو هێزە گەورە بەربەرەکانی بکا. ئینگلستان و ڕووسیە هاوپەیمان بوون بەڵام هاوپەیمانی ئەو دوو وڵاتە مشتومڕ و ململانێ لەسەر ماڵتا مەترسیی لێ کەوتەوە و ئامانجی سەرەکی ناپلیۆن هەمان دژایەتی و ململانێیە بوو.

پەرەسەندنی کۆتایی ئەو ستراتیژییە بە کردەوەی هەرچی ناڕاستەوخۆتر بەندە. نەیارێک کە نەزانێ چی لەژێر سەرتدایە، خراپترین کەموکوڕی و عەیبەکانی هەیە. هەرچەندی زیاتر لەگۆشەکان کەڵك وەرگرن کاری بەرگریکردن ڕەقیبەکەتان سەختتر دەبێت هەر وەک تۆپ نیشانە لە بیلیارددا کە لە چەندین لاوە بەر مێزەکە دەکەوێ و دەگەڕێتەوە. هەرکاتێک مومکین بوو، جووڵەی خۆتان بۆ دروست کردنی کاریگەری ئەوتۆ حیساب بکەن، ئەوە باشترین خۆداپۆشینی تۆ بۆ هێرش کردن ئەژمار دەکرێ.

**بیهێنە بەرچاوت:** قرژاڵ. ئەو بوونەوەرە بە نینۆکی تیژ و توێکڵی ڕەق و کلکی چەرخێنەر زۆر بەهێز و ترسناک دەردەکەوێ. بەسە ڕاستەوخۆ لێی نزیک بیەوە تا ژیانت لەنێو ببا، بەڵام بە دارێکی باریک وەریگێڕە سەر پشت بۆ ئەوەی بەشە نەرم و لاوازەکانی ژێر جەستەی ببینی و شایەتحاڵی دەستوپێ لێدان و پاڕانەوەی بن.

ناپلیۆن دەڵێ: "*تەنیا بە خولانەوەی دوژمن، هێرشکردنە سەر لایەنەکان و پێگە لاوازەکانیان دەتوانن لە شەڕەکەدا سەربکەون.*"

## حاڵەتی دەگمەن

لە سیاسەتدا نیشاندانی هاوڕایی خۆتان لەگەڵ بیروڕای دوژمن و گرتنەبەری هەڵوێستێکی هاوشێوەی ئەو لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکان، پلانێکی بە سوودە. ئەوە هەمان سیاسەتە کە سەرکۆماری ئەمریکا بیل‌کلینتۆن لە ستراتیژی (سەگانەسازی) "سێ‌لکانی خۆی یان سێ

١. کتێبی گۆڕانکارییەکان یان هەمان کتێبی ئی چینگ، زۆرجار وەک عیرفانی ڕۆژهەڵاتی بۆ گونجاندن و سازان دادەنرێ. لەو کتێبەدا هەڵوێستی سەرەکی ئەوەیە کە چاودێری ژیان بکەین و بۆ مانەوە و گەشەکردن لەگەڵ لێشاوەکەیدا بڕۆین، بۆیە هەڵوێستی سەرەکی ئەوەیە کە هەموو زیندەوەرێک دەتوانێ سەرچاوەی ململانێ و ئەخلاق بێ و لە کۆتاییشدا ئەگەر لە گۆشەنیگای هەڵەوە بێ یان بە حاڵەتێکی نادروست، لەگەڵ ئەو مەترسییە یان ڕووبەڕووی ململانێ ببینەوە، ئەوە دەبێتە هۆی توندوتیژی و بێ ئەنجامی لێ دەکەویتەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر هێرشبەر ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر خاڵێک کە بەرامبەرەکەی هێزێکی زۆری هەبێ ئەوە بۆی گران تەواو دەبێ. باشتر وایە هەر هێرشێک یان پێشڕەویی لە شوێنی دروست لەگەڵ گۆشەی لەبار پێش ئەوەی ڕەقیب بگاتە هێزی تەواو، ئەنجامی بدە، ئەوەش هێرشەکە پشتڕاست دەکاتەوە لەسەر لایەکان و خاڵە لاوازەکان. رازهایی، اسکار راتی و ادل وستبروک، ١٩٧٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسایەتی‌کردنی خۆی" لەگەڵ کۆماریخوازەکان گرتیە پێش و کاریگەری بەرچاوی لێ کەوتەوە. بەو شێوازە مخالفی ئێوە هیچ بوارێکی بۆ جووڵە نابێ، هیچ بیانوویەک بۆ پاساودان نادۆزێتەوە، بەڵام مانەوەی زۆر لە پێگەی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ تێچووی زۆری بۆ ئێوە هەبێ، چونکە ئەوکاتە گرنگترین خاڵی لاوازی سیاسەتمەدارێک کە جەماوەر و لایەنگرانییەتی، لە ئیدۆلۆژی و ئامانج و هەڵوێستی گومانیان دەبێ و چیتر نازانن ئەو و حیزبەکەی چ جیاوازییەکیان لەگەڵ حیزبەکانی دیکە هەیە. بۆیە پاراستنی ئەو ستراتیژییە بە تێپەڕبوونی کات مەترسیدار دەبێ. لەو کاتەدا بەکارهێنانی ستراتیژی جەمسەری کە لە بەشی یەکەمدا باسکرا، بۆ نیشاندانی جیاوازییە گرنگەکان لە درێژخایەندا کاریگەرتر دەبێ. ئاگاداربە و هۆشت بە خۆتەوە بێ کە مبادا لە بەکارهێنانی ئەو ستراتیژییەدا بۆ خۆتان تێچووی زۆر دابنێن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی نۆزدەیەم:
# لە هەموو لایەکەوە ڕێگا لە دژمن بگرن.
# ستراتیژیی نابوودی/تەرتووتوونا

هەر درز یا کەلێنێکی هەرچەندە بچووکیش لە دیواری بەرگریی ئێوەدا هەبێ، دەرفەتێکە بۆ هێرشکردن لەلایەن نەیارانتانەوە، یان تۆڵەت لێ بکاتەوە، کەواتە هیچ کەلێن و درزێک بەجێ مەهێڵن و پڕیان بکەنەوە. تاکە شێواز و ڕێگە چارە ئەوەیە لە هەموو لا و ئاراستەکانەوە ڕێگەی دزەکردن دابخەن و لەگەڵ ئەوەش‌دا گوشارێکی زۆر و بەرگەنەگرانە بخەنە سەریان. هەموو سەرنجیان ڕابکێشە و مەهێڵە بە جیهانی دەرەوە هیچ دەست ڕاگەیشتنیان هەبێ. بۆ دروستکردنی هەستی لاوازی، هێرشەکان پێش‌بینی‌نەکراو بکەن. سەرەنجام کاتێک کەوتنە دۆخێکی لاوازەوە، مەیدانەکەیان لێ تەنگتر و بەرتەسکتر بکەنەوە. باشترین جۆر گەمارۆی سایکۆلۆژیی و ڕوانییە، چونکە تۆ عەقڵیان تەسلیمی خۆتان کردووە.

## شاخەکانی چوارپێیان/ئاژەڵان

لە مانگی دسامبری [سەرماوەز] ساڵی ١٨٧٨ ئینگلستان شەڕی دژی قەومی زولۆ، کە قەبیلەی شەڕکەری ئەفریقای باشووری ئەمڕۆ دەست پێکرد. بیانووی بێ بنەمای ئەوان کێشەی سنووری نێوان زولۆلەند و ئەیالاتی ناتاڵی بەریتانیا بوو، ئامانجی سەرەکی لە نێوبردنی سوپای زولۆ ئاخرین هێزی خۆماڵی کە هەڕەشەی لە بەرژەوەندییەکانی ئینگلیس لە ناوچەکە دەکرد لە نێو بچێ، دواتر زولۆلەند لەگەڵ ئەیالەتەکانی ژێر ڕێبەرایەتی ئینگلستان هاوپەیمانی بکا. فەرماندەی ئینگلستان لۆرد چێلمێزفۆرد پلانی دانابوو بە سێ ستوون هێرش بۆ سەر زولۆلەند بکا و ئامانجی ستوونی ناوەندی بۆ پایتەختی ئەولۆندی، کە دڵی ئەو شانشینە بوو، دانرا.[١]

---

١. بە پێی ئەفسانەی "شاکا" سروشتی شەڕ لەو ناوچەیەدا بە داهێنانی تیری قورس و تیغی پان بۆ شەڕی نزیک بۆ هەمیشە گۆڕی. ڕەنگە وابێ، چونکە هەردوو سەرچاوەی زانیاری زولۆ و بۆچوونەکان کە لەلایەن بەرپرسان و گەشتیارانی ڕەش‌پێستەوە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بڵاو کراونەتەوە باس لەم جۆرە دەستکەوتانە دەکەن. ئەو داهێنانەی شەڕ کە هیچیان نەبوو، بەڵام کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کولتوری فۆلکلۆری گەلی زولۆ هەبوو، چونکە چیرۆکی زۆر لەسەر ئازایەتی و بوێری و داهێنەری ئەو وەک شەڕکەرێک هەیە. لە ڕاستیدا یەکێک لە گەورەترین نابغە نیزامیەکانی سەردەمی خۆی بوو، لە سەردەمێکدا کە شەڕکەرەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆرێک لە هێزەکانی بەریتانیا لە ناتاڵ بۆ دەستکەوتەکانی شەڕەکە و ئەگەری سوودەکانی گرتنی زۆلۆلەند دڵخۆش بوون، بەڵام هیچیان بە قەدەر کلۆنێل تەمەن ٤٨ ساڵ ئەنتۆنی ویلیام دارنفۆرد خوشحاڵتر نەبوون، دارنفۆرد بۆ ساڵیانێکی دوورودرێژ لە پایگایەکی سنوور بۆ پایەگایەکی دیکە ڕەوانە کرابوو و سەرەنجام گەیشتبووە ناتاڵ. ئاواتی ئەوە بوو کە توانا و بەهای خۆی وەک سەربازێک بسەلمێنێ، بەڵام تا ئەم تەمەنە هێشتا خەونە گەنجییەکانی وەدی نەهاتبوو. ئێستا شەڕی داهاتوویان لە پێشە و ئەمە دەرفەتێکی گونجاو بۆ ئەو بە حیساب دێت.

دارنفۆرد کە تامەزرۆ بوو کاریگەری خۆی بسەلمێنێ. بۆیە خۆبەخشانە هێزێکی بژاردەی لە نێو سەربازەکانی خۆماڵی و ناوچەیی لە ناتاڵ سازماندەهی کرد تاکوو لە تەنیشت ئینگلستانەوە شەڕ بکەن، دیارە لەسەر پێشنیارەکەی ڕەزامەندییان دەربڕی بەڵام کاتێک ئینگلستان لەسەرەتای مانگی ژانوییەی [ڕێبەندان] ١٨٧٩ هێرشی بۆ زلۆلەند کرد ئەو خۆی لە عەمەلیاتی سەرەکی بە جیا بینی. لرد چێلمێزفۆرد کە تینوێتی ئەوی بۆ سەلماندنی تواناکانی دەزانی، متمانەی پێی نەبوو و لە سەرووی هەمووشیانەوە پیر بوو و هیچ ئەزموونێکی لە شەڕدا نەبوو. بۆیە دارنفۆرد و هاوڕێکانی لە ڕاکرز دریفت لە زولۆلەندی ڕۆژاوا جێگیر بوون بۆ ئەوەی لە چاوەدێری کردنی سنوورەکان یارمەتی ناتاڵ بکەن. دارنفۆرد بە تووڕەیی بەڵام بە ناچاری ئەو بڕیارەی قەبووڵ کرد.

سوپای ئینگلستان لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای هێرش کردن نەیانتوانی سوپای ئەسڵی جێگیر بکەن و ماندوو بوون. چێلمێزفۆرد لە ٢١ی ژانوییە [١ی ڕێبەندان] نیوەی لە ستوونی ناوەندی کە لە خوار ڕشتەکێوەکانی ئیسندوانا ئوردوو و خێوەتیان هەڵدابوو بەرەو ڕۆژاوا بۆ پێوشوێنکەوتنی قەومی زولۆی بەڕێ کرد. پلانیان ئەوە بوو کە کاتێک دوژمنیان دۆزییەوە، پاش ماوەی سوپا بەرەو پێش بەرێ، بەڵام مومکین نەبوو قەومی ئازای زولۆ لە نەبوونی ئەودا هێرش بکەنە سەر کەمپەکەی و ئەو پیاوانەی لە ڕاکرز دریفت جێگیر بوون نزیکترین سەربازەکانی بوون. ئێستا دەبوو یارمەتی بەهێزکردنی ئیسندوانا بدات، پەیامێکی بۆ دارنفۆرد نارد تا سەربازەکانی بۆ ئەوێ بنێرێ. دارنفۆرد بە پلەی کلۆنیل، باڵاترین ئەفسەر لە کەمپەکە دا بوو، بەڵام چێلمێز فۆرد ئێستا نەیدەتوانی لە سیفەتەکانی ڕێبەریکردنی دارنفۆرد نیگەران بێ چونکە نزیکبوونەوەی شەڕ تەنیا شتێک بوو کە مێشکی ئاڵۆز کردبوو.

لە یەکەم سەعاتەکانی ٢٢ی ژانویە، [٢ی ڕێبەندان] دارنفۆرد ئەو هەواڵەی بیست کە بە درێژایی

---

هەمیشە بە تیری سووک کاریان دەکرد، شاکا ڕاهێنانی بە شەڕکەرەکانی دەکرد بۆ ئەوەی فێری پێشڕەوی خێرا بن و یەکگرتوویی بپارێزن و کەرەستەی گەورە و قورس بەکار بێنن، لە نێویاندا تیر، لە کاتی هاویشتن هاوسەنگی خۆیان لەدەست نەدەن. تەنانەت ئەگەر نەمانهەوێ بۆ ئەو جۆرە دەسکەوتانە شانازی بە شاکا بکەین، دەبێ بڵێین سەرکەوتنە زۆر و یەک لەدوای یەکەکانی دەستکەوتێکی گەورە بوون. لە ساڵی ١٨٢٤ زولۆ هەموو دوژمنەکانی تێک شکاند و کاریگەری خۆی بەسەر ناوچەیەکی فراواندا و کە چەندین بەرابەری خاکی پێشووی خۆی، فراوانتر بوو. آناتومی ارتش زولو، یان نایت، ١٩٩٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەمەنی چاوەڕێی دەکرد نەیتوانی کۆنترۆڵی هەستی خۆی بکا، چوارسەد کەس لە سەربازەکەی ڕەوانەی ڕۆژهەڵات و بەرەو ئیسندوانای کرد و لە دەوروبەری کاتژمێر ١٠ی بەیانی گەیشتە ئەوێ. ئەو بە چاولێکردنێکی زەوی و گۆڕەپانەکە بۆی دەرکەوت کە بۆچی چێلمێز فۆرد کەمپی سەرەکی خۆی لەوێ داناوە: لە لای ڕۆژهەڵات و باشوورەوە چەندین کیلۆمیتر چیمەن و مێرگ بوو و ئەگەر گەلی زولۆ لە هەر لایەکەوە لێیان نزیک ببوانەوە، بە ئاسانی دەبینران. لە باکووری ئەوانەوە ئیسندوانا و سەرتر لەوێ دەشتەکانی کۆتۆ بوو. ئەو لایە ئەمنییەتی کەمی هەبوو بەڵام سیخوڕەکان لە خاڵە سەرەکییەکانی دەشت و شوێنی تێپەڕینی شاخەکاندا جێگیر بوون و هەر هێرشێک لەو لایەوە بە خێرایی ئاشکرا دەبوو.

دارنفۆرد دوای ماوەیەکی کەم کە گەیشتە ئەوێ، ڕاپۆرتێکی پێ گەیشت کە هێزێکی زۆری گەلی زولۆ لە دەشتەکانی کۆتۆدا بینراون و بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆن. لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە ڕەنگە بیانهەوێ لە پشتەوە هێرش بۆ نیوەی ستوونی نێوەڕاستی چێلمێز فۆرد بکەن. چێلمێز فۆرد بڕیاراتی ڕاشکاوی دەرکردبوو بۆ ئەوەی ١٨٠٠ نەفەر ئیسندوانا بپارێزن. لە ئەگەری هێرشکردندا، ئەگەر لە جێیەکدا بمێننەوە و نەزم و هێڵەکانیان بە ڕێکوپێکی بپارێزن، هێزی ئاگردەری پێویست بەشی شکستی سوپای زولۆ دەکا. سەربازانی ئینگلیزی بەرەبەرە تووشی گوشاری ڕوحی بوون، چونکە نەیاندەزانی ئەو دوژمنە مەترسیدارە لە کوێیە. زولۆکان هیچ هێزی ئەسپ سواریان نەبوو و زۆربەیان بە ڕمونێزە شەڕیان دەکرد، ئەگەر شوێنی حەشارگەیان ئاشکرا دەبوو، باقی کارەکانی دیکە ئاسان بوو. سوپای ئینگلستان لە ڕووی چەک و نەزم و دیسیپلین لەسەرتر بوون. دارنفۆرد پێی وابوو کە چێلمێز فۆرد لەڕادەبەدەر خۆی دەپارێزی و بۆیە لە پۆستی ئەفسەری باڵا بڕیاریدا سەرپێچی لە دەستورات بکا و چوار سەد نەفەر لە هێزەکانی بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات ڕێنوێنی بکا واتە پێدەشتەکان تا حەشارگەی زولۆ شناسایی بکا.

هاوکات دەگەڵ ئەوەی دارنفۆرد ئۆردوگای بەجێ‌هێشت سیخوڕێک لە دەشتەکانی کۆتۆ چەند نەفەری زولۆی بینی کە نزیکەی شەش کیلۆمیتر لەولاترەوە مەڕەکانیان دەلەوەڕاند، سواری ئەسپەکەی بوو بەرەو ئەوان ڕۆیشت بەڵام ئەفرادی زولو لە چاو تروکانێک گوم بوون. ئەو خۆی گەیاندە ئەو شوێنەی کە زولۆکانی بینی بوو، جاسوسەکە لە شوێنێکی نادیار ئەسپەکەی ڕاگرت چونکە لە ژێر ئاستی دەشتەکەدا دۆڵێکی قووڵ و شاراوە هەبوو و تا ئەو شوێنەی چاو هەتەری دەکرد خەباتکارانی زولۆ لەسەر هەردوو لای دۆڵەکە جلوبەرگی شەڕیان لەبەر کردبوو و چاوەکانیان لە تامەزرۆی شەڕدا دەدرەوشانەوە. وا دیار بوو ئەوان بڕیاریان دابوو شەڕی کە لە پێشیانە سەرکەوتن بەدەست بێنن. بۆ چەند ساتێک سوارەکە سەری سوڕما کە نەیتوانی بجووڵێ، بەڵام لەناکاو سەدان نێزە بەرەو ئەو هاویشترا ئەویش بێ ڕاوەستان ڕایکرد، خەڵکی زولۆ بە خێرایی هەستان و دەستیان بە چۆڵکردنی دۆڵەکە کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆری نەخایاند کە سیخوڕەکانی دیکە لە پێدەشتەکاندا جێگیر بوون هەمان دیمەنی ترسناکیان بینی: هێڵێکی فراوانی زولۆکان لەئاسۆ دیار بوو، نزیکەی ٢٠ هەزار نەفەری بەهێز سوپای ئەوانی پێک دەهێنا. تەنانەت لە دووریشەوە دیار بوو کە ئەو سوپایە بەنەزم و ڕێکوپێک و بە شێوەی تایبەت دەجووڵێن و کۆتایی هەر هێڵێک وەک شاخ و قۆچەکانی ئاژەڵ بۆ پێشەوە هاتبوون. سیخوڕەکان یەکسەر خۆیان بە کەمپەکە داکرد بۆ ئەوەی هەواڵی هاتنی زولۆکان ڕابگەیەنن. کاتێک کە دارنفۆرد هەواڵەکەی بیست سەری بەرز کردەوە و بینی ڕیزێک لە هێزی زولۆ لە سەرەوژێرەکە بەرەو خوارەوە دەهاتن. ئەو خێرا هێزەکانی خۆی بە ڕیزێک‌دا سازماندەهی کرد بۆ ئەوەی ئەگەر پێویست بکا لە ئەگەری پاشەکشەدا بتوانن شەڕ بکەن. زولۆکان بە وردییەکی لەگێڕانەوەنەهاتوو بەرەو پێش دەهاتن، ئەوەی دارنفۆرد نەیدەتوانی ببینێ بەشێک لە هێزەکانی زولۆ بوو کە لە لووتکەی چەپی شاخ بوون، خۆیان لە پشت گژوگیا بەرزەکانەوە حەشاردابوو بۆ ئەوەی بچنە سەر نووکی شاخێکی دیکە و بە تەواوی گەمارۆیان بدەن.

قەومی زولۆ کە لەگەڵ هێزەکانی دارنفۆرد ڕووبەڕووی یەک بوونەوە، وەک چۆن بژار لەزەوی بەرز دەبێتەوە ئەوانیش بەمجۆرە سەریان دەرهێنا و لە پشت بەردەکانەوە یان نێو گژوگیاوە خۆیان نیشان دەدا و سەیری دەرەوەیان دەکرد، ژمارەیان هەر ساتێک لە زیادبوون دابوو. پاشان تیمێکی یەکگرتووی پێنج بۆ شەش کەسی دەستیان بە فڕێدان و هاویشتنی نێزە و تیری ئاگردار دەکرد و جارێکی دیکە خۆیان لە گژوگیادا دەشاردەوە. ئینگلیزییەکان بۆ ناردنی یارمەتی بۆ بەهێزکردنی هێزەکانیان کێشەیان بۆ دروست بوو، بەڵام زولۆکان زۆر بە خێرایی پێشڕەوییان دەکرد بەجۆرێک کە یەکێک لە ئەوان هێندە لە هێڵەکانی دارنفۆرد نزیک بووەوە کە بە تیرێک دڵ و ڕیخۆڵەی یەکێک لە سەربازەکانی درهێنا، کاتێک تیرەکە وەزگیی کەوت و لە پشتەوە دەرچوو، دەنگێکی ترسناکی دروست کرد.[١]

١. کەڵک وەرگرتنی وردی زولۆکان لە خۆشاردان لە کاتی پێشڕەوییدا، تەنانەت هێزەکانی ئینگلستان تووشی سەرسوڕمان کرد، ڕزگاربوویەکی کە خۆی نەناساند لە شەڕی ئیسندوان ئاماژە بەوە دەکا کە کاتێک هێزەکانی زولۆ بەرەو ڕشتەکێوەکانی "نیونی" سەرکەوتن و ئوردوگا چاوی پێیان کەوت، وا دیار بوو لە ژێر عەرزەوە سەریان دەر هێنابوو، ئەوان لە هەموو گۆشە و لایەکەوە، لە پشت بەردەکانەوە، لە لای دارستان و بەرزاییەکانەوە دەهاتنە دەرەوە و پیاوان بە ڕم و قەڵغان و تیرەوە دەبینران. ستوان ئێدوارد هۆتۆن وەسفێکی وردی تاکتیکەکانی سوپای زولۆ لە شەڕی "گینگیندالوو" دەکا: "جەماوەرە ڕەش‌پێستەکانی پیاوان بە ڕێسا و پرەنسیپی زۆر ورد هاوکاری یەکتریان دەکرد و بە هەمان هەنگاو بە درێژایی گژوگیاکان ڕایان دەکرد. ئەوان هێندە بە دروستی و خێرا ڕایانکرد کە ڕاست لە بەرامبەر ئێمەدا دەرکەوتن. زۆربەی هێزەکانی زولۆ بەسەر سێ هێڵدا دابەشبوون و هەر گروپێک پێنج تا دە کەس دەبوون کە دەستە دەستە بەرەو ئێمە دەهاتن. ئەوانە هێندە ڕایانکرد تا دەگەیشتنە نزیکەی حەوسەد و پەنجا میتری ئێمە، و پاشان شەڕیان دەست پێ دەکرد. سەرەڕای هەستیاری شەڕەکە، هەموومان بە سەرسامیەوە سەیری جووڵەکانی سوپای زولۆمان دەکرد. هەر جارێک ئەو گرووپانە نێزەی تایبەتی خۆیان بەرەو ئێمە هەڵدەدا، لە چاو تروکانێک‌دا لە پشت گژوگیاکانەوە خۆیان دەشاردەوە و گروپێکی دیکە لە پشت گیاکانەوە دەهاتنە دەرەوە. ئەوان جۆرێک قەڵغانەکانیان ڕادەگرت کە گیانیان بپارێزێ و دوای عەمەلیات تەنیا دووکەڵ و تۆز و خۆڵ و دەمایەوە و دیسان پەیدا دەبوونەوە." خێرایی ئەم پێشڕەویی نیهایی زۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دارنفۆرد توانی هێزەکانی بۆ ئوردوگا بگەڕێنێتەوە و ئینگلیزییەکان گەمارۆ درابوون، بەڵام بە کەڵکوەرگرتن لە ئاگری چەکی پێشکەوتوو و دروستکردنی دیوارێک بە تۆپخانە توانیان ژمارەیەکی زۆر لە زولۆکان بکوژن و ئەوان لە کەنداو ڕاگرن. پرۆسەی شەڕ وەک مەشقی تەقەکردن بەرەو ئامانجی لێهاتبوو. وەک دارنفۆرد پێش‌بینی کردبوو چەکی پێشکەوتووی ئینگلیس بەسەر زولۆکان‌دا زاڵی کردبوون، ئەو سەیری دەوروبەری خۆی کرد. شەڕەکە بە بن‌بەست گەیشتبووە و سەربازەکانی متمانە و بڕوایان بەخۆیان بوو. دارنفۆرد لەناکاو هەستی کرد کە ئاگری تۆپخانە کەم بووە و گۆیا تەقەمەنییان بەرەبەرە تەواو دەبێ تا گوللە تۆپیان بۆ دێنن هێنانی تەقەمەنی کاتێکی زۆریشی دەویست. زولۆکان چوارچێوەیان تەنگتر کردەوە و شەپۆلێکی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو سەربازەکاندا سەری هەڵدا، چونکە شاهید بوون کە هاوسەنگەرانیان لە هێڵی پێشەوەی شەڕ یەک لەدوای یەک دەکەوتن و گیانیان دەدا. زولۆکان بەو چڕی و شێلگیرییە هێرشیان دەکرد. لەهاتنە پێشەوە هێندە چالاک بوون کە پێشتر هێزەکانی ئینگلیز شتی هاوشێوەیان نەبینی بوو. ئەوان بە شێوەیەک بەرەو پێش دەهاتن وەک ئەوەی فیشەکەکان هیچ کاریگەریی نەبێ و کاریان لێ ناکا.

زولۆکان وەک ئەوەی ئاگاداری وەرچەرخانی شەڕەکە لە بەرژەوەندی خۆیان بن لەناکاو بە قەڵغان و تیرەکانیانەوە وەک نەڕەی شێر هاواریان دەکرد، و بەرەو سەربازە ئینگلیزییەکان ڕایان دەکرد و نەڕە و هاواریان دەنگدانەوەیەکی ترسناکی هەبوو، بەجۆرێک کە زۆرێک لە سەربازەکان لە کۆتایی باکووری ئۆردوگا هەڵ دەهاتن. ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە بینینی ئەو جووڵە و بیستنی ئەو دەنگە تووشی شۆک بوون و هەڵاتن، کەم بوون، بەڵام زولۆکان کە چەند میترێک لە سەربازەکانەوە دوور بوون کەڵکیان لەو بۆشاییە وەرگرت و لەوێوە هاتنە ژوورەوە. زولۆکان کە لە بازنەیەکی نێوان دوو شاخ جێگیر بوون تیرەکانیان بەرەو سەربازەکان نیشانە گرت و زۆربەی هێڵەکانیان تێک شکاند. لەپڕدا هێزی یارمەتیدەر زولۆکان کە کەس نەیزانی لە کوێیەوە هاتن، گەیشتن و ئەو بازنەیان سەختر و زەختیان زیاتر کرد. دارنفۆرد هەوڵی دا نەزم بپارێزێ بەڵام تازە درەنگ بوو لە ماوەی چەند چرکەدا ترس بەسەر هەموو سەربازەکانی‌دا زاڵ بوو و ئێستا خۆی بە تەنیا مابووەوە.

دارنفۆرد بە خێراییەکی زۆر بەرەو یەکێک لە کەلێنەکانی کە تێی کەوتبوو ڕۆیشت بەڵکوو بتوانێ ئەو سەربازانەی بە زیندووی ماونەوە بە وێدا دەرباز بکا و بەرەو ڕاکرز دریفت پاشەکشە بکا، بەڵام چەند خولەک دواتر تیرێکی بەرکەوت و لەسەر زەوی جەندەکی کەوت. شەڕ لە ئیسندوانا زۆر زوو تەواو بوو.

---

خێرا و ترسناک بوو، کاتێک ئینگلیزییەکان دستووری ئاگربەستیان دا و بۆ ئیسندوانا پاشەکشەیان کرد، زولۆکان تەنیا دوو یان سێ‌سەد میتر لە پێگەکانی ئینگلستان دوور بوون. ئەفسەری تۆپخانەکە ڕوونیکردەوە، کاتێک سەربازەکانی تفەنگەکانیان لە زەوی هەڵدەگرت، زولۆکان هێندە خێرا هێرشیان دەکرد، یەکێک لە تفەنگچیەکان کە لە پۆستی دیدەبانی بۆ چاوەدێری بەرەو سەرەوە دەچوو، کەوتە سەر زەوی و بریندار بوو. یەکێک لە سەربازە دێرینەکانی شەڕی ئینگلیس لەگەڵ زولۆکان دەڵێت: "لێدانی زەربەی کۆتایی زولۆکان ئەوەندە خێرا بوو کە هەموو هێزەکانی زولۆ وەک بلێسەی ئاگر بەر بوونە گیانی ئێمە". آناتومی ارتش زولو، پان نایت، ١٩٩٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەند سەد کەسێک لە سەربازانی ئینگلستان توانیان لە ڕێگە هەمان درزەوە کە دارنفۆرد بۆ دربازبوونی سەربازەکانی گیانی لەدەست دا، ڕابکەن و باقی سەربازەکانی کە نزیک بە چوار سەد کەس دەبوون کوژران.

بەمجۆرە دوای شکستێکی سەرشۆڕانە، هێزەکانی ئینگلستان بە خێرایی زولۆلەندیان چۆل کرد و شەڕ تەواو بوو، بەڵام نەک بەو شێوەیەی ئینگلستان چاوەڕوانی بوو.

**لێکدانەوە**

چەند مانگێک دوای شکستی ئیسندوانا ئینگلیزییەکان هێرشێکی گەورەیان دەست پێکرد و زولۆکان شکستیان خوارد، بەڵام ڕووداوی ئیسندوانا وانەیەک بوو بۆ ئینگلیزییەکان، کە هەمیشە جیاوازی حاشاهەڵنەگر لە تێکنۆلۆژیی شەڕدا لەبەرچاو بگرن.

شاە شاکا شێوازی شەڕی زولۆی لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەروبنی لێکداوە و کامڵی کرد. شاە شاکا لە ساڵانی ١٨٢٠دا قەبیلەیەکی تاڕادەیەک بچووکی کردە گەورەترین و دڕندەترین هێزی شەڕکەری ئەو ناوچەیە. ناوبراو تیری قورس و تیغی پان و فراوانی داهێنا، کە لە نێو چەک و چۆڵەکاندا بەهێزترین و جەرگبڕترین چەک بوون. بە جێبەجێکردنی توندترین بنەماکان، زولۆکانی بە شێوەیەک ڕاهێنا تا بە وردبینییەکی باوەڕپێنەکراو بتوانن بەرەو دوژمنەکەیان پێشڕەوی بکەن و گەمارۆیان بدەن. گەمارۆدانی بازنەیی لە کولتوری دەشتی زولۆدا هەمیشە گرنگ بووە، چونکە هێمای یەکێتی نەتەوەیی و پایەی سەرەکی کارە هونەرییەکانیان و نموونەی سەرەکی شەڕکردنیان بوو. زولۆکان نەیان دەتوانی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن شەڕ بکەن، چونکە کولتوورەکەیان ڕێوڕەسمێکی ئایینی گرنگی سەبارەت بە پاک کردنەوە لە گوناهی ڕشتنی خوێنی دوژمن هەبوو. لە ماوەی ئەو ڕێوڕەسمەدا زولۆکان لەبەرامبەر هەر شەڕێک بەتەواوی لاواز بوون، چونکە زولۆیەک کە خوێنی کەسێکی ڕشتبێ مافی شەڕکردن و تەنانەت گەڕانەوە بۆ نێو هۆزەکەی پێش ئەوەی پاک بێتەوە نەبوو. هەر لەبەر ئەو هۆکارە، و هۆکاری ئەوەیکە ڕاگرتنی سوپای زولۆ لە حاڵەتی ئامادە باشیدا کارێک بوو کە تێچووی زۆری دەویست، ناچار بوون دوژمنەکەیان تێک بشکێنن و تا ئاخرین نەفەری دوژمن لە نێو بەرن و بە تەواوی قەتڵوعامیان بکەن بۆ ئەوەی گرووپێک لە دوژمنان دژە هێرشیان بۆ نەکەنەوە و ئەوانیش بتوانن بە بەشداری لە ڕێوڕەسمی پاک کردنەوەدا بە ئاسودەی بەشداری بکەن. گەمارۆدانی بازنەیی، بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتنێکی وەها گەورە شێوازی زولۆ بوو.

زولۆکان پێش هەر شەڕێک، جوغرافیای ناوچەیان بۆ دیتنەوەی حەشارگا تاوتوێ و پشکنینیان بۆ دەکرد. وەکوو هەرکەسیک لە بەرزاییەوە، دەشت و گژوگیا و دیمەنی دەوروبەر بە جوانی دەبینێ، لە شوێنێک دەگەڕان کە ئەو بینینەی هەبوایە، بەڵام لە کەسانی دیکە شاراوە بن. بۆیە زۆرتر دۆڵ و کارێزەکانیان پەیدا دەکرد کە ئەو تایبەتمەندییەی هەبێ، تەنانەت ئەگەر دوژمن لێیان نزیک دەبووەوە گژوگیا و دارستانە بەرزەکان لە چاوی دوژمنی بە دوور دەگرتن. ئەوان خێراییەکی زۆریان بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەڕانەوەی حەشارگا هەبوو، قاچ و پێیان دەتگوت لەچەرمێکی پتەو دروستکراوە کە بۆ ڕاکردن و ڕێگا ڕۆیشتن لەگەڵ گیا و چیمەن و دارستان گونجاوە. ئەوان تیمی گەڕیدە و گەڕان بۆ ئەملاوئەولا بڵاوەیان پێدەکرد تا جووڵەی ئەسلی لە چاوی دوژمن بەدوور ڕاگرن و بیپارێزن.

کاتێک زولۆکان لە حەشارگەی خۆیان دەهاتنەدەر و بەرەو گۆڕەپانی شەڕ دەچوون، ئارایشیان بە سێ بەش پێک دێنا: شاخ، سینگ و کۆپارە یا شانی ئاژەڵی کێوی. سینگ هەمان بەشی ناوەندی هێڵەکانی زولۆ بوو کە هێزەکانی دوژمنی بەیەکەوە ڕادەگرت. لە هەمانکاتدا سەرەتا لقەکانی یا شاخەکانی هەر لایەک لە پشت گژوگیا خۆیان حەشار دابوو، لەناکاو بەرەو سینگ کۆ دەبوونەوە و لە لاوە یان لە پشتەوە هێزەکانی دوژمنیان گەمارۆ دەدا و کاتێک ئەو گەمارۆیە کامڵ دەبوو، نۆبەی زەربەوەشاندنی ڕەوانی و تۆقاندنی دوژمن دەهات. ئێستا نۆرەی کۆپارە هاتبوو کە بێنە گۆڕپانی شەڕکەوە. ئەوانە هێزی یەدەگ و یارمەتیدەر بوون کە لە کاتی شەڕەکەدا لە پشت گۆڕەپانەوە وەستابوون بۆ ئەوەی بە بینینی ڕووداوەکانی شەڕەکە هورووژاو نەبن و ڕاست لە ساتەوەختی چارەنووس‌سازدا بێنە نێو گۆڕەپان و لە شەڕەکەدا سەر بکەون.

شرۆڤەکاران ساڵانێک دوای شەڕی ئیسندوانا شکستی سوپایان خستە ئەستۆی دارنفۆرد، بەڵام ئەوە ڕاست نەبوو. ئەوەش ڕاستە کە هێزەکانی ئینگلستان کارێکیان کرد کە تەسلیم بن بەڵام ئارایشی نیزامی ئەوان لەهەرەباشەکان بوو و سەربازەکانیشی ئازایانە شەڕیان کرد. ئەوەی کە هۆکاری شکستی ئەوان بوو هەمان ئەو هۆکارە بوو، کە بووە هۆی شکستی هەموو دوژمنانی زولۆ. ئەویش ترسێک بوو کە بەهۆی وردبینی جووڵەکانی زولۆکانەوە دروست دەبوو، هەستکردن بە گیرخواردن لەگەمارۆی زولۆ کە بە خێراییەکی باوەڕ پێنەکراو، بینینی هاوسەنگەرانیان کە پۆل پۆل بە تیغ و تیری زولۆکان دەکوژران، نرکەی سەیری زولۆکان، ئەو تیرانەی کە لە خراپترین ساتەکانی شەڕدا وەک باران بە سەریاندا دەباری و گەیشتنی بروسکەئاسای هێزی یارمەتیدەر لە شوێنێکی نادیارەوە. بەم شێوەیە ئینگلیزییەکان سەرەڕای هەموو پوانەکان و باڵادەستی چەک لە ژێر گوشاری دەروونی حیساباتی دوژمندا چەمانەوە و شکان.[١]

١. هەر کە شەڕەکە دەستی پێکرد و هێزی پیادەی سوکی دیکەی بۆ پێشەوە نارد، پاشان لە ڕووبارەکە پەڕییەوە و دوای ئەوەی هەموو سەربازەکان پەڕینەوە، بە ڕیزبەندییەکی سەرنجڕاکێش بە درێژایی هێڵەکە جێگیری کرد، ئەسپەکانی ئیسپانیا و گال کە لە نزیک کەنارەکە لە باڵی چەپ لەبەردەم سوارەکانی ڕۆمدا جێگیر بوو. باڵی ڕاست سەر بە وڵاتی نومیدیا بوو و ناوەندیش هێزی پیادەی بەهێزی لەخۆگرتبوو. ڕێکخستنی ناوەندەکە بەم شێوەیە بوو: هێزی پیادەی گال و ئیسپانیا لە نێوەڕاست و هێزی پیادەی ئەفریقا لە هەردوو لایەنی ئەو هێزانە.... هێزی وڵاتە جیاوازەکان، زیاتر لە هەموو شتێک، بەهۆی ڕواڵەتێکی ترسناکیانەوە ترسیان لە دڵی دوژمن خستبوو. هێزی گال لە پشتێندەوە بۆ سەرەوە ڕووت‌وقووت بوون، ئیسپانیاییەکان "تونیک" سپییان لەبەر دابوو کە نەخش‌ونیگاری دەموچاوی لێ دیار بوو. ڕادەی هەموو پێڕەو لە شەڕێ (کانای) ٤٠ هەزار نەفەر و ڕادەی ئەسپ‌سوارەکان ١٠ هەزار نەفەر بوون. هاسدروباڵ فەرماندەی باڵی چەپ، مارهابال فەرماندەی باڵی ڕاست و هانیباڵ لەگەڵ براکەی بە نێوی ماگۆ فەرماندەی ناوەندی وەستۆی خۆیان گرت. ئەوەیکە خۆر بۆ هەردوو سوپاکە کە تیشک لێی دەدان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمەی مرۆڤ بوونەوەرێکی زۆر زیرەکین، هەمیشە ڕێگایەک بۆ خۆگونجاندن و گۆڕینی دۆخەکە لە بەڵا و ناخۆشی یان دڵتەنگیدا دەدۆزینەوە. هەمیشە بەدوای کەلێنێکدا دەگەڕێین کە دەیدۆزینەوە. لە هەر حاڵەتێکدا هیوا و ئیرادەی داهێنەربوون دەدۆزینەوە. مێژووی شەڕ پڕە لە چیرۆکی گونجاندن و گۆڕانکاریانە، بەڵام لە یەک شوێن و یەک ستراتیژی‌دا هیچ هەواڵێک لەو گونجاندن و هوشمەندییە نییە و ئەو ستراتیژییەش لە گەمارۆدایە، ئەو گەمارۆیە، ئەو فیزیکی بێ یان دەروونی، تەنیا حاڵەتێکی دەگمەن هەیە کە ئەگەری گۆڕانکاری لە مرۆڤ وەردەگرێ.

کاتێک ئەو ستراتیژییە بە دروستی جێبەجێ بکەن دوژمنی ئێوە هیچ کەلێنێک بۆ ڕاکردن یا هیوایەکی نیە. ئەو لە گەمارۆ دایە و گۆڕەپانەکە هەرسات تەسک‌تر دەبێتەوە، لە فەزای دەرهەست "ئەبستراکت" شەڕی سیاسی یا کۆمەڵایەتی گەمارۆ دەتوانێ هەر جووڵەیەک بێ کە بە ڕەقیب ئەو هەستەی تێدا دروست بکا کە لە هەر لایەکەوە دەوری گیراوە. بە شێوەیەک لە پەڕاوێز بکەوێ و بە هیوای دژەهێرش نەبێ. کاتێک هەستی گەمارۆدان بۆ کەسێک دروست دەبێت هێزی ئیرادە لە دەست دەدا. هەر وەک زولۆکان پێویستە هەمیشە هێزێکی یارمەتیدەر لە کۆپارەدا هەبێ بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا بگەنە قوچەکان و بە هاوکاری ئەوان زەربەیەک لە دوژمن بدەن کە لە دۆخێکی لاوازدا خۆی ببینێتەوە. وابکە بێ‌هیوایی دەروونی تەواوی زەینی داگیر بکا.

---

نێعمەتێکی گەورە بوو، هێشتا بۆیان ڕوون نەبووەوە کە ئایە بۆ خۆیان ئەو شوێنەیان دیاری کردوە کە خۆر ڕاستەوخۆ لێیان بدا یان بە ڕێکەوت بووە، چونکە ڕۆمییەکان ڕوو بە باکوور و کارتاژەکان ڕوو بە باشوور ڕاوەستابوون. با، بە پێچەوانەی ڕۆمییەکان دەهات و تەپ و تۆزی بە شێوەیەک بەسەر دەموچاویان‌دا دەباراند کە هەرچی لە ڕووبەڕوویان بوایە بینینی سەخت بوو. شەڕی کانای بە سەربازانی پێڕەوی سووک دەستی پێکرد. پاشان گالەکان و سپای ئیسپانیای باڵی چەپ لەگەڵ ئەسپ‌سوارەکانی باڵی ڕاستی ڕۆمییەکان دەرگیر بوون. ئەو شەڕە بەهیچ جۆرێک وەک شەڕی ئەسپ‌سواران نەدەچوو چونکە هیچ فەزایەکیان بۆ جووڵەکردن نەبوو. لە لایەکەوە ڕووبار و لە لایەکی دیکەوە سوپای پێڕەوی هانیباڵ بۆ ئەوان بەربەست بوون. بەو هۆکارە تووشی شەڕی ڕاستەوخۆ بوون. هەر لایەنێک هەوڵی دەدا مەسیری خۆی بەرەو پێش بەرێ، تاکوو لەکۆتایی ئەسپ‌سوارەکانی هانیباڵ لە دەوری یەک کۆ بوونەوە و هەوڵیان دا ئەسب‌سوارەکانی دوژمن لە ئەسپەکانییان بێننە خوارەوە. ئێستا شەڕ لە نێوان پێرەوەدا بوو. ئەو شەڕە هەرچەند سەخت بەڵام زۆر درێژ نەبووەوە، بەشێوەیەک ئەسب‌سوارەکانی ڕۆم پاش ماوەیەک بەرەو دواوە ڕایان کرد. کاتێک شەڕ لە نێوان ئەسب‌سوارەکان بەم شێوەیە کۆتایی هات، نۆبەی شەڕی پێڕەو هات و تا ئەو جێیەی گاڵەکان و ئیسپانیاییەکان نەزم ودیسیپلینی خۆیان پاراست، هەر دوولا ئازایەتی و هێزی وەک یەکیان هەبوو، پاش هەوڵێکی زۆر ڕۆمییەکان توانیان ڕیزی خۆیان بپارێزن و بە دوو بەرابەرکردنی فشاری خۆیان لەشکری دوژمن لە بەرامبەر هێڵی سێهەم لەبەردەم هانیباڵ‌دا جێگیر بکەن و تێکی بشکێنن. ئەوان بە خێرایی و توندی تا ئەو جێگایەی ئیمکانی بوو پاشەکشەیان بە دوژمن کرد و ڕێگای خۆیان بە هەڵاتنی هێزەکانی کارتاژ کردەوە و خۆیان گەیاندە ئەفریقاییەکان کە لە هەردوو لاوە کەمێک دورتر لە گال و ئیسپانیاییەکان جێگیر بوون. هەرچەندی ڕۆمییەکان بۆ پێشەوە دەچوون شکڵی سوپای هانیباڵ زیاتر ئاڵوگۆڕی تێدا پێک دەهات، بە شێوەیەک کە ئەفریقاییەکان حاڵەتی دوو شاخی بە خۆیەوە گرت و ڕۆمییەکان گێژ و حەپەساو لەنێوان ئەوان‌دا گیریان کرد و دووباڵی چەپ و ڕاست یەکتریان گرتەوە و ڕۆمییەکان کە بێ ئامانج شەڕیان لەگەڵ پێڕەوی هێڵی یەکەم کۆتایی پێ هێنا، تووشی شەڕێکی نوێ بوون. ئەوان کە لە پشتەوە قەتڵ‌وعام کرابوون ئێستا لەگەڵ ئەفریقایی تازەنەفەس ڕووبەڕوو بوونەوە. ئەو شەڕە زۆرتر یەک‌لایەنە بوو، چونکە ڕۆمییەکان لە هەموو لایەکەوە لە ژێر فشارێکی زۆر دابوون، ئێستا لەگەڵ دوژمنی سەرسەخت و پڕ وزە ڕووبەڕوو بوون. تاریخ روم، لیوی سال ٥٩ پیش از میلاد تا سال ١٧ی پس از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میاموو‌تۆ مووساشی دەڵێ: "*دەبێ کارێک بکەی دوژمن لە ناخی دڵەوە هەست بە شکست بکا.*"

## کلیلەکانی شەڕەهەڵایسێنی

هەزاران ساڵ لەوە پێش ئێمە مرۆڤەکان ژیانی کۆچنشینی‌مان هەبووە و لە نێوان چیا و دەشت و بیابانەکان تێپەڕ دەبووین تا نێچیرێک بدۆزینەوە، هەڵیبگرین و لە گەل خۆمان بیبەین. پاشان شێوەی ژیانی ئێمە بە چاندنی مەوادی خواردن و کاری وەرزێڕی ئاڵوگۆڕی تێدا پێکهات. ئەو ئاڵوگۆڕانە ئارامی و خۆشگوزەرانی و کۆنترۆڵی زیاتری پێ بەخشین، بەڵام هێشتا لە بەشێکی ڕوحی ئێمەدا ئارەزوو و مەیلی کوچنشینی هەبوو. ئێمە نەماندەتوانی بە حەزی دەروونەوە بە ئازادی و فەزای گەشت و سەفەر ڕوو بەڕوو بینەوە. ڕەنگە بۆ پشیلەیەک فەزای داخراو و سنووردار ئارامکەرەوە بێ، بەڵام بۆ ئێمەی مرۆڤ ئەو فەزایە بێجگە لە خنکان و گۆشەگیری هیچی دیکەی نییە. بەدرێژایی سەدەکان ئەو ڕەنگدانەوە ڕوحییە ڕەهەندی دەروونی دیکەی دروست کرد: ئەو هەستەی کە لە بارودۆخی جیاوازدا توانای هەڵبژاردنمان ببێ داهاتوویەکی گەش بۆ خۆمان دروست بکەین و هەست بە فەزایەکی ئازاد بکەین، بوو بە خەمی زەینی و دەروونیمان. زەینی ئێمە لە دووی هەستێکەوە بوو کە فەزایەکی ستراتیژی پڕ لە ئیمکاناتمان هەبێ تا بتوانین جووڵەی زیاتر بکەین.

بە پێچەوانەی ئەم هەستەوە، هەست گەمارۆدان کاریگەری نەرێنی قووڵی لەسەر ئێمە هەیە و زۆرتر وامان لێدەکا بەرەو توندڕەوی و شەڕەنگێزی و زۆر چالاک بین. کاتێک کەسێک یان شتێک دەورەمان دەدات و لە هەموو لایەکەوە گوشارمان لەسەر دروست دەکا هەست بە خنکاندن دەکەین، چونکە مافی هەڵبژاردنمان لێ کەم دەبێتەوە، ئێستا ئیدی ئەو کۆنترۆڵی هەستەکانمان دەکا و ڕەنگە ئێمە تووشی هەڵە بین کە هەلومەرجمان بێ هیواتر بکەن. لەمێژووی گەمارۆ نیزامییە بەرچاو و دیارەکاندا گەورەترین مەترسییەکان لە ترس و نادڵنیایی و ناڕوونی دەروونی هاتوون. لەو حاڵەتەدا مرۆڤ بە لەدەستدانی کۆنترۆڵی ڕووداوەکانی دەوروبەر و پچڕانی پێوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە زانیاری و تێگەیشتن خۆی لە واقعییەت لەدەست دەدا. تەنانەت ئاژەڵێک کە نەتوانێ دەوروبەری خۆی ببینێ و کۆنترۆڵی بکات مەحکوم بە مردنە. کاتێک هەموو ئەو شتانەی ڕوو بەڕووی ئێوەیە، زولۆکانن کە بەهەموو توانایانەوە هەوڵ دەدەن لێت نزیک بینەوە، بە دڵنیاییەوە ترس و سەرلێشێواوی هەموو لەشت دادەگرێ.

شەڕەکانی ژیانی ڕۆژانە لەسەر نەخشە ڕوو نادەن، بەڵکوو بە جۆرێک لە فەزایەکی دەرهەستدا ڕوو دەدەن و ئەم فەزایەش بە توانای مرۆڤەکان بۆ جووڵە و مامەڵەکردن لە دژی تۆ و سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئێوەیە و لێستاندنەوەی کات و بژاردەکانت پێناسە دەکرێ. بەسە بە نەیار فەزایەکی دەروونی بۆ زاڵ بوون بدەن تا سوود لە تۆ وەرگرێ، لێرەدایە هێزی تۆ یان زیرەکی ستراتیژییەکانت چیتر سوودی بۆ تۆ نیە. لە لایەکی دیکەوە ئەوەندە بەسە ئیمکانی جووڵە یان کردەوەکەیان سنووردار بکرێ و ڕێگای ڕاکردنیان لێ بگرن، دروست وەک خەڵکی شارێکی کە گەمارۆ دراوە. دوژمنی ئێوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەرکیز و هێزی دەروونی خۆیان لەدەست دەدەن و لەبەر نەبوونی شوێن و فەزای کەم بۆ ئەوەی دژی تۆ هەڵس‌وکەوت بکەن، وەک شێت ڕەفتار دەکەن.

شێوەی زۆر بۆ گەمارۆدانی دوژمن هەیە، بەڵام لەوانە ئاسانترین ڕێگا ئەوە بێ تا دەتوانی هێز و پوان و خاڵەکانت لەسەر ستراتیژی گەمارۆدان چڕ بکەوە.

جان دی ڕاکفلێر، دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمپانیای ستانداردی ئەویل، لە خەباتی خۆیدا بۆ بەدەستهێنانی کۆنترۆڵی پیشەسازی نەوتی پڕ ئاژاوەی ئەمریکا لە دەیەی ساڵانی ١٨٧٠، سەرەتا بۆ بەدەستهێنانی هێڵی ئاسن کاری دەکرد کە ئەوکات گواستنەوەی سەرەکی نەوت بوو. دواتر بۆ بەدەستهێنانی کۆنترۆڵی ئەو لوولانەی کە پاڵاوگەکانیان بە هێڵی ئاسنەوە دەبەستەوە، هەنگاوی نا. بەرهەمهێنەرانی سەربەخۆی نەوت بەو کارەی ئەو دژکردەوەیان لەخۆیان نیشان دا. ئەوان یەکیان گرت کە بۆ دابینکردنی بودجە بۆ لوولەی نەوتێکی تایبەت بە خۆیان دروست کرد. تا پێویستیان بە ڕێگای ئاسن و هێڵی لوولەی نەوتی ڕاکفلێر نەبێ. ڕاکفلێر هەوڵی دا زەوییەک بکڕی کە لە شوێنی ئەو پڕۆژەیە هەڵکەوتبوو. کۆمپانیای تایدواتێر بڕیار بوو ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ بکا بەڵام مخالیفانی دەستهەڵگر نەبوون و ئەوان لە تەواوی مەسیرەکە تا دەریا هێڵی لوولەی زیگزاکیان دروست کرد.

ڕاکفلێر لە شەڕدا ڕوو بەڕووی نەخشێکی کلاسیکی بووەوە: دوژمن تەمای بوو بۆ ئەوەی لە هەر بۆشاییەک لە هێڵی بەرگریی ئەودا کەڵك وەرگرێ بۆ ئەوەی کۆنترۆڵ و خۆگونجاندنی ڕاکفلێر کەم کاتەوە و باشترین شێوە بۆ خەبات‌کردن لە دژی ئەو بە درێژایی ڕێگا فێر بێ. چارەسەری ئەو مانۆڕێکی بازنەیی بوو. سەرەتا ڕاکفلێر بۆرییەکانی خۆی بۆ سەر دەریا دروست کرد کە لە کۆمپانیای تایدواتێر گەورەتر بوو، دواتر دەستی کرد بە کڕینی پشکەکانی کۆمپانیای تایدواتێر بۆ ئەوەی پشکێکی کەمی تێدا بەدەست بێنێ و لە ناخەوە بۆ بێ بڕوابوون و دروستکردنی ناڕەزایی هەوڵ بدا. ئەو شەڕێکی ئابووری بۆ لاوازکردنی بەرژەوەندییەکانی تایدواتێر دەستی پێکرد و دواتر پاڵاوگەکانی پێش ئەوەی بینە کڕیاری تایدواتێر کڕی. لە ساڵی ١٨٨٢ گەمارۆدانی کامڵ بوو. تایدواتێر ناچار بوو گرێبەستێک بکات کە ڕێگەی بە کۆمپانیای ستاندارد ئۆیل دەدا تەنانەت پێش شەڕ کۆنترۆڵی زیاتری لە گواستنەوەی نەوت هەبێ.

شێوازی ڕاکفلێر ئەوە بوو کە لە هەموو لایەکەوە فشارێکی بێ‌ئەمان دروست بکا. ئاکامی ئەوە بوو کە لە بەشێک لە بەرهەمهێنەرانی سەربەخۆی نەوت ناڕوونی و لێڵی دروست بوو. ئەوانە نەیان‌دەتوانی بزانن کە کۆنترۆڵی ڕاکفلێر تا چ ڕادەیەک و تا کوێیە، بەڵام ئەو کۆنترۆڵە لە ڕادەبەدەر زۆر و بەربڵاو بوو. کاتێک گەمارۆ درابوون ئەوان هێشتا مافی هەڵبژاردنیان هەبوو، بەڵام ئەوەندە ماندوو و سەرلێشێواو بوون کە نەیان دەتوانی بەرامبەری خۆیان ببینن و پێیان وابوو درێژەدانی شەڕ بە مانای شکستی زیاترە. گەمارۆدانی تایدواتێر بەهۆی سەرچاوە بەرفراوانەکانی ڕاکفلێر جێبەجێ بوو. ڕاکفلێر لە سەرچاوەکانی هەم لە باری کردەیی و هەم لە بواری دەروونی سوودی وەرگرت و خۆی بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێوەیەک بە نەیار ناساند وەک ئەوەی دوژمنێکی سەرسەخت بێ و هیچ بوارێکی بۆ ئەوان نەهێشتەوە. سەرکەوتنەکەی ئەو لە ڕێگای وزە، تێچوون و بەکارهێنانی دروستی سەرچاوەکان و کاریگەرییە دەروونییەکانیان مسۆگەر بوو.

بۆ ئەوەی دوژمن گەمارۆ بدەی ئەوەی لە هەگبەدایە هەڵی‌ڕێژن. ئەگەر سوپایەکی گەورەت هەیە بەشێوەیەک بەکاری بێنە کە دوژمن پێی وابێ لە هەموو شوێنێک هێزتان هەیە و فشار بۆ گەمارۆدانی دوژمن دروست بکەن. ئەوە کارێکە کە توسان لوێرتیۆر لە کۆتایی سەدەی ١٨دا بۆ کۆتایی‌هێنان بە کۆیلایەتی ئەنجامی دا و ئێستا ئێمە بە نێوی شۆڕشی هایتی دەیناسین. بەو شۆڕشە دوڕگەی هایتی لە چنگ فەڕانسە ڕزگاری کرد: ئەو لە زۆربەی سوپای خۆی کەڵکی وەرگرت بۆ ئەوەی ئەو هەستە لای سپی پێستەکانی دوڕگە دروست بکات کە لە لایەن هێزەکانی دوژمنەوە گەمارۆ دراون. هیچ کەمینەیەک ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو هەستەدا هەڵبکات و خۆی بگونجێنێ.[١]

١. ئەو شەوە ڕنفو سوپایەکی بە نێوی سۆنگ لە لای ڕووباری هائوشی جێگیر کرد، لە کاتێکدا ژوگوان و ووبینگ لەسەر لقەکانی ڕووبارەکە ئوردویان لێ دابوو. هێڵەکان نزیکەی پێنج لی، (لی واحیدی پێوان لە چێنی باستان) لە یەکترەوە دوور بوون. سیخوڕەکان ڕایانگەیاند کە هێزەکانی شیا کەمترن و وەک ترسەنۆک دەردەکەون. ڕنفو بە بیستنی ئەم قسەیە وازی لە وریایی هێنا و هێزە شیای تەحقیر کرد، ئەو ڕێگەی بە ئەفسەرەکانی نەگرت و بە دوای سوپای شیادا بگەڕێن و زەربە لە تداروکات و پێداویستیەکانیان بدەن. ژنگفو بیری خستەوە کە هێزەکانی شیا هەمیشە فێڵباز بوون و ئامۆژگاریی کردن کە سوپاکەی کۆنترۆڵ بکات و بە شێوەیەکی خاو، چڕبوونەوە و بەنەزم‌تر پێشڕەوی بکا. پێشنیاری کرد کە سیخوڕی زیاتر بنێرێ تا لە ناوچە و دەوروبەر سووڕێک لێ بدەن بزانن کە دوژمن چ فێڵێکی لە ژێر سەر دایە، بەڵام ڕنفو ئەو ڕێنوێنی‌یانەی پشت گوێ خست و لەگەڵ ژوگوان ڕێکەوتن کە هەرکام بە شوێنێکی جیاوازدا تەعقیبی دوژمن بکەن و ڕۆژی دوایی لە دەم چۆمی هائوشی یەک بگرنەوە. ئەسب‌سوارەکانی شیا کە بە ڕواڵت خۆیان شکست‌خواردوو نیشان دەدا، هەزارجار لە مەودای چوار یا پێنج لی لە بەرامبەر سوپای سانگ خۆیان دەر دەخست. ڕنفو و ژوگوان بە خێرایی پێوشوێنی شیا کەوتن و لە پڕدا لە باکووری شاری لونگا سەریان دەرێنا. سەربازانی شیا لە ناکاو لە چاوی ئەوان گوم بوون. ڕنفو پێی زانی کە فریوی خواردوە و بڕیاری‌دا قشوونی خوی لەو گێژاو و هەلومەرجە مەترسدارەی تێی کەوتوو لە ڕێگەی چیاکانی ناوچە ڕزگاری بکا. ڕنفو سەربازەکانی ڕێنوێنی کرد تا بە درێژای چۆمی هائوشی بەرەو ڕۆژاوا بڕۆن. ئەوان سەرەنجام لە کێوەکانی لیوپان تێپەڕن و بەرەو شاری "یانگمولونگ" ملی ڕێگایان گرت، لەم چوارڕێیانەدا ڕنفو ڕاپۆرتێکی لەبارەی چالاکییەکانی دوژمن لە نزیک خۆیەوە پێ گەیشت. بە ناچاری هێزەکانی لە مەودای پێنج لی لە نزیک شار بوەستێنێ و بە ئارایشێکی دیفاعی سازمانی دان. پاش ماوەیەکی کورت چەندین سندووقی دار لە ژێر جادە دانرابوون، دۆزرایەوە. سندوقەکان بە جوانی بەستەبەندی کرابوو و لە نێو ئەوان دا دەنگی خش خش دەهات. ڕنفو کە کونجکاو بوو زانی نێو سندوقەکان چی تێدایە، دەستووری دا کە بیان کەنەوە، هەر لەگەڵ کردنەوەیان دەیان کۆتر کە زەنگوڵەیان لە مل دابوو بەرەو ئاسمان فڕین، لەوکاتەدا تەواوی سەربازەکانی سۆنگ بە سەرسامی چاویان لەسەر سەری خۆیان دەکرد و بینی‌یان سەربازانی شیا پۆل پۆل لە دەوریان کۆ بوونەوە و لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان دراون. بە بیستنی دەنگی زەنگوڵەی لە ملی کۆترەکان دابوو "یوآن‌هائو" هەستی کرد کە سوپای سۆنگ لە تەڵەی ئەو کەوتووە و بێ ڕاوەستان ژێنراڵێکی هاوکاری لەگەڵ ٥٠ هەزار سەرباز بۆ سوپای سۆنگ کە فەرماندەکەی ژوگوان بوو هێرشی بۆ کرد و نیوەی قشون سانگ بۆ خۆی شکستی دا، چونکە ڕنفو لە ژوگوان بەخۆڕاگرتر دەزانی. سەربازانی سۆنگ نەیانتوانی لەو گەمارۆیە دەرباز بن و زۆریان لێ کوژراو بەشێکی دیکەیان بە بێ هیوایی لە سەر ڕەوەزە بردەکانەوە خۆیان هەڵدێرا. ڕنفو لەو تیرانەی بۆ لای دەهاتن بریندار بوو. یەکێک لە هاوسەنگەرانی ئەوی وادار کرد بۆ ڕزگاری گیانی خۆی و پاش ماوەی سوپاکەی تەسلیم بێ. بەڵام ڕنفو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی: من ژێنڕالی سۆنگم، دەبێ بە ژیانی خۆم تاوانی ئەو شکستە بدەم" دوای ئەوە لباسی شەڕی داناو پیاوانە شەڕی کرد تاکوو

**لەبیرت بێ:** هێزی گەمارۆدان لە نیهایەتدا دەروونییە. ڕاستە لە ڕووی فیزیکییەوە کار دەکەن بۆ ئەوەی کەسەکە لە هەموو لایەکەوە دەور بدرێ، بەڵام ئەوە هەستێکی لاوازی پێ دەبەخشێ و ئەو هەستە یانی شکست لەبەرامبەر دوژمن‌دا.

بۆ ئەوەی هەست بە نائەمنی و لاوازی بە شێوازی جۆراوجۆر و لە ڕێڕەوی جیاوازەوە لە دوژمنەکانتان‌دا دروست بکەن، ژمارەیەکی کەم زەربەلێدان لەکاتی گونجاودا کاریگەرە تا بە ئامانج بگەن. ڕاستییەکە ئەوەیە ئەگەر زەربەکانت زۆر بن، بە ئێوە کەسایەتیی پێشبینیکراو دەبەخشێ و ئەوکات لایەنی بەرامبەر بەو ناسینەی لەسەر تۆ بەدەستی دێنێ، ستراتیژییەکی گونجا بۆ بەرەنگاری دەگرێتە بەر. ئێوە لەبری ئەوەی خۆتان ئاشکرا بکەن بە شێوەیەکی ناڕوون و پێش‌بینی‌نەکراو بمێننەوە، بە جۆرێک بجووڵێنەوە و مانۆڕ لێبدەن کە پێش‌بینینی‌کراو نەبن، ئەوە کاتێکە کە گەمارۆدانی دەروونی تۆ ئەهریمەنی‌تر و تەواوتر دەبێ.

باشترین گەمارۆکان ئەوانەن کە پشت بە لاوازیی پێشوو و جەوهەر و زاتی خۆیان دەبەستن. گرنگی بە نیشانەکانی لووت‌بەرزی، خۆویستی یان لاوازی دەروونی دیکە بدەن. کاتێک وینستون چرچیڵ تێکچوونی پارانۆیای لە ئەدۆلف هیتلێردا دۆزییەوە، کاری لەسەر کرد و هەوڵیدا کاریگەری لەسەر هیتلێر هەبێ کە مومکینە لە هەر ئاراستەیەکەوە بۆ سەر هێزەکانی مێحوەر لە هەر لاوە باڵکان- ئیتالیا یان ڕۆژاوای فەڕانسە- هێرشیان بۆ بکرێ. سەرچاوەکانی چرچیل لاواز بوون و تەنیا بە فریودان دەیتوانی بە ئامانجەکانی بگا، بەڵام ئەو فێڵانە بەس بوون: پیاوێکی وەک هیتلێر بەرگەی ئەوەی نەدەگرت لە هەر ڕێگەیەکەوە زیانی پێ بگا. ساڵی ١٩٤٢ هێزەکانی لە زۆر ناوچەی بەربڵاوی ئورووپا بڵاو بوونەوە و پلانەکانی چرچیل زیاتر بڵاوەی بە هێزەکانی هیتلیر کرد. لە کاتێکدا نمایشێکی سادە و درۆینەی ئاشتی لە باڵکان، بووە هۆی ئەوە کە هێزەکانی لە هێرشکردن بۆ سەر ڕووسیە ڕابگرێ و ئەو بڕیارە بە تێچووی زۆر بۆی تەواو بوو و قورس وگرانی بەسەردا شکایەوە. ترسەکانی ئەو کەسەی کە پارانۆیا هەیە خواردنیان بدەنێ و بەهێزیان بکەن تا مێشکی دەست بە خەیاڵکردن بکا کە ئێوە هێرشی بۆ دەکەن، ئەو هیرشانەی کە قەت بیرتان لێ نەکردووەتەوە و ئەو مێشکە نەخۆشە هەموو کارەکانی گەمارۆدانت بۆ ئەنجام دەدا.

کاتێک ژێنراڵی کارتاژ، هانیباڵ، پلانی هێرشێکی دارشت کە بۆ یەکێک لە مەترسیدارترین گەمارۆدانەکانی مێژوو واتە سەرکەوتنی هانیباڵ لە شەڕی کانای لە ساڵی ٢١٦ پێش زایین. هانیباڵ لە سیخوڕەکانیەوە بیستبووی کە یەکێک لە ژێنراڵە ڕۆمییەکان بە ناوی "وارۆ" زۆر خۆبەزلزان و خۆویستە. سوپای هانیباڵ لە ڕووی ژمارەوە نیوەی سوپای دوژمن بوو، بەڵام بۆ داپۆشینی ئەو لاوازییە

نێزەیەک بەر نێوچاوانی و لەسەر زەوی کەوت و پاشان بە ڕێک‌گوشێنی گەرووی خۆی کوشت. تەواوی سەربازانی ڕنفو لەو شەڕەدا گیانی خۆیان لەدەست دا و سوپاکەی بە تەواوی قەتڵ‌وعام کران. خدعه‌های جنگ. ٣٦ استراتژی نظامی از چین باستان، ترجمه سان هایشن ١٩٩١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوو بڕیاری ستراتیژی دا. یەکەم: ڕۆمییەکانی ناچار کرد بێنە ناوچەیەکی سەخت و لەو ناوچە تایبەتەدا ژمارەیەکی زۆر سەرباز نەیانتوانی حەرەکەت بکەن. دووهەم: ناوەندی هێڵەکانی خۆی بە لاوازی هێشتەوە بەڵام باشترین سەرباز و سوارەکانی لە هێڵەکانی کۆتایی و دەرەوە دانا. سوپای ڕۆم بە فەرماندەهی هەمان ژێنراڵی خۆپەرست هێرشیان بۆ سەر ناوەندی سوپای هانیباڵ کرد و ناوەندی لاواز لەیەکتر جیا بووەوە و ڕۆمییەکان زیاتر بۆ پێشەوە هاتن. دوای ئەوە ئەوانیش هەر وەک چۆن زولۆکان ئەنجامیان دا، دوا هێڵەکانی سوپای کارتاش لە لایەکانەوە و پشتەوە تەنگیان بە ڕۆمییەکان هەڵچنی و لە گەمارۆیەکی توندیان خستن.

بەو شێوەیە ئێرانییەکان ئیدارەی سەرۆکی ئەمریکا ڕۆناڵد ڕێگان‌یان لە نێوان ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٦، کە ئەوەش بە کاروباری ئێران-کۆنترا ناسرا. ئەمریکا ڕێبەری گەمارۆی نێودەوڵەتی بۆ فرۆشتنی چەک بە ئێران بەڕێوە دەبرد. لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو بایکۆتەدا ئێرانییەکان دوو خاڵی لاوازی ئەمریکایان دۆزییەوە: یەکەم: کۆنگرێس بودجەی ئەمریکای بۆ شەڕی کۆنتراکان لە دژی حکومەتی ساندینیستا لە نیکاراگوئە بڕی. دۆزێک کە بۆ حکومەتی ڕێگان گرنگ بوو. دووهەم: بەڕێوەبەرایەتیەکە (دەستەی کارگێڕی) زۆر نیگەران و ناڕاحەت بوون سەبارەت بە زیادبوونی ژمارەی ئەمریکاییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بە بارمتە گیرابوون. بە قۆستنەوەی ئەو هەلانە ئێرانییەکان توانیان ئەمریکاییەکان ڕابکێشن بۆ تەڵەیەکی وەک شەڕی کانای: ئێرانییەکان کار بۆ ئازادکردنی بارمتەکان لە لوبنان دەکەن و بە نهێنی پووڵی کۆنتراکان دابین دەکەن لە بەرامبەردا ئەمریکا چەکیان پێ بفرۆشێ.

ئەوە زۆر باش دیار بوو بۆ بەرەنگاربوونەوە، بەڵام کاتێک ئەمریکاییەکان و ئێرانییەکان زیاتر چوونە نێو ئەو تۆڕی دووڕووییە (ڕێککەوتنی ژووری پشتەوە، کۆبوونەوەی نهێنییەکان)، ئەوان دەیانتوانی هەست بکەن کە ژورەکەیان بۆ مانۆڕ وردە وردە بچووک دەبێتەوە: ئێرانییەکان دەیانتوانی داوای زیاتر بکەن، لە ئاڵوگۆڕکردندا کەمتر. لە کۆتاییدا چەکێکی زۆریان دەستکەوت لە کاتێکدا ئەمریکاییەکان تەنیا مشتێک یان چەند بارمتەیان دەستکەوت و پارەی پێویستیان نەبوو بۆ ئەوەی جیاوازی لە نیکاراگوئە دروست بکەن. لەوەش خراپتر، ئێرانییەکان بە ئاشکرا بە دیپلۆماتکارانی دیکەیان گوت دەربارەی ئەو قەرارە "نهێنییانە". بە دڵنیابوون لەوەی کە بۆ خەڵکی ئەمریکا ئاشکرا دەبێ گەمارۆدانەکەیان داخست. بۆ ئەو بەرپرسانەی حکومەتی کە دەستیان لەو کاروبارە تێوەگلا بوو، هیچ ڕێگایەک نەبوو بۆ دەربازبوون لەو گێژاوەی کە تێی کەوتبوون. هەستکردن بە فشارێکی چڕ لە ناوەوە و لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە کاتێک هەواڵی ڕێککەوتنەکە بڵاو کرایەوە، هەوڵدانیان بۆ شاردنەوەی ئەوە یان ڕوونکردنەوەی ئەو شتە تەنیا بارودۆخەکەی خراپتر کرد.[١]

١. ئەو دوو پاڕاگرافەی کە باسی ئێران کۆنترا دەکا لە وەرگێڕاوی فارسیدا نەبوو و نەکراوە، لەبەر ئەوەی ڕسوایی بۆ ئێران تێدا بوو ئەو دوو پاڕاگرافە حەزف کراوە. من لێرە لە ئینگلیزییەکەی لەلاپەڕەی ٣٤٠ کەڵکم وەرگرت و هەردوو جگەرگۆشەی خۆشەویستم بەیان و موکریان چووکەڵی لە ئینگلیزییەوە کردوویانەتە کوردی- و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

That is how the Iranians enveloped the administration of President Ronald Reagan in 1985-86, in what became known as the Iran-Contra Affair. America was leading an international embargo on the sale of weapons to Iran. In fighting this boycott, the Iranians saw two American weaknesses: first, Congress had cutoff U.S. funding for the war of the Contras against the Sandinista government in Nicaragua--a cause dear to the Reagan government--and second, the administration was deeply disturbed about the growing number of Americans held hostage in the Middle East. Playing on these desires, the Iranians were able to lure the Americans into a Cannae-like trap: they would work for the release of hostages and secretly fund the Contras, in exchange for weapons.

It seemed too good to resist, but as the Americans entered further into this web of duplicity (backroom deals, secret meetings), they could sense their room to maneuver slowly narrowing: the Iranians were able to ask for more in exchange for less. In the end they got plenty of weapons, while the Americans got only a handful of hostages and not enough money to make a difference in Nicaragua. Worse, the Iranians openly told other diplomats about these "secret" dealings, closing their encirclement by ensuring that it would be revealed to the American public. For the government officials who had been involved in the affair, there was no possible escape route from the mess they had been drawn into. Feeling intense pressure from all sides as news of the deal became public, their attempts to cover it up or explain it away only made the situation worse.

کەسانی لەخۆڕازی، مەغرور، خۆویست و تووڕە بە ئاسانی لە تەڵەی ستراتیژی گەمارۆ گیر دەخۆن: هەر ئەوەندە بەسە کە خۆتان کەمێک لاواز و گێل نیشان بدەن تاکوو بێ ئەوەی بیر بکەنەوە بۆ کام لا دەڕۆن، سەریان بەردەدەنەوە بۆ پێشەوە بڕۆن. هەر لاوازییەکی عاتفی یان ئارەزووی بەدەستنەهاتووی دوژمن، دەتوانێ هۆکارێک بێ بۆ ئەو دەست بەسەرداگرتنە.

بۆ ئەوەی دوژمن بخەیە نێو تەڵەیەکی لەو شێوەیە، هەمیشە هەوڵبدە وا هەست بکا کە بۆ خۆی کۆنترۆڵی هەلومەرجی کردووە. لایەنی بەرامبەر تا ئەو شوێنەی تۆ دەتهەوێ بەرەو پێشەوە دەڕوا. زۆرێک لە ئەمریکاییەکانی دەرگیر لە ڕسوایی ئێران-کۆنترا باوەڕیان وابوو ئێرانییەکانی ساویلکە و نەزانیان فریو داوە.[1]

١. ڕسوایی ئێران-کۆنترا کە لە ئێراندا بە کاروباری مەکفارلین ناسراوە، ئاماژەیە بۆ تۆڕێکی زۆر ئاڵۆزی پێوەندییەکانی نێوان ڕێکخراوە ئەمنییەکان و حکومییەکانی نێوان وڵاتانی جیاجیا، کە مەبەستی لە دەستێوەردان بووە لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان ئاماژە دەکا، کە لە ساڵی ١٩٨٦دا لە ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیلدا بە ڕسواییەکی گەورە ناسرا ڕۆژنامەی "الشراع" لوبنانی لە وتارێکدا پێوەندی ئەم تۆڕەی بە ئێرانەوە ئاشکرا کرد. ئەو کەسەی دواتر وەک سەرچاوەی ئەو نووسینە هەژمار کرا، مێهدی هاشمی برای زاوای ئایەتوڵلا حوسێن عەلی مونتەزری بوو کە دواتر لە ئێران لە سێدارە درا. لە مانگی گەلاوێژی ١٣٦٤ تا ڕەشمەی ١٣٦٥ بۆ ماوی ساڵ و نیوێک لە دەورانی سەرکۆماری خامەنەیی و ڕێگان ڕووی دا. دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی ئەمریکا بە شێوەی نهێنی چەکیان بە ئێران فرۆشت لە کاتێک دا کۆنگریس فرۆشتنی چەکی بە ئێران قەدەغە و گەمارۆی لەسەر بوو، ئێرانیش لە بەرامبەر دا هەوڵ بدەن ٧ گروگانی ئەمریکایی کەلە لوبنان ئەسیری "عماد مغنیه" بوون ئازادیان بکا و کۆنتراکانی نیگاراگوئە پێداویستییەکانیان دابین بکرێ، دابینکردنی بودجەی کۆنتراکان لە لایەن حکومەتی ئەمریکا لە سەر بنەمای لایحەی "بولند"، لە لایەن کۆنگرەوە قەدەغە کرابوو. ئەو ڕسواییەی ئێران کۆنتڕا بە مەبەستی ئازاد کردنی ٧ ئەسیری کە لەلای "مغنیه" بوون ئەوانیش پێوەندییان بە سپای پاسدارانەوە هەبوو. گەڵاڵە بەمجۆرە دارێژرا کە لە عەمبارەکانی ئیسرائیلەوە چەک بۆ ئێران بنێرن و پاشان ئەمریکا عەمبارەکانی ئیسرائیل پڕ بکاتەوە و دیسان ئێران نۆبەیەکی دیکە بار بکاتەوە. هەرچەندە ڕۆناڵد ڕێگان یەکێک بوو لە لایەنگرانی بزووتنەوەی کۆنترا، بەڵگەکانی ئەوەی کە ئەو پارەیەی لە فرۆشتنی چەک بە ئێران بەدەست هاتبوو بە ئیجازەی ئەو ئاراستەی کۆنترا کراوە، لەکاتیک دا ئەمریکا ناردنی بودجە بۆ کۆنتراکان ڕاگرتبوو. لە ئێران، مانگێک دوای ئەمریکا، مەنوچێهر قوربانیفەر، بازرگانێکی چەک، لە نامەیەکدا بۆ فەتحوڵلا ئومێد نەجەفئابادی لە دەوروبەری مۆنتەزەری (چونکە ئەمریکاییەکان و حکوومەتی ئێران هەوڵیان دابوو کە لە گرێبەستەکان دووری بخەنەوە) لەو چیرۆکە ئاگادار کردەوە. کەواتە، بۆ یەکەمجار ئەم بابەتە لە ئەنجومەنی جێگری ڕیبەر وروژێنرا. دەگوترێ سەید مێهدی هاشمی بەرپرسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کۆتاییدا، وا مەزانن جێبەجیّ‌کردنی ئەو ستراتیژییە سادەیە و وا بیر نەکەنەوە گەمارۆدانی هێزەکان یان ورووژاندنی دەسبەجێی دوژمن بەسە. ئێوە دەبیّ ستراتیژی گشتیی ئەوان گەمارۆ بدەن، واتە تەواوی چوارچێوەی چەمکی تێگەیشتن‌یان دەورە بدەی. پێش هەموو شتێك ئەو فورمە پێوستی بە دوایەمین گەمارۆدان هەیە کە سەرەتا لێکۆڵینەوە لە بەشە پێش‌بینی‌کراوەکانی ستراتیژی دوژمن بکەن، پاشان ستراتیژییەکی نویّ و ڕەسەنی تایبەت بە خۆتان دروست بکەن کە لە دەرەوەی ئەزموونی دوژمن بێت واتە ئەزموونی نەکرد بیّ. مەغۆلەکان سوپای ڕووسیە و هولەند و مجارستان‌یان لەنێو برد و جۆرێکی نوێی شەڕی گەڕۆکیان داهێنا بەرامبەر بەو دوژمنانەی کە لە شێوازە زۆر کۆنەکانی شەڕدا گیریان خواربوو. ناتەبایی ستراتیژی دەتوانیّ ببێتە هۆی سەرکەوتن لە هەر شەڕێکدا و تەنانەت لە لەشکرکێشی گەورەکاندا، کە هەمان ئامانجی سەرەکی شەڕە.

**بیهێنە بەرچاوت:** داو. کاتێک داوێکی بەربڵاو دانراوەتەوە هیچ ڕێگایەکی دەربازبوون نیە و هیچ هیوایەک بۆ ڕاکردن لەو داوە بوونی نیە. تەنانەت بیرکردنەوە لە گیربوونی پێی دوژمنیش، ئەو بیّ‌هیوا و عەسەبی دەکات و هەوڵدانی بێهودە بۆ ڕزگاربوون زیاتر نوقمی دەکا.

دەقێکی چینی کۆن دەڵێ: *"مەیموونێک بخە نێو قەفەسێکەوە تا وەک بەرازێک بێت، نەک لەبەر ئەوەی زیرەک نییە یان خێرا نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی شوێنی نییە بۆ ئەوەی تواناکانی خۆی پێشان بدا."*

## حاڵەتی دەگمەن

مەترسی گەمارۆدان لەوەدایە تا ئەو کاتەی سەرکەوتنەکەی دڵنیا نەبیّ دەتخاتە دۆخێکی لاوازەوە، چونکە گەلاڵەکانی خۆتان ڕاگەیاندووە. دوژمن دەزانیّ کە تۆ بەنیازی سووکایەتی و زەربەلێدانی و ئەگەر نەتوانن بە خێرایی زەربەیەکی بەهێزی کۆتایی لیّ بدەن، ئەوە ڕێگاکە ناکرێتەوە و بەرەو شکست و وێرانی دەچن. هێندێک لە سوپاکان کە لەستراتیژی گەمارۆدان سەرکەوتوو نەبوون، دوای ماوەیەکی کورت دوژمن گەمارۆیان دەدا. لەو ستراتیژییە تەنیا کاتێک کەڵکی لیّ وەرگرن کە شانسی لوژیکی و گونجاو بۆ بە ئاکام گەیشتن هەیە.

---

ئەوکاتی "ڕێکخراوی بزووتنەوەکانی ڕزگاری سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی" کە لە مۆنتەزەری نزیک بووە، لە ڕێگەی ڕۆژنامەی "ئەلشراع" لوبنانی ئەو چیرۆکەی ئاشکرا کردووە چیرۆکی مەک‌فارلین لە بیرەوەرییەکانی حوسێن عەلی مۆنتەزێری لە لاپەڕەکانی ٥٨٧ و ٦٠٧ و هەروەها نامەکانی مەنوچێهر قوربانیفەر بۆ موحسین کەنگەرلو، هاوکات لەگەڵ بەڵگەنامەکەدا بیرەوەرییەکانی حوسێن عەلی مۆنتەزێری لە هاوپێچی ١٣٠ و ١٣١دا بە وردی باسکراون. دیارە ڕسوایی گەورەتر بۆ ئێران بوو چونکە سەرانی دەسەڵاتدار هەموویان لە جەریانی مەک‌فارلێن و هاتنی بۆ تاران و کڕینی چەک و چۆڵ لە ئیسرائیل ئاگادارن. ئەو کاتە چەکی ئێرانی هەموو ئەمریکی بوو پێویستی‌یان بەو چەکانە بۆ شەڕ لەگەڵ عێراق بوو بۆیەش لەژێرەوە ئەو ڕسواییە بۆخۆیان بەدیاری هێنا. و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی بیستەم:
# دوژمن بەرەو شوێنی لاواز پەلکێش بکەن.
# ستراتیژیی گەیشتن بۆ ڕنینەوە

بەدەر لەوەی کە چەندە بەهێزن، شەڕی بێکۆتا لەگەڵ کەسانی ماندووکەردا، پڕتێچوو و پڕژانە. ستراتیژیستە ئاوەزمەندەکان هونەری مانۆڕدان دەخەنە پێش هەر شتێکی دیکەوە، تەنانەت پێش لە ئەوەی شەڕ دەست پێبکا، ڕێگەگەلێک دەدۆزنەوە تا دوژمن دەخەنە دۆخی لاوازەوە، بە جۆرێک کەوا بردنەوە و سەرکەوتنیان ئاسان و خێرا بێت. دان و چەشتە بۆ دوژمنەکانت دانێن تا بچنە ئەو شوێنانەی کە ڕەنگە وەسوەسەئامێز بێ، بەڵام بەرەو دۆڵی تاریک و بنبەست ڕێنماییان بکەن. ئەگەر پێگەی ئەوان بەهێز بێ، بیان بە بۆ پێگەیەک کە کات و وزەیەکی زۆریان لێ دەگیرێ، بیانخەنە گێچەڵ و قەیرانەوە، مانۆڕی وا لێ بدەن هەتا نەیارانتان ناچار بە وڵامدانەوە بن. پشێوی و ئاژاوە و بێنەزمی لەسەر ڕێگاکەیان دروست بکەن. دوژمنانی ماندوو ، سەرلێشێواو و تووڕە وەک میوەی پێگەیشتوو وایە، کە بە چووکترین شنەبا لە لقی دارکە دەکەونە خوارەوە.

### شەڕی مانوڕی یان ڕەزمایشی

بە درێژایی مێژوو دوو شێوازی بەرچاوی شەڕەنگێزی دەست نیشان کراوە. کۆنترینیان شەڕی فەرسایشی یا پڕتووکێنانە کە دوژمن تەسلیم دەبێ، چونکە تۆ زۆرێک لە هێزەکانی بەرامبەرت کوشتووە. ژێنراڵێکی کە بە شێوەی فەرسایشی شەڕ دەکا شێوازەکانی خۆی بە جۆرێک حیساب دەکا کە زۆرترین زیان بە دوژمن بگەیەنێ، یان بە تێکنۆلۆژیی نیزامی باڵاتر شەڕ بە جۆرێک ڕێک دەخات کە زیاترین وێرانکاری بۆ دوژمن دروست بکات. لە هەر حاڵەتێکدا سەرکەوتن لەوشەڕەدا بە ماندووکردن و قەتڵوعامی لایەنی بەرامبەر بەستراوەتەوە. تەنانەت بە تێکنۆلۆژیی سەرنجڕاکێشەکانی ئەمڕۆیی شەڕی فەرسایشی سادەیە و بەسە بۆ یاریکردن بە غەریزە دڕندەکانی مرۆڤ.[1]

---

١. شەڕکردن وەک ڕاوکردن وایە. هەروەها دەتوانی ئاژەڵە کێوییەکان بە دیدەبانی و سەیرکردن، تەڵە بڵاوکردنەوە، بە وریایی ڕۆیشتن و گەمارۆدان یان هەر ستراتیژییەکی دیکە بێجگە لە بەکارهێنانی زۆر و هێز ڕاو بکرێن. تەنانەت لە شەڕیشدا، چ دوژمن کەم بێ یان زۆر بێت، پێویستە هەمان شێواز لەبەرچاو بگرین. کاتێک هەوڵی زاڵبوون بەسەر دوژمندا دەدەین یان ڕووبەڕوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە درێژایی سەدەکان و بە تایبەتی لە چینی باستان، شێوەی دووهەم بۆ شەڕکردن پەرەی ئەستاند. لەو شیوازەدا پێداگری بۆ وێرانکردنی لایەنی بەرامبەر نەبوو، بەڵکوو بۆ لاوازکردن و تێکدانی هاوسەنگی ئەوان پێش دەستپێکردنی شەڕ بوو، بەو مانایە فەرماندە جۆرێکی مانۆڕ لێ‌دەدا کە دوژمنی تووشی سەرلێشێواوی دەکرد و لایەنی بەرامبەر دەکەوتە پێگەیەکی خراپ، واتە دوژمن ناچار بوو لە سەر تەپۆڵکەیەکی نالەبار شەڕ بکا کە تیشکی خۆر لە دەموچاوی دەدا یا بایەکی بەهێز تۆزوخۆڵی بە سەروچاوی دا دەکردن، یان لە شوێنێکی تەسک گیریان دەکرد. لەو جۆرە شەڕەدا ئەو سوپای کە باشتر دەجووڵێتەوە لەو سوپایەی کە هێزی زیاترە باشتر و لەسەرترە.

فەلسەفەی شەڕی ڕەزمایشی لە کتێبی "هونەری شەڕ"دا کە لەلایەن سون تێزۆ نووسراوە کۆدبەندی کراوە. سون تێزۆ لەم کتێبەدا زیاتر لە دوو سەد ساڵ سەروخواری ڕووداو و دیاردەی شەڕ دەکۆڵێتەوە، کە لەودا مانەوەی دەوڵەتی چین بە سوپا و ستراتیژی بەستراوە بووە. بۆ سون تێزۆ و هاوچەرخەکانی ئەوە ئاشکرا بوو کە تێچووی شەڕ زۆر زیاترە لە گیانی مرۆڤ: لە شەڕدا سەرچاوەکان و ئیرادەی سیاسی لە دەست دەدەن، شەر هەروەها تێکچوونی دەروونی و ڕۆحی سەرباز و هاووڵاتی‌یان بە دوادا دێت. ئەو تێچوونانە بە تێپەڕبوونی کات زیاتر دەبن و بە جۆرێک تەنانەت دیارترین وڵاتی شەڕکەریش ماندوو و بێزار دەبێ، بەڵام وڵاتێک دەتوانێ بە مانۆڕی زیرەکانە پێش لە تێچوونی قورس بکا و دیسان سەرکەوتووی مەیدان بێت. دوژمنێک کە بۆ مەوقعییەتێکی لاواز پەلکێش بکرێ بە دڵنیاییەوە بە ئاسانی دەچێتە ژێر فشاری دەروونییەوە و لەو هەلومەرجەدا تەنانەت پێش دەستپێکردنی شەڕ تووشی هەڵدێران دەبێ و ڕەنگە بەبێ بچووکترین خوێن‌ڕشتن تەسلیم بێت.

زۆرێک لە ستراتیژیستەکانی دەرەوەی ئاسیا، بە تایبەت ناپلیۆن بناپارت زۆر سوودیان لە شەڕی ڕەزمی وەرگرتووە بەڵام بە گشتی شەڕی فەرسایشی ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە بیری ڕۆژاوایی هەر لە یۆنانی کۆن تا ئەمریکای مۆدێرن دا هەیە. لە فەرهەنگی فەرسایشیدا بیرکردنەوەکان زیاتر لەسەر ئەوەیە کە چۆن بە سەر کێشە و ئاستەنگ و کەسانی بەرامبەرمان‌دا سەرکەوین. لە میدیاکاندا بەردەوام جەخت لەسەر شەڕە گەورەکان دەکرێتەوە، ئەو شەڕە چ لە بواری هونەر بێت یان سیاسەت زۆربەی ئەو شەڕانە هەلومەرجی جێگیر و براوە و دۆڕاویان هەیە. خەڵک بە زۆری لەبری ئەوەی گرنگی بەو ڕووداوانە بدەن کە بوونەتە هۆی ئەو جۆرە ناکۆکییانە بە تایبەتمەندی سروشتی هەیەجانی ئەو ململانێیانە سەرنج دەدەن. ئەو چیرۆک و حیکایەتانەی لەو جۆرە کولتوورانەدا دەگێڕدرێنەوە هەموویان لە دەوری ساتەکانی شەڕدا دەسوڕێنەوە و پەیامێکی ئەخلاقییان هەیە کە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا وەبیر گوێگر دەخرێتەوە و هەرگیز وردەکارییەکانی شەڕەکە باس ناکرێ. لەم

شەڕی لەگەڵ بکەین، تەنانەت ئەگەر لە ڕواڵەتدا سەرکەوین، ئەوە بۆ ئێمە پڕمەترسی دەبێ و لە ئەنجامدا زیان و خەسارێکی سەختی لێ دەکەوێتەوە. بێجگە لە حاڵەتی دەگمەن، چوونە نێو شەڕێکی لەو شێوەیە تێچووی زۆری دەوێ و ناژیرانە و ناعاقڵانەیە. امپراتور بیزانس، مارکیوس، (٥٣٩- ٦٠٢)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کولتوورانەدا ئەو شێوازی شەڕکردنە ڕاستگووتر و مرۆڤ دۆستانەتر و ڕەواتر چاو لێ دەکرێ.

پێش هەموو شتێک ڕەزمایشێك یان مانۆڕێک هەڵوێستێکی فیکری جیاوازە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ڕەوت یان ئەو هەنگاوانەیە کە بەرەو شەڕ هەڵدێنەوە و ئەوەی لەو گرنگترە ئەوەیە کە چۆن ئەو هەنگاوانە هەڵێنینەوە بۆ ئەوەی ململانێ یان شەڕ تێچووی کەم و توندوتیژی کەمتر بێ. لە دونیای مانۆڕدا هیچ شتێک جێگیر و وەستاو نییە، لە ڕاستیدا شەڕەکان ساتگەلێکی پڕ لە خەیاڵ و وەهمن لە نێوەڕاستی ڕەوتی ڕووداوە ڕاستەقینەکاندا. شەڕەکان دینامیکی و چالاکن و دەتوانرێ بە گرتنەپێشی ستراتیژییەکی ورد و کامڵ بگۆڕدرێن. ئەو شێوە بیرکردنەوە هیچ ڕەوابوون و ئەخلاقێک لە بەفیڕۆدانی کات و وزە و ژیانی مرۆڤدا نابینێ. بە پێچەوانەوە شەڕەکانی فەرسایشی زۆرجار کاتی زۆر دەوێ و پڕتێچوو و توندوتیژ و پێشاندەری مەیلی سەرەتایی مرۆڤەکان بۆ شەڕی دژکردەوە و بێ بیرکردنەوەیە.

لە کۆمەڵگایەکدا کە پڕە لە شەڕکەرانی فەرسایشی، ئەگەر خۆتان وەک کەسی خاوەن توانای مانۆڕ لێ بکەن ئەوە سوودی زۆری هەیە. پڕۆسەی بیرکردنەوە چالاکتر دەبێتەوە و باشتر لە ژیان تێدەگەن. لەم حاڵەتەدا دەتوانن مەیلی شەڕەنگێزی و سەرسەختی کەسانی دەوروبەرتان بناسن و دووریان لێ بکەن. ئەگەر فێر بن وێنەی کەڵان لە سەرووی هەموو شتێکەوە ببینی و ڕێگەیەک بدۆزیەوە لەبری ئەوەی شەڕ لەگەڵ کەسانی دیکە بکەن بۆ پێگەیەکی لاواز هانیان بدەن، ئەوە ناکۆکییەکان بەبێ خوێنڕشتن و زیانی گیانی چارەسەر دەبن. لەبیرمان نەچێ ژیان زۆری بە بەرەوەیە و دژایەتییەکان لەبڕاننەهاتوون و حیکمت و عەقڵ حوکم دەکا بە شێوەیەک هەنگاو بنێی کە بە کەمترین تێچوو باشترین ئەنجام بەدەست بێنی. شەڕی مانۆڕ بەڕادەی شەڕی فەرسایشی چارەنووس‌ساز و یەکلاکەرەوەیە. بەم شێوەیە لە پرسەکان بڕوانن کە بە لاوازکردنی دوژمن دەیکەن بە میوەیەکی پێگەیشتوو کە لە کاتی گونجاودا بە بچووکترین جووڵە لە لقی دارەکەوە دەکەوێتە خوارەوە.

ئەمانەی خوارەوە چوار بنەمای سەرەکی شەڕی مانۆڕن:

١-**گەڵاڵەیەک بە لقە جیاوازەکانەوە بکێشەوە.** شەڕی مانۆڕ پشت بە پلانی ورد بەرنامەی داڕێژڕاو دەبەستێ و ئەو بەرنامەیە یان پلان دەبێ بە تەواوی ورد و گونجاو بێ. ئەگەر ئەو پلانە زۆر سەرسەختانە بێ شوێنی بۆ خۆگونجاندن لە گەل بێ‌نەزمی و ئاژاوەی چاوەڕوان نەکراو نابێ. ئەگەر پلانەکە بێ بیرکردنەوە بێت، ڕووداوی چاوەڕوان‌نەکراو تووشی سەر لێ شێواویتان دەکا. پلانی ورد لە شیکاری تەواوەتی وردەکارییەکانی موقعییەتەوە سەرچاوە دەگرێ و ڕێگەتان پێدەدا باشترین ڕێگا هەڵبژێرن یان شوێنێکی گونجاوت هەبێ بۆ بڵاوکردنەوە و چەندین بژاردە (لقەکان) لە بەر دەستدا بێت تا بە پێی بنەمای ڕەفتاری دوژمن باشترین بژاردە هەڵبژێری. پلانێک بە لقە جیاوازەکانیەوە کارێک دەکا ئێوە لە دوژمن لەسەرتر بن چونکە کاردانەوەی ئێوە بەرامبەر گۆڕانی بارودۆخەکان زۆر خێراتر و بەجێتر و لۆژیکی‌تر دەبێت.

٢- **شوێنێک بۆ مانۆڕدانی خۆتان دانێ.** ئەگەر خۆتان لە فەزایەکی داخراو دا گیر بدەن یان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆتان بە هەلومەرجێکەوە ببەستنەوە کە ئازادی کردەوەت لێ زەوت دەکەن، بە دڵنیاییەوە ناتوانی مانۆڕێکی باش جیبەجێ بکەن. هەمیشە بیر لە توانای جووڵە و ئازادی کردەوە بکەنەوە. بوونی شوێنی پێویست و چەندین بژاردە زۆر گرنگترە لە بوونی مەوقعییەتێکی جوغرافیایی یان کەرەسەی شەڕ. ئێوە پێویستیتان بە فەزایەکی کراوە و مەوقعییەتی بێ بن‌بەست هەیە، مەبەست ئەوەیە کە نابێ مەوقعییەتێک هەڵبژێری کە ڕێگای بەرەو شوێنێک نیە، پێویستی بە فەزا هەمان ڕادەی کە فیزیکییە، دەروونیشە: دەبێ عەقڵێکی بگۆڕ هەبێ تا خولقێنەری مەوقعییەتی پڕ بایەخ بن.

٣- **بۆ دوژمن کارەسات و بەڵا و موسیبەت دروست بکە نەک کێشە.** زۆربەی دوژمن و نەیارکانی ئێوە لەوانەیە زیرەک و لێوانلێو لە سەرچاوە و ئیمکانات بن، کەوابوو ئەگەر مانۆڕەکانی ئێوە تەنیا کێشەیان بۆ دروست بکات بە ئاسانی کێشەکان چارەسەر دەکەن، بەڵام کارەسات چیرۆکێکی جیاوازی هەیە: دوژمن هەرچی بکا و بە هەر ڕێگایەک دا بڕوا، چ پاشەکشە بکا چ پێشڕەوی یان لە شوێنی خۆی بمینێتەوە هێشتا بەڵا لە کۆڵی نابێتەوە و داوێنی بەر نادا. کارێک بکە کە هەموو بژاردەکانی بۆی خراپ بێت. بۆ نموونە دەتوانن دوژمن پێش ئەوەی ئامادە بۆ بەربەرەکانی یان پاشەکشەکردن بێ ناچاری بکە ڕووبەڕووی ئێوە بێتەوە. هەمیشە هەوڵبدە بیانخەیتە دۆخێکەوە کە لە ڕووکەشدا باش، بەڵام لە ڕاستیدا داو و تەڵەیەکی بێ‌دەرتانن کە کەس ناتوانێ لێی دەرباز بێ.

٤- **زۆرترین بێ‌نەزمی و پشێوەی دروست بکە.** دوژمنی ئێوە بە توانایی خوێندنەوەی مێشکت و زانینی مەبەستەکانت وابەستەیە. ئامانج لە مانۆڕ ئەوەیە کە ئەو کارە گرنگە بۆ دوژمن ئەستەم بکەن. کارێک بکەن کە دوژمن بە زانیاری هەڵە بە بن‌بەست بگا. ناڕوونی و سەرلێشێواوی بۆ دروست بکەن تا نەتوانێ هەنگاوی داهاتووی ئێو پێش‌بینی بکا. هەرچەندی توانایی دوژمن لە خوێندنەوەی مێشکی خۆتان تێک بدەن زیاتر پەرە بە بێ‌نەزمی و سەرلێشێواوی سیستمەکەیان دەدەن. ئەو بی‌نەزمییەی کە ئێوە دروستی دەکەن لانیکەم بۆ خۆتان کۆنترۆڵ دەکرێ و ئامانجدارە، بەڵام هەمان بێ‌نەزمی بۆ دوژمن وێرانکەر و ڕووخێنەر دەبێ.

سون‌تزو دەڵێ: *"سەد جار سەرکەوتن لە سەد شەڕدا بەرزترین هونەر نییە، بەرزترین هونەر ئەوەیە کە دوژمن بە بێ شەڕ ملکەچی ئێوە بێ."*

**نموونەی مێژوویی**

١- لە ١٠ی نوامبری [٢٠ی خەزەڵوەر] ساڵی ١٧٩٩دا ناپلیۆن بناپارت کودەتایەکی کامڵ کرد کە دەسەڵاتی پێ بەخشی و وەک کونسوڵی یەکەم کۆنترۆڵی بەسەر تەواوی فەڕانسەدا هەبێ. فەڕانسە زیاتر لە دە ساڵ خەریکی شەڕ و شۆڕش بوو. ئێستا کە ناپلیۆن بوو بە ڕێبەر پێویستی بە ئاشتی و ئارامی بوو. ئەو دەبوو کاتێک بۆ ئاوەدانی نیشتمان و کاتێک بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆی بدات، بەڵام ئارامی و ئاشتی بە ڕاحەتی و ئاسانی بەدەست نایە.

فەڕانسە دوژمنی سەرسەختی لە ئوتریش هەبوو کە دوو سوپای گەورەی خۆیان ئامادە کردبوو بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دژی ناپلیۆن بەرەو فەڕانسە هێرش بکەن. یەک لەو سوپایانە لە ڕۆژاوای ڕووباری ڕاین و ئەوی دیکەش لە باکووری ئیتالیا بە فەرماندەهی ژێنراڵ مایکل ملاس بوو. ئوتریشیەکان لەشکرکێشییەکی گەورەیان بەرنامەڕێژی کردبوو. چاوەڕوانمانەوە زۆر پڕمەترسیدار بوو و ناپلیۆن دەبوو توانایی دەستپێشخەری واتە ئیبتکاری کردەوە بەدەستەوە بگرێ، ئەو لانیکەم لەو دوو سوپایە دەبوو یەکیان شکست بدا تا ئوتریش وادار بە وتوویژ بکا. کارتی براوە یان بەرگی بەرەندەی کە ناپلیۆن بەدەستییەوە بوو، ئەوەبوو کە چەند مانگ لەوە پێش سوپای فەڕانسە سویسی داگیر و کۆنترۆڵی بەسەر ئەو وڵاتەدا هەبوو. لە باکووری ئیتالیا قشوونی فەڕانسەوی حوزووری هەبوو کە چەند ساڵ لەوە پێش ناپلیۆن لە ئوتریشەوە لەگەڵ خۆی هێنابووی.

ناپلیۆن بۆ گەڵاڵەداڕشتنی یەکەمین هێرشی واقعی خۆی چەند ڕۆژ لە ژووری کارەکەی خۆی نێشان کەس نەدا، بەردەستی ناوبراو، "لویس دی بڕۆنێ" گوتبووی کە هەر کات سەردانم دەکرد ناپلیۆن لەسەر نەخشەکانی ئاڵمان، سویس و ئیتالیا چاوی هەڵ نەدەگرت، کە ئەوانی لە دیوار و ژوورەکەی هەڵواسیبوو، میزەکانی پڕ لە ڕاپۆرت و زانیاری سیخوڕی بوون، لەسەر هەزاران کارت کە لە سندووقی جیاواز دابوون ئەو دژکردەوەی ئەگەری ئوتریشییەکانی لە بەرنامەکانی دا یادداشت کردبوو. ناپلیۆن هەروەک لەسەر عەرزی دانیشتبوو لە ژێر لێوییەوە لەگەڵ خۆی ڕێگاکانی ئاڵترناتیڤی بۆ هەر هێرش و دژەهێرش تاوتوێ دەکرد.[١]

سەرەتای مارسی ساڵی ١٨٠٠ ناپلیۆن بە گەڵاڵەیەکەوە بۆ هێرش کردنە سەر ئیتالیا لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، ئەو گەڵاڵەیە سەرتر لە باوەڕی تەواوی هێزەکانی ناپلیۆن بوو و هیچکامیان پێشتر شتی ئەوتۆیان نەدیبوو. لە نێوەڕاستی ئاوریلدا [خاکەلێوە] سوپایەکی فەڕانسەوی بە فەرماندەهی ژێنراڵ ئیدوارد ژان مۆرۆ لە ڕووباری ڕاین تێپەڕی و سوپای ئوتریشی جێگیر لە ڕۆژاوا بۆ باواریای پەلکێش کرد و پاشان ناپلیۆن هێزێکی ٥٠ هەزار کەسی لە سویسەوە بە ڕێگە جیاوازەکانی ئاڵپ ڕەوانەی باکووری ئیتالیا کرد. دوای ئەوە ئیدوارد یەکێک لە گوردانەکانی بەرەو باشوور تا لە ئیتالیا لەگەڵ

---

١. ئەوانەی ڕاهاتوون بە شەڕی فەرسایشی بە گشتی ناتوانن بیر لە پرسەکانی دەرەوەی شەڕ بکەنەوە و شەڕکردن بە تەنیا ڕێگە یان لانیکەم باشترین ڕێگا بۆ شکستدان و لەنێوبردنی چەمکە فیزیکیەکانی سوپاکەی بە تایبەت وەسایلی هاتوچۆ و چەک و هێزی زرێپۆش بزانن. ئەگەر ئالوودە بووی بە شەڕی فەرسایشی شتەکانی وەک دەست پێشخەری یان ڕوحیە بە گرنگ بزانێ ئەوە بەکاریان دەهێنێ بۆ ئەوەی باشتر لە شەڕی فەرسایشی شەڕ بکات. ئەگەر ئەم شەڕکەرە شتێک لەبارەی مانۆڕەوە بزانێ، هێشتا بە ڕێگایەک بۆ هەڵگیرسانی شەڕ لەبەرچاو دەگرێ. بە واتایەکی دیکە، هەموو شتێک بۆ شەڕێکی تەواو بەکار دێنێ، بەڵام لە لایەکی دیکەوە لایەنگرانی شەڕی مانۆڕ هەوڵ دەدەن بە ڕێگەیەکی دیکەدا بێجگە لە سابووتاژی فیزیکی دوژمن تێک بشکێنن. لە ڕاستیدا باشترین و بەرزترین کەڵک وەرگرتن لە شەڕی مانۆڕ، چەک کردنی دوژمن پێش شەڕە. ئەگەر ئەوە نەکرا، شەڕکەری مانۆڕ هەوڵدەدا پێگەی دوژمن بە ئارەزووی خۆی بگۆڕێ، بۆ نموونە لە خاڵێکی چارەنووسساز و گرنگەوە بیگوازێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە، دواتر هەوڵدەدا ناوەندی قورسایی ئەو لە ڕێگای لەسەرتری خاڵە بەهێزەکانی بەسەر لاوازییەکانی دوژمن بێ کەڵک بکا. هنر مانور، رابرت آر، لیئنهارد. ١٩٩١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناپلیۆن یەک بگرنەوە بەڕێ کرد. جووڵەی یەکەمی ئیدوارد لەباواریا و حەرەکەتی دواتری لە بڵاو پێکردنی سوپاکەی و ناردنی بەشێکی ئەوانە بۆ ئیتالیا، داخوازی ناپلیۆن بوو کە ئوتریشییەکانی گێژ کرد. ئەگەر سوپای ئوتریش لە ڕاینەوە بەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێ کرابایە مەودایەکی زۆری بۆ پشتیوانی لە سوپای ئوتریش لە باکووری ئیتالیا هەبوو.

ناپلیۆن کاتێک کە لە ئالپ هێزەکانی خۆی چڕ کردەوە ئەوانی لەگەڵ هێزەکانی کە لەژێر فەرماندەهی ئاندرێ ماسێنا کە لە باکووری ئیتالیا جێگیر بوون یەکانگیر کرد، پاشان زۆربەی سوپاکەی بەرەو شاری ئێسترادلا وەجووڵە خست و بەو کارەی پێوەندی نێوان ملاس لە باکووری ئیتالیا و فەرماندەکانی ئوتریشی پچراند. ئێستا کە قشوونی ملاس گۆشەگیر بووە سوپای فەڕانسە لەوان نزیک بووەوە و ناپلیۆن بژاردەی باشی بۆ گەمارۆدان و وێرانکردنی ئەوان بەدەستەوە بوو. هەروەک لوئیس بڕۆنێ ئاشکرای کردبوو، ناپلیۆن لەژووری کارەکەی لەسەر نەقشەیەکی گەورە درێژ ببوو دەرزییەکی کە بە دەستییەوە بوو لە دەوروبەری شاری مارێنگۆی دەدا و پێی دەگوت: "لێرە لەگەڵ ئەو شەڕ دەکەین."

چەند حەوتوو دواتر کاتیک ناپلیۆن دەست بە جێگیرکردنی هێزەکانی دەکا هەواڵی ناخۆشی پێ دەگا: ملاس بە هێرش‌کردن بۆ سەر سوپای ئاندرێ ماسێنا لە باکووری ئیتالیا زەربەیەکی قورسی لێداوە. ماسێنا ناچار بووە بەرەو جێنوا بگەڕێتەوە کە لەوێ ئوتریشییەکان بە خێرایی ئەو گەمارۆ دەدەن. ئێستا مەترسی زۆر گەورە بۆتەوە: ئەگەر ماسێنا تەسلیم بێ ئوتریشییەکان بۆ باشووری فەڕانسە دەچن. لەگەڵ ئەوەی ناپلیۆن بۆ هێرش‌کردن بۆ سەر ملاس لەسەر سوپای ماسێنا حیسابی تایبەتی کردبوو هەواڵەکان بە ئارامی گوێبیست دەبێ، پاشان لە گەڵاڵەی خۆی ئاڵوگۆڕێک پێک دێنێ ئەو هێزێکی زیاتر بۆ سویس دەنێرێ و پیامێک بۆ ماسێنا دەنێرێ کە هەرچی پێویستە جێبەجێی بکا کە لانی کەم هەشت حەوتوو ملاس بە خۆیەوە سەرقاڵ و سەرگەرم بکا تا ناپلیۆن بچێتە ئیتالیا.

لە ماوەی هەفتەی دواتردا هەواڵێکی خراپتر بە ناپلیۆن گەیشت. دوای ئەوەی ژان مۆرۆ سوپای ئوتریشی لە ڕووباری ڕاین دوورخستەوە، لەبری ئەو سوپایەی کە ناپلیۆن داوای کردبوو ئەو هێزێکی کەم ئەزموون و کەمتری بۆ ئیتالیا نارد بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ناپلیۆنەوە بکەن. لەو کاتەدا سوپای فەڕانسە لە سویسەوە دەستی بە ئەرکە مەترسیدارەکەی کردبوو کە بریتی بوو پەڕینەوە لە بەرزاییەکانی ئالپ و ناپلیۆن هیچ بژاردەیەکی بێجگە لە قەبووڵکردنی هێزێکی کەم و بێ ئەزموونی ژان مۆرۆ نەبوو.

ناپلیۆن تا ٢٤ی مای [٤ی جۆزەردان] سوپاکەی بە سەلامەتی گەیاندە نێو ئیتالیا. ملاس کە لەگەڵ گەمارۆدانی جێنوادا خەریک بوو و بەو ڕاپۆرتانەی کە سوپای فەڕانسەی بەرەو باکوور جووڵاوە سەرنجی نەدا و پشتگوێی خست. دواتر ناپلیۆن بۆ میلان لە نزیک ئێسترادلا پێشڕەوی کرد و هەروەک گەڵالەی دارشتبوو لەوێ پێوەندییەکانی ئوتریشی پچڕاند. ئێستا وەک پشیلەیەک کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوەڕێی مشکێکی گیر خواردووە، چاوەڕێی ئەوە بوو بزانێ کەی ملاس دەرک بەو تەڵەیە دەکا کە ناپلیۆن بۆی داناوە و چۆن خۆی لێ ڕزگار دەکات.

لە ٨ی ژوئیەدا [١٩ی جۆزەردان] هەواڵێکی خراپتر بە ناپلیۆن گەیشت: ماسێنا دوو هەفتە پێشتر لەوەی دیاری کرابوو خۆی ڕادەست کردبوو. ئێستا ناپلیۆن هێزی کەمتری هەبوو و ملاس لە جێنوا بنکەیەکی بەهێزی بە دەستەوە بوو. ئەو لەشکرکێشیە هەر لەسەرەتاوە ڕووبەڕووی چەندین ڕووداو و هەڵە بووەتەوە: هێرشی ناوەختی ئوتریشییەکان، پاشەکشەی ماسێنا بۆ تەڵەی جێنوا، نافەرمانی ژان مۆرۆ بە دەستوورەکان و ئێستاش بڕیاری خۆبەدەستەوەدانی ماسێنای پێوە زیاد بوو. فەرماندەکانی ناپلیۆن زۆر نارەحەت بوون بەڵام ناپلیۆن هێمنی و ئارامی خۆی پاراست و دیار بوو بەو گۆڕانکاریانە دڵخۆش بوو. لەو ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەدا دەرفەتی وای دەبینی کە ئەوانی دیکە نەیاندەتوانی ببینن. ئەو باشترین دەرفەتی بە لەدەستدانی جێنوا دەزانی. بۆیە بەخێرایی گەڵاڵەکەی گۆڕی و لەبری ئەوەی لە میلان چاوەڕێی ملاس بکا سوپاکەی ڕەوانەی ڕۆژاوا کرد.

ناپلیۆن کە نێچیرەکەی لە نزیکەوە بینی هەستی کرد کە ملاس بەهۆی جووڵەی چاوەڕواننەکراو سوپای فەڕانسە سەری لێ شێواوە و ئەوەش دەیتوانی گومانێکی مەرگهێنەر بۆ ئەو بێ. ناپلیۆن لەشکرێکی بەرەو ڕۆژاوا واتە مارێنگۆ نزیک بە ئوتریشییەکانی جێنوا ڕەوانە کرد تاکوو هێرشیان بۆ بکەن. لە ناکاو بەیانی ١٤ی ژوئن [٢٥ی جۆزەردان] ئەوە ناپلیۆن بوو کە خۆی بوو بە نێچیر و لە داوەکە نزیک دەبووەوە. ئەو چاوەڕوان نەبوو تا چەند ڕۆژی دیکە ئوتریشییەکان هێرشی بۆ بکەن، ئێستا لەشکرەکانی دوور بوون و نەیاندەتوانی پشتیوانی لێ بکەن. ڕادەی هێزەکانی ئوتریشی لە مارێنگۆ دوو بەرابەری هێزی ناپلیۆن بوون ئەو بە خێرایی پەیامی بۆ چەند لایەک ڕەوانە کرد تا هێزی یارمەتیدەر بگەنێ، پاشان دوو جار بۆ گۆڕەپانی شەڕ گەڕایەوە و هیوادار بوو بتوانێ هێزەکانی خۆی هەماهەنگ ڕاگرێ بەڵکوو یارمەتی لە ڕێگایە بگاتێ.

چەندین سەعات بێ ئەوەی هێزی یارمەتیدەر بگاتێ تێپەڕی. هێڵی ناپلیۆن سات لەگەڵ سات تەسکتر دەبووەوە، لە سەعاتی ٣ی دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ئەو هێڵە شکستی خوارد و ئوتریشییەکان توانیان فەڕانسەوییەکان وادار بە پاشەکشە بکەن. ئەوە ئاخرین نەهامەتی لەشکرکێشی ناپلیۆن بوو، ئێستا کاتی دروشانەوەی ناوبراو هاتبوو. وەک ئەوەی ئیلهامێکی لەو شێوازە وەرگرتبێ کە ئوتریشیەکان بۆ پاشەکشەی فەڕانسە بۆ دواوە بەکاریان هێناوە دەرکی بە نەبوونی یەکگرتوویی و سەرلێشێواوی ئوتریشییەکان کرد و پاشان لەنێو هێزەکانیدا هاتوچۆی کرد و هەوڵیدا بۆ دژەهێرش ئامادەیان بکا و بەڵێنی پێدابوون کە هێزی یارمەتیدەر بە خێرایی دەگاتێ و بێگومان ڕاستی دەکرد. لەشکرەکانی فەڕانسە لەهەموو لایەکەوە هاتبوون. ئوتریشییەکان کە نەزم و هەماهەنگی خۆیان لەدەست دابوو مات و حەپەساو نەیاندەزانی چۆن لەو هەلومەرجەدا لەگەڵ هێزی تازەی دوژمن شەڕ بکەن. ئوتریشیەکان وەستابوون، بوار بۆ دژەهێرشی سازماندەهیکراو لە لایەن فەڕانسەوییەکانەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئامادە بوو، سەعات ٩ی شەو فەڕانسە ئەوانی تەفروتوونا کرد.

هەروەک ناپلیۆن بە دەرزی لەسەر نەخشەی دەکوتا و پێش‌بینی کردبوو، لە مارێنگۆ چاوی بە دوژمن کەوت و هەر لەوێ شکستی دا. چەند مانگ دواتر پەیمان‌نامەیەک واژۆ کرا کە لەو دا فەڕانسە بە ئاشتییەک دەگا کە لەڕاستی‌دا پێویستی بوو، ئاشتییەک کە چوار ساڵ درێژەی هەبوو.[١]

**لێکدانەوە**

وا دیارە کە سەرکەوتنی ناپلیۆن لە مارێنگۆ تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای (حس شهودی) ئینتێزی و ڕەنگە بەهۆی شانسەوە بووبێت. بەڵام ئەوە بە هیچ شێوەیەک وا نییە. ناپلیۆن پێی وابوو کە ستراتیژیستێکی باڵا دەتوانێ بەختی خۆی لە ڕێگەی حیساب کردن، پلاندانانی ورد، پێش‌بینی ڕووداوی چاوەڕوان‌نەکراو لە هەلومەرجێکی دینامیکی‌دا دیاری بکات. لەبری ئەوەی ناپلیۆن ڕێگە بدا بەدشانسی دەستوپێی ببەستێ جێگەیەکی بۆ نەهامەتی هێشتبووەوە و ئەو شتەی خستە نێو گەڵاڵەکانییەوە. کاتێک زانی کە ماسێنا بە ناچاری گەڕاوەتەوە جێنوا، باوەڕی وابوو کە شەڕ لە شاری ملاس لە دۆخێکی ئیستاتیک‌دا گیر دەکا و ئەوەش کاتێکی لەبار بۆ ناپلیۆن پێکهات کە هێزەکانی بگوازێتەوە. کاتێک ژان مۆرۆ هێزێکی بچووکی بۆ نارد ناپلیۆن لە ڕێگەی تەسکتر و داخراوتری بەرزاییەکانی ئاڵپەوە جووڵەی پێکردن بۆ ئەوەی ئوتریشییەکان کە دەیانویست ژمارەی هێزەکانی ناپلیۆن بزانن بێ ئاگا بمێننەوە. کاتێک ماسێنا بە پێچەوانەی ناپلیۆن خۆی تەسلیم کرد، ناپلیۆن بەو ئاکامە گەیشت کە ئێستا ئاسانتر دەتوانێ بۆ ملاس چەشتە دانێ تا بۆ لەشکرەکانی ناپلیۆن هێرش بکەن. ناپلیۆن لە مارێنگۆ بە باشی دەیزانی کە یەکەم هێزی یارمەتیدەر دوای سەعات ٣ی پاش‌نیوەڕۆ دەگەنێ. بەڵام پێی وابوو هەرچەندی ئوتریشییەکان بە شێوەیەکی بێ‌نەزمی بەدوای فەڕانسەوییەکان‌دا بگەڕێن، دژەهێرش وێرانکەرتر دەبێ.

توانای ناپلیۆن بۆ خۆگونجاندن و مانۆڕلێدان بە شێوازی داهێنەرانەی پلان دانانەکەیەوە وابستە بود. سەرەتا ئەو چەند ڕۆژێکی بۆ لێکۆڵینەوە لە نەخشەکان و بەکارهێنانیان بۆ شیکردنەوەی وردەکارییەکانی دانا. بۆ نموونە پێی وابوو دانانی هێزەکانی لە ئێسترادلا کارەساتێک بۆ ئوتریشییەکان دروست دەکا و بژاردەی زۆری بۆ وێران‌کردنی ئەوان پێ دەبەخشێ. پاشان بیری لە ڕووداوی چاوەڕوان‌نەکراو کردەوە: ئەگەر دوژمن فلان کار بکا، من چۆنی وەڵام بدەمەوە؟ ئەگەر بەشێک لە فلان بەرنامە ئەنجام نەدرێ، چۆن دەتوانم ئەو بۆشاییە پڕ بکەمەوە؟ پلانەکە ئەوەندە بێ‌گیر و یەکگرتوو بوو ئەوەندە بژاردەی پێ دەبەخشی، کە دەیتوانی بە شێوەیەکی بێ‌سنوور لەگەڵ هەر هەلومەرجێک‌دا کە پەرەی ئەستاندبێ بیگونجێنێ و بە ئامانجی خۆی بگا. ئەو لەسەر ڕێگای چەندین

---

١. لێهاتوویی لە مانۆڕدا کارامەیی باڵای ژێنراڵێکە. ئەوە دەگمەنترین و گونجاوترین دیارییە کە بە نابغەی ژێنراڵ یان شەڕکەرێک دەپێورێ. ناپلئون بناپارت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەربەستی بەدی دەکرد و بۆ هەرکامیان وەڵامی هەبوو. گەڵاڵەکەی پێکهاتوو لە وردەکاری و ڕەوانی و خێرایی بوو، کاتێک تووشی هەڵە دەبوو، خۆگونجانی خێرایی ئیزنی بە ئوتریشییەکان نەدەدا کە کەڵك لە هەڵەکانی ئەمان وەربگرن و پێش ئەوەی ئوتریشیەکان بڕیار بدەن چ کارێک بکەن ناپلیۆن ئاڵوگۆڕی لە هەڵوێستی خۆیدا پێک هێنابوو، ئازادی کردەوە فاکتەرێک بوو کە لە تەواوی بەرنامەڕێژیەکانیدا دەبینران.

**لەبیرت بێ:** لە ژیاندا هەر وەک مەیدانی شەڕ، هیچ شتێک هەرگیز بەو شێوەیە ڕوونادا کە چاوەڕێی دەکەن. کاردانەوەی خەڵک جیاوازە و هێندێک جار سەرلێشێواو و سەیرە. بەڵێنی کارمەند یان هاوکارەکانی ئێوە هەمیشە لەگەڵ ڕەفتاری گەمژەیی تێکەڵاوە. ئەگەر پلانێکی تۆکمە و سەرسەختانە بۆ ژیانت دابنێی، ئەگەر بەشێوازێکی ئیستاتیک و ناتەبایی بیر بکەنەوە، ئەگەر بۆ کۆنترۆڵکردنی هەر هەلومەرجێک پشت بە تێکنۆلۆژی ڕۆژ ببەستن، مەحکوم بە شکست دەبن. گۆڕانکاری ڕووداوەکان خێراتر لەوەیە کە من و تۆ چاوەڕێی دەکەین، کاتێک ناتوانن لەگەڵیان بگونجێن ئاژاوە و بێنەزمی سیستمی ئێوە لە نێو دەبات.[١]

لە جیهانی ئاڵۆزدا، میتۆدی پلانەکانی ناپلیۆن و مانۆڕەکانی تەنیا چارەسەری لۆژیکین. پێویستە تا ئەو جێگەی دەتوانن زانیاری کۆ بکەنەوە. زۆر بە قووڵی هەلومەرج شی بکەنەوە و هەوڵ بدەن کاردانەوە و ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکانی لایەنی بەرامبەر پێشبینی بکەن. لەبری ئەوەی لە ئامار و ژمارە لێکدانەوەکان گیر بخۆن، هەوڵبدە لە عەقڵی شیکاریی خۆتان بۆ کێشانی پلانێکی ئازاد و هەنووکەیی بە چەند لقێکەوە بەکار بێنن. پلانێک دابنێن کە ڕێگەت پێ دەدا مانۆڕ لێدەن و بجووڵێن. دەبێ هەموو شتێک بە نەرم و نیان بپارێزن. هەر ئاژاوەیەک کە لەسەر ڕێگات بێ دەبێ فڕێی بدەیە نێو کەناڵی دوژمن. ئەگەر شێوازی ناپلیۆن بۆ بەرنامەڕێژیی ژیان بەکار دەبەن بەو قسەی ناپلیۆن دەگەن کە دەڵێ: *"بەخت شتێکە کە تۆ دروستی دەکەی."*[٢]

٢- کاتێک کۆماریخوازان شوڕای خۆیان بۆ دیاریکردنی کاندیدی سەرکۆمار لەساڵی ١٩٣٦ دیاری

---

١. ئێستا مەیلی هێز سوپا وەک ئاو وایە. جووڵەی ئاو بۆ سەرەوە نارِوا، بەڵکوو مەیلی بەرەو خوارەوە هەیە دوور ئاوەکە بە ڕەوتی خۆی بەپێی زەوی کە پێدا دەڕوا ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە، سوپاش بە پێی دوژمن سەرکەوتنی خۆی کۆنترۆڵ دەکا. بەم شێوەیە سوپا هیچ پێکهاتەیەکی بەردەوام ستراتیژیکی دەسەڵات (شیە) ناپارێزێ، ئاویش هیچ شێوەیەکی جێگیری نییە. کەسێک کە بتوانێت لەسەر بنەمای دوژمن هەڵوێست و ستراتیژی خۆی بگۆڕێ، بە ژێر دادەنرێت. هونەری جەنگ، سون تێزۆ، سەدەی چوارەمی پێش زایین

٢. قامیش و زەیتوون. قامیش و دارزەیتوون لە بەرگەگرتنی خۆڕاگری خۆیاندا پێکەوە گفتوگۆیان دەکرد. زەیتون گاڵتە بە قامیش دەکا کە لە بەرامبەر بادا بێ دەسەڵاتە و لێرە و لەوێ ڕادەکێشرێ. قامیش بێدەنگ بوو و یەک وشەی نەگوت. دوای ماوەیەک با بە توندی هەڵی کرد. قامیش دەلەرزی و نووشتاوە و بە ئاسانی لە با ڕزگاری بوو، بەڵام دار زەیتونەکە بەرەنگاری با بووەوە و بەهۆی بەهێزی باوە شکا. ئەم چیرۆکە نیشان دەدا کە ئەو کەسانەی خۆیان لەگەڵ هەلومەرج و دەسەڵاتی باڵاتردا دەگونجێنن، بەهێزتر لە ڕەقیبە بەهێزترەکانی خۆیان دەزانن. افسانەها، ازوپ، قرب ششم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد و هۆکاریان بۆ هیواداری هەبوو. سەرۆک کۆماری ئەوکاتی دێموکراتەکان فرانکلێن دی ڕوزوێلت زۆر خۆشەویست بوو، بەڵام ئەمریکا لە داتەپینی ئابوری ژیانی تێپەڕ دەکرد، نرخی بێکاری لەسەرێ بوو، کەمی بودجە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبوو و زۆریەک لە بەرنامەکانی نیودیل ڕوزوێلت لەگەڵ ناکارامەیی ڕووبەڕوو دەبووەوە. هیوادارترین شت ئەوە بوو کە زۆرێک لە ئەمریکاییەکان کە ڕۆزوێلت‌یان خۆش‌دەویست ئێستا ڕقیان لێی بوو و بە دیکتاتۆر و بێ متمانە و سۆسیالیست و تەنانەت دژە ئەمریکایی‌شیان دەزانی.

ئێستا ڕۆزوێلت لاواز بوو و کۆمارییەکانیش داماو بوون، نەیاندەزانی سەردەکەون یان نا. هەر لەبەر ئەو هۆکارە بڕیاریان دا توندوتیژییەکانیان کەم بکەنەوە و خۆیان لەگەڵ بەها نەریتییەکانی خەڵکی ئەمریکادا هاوتەریب بکەن. ئەوان بانگەوازی ئەوەیان دەکرد کە پشتگیری لە ڕوحی بەرنامە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نیودیل دەکەن، بەڵام لە ئەو پیاوەی کە لە پشت ئەو بەرنامەدایە، واتە ڕۆزوێلت بێزارن. ئەوان سوێندیان خوارد کە چاکسازیی پێویست بە شێوەیەکی کاراتر لەوەی ڕۆزوێلت کردبووی جێبەجێ بکەن. بە جەختکردنەوە لەسەر یەکێتی حیزبی، ئالێف لاندێن، پارێزگای کانزاس یان وەک کاندیدی سەرۆک کۆماری خۆیان دیاری کرد. ئالێف لاندێن کەسێکی میانەڕەو بوو، وتارەکانی بێزارکەر نەبوون و هەڵبژاردەیەکی تۆکمەی چینی نێوەڕاست بوو و پێدەچوو قەبووڵیان بێ. کۆمارییەکان کاتێکی تەواویان بۆ ڕیکلام و بانگەشە بۆ کاندیدی توندڕەو نەبوو. لاندێن لە زۆربەی بەرنامەکانی نیودیلی پشتگیری دەکرد ئەوەش باش بوو چونکە نیودیل لەنێو خەڵکدا خۆشەویست و جێگەی پەسەند بوو. کۆمارییەکان لاندێن‌یان هەڵبژارد چونکە بە باشترین شانسی شکست‌دانی ڕۆزوێلت‌یان دەزانی و ئەوە تەنیا پرسێک بوو کە بۆ ئەوان گرنگ بوو.

لە کاتی ڕێوڕەسمی کاندید کردندا، لاندێن باسی بەرنامە و سیاسەتە تایبەتەکانی خۆی نەکرد بەڵکوو باسی خۆی و بەها ئەمریکاییەکانی دەکرد. کۆمارییەکان چاوەڕێی ئەوە بوون ڕۆزوێلت حەرەکەتی خۆی ئەنجام بدا. بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرا ئەو خۆی لە هەراوهوریا دوور ڕاگرت و ئامادەبوونی خۆی لەبەرچاوی گشتیدا بە کەمترین ئاست گەیاند، هەروەها باسی پرسە گشتیەکانی دەکرد و تێڕوانینی هیواخوازانەی خۆی بۆ هەلومەرجەکە پاراست. دوای کۆنفرانسی دێموکڕاتەکان، ڕۆزوێلت گەشتێکی دوور و درێژی کرد و کەشی بۆ کۆمارییەکان کە خوشحاڵ بوون بە کراوەیی هێشتەوە: ئەوان لاندێن‌یان بۆ گەشتی بانگەشەی هەڵبژاردن نارد و ئەویش وتارەکانی سەبارەت بەوەی کە چۆن چاکسازی بە شێوەیەکی لۆژیکی و پراکتیکی ئەنجام دەدا، قسەی دەکرد. جیاوازی ڕۆزوێلت و لاندێن یەکێکیان لە خوێن‌گەرمی و ئەوی دیکەیان لە کەسایەتیی ئەواندا بوو. وا دیار بوو ئەم جیاوازییە کەم نییە و لاندێن لە هەڵبژاردنەکاندا گۆیا پێش دەکەوێ.

کۆمارییەکان کە هەڵبژاردنیان نزیک دەبینی هەستیان بەوە کرد کە نابێ گەورەترین شانسی خۆیان لەدەست بدەن، هێرشەکانی خۆیان پەرە پێدا و ڕۆزوێلت‌یان بە شەڕی چینایەتی تۆمەتبار کرد و

هەوڵیان دا کەسایەتی ئەو خەوشدار بکەن. ڕۆژنامە دەوڵەتییەکان دژی ڕۆزوێڵت کۆمەڵێک وتاریان بڵاو کردەوە و ڕاستەوخۆ تەوهینیان پێ دەکرد. ڕەخنە لە ڕۆزوێڵت زیاتر بوو و زۆرێک لە لایەنگرانی ڕۆزوێڵت لەو هەڵوێستە هەراسان بوون. ڕاپرسییەک پێش هەڵبژاردنی سەرەکی دەریخست کە لاندێن زۆر لە پێش ڕۆزوێڵتەوەیە.

ڕۆزوێڵت تا مانگی سپتامبر، [خەرمانان] واتە نزیکەی شەش هەفتە پێش هەڵبژاردنی سەرەکی هیچ بانگەشەیەکی دەست پێ نەکرد، بەڵام هەر کە دەستی بە چالاکییەکانی کرد بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا ئەو کەش‌وهەوای بێ لایەنانەی لەبیر کرد کە تا ئەو کاتە پارێزگاری لێ کردبوو. ئەو وەک مخالیفی سەرسەختی ئالیف لاندێن خۆی نیشاندا و دژایەتی قووڵی لەگەڵ لاندێن هەبوو. بە گاڵتەکردن بە هەموو وتارەکانی لاندێن کە پشتگیری لە بەرنامەکانی نیودیل دەکرد، بەو پێیەی لاندێن ئیدیعای کردبوو کە هەموو ئەو بەرنامانە باشتر لە ڕۆزوێڵت جێبەجێ دەکات. خۆی بە سەرسامی نیشان دا و ئەو پرسیارەی زەق کردەوە کە بۆچی دەنگ بە پیاوێک دەدەن کە خاوەنی بیرۆکە و ڕێبازی منە، بەڵام هیچ ئەزموونێکی لە جێبەجێ کردنیدا نییە؟ لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژەکاندا دەنگی ڕۆزوێڵت بەرزتر و بەرزتر دەبووەوە، جووڵەکانی پڕ وزەتر و زوڵاڵی قسەکانی حەماسی‌تر دەبوون: وەک ڕزگاردەرێک ڕەفتاری دەکرد کە ڕووبەڕووی دوژمنێک دەبێتەوە کە تەنیا بیر لە قازانجە ئابوورییەکانی خۆی دەکاتەوە و دەیهەوێ وڵات بۆ سەردەمی "باڕۆنە" تاڵان‌چی و پاوانخوازەکان بگێڕیتەوە.

کۆماریخوازەکان بە ترسەوە چاودێری خەڵکیان دەکرد کە ئامادەی وتارەکانی ڕۆزوێڵت بوون. هەموو ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەک لە بەرنامەکانی نیودیل هاوکارییان کردبوو، بە ڕیزی دە هەزار کەسی بە جۆرێک وەڵامی ڕۆزوێڵت‌یان دەدایەوە وەک ئەوەی قسەکانی دەستووراتی ئایینی و پیرۆز بێ. لە یەکێک لە وتارە تایبەتەکانی خۆیدا ئاماژەی بە بەرژەوەندییە داراییەکانی ئەو کەسانە کرد کە لە دژی بەرەیان دروست کردبوو، گوتی: "لە مێژووی ئێمەدا هیچ کاتێک پێشینەی نەبووە هێزێک بەو هاوپەیمانی و یەکیەتییەوە دژی کاندیدێکی سەرۆکایەتی ئەمریکا بێتەوە. ئەوان یەک شتیان هاوبەشە و ئەویش بێزاری لەمنە، دەبێ بڵێم دڵخۆشم کە زۆر حەزیان لێم نییە، چونکە سوورتر و پێداگرترم دەکا لە خولی دووهەمی سەرۆک کۆماری‌دا زیاتر سەرنجم لەسەر ئامانجەکانم بێ."

لاندێن کە ئاگاداری گۆڕانکاری ئەوتۆ لە شەپۆلی هەڵبژاردنەکاندا بوو، بە هێرشی توند و تیژترەوە خۆی نیشان دا و هەوڵیدا خۆی لە نیودیلی جیا بکاتەوە کە پێشتر بەڵێنی دابوو پشتیوانی لێ بکا، بەڵام هەموو ئەمانە ئەویان زیاتر نوقمی قووڵایی چاڵی تاریکەسەلات کرد. ئەو زۆر درەنگ ڕێبازەکەی گۆڕی.

ڕۆزوێڵت لە هەڵبژاردنەکانی ئەو سەردەم و مێژووی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا شاکارێکی دروست کرد و لە نەیارەکەی بردەوە. ئەو لە هەموو ئەیالەتەکاندا سەرکەوتوو بوو بێجگە لە دوو ئەیالەت و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورسی کۆمارییەکانیش بۆ شازادە کورسی لە ئەنجومەنی پیران کەم بووەوە. ئەوەی لەو سەرکەوتنەدا لە ژمارەی دەنگەکانی سەرنج ڕاکێش‌تر بوو ئەو خێراییە بوو کە چۆن شەپۆلی دەنگەکانی لە بەرژەوەندی خۆی گۆڕی.

**لێکدانەوە**

لەکاتێکدا ڕۆزوێڵت هەمیشە بە دواداچوونی بۆ کۆبوونەوەکانی کۆمارییەکان دەکرد، ئەو هێڵەی ناسییەوە کە بەدرێژایی چەند مانگێک پێیدا هاتبووە، هێڵێکی میانەڕەوە کە زۆر جەختی لەسەر بەها و کەسایەتییەکان بوو نەک سیاسەتدا. ئێستا دەیتوانی بەجێ‌هێشتنی گۆڕەپانەکە تەڵەیەکیان بۆ دابنێ. لە ماوەی هەفتەکانی دواتردا ئالێف لاندێن بۆچوونی میانەڕەوی خۆی لە مێشکی خەڵکدا جێگیر کرد و زیاتر خۆی لەو پێگەیەدا سەلماند، لە هەمانکاتدا کۆمارییە ڕاستڕەوەکان بە قسەی توند و قسەی ناشیرین هێرشیان بۆ سەر سەرۆک کۆماری ئەوکاتە دەکرد. ڕۆزوێڵت دەیزانی کاتێک دێ کە دەنگەکانی لاندێن دەگاتە لووتکە. بە دڵنیاییەوە خەڵک لەژێر کاریگەری قسە شیرینەکانی و هێرشە توندەکانی ڕاستڕەوەکان‌دا بوون.

ڕۆزوێڵت کە هەستی دەکرد ئەو ساتانە لە کۆتایی مانگی سێپتامبردا [خەرمانان] دێن، بۆیە گەڕایەوە بۆ گۆڕەپانەکە و خۆی وەک نەیارێکی سەرسەخت و چەپ‌گرای ئالێف لاندێن ناساند. ئەو هەڵبژاردنە ستراتیژیی بوو نەک ئیدئۆلۆژی. ئەو بژاردەیە یارمەتی دا کە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان خۆی و لاندێن دروست بکا. لە سەردەمی قەیرانەکانی وەک دابەزینی ئابووریدا باشترین شت ئەوە بوو کە ڕۆزوێڵت بەهێز و پتەو بۆ مەبەستێکی بەهێز، یانی خەبات لە گەڵ دوژمنێک دەربکەوێ. هێرشی ڕاستگەراکان دوژمنی بۆ ئاشکرا کرد و ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بۆچوونی میانەڕەوی لاندێن بووە هۆی ئەوە ڕۆزوێڵت زۆر بەهێز دەربکەوێ. ئەو لە هەر حاڵەتێکدا سەردەکەوت.[١]

ئێستا لاندێن ڕوو بەڕووی بەڵایەک بووەتەوە. ئەگەر سەرنجڕاکێشی نەرم‌ئاژۆیی و نێوەندگەریەتی

---

١. بێگومان ئەو سادەییە جوانی بزووتنەوەی ستراتیژی لە ڕادەبەدەر فریودەرە. ئەرکی هەماهەنگی و ڕێک‌وپێک‌کردنی جووڵەی ڕۆژانەی دەیان یان پێکهاتەی زیاتر کە هەریەکەیان بە ئاراستەی جیاوازدا دەجووڵێن، هەروەها دڵنیابوون لەوەی کە هەر پێکهاتەیەک مەودای گونجاوی لەگەڵ پێکهاتەکەی دیکەدا هەیە، لە هەمانکاتدا پاراستنی سیمای سوپای شێواو و داڕماو بۆ فریودانی دوژمن بە گرنگیدان بە پێگەی ئەو، پێویستی بە عەقڵێکی بیرکاریزان هەیە. مرۆڤی خاوەن دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نابغەیە کە توانای بێ سنووری هەیە بۆ ئازار دیتن و ڕاستگۆ بوون. ئامانجی کۆتایی هەموو ئەم چالاکییە کە بە وردی لەبەرچاو گیراوە، بەرهەمهێنانی زۆرترین ژمارەی ئەفراد بوو لە بەرەکانی شەڕدا، کە ئەو چەند مانگێک پێش ڕووداوە ڕاستەقینەکە هەڵبژێردرابوون. دیپلۆماتکار لویس ئەنتۆنی لە تێبینی بابەتییەکانی خۆیەوە دەڵێ: کە ناپلیۆن یەکەم کونسول بووە و لە سەرەتای لەشکرکێشی لە ئیتالیا بووە. ڕوونی دەکاتەوە کە لە کاتی درێژبوونی لەسەر زەوی، دەرزی ڕەنگاوڕەنگی لە نەخشەکەیدا چەقاند و گوتی: "دەبێ لەو خاڵەدا واتە دەشتی "ئیسکریویا" شەڕی لەگەڵ بکەم،" ئەو بە متمانەوە قسەی دەکرد، وەک ئەوەی زەینی ژمێریاری وەک کۆمپیوتێر کار بکا. لەبارەی هەموو شتێکەوە هەواڵی دەزانی. بناپارت دوای ئەوەی هەموو کردەوەیەکی ئەگەری مەلاسی ئوتریشی لەبەرچاو گرت، یەک بە یەک لەکاری خستن و تەنانەت شوێنی بۆ ڕووداوی هەڕەمەکی و چاوەڕوانەنەکراو هێشتەوە. لشکرکشی‌های ناپلئون، دیوید جی. چاندلر. ١٩٦٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەپاراست، خەڵکماندوو دەبوون و لاواز دەردەکەوت. ئەگەر بۆ لای ڕاستییەکانەوە دەچوو کە بێگومان لە نیهایەت‌دا هەمان هەڵوێستی گرت بە کەسێکی ناسەقامگیر و حزبێکی با، ناویان دەبرد. ئەوە شەڕێکی ڕزمایشی ورد بوو: سەرەتا هەڵوێستی بەهێزت هەبێ بۆ ئەوەی بژاردەی کراوە و شوێنی بۆ مانۆڕلێدان هەبێ، دواتر بە دوژمنەکانت ڕێگا بدەن مەسیری ئێوە ببینن. کاتێک خۆیان بە هەڵوێستێکی دیاری کراو تەرخان کرد ئیزن بدەن با پێوەی پابەند بن و ڕای بگەیەنن. ئێستا کە لە شوێنی خۆیان جێگیر بوون ئەوان بەرەو شوێنێک پەلکێش بکەن کە فشاریان لەسەر دەبێ و بژاردەی خراپیان بۆ مابێتەوە. ڕۆزوێڵت بە دواخستنی ئەو مانۆڕە تا شەش هەفتەی کۆتایی هەڵبژاردن، هاوکات خۆسازانی کۆماریخوازەکانی کەم کردەوە و ئیزنی نەدا کاتێکی زۆر بۆ سەرنجیڕاکێشی خۆی لە کیس بچێ.

لە دونیای ئەمڕۆدا هەموو شتێک سیاسییە و سیاسەت هەمیشە بە مانای هەڵوێست وەرگرتنە. لە هەر شەڕێکی سیاسیدا باشترین ڕێگە بۆ سەلماندنی پێگەی خۆتان ئەوەیە کە جیاوازییەکی تەواو لەگەڵ لایەنی بەرامبەر هەبێ. ئەگەر تۆ دەتهەوێ بۆ نیشان‌دانی ئەو ناکۆکییە قسە بکەی ئەوە پێتان لە شوێنێکی خز و لووس داناوە: خەڵک متمانەیان بە قسە نییە. پێداگری لەسەر ئەوەی کە تۆ بەهێزی یان لێهاتووی لە ڕوانگەی کەسانی دیکەوە بە جۆرێک لە تەبلیغ و پڕوپاگەندە دادەنرێ. لەبری ئەو کارە ڕێگە بدەن لایەنی بەرامبەر قسەی خۆی بکا و یەکەمین هەنگاوە ئەنجام بدا. کاتێک هەڵوێستی خۆیان بۆ خەڵک ڕوون کردەوە وەک میوەی پێگەیشتوو دەبن و بە ئاسانی هەڵدەگیرێنەوە. ئێستا دەتوانی بە ڕەخنەگرتن لە قسەکانیان بە کەسانی دیکە بڵێی کە هەڵوێست و ڕەفتار و ڕەوشتی تۆ لە هەڵوێستی ئەوان جیاوازە. ئەو جیاوازییە تا دەتوانن ڕوون بکەنەوە. ئەگەر ئەوان پەنایان بۆ هەڵوێستێکی توندڕەوانە برد لەگەڵیان بە زمانێکی میانەڕەوی دژکردەوەت نەبێ، میانەڕەوی‌بوون هەمیشە نیشانەی لاوازییە. ئەوانە تۆمەتبار بکەن کە هەوڵی دروست‌کردنی ناسەقامگیری دەدەن و وەک دەسەڵاتخواز نیشانیان بدەن. ئەگەر دوای هێرشەکانی ئێوە هەوڵی پاشەکشەیان دا وەک کەسانی حیزبی با، وەسفیان بکە کە هەر ڕۆژێ بە پێی بەرژەوەندییەکانیان ڕەنگیان دەگۆڕێ.

ئەو ستراتیژییە دەتوانی لە شەڕەکانی ڕۆژانەشدا بەکاری بێنن. سەرەتا ڕێگە بدە با ئەوانی دیکە بۆچوونی خۆیان دیاری بکەن بۆ ئەوەی بەرەو بن‌بەست ڕایانکێشن. هەرگیز بە خۆتان مەڵێن من بەهێزم، بەڵکوو ئەو بەهێزییە لە کردەوەدا بە دروستکردنی جیاوازی لەنێوان خۆتان و دژبەرانی میانەڕەو یا ناسەقامگیر نیشان بدەن.

٣- تورکەکان وەک هاوپەیمان و لایەنگری ئاڵمان هاتنە نێو شەڕی جیهانی یەکەمەوە. ئینگلستان دوژمنی سەرەکی تورکەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێگەی خۆیان لە میسر جێگیر و قایم کردبوو، بەڵام ساڵی ١٩١٧ بە بن‌بەست و ڕاوەستان گەیشتن. تورکەکان کۆنترۆڵی هێڵی ئاسنی هەزار و سەد کیلۆمیتریان وەستۆ گرت کە لە سورییەوە لە باکوور دەگەیشتە حیجاز، واتە بەشی باشووری ڕۆژاوای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەڕەبستان لە باشوور. لە ڕۆژاوای بەشی نێوەڕاستی ئەو هێڵی ئاسنە لە کەنداوی عەقەبە لە دەریای سوور بوو کە پێگەیەکی سەرەکی تورکەکان بوو، ئەوان دەیانتوانی بە خێرایی سوپاکان بەرەو باکوور و باشوور بۆ پاراستنی هێڵی ئاسن بگوازنەوە.

ئەوکات تورکەکان لە گالیپۆلی (فەسلی ٥) ئینگلیزیان تێک شکاند و پاشەکشەیان پێکردن. ئەو کارە ڕوحیەی ئەوانی بردە سەر و فەرماندەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەستیان بە ئەمنییەت دەکرد. ئینگلیزیەکان هەوڵیان دابوو ڕاپەڕینێک لە دژی تورکەکان لەنێو عەرەبەکانی حیجازدا وەڕێ بخەن، بەو هیوایەی ڕاپەڕینەکە بەرەو باکوور پەل‌وپۆ باوێ. عەڕەبەکان چەند هەڵمەتێکیان لێرە و لەوێ وەڕێ خست بەڵام زیاتر لە نێوان خۆیاندا شەڕیان بوو نەک دژی تورکەکان شەڕ بکەن. ئینگلستان تەماعی لەکەنداوی عەقەبە کردبوو بۆیە گەڵالەی داڕشت بە ناوگانی گەورە هێرشی بۆ بکا و داگیری بکا. بەڵام لە پشت عەقەبەوە دیوارێکی شاخاوی هەبوو، کە پڕ بوو لە دۆڵ و گەرووی قووڵ. تورکەکان ئەو شاخەیان وەک قەڵایەکی سەربازی لێ کردبوو. ئینگلستان زۆر باش دەیزانی کە ئەگەر ناوگانەکانی لە داگیرکردنی عەقەبە سەرکەوتوو بن ناتوانێ لە ناوەوە پێشڕەوی بکا. هەم تورکەکان و هەم ئینگلیزییەکان هەلومەرجی وەک یەکیان هەبوو ئەو بن‌بەستە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو.

مانگی ژوئن [پووشپەڕ] ساڵی ١٩١٧ فەرماندەکانی تورکی ئەو قەڵایە کە پارێزەری عەقەبە بوو، ڕاپۆرتیان لە سەر جووڵەی سەیر و سەمەرەی دوژمن لە بیابانەکانی سورییەوە لە باکووری ڕۆژهەڵات پێ‌گەیشت. وا دیار بوو کە ئەفسەرێکی تەمەن ٢٩ ساڵان کە دەوری پەیوەندیدەری عەرەبەکانی دەبینی و ناوی "تی ئەی لۆرێنس" بوو، بە هەوڵێکی زۆر بەسەدان کیلۆمیتر لەناوچە چۆل و قاقڕی و بوورەکانی پێوابوو تا لەنێو حوویتاتەکان کە عەشیرەیەکی سوورین کە بە شەڕکردن لەسەر حوشتر بەناوبانگ بوون، سوپایەک دروست بکا. تورکەکان سیخوڕی زیاتری بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئەو ناوچەیە ڕەوانە کرد. ئەوان شتێکی زیاتریان لەسەر لۆرێنس نەدەزانی: زۆر سەیر بوو کە ئەفسەرێکی ئینگلیسی بە زمانی عەرەبی قسەی دەکرد و لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە پەیوەندییەکی باشی هەبوو تەنانەت بە شێوەی ئەوان لباسی لەبەر دەکرد. ناوبراو لەگەڵ ڕێبەری شۆڕشیانی عەرەب یانی شەریف فەیسەڵ بوو بە دۆست و هاوڕێ. ئایە لەڕاستی‌دا ئەو لە فیکری پەروەردەکردنی سوپایەک بۆ هێرش کردن سەر عەقەبە بوو؟ عەرەبەکان دەبوو تا ئەو جێگایەی دەکرا لۆرێنس لە ژێر چاوەدێری بگرن. پاشان هەواڵیان هێنا کە لۆرێنس بە یەکێک لە سەرۆک عەشێرەتەکانی گوتووە کە دەیهەوێ بۆ پەرەسەندنی شۆڕشەکان بەرەو دیمەشق بچێ، ئەوە گەورەترین ترسی تورکەکان بوو چونکە هەر شۆڕشێک لە ناوچەی پڕحەشیمەتی باکوور کۆنترۆڵ نەدەکرا.

سوپایەکی کە لۆرێنس دروستی کرد لە ٥٠٠ کەس زیاتر نەبوو، بەڵام حوویتاتەکان باشترین شەڕکەر لەسەر حوشتر بوون ئەوان زۆر جیددی و پڕ جم‌وجۆڵ و بە گوڕوتین و بەهێز بوون. تورکەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوپەیمانانی خۆیان لە دیمەشق ئاگادار کردەوە کە گوێقوڵاخ بن. ئەوان هەروەها قشونێک‌یان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ لۆرێنس ڕەوانە کرد، کە دیارە شکستی لۆرێنس بە لەبەرچاوگرتنی جووڵەی عەرەبەکان و فراوانی بیابانەکە کارێکی سەخت بوو.

لە چەند هەفتەی دواتردا جووڵەکانی ئەو ئەفسەرە ئینگلیزییە سەرسووڕهێنەر بوو: هێزی ئەو لە جیاتی ئەوەی بچێتە باکوور واتە دیمەشق ڕووی لە باشوور کرد، واتە بەرەو شاری مەعان لە ٦٥ کیلومیتری عەقەبە حەرەکەتی کرد کە شوێنی ئەمباری کەلوپەل بوو. زۆری نەخایاند دوای دەرکەوتنی لۆرێنس لە ناوچەی مەعان خۆی گوم کردەوە و ١٦٠ کیلومیتر لە باکوورەوە دەرکەوتەوە تا هێرشێک بۆ سەر هێڵی ئاسنی نێوان عومان پایتەختی ئوردن و دیمەشق ئەنجام بدا. ئێستا تورکەکان لەپێشتر بەرچاو ڕوونتر بوون و ٤٠٠ سوارەیان لە عەممانەوە بۆ دۆزینەوەی لۆرێنس ڕەوانە کرد.

چەند ڕۆژ هیچ هەواڵیک لە لۆرێنس نەبوو. لەوکاتەدا شۆڕشێک لە چەند کیلومیتری باشووری مەعان تورکەکانی حەپەساند. قەومێکی عەرەب بەنێوی زومانییە کۆنترۆڵی شارێکیان لە سەر ڕێگای عەقەبە بە دەستەوە گرت، تورکەکان گوردانێک سەربازیان بۆ گرتنەوەی ئەو شارە ڕەوانە کرد بەڵام هەستیان کرد کە قەڵایەکی دارینە پارێزگاری لەو شارە وێرانە دەکا و عەرەبەکان چۆلیان کردووە. دواتر لەناکاو ڕووداوێکی ناخۆش چاوەڕواننەکراو ڕوویدا: ڕوون نیە کە سوپای حوویتاتەکانی لۆرێنس چۆن و لە کوێوە لەسەر تەپۆلکەکانی ئەو شارە سەریان دەرێنا.[١]

تورکەکان کە بەهۆی ڕاپەڕینی ناوخۆییەکانەوە سەرقاڵ بوون نەیانتوانی شوێن پێی لۆرێنس بکەون. لۆرێنس بە یەکگرتن لەگەڵ قەومی زومانییە بۆ سوپای تورک لە شارەکەی نێوان مەعان و عەقەبە داوێکی گەورەی بۆ دانانەوە. عەرەبەکان بە خێرایی و هێزێکی وەسفنەکراو سەرکەوتنە سەر گرد و تەپۆڵکەکان وایان لە تورکەکان کرد بە تەقەکردن لە عەرەبەکان تەقەمەنی بەفیرۆ بدەن. لە لایەکی دیکەوە گەرمای نیوەڕۆ ڕاست لە تەپڵەسەری تورکەکانی دەدا و عەرەبەکانی کە لە نێویاندا لۆرێنسیش بوو چاوەڕێیان دەکرد تا تورکەکان ماندوو بن، دواتر لە گرد و تەپۆڵکەکانەوە هاتنە خوارەوە. تورکەکان هەوڵیان دا ڕێگەیان لێ بگرن بەڵام عەرەبی بە حوشتر سوارەکان لە لایەکان و پشتەوە هێرشیان بۆ سەر تورکەکان کرد و قەتڵ و عامێکی زۆر گەورەیان لێ کردن و نزیکەی ٣٠٠ سەربازی تورک کوژران و ئەوانی دیکەش بە دیل گیران.

---

١. شەڕکەر و سیاسەتمەدار وەک قومارچی بە شانس سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، بەڵکو خۆی بۆ ئامادە دەکا و دەکرێ بڵێین دیاری دەکا. بە پێچەوانەی ئەو گەمژە و ترسەنۆکانەی کە دەرفەت لەدەست دەدەن، زۆرترین سوود لە هەموو دەرفەتێک وەردەگرێ و هێندێک جار بە وریاییەوە و حیکمەتەوە چەند فێڵێک بەکار دێنێ. ئەگەر شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوویدا سەردەکەوێ، ئەگەر هێندێک ڕووداوی چاوەڕواننەکراو ڕووبدا دیسان سەردەکەوێ. بارودۆخی هاوشێوە وایان لێدەکا بە شێوازی جیاواز سەرکەوتن بەدەست بێنن. ئەو پیاوە عەقڵانە ڕەنگە بە شانسی خۆیان بەناوبانگ بن، بەڵام بەهۆی مودیرییەتی باش ئەو شانسەیان بەدەست هێناوە و ئەوەندەی پێویستە باسی شانسیان بکرێ، پێویستە ڕێز لە ئیستێعداد وبەهرەکەیان بگیرێ. شخصیت‌ها، ژان دو لا برویر، ١٦٤٥-١٦٩٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای ئەو هەموو ڕوداوە فەرماندەکانی تورک تازە لە یارییەکەی لۆرێنس تێگەیشتن: ئەو بەشێکی هێڵی ئاسنی قەتاری قرتاندبوو کە تورکەکان بۆ دابین‌کردنی پێداویستی پشتیان پێ بەستبوو. لە لایەکی دیکەوە قەومی عەرەب کە سەرکەوتنی حوویتاتیان بینی دۆستایەتییان لەگەڵ لۆرێنس پێکهێنا و لەشکرێکی بەهێزیان دروست کرد، کە بە درێژایی دۆڵەکانی عەقەبە جووڵەیان دەکرد. تورکەکان هەرگیز چاوەڕێی هاتنی سوپایەکیان لەو مەسیرەوە نەدەکرد چونکە سەنگەرەکانیان بە ئاراستەیەکی دیکەدا واتە بەرەو دەریا و ئینگلستان بوو. عەرەبەکان بە ڕەفتاری خراپ و بێ چاوەڕوویی لەگەڵ ئەو دوژمنانەی کە بەرەنگارییان دەبوونەوە بەدناو بوون، هەر لەبەر ئەو هۆکارە فەرماندەکانی قەڵاکانی پشت عەقەبە هەموویان تەسلیمی عەرەب بوون. تورکەکان قشوونێکی ٣٠٠ کەسی‌یان بۆ ئەوەی پێش بەو پێشڕەوییە بگرن ڕەوانە کرد بەڵام لە کۆتاییدا ئەوانیش خۆیان تەسلیمی عەرەبەکان کرد. لە شەشی ژوئیە [شازدەی پووشپەڕ] سەرەنجام تورکەکان هەموو خۆیان تەسلیم کرد و فەرماندەکانیان بە شۆکەوە سەیری سوپای سەرسەختی لۆرێنس‌یان دەکرد کە بەپەلە بەرەو دەریا دەڕۆیشتن بۆ ئەوەی پێگەیەک کە لە ڕوانگەی تورکەکانەوە لەگیران‌نەهاتوو بوو، داگیر و کۆنترۆڵی بکەن. بەو زەربە لێدانە لۆرێنس هاوسەنگی هێزی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا بە تەواوی گۆڕی.

## لێکدانەوە

شەڕی نێوان ئینگلستان و تورک لەکاتی شەڕی جیهانی یەکەمدا بە ڕوونی جیاوازی نێوان شەڕی فەرسایشی و شەڕی مانۆڕی نیشان دەدا، تا پێش هەنگاوە زیرەکانەی لۆرێنس ئینگلستان بە یاساکانی شەڕی فەرسایشی کارەکانی بەرەو پێش دەبرد و عەرەبەکانی بۆ داگیرکردنی پێگەی سەرەکی بەدرێژایی هێڵی قەتارەکە ڕێنوێنی دەکرد. ئەو ستراتیژییە لە بەرژەوەندی تورک کاری کرد و بەو پێیەی هێزێکی کەمیان بۆ گەڕان و پارێزگاری لە هێڵی ئاسن دیاری دەکرد، بەڵام کاتێک بینییان عەرەبەکان تەنیا هێرش بۆ سەر خاڵێک دەکەن توانیان بە خێرایی هێزەکانیان بۆ هەمان شوێن بنێرن و هێزی ئاگرپژێنی باڵای خۆیان بۆ پاراستنی ئەو شوێنە یان گرتنەوەی بەکار بێنن. لۆرێنس پیاوێک بوو کە هیچ ئەزموونێکی نیزامیی نەبوو، بەڵام بە لاوازییەکانی ئەو ستراتیژییەی زانی. دەوروبەری هێڵی قەتار هەزاران کیلومیتر بیابان هەبوو کە لەلایەن تورکەکانەوە داگیر نەکرابوو. لە سەردەمی محەممەد نەبی عەرەب وەستای شەڕی حوشتر لە بیابانەکاندا بوون، فەزای کراوەی ڕووبەڕوویان دەرفەتی زۆری بۆ مانۆڕلێدان پێ دەبەخشین و بەم شێوەیە دەیانتوانی تورکەکان ناچار بکەن لە قەڵاکانیان‌دا خۆیان بشارنەوە. تورکەکان کە لە شوێنی خۆیان وشک بوون بەهۆی نەبوونی کەرەستە و سەرچاوەی خۆراکییەوە ئازاریان پێ دەگەیشت و هیچی دیکە نەیاندەتوانی لەناوچەکە بەرگری بکەن، کلیلی ئەو شەڕە ئەوە بوو کە شۆڕشەکە بەرەو باکوور واتە بۆ دیمەشق ببەن و ڕێگە بە عەرەبەکان بدەن بۆ ئەوەی هەرەشە لە تەواوی هێڵی ئاسن بکەن، بەڵام بڵاو بوونەوەی شۆڕش لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باکوور پێویستی بە پێگەیەک لە ناوەند هەبوو ئەو پێگەیەش هەمان عەقەبە بوو.

ئینگلستان وەک تورکەکان هەرگیز نەیدەتوانی لەشکرکێشی گرووپێک لە عەرەب بە ڕێبەری ئەفسەرێکی پەیوەندییەکان بە زەین دا بێنێ. لۆرێنس بە پێشنیاری خۆی بەرپرسی ئەو جۆرە کارەی وەستۆ گرت. بە پەیڕەوکردنی مانۆڕی گەورە لە بیابانە بەرفراوانەکانی عەرەبستان کارێکی کرد لەوەی تورکەکان لە پلان و ئامانجەکانی بێ ئاگا بن. ئەو کە دەیزانی تورکەکان لە هێرش‌کردن بۆ دیمەشق دەترسێن، ناوبراو ئاگاهانە ئەو درۆیەی بڵاو کردەوە کە ئامانجی دیمەشقە و بەو کارەی سوپای تورکی بە زانیاریی ناڕاست ڕەوانەی ڕۆژهەڵات کرد. پاشان بە کەڵک وەرگرتن لە گەمژەیی تورکەکان لە نەزانینی هێرشی زەمینی عەرەب بۆ سەر عەقەبە ئەوانی خافڵگیر کرد. گرتنی عەقەبە لەلایەن لۆرێنسەوە شاکاری ئابووری بوو: لەو شەڕەدا لایەنی ئەو تەنیا دوو کەس کوژران و بە بەراورد لەگەڵ هەوڵە سەرنەکەوتوەکەی ئینگلستان بۆ گرتنەوەی غەززە لە دەستی تورکەکان لە هەمان ساڵدا سێ هەزار سەربازی ئینگلستانی کوژرابوون، ئەوە سەرکەوتنێکی باوەڕ پێنەکراو بوو. گرتنی عەقەبە خاڵی وەرچەرخان لە شکستی کتوپڕی تورکەکان لە لایەن ئینگلیزییەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو.

گەورەترین هێزێک کە تۆ دەتوانی لە هەر شەڕێکدا هەتبێت، توانای سەرلێشێواندنی نەیاران و بێ ئاگاهی ئەوان لە مەبەستەکانی ئێوەیە. نەیارانی سەرلێشێواو نازانن چۆن و لە کوێ بەرگری لە خۆیان بکەن، بۆیە بە هێرشێکی خافڵگیرانە و سەر سووڕهێنەر زەربەیان لێ بدەن بۆ ئەوەی لەنگەریان تێک بچێ و تێک بڕووخێن. بۆ ئەو کارە گرنگە تەنیا دەبێ بە یەک ئامانج مانۆڕ لێ بدەن: ئەویش بە پێش‌بینی و گومان سەریان گەرم بکە و وایان لێ بکە لە بازنەیەکی پووچ و بەتاڵ بەدوای تۆدا بگەڕێن. بە پێچەوانەی ئەوەی لە مێشکت دایە بۆیان باس بکە. هەڕەشە لە ناوچەیەک بکەن بەڵام هێرش بۆ سەر ئامانجێکی دیکە دەست پێ بکەن، بەو کارە زۆرترین ئاژاوەت لە نێو ئەواندا دروست کردووە. لەبیرت بێ بۆ مانۆڕ لێدان بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت پێویستت بە شوێن هەیە. ئەگەر خۆتان لەگەڵ ئەو هاوپەیمانانەدا ڕێک بخەن کە ڕێگاتان بۆ دیاری دەکەن، ئەگەر هەڵوێستێک بگرنەبەر کە لە پەڕاوێزتان دەخات، ئەگەر پابەند بیت بۆ بەرگریکردن لە پێگەیەکی جێگیر، ئەوە هێزی مانۆڕ لێدان لەدەست دەدەی. ئەوکاتە وەک هێزیکی پێش‌بینی‌کراو دەنوێنی و وەک هێزەکانی ئینگلیز و تورک بە هێڵێکی ڕاست لە ناوچەیەکی دیاریکراو و بیابانێکی فراوان و چۆل دەجووڵێت و بیابانی پان و بەربڵاوی دەوروبەر لەبیر دەچێتەوە. ئەو کەسانەی بەو شێوەیە شەڕ دەکەن پێویستە چاوەڕوانی شەڕێکی خوێناوی و تێچووی زۆر بن.

٤- لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٧دا هەری کۆهێن، بەڕێوبەری درێژماوەی کۆمپانیای کۆلۆمبیا پیکچێرز ڕووبەڕووی قەیرانێک بووەوە. بەناوبانگترین دەرهێنەری ئەو فرانک کاپرا، ستۆدیۆی بەجێ‌هێشت و قازانجی ستۆدیۆ کەمی کرد. کۆهێن پێویستی بە کەسێکی گونجاو بوو کە بتوانێ جێگای بگرێتەوە و پێی وابوو کە باشترین فوڕمولی دۆزیوەتەوە بە فیلمێکی کۆمیدی بە ناوی "ڕاستی تاڵ" و

دەرهێنەرێکی تەمەن ٣٩ ساڵ بە نێوی لیۆ مەککری پەیدا کرد. مەککری پێشتر فیلمی "سوپی مراوی" لەگەڵ براکانی مارکس و "ڕاگلێزەکانی ڕێد گپ" بە دەورگێڕی چارڵز لوتۆن کاری لەسەر کردبوو، ئەو دوو کۆمیدیە زۆر جیاواز بوون بەڵام زۆر سەرکەوتوو دەرچوون. کۆهێن بە مەککری پێشنیاری دەرهێنانی فیلمی ڕاستی تاڵی کرد.

مەککری گوتی کە فیلمنامە یان سناریۆکە پەسەند ناکا، بەڵام لەبەرامبەر ئەوە دا بە سەد هەزار دۆلار کاری لەسەر دەکا. ئەو پووڵە لە ساڵی ١٩٣٧ یەکجار زۆر بوو. کۆهێن وەک موسولینی ڕێبەری دامەزراوەی کۆلۆمبیای دەکرد و وێنەی ئەوی لە شوێنی کارەکەی دانابوو، بە بیستنی ئەو نرخە زۆرە خەریک بوو بتەقێ. مەککری هەستا بۆ ئەوەی بڕوات بەڵام لەگەڵ ڕۆیشتنی چاوی بە پیانۆی ژووری کاری بەرهەمهێنەر کەوت. مەککری ئاواز سازێک بوو کە لە کارەکەی بێهیوا بوو. لە پشت پیانۆ دانیشت و دەستی بە ژەنینی پارچە مۆسیقایەکی دڵڕفێن کرد. کۆهێن لاوازییەکی سەیر و سەمەرەی بۆ ئەو پارچە موسیقایە هەبوو و بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: "هەرکەسێک حەزی لەو جۆرە موسیقایە بێ کەسێکی بە ئێستێعداد و بەهرەمەندە، ئەو ڕادە پووڵەت پێدەدەم کە داوات کردووە و سبەی دەست بە کار دەبین."[١]

بڕیار بوو سێ ئەستێرە لە ڕاستی تاڵدا ڕۆڵ بگێڕن، کە بریتی بوون: لە کاری گرانت، ئایرین دان و ڕالف بێلامی، بەڵام هیچ کامیان ئەو ڕۆڵەی کە لە فیلمە دیکۆمێنتارییەکەدا بۆیان نووسرابوو بەدڵیان نەبوو و نەیان دەویست لەبەردەم کامێرا ڕاوەستن و ئەو ناڕازیبوونە لە ڕۆژانی دواتردا چڕتر بووەوە. بڕیار بوو فیلمەکە پێداچوونەوەی پێدا بکرێ، مەککری فیلمەنامەی لە سەرەتاوە نووسییەوە، بەڵام

١. "لیند" بۆ ئەوەی باشتر لە پرسی کۆنتڕۆڵی ڕاستەوخۆ تێ بگەین، خوێنەر بە مۆدێلێکی بڕیاردان ئاشنا دەکا، کە بە بازنەی بۆید ناسراوە، کە بە ناوی کلۆنێل جان بۆیدەوە ناونراوە. ئەو دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی شەڕ لە بازنەی دووبارەبوونەوەی چاودێری و خۆپاراستن و بڕیاردان و کردەوە پێک دێ. کلۆنێل بۆید ئەو مۆدێلەی لە ئەنجامی تێبینییەکانی بۆ شەڕکەرانی جۆراوجۆر لە شەڕی کورەدا داهێنا. ئەو لێکۆڵینەوەی کردبوو کە بۆچی فڕۆکەوانە ئەمریکاییەکان هەمیشە دەتوانن لە شەڕی ئاسمانیدا بە باشترین شێوە فڕۆکەوانەکانی دوژمن بشکێنن. لێکۆڵینەوەکانی بۆ هێزی ئاسمانی دوژمن چەند دۆزینەوەیەکی سەرنجڕاکێشی لێکەوتەوە. فڕۆکە شەڕکەرەکانی دوژمن لە ڕووی خێرایی و بەرزبوونەوە و توانای سوڕانەوە لە شەڕکەرە ئەمریکاییەکان باڵاتر بوون، بەڵام ئەمریکاییەکان لە دوو بواری دیاریکراودا لەسەرتر بوون. یەکەم: کۆنتڕۆڵی هیدرۆلیک ڕێگای پێدەدان بە خێراییەکی زیاتر مانۆڕێک بۆ مانۆڕی دیکە بگۆڕن. دووەم: کابینەی فڕۆکەوان دیمەنێکی باشتری بە فڕۆکەوانەکە بەخشی. ئەنجامی ئەوە بوو کە فڕۆکەوانە ئەمریکییەکان زۆر خێراتر ساتەوەختی تاکتیکی چارەنووسساز دەبینی، پاشان لە شەڕدا خێراتر بۆ لایەکی دیکە دەچوو، چونکە پێشتر بڕیاری داهاتوویان دابوو. ئەو توانایەی چاودێریکردن و ئاڕاستەکردن و بڕیاردان و دەستبەکاربوون (حەلقە بۆید) سوودێکی کاتی بە فڕۆکەوانی ئەمریکایی بەخشی. ئەگەر سەیری ململانێی ئاسمان لە شێوەی بازنەی بوید بڕوانی، بۆت دەردەکەوێ کە فڕۆکەوانە ئەمریکاییەکان چەندین جار لە هەر بازنەیەکدا سوودی کاتیان بەدەست هێناوە، لەکاتێکدا فڕۆکەوانەکانی دوژمن لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرج نەگونجاون، بۆیە فڕۆکەوانە ئەمریکاییەکان دەتوانن دوژمنی خۆیان لەو بازنەیە دوور بخەنەوە و لە پەراوێزی بخەن و شکستی بدەن. کلۆنێل بۆید و کەسانی دیکە وردە وردە ئەو پرسیارەیان وروژاند کە ئایە لە هەمان ئەڵقەی بۆید دەتوانرێ لە جۆرەکانی دیکەیی شەڕدا کەڵکی لێ وەربگیرێ؟ هنری مانور، رابرت آر، لیئنهارد. ١٩٩١

پرۆسەی داهێنەرەکەی زۆر سەیر بوو. لەگەڵ سیناریۆ نووس وینا دێلمار لەنێو ماشێنێکدا کە لە بڵواری هۆلیوود وەستابوو دانیشتبوو و لەگەڵ ئەو بە شێوەی قسەکردن پێداچوونەوەی بە دیمەنەکان دا دەکرد. پاشان کە وێنەگرتن دەستی پێکرد بە درێژایی لێواری دەریا پیاسەی دەکرد و خشتەی ڕۆژی دواتر لەسەر پارچە کاغەزی کایی دەنووسی. شێوازی دەرهێنەری ئەو بۆ هەموو ئەکتەرەکان جێی نیگەرانی و گاڵتەجاڕانە بوو. بۆ نموونە ڕۆژێک پرسیاری لە ئایرین دان کرد کە ئایە دەتوانێ پیانۆ لێ بدا و پرسیاری لە ڕالف بێلامی کرد کە ئایە دەتوانێ گۆرانی بڵێ؟ هەردووکیان وەڵامیان دایەوە "زۆر باش نا"، بەڵام کاری دوایی مەککری ئەوە بوو کە ئایرین دان ناچار بکا لێدانی پارچەیە موسیقای "ماڵێک لە مەزرا" لێ بدا و بە ڕالف بێلامی بڵێ بەو دەنگە سەیرە گۆرانی هەڵە بڵێت. ئەکتەرەکان ئەو شێوە سووکایەتی پێکردنەیان پێ خۆش نەبوو، بەڵام مەککری ڕازی بوو و لە هەموو گۆرانی و موسیقا ژەنەکانی فیلمی هەڵگرت. هیچکام لەو دیمەنانە لە سیناریۆکەدا بوونی نەبوو، بەڵام هەموویان لە فیلمەکەدا جێگیر کران.

هێندێک جار ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ چاوەڕێی مەککرییان دەکرد تا بە دەوری پیانۆکەدا پیاسە بکات و لەناکاو بیرۆکەیەک بۆ وێنەگرتنی ئەو ڕۆژە بێتە مێشکی. بەیانییەک کۆهێن سەردانی دیمەنی وێنە گرتنی کرد و سەیری ئەو پڕۆسە سەیرەی کرد. ئەو بەسەر مەککری‌دا هاواری کرد و گوتی: "من تۆم دامەزراند بۆ ئەوەی کۆمیدیایەکی زۆر باشم بۆ دروست بکەی تا بتوانم لە زەوقی کاپرا بدەم. ئێستا تەنیا کەسێک کە بە دیتنی ئەو فیلمە و بێ گومان بە ڕیشی من پێدەکەنێ کاپرایە." کۆهێن تووڕە بوو پێی خۆشبوو هەموو شتێک لە بنەڕەتدا بنووسێتەوە. ئەو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ناڕەحەت‌تر دەبوو، بەڵام بەپێی گرێبەست تەنیا بڕیار بوو ٤٠ هەزار دۆلار بە دان بدا و بۆ ئایرین دان جیاوازی نەبوو کە فیلمەبەرداری کراوە یان نا. لە لایەکی دیکەوە نەیدەتوانی لەو کاتەدا مەکری لە کارەکەی دوور بخاتەوە، چونکە ترسی لە کێشەی گەورەتر هەبوو کە ڕوو بدات، گەڕانەوە بۆ فیلمنامەی پێشوو زۆر هەڵە بوو، لەبەر ئەوەی مەککری پێشتر دەستی بە وێنەگرتن و پڕۆسەی کارکردن کردبوو و دەیزانی لە درێژەی فیلمەکەدا بەرەو کوێ دەڕوا.

بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژەکاندا ئەکتەرەکان ڕێکوپێکی و میتۆدیان لە شێتی مەککریدا بینی. ئەو بەبێ ئەوەی هیچ دەست تێوەردانێک بەرامبەر بە شێوازی ڕۆڵگێڕانیان هەبێ بۆ ماوەیەکی زۆر وێنەی لەوانە دەگرت. دیمەنەکان زۆر بەزیندوویی و ساتەکانی خێرایی پڕ دەبوونەوە. ڕاستە کە هەموو شتێک بە شێوەیەکی سوتفە دەر دەکەوت، بەڵام مەککری دەیزانی چی دەوێ و ئەگەر دەیبینی لە فیلمی پێشتر ڕووخساری ئەکتەرەکانی شاد نین، جارێکی دیکە وینەی دەگرتەوە کاتەکانی وێنەگرتن کورت بەڵام ئامانجدار بوو.

ڕۆژێک دوای چەند ڕۆژ ئامادە نەبوون، کۆهێن لە گۆڕەپانی وێنەگرتن خۆی نیشان دا و بینی کە مەککری ئەکتەرەکانی بۆ خواردنەوەیەک بانگ‌هێشت کردووە، کۆهێن لەداخان خەریک بوو شێت و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەهری بێت، کاتێک دەرهێنەر پێی گوت کە وێنەگرتن تەواو بووە و ئەوان جێژن دەگرن، کۆهێن لە خۆشیان پێی عەزری نەدەگرت: مەک‌کری زووتر لە کاتی خۆی کارەکانی تەواو کرد و بە دوو سەد هەزار دۆلار لە ژێر بودجەدا کەمتر لە بودجەی پێی خەملێندرابوو فیلمەکەی داخست، پاشان کاتێک فیلمەکە بە پڕۆسەی مۆنتاژدا تێپەڕی کۆهێن لەوە زیاتر سەری سوڕما. فیلمەکە باش بوو، زۆریش باش. بینەرانی تاقیکردنەوە کە چاویان لێ دەکرد هێندە پێدەکەنین خەریک بوو ناوزگیان ببڕێ. کاتێک ئەو فیلمە لە ساڵی ١٩٣٧ بڵاو کرایەوە، سەرکەوتنێکی باوەڕ پێنەکراوی بەدەست هێنا. مەک‌کری وەک باشترین دەرهێنەر خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت. دواجار کۆهین فرانک کاپرای نوێی خۆی پەیدا کرد.

بەداخەوە مەک‌کری مەیلی دیکتاتۆری زۆر و ڕوونی لە ڕەفتاری بەرپرسی خۆی بینی و هەرچەندە کۆهێن پێشنیاری پووڵ زۆرتری پێکرد بەڵام مەک‌کری جارێکی دیکە هەرگیز هاوکاری نەکردەوە.

**لێکدانەوە**

لیۆ مەک‌کری یەکێک بوو لە گەورەترین دەرهێنەرەکانی سەردەمی زێڕینی هۆلیوود، ئاوازدانەری گۆرانی نووسێکی بێ هیوا بوو. ئەو بەو پێیەی کە نەیدەتوانی لە موسیقای نوێدا ژیان بدۆزێتەوە، ڕووی لە دروستکردنی فیلمی کۆمیدی کردبوو هەر بۆیە لۆرێل و هاردی بەیەکەوە گرێدا. ڕاستی تاڵ یەکێک بوو لە گەورەترین و سەیرترین و سەرکەوتووترین کۆمیدیاکان کە تا ئەو ڕۆژە دروست کرابوو و لە ڕووی ستایل و شێوازی کار کردنیشەوە لەسەر بنەمای غەریزە موزیکییەکانی بوو. ئەو بە جۆرێک فیلمەکەی لە مێشکی خۆیدا دروست دەکرد وەک ئەوەی نۆتێک لەسەر پیانۆ لێدەدا. بۆ دروستکردنی فیلمێک بەو شێواز و لەو چەشنە دوو شت پێویستە: فەزایەک بۆ مانۆڕ و توانایی دروستکردنی بێ‌نەزمی و شێواوی بۆ نێو پڕۆسەی داهێنەرانەی فیلمەکە.

مەک‌کری مەودای خۆی لەگەڵ ئەکتەرەکان، شانۆ نووسەکان و لەڕاستی‌دا لەگەڵ هەموو کەس پاراست. ئەو ڕێگای نەدا ڕوانگەی کەسانی دیکە لە سەر فیلمسازی و لەسەر ئەو کاریگەری هەبێ، ئەو دەیزانی ئەگەر فەزایەکی بۆ مانۆڕ لێدان بێ دەتوانێ دەست بۆ شتی نوێ بەرێ، تاقیکردنەوە و هەڵە بکا و لەکاتێکدا کۆنترۆڵی خۆی دەپارێزێ هەنگاو بە ئاراستەی جیاوازدا بنێ. ئەو هەمیشە دەیزانی چی دەوێ و چ شتێك وەڵام دەداتەوە. بەو پێیەی فیلمسازی هەموو ڕۆژێ بۆ ئەو چالێشی نوێ بوو، ئەکتەرەکان دەبوو لەبری دووبارەکردنەوەی دیالۆگی نووسراو هەمان چرکە دیالۆگ بکەن و وزە دابنێن. مەک‌کری ڕێگەی بە شانس و ڕووداوی سوتفە دەدا چونکە دەیهەویست ژیان و خۆشی بە فیلمەکەی بدا، بەڵام نەیدەهێشت هەلومەرج بئاڵۆزێ. بۆ نموونە لەو بەشەی لە فیلمەکەدا لە ئایرین دان و ڕالف بێلامی داوای کرد، سەرەڕای کەم کارامەیی لەموسیقادا نمایشی خۆیان بکەن، پڕە لە ژیان، چونکە شتێکی ڕاستییە و هیچ مەشق و پڕۆڤەیەکی لە پشتەوە نەبووە، ڕەنگە ئەگەر پێشتر بنووسرابایە ئەوەندە پێکەنینی نەبوایە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرهێنەری یەک فیلم یان هەر پرۆژەیەکی هونەری، زانستی یان پسپۆڕی وەک شەڕکردن لە مەیدانی شەڕدایە. بە دڵنیاییەوە بۆ شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان، داڕشتنی کارەکان، دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ ڕووداوەکان، شەفاف بوون لە نێوان ئەوەی دەتهەوێ و ئەوەی بەدەستی دەێنی لۆژیکێکی ستراتیژی تایبەتی پێویستە. دەرهێنەر یان هونەرمەندانی کە زۆرجار بە بیرۆکەی گەورە دەست پێدەکەن بەڵام لە بەرنامەداڕشتن‌دا لە ستاندارد و پێوەری توندوتۆڵ، گەڵاڵەی بە بڕشت و نەگۆڕ پەیڕەوی دەکەن، زۆرجار ئەنجامێکی ناهۆمێدکەری دەست دەکەوێ. لە لایەکی دیکەشەوە هێندێک لە هونەرمەندان بیرۆکەیەکی نادیار و ناڕوونیان هەیە کە پێدەچێ ئۆمێدبەخش بێ، بەڵام زۆر تەمبەڵ یان بێ دیسپلینن کە ناتوانن شێوە و فۆرمێکی پێ بدەن. ئەو کەسانە ئەوەندە فەزای ئازاد و تەماوی بە خۆیان دەدەن کە لە کۆتاییدا هیچیان دەست ناکەوێ.

ڕێگا چارە ئەوەیە پلانێک دابنێی بیرۆکەیەکی ڕوونت هەبێ کە چیتان دەوێ، پاشان خۆتان لە فەزایەکی کراوە جێگیر بکەن و بۆ کار بژاردەت هەبێ. هەلومەرج تۆ ئیدارەی دەکەی بەڵام بوار بۆ دەرفەتی چاوەڕوان‌نەکراو و ڕووداوی بەهەڵکەوت بێڵەوە، هەم ژێنراڵەکان و هەم هونەرمەندان بە شێوازی بەڕێوەبردنی شێواو و قەیران، حوکمیان لەسەر دەدرێت. ئەوان هەر جۆرە قەیرانێک قەبووڵ دەکەن و بەرەو ئامانجەکانیان ئاراستەی دەکەن.

٥- ڕۆژێک لە ژاپۆن لە دەیەی ١٥٤٠دا، لە بەلەمێک‌دا کە پڕ لە جووتیار و بازرگان و پیشەساز بوو، گەنجێکی ساموڕایی باسی لە چیرۆکی سەرکەوتنە گەورەکانی وەک شمشێربازێک دەکرد. هەرلەو کاتەدا شمشێرە سێ پێیەکەی (فووت) هەڵدەسووڕاند بۆ ئەوەی لێهاتوویی خۆی لە کۆنترۆڵی شمشێر بە خەڵکی نێو کەشتییەکە نیشان بدات. سەرنشینەکانی دیکە لەو حەرەکەتەی ئەو گەنجە وەرزشکارە کەمێک دەترسان، بۆیە بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێ خۆیان بە هۆگری و تاریف‌دان و ستایشی ئەو لاوە نیشان دەدا. بەڵام پیاوێکی بەتەمەن نزیک بە ٥٠ ساڵ لەولاترەوە دانیشتبوو و زۆر گوێی بە گەنجەکە و قسەکانی نەدا. ئەو پیاوە خۆی ساموڕایی و دوو شمشێری پێ بوو بەڵام هیچ کەس نەیدەزانی کە ئەو "سوکاهارا بووکۆدۆن" گەورەترین شمشێربازی زەمەنی خۆی بوو. ئەو کاتە لە دەیەی پەنجا ساڵیدا بوو و حەزی دەکرد بە تەنیا و بە نهێنی گەشت و سەفەر بکا.[1]

بووکۆدۆن چاوی لەسەریەک دانابوو دانیشتبوو وەک بڵێی نوقمی خۆپارێزیی و دۆخەکەی لەژێر چاوەدێری دابوو. بێ دەنگی ناوبراو وردە وردە گەنجی ساموڕایی بێزار دەکرد. لە کۆتاییدا هاواری کرد

١. جووڵە و دینامیزم وەک توانای ڕەنگدانەوەی هێز لە مەودایەکی دووردا تایبەتمەندییەکی دیکەی یاریزانێکی پێشەیی شەترەنج ئەوەیە کە دڵنیا بێ لەوەی هەر مۆرەیەک دەتوانێ فشار بخاتە سەر زۆرترین ژمارەی چوارگۆشەکان و لەلایەن مۆرەکانی دیکەوە دەخاتە پڕاوێزەوە. بۆیە ئوستادی شەترەنج هیوای ئاڵوگۆڕی پیادەی هەیە، نەک لەبەر ئەوەی هەوڵی ماندووکردنی دوژمن دەدات، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بتوانێ هێزی قەڵاکانی خۆی نیشان بدا. لە مانۆڕەدا وەستای شەترەنج بۆ جووڵەکردن شەڕ دەکا. ئەو بیرۆکەیە لە تیۆری شەڕی مانۆڕدا زۆر گرنگە. هنر منور، رابرت آر، لیئنهارد، ١٩٩١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و گوتی: "وادیارە ئێوە ئەو قسانەی منتان بە دڵ نییە، پیرە پیاو! تەنانەت تۆ نازانی چۆن شمشێریش بەدەستەوە بگری! ئەمە ڕاستە؟" بووکۆدۆن گوتی: "بە دڵنیایی دەزانم، بەڵام شێوەی من ئەوە نیە شمشێر لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بەکار بێنم من بە شێوەیەک لە شمشێر کەڵك وەردەگرم کە پێویستم پێی نەبێ." گەنجەکە گوتی: "قسەی قۆڕ! ئێستا بڵێ شێوەی شەڕکردنەی تۆ نێوی چییە؟" بووکۆدۆن وەڵامی داوە: "سەرکەوتن بێ شمشێر!" گەنجەکە پێکەنی و گوتی: "چی دەڵێی؟ سەرکەوتن بێ شمشێر؟ قسەی بێ مانا مەکە. چ کەسێک بێ شمشێر سەرکەوتووی مەیدانی شەڕ دەبێ؟"

ئێستا ئیدی گەنجی سامورایی تووڕە و بێزار بوو و داوای لە بووکۆدۆن کرد شێوەی خۆی پێ نێشان بدا و بانگ‌هێشتی بۆ بەربەرەکانی بکا. بووکۆدۆن گوتی ئەو نایهەوێ لە نێو ئەو خەڵکە شەڕی لەگەڵ بکا بەڵام لە نزیکترین دوڕگە یەک لای دەکەینەوە. پاشان داوای لە خاوەن کەشتی کرد لە نزیکترین دوڕگە ڕاوەستێ. دواتر دیسان چاوەکانی لەسەر یەک دانایەوە و دانیشت. کوڕە گەنجەکە هەروا درێژەی بە یاری شمشێر دەدا. کاتێک لە دوڕگەکە نزیک بوونەوە شەڕکەرە گەنج و عەجوولەکە هاواری کرد: "وەرە! پیاو لەسەر قسەی خۆی سوورە. ئێستا پێت دەڵێم کە چ شمشێرێکی تیژم هەیە." بووکۆدۆن بە ڕادەی پێویست گەنجەکەی تووڕە کردبوو بە شێوەیەک کە دەستی بە جنێودان کرد. کاتێک بەو شێوەیە مێشکی تێک دا، بووکۆدۆن شمشێرەکانی خۆی بە خاوەن بەلەم دا و گوتی: "شێوەی من بێ شمشێرە و پێویستم بەو شمشێرانە نیە." بەو وتانە بێڵی دەستی خاوەن بەلەمی وەرگرت و بە خێرای بەرەو قووڵایی دەریا ڕۆیشت و لە دوڕگە دوور کەوتەوە. گەنجی سامورایی بە دەنگی بەرز دەپاڕایەوە کە کەشتی بگەڕێننەوە تاکوو سوار بێتەوە. بووکۆدۆن بە دەنگی بەرز وەڵامی داوە: "ئەوە هەمان سەرکەوتنی بێ شەڕ و شمشێرە، باشترە غیرەت وەبەر خۆت بێنی خۆتان بە ئاو دادەن تا ئێرە مەلە بکەن."

ئێستا ئیدی مسافیرەکانی کەشتی بە پێکەنینەوە چاویان لە گەنجە سامورایییەکە دەکرد کە بە نائۆمێدی لە دووڕگە بە تەنیا مایەوە و هەڵبەز و دابەزی دەکرد و دەپاڕایەوە، سات لەگەڵ سات دەنگی لاوازتر دەبوو. مسافیرەکان بە پێکەنینەوە دووبارەیان دەکردەوە: "بووکۆدۆن بە باشی شێوەی شەڕی بێ شمشێری فێر کردی."

### لێکدانەوە

کاتێک کە بووکۆدۆن گوێی لە دەنگی ئەو گەنجە خۆبەزلزان و سەرەڕۆیەی سامورایی بوو، زانی کە کەسێکی کێشەدارە. هەستیشی کرد شەڕکردن لەسەر بەلەمێکی قەرەباڵغ کارەساتێک ڕوو دەدا کە پێویست نەبوو. هەوڵی دا گەنجەکە بەبێ شەڕ لە بەلەمەکە دابەزێنێ و بە شێوەیەکی زەلیلانە گەنجەکە شکست بدا. بووکۆدۆن لە ڕێگەی مانۆڕەوە ئەو کارەی ئەنجام دا. سەرەتا هێمن و بێدەنگ دانیشت دواتر سەرنجی گەنجی سامورایی لە سەرنشینە بێتاوانەکان دوور خستەوە و وەک موغناتیسی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. پاشان بووکۆدۆن بە ناوێکی سەیر و سەمەرە بە ناوی شێوازێکی شەڕکردن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەقڵی سادە، عەقڵی سادەی ئەو گەنجەی بە چەمکێکی عەجایب تێکەڵ کرد. ساموڕایی ئەوەندە توڕە و دەستی بە جنێودان کرد. لە ڕووی دەروونییەوە هاوسەنگی تێکچوو کە بە تەنیا بۆ ناو دووڕگەکە بازی دا، تەنانەت کاتێک گەیشتە ئەوێ، نەیتوانی لە مانای سەرکەوتن بە بێ شەڕ تێبگات. بووکۆدۆن ساموڕاییەک بوو کە لە پێشدا هەمیشە نەیارەکانی تووڕە دەکرد دواتر بەئاسانی لێی دەبردنەوە. ئەو سەرکەوتنی زۆرتر لەوەیکە کەڵک لە زۆر و توندوتیژی وەرگرێ بە سوود وەرگرتن لە مانۆڕ بەدستی دەهێنا، ئەوەش دوا نمایشی هونەری بووکۆدۆن بوو.

مەبەست لە مانۆڕ ئەوەیە کە تۆ سەرکەوتنی ئاسان بەدەست بێنی و دوژمنەکانت پێگەی بەهێزی خۆیان بەجێ بێڵن و بچنە ناوچەی نەناسراو کە هاوسەنگییان تێک دەچێ. بەو پێیەی هێزی نەیارەکان لەهێزی بیرکردنەوەیان دابڕاو نییە، پێویستە مانۆڕەکانت بەجۆرێک دانێی کە بورووژێن و نەتوانن بە باشی بیربکەنەوە. ئەگەر ئێوە لەمانۆڕ لێدان زۆر ڕاستەوخۆ و ڕاشکاو بن، ئەگەری ئەوە هەیە دەستی تۆ بخوێننەوە، پێویستە زۆر بە زیرەکی ئەو کارە بکەن و بە ڕەفتارێکی چاوەڕواننەکراو و دەستبەجێ ئەوان بەرەو خۆتان ڕابکێشن و بە نیگا و کردەوەیەکی بەڕواڵەت پشتیوانیکردن بۆ نێو مێشکیان نفوز بکەن، پاشان لەناکاو بۆ دواوە بکشێنەوە. کاتێک هەست دەکەن هەستەکانیان تەحریک بوون دەتوانن پەلەی مانۆڕەکانتان زیاد بکەن. ئەگەر هەموو شتێک بە باشی داڕێژی، ئەوە مخالیفان بۆ دوڕگە باز دەدەن و خۆیان گۆشەگیر دەکەن و سەرکەوتنی ئاسان بەشی ئێوە دەبێت.

**بیهێنە بەرچاوت:** داس. سادەترین کەرەستەیە، دروونی گژوگیای بەرز یان گەنمی پێ نەگەیشتوو بە داس زۆر سەختە. تەنیا ئەوەندە بەسە کە لاسکی گەنمەکە زەرد بێ و دواتر تەنانەت کولترین داس زۆر بە ئاسانی دەیبڕێ.

لەسەر مانۆڕ لێدان وینستون چرچیل دەڵێ: *"شەڕەکان بە کوشتن و مانۆڕەوە دەبڕێنەوە، ژێنراڵەکان هەرچەندی هەڵکەوتوو بن زیاتر سەرنجی لەسەر مانۆڕکردن و کەمتر سەرنجی لەسەر کوشتن دەبێت. نزیکەی هەموو ئەو شەڕانەی کە بە شاکاری هونەری نیزامی دادەنرێن، شەڕی مانۆڕ بوون کە تێیدا دوژمن بە هەنگاوێکی ئازایانە و نوێ و تەویری نیزامی چاوەڕواننەکراوی خێرا و سەرسوڕهێنەر شکستی هێناوە. لەو جۆرە شەڕانەدا زیانەکانی لایەنی سەرکەوتوو زۆر کەم بوون."*

## حاڵەتی دەگمەن

هیچ خاڵێکی ئەرێنی و بڕواپێکراو لە شەڕی ڕاستەوخۆدا بوونی نییە. ئەو جۆرە شەڕە ڕەنگە وەک بەشێک لە ستراتیژیی یان مانۆڕی گرنگ بێ. گەمارۆدانێکی کتوپڕ یان گورزێکی بەهێز لە پێشەوە، کاتێک کە دوژمن چاوەڕێی نەکا زۆر وێرانکەر دەبێ.

تەنیا مەترسی لە مانۆڕ لێدانەدا ئەوەیە کە ڕەنگە ئەوەندە حەقی هەڵبژاردن بە خۆتان بدەن کە سەرتان لێ بشێوێ. کەوابوو مانۆڕ سادە بکەنەوە تەنیا ئەو هەڵبژاردنە لەبەرچاو بگرە کە دەتوانن کۆنترۆڵی بکەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ستراتیژیی بیست‌ویه‌کەم:
## لە کاتی پێشکەوتن‌دا وتووێژ بکەن.
## ستراتیژیی شەڕی دیپلۆماسی

خەڵک هەمیشە هەوڵ دەدەن لە وتووێژدا هەمان دەسکەوتیان بێ یان هەمان شتت لێ وەرگرن کە لە شەڕ یان ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆدا نەیانتوانی بەدەستی بێنن. بۆ شاردنەوەی پێشکەوتنەکانیان لە ژێر پەردەی دادپەروەری و ئەخلاقدا هەزار فێڵ بەکار دەهێنن. فریو مەخۆن: وتووێژ یانی مانۆڕی دەسەڵات و پێویستە هەمیشە خۆتان لە پێگەیەکی دەسەڵات جێگیر بکەن بۆ ئەوەی لایەنی بەرامبەر نەتوانێ لە کاتی وتووێژدا پێش تۆ بکەوێ. پێش وتووێژ و لە کاتی وتووێژدا، پێویستە پێشکەوتنەکان بپارێزی زەختێکی زۆر بخەنە سەر لایەنی بەرامبەرتان و ناچاری بکەن لەگەڵ مەرجەکانتدا ڕێک بکەوێ. هەرچەندە پتر بەدەست بێنن، لە دۆخێکی نالەباردا دەتوانن ئەو دەسکەوتانە وەک ئیمتیاز بدەنەوە بە بەرامبەرەکەتان. ناوبانگی خۆتان بڵاو بکەنەوە کەوا کەسێکی تووڕە و تۆسنن و ڕێگەی ئەوە نییە لەگەڵتان بە ئاشتی بگەن، بەجۆرێک کە دژبەرانتان پێش لەوەی لەگەڵتان بەرەوڕوو ببنەوە سەریان لێ بشێوێ.

### شەڕ بە ئامرازێکی دیکە

کاتێک ئێسپارتەکان لە شەڕی پلۆپۆنزدا ئاتێنییەکانیان شکست دا، ئەو شارە گەورە خۆش و ڕەنگینە پووکایەوە و لەنێو چوو. لە دەیان ساڵی دواتردا زۆرێک لە هاووڵاتیان، لەوانەش دەوڵەتمەداری گەورەی وەک دیمۆستێس چەندین جار خەونیان بە زیندوو کردنەوەی ئەو خاکە دەبینی کە ڕۆژێک سەربەخۆ و دەسەڵاتدار بوو.

لە ساڵی ٣٥٩ پێش زایین پێردیکاس پادشای مەقدوونیە لە شەڕدا کوژرا و ململانێیەکی دەسەڵات بۆ جێگرەوی دەستی پێکرد. ئاتێنییەکان مەقدونییەی وەک خاکێکی وەحشی لە باکوور دەبینی، کە تەنیا گرنگی نزیکی لە بنکە سنوورییەکانی ئاتێن بۆ پاراستنی ئاسایشی سەرچاوەکانی گەنمەشامی لە ئاسیا و زێڕ لە کانگای خۆجێی بوو. یەکێک لەو بنکانە شاری ئامفیپۆلیس بوو کە پێشتر کۆلۆنی ئاتێن بووە و بەو دواییانە مەقدونیە داگیری کردبوو. ئەو بیرۆکەیە لای سیاسەتمەدارانی ئاتێنی زیندوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووەوە کە باشتر وایە یەکێک لە داواکارانی تەختی مەقدونیە بە ناوی ئارگائۆس بە کەشتی و سەرباز پشتیوانی بکرێ. ئەگەر ئەو سەرکەوت، لەبری ئاو چاکەیە شاری بەنرخی ئامفیپۆلیسی پێ دەدانەوە.

بەداخەوە ئاتێنییەکان مورەیەکی خراپیان دیاری کرد: برای ٢٤ساڵەی پێردیکاس بە ناوی فیلیپ بە ئاسانی ئارگائۆسی لەشەڕدا شکست دا و خۆی لەسەر تەختی پادشایەتی دانیشت. لە نیهایەتدا بە سەرسوڕمانی ئاتێنییەکان، فیلیپ بیری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی نەکردەوە، بەڵکوو هەنگاوێک بۆ دواوە کشایەوە و ڕایگەیاند کە هیچ ئیدیعایەکی لەسەر ئامفیپۆلیس نییە و ئەو شارەی سەربەخۆیی ڕاگەیاند و هەموو سەربازەکانی ئاتێن کە لە شەڕدا بە دیل گیرابوون ئازاد کرد. تەنانەت باسی هاوپەیمانی لەگەڵ ئاتێن، دوژمنی قەدیمی خۆی کرد و لە وتوویژەکانی پشت پەردەدا باسی لەوە کرد کە دەیهەوێ دوای چەند ساڵێک خۆی ئامفیپۆلیس داگیر بکا و لەبەرامبەر شارێکی دیکەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئاتێنییەکان دایە بۆیان بیگەڕێنێتەوە، ئەوە پێشنیارێکی باش بوو کە ئاتێن نەیدەتوانی ڕەتی بکاتەوە.

نوێنەرانی ئاتێن لە هەموو وتوویژەکان باسیان لەوە کردووە کە فیلیپ کەسایەتییەک دۆستانەی هەیە ولە ژێر ڕواڵەتێکی زبر و بێ ئەدەبیدا کەسایەتییەک هەیە کە شەیدای کولتووری ئاتێنییە. تەنانەت تا ئەو جێگایەی چووە پێش کە داوای لە هونەرمەندان و فەیلوسوفی بەناوبانگی ئاتێنی کرد کە لە پایتەختەکەیدا نیشتەجێ بن. وا دیار بوو لە شەوێکدا ئاتێن هاوپەیمانێکی گرنگی لە باکوور بەدەست هێناوە، فیلیپ وردە وردە دەستی بە شەڕکردن لەگەڵ هۆزە وەحشییەکان لە سنوورەکانی دیکە کرد و یاسای ئاشتی و ئارامی لە نێوان ئەو دوو هێزەدا واتە ئاتێن و مەقدونییە پەسەند کرا.

چەند ساڵ دواتر کاتێک ئاتێن خەریکی ململانێی دەسەڵاتی نێوخۆیی بوو فیلیپ ئامفیپۆلیسی داگیر کرد. ئاتێنیەکان بە سەرنجدان بە وتوویژ و بەڵێنیەکانی پێشتری فیلیپ باڵیۆزی بۆ وتوویژ نارد، بەڵام ئەو باڵیۆزانە سەریان سوڕما کە فیلیپ بەنیاز نییە ئەو شارە بۆ ئاتێن بگەڕێنێتەوە و بەڵێنی داهاتوویان پێ دەدا. ئەوان هیچ بژاردەیەکی دیکەیان بێجگە لە قەبووڵکردنی نەبوو و دەست لە قاچ درێژتر بۆ ماڵەوە گەڕانەوە بە واتایەکی دیکە دەم لە پووش دەرچوون. ئێستا ئامفیپۆلیس بە توندی لە ژێر کۆنترۆڵی فیلیپدا بوو. دەست ڕاگەیشتنێکی بێ سنووری بە سەرچاوەی زێڕ و دارستانە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە هەبوو و وا دیار بوو کە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ئاتێنیەکانی لە سەر کار دانابێ.

دیمۆستێس هەنگاوی بۆ نێو گۆڕەپانەکە نایەوە و لەبارەی کەسایەتی دووگانەی فیلیپ و ئەو مەترسییە قسەی کرد کە لەسەر هەموو یۆنانیەکان دروستی دەکا. ئەو خەڵکی ئاتێنی هاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە گەورە سوپایەک دروست بکەن و سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی ئاتێن بەسەر خانەدانەکانی دیکەدا بیر خستنەوە. لەو کاتەدا هیچ ڕووداوێکی تایبەت ڕووی نەدا، بەڵام چەند ساڵ دواتر فیلیپ بۆ گرتنی "گذرگاه" تێپەڕگە لە تێرمۆپێل، ڕێڕەوێکی باریک کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتوچۆی لە ناوەڕاستی یۆنانەوە بۆ باشوور کۆنترۆڵ دەکرد، پێشڕەوی کرد و ئاتێنییەکان دەستبەجێ سوپایەکیان بۆ بەربەرەکانی لەو تێپەرگەیە ڕەوانە کرد. فیلیپ پاشەکشەی کرد و ئاتێنییەکان ئەو سەرکەوتنەیان جێژن گرت.

لە ساڵانی دواتردا، ئاتێنییەکان بە ناڕاحەتی سەیری ئەوەیان دەکرد کە فیلیپ کۆنترۆڵی خۆی بەسەر باکوور و ڕۆژهەڵات و ناوەندا پەرە پێدەدا. پاشان لە ساڵی ٣٤٦ پێش زایین لەناکاو پێشنیاری وتووێژی بۆ پەیماننامەیەک لەگەڵ ئاتێن کرد. ئەو سەلماندبووی کە جێی متمانە نییە و زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ئاتێنی سوێندیان خواردبوو کە جارێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ نەکەن، بەڵام لەو حاڵەتەدا تەنیا یەک بژاردە دەمایەوە، ئەویش ئەوە بوو کە ئاتێن ئامادە شەڕ نەبوو، دەبوو شەڕ لەگەڵ مەقدونیەی بەهێزدا بکا. بەڵام وادیار بوو کە فیلیپ سوورە لە سەر داواکاری تا پەیماننامەیەک لەگەڵ ئاتێن واژۆ بکات و ئەو ڕێکەوتنە دەتوانێ کات بۆ ئاتێن بڕەخسێنێ. بۆیە بە پێچەوانەی ئارەزووی دڵی خۆیان، ئاتێنییەکان باڵیۆزیان بۆ مەقدونیە بۆ واژۆکردنی پەیماننامەیەک بە نێوی ئاشتی فیلۆکرات ڕەوانە کرد. فیلیپ کە دەیهەویست پاساو بۆ ڕەفتارەکانی ڕابردووی خۆی بۆ ئاتێنییەکان بێنێتەوە، ڕوونی کردەوە کە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوەندی یۆنان لە هەڕەشەی کاتی دەسەڵاتێکی ڕەقیب، پێویستی بە تێپەڕگە هەیە و بە خێرایی لەوێ دەڕوا. بەڵام لە ڕابردوودا ئاتێنییەکان بە ڕادەی پێویست لە لایەن فیلیپەوە کردەوەی ناجوامێریان بینی بوو و سووکایەتی پێ کردبوون. زۆرجار فیلیپ ئامرازەکانی وتووێژ و پەیماننامەکانی بەکار هێناوە بۆ گەیشتن بە داواکارییە ڕقاوییەکانی و بۆیە جێگەی متمانە پێکردن نەبوو. ڕەنگە دوای ماوەیەک واز لە تێپەرگەی تێرمۆپیل بێنێ، بەڵام گرنگ ئەوە بوو کە کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر چوارچێوەیەکی گەورەدا وەدەست دەکەوت و بە گەڕانەوەی هێندێک شت، نەک هەمو شت، خۆی وەک کەسێکی ئاشتیخواز نیشان دەدا و تەنانەت سەر لەنوێ ئەو زەوییانەی بە جێی هێشتبوو دەستی بە داگیرکردن دەکردەوە. کاریگەری درێژخایەنی ئەو جۆرە وتووێژانە گەشەکردنی هێز و فراوانی خاکی ئەو بوو. فیلیپ بە تێکەڵکردنی شەڕ لەگەڵ دیپلۆماسی فریودەر، هێواش هێواش مەقدونیەی کردبووە هێزی بێمخالیف و باڵادەست لە یۆنان.

ئێستا دیمۆستێس و لایەنگرانی تووڕە بوون. قەبووڵکردنی پەیماننامە فیلۆکرات بە دڵنیاییەوە بە ڕیسوایی و بێ ئابڕوویی دادەنرا و هەرکەسێک واژۆی کردبا لە کاروباری دەوڵەتداری دەریان دەکرد. ئاتێن لەهەوڵی دابینکردنی ئەمنییەتی پایەگاکانی دیکەی سنووری خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ئامفیپۆلیس کێشەی دیکەیان دروست کرد و تەنانەت لەگەڵ مەقدونیە تووشی ململانێ بوون. لە ساڵی ٣٣٨ پێش زایین لەگەڵ شاری تێبای یان تێبس لە پارێزگای یۆنانی نێوەڕاست بۆ ئامادەکاری شەڕێک دژی فیلیپ یەکگرتوو بوون. ئەو دوو هاوپەیمانە لە ناوچەی چائرونئا لە نێوەڕاستی یۆنان لەگەڵ مەقدونیە تووشی شەڕ بوون، بەڵام فیلیپ بە خێرایی سەرکەوتنی بەدەست هێنا و کوڕەکەی فیلیپ، ئەسکەندەر ڕۆڵی سەرەکی لەو سەرکەوتنەدا بینی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستا ئاتێنییەکان ترسا بوون: وەحشییەکانی باکوور خەریک بوون دەچوونە نێو شارەکەیانەوە تاکوو بیسووتێنن و جارێکی دیکە فریویان خواردەوە. لە کاتی پێشنیارێکی سخاوەتمەندانەی فیلیپ بۆ ئاشتی بەڵێنی پێدان کە هەرگیز هێرش بۆ سەر خاکی ئاتێن نەکا، بەڵام لە بەرامبەر ئەو بەڵێنییەدا بنکەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوێ و ئاتێن دەکاتە هاوپەیمانی مەقدونیە. فیلیپ بۆ سەلماندنی ئەو ئیدیعایەی بەبێ جیاوازی و بەبێ ئەوەی داوای هیچ خەساراتێک بکا هەموو دیلەکانی شەڕی ئەو دواییانەی ئازاد کرد. تەنانەت ئەسکەندەری کوڕیشی وەک باڵیۆز بۆ ئاتێن نارد بۆ ئەوەی خۆڵەمێشی ئەو سەربازانەی کە لە چائرونئا کوژران بۆ ئاتێنی بباتەوە.

ئاتێنیەکان کە بە تەواوی ئەمەگناسی و سوپاسگوزارەوە بوون، مافی هاووڵاتی بوونیان بە باوک و کوڕ، واتە فیلیپ و ئەسکەندەر بەخشی و تەنانەت پەیکەری فیلیپیان لە بازاڕ دروست کرد و دایاننا.[١]

لە کۆتایی هەمان ساڵدا فیلیپ کۆنگرەیەکی لە هەموو دەوڵەتشارەکانی یۆنان بێجگە لە ئێسپارت ڕێکخست بۆ ئەوەی باس لە هاوپەیمانییەک بە نێوی لیگ هێلێنیک بکەن، بەڵام بۆ خۆی بەشداری تێدا نەکرد. ئەوە یەکەمجار بوو کە شارەکانی ئەیالەتی یۆنان لە یەک هاوپەیمانیدا بەشداری بکەن. هەر زوو دوای ئەوەی مەرجەکانی هاوپەیمانیی ڕاگەیەندرا، فیلیپ پێشنیاری شەڕێکی یەکگرتووی لە دژی ئێرانییەکان کرد. ئەو پێشنیارە بە ئەرێنی وەرگیرا و ئاتێن وەک دەمڕاست و هەڵسوڕێنەری دیاری کرا. بە جۆرێک هەموو کەس لەبیریان چووبوو کە فیلیپ چەندە بێ ویژدان و بێ متمانەیە، تەنیا ئەو پادشایەیان لەبیر بوو کە بەم دواییانە بەخشندەی لە گەڵ کردبوون.

ساڵی ٣٣٦ی پێش زایین پێش ئەوەی شەڕ لە گەڵ ئێران دەست پێ بکا، فیلیپ تیرۆر کرا. ئێستا کوڕەکەی ئەسکەندەر لیگ هێلێنیکی بۆ دروست کردنی ئیمپڕاتۆری ڕێبەری دەکرد و لەگەڵ ئەوەدا، ئاتێن هاوپەیمانی وەفادار بە مەقدونیە مایەوە تا ڕەنگە بتوانێ سەقامگیری خۆی لە نێو ئەو هاوپەیمانییەدا بپارێزێ.

---

١. لۆرد ئابردین باڵوێزی ئینگلستان لە ئوتریش، یەکێک لەو کەسانە بوو کە مترنیخ بە ئاسانی کۆنترۆڵی دەکرد. لەوکاتەدا کە ٢٩ ساڵی بوو نەیدەتوانی زۆر بەجوانی بە فەڕانسەوی قسە بکا. ناوبراو وەک هاوشانی خۆی مترنیخ زیرەک نەبوو و مترنیخ هیوا بە خۆی و سەرسەختی ئەوی کۆنترۆڵ کردبوو. "کۆتکارێت" لەو بارەیەوە دەڵێ: "مترنیخ گرنگی زۆر بە لورد ئابردین دەدا." مترنیخ جارێک شیی کردەوە کە ئەرکی دیپلۆماتکار ئەوەیە کە گەمژە دەربکەوێ بەبێ ئەوەی گەمژە بێ، لەگەڵ ئابەردینیدا ڕێک بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی کردووە کە زۆر ژیر بووە. مترنیخ بۆ "کستلریک"، ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوە ئاوای بۆ نووسیبوو: "وا مەزانە مترنیخ بەتوانا و زیرەک بێ، ڕەنگە بە ئاسانی نەتوانی بیناسی، بەڵام من زۆر ڕۆژم لەگەڵ ئەو تێپەڕاندوە و بەسەر بردووە. ڕەنگە لە ڕووکەشدا درۆزن بێ، بەڵام ئەوە فێڵێکە بۆ ئەوەی بەسەر خەڵکی دیکەدا کەمێک زاڵ بێ. کارەکتەری ڕاستەقینەی ئەوە نییە، و دووبارەی دەکەمەوە کە ئەو زیرەک نییە تەنیا کەمێک غرووری بێجێی هەیە، متمانەی پێ بکە." ئابەردین ئەوەندە فریوی کەسایەتیی سرنجڕاکێشی مترنیخی خوارد کە بە نموونەی سیاسەتمەدارێکی ساویلکە، بەڵام خۆویستی خوێندەوە. جهان بازیافتە، هنری کیسنجر، ١٩٥٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لێکدانەوە

شەڕ لە یەک ڕەهەند و ڕوانگەیەکەوە زۆر سادەیە: ئێوە سوپای خۆتان بۆ شکستدانی دوژمن بەرەو پێش دەبەن و سەربازەکانی دەکوژن، دەست بەسەر خاکێکدا دەگرن یان ئاسایش بە ڕادەی پێویست بۆ خۆتان بەدەست دێنن و ئیدیعای سەرکەوتن دەکەن. لەوانەیە هێندێک جار ناچار بن پاشەکشە بکەن بەڵام لە کۆتاییدا ئامانجی ئێوە ئەوەیە کە بەرەو پێشەوە بچن. لە لایەکی دیکەوە وتووێژ هەمیشە دژوارە، لەلایەک پێویستە وریای بەرژەوەندییەکانی خۆتان بن و ئەوەندەی بتوانن تا بەرزترین ئاست بیپارێزن. لە لایەکی دیکەوە دەبێ گفتوگۆ لەگەڵ لایەنی بەرامبەر بکەن و فریوی بدەن و متمانەی ئەو بەدەست بێنن. شارەزابوون لە هەموو ئەو لێهاتووییانە هونەرێکی گەورەیە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەستەمە، چونکە هەرگیز ناتوانی باوەڕێکی تەواو بە دڵسۆزی لایەنی بەرامبەر هەبێ. لە کایەی سەیر و سەمەرەی نێوان وتووێژ و شەڕدا زۆر ئاسانە فریوی دوژمن بخۆن و هێندێک جاریش بە ڕێکەوتنێک بگەن کە بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانت ناپارێزن.

چارەسەری فیلیپ ئەوە بوو کە وتووێژ جیاواز لە شەڕ نەبینێ بەڵکوو وەک بەشێک لە شەڕ چاوی لێ بکا. وتووێژ وەک شەڕ، پێویستی بە مانۆڕ، ستراتیژی، فریودان و پێشڕەوی هەیە، هەر وەک چۆن لەمەیدانی شەڕدا حوزوورت هەیە. دەرک و تێگەیشتنی فیلیپ لە وتووێژ یارمەتی پێکرد کە سەربەخۆیی ئامفیپۆلیس ڕابگەیەنێ و لە هەمانکاتدا بەڵێنی دا کە دواتر بۆ ئاتێنییەکانی بگێڕێتەوە، بەڵێنێک کە هەرگیز مەبەستی نەبوو بەکردەوە جێبەجێی بکا. ئەو مانۆڕ لێدانە دیسان دۆستایەتی و کاتوساتی بۆ کڕی، بەجۆرێک کە کاتێک لە هەلومەرجی دیکەدا مامەڵەی لەگەڵ دوژمنەکانی دەکرد ئاتێنییەکان بە شتێکی دیکەوە سەرگەرم بوون و ئاگایان لە مەحمودی بێزەواد نەبوو. هەروەها ئاشتی فیلۆکرات فێڵێک بوو بۆ جووڵەی لە نێوەڕاستی یۆنان بۆ ئەوەی هاوسەنگی ئاتێنییەکان تێک بدا. فیلیپ کە سەردەمانێک پادشا بوو و بیری لە جێبەجێکردنی ئامانجی کۆتایی خۆی دەکردەوە، واتە یەکخستنی هەموو یۆنان و شەڕ لەگەڵ ئێرانییەکان کردبووەوە. فیلیپ دەیزانی ئاتێن بە مێژووی پاک و شارستانی خۆیەوە دەیهەوێ ببێتە ناوەندی سمبولیکی لیگ هێلێنیک. هەموو مەرجە سخاوەتمەندانەی ئەو ئاشتییە بۆ بەدەست هێنانی وەفاداری ئەو شارە بوو.

فیلیپ هەرگیز لە شکاندنی بەڵێنیەکانی باکی نەبوو. لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە بۆچی کاتێک دەیزانی ئاتێنییەکان پاساو بۆ شتێک دێنەوە و بنکە سنوورییەکانیان بە بودجەی ئەو فراوانتر دەکەن دەبێ وەک مەڕێک سەریان بەردەنەوە و بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن. ڕاستی هەڵوێستێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو مانۆڕێکی دیکەیە. فیلیپ دۆستایەتی و متمانەی بە کاڵایەک بۆ بازرگانی دەزانی و دەیتوانی جارێکی دیکە هەمان کاڵا لە ئاتێنییەکان بکڕێتەوە. پێی خۆش بوو هەمیشە بەهێز بێ و شتێکی هەبێ کە پێشکەشیان بکا.

ئێوەش وەک فیلیپ هەموو هەلومەرجێکی وتووێژ کە تێیدا بەرژەوەندی ژیانی ئێوە لە ژێر هەڕەشە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دایە، وتووێژ بە مانۆڕێکی تەواو یان شەڕێک بە کەرەستەی جیاواز بزانن. بەدەستهێنانی متمانە و دڵنیایی خەڵک باسێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو بابەتێکی ستراتیژییە: هێندێک جار ئەوە پێویستە و هێندێک جاریش زەروورەتی نییە. ئوسوولەن کەسانێک کە شتێک لە بەرژەوەندی ئەوان دا نیە بەڵێنەکانیان دەشکێنن و بابەتێکی ئەخلاقی یان یاسایی بۆ پاساو هێنانەوەی ڕەفتارەکانیان دەدۆزنەوە.

وەک چۆن لە شەڕدا هەمیشە لە بەهێزترین پێگەدا بن لە وتووێژەکانیش‌دا دەبێ هەر بەمجۆرە بن. ئەگەر زەعیف و لاوازی، وتووێژ وەک کەرەستەیەک بۆ کڕینی کات و شوێن بەکار بێنە بۆ دواخستنی شەڕێک کە خۆتان بۆ ئامادە نەکردووە. لەبیرت بێ کە نابێ مێهرەبان بن، بەڵکوو پێویستە مانۆڕ لێ بدەن. ئەگەر بەهێز بن دەتوانی پێش و لەکاتی وتووێژدا دەستکەوتێکی زۆر بەدەست بێنن دواتر هێندێک لە غەنیمەتەکان بۆ ئەوەی خۆتان سەخاوەتمندانە نیشان بدەن وەک ئیمتیاز بدەنەوە بە بەرامبەرەکەتان. هەرگیز نیگەرانی ناوبانگ و ئەو هەستکردنە مەبن کە ئەوانی دیکە متمانەیان پێت نییە. پێویستە بزانی ئەگەر بەهێز بن و بتوانی پێشنیار لە بەرژەوەندی لایەنی بەرامبەر بکەن، ئەوە هەموو بەڵێنە خراپەکانت لەبیر دەکا.

نیکۆلۆ ماکیاولی، لە کتێبی شهریار لەبارەی متمانەوە دەڵێ: *"کەوابوو حاکمێکی بەپارێز و عەقڵانی کاتێک بەرژەوەندییەکانی لە ژێر پرسیاردایە، دەبێ بیر لە دروستکردنی متمانە بکاتەوە، ڕەنگە ئەگەر هەموو مرۆڤەکان باش بوایەن ئەو ئامۆژگارییە مانای نەدەبوو، بەڵام بەو پێیەی هەموو کەسێک باش نییە و هەمیشە لەسەر بنەمای متمانە لێت نزیک نابنەوە، تۆش پابەند بە ئەنجامدانی ئەو کارە نیت. پادشایەک کە لە هەر حاڵەتێکدا، بۆ جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی پاساوی ڕەنگاوڕەنگ دێنێتەوە هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی و یاسایی نابێ."*

### خشتی سەوز لە جێگەی بەردی «یەشم» (بەردێکی بەنرخ)

لە سەرەتای ساڵی ١٨٢١دا وەزیری دەرەوەی ڕووسیە کاپۆ دیستریا، هەواڵێکی پێگەیشت کە ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی دەکرد: کۆمەڵێک نیشتمانپەروەری یۆنانی شۆڕشیان لە دژی تورکەکان دەست پێکردبوو (لەو سەردەمەدا یۆنان بەشێک بوو لە ئیمپراتۆری عوسمانی) و ئامانجیان دەرکردنی تورکەکان و دامەزراندنی حکومەتێکی لیبڕاڵ بوو، کاپۆ دیستریا کە بەگزادیەکی بەڕەچەڵەک یۆنانی بوو هەمیشە خەونی ئەوەی دەبینی کە ڕووسیە لە کاروباری یۆنان‌دا دەستێوەردان بکا. هێزی نیزامی ڕووسیە بەرەبەرە گەشەی دەکرد و بۆ پشتیوانی لە شۆڕش و بەو گریمانەیەی کە شۆڕش سەردەکەوێ دەیتوانی کۆنترۆڵی بەندەرەکانی دەریای نێوەڕاست و یۆنان بۆ کەشتییەکانی بە دەستەوە بگرێ. هەروەها ڕووسەکان خۆیان بە پارێزەری کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسی یۆنانی دەزانی و تزار ئەلکساندەری یەکەم، پیاوێکی زۆر ئاینی بوو و کاپۆدیستریا لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دەست پێکردنی شەڕی "صلیبی" خاچپەرستی دژی تورکە موسڵمانەکان دەبێتە هۆی ڕازیبوونی تزار و خزمەت بە بەرژەوەندییە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسییەکانی ڕووسیە دەکا. ئەو گەڵاڵەیە باشتر لەوە بوو کە بە خەیاڵ دەگونجا.

لەو نێوەدا تەنیا لەمپەرێک لەسەر ڕێگای کاپۆ دیستریا بوو، ئەویش شازادە کلیمێنس وێنتسێل فۆن مێترنیخ وەزیری دەرەوەی ئوتریش بوو. چەند ساڵ پێشتر مێترنیخ ڕووسیەی بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ ئوتریش و پرۆس بانگهێشت کرد و کە نێوی "یەکێتی پیرۆز"ی لێ نابوو. ئامانجی ئەو پاراستنی حکومەتەکانی ئەو وڵاتانە لە بەرامبەر هەڕەشەی شۆڕش و ئاشتی دوای پشێوی شەڕەکانی ناپلیۆن لە ئورووپا بوو. مێترنیخ هاوڕێی ئەلکساندەری یەکەم بوو. ئەو کە ئاگاداری دەست تێوەردانی ڕووسەکان لە یۆنان بوو، سەدان ڕاپۆرتی بۆ تزار نارد و ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە ئەو شۆڕشە بەشێکە لە پیلانێکی بەربڵاوی ئورووپایی بۆ ڕزگاربوون لە چنگ ڕێژیمی پاشایەتییەکانی ئەو قاڕڕەیە. ئەگەر ئەلکساندەر بچێتە یارمەتی یۆنان لەڕاستیدا فریوی شۆڕشگێڕانی خواردووە و ئامانجی یەکێتی پیرۆزی پێشێل کردووە.

کاپۆ دیستریا گەمژە نەبوو: دەیزانی ئەوەی بەڕاستی مێترنیخ دەیهەوێ ئەوەیە کە پێش بە فراوانکردنی دەست ڕۆیشتووی ڕووسیە لە دەریای نێوەڕاستدا بگرێ. لەبەر ئەوەی دەست ڕۆیشتووی ڕووسیە بە مانای نیگەرانکردنی ئینگلستان و ناسەقامگیری ئورووپا بوو، مێترنیخ لە هەموو شتێک زیاتر لەمانە دەترسا. بۆ کاپۆ دیستریا ئەوە سادە بوو: ئەو و مێترنیخ دژایەتی یەکتریان دەکرد بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کێ زیاتر دەستی بەسەر تزاردا دەڕوا و لەوبارەیەوە دیستریا لەسەرتر بوو: زۆرجار تزاری دەبینی و دەیتوانی لە ڕێگەی پێوەندیی شەخسییەوە بەردەوام بەرپەرچی دەسەڵاتی مێترنیخ لە ڕازیکردنی ئەلکساندەر بداتەوە.

تورکەکان بە ناچاری بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕین هەنگاویان ناوە و ڕوون بوو کە لەگەڵ پەرەسەندنی دڵڕەقی دژی یۆنان تزار دەخاڵەت دەکا، بەڵام لە فوریەی ١٨٢٢ کە شۆڕش بە لووتکە گەیشت تزار هەنگاوێکی هەڵێناوە کە لە ڕوانگەی دیستریا هەڵەیەکی مەرگ‌هێنەر بوو: ناوبراو قەبووڵی کرد کە باڵیۆزێک بۆ ڤییەن پایتەختی ئوتریش بنێرێ بۆ ئەوەی لەگەڵ مێترنیخ سەبارەت بە قەیرانی یۆنان وتووێژ بکەن، شازادە زۆر حەزی لە ناردنی هەیئەتی وتووێژکار بۆ ڤییەن بوو بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجڕاکێش دەربکەوێ. دیستریا هەستی بەوە کرد کە ئەو هەلومەرجە کۆنترۆڵی لە دەست دەردێنێ، ئێستا بژاردەیەکی لە بەردەست دابوو: ئەو باڵیۆزەی کە ڕەوانەی ڤییەن دەکرێ خۆی دیاری بکا و هەموو وردەکارییەکانی بۆ ڕوون بکاتەوە.

بژاردەی دیستریا کەسێک بە ناوی تاتیچۆڤ بوو کە باڵیۆزی ڕووسیە لە ئیسپانیا بوو. تاتیچۆڤ لە وتووێژدا زیرەک و بە ئەزموون بوو. پێش ئەوەی بەرەو ڤییەن بچی لە کۆبوونەوەی کورت‌دا دیستریا هەموو مەترسییەکانی پێ گوت: کە مێترنیخ هەموو هەوڵێک دەدا بۆ فریودانی ئێوە، ئەو بۆ ئەوەی ڕێگری لە دەخاڵەتی تزار بکا پێشنیاری ئاشتی لە نێوان ڕووسیە و تورکەکان دەکات بێگومان داوای کۆنفرانسی ئورووپایی بۆ پێداچوونەوە بە مەسەلەکە دەکا. دوایین مەرج و کارتی بردنەوەی مێترنیخ،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو هەمیشە توانیویەتی بەسەر کۆنفرانسەکاندا زاڵ بێ و بە داخوازیەکانی خۆی بگا، تاتیچۆڤ نابێ فریوی ئەو بخوا. بڕیار وابوو لەلایەن دیستریاوە نووسراوەیەک بە مێترنیخ بدرێ کە ڕووسیە مافی خۆیەتی بۆ یارمەتی ئەو مەسیحیانەی کە لە دەستی تورکەکاندا گیریان خواردووە بکا و لە هەر بارودۆخێکدا پێویستە لەسەر بەشداریکردنی ڕووسیە لەو کۆنفرانسەدا ڕێک بکەوی.

چەند کاتژمێر پێش ڕۆیشتنی تاتیچۆڤ بۆ ڤییەن، تزار داوای کۆبوونەوەی لەگەڵ کرد. ئەلکساندەر تووڕە و شێواو بوو. ئەو کە ئاگاداری ڕاسپاردەکانی دیستریا بۆ تاتیچۆڤ نەبوو، پێی گوت: بە مێترنیخ بڵێ کە هەم دەیهەوێ بەپێی بەڵێنەکانی هاوپەیمانی پیرۆز ڕەفتار بکا و هەم بە ئەرکە ئەخلاقییەکانی لە یۆنان بگا. تاتیچۆڤ بڕیاریدا تا ئەو جێگای بتوانێ ئەو پەیامە دوا بخا چونکە کارەکەی دژوارتر دەکرد.

لە یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ مێترنیخ لە ڤییەن هەوڵیدا کە بیناسێ. بە ڕوانگەی تاتیچۆڤ ئەو وەزیرە ئوتریشیە زیاتر حەزی لە کچان بووە نەک بیر لە یۆنان بکاتەوە. پێدەچوو مێترنیخ زانیاری پێویستی لەسەر هەلومەرج نەبێ و لە مەسەلەکە دوور بێت. تاتیچۆڤ نووسینەکەی دیستریای بۆ خوێندەوە و مێترنیخ دەسبەجێ پرسیاری ئەوەی کرد کە ئایە تزار ئەو نووسراوەیە قەبووڵ دەکا؟ تاتیچۆڤ کە دەست و پێی خۆی ون کرد نەیدەتوانی درۆ بکا. هیوای خواست ئێستا ڕاسپاردە جیاوازەکانی تزار زیاتر مێترنیخی گێژ کردبێ و تاتیچۆڤ هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بنێ.

لە ڕۆژانی دواتردا تاتیچۆڤ ڕۆژانی پڕ لە خۆشی لە شاری جوانی ڤییەن تێپەڕ کرد، پاشان دیدارێکی دیکەی لەگەڵ مێترنیخ ئەنجامدا و مێترنیخ لێی پرسی ئایە دەتوانن لەسەر بنەمای ڕاسپاردەکانی تزار وتووێژ بکەن؟ پێش ئەوەی تاتیچۆڤ بیر بکاتەوە، مێترنیخ پرسیاری ئەوەی کرد کە داواکاری ڕووسیە لەو هەلومەرجەدا چیە؟ ئەو پرسیارە پێ دەچوو دادپەروەرانە بێ و تاتیچۆڤ وەڵامی دایەوە کە ڕووسیە دەیهەوێ یۆنان وڵاتێکی لەژێر پاراستنی ڕووسیە دابێ و لە هاوپەیمانی پیرۆز مۆڵەت بۆ دەستێوەردانی ڕووسیە لە یۆنان وەربگرێ. مێترنیخ وازی لە هەموو شتێک هێنا و گوتی وڵاتەکەی هەرگیز بەو شتە ڕازی نابێ، بۆیە تاتیچۆڤ داوای لێکرد کە بژاردەیەک لەبری ئەوە بدۆزێتەوە. لەجیاتی ئەوە مێترنیخ باسی لە شۆڕش و گرنگی یەکێتی پیرۆز و بابەتەکانی دیکەی ناپێوەندیدار کرد. تاتیچۆڤ بە نیگەرانی و کەمێک دڵشکاوی کۆبوونەوەی بەجێ‌هێشت. ئەو دەیهەویست هەڵوێستێکی بەهێزی هەبێ، بەڵام ئەو باسانە نافەرمی و بێ پرەنسیپ بوون و ئەویش کە پڕ بوو لە لێڵی و نەیتوانی لەو مەسیرەی کە پێی خۆش بوو جێگیر بێ.

دوای چەند ڕۆژ جارێکی دیکە مێترنیخ پێوەندی بە تاتیچۆڤەوە کرد. وا دیار بوو ناڕاحەت بوو وەک ئەوەی لە شتێک ترسا بێ. ئاماژەی بەوە کرد تورکەکان هەر ئێستا یاداشتێکیان بۆ ناردووە و ئیدیعای ئەوەیان کردووە کە ڕووسیە لەپشت کێشەکانی یۆنانەوەیە و داوایان لێکردووە پەیامێک بۆ تزار بنێرێ کە ئەوان ئامادەن تا مردن شەڕ بکەن، بەڵام ئەوەی بە وانەوە بستراوەیە بیپارێزن، مێترنیخ بە

دەنگێکی خەمناکەوە نیشانی دا، کە لە گەمژەیی سیاسیی تورکەکان تووڕەیە. مێترنیخ بە تاتیچۆڤی گوت بە بڕوای ئەو، ئەوە بە پێچەوانەی گەورەیی ئوتریشە کە ئەو پەیامە شەرماوەرە بۆ تزار بنێرێ. هەروەها ئاماژەی کرد کە ئوتریشییەکان ڕووسیە بە یەکێک لە باشترین و شایستەترین هاوپەیمانانی خۆیان دەزانن و بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە بەڕگری لە هەموو مەرجێکی ڕووسیە دەکەن. لە کۆتاییدا ئاماژەی بەوەشکرد ئەگەر تورکەکان ڕێز لە پرەنسیپەکانیان نەگرن پێوەندی خۆیان لەگەڵ دەپچڕێنن.

تاتیچۆڤ بەو نمایشە ئێحساسی و لەناکاوەی مێترنیخ گۆڕدرا و ڕەنگە ڕووسەکان لە بارەی ئەو شازادەیە لە هەڵە دابن. ئەو کە نیگەران بوو لەوەی مبادا دیستریا خراپ تێگەیشتبێ بۆیە تەنیا ڕاپۆرتی ئەو کۆبوونەوەی بە تزار ڕاگەیاند. دوای چەند ڕۆژێک ئەلکساندەر ئاگاداری کردەوە کە لەمەودوا تاتیچۆڤ تەنیا پێوەندی لەگەڵ ئەو دەبێ و دیستریا لە وردەکارییەکانی وتووێژ ئاگادار نەکاتەوە.

خێرایی کۆبوونەوەکان لەگەڵ مێترنیخ زۆرتر بوو. بە جۆرێک ئەو دوو پیاوە تەنیا بۆ چارەسەری کێشەکان ڕێگای دیپلۆماسی‌یان گرتە بەر، ئیتر باسی مافی ڕووسیە بۆ دەستێوەردانی نیزامی لە یۆنان نەدەکرا. سەرەنجام مێترنیخ تزاری بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی چەند مانگێک دواتر لە شاری وێروونای ئیتالیا بەشداری کۆنفرانس بکا. لێرەدا ڕووسیە ڕێبەرایەتی گفتوگۆکانی دەکرد کە چۆن بە باشترین شێوە کێشەکە یەکلایی بکرێتەوە. ئەو کۆبوونەوەیە تزاری دەکردە ناوەندی سەرنج و وەک ڕزگاریدەری ئورووپا لە شەڕی دژی شۆڕش‌دا دەناسرا و تزاریش بە خۆشحاڵییەوە بڕیاری بەشداریکردنی دا.

لە سن‌پترزبۆرگ، دیستریا سووکایەتی بە هەموو ئەو کەسانە دەکرد کە گوێیان لە قسەکانی بوو: بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لە گەڕانەوەی تاتیچۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیە لە کابینە دەرکرا. لە کۆنفرانسی داهاتوودا لە وێروونا هەروەک چۆن دیستریا پێش‌بینی کردبوو قەیرانی یۆنان بە تەواوی بەو شێوەیە چارەسەر کرا کە زۆرترین سوودی بۆ ئوتریش لەبەرچاو گیرابوو، تزار ئەستێرەی نمایشەکە بوو، بەڵام لە ڕواڵەت‌دا هیچ گرنگی بەو بەڵگەنامانە نەدا کە واژۆی کردبوون. چونکە لەو بەڵگەنامانەدا هاتبوو کە یەکلایەنە هەرجۆرە دەستێوەردانێک لە باڵکان بۆ ڕووسیە قەدەغە کراوە. مێترنیخ سەرکەوتنێکی گشتگیری لە شەڕ لەگەڵ دیستریادا بەدەست هێنا کە دیستریا تەنانەت بە خەیاڵی دا نەدەهات.

**لێکدانەوە**

ئامانجی مێترنیخ هەمیشە ڕێککەوتنێک بوو کە بە باشترین شێوە بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی ئوتریش لەبەرچاو بگیرێ. ناوبراو بەو ئاکامە گەیشت ئەو بەرژەوەندییانە نەک تەنیا ڕێگەی لە دەستێوەردانی ڕووسیە لە یۆنان دەگرێ، بەڵکوو پێش بە مانۆڕدانی تزار دەگرێ بۆ ئەوەی تا هەتا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتەیە دەستبەرداری مافی ناردنی هێز بۆ باڵکان بێ، کە سەرچاوەیەکی بەردەوامی ناسەقامگیرییە لە ئورووپا. بۆیە مێترنیخ سەیری هێزە ڕێژەییەکانی هەر دوو لای کرد. ئەو چ نوێڵێکی گۆشاری لە دژی ڕووسەکان هەبوو؟ لە ڕاستیدا ئەو شتێکی زیادی نەبوو، بەڵام مێترنیخ بۆ خۆی کارتی براوەی ئاشکرا کرد و ئەو کارتە براوەیە دەرئەنجامی ساڵانێکی دوور و درێژ لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی مێترنیخ بوو. ئەلکساندەر پیاوێکی زۆر عاتفی بوو و کاتێک تاریفت دەکرد هەموو کارێکی دەکرد. دەبوو هەموو شتێک بکاتە یەک بۆچوون، واتە هەموو شتێک بکاتە بزووتنەوە. بۆیە لە سەرەتای قەیرانەکەدا مێترنیخ ئەو تۆوەی چاند کە شەڕی سەرەکی، شەڕی مەسیحییەکان لە دژی تورک نیە، بەڵکوو شەڕی حکومەتەکانی پادشایەتییە لە دژی شۆڕش.

هەروەها مێترنیخ پێی زانی کە دوژمنی سەرەکیی دیسترییایە و دەبێ لە نێوان دیستریا و تزاردا ئاژاوە بنێتەوە و مەودایەک دروست بکا، بۆیە باڵوێزێکی بۆ ڤییەن ڕەوانە کرد. مێترنیخ لە وتووێژەکانی یەک نەفەریدا لە ئاستی مامۆستایەکی شەترەنجبازدا بوو. لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تاتیچۆڤ وەک ئەوانی دیکە، سەرەتا بە ڕەفتاری سووک و گەمژانە هەوڵی دەدا گومانی نەیارەکانی کەم و برەوێنێتەوە، دواتر خۆی لە وتووێژەکان دوور دەخستەوە و ئەوانی گرفتار بە گفتوگۆی ناعەمەلی و یاسایی دەکرد. ئەو ڕەفتارە تاتیچۆفی زیاتر سەرلێشێواو و تەنانەت ئازاری دەدا. وتووێژکەری سەرلێشیواو بە ئاسانی بەهۆی ڕەفتاری خۆنوێن و نیشاندانی سۆزدارییەوە فریوی خوارد. لەو بوارەدا مێترنیخ بە نووسراوەیەک لە لایەن تورکەکانەوە بۆ نمایشی زیاتر کەڵکی وەرگرت تا وەک ئامرازێک بۆ گۆڕانکاری کتوپڕ لە ڕەفتاری و هاوسۆزی لەگەڵیان سوودی وەرگرت. ئەو ڕەفتارە نمایشیە بووە هۆی ئەوەی تاتیچۆڤ لە ڕێگەی ئەوەوە تزار بە تەواوی فریو بخۆن.

لەو کاتە بە دواوە زۆر ئاسان سازماندەهی بابەتەکان ڕێک دەخرا بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ ئامانجەکانی مێترنیخدا بگونجێ. پێشنیارەکەی بۆ سازدانی کۆنفرانسێک کە تزار لەوێ ئەڵقەیەکی گەوهەردار واتە پێشەنگ و پێشڕەو بێ، زۆر سەرنجڕاکێش بوو. ڕووسیە دووبارە بەو پێشنیارە فریوی خوارد کە بڕیار بوو کاریگەری زیاتری لەسەر کاروباری ئورووپا هەبێ و ئەوەش گەورەترین خەون و خەیاڵی ئەلکساندەر بوو. لە ڕاستیدا ئاکامەکەی پێچەوانەی ئەو هەڵوێستە بوو: ئەلکساندەر لە نیهایەتدا بەڵگەنامەیەکی واژۆ کرد کە ڕووسیەی لە باڵکان دەر دەکرد و ئەوەش ئامانجی سەرەکی مێترنیخ بوو. ئەو کە دەیزانی چۆن دەتوانێ بە ئاسانی بە خۆنواندن و ڕەواڵەتسازی خەڵکی دیکە بە لاڕێ دا بەرێ و ڕواڵەتێکی بەهێزی بە تزار بەخشی و وای لێکرد ناوەندی کۆنفرانسەکە بێ و بە کردەوە ناچاری کرد ڕێکەوتنەکە واژۆ بکا، کە لە ڕاستیدا بۆ ئەوە بوو ویستی خۆی وەدی بێنێ. ئەوە هەمان کارە کە چینییەکان پێی دەڵێن: "پێدانی خشتی سەوز لەبری (یشم)ی سەوز، یان بەردێکی نەنرخ.

هەر وەک مێترنیخ زۆرجار نیشانی دابوو سەرکەوتن لە وتووێژەکاندا بە ئاستی ئامادەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەستراوەتەوە. ئەگەر بە ناڕوونییەوە سەبارت بە خواستەکانتان لە وتووێژدا بەشدار بن، بۆتان دەردەکەوێ کە بەپێی بژاردەکانی لایەنی بەرامبەر لە هەر ساتێکدا لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی دیکە ئاراستەی خۆتان دەگۆڕن. لەوانەیە بچیە نێو دۆخێکەوە کە پێدەچێ گونجاو بێ، بەڵام لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی تۆدا نەبێ. تا ئەو کاتەی سەروەت و سامان هێڵی کاریگەری و نوێڵەکانتان بە سەرنجەوە شی نەکەنەوە، مانۆڕ و خۆڕانانەکانتان کاریگەرییەکی پێچەوانەیان دەبێ.

پێش هەموو شتێک پێویستە بەشەفافسازی ئامانجە درێژخایەنەکانت و کارتی براوەکانت بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە پێگەی خۆتان جێگیر بکەن ئەو شەفافییەتە ئارامیتان پێ دەبەخشێ. هەروەها ئەو دەرفەتت پێدەدا کە پێشنیاری بەڕواڵەت سەخاوەتمەندانە بەڵام زۆر بەنرخ بە لایەنی بەرامبەر نەدەن کە زیان بە ئامانجەکانت بگەیەنێ. پێش ئەوەی لە وتووێژ بەشدار بن لایەنی بەرامبەر بە وردی هەڵسەنگێنە. پەردەلادان لە دەرخستنی خاڵە لاوازییەکان و داخوازییە بێ وەڵامەکانیان، ئامراز و توانایەکی دیکەتان بۆ دەرەخسێنێ: توانای سەرلێشێواندن، هەستیارکردنی ئەوان، لە کۆتاییدا فریودانیان بە پارچەیەک خشتی ڕەنگاوڕەنگ لەبری جواهێر و گەوهەر. ئەگەر ئیمکانی بێ خۆتان کەمێک گەمژە نیشان بدەن: ئەوانی دیکە هەرچەندی کەمتر تۆ بناسن و کەمتر بزانن مەبەستت کوێیە مەیدانێکی پترتان بەدەستەوە دەبێ بۆ ئەوەی بە مانۆڕکانیان زیاتر بەرەو پەراوێز بەرن و گاریگەرییان نەبێ.

کلیمێنس وێنتسێل فۆن مێترنیخ لە بارەی وتووێژەوە دەڵێ: *"هەمووان بەبێ ئەوەی بزانن چۆن بە داخوازییەکانیان بگەن داوای شتێک دەکەن، ئەوەش هەمان دیوی نهێنی و لێڵی وتووێژە، کە هیچ لایەنێک نازانێ بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەکانی چۆن هەنگاو بنێ، بەڵام بەو پێیەی کە من دەزانم چیم دەوێ و تواناکانی ئەوانی دیکە دەناسم، هەمیشە ئامادەم."*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە کاروبارێکی ناخۆشن کە هەست و سۆزی ناخۆشیش لەگەڵ خۆیان دێنن. خەڵک بۆ ئەوەی لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دوور بکەونەوە هەوڵدەدەن باش و بە ئاشتییانە ڕەفتار بکەن و چاوەڕێی ئەوەش دەکەن لە بەرامبەردا ئەو جۆرە ڕەفتارانە وەربگرنەوە، بەڵام ئەزموون نیشانی داوە کە ئەوە لۆژیکێکی هەڵەیە: بە تێپەڕبوونی کات ئەو کەسانەی کە ئێوە بە باشی هەڵس‌وکەوتیان لەگەڵ دەکەن ئەوان وا گریمانە دەکەن کە ئەوە ئەرکی سەرشانی تۆیە. ئەوان ئێوە بە کەسێکی لاواز دەزانن و بۆ کەڵک وەرگرتن لە بەرژەوەندی خۆیان بەکارتان بهێنن. بەخشندەیی سوپاسگوزاری لێ ناکەوێتەوە بەڵکوو کەسی بەرامبەرتان وەک منداڵێکی دەستوپێ سپیلکە یان دەبێتە کەسێک کارە باشەکانتان وەک خێرخوازییەک دەبینێ.

ئەو کەسانەی پێیان وایە مێهرەبانی، مێهرەبانی دێنێ، یان چاکە، چاکە دێنێ جا چ لە هەر جۆرە

وتووێژێکدا بێ یان لە یاری ژیانیشدا مەحکوم بە شکست دەبن. هێندێکی دیکە تەنیا کاتێک چاکە دەکەن کە بۆ ئەوان سوودی هەبێ و ناچار بەو کارە بن. ئامانجی ئێوە ئەوەیە کە بە داخوازیی پێویستی خۆتان بگەن و بە ئەو مەبەستە چوونە ناو شەڕ بۆ لایەنی بەرانبەر سەخت و ئازاربەخش بکەن. ئەگەر بتانهەوێ هەمیشە کەسێکی ئاشتیخواز بن و متمانەی کەسانی دیکە بەدەست بێنن ئەوە دەستی نەیاران بۆ فریودانی ئێوە ئاواڵەیە و لە باشییەکانی تۆ خراپ کەڵک وەردەگرن، ئەوە سروشتی مرۆڤە و ئاستەمە بگۆڕدرێ. بەدرێژایی سەدەکان ئەو کەسانەی لە شەڕەکاندا بەشداریان کردووە لە ڕێگەی ئەزموونە سەختەکانەوە بە باشی ئەو وانەیە فێر بوون.

کاتێک حکومەتەکان ئەو بنەمایە پشتگوێ دەخەن و پێشێلی دەکەن باجی قورس و خەمهێنەری بۆ دەدەن. بۆ نموونە لە مانگی ژوئیەی [گەلاوێژی] ساڵی ١٩٥١ سوپای ئەمریکا هێرشە زۆر کاریگەرەکانی بۆ سەر سوپای ئازادیخوازی چین لە کورە ڕاگرت، چونکە چین و کورەی باکوور ئامادەیی خۆیان بۆ وتوویژ نیشان دا، بەڵام وتووێژەکانیان درێژ کردەوە بۆ ئەوەی بتوانن هێزەکانیان بەهێز بکەن و بەرگرییەکانیان پتەوقایمتر بکەن. کاتێک وتوویژ شکستی خوارد و شەڕ درێژەی کێشا هێزەکانی ئەمریکا بۆیان دەرکەوت کە لە شەڕەکەدا باندەستی خۆیان لەدەست داوە. ئەو شێوازە لە شەڕی ویێتنام و تا ڕادەیەک لە شەڕی کەنداوی فارس لە ساڵی ١٩٩١دا دووبارە بووەوە. ئەمریکاییەکان ئەو کارەیان بۆ کەمبوونەوەی قوربانییەکان و لەبەر ئەوەی دەیانهەویست کۆتایی بە شەڕەکە بێنن ئەنجامیان دا و هیوایان خواست وەک خەڵکی ئاشتیخواز چاویان لێ بکەن. ئەوەی دەرکیان نەکرد و نەیانزانی ئەوەیە کە ئەنگێزەی دوژمن بۆ وتوویژ و دروستکردنی متمانە نەماوە. لەو حاڵەتەدا هەوڵدان بۆ ئاشتبوونەوە و ڕزگارکردنی ژیان شەڕ و خوێنڕشتنی زیاتری لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر ئەمریکا لە ساڵی ١٩٥١دا پێشڕەوییەکانی لە کورە بەردەوام بوایە، لەوانەیە توانیبای کورە و چین ڕازی بکا کە بە پێی بەرژەوەندییەکان و هەلومەرجی ئەو وتوویژ دەست پێ بکەن. ڕەنگە ئەگەر لە ویێتنام درێژە بە چالاکییەکانی دابوایە ویێتنامی باکوور ناچار بوو لەبری ئەوەی کات بەفیرۆ بدا خێراتر بچێتە نێو وتووێژەکانەوە. ڕەنگە ئەگەر لە ساڵی ١٩٩١دا لە بەغدا پێشڕەوی کردن بەردەوام بوایە لە هەلومەرجێکی ئاشتیانەدا سەدام حوسێنی ناچار کردبوایە لە حکومەت و دەسەڵات واز بێنێ و پێش بە شەڕ و خوێنڕشتنی دواتر بگرێ.

ئەو وانەیەی کە پێویستە فێری بین سادەیە: بە بەردەوام بوون لە پێشڕەوی یان بەردەوام بوون لە فشاری بێوچان، دوژمنەکانمان ناچار دەکەین پەنا بۆ وتوویژ بەرن. ئەگەر هەموو ڕۆژێ کەمێک زیاتر پێشڕەوی بکەین هەوڵدان بۆ دواخستنی وتووێژەکان تەنیا دەبێتە هۆی لاوازبوونی زیاتری هەلومەرجی ئەوان. ئێوە دەبێ ویست و ئیرادەی خۆتان لە ڕێگەی پێگەیاندنی ئازارێکی قووڵ بە بەرامبەرکەتان نیشان بدەن، نەک بە ئاکار و کرداری هێمایی و سەمبۆلیک. کاتێک ئەوانە بۆ ڕێککەوتن ناچار دەکەن شوێنی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی ئیمتیازات بدەن و یان بە ڕواڵەت شتەکانیان پێ ببەخشییەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم پرۆسەیەدا بە ئامانجەکەتان دەگەن کە بریتییە لەوەی بە کەسێکی باش و ئاشتیخواز و سازشکار بێنە بەرچاو.

هێندێک جار لە ژیاندا هەست دەکەی تۆ لایەنی لاوازیت و هیچ دەسەڵات و نوێڵێکت لە بەردەستدا نییە کە پشتی پێ ببستی. شتی گرنگی ئەو کاتانە ئەوەیە کە پێشڕەوی خۆت بپارێزی و بە نیشاندانی هێز و ئیرادە و پاراستنی فشار، لاوازییەکانی خۆتان داپۆشن و بە پێگەیەکی بەهێز بگەن کە دەتوانی نوێڵی فشاری پێویست بۆ خۆتان دروست بکەن.

لە مانگی ژوئنی [پووشپەڕی] ساڵی ۱۹٤۰ دوای هێرشی بروسکەئاسای ئاڵمان کە دیواری بەرگری فەڕانسەی تێک شکاند و حکومەتی فەڕانسە تەسلیم بوو، ژێنراڵ شارڵ دیگۆل بۆ ئینگلستان ڕایکرد. ئەو هیوادار بوو لەو وڵاتە خۆی وەک ڕێبەری فەڕانسەی ئازاد و حکومەتی ڕەوا و مەشروع لە تەبعیددا بسەلمێنێ و دژی حکومەتی ویشی ئاڵمان کە بە سەر زۆربەی وڵاتدا حکومەتی دەکرد، خەبات بکا. دژایەتی لە بەرامبەر ژێنراڵ دیگۆل زیادی کرد: ناوبراو تا ئەو کاتە لە فەڕانسە کەسایەتییەکی دیار نەبوو. زۆربەی سەربازەکان و سیاسەتمەدارانی فەڕانسەوی ئیددیعای جێبەجێکردنی ئەو ڕۆڵەیان هەبوو: ئەو هیچ ئەبزارێکی کە بۆ ئەوەی هاوپەیمانانی وەک ڕێبەری فەڕانسەی ئازاد بە فەرمی بیناسن نەبوو، بە بێ دانپێدانان و پاڵپشتێک لاواز دەردەکەوت.

دیگۆل هەر لە سەرەتاوە چاوپۆشی لە ئۆپۆزسیۆن دەکرد و خۆی بە هەموو کەس بە جۆرێک دەناساند کە تەنیا ئەو دەتوانێ فەڕانسە لە دوای ئەو تەسلیم بوونە سەرشۆڕانەیە ڕزگار بکا. دیگول لە ڕادیۆ وتاری پڕ سۆز و شوروشوقی بۆ فەڕانسە بڵاو دەکردەوە بە چوار دەوری ئینگلستان و ئەمریکادا گەشتی کرد و ئامانجەکانی خۆی خستە ڕوو و وەک "ژاندارکی" نوێ خۆی نیشان دا. ئەو پێوەندی گرنگی لە بەرخۆدانی فەڕانسەدا دامەزراند. وینستون چرچیل ژێنراڵ دیگۆلی ستایش دەکرد، بەڵام زۆرجار پێی وابوو کەسێکی زۆر خۆپەرست و خۆبەزلزانە و فرانکلێن ڕۆزوێڵتیش ڕقی لێی بوو. ئەو دوو ڕێبەرە چەندین جار لەگەڵ دیگۆل قسەیان کردووە کە باشترە لەکۆنترۆڵی فەڕانسەی ئازاد لەگەڵیاندا هاوبەش بن، بەڵام ئەو بە هیچ شتێکی دیکە بێجگە لە ڕێبەرایەتی سەربەخۆ و تەواو ڕازی نەبوو. لە کۆبوونەوەی وتووێژدا زۆر سەریع و بێشەرموحەیا بوو تا ئەو ڕادەیەی کە زۆر جار کۆبوونەوەی بەجێدەهێشت بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە کە ڕێبەری سەربەخۆ بۆ ئەو هەموو شتێکە و لەو هەڵوێستە پاشگەز نابێتەوە.

چرچیل و ڕۆزوێڵت بە بیستنی ناوی دیگۆل جنێویان پێ دەدا و لەعنەتیان لەو ڕۆژە دەکرد کە ڕێگەیان پێدا پێگەیەکی وا بگرێ و دەمەسووریان کردبوو. تەنانەت هێندێک جار باسی دوورخستەنەوەیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەکرد بەڵام هەمیشە کەمیان دێنا و لە کۆتاییدا ئەوەی دیگۆل داوای دەکرد، پێیان دەدا. هەر شتێکی دیکە بێجگە لەوە لە خراپترین کاتدا بۆیان بە ئابڕووچوونێکی گەورە دادەنرا و پێوەندییەکانیان لەگەڵ فەڕانسە خراپ دەکرد. ئەوان نەیان دەتوانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسایەتییەک کە لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە قەبووڵ کراوە، لە پەراوێزی بخەن.

**لەبیرت بێ:** ئەگەر لاوازی و داواکاری کەمت هەبێ هەمان کەم بەدست دێنی. بەڵام ئەگەر تۆ بەهێز مامەڵە بکەی داواکاری گەورە و تەنانەت باوەڕ پێنەکراوت هەبێ کاریگەری پێچەوانە لەسەر کەسانی دیکە دروست دەکەن: خەڵک پێیان وایە بڕوای ئێوە لەسەر بنەمایەکی پتەو و تۆکمە دامەزراوە. ئەوە ئەو کاتەیە کە ڕێزت بۆ دادەنین و بڕوات پێدەکەن و دەتوانی ئەو ئێعتبارە وەک ئەبزاری فشار کەڵک وەرگری. کاتێک خۆتان لە پێگەیەکی بەهێز جێگیر بوون دەتوانی هەر جۆرە سازشێک ڕەت بکەنەوە و بڵێی ئەگەر داخوازییەکانی خۆتان بەدەست نەهێنن ئەوە میزی وتووێژ بەجێ دەهێڵن و لە هەڕەشە و گوڕەشەی زۆر کەڵک وەرگرن. ڕەنگە لایەنی بەرامبەر بزانێ کە ئێوە چاخان دەکەن و خۆتان هەڵدەکێشن بەڵام بە دڵنیاییەوە دەبێ تاوانی ئەوە بداتەوە و پشت گوێخستنی ئێوە لەوانەیە زیان بە ئێعتبار و ناوبانگیان بگەیەنێ. ئەگەر لە کۆتاییدا کەمێک سازش بکەن ئەوە بە بەراورد بەو داواکاریانەی کە بەسەر تۆدا سەپاندیان، کەمتر زیانت پێ دەگا.

دیپلۆماتکار و نووسەری ناوداری ئینگلستان، هارۆڵد نیکلسۆن، پێی وابوو کە وتووێژکەران دوو جۆرن: شەڕکەر، دوکاندار. وتووێژکاری شەڕکەر وتووێژ بە ڕێگایەک دەزانێ بۆ بەدەستهێنانی کات و پێگەیەکی بەهێزتر، بەڵام وتووێژکاری دوکاندار لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵە دەکا کە متمانە دروست بکا و داواکارییەکانی هەردوولا ڕێک بخا و بگەنە ڕێککەوتنێک کە جێی ڕەزامەندی هاوبەش و دوولایەنە بێت. چ لە سیاسەتدا بێ یان لە بازرگانیدا، کاتێک کێشە لە وتووێژدا دروست دەبێ کە دوکاندارەکە هەست دەکا لایەنی وتووێژکەر وەک خۆی دوکاندارە، بەڵام زۆر درەنگ دەزانێ کە ئەو شەڕکەرێکە.

ئەوە زۆر باشە ئەگەر پێشتر دڵنیا بن لەگەڵ کام یەک لەو دوانە ڕووبەڕوو دەبنەوە. کێشەکە لێرەدایە کە شەڕکەرانی کارامە مامۆستای خۆحشار دانن: سەرەتا بە ڕواڵەت هاوسۆز و دۆستانە دەردەکەون پاشان ئەوکاتە بۆ تۆ درەنگ دەبێ کە ئەوان زات و سرشتی شەڕەنگێزی خۆیان نیشان دەدەن. بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لەگەڵ هەر دوژمنێک کە بە باشی نایناسی هەمیشە باشتر وایە سەرەتا بە نیشاندانی ڕۆڵی شەڕکەر ئاگاداری خۆتان بن و لە کاتی پێشڕەویدا وتووێژ بکەن. هەمیشە کات بۆ وەستان، هەنگاو بۆ دواوەنان و ڕاستکردنەوەی شتەکان هەیە، بەڵام ئەگەر لە داوی شەڕکەرێک گیرت خوارد و خۆتان دوکاندار بن هەرگیز ناتوانی بە سلامەتی دەرباز ببن. لەو دونیایەدا کە ڕۆژانە شەڕکەر زیاد دەکەن پێویستە هەوڵ بدەن کە تەنانەت ئەگەر دڵی دوکاندارێکت هەیە، دەبێ شمشێری شەڕکەرێک هەڵ بگری.

**بیهێنە بەرچاوت:** گۆپاڵی گەورە. ڕەنگە لە ئاخاوتن شێوەی قسەکردنتان نەرم و نیان بی بەڵام لایەنی بەرامبەرت چاوی لەو گۆپاڵەیە کە لەدەستی تۆدایە، نەک ئەو زمانە نەرمونیانە. ئەو پێویست ناکا ئازاری ڕاستەقینەی لێدانی گۆپاڵ لە تەپڵەسەری بگات، هەر ئەوە کە دەزانێ گۆپاڵە قەرار نییە بەهیچ جۆرێک لەدەستی تۆ بێتە دەر، و هەر ئەوە کە دەزانێ کە پێشتر ئەو گۆپاڵەت بەکار هێناوە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێشی بە کەسێک گەیاندووە بۆ ئەو بەسە. ئەو پێی وایە پێش ئەوەی ئێشی گۆپاڵەکە ئەزموون بکا کۆتایی بەم مشتومڕە بێنێ و بە ڕێککەوتن بگا.

کلیمێنس وێنتسێل فۆن مێترنیخ لەبارەی شەڕ و وتووێژدا ئاوا دەڵێ: "*باشترە تا ڕۆژێک دوای شەڕ خۆمان بە سەرکەوتوو نەزانین و تا چوار ڕۆژ دوای شەڕ خۆمان بە دۆڕاو نەزانین. باشتر لە دەستێکدا شمشێر و لەدەستێکی دیکەدا لقێک زەیتون بەدەستەوە بگرین. باشتر هەمیشە ئامادەی وتووێژ بین، بەڵام وتووێژ تەنیا لەکاتی پێشکەوتندا*."

## حاڵەتی دەگمەن

لە وتووێژەکاندا هەر وەک شەڕ نابێ ڕێگە بدەی پرسەکە زۆر بەرەو پێشەوەتان بەرێ: لە پێشڕەوی فرەخوازی هەمیشە مەترسی ئەوە هەیە کە دوژمن بۆخۆتان دروست بکەن کە بیهەوێ تۆڵە بکاتەوە. ئەوە لە شەڕی جیهانی یەکەم لەگەڵ هاوپەیمانان ڕوویدا. ئەوان لە وتووێژەکانی ئاشتیدا مەرجی توند و قورسیان بەسەر ئاڵماندا سەپاند و ئەوەش بنەمای شەڕی جیهانی دووهەمی پێکهێنا. لە لایەکی دیکەوە سەدەیەک لەوە پێش کە مێترنیخ خەریکی وتووێژ بوو، هەمیشە ئامانجی خۆی بەجۆرێک دیاری دەکرد کە نەهێڵێ لایەنی بەرامبەری هەست پێ بکا کە هەڵەی کردووە. باشترە ئامانجی ئێوە لە هەر وتووێژێکدا وەڵامدانەوەی ئارەزوی زۆر و تەماحی خۆتان نەبێ یان سزای لایەنی بەرامبەر نەبێ. لە وتووێژدا تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆتان بکەنەوە چونکە هەر ڕێککەوتنێک بە ئامانجی سزادانی لایەنی بەرامبەر بێت لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی نائەمنی و ئاسایشتان لێ دەستێنێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی بیستودووهەم:
# بزانن چۆن کێشەیەک دادەمرکێننەوە.
# ستراتیژیی چوونەدەرەوە و دەربازبوون

لە هەموو دنیادا بەپێی ئەوەی چۆن کۆتایی بە کێشە و ئاڵۆزییەک دێنن داوەریتان لەسەر دەکرێ. ئاکامێکی ناتەواو و شپرزە و نوقسان هەتا ساڵانێک دواتریش هەر کاردانەوەی دەبێ. هونەری کۆتاییهێنان بە بابەتەکان بەو واتایە کە بزانی چ کاتێک ڕاوەستی و ئەوەندە بەرەو پێش مەڕۆ کە خۆتان ماندوو بکەن، یان دوژمنی سەرسەخت بۆ خۆتان دروست بکەن، کە لەداهاتوودا بتکوژن. ئەو هونەرە تەنیا لەبارەی سەرکەوتن لەشەڕدا نییە بەڵکوو چۆنیەتی سەرکەوتنە. لووتکەی هزری ستراتیژیک ئەوەیە کە لە هەموو ئەو لێکدژ و گێرەوکێشانە خۆ بپارێزن کە هیچ دەسکەوتێکی ڕاستەقینەی نییە.

**چوونە دەرەوە نیە**

بۆ زۆربەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤییەت، ژێنڕاڵ لئونید برێژنێڤ، یوری ئەندرۆپۆڤ بەرپرسی کا، گ، بێ، وەزیری بەرگری دیمیتری ئۆستینۆڤ، لە کۆتایی دەیەی شەست و سەرەتای دەیەی حەفتا سەردەمێکی زێڕین بوو. ئەو سێ کەسە پاشماوەی مۆتەکەی ساڵانی ستالین و دەسەڵاتی خرۆشچۆڤ بوون. ئێستا دوای ماوەیەکی زۆر لە ئیمپراتۆری سۆڤیەتدا سەقامگیری جێگیر ببوو. وڵاتە پاشکۆکانی یان گوێڕایەڵەکانی سوڤیەت لە ئورووپای ڕۆژهەڵات بە تایبەت دوای سەرکوتکردنی شۆڕشی چیکۆسلۆاکی لە ساڵی ١٩٦٨دا تاڕادەیەک گوێڕایەڵ بوون. ئەمریکا، ئەو وڵاتە "فراماسونری"یە، دوای شەڕ لەگەڵ ویێتنام زۆر پارێزی دەکرد و لە هەمووی هیوابەخشتر ئەوە بوو کە ڕووسەکان هێواش هێواش توانیان کاریگەری خۆیان لە سەر جیهانی سێهەم فراوان بکەن و داهاتوو درەوشاوە دیار بوو.[1]

---

١. ئەگەر مرۆڤ ئامانجی خۆی بەرزتر لە چاوەڕوانی کەسانی دیکە دابنێ، کەس ناتوانێ زەربەی لێ بدا. ئەگەر باڵندە لە کاتی خۆیدا نەگەڕێتەوە بۆ هێلانەکەی و زیاتر و زیاتر لە توانای خۆی بە ئاسماندا بفڕێ، لەناکاو دەکەوێتە داوی ڕاوچییەکەوە. ئەو کەسەی لە ساتەوەختی لووتکەدا نەزانێ لە کوێ و چۆن بوەستێ و هەروا فشاری خۆی بپارێزێ، بە دەستی خۆی بەدبەختی دەهێنێ،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وڵاتێکی سەرەکی کە لە بەرنامەکانی ڕووسیەدا بۆ گەشە پێدان چاوی تێ بڕیبوو ئەفغانستان لەسەر سنووری باشووری وڵات بوو. ئەفغانستان سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی گازی سروشتی و کانزاکانی دیکەی هەبوو و بەندەرێکی لە زەریای هێند دا هەبوو، گۆڕینی بۆ حکومەتێکی پاشکۆی دەستکرد خەونێک بوو کە ئێستا خەریک بوو وەدی بێت. ڕووسیە لە دەیەی ١٩٥٠ هاتە نێو ئەفغانستان و بۆ ڕاهێنانی سوپاکەی، دروستکردنی تونێلی سالانگ لە باکوری کابولەوە تا یەکێتی سۆڤیەت، گۆڕینی بۆ وڵاتێکی مۆدێرن هاوکاری کرد. تا نێوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠ هەموو شتێک بە پێی نەخشە بەڕێوە چوو، بەڵام لەو کاتەدا موسڵمانە توندڕەوەکان بوون بە هێزی باڵادەستی سیاسی لە ئەفغانستان. ڕووسەکان پێش‌بینی دوو مەترسییان کرد: یەکەم: توندڕەوەکان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و کۆمۆنیستەکان بە کافر و خودانەناس بزانن و پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بپچڕێنن. دووهەم: ئەوەیکە کە شۆڕش بکەن و ئەو شۆڕشە لە ئەفغانستانەوە بچێتە باشووری یەکێتی سۆڤیەت کە موسڵمانی زۆری تێدایە.

برێژنێڤ لە ساڵی ١٩٧٨دا، بۆ پێش‌گرتن لە سیناریۆیەکی وەها ترسناک بە نهێنی پشتگیری لە کودەتایەک کرد تا حیزبی کومونیستی ئەفغانستان دەسەڵات بەدستەوە بگری، بەڵام کۆمۆنیستەکانی ئەفغانستان دابەش بوون و دوای ململانێیەکی درێژخایەن بۆ دەسەڵات تەنیا یەک ڕێبەریان بە نێوی حەفیزوڵڵا ئەمین دۆزییەوە، کە ئەویش یەکێتی سۆڤیەت متمانەی بە ئەمین پێی نەبوو. گرنگترین شت ئەوەبوو کە کۆمۆنیستەکان لە ئەفغانستان لایەنگریان نەبوو و ئەمین بۆ پاراستنی دەسەڵاتی حیزبەکەی دەستی بۆ هەموو کارێکی بێ‌بەزەییانە دەبرد. ئەو کردەوانە تەنیا پەڕوباڵی بە بزووتنەوەی توندڕەوەکان دەبەخشی و بەهێزی دەکردن. لە هەموو ئەو وڵاتە شۆڕشگێڕان بە نێوی موجاهیدین دەستیان بە شۆڕش کرد و هەزاران سەربازی ئەفغانستان ڕیزی سوپایان بەجێ‌هێشت و پەیوەندییان بە مجاهیدینەوە کرد.

تا مانگی دسامبری [بەفرانباری] ساڵی ١٩٧٩ حکومەتی کۆمۆنیست لە ئەفغانستان لە لێواری داڕماندا بوو. لە یەکێتی سوڤیەت ئەندامانی دەفتەری سیاسی کۆبوونەوە تا لە بارەی ئەو قەیرانە گفتوگۆ بکەن. لەدەستدانی ئەفغانستان زەربەیەکی وێرانکەر و دوای پێشکەوتنە گەورەکەیان بە ناوەندێکی ناسەقامگیری دادەنرا. ئەوانیش بۆ ئەو کێشانە ئەمین‌یان لۆمە دەکرد و دەبوو بڕوات. ئۆستینۆڤ گەڵالەیەکی پێشنیار کرد: بە دووبارەکردنەوەی هەمان کاری کە لە سەرکوت‌کردنی شۆڕش لە ئورووپای ڕۆژهەڵات [بەتایبەتی چیکسلواکی] ئەنجامیان دابوو. ئەو باسی لە دانانی کورت‌خایەنی هێزێکی تاڕادەیەک بچووک کرد کە ئاسایشی کابول و تونێلی سالانگ‌یان دابین دەکرد. بەو کارە ئەمین لە پۆستەکەی دوور دەخرایەوە و کۆمۆنیستێکی دیکە بە نێوی بەبرەک کارمێل بە جێگەی ئەو

---

چونکە لەنەزمی سروشت پەیڕەوی نەکردووە. ئی چینگ، قرن هشتم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەهات. سوپای سۆڤیەت زۆر سەرنجڕاکێش نەبوو و سوپای ئەفغانستان خەریک بوو پێشی بکەوێ. لە ماوەی یەک دەیەدا ئەفغانستانی مۆدێرن وردە وردە بوو بە ئەندامێکی هەمیشەیی بلۆکی سوڤییەت. ئەو وڵاتە کە پڕ بوو لە ئارامی و خۆشگوزەرانی و سەروەت و سامان، باشەی زۆری لە سۆسیالیزمدا بینی و سوودەگەورەکانی سوسیالیزمیان هەڵمژی و قەبووڵی کرد بوو.

ئۆستینۆڤ چەند ڕۆژ دواتر دوای کۆبوونەوە گەڵاڵەی خۆی بە بەرپرسی ستادی سوپا نیکولای ئورگاکۆڤ دا و پێی گوت کە ئەرتەشی هێرشکەر نابێ هێزەکەی لە ٧٥٠٠ کەس زیاتر بێ. ئورگاکۆڤ بە بیستنی ئەو قسەیە داچڵەکی و گوتی ئەو هێزە بۆ دابین کردنی ئاسایشی شوێنێکی گەورەی بەردەڵان و کوێستانی وەک ئەفغانستان زۆر کەمە و ئەو وڵاتە لەگەڵ ئورووپای ڕۆژهەڵات جیاوازی زۆری هەیە، بەڵام ئۆستینۆڤ مخالیفەتی کرد و گوتی هێرش بە هێزی گەورە و زۆر بۆ یەکێتی سوڤیەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەم نێوی بە باشی دەرنەچووە و ئامانجێکی گەورەی بە دەستی شۆڕشگێڕەکان داوە. ئورگاکۆف وڵامی داوە کە ئەفغانییەکان نەریتێکی دێرینەیان هەیە کە بۆ دەرکردنی هێزی هێرشبەر یەکگرتوو دەبن و شەڕکەری جیددی و سوور و پێداگرن. ئەو کە ئەو گەڵاڵەیەی بێباکانە بینی، گوتی باشترە ڕێگەی سیاسی بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە ببیننەوە، بەڵام هەوڵەکانی و وشیارکردنەوەی پشتگوێ خرا.

دەفتەری سیاسی [حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت] ئەو گەڵالەیەی پەسەند کرد و ٢٤ی دسامبر [٤ی بەفرانبار] جێبەجێی کرد. بەشێك لەهێزەکانی ئەرتەشی سوور چوونە نێو کابولەوە و بەشێکی دیکەی بۆ لای تونێلی سالانگ ڕەوانە کران. حەفیزوڵڵا ئەمین زۆر بەخیرایی لە پۆستەکەی وەلا نرا و کوژرا، بەبرەک کارمێل لە جێگای ئەو دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. تەواوی دنیا ئەو کردەوەیەی یەکێتی سوڤیەتی بە دزێو و ناشیرین لەقەڵەم دا و سەرزنشتیان کرد، بەڵام سوڤییەت بیری لەوە دەکردەوە کە هەموو شتێک زۆر زوو فەرامۆش و لەبیر دەکرێ.

مانگی فوریەی [ڕەشەممە] ساڵی ١٩٨٠ ئەندرۆپۆڤ لەگەڵ بەبرەک کارمێل چاویان پێک کەوت و ناوبراو لە گرنگی پشتیوانی کردنی خەڵکی ئەفغانستان ئاگاداری کردەوە و بە پێشکەش‌کردنی بەرنامەیەک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بەڵێنی هاوکاری دارایی و پسپۆڕی لەو بوارەدا دا. بە بەبرەک کارمێلی گوت کە کاتێک سنوورەکان بێ ترس بوون سوپای ئەفغانستان شکڵی گرت و خەڵکەکەش تاڕادەیەک لە حکومەت ڕازی بوون، پێویستە کارمێل زۆر بە ئەدەبەوە داوا لە سۆڤیەتەکان بکا کە ئەفغانستان بەجێ بێڵن.[١]

لەشکرکێشی و تەراتێن و ڕمبازێن زۆر ئاسانتر لەوەیکە یەکێتی سۆڤیەت خەیاڵی دەکرد، ڕوویدا. ڕێبەرانی قۆناغی نیزامی دەتوانن ئیدیعای ئەوە بکەن کە ئەرکەکەیان بە باشی بە ئەنجام گەیاندووە،

---

١. ئەوانە گۆشەگیری دروست دەکەن و ناوی ئاسایش و ئاسودەیی لەسەر دادەنێن. تاکتیوس (٥٥-١٢٠) بعد از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام لە ماوەی هەفتەکانی چاوپێکەوتنی ئەندرۆپۆڤ، ئەوان ناچاربوون خۆیان لەگەڵ ئەو هەڵسەنگاندنە ڕێک بخەن کە موجاهیدەکان وەک ئورووپای ڕۆژهەڵات لە سوپای سۆڤییەت ناترسێن. لە ڕاستیدا ڕەنگە لە دوای لەشکرکێشییەوە دەسەڵاتیان لە ڕووکەشدا زیادی کردبێ، بەڵام ئێعتباری ئەوان لە ڕوانگەی ئەفغانییەکان و وڵاتانی دیکەدا لەدەست چووبوو. ئۆستینۆڤ سەربازی زیاتری بۆ ئەفغانستان نارد و دەستووری هێرشی زیاتری بۆ ئەو شوێنانەی ئەفغانستان دا کە لەلایەن موجاهیدەکانەوە پشتیوانی دەکران. یەکەم عەمەلیاتی ئەسڵی سۆڤییەت لەو بەهارەدا ئەوە بوو کاتێک بە چەکی قورس ڕوویان لە دۆڵی "کونێر" کرد هەموو گوندەکانیان لەگەڵ زەوی تەخت کرد و ڕووخاندیان و دانیشتووانیان ناچار کرد بۆ کەمپەکانی پەنابەران لە پاکستان ڕابکەن. ئەوان دوای ئەوەی ناوچەیان لە شۆڕش پاک کردەوە پاشەکشەیان کرد.

چەند حەوتوو دواتر هەواڵیان هێنا کە مجاهیدین بۆ دڕەی کونێر گەڕاونەتەوە. ئاکامی تەواوی هەوڵەکانی یەکێتی سوڤییەت ئەوە بوو کە ئەفغانییەکان قەڵس و تووڕەتر بن و کاری مجاهیدین ئاسانتر بێتەوە، بەڵام ئیدی یەکێتی سوڤییەت دەیتوانی چ بکا؟ ئەگەر شوڕشیەکان بە قەزاوقەدەر سپاردبوایە، موجاهیدەکان دەرفەت و کاتێکی زیاتریان بۆ دەرەخسا و دەلوێ تا مەترسیدارتر بن و دەبوون. ئەرتەش لەوە زۆر چووکتر بوو بۆ ئەوەی هەموو ناوچەکان کۆنترۆڵ بکا. وەڵامەکە ئەوە بوو کە ئەوان سەرلەنوێ هەمان عەمەلیاتی پێشوویان دووبارە کردەوە بەڵام ئەمجارەیان توندوتیژی زیاتریان بەکار هێنا و هیوایان خواست ئەفغانییەکان بترسێنن، بەڵام وەک ئۆرگاکۆڤ پێش‌بینی کردبوو ئەو کارە ئەوانی ئازا و بوێرتر کرد.[1]

لە هەمانکاتدا بەرنامەکانی فێربوونی خوێندن و نووسین، دانی دەسەڵات بە ژنان ، گەشە و مۆدێرن‌کردنی وڵات دەستی پێکردبوو، بۆ ئەوەی ئەفغانییەکان واز لە پشتیوانی کردنی موجاهیدین بێنن بەڵام زۆربەی ئەفغانییەکان هەمان ژیانی داب‌ونەریتی خۆیان پێ باشتر بوو و هەوڵەکانی حیزبی کۆمۆنیستی بۆ فراوانکردنی دەست ڕۆیشتووی خۆی کاریگەری پێچەوانەی هەبوو.

لە هەمووی خراپتر و نەخوازراوتر ئەفغانستان زۆر بە خێرایی سەرنجی ئەو وڵاتانەی بە لای خۆیدا ڕاکێشا کە بە تامەزرۆییەوە دۆخی ئەوێ لە دژی یەکێتی سۆڤییەت بقۆزنەوە. ئەمریکا بە تایبەتی دەرفەتێکی باشی دەست کەوت کە تۆڵەی خۆی لە سوڤییەت بکاتەوە کە لە کاتی شەڕی ویتنامدا کەرەستە و تەجهیزاتی نیزامی بۆ ویتنامی باکوری دابین دەکرد. سی ئای ئەی یارمەتی زۆری وەک پووڵ و کەرەستە بۆ موجاهیدەکان ڕەوانە کرد. لە پاکستانی دراوسێدا، سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە "ضیاءالحق" ئەو لەشکرکێشیەی بە دیارییەکی خودایی دەزانی. ناوبراو چەند ساڵێک پێشتر لە کودەتایەکی نیزامیدا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و لەو دواییە بە لەسێدارەدانی سەرۆک وەزیرانی

---

١. ئەو شتە باشە، کە کۆتاییەکی باشی هەیە. ویلیام شکسپیر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وڵاتەکەی لەتەواوی جیهاندا سرزنش کرابوو، "ضیاءالحق" هەستی بەوە کرد ئەگەر پاکستان پێگەیەک بۆ مجاهدین بکاتەوە هەم ئەمریکا و هەم وڵاتانی عەرەبی لایەنگر بۆ خۆی پەیدا دەکا. سەرۆک کۆماری میسر ئەنوەر سادات، کە تازە پەیماننامەیەکی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کردبوو بە هەمان ڕادە ئەو هەلەی بە دەرفەتێکی زێرینی زانی تا هاوکاری و پشتیوانی بۆ موسڵمانەکان بنێرێ.

ئۆستینۆڤ کە بینی سوپای یەکێتی سوڤیەت لە ئورووپای ڕۆژهەڵات و سەرانسەری جیهان لە پەراوێز خراوە لە ناردنی هێزی زیاتر بۆ ئەفغانستان خۆی پاراست و لەبری ئەوە سوپاکەی بە نوێترین چەکی پێشکەوتوو و بۆ تەقوییەت و پەرەپێدانی سوپای ئەفغانستان هەوڵی دا، بەڵام هیچیان نەبوونە هۆی پێشکەوتن. موجاهیدین هێرشەکانیان بۆ سەر هێڵی گواستنەوەی یەکێتی سۆڤییەت پێشکەوتووتر کرد و لە مووشەکی ئیستینگێری ئەمریکایی کەڵکیان وەر دەگرت. چەند ساڵ تێپەڕی کە ڕوحیەی سوپای سۆڤییەت بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی و سەربازەکان بە هەموو وجودیانەوە هەستیان بە ڕق و کینە و بێزاری خەڵکی ئەفغانستان دەکرد و نیگەران بوون لەوەی کە هێرشەکانی داهاتوو کام پێگە دەبێ. بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و ئەڵکۆڵ لە نێو سەربازەکاندا زۆر زیادی کرد.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی تێچووی شەڕەکە خەڵکی ڕووسیە بەرە بەرە مخالیفی خۆیان بۆ ئەو کارە دەربڕی. بەڵام ڕێبەرانی سۆڤییەت نەیاندەتوانی پاشەکشە بکەن و ئەوەش زەربەیەکی گەورەی لە ئێعتبار و شکۆی جیهانی یەکیەتی سۆڤییەت وەک زلهێزێک دەدا و بۆشاییەکی سیاسی مەترسیدار لە ئەفغانستان دروست دەکرد، بۆیە هەموو ساڵێک وەک دوایین ساڵ، پێگەی خۆیان لە ئەفغانستان دەپاراست. ئەندامانی باڵای دەفتەری سیاسی وردە وردە گیانیان لەدەست دا. بۆ نموونە برێژنێڤ لە ساڵی ١٩٨٢ کۆچی دوایی کرد و ئەندرۆپۆڤ و ئۆستینۆڤ بەبێ ئەوەی بچوکترین پێشکەوتن لە ئامانجەکەیاندا بەدەست بێنن لە ساڵی ١٩٨٤ کۆچی دواییان کرد.

لە ساڵی ١٩٨٥ میخائیل گۆرباچۆڤ بوو بە سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤییەت. ناوبراو لە سەرەتاوە دژی شەڕ بوو، گۆرباچۆڤ کشانەوەی هێزەکانی لە ئەفغانستان قۆناغ بە قۆناغ دەستی پێکرد. ئاخرین سەربازی سەرەتای ساڵی ١٩٨٩دا ئەفغانستانی بەجێهێشت. لەسەریەک نزیک بە ١٤ هەزار سەربازی یەکێتی سۆڤییەت لەو شەڕەدا گیانیان لەدەستدا، بەڵام تێچووی شاراوەی زۆری بۆ ئابووری تێکقرماوی ڕووسیە و لەدەستدانی باوەڕی خەڵک بە حکومەت زیاتر بوو و تەنیا چەند ساڵێک دواتر تەواوی سیستمی یەکێتی سوڤیەت داڕما.

**لێکدانەوە**

ئێروین ڕۆمێل، ژێنراڵێکی دیاری ئاڵمانی، جارێک ئاماژەی بە جیاوازی نێوان قومارکردن و مەترسی ڕیسک کردووە. هەردوو حاڵەت بریتین لە کردەوەیەک کە شانسی سەرکەوتنی کەمی هەیە و ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شانسە بە بوێرییەکی زۆر وابەستەیە. جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەگەر مەترسی دۆڕا دەتوانی چاک ببیەوە، ئابڕووی ئێوە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە مەترسی ناکەوێ و سەرچاوەکان لەدەست ناچێ و ئەگەر شکستی ئێوە ماقووڵ و بەجێ بێ، بە خێرایی بۆ ئەو شوێنەی کە پێشتر لێی بووی دەگەڕێیەوە، بەڵام لە حاڵەتی قوماركردندا شکست دەتوانێ ببێ بە کێشەیەک کە لە کۆنترۆڵی ئێمە دا نیە. لەقومار ئەگەر شتێک بە هەڵە بەرەو پێش بچێ گۆڕانکاری بۆ تەواوکردنی وێنەی گەورە زۆرن، بۆیە کێشەکە گەورەتر دەبێ، واتە ئەگەر لە قوماركردن تووشی کێشەیەکی گەورە بووی دەرباز بوون لێی محاڵ و زۆر سەختتر دەبێ. ئێوە دەزانن کە تێچوونەکانی زۆر قورس دەبن، بۆیە نابێ بدۆڕیی، کەوابوو زیاتر هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی پێگەی خۆتان ڕزگار بکەن و زۆرجاریش پەلەقاژەکردن ئاکامی پێچەوانەی دەبێ و ئێوە زیاتر دەکەونە نێو قووڵایی چاڵەکەوە و هاتنەدەر کارێکی دژوار دەبێ. زۆرجار خەڵک بۆ وروژاندن قومار دەکەن. ئەوان تەنیا بیر لە سامان و پێگەی باشی دوای بردنەوە دەکەنەوە، بەڵام بیر لە دەرئەنجامی ئابڕووبەرانەی دوای دۆڕان ناکەنەوە. مەترسیکردن کارێکە کە پێویستە، بەڵام قوماركردن گەمژەیی مرۆڤ نیشان دەدا. لە باشترین حاڵەتدا، کاتێک کە قومار نادۆڕێنی و ڕزگار دەبی ئەو ڕزگاربوونە چەندین ساڵ درێژە دەکێشێ.

هێرش بۆ ئەفغانستان، قومارێکی کلاسیکی بوو. یەکێتی سۆڤییەت لە ئارەزووی بوونی حکومەتێکی وابەستە لە ناوچە گیری خواردبوو و بە هیوای دەستکەوتی داهاتوو واقعییەتی پشتگوێ خست. ئەو واقعییەتە موجاهیدەکان و قودرەتەکانی دەرەکی بوون کە بەرژەوەندییەکی زۆریان بوو و ئەو بەرژەوەندییە نەیاندەهێشت ڕێگە بە یەکێتی سۆڤییەت بدەن کە خۆی بە کوێخای دابینکردنی ئاسایشی ئەفغانستان بزانێ. زۆر هۆکار بوون کە سەرتر و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی سۆڤییەت دابوون: هەوڵەکانی ئەمریکا و پاکستان، ناوچە سنوورییە شاخاویی و کوێستانەکان کە ڕێگای نەبوو دابخرێن و زۆر شتی لەو جۆرە. سوپای داگیرکەر لە ئەفغانستان پێوەندی دوو فاقی هەبوو: هەرچەندی حزووری نیزامی گەورەتر بوایە ڕق و کینەی ئەفغانییەکان زیاتر و هەرچی ڕق و کینە زیاتر بوایە ڕووسەکان ناچار بوون بۆ پاراستنی خۆیان بەربڵاوتر بن و ئەو مەسەلەیە هەر وا درێژەی هەبوو.

سەرەڕای ئەوە یەکێتی سۆڤییەت هاتە نێو ئەو قومارەوە و ئاژاوەی دروست کرد. کاتێک کە هەستیان کرد زۆر درەنگ بوو ئەوان تێگەیشتن کە دەبێ هەزینەیەکی قورس بدەن: چوونەدەرەوە لەو گێژاوە بە مانای زەربەیەکی وێرانکەر لە ئێعتبار و ئابڕوویان بوو، واتە بە مانای فراوانبوونی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و شۆڕشێکی بەربڵاو لە سنوورەکان بوو، لە بەر ئەوە تا پێش ئەوەش ڕووسەکان هەرگیز لە هێرشکردن بۆ سەر وڵاتێکی دیکە پێشەنگ نەبوون و هیچ ستراتیژییەکی باشی بۆ چوونەدەرەوە لەو زلکاوە نەبوو. باشترین کار ئەوە بوو کە کۆتایی بە دۆڕانیان بێنن و خۆیان ئاسوودە بکەن، بەڵام قومار لەسەر بنەمای هەستەکان مودیرییەت دەکرێ و هەرچی زیاتر هەست و وروژان تێیدا بەشدار بێ، کشانەوە سەخت و دژوارتر دەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خراپترین ڕێگا بۆ کۆتاییهێنان بە هەر شتێک، شەڕ و ململانێ و پەیوەندی، ئەوەیە کە بەرەبەرە هەست بە ئێش و ئازارەکەی بکەن، کۆتایی پێ بێنن. کۆتاییهێنان بەو شێوەیە تێچووەکەی زۆر قورس دەبێ: لەدەستدانی متمانە بەخۆبوون و نفسبەرزی، دوورکەوتنەوەیەکی ناوشیارانە لە هەر ململانێیەک لە داهاتوودا، تاڵیی و دوژمنایەتی کە هەموو ساتێک هەتا دێت زیاتر دەبێ و هەموو ئەوانە کات و وزەیەکی زۆر بەفیڕۆ دەدەن. پێش ئەوەی هەر کارێک بکەن بە وردی ستراتیژی چوونەدەرەوەی خۆت دیاری بکە. ئەو چالاکییە یان پەیوەندییە ڕێک چەندە درێژە دەکێشێ و لە چ خاڵێک ئێوە بە جێ دێڵێ؟ ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانە ناڕوون و پڕ لە شکوگومانە، ئەگەر سەرکەوتن زۆر پڕ مەترسیە، لەوانەیە ئێوە چوبێتنە نێو قومارەوە و ئەوەش هەست و سۆزکانتانە ئێوەی بەو دۆخە گەیاندوە و لە کۆتاییدا دەدۆڕێی.

بۆیە پێش ئەوەی ئەو پرسانە ڕوو بدەن خۆتان کۆ بکەنەوە. ئەگەر بەو ئاکامە گەیشتن کە تووشی هەڵە بوون تەنیا دوو ڕێگەی لوژیکی لە پێشە: یان بە زوترین کات بە زەربەیەکی بەهێز و بە قەبووڵکردنی هەزینەکەی کۆتایی بەو ناکۆکیە بێنی. دەبێ ئەوە بزانێ کە سەرکەوتنی دەستبەجێ باشترە لە ڕەوتی مردنێکی پڕ لە ئازار، یان هەزینەی خۆتان ڕابگرن و بەبێ هیچ ڕاوەستانێک ئەوێ چۆل بکەن. هەرگیز ڕێگە مەدە خۆبەزلزانی یان نیگەرانی لە بێئابڕوویی ئێوە بەرەو زلکاو پەلکێشت بکا. چونکە بەردەوامی لە کاری بێ کەڵک و پڕتێچوو ئازارەکانی ئێوە زیاتر دەکا. شکستی کورتخایەن باشترە لە بەڵا و نەهامەتی درێژخایەن. عقل و حیکمەت ئەوەیە کە بزانی چ شتێک لە چ کاتێک کۆتایی پێ دێنی.[1]

کنفوسیوس دەڵێ: *"درێژەدان بە بابەتێک بە خەیاڵی سەرکەوتن لە داهاتوودا، بەڕادەی دارِمان و شکستێک لە کورتماوەدا خراپە."*

## کۆتایی وەک سەرەتا

کاتێک لیندۆن بی جانسۆن گەنج بوو ئاواتێکی بوو، ئەویش سەرکەوتن لە نێردیوانی سیاسەت و سەرکۆمار بوون. ئەو کاتەی جانسۆن لە نێوەڕاستی بیست ساڵەی تەمەنی دابوو ئەو ئامانجەی دوور دیار بوو. دەسکەوتنی پیشەیەک وەک سکرتێری کۆنگرەی تێگزاس بوو بە هۆی ئەوە چاوی بە سەرکۆمار فرانکلێن دی ڕۆزوێڵت بکەوێ و کاریگەری لەسەری ببێ. ڕۆزوێڵت ئەوی وەک سەرۆکی کۆمەڵەی لاوانی نەتەوەیی دەست نیشان کرد و ئەو پۆستە پێوەندی سیاسی گەورەی پێ بەخشی، کە لەگەڵ کەسانی سیاسی پلە باڵادا چاوپێکەوتن بکا، بەڵام دەنگدەرانی تێگزاس کەسانی زۆر وەفادار بوون و بۆ چەندین ساڵ کەسێکیان لەسەر کورسی کۆنگرێسدا دەهێشتەوە و هێندێک جار تا کۆتایی ژیانی لەهەمان پۆست دەمایەوە. ئەگەر جانسۆن بە خێرایی نەتوانێ یەکێک لەو کورسیانە بۆ خۆی

---

١. کارێک دەست پێ مەکەن، بەڵام ئەگەر دەستت پێکرد تا کۆتایی درێژەی بدەن. اووید، ٤٣ پێش از میلاد- ١٧ی پس از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدەست بێنێ بۆ گەیشتن بە خەونەکانی پیر دەبوو و دەبوو بەو سۆزەوە ژیان بەجێ بێڵێ و سەر بنێتەوە.

بەڵام لەناکاو لە ٢٢ی فوریيە [٤ی ڕەشەممە] ساڵی ١٩٣٧ شانس ڕووی تێکرد: نوێنەری کۆنگرە "جەیمز بوکمن" لەپڕدا فەوتی کرد و کورسی ئەو بەتاڵ و دەبوو جێگەی پڕکرێتەوە. بەڵام ئەو کورسییە کە سەر بە بازنەی دە بوو، دەرفەتێکی دەگمەن بوو و زۆرێک لە سیاسییە بەناوبانگەکان بۆ داگیرکردنی ئەو کورسیە کاندید کران. ئەو کەسانە بریتیی بوون لە سام ئیستۆن، دادوەرێکی زۆر بەناوبانگ، شیڵتۆن پۆلک، پارێزەرێکی تازەپێگەیشتووی شاری ئاستین لە ویلایەتی تێگزاس و بەڕێوەبەری پێشووی کەمپینی هەڵبژاردنی بوکمن، سی. ئێن. ئاوری، بوون. ئاوری لە لایەن تام میلێری پشتیوانی لێ دەکرا، سەرۆکی شارەداری ئاستین و بەو پشتیوانیە گشتگیرە بە ئاسانی چاوەڕێی بەدەستهێنانی دەنگی زیاتری دەکرد.

جانسۆن ڕووبەڕووی دۆخێکی سەخت و دووڕیانێکی ترسناک بووەوە، ئەگەر بچێتە نێو کێبەرکێکانەوە بە دڵنیاییەوە مخالیفانی زۆری هەبوو: ئەو گەنج و تەمەنی تەنیا ٢٨ ساڵ بوو، لەو ناوچەیە نە هیچ پێوەندییەکی بەهێزی بوو و نە کەس دەیناسی. دۆڕانێکی خراپ دەیتوانی بۆ هەمیشە ناوبانگی لەنێو بەرێ و هیچی دیکە نەیدەتوانی خەونەکەی وەدی بێنێ. ئەگەر بەشداری ئەو ململانێیەی نەکردبوایە دەبوو دە ساڵی دیکە چاوەڕێی هەلێکی دیکە بێ تا بەخت لە دەرگای بداتەوە. سەرەڕای ئەوەی لەسەر دووڕێیانێک قەتیس مابوو بەڵام خۆی بە دەستی چارەنووس سپارد و لە کێبەرکێی هەڵبژاردن بەشداری کرد.[١]

یەکەم هەنگاوی جانسۆن ئەوە بوو کە ئەو دەیان گەنج و ژنی بانگهێشتی لای خۆی بکا کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا یارمەتی داون یان کاری پێکردون. ستراتیژی کەمپینی هەڵبژاردنەکانی سادە بوو: بە ناساندنی خۆی وەک لایەنگرێکی سەرسەختی ڕۆزوێڵت خۆی لە کاندیدەکانی دیکە جیا کردەوە. هەر دەنگدانێک بۆ جانسۆن بە دەنگدانێک بۆ ڕۆزوێڵت دادەنرا و ڕۆزوێڵت تەڕاحی بەناوبانگی

---

١. لە ڕاستیدا زانینی قووڵی ئەزموونەکانی ڕابردوو بووە هۆی ئەوەی کە وڵاتان لەو کاتانەدا لە ئامانجەکەیان نزیک بوونەتەوە، لەبری ئەوەی سەرنجیان لەسەر بەردەوامبوونی شەڕەکە بێ بیریان لە گەیشتن بە ڕێککەوتن کردووەتەوە. مێژوو دەریدەخا کە لە زۆر حاڵەتدا کاتێک دەوڵەتمەدارەکان تێگەیشتنێکی باشتریان لە توخمە دەروونییەکانی لایەنی بەرامبەردا هەبێ، دەتوانی ئاشتییەکی سودبەخش بەدەست بێنی، بەڵام هەڵسوکەوتی دەوڵەتمەدارەکان زیاتر وابەستەی ئەوەیە کە لە ململانێ خێزانییەکانیدا دەبینرێ. هەر لایەک کە نەرم و سازگار خۆی نیشان بدا دەترسێ. لەلایەک لایەنێک مەیلی بۆ ئاشتی نیشان دەدا، بەڵام لایەنەکەی دیکە لەبەر غرور یان لەبەر ئەو هۆکارەی پێشنیاری ڕێککەوتن بە نیشانەی لاوازی لایەنی بەرامبەر دەزانێ و خۆی لە ڕێککەوتن دوور دەگرێ، لە کاتێکدا کە ئارەزووی ڕێککەوتن نیشانەی زیرەکی و شعوورە و نیشانەی لاوازی نییە. بەو شێوەیە ئەو کاتە چارەنووسسازە تێدەپەڕێ و ململانێ بەردەوام دەبێ. هەردوولا لە ژێر یەک سەقفدا دەژین، بەڵام بە ئارامی ناگەن. ئەو هەلومەرجە لە شەڕەکانی ئەمڕۆدا دەبینرێن، بەتایبەتی بەهۆی ئەوەی پیشەسازیی وڵاتان چارەنووسی ئەوانی پێکەوە تەنیوە. استراتژی، بی‌اچ لیدل هارت، ١٩٥٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرنامەی نیودیل بوو. بەو پێیەی کە جانسۆن بەختێکی زۆری نەبوو، لەشکرێکی هاندەرانی لە دەوروبەری شار، واتە هیڵ‌کانتری یان تەپۆڵکەکانی تێگزاس کردە ئامانج. ئەو ناوچەیە یەکێک لە هەژارترین بەشەکانی ویلایەتەکە بوون و کاندیدەکان بە دەگمەن سەردانیان دەکردن. جانسۆن دەیهەویست لە نزیکەوە چاوی بە هەموو جووتیار و ڕەنجدەر و نیوەکارێک بکەوێ و دەستیان بگوشێ و دەنگی ئەو خەڵکە بەدەست بێنێ کە هیچکات پێشتر دەنگیان نەدابوو. ئەو ستراتیژییە هی پیاوێکی نائومێد بوو کە دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بەو ئاکامە گەیشت کە ئەو ستراتیژییە لە هەموویان باشترە و شانسی سەرکەوتنی زیاتر دەکا.

یەکێک لە دڵسۆزترین لایەنگرانی جانسۆن "کارل کیچ" شۆفێرەکەی بوو. ئەو دوو پیاوە پێکەوە لە هەر کیلۆمیترێکی چوارگۆشەی هێل‌کانتری گەڕان و هیچ شوێنێکیان بەجێ نەهێشت. جانسون هێندێک جار لە دەرگای ماڵەکانی دەدا و لە گەڵ خەڵک ڕووبەروو قسەی دەکرد و گوێی بۆ کێشەکانیان ڕادەگرت و بە پێکەنینێکی دۆستانە و بە دەستی گەرمی دڵی ئەوانی بەدەست دێنا و زۆر بە ڕێزەوە داوای لە ئەوان دەکرد دەنگی پێ بدەن. ئەو لەشارەکانی پڕ لە تۆزوخۆڵ کۆبوونەوەی خۆی بۆ خەڵک پێک دێنا کە تەنیا یەک پۆمپی بەنزین و یەک کەنیسەی بوو. جانسۆن دوای هەر کۆبوونەوەیەک چەند دەقیقەی بۆ یەک بەیەکی بەشداربوان تەرخان دەکرد. ئەو بیرەوەرییەکی زۆر بەهێزی لە بیرهێنانەوەی نێو و ڕووخساردا هەبوو: ئەگەر بەڕێکەوت جارێکی دیکە کەسێکی دووجار چاو پێکەوتبوایە تەنانەت هەموو گفتوگۆکانیان بە وردی بیری دەهاتەوە. گوێی بۆ خەڵکی دەگرت و هەمیشە بە وردبینییەوە خەڵکی بەجێ‌دەهێشت کە پریشکی هیوای لە دڵیان‌دا هەڵدەکرد و دڵنیای دەکردنەوە ئەگەر دەنگی پێ بدەن لە واشنگتۆن پشتیوانی بەرژەوەندییەکانیان دەکات. لە هەموو دوکان و بەنزینخانەی "هێل کانتری" وەک ئەوەی هیچ کارێکی دیکەی نەبێ بە گەرمی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە قسەی دەکرد. هەر جارێک کە فرۆشگایەکی بەجێ‌دەهێشت میوەی وشککراوەی یان شتێکی دیکەی دەکڕی. لە پۆمپی بەنزینخانەی شار بەنزینی دەکڕی و ڕەفتارەکانی بەجۆرێک بوو کە کەسانی دیکە دەستخۆشی و ستایشیان دەکرد. ئەو خاوەنی دیاری و ئێستێعدادی پەیوەندی‌کردن بوو.

کاتێک پێشبڕکێ دەستی پێکرد چەندین ڕۆژ بێ خەوی چێشت و دەنگی قرخ ببوو و چاوەکانی بە قووڵ دا چووبوون. ئەو ساتەی کیچ بە ماشێنەکەی بەنێو ئەیالەت‌دا دەڕۆیشت، گوێی لە وتارە پڕ لە شوڕ و شوقی جانسۆن دەبوو، کە بە سۆزەوە باسی لە چاوپێکەوتنەکانی ئەو دواییانەی لەگەڵ خەڵک و ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر ئەوان دروستی کردووە، دەکرد. هەرگیز خۆی بە کەسێکی داماو و ماندوو لای خەڵکی نیشان نەدا. دەست لەنێو دەست‌نانی خەڵک لە کۆتایی گفتوگۆکانیدا و نیگای هیواخوازانە هۆکاری سەرکەوتنی ئەو بوون.

دەنگەکان خەڵەتێنەر و فریودەرانە بوون: بەردەوام جانسۆن‌یان لە پشت کاندیدەکانی دیکەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشان دەدا کە لەوانی دیکە لە دواترە، بەڵام ئەو دەیزانی هەموو ئەو دەنگانە کە هێشتا هەژمار نەکراون بەدەستی دێنێ و وردە وردە پێگەی ئەو بەرز دەبێتەو، بەجۆرێک کە لە هەفتەی کۆتاییدا بە پلەی سێهەم گەیشت. لەناکاو کاندیدەکانی دیکەش پێیان زانی کە ئەو دەنگەکانی زیادیان کردووە. ئەو هەڵبژاردنە دیوی پیسی سکەی نیشان دا کە گرەویان لەسەر کردبوو. جانسۆن بەهۆی ئەوەی گەنجە و کوێرانە پشتیوانی لە ڕۆزوێڵت دەکا هێرشی بۆ کرا. ئەو کە هەوڵی دابوو هێندێک دەنگ لە شاری ئاستین بەدەست بێنێ ڕووبەڕووی ماشێنی سیاسی شارەوانی میلێر بووەوە. میلێر لە جانسۆن بێزار بوو و هەموو کارێکی بۆ سەرکوتکردنی کەمپینەکەی دەکرد. جانسۆن کە بێ‌هیوا نەبوو لە ئاخرین هەفتەدا چەندین جار لەگەڵ میلێر چاو پێکەوتنی کرد ڕەنگە بتوانێ ڕق و کینە وەلا نێ و تۆوی ئاشتی تێدا بچێنی، بەڵام میلێر دوورتر لەوە سۆز و خۆشەویستی ڕەواڵەتی جانسۆنی بینی. ڕەنگە ڕووخساری جوانی دەنگی هەژارانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بێ، بەڵام بەربژێرەکانی دیکە لایەنێکی جیاوازی جانسۆن‌یان بینی: ئەو دەم هەراش بوو و بە ئاسانی دەیتوانی متمانەی خەڵکی دیکە وەدەست بێنێ. لەگەڵ بەدەستهێنانی دەنگی زیاتری جانسۆن دوژمنی زیاتری بۆ خۆی دروست کرد.[1]

لە ڕۆژی هەڵبژاردندا، جانسۆن توانی لەیەکێک لە گەورەترین هەڵچوونە سیاسییەکانی مێژووی ئەمریکا سەربەرزانە بێتە دەرەوە و بە سێ هەزار دەنگ لە نزیکترین ڕەقیبەکەی پێش کەوت. لەو ماوەیە بە هۆی خێرایی کردەوە و ماندوویی زۆر لە نەخۆشخانە بەستری و خەوێندرا، بەڵام ڕۆژێک دوای سەرکەوتن بۆ شوێنی کارەکەی گەڕایەوە و دەبوو کارێکی گرنگ ئەنجام بدا. جانسۆن لە نەخۆشخانە نامەی بۆ ڕەقیبەکانی لە هەڵبژاردن نووسی. ئەو پیرۆزبایی لێ‌کردن کە هەڵمەتێکی گەورەیان بەڕێوە بردووە، هەروەها سەرکەوتنی خۆی بە شتێکی سوتفە و هەڵکەوت وەسف کرد و دەنگدان بە جانسۆن لە ڕاستی‌دا دەنگدان بە ڕۆزوێڵت بوو. جانسۆن کاتێک زانی کە میلێر سەردانی واشنگتۆن دەکا، پەیوەندی بەو کەسانەوە گرت کە دەیناسین بۆ ئەوەی هاوڕێیەتی بەرپرسی شارەوانی بکەن و ڕێز و حورمەتی تایبەتی لێ بگرن. هەر کە جانسۆن نەخۆشخانەکەی بەجێ‌هێشت سەردانی ڕەقیبەکانی دەکرد و بەو پەڕی تەوازوع و خاکەڕایی ڕەفتاری دەکرد. تەنانەت لەگەڵ برای پۆلکی دۆستایەتی کرد لەگەڵ ئەو بە ماشێنەکەی بەنێو شاردا دەسوڕایەوە بۆ ئەوەی ئەرکەکانی بەڕێوە بەرێ.

دوای نزیکەی هەژدە مانگ جانسۆن ناچار بوو خۆی بۆ هەڵبژاردن کاندید بکاتەوە و ئەمجارەیان لەناکاو هەموو نەیار و دوژمنە تاڵەکانی دوێنێ بوونە لایەنگری سەرسەختی و پشتیوانی داراییان لێکرد

١. ئەگەر تەنها سەرنجت لەسەر سەرکەوتن بێ و بەهیچ شێوەیەک کاریگەرییەکانی دوای ئەوە لەبەرچاو نەگری، زۆر ماندووتر دەبی ناتوانی سوود لە ئاشتی دوای شەڕ وەربگری، بۆیە بژاردەی ڕێککەوتن و ئاشتی بە بژاردەیەکی خراپ دەزانی. ئەوە وانەیەکە کە ئەزموونی زۆر پشتگیری دەکا. بە واتایەکی دیکە وانەیەکە کە لە ئەزموونێکی دوور و درێژ فێری بووم. استراتژی، بی.اچ. لیدل هارت، ١٩٥٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و تەنانەت لە غیابی ئەویشدا دەستیان بە چالاکی هەڵبژاردن دەکرد، هەروەها بەرپرسی شارەوانی میلێر، کە ڕۆژێک لە جانسۆن بێزار بوو ئێستا بوو بە لایەنگری و لە ساڵانی دواتردا ئەو پشتیوانییەی پاراست.

**لێکدانەوە**

لە ڕوانگەی زۆربەی ئێمەوە ئاکامی هەرشتێک، پڕۆژە و کەمپین هەڵبژاردن یان هەوڵێکی ڕازیکردن، نیشانەی جۆرێک دیوارە: ئێمە کارەکانمان ئەنجامداوە و دەبێ چاوەڕێی کات بین بۆ ئەوەی دەستکەوت و زیانەکانمان پێشان بدەن. لیندۆن جانسۆن ڕوانگەیەکی تەواو جیاوازی بۆ جیهان هەبوو، کۆتایی وەک دیوارێک نییە، بەڵکوو زیاتر لە دەرگایەک دەچێ کە بەرەو قۆناغی داهاتوو یان شەڕی داهاتوو ڕێنوێنت دەکا. بۆ ئەو گرنگی بەدستهێنانی سەرکەوتن نەبوو، بەڵکوو شتێک بوو کە بۆی دەمێنێتەوە و ئەوی بۆ قۆناغی داهاتوو دەبرد. سەرکەوتنی ساڵی ١٩٣٧ بۆ ئەو چ سوودێکی هەبوو کە لە دوای هەژدە مانگ لە دیوی کارەکەی و پۆستەکەی دەریان کردبوایە؟ ئەگەر بەمجۆرە بوو، بە دڵنیایی خەونی سەرکۆماری بۆ هەمیشە لەدەست دەچوو. ئەگەر دوای هەڵبژاردن لە سەرکەوتنی خۆیدا نوقم دەبوو و هیچ هەوڵێکی دیکەی نەدەدا و بە دڵنیاییەوە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا تۆوی شکستی دەچاند، ئەو دوژمنی زۆری بۆ خۆی دروست کردبوو. تەنانەت ئەگەر لە ساڵی ١٩٣٨دا دژی ئەو هەوڵیان نەدابوایە، لەوانەیە کاتێک لە واشنگتۆن بوو کێشەیان بۆ دروست کردبوایە، بۆیە جانسۆن بێ ڕاوەستان هەوڵیدا بە ڕەفتارێکی شیاو و حەرەکاتی مانادار یان هوشمەندی کە بەرژەوەندی ئەوانی دابین دەکرد ئەو کەسانەی وەک دۆستی خۆی چاو لێ دەکرد. ئەو چاوی لە داهاتوو بوو و بەدوای جۆرێک لە سەرکەوتندا دەگەڕا کە ڕێگای پێش خۆی بەر بڵاوتر بکا.[1]

---

١. تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە هێرشبەر بەهۆی هێزەکانی دەروونییە تایبەتەکانی شەڕەوە پشتیوانی بکرێن، سەرەڕای ماندوێتی درێژەدان ئاسانترە لە ڕاوەستان، هەروەک چۆن ئەسپێک بە پەلە لە گردێک بەرەوخوار قۆرتە دەکا. ئەوەش ئەوە دەردەخا کە حیسابکردنی وردی خاڵی پێگەیشتن لە شەڕدا زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر هێرشبەرێک بەهۆی سەرەوژێری لەو خاڵە تێپەڕێ و لە کاتی لەبار ڕانەوەستێ، ئەوە شانسی سەرکەوتنی لەدەست دەدا. دیاریکردنی ئەو خاڵە لە کاتی کێشانی نەخشەی شەڕدا زۆر گرنگە. ئەگەر نا، ڕەنگە زیاتر لەوەی کە توانای بەڕێوەبردنی هەیە هەنگاو بنێ و ئەگەر بەرگریکارەکە کەمێک زیرەک بێ و درکی ئەو هەڵەیە بکا بە دڵنیاییەوە باشترین سوودی لێ وەردەگرێ. پێویستە هەموو ژێنراڵێک پێش بڕیاردان هەموو هۆکارەکان لەبەرچاو بگرێ و مەسیر و ئەرزش گرنگترین هۆکارەکان دیاری و هەموو ئەگەرەکان لەبەرچاو بگرێ. ڕەنگە هێندێک لەو بژاردانە دەستبەجێ بن و هەندێکیان دوورتر بن. دەبێ هێزی هەست و دۆزینەوەی هەبێ. ئەو دەبێ دیاری بکا کە ئایە یەکەمین غافڵگیری لە شەڕدا دەتوانێ ئاماژە بێ بۆ ئیرادەی دوژمن یان بە پێچەوانەوە بەرخۆدانی ئەو زیاتر بکا؟، دەبێ ڕوونی بکاتەوە کە تا چەند لەنێوبردنی هێندێک سەرچاوە یان لەکارخستنی هێڵی پێوەندی دوژمن ئیفلیج دەکا. دەبێ پێش‌بینی بکا ئایە ئەو برینەی لەسەر جەستەی دوژمن دروستی کردوە ماندووی دەکا یان توڕەیی زیاتر دەکا و دەیکاتە ورچێکی بریندار و توڕەی دەکا. ئەو دەبێ بزانێ کە کام جووڵەی دوژمن دەترسێنێ و گۆشەگیری دەکا و کام حەرەکەتی لایەنگر و هاوپەیمان بۆ دوژمن زیاد دەکا. کاتێک تێدەگەین کە ژێنراڵێکی وەک کەمانگەرێک هەموو گۆشەکانی لەبەرچاو گرتووە و ڕاست ئامانجی پێکاوە، چی دیکە نابێ ئەو دەستکەوتانەی عەقڵی مرۆڤ بە کەم بگرین. هەزاران بەربەست و وەرچەرخانی هەڵە لە ڕێگەی بڕیاری ژێنراڵێکەوە هەیە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جانسۆن هەمان ڕوانگەی بۆ بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەران بەکار هێنا. ئەو لەبری ئەوەی بە وتاری سەرنجڕاکێش و قسەی گرنگ هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی خەڵک بدات، سوودی لە کاریگەریی سۆزداری لەسەریان وەرگرت. ئەو دەیزانی کە ڕازیکردن لە کۆتاییدا پرۆسەیەکی سۆزدارییە: ڕەنگە وشەکان عالی دەرکەون بەڵام ئەگەر سیاسەتمەدارێک ئەو کاریگەریەی لەسەر خەڵک هەبێ کە وەک درۆزنێک یان پڕوپاگەندەکارێک بۆ بەدەستهێنانی دەنگ دەبینن، بە دڵنیاییەوە لێی بێزار و جاڕز دەبن و لەبیری دەکەن، بۆیە جانسۆن هەوڵیدا پێوەندییەکی سۆزداری لەگەڵ دەنگدەران دابمەزرێنێ و دوای قسەکردن لەگەڵیان، بە گوشینی دستیان، بە نیگایەکی مێهرەبانانە لە چاوەکانیان و شێوەی قسەکردنی دڵسۆزانەی، پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ دروست کردن. ئەو هەستێکی لە نێویاندا دروست کرد کە جارێکی دیکە حەز بکەن بیبیننەوە. ئەو ئێحساساتێکی ورووژاند بۆ ئەوەی هەر گومانێک و دوودڵییەک برەوێننەوە، کە بە دوای دەنگدا دێتە پێش. کۆتایی ئەو گفتوگۆیانە لە ڕاستیدا جۆرێک سەرەتا بوو، چونکە لە مێشک و دڵی دەنگدەران‌دا مایەوە و بوو بە پشتیوانێکی گشتگیر و هەمەلایەنە.

**لەبیرت بێت:** لە هەر چالاکییەک‌دا مەیلی ئێوە بە بیرکردنەوە لە سەرکەوتن یان شکست مەترسیدارە. مێشکی ئێوە لەبری ئەوەی ڕێگای پێشەوە لەبەرچاو بگرێ، هەر لەوێ قوفڵ دەکا و دەوەستێ. هەست و سۆز بەسەر ئەو ساتەدا زاڵ دەبێت، واتە ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بێنی خۆبەگەورە زانین زیاد دەکا و ئەگەر دۆڕاویش بن تاڵیی و نیگەرانی سەر هەڵدەدا. ئەوەی پێویستە ڕوانینی "سیال" نەرم و نیانتر و ستراتیژی‌ترە لەسەر ژیان. هیچ شتێک بۆ هەمیشە پایدار نامێنێ، ئەوەی کە چۆن شتێک تەواو دەکەی کاریگەری دەبێ و تەنانەت دیاری دەکا کە لە داهاتوودا چی دەکەن. هێندێک لە سەرکەوتنەکان نەرێنین و بە هیچ شوێنێک ناگەن و هێندێک شکست ئەرێنین و زیاتر لە سەرەتایەکی نوێ دەچن یان وەک وانەیەک بۆ فێربوونی زیاتر کار دەکەن. ئەو جۆرە بیرکردنەوەی نەرمونیانە ناچارت دەکا کە جەختێکی ستراتیژی‌تر لەسەر چۆنیەتی و دۆخی کۆتایی کارەکە بکەیەوە. ئەو جۆرە هەڵوێستە کاریک دەکا کەمێک باشتر سەیری نەیارەکانی خۆتان بکەن و بڕیار بدەن کە ئایە باشترە لەگەڵ ئەوان سەخاوەتمەندانە ڕەفتار بکەن یان هەنگاوێک بۆ دواوە هەڵێنیەوە و بیانکەنە هاوپەیمان، یان لەسەر بنەمای هەستەکانی خۆتان ڕەفتار بکەن. ئەگەر سەرنجی خۆتن دوای هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک ڕابگرن زیاتر بیر لەو هەستە دەکەنەوە کە لە خەڵکدا

---

ئەگەر ئاڵۆزی و ناڕوونیی بابەتەکان سێبەر لەسەر بڕیارەکانی نەکا ئەگەری زۆرە مەترسی و بەرپرسایەتییەکانی ئەو کارە بکەن. بەو هۆکارە کە ژمارەیەکی زۆر لە ژێنراڵەکان بە باشتری دەزانن ڕاست چەند هەنگاوێک دوور لە خەونەکانی واز لە هەوڵدان دێنن و مەترسی نزیک بوونەوە بە گیان ناکرن، لە لایەکی دیکەوە گرووپی دیکە هەیە کە بەهۆی تەماح و بوێری خۆیانەوە سەرتر لە ئامانجەکەیان هەنگاو دەنێن و هێشتا بەدەستی ناهێنن. تەنیا ئەوانەی دەتوانن بە ئامرازی سنووردار دەستکەوتی گەورە بەدەست بێنن کە نیشانەی دروست و دەقیق بگرن. پیرامون جنگ، کارل فن کلاوزویتس. (١٧٨٠- ١٨٣١)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دروستی دەکەن و هەمان هەست بۆ ئارەزووی بینینی دووبارە دەگۆڕێ. بە زانینی ئەو شتە گرینگە کە هەموو سەرکەوتنێک یان هەموو شکستێک کاتییە و ئەوەی گرنگە هەڵوێستی ئێوە بەو سەرکەوتنە یان شکستەیە، بە ئاسانی دەتوانن خۆتان لە ماوەی ئەو هەزاران شەڕەدا کە ژیان بە دوای خۆیدا دێنێ هاوسەنگی خۆتان ڕابگرن. تەنیا کۆتایی ڕاستەقینە مردنە و هەر کۆتاییەکی دیکە دەبێ بە تێپەڕین ئەژمار بکرێ.

هاگاکورە، لەکتێبی سامۆڕایی یاماموتو تسونەتومو دەڵێ: *هەروەک "یاسودا ئۆکیۆ" سەبارەت بە دوایین جامی سەرکەوتن دەڵێ، تەنیا کۆتایی هەر شتێک گرنگە. پێویستە هەموو ژیانی مرۆڤ بەم شێوەیە بێ. کاتێک میوانەکان بە جێیان هێشت، ئێستا دەبێ جۆرێک نیشان بدات کە مەیلی بۆ ماڵئاوایی لەگەلیان پێویستە نیە."*

### کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

لە جیهاندا سێ جۆر مرۆڤ هەیە. یەکەم: ئەوانەی خەونبین و قسەکەر یان وتار بێژن، ئەوان بە جۆش و خرۆشەوە دەست بە هەموو پڕۆژەیەک دەکەن، بەڵام شەپۆلی وزەی ئەو حەماسەتە دوای ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینە و ئەو ماندووبوونەی کە دەبێ بۆ تەواوکردنی پڕۆژەکە بیکەن وردە وردە لەبەین دەچێ. ئەوانە بوونەوەرێکی سۆزداری و ئێحساسین کە زیاتر لە هەنووکە و ساتەوەختدا دەژین، بە ئاسانی و دوای ئەوەی شتێکی نوێ سەرنجیی ڕاکێشان حەزیان لە بابەتی پێشوو لەدەست دەدەن. ژیانیان پڕە لە پڕۆژەی تەواو نەکراو کە هێندێکیان خەونی هەمیشەیی ئەوانەیە.

گرووپی دووەم، ئەو کەسانەن کە هەر کارێکی دەستی پێوە دەدەن، بەئاکامی دەگەیێنن. ئەو بەئاکام گەیشتنە ڕەنگە بەهۆی ناچارییەوە بێ یان بەهۆی ئەوەی توانای بەڕێوەبردنی باشیان هەیە، بەڵام ئەوانە هێڵی کۆتایی، بە جۆش و خرۆش و وزەیەکی کەمتر لەوەی کە لە سەرەتاوە هەیانبوو تەواو دەکەن. ئەوە کۆتایی کەمپین و چالاکی ئەوان دەبێ. بەو پێیەی ئەو کەسانەی زۆر بێ جیکڵدانە و بێ سەبر و حەوسەلەن، کۆتایی کارەکەیان وڵاشم و شپرزە دردەچێ و لە کەسانی دیکە هەستی نارەزایەتی دروست دەکەن. بەهەر حاڵ ئەوانە کارەکە تەواو دەکەن، بەڵام ئەو کۆتاییە بە یادگاری نامێنێتەوە درێژە ناکێشێ و هیچ ڕەنگدانەوەیەکی نابێ.[١]

هەر دوو گرووپ هەر پڕۆژەیەکی بێ ئەوەی ئیدەیەکی پتەویان هەبێ کە چۆنی کۆتایی پێ بێنن دەست پێ دەکەن و کاتێک پڕۆژە بەرەو پێش چوو سەرنج دەدەن کە ئەو شتەی لە سەرەتا باوەڕیان

---

١. ڕۆژێک لە جاک دێمپسی، بۆکسێرێکی لێهاتوو پرسیار کرا "کە ئایە کاتێک بریارە زەربەیەک لە بەرامبەرەکەی بدا، ئامانجی لووتیەتی یان چەناگەی؟ ئەویش وەڵامی دایەوە، "هیچیان، پشت سەری نیشانە دەگرم." نقل شدە در ذهن جنگ، گرانت تی هاموند، ٢٠٠١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێی بوو جیاوازی هەیە، شک و گومانیان لا دروست دەبێ و نازانن چۆنی لێ دەرباز بن، کەوابوو یان بە جێی دێڵن یان بە پەلە تەواوی دەکەن.

گرووپی سێهەم، لە کەسانێک پێک دێن کە یاسای سەرەکی هێز و ستراتیژی دەزانن: کۆتایی هەموو شتێک، پرۆژە، کەمپین، گفتوگۆ، گرنگیەکی سەیر و سەمەرەی بۆ خەڵک هەیە و ئەو کۆتاییە لە مێشکی خەڵکدا دەمێنێتەوە. ڕەنگە شەڕێک بە پشتیوانی خەڵک دەست پێ بکرێ و لە درێژەدانی سەرکەوتنی گەورەی بە دەست بێ، بەڵام ئەگەر کۆتاییەکەی خراپ بوو، ئەو کۆتاییە خراپە لە مێشکی خەڵک‌دا دمێنێتەوە. گرووپی سێهەم بە سەرنجدان بەو زانیاریانەی کە لە گرینگی کۆتایی کار هەیانە، تەنیا بیر لە تەواوکردنی کارەکە ناکەنەوە، بەڵکوو بە عەقڵێکی کراوە هەموو خەم و خەفەتەکانیان بە وزەیەکی دوو بەرابەر سەیری ڕەنگدانەوەی دوایی کارەکە تەواو دەکەن. ئەوان بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی لە مێشکی خەڵکدا بمێنێتەوە. ئەو کەسانە هەمیشە بە پلانێکی ڕوون دەست پێ دەکەن، کاتێک بزانن تووشی شکست دەبن بە سەبر و مەنتیقی بەردەوام دەبن. گەلاڵەی سەرەتایی ئەوان تەنیا کۆتاییەکەی لەبەرچاو نەگرتووە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی کۆتاییەکەشی لەبەرچاو گرتووە. ئەو کەسانە هەمان خەڵکانێکن کە دیاردەی بەردەوام دروست دەکەن، ڕەنگە ئەو دیاردە بەردەوامە شاکارێکی هونەری بێ، ئاشتییەکی مانادار، یان کەسب و کارێکی گەشەسەندووی هەمیشەیی بێ.

ئەوەی کە کۆتایی‌هێنان بە هەر کارێکی باش دژوارە، هۆکارێکی سادەی هەیە: کۆتاییەکان هەست و سۆزی بەهێز دەوروژێنن. ئێمە لە کۆتایی ململانێیەکی تاڵدا ئارەزوویەکی قووڵمان بۆ ئاشتی هەیە. ئەگەر ئەو ململانێیە سەرکەوتنمان بۆ وەدی بێنێ، زۆرجار تووشی وەهمی گەورە دەبین و هەمیشە بەدوای شتێکی زیاتردا دەگەڕێین. ئەگەر ئەم ململانێیە ناشیرین و نەخوازراو بێ، تووڕەیی و ورووژاندن وامان لێ دەکا پەنا بۆ توندوتیژی ببەین، ئەگەر دۆڕاین ئاگری تۆڵە کردنەوە دەمانسووتێنێ. ئەم جۆرە هەستانە دەتوانن هەموو کارەکانی پێشوومان بخەنە ژێر پرسیارەوە. لە ڕاستیدا هیچ شتێک لە بواری ستراتیژیدا لەوە دژوارتر و بە دڵنیاییەوە پێویست‌تر لەوە نییە کە تا کۆتایی تووڕە نەبین و ئارامیی خۆمان بپارێزین.

ڕەنگە ناپلیون بناپارت گەورەترین ژێنراڵی مێژوو بێ. ستراتیژییەکانی ئەو موعجیزەیەکی لە نەرمونیانی و وردبینی بوون کە ئەو نەخشەی هەموو ڕێگاکەیانی لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەکێشایەوە، دوای شکستی ئوتریشییەکان لە سترێلیتز، پاشان شکستی پرۆسەکان لە لێنا- "ئۆرشتێدت"، کە بە دوو سەرکەوتنی گەورەی ناوبراو دادەنرێن، ناپلیۆن لەو ناوچانە دا مەرجی زۆر سەختی دانا تا ئەو کاتەی ئەوانە دەبنە دەوڵەتی دەستکرد یان پاشکۆ و وابەستەی فەڕانسە. بەو پێیە لە ساڵانی دوای پەیماننامەکان هەردوو وڵات ئارەزووی قووڵیان بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە هەبوو. ئەوان بە نهێنی سوپای خۆیان دامەزراند و چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بوون کە ناپلیۆن تووشی لاوازی بێ. ئەو ساتە دوای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشەکشەی کارەساتبار لە ڕووسیە لە ساڵی ١٨١٢ ڕوویدا و بە ترسناکترین شێوە تۆڵەیان لێ کردەوە.

ناپلیۆن بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژییەکەی چاوپۆشی لە هەستەکانی نەکرد و پشتگوێی نەخست. ئەو لە سووککردن و تۆڵەکردنەوە و هێز کەڵکی وەرگرت. ئەگەر سەرنجی لەسەر بەرژەوەندیی درێژخایەن بووایە، لەوە دەگەیشت کە باشترە پرۆس و ئۆتریش کەمتر بخاتە ژێر گوشارێکی فیزیکییەوە و بە شێوەیەکی بەڕواڵەت بەخشندانە فریویان بدات و لەبری ئەوە وەک هاوپەیمانی فەڕانسە لە گەلیان هەڵس‌وکەوتی کردبوایە تا کردنی بە دەوڵەتانێکی پاشکۆ و پڕ ڕق‌وقین. ئەگەر تەنیا پرۆسی وەک هاوپەیمانێکی بەختەوەر دەپاراست ئەوە لە شکست و کەوتنی کتوپڕی ڕووسیە ڕزگاری دەبوو و شەڕی واترلۆ ڕووی نەدەدا.

ئەم وانەیە باش فێربە کە پلانی زیرەک و سەرکەوتنی بێشومار بەس نییە، هێندێک جار دەبێتە قوربانی سەرکەوتنی خۆتان و ڕێگە بە سەرکەوتنێک دەدەی فریوتان بدا و دوژمن بۆ خۆتان دروست دەکەن و شەڕەکە دەبەنەوە، بەڵام گەمەی سیاسی دوای ئەوە لە دەست دەدەی. هەروەها ئەوەی تۆ پێویستە چاوی سێهەمی ستراتیژییە، واتە توانای تەرکیزکردنە لەسەر داهاتوو، لەکاتێکدا لە ئێستادا دەژی و چوارچێوەدان بە کردەوەکان بە شێوەیەک کە لە شەڕی داهاتوودا خزمەت بە بەرژەوەندییەکان بکا. چاوی سێهەم یارمەتیت دەدات لەگەڵ هەستەکان بەربەرەکانی بکەن کە ستراتیژییە زیرەکەکانی ئێوە شلوێ و پیس (آلودە) دەکەن، بەتایبەتی شتێکی وەک توڕەیی و مەیلی تۆڵە کردنەوە.[١]

بابەتێکی زۆر گرنگ لە شەڕدا ئەوەیە کە بزانین چ کاتێک بوەستن، چ کاتێک بکشێنەوە و کەی بە ڕێککەوتن بگەن. بەسە کە زوو وازی لێ بێنن و هەموو ئەو شتانە لەدەست بدەن کە لە پێشڕەوی‌دا تا ئەو کاتە بەدەستت هێناوە. لەم حاڵەتەدا کاتێکی کەمت تەرخان کردووە بۆ ئەوەی لە شەڕەکەدا بە ئامانج بگەن. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر درەنگتر بوەستن و بە ماندووکردنی خۆتان زیاتر لە وەی کە توانات هەیە بەدستی بێنن ئەوە دوژمنی زۆر بۆ خۆتان دروست دەکەن. فەیلەسوفی گەورەی شەڕ، کارل فۆن کلاوزویتس، ئەو بابەتە شی دەکاتەوە و نێوی دەنێ "خاڵی پێگەیشتنی شەڕ" و ئەوە بە باشترین کات بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ نێو دەبا. بۆ دیاریکردنی خاڵی پێگەیشتنی شەڕێک پێویستە سەرچاوەکانی خۆتان بناسن و بزانن تا چەند دەتوانن مودیرییەتی بکەن و ڕوحیەی سەربازەکان و هەر جۆرە نیشانەیەکی لاوازبوونی هەوڵەکان هەڵسەنگێنن. ئەگەر بە دروستی بەو ساتەوەختە نەزانی، دەرئەنجامی نەخوازراو بەسەر خۆتاندا دەسەپێنن. ئەو دەرئەنجامە هەمان ماندوویەتی زۆر و توڕەیی و

---

١. پێدەچێ سەرکەوتنەکە بەدەست هاتبێ، تەنیا مانەوەی شەیتان هێشتا هەیە بۆ ئەوەی لە کاتی گونجاودا بێتە پێوشوێنمان. هەموو شتێک لە ڕووکەشدا سادەیە، بەڵام هێشتا مەترسی هەیە. بەسە ئەگەر وریا نەبین شەیتان لە حەشارگە دێتەدەر و کارە خراپەکانی بەسەرماندا دەبارێنێ. ئەو کاتەیە ئەو تۆوی نەهامەتیانەی کە ماونەتەوە دەست بکەن بە گەشەکردن، چونکە شەیتان بە ئاسانی نامرێ. ئی چینگ، یا کتاب دگرگونی‌ها، چین، قرن هشتم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕق و کینە لە ڕادەبەدەر دەبن.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژاپۆنییەکان بینییان کە ڕووسیە لە چین و کورە هێزەکانی پێشڕەوی دەکەن. ساڵی ١٩٠٤ بە هیوای ئەوەی کە ڕێگری لە گەشەسەندنی ڕووسیە بکەن، هێرشێکی کتوپڕیان بۆ سەر شاری "پۆرت ئارتۆر" لە کەنارەکانی "مەنچووری" کە لەلایەن ڕووسیە پارێزگاری لێ دەکرا، کرد. بەو پێیەی ژاپۆن وڵاتێکی بچووکتر بوو و سەرچاوەی نیزامی کەمتری هەبوو، دەسەڵاتداران هیوایان دەخواست کە ئەو هێرشە بە خێرایی لە بەرژەوەندی ئەوان کۆتایی بێ. ئەو ستراتیژییە کە لە دایکبووی عەقڵی "بارون جنتارۆ کۆداما" فەرماندە ئەرکانی سوپای ژاپۆن بوو، کاریگەر بوو: ئەو کە ئیبتکاری عەمەلی بەدەستەوە گرت و توانی ناوگانی ڕووسی لە پۆرت ئارتۆر زەمینگیر و ڕایگرتن و کاتیش لە بەرژەوەندی ژاپۆن دابوو.

لە مانگی ئاوریلی (خاکەلێوە) ساڵی ١٩٠٥دا کوداما هەڕەشەیەکی جیددی لەسەر سەرکەوتنەکانی بینی، هێز و سەرچاوەکانی ژاپۆن بە پێچەوانەی ڕووسیە سنووردار بوون. کوداما ڕێبەرانی ژاپۆنی ڕازی کرد کە دەستکەوتەکانیان بپارێزن و بەدوای ئاشتی‌دا بگەڕێن. پەیمانی "پۆرتسمۆس" دوای ساڵێک واژۆ کرا و مەرجی بەخشندەی بە ڕووسیە دا، بەڵام ژاپۆن پێگەی خۆی بەهێزتر کرد: ڕووسیە مەنچووری و کورەی چۆل کرد و پۆرت ئارتۆری بە ژاپۆن دا. ئەگەر ژاپۆنییەکان هەمان خێرایی خۆیان پاراستبوایە بە دڵنیایی خاڵی پێگەیشتن‌یان تێدەپەڕاند و هەموو دەستکەوتەکانیان لەدەست دەچوو.

بەڵام ئەمریکاییەکان لەو دیوی دیکەیی سەربانەکەوە یان سەقفەکەوە کەوتنە خوارەوە، واتە لە ناکاو دەرکەوتن. ئەوان لە ساڵی ١٩٩١دا زۆر زوو کۆتاییان بە شەڕی کەنداوی فارس هێنا و ڕێگەیان بە سوپای عێراق دا کە لە گەمارۆ ڕزگار بێت، ئەو کارە ئەوەندەی هێز بو سەدام حوسێن هێشتەوە کە بە شێوەیەکی دڕندانە شۆڕشی کورد و شیعە لە دوای شکستی کوێت سەرکوت بکا. هێزەکانی هاوپەیمانان سەرکەوتنی خۆیان بە تەواوی ئەنجام نەدا چونکە نەیاندەویست لە ڕوانگەی وڵاتانی دیکەدا وەک سەرکوتکەری نەتەوەیەکی عەرەب بناسرێن و لە ترسی بۆشایی دەسەڵات لە عێراقدا، لە تەواوکردنی سەرکەوتنەکە خۆیان پاراست. ناکامی و نائۆمێدی ئەوانە لە تەواوکردنی شەڕەکە، بووە هۆی توندوتیژی زیاتر لە درێژخایەن‌دا.

**بیهێنە بەرچاوت:** هەر کارێک کە ئەنجامی دەدەی ساتێکی کامڵبوون و گەیشتنی هەیە. ئامانجی ئێوە ئەوەیە کە ئەو پرۆژە لەو لووتکەیەدا تەواو بکەی، ئەوەندە بەسە خۆتان تەسلمی ماندوویەتی، بێزاری یان پەلەکردن بکەن و لەو لووتکەیە بکەونە خوارەوە. هەروەها تەماح و زێدەخوازی و وەهمی زۆر ئێوە ناچار بە پێشڕەوی لە ڕادەبەدر دەکا. بۆ ئەوەی لە ساتەوەختی لووتکەدا باشترین بڕیار بدەن، پێویستە ڕوونترین تێگەیشتن لە ئامانجەکانی خۆتان هەبێ و بزانن ئارەزووی ڕاستەقینەی ئێوە چییە. هەروەها پێویستە زانیارییەکی تەواو لەسەر سەرچاوەکان هەبێ و بزانی تا کوێ دەبێ بچی. ئەم هۆشیارییە هەستێکی "شهود"ی لە تۆدا دروست دەکا بۆ ئەوەی بە ئاسانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاڵی کامڵبوون و پێگەیشتن بناسیەوە.[١]

هەرجۆرە کۆتایی هێنانێک بە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی وەک کۆتایی هێنان بە شەڕ، پێویستی بە ناسینی خاڵی پێگەیشتن هەیە. گفتوگۆ یان جەریانێکی کە زۆر درێژ دەبێتەوە هەڵبژاردنێکی خراپی دەبێ. مانەوەی زۆر لە یەک شوێن وەک میوان و بێ حەوسەلەی ئەفراد لە حوزووری ئێوە خراپترین ناکامی و ناهومێدییە: دەبێ کاتێک ئەوانە بە جێ بێڵی کە زیاتر پێویستیان بە بوونی تۆ هەیە نەک بە نەبوونی تۆ. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە ساتێک کۆتایی بەو پێوەندیی و گفتوگۆ یان مانەوە بێنی کە لایەنی بەرامبەر چاوەڕێی ئەوە ناکا. ئەگەر زۆر زوو شوێنێک یا کۆبوونەوەیەک بەجێ بێڵن سەرەڕۆ دەردەکەون، بەڵام ئەگەر لەو پەڕی ڕێز و چێژدا وەدەر کەوی، بێگومان کاردانەوەی باشی دەبێ لەو حاڵەتەدا تەنانەت دوای ڕۆیشتنت کەسانی دیکە بیر لە ئامادەبوونی باشی تۆ دەکەنەوە، بەگشتی باشترین دۆخ ئەوەیە کە پێوەندییەک بە وزە و لە لووتکەدا کۆتایی پێ بێنی.

سەرکەوتن و شکست ئەوەیە کە تۆ دروستی دەکەی. سەرکەوتن و شکست ئەو شێوازەیە کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ شتەکاندا دەکەی. بەو پێیە شکست لە ژیاندا حەتمییە، دەبێ بەسەر هونەری دۆڕان بە باشی و ستراتیژیک زاڵ بی. سەرەتا بیر لە هەڵوێستی دەروونی خۆتان بکەنەوە کە چۆن لە ڕووی دەروونییەوە شکست وەردەگرن، پاشان بە پاشەکشەیەکی کاتی بزانە و خۆتان بۆ هێرشێکی گونجاوی لەداهاتوودا ئامادە بکەن. زۆربەی کاتەکان ئەوانەی سەردەکەون، لە خۆبایی دەبن. پێویستە شکست وەک ئامرازێک ببینی بۆ ئەوەی بەهێزتر بی.

دووهەم: پێویستە شکست وەک ڕێگەیەک بۆ نیشاندانی تایبەتمەندییەکی کەسایەتی ئەرێنی خۆتان بۆ کەسانی دیکە بزانین ماناکەی ئەوەیە کە سەربەرزانە ڕاوەستی و هیچ نیشانەیەکی تاڵی و ناخۆشی لەگەڵ کەسانی دیکە نەبێ و حاڵەتی بەرگری بە خۆتانەوە نەگرن. کاتێک جان ئێف. کێنێدی لە سەرەتای وەرگرتنی پۆستی سەرکۆماری ئەمریکا بوو، لە عەمەلیاتی کەنداوی بەرازەکاندا (خلیج خوکها) هێرشێکی شکست خواردووی بۆ سەر کووبا کرد. دواتر بەرپرسایەتی ئابڕووبەرانەی لەو شێوەیەی قەبووڵ کرد بەڵام لەبری ئەوەی بە زەقی لە قسەکانیدا داوای لێبوردن بکا هەوڵیدا هەڵەکانی قەرەبوو بکاتەوە و دڵنیاییکردن لەوەی ڕووداوێکی لەو شێوەیە دووبارە نابێتەوە، لە کاتێکدا پەشیمانی خۆی نیشان دەدا هێزی خۆیشی نیشان دا. هەر بەو هۆیەشەوە پشتیوانی سیاسی و جەماوەری پەیدا کرد و لە شەڕەکانی داهاتوودا زۆرترین سوودی لێ وەرگرت.

سێهەم: ئەگەر شکست حەتمی بێ زۆرجار باشترین کار ئەوەیە کە لە لووتکەدا شکست بخۆی.

---

١. هێرشی بروسکەئاسای "زریانی بیابان" (طوفان صحرا) لە ژێر فەرمانی سنتکام کۆتایی هات. ئەو پیاوە بیری لە شەڕی سەد کاتژمێری بروسکەئاسا کردبووەوە، بەڵام دوای سێ ساڵ هێشتا هەر بەردەوام بوو. گۆردۆن براون، ئەفسەری سرویسی دەرەوە و ڕاوێژکاری باڵای سیاسەتی دەرەوەی شوارزکۆف لە سنتکام دەڵێ: "ئێمە هەرگیز پلانمان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە نەبوو". جنگ ژنرال‌ها: داستانی درونی نبرد در خلیج فارس، مایکل آر گوردون و ژنرال برناردای ترینر، ١٩٩٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەش یارمەتی دەدا بە قشوونی خۆتان بۆ داهاتوو هیواوئومێد ببەخشێ. سوپای ئەمریکا لە شەڕی ئالامۆ لە ساڵی ١٨٣٦ کە لەگەڵ مەکسیک شەڕیان دەکرد تا ئاخرین کەس قارەمانانە گیانیان لەدەستدا و خۆیان تەسلیم نەکرد. ئەو شەڕە بوو کە دروشمێکی لێ کەوتەوە: "ئالامۆ لەبیر مەکە!" لە کۆتاییدا سوپای ئەمریکا بە فەرماندەهی "سام هوستون" مکزیکی شکست دا. مەرج نییە شەهیدبوونی جەستەیی ئەزموون بکەی، بەڵام بەسە بۆ ئەوەی قارەمانەتی پێشان بدەن و بەشێوەیەک شکست بخۆن کە بە سەرکەوتنێکی مەعنەوی و ڕوحی دادەنرێ و بە خێرایی و بۆ ماوەیەکی زور پایدار دەبێ. چاندنی تۆوی سەرکەوتنی داهاتوو لە شکستی ئێستادا، جۆرێک لە ستراتیژی زیرەکانەیە لە باشترین شێوەی خۆیدا.

لە نیهایەتدا بەو پێیەی کۆتایی وەک سەرەتای قۆناغێکی نوێ وایە. زۆرجار ستراتیژییەکی ژیرانە ئەوەیە کە لەسەر کۆتاییەکی دووفاقی پێک بێنی. ئەگەر دوای شەڕێک لەگەڵ دوژمن بە سازان بگەن بە جۆرێک ڕەفتار بکەن وەک ئەوەی گومانت هەبێ تا لایەنی بەرامبەر هەوڵی ئەوە دەدا خۆی بۆ تۆ بسەلمێنێ. کاتێک پرۆژەیەک یان چالاکییەک تەواو بووە ئەو هەستە لە کەسانی دیکەدا دروست بکە کە نەتوانێ پێش‌بینی هەنگاوی داهاتووتان بکات. سریان بکەن و بە هەڵپەسێردراوی بیان هێڵەوە و یاری بە سەرنجەکانیان بکەن. کاتێک بە شێوەیەکی نهێنی کۆتایی بە هەڵوێستێک دێنی سیگناڵێکی نارۆون دەدەی یان تیۆرێکی جێی گومان باس دەکەی و بە شێوەیەکی ورد و فێڵبازانە دەستی سەرەوە بۆ قۆناغی داهاتوو گرتووە.

**بیهێنە بەرچاوت:** خۆر. کاتێک کارەکانی تەواو دەکا و لە ئاسۆدا گوم دەبێ، لە دوای خۆی تیشکێکی سەیر و بەشکۆ بەجێ دەهێڵێ. گەڕانەوەی ئەو ئاواتی هەمووانە.

ناپلیۆن بناپارت دەڵێ: "*داگیرکردنی وڵاتێک کارێکی تایبەت نییە. کاری سەرەکی لەلایەن کەسێکەوە کراوە کە سوود لە سەرکەوتنەکانی وەردەگرێ.*"

## حاڵەتی دەگمەن

کۆتاییەکی ناڕاست هەر ڕووداوێک بێ نرخە. ئەو ستراتیژییە هیچ ئەملاو ئەولایەکی نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەسڵی پێنجەم:
# شەڕهەڵایسێنی ناباو (پیس)

ژێنراڵێک کە لە مەیدان‌دا شەڕ دەکا دەبێ بەردەوام بەدوای باڵادەستی بەسەر دوژمندا بگەڕێ. باڵادەستی زیاتر لە تۆخمەی خافڵگیری زەربەلێدانی دوژمن بە ستراتیژی نوێ لە دەرەوەی ئەزموونەکەی و بە تەواوی نەناسراو و ناباو بە دەست دێ. بەو مانایەیە کە لە سروشتی شەڕدا هەموو ستراتیژێک بە هەموو جۆرە بەکارهێنانێکەوە بە تێپەڕبوونی کات دووبارە دەبێتەوە، بۆیە گەڕان بە دوای ستراتیژی ناباو و نوێ لە بنەڕەتدا مەیلی زیاتری هەیە کە هەر ڕۆژ لە چاو ڕۆژی پێشتر زیاتر گەشە بکا. لە هەمانکاتدا ئەو کۆدە ئەخلاقیانەی کە بۆ چەندین سەدە حوکمڕانی شەڕەکانیان دەکرد وردە وردە جێگەی خۆیان لەدەست داوە. هەمان دوو هۆکار بۆتە هۆی سەرهەڵدانی بابەتێک بە نێوی شەڕی پیس، کە لە سەردەمی ئێستادا ژیانی هەزاران کەس دەستێنێ کە هیچ هەواڵێکیان لە شەڕ نییە. شەڕی پیسی سیاسی، فریودەر و زۆر کۆنترۆڵ کراوە. زۆرجار لایەنی لاواز و بێ ئومێد لەو جۆرە شەڕە بۆ دروستکردنی هاوسەنگی هێز کەڵك وەردەگرێ.

دینامیکی ئەو جۆرە شەڕە تا ڕادەیەکی زۆر بە کۆمەڵگا و کولتوورەوە بەستراوە. جا چ لە سیاسەتدا، چ لە بازرگانی یان کۆمەڵگادا. ڕێگای شکست‌دانی دوژمن ئەوەیە کە خافڵگیری بکەن و لە سووچی چاوەڕوان‌نەکراو هێرشی بۆ بکەن. فشارە بەردەوامەکانی شەڕی ڕۆژانە وا دەکات ستراتیژییە پیسەکان حەتمی بن. مرۆڤەکان بە زۆری کارەکانیان لە ژێرەوە و بە نهێنی ئەنجام دەدەن، خۆیان جوان و مێهرەبان دەر دەکەون، بەڵام لە پشت پەردەوە پەنا بۆ پیسترین ڕێگا دەبەن.

ستراتیژی ناباو لۆژیکی خۆی هەیە و دەبێ فێریان بیت. یەکەم: هیچ شتێک بۆ هەمیشە نوێ نامێنێتەوە، ئەوانەی جەخت لەسەر نوێخوازی دەکەنەوە دەبێ بەردەوام بیرۆکەی نوێ بدۆزنەوە کە دژی نۆرمەکانی کۆمەڵگا بێ. دووهەم: شەڕکردن لەگەڵ کەسانێک کە شێوازی ناباو بەکار دێنن زۆر سەختە. ڕێگای ڕاستەوخۆ و هەمیشەیی هەمان کەڵک وەرگرتن لە زۆر و هێزە، ئیتر بۆ ئەو کەسانە وەڵامدەر نیە. پێویستە شێوازی ناڕاستەوخۆ بۆ شەڕی ناڕاستەوخۆ، ئاگر لە بەرامبەر ئاگردا بەکار بێنی، تەنانەت ئەگەر تێچووی ئەوە بە پیس‌بوونی خۆتان کۆتایی بێ. هەوڵدان بۆ ئەوەی هەمیشە بە ئەخلاق‌گەرایی ناوبانگت بێ مەترسی شکست لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە بەشەکانی داهاتوودا لەبارەی شێوازی جۆراوجۆری شەڕی ناباو ئاشنا دەبی. هێندێک لەو شێوازانە لەڕادەبەدەر ناباون، وەک ئەوەی دوژمنەکانت فریو بدەن و بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانیان ڕەفتار بکەن. هێندێکی دیکەیان زیاتر سیاسین، وەک ئەوەی ئەخلاق وەک چەکێکی ستراتیژ بزانن و لە هونەری شەڕی چریکی لە ژیانی ڕۆژانەدا کەڵک وەرگرن و لە هەموو جۆرە شەڕێکی چریکی فێلبازانە ببیە وەستا. هێندێکیان بە دڵنیاییەوە پیسن، وەک لەنێوبردنی دوژمن لە دەڕووندا و چاندنی ترس و خۆف لە هێزەکانیدا. ناوەڕۆکی ئەو بەشانە بە شێوەیەک داڕێژراون کە تێگەیشتنێکی باشتر لەو دەروونناسی شەیتانی کە لە هەر ستراتیژییەکدا بە دەست بێنی و یارمەتی بدا خۆتان بە میکانیزمێکی بەرگری گونجاو تەیار بکەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی بیست‌وسێهەم:
# تێکەڵاوێکی بێ کەموکوڕی لە ڕاستی و ئەفسانە ساز بکەن.
# ستراتیژیی تێگەیشتنی هەڵە (تێنەگەیشتن)

لەوەیڕا کە هیچ بوونەوەرێک بەبێ بینین و هەست‌کردن بەوەی لە دەوروبەری‌دا دێ و دەچێ، ناتوانێ بمێنێ، کەوایە بینین و پێش‌بینیی ڕووداوەکانی دەوروبەرتان بۆ دوژمنەکەتان ئەستەم بکەنەوە، بۆ نموونە کارێک بکەن کەوا نەزانێ خەریکی چ کارێکن. سێبەرێک بخەنە سەر سەرنجی دوژمن و دەسەڵاتی ستراتیژییان کەم بکەنەوە. مرۆڤەکان لە ڕێگەی هەستەکانییەوە هێزی تێگەیشتن و فێربوونی هەیە، ئەوان مەیلی ئەوەیان هەیە کە لەسەر بنەمای ئەوەی دەیبینن جیهان لێکی بدەنەوە. وڵامدەری چاوەڕوانییەکانیان بن، ڕاستییەک بخولقێنن کەوا لەگەڵ خەیاڵەکانی وان‌دا بگونجێ پاشان فریو دەدرێن و هەڵدەخەڵەتێن. ڕاستی و ئەفسانە تێکەڵ بکە تا نەتوانن ڕاستی لە درۆ جیا بکەنەوە. تێگەیشتنی ئەوانی دیکە لەسەر ڕاستییەکان کۆنترۆڵ بکەن تا لەو ڕێگەوە خۆیان بخەنە ژێر چاودێری و کونترۆڵتانەوە.

### ئاوێنەی هەڵە

لە ٣ی نوامبری ١٩٤٣ [١٣ خەزەڵوەری ١٣٢٢] ئەدۆلف هیتلێر بەڵگەنامەیەکی بە ناوی ڕێنوێنی "دەستووری ٥١" بەسەر ژێنراڵە بەرزەکانیدا بڵاو کردەوە. لەو بەڵگەنامەیەدا بۆچوونی ئەو کە هاوپەیمانان لە ساڵی داهاتوودا هێرش دەکەنە سەر فەڕانسە ڕوون کرابووەوە. ساڵانێک بوو کە هیتلێر گرنگترین بڕیاری ستراتیژی لەسەر بنەمای هەستێکی ئیلهامی "ئینتێزی" خۆی دەدا و کات و غەریزەکانی هەمیشە ڕاست دەردەچوون. پێشتر هاوپەیمانان زۆر جار هەوڵیان دابوو قەناعەتی پێ بکەن کە لەشکرکێشی بۆ فەڕانسە نزیکە بۆتەوە، بەڵام ئەو فریوی نەخوارد و ئەمجارەیان لەوە دڵنیا بوو کە تەنانەت شوێنی وردیشی دەزانی، واتە "پا دو کاله"، شارێکە لە فەڕانسە بەدرێژایی کەناڵی ئینگلیز، کە نزیکترین شوێن بۆ ئینگلستان بوو.[1]

"پا دو کاله" چەندین بەندەری گرنگی هەبوو و وڵاتانی هاوپەیمان پێویستیان بە بەندەرێک بۆ

١. لە کاتی شەڕدا، حەقیقەت ئەوەندە بەنرخە کە دەبێ بە پاسەوانی درۆیین پارێزگاری بکرێ. وینستون چرچیل ١٨٧٤- ١٩٦٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دابەزاندی هێزەکانیان بوو. ئەو ناوچەیە ڕێک لەو شوێنە بوو کە هیتلێر پلانی بۆ جێگیرکردنی مووشەکی V-1 و V-2 دانابوو. ئەو دەیهەویست زۆر بە زوویی ئەو مووشەکانە وەکار بخا، یان بۆمبەکانی باڵندەی دوورمەودای ئینگلستان ناچار بە تەسلیم بوون بکەن. ئینگلیزییەکان دەیانزانی کە مووشەکەکانیان لەوێ جێگیر دەکەن و ئەوەش یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی هێرش بۆ سەر فەڕانسە لە ناوچەی "پا دو کالە" پێش ئەوەی کە بۆمباران‌کردنی هیتلێر دەست پێ بکا.[١]

بە ڕێنمایی دەستووری ٥١ هیتلێر فەرماندەکانی ئاگادار کردەوە کە چاوەڕوانی فێڵێکی گەورە سەبارەت بە شوێن و کاتی هێرش لە لایەن هاوپەیمانانەوە بکەن. ئاڵمانییەکان دەبوو گرنگی بەو فێڵانە بدەن و هەر هەوڵێکی هاتن بۆ ویشکایی سەرکوت بکەن. سەرەڕای شکستەکانی ئەو دواییە لە شەڕەکاندا، هیتلێر متمانەی زۆر بەو گڵاڵەیە هەبوو. چەند ساڵ لەمەوبەر لە دروستکردنی دیواری ئاتلانتیک کە کۆمەڵگەیەکی بەرفراوان و بەهێزی بەرگری کەناراوەکانە، لە کەنارەکانی ڕۆژاوای ئورووپا لە فەڕانسەوە تا نورویژ بەشداری کرد و زیاتر لە دە میلیۆن سەرباز لەژێر دەستیدا بوون، کە یەک میلیۆن نەفەر تەنیا لە فەڕانسە بوون. پیشەسازی چەکی ئاڵمان هەر ڕۆژێ چەکی زیاتر و باشتری دروست دەکرد. هەروەها هیتلێر زۆربەی ئورووپای لە کۆنترۆڵ دابوو و ئەو کارە بوو بە هۆی ئەوە سەرچاوەیەکی گەورە و بژاردەی بێ‌کۆتایی بۆ جوڵاندنی قشوونەکانی بۆ ئەملا و ئەولا پێ ببەخشی.

لە نیهایەت‌دا هاوپەیمانان بۆ هێرشکردنە سەر فەڕانسە پێویستیان بە چەکی گەورە بوو، کاتێک وەسەریەک دەخران بۆ شاردنەوە نەدەبوو. هیتلێر بۆ هەموو ئاستەکانی نیزامی ئینگلستان بەکرێگیراوی ناردبوو و ئەوانیش باشترین و زانیاری پلە یەکیان بۆ ڕەوانە دەکرد، تەنانەت لە کات و شوێنی وردی هێرشەکەیان ئاگادار دەکردەوە. هاوپەیمانان نەیاندەتوانی ئەو خافڵگیر بکەن و ئەگەر لە کەنارەکانی فەڕانسە شکستی بە ئەوان هێنابوایە ئینگلستان ناچار بوو بەدوای ئاشتی‌دا بگەڕێ و بە دڵنیاییەوە ڕۆزوێڵت لە دەوری دووهەم‌دا پۆستی سەرۆک کۆماری لەدەست دەدا. دوای ئەوە هیتلێر دەیتوانی هەموو سوپاکەی لە دژی یەکێتی سۆڤیەت چڕ بکاتەوە و ئەو وڵاتەش شکست بدا. لە ڕاستیدا هێرش بۆ سەر فەڕانسە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی کە ڕێڕەوی شەڕ لە بەرژەوەندی خۆی بگۆڕێ.[٢]

---

١. "دادلی کلارک" هەمیشە دەیزانی کە هەرگیز ناتوانی دوژمن بە شتێک فریو بدەی کە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی بێ. ئەو دەیزانی کە تەنیا لە ڕێگەی زانین و تێگەیشتن لە دوژمن دەتوانرێ هیپنۆتیزم بکرێ و ئەوەش ڕێگەی ئەوە نییە تەنیا بە بیرکردنەوە و ئەنجامدانی ئەوەی کە حەزت لێیە جێبەجێ نابێ، بەڵکوو بە زانین و فریودان لەگەڵ ڕاستییەکان ئەنجام دەدرێ. استادی در فریب، دوید مور، ١٩٨٠

٢. ژێنراڵی ئاتێنی، تێمیستۆکلیس، لە یەک کاتدا دوو کێشەی گرنگی هەبوو کە دەبوو چارەسەری بکات، و هەنگاوێکی کاریگەر بگرێتەبەر و ڕێگری لە هەر جۆرە ڕۆیشتنی گرووپە سپارتییەکان بکا و دڵنیایی دابوو کە ئەوان لەوێ و لە هەمان شوێن وەک ئەوەی پلانی بۆ دانا، شەڕ دەست پێ دەکا. هەروەها دەبوو خەشایارشا ڕازی بکا کە هەنگاوێک هەڵێنێتەوە کە لە ئەنجامدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرماندەی هیتلێر لە ئورووپای ڕۆژاوا، فیلد مارشاڵ، ژێنراڵ "کارل ڕودوڵف گێرد فۆن ڕوندشتت" یەکێک لە ژێنراڵە بەڕێزەکانی ئاڵمان بوو. بۆ بەهێزکردنی پێگەی بەرگری خۆیان لە فەڕانسە، هیتلێر ژێنراڵ "ئێروین ڕۆمێل" وەک فەرماندەی ئەو هێزانەی لە کەناراوەکانی فەڕانسە جێگیر کرابوون دیاری کرد. ڕۆمێل دیواری ئەتڵانتیکی بەهێزتر کرد و بە مەیدانی مین و گۆڕەپانی ئاگری گوللە، نێوی دیواری شەیتانی لەسەر دانا. ڕۆمێل و ڕوندشتت هەردووکیان داوای هێزی زیاتریان کرد بۆ دڵنیابوون لەوەی ئاڵمانییەکان دەتوانن هاوپەیمانان لە سنووری ئاوی سەرکوت بکەن، بەڵام دوای ماوەیەک داواکارییەکانیان ڕەت کرایەوە.

هیتلێر لەو دواییانەدا متمانەی بە هێزە باڵاکانی خۆی نەمابوو. لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە چەندین هەوڵی تیرۆرکردن ڕزگاری ببوو، کە هەموویان بەڕێکەوت لەلایەن سەربازەکانییەوە سەرچاوەی گرتبوو. ژێنراڵەکانی بەردەوام قسەو باسیان لە ستراتیژییەکانی هیتلێر لەگەڵی دەکرد و بە بۆچوونی ناوبراو ئەوان بوونە هۆی شکستی زۆرێک لە شەڕەکانی لەشکرکێشی ڕووسیە بوون. هیتلێر زۆرێک لەو کەسانەی بە خیانەتکار یان ناشایستە دەزانی. وردە وردە کاتێکی کەمتر لەگەڵ ئەفسەرەکانی بەسەر

---

سەرکەوتنی ئاتێنی پێوە بێ. واتە دەبوو دەستور بە ناوگانی خۆی بدا لە کەناڵی سالامیسەوە هێرش بکەن. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، تێمیستۆکلیس کەرەستەیەکی بەکارهێنا کە پلۆتارک، مێژوونووسی یۆنانی کۆن، بە "فێڵی تایبەتی خۆی لە کارلێککردنی لەگەڵ سیسینۆس" ناوی دەبا و یەکێکە لە بەشە نهێنی و پڕ لە مەتەڵەکانی مێژووی یۆنان. بەشێک لە بەڵگەکانی ئەم فێڵە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشیل کە هەشت ساڵ دوای سالامیس ڕوویدا. دیارە ڕووداوەکان بە جۆرێکن کە کاتێک لە ماوەی گفتوگۆ درێژخایەنەکاندا سەبارەت بە ستراتیژی کۆتایی، تێمستۆکلس کە شکستی پێش‌بینی کردبوو، لە کۆنفرانسەکە هاتە دەرەوە و بۆ بانگهێشتی مامۆستای منداڵەکانی کرد بە نێوی سیسینوس کە یەکێک بوو لە خزمەتکارە دڵسۆزەکانی. پاشان نامەیەک یان پەیامێکی پێدا تا بیدا بە خەشایارشا و پێش بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩ی سپتامبر لە ڕێگەی بەلەمێکەوە بەنێو گەرووەکاندا بۆ خەشایارشای نارد. تێمستۆکلس ئەم نامەیەی بە ناو و واژۆی خۆیەوە وەک فەرماندەی سوپای ئاتێن ناردووە و پێشنیاری بە خەشایارشا کردووە کە هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ بۆ ئەوەی سەرکەوتنی ئێرانییەکان مسۆگەر بکا. هیچ هۆکارێک بۆ ئەم پێشنیازە لە نامەکەدا باس نەکراوە و ڕەنگە باشترین کاریگەریش ئەوە بێ کە لە سپارتەکان بێزار بێ. "سوپا هاوپەیمانەکانی یۆنان ئەوەندە بەخوێنی یەکتر توونین کە ناتوانرێ بە نەیارێکی سەرسەخت بۆ ئێوە هەژمار بکرێن، بەڵکوو لە هەمان کات دەبینی لە نێوان ئەوانەدا لایەنگرانی ئێرانی شەڕ دەکەن، لەوەش گرنگتر پلانیان هەیە لە تاریکی شەودا لە سالامیس بکشێنەوە، ئەگەر خەشایارشا لە هەمانکاتدا بە ستراتیژی دووبەرەکی بنێوە و فەرمانڕەوایی بکە (تفرقه بیانداز وحکومت کن) لێیان بدا، دەتوانرێ ڕێگری لە هەنگاوێکی لەو شێوەیە بگرێ و هێرشیان بۆ بکەن و هێزی کەشتیوانییان لەنێو ببەن، چونکە هێشتا سازماندەهیان نەکردوە و ئەگەر ئەم دەرفەتە لەدەست بدەی، ئەوە لەگەڵ سوپای دیکەدا یەک دەگرن و سەرکەوتنیان لە بەرامبەریان‌دا ئەستەمە. "بەم شێوەیە داگیرکردنی شەڕی "پلۆپۆنز" بوو بە شتێکی زۆر سادە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر خەشایارشا ڕێگەی بە سوپای یۆنان دابایە کە بە ئاسانی سالامیس بە جێ بێڵن، ئەم شەڕە درێژەی دەکێشا و ناچار دەبوو یەک بە یەک شکستیان بدا. پەیامی سیسینۆس دڵی ژێنراڵەکانی ئێرانی گرت و یەکسەر بە پادشای خۆیان ڕاگەیاند. خاشایارشا باوەڕی بەم ڕاپۆرتە هەبوو، چونکە هەموو شتێک جێی باوەڕ بوو و بەتەواوی ئەوەی کە دەیهەویست گوێ بیست بوو. کێشە و دووبەرەکی لە نێوان دوڕگەکانی یۆنان و ئیمپراتۆری دروست بوو و باشترە ئەگەر زووتر ئەم هەڵمەتە کۆتایی پێ بێ. تێمیستۆکلس کە وەستایەکی تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ بوو، زۆر باش دەیزانی کە خەشایارشا پاش چەند ڕۆژێکی زۆر لە دواکەوتن و بێ‌خەبەری، بە هەر پێشنیارێک ڕازی دەبێ کە چارەسەرێکی سادە بۆ کێشەکەی پێشنیار بکا. جنگ‌های ایران و یونان، پیتر گرین ١٩٩٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبرد و زۆربەی کاتەکانی لە بارەگای سەرەکی خۆی لە "بەرچسگادێن" دەبردە سەر، کە بە هێلانەی هەڵۆ ناسرا بوو و لە شاخەکانی باواریا هەڵکەوتبوو و لەگەڵ خۆشەویستەکەی "ئیوا براون" و سەگە خۆشەویستەکەی بەناوی "بلۆندی" بەسەر دەبرد، لەوێ خۆی نوقمی نەخشەکان و ڕاپۆرتی زانیاری کردبوو و پێداگری دەکرد کە بە تەنیا بڕیاری گرنگ بدا و تەواوی شەڕەکە ڕاستەوخۆ مودیریت بکا.

ئەوەش بووە هۆی گۆڕانکاری لە شێوازی بیرکردنەوەیدا: لەبری ئەوەی هەڵبژاردنی خێرا و ئینتێزی (شهود) بکا، هەوڵیدا پێش‌بینی هەموو ئەگەرێک بکا و بڕیاردانی کاتێکی زۆری پێ دەچوو. ئێستا پێی وابوو کە ڕۆمێل و ڕوندشتت لە داواکارییەکەیان بۆ گواستنەوەی هێزی زیاتر بۆ فەڕانسە زۆر موحتات و خۆپارێز بوون و ئەوەی بە نیشانەی ترسی ئەوان زانی. ئەو بە تەنیا دەبوو هێرشی هاوپەیمانان پاسیڤ بکا و ئاگاداری لاوازییەکانی ژێنراڵەکان و نهێنییەکانی دوژمن بێ. ئەو هەڵوێستە بووە هۆی کە سەعاتی کارکردنی دە بەرابەر بێ و هەمیشە لە جاران ماندووتر بوو. هەموو شەوێک بە حەبی خەو دەچووە سەر جێگا و لە ڕۆژدا هەر کارێکی لەدەستی هاتبوایە ئەنجامی دەدا تاکوو بتوانێ بە وشیاری بمێنێتەوە.

سەرەتای ساڵی ١٩٤٤ زانیارێکی گرنگ بە دەستی هیتلێر گەیشت: بەکرێگیراوانی ئاڵمانی لە تورکیە بەڵگەیەکی پۆلێن‌بەندییان دزیبوو لەو بەلگەنامانە دەرکەوت کە هاوپەیمانان هەمان ساڵ هێرش بۆ فەڕانسە دەکەن، هەروەها لەو بەڵگەنامانەدا ئاماژە بەوە کراوە کە پلانیان بۆ هێرشی دەستبەجێ بۆ سەر باڵکان هەیە کە سەرچاوەی بەنرخی ئاڵمانی لێیە، هەر زیانێک بەو سەرچاوەیە بۆ ئاڵمان وێرانکەر دەبێ. ئەو هەڕەشەیەی کە ئەم هێرشانە دروستی دەکرد، وایکرد کە ئەگەری گوازتنەوەی هێز لەوێشەوە بۆ فەڕانسەی محاڵ دەکرد. هەروەها بەکرێگیراوانی هیتلێر لە ئینگلستان پلانیان بۆ هێرشکردنە سەر نورویژ دۆزیەوە و هیتلێر خۆی بەهێزتر کرد بۆ ئەوەی لە بەرامبەر هەڕەشەکاندا پتەوقایم و خۆراگر بێ.

لە مانگی ئاوریل‌دا [بانەمەڕ] هیتلێر بیری لەم ڕاپۆرتە هەواڵگرییانە دەکردەوە کە لەڕادەبەدەر پەرۆشی کردبوو: ناوبراو نەخشێکی دیاریکراوی لە چالاکییەکانی دوژمندا دۆزیەوە. هەر وەک پێشتر پێش‌بینی کردبوو هەموو شتێک بەرەو هێرشکردن بۆ سەر "پا دو کاله" دەچوو، نیشانەیەک سەرنجی ڕاکێشا: نیشانەکانی پێکهاتنی سوپایەکی گەورە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئینگلستان لە ژێر فەرمانی ژێنراڵ جۆرج پاتێن‌دا بوو. ئەم سوپایە کورتکراوەی fusag فوساگ بوو. بە واتای "یەکەم گرووپی سوپای وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا" بوو، بە ئاشکرا بۆ جووڵەکردن بەرەو دامێنی "پا دو کاله" جێگیر بوون. لە نێو هەموو ژێنراڵەکانی هاوپەیمانان‌دا هیتلێر ترسی لە جۆرج پاتێن هەبوو، پاتێن لێهاتوویی نیزامی خۆی لە باکووری ئەفریقا و سیسێل نیشان دابوو، ئەو باشترین فەرماندە بۆ هێرشێکی لەو شێوەیە بوو.

هیتلێر پێویستی بە زانیاری زیاتر لە سەر سوپای پاتێن بوو کە وەدەستی بێنێ. فڕۆکە سیخوڕییە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرزەکانی لە کەمپی نیزامی ئەو سوپایە کەرەستەکانی، هەزاران تانک، کە لە دەوروبەر دەسوڕانەوە و هەروەها هێڵی لوولەی دروستکراو کە لە نزیک کەناراوەکان فیلم و وێنەیان گرت. کاتێک یەکێک لە ژێنراڵەکانی ئاڵمانی کە لە ئینگلستان زیندانی کرابوو، دواجار ئازاد کرا و بۆ وڵات گەڕایەوە لە سەفەرێک بۆ کەمپی کاتی خۆی لە لەندەن ئاگای لە چالاکیی بەرفراوان بوو لەو ناوچەیەی کە سوپای فوساگ تێیدا جێگیر کرابوو. بەکرێگیراوانی هیتلێر لە سوئیس ڕاپۆرتیان دا کە هەموو نەخشەکانی "پا دو کاله" بە نهێنی فرۆشراون. پارچە پارچەی ئەو مەتەڵە(پازێلە) گەورە و ئاڵۆزە لای یەک دانراون.

تەنیا یەک پرسیار مایەوە: ئەو هێرشە لە چ کاتێک ڕوو دەدا؟ کاتێک مانگی ئاوریل [خاکەلێوە" جیگەی خۆی بە مەی [بانەمەڕ] دەدا، هیتلر شایعە و ڕاپۆرت و زانیاری نارووونی بێ‌شوماری لەبەردەست دا بوو. زانیارییەکان ناڕوون بوون و زیاتر مێشکی ئاڵۆزی ئەوی تێک دەدا، بەڵام دوو بەش لە زانیاری بۆ ڕوونکردنەوەی وێنەی گشتی پێویست بوو: یەکەم، یەکێک لە بەکرێگیراوانی ئاڵمانی لە ئینگلستان ڕایگەیاند کە لە نێوان ٥ بۆ ٧ی ژوئن هاوپەیمانان بۆ نۆرماندی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی "پا دو کاله" هێرش دەکەن، بەڵام ئاڵمانییەکان دەیانزانی کە ئەو پیاوە سیخوڕی دوو لایەنەیە و ڕاپۆرتەکانی بەشێکن لە عەمەلیاتی شاردنەوەی هاوپەیمانان. پێدەچێ ئەو هێرشە لە کۆتایی مانگی ژوئن [پووشپەڕ] یان سەرەتای مانگی ژوئیە [گەلاوێژ] ئەنجام بدرێ، چونکە دەتوانرا پێش‌بینی کەش و هەوا لەو وەرزەدا بکرێ. دوای کۆتاییەکانی مانگی مەی زنجیرەیەک سیخوڕی باوەڕپێکراوی ئاڵمانی، ژێنراڵی باڵای ئینگلستانی "سێر بێرنارد مۆنتگۆمێری"یان لە جبل‌طارق و ئەلجزایر بینیبوو و پێش‌بینیان کردبوو کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە فەرماندەیی بەشێکی زۆری سوپای هێرشبەر بکا. ئەگەر ئەو بەو ڕادەیە دوور بێ، ئەوە ئەو هێرشە بەوزووانە نەدەکرا.

شەوی ٥ی ژوئن [١٦ی جۆزەردان] دووبارە هیتلێر نوقمی نەخشەکانی بووەوە ڕەنگە هەڵەی کرد بێ، ڕەنگە نەخشەکە تەنیا بۆ نۆرماندی بێ، دەبوو هەردوو بژاردەی لەبەرچاو بگرێ. نەدەبوو لە چارەنووس‌سازترین شەڕی ژیانیدا هەڵە بکا. ئینگلستان هەمیشە فێڵباز بووە، ئەو دەبوو لە ئەگەری هێرشکردنە سەر نۆرماندی هێزەکانی کۆبکاتەوە، بەڵام سەرەتا دەبوو دڵنیا بێ. گوێی لە ڕاپۆرتەکانی کەشوهەوا بوو و زانی کە ئەو شەوە زریان و تۆفان بەڕێوەیە. بۆیە حەبی خەوتنی ئاسایی خۆی خوارد و چووە سەر تەختی خەو بۆی خەوت.

بەیانی زوو ڕۆژی دوایی بە هەواڵێکی شۆک‌هێنەر لە خەو ڕاپەڕی: لەشکرکێشییەکی بەربڵاو بۆ باشووری نۆرماندی دستی پێ کردبوو. هێزی دەریایی گەورە لە نیوەشەودا ئینگلستانی بەجێ‌هێشتبوو هەروەها سەدان چەترباز لە نزیک کەنارەکانی نۆرماندی هاتنە خوار. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتژمێرەکانی ڕۆژدا ڕاپۆرتەکان وردتر بوون و هاوپەیمانان لە کەنارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری بەندەری شێربۆرگ جێگیر بوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساتەوەختی زۆر پێویست و گرنگ گەیشتبوو. ئەگەر بەشێک لەو هێزانەی لە "پا دو کالە" جێگیر بوون بەپەلە بەرەو کەناراوەکانی نۆرماندی ڕەوانە کرابوان، هاوپەیمانان تێک دەشکان و ناچار بوون بۆ دەریا بگەڕێنەوە. ئەوە ئامۆژگاری ڕۆمێل و ڕوندشتت بوو، کە بە بێ سەبرانە چاوەڕوانی ڕەزامەندی هیتلێر بوون، بەڵام لەو شەو و ڕۆژەدا هیتلێر دوودڵ بوو، پاشان دروست لە لێواری ناردنی هێزی یارمەتیدەر بۆ نۆرماندی دابوو کە ڕاپۆرتی زیاتری سەبارەت بە زیادبوونی چالاکییەکانی هاوپەیمانان لە ناوچەی فوساگ پێ گەیشت. ئایە نۆرماندی شوێنێکی بە لاڕێدابردن بوو؟ ئەگەر هێزەکانی یارمەتیدەر بۆ ئەوێ ناردبوایە، ئایە پاتێن دەیتوانی بە خێرایی بەسەر کەناڵەکەدا بۆ لای "پا دو کالە" بڕوات؟ هیتلێر دیسان چاوەڕێی ئەوە بوو کە دڵنیا بێ لەوەی ئەو هێرشە واقعییەتی هەیە، بەم شێوەیە ڕۆژەکان تێپەڕین و ڕۆمێل و ڕوندشتت بە دوودڵی مانەوە.

دوای چەند حەوتوو هیتلێر قەبووڵی کرد کە نۆرماندی مەبەستی سەرەکییە، بەڵام تازە زۆر درەنگ بوو. هاوپەیمانان سەنگەرەکانیان لە کەناراوەکان قایم و پتەو کردبوو و لە مانگی ئاگوست شکستێکی قورسیان بەسەر ئەڵمانییەکاندا سپاند. لە ڕوانگەی هیتلێرەوە ئەو کارەساتە نیشانەیەکی دیکەی بێتوانایی کەسانی دەوروبەری بوو. ئەو نەیدەزانی بۆچی وا بە ئاسانی فریو دەدرێ.

**لێکدانەوە**

هاوپەیمانان لە هەوڵدان بۆ فریودانی هیتلێر سەبارەت بە لەشکرکێشی نۆرماندی تووشی کێشەیەک بوون: هیتلێر کەسایەتییەکی دوودڵ و گوماناوی هەبوو و ئاگاداری هەوڵەکانی پێشووی هاوپەیمانان بۆ فریودانی بوو و دەیزانی کە دووبارە ئەو کارە دەکەنەوە. ئێستا چۆن هاوپەیمانان دەیانتوانی ئامانجی سەرەکی خۆیان کە ناردنی هێزیکی دەریایی زەبەلاح لە پیاوێک بشارنەوە کە هۆکاری پێویستی بەدگومانی سەبارەت بە ئەوان هەبوو و هەموو جووڵەیەکی لە ژێر چاوەدێری دابوو؟

بەخۆشییەوە سازمانی هەواڵگری ئینگلستان توانی زانیاری بەنرخ پێشکەش بە بەرنامەداڕێژانی ڕۆژی ٦ی ژوئن (١٧ی جۆزەردان) بکات کە بە D-DAY ناسراوە. یەکێک لەو بەرنامەداڕێژانە وینستۆن چرچیل سەرۆک وەزیرانی ئینگلستان بوو. پێش هەموو شتێک دەیانزانی کە هیتلێر ڕۆژانە گومانەکانی زیاتر دەبێ و گۆشەگیرە و لە ڕادەبەدەر کاری دەکرد و خەیاڵێکی زۆر بەرزی هەبوو، تووشی گۆڕانی سۆزداری و باری دەروونی بووە و گومانی لە هەموو کەس بووە. دووەم: دەیانزانی کە ئەو باوەڕی وایە هاوپەیمانان پێش هێرشکردن بۆسەر فەڕانسە هێرش بۆ باڵکان دەکەن. هەر وەها ئەوان لە فەڕانسە لە شاری "پا دو کالە" جێگیر دەبن. وا وێدەچوو هیتلێر ئەوەندە باوەڕی بە هێزی ئیستدلال‌کردن و پێش‌بینییەکانی خۆی بێ کە بێجگە لەو شتانە هیچ پلانێکی دیکە قەبووڵ نەکا.

ئەوان بە فریودانی هیتلێر بۆ ئەوەی هێزەکانی لە سەرانسەری ئورووپا و فەڕانسەدا بڵاو بنەوە، کات‌وساتیان بۆ خۆیان کڕی تا سەنگەر و ئیستحکاماتی کەنارەکانی دەریا دروست بکەن. هیتلێر هەوڵیدا هەمان وێنە دروست بکا کە بە بەڵگەی جۆراوجۆر بۆی دەسەلماند کە هاوپەیمانان بڕیارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمان ئەو کارە بکەن کە لە مێشکی ئەو دایە و دوژمنەکان ئەوەیان باش دەزانی، بۆیە نەدەبوو سیگناڵی دەستبەجێ بۆ هێرشکردن سەر باڵکان و "پا دو کالە" بە هیتلێر بدەن، دەبوو وێنەیەک دروست بکەن کە هەستی واقیعی پێ بدا. ئەو وێنەیە دەبێ تێکەڵەیەک بێ لە ڕاستی و درۆ، گرنگ و بێ بایەخ، کە لەگەڵ چاوەڕوانی و پێشبینییەکانی هیتلێر هاوئاهەنگ بێت. جا کاتی ئەوە بوو کە هیتلێر بە عەقڵی خەیاڵپەروەری خۆی ئەو مەتەڵەی چارەسەر دەکرد. بۆیە هاوپەیمانان ئەو شێوازەیان بۆ فریودانی ئەو بەکار هێنا.[1]

کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ ئینگلستان بە نهێنی هەموو بەکرێگیراوانی چالاکی لە ئینگلستان شناسایی کرد. هەنگاوی دوایی ئەوە بوو کە ئەوانە بکاتە سیخوڕی دوولایەنە. ئەو کارە بە دانی زانیاری درۆ لە بارەی نەخشەکانی هاوپەیمانان بۆ هێرش‌کردنە سەر باڵکان و نورویژ و ڕاپۆرتێکی زۆر لەبارەی لەشکرێکی گەورە بە فەرماندەیی پاتێن، واتە هەمان فەرماندەی کە هیتلێر زیاتر لە هەموو کەس لێی دەترسا، ئەنجام درا. ئەو سوپا گەورەیە واتە فوساگ، تەنیا لە بەڵگەنامەی ساختە و پیامی بێ‌سیمی لە ئارا دابوو و شکلی ئەرتەشیکی ڕاستی بە خۆیەوە گرتبوو. بە بەکرێگیراوی ئاڵمانی ڕێگا درابوو ئەسنادی فوساگ بدزن و تەنانەت پەیامەکانی بێ‌سیم بەدواداچوونی بۆ بکەن. لە کاتێکدا ئەو پەیامانە زۆر گرنگ دیار بوون، بەڵام بێ‌بایەخ و درۆ بوون، بۆ ئەوەی هیتلێر لە پێش‌بینی کردنی ئامانجەکانی هاوپەیمانان دوور بکەوێتەوە. هاوپەیمانان کە لەگەڵ دیزاینەرانی فیلم کاریان دەکرد و ئامێری ئاڵۆزیان لە لاستیک و پلاستیک و دار دروست کرد، لە دیدی فڕۆکە سیخوڕییە ئەڵمانییەکانەوە لەو بەرزاییەوە لە کەمپێک دەچوو کە لە چادر و فڕۆکە و تانک پێک‌هاتبوو. ژێنراڵی ئاڵمانی کە بە چاوی خۆی فۆساگی بینی‌بوو، بە ئەنقەست بەرەو ئاراستەیەکی هەڵە ڕێنوێنی کرا و لە ڕاستیدا سوپای سەرەکی بینی کە خۆی بۆ هێرشکردنە سەر نۆرماندی ئامادە دەکرد.[2]

---

١. لە کۆتایی شەڕدا، ئەفسەرانی هەواڵگری هاوپەیمانان لە فایلە دەست بەسەرگیراوەکانی دەزگای نهێنی ئاڵمان‌دا دەقی دووسەد و پەنجا پەیامیان دۆزیەوە کە لە سیخوڕەکان و سەرچاوەی دیکەوە پێش ڕۆژی شەڕ کۆکرابوونەوە. لەتەواوی ئەو پەیامانەدا کاتی هێرش‌کردن بە هەڵە بڵاو بۆتەوە. تەنیا لە یەک پەیام ئەویش لە لایەن یەک ئەفسەری فەڕانسەوی لە ئەلجزایرەوە گەیشتبوو، کە ئەو ئەفسەرە بۆ سازمانی ئیتلاعاتی نیزامی "ئابور" کاری دەکرد و گیرابوو. هەروەها بۆ پێدانی زانیاری غەڵەت بۆ برلێن کەڵکیان لێ وەرگرتبوو. ئاڵمانییەکان چەندین جار لە لایەن ئەو پیاوە فریویان خواردبوو و لە کۆتایی‌دا بڕیاریان دا کە چی دیکە سەرنج بە زانیاری ئەو نەدەن، بەڵام پێوەندی خۆیان لەگەڵ پاراست. چونکە بەسوودە ئەوەندەی دوژمن دەیهەوێ باوەڕت هەبێ، بزانی. کاتێک ئەو ئەفسەرە بۆ ئاڵمانییەکان پەیامەکەی بەڵگەیەکی ڕەها بوو کە لەشکرکێشییەکە لە هەر ڕۆژێکدا دەبێ بێجگە لە ٥ و ٧ی ژوئن و لە هەر بەشێکی کەناراوەکان بێجگە لە نۆرماندی دەبێ. رازهای نرماندی در D-DAY ژیل پرو ١٩٦٥

٢. "ڕاوانا" لە دڵی خۆیدا گوتی: "هەموو ئەمانە چەکی پێشکەوتوون، دەبێ چەکی گونجاومان هەبێ." "مایا"ی داهێنا. مایا چەکێک بوو بە دروستکردنی وەهم سەری لەدوژمن دەشێواند. ئەو چەکە بە شێوەیەکی گونجاو بەکاری هێنا دوعایەکی دەکرد و وەهمی زیندوبوونەوەی هەموو سوپا و فەرماندەکانی خولّقاند. بەم شێوەیە کومباکارنا و ئیندراجی و ئەوانی دیکە بۆ بەرەکانی شەڕ گەڕانەوە. "ڕاما" دڵنیا بوو لەوەی ئەم کەسانە مردوون، بەڵام بە هاوار و هەڵاوبگر دەورەیان دا. ڕاما بینی هەموو هێزە ونبووەکانی دوژمن بە چەکەوە وەستاون، سەری سوڕما و پرسیاری لە "ماتالی" کرد: "چ ڕووداوێک ڕوویدا؟ مەگە ئەوانە نەمردبوون؟ ئێستا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕێکەوتی هێرشەکە هاوپەیمانان سەرەداوێکیان تێکەڵ لە ڕاستی و خەیاڵ نایە بەر دەستی هیتلێر. کات و وادەی وردی هێرشەکە لەلایەن یەکێک لە سیخورەکانی ئاڵمانەوە کە بەکرێگیراوێکی ئینگلیزییەکان بووە بە هیتلێری ڕاگەیاند، بەڵام هیتلێر زۆر گومانی لێ دەکرد و پێی دڕدۆنگ بوو. هاوپەیمانان دەیانزانی کە بە گوێی هیتلێر گەیشتۆتەوە و نەخشەکانی "پا دو کالە" لە سویس فرۆشراون، بەڵام لۆژیکێکی ورد لە پشت ئەو ڕاپۆرتە شاراوەیە هەبوو. سەبارەت بە بینینی مۆنت‌گۆمری لە "جبل‌طارق" و ئەلجەزایر بەکرێگیراوانی ئاڵمانی پیاوێکی وەک ئەویان بینی کە بە باشی پەروەردە کرابوو بۆ ئەوەی وەک ژێنڕاڵێک ڕەفتار بکا. لە کۆتاییدا ئەو وێنەیەی هاوپەیمانان کێشایانەوە بۆ هیتلێر ئەوەندە ڕاستەقینە بوو کە لە مانگی ژوئیەدا [پووشپەڕ] متمانەی پێ‌کرد، بەڵام زۆر درەنگ بوو و کار لەکار ترازابوو. هاوپەیمانان بەو وێنەیە کارێکیان کرد کە هیتلێر هێزەکانی بە پەرش و بڵاوی هێشتەوە و بەم شێوەیە فێڵ و تەڵەکە ئاکامی هەبوو.

فێڵ، فریو لە جیهانی کێبەرکێ‌دا چەکێکی بەنرخە کە دەتوانێ بۆ تۆ وەک پوانێکی هەمیشەیی بە حیساب بێت. دەتوانی ئەو چەکە بۆ سەرقاڵکردنی هۆشی مخالیفی خۆتان بەکار بێنن. کات و سەرچاوەکانیان بۆ بەرگریکردن لە هێرشێک کە هەرگیز ڕوو نادات بەفیڕۆ بدەن ، بەڵام پێش هەموو شتێک دەبێ تێڕوانینی خۆتان بۆ فریودان بگۆڕی. فریودان هیچ پێوەندییەکی بە وەهمی ئاڵۆز و هەموو جۆرە ڕەفتارێکی نمایشییەوە نییە. مرۆڤەکان زۆر لەوە ئاڵۆزترن کە فریوی ئەو ڕەفتارە نمایشیانە بخۆن. فریودان دەبێ ڕەنگدانەوەی واقعییەت بێ و دەبێ ئێوەش بەقەد فێڵەکەی ئینگلستان لە شەڕی نۆرماندیدا ورد بن و وێنەیەکی ڕاستیی بەڵام بە سووڕانی ورد، نە زۆر جیاواز وەدەر بخەن.

بۆ ڕەنگدانەوەی ڕاستی، سەرەتا دەبێ هەقیقەت و جەوهەری ڕاستی دەرک بکەن. ڕاستی لە سەرووی هەموو شتێکەوە بابەتێکی زەینی و دەروونییە: ئێمە ڕووداوەکان لە چاوی ورووژان و گریمانەی پێش‌وەخت تێپەڕ دەکەین و هەمان شت دەبینین کە پێمان خۆشە ببینین. ئاوێنەی هەڵەی ئێوە دەبێ لەگەڵ چاوەڕوانی و ئارەزووی خەڵکدا بگونجێ و بیانخاتە خەوێکی ئارامەوە (ئەگەر هاوپەیمانان ویستبایان بە پێی چاوەڕوانییەکانی هیتلێر هێرش بۆ "پا دو کالە" بکەن ئەوکاتە هەوڵیان دەدا کە هیتلێر قەناعەت پێ بکەن کە هێرش بۆ سەر نۆرماندییە، ئەو کارە زۆر دژوارتر دەبوو.) ئاوێنەی هەڵە ئەو شتانە پێشان دەدات کە بە ڕواڵەت ڕاستەقینەن. ئەو ئاوێنەیە پێویستە بە شتێکی بێ بایەخ، ڕواڵەتێکی جیددی و گرنگ بدا. ڕاستی زۆر جار دژ بە یەکە. بۆیە پێویستە ئاوێنەی

---

چۆن هاتنەوە؟" ماتالی بۆی ڕوون کردەوە کە: "تۆ لە ناسنامەی ڕەسەنی خۆتدا دروستکەری وەهمەکانی ئەم دونیایەی، تکایە ئاگاداربە کە ڕاوانا ئەم دێوەزمانەی دروست کردووە بۆ ئەوەی سەرت لێ بشێوێنن، ئەگەر بڕیارێکی دروست بدەی دەتوانی شەڕیان لەگەڵ بکەی لێیان بدەی بە خێرایی لە بەینیان بەری. "شی کردنەوەی ماتالی کەمێک درێژ بوو. ڕاما یەکسەر چەکێکی داهێنا بە ناوی "نانا." نانا بە واتای حیکمەت ئاوەزە، ژیری دێت. ئەو چەکە دەگمەن بوو و ناردی بۆ پێشەوە و هەموو هێزە تازە زیندووبووەکان بە بینینی ئەو چەکە لە هەوادا گوم بوون. رامایانا، والمیکی، هند، قرن چهارم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێوەش وێنەی دژ بەیەک پێشان بدا. لە نیهایەتدا وەک تابلۆکانی (اشر)، دەبێ خەیاڵ و ڕاستی تێکەڵ بکەن بۆ ئەوەی نەتوانن جیاوازی بکەن و ئاوێنە هەڵەی ئێوە واقیعی خۆی نیشان بدا.

ژولیوس سزار دەڵێ: *"ئێمە هەرچییەکی ئارەزووی دەکەین باوەڕمان پێیەتی و هەست دەکەین، هەرچییەکی بیری لێدەکەینەوە، ئەوانی دیکەش بیری لێدەکەنەوە."*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

لە سەرەتای مێژووی شەڕدا، فەرماندەرانی نیزامی ڕووبەڕووی کێشەی لەمجۆرە بوونەتەوە: سەرکەوتنی هەر شەڕێک تا ئەو جێگایەی دەکرێ بە توانایی ناسینی لایەنی بەرامبەر وابەستەیە. ئەو ناسینە بریتی بوو لە: شوێنی مەبەست، نییەت، خاڵە بەهێز و لاوازەکان. بەڵام دوژمن هەرگیز نەیدەویست ئەو زانیاریانە ئاشکرا بکا بێجگە لەوەش دوژمن زۆرجار سەر بە کولتوورێکی نامۆ بوو و شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی تایبەتی خۆی هەبوو. ژێنراڵێک بەڕاستی نەیدەزانێ لە مێشکی ژێنراڵی بەرامبەری چی دەگوزەرێ. دوژمن لە دەرەوە نهێنییەکی ئاشکرانەکراو و نەناسراو بوو و بەم شێوەیە ژنراڵێکی شەڕ دەبوو بە نەبوونی ئەو زانیاریانە لە فەزایەکی تەمومژاوی و تاریکدا شەڕ بکا.

تەنیا ڕێگا چارەسەر ئەوە بوو کە دوژمن بە هەمان نیشانەی ڕواڵەتیدا بناسی و لە تایبەتمەندییە دەرونییەکانی تێبگەین. ستراتیژیستێک پێویست بوو ئاگری چێشتخانەی ئۆردوگای دوژمن بپشکنێ بۆ ئەوەی بزانێ ئایە بە تێپەڕبوونی کات ژمارەی هێزەکانی گۆڕاوە یان نا، یان بۆ نموونە هێزی یارمەتیدەریان بۆ زیاد کراوە یان نا. بۆ ئەوەی بزانن سوپای دوژمن بە کام ڕێگادا دەڕوا یا بۆ شەڕ ئامادەیە یان نا، دەبوو بایەخیان بە نیشانەکانی جووڵە یان گۆڕانی شێوە و وێنەی سوپا سەرنجیان دابوایە. ئەو ژێنراڵە ناچار بوو بەکرێگیراو و سیخوڕ بۆ نێو سوپای دوژمن بنێرێ بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر چالاکییەکانی ئەو بزانێ. فەرماندەیەک کە بتوانێ نێشانەی تەواو کۆ بکاتەوە و بە دروستی کۆد و ڕەمزیان بکاتەوە دەتوانێ بە سەرکەوتوویی گەڵاڵەی ڕوون دابڕێژێ.

ئەو فەرماندەیە دەزانێ کە هەروەک چۆن چاوی لە هەڵسوکەوتی دوژمنە، دوژمنیش چاودێری ڕەفتارەکانی ئەو دەکا. هێندێک ستراتیژیستەکانی ژیر لە هەموو کولتوورەکانی جیهاندا لە گەمەی قەرێقەرێ یا چاوشارکێدا هەمان دەرکەوتنیان هەبوو: بۆچی ئەو نیشانە دەرەکی ڕواڵەتیانەی کە دوژمن پشتی پێ دەبەستێ، بە زانیارییەوە نەیشێوێنن و نەیگۆڕن؟ بۆچی بە ڕواڵەتێکی فریودەر دوژمن بەلاڕێدا نەبەن؟ ئەگەر دوژمن سەیری ئاگر و دار و پووشی چێشت لێنانەکان بکات و بیان ژمێرێ، بۆچی ڕادەی ئەو دار و پووشە زیاتر یان کەمتر لە ئاستی ئاسایی نەکەن بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێ هێزی ڕاستەقینەی ئەوان پێش‌بینی بکا؟ ئەگەر ئەوان هەموو جووڵەی سوپای ئێمەیان کۆنترۆڵ کردبێ بۆچی وایان لێ نەکەین بە مۆدێلێکی ساختە بجووڵێن و بەشێک لەوانە بۆ ڕێڕەوێک بێجگە لە ڕێڕەوی ئامانج نەنێرین؟ ئەگەر دوژمن لە سوپاکەماندا بەکرێگیراو و سیخوڕی هەیە، بۆچی بە شناسایی ئەوانە زانیاری ناڕاستیان پێ نەدەین؟ ئەو دوژمنەی کە پێی وایە ڕادەی سوپاکەمان دەزانێ

و ئاگاداری هەموو مەبەست و نیازێکمانە لەسەر بنەمای هەمان زانیاریی ناڕاست بڕیار دەدا و بە ڕێگایەکی هەڵەدا هەنگاو دەنێ. نەیار هێزەکانی بەرەو ئەو دوژمنە دەنێرێ کە بوونی دەرەکی نییە و لە ڕاستیدا لەگەڵ سێبەرەکاندا شەڕ دەکا.

ستراتیژیستە زیرەکەکانی سەردەمی کۆن بە ڕوانگەیەک لەو شێوەیە هۆنەری فریوی سازماندراویان دروست دەکرد و ئەوە هەمان هونەر بوو کە سەرتر لە هەموو ئامرازەکانی شەڕ هاتە نێو سیاسەت و کۆمەڵگاوە. فریودانی نیزامی لە جەوهەری خۆیدا پێویستی بە دەسکاریکردنی نیشانە دەرەکییەکان و ئامانج و شوناسی ئێمەوە هەیە، بە جۆرێک کە ڕوانگەی دوژمن لە سەر ڕاستییەکان بگۆڕێ، وا لە دوژمن بکات لە سەر بۆچوونێکی هەڵە و نادروست بڕیارەکانی بدا و تەدبیرەکانی داڕێژێت، مەبەست لە فریو، مودیرییەتی ڕواڵەتەکانە، کارامەیی لەو هونەرە قازانجی گەلێک زۆرە.

لە شەڕدا کاتێک مەترسییەکان زۆرن، هیچ سنوورێکی ئەخلاقی بۆ بەکارهێنانی ئەو ئامرازە نییە. ئەو چەکە بە ئاسانی ئامرازێکە بۆ وەدەستهێنانی سەرتر بوون، هەروەک چۆن هێندێک ئاژەڵ لە خۆحەشاردان بۆمانەوەی خۆیان کەڵک وەردەگرن. بەکارنەهێنانی ئەو ئامرازە جۆرێک لە چەک‌کردنی یەک لایەنەیە، بە شێوەیەک کە ڕوانگەیەکی ڕوونمان لە مەیدانی شەڕ بە لایەنی بەرامبەر داوە و ئەوەش خاڵێکە بۆ سەرکەوتنی ئەو. لە نیهایەت‌دا دۆڕان لە شەڕدا هیچ تایبەتمەندییەکی ئەخلاقی نییە.

لەشەڕەکانی ڕۆژانەی ژیاندا ڕووبەڕووی ڕوخسارێکی وا دەبینەوە. ئێمە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین و شادی و تەنانەت مانەوەمان بە توانای تێگەیشتن لە بیرکردنەوە و مەبەستی لایەنی بەرامبەر وابەستەیە: بەڵام بەو پێیەی کە ناتوانین بچینە نێو مێشکیانەوە ناچارین نیشانەکانی نێو ڕەفتاری دەرەوەیان بخوێنینەوە. ئێمە ڕەفتارەکانی ڕابردوویان وەک هێمای کارەکانی داهاتوویان وەر دەگرین. قسەکانیان، ڕوانینیان، ڕەواڵەتیان، دەمودۆیان و هێندێک جووڵەیان دەخوێنینەوە کە بۆ ئێمە گرنگی هەیە، هەرچی مرۆڤ لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی‌دا ئەنجامی بدا نیشانەیەک لەو جۆرەیە. لە هەمانکاتدا ئاگادارین کە هەزاران جووت چاو خەریکی ڕوانین لە ئێمەن، بۆ خوێندنەوەی هزرمان و ناسینی ئامانجەکانمان.

شەڕ کە لەسەر بنەمای ڕواڵەت، ناسین و تێگەیشتن دروستکراوە هیچکات کۆتایی نایە. ئەگەر خەڵکی دیکە بتوانن مەبەستەکانمان بخوێننەوە و پێش‌بینی ئەوە بکەن کە بڕیارە ئێمە چ کارێک دەکەین، بەڵام ئێمە هیچ سەرەداوێک لەبارەی ئەوانەوە نەزانین هەمیشە بەسەر ئێمەدا زاڵ دەبن و ئێمە دەکەنە کۆلۆنیالیزمی خۆیان. هەر بەو هۆکارەیە کە لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا لە منداڵییەوە فێری نهێنی‌کاری و فریودان دەبین. ئێمەش بە کەسانی دیکە هەمان شت دەڵێین کە پێیان خۆشە گوێیان لێ بێ، بیری ڕاستەقینەی خۆمان دەشارینەوە و بە دەستکاریکردنی ڕاستییەکان بەلاڕێیان‌دا دەبەین. زۆرێک لەو فریودانانە بە تەواوی بێ ئاگا ئەنجام دەدرێن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەو پێیەی ڕواڵەت و فریودان لەژیاندا دوو مەقولەی حەتمییە، ئەوەی دەبێ بتانەوێ ئەوەیە کە ئەو فێڵانە هۆشیارانەتر و کارامەتر ئەنجام بدەن. دەبێ هێزی سووڕانی مانۆڕەکانتان لە دەستتان‌دا بێ بۆ ئەوەی هاوسەنگیی تێگەیشتنی ئەوان لە سەر ئێوە، تێک بدەن. لەو چەمکەدا زۆر شت هەیە کە دەتوانی لە هونەرەکانی نیزامی فریودان و خۆحشاردان فێری بن. ئەو هونەرە زۆر بەتوندی وابەستەی یاساکانی دەروونناسیە و لە هەموو شەڕەکانی ڕۆژانەدا بەکار دێ.

بۆ ئەوەی لەو هونەرەدا ببنە مامۆستا، دەبێ پێویستییەکانی دەرک بکەی. ڕەزامەندییەکی داهێنەرانە لە دەستتێوەردانی ڕواڵەتەکان‌دا بدۆزنەوە، وەک ئەوەی دەرهێنەری فیلمێک بن. لەو بەشەی خوارەوەدا باس لە شەش جۆری سەرەکی فریودانی نیزامی دەکەین کە هەریەکەیان سوودی تایبەتی خۆیان هەیە.

١-**بەرەی هەڵە:** ئەوە کۆنترین شێوەی فریودانی نیزامییە. لە بنەڕەتدا ئەو شێوازە پێک دێت لەوەی دوژمن باوەڕی بەوە هەبێ کە لایەنی بەرامبەری لاوازترە لەوەی کە بیری لێ دەکاتەوە. بۆ نمونە پێدەچێ ژێنراڵێک وا نیشان بدا کە پاشەکشە بکا، دواتر تەڵەیەک بۆ دوژمنەکەی دادەنێ و ئەو بەرەو تەڵەکەی ئاراستە دەکا. ئەوە شێوازی پەسەندکراوی سون تیزۆ بوو. ڕواڵەتێکی لاواز، گەلێک جار لایەنی شەڕانی مرۆڤ دەر دەخا، بەجۆرێک ستراتیژی خۆیان پشتگوێ دەخەن و پەنا بۆ هێرشی توندوتیژی و سۆزداری دەبەن. کاتێک ناپلیۆن پێش شەڕی ئیستریلیتز سەرنجی دایە ژمارەی کەمتری هێزەکانی و پێگەی لاوازی خۆی، بە ئەنقەست نیشانی دا کە دەترسێ و دوودڵ بووە و ناتوانێ بڕیارێکی دروست بدا. سوپای دوژمن بە خێرایی پێگە بەهێزەکانی خۆیان چۆل کرد و بە پەلە بەرەو تەڵەیەک ڕۆیشت و ئەوەش بوو بە گەورەترین سەرکەوتنی ناپلیۆن.

ناساندنی ئەو بەرەیەی کە بە جیهانی نیشان دەدەی، گرنگترین کارامەیی فریودانە. خەڵک هەرچی ڕاستەوخۆتر ببینن و بەر چاویان بکەوێ زیاتر دژکردەوەیان دەبێ. ئەگەر زیرەک بەرچاو کەوی، ئەگەر فریوکار بەرچاو کەوی، ئەوانە دەچنە دۆخی بەرگری لەخۆیان و زەحمەتە بیانخەیە تەڵەوە. کەواتە دەبێ شتەکە پێچەوانە پێشان بدەی بۆ ئەوەی هەر جۆرە دوودڵی ئەوان نەمێنێ. باشترین بەرە زەعف و لاوازییە. ئەوەش وایان لێ دەکا هەست بە باڵادەستی بکەن یان ئێوە پشتگوێ بخەن، پشتگوێ‌خستن لە زۆربەی حاڵەتەکان زۆر بەنرخە، یان لە ساتێکی نالەباردا هێرشێکی بێ بەرنامەڕێژی وەرێ دەخەن. کاتێک هەموو شتێکیان لێ ئاشکرا بوو، تێدەگەن کە تۆ بە هیچ شێوەیەک لاواز نی و ئێستا هیچ کارێکیان لەدەست نایە.

لە شەڕەکانی ژیاندا زۆرجار ژیرانەیە کە کارێک بکەی خەڵکی دیکە بەشێوەیەک بیر بکەنەوە کە ئەوان لە تۆ زیرەکتر، باشتر، بەهێزتر و بەتواناترن. ئەو کارە بە ئێوە دەرفەت دەدا بۆ کێشانی نەخشەکان و جێبەجێ‌کردنیان. لە نموونەکانی ئەو ستراتیژییەدا، خستنەڕووی بەرەیەک لە ڕاستگۆیی و داوێن پاکی زۆرجار باشترین ڕواڵەت لە جیهانی سیاسیدایە. ڕەنگە ئەو تایبەتمەندیانە وەک لاواز

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرنەکەوێ بەڵام هەمان ئەرکیان هەیە: ئەو تایبەتمەندیانە خەڵک چەک دەکەن و گومان و دوودڵی ئەوان دەڕەوێننەوە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا گرنگە ژێردەستی ئەوانی دیکە نەبی. دروستکردنی ڕواڵەتێکی ڕیاکارانە ئێوە لەیاریی فریودا سەرکەوتوو دەکا.

بەگشتی وەک چۆن ستراتیژیستەکان لە سەردەمی چینی کۆندا پشتگیریان لەو شێوازە دەکرد، پێویستە ڕواڵەتێک پێشانی خەڵک بدەن کە تەواو بە پێچەوانەی گەڵالەکانتان بێت. ئەگەر ئەوان بۆ هێرش‌کردن ئامادەن خۆتان ئامادەی شەڕ نیشان مەدەن یان ئەوەندە بێخەم و ئارام خۆتان نیشان بدەن کەس پێی وا نەبێ کە نەخشە بۆ شەڕ دادەڕێژن. ڕەواڵەتێکی گەرموگوڕ و دۆستانە بەخۆتانەوە بگرن، بەم کارە کۆنترۆڵی ڕواڵەتی خوتان دەکەن و تواناکانتان بۆ ڕاگرتنی دوژمن لە دۆخێکی لێڵدا زیاد دەکات.

٢- **هێرشی تەڵە:** ئەوەش فێڵێکی دیکەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ چینی کۆن و ڕەنگە یەکێک لە باوترین شێوازەکانی تەڵەنانەوە بێ. ئەو شێوازە وەک ڕێگاچارە بۆ کێشەکە پێشنیار کرا: ئەگەر دوژمن بزانێ کە بڕیارە تۆ بۆ خاڵی A هێرش دەکەی، ئەوە لە حاڵەتی بەرگریدا دەبێ و ئەمەش کاری ئێوە سەخت دەکا. لەو کاتەدا هەر هەوڵێک بۆ داشارینی ئامانجەکانت بێ کەڵک دەبێ، تەنانەت ئەگەر تا پێش هێرش هەموو هەوڵێکی خۆتان دابێ بۆ پەرت‌کردنی زەینی ئەوان، کاتێک دوژمن سەرنجی پێشڕەوی سوپای ئێوە دەدا ئەو بە خێرایی هەڵوێستی بەرگری بەخۆیەوە دەگرێ، کەواتە تەنیا ڕێگا ئەوەیە کە سوپا بەرەو خاڵی B ڕەوانە بکەن، یان باشتر لەوە بەشێک لە سوپاکەت بۆ خاڵی B بگوازییەوە، بەڵام بەشەکەی دیکە وەک هێزی یارمەتیدەر بۆ ئامانجی کۆتایی بپارێزە. ئێستا دوژمن ناچار دەبێ بەشێک یان هەموو سوپاکەی بۆ خاڵی B بگوازێتەوە، بۆ ئەوەی لەبەرامبەر ئێوە بەربەرەکانی بکا. هەمان شێوە لە دوو خاڵی دیکەدا ئەنجامی بدە تا دوژمن هەموو هێزەکانی بڵاو بکاتەوە.

کلیلی ئەو تاکتیکە ئەوەیە، کە لەبری ئەوەی پشت بە قسە یان دەنگۆ یان زانیاری لەپێشدا دیاریکراو ببەستێ، بەڕاستی سوپا جووڵە بکات. ئەمە کردەوەیەکی بەهێزە. هێزەکانی دوژمن ناتوانن پێش‌بینی ئەوە بکەن کە ئایە فێڵێک لەئارا دایە یان نا، ئەگەر بە هەڵە پێش‌بینیی بکەن دەرئەنجامەکانی نەرێنی مەترسیدار دەبێ ئەوان ناچارن بەرەو خاڵی B بڕۆن، چونکە مەحاڵە گومان لە جووڵەی ڕاستەقینەی سوپایەک بکرێ، بۆیە هێرشی تەڵە یارمەتی دەکا تا هێزەکانی سوپا پەرش‌وبڵاو بن و ناتوانێ لە مەبەستەکانی ئێوە تێبگا و ئەوەش خەونی کۆتایی هەموو ژێنراڵێکە. هەروەها هێرشی تەڵە ستراتیژییەکی گرنگە لە ژیاندا و بۆ کاتێکە کە ئەو هێزەتان هەبێ کە بتوانی نییەتت بشاریتەوە. بۆ ئەوەی خەڵک لەو خاڵانە دوور بخرێنەوە کە دەتهەوێ هێرشیان بۆ بکەن دەبێ لەو مۆدێلە نیزامییە پەیڕەوی بکەن و بە ئاراستەیەکدا بڕۆن کە لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکی ئێوە نییە.

لە بری کەڵک وەرگرتن لە قسەکردن و وتاربێژی، جۆرێک بجووڵێنەوە وەک بڵێی کات و وزەتان بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێرشی سەر خاڵێک تەرخان کردووە. ڕەفتارەکان ئەوەندە ڕاستییانە دێنە بەرچاو کە خەڵک بە شێوەی سروشتی بیر دەکەنەوە کە بە ئامانجی ڕاستەقینەی تۆیان زانیوە. سەرنجی ئەوان لە ئامانجی ڕاستەقینەی ئێوە بۆ ئامانجێکی درۆینە دەگۆڕدرێ، هێزەکانیان بڵاوە دەکەن و سوپاکەیان ڕوو لە لاوازی دەکات.

٣- **خۆحەشاردان:** توانای تێکەڵاوبوون لەگەڵ ژینگەدا یەکێکە لە بەکارترین جۆرەکانی فریوی نیزامییە. لە سەردەمی مۆدێرن دا سوپاکانی ئاسیا سەلماندوویانە کە بە تایبەتی لەو هونەرەدا شارەزاییان هەیە: لە شەڕەکانی "گواداکانال" و "ئیۆجیما" لە کاتی شەڕی جیهانی دووهەمدا سەربازە ئەمریکاییەکان لە توانایی دوژمنی ژاپۆنی بۆ تێکەڵاوبوون لەگەڵ جوغرافیا جیاوازەکانی زەریای ئارام سەریان سووڕما. سەرنجڕاکێش‌تر ئەوە بوو کە ئەوان بە نووساندنی گژوگیا و گەڵا و لق و پۆپ لە سەر جل و کڵاوەکانیان، لەگەڵ دارستانەکە یەکرەنگ دەبوون. تا کاتێک پێویست نەبوایە خۆیان نیشان نەدەدا. هەروەها ئەمریکاییەکان نەیان دەتوانی چەکی ژاپۆنییەکان دەست نیشان بکەن، چونکە لە قەڵەشت و درزەکانی بەرد یان لەژێر شتێکی سروشتیدا شاردرابوونەوە. ویتنامییەکانی باکوور لەوبوارەدا بە هەمان شێوە لە خۆحەشارداندا درەوشاوە بوون، بە کەڵک‌وەرگرتن لە تونێل و ڕێگاکانی ژێرزەوی کە ڕێگەی بە سەربازەکان دەدا بێ ئەوەی دەرکەون بۆ هەر شوێنێک پێیان خۆش بوایە دەڕۆیشتن و تواناکانیان بەهێزتر دەکرد. لەوەش خراپتر لە چەندین جۆری جیاوازی خۆحەشاردان دەیانتوانی تێکەڵ بە دانیشتوانی ئاسایی بن. کاراترین شێوە کۆنترۆڵی تێگەیشتنی دوژمن لە ئێوە ئەوەیە کە ڕێگە نەدەن بتانبینێ هەتا ئەو کاتەی ئیدی درەنگ بووە و کار لە کار ترازاوە.

ستراتیژی خۆحەشاردان دەتوانی لە دوو بواری ژیانی ڕۆژانەدا بەکاری بێنی. یەکەم: هەمیشە باشە کە بتوانی تێکەڵ بە دیمەنە کۆمەڵایەتییەکان بن و سەرنجەکان لە خۆتان دوور بخەنەوە بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدەن، کاتێک وەک ئەوانی دیکە ڕەفتار و قسە دەکەن و لاسای سیستمی بیروباوەڕیان دەکەنەوە و لەگەڵ ئاپۆڕا یەک دەبن، بۆ ئەوانی دیکە کارێکی سەخت دەبێ کە ڕەفتار یان عەقڵی ئێوە بخوێننەوە. لێرەدا تەنیا ڕواڵەت گرنگە و قسەی یەکەم دەکا. بۆ نموونە جلوبەرگ و قسەکردن وەک بازرگانێک بێ بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە وەک بازرگان چاوتان لێ بکەن، ئەو کارە بێ ئەوەی دەرکەوی فەزایەکی زۆرتان بۆ جووڵە و پلاندانان پێ دەبەخشێ. وەکو کوللە کە خۆی بۆ ڕەنگی گەڵاکانی دەوروبەری دەگۆڕی، ئێوەش پێویستە لەگەڵ دەوروبەر لە هاوئاهەنگی و هاوڕەنگی دابن، ئەوەش باشترین شێوازی بەرگرییە کاتێک لە دۆخێکی لاوازدا بن. دووهەم: ئەگەر خۆتان بۆ هێرش ئامادە دەکەن، سەرەتا خۆتان بکە بە هەمان ڕەنگی خەڵکی دەوروبەر و هیچ نیشانەیەک کە پێشاندەری چالاکییەکانی ئێوە دەربخا نیشان مەدەن، بۆ ئەوەی هێرشەکەتان بەهێز و خافڵگیرانە و سەرسوڕهێنەر بێت.

٤- **شێوازی هیپنۆتیزم یا هیپنۆتیک:** بە پێی ڕوانگەی ماکیاولی، مرۆڤەکان بە شێوەیەکی ئاسایی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەیلیان هەیە کە بە پێی چوار چیوەیەکی لە پێشدا داڕێژراو بیر بکەنەوە. ئەوان حەز دەکەن ڕووداوەکان بە پێی چاوەڕوانی خۆیان ڕاڤە بکەن و بیانخەنە چوارچیوە یان قاڵبێکەوە، چونکە ئەو قاڵبە هیوادارمان دەکا کە دەتوانین لە ئاڵۆزی و ناڕێکی ژیان خۆمان لا دەین و شتەکان پێش‌بینی بکەین. ئەو خووە زەینییە بەستێنێکی باشە بۆ فریودان. لەو چوارچێوەیەدا ماکیاولی ستراتیژییەکی بە نێوی "خوو پێوە گری" بەکار هێنا. ئەو بە ئاگادارییەوە قاڵبێکی دروست دەکرد بۆ ئەوەی دوژمنەکەی باوەڕی بەوە هەبێ کە کردەوەی داهاتوو لەسەر هەمان نەخشە دەڕواتە پێش. ئێوەش دەتوانن بەو کارە دوژمنەکەتان ڕازی بکەن کە هەموو شتێک دەزانێ، بەڵام ئەو تەڵەیە بشکێنە و خافڵگیری بکەن.

لەشەڕی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧ی ڕێژیمی ئیسرائیل توانی شکستێکی قورس بە سەر مخالیفانی عەڕەبی خۆی دا بسەپێنی. دوای ئەوە هەموو بیروباوەڕی زەینی پێشووی خۆی سەبارەت بە توانایی نیزامی عەڕەب پشتڕاست کردەوە، ڕێژێمی ئیسرائیل بەو ئاکامە گەیشت کە عەڕەبەکان بەبێ پرەنسیپ و ناڕێکوپێک شەڕ دەکەن، چەکەکانیان کۆنە و ستراتیژەکانیان کاریگەر نین. دوای شەش ساڵ ئەنوەر سادات سەرۆک کۆماری میسر، سوودی تەواوی لە گریمانەکانی ڕێژیمی ئیسرائیل وەرگرت و وای نیشان دا کە سوپاکەی بێ‌نەزم و پشێوی هەیە، هێشتا بە هۆی شکستی ساڵی ١٩٦٧ تووشی زەبر و لە هاوپەیمانی خۆی، واتە یەکیەتی سۆڤیەت (شوروی) شەرمەزارە، کاتێک میسر و سووریا لە ساڵی ١٩٧٣ لە "یۆم کیپور" هێرشیان بۆ سەر ڕێژیمی ئیسرائیل کرد، ئەو ڕێژیمە بەشێوەیەکی خراپ خافڵگیر کرا. ئەنوەر سادات بە شێوەیەک ئیسرائیلی فریو دا، کە لە بارودۆخی بەرگری هاتنە دەرەوە و لە ڕادەبەدەر زەربەیان خوارد و لاواز دەرکەوتن.

ئەو تاکتیکە دەتوانرێ لە هەموو بوارەکاندا بەکار بێنی. کاتێک کەسانی دیکە هەست دەکەن کە ئێوە فریوتان داون، چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە دووبارە ئەو کارە بکەیەوە بەڵام بەزۆری پێیان وایە جارێکی دیکە شتێکی جیاواز دەکەن. ئەوان لە دڵی خۆیاندا بیر لەوە دەکەنەوە هیچ کەس ئەوەندە گەمژە نییە کە شێوازی پێشوو دووبارە بکاتەوە کە دوژمن چاوەڕێی دەکات. هەمیشە ئەو ڕەستە کورتەی چیرۆکی "نامەی ونبوو"ی "ئێدگار ئالن‌پو"تان لەبیر بێ کە دەڵێ: "شتە بەنرخەکان لەو شوێنانە بشارنەوە کە بە ئاسانی دەبینرێن، چونکە کەس گومانیان لێ ناکا".

٥- **زانیاری چێندراو:** مرۆڤەکان زیاتر باوەڕ بەو شتانە دەکەن کە بە چاوی خۆیان دەیبینن نەک ئەوەی تەنیا دەیبیستن. لەبری ئەوەی دیاردەی دۆزراوە قەبووڵ بکەن پێیان باشە خۆیان ئەزموونی بکەن. ئەگەر زانیاری ناڕاست و هەڵە لە فەزایەکی بێ‌لایەن‌دا بڵاو بکەیەوە کە ئەوان حەز دەکەن لێی تێبگەن و بۆ خۆیان سەرەداوێک بۆ دۆزینەوەی ئەو زانیاریانە وەدەست بێنن، بەجۆرێک بیر دەکەنەوە کە بۆخۆیان دۆزیویانەتەوە و لە ڕاستیدا بەدەستی خۆیان فریو دەدرێن.

لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەمدا، بێجگە لەوەی ئاڵمان و ئینگلستان لە بەرەی ڕۆژاوا بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بن‌بەست گەیشتبوون، شەڕێکی کەمتر باسکراویان بۆ کۆنتڕۆڵکردنی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا لەنێوان‌دا هەبوو، کە مستعمرەی هەردوو وڵات بوو. کلۆنێل ڕیچارد ماینرتاگێن، ئەفسەری هەواڵگری ئینگلستان لەم ناوچەیە و ڕەقیبی سەرەکی ئەو لە ئاڵمان، عەرەبێکی خوێندەوار بوو. ئەرکی ماینرتاگێن ئەوە بوو زانیاری ناڕاست بە ئاڵمانییەکان بدا و زۆری هەوڵدا بەرپرسی عەرەبی ئاڵمانییەکان فریو بدات. بەڵام هیچکام لە شێوازەکانی کاریگەری نەبوو و هەردووکیان لەو یارییەدا لە یەک ئاستدا بوون. سەرنجام ماینرتاگێن بیرۆکەیەکی بە مێشکی داهات، نامەیەکی بۆ ڕەقیبەکەی نووسی و سوپاسی کرد لە وەی کە زانیاری بەنرخی بۆ ئینگلستان ناردووە. پووڵی زۆری هاوپێچی نامەکە کرد و ناردنی نامەکەی بە یەکێک لە پەخمەترین مەئموورانی خۆی سپارد. دڵنیا بوو کە ئاڵمانییەکان لە ڕێگادا ئەو کەسە دەگرن و نامەکە دەدۆزنەوە. لە ژێر ئەشکەنجەیەکی توندا، سەربازەکە بە ئاڵمانییەکانی گوت کە ئەرکی نهێنی پێ سپێردراوە چونکە ئەو وای بیر دەکردەوە. ماینرتاگێن ڕاستییەکەی پێ نەگوتبوو بۆیە باوەڕی بەو کارە هەبوو کە کردوویەتی. ئاڵمانییەکان باوەڕیان بەم فێڵە کرد و پیاوە عەرەبەکەی بەرپرسی هەواڵگرییان بێ ئەوەی دەنگی لێوە بێ کوشت.

جیا لەوە کەسێکی درۆزنی باش بی یا نا، زۆر سەختە کاتێک فێڵ دەکەی سروشتی دەرکەون. مەیلی تۆ ئەوەیە کە ئەوەندە بکرێ سروشتی دەرکەوی و هەر کەسێک تۆی بینی ڕاستی تۆی بۆ دەرکەوێ. هەر بۆیە دەبێ کەسانێک فریو بدەن کە هیچ لە ڕاستی نازانن و پێیان خۆشە باوەڕ بە درۆکردن بکەن. باشترین ڕێگا ئەوەیە سەرەتا ڕاستییە بچووکەکانیان پێ بڵێی تا باوەڕت پێ بکەن و پاشان دەبنە شوێنکەوتووی ڕاستەقینە و باشترین جێبەجێکاری درۆکانت.

٦- **سێبەر لەنێو سێبەرەکاندا:** مانۆڕەکانی فریودان وەک سێبەرێک وایە کە بە ئاگادارییەوە دروست دەکرێن: دوژمن بە جۆرێک وەڵامیان دەداتەوە وەک ئەوەی واقیعی بن. بەڵام لە دونیای کێبڕکێ و ئاڵۆزی ئەمڕۆدا هەر دوو لا ئەو فێڵە دەزانن و دوژمنێکی وریا و بەهۆش بە ئاسانی فریوی سێبەرەکانی ئێوە ناخوا، بۆیە دەبێ لە فێڵکردن‌دا لێهاتوویی باڵاترت هەبێ. پێویستە سێبەر لەنێو سێبەرەکاندا دروست بکەن بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێ لە نێوان ڕاستی و درۆدا جیاوازیی بکا. لەو حاڵەتەدا تەنانەت ئەگەر ئێوە وەک کەسێکی فێڵباز بناسن دەبێ کات و سەرچاوەی بەنرخ لەدەست بدەن و پاشان لە فەزای ئاڵۆز و ناڕوونی سێبەرەکاندا بمێننەوە.

لە کاتی شەڕی بیابانەکانی باکووری ئەفریقا لەشەڕی جیهانی دووهەم‌دا، ئەفسەری ئینگلستانی دادلی کلارک چالاکییەکانی بۆ فریودانی ئاڵمانییەکان دەست پێکرد. یەکێک لە تاکتیکەکانی دروستکردنی تانکی ساختە و تۆپخانە بە دار بوو بۆ ئەوەی ئاڵمانییەکان نەتوانن قەبارە و شوێنی سوپای ئینگلستان پێش‌بینی بکەن. فڕۆکە سیخوڕییەکانی کە توانای فڕینیان لە بەرزاییەکانەوە هەبوو وێنەی کەلوپەلی ساختەیان دەگرت و وێنەکان زۆر وەک ڕاستەقینە دەچوون. ئەو ئامێرە دروستکراوانە لە دار دروستکرابوون و جووڵەیان دەکرد، کلارک تەواوی مەیدانی شەڕی لەو فڕۆکە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تانکه ساختانه پڕ کرد، بەڵام ڕۆژێک ئەفسەرێک بە نیگەرانییەوە هاتە لای و گوتی سیخوڕەکان ئاگاداریان کردوینەوە کە ئاڵمانیەکان ڕێگەیەکیان دۆزیوەتەوە بۆ جیاکردنەوەی فڕۆکەی ساختە لە ڕاستەقینە. ئاڵمانیەکان لە وێنە زوومکراوەکاندا گومانیان لە چوارچێوەی باڵی فڕۆکەکان کردووە و ئەو ستراتیژییە چیتر وەڵامدەر نابێ، بەڵام کلارک کە یەکێک لە بلیمەتە دیارەکانی فریودانی مۆدێرن بوو، بیرۆکەیەکی باشتری هەبوو. بڕیاریدا ئامێری دار بخاتە ژێر هەموو فڕۆکەکانەوە تەنانەت فڕۆکەی ڕاستییەکانیش، بۆ ئەوەی ئاڵمانیەکان گێژ بکا، کلارک بەوکارەی یارییەکەی بردە ئاستێکی بەرزتر.

ئەگەر هەوڵ دەدەی دوژمنی خۆتان فریو بدەن باشترین شێواز ئەوەیە کە شتێکی ناڕوون دروست بکەن کە بەئاسانی ئاشکرا نەبێ. ئەگینا دوژمن بە ئاسانی هەموو شتێکت لێ ئاشکرا دەکا و ئەوە ئێوەن کە دەکەونە تەڵەوە. ئەگەر دیاردەیەکی ناڕوون و تەمومژاوی دروست بکەن دوژمن بە ئاسانی لە نێوان گومان و ڕاستیدا سەری لێ دەشێوێ و ئەو ناتوانێ ڕاستی لە درۆ و باش لە خراپ جیا بکاتەوە.

**بیهێنە بەرچاوت:** تەم و مژ. ئەم دیاردەیە کارێک دەکات کە نەتوانرێ شێوە و ڕەنگی شتومەک دیاری بکرێ. فێربە کە بە ڕادەی پێویست تەم و مژ دروست بکەن بۆ ئەوەی خۆتان لە چاوی دوژمن بپارێزن و شوێن بۆ مانۆڕ بدۆزنەوە. لەو حاڵەتەدا دەزانن بۆ کام ئاراستە دەڕۆن، بەڵام دوژمن پەرش‌وبڵاو دەبێ و زیاتر لەنێو تەمومژدا نوقم دەبێت.

تۆبی فۆن تان، سەرنجە نافەرمییەکانی پرۆفیسۆرێک لەسەر شەڕ لە سەدەی ١٦ی زایینی دەڵێ: *"کەسێک کە لە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ دوژمن شارەزا بێ دەتوانێ بە جووڵەی نهێنی بەلا ڕێی‌دا بیا، بە زانیاریی ناڕاست سەری لێ بشێوێنێ، بە شاردنەوەی خاڵە بەهێزەکانی ئارامی بکاتەوە، بە دروست‌کردنی هەلاوهەنگامە و ژاوەژاوی زۆر گوێچکەکانی کەڕ بکا، بە گۆڕینی ئاڵا و هێما چاوەکانی کوێر بکا و لە کۆتایی‌دا بە کۆمەڵێک ڕاستیی پڕ لە خەیاڵ و واقیع، شەڕەکە بۆ دوژمنان بەرەو ئاراستەیەکی ئاڵۆز و ناڕوون‌دا ببات."*

## حاڵەتی دەگمەن

هونەری فریودان پێویستی بە لێهاتوویی بەرزە و ئەگەر لێی شارەزا نەبی مەترسیدارە. لەم حاڵەتەدا ڕەنگە دوژمن لە ئێوە زانیاری زیاتر بەدەست بێنێ. پێویستە بە وریاییەوە ئەو تێکنیکە بەکار بێنی، چونکە سزای سیخوڕی قورسە. لەم کارامەییەدا پێویستە لەکەمترین کەس کەڵك وەرگرن تا ئەگەری ئاشکرا بوون کەم بێتەوە و هەمیشە ڕێگەیەک بۆ دەرباز بوون بۆ خۆتان بێڵەوە. ئاگاداربە هۆگر و مردووی دەسەڵاتێک نەبی کە ستراتیژی فێڵکردن بە دیاری بۆی هێناوی. هەمیشە ئەو ستراتیژییە دەبێ لە ژێر کۆنترۆڵ دا بێ. ئەگەر هەمووان وەک فێڵباز دەتناسن هەوڵبدە هێندێک جار ڕاستگۆیی لە خۆتان نیشان بدەن. ئەم هەڵوێستە دەبێتە هۆی کەسانی دیکە گومانیان لا دروست ببێ و نەتوانن زەینی تۆ بخوێننەوە. لێرەدا ڕاستگۆیی باشترە لە فریودان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی بیستوچوارەم:
# کەمترین چاوەڕوانی ئەوان جێبەجێ بکەن.
# ستراتیژیی ئاسایی نائاسایی

خەڵک چاوەڕێی ئەوە دەکەن ڕەفتارەکانت لەگەڵ نۆرم و ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان بگونجێ. ئەرکی تۆ وەک ستراتیژیستێک ئەوەیە کە چاوەڕوانییەکان بشێوێنی و خافڵگیریان بکەن تا بێنەزمی و بشێوی بچێتە نێو جیهانی ئەوانەوە. با بە نائومێدیەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە بدەن کاتێک بە ڕادەی پێویست مێشکیان تێکچوو، دیوارە بەرگرییەکانیان دەڕووخێن و لاواز دەبن. بۆ جێ خستنی وێنەی خۆت انسەرەتا شتێکی ئاسایی و نەریتی بکەن، پاشان بە جووڵەیەکی نائاسایی و سەیر زەربەیان لێ بدەن. ئەم هەنگاوە لەناکاوە عەنتیکەیە ترسێکی زۆر دەخاتە دڵیانەوە، هێندێک جار جووڵەی ئاسایی تەنیا لەوەدا سەرسوڕهێنەرە کە لە ناکاو خافڵگیر دەکرێن.

### شەڕی ناباو (نامتعارف)

هەزاران ساڵ لەمەوبەر ڕێبەرانی نیزامی کە ئاگاداری زیانە زۆرەکانی چوونە نێو شەڕ بوون، بەدوای فاکتەرێکی بەسوود دا دەگەڕان کە بۆ سوپاکەیان لە بەرەکانی شەڕدا باڵادەستی هەبێ. هێندێک لە ژێنراڵەکان کە وشیارتر بوون هێزەکانی خۆیان ڕێکخستەوە و شێوەی نوێیان بۆ بە کارهێنانی هێزی سوار و پیادە داهێنا: تازەیی ئەو شێوازە نەیدەهێشت دوژمن پێش‌بینی دۆخی سوپای بەرانبەری بکا، ئەم پێش‌بینی‌نەکردنە، دوژمنی سەرلێشێواو دەکرد. ئەو سوپایە کە بە توانایی خافڵگیری تەیار بوو، دەیتوانی یەک لە دوای یەک یان زنجیرەیەک سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

هەر چۆنێک بێ دوژمن هەوڵی ئەدا سیستمی بەرگری بۆ ستراتیژی نوێی ڕەقیبەکەی دابنێ و زۆرجار بە خێرایی شێوازێکی دەدۆزییەوە، بۆیە ئەو شتەی کە زەمانێک دەبوو هۆی سەرکەوتنێکی بەرچاو و دەرئەنجامی داهێنان بوو، بە خێرایی دەبووە شتێکی ئاسایی. دوای ئەوە دوژمن بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ستراتیژی نوێ ناچار بوو دەست بە داهێنان بکات. ئێستا نۆرەی دوژمن بوو کە کارێکی سەرسوڕهێنەر و سەرنجڕاکێش بکات و ئەو گەڕە بەردەوام بوو. شەڕ هەمیشە بێ‌شەرم و دڕەندانە بووە و هیچ ستراتیژی و هەڵوێستێکی نوێ بۆ ماوەیەکی زۆر بە شێوەی تایبەت نەماوەتەوە. یان پێویست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو میتۆدێکی نوێی دیکە دروست بکرێ یان میتۆد نوێیەکەی پێشوو لەبەین دەچوو و شوێنەواری دەبڕایەوە.

لە سەدەی هەژدەهەمدا هیچ شتێک لە تاکتیکەکانی پاشای پڕۆس فرێدریکی گەورە سەرسوڕهێنەرتر نەبوو. تیۆری‌داڕێژانی نیزامی فەڕانسەوی دوای لێکۆڵینەوە لە سەرکەوتنە سەرنجڕاکێشەکانی فرێدریک، بیرۆکەی نوێی ڕادیکاڵیان دۆزیەوە کە ناپلیۆن لە شەڕەکانیشدا کەڵکی لێ وەرگرت. لە ساڵی ١٨٠٦دا ناپلیۆن لە کاتی شەڕی "ینا - ئاورشتات"دا هێرشی کردە سەر پڕۆسەکان کە هێشتا تاکتیکی ناباوەکانی فرێدریکی گەورەیان بەکار دێنا، هێزەکانی پڕۆسیان بە شێوەیەک تێك شکاند کە نەیانتوانی بەری پێشڕەوی کردنی بەرەو بەرلێن بگرن. پڕۆسەکان بەم شکستە زەلیل و تەحقیر بوون. ئێستا نۆرەی ئەوان بوو کە داهێنەری شتێکی نوێ بن. ئەوان بە وردی لێکۆڵینەوە و شیکاری سەرکەوتنی ناپلیۆنیان کرد و بە بیرکردنەوە تۆوی پێکهێنانی ستادی سوپایان چاند. سوپای نوێی پڕۆس ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە شکستی ناپلیۆن لە شەڕێ واترلۆ و بۆ چەندین دەیەی دووردرێژ بەسەر گۆڕەپانی نیزامی‌دا زاڵ بوو و درەوشایەوە.

لە سەردەمی ئێستادا، چالێش و ململانێی بەردەوام بۆ زاڵبوون بەسەر دوژمن بە ئامرازی نوێ و ناباو وەرچەرخانێکە بۆ شەڕی پیس، کە هەتا دێت پەرە دەستێنێ. لە ڕابردوودا پێوەری ئەخلاقی و مرۆیی دەستی ژێنراڵەکانی بەستبوو و ئەوانی سنووردار کردبوو، بەڵام لەشکرەکانی ئەمڕۆ باوەڕیان وایە بۆ سەرکەوتن دەست بۆ هەموو کارێک دەبەن. تاکتیکی چریکی و تیرۆریستی لەکۆنەوە ناسراون و ئێستا نەک هەر باوتر بوون بەڵکوو ستراتیژی‌تر و پاڵاوتەتر بوون. پڕوپاگەندەی سیاسی، زانیاری هەڵە، شەڕی دەروونی، فێڵ و هەموو جۆرە ئامرازێکی شەڕی سیاسی، بوونەتە توخمی سەرەکی ستراتیژیی ناباو. ستراتیژی بەرامبەر بەگشتی دەبێ بتوانێ لە شەڕی پیسدا بەربەرەکانی بکا لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە سەرەوەدا باس کرا و لە هەمانکاتدا خاوەنەکەی وەها لێ بکات لەگەڵ دوژمنەکەی هاوشان بێ تا بتوانێ ئاگر بە ئاگر وەڵام بداتەوە. دوژمنی پیس بە بینینی ستراتیژی ئەویتر، ڕێگەیەکی خراپتر دەگرێتەبەر و ئەو جووڵە مارپێچییە درێژەی دەبێ و وەستانی نیە.

ڕەنگە ئێمە ئەو دینامیکە زیاتر لە بەرەکانی شەڕدا ببینین، بەڵام لە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤدا بەکار دێت. ئەگەر تۆ لە سیاسەت یان بازرگانیدا چالاکی و ڕەقیبەکەت ستراتیژی نوێی هەیە، هەمان ستراتیژی یان تەنانەت باشتر بەکار بێنە. هەر ستراتیژییەک لە دەورانێک مۆدێرن و نوێ بووە دوای ماوەیەک ناباو و نەناسراو و دووبارە دەبێتەوە. جیهانی ئێمە ئەوەندە ململانێی تێدایە کە لایەنێکی نەرمونیان دەبێ بە شێوازێکی پیستر و نائەخلاقی‌تر و نوێ‌تر تەیار ببێت، ڕێگایەک لە دەرەوەی کۆدە ئەخلاقییە پەسەندکراوەکانە! بەسە بە پێوەرە ئەخلاقییەکان پابەند بن و بە شانازییەکان و غرور بیر بکەنەوە بە دڵنیاییەوە دۆڕاوی مەیدان دەبن. هێندێک جار کە شەڕ دەرگات پێ دەگرێ یا شەڕت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسەردا دەسەپێ، دەبێ لە شێوازی پیس کەڵك وەرگرن بۆ ئەوەی قوربانی نەبن.[١]

ئەو ڕەوتە سیاسەت و بازرگانی و کولتووریش دەگرێتەوە و زۆر بە توندی هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک ڕابکێشێ و بە خێرایی بە سەر کولتوورەکانی دیکەدا سەرکەوێ. لە هەر حاڵەتێکدا بەکارهێنانی ستراتیژی نائاسایی هێندە خێرا بووە کە ئەوەی لە ڕابردوودا نوێ و دوور لە چاوەڕوانی بوو، ئێستا بووەتە شتێکی باو و ئاسایی.

ئەوەی پێشتر وەک ناباو و نەگونجاو بیرمان لێ دەکردەوە بەدرێژایی ساڵان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەو یاساگەلە کە ناباوی کاریگەر دەکەن و لەسەر بنەمای دەروونناسی زەینی بناغەیان دانراوە، بە درێژایی مێژوو نەگۆڕاون. ئەو یاسا نەگۆڕانە لە مێژووی شەڕدا دەرکەوتوون. نزیکەی ٢٥٠ ساڵ لەمەوبەر دیارترین ستراتیژیستی چینی سون تێزۆ، پێویستی ئەو یاسایانەی لە باسەکانی وەک شەڕی ئاسایی و نائاسایی هێناوە. هێشتا لێکدانەوەکەی ئەو لە سیاسەت و کولتووری مۆدێرن، جۆرەکانی شەڕ چ پیس، چ ئەخلاقی، بەکار دێت. کاتێک دەرک بە پێویستی شەڕی ناباو دەکەی دەتوانی لە ژیانی ڕۆژانەتدا بەکاری بێنی.

شەڕی (ناتەقلیدی) ناباو چوار بنەمای هەیە کە لە ئەزموون و فێرکارییەکانی مامۆستا گەورەکانی هونەرەوە وەرگیراون.

١-**لەدەرەوەی ئەو سنوورە کار بکەن کە دوژمن ئەزموونی تێیدا هەیە:** بنەماکانی شەڕ بە شێوەی باو لەسەر بنەمای پێشینە و ڕابردوو دامەزراون: کۆمەڵێک ستراتیژی و دژە ستراتیژی بە درێژایی سەدەکان پەرەی ئەستاندووە و لەبەر ئەوەی شەڕ زۆر پڕ ئاژاوەیە، ستراتیژیستەکان لە بەر نەبوون و غەیابی کەرەستەی دیکە پشتیان بە پرەنسیپە کۆنەکان بەستووە. ئەوان هەموو ئەو شتانەی کە لە ئێستادا ڕوو دەدەن بە فیلتێری ڕووداوەکانی ڕابردوودا تێدەپەڕێنن، بەڵام ئەو سوپایانەی کە مێژوو و جیهانیان هەژاندووە هەمیشە بەدوای میتۆدێکدا دەگەڕێن لە دەرەوەی ئەو حوکم و داب و نەریتە ئاساییە دا بووە، لە ئاکامدا دەست بۆ کردەوەیەک دەبن کە دوژمن ئەزموونی نەکردبێ. ئەم توانایە بووەتە هۆی بێنەزمی و ئاژاوەگێڕی لە سوپای دوژمندا کە نەیتوانی داهێنان و دیاردەی نوێ دروست بکا و لە ئەنجامدا تێک شکێندراوە.

ئەرکی تۆ وەک ستراتیژیستێک ئەوەیە کە دوژمنەکانت بە باشی بناسی و پاشان زانیارییەکانی خۆتان بەکار بێنە بۆ داڕشتنی ستراتیژییەک کە لە دەرەوەی ئەزموونی ئەوان دا بێ. ئەوەی کە ئەوان خوێندویانەتەوە یان بیستوویانە بەهای کەمتری لە ئەزموونە کەسییەکانیان هەیە چونکە ئەو

١. تا دوژمن کەمتر چاوەڕوانی بکات، سەرکەوتن باشتر دەبێ. ئەگەر زنجیرە شاخێکی نەبوونی ڕێگا و بە خاڵێکی ئەمنی بزانێ و لەو ڕێگایەوە کە ئەو نایزانێ بۆ ئەو چیایە ڕێگا بدۆزەوە، ئەو سەری لێ دەشێوێ و ئەگەر فشاری بخەیە سەری، کاتێکی بۆ چاککردنەوە و چاکبوونەوە نابێ. بەهەمان شێوە ئەگەر لە پشت ڕووبارێکەوە بێ و تۆ شوێنێک خوارتر یان لە سەرەوەی ڕووبارەکە بدۆزیەوە و لەو شوێنە نادیارەوە زەربەی لێ بدە، ئەو خافڵگیرییە سەری لێ شێواندوە. فریدیک کبیر ١٧١٢-١٧٨٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەزموونانە کاریگەرییان لەسەر ژیانی حەزەکانیان هەیە و هەر ئەوە کاردانەوە و وەڵامدانەوەیان بۆ ڕووداوەکان دیاری دەکا. کاتێک ئاڵمانییەکان لە ساڵی ١٩٤٠ هێرشیان بۆ فەڕانسە کرد، فەڕانسەوییەکان زانیاری دەستی دوویان سەبارەت بە شێوازی شەڕی برووسکەئاسای ئەوان هەبوو و ئەو زانیاریانەیان لە هێرش بۆ سەر لەهستان لە ساڵی پێشوودا بەدەست هێنابوو، بەڵام هەرگیز خۆیان ئەزموونیان نەکردبوو. کاتێک ستراتیژییەک کەڵکی لی وەرگیرا چیتر لە دەرەوەی ئەزمونی دوژمن‌دا نیە و هەمان کاریگەریی پێشووی نابێ.

٢- **لە دڵی بابەتە ئاسایی و باوەکان‌دا، لایەنی نائاسایی هەڵێنجن:** لە ڕوانگەی سون تێزۆ و چینییە کۆنەکانەوە ئەنجامدانی کارێکی نائاسایی بەبێ زنجیرەیەک ئەرکی ئاسایی کاریگەرییەکی کەمی هەیە. پێویستە هەردووکی تێکەڵ بکەن بۆ ئەوەی مانۆڕەکانی بەرامبەرەکەتان لەگەڵ مانۆڕێکی ئاسایی و پێش‌بینی‌کراو یان نەخشێکی ئاشنا کە چاوەڕێی دەکەن بگونجێ. کاتێک دوژمن بە ڕادەیەکی پێویست فریوی خوارد کارتی براوە ئاشکرا بکەن کە هەمان ستراتیژی ناباوە و هێزی باڵای خۆتان لە گۆشەنیگای نوێ پێشان بدەن. ئەو زەربەیە کە چوارچێوەی سەرەتایەکی پێش‌بینیکراو بوو، کاریگەری دوو بەرابەر دەبێ.[١]

مانۆڕێکی ناباو یان نائاسایی کە دوژمن سەرلێشێواو دەکا، بەکارهێنانی بۆ جاری دووهەم و سێهەم ئیتر نائاسایی و نەناسراو نییە، بۆیە ژێنراڵێکی وشیار و زیرەک بۆ هەمان ستراتیژی ئاسایی کە پێشتر بەکاری هێناوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرنجی دوژمنی پێ ڕاکێشرێ، چونکە ئەوان هەمان چاوەڕوانیيان هەیە. کەوابوو ڕێوشوێنی ئاسایی و نائاسایی کاتێک کاریگەر دەبن کە پێکەوە بە شێوەیەکی مارپێچی بەکاری بێنن. ئەو هەڵوێستە بێجگە لە شەڕ، لە کولتووریش‌دا کاربوردی هەیە: بۆ ئەوەی بەرهەمێکی کولتووری سەرنجی بینەران بۆ لای خۆی ڕاکێشێ دەبێ شتێکی نوێ دروست بکەن، بەڵام ئەو شتە نوێیە نابێ هیچ پێوەندی بە ژیانی ئاساییەوە ببێت. بە واتایەکی دیکە، ئەو دیاردە کولتوورییە لە ڕاستیدا ناباو نییە، بەڵکوو تەنیا عەجایب و سەیرە. دیاردەی سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەر ئەوەیە کە لە دڵی دۆخێکی ئاساییەوە دێتە دەرەوە. تێکەڵکردنی بابەتی ئاسایی لەگەڵ بابەتی نائاساییدا پێناسەی وردی سورڕئالیزمە.

٣- **وەک ڕێوی شێتانە ڕەفتار بکە.** سەرەڕای بابەتی ڕواڵەتی، زۆربەی تێکچوون و بێزارییەکان لە بەشی خوارەوەی کۆمەڵگا و تاکەکاندا بوونیان هەیە. هەر لەبەر ئەو هۆکارە زۆر هەوڵ دەدەین بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی لە ژیانماندا و ئەو کەسانەی کە ڕەفتارێکی شێواویان هەیە بە بۆچوونی ئێمە کەسانی ترسناکن و بە شێوەیەک ڕەفتار دەکەن وەک ئەوەی چاوپۆشی لەو دیوارانە بکەن کە تۆ بۆ پاراستنی خۆتان دروست کردووە. ئێمە ناتوانین پێش‌بینی ڕەفتاری داهاتوویان بکەین و فەزایەکی

١. جووڵەیەکی هەڵە بکە و دوای ئەوەی دوژمن دڵنیا بوو لە هەڵسوکەوتی هەڵەکەت، هەمان جووڵەی هەڵە بگۆڕە بۆ پێگەیەکی دروست. خدعه‌های جنگ، سی‌وشش استراتیژی نظامی از چین باستان، ترجمه سان هایچن ١٩٩١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆریان پێ دەدەین، لە کاتێکدا هەڵس‌وکەوت لەگەڵ ئەوانە زیانی زیاترە نەک سوود. لە لایەکی دیکەوە، ئەو کەسانە دەتوانن جۆرێک لە درووژان و ڕێزگرتن لە ئێمەدا دروست بکەن، چونکە لە قووڵایی دڵەوە هەموومان دەمانهەوێ کە بە دەریای شەپۆلەکانی نێو دەروونی خۆمان بگەین. لە دەورانی کۆندا جۆرێک ڕێز و پیرۆزی بۆ شێتەکان دادەنرا و هێشتا شوێنەواری ئەو هەڵوێستە لە نێو کۆمەڵگاکاندا هەیە. ژێنراڵە گەورەکان هەموویان جۆرێک لە شێتی پیرۆز و ستراتیژیکیان هەیە.

فەن‌وفێڵ ئەوەیە کە بتوانی ئەو شێتیەی ستراتیژییە کۆنترۆڵ بکەین. هێندێک جار بە ڕێگە بە خۆتان دەدەن کردەوەتان بە شێوەیەک بێ کە بە ئانقەست ئازاردەر و بێزارکەر بێت، بەڵام ئەگەر زۆر سوود لەو ڕەفتارە وەربگری بە بن‌بەست دەگەن. زۆر ئازاردەر و شێتانە ڕەفتار نەکەن کە خەڵک لێتان بترسێن و دوور بکەونەوە. تا ئەو ڕادەیەی ئەو ستراتیژییە بەکار بێنە کە هاوسەنگییان تێک بدەن بۆ ئەوەی نەتوانن پێش‌بینی ڕەفتاری داهاتووتان بکەن، دەبێ بە شێوەیەک هەڵس‌وکەوت بکەی کە ئەوانی دیکە وابیر بکەنەوە کە تۆ بەسوتفە لەو شێوازە کەڵکت وەرگرتووە. وەک ئەوەی تۆ مۆرەی تەختەنەرد فڕێ دەدەی و لەسەر بنەمای ئەوە بڕیار دەدەن. هەڕەمەکی‌بوون یا بەختەگی خراپترین بێزاریی و ئازارە بۆ ئەوانی دیکە، ئەو ڕەفتارە وەک جۆرێک لە دەرمان و چارەسەرکردن چاو لێ بکە، چونکە ئەو ستراتیژییە دەرفەتێکە تا لە پێویستی دەرکەوتنی ئاسایی بەردەوام، ڕزگار ببی.

٤- **هەمیشە تایەکانی جووڵەتان لە حاڵی سووراندا بێڵەوە.** لە بنەڕەتدا ڕەفتاری پێچەوانەی داب و ناباو زیاتر لە گەنجاندا دەبینرێ، چونکە ئەوان لە هەلومەرجی گرێبەستێ کە هەیە ڕازی نین و ڕەزامەندی و دڵخۆشی لە نەریت‌شکێنیدا دەبینن. مەترسی ئەوە هەیە کاتێک لە گەنجی کەمێک دوور بکەوینەوە و لەگەڵ ڕەوتی کۆمەڵگا و ئاسایی بووندا بە هێمنی و ئاسوودەیی بگەین، مەیل بۆ شتی ناباو لەدەست دەدەین. ئەوە هەمان هەڵەیە کە ناپلیۆن کردوویەتی و بووە هۆی ڕووخانی. ئەو زیاتر لەوەی پشت بە ستراتیژی نوێ، قووڵ و مانۆڕی بگۆڕ ببەستی، پشتی بە ڕادەی سوپا و باڵادەستی چەک و ئامێرەکان بەستبوو. ئەو مەیلی پاراستنی وەرەی ستراتیژیانەی لەدەست دابوو و ڕێگەی دابوو چوونە سەری تەمەن سێبەری لەسەر دانێ و بەسەری دا زاڵ بێت. ئێوە دەبێ لەڕووی دەروونییەوە بەرەنگاری پرۆسەی چوونەسەری تەمەن و پیربوون ببنەوە چونکە ئەو ڕەهەندە گرنگترە لە ڕەهەندی فیزیکی و عەقڵێک پڕ بێ لە پلان، فێڵ، مانۆڕی بگۆڕ و پێش‌بینی‌نەکراو، بە گەنجی دەتهێڵێتەوە. هەوڵ بدەن ئەو نەخشانە بشکێنن کە پێی ڕاهاتووی، جیاواز لە ڕابردوو مامەڵە بکەن و جۆرێک شەڕی ناگرێبەستی (غیرقراردادی) و نوێ لە مێشکتدا پراکتیزە بکە. مەهێڵن تایەکان لە سووڕانەوە بکەوێ و هەموو سەختییەکان لەژێر تایەی چالاکییەکانی خۆتان پان بکەنەوە بۆ ئەوەی هیچ لەمپەرێک نەمێنێتەوە.

ژولیوس سزار لەبارەی بوێری دەڵێ: *"هیچ کەس ئەوەندە بوێر نیە کە بە شتێکی پێش‌بینی‌نەکراو نەشڵەژێ."*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**نمونەی مێژوویی**

١-ساڵی ٢١٩ی پێش لە زایین، ڕۆم بەو ئاکامە گەیشت کە بە ڕادەی پێویست هێزی کارتاژی هەیە کە دۆخی ئیسپانیای پێ بشێوێنن. لە ئیسپانیا هەر دوو دەوڵەتشارکە کۆلۆنی بەنرخیان هەبوو. ڕۆمییەکان شەڕیان لە دژی کارتاژەکان ڕاگەیاند و خۆیان بۆ ڕەوانەکردنی سوپا بۆ ئیسپانیا ئامادە دەکرد. لە ئیسپانیا هێزەکانی دوژمن لەلایەن ژێنراڵێکی تەمەن ٢٨ ساڵەوە بە ناوی هانیباڵ ڕێبەرایەتی دەکران. پێش ئەوەیکە ڕۆمییەکان بتوانن خۆیان بگەیەنە هانیباڵ، هەواڵێکی سەیریان پێگەیشت کە هانیباڵ لێیان نزیک دەبێتەوە و بەرەو ڕۆژهەڵات لەشکرکێشی کردووە و سەختترین ڕێگا و بەرزاییەکانی ئاڵپیان تێپەڕاندووە و بەرەو باکووری ئیتالیا شۆڕ بوونەتەوە. بەو پێیەی ڕۆم هیچکات پێی وانەبوو کە دوژمن لەو مەسیرەوە هێرشی بۆ بکا و هیچ قشوونێکی لەو ناوچەیەدا جێگیر نەکردبوو، هەروەها لەشکرکێشی هانیباڵ بۆ باشوور و پاشان ڕۆم بەبێ هیچ بەربەستێک بەرەو پێشەوە ڕۆیشت.

هەرچەند سوپاکەی بە نیسبەت چووکە بوو، بەڵام کاتێک لە کێوەکانی ئاڵپ تێپەڕین تەنیا ٢٦ هەزار سەربازی بە زیندوویی مابوونەوە. ڕۆمییەکان و هاوپەیمانانی دەیانتوانی سوپایەکی ٧٥٠ هەزار کەسی جێگیر بکەن، لژیونەکان یان لەشکرەکانیان کە بە دیسپلینترین و ترسناکترین شەڕکەرانی جیهان بوون پێشتر لە شەڕی یەکەمدا بیست و چەند ساڵ لەمەوبەر کارتاژیان تێک شکاندبوو، بەڵام سوپایەکی بێگانە بەرەو ئیتالیا پێشڕەوی دەکرد و ئەو پێگەیەش بە خافڵگیرێکی گەورە ئەژمار دەکرا و هەڵوێستی نادیاریان لێ کەوتەوە. ئەوان دەبوو بەو وەحشیانە دەرسێک بڵێنەوە کە جارێکی دیکە بیر لە هێرش کردن نەکەنەوە.

لژیونەکان بە خێرایی بەرەو باکوور ڕۆیشتن تاکوو هانیباڵ شکست بدەن. دوایی چەند پێکدادان، سوپایەک لەژێر ڕێبەرایەتی کونسولی ڕۆم، "سێمپرۆنیۆس لانگوس" بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کارتاژەکان بۆ شەڕێکی ڕاستەوخۆ لە نزیک ڕووباری تربیا ئامادە بوون. سێمپرۆنیۆس پڕ لە ئاگری ڕق و خۆبەزلزانی بوو. ئەو دەیهەویست هانیباڵ تێک بشکێنێ و وەک ڕزگارکەری ڕۆم بناسرێ. بەڵام هانیباڵ ڕەفتارێکی سەیر و سەمەرەی کرد سوارە سووکەکانی بە شێوەیەک لە ڕووبارەکە پەڕینەوە وەک ئەوەی هێرش بۆ سەر ڕۆمییەکان بکەن، بەڵام دواتر پاشەکشەی کرد. ئایە کارتاژەکان ترسا بوون؟ ئایە ئامادە بوون هێرشی چووکە ڕێک بخەن؟ لە کۆتاییدا سێمپرۆنیۆس بڕیاری خۆی دا و پێوشوێنی ئەوان کەوت. ناوبراو بۆ ئەوەی لە سەرکەوتن لە دژی هانیباڵ دڵنیا بێ هەموو هێزەکانی خۆی لە زستاندا لەڕووباری بەستەڵەک پەڕاندەوە و ئەو کارە چەندین کاتژمێری خایاند و ئەوانی ماندوو کرد. هەر دوو سوپاکە لە نیهایەتدا لە ڕۆژاوای ڕووبارەکە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە.[١]

---

١. وا گریمان دەکرا کە ئەسکەندەر لە هارانپور کەمپی دا نابێ، لە بەرامبەر ئەودا لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری "جێهلۆم" پۆرۆس

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەتا هەروەک سێمپرۆنیۆس چاوەڕوانی دەکرد لەشکرە سەرسەخت و ڕێکوپێکەکانی زۆر بەهێز هەڵسوکەوتیان دەکرد بەڵام بەشێک لەو سوپایە لە هۆزە گالییەکان پێکهاتبوو کە بۆ ڕۆمییەکانیان شەڕ دەکرد و لەناکاو کارتاژییەکان کۆمەڵێک فیلیان بە سوار و تیروکەوان بە دەستیان بەرەو ئەو بەشە ڕەوانە کرد. ئەو خێڵە هەرگیز چوارپێی لەو جۆرەی نەدیتبوو، بۆیە زۆر ترسان و پاشەکشەیان کرد. لە هەمان کاتدا لە شوێنێکی نادیارەوە نزیکەی دوو هەزار کەسی کارتاژی لە پشتی ڕۆمییەکانەوە دەرکەوتن کە لە نێو دارستانێکی سەر سەوز نزیک بە ڕووبارەکە خۆیان حەشار دابوو، ڕۆمییەکان بۆ ئەوەی لەو تەڵەیە دەرباز بن زۆر بە توندی شەڕیان کرد، بەڵام بە هەزاران کەسیان کەوتنە نێو ئاوە ساردەکانی تربیا و خنکان.

ئەو شەڕە کارەسات بوو، لە ڕۆم هەستەکان لە توندوتیژیەوە بۆ ترس و نیگەرانی گۆڕا. لژیونەکان بە خێرایی ڕەوانە کران تاکوو دەست ڕاگەیشتن بە دەروازەی شاخەکانی "ئاپنینی" کە لە نێوەڕاستی ئیتاڵیا هەڵکەوتووە، ببەستن. بەڵام دیسان هانیباڵ بە پێچەوانەی چاوەڕوانی ئەوان جووڵایەوە: ئەو لە خراپترین هەلومەرجدا لە ئاپنینی تێپەڕی. ئەوە کارێک بوو کە پێشتر هیچ سوپایەک ئەنجامی نەدابوو چونکە ئەو چیایە تەواوی ڕێگاکانی پڕ لە تەختەبەرد و شاخاوی کە هیچ کەس نەیدەتوانی پێی دا تێپەڕێ. هانیباڵ دوای ڕێپێوانێکی چوار ڕۆژە بە نێو قوڕوچڵپاودا کە لەڕادەبەدەر ماندووکەر بوو، کارتاژییەکانی بۆ شوێنێکی ئەمن گواستەوە. پاشان لە هێرشێکی هوشمندانەی دیکەدا سوپای ڕۆمی

---

جێگیر بوو، کە پێ دەچوو ژمارەیەکی زۆر فیلی لەگەڵ خۆی هێنابێ بۆ ئەوەی لە ڕووبارەکە بپەڕێتەوە، چونکە دەنگی فیلەکان لەو بەری ڕووبارەکە بێزاریان دەکرد. بۆیە پەنای بۆ کۆمەڵێک فریو و فێڵ برد. کاتێک گرووپە بچووکەکان زۆرجار بۆ شناسایی هەموو ڕێڕەوەکان هاتبوون، سوپاکەی بەسەر چەند ستوونێکدا دابەش دەکرد و بەرەو سەرەوە و خوارەوەی ڕووبارەکە ڕێنوێنی کرد، وەک ئەوەی بەدوای شوێنێکدا بۆ پەڕینەوە دەگەڕێن، پاشان، پێش ئەوەی باران بارینی وەرزی بتوانێ ڕووبارەکە پڕ بکاتەوە لە هەموو لایەکەوە دانەوێڵە و گەنمەشامی بۆ ئوردۆگا هێنا، بەجۆرێک پۆرۆس پێی وابوو ئەسکندەر بڕیارە تا هاوین لەوێ بمێنێتەوە. لەو کاتەدا بە کەشتیەکان ڕووبارەکەی شناسایی کرد و دەستووری دا کە چادرەکان پڕ بکەن لە چیمەن و بەلەمی سەر ئاوی پێ دروست بکەن. وەک مێژوونووس "ئاریین" دەنووسێ: "ئەو بەردەوام لە بۆسەدا چاوەڕێی دەکرد تا بزانێ ئایە دەتوانێ ڕێڕەوێک لە مانۆڕە خێراکاندا بەبێ ئەوەی سەرنجی دوژمن ڕابکێشێ بدۆزێتەوە" دوای ماوەیەکی زۆر هەڵبەتە شناسایی کەسی، وەک ئارین دەڵێت، ئەسکەندەر بڕیاریدا ڕێگای بەرد و دوڕگەکە تاقی بکاتەوە و بۆ ئامادەکاری بۆ ئەوەش مانۆڕێکی زۆر هاوشێوەی ژێنڕاڵ "وڵف" لە کەمپینی کیکدا کرد. لە تاریکی شەودا، سوارەکانی خۆی بۆ هێندێک خاڵ بەدرێژایی کەناری ڕۆژاوای ڕووبارەکە ڕەوانە کرد بۆ ئەوەی دەنگە دەنگێکی هاوشێوەی هاواری شەڕ دروست بکەن. پۆرۆس بۆ چەند شەو فیلەکانی خۆی بۆ خوارەوە و سەرەوەی ڕووبارەکە نارد بۆ ئەوەی ڕێگری لە هەر پەڕینەوەیەک بکەن. سەرنجام ماندوو بوو و فیلەکانی لە کەمپدا هێشتەوە و مەئموورەکانی بەدرێژایی کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووبارەکە جێگیر کرد، پاشان کاتێک ئەسکەندەر دڵنیا بوو کە مێشکی پۆرۆس چیتر لە پەڕینەوەی ئەسکەندەر ناترسێ، پلانێکی دانا. ئەو بە درێژایی گۆشەی ڕۆژاوا و سەرووی ڕووبارەکە، ژمارەیەک پاسەوانی بە زنجیروار دانا بۆ ئەوەی مەودایەکی دیاریکراو لە یەکترەوە بپارێزن و مەشخەڵەکانیان داگیرسێن. لە لایەکی دیکەوە بۆ تێپەڕبوونی خەڵک لە کەمپەکەدا هەموو ئامادەکارییەک کرا و کاتێک پۆرۆس بە هەڵە هەستی بە ئاسایش کرد ئەسکندەر هەموو کارەکانی بۆ پەڕینەوە ئەنجام دا، بە شێوەیەکی نهێنی ڕووبارەکەی تێپەڕاند کە لەشکرکێشی ئەو نەبینرێ. ژنرالی اسکندر کبیر، جی.اف.سی فولر، ١٩٦٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دەریاچەی "تراسیمنۆ" لە ئیمبریای ئەمڕۆ شکست دا. ئێستا ڕێگای بۆ ڕۆم ڕوون و کراوە بوو. کۆماری ڕۆم بە ترسێکی زۆرەوە بە هەمان نەریتی کۆن هەڵبژاردنی دیکتاتۆرێک بۆ ڕێبەرایەتی‌کردن لە هەلومەرجی قەیراناویدا پەیڕەوی دەکرد. ئەو ڕێبەرە نوێیە فابیۆس ماکسیمیۆس بوو و بەخێرایی دیواری بەدەوری شاردا دروست کرد و سوپای ڕۆمی گەورە کردەوە و دواتر بە شڵەژاوی چاوەڕێی کرد تا هانیباڵ ڕۆمی تێپەڕاند و گەیشتە باشوور، واتە ناوچەی "پولیا" کە بەپیت‌وبەرەکەت‌ترین بەشی ئیتالیا بوو، و دەستی بە وێرانکردنی هەوارگەی کۆچەران لە ناوچەکە کرد.

فابیۆس لەسەر پاراستنی ڕوم سوور بوو و بە ستراتێژێکی نوێ گەیشت: ئەو لەشکرەکانی لە ناوچە شاخاوییەکان جێگیر کرد چونکە سوارەکانی هانیباڵ لەو ناوچەیە جێگای مەترسی نەبوون و ئەو دەیتوانی لە لەشکرکێشیکی چریکی کارتاژەکان سەرکوت بکا و بە بستنی سەرچاوەکانی ئەوان کارێک بکا کە لەو ناوچەیە گۆشەگیر و ماڵوێران بن، کە دوور لە وڵاتی خۆیان بوون. ئەو لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە ئەگەر لە هێرشی ڕاستەوخۆ بەهەر نرخێک خۆی لێ بپارێزێ، دەتوانێ ئەوان ماندوو بکا و لە کۆتایی‌دا شکستیان بدا بەڵام زۆربەی ڕۆمییەکان ستراتیژی فابیۆس‌یان بە جێگەی بڕوا نەدەزانی. خراپترین شت ئەوە بوو، کە کاتێک هانیباڵ هێرشی کردە سەر هەوارگەی کۆچەران و داگیری کرد هیچکام لە کەلوپەلەکانی فابیۆسی لەنێو نەبرد وەک ئەوەی ئەو دووانە کەین‌وبەین‌یان بێ و ئەوەش وایکرد فابیۆس ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خۆشەویستی خۆی لەدەست بدا.

هانیباڵ دوای وێرانکردنی پولیا بەرەو دەشتی پڕ بەرەکەتی "کامپانیا" لە باشووری ئیتالیا ڕۆیشت. فابیۆس ئەو ناوچەیەی وەک بەری دەستی شارەزا بوو. ئەو دیکتاتۆرە سەرەنجام بەو ئاکامە گەیشت تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتی لێ بستێنەوە بە کردەوە دەست پێ بکا. ئەو تەڵەیەکی داناوە و تەواوی سوپای ڕۆمی لە دەرەوەی دەشتەکە جێگیر کرد، مەودای سوپاکان ئەوەندە کەم بوو کە بتوانن پشتیوانی یەکتر بن، بەڵام هانیباڵ لە ڕێگای کێوەکانی ڕۆژهەڵاتی "ئەلیف" هاتە نێو دەشتەوە و فابیۆس سەرنجی بەو خاڵەی دابوو کە ئەو هیچکات بەو ڕێگایە کە هاتۆتە ژوورەوە بەو وێدا ناکشێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، فابیۆس بۆ قایمکاری هێزێکی لە سوپای ڕۆم لە ئەلیف جێگیر کرد، بەڵام ڕێگاکانی دیکەی بە هێزی زیاتر تەقوییەت کرد. لە دڵی خۆیدا پێی وابوو کە ئێستا چوارپێیانی هانیباڵ ئازاد نین و بەم زووانە سوپای کارتاژییەکان شتی خواردنیان تەواو دەبێ و هانیباڵ لەداو دەکەوێ، بۆیە چاوەڕێ مایەوە.

لە هەفتەکانی دواتردا هانیباڵ سوارەنیزامییەکانی خۆی بۆ باکوور ڕەوانە کرد تا بتوانێ لەو ڕێگایەوە نفووز بکا. هەروەها کێڵگە سەرسەوز و دەوڵەمەندەکانی ئەو ناوچەیە تاڵان کرد. فابیۆس پێداچوونەوەی بە پلانەکانی هانیباڵدا کرد: هانیباڵ هەوڵی دەدا ڕۆمییەکان بخاتە ناو شەڕێکەوە کە خۆی هەڵی بژاردبوو، بەڵام فابیۆس سوور بوو لە هەلومەرجێکدا شەڕ بکا کە بۆخۆی دیاری دەکا و ئەو کاتە بوو کە دوژمن هەوڵی دەدا لە تەڵەکەی پاشەکشە بکا، لە هەر حاڵەتێکدا ئەو دەیزانی کە بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەرێکی زۆرەوە، هانیباڵ هەوڵی دەدا بۆ ڕۆژهەڵات پەنا بەرێ، ئەوە تەنیا ڕێگایەک بوو کە ئەوی بۆ وڵاتێکی دەرەوەی کۆنترۆڵی ڕۆمییەکان دەبرد.

شەوێک سەربازەکانی ڕۆم جێگیر لە ئەلیف گوێیان لە دەنگەدەنگێک دەبێ و شتەهایەک دەبینن کە هەستیان کرد شێت بوون: وا دیار بوو لەشکرێکی گەورە بە هەزاران مەشخەڵەوە کە دامێنی شاخەکەیان داپۆشیبوو لە دەروازەکەوە دەهاتنە سەرەوە و لەگەڵ ئەوانیشدا دەنگی ترسناک دەبیسترا، وەک ئەوەی جنۆکەکان دەنگەدەنگیان ساز کردبێ. ئەو سوپایە ئەوەندە گەورە بوو کەس نەیدەتوانی ڕووبەڕووی بێتەوە و شەڕی لەگەڵ بکا، هەر لە بنەڕەتدا ئیمکانی نەبوو هانیباڵ توانای نیزامی ئەوتۆی هەبێ. سەربازانی ڕۆم ئەوەندە دەترسان کە ئەو سوپایە لێیان نزیک بێتەوە و گەمارۆیان بدات کە پێیان باش بوو ڕابکەن و تەنانەت ئاوڕیان بۆ پشت سەری خۆیان نەداوە و دوای چەند کاتژمێر سوپای هانیباڵ بە خەیاڵی ڕاحەت لە تەڵەی فابیۆس ڕزگاریان بوو.

هیچکام لە فەرماندهانی ڕوم نەیانتوانی بزانن کە هانیباڵ ئەو شەوە لە دامێنی چیاکان چی کردووە. ساڵی دواتر بەرپرسایەتییان لە فابیۆس وەرگرتەوە. کونسول "مارکوس ترێنتیۆس وارو" بەهۆی شەرمەزاری ئەلیفەوە لە ئاگری تۆڵەکردنەوەدا دەسووتا. کارتاژییەکان لە نزیک کانای لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا کەمپیان دانابوو. مارکوس لەگەڵ سوپا گەورەکەیدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هانیباڵ ئامادە بوو، کاتێک دوو سوپا بۆ شەڕکردن ئامادە بوون، زۆر متمانەی بەخۆی هەبوو. ناوچەکە بەربڵاو و تەخت و ساف، دوژمن بە باشی دەبینرا، ژمارەی هێزەکانی سوپای ڕۆم دوو ئەوەندەی هێزی کارتاژ بوون دوژمن نەیدەتوانی هیچ فێڵ و تەڵەکە بەکار بێنێ.

شەڕ دەستی پێکرد و سەرەتا ڕۆمییەکان زۆر بەهێز خۆیان نیشان دا. ناوەندی سوپای کارتاژ زۆر لاواز و بە خیراییماندوو بوون. ڕۆمییەکان بە تەواوی هێزەوە فشاریان بۆ ئەو ناوەندە هێنا و بە هیوای ئەوە بوون کە نفووزی خۆیان لەو ناوچەیە زیاتر بکەن، بەڵام هاوکات دەگەڵ نفووز بۆ ناوەند بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە چاویان لە پشت سەری خۆیان دەکرد و دوو هێڵی دەرەوەیان بینی کە وەک دوو کلک بەرەو ڕوویان دەهاتن و بەو شێوەیە گەمارۆ دران و گیریان خوارد، لەئاکامدا ئەو شەڕە قەتڵ و عامی لێ کەوتەوە. شەڕی کانای لە مێژووی ڕۆمییەکاندا، وەک سەرشۆڕانەترین و سووککردنی ئەوان تۆمار کرا.

شەڕ لەگەڵ هانیباڵ ساڵانێکی زۆری خایاند. کارتاژ هەرگیز بە پێویستی نەزانی کە هێزی یارمەتیدەر بۆ هانیباڵ بنێرێ. لە لایەکی دیکەوە ڕۆمییەکان دوای هەر شکستێک سوپاکەی خۆیان بنیات و نۆژەن دەکردەوە و بە سوپایەکی گەورەتر و بەهێزتر لە دژی هانیباڵ دەوەستایەوە و جارێکی دیکە شکستی دەخواردەوە. هانیباڵ ئەوەندە شانازیی بەدەست هێنابوو کە ڕۆمییەکان بە بیستنی ناوەکەی هەموو گیانیان دەلەرزی. ڕۆمییەکان سەرەڕای ئەوەی هێزی زیاتر و بەهێزتریان هەبوو ئەوەندە لە هانیباڵ دەترسان کە خۆیان لە هەر جۆرە شەڕێک لەگەڵ ئەو دەپاراست و هەر وەکوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی نەخۆشی چاوقووڵکە بێت و بێانکوژێ، واتە بە تاعونێکی کوشندەی بزانن.

**لێکدانەوە**

هانیباڵ دەبێ بە مامۆستای کۆنی هونەری نیزامی خافڵگیری ئەژمار بکرێ. ئەو لە هێرش‌کردن بۆ سەر ڕۆم لە خاکی ڕۆمییەکان هەرگیز هەوڵی داگیرکردنی ڕۆمی نەدا، چونکە کارێکی مەحاڵ بوو. دیوارەکانی ئەو شارە بەرز بوون و خەڵکەکەی بە ئیرادە بوون. ڕۆمییەکان هەموویان یەک‌دەنگ ڕقیان لە هانیباڵ بوو و لە لایەکی دیکەشەوە هێزەکانی هانیباڵ کەم بوون. ئامانجی هانیباڵ ئەوە بوو کە لە نیمچە دوورگەی ئیتالیا وێرانکاری دروست بکا و هاوپەیمانی ڕۆم لەگەڵ دەوڵەت‌شارەکانی دراوسێ لەرزۆک بکا. ڕۆم کە لە ماڵی خۆیدا لاواز بوو ناچار بوو کارتاژ وێڵ بکا و دەست لە فراوانکردنی ئیمپراتۆری هەڵگرێ.[1]

هانیباڵ کە دەیزانی بەو سوپا بچووکەوە دەبێ هەموو کارەکانی جۆرێک بکا کە پێش‌بینی نەکراو بیت. ئەو بەرزاییەکانی ئالپی تێپەڕاند. بەهۆی ئەوەی پێش هەموو شتێک دەروونناس بوو، دەیزانی سوپایەک کە خافڵگیر بکرێ سیستم و هەستی ئاسایشی خۆی لەدەست دەدا و کاتێک سەرلێشێواوی لە نێو کەسانی پابەندی یاسا و ڕێکوپێک وەک ڕۆمییەکان نفووز دەکا، هێزی وێرانکردنی دوو هێندە دەبێ. خافڵگیری هەرگیز ناتوانێ کارێکی دووبارە، ئاسایی و میکانیکی بێ چونکە ئەو سیفەتانە دژی جەوهەری خافڵگیرین. بۆ ئەوەی لەو بوارەدا سەرکەوتوو بن پێویستە خۆتان هەمیشە بە ڕۆژ بیت، خەلاقییەت و داهێنەر بن و تەنیا بە بەکارهێنانی فێڵە نوێیەکان ڕازی بن.

هەر بۆیە هانیباڵ ڕێگایەکی هەڵبژارد کە ڕۆم هەرگیز بیری لێ نەکردبووەوە. پێدەچوو بەرزاییەکانی ئالپ سەخڵەت و هەڵەموت بێ و ڕۆمییەکان هەرگیز بیریان نەدەکردوە سوپای کارتاژ بەو ڕێگایەدا تێپەڕ بێت. دوای ئەو خافڵگیرکردنە، ڕۆمییەکان بەو ئاکامە گەیشتن کە هانیباڵ هەمیشە شێوازی ناباو بەکار دێنێ و بۆیە بە ڕادەی پێویست پارێزگارییان لە دەروازەیەکی وەک ئەلیف کە تێپەڕگەیەکی ئاسایی بوو نەکرد. لە شەڕدا هەمیشە هانیباڵ سەرنجی دوژمنی لەسەر هێرشکردن لەپێشەوە چڕ دەکردەوە، ئەوەش شێوەیەکی ئاساییە کە زۆربەی سوپاکان کەڵکی‌یان لێ وەردەگرن، بەڵام هەر لەوکاتەدا دەسبەجێ دەستی بە خافڵگیرکردن کرد و فیلەکان و هێزە یارمەتیدەرەکانی شاراوە لە پشتەوە ئاشکرا کرد. لە هێرشەکانی سەر هەوارگەی کۆچەرانی ڕۆم بە ئەنقەست دەستی لە زەوییەکانی فابیۆس نەدا تا ئەو هەستە لای لێپرسراوانی ڕۆمی دروست بکا کە دەستی لەگەڵ فابیۆس

---

١. بۆ ئەوەی لە دەریادا بپەڕیەوە بەبێ ناسینی بەهەشت، پێویستە بە ڕاحتی لە دەریادا بپەڕیەوە، بەڵام وا نیشان بدە کە بەنیازی ئەو کارە نی. هەموو مانۆڕێکی نیزامی دوو ڕەهەندی هەیە: جووڵەی ڕووکەش و ڕواڵەتی و ئامانجی بنەڕەتی و بنەمایی. پێویستە هەردووکیان لە دوژمن بشاریەوە بۆ ئەوەی زۆر بە توندی خافڵ‌گیر بکرێ. ئەگەر کارێک بکەی کە ڕەفتار و جووڵەکانت نەبینێ، دەتوانی دروست لەچەند هەنگاوی ئەو فێڵی گەورەی لەسەر جێبەجێ بکەی. خدعه‌های جنگ، سی‌وشش استراتژی نظامی از چین باستان. ترجمه سان هایچن، ١٩٩١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێکەڵ کردووە و لە کۆتاییدا کارێکی کرد کە فابیۆس ئەو فەرماندە بە شەرمەوە هەنگاوێک بنێ و لە سیاسەت و کەرەستەی نانیزامیی لەشەڕدا کەڵک وەرگرێ. هانیباڵ لە ئەلیف مەشخەڵی بە شاخی گاکانەوە بەستەوە و پاشان ئەوانی داگیرساند و ئەو ئاژەڵە گەورە و ترسناکانە بە درێژایی شەو کە ڕووناکی باش بۆ بینین نەبوو، بۆ بناری کێوی نارد تا وێنەیەکی ناڕوون و ترسناک بۆ سەربازکانی ڕۆم دروست بکا.

لە کانای کاتێک ڕۆمییەکان هێشتا چاوەڕێی خافڵگیری هانیباڵ بوون، لە ڕۆژی ڕووناکدا سوپای خۆی بە شێوازی هەموو سوپاکان لەبەرامبەر دوژمندا ڕیزی کرد. هێزەکانی ڕۆم بەدوای تۆڵە ئەستاندنەوە دا بوون. بۆیە هانیباڵ ڕێگەی پێدان لە لاوازترین ئاراستەوە واتە ناوەند پێشڕەوی بکەن و کاتێک هەموویان لە ناوەند کۆ بوونەوە، لە دوو لاوە گەمارۆ دران و شۆک لێی دان. هانیباڵ چەندین جار مانۆڕی ناباوی لە دڵی کردارە ئاساییەکاندا ئەنجامدا و لە نێوان ڕەفتارە ئاسایی و نائاساییەکان، ستراتیژی پێش‌بینی‌کراو و چاوەڕوان‌نەکراو، لە هات و چوودا بوو.

ئەگەر هەمان شێوازی هانیباڵ لە شەڕەکانی ڕۆژانەدا بەکار بێنی هێزێکی حاشاهەڵنەگر بەدەست دێنی. بە ناسینی دەروونی دوژمن یان ڕەقیبی خۆت و تێگەیشتن لە شێوەی بیرکردنەوەی، ڕەفتار و جووڵەکانت بە شێوەیەک گەڵاڵەڕێژی بکەی کە لە خەیاڵی ئەودا جێی نەبێتەوە. ڕێگای خافڵگیری ڕێگایەکە کە هیچ کەس ناتوانێ بەرەنگاری بێتەوە. خەڵک ناتوانن لەبەرامبەر شتێک کە نایناسن بەرگری لە خۆیان بکەن، کاتێک لە مەسیری پێشڕەوی ئێوە کەسێک و بەربەستێک نیە بە دڵنیاییەوە کاریگەری هێزی ئێوە زیاتر دەبێ. هانیباڵ کارێکی کرد کە سوپای بچووکی خۆی لە چاوی ڕۆمییەکانەوە وەک سوپای بەهێز نیشان بدا. ئێوەش هەمان کار بکەن. کاتێک کەسانی دیکە چاوەڕێی ڕەفتاری سەیر و نائاسایی لە تۆوە بینن زۆر ئاسایی ڕەفتار بکەن. کارێک بکە هەمووان وەک بوونەوەرێکی پێش‌بینی‌نەکراو بتناسن بۆ ئەوەی کەسانی دیکە توانای بەربەرەکانی لەگەڵ ئێوەیان نەبێ. بە گۆڕینی شێوازەکانی خۆتان هێزی پێش‌بینی‌کردنیان لێ بستێنەوە. دوای ماوەیەک دەبینی کە ڕەقیبەکان و دوژمنەکانت تەسلیمی پرێستیژ و ناوبانگی ئێوە دەبن.

٢- لە ساڵی ١٩٦٢ "سانی لیستۆن" بە شکست‌دانی "فلۆید پترسۆن" لە مشتەکۆڵێ‌دا بووە پاڵەوانی کێشی قورس لە جیهاندا. دوای ماوەیەکی کەم گەنجێکی لێهاتوویی بە نێوی کاسیۆس کلی (محەممەد عەلی کلی) بینی، کە گورزێکی قورسی لە ڕەقیبە دێرینەکەی ئارچی مۆر داوە. لیستۆن دوای شەڕەکە لە ژووری جلگۆڕین چاوی بە محەممەد عەلی کلی کەوت و دەستی خستە سەر شانی کلی تەمەن ٢٠ ساڵ کە ئەوکاتە دە ساڵ لە لیستۆن گەنج‌تر بوو، پێی گوت: "کوڕە ئاگات لە خۆت بێ، پێویستم پێتە، بەڵام پێش ئەوە دەبێ شکستت بدەم چونکە من لە جێگەی باوکتم." لیستۆن گەورەترین و خراپترین شەڕکەری جیهان بوو و ئەوانەی وەرزشی بۆکسێنیان دەزانی بە نەدۆڕاویان دەزانی، بەڵام لیستۆن تێگەیشت کە محەممەد عەلی کلی ئەوەندە بە هێزە کە ڕۆژێک ناچار دەبێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڕی لەگەڵ بکا. ئەو ڕەفتارە باشترین ڕێگا بوو بۆ چاندنی ترس لە دڵی محەممەد عەلی کلی‌دا.[١]

بەڵام ئەو شێوازە کاریگەری نەبوو: وەک لیستۆن پێش‌بینی کردبوو محەممەد کلی بە خێرایی لە قارەمانیەتی نزیک دەبووەوە و لە هەشت "راند" خولدا لەهەموو ڕەقیبەکانی بردەوە. کلی لە بەرنامە تەلەڤزیۆنیەکان و ڕادیۆیەکاندا بۆ مشت وەشێنێکی لە خۆی گەورەتر، خەت و نیشانی دەکێشا. ڕەنگە مەبەستی ئەو لیستۆن بێت. لیستۆن هەوڵی دەدا ئەو کوڕە تازە پێگەیشتووە پشتگوێ بخات و ئەوی زۆر بە ناسک‌تر و منداڵ دەزانی کە بیهەوێ ببێتە قارەمانی کێشی قورس، و گوتی: "ئەگەر ڕۆژێک ڕووبەڕووی محەممەد کلی ببمەوە دەیکوژم و بە تاوانی کوشتن دەچمە بەندیخانە".

کات تێپەڕی و لیستۆن خۆزگەی دەخواست بتوانێ لە شوێنێکی گشتی‌دا شەڕی محەممەد عەلی کلی بکا بۆ ئەوەی خەڵک ببینن کە لیستۆن محەممەد کلی لە لووتکەی ژیانیدا شکستی داوە. لە ساڵی ١٩٦٣ ئەو دوو پیاوە بۆ بەشداریکردن لە شەڕێکدا لە کەنار ئاوی میامی بۆ مانگی فوریە [ڕێبەندان] ئەو ساڵە نێویان نووسی. کلی بە میدیاکانی ڕاگەیاند: "من لە لیستۆن ناترسێم، ئەو پیاوێکی پیرە و دەمهەوێ فێری بکەم چۆن بە باشی قسە بکا، فێری بکەم چۆن مشت بوەشێنێ. بەڵام ئەوەی زۆرترین پێویستی پێیەتی وانەی کەوتن و شکست خواردنە." لەگەڵ نزیکبوونەوەی ململانێ قسەکانی لیستۆن توند و تیژتر بوون و دەستی بە جنێودان کرد.

کاتێک ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێرانی وەرزشی لەبارەی ململانێی ئەو دوو کەسە قسەیان دەکرد زۆربەیان باوەڕیان وابوو دوای تەواوکردنی ململانێ، کلی ناتوانێ لەسەر پێ ڕاوەستێ، تەنانەت هێندێک نیگەرانی ئەوە بوون کە مبادا تووشی زیانێکی جیددی بێ. "ڕاکی مارسیانور" لەو بارەوە گوتی: "بەڵام من دڵنیام کلی دوای ئەو ململانێیە لەگەڵ لیستون شیاوتر دەبێ." ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێک شارەزایان و کارناسانی نیگەران دەکرد بەگشتی شێوازی شەڕکردنی محەممەد عەلی کلی بوو. ئەو بۆکسێرێکی ئاسایی کێشی قورس نەبوو: لە کاتێک‌دا دەستەکانی لە لای لەشییەوە شل داخستبوو لەدەرفەتێکی کە بۆی دەڕەخسا بە خێرایی دەجووڵایەوە و بە دەگمەن هەموو هێزی جەستەی دەخستە سەر زەربەکانی، زۆربەی کات بە هێزی بازووی "باسکی" زەربەکانی لێدەدا. لە لایەکی دیکەوە سەری بەردەوام تەکانی دەخوارد و ئەگەر بیویستبایە ڕووخساری بێ زیان بمێنێتەوە، دەبوو بە هەموو وزەی خۆیەوە بەسەر بێ‌مەیلی خۆیدا بۆ زەربە لێدان وەلا نیە و بە شێوەی شەڕکەرێکی ئاسایی کێشی قورس کار بکا، بەڵام محەممەد کلی پێی خۆش بوو ئازادانە لە جووڵە دابێ ئەو بە شێوەیەک ڕەفتاری دەکرد وەک ئەوەی ڕینگی ململانێ بۆ ئەو سەمای بالی[٢] بێ. ئەو زۆر بچووک‌تر لەوە بوو بۆ ئەوەی بە کێشی قورس ئەژمار بکرێ، ئەنگێزە و توند و تیژیی بۆ شکست‌دانی ڕکابەرێکی وەک لیستۆن نەبوو.

---

١. کاتێک خەونی هوشمەندانە لەدایک دەبێ، فەزا تێکەڵ بکە. ئی چینگ یا کتاب دگرگونی‌ها.

٢. بالە، یان بالی، سەمای سەر پەنجەیە. و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەیانی ڕۆژی ململانێ هەموو چاوەڕوانی ئەوە بوون محەممەد کلی لە هەمان شێوەی پێشوو کەڵک وەرگرێ بەڵام کلی سەرتر لە چاوەڕوانی ئەوان هەڵس‌وکەوتی کرد. کاتێک لیستۆن هەستا و بەرەو نێو ڕینگەکە دەچوو، محەممەد عەلی کلی دەستی کرد بە هاوارکردن و گوتی: "هەی عەوەزی! زلی ناشیرین! ناقۆڵا! جێگایەکی خراپ هاتووی! ئەمڕۆ لە سەر جێگای خۆتت دادەنێم." کلی هەڵبەزدابەز و هاواری دەکرد. هەموو گیانی دەلەرزی، چاوەکانی بەملا و ئەولادا دەگێڕا و دەنگی دەلەرزی. بەڕاستی ترسابوو یان شێت دەبوو؟ لیستۆن ئەو کارانەی بە ئاخرین هەوڵی محەممەد کلی دەزانی. ئەو دەیهەویست محەممەد عەلی کلی بکوژێ و بەربەرەکانی بۆ هەمیشە کۆتایی پێ بێنێ.

کاتێک پێش دەستپێکردنی یارییەکە لە ڕینگەکەدا هەر دووکیان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لیستۆن وەک چۆن لە هەموو شەڕەکاندا بە چاوی سووک سەیری ڕکابەرەکانی دەکرد، بە چاوی دەرپۆقیوو (حدقە) و دەمارگیرییەوە سەیری محەممەد کلی کرد، بەڵام کلی لە شەڕکەرەکانی پێشوو جیاواز بوو. هەروەها بە بوێرییەوە سەیری چاوەکانی لیستۆنی کرد. ئەو هەروەک چۆن هەڵبەزدابەزی دەکرد و دووبارەی دەکردەوە، کە "وابیر دەکەیەوە زۆر زلی؟" مشتەکۆڵێ دەستی پێکرد.

لە ڕاندی یەکەمدا خێرایی یاریی محەممەد کلی هەمووانی و تەنانەت لیستۆنیشی تووشی سەرسوڕمان کرد، پێش کێبەرکێ ئارچی مۆر و سوگاری ڕەی ڕابینسۆن هۆشدارییان بە محەممەد عەلی کلی دا، کە ئاگای لە سەری بێ چونکە سانی لیستون زەربەکانی بەهێز و سامناکە. لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی حەریفی بخاتە ژێر فشارەوە کێشی بەرزی خۆی بەکار دێنا. هەر لەبەر ئەو هۆکارەش کلی زۆر باش لە ڕاندی یەکەمدا هەلومەرجی هەڵسەنگاند و هەوڵی دا دەرفەتی پێ نەدات.

هەر لە سەرەتای ڕاندی سێهەمدا لیستۆن ماندوویەتی خۆی نیشان دا و عەلی کلی ئەوەی بە هەڵ زانی و زۆرترین سوودی لەو دەرفەتە وەرگرت و بە لێدانی زەربەی قورس لاوازی کرد. لە دوایین چرکەساتی ڕاندی سێهەمدا، بە یەکێک لە زەربەکانی محەممەد عەلی کلی سانی بڕینێکی قووڵی لە ژێر چاویدا هەڵگرت، ئەو خوێنڕشتنە هێزی ئەوەی زیاتر لە پێشوو کەم کردەوە. لە ڕاندی چوارەمدا لیستۆن لە ماندوویەتی عەلی کلی کەڵکی وەرگرت و کەمێک خۆی کۆ کردەوە، بەڵام ئەو بۆکسێرە گەنجە بە کەڵک وەرگرتن لەهەمان هێزی گەنجی تا ڕاندی شەشم لەسەر پێی خۆی ڕاگرت و چاوەڕێی کۆتایی یارییەکەی کرد، لەپڕدا لیستۆن دوای چەند زەربەخواردن لە ئێش و ئازاردا خۆی لوول دا و ڕایگەیاند کە قۆڵی لە جێ چووە یان دەرهاتووە، ئامادە نەبوو درێژە بە ململانێ بدا و محەممەد عەلی کلی خۆی بە "پادشای جیهان" نێو برد و بە هاوار کردن بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسانی کە لە یاریگا ئامادەبوون داوای کرد بابەتی سەرنجڕاکێش لەسەر هێز و قودرەتی بنووسن. ناوبراو سەرەنجام لە ململانێکی هەناسەبڕ و پڕ سترێس و دڵەکوتە بوو بە قارەمانی جیهان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لیستون ٥ ساڵی دیکە ململانێی درێژەدا، بەڵام هیچکات نەبووەوە بە پیاوی پێشوو.[١]

**لێکدانەوە**

محەممەد عەلی کلی تەنانەت لە منداڵییەوە چێژی لە جیاوازبوون دەبینی. ئەو چێژی لەو سەرنجە وەردەگرت کە بە دەستی دێنا، بەڵام لە پێش هەموو شتێک زیاتر دەیهەویست بۆ خۆی بێ، واتە جیاواز و سەربەخۆ. کاتێک لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا دەستی بە مەشق و ڕاهێنانەکانی مشتەکۆڵێ کرد ڕەتی دەکردەوە بە شێوەیەکی ئاسایی شەڕ بکا. بۆکسۆڕ زۆرجار دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و لە پێش سەر و دەموچاوی دەگرێ و ئامادەیە ڕێگری لە زەربەلێدانی بەردەوامی ڕەقیب بکات. محەممەد کلی حەزی دەکرد دەستەکانی داخا بۆ ئەوەی بەرامبەری بۆ زەربەلێدان هان بدا، بەڵام ئەو هەمیشە لە نەیارەکانی خێراتر بوو و پێشبینی جووڵەکانی ئەوانی دەکرد. باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لە خێراییەکەی وەربگرێ ئەوە بوو کە هێندە لە چەناگەی بەرامبەرەکەی نزیک دەبووەوە کە بتوانێ زەربەی لێ بدات، چونکە ئەو لێدانە ئازارێکی زۆری لێ دەکەوتەوە. محەممەد کلی لە مەشق و ڕاهێنانەکانیدا باش پێشکەوت و لەبری هێزی باسکی بە مەشقکردن لەسەر پێیەکانی، دەست ڕاگەیشتنی ڕەقیبەکانی سەختتر دەکرد. محەممەد کلی لە بری ئەوەی وەک بۆکسۆڕەکانی دیکە هەرجارێ هەنگاوێک بۆ دواوە بکشێتەوە سەر یەکێک لە قاچەکانی، لەسەر پەنجەکانی قاچی ڕادەوەستا و بە ئازادی دەجووڵایەوە و جووڵەکانی ڕیتمێکی سەیریان هەبوو. ئەو زیاتر لە هەر بۆکسوڕێکی دیکە، لە خۆی ئامانجێکی جووڵاوی دروست دەکرد. بەم شێوەیە بۆکسۆڕی بەرامبەر نەیدەتوانی بە باشی زەربەکانی لێ بدا و بۆیە زوو ماندوو دەبوو و ئەوەش دەبووە هۆی ئەوە لە حاڵەتی بەرگری بێتەدەر و لەناکاو محەممەد کلی لە شوێنێکەوە کە چاوەڕێی نەدەکرد زەبەی لێ دەدا و تەختی زەوی دەکرد. شێوازی مشتەکۆڵەی محەممەد عەلی لە بۆکسۆڕەکانی دیکە زۆر جیاواز و هەمان ناباوی هۆکاری سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی بوو و ململانێی بۆ ڕەقیبەکانی سەخت دەکردەوە.

تاکتیکە ناباوەکانی محەممەد عەلی کلی لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لیستۆن پێش ئەوەی لیستۆن پێ بنێتە نێو ڕینگەوە دەستی پێکرد. گوتنی قسەی ناخۆش و سووکایەتی بە ڕکابەرەکەی لەبەرچاوی بینەردا جۆرێک لە شەڕی پیس بوو، کە بێزاری و ڕق و کینەی لە ڕقیبەکەی دروست دەکرد، بۆ ئەوەی بە زەینێکی شێواوەوە لە محەممەد کلی نزیک ببێتەوە کە کلی بتوانێ زەربەیەکی

١. کەسێک کە تاکتیکە کۆنەکان هەڵدەسەنگێنێ و بە پێی ئەوان سوپاکەی ڕێک بخا، لەگەڵ کەسێک کە دەستی بەستووە و دەیهەوێ سەنتوور لێ بدا جیاوازی نیە. تا ئێستا نەمبیستووە کەسێکی وا سەرکەوتوو بێ. بیرتیژی و هۆشیاری لە ستراتیژییەکان بە توانای نفووزی ئەوان بۆ نێو سەختترین چینەکان و گۆڕینی بارودۆخی مەوجوود و مەلەکردن بە پێچەوانە ڕەوتی ڕووبارەکە بەستراوەتەوە. سەرەتا سیخوڕ بنێرن بۆ ئەوەی بزانن فەرماندەی دوژمن زیرەکە یان نا. ئەگەر لەبری جێبەجێکردنی تاکتیک پشت بە ئازایەتی خۆی ببەستێ، دەتوانی هەمان شێوازە ناباو و کۆنەکان بۆ شکستدانی بەکار بێنن، بەڵام ئەگەر ئەو لە بەکارهێنانی تاکتیکی کۆن سەرکەوتوو بوو، دەتوانی تاکتیکی پێچەوانە بۆ شکست دانی کەڵک وەرگری. هو تونگ، چین ٩٧٦- ١٠١٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باشی لێ بدا. کاتێک کاتی کێشانی (وەزنکردنی) ئەو دوو لایەنە هات ڕەفتاری شێتانەی کلی بە ڕەفتاری ستراتیژی پێناسە کرا. کاریگەری ئەو ڕەفتارانە ئەوە بوو کە لیستۆن بەبێ ئاگاداری کەوتە دۆخی بەرگری و گومانی لە ڕەفتاری محەممەد کلی لە ڕینگدا هەبوو. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لیستۆن لە کلی نزیکتر و نزیکتر بێتەوە و دوای ئەوەی بە ڕادەی پێویست بەحاڵەتی بەرگرییەوە لەبەردەم محەممەد کلییەوە ڕاوەستابوو، کلی بە لێدانی زەربەیەکی سەیر و سەمەرەی هەمیشەیی بە هێزی دوو بەرابەر لە لێستۆنی دا. بەهۆی جووڵە خێراکانی و ڕاگرتنی دەستەکانی بۆ خوارەوە و بە ئازادی لەسەر پەنجەکانی قاچی دەسوڕایەوە لیستۆن نەیتوانی پێش‌بینی هەڵسوکەوتی محەممەد کلی بکا و هەڵەی لەدوای هەڵە دەکرد و محەممەد علی کلی لەسەر ئەو هەڵانە سەرمایەگوزاری دەکرد.

**لە بیرت بێ:** ئێمە لە منداڵی و هەرزەکاریدا فێر دەبین کە خۆمان بە هێندێک کۆدی ڕەفتار و شێوازی ئاسایی ئەنجامدانی کار پابەند بین. ئێمە فێر دەبین کە جیاوازبوون نرخێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە هەمیشە خۆگونجاندن نرخێکی گەورەتری هەیە، چونکە لەو حاڵەتەدا هێزی تاک‌خوازیی خۆمان لە دەست دەدەین و چیتر کارەکان بە شێوازی تایبەتی خۆمان ئەنجام نادەین. ئێمەش وەک ئەوانی دیکە خەبات دەکەین و وەک بوونەوەرێکی ئاسایی و پێش‌بینی‌کراومان لێ دێ.

گونجاوترین ڕێگە بۆ جیاوازبوون ئەوەیە کە لاسایی هیچ کەسێک نەکەینەوە، بەپێی ڕیتمی خۆتان شەڕ بکەن و لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی خۆتان کردە و ستراتیژیی هەڵبژێرن. بەکارنەهێنانی نەخشە باوەکان، وا دەکات کە پێش‌بینی‌کردنی ڕەفتاری داهاتوومان بۆ ئەوانی دیکە سەخت بێ، لەبەر ئەوەی تۆ کەسێکی ناوازەی. ڕەفتاری نائاساییەکانتان هاوسەنگی خەڵک تێک دەدا و نیگەرانیان دەکا چونکە کەسانی ئێحساساتی زۆر لاوازن و بە ئاسانی هێزیان لە دەست دەدەن. ئەگەر ڕەفتارە نامۆکانی ئێوە بە ڕادەی پێویست کاریگەر بن، ڕێز و متمانەت پێ دەبەخشێ و ئەوە هەمان پاداشتی پێش‌بینی‌نەکراو بوونە.

٣- کۆتایی ساڵی ١٨٦٢ لە ماوەی شەڕی نێوەخۆیی ئەمریکا، ژێنراڵ یولسیز سایمۆن گرانت زۆری هەوڵدا کە قەڵای سوپای ئەیالەتی هاوپەیمان (کنفدراسیون) لە ویکسبێرگ داگیر بکا. ئەو قەڵایە لە شوێنێکی گرنگ لە ڕووباری میسیسیپی هەڵکەوتبوو کە ژیانی خەڵکی باشوور وابەستەی ئەو قەڵایە بوو. ئەگەر سوپای سایمۆن گرانت توانیبای ویکسبێرگ داگیر بکا ئەوە کونترۆڵی ڕووبارەکەشی دەکرد و باشووری دوو قاش دەکرد. سەرکەوتن لەو ناوچە ستراتیژییەدا "سوق‌الجیشی" بە خاڵی وەرچەرخانێک لە شەڕدا دادەنرا، لە مانگی ژانویەی [ڕێبەندانی] ١٨٦٣ فەرماندەی قەڵا، ژێنراڵ "جان سی پمبرتون"، دڵنیا بوو لەوەی کە مەرجەکانی بە ڕادەی پێویست بۆ گرانت دژوار کردووە. سایمۆن گرانت هەوڵی دابوو لە گۆشەنیگای جۆراوجۆری باکوورەوە دەست بەسەر ڕووبارەکەدا بگرێ، بەڵام هەوڵەکانی بێ ئاکام و لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو دەبووەوە. وا دیار بوو لە هەوڵدانی زۆر و بەربڵاو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماندوو بووە و مەیلی نەماوە.

ئەو قەڵایە لە لووتکەی لێواری کەناری ڕووبارەکەدا هەڵکەوتبوو و لە ڕۆژاوای قەڵاکە ڕووبار و هەڵدێرێکی لێ بوو هەر بەلەمێک بەو نزیکانە دا هاتووچۆی کردبوایە لەگەڵ تۆپخانەی قورس بەرەوڕوو دەبووەوە. سایمۆن گرانت لە باکوور ئوردووی لێدابوو، زلکاوێک کە بە ڕواڵت هاتوچۆی کەسی بە سەرییەوە نەبوو پارێزگاری لێ دەکرد. کەمێک دوورتر لە شاری جەکسون [لە ئەیالەتی فلوریدا] ڕێگای ئاسنی هەبوو کە خواردن و کەرەستەی دیکەی بە ئاسانی دەگوازتراوە، شاری جەکسون لەژێر دەسەڵاتی باشورییەکان دابوو و ڕێگای بە سوپای کۆنفیدراڵ دەدا کە تەواوی ڕێگەکانی نێوان باکوور و باشوور لە لێواری ڕۆژهەڵاتی ڕووبارەکە کۆنترۆڵ بکەن. بەو پێیە ویکسبێرگ لە تەواوی ڕێگەکانەوە ئەمنییەتی کامڵی هەبوو و شکستی سایمۆن گرانت زیاتر پێمبەرتۆنی دڵنیا کرد. ژێنراڵی باکووری دەیتوانی چی دیکە بکا؟ لە هەمووی گرنگتر سایمۆن گرانت لە ڕەوتی سیاسی گەرموگوڕی نێوان سەرکۆمار لینکلێن و دوژمنەکانی‌دا بوو، ئەو دوژمنانە کەمپینی ویکسبێرگ‌یان بە فیڕۆدانی پووڵ و هێزی مرۆیی دەزانی. ڕۆژنامە و ڕاگەیەنەکان سایمۆن گرانت‌یان وەک پیاوێکی لاواز و سەرلێشێواو نیشان دەدا. سایمۆن هێندەی فشار لەسەر بوو کە واز لەو خەونە بێنێ و لە باکوورەوە بۆ شاری مەمفیس لە ویلایەتی تێنسی بگەڕێتەوە.[١]

بەڵام سایمۆن گرانت کەسێکی سەرسەخت بوو. کاتێک زستان نزیک بووەوە ئەو هەموو مانۆڕەکانی تاقیکردەوە و هیچ کارێکی بۆ جێبەجێ‌کردن نەمابوو، تاکوو شەوی ١٦ی ئاوریل [بەرامبەر بە ٢٨ی خاکەلیوە] سیخوڕەکانی هاوپەیمانان ڕاپۆرتیان دا کە هێزیکی دەریایی پێکهاتوو لە کەشتی گواستنەوە و بەلەمی شەڕکەر لە ئەنبارەکانی ویکسبێرگەوە وەڕێ کەوتووە. تۆپەکان دەنگیان لێ بەرز بووەوە، بەڵام کەشتییەکان بە کەمترین زیانەوە تێپەڕین. دوای چەند حەوتوویەک، چەند بەلەمی دیکە لەو ڕووبارەدا تێپەڕی. هاوکات هەواڵەکان سەبارەت بە جووڵەی هێزەکانی سایمۆن گرانت بۆ بەشی ڕۆژاوای ڕووبارەکە گەیشت. ئێستا هەموو شتێک ڕوون بووەوە: سایمۆن گرانت لە کەشتییەکانی گواستنەوە کەڵکی وەرگرت بۆ ئەوەی نزیکەی ٦ کیلومیتر بۆ خوارەوەی ڕووباری میسیسیپی‌دا بڕوا و پاشان لەباشوورەوە بەرەو قەڵاکە حەرەکەت بکا.

پێمبەرتۆن داوای هێزی یارمەتیدەری کرد بەڵام لەڕاستیدا زۆریش نیگەران نەبوو، تەنانەت ئەگەر گرانت هەزاران کەسی لە ڕووبارەکە بپەڕێنێتەوە لەوێ چ کارێکی لەدەست دێ؟ اگر ئەو بەرەو باکوور و ویکسبێرگ ڕۆیشتبوایە سوپای هاوپەیمان هێزەکانی لە شاری جەکسۆنەوە بۆ لای ئەو ڕەوانە دەکرد و لە باشوورەوە ئەویان لە پشتەوە و لایەنەکانەوە گەمارۆ دەدا و شکست لە تێپەرگە کارساتبار بوو، چونکە لەو خاڵە گرانت هیچ ڕێگایەکی دەربازبوونی نەبوو. سایمۆن گرانت کە لە ڕووداوەکان نەدەترسا

---

١. خۆمم ناچار کرد بۆ پێشگیری لە وەک یەکبوون، شەڕ لەگەڵ دەروونی خۆم بکەم. مارسل دوشان، ١٨٨٧-١٩٦٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی خستبووە نێو گێچەڵێکی مەترسیدارەوە و پێمبەرتۆن بە سەبرەوە چاوەڕێی بینینی هەنگاوی داهاتووی دەکرد.

سایمۆن گرانت لە باشووری ویکسبێرگ لە ڕووبارکە پەڕیەوە و پاش چەند ڕۆژ سوپای ئەو بەرەو لای باکووری ڕۆژهەڵات واتە بۆلای هێڵی ئاسن کە لە ویکسبێرگەوە بۆ جەکسۆن ڕاکێشرابوو، جووڵەی کرد. ئەو کارە لەو دەورانە دا باشترین جووڵەی گرانت بوو، ئەگەر ئەو سەرکەوتوو بوایە دەیتوانی ویکسبێرگ کاول بکات خاکەکەی بە توورەکە بپێژێ و لەنێوی بەرێت. بەڵام سوپای گرانت جیاواز لەگەڵ سوپاکانی دیکە نەبوو و پێویستی بە هێڵی پەیوەندی و دابینکردنی پێداویستی هەبوو. ئەو هێڵە دەبوو بە پێگەیەکی ڕۆژهەڵاتی ڕووبارەکە بە بەستراوەی بمێنێتەوە، کە گرانت ئەوی لەشاری گرەند گاڵف دروست کردبوو. هەموو ئەو کارانەی کە پێمبەرتۆن دەکرا ئەنجامی بدا ئەوە بوو کە هێزەکانی بەرەو جنووب ڕەوانە بکا تاکوو هێڵی دابینکردنی پێداویستییەکان و سەرچاوەی خواردنی سایمۆن گرانت هەڕەشەی لێ بکا یان وێرانی کات. لەوحاڵەتەدا گرانت ناچار بوو بۆ باشوور پاشەکشە بکا. ئەوە وەک یاری شەترەنج وابوو و ئیمکانی نەبوو پێمبەرتۆن لەو یاریە بیدۆڕێنێ.

کەوابوو هەروەک ژێنراڵی باکووری سوپای خۆی زۆر بە خێرایی بەرەو لای هێڵی ئاسنی نێوان جەکسون و ویکسبێرگ ڕەوانە کرد. پێمبەرتۆنیش بەرەو گرەند گاڵف حەرەکەتی کرد و بە نائۆمێدی تەواوە شاهیدی ئەوە بوو کە گرانت ئەوەی بۆ گرنگ نیە و بە هێندی نەگرتووە. گرانت بە خێرایی بەرەو شاری جەکسۆن هەنگاوی نا و لە ڕێکەوتی ١٤ی می [بەرامبەر ٢٥ی بانەمەڕ] داگیری کرد. لەبری ئەوەی پشت بە هێڵەکانی دابینکردنی کەرەستەی گرەند گاڵف ببەستێ دەستی بە بەکارهێنانی زەویی بە پیت و بەرەکەتی ئەو ناوچەیە کرد، بەو هۆیەوە بە پەلە و هێندە ئازادانە ڕێگاکانی دەگۆڕی کە پێمبەرتۆن نەیتوانی پێش‌بینی بکا کە چ بەشێک لە سوپای گرانت لە پێشەوەیە یان لە پشتەوە یان لە لایەکانە. گرانت هیچ هەوڵێکی بۆ بەرگریکردن لە هێڵەکانی پێوەندیکردن یان دابینکردنی پێداویستییەکان نەدا. تا ئەو کاتە هیچ کەس ڕەفتارێکی وا سەیر و سەمەرەی لە سوپایەک دا نەدیتبوو. سایمۆن گرانت لە گۆڕەپانی نیزامی‌دا هەموو یاساکانی تێک شکاند.

چەند ڕۆژ دواتر گرانت شاری جەکسۆنی گەمارۆدا و خستیە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، قشوونی خۆی بەرەو ویکسبێرگ ڕەوانە کرد. لەولاوە، پێمبەرتۆن هێزەکانی لە گرەند گاڵف هێنایە دەرەوە تا بتوانێ پێش بە هێزەکانی گرانت بگرێ، بەڵام تازە درەنگ ببوو: سوپای هاوپەیمانی لە شەڕی چامپیۆن‌هیل‌دا شکستی خوارد و بە ناچاری بەرەو قەڵا پاشەکشەی کرد، پاشان هێزەکانی پێمبەرتۆن لە لایەن سوپای هاوپەیمانی گەمارۆ درا و لە ٤ی ژوئیە [١٥ی جۆزەردان] پێمبەرتۆن ویکسبێرگی تەسلیمی سایمۆن گرانت کرد و ئەوە زەربەیەک بوو کە سوپای کۆنفیدڕاڵی هەرگیز نەیتوانی لێی هەستێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**لێکدانەوە**

ئێمە مرۆڤەکان بە سروشت کەسانێکی گرێبەستین. کاتێک مرۆڤ بە ستراتیژی یان میتۆدێکی دیاریکراو لە شتێکدا سەرکەوتوو دەبێ ئەوانی دیکە بە خێرایی بۆ خۆیانی جێبەجێی دەکەن و ئەوە دەکەنە پەرەنسیپ و ئەسلێک، کە ئەگەر کەسێک ئەو پرەنسیپە بە شێوازێکی دیکە بەکاری بێنێ خەڵکی دیکە تووشی سەرسوڕمان دەکات. ئەو داب‌ونەریتە لەشەڕدا کێشەیەک دروست دەکا چونکە شەڕ شوێنێکی پڕ مەترسیدارە، و ژێنڕاڵەکان بەزۆری وەسوەسەیان بۆ دروست دەبێ کە ڕێگایەک دیاری بکەن سەلامەتی و ئاسایشی پێشتر سەلمێندراوە. کاتێک مەترسییەکی گەورە هەڕەشە لە کەسێک دەکات شێوازێکی سەرنجڕاکێش‌تر دەبێ کە لە ڕابردوودا تاقی کرابێتەوە. هەر لەبەر ئەو هۆکارەیە چەندین سەدەیە یاساکان حوکم دەکەن کە سوپایەک دەبێ هێڵی پەیوەندی و دابینکردنی پێداویستییەکانی هەبێ و ئارایشێک ڕێک بخا کە لایەنەکان و ڕووبەڕوو لەبەرچاو بگرێ. ناپلیۆن زۆر بە جیددی ئەو بنەمایانە پەیڕەو نەکرد، بەڵام کاریگەرییەکەی لەسەر بیرمەندانی نیزامی هێندە بەهێز بوو کە لە کاتی شەڕی ناوخۆی ئەمریکادا نزیکەی چل ساڵ دوای مردنی ناپلیۆن، ئەفسەرانی وەک پێمبەرتۆن نەیاندەتوانی سوپایەک بە خەیاڵی‌دا بێ کە بتوانێ لە دژی بنەما باوەکان شەڕ بکات و سەر بکەوێ.

سایمۆن گرانت بوێرێکی زۆری لە سەرپێچی‌کردنی ئەو بنەمایانە لەخۆی نیشان دا و بە بڕین و تێپەڕینی بەسراوەیی خۆی بە سەرچاوەی ئامراز و خۆراکییەکان، پشتی بە کێڵگە و زەویی بەپیت‌وبەرەکەتی میسیسیپی بەست. ئەو بەبێ ئەوەی بەرەیەکی هەبێ دەستی بە گواستنەوەی سوپاکەی کرد، لەلایەن کەسانی دیکە و هێندێک لە ژێنڕاڵەکانی خۆی وەک "ویلیام تیکامسا شێرمن" ئەو کارە بە شێتی دادەنرا. ستراتیژیی نوێی گرانت بەو هۆیە لە دیدی پێمبەرتۆن بە شاراوەیی مایەوە چونکە گرانت خۆی بەسراوە بە هەمان ستراتیژی پێشوو نیشان دابوو، واتە پشت بەستن بە گرەند گاڵف وەک سەرچاوەی دابینکردن و هەمان ئارایشی پێشوو واتە پاراستنی پێشەوە و دواوە و لایەنەکان. کاتێک پێمبەرتۆن دەرکی بە سروشتی سەیر و ئازادی گرانت کرد بە توندی خافڵگیر بوو و ئیدی یارییەکە کۆتایی هاتبوو. ستراتیژی سایمۆن گرانت لە ڕوانگەی ئێمەوە زۆر ڕوونە: بەڵام پێمبەرتۆن هەرگیز میتۆدێکی لەو شێوەیەی ئەزموون نەکردبوو.

پەیڕەوی کردن لە داب و نەریت و پێداگری لەسەر ئەو شتانە کە لە ڕابردوودا سەلمێندراوە، مەیلێکی سروشتییە. زۆرجار لەبیرمان دەچێ کە هێندێک بیرۆکەی سادە بەڵام ناباو دەتوانێ دوژمن و نەیارەکانمان بشڵەژێنێ، هێندێک جار تەنیا دەبێ پشت بەستن بە ڕابردوو وەلا بنێی و بە ئازادی بجووڵێی. ڕەنگە جووڵەکردن بەبێ ئاسایش مەترسیدار و ناڕەحەتی پێوە بێ، بەڵام ئەگەر بە نەناسراوەکان، تاکەکان تووشی سەرسوڕمان بکەن شتێکی بایەخدارە. ئەو بابەتە بە تایبەتی کاتێک ئێمە لەحاڵەتی بەرگری و لە دۆخێکی لاوازدا بین گاریگەری هەیە، لەو کاتەدا مەیلی سروشتی ئێمە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەیە کە محافیزەکار بین بەڵام محافیزەکاری بە واتای ئاواڵابوونی دەستی دوژمن و هێزی زیاتری ئەو دەگەیەنێ و لەم حاڵەتەدا دەبینە گەپچاڕ. ڕێک لەو کاتەدا وا شەپۆلەکان لە دژمانن، دەبێ هەموو ئەوانەی لە کتێبەکاندا خوێندوومانەوە، ڕابردوو فێری کردووین کە واز لە هەموو حیکمەتە ئاساییەکان بێنین هەر هەموویان وەلا بنێین و دەست بدەینە کارێکی مەترسیداری باوەڕ پێنەکراو و چاوەڕواننەکراو.

٤- قەبیلە یان هۆزی "ئوجیبوا" لە دەشتەکانی ئەمریکای باکوور کۆمەڵگایەکی شەڕکەریان هەیە کە بە "ویندیگۆکان" ناسراوە. ئەو شەڕکەرانە تەنیا کەسانێک هەڵدەبژێرن کە ئازایەتی و بوێری خۆیان بە بێ سەرنجدانە هەر جۆرە مەترسی لە بەرەکانی شەڕدا نیشان داوە. لە ڕاستیدا بەو پێیەی ئەو کەسانە هیچ ترسێکیان لە مردن نییە، ئیتر بە زیندوو ئەژمار ناکرێن. ئەوان لە گۆشەگیریدا دەخۆن و دەخەون و ملکەچی کۆدە نەریتەکانی ڕەفتار و ئەخلاق نین. بوونەوەرێکی زیندوو بەڵام لەنێو مردووەکان دان، بەشێوەیەکی جیاواز قسە دەکەن و ڕەفتار دەکەن: کاتێک گەنجێک دەبینن بە پیرەپیاو یان بەساڵاچوو بانگی دەکەن و کاتێک یەکێکیان بە کەسانی دیکە دەڵێ بێدەنگ بن مەبەستی ئەوەیە زیاتر درێژە بە قسە کردن بدا. ئەوانە کاتێک سەرکەوتوو و دەوڵەمەندن ناراحەت دەبن و کاتێک تووشی ئازار و سەرما دەبن دڵخۆش و خوشحاڵن. بەو پێیەی هەموو ڕەفتارەکانیان نالوژیکییە، ترسێکی گەورە و بەربڵاو دەگوازنەوە و کەس نازانێ هەنگاو یان کردەوەی داهاتوویان چی دەبێت.

ویندیگۆکان باوەڕیان وابوو کە ڕۆحێکی ترسناک بە نێوی زریان هاتووتە جەستەیانەوە و لە شێوەی باڵندەی گەورەدا دەردەکەون و ئەوەش وایکردووە وەک بوونەوەری غیریئینسانی دەرکەون. ئەوان لە بەرەکانی شەڕدا پێشبینینەکراو و وێرانکەر بوون و کاتێک بە گرووپ هێرشیان دەکرد ترسناکتر دەبوون، چاودێرێک لە شەڕێکدا لەسەر ئەو کەسانە ڕایگەیاند کە سەرەتا بەرامبەر بنکەی بەرپرسەکەیان ئۆجیبوا کۆ دەبوونەوە و هاواریان دەکرد: "ئێمە لەشەڕدا نین! ئێمە خەڵکی "سو" ناکوژین! ئێمە پێستی سەری چوار کەس هەڵناکەنین و ناهیڵین ئەوانی دیکە ڕابکەن! ئێمە لە ڕۆژدا هێرش دەکەین!" دوای گوتنی ئەو قسانە، ئەو شەوە لەوێ ڕۆیشتن و دوای لەبەرکردنی گەڵا و برگ، و ماڵێنی قوڕ و ڕەنگی سەیر لەسەر پێستیان و داپۆشینی دەموچاویان بە دەمامکی ترسناک بەست و بەرەو عەشیرەتی "سوو" ڕۆیشتن. هەرچەندە ژمارەیان زۆر کەم بوو، بەڵام لە بری ئەوەی ڕابکەن یان خۆیان بشارنەوە لە ناوەندی دوژمن وەستابوون و سەمایان دەکرد. بە جۆرێک دەجووڵان وەک ئەوەی ڕوحێکی شەیتانی لەنێویاندا کۆ بووبێتەوە. هێندێک لە خەڵکی "سو" چوونەوە دواوە و هێندێکی دیکە لێیان نزیک بوونەوە بۆ ئەوەی وەڵامی کونجکاویەکەیان بدەنەوە هێندێکی دیکەش مات بوون، ڕێبەری ویندیگۆکان هاواری کرد: "تەقە مەکەن!" بەڵام شەڕکەرەکان تفەنگەکانیان لە ژێر لیباسە نامۆکەیان دەرهێنا و چوار کەسی سویان کوشت و پێستی سەریان لێکردنەوە، دواتر سەمایان کرد و

دوژمن ئەوەندە ترسا کە تەنانەت پێوشێنیان نەکەوتن.

دوای ڕەفتارێکی وا، تەنیا ڕواڵەتی ویندیگۆکان بەس بوو بۆ ئەوەی دوژمن هەرچییەکی بیهەوێ بیداتێ و خۆیان لە هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەک بەدوور بگرن.

## لێکدانەوە

ئەوەی وایکرد ویندیگۆکان ئەوەندە ترسناک بن، ئەوە بوو ئەوان هەر بەو جۆرە کە ئیدیعایان دەکرد وزە لە سروشت وەردەگرن و بەبێ هیچ هۆکارێکی دیار وێرانکەر بوون. کاتێک شەڕێکیان دەست پێکرد هۆکاری نیازی شەخسی نەبوو یان تەنانەت ڕێبەرەکەیان دەستووری پێ نەدابوون کارێکی لەو شێوەیە بکەن. لە لایەکی دیکەوە ڕەواڵەتەکەیان هیچ پێوەندییەکی بە دیاردە ناسراوەکانەوە نەبووە و وەک ئەوە وابوو کە لەسەر زەوی پڕ لە ڕەنگ تلیان خواردووە. ئەوان لە تاریکی شەودا دەڕۆیشتن و دوژمنیان بۆ خۆیان دەدۆزیەوە، سەماکەیان هێندە نامۆ بوو پێشتر هیچ کەس شتێکی لەو جۆرەی نەدیتبوو، لەناکاو دەستیان بە کوشتن و لێکردنەوەی پێستی سەری کوژراوەکان دەکرد پاشان کاتێک ژمارەیەکی سنووردرایان دەکوشت ملی ڕێگایان دەگرت و دەڕۆیشتن. لە کۆمەڵگای خێڵەکیدا کە بە دژوارترین کۆد ڕێبەرایەتی و مودیرییەت دەکرا ڕوحیەی وێرانکردن و ئازاردەر بە هەڵکەوت زۆر تازە بوو.

بەکارهێنانی ڕەفتاری نائاسایی دەتوانێ بە باش بۆ ئێوە ئەژمار بکرێ، بەڵام بەڕادەی پێویست هەستی ترس دروست ناکەی. ئەوەی کە لەم ستراتیژییەدا هیزێکی بێ بەرهەڵست پێ‌دەدا ئەوەیە کە تۆ شوێن ویندیگۆکان بکەوی و لە دەرەوەی ڕەوتێکی لۆژیکیدا خەریکی ڕەفتارێکی هەڕەمەکی بیت، وەک ئەوەی جۆرێک لە هێزی سروشت بی. ئەگەر بەردەوام ئەم کارە بکەی بەدڵنیاییەوە پێوە دەبی و گیر دەخۆی، بەڵام ئەگەر بە دروستی و بە وریاییەوە لە دۆخێکی گونجاودا بەکاری بێنی ئەوە کەسانی دەوروبەرت ناتوانن پێش‌بینی هەڵسوکەوتی داهاتووتان بکەن. ئەو هەڵس‌کەوتە جۆرێک لە ڕێز لەگەڵ ترس بەدەست دەێنی کە بۆتان دەبێتە هێز. ڕواڵەتێکی ئاسایی کە ڕەگێکی تۆخی شێتی تێدایە، زۆر سەرسوڕهێنەرترە لە کەسێک کە هەمیشە شێتانە ڕەفتار دەکا.

**لەبیرت بێت:** شێتی تۆ وەک شێتی "هەملێت" دەبێ ستراتیژیک بێ، چونکە شێت‌بوونی ئاسایی هەمیشە پێش‌بینی دەکرێ.

٥- لە سەرەتای ساڵی ١٩١٧ ئەنجومەنی هونەرمەندانی سەربەخۆی نیویۆرک خۆیان بۆ یەکەمین پێشانگا ئامادە دەکرد. ئەو پێشانگایە دەرفەتێکی گەورە بوو بۆ بواری هونەری مۆدێرن، کە پێشتر لە ئەمریکا بەڕێوە نەچوو بوو. ئەو پێشانگایە کراوە بوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بەشدارییان تێدا کرد بوو، چونکە بڕی وەرگیراو کەم بوو و پێشوازییەکی زۆر باشی لێکرا، هەروەها زیاتر لە ١٢٠ هونەرمەند و زیاتر لە ٢ هەزار بەرهەم بەشدارییان تێدا کرد.

دەستەی بەڕێوەبەری ئەو ئەنجومەنە، "کۆلێکسیۆن"دارانێک یان ئارشیویستگەلێکی وەک: واڵتێر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئارنێسبێرگ و هونەرمەندانی وەک "مەن‌ڕەی" و مارسێل دوشانی تەمەن ٢٩ ساڵە پیاوێکی فەڕانسەوی بوو کە لە نیویۆرک دەژیا. ڕوانگەی دوشان وەک سەرۆکی لیژنەکە ئەوە بوو کە ئەو پێشانگایە بە تەواوی دێموکڕاتیک بەڕێوە بچێ، ئەو بەرهەمەکانی بە ڕیزبەندی ئەلف‌وبێ لەسەر دیوار دانا و بە شێوەیەکی ڕێکەوت یەکەم پیتی لە نێو پیتەکانی دیکەی ئەلف‌وبێ هەڵبژارد. ئەو سیستمە بووە هۆی ئەوەی هێندێک بەرهەمی مۆدێرن لە تەنیشت بەرهەمی نەریتی دابنرێن، بەرهەمەکانی "کۆبیزم" لە تەنیشت بەرهەمی هونەرمەندانی کلاسیکەوە ببینرێن و هێندێک بەرهەمی هونەرمەندانی ئاماتۆر لە تەنیشت بەرهەمی هونەرمەندانی ناسراوەوە بن. ئەو ڕێکخستنە بە دڵی هێندێک کەس نەبوو و بە تووڕەییەوە پێشانگاکەیان بەجێ‌هێشت، بەڵام لە ڕوانگەی هێندێکی دیکەوە زۆر سەرنج ڕاکێش بوو.

چەند ڕۆژ پێش کردنەوەی پێشانگا، ئەنجومەن سەیرترین بەرهەمی پێگەیشت: وێنەی میزگە(کاسە توالیت) کە وشەی ئاڕ. مات ١٩١٧ لە سەر دەبینرا. ئەو بەرهەمە ناوی "کانی" (چشمە) بوو و ئەو کەسەی کە هێنابووی، پیاوێک بوو بە نێوی مات و مافی ئەندامەتی دابوو. نیگارکێش "جۆرج بلۆیز"، یەکێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەن بە دیتنی ئەو بەرهەمە گوتی کە پێوەرە پێویستەکانی تێدا نییە و ئەنجومەن ناتوانێ نمایشی بکا، بەڵام ئارنێسبێرگ بە پێچەوانەی ئەو قسەی کرد و ئاماژەی بەوە کرد، ئەو بەرهەمە بە لەبەرچاوگرتنی شکڵ و شێوەی پێشاندانی باشە و دەتوانێ لە پێشانگاکەدا بمێنێتەوە. ناوبراو ڕوو بە جۆرج بلۆیز ئاماژەی کرد کە جەوهەری ئەو پێشانگایە ئەوەیە کە دەرفەتێک بێ بۆ پێشکەشکردنی هەموو بەرهەمەکان و ڕێگەدان بە هونەرمەند هەر بەرهەمێک کە حەزی لێیە هەڵی بژێرێ.

بەڵام جۆرج بلۆیز ئاڵوگۆڕی لە بیرۆکەی خۆیدا نەهێنا. چەند کاتژمێرێک پێش کردنەوەی پێشانگاکە، ئەندامانی دەستەی کارگێڕی بە جیاوازییەکی کەم دەنگیان دا کە نابێ ئەو بەرهەمە نمایش بکەن. ئارنێسبێرگ و دوشان دەستبەجێ دەستیان لەکار کێشایەوە. لە بابەتی ڕۆژنامەکاندا لەو بەرهەمە وەک تابلۆیەکی پڕ مشت‌ومڕ باسی لێوە کرا، کە بووە هۆی ناکۆکی ئەندامانی ئەنجومەن. ئەوەش بووە هۆی کونجکاوی خەڵک و فەزایەکی پڕ نهێنی بەسەر ئەو پێشانگا و تابلۆیەدا زاڵ کرد.

دوشان یەکێک لەو هونەرمەندانە بوو کە گۆڤارێکی بەناوی "پیاوی کوێر" چاپ دەکرد. دووهەمین ڕاپۆرتی ئەو گۆڤارە وێنەیەک لە تابلۆی کانی بوو کە وێنەگری بە ناوبانگ بە نێوی "ئەلفرێد ئیشتیگلیتس" گرتبووی. گۆڤاری پیاوی کوێر وتارێکی لەژێر ئەو وێنەیەدا دانابوو و لەودا نووسرابوو کە ریچارد مات لەو بەرهەمەی خۆی بەرگری کردووە و بڵاو نەکردنەوەی لە نمایشگا بە کارێکی نادروست و غەیری ئەخلاقی داناوە. هەروەها ڕایگەیاندووە کە چۆن کاسەیەکی ئاودەست دەتوانێ بە بابەتێکی بێ ئەخلاقی ئەژمار بکرێ؟! ئەوەی کە بەڕێز مات بە دەستی خۆی ئەو میزڵدانەی دروست کردوە یان نا گرنگ نیە، بەڵکوو ئەوە گرنگە کە ئەو شتەی هەڵبژاردووە و ئەوەش یەکێک لە گرنگترین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بژاردەکان بوو کە دەکرا لە نمایشگا بەشداری بکا. ئەوە ڕاستە کە باسێکی ئاسایی و ڕۆژانەی بۆ پێشانگا هەڵبژاردووە بەڵام بە جۆرێک لە وێنەکەدا دایناوە تا بینەر بە ڕوانگەیەکی نوێ سەیری بکا و تەنیا بیر لە کارکردی میزەڵدان نەکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەو بیرۆکەیەکی نوێیی بۆ ئەو شتە هێناوەتە ئاراوە. یەکسەر ڕوون بووەوە کە دروستکەری بەرهەمی کانی کەسێک بێجگە لە دوشان نەبووە و پاش چەند ساڵ دوای ئەوەی وێنەیەکی ئەو بەرهەمە لە ستۆدیۆی ئەلفرێد ئیشتیگلیتس گیراوە، بە شێوەیەکی نهێنی گوم بوو و هیچکات نەدۆزرایەوە، کانی زۆر ناوبانگی دەرکرد. بە هۆکاری جیاواز وێنە و چیرۆکی کانی ئیلهام بەخش بوو بۆ بیرۆکەی بێ‌شومار سەبارەت بە هونەر و خوڵقاندنی هونەر. لە ساڵی ١٩٥٣ "گالەری سیدنی جنیس" لە نیویۆرک نوسخەیەکی لە کانی لەسەر دەرگای چوونەژوورەوەی خۆی هەلواسی، کە لقێکی گیایی "داروش" لە کاسەی ئەو ئاودەستەوە سەری هەڵدا و شین بووە. کانی بوو بە بوت، و هەمووان دەیانهەویست نوسخەیان هەبێ و تەنانەت هێندێک لەو نوسخانە بە زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلار فرۆشران.

وا دیارە هەرکەسێک هەمان شت کە لە بەرهەمێک‌دا دەیبینێ کە خۆی دەیهەوێ. کاتێک ئەو میزەڵدانە لە مۆزەخانەکان‌دا نمایش کرا خەڵکێکی زۆر توڕە بوون، زۆرێک بە پیس و ئازاردەر دەیانبینی و هێندێکی دیکەش تەنیا بە دوای دەرکەوتە هونەریەکانیدا دەگەڕان. ڕەخنەگران چەندین بابەتیان لەسەر نووسی و چەندین ڕاڤەیان لێ کرد. هێندێک دەیانگوت دوشان بە نمایشکردنی ئەو کارە سووکایەتی بە جیهانی هونەر کردووە، بەشێکی دیکە دەیانگوت دوشان دەیهەوێ پێگەی ڕەگەز بە چالێش بکێشێ و هێندێکیش بە ناڕەزایەتیی هونەرییان دەزانی. بەشێک لە ئەندامانی پێشانگای ساڵی ١٩١٧ بە کارێکی بێ بەهای هونەرییان دەزانی، بوو بە کارێکی ئابڕووبەرانە و پڕئاژاوی سەدەی بیستەم.

## لێکدانەوە

بە درێژایی سەدەی بیستەم، زۆرێک لە هونەرمەندان بە شیوەی ناباو هەوڵیان‌دا کاریگەرییان بەرنە سەر: دادائیستەکان، سورئالیستەکان، پابلۆ پیکاسۆ، سالوادۆر دالی، ئەو لیستە زۆر لەوە درێژترە. بەڵام لە نێو هەموویان‌دا مارسل دوشان کە ڕەنگە گەورەترین کاریگەری لەسەر هونەری مۆدێرن دانا و ئەوەی ناوی لێنابوو "ئامادەکراوەکانی" ڕەنگە کاریگەرتر لە هەموو بەرهەمەکانی بن. کۆمەڵە "ئامادەکارییەکانی" کەلوپەلی ژیانی ڕۆژانە بوون، بەرهەمگەلی ئەو کۆمەڵەیە هێندێک جار بە تەواوی وەک بەکارهێنانیان هەڵ دەبژێردران (وەروەرەیەک، قەفەزی بوتڵ یان شووشە، هێندێکجاریش بە کەمێک دەستکارییەوە میزەڵدانێک کە شوێنی دانانی گۆڕدرابوو، سمێڵ و ڕیشێکی بزن لە ژێر تابلۆی مۆنالیزا دانراوە) لە مۆزەخانەکاندا نمایش کرابوون. دوشان باسی لە بیرۆکەکانی ئەولەوییەتی هونەری بە سەر وێنەی هونەریدا دەکرد، ڕەنگە کۆکردنەوەی ئێستای "ئامادەکارییەکان"ی لە ڕووکەشدا ناخۆش بووبێ، بەڵام هەموو جۆرە پرسیار و لێکدانەوە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شیکارییەکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، لەوانەیە میزڵدانێك لە ڕواڵەتدا بابەتێکی بێبایەخ بێ بەڵام پێشکەشکردنی وەک هونەر، شتێکی تەواو ناباو بوو کە ئیدەی پڕ لە توڕەیی، هەیەجان و شەرمی لە خۆ گرتبوو.

**لەبیرت بێ:** لە شەڕی سیاسەت و کولتوور ئەو شتە ناباوە، چ فیلەکان بێ یان گانێرەکانی مەشخەڵ بەسەری هانیباڵ، چ میزەڵدانی دوشان، هیچکات بابەتێکی ماددی نیە یان باشتر بڵێین تەنیا ماددی نییە. بابەتێکی نائاسایی دەتوانێ ئێمە لە چوارچێوەی ئاسایی زەینی بێنێتە دەر و بەرەو فەزایەکی سەرتر لە چاوەڕوانییەکانمانە پەلکێشمان بکا. ئێمە بە ئاسایی چاوەڕوانیی خۆمان لەسەر بابەتی باو و گرێبەستی، کلیشەی ئاشنا و خوو و عادەتی کۆن بناخە دادەنێین. زۆرێک لە هونەرمەندان و نووسەران و خوڵقێنەرانی دیکەی کولتووری پێیان وایە ئەوەیکە دەق و وێنە و بەرهەمی سەیر و سەرسوڕهێنەریان هەیە، سوودیان لە ئەوپەڕی ناباوی وەرگرتووە. لەوانەیە لە هێندێک کاتدا ئەو کارانە دەنگیان لێ بەرز بێتەوە بەڵام هێزی ڕاستەقینەی دیاردەیەکی پێشبینی نەکراویان نییە. ڕاستە لە چاوەڕوانی ئێمە زیاترن بەڵام ئەوەندە نامۆ نین کە لە مێشکماندا بمێننەوە و زوو لە بیرەوەرییەکانمان‌دا کاڵ دەبنەوە.

کاتێک هەوڵدەدەی شتێکی سەرسوڕهێنەر دروست بکەی هەمیشە لەبیرت بێ ئەو شتەی گرنگە ڕەوتی زەینییە، نەک وێنە یان خودی جووڵە و بەرهەمەکە. ئەوەی مرۆڤ تووشی خافڵگیری دەکا و بۆ ماوەیەکی زۆر لە زەیندا دەمێنێتەوە بیرۆکە و بەرهەمێکن کە لە خاک و خۆڵی ئاسایی دەرهاتوون، بەڵام پێشبینی‌نەکراون و مرۆڤ ناچار بە کونجکاو و پرسیار دەکەن و دەبنە هۆی ئەوە گومان لە واقیعی ئەو شتانە بکەین کە ڕۆژانە دەیبینین. دەتوانین بوێرانە بڵێین: پرسە ناباوەکان لە هۆنەردا ستراتیژیترین میتۆدەکانن.

**بیهێنە بەرچاوت:** کێڵان. دەبێ زەوی ئامادە بێ. تیغەکانی گاسن بە جووڵەی بەردەوام زەوییان دەکێڵن و هەوا دەکەنە نێو خاکەوە. ئەو ڕەوتە پێویستەساڵانە دووبارە بکرێتەوە بۆ ئەوەی تۆوی تازە لە خاکێک سەوز ببێ کە بە ڕواڵەت مردوون و ژیان لە دڵی تاریکییەوە دروست بکەن. ئێستا لەم زەوییە کێڵدراوە و خاکی بە پیت و بەرەکەت، گەشاوەترین و سەرسوڕهێنەرترین ڕووەک و گوڵ دەر دەکەون.

سون تێزۆ دەڵێ: "*بە گشتی ژێنراڵێکی وشیار لەشەڕدا بە کردەوە ئاساییەکان دوژمن گرفتار دەکات و بە کردەوەی نائاسایی سەردەکەوێ. باو و ناباو، ئاسایی و نائاسایی لە پەنای یەکدا و پێکەوە وەک سووڕانەوەی بێ‌کۆتایی، باشترین ئەنجام بەدەست دێنن و کەس ناتوانێ بەرەنگارییان ببێتەوە.*"

### حاڵەتی دەگمەن

هێرش بۆ دوژمن لەو ڕێگایەوە یان بەو شێوەیەی کە چاوەڕێی دەکا هیچ بایەخێکی نیە، چونکە ڕێگە بە دوژمن دەدات خۆڕاگری بە هێز بکا، مەگەر ئەوەی ستراتیژی تۆ خۆکوژی بێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی بیست‌وپێنجەم:
# لە ئەخلاقدا، دەستی باڵات هەبێ.
# ستراتیژیی چەکدارانە

لە جیهانی سیاسەتدا، بزووتنەوەیەک کە خەباتی بۆ دەکەن دەبێ باشتر و دادپەروەرانەتر لەو ئامانجانە بێ وا دوژمنەکەتان شەڕی بۆ دەکا. ئەو بوارە وەک پرسێکی ئەخلاقی ببینە کە تۆ و لایەنی بەرامبەر خەباتی بۆ دەکەن. بە گومان خستنە سەر پاڵنەر و بەڵگەکانی دوژمنەکەتان و هەروەها دژێونیشان‌دانی ئامانجەکانیان، دەتوانی ژێرخانی پشتیوانی دوژمن لاواز بکەن و بواری مانۆڕی لێ بەرتەسک بکەنەوە. بەدوای خاڵە لاوازەکانیاندا بگەڕێن و لە ڕێگای وێنەیەکەوە نیشانی ڕای گشتی بدەن. دووڕووییەکانی ئەوان لە قاو بدەن. هەرگیز بیر مەکەوە کە دادپەروەری و لێهاتوویی بزووتنەوەی ئێوە شتێکی ڕوونە، بەڵکوو تەبلیغی بۆ بکەن و پێشانی خەڵکی بدەن. کاتێک دوژمن لە ڕووی ئەخلاقییەوە هێرشتان دەکاتە سەر، لە دین دەرمەچن، وڵامی ئاور بە ئاور بدەنەوە، ئەگەر دەکرێ خۆتان وەک ستەملێکراو و قوربانی نیشان بدەن و فێربە چۆن هەستی تاوان و گوناح وەک چەکێکی ئەخلاقی بەکار بێنی.

**هێرشی ئەخلاقی**

ساڵی ١٥١٣ گەنجێکی ٣٧ ساڵە بە ناوی "جیوانی دی مدیچی" کوڕی "فلۆرێنتین لۆرزێنۆ مدیچی" بەناوبانگ، وەک پاپ هەڵبژێردرا و نێوی لیئۆی دەیەمی بۆخۆی دیاری کرد. ئەو کەنیسەیەی کە لیئۆ ڕێبەرایەتی دەکرد ئێستا لە زۆر ڕووەوە بە دەسەڵاتی ڕەهای سیاسی و ئابووری ئورووپا دادەنرا، لیئۆ کە وەک ئەندامانی دیکەی بنەماڵە بە ناوبانگەکەی ئاشقی شێعر، شانۆ و نیگارکێشی بوو، دەیهەویست چەندین لایەنگری هونەری بۆ کلیساکەی پەیدا بکا. پاپەکانی پێشوو دەستیان بە دروستکردنی کڵێسای "سنت پیتر" کردبوو بەڵام هێشتا تەواو نەکرابوو، لیئۆ ویستی ئەو پڕۆژە بەهێزە تەواو بکات و هەمیشە ناوەکەی لەسەر زاران بێت، بەڵام بۆ دانی حەق‌دەست بە باشترین هونەرمەندان بۆ تەواوکردنی کارەکە دەبوو پووڵێکی زۆری بۆ کۆ بکاتەوە.

بۆیە لە ساڵی ١٥١٧ کەمپینی بۆ فرۆشتنی (آمرزشنامە) لێخۆشبوون‌نامە دەست پێکرد. لەو حاڵەتەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک ئەمڕۆ یەکێک لە داب و نەریتی کاتۆلیکەکان ئەوە بوو کە خەڵک لە لای قەشە دان بە تاوانەکانیان‌دا بنێن و وەک سزایەک لەو دونیادا قەشە خۆپارێزییان بۆ دانێت بەڵکوو خودا تۆبەیان قەبووڵ بکا، (ئەمڕۆ ئەو لێخۆشبوونە لە ئاستی دوعایەک یان زیکریک دایە، زۆری خۆ پێوە ماندوو ناکەن) بەڵام سزای دونیا هێندێک جار سەخت بوون و ڕۆژوو و خوان و سفرە زیارەتییەکانی لەخۆ دەگرت، هێندێک جار ڕادەیەک پووڵ بوو کە بە کلیسا دەدرا گوناهەکەیان دەسڕایەوە. ئاغاکان و کەسانی دەوڵەمەند دەیانتوانی پووڵ بۆ لێبوردن بە کلیسا بدەن، کە ئەو پووڵە تا ڕادەیەک بەرچاو بوو و بە بەڵێنی کەمکردنەوەی مانەوەیان لە بەرزەخ بوو. ئەو پارە لە گوناهبارانی وەردەگیرا کە ڕوحیان ئەوەندە شەیتانی نەبوو بۆ دۆزەخ بڕۆن، بەڵام بەهۆی گوناهەکانیانەوە مەودایان لەگەڵ بەهەشت گرتبوو و لە "برزخ" چاوەڕێ بوون. بەڵام ئەو کەسانەی کە لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگا بوون دەیانتوانی لە پووڵی لێخۆشبوون داوای داشکاندن بکەن. ئەو ئیمتیازە بووە سەرچاوەیەکی باشی داهات بۆ کلیسا.

لیئۆ بۆ ئەو کەمپینە تایبەتە، دەستەیەک فرۆشیاری بەحەقی ئیمتیازەوە بۆ هەموو ئورووپا ڕەوانە کرد و پووڵێکی زۆر بە لێشاو بۆ خەزێنەی کلیسا نێردرا. ئەو هونەرمەندی گەورەی ڕافائیلی وەک تەلارساز بۆ سەرپەرستی سەرەکی ساختمانی "سنت پیتر" هەڵبژارد، هەروەها پلانێکی زۆر شایستەی بۆ ئەو کلیسایە کێشا بۆ ئەوەی تەنانەت دوای لیئۆ لە بیری جیهان‌دا زیندوو بمێنێتەوە. هەموو شتێک بە باشی بەڕێوە دەچوو تا مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ١٥١٧، هەواڵیان بە پاپ دا کە قەشەیەکی ئاڵمانی بە ناوی مارتین لۆتێر کە زانای ئایینی ئاڵمانی بوو، بەیاننامەیەکی بە ناوی جاڕنامەی "نەوەد و پێنج مادده" بە دەرگای کلیسای ویتنبێرگ هەڵواسیبوو، ئەو بەیاننامەیە وەک زۆرێک لە بەڵگەنامە گرنگەکانی ئەو سەردەمە بە زمانی لاتینی نووسرابوو و هەروەها بە زمانی ئاڵمانی وەرگێڕدرا و چاپیش کرابوو و لەنێو خەڵكدا بڵاو کرابووەوە. لە ماوەی چەند حەوتوودا هەموو ئاڵمانیەکان ئەو بەیاننامەیەیان خوێندەوە. ڕاگەیاندنی نەوەد و پێنج مادده هێرشێکی ئاشکرای بۆ سەر فرۆشتنی لێخۆشبوون‌نامە کردبوو. لەم بەیاننامەیەدا مارتین لۆتێر بە ڕوونی باسی لەوە کردبوو کە لە دەسەڵاتی کلیسادا نییە لە خەڵک خۆش بێ یان لێی خۆش نەبێ، بەڵکوو ئەوە لە دەسەڵاتی خودا دایە و کەس ناتوانێ بیکڕێ و بیفرۆشێ. لەو بەیاننامەیەدا هەروەها باس لەوە کرا کە باشترین دەسەڵات بۆ ئەو پرسانە کتێبی پیرۆزە و ئەگەر پاپ بتوانێ لە کتێبی پیرۆز کەڵک وەرگرێ بۆ دژایەتی کردن یان گفتوگۆکردن لەسەر ڕاگەیاندنی مارتین لۆتێر، ئەوە لۆتێر لە هەڵوێستەکانی خۆی پاشەکشە دەکا.

پاپ تا ئەو ڕۆژە نووسینەکانی مارتین لۆتێری نەخوێندبووەوە، چونکە شێعری لە بابەتی ئایینی پێ باشتر بوو، بە دڵنیاییەوە قەشەیەکی ئاڵمانی ناتوانێ بۆ سەر فرۆشتنی لێخۆشبوون‌نامە و دابینکردنی سەرچاوە بۆ دروستکردنی کەنیسەی "سنت پیتر" هەڕەشە بێ، بەڵام وادیاربوو لۆتێر لە سەر دەسەڵاتی کلیسا لە زۆر بابەتدا گومانی هەبوو، پاپ بەو ئەنجامەی گەیشت کە ڕەنگە کوفرکردنی لۆتێر ببێتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوەندی دووبەرەکی و دووڕوویی. لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوودا کلیسا لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە کە دژی دین قسەیان دەکرد بە کەرەستەی زۆر بەرخوردیان دەکرد، هەروەها پاپ بیری کردەوە باشترە پێش ئەوەی درەنگ بێ مارتین لۆتێر بێ دەنگ بکا.

لیئۆ لە پێشدا زۆر بە ئارامی ڕەفتاری کرد و لەگەڵ یەکێک لە خوداناسی کاتۆلیک بە ناوی "سیلوستێر مازۆلینی" کە لەو سەردەمەدا بە پریئراس ناوبانگی بوو داوای لێکرد وەڵامێکی فەرمی بە مارتین لۆتێر بداتەوە و ئەو بترسێنێ بەڵکوو تەسلیم بێ. پریئراس لە نامەکەی خۆیدا ئاماژەی کرد کە پاپ گەورەترین پلەی پیاو چاکی لە کلیسا دا هەیە و تەنانەت پێگەی ئەو لە کتێبی پیروز لەسەرترە و هاتنەخوارەوەی نیە. بۆ بەرگریکردن لە ئیدیعای خۆی دەقی ئایینی چەندین سەدەی کۆنی بۆ لۆتێر ڕەوانە کرد. هەروەها هێرشی کردە سەر مارتین لوتێر و بە (حرامزادە) بیژوو و زۆڵەزا ناوی برد و گوتی گومان لەسەر ئەو هەڵوێستە ئاژاوە نانەوەیەت هەیە، ڕەنگە ئەو قەشە ئاڵمانییە بەدوای پێگەی ئۆسقۆفی دا دەگەڕێ. پریئراس لە کۆتاییدا ئەو وتانەشی زیاد کرد و دەڵێ: "هەرکەسێک بڵێ کەنیسەی ڕۆمی نابێ لێخۆشبوون‌نامە بفرۆشێ، بە "لە دین دەرچوو" یا لادەری دینی دادەنرێ." ئەو ئاگاداریە بە ڕادەی پێویست ڕوون بوو.[١]

بەدرێژایی ئەو ساڵانە لیئۆ زۆر شت لە مێشکیدا بوو. بۆ نموونە بیری زەربە لێدانی لە ئیمپراتوری عوسمانی و دەستپێکردنی شەڕی خاچپەرستان دەکردەوە، بەڵام وەڵامی مارتین لۆتێر بۆ نووسینەکانی پریئراس سەرنجی لیئۆی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لوتێر دەقێکی نووسی کە تێیدا نووسینەکانی خودی پریئراسی بەکار هێنا. ئەو ئاماژەی بەوەکرد کە کلیسا نەیتوانیوە وەڵامی تۆمەتەکانی ئەو بداتەوە و لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆز ڕەخنە لە بابەتەکان بگرێ، تا ئەو کاتەی کلیسا نەتوانێ سەلاحییەتی خۆی بۆ وەرگرتنی مافی لێخۆشبوون‌نامە لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆز بسەلمێنێ، ماهییەتی مەعنەوی خۆی خستۆتە ژێر پرسیارەوە و ئەو کارەی بە جۆرێک لە کاری سیاسی و مادی‌گەرایی دادەنرێ و پێویستە گومانی لێ بکرێ. لۆتێر دەقەکەی لە تەنیشت نوسراوەی پریئراس چاپ کرد، بۆ ئەوەی خوێنەران بتوانن ئەو دووانە لەگەڵ یەک بەراورد بکەن و خۆیان بە ئەنجامێکی مەعقول بگەن. گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی لۆتێر لە نامەکەی پریئراس، کەلامی توند و پڕ سووکایەتی لۆتێر و بەکارهێنانی نوێترین تێکنۆلۆژی چاپکردن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی لە سەرانسەری ئاڵمان‌دا، بۆ بەرپرسانی کلیسا جێگای سەرسوڕمان بوو. ئەوان لەگەڵ پیاوێکی زیرەک و زۆر مەترسیدار ڕووبەڕوو

---

١. کلۆنێل جان بۆید گرنگییەکی تایبەتی بە ڕەهەندە ئەخلاقییەکان دەدا و هەمیشە هەوڵی دەدا بە نیشاندانی جیاوازی نێوان قسەکردن و ڕەفتارەکان لە ڕوانگەیەکی جیاواز و ئەخلاقیەوە هێرش بکا. لە ستراتیژی کەلانی ئەخلاقیدا، یارییەکە بەشێوەیەک کێشراوە کە لەهێزی ئەخلاقی بۆ بەهێزکردنی ڕوحیەی لایەنێک و نیشاندانی کەموکورییەکانی ئەخلاقی لایەنەکەی دیکە بەکار بێنی. لەو پرۆسەیەدا تاک دەبێ بە شێوەیەک بچێتە نێو نەیارانی ئێستا و ئەگەری، کە فەلسەفەی ئەخلاقییان بخرێتە ژێر پرسیارەوە. ذهن جنگ، جان بوید و امنیت امریکا، گرانت تی هامون ٢٠٠١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوونەوە. ئێستا بۆ لیئۆ ڕوون بووەوە کە شەڕی نێوان کلیسا و لۆتێر، شەڕ لە نێوان ژیان و مردندایە.

هاوکات پاپ پلانی بۆ پەلکێش‌کردنی لۆتێر بۆ ڕۆم کێشا تا وەک لادەری دینی (لە دین دەرچوو) سزای بدا، لۆتێر کەمپینی خۆی خێراتر کرد و بەیاننامەی زۆر توند و تیژتری بڵاو کردەوە لە کتێبی "نامەیەکی سەرئاواڵە بە ڕەسەنی مەسیحی ئاڵمانی" ئیددیعای دەکرد کە ڕۆم بۆ چەندین سەدە دەسەڵاتی ساختەی خۆی بۆ فریودانی خەڵکی ئاڵمان بەکار دێنێ و شانشینەکانی ئاڵمان کردووەتە ئەیالەتی ژێردەستی خۆی. هەروەها ڕایگەیاند کە کلیسا لەبری ئەوەی ماهییەتی مەعنەوی هەبێ، بۆتە دامەزراوەیەکی سیاسی گۆڕاوە و بۆ ئەوەی کارەکانی بە لۆژیکی نیشان بدا پەنای بۆ درۆ و بەڵگەنامەی ساختە بردووە و بۆ فریودانی خەڵک هەر کەرەستەیەک بەکار دێنێ. ئەو بۆ چالێش کێشانی شەرعییەتی کەنیسەی ڕۆم و پاپ ئاماژەی کرد کە کەنیسەی ڕۆم هەموو شتێک دەکات بۆ کۆیلەکردنی کتێبی پیرۆز، شێوازی ژیانی لۆکسی پاپ، گەوادی و لەشفرۆشی لەنێو سەرۆک قەشەکان و ئەو هونەرە کوفرەئامێزەی کە لیئۆ پووڵی خەڵکی بۆ خەرج دەکات. هەروەها لۆتێر ڕایگەیاند کە پاپ ئەوەندە بێڕێزی بە کەنیسە کردووە کە شانۆنامەی دژە ئەخلاقی "ماندراگۆلا"ی بەرهەمی ماکیاولی لە خودی واتیکان نمایش کردووە. لۆتێر ئەو ڕەفتارە دادپەروەرانەی کە کلیسا لایەنگری بوو لەگەڵ شێوازی ژیانی ڕاستەقینەی کاردیناڵەکان و ئەندامانی سەرەکی کەنیسەی دانا، دواتر بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە پاپ و لایەنگرانی لە دین دەرچووی سەرەکین و پاپی بە دژی مەسیحی نێو برد.[١]

لیئۆ پێی وابوو کە لۆتێر وەڵامی هەڕەشەی پریئراسی داوەتەوە و بەم شێوەیە گورِوتینی بە

١. تایبەتمەندی ناوەندی مانۆڕی دەرەکی ئەوەیە کە دڵنیا بی لەوەی زۆرترین ئازادیت هەیە و وەک کاتێک لیلیپوتییەکان گالیوریان بەستەوە، لە هەمان کاتدا دوژمن بە کۆمەڵێک ڕەفتاری ڕێگریکردن ئیفلیج دەکا، دروست وەک هەموو عەمەلیاتێکی کە بۆ ڕێگریکردن ڕێک خراوە. هێزی ئیرادە زیاتر هەموو ڕەهەندەکانی دەروونناسی، سیاسی، ئابووری، دیپلۆماسی و نیزامی لە دژی ئامانجی تایبەت، و ئەو شێوازانەی لە زیرەکانەترین ڕەفتار تا دڕندەترین کە بۆ جێبەجێکردنی ڕێگریکردن بەکار دەهێنرێن. پێویستە هەموو کردەوەکان لەگەڵ فورمولەی یاسا نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان بگونجێن، یارییەکان بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاری مرۆیی و ئەخلاقی بکێشرێن و دوژمن دوودڵ بکەن و سێبەر لەسەر هۆشیارییەکەی دابنێن. بە بەکارهێنانی ئەو شێوازانە زیان بەو تێڕوانینە دەگەیەنی کە جەماوەر بۆ دوژمن هەیەتی و لە هەمان کاتدا بەشێک لە باوەڕی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئەو دەبێتە جێگەی گومان. ئەنجامەکەی هاوپەیمانییەکی ئەخلاقی ڕاستەقینە و ئەو هەوڵانەیە کە دوژمن بۆ بەدەستهێنانی متمانەی خەڵک دەیکا. ئەو کەش و هەوایە کە نمونەی لە نەتەوەیەکگرتووەکان یان کۆڕوکۆمەڵی دیکەی نێودەوڵەتی بینیمان، هەڕەشەیە لە دژی دوژمن مبادا هێندێک کاری تایبەت ئەنجام بدا. شایانی باسە، مرۆڤ وەک عەمەلیاتی زەمینی بابەتێک دیاری دەکا بەڵام لە دوژمنی دەشارێتەوە. لە عەمەلیاتی دەروونناسی ڕێبەرێک یان شەڕکەرێکی زیرەک پێویستە هەڵوێستێک بگرێتەبەر کە لە دوژمن شاراوە بێ. بۆ نمونە ڕێبەرانی یەکێتی سۆڤیەت بەشێوەیەک ڕەفتاریان دەکرد کە هەر جۆرە پەرەپێدانێکی چەکی ئەتۆمی بۆ وڵاتانی دیکە قەدەغە بوو، بەڵام خۆیان بەدوای ئەو پەرەسەندنەدا بوون و بانگەشەیان بۆ عەمەلیاتی دژە کۆلۆنیالیزم دەکرد، لەکاتێکدا ئەوان حوکمڕانی تەنیا ئیمپراتوری کۆلۆنیالیزمیان دەکرد. ئەوە هەمان ئەو ستراتیژییە ناڕاستەوخۆیە کە فێرمان دەکا لەبری ئەوەی لە کردەوەدا پێوەرە ئەخلاقییەکان پێشان بدەین قسە بکەین و قسەکردن لە کردەوە زیاتر بە نرخ بزانین بۆ ئەوەی دوژمن فریو بدەین.

مقدمەای بر استراتیژی، اندره بوفر، ١٩٦٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەسەلەکە داوە، بە ڕواڵەت هەڕەشەکە لاواز بوو و پاپ زۆر بە مێهرەبانی ڕەفتاری کردبوو. کەوابوو دەبێ دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خۆی نیشان بدا و کۆتایی بە شەڕ بێنێ. لەو ڕووەوە لیئۆ بە پێی بڕیارێک لۆتێری وەک کافر و خوانەناس و دەرکراو ناساند. هەروەها چەند کەسی بۆ کلیسای ئاڵمان ڕەوانە کرد تا لە بارەی ئەو قەشەیە و زیندانی کردنی گفتوگۆ بکەن. نێردراوی لیئو بە هەواڵی سەرسوورهێنەرەوە گەڕانەوە کە هەموو شتێکی گۆڕی: لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا، دوای بڵاوبوونەوەی نەوەد و پێنج مادەکە، مارتین لۆتێر بوو بە ئەستێرەیەک، کەسایەتییەکی ناسراو و خۆشەویست لە سەرانسەری وڵاتدا. بەرپرسانی پاپ دەچوونە هەر شوێنێک گاڵتەیان پێدەکرا و تەنانەت هەڕەشەیان لێ دەکرا. لەسەر شووشەی پەنجەرەی دوکانەکان وێنەی مارتین لۆتێر دەبینرا کە خەرمانەیەک لە دەوری سەری بوو. یەکێک لە بەرپرسانی کلیسا بۆ پاپی ڕاپۆرت نارد کە ٩٠ دەرسەدی خەڵکی ئاڵمان لە شەقامەکاندا دروشمی "بژی لۆتێر"یان دەگوتەوە و ١٠ دەرسەدی دیکەش هاواریان دەکرد "مەرگ بۆ ڕۆم." مارتین لۆتێر بەو قسانەی ڕقی کۆنی ئاڵمانییەکانی لەمەڕ کلیسا خستە دەرەوە، ئێستا ئێعتبار و جێگە و پێگەی تەواو قایم ببوو و درزی هەڵنەدەگرت. کتێبەکانی زۆری فرۆشراون، بەڵام داهاتەکەی لە کتێبەکانی وەر نەدەگرت و بۆ خۆی یەکەم کەس بوو کە شوێن وتارەکانی کەوتووە و عەمەلی پێ دەکرد. تا کلیسا زیاتر هێرشی بۆ دەکرد ئەو زیاتر خۆشەویست دەبوو. تەنیا ئەوەندە بەس بوو پاپ لەسێدارەی بدا تا ببێتە قوربانی و شەهید لە ڕێگای بیروباوەڕەکانی و شۆڕشێک دەست پێ بکات.

هەر چۆنێک بێ، لە ساڵی ١٥٢١ لیئۆ بڕیاری دا لۆتێر لە شاری "ورمز"ی ئاڵمان لەبەردەم دیارترین نوێنەرانی ئیمپراتوری، لەوانە شازادەکانی ئاڵمان و چینی دەوڵەمەند و زانایانی ئایینی دەرکەوێ. ئەو کۆڕە لەلایەن چارلێزی پێنجەمەوە کە ئاخرین ئیمپراتۆری ڕۆمی پیرۆز بوو، پێکهاتبوو. لیئۆ هیوای دەخواست کە ئاڵمانیەکان بینە لایەنگری و چارڵی پێنجەمیش لەو بابەتەدا زۆری یارمەتی دا. ئەو پیاوێکی سیاسی و زۆر نیگەرانی کوڵ و جۆشی دەروونی خەڵک بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی کلیسا و چالاکییەکانی لۆتێر بوو. لەو دیدارەدا داوای لە مارتین لۆتێر کرد دان بەوەدا بنێ کە نووسین و لێدوانەکانی هەڵەن، بەڵام لۆتێر ڕەتیکردەوە و بە لەحنێکی ڕاست و دروست حەقی بەخۆی دا و قسە بەناوبانگەکانی گوتەوە: "من لە سەر قسەکانی خۆم سوورم و ناتوانم بە پێچەوانەی ئەوە بکەم. خوداوەند یارمەتی من دەدا." ئیمپراتور هیچ بژاردەیەکی دیکەی نەبوو بێجگە لەوەی بە لادینی بناسێنێ و دەستووری پێدا بۆ ویتنبێرگ بگەڕێتەوە و چاوەڕێی چارەنووسی خۆی بکا. لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لۆتێر ڕفێندرا و بردیانە قەڵای وارتبورگ. ئەو ڕفاندنەی پێشتر لەلایەن هێندێک لە لایەنگرانی مارتین لۆتێرەوە گەڵاڵەی بۆ دارێژرا و جێبەجێ کرا. ئێستا ئیدی بە تەواوی لە ئەمنییەت دابوو. لۆتێر بە ناوێکی دیکەوە لەو قەڵایەدا درێژەی بە ژیان دا و دەیتوانی ئاسانتر لە پێشوو تۆفانێک دژی کەنیسە و پاپ وەڕێ بخا.

لیئۆ لەو ساڵەدا مرد و لە ماوەی چەند مانگێکدا دوای مردنی، بیرۆکەکانی لۆتێر و ئەو چاکسازیانەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە بانگەشەی بۆ دەکرد، وەک ئاگری بڵێسەدار لە سەرانسەری ئاڵماندا بڵاو بوونەوە. لە ساڵی ١٥٢٦ حیزبێکی پڕۆتستان لە ناوچە جیاوازەکانی ئورووپا بە فەرمی سازماندرا. ئەوە هەمان لەدایکبوونی چاکسازی بوو، بەو لەدایکبوونە دەسەڵاتی جیهانی پڕ دەبدەبەی کەنیسەی کاسۆلیکی، لانیکەم وەک ئەوەی لیئۆ ئیددیعا و بە میراتی گرتبوو، بەئاسانی تێکشکا و داڕما. مارتین لۆتێر قەشەی ویتنبێرگ بێناونیشان و خاوەنی قەڵەم لەو شەڕەدا سەرکەوت.

**لێکدانەوە**

مەبەستی سەرەتایی مارتین لۆتێر لە نووسینی جاڕنامەی نەوەد و پێنج ماددەیی باسێکی ئایینی بوو، ویستی ئاماژە بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا و خراپ بەکارهێنانی لێبوردن لەلایەن کلیساوە بکات کە تەنیا بۆ خودایە، بەڵام کاتێک وەڵامی پریئراسی خوێندەوە، لەودا شتێک گۆڕانکاری بەسەردا هات. پاپ و لایەنگرانی نەیانتوانی لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆز پاساوێکی لۆژیکی بۆ لێخۆشبوون بدۆزنەوە. هەروەها بابەتگەلێکی دیکەش بوون کە دەبوو دەلیلی لۆژیکی بۆ بێننەوە. یەکێک لەوانە دەسەڵاتی بێسنووری پاپ بوو بۆ ئەوەی خەڵک بە بێدین ناو ببات. لۆتێر بەو ئەنجامە گەیشت کە کلیسا پێویستی بە چاکسازی بنەڕەتی هەیە.

لە هەر حاڵەتێکدا چاکسازی پێویستی بە دەسەڵاتی سیاسی هەبوو. ئەگەر لۆتێر لەنێو قەشە هاوڕێکانیدا چووبوایە سەر مینبەر و ڕەخنەی لە کلیسا بگرێ بە هیچ ئاکامێک نەدەگەیشت. پاپ و لایەنگرانی بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ هێرشیان بۆ کرد و پاڵنەرەکانییان خستە ژێر پرسیارەوە و گومانیان لەسەر دروست کرد. ئێستا نۆرەی لۆتێر بوو کە هێرشی پێچەوانە دەست پێ بکا و وەڵامی ئاگر بە ئاگر بداتەوە.

ستراتیژی لۆتێر ئەوە بوو کە شەڕەکە گشتگیر بکات و بزاڤی ئەخلاقی خۆی بکا بە بزووتنەوەیەکی سیاسی. لۆتێر بە بەکارهێنانی نوێترین تکنۆلۆژی لە بواری چاپ و بڵاوکردندا ئەو کارەی ئەنجام دا. ڕاگەیاندنەکانی بە زمانێکی توندوتیژ دەنووسی و سەرنجی جەماوەری ڕادەکێشا، ئەو بە ئاگادارییەوە ئاماژەی بەو خاڵانە دەکرد کە خوێنەری ئاڵمانی پێی هەستیار بوو: شێوازی ژیانی خۆشگوزەرانی پاپ، پەیداکردنی پووڵ لە ڕێگەی فرۆشتنی لێخۆشبووننامە، بەکارهێنانی دەسەڵاتی کڵێسا بۆ کاریگەریکردن لەسەر سیاسەتی ئاڵمان و هتد... ڕەنگە لە هەمووی وێرانکەرتر ئەوە بوو کە مارتین لۆتێر دووڕووییەکانی کلیسای ئاشکرا کرد و لە ڕێگەی ئەو تاکتیکانەوە توانی توڕەیی ئەخلاقی وەک ئاگرێکی بڵێسەدار لە گۆشە و قوژبنی ئاڵمان بڵاو بکاتەوە و تێڕوانینی خەڵک بۆ پاپ و کەنیسە بگۆڕێ.

لۆتێر دەیزانی کە لیئۆ ناتوانێ وەڵامی ئەو لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆز بداتەوە و لە توند و تیژی کەڵك وەردەگرێ و ئەوەشی باش دەزانی کە هەمان بەرخوردی لیئۆ بزووتنەوەی ئەو سەرنجڕاکێشتر و داواکارییەکانی گەشاوەتر دەکا. بەم شێوەیە بە قسە و نووسینی ئاگرین، سەلاحییەتی لیئۆی خستە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژێر پرسیارەوە و پاپای خستە ناو تەڵەی دژەهێرش. لۆتێر ژیانێکی سادەی هەبوو، بەڵام بە وەرنەگرتنی فرۆشی پووڵی کتێبەکانی ژیانی سادەیی خۆی زیاتر بە خەڵک نیشان دا. بەو کارەی ڕەوشتی باش و ئەخلاقی باشی لەسەر زاری هەموو کەس بوو. لە ماوەیەکی کورتدا لۆتێر هێندە لایەنگری زۆری لە نێو خەڵکدا بەدەستهێنا کە پاپ نەیدەتوانی بە ئاسانی بەدناوی بکا و بچووکترین جووڵەی ئەو بیانوویەک بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین بوو. لۆتێر ئەخلاقگەرایی ئاگاهانە و گشتی، کردە ستراتیژی بۆ بەدەستهێنانی هێز. ڕیفۆرمخوازی یەکێک لە گەورەترین سەرکەوتنە سیاسییەکانی مێژوویە.

**لەبیرت بێ:** بەبێ پشتیوانی گشتی و سیاسی ناتوانی لەشەڕەکان‌دا سەربکەوی، بەڵام خەڵک تەنیا کاتێک پشتگیری لە بزووتنەوە و ئامانجی تۆ دەکەن کە ئەو بزووتنەوەیە بە چاکسازیخواز و ڕێفۆرمیستخواز و خەڵکی بزانن. وەک لۆتێر دەرکی پێکرد، خستنەڕووی بزوتنەوەی خۆتان بەو شیوەیە (واتە ڕێفۆرمیستخواز) دەیکاتە ستراتیژی و نمایشی هێز. لە دەسپێک، عاقلانە ئەوەیە شەڕ لەگەڵ دوژمنێک دەست پێ بکەن کە بتوانی وەک کەسێکی خۆپەرست، تینووی دەسەڵات و ناڕەوا پێشانی بدەن. سەرەتا بەو میدیایە کە لەبەر دەست دایە هێرشێکی ئەخلاقی بۆ سەر خاڵە لاوازەکانی دوژمن دەست پێ بکەن. پێویستە قسەی بەهێز و سەرنجڕاکێش لە ڕوانگەی خەڵکەوە بەکار بێنی و ئەگەر توانیت دەرفەت بە خەڵک بدەی بۆ ئەوەی دوژمنایەتی و کینەی خۆیان بەرامبەر بەو دوژمنە دەرببڕن. باشترە قسە و دەربڕینی خودی دوژمن بۆ سەرکوتکردنی کەڵک وەربگری بۆ ئەوەی تا هێرشەکانت داد‌پەروەرانە دەربکەون. ئێوە پەڵەیەکی ڕەش لە دوژمن دەردەخەن کە وەک چەسپی ڕەش بە دوژمنەوە دەلکێت و دەبێتە قیلی کەوای سپی. ڕاکێشانی دوژمن بۆ هێرشی پێچەوانە کە تۆ دەستی باڵات هەیە، پشتگیری گشتی زیاترت پێ دەبەخشێ. لەبری ئەوەی زووڕنای بۆ ئەخلاقگەرایی و چاکی خۆتان هەڵگری، هاوار بکە و مەغرور و خۆهەڵکێش دەرکەون، بە دروستکردنی دژایەتییەک لە نێوان کارە ناعەقڵانیەکانی دوژمن و کردەوەی توند و دینی خۆتان بە دژی ئەوان، ئەو باشییانە نیشان بدەن. خراپترین تۆمەت لە دوژمن بدە بۆ نمونە بڵێ دەسەڵاتخوازە و خۆتان وەک کەسێک نیشان بدەن کە ئامانجی بەتەواوی ئەخلاقی و خۆبەخشانەیە.

ئەگەر خۆتان بە براوەی ئەو خەباتە ئەخلاقییە دەزانن بە هیچ شێوەیەک بیر لەوە مەکەنەوە کە دواتر دەبێ بۆ کەسانی دیکە ڕوونی بکەیەوە کە لە چ کەرەستەیەک کەڵك وەرگرتووە. کاتێک سەردەکەوی، دەتوانی بە نمایشێکی گشتی خۆتان وەک باڵادەست لە دوژمن پێشان بدەن و ئەو باڵادەستییەش هۆشی کەسانی دیکە لەو ئامرازانەی کە بەکارت هێناوە دوور دەخاتەوە.

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

تاڕادەیەک! لە هەموو کولتوورەکان‌دا ئەخلاق یا هەمان پێناسەی چاک و خراپ، وەک ڕێگەیەک بۆ جیاکردنەوەی چینێکی مرۆڤ لە چینێکی دیکە لە کۆمەڵگادا باسکراوە. بۆ نموونە لە یۆنانییە کۆنەکاندا وشەی "چاک" سەرەتا گرێدراو بووە بە هەڵکەوتووان بەگزادەگان (ئەرستۆکراسی)، هەمان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چینی سەرەوە کە خزمەتیان بە حکومەت دەکرد یان ئازایەتی خۆیان لە بەرەکانی شەڕدا سەلماندبوو، وشەی "خراپ"یش پێناسەی چینی خوارەوەی کۆمەڵگا، مرۆڤی ترسەنۆک و بێ بایەخی دیاری دەکرد. بە تێپەڕبوونی کات سیستمێکی ئەخلاقی پەرەی ئەستاندووە کە ئەرکێکی هاوشێوەی هەبوو بەڵام ئاڵۆزتر بوو: ئەو سیستمە خەڵکی کۆمەڵگای بەسەر دوو گرووپی دژەکۆمەڵایەتی و شەیتان، کۆمەڵایەتی و ڕەفتارچاک دابەش دەکرد. کۆمەڵگا لە بۆچوون و بیرۆکەی چاکە و خراپە کەڵك وەردەگرێ بۆ ئەوەی بەهایەک دروست بکەن کە لە خزمەتیان دابێ. ئەو بەهایانە بە هۆی زەمان دەگۆڕدرێن و گونجانیان لەگەڵ کۆمەڵگادا لەدەست دەدەن، ئەخلاق گەرایی وردە وردە دەگۆڕدرێ.

بەڵام تاک و گرووپ هەیە کە ئەخلاق بۆ مەبەستێکی زۆر جیاواز بەکار دێنن. ئەوان لە دووی پاراستنی ڕێکوپێکی کۆمەڵایەتی نین، بەڵکوو مەیلیان هەیە لە دۆخێکی کێبەرکێدا وەک شەڕ، سیاسەت یان بازرگانی سوودێک بەدست بێنن. ئەخلاق لە دەستی ئەوانەدا چەکێکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ بزووتنەوەکەیان و سەرقاڵکردنی خەڵک لە ڕەفتاری نەشیاو کە لەو جۆرە ململانێیە حەتمییە. ئەوان مەیلیان هەیە مانۆڕ بەو دووفاقییە بکەن کە هەمووومان بۆ ململانێ و دەسەڵات هەمانە، کارێک دەکەن کە کەسانی دیکە هەست بە تاوانباری بکەن بۆ ئەوەی بە ئامانجی خۆیان بگەن. بۆ نموونە خۆیان وەک قوربانی بێعداڵەتی پێشان دەدەن و کارێک دەکەن بە جۆرێک دژایەتیکردنیان لە تۆ کەسایەتییەکی بێزراو و دڵڕەق دروست دەکەن، یان بەشێوەیەک پێشانگەی باڵادەستی ئەخلاقی وەڕێ دەخەن کە هەر جۆرە دژایەتییەک بەرامبەریان وا دەکەن هەست بە شەرمەزاری بکەی. لەوەیکە باڵادەستی خۆیان ڕابگرن مامۆستای داگیرکردنی باڵادەستین، ئەو پێگە بەهێزە وەک دەسەڵات یان سوودێک کە کەسی دیکە نیەتی، کەڵکی لێ وەردەگرن.[1]

ڕێگا بدەن با ئەو ستراتیژیستانە بە "شەڕکەری ئەخلاقی" نێو ببەین ئەو کەسانە بەزۆری لە دوو جۆرن: نائاگا و ئاگا. شەڕکەری ئەخلاقی زیاتر مەیلیان هەیە بە هەستی لاوازی هان بدرێن. ڕەنگە ئەوان ئەوەندە باش نەبن کە ڕاستەوخۆ یاری بەهێز بکەن بۆیە ئەو یارییە کاتێک دەست پێ دەکەن بە هاندانی هەستی تاوانباری لە کەسانی دیکەدا خۆیان بە باڵاتر نیشان دەدەن، کە هەمان شێوازی نائاگایی نەست و دەژکردەوەییە. سەرەڕای ڕواڵەتێکی ناسکیان، بەڵام لە ئاستی تاکەکەسیدا زۆر مەترسیدارن، چونکە ویست و ئیرادەیەکی بەهێزیان هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و دەتوانن کۆنترۆڵی هەستی دەوروبەریان بکەن. شەڕکەرانی ئەخلاقی "ئاگا"، ئەوانەن کە بە وریایی ئەو

---

١. ڕێژێمێک چۆن دەبێ هەڵمەتی دژەچریکی دەست پێ بکات؟ کلۆنێل جان بۆید ئامرازەکان دەناسێنێ: بەسە بۆ ئەوەی توانای حکومەت نیشان بدرێ بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ پێداویستییەکانی خەڵک لەبری ئەوەی هەژاریان بکا لە بەرژەوەندی چینێکی ئیمتیازدار، بزووتنەوەی چریکی لاواز، پاشان وێرانی بکەی، ئیتکاری عەمەلی سیاسی هەبێ و بە ئاشکرا هەرجۆرە گەندەڵییەک ڕەگ و ڕیشەی ببڕە. دامەزراندنی ڕێبەرانی نوێ کە لێهاتوویی تایبەت و سەرنجڕاکێشی گشتییان هەبێ. دڵنیابە لەوەی کە دادپەروەری لەبەرچاو دەگرن، چارەسەری نیگەرانییەکانی گشتی دەکەن و حکومەت بە ڕەگ و ڕیشە یاسایی و ئەخلاقییەکانیەوە دەبەستنەوە.ذهن جنگ، جان بوید و امنیت امریکا، گرانت تی هاموند، ٢٠٠١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ستراتیژییە بەکار دێنن و لە ئاستی گشتیدا زۆرتر مەترسیدارن، و بە باڵادەستبوونی خۆیان ڕاگەیاندنەکان دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. مارتین لۆتێر شەڕکەرێک ئەخلاقی بوو کە بە توندی بانگەشەی ئەخلاقخوازی دەکرد باوەڕی وابوو لەو ستراتیژییە تەنیا بۆ پێش خستنی هەوڵەکانی لە شەڕی دژی پاپ کەڵک وەردەگریت، بەڵام گرووپی یەکەم بۆ سەلماندنی شەرعییەتی بزووتنەوەکەیان بەو ستراتیژییە لە هەموو بوارەکاندا کەڵکی لێ وەردەگرن.[١]

ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ شەڕکەرانی ئەخلاقی بەگشتی بە هێندێک ستراتیژیی دیاریکراو ئاماژەی دەکرێ کە لە شەڕی مۆدێرن و ئەمڕۆیی‌دا پەرەیان ئەستاندووە. ئەفسەر و نووسەری فەڕانسەوی ئاندرێ بووفێر، بەکارهێنانی ئەخلاق وەک ستراتیژییەکی نیزامی لەچوارچێوەی شەڕەکانی فەڕانسە و ئەلجەزائیر لە دەیەی ١٩٥٠ و شەڕەکانی ویتنام کە سەرەتا فەڕانسە و پاشان ئەمریکا ئەنجامیان دا، شی دەکاتەوە. ئەلجەزائیرییەکان و ویتنامییەکانی باکوور هەردووکیان زۆر بە دژواری هەوڵیان دا بۆ ئەوەی شەڕەکانیان وەک شەڕێکی ڕزگاری نەتەوەیەک لە بەرامبەر هێزێکی ئیمپریالیستی نیشان بدەن، کاتێک ئەو بۆچوونە لە ڕاگەیەنەکان بڵاو بووەوە لەلایەن زۆرێک لە خەڵکی فەڕانسە و ئەمریکاوە قەبووڵ کرا، شۆڕشگێڕان توانیان پشتیوانی نێودەوڵەتی بەدەست بێنن و بووە هۆی گۆشەگیرکردنی فەڕانسە و ئەمریکا لە کۆمەڵگەی جیهانی‌دا. ئەوان بە ڕازیکردنی دڵی گرووپی هاوڕا یان ئەو گرووپانە کە بەم بزوتنەوەیە دوودڵ بوون، توانیان بۆ شەڕەکەیان تەنانەت لە نێو وڵاتانی شەڕکەر پشتیوان بۆ خۆیان پەیدا بکەن. لە هەمانکاتدا چەندین مانۆڕی پیسیان لە خەڵک شاردەوە کە بۆ درێژەدان بە شەڕی چریکی پەنایان بۆ بردبوو، لە ئەنجامدا لە ڕوانگەی دنیاوە ئەوان بەشداری شەڕی ئەخلاقییان کرد و بە دوای ئازادیدا دەگەڕان. فەڕانسە و ئەمریکا بە چوونە نێو مەیدانی مینی ئەخلاقی و سیاسی بەهیچ جۆرێک نەیانتوانی شەڕەکانیان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بەرەو پێش بەرن.

ئاندرێ بووفێر بەکارهێنانی ستراتیژی ئەخلاقی بە "مانۆری دەرەکی" نێو دەبا. چونکە ئەو شێوازە لە دەرەوەی مەیدانی فیزیکی شەڕ و ستراتیژی نیزامی‌دایە. ئەو ستراتیژییە لە فەزای تایبەتی خۆیدا واتە لە بواری ئەخلاقی ڕوو دەدا. لە ڕوانگەی بووفێرەوە فەڕانسە و ئەمریکا هەر دووکیان هەڵەیان کرد کە ئاستی دوژمنیان لە سەرەوە ڕاگرت. بەو پێیەی هەردوو وڵات نەریتی دەوڵەمەندی دێموکڕاسییان هەبوو و شەڕەکەیان بە سەلمێنراو و ڕەوا دەزانی و پێیان وابوو خەڵکی دیکەش هەمان هەڵوێستیان هەیە. ئەوانە بە پێویستیان نەدەزانی لە بواری ئەخلاقدا خۆیان بەرحەق نیشان بدەن و ئەوەش هەمان هەڵەی مەرگ‌هێنەر بوو. ئەمڕۆ وڵاتان دەبێ ڕۆڵی گشتی بگێڕن و هەوڵەکانی دوژمن بۆ

١. کە مرۆڤەکان باس لە بنەما ئەخلاقییەکان دەکەن بەڵام لەسەر بنەماکانی هێز کار دەکەن، ئێمە لە دونیایەکی تایبەت بەفریشتەکان دەژین نەوەک لە دنیایەکی پڕفریشتەدا، بۆیە لەوێ‌دا هەمیشە ئەخلاق لەلامان گرنگە، بەڵام دوژمنانمان گرنگی بە ئەخلاق نادەن. قوانین برای افراط‌گرایی، سال دی، الینسکی، ١٩٠٩-١٩٧٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشاندانی وێنە شەیتانیەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن بە بێ ئەوەی بزانرێ زیادەڕەوی دەکەن، دووڕوویی دوژمن ئاشکرا بکەن و شەڕی خۆیان ئەخلاقی نیشان بدەن. ئەوەندە بەسە کە مەیدانی شەڕ بۆ بەرامبەر بەجێ بێڵی بۆ ئەوەی ئازادیی کردەوەی ئێوە سنووردار بکا. لەو حاڵەتەدا هەر کارێکی پێویستە بۆ ئاشکراکردنی ڕوخساری دوژمن بیکە، چونکە پێگەی ئەوان بەهێزتر دەکا و گومان دروست دەکا.

ئەو ڕاستییە هەموو جۆرە تێکهەڵچوونێک دەگرێتەوە. کاتێک دوژمنەکانت هەوڵ دەدەن خۆیان لە تۆ ڕەواتر و ئەخلاقی‌تر نیشان بدەن، دەبێ ئەو جووڵەی ئەوان نەک وەک دەرخەری ئەخلاقی نێوان باش و خراپ، بەڵکوو وەک ستراتێژێکی زیرەک و مانۆڕێکی دەرەکی بزانی. دەتوانی ئەو مانۆڕە دەرەکییە بە شێوازی جیاواز بناسییەوە. یەکەم: هێرشی ئەخلاقی بە شێوەی باو لە ڕەوانگەی تۆوە لە سەر تێکهەڵچوون و شەڕ جیاوازە. لە کارێک کە تۆ لە بوارێکی تەواو جیاوازدا ئەنجامت داوە، بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری ئێوە یا هەستکردن بە تاوانباری کەڵکی لێ وەردەگیرێ. دووهەم: ئەو هێرشە زۆرجار بۆ فێڵبازانەیە و لەسەر بنەمای بەڵگەی ناڕاست دانراوە بەشێوەیەک کە بابەتەکە باسێکی لۆژیکی کەسیی و سۆزداری لەبەرچاو دەگیرێ و لەبری ئەوەی ئەو بابەتە کە خەباتی بۆ دەکەی بە چاڵیش بکێشرێ کەسایەتی ئێوە نێشانە گیراوە، لە پاڵنەرەکانت گومان کراوە و ڕەشترین بۆچوونیان لە سەرت دروست کردووە.[1]

کاتێک تێدەگەی شەڕکەرێکی ئەخلاقی هێرشی کردووەتە سەرتان و لە مانۆڕی دەرەکی کەڵکی وەرگرتووە گرنگە هەستەکانی خۆتان کۆنترۆڵ بکەن. ئەگەر بە تووڕەیی سکاڵا و گلەیی بکەن ئەوە بەرگریکارانە خۆتان نیشان دەدەن وەک ئەوەی شتێکت هەیە بۆ شاردنەوە. لە بەرامبەر شەڕکەرێکی ئەخلاقی ستراتیژی‌دا مرۆڤ دەبێ بە شێوەیەکی ستراتیژی کار بکا، تەنانەت ئەگەر بزانی کە

---

١. مرۆڤایەتی ناتوانێ بەم شێوەیە شەڕ دەست پێ بکات، چونکە لانیکەم دوژمنێکی لەسەر ئەو هەسارەیە نییە. چەمکی مرۆڤایەتی هیچ بوارێک بۆ چەمکەکانی دوژمنایەتی ناهێڵێتەوە، چونکە دوژمن دست لە مرۆڤایەتی هەڵناگرێ. بۆیە هیچ جیاوازییەک لەم چەمکەدا نییە. ئەو شەڕانەی کە بەناوی مرۆڤایەتییەوە ئەنجام دەدرێن بە پێچەوانەی ڕواڵەتەکەیانەوە مانایەکی سیاسییان هەیە. کاتێک وڵاتێک بە ناوی مرۆڤایەتییەوە لەگەڵ دوژمنی سیاسی خۆی دەچێتە شەڕەوە، شەڕ بۆ مرۆڤایەتی نیە، بەڵکوو شەڕێکە کە وڵاتێکی دیاریکراو دەیهەوێ بە زۆر ڕەهەندێکی جیهانی و قەبووڵکراو بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەدەست بێنێ. ئەو وڵاتە هەوڵ دەدا لە سەر حیسابی نەیار یان دوژمنەکەی، خۆی وەک مرۆڤدۆست پێشان بدات، ڕاست وەک ئەوەی وڵاتێک بە خراپ بە کارهێنانی ئاشتی و دادپەروەری و پێشکەوتن و شارستانیەتی ئەو سیفەتانە بە خۆی بدا، بەڵام دوژمن بە نەبوونی ئەوانە تۆمەتبار دەکا. چەمکی مرۆڤایەتی ئامرازێکی ئیدیۆلۆژی بۆ پەرەپێدانی ئیمپریالیزم بەسوودە. لێرەدا مرۆڤ بیری تیۆری فیلسوفی بەناوبانگ "پرۆدۆن" دەکەوێتەوە کە دەیگوت: "هەرکەسێک لە کردەوەکانی‌دا پاڵنەری مرۆڤایەتی بێ، دەیهەوێ فێڵ و کەسێک فریو بدا." دەست بەسەرداگرتنی وشەی مرۆڤایەتی و هاندان و تایبەتبوون لە وشەکە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە کە ئەژمار ناکرێ و یەکێک لە کاریگەرییە گرنگەکانیش ئەوەیە کە ئێمە دوژمن بە نامرۆڤایەتی تۆمەتبار دەکەین و وەک پێشێلکاری ماف و یاساکانی مرۆڤ نیشانی دەدەین و بەم شێوەیە بەناوی مرۆڤایەتییەوە، بەڵام بە کردەوە شەڕ لە دژی ئەوان، دەست پێ دەکەین.
مفهومی سیاسی، کارل اشمیت ١٩٣٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بزووتنەوە و ئامانجەکەت ڕاست و حەقانییەتی هەیە، نابێ وا بیر بکەیەوە کە ئەوانی دیکەش وەک تۆ هەمان بۆچوونیان هەیە. ئێستا ڕواڵەت و متمانە پێکردن بە سەر جیهانی ئێمەدا زاڵە. ئەگەر ڕێگە بە دوژمن بدەن لەو بوارەدا بە پێی خواستی خۆی چوارچێوەی بۆ دابنێ، ئەوە ڕێک وەک ئەوە وایە کە پێگەی دڵخوازی خۆتان لە بەرەکانی شەڕدا چۆل بکەن. کاتێک شەڕ لەسەر مەسەلەی ئەخلاقی دەستی پێکردووە هەر وەک چۆن لە شەڕێکی ئاساییدا بەهەموو وجودەوە شەڕ دەکەن لێرەش دەبێ وا شەڕ بکەن و کۆڵ نەدەی و دەستتان لەسەرەوە بگرن.

شەڕی ئەخلاقی وەک هەر جۆرە ململانێک دەتوانێ هێرشبەرانە یان بەرگریکارانە بێ. کاتێک لە حاڵەتی هێرشکردن دان، چالاکانە بۆ لێک بڵاوبوونی متمانەی دوژمن هەوڵ دەدەی. لە سەردەمی شۆڕشی ئەمریکادا، ساموئێل ئادامز گەورەترین پڕوپاگەندەکار ناوبانگی ئینگلستانی لەسەر بنەمای ئازادیخوازی، شارستانییەت و دادپەروەری کردە ئامانج. ئەو بڵاوی کردەوە کە ئینگلستان لە سەرچاوەکانی کۆلۆنیەکان خراپ کەڵک وەدەگرێ، ڕەوتی دێموکراتیک لەو ناوچەیە ڕەچاو ناکات، درزی لە وێنەی ئەخلاقی ئەو وڵاتەدا دروست کرد. کۆلۆنیشینەکان پێش ئەوە باوەڕیان بە ئینگلستان هەبوو بەڵام دوای کەمپینی ئادامز ئەو باوەڕە نەما.

ئادامز بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێ، زیادەڕەوی و زۆر جەختی لەسەر ئەو شتانە دەکرد کە ئینگلستان بە شێوەی زۆرەملی ڕەفتاری کردووە. ئەو هاوسەنگی نەپاراست و هەموو ئەو حاڵەتانەی پشتگوێ خست کە ئینگلستان بە باشی و دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ کۆلۆنیالیستەکانی کردبوو. ئامانجی ئەو مەسلەحەتبینی نەبوو، بەڵکوو دەیهەویست شەڕێک وەڕێ بخا و دەیزانی تا کاتێک کۆلۆنیالیستەکان ئینگلستان بە شەیتان نەزانن شەڕی لەگەڵ ناکەن. لە هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی متمانەی ئەخلاقی دوژمن نەرم و نیان بەرخورد مەکە. کاتێک باسی خێر و شەڕ دەکەی زۆر بە ڕوونی و بە توندی باسی بکە. محافیزەکاری مەکەن و هێڵی نێوەڕاست لەبەرچاو مەگرن و بە شێوەیەکی گشتی و ڕەها ڕەشەکان بەرامبەر سپییەکان پێشان بدەن، ئاستەمە بۆ خەڵک لە نێوان ئەو دوانەدا واتە ڕەش و سپی بە دوای خۆڵەمێشی یا بۆر دا بگەڕێ.

ڕەنگە ئاشکراکردنی دووڕوویەکانی دوژمن یا ڕەقیبەکان مەرگ‌هێنەرترین چەکی هێرش‌کردن لە بواری ئەخلاقی‌دا بێ، ئەفراد بە شێوەی سروشتی ڕق و نەفرەتیان لە دووڕوویە. هەڵبەتە ئەو شێوەیە کاتێک وەڵامدەر دەبێ دووڕوویی لە ڕادەبەدەر قووڵ و بەربڵاو بێ کە لەگەڵ بەهاکانیاندا لە دژایەتی دابن. ژمارەی ئەو کەسانەی کە گرنگی بە بۆچوونێکی بێ‌لایەن و دژبەر دەدەن زۆر کەمن، بەڵام ئەو دوژمنانەی کە شەیپور بۆ بەهاکان لێ دەدەن و لەڕاستی‌دا گرنگییان پێ نادەن کە بۆ شەڕی ئەخلاقی باشترین ئامانجن. کەمپینی پڕوپاگەندەی ویتنامی باکوور و ئەلجزائیر بەم مانایە زۆر وێرانکەر بوون، چونکە توانی جیاوازی نێوان بانگەشەی فەڕانسە و ئەمریکا و کردەوەکانیان لەسەر پرسە ئازادیخوازەکان نیشان بدەن، بە هەموان بڵێن ئەو دوو وڵاتە هەردووکیان درۆزن و دووڕوو بوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر شەڕ لەگەڵ دوژمن حەتمی بوو هەمیشە کارێک بکە بۆ ئەوەی ئەو دەست پێبکا. لە ساڵی ١٨٦١ سەرکۆماری ئەمریکا ئەبراهام لینکلێن مانۆڕەکانی بە وریاییەوە بەڕێوە دەبرد تاکوو باشوورییەکان وادار بکا بۆ ئەوەی یەکەم گوللە لە "فۆرت سامتر" و شەڕی نێوخۆیی دەستی پێکرد. ئەو کارە دەستی لینکلێنی خستە پێش و بەو جۆرە زۆرێک لە خەڵکی باکووری بە جەخت لەسەر دووفاقی کردە لایەنگری خۆی. بە هەمان شێوە ئەگەر لە شەڕێکی هێرشکردندا چالاکی، هەوڵ بدەن خۆتان نەک وەک داگیرکەر بەڵکوو وەک ئازادیخوازێک نیشان بدەن. نیشان بدە کە تۆ شەڕی خاک و پووڵ ناکەی، بەڵکوو بۆ ڕزگارکردنی خەڵک لە چنگ ڕێژیمێکی زاڵمدا خەبات دەکەن.

بە گشتی لەو ململانێدا کە سروشتێکی پیس و ناشیرینی هەیە و دڵنیای کە دوژمن هیچ پێگەیەکی دەسەڵاتی نییە، باشترین کار ئەوەیە بە هەڵمەتێکی ئەخلاقی هێرشی بۆ بکەن و چاوەڕێی هێرشی بەرامبەر نەکەن. دروستکردنی درز لە ئێعتباری لایەنی بەرامبەردا زۆر ئاسانترە لەوەی بەرگری لە متمانەی خۆتان بکەن. تا زیاتر حاڵەتی هێرش‌کردن هەبێ، زیاتر دەتوانن سەرنجی خەڵک لەسەر هەڵە و پێشێل‌کردن دوور بخەنەوە و هەمووومان دەزانین کە هەڵە و پێشێل‌کاری لە شەڕدا حەتمییە. ئەگەر لە ڕووی فیزیکی و نیزامییەوە لە دوژمن لاوازتری، ئەوە دەلیلێکی باشە بۆ ئەوەی شەڕ بکەیە تێکهەڵچوونێکی ئەخلاقی بۆ ئەوەی بتوانی دوژمنی بەهێز شکست بدەن.

باشترین بەرگری لە بەرامبەر شەڕکەرانی ئەخلاقیدا ئەوەیە کە هیچ ئامانجێکیان بۆ هێرشکردن پێ نەدەن. نێوی بڕوا پێکراوی خۆتان بپارێزە، لانیکەم ئەوەی لەنێو خەڵکدا بانگەشەی بۆ دەکەن پراکتیزە بکەن و خۆتان لەگەڵ دادپەروەرترین بزووتنەوەی ئەو سەردەمەدا هەماهەنگ بکەن. کارێک بکەن بێ متمانەکردنی ئێوە بۆ دوژمن دژوارترین ئەرک بێت، بۆ ئەوەی هەر هێرشێکی ئەو، دەبێتە مشتێکی توند کە لە ڕووخساری خۆی دەکەوێ و لەو کارە بێ هیوا دەبێ. ئەگەر ناچار بووی دەست بۆ کارێکی پیس بەرن کە پێچەوانەی وێنەی گشتی یان پێگەی دامەزراوی ئێوەیە، یارمەتی لەنەفەری سێهەم وەربگرن بۆ ئەوەی ئەو کارەتان بۆ بکات و ڕۆڵی خۆتان بە شاراوەیی بێڵەوە. ئەگەر ئەو کارە ئیمکانی نەبوو، سیستمێکی داهێنەرانەی ئەخلاقی بۆ بەرگریکردن دروست بکەن، بە هەر نرخێک لەهەوڵی کە ڕەنگ و بۆنی دووروویی لێ دێ دوور بکەوە و ناوبانگتان بپارێزن.

پەڵەیەک لەسەر متمانەی ئەخلاقی ئێوە دەتوانێ وەک چڵک و عفونەت بڵاو بێتەوە. لەگەڵ ئەوەی هەوڵ دەدەن تاکوو ئەو کێشەیە چاک بکەنەوە، زۆرجار بەبێ ئاگاداری گومان دروست دەکەن کە کارەکان خراپتر دەکات. بۆیە خۆپارێز بە: باشترین بەرگری لە بەر هێرشی ئەخلاقی ئەوەیە کە پێشوەختە خۆی لێ بپارێزی و ئەوەش تەنیا بە زانینی خاڵە لاوازەکانی دوژمن و گرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزی دەکرێ. کاتێک "ژولیوس سزار" بێباکانە بەرامبەر کۆماریخوازان وەستا و گرنگی پێنەدان و شەڕی نێوخۆیی دژی پۆمپیۆ دەست پێکرد، ئەگەری تۆمەتبارکردنی بەوەی کە سەلاحییەت و دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەنای ڕۆمی لێ وەرگرنەوە و دیکتاتۆرە، زۆر بوو. ئەو بە ڕەفتاری زۆر دەسباوانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بەخشەندانە لەگەڵ دوژمنەکانی لە ڕۆم، بەتایبەتی ئەنجامدانی چاکسازی گرنگ و ڕێزگرتنی کۆماریخوازان ئەو تۆمەتانەی لەسەر نەما و بە قەبووڵکردنی هێندێک بنەمای دوژمن ڕێگری لە هەوڵەکانی دوژمن بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو عفونەت و چڵکە کرد.

زۆربەی شەڕکان زیاتر بە هۆی بەرژەوەندی کەسێتی دەست پێ دەکا، وڵاتیکی کە بۆ پارێزگاری لە خۆی لە بەرامبەر دەستدرێژێکار یان دوژمنیکی مەترسیدار کە خاک و سەرچاوەکانی لێ داگیر دەکا ناچارە لەگەڵی دەچێتە شەڕەوە. هێندێک جار ئەخلاق بنەمایە لەو بڕیارەدا، بۆ نمونە شەڕی پیروز یان سەلیبی لەم جۆرەن، بەڵام لەو بوارەش‌دا بەرژەوەندی کەسێتی ڕۆڵی هەیە. ئەخلاق‌گرایی زۆر جار بەرگێکە بۆ داپۆشینی بەدەستهێنانی خاک، سەرچاوە، و هێزی زیاتر. لەماوەی شەڕی جیهانی دووهەم‌دا یەکێتی سوڤییەت بوو بە هاوپەیمانێکی باشی ئەمریکا و نەخشی سەرەکی لە شکاندنی هیتلێر گێڕا، بەڵام دوای شەڕ لەگەڵ ئەمریکا بوونە دوژمنی باب‌کوشتەی یەکتر، چونکە ئەمریکا گۆڕابوو، هیچی دیکە بیری لە بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سوڤییەت نەدەکردەوە و تەنیا بەرژەوەندی خۆی لەبەرچاو بوو.

ئەو شەڕانەی کە بە ئامانجی بەرژەوەندی شەخسی دەست پێ دەکەن، دەگەڵ دابین‌بوونی بەرژەوەندی لایەنی سەرکەوتوو کۆتایی دێت. شەڕەکانی ئەخلاقی زۆربەیان درێژتر و زیانی گیانیان زیاترە: ئەگەر دوژمن وەک شەیتان ببینن دەبێ پێش تەواوبوونی شەڕ بە تەواوی بۆ هەمیشە لەبەینی بەرن، هەروەها شەڕی ئەخلاقی هەیەجاناتی کۆنترۆڵ‌نەکراو بەدوای خۆی دا دێنێ. کەمپینی ئەخلاقی مارتین لۆتێر دژی ڕۆم بە جۆرێک ڕقێکی قووڵی دروست کرد کە دوای هێرشی قشوونی چارلێزی پێنجەم لە ساڵێ ١٥٢٧ بۆ شاری پیروز، سەربازانی ئاڵمانی تووڕەیی‌یەکی شەش مانگەیان بە کلیسا و بەرپرسان نیشان دا دەستیان بەبێ ڕوحمێکی وا کرد کە بە نێوی "تاڵانی ڕۆم" ناوبانگی دەرکرد.[١]

لە ژیانیش‌دا وەک شەڕ کاتێک لەگەڵ کەسێک یان گرووپێکی دیکەدا تووشی ململانێ دەبن شتێك هەیە شەڕی بۆ دەکەن کە هەردوو لایەنی شەڕ داوای دەکەن. ئەو شتە هاوبەشە لەوانەیە پووڵ، هێز یان پێگەیەک بێت. بەرژەوەندی ئێوە لە مەترسیدایە و بۆ بەرگریکردن پێویست ناکا هەست بە گوناح بکەن، ململانێیەکی لەو شێوەیە بە گشتی زیانی زۆری نییە و زۆربەی خەڵک لانی کەم بە شێوەیەکی پراگماتیک ڕەفتار دەکەن و مەیلیان هەیە زووتر کۆتایی بە شەڕەکە بێنن، بەڵام ئەو کەسانەی کە بە هۆکاری ئەخلاقی شەڕ دەکەن دەتوانن زۆر مەترسیدار بن. ئەوان تینووی دەسەڵاتن و ئەخلاق بۆ پاساوی کارە بۆگەنەکانیان بەکار دێنن. ئەوان بە تاسە و تەماحی شاراوە دەور دراون و زیاتر بیر لە بەرژەوەندی شەخسی دەکەنەوە. تەنانەت ئەگەر شکستیان بدەن یان لانیکەم بە

١. خراپە و ئاژاوەگێڕی نێوی پاکی و بێگەردییان گرتووە و سەرکەوتوو بوون و ئەوەش کاتێکە کە هەموو کارە خراپەکان بۆ قازانجی شەخسییە. توماس هابز. ١٥٨٨- ١٦٧٩

سەرکەوتوویی بەرگری لە خۆتان بکەن، خۆپارێزی باشترین شێوەی ئازایەتییە. تا دەتوانن خۆتان لە شەڕی ئەخلاقی بەدوور بگرە، چونکە بایەخی کات و ئەو هەستە پیسانەیان نیە کە دواتر دەیان جووڵێنن.

**بیهێنە بەرچاوت:** میکرۆبەکان. کاتێک دەچنە نێو جەستە و هێرشی بۆ دەکەن بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە، زۆرجار هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی ئەوان بەهێزتر دەکا و خاشەبڕکردنیان سەختر دەبێ. باشترین بەرگری ئەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە ڕێگری بکەی و خۆت لە بەرامبەر هەر هێرشێکی ئەگەری تەیار بکەی و لەبەرامبەر ئورگانیسمێکی ئەوتۆ پێویستە وەڵامی ئاگر بە ئاگر بدرێتەوە.

تۆبی فو تان، سەرنجە نافەرمیەکانی پرۆفیسۆرێک لەبارەی شەڕ، لە سەدەی ١٦ی زایینی دەڵێ: *"ئەوەری شەڕ بێجگە لە ناوێک و چەکداربوون هیچی دیکە نییە. ناوێکی بڕوا پێکراو بۆ خۆت دروست بکە و ناوێکی خراپ لە دوژمن بنێ. ئیدیعای لێهاتوویی و دادپەروەری خۆت بکە و نادادپەروەری و ناکارامەیی دوژمن ئاشکرا بکە. ئێستا سوپای ئێوە بە دوو بەرابەر خێراتر پێشڕەوی دەکا و ئاسمان و زەوی دەهەژێنێ."*

## حاڵەتی دەگمەن

هێرشی ئەخلاقی مەترسییەکی گەورە و شاراوەی هەیە. ئەگەر خەڵک بتوانن پێش‌بینی ئەوە بکەن کە تۆ چی دەکەی ئەوە هەڵوێستی مافخوازی تۆ ئەوان ئازار دەدا و لێت بێزار دەبن. تا ئەو کاتەی ڕووبەڕووی دوژمنێکی قیناوی و بەدسروشت نەبوویتەوە، باشتر وایە بە وریاییەوە ئەو ستراتیژییە بەکار بێنی. شەڕی ئەخلاقی کەڵکی عەوامانە و ڕەمەکییانەی هەیە و دەبێ هەموو ساتێک کاریگەرییەکەی هەڵسەنگێنی و بەپێی ئەو کاریگەرییە فتیلەی شەڕەکە هەڵکێش و داکێش بکەی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی بیست‌وشەشەم:
# هیچ ئامانجێک ڕووبەڕووی دژمن دامەنێن.
# ستراتیژیی پووچەڵ کردنەوە

هەست بە بەتاڵایی یا پووچی کردن، تەنیایی و تەریکبوون، بێدەنگی و شەڕ نەکردن لەگەڵ خەڵکی دیکە بۆ زۆرێک لە مرۆڤەکان تاقەت پڕووکێن و بەدەر لە تەحەممولە. ئەم ترسە وەک لاوازی مرۆڤ، زەوییەکی بەپیتە بۆ بەرهەمهێنانی ستراتیژییەکی بەهێز. هیچ ئامانجێک مەخەنە بەردەست دوژمنەکانتانەوە، مەترسیدار بن و لە هەمان کاتدا نامۆ و ناڕوون بن، بزانن ئەوان چۆن وەدووتان دەکەون و سەر لە هەڵدێری پووچی دەردێنن. لەجیات شەڕی ڕاستەوخۆ، لە پشتەوە هێرشی پڕئازار و ڕووخێنەر بکەن. مخالیفانی ئێوە کە لە بێتوانایی خۆیان لە بەکارهێنانی هێز لە دژی چالاکییەکان ئێوە ماندوو بوون، هەر ساتێک زیاتر لە جاران ئازار دەکێشن. شەڕی چریکی بکەنە بەشێک لە ئامانجی گەورەی سیاسی (شەڕکردن بۆ خەڵک) تا ببێتە شۆڕشێکی بێ بەرگری.

**فێڵێکی پووچ**

ساڵی ١٨٠٧ ناپلیۆن بناپارتی فەڕانسە و سزار ئەلکساندەری یەکەمی ڕووسیە پەیمانی ئاشتییان واژۆ کرد و دوو زلهێزی نیزامیی گەورە یەکیان گرت، بەڵام ئەو پەیماننامەیە لە دەرباری ڕووسیەدا نابەدڵ بوو، چونکە بێجگە لە شتەکانی دیکە، ڕێگەی بە ناپلیۆن دەدا کە ئازادانە کۆنترۆڵی لەهستان بکا کە بە حەوشەی چۆلی ڕووسیە دادەنرا، بەگزادەکانی ڕووسیە فشاریان بۆ سزار هێنا بۆ ئەوەی ئەو پەیماننامەیە هەڵ بوەشێنێتەوە. زۆری نەخایاند ئەلکساندەر دەستی بۆ کارێک برد کە دەیزانی دڵی فەڕانسە دەڕەنجێنێ. لە مانگی ئاگوستی [گەلاوێژی] ساڵی ١٨١١ کە ناپلیۆن بە ڕادەی پێویست سەبری کردبوو، هەستی کرد کاتی ئەوە هاتووە وانەیەکی جیددی فێری ڕووسیە بکا. ئەو دەستی بە کێشانی گەڵاڵەی هێرش بۆ ڕووسیە کرد. داگیرکردنی ئەو خاک و زەوییە فراوانەی ڕۆژهەڵات، ناپلیۆنی دەکردە گەورەترین ئیمپراتۆری مێژوو.

هێندیک لە وەزیرەکانی ناپلیۆن مەترسی هێرش‌کردن بۆ سەر وڵاتێکی ئاوا گەورەیان بیری خستەوە. بەڵام ئەو زۆر دڵنیا بوو کە سوپای ڕووسیە نارێک و ئەفسەرانی بە یەکەوە کێشەیان هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووسیە دوو هێزی لە لیتوانی جێگیر کرد تاکوو بەری هەر جۆرە هێرشیک لە ڕۆژاوا بگرێ، بەڵام زانیاری لەسەر ئامادەنەبوونی ئەو دوو هێزە ئاشکرا بوو. ناپلیۆن دەیتوانی بۆ پێگەی ناوەندی ئەو دوو هێزە هێرش بکا و ئەوان بە تەواوی شکست بدا. ئەو دڵنیا بوو بە جووڵاندنی سوپایەک کە سێ بەرابەری ئەو سوپایانە بوو کە تا ئەو کاتە کۆنترۆڵی دەکردن، سەرکەوتوو دەبێ. ٦٥٠ هەزار کەس بۆ ڕووسیە دەنێرێ، یانی ٤٥٠ هەزار کەس وەک بەشێک لە هێزی سەرەکی بۆ هێرش کردن و ئەوانی دیکە واتە ٢٠٠ هەزار کەس بۆ دابین‌کردنی هێڵی پەیوەندی و مەوادی خواردن کەلوپەلی دیکە جێگیر دەکرد. ناپلیۆن بە سوپایەکی لەو ڕادەیە دەیتوانی بەسەر ناوچەیەکی گەورەی ڕووسیەدا زاڵ بێ و دوژمنی لاوازی خۆی بە مانۆڕی ژیرانە و ئاگری بەهێز سەرکوت بکا.

ڕەنگە ناپلیۆن بە سەرکەوتن گەشبین بووبێ، بەڵام بێ بیرکردنەوە نەبوو، کە بیر لەو گرفتانە نەکاتەوە. وەک هەمیشە لە هەموو گۆشەنیگایەکەوە هەلومەرجەکەی هەڵدەسەنگاند و دەکۆڵییەوە. بۆ نموونە دەیزانی کە بارودۆخی ڕێگاوبانەکانی ڕووسیە زۆر خراپە و دابینکردنی خۆراکی ناوخۆیی لاوازە، و کەش و هەوا لە ڕادەبەدەر گەرم و سارد دەبێ و مەودای دوور، گەمارۆدانی دوژمن دژوارتر دەکا. ناوبراو لەبارەی هێرشە سەرنەکەوتووەکەی کارێلی دوازدەهەمین پادشای سوئێد بۆ سەر ڕووسیە لە ساڵی ١٧٠٩ خوێندبوویەوە و پێش‌بینی ئەوەی کردبوو کە ڕەنگە ڕووسەکان بۆ سیاسەتی زەوی سووتاو بگەڕێنەوە. (مەبەست لە زەوی سووتاو، یانی خۆیان هەموو شتێک نابوود بکەن تا سوپای فەڕانسە هیچی دەست نەکوێت.) سوپاکەی دەبوو تا ئەو جێگایەی ئیمکانی هەبوو لە باری بژێوی خۆبژێو و سەربەخۆ بێ. چونکە مەودای پەرەپێدانی هێڵەکانی دابینکردنی ئورووپا زۆر گەورە بوو. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ڕادەی سوپاکە، خۆبژێوی پێویستی بە بەرنامەڕێژی و سازماندەهی ورد بوو.

ناپلیۆن بۆ ئەوەی پێداویستەکانی خواردنی سوپاکەی دابین بکا هێندیک ئەنباری لە نزیک وڵاتی ڕووسیە بوو، کە پڕ لە گەنم و برینج بوو. هەروەها دیزانی کە زۆر محاڵە بۆ ١٥٠ هەزار ئەسپی سوپاکەی گژوگیا دابین بکا و پاش ماوەیەک بیرکردنەوە بڕیاری دا تا مانگی ژوئیە [پووشپەڕ] ڕاوەستێ تا دەشتەکانی ڕووسیە سەوز بن و دواتر هێرش دەست پێ بکا، بەڵام لە دواساتەکاندا پێی زانی تێعدادی ئاشەکانی ڕووسیە بۆ ئەوەی گەنمەکانیان بکەن بە ئارد زۆر کەم بوو، کەوابوو بە لیستی پێداویستەکانی خۆی کەرەستەی پێویست بۆ دروستکردنی ئاش بە درێژایی ڕێگا زیاد کرد. ئەو دوای لەبەرچاوکردنی ڕێگا چارەی تەواوی کێشەکان و بوونی ستراتیژی کە باش کێشرابووەوە بە وەزیرەکانی گوت، کە پێشبینی دەکا کە لە ماوەی سێ حەوتوو سەرکەوتنی تەواو بەدەست دێنێ. لە ڕابردوودا هەموو پێش‌بینییەکانی ناپلیۆن ورد و دەقیق بوون.

ژوئیەی [گەلاوێژی] ١٨١٢ ناوگانێکی گەورە پڕلە هێز چوونە خاکی ڕووسیە. ناپلیۆن هەمیشە بۆ ڕووداوی چاوەڕوان‌نەکراو پلانی هەبوو، بەڵام ئەمجارە کێشە و گیروگرفتەکان یەک لەدوای یەک کەڵەکە دەبوون، باران، جادەی ناخۆش و گرمای بەتینی هاوین کە جووڵەی سوپای زۆر هێواش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردبووەوە. لەماوەیەکی کەمدا دە هەزار ئەسپ بە هۆی خواردنی گژوگیای خراپ و ڕزیو تۆپین. خواردنی پێویست لە کاتی خۆی بە قشوونی پێشەوە نەدەگەیشت و بەناچاری بۆ دابین‌کردنی خۆراک لە هاتووچۆ دابوو، وەرزێرانی ڕووسیە هاوکاریان نەدەکرد و بە هیچ نرخێک خواردنیان پێ نەدەفرۆشتن و دانەوێڵە و خەلەوخەرمانی خۆیان سووتاند بۆ ئەوەی سەربازانی فەڕانسەوی هیچ شتێک بۆ خواردن پەیدا نەکەن. ئەسپەکان ناچار بوون بە هۆی برسیەتی زۆر گژوگیای سەربانەکان بخۆن و سەربانەکان بە سەریان دا دەڕووخا و چەندین ئەسپی دیکەیان لەنێو بچێ. لەلایەکی دیکە دوو هێزی ڕووسیە لە لیتوانی خێراتر لە پێش‌بینی ناپلیۆن پاشەکشەیان کرد و لە کاتی کشانەوە هەرچی بەروبومی سەر ڕێگایان بوو ئاگریان دا و ئەوانەی کۆ کرابوونەوە لەئەنبارەکان شاردیانەوە. ئیسهالی خوێن لە نێو سەربازەکانی ناپلیۆن بە خیرای پەرەی دەستاند و ڕۆژێ نزیک بە نۆسەد کەس گیانی لەدەست دەدا.

بۆ ئەوەی ناپلیۆن بتوانێ لانیکەم دەستی بە بەشێک لە دوژمنی زیرەکی خۆی بگا و لەنێوی ببات، هاندرا زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵات بچێ. لە هێندێک شوێن لە دوو سوپای فەڕانسەوی نزیک‌تر دەبووەوە، بەڵام سەربازە ماندووەکانی و ئەسپەکانی توانای خێرایی ڕۆیشتنیان نەبوو و نەیانتوانی ئەو دوو سوپایە گەمارۆ بدەن و بە ئاسانی لە تەڵەی ناپلیۆن ڕزگاریان بوون. مانگی ژوئن تێپەڕی و مانگی ژوئیە [گلاوێژ] گەیشت، ئێستا ڕوون بوو کە ڕووسەکان دەتوانن لە ناوچەی "ئیسمۆلێنسک" بە یەک بگەن. ئەو ناوچەیە ٣٠٠ کیلومیتر زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ئەو شوێنە دوورە کە ناپلیۆن نیازی شەڕی بوو و تەنیا ٤٠٠ کیلومیتر لە مسکۆوە دوور بوو. ناپلیۆن بە ناچاری لەشوێنێک بوەستێ و پێداچوونەوە بە گەڵاڵەکەی‌دا بکات.

هەزاران سەربازی فەڕانسەوی بێ ئەوەی کە لە شەڕێک دا بەشداری بکەن تەنیا بە هۆی نەخۆشی و برسێتی گیانیان لەدەست دا. سوپا بە درێژای ٧٥٠ کیلومیتر بڵاو بوەوە و سوارەکانی قشوونی چووکەی "کازاکها"[١] بەردەوام هێرشیان دەکرد. ترسی مردن و هێرشی خوێناوی هێزەکان دەستی بەسەردا گرتبوون. ناپلیۆن نەیتوانی ڕێگە بدات ئەو بە دواداچوونە زیاتر بخایەنێ. ناپلیۆن هێزەکانی بەرەو ئیسمۆلێنسک ڕەوانە کرد تا لەوێ شەڕێکی چارەنووسساز بکا. ئیسمۆلێنسک شارێکی پیرۆز بوو و بۆ خەڵکی ڕووسیە گرنگییەکی زۆری عاتفی و ئێحساسی هەبوو. بە دڵنیاییەوە ڕووسەکان ڕێگەیان نەدەدا ئەو شارە وێران بکرێ و بە هەموو تواناییاناوە بەرگرییان لێ دەکرد. دەیزانی ئەگەر بتوانێ ڕووبەڕووی ڕووسەکان ببێتەوە، ئەو سەردەکەوێ.[٢]

---

١. کازاک‌ها، قەومێکی ڕەگەزی سپی پێستن و بە ڕەچەڵەک سلاواکین، کە شوێنی نیشتەجێبوونیان ئۆکراین ئێستا و باشووری ڕۆژاوای ڕووسیە، بەتایبەتی دەشتی ڕووباری دۆن بوو. و.

٢. بێجگە لە بەفیڕۆدانی بەشێکی هەمیشە لە زیادبوونی هێزی ئینسانی فەڕانسە، تاکتیکی ژیرانەی ڕووسیە بەشدارییان لە ماندووبوونی دەروونی و هەروەها جەستەیی هێزەکانی ناپلیوندا کرد. هێرشەکانی لەلایەن گرووپە بچووکەکانی "کازاکەکانەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەم پێیە فەڕانسەوییەکان بەرەو لای ئیسمۆلێنسک و لە نێوەڕاستی مانگی ئاگوست [گەلاوێژ] گەیشتنە ئەو شارە. ئێستا هێزی هێرشکەر کە ٤٥٠ هەزار کەس بوو ١٥٠ هەزاری لێ مابووەوە کە بە هۆی گەرمای زۆر بڕستیان لێ برابوو. سەرەنجام هەر وەک ناپلیۆن پێش‌بینی کردبوو ڕووسەکان لەوێ پێگەیان دامەزراند، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم، واتە چەند ڕۆژ شەڕکردن پاشەکشەیان کرد و لەدوای خۆیان شارێکی سووتاو و وێرانیان بەجێ‌هێشت و هیچ شتێکی خواردن نە بۆ سەربازەکانی ناپلیۆن نە بۆ ئەسپەکانی دەست نەدەکەوت. ناوبراو نەیدەتوانی خەڵکی ڕووسیە دەرک بکا وەک ئەوەی ئەوان دەستیان بە خۆکوشتن کردبێ، ئامادە بوون وڵاتەکەیان وێران بکەن بەڵام تەسلیم نەبن.

ئێستا ئەو دەبوو بڕیار بدا بەرەو لای مسکۆ لەشکرکێشی بکا یان نا. ڕەنگە کاری عاقلانە ئەوە بێ تا گەیشتنی زستان لەوێ بمێنێتەوە بەڵام ئەوە یارمەتی سزاری دەدا کە سوپایەکی گەورەتر دروست بکا کە ئەوکاتە سەرکەوتن بە سوپایەکی ماندوو بۆ ناپلیۆن سەخت‌تر دەبوو. ئیمپراتۆری فەڕانسە دڵنیا بوو کە سزار لە مسکۆ بەرگری دەکا، چونکە مسکۆ ڕوح و گیانی ڕووسیە بوو، ئەگەر مسکۆ داگیر کردبوایە ئەلکساندەر ناچار بوو بۆ ئاشتی هەوڵ بدا، کەوایە ناپلیۆن قشوونی کز و لاوازی خۆی زیاتر بۆ لای ڕۆژهەڵات برد.

سەرەنجام ڕووسەکان لە شەڕێکی ڕاستەخۆ ڕووبەڕووی فەڕانسە بوونەوە و لە ٧ی سپتامبر [١٧ی خەرمانان] هەردوو سوپا لە نزیک ئاوایی "بورودینۆ" لە مەودای ١١٠ کیلومیتری مسکۆ تێکهەڵچوون دەستی پێکرد. ناپلیۆن وەک هەمیشە هێزی بەڕادەی پێویست بۆ مانۆڕی ژیرانە نەبوو کەوابوو ناچار بوو ڕاستەخۆ لەگەڵ دوژمن شەڕ بکا. ڕووسەکان زۆر بە جیددی شەڕیان دەکرد لەهەموو ئەو سوپایانە خۆڕاگرتر بوون کە تا ئەو ڕۆژە ناپلیۆن شەڕی لەگەڵ کردبوون. سەرەڕای ئەوە پاش چەند سەعات شەڕی بێ‌بەزییانە ڕووسەکان دیسان پاشەکشەیان کرد بەمجۆرە ڕێگا بۆ مسکۆ کرایەوە، بەڵام سوپای ڕووسیە ساغ و بەهێز بوو و هێزەکانی فەڕانسە زیانێکی زۆریان وێکەوتبوو.

دوای حەوت ڕۆژ سوپای ناپلیۆن کە ئێستا ژمارەیان سەد هەزار کەسە، بەبێ بەرگری هەوڵیدا بچنە نێو شاری مسکۆ. مارشاڵێکی فەڕانسەوی بۆ هاوسەرەکەی نووسیویەتی "*خۆشی ئیمپراتۆر وەسف ناکرێ، پێی وایە ڕووسەکان بۆ ئاشتی دەپاڕێنەوە و ئەو کەسێکە کە ڕووخساری جیهان دەگۆڕێ.*" چەند ساڵ لەوەپێش کاتێک ناپلیۆن لەشکرکێشی بۆ سەر ڤییەن و بەرلین کرد، خەڵکی ئەو وڵاتانە بە

---

بەردەوام بوون و زۆر زیاتر لەو مەترسییە نیزامییە، کە کاریگەرییەکی خراپیان لەسەر ڕوحیەی سەربازی فەڕانسەوی هەبوو. سوپای فەڕانسە بووە گرووپێکی عەسەبی و خەریک بوو بتەقێتەوە. "کاپیتان "ڕۆئدێر" لە یاداشتەکانی‌دا بەو شێوەیە ئاماژەی پێکردووە. "سەربازانی هێسییەکان لە ١٧ی ئاگوست [گەلاوێژ] لەبەردەم بارەگای ئیمپراتۆر لە "ویتبێسک" کۆ بوونەوە بۆ نمایشکردن، لەناکاو هەموو شتێک بەشێوەیەکی گاڵتەجاری شێوا، چونکە چەند کازاکێک بینرابوون، کە کەرەستەی ڕاویان پێ بوو. هەموو هێزەکانی پادگان لە جێگای خۆیان دەرپەڕێن کاتێک نیزامەکەیان تێک چوو، دەرکەوت کە تەنیا چەند کازاکییەک کە خۆیان لەملا و ئەولادا دەجووڵاندەوە. بەم شێوەیە توانیان هەموو گوردان نزیکەی ١٤ ڕۆژ بەخۆیانەوە سەرقاڵ بکەن بەبێ ئەوەی یەک نەفەر لەدەست بدا". لشکرکشی‌های ناپلئون، دیوید. جی. چاندلر، ١٩٦٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قارەمانێکی سەرکەوتوویان دەزانی و بە ئاسانی دەرگای شارەکانیان بۆ کردەوە، بەڵام مسکۆ چۆڵ و هۆڵ بوو: نە هاووڵاتی، نە خواردن. ئاگرێکی گەورە و ترسناک بە خێرایی لە هەموو شوێنێک بڵاو بووەوە و ماوەی پێنج ڕۆژی پێچوو هەتا کووژایەوە. هەموو شێری ئاوەکان هەڵگیرابوون و ئەوەش تێکدانێکی بە ئەنقەست بوو بۆ ئەوەی موسکۆ زیاتر دوژمنایەتی پێشان بدا.

ناپلیۆن چەندین نامەی بە پێشنیاری ئاشتی و بە نێوەڕۆکێکی دەسباوانە بۆ سزار نارد. سەرەتا وا دیار بوو ڕووسەکان مەیلی وتووێژیان هەیە، بەڵام چەند هەفتەیەک تێپەڕی و دواجار ئەوە ڕوون بووەوە کە هەوڵی کڕینی کات دەدەن بۆ نۆژەنکردنەوەی سوپا و تا زستان نزیک دەبێتەوە.

ناپلیۆن چی دیکە نەیدەتوانی مەترسی دروست بکا و تەنانەت یەک ڕۆژی دیکە لەمسکۆ بمێنێتەوە، پێی وابوو ڕووسەکان بە زووترین کات هێرش دەکەن و هێزی لاوازی ئەو گەمارۆ دەدەن. ڕۆژی ١٩ی ئۆکتبر [٢٨ی ڕەزبەر] پاش‌ماوەی سوپای خۆی لە پایتەختی ڕووسیە بردە دەرەوە و نیازی بوو بە زووترین‌کات خۆی بە ئیسمۆلێنسک بگەیەنێ. ئێستا گرووپێ "کازاک" کە لە جادەی ڕۆژهەڵات لەهێزەکانی ناپلیون‌یان دەدا ژمارەیان بووە هێزێکی چریکی ٥٠٠ کەسی و هەر ڕۆژێ ژمارەیەکیان لە سەربازانی فەڕانسەوی دەکوشت. سەربازانی فەڕانسەوی کە ترسی بەردەوامیان ئەزموون دەکرد بە دەگمەن خەویان لێ دەکەوت، هەزاران نەفەر بەهۆی ماندوویەتی و برسیەتی بێ‌هۆش دەبوون. ناپلیۆن ناچار بوو سەربازەکانی لە مەزرای مۆتەکەی ئاسای وەک "برۆدینۆ" تێپەڕێنێ کە هەموو پڕ لە تەرمی هێزی فەڕانسە بوون کە نیوەی جنازەکان گورگ لەت‌وپەتی کردبوون. بەفر دەستی بە بارین کرد و زستانی ڕووسیە گەیشت و بەرۆکی پێ گرتن و ئەسپەکانی فەڕانسەوی لەسەرما و بە هۆی بێ‌تفاقییەوە مردن، ئاخرین سەرباز دەبوو بە پێڕەو بە نێو بەفر دا بڕوا و تێپەڕن، سەرەنجام بە زۆر ٤٠ هەزار سەرباز خۆیان گەیاندە ئیسمۆلێنسک.

سەرما ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خراپ‌تر و سەخت‌تر دەبوو، هیچ کاتێک بۆ دوا کەوتن لە ئیسمولێنسک نەمابوو، ناپلیۆن توانی بە چند مانۆڕی سەخت، قشوونی لەڕووباری "برزینا" تێپەڕێنێ و هێلێکی ڕوونی دیاری کرد کە بەرەو ڕۆژاوا بکشێتەوە، پاشان سەرەتای مانگی نوامبر [سەرماوەز] بە کودەتایەکی شکست‌خواردووی فەڕانسەی زانی و سوپاکەی بەجێ‌هێشت و بەرە پاریس گەڕایەوە. لە ٤٥٠ هەزار سەربازی کە هێرشی کردبوو نزیک ٢٥ هەزار کەس توانیان بە دواوە بگەڕێنەوە و تێعدادێکی کەم لە هێزەکانی سوپاکەی گیانی خۆیان ڕزگار کرد. ناپلیۆن بە شێوەیەکی موعجیزەیی لە شەڕی ڕووسیە ڕزگاری بوو، بەڵام هەرگیز نەیتوانی قەرەبووی زیانەکانی هێزی ئینسانی و ئەسپەکان بکاتەوە. ڕووسیە لە ڕاستیدا بوو بە گۆڕستانی سوپای ناپلیۆن.

### لێکدانەوە

ئەو سەردەمەی ناپلیۆن هێرشی بۆ ڕووسیە کرد سزار ئەلکساندەری یەکەم ئەوی پێشتر چەندین جار چاوی پێ کەوتبوو و بە باشی دەیناسی. ئەلکساندەر دەیزانی کە پیاوێکی شەڕەنگێز و عاشقی شەڕە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنانەت ئەگەر هەموو شتێک دژی ئەو بێ دیسان شوروشەوقی شەڕ لەدەست نادا. ئەو شەڕەکانی وەک شانس بۆ بلیمەتی خۆی دەدیت. ئەلکساندەر دەیتوانی بە خۆپاراستن لە شەڕ ناپلیۆن ماندوو بکا و ئەو بەرەو گێژاوێکی پووچ هان بدا: زەوییە بەرفراوانەکانی بێخۆاردن و گژوگیا، شارە چۆڵەکان، زستانی پشتشکێن و کەشوهەوای ترسناکی ڕووسیە دەیتوانی تەواوی نبووغی ناپلیۆن تێک بشکێنن. نەتوانینی ناپلیۆن لە هەڵسەنگاندنی دروستی دوژمن، ئەوی زۆر ئازار دا. چەند کیلومیتر زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵات و شەڕێکی سەخت، وانەیەکی باش بوو کە ئەلکساندەر فێری ناپلیۆنی کرد. ئێستا ئیدی ورووژاندن، تووڕەیی، بێزاری، سەرلێشێواوی، توانایی بیرکردنەوەی لێ ئەستاندبووەوە و تووشی شکستی کرد بۆ نموونە ئەو چۆن دەیتوانی بگاتە ئەو بڕوایە کە بە گرتنی مسکۆ سزار ناچار دەکا خۆی تەسلیم بکات؟ سوپای ئەلکساندەر بە سڵامەتی و سەرحاڵ مایەوە، بەڵام سوپای فەڕانسە زیانێکی گەورەی وێکەوت و لاواز بوو، زستانیش هاتبوو. مێشکی ناپلیۆن سەرقاڵی مەوقعییەتێکی بەتاڵ بوو. ئەو کەوتبووە نێو چاڵێکی قووڵەوە و هەر ساتێک زیاتر ڕێگای لێ گوم دەبوو.

ستراتیژیی ئەلکساندەر کاریگەری لەسەر سەربازەکانیش هەبوو کە ڕوحیەی شەڕکەرانە و نەزمی ئەوانی شێواند. سەربازێک دەتوانێ بەرگەی هەر شتێک بگرێ بێجگە لە چاوەڕوانی شەڕێک کە هەرگیز ڕوو نادا. ئەم گرژییە هەمیشە لەگەڵیدایە و تەنانەت بۆ ساتێکیش ڕێگای نادا ئارام و پشوو بدات. فەڕانسوییەکان لەبری ئەوەی بەشداری شەڕێکی گەورە بکەن ڕووبەڕووی هێرشی بچووکی بێکۆتایی بوونەوە کە دەسپێکی هەرگیز ڕوون نەبووە و هەڕەشەیەکی بەردەوام کە وردە وردە گۆڕا بۆ ترس و خۆف و دڵەڕاوکێ. هەزاران سەرباز نەخۆش کەوتن و زۆربەی سەربازانی کە ساغ و سەری حاڵ بوون بە سانایی ئیرادەی شەڕکردنیان لەدەست دا.

سرشت و زاتی مرۆڤ بەرگەی هیچ سەرلێشیواوی و پووچییەک ناگرێ. ئێمە ڕقمان لە بێدەنگییە و خۆمان لە بێکاری درێژخایەن و تەنیایی بە دوور دەگرین. دەبێ فەزا و شوێنی بەتاڵ پڕ بکەینەوە. ئەگەر بیانوویەک بە لایەنی بەرامبەر بۆ زەربەلێدان نەدەی و تا دەتوانی نەبینراو و دەستنەکەوتوو بن، ئەوە دەستت لەسەر خاڵی لاواز داناوە. کەسێک کە کاری سەربازی بێ لە غیابی شەڕ و هەر جۆرە تێفکرینێک، تورە دەبن و وەک شێتێک پێوشوێنت دەکەون و بەم شێوەیەش هەموو پلاندانان و بیرکردنەوەی ستراتیژی خۆیان لە دەست دەدەن. ئەوە ڕەهەندی خۆدزینەوە و زیرەکییە، جیا لەوەی کە ڕەقیب یا مخالیف چەندە بەهێزە یان لاواز بێ، کۆنترۆڵی دینامیزمی ئەو بەدەستەوە دەگرن.

هەر چەندی دوژمن گەورەتر بێ ئەو ستراتیژییە باشتر کار دەکات: ئەوەی هەوڵی گەیشتن بۆ تۆ دەدات ئامانجی دوور و پێشبینینەکراو دەخاتە بەرامبەرتان تا هێرشی بۆ بکەن. لەو هەلومەرجەدا دەبێ گێژاوی دەروونی زۆری بۆ دروست بکەن و دەبێ هێرشی خۆتان بچووک، بێوچان و هەمێشە بەردەوام بێ و هەیەجان و تورەیی دوژمن بورووژێنن تا زیاتر پەلامارتان بدا. بە بەڵێنی بەتاڵی وتوویژ، قسەکردنی کە ڕێی بە جێگایەک نابا و کات بەسەربردن بەبێ شکست یا سەرکەوتن، بەستێنی پووچی

کامڵ بکە و ڕەقیب بیگەیەنە بە لووتکەی ماندوویەتی. لە جیهانێکدا کە هەموو شتێک بە خێرایی دەڕوات، ئەو ستراتیژییە کاریگەری ئیفلیجکەری لە سەر عەسەب و دەمارەکانی مرۆڤ دادەنێ. هەرچەندی کەمتر بتوانن زەربە لێ بدەن، سەختر لێک بڵاو دەبن.

تی. بی. لۆرێنس، لە کتێبی حەوت کۆڵەکەی حیکمەت (١٩٢٦) دەڵێ: *"زۆربەی شەڕەکان شەڕی پەیوەندین، هەر دوولا هەوڵدەدەن پێوەندییەکانیان بپارێزن. شەڕی عەرەب هەمیشە شەڕی دابڕان و پچڕانی پەیوەندییە. عەرەبەکان بە هەڕەشەی بێدەنگی، دوژمن لە بیابانێکی قاقڕ، بەربڵاو و نادیاردا گیر دەدەن و تا کاتی هێرشکردن خۆیان نیشان نادەن. ئەو تیۆرییە گۆڕاوە بۆ خوویەکی نەست و ئەو خووە پێمان دەڵێ تا دوا سات لە گەڵ دوژمن دەرگیر مەبن. ئەوەش واتە هەرگیز بە سەربازی دوژمن ئامانجێک نیشان مەدە کە هێرشت بۆ بکا."*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

شەڕی سازماندەهیکراو لە هەموو شێوە بێ سنوورەکانییەوە، لە سەرەتاییەوە بۆ مۆدێرن و ئاسیایی تا ڕۆژاوای بە درێژایی سەدەکان هەمیشە لە لۆژیکێکی تایبەت و دیاریکراو سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، ئەوەندە گشتگیر و باو و ئاساییە کە پێ دەچێ بەم پرۆسەیە گرێدراو بێ. ئەو لۆژیکە بەم شێوەیە: ڕێبەرێک بڕیار دەدا وڵاتەکەی بچێتە نێو شەڕ و سوپایەک بۆ ئەو مەبەستە ئامادە دەکا. ئامانجی ئەو سوپا بریتییە لە شەڕێکی چارەنووسسازدا چاوی بە دوژمن بکەوێ و شکستی بدا لە کاتی ئەو سەرکەوتنەشدا وای لێ بکا تەسلیم بێت و مەرجەکانی ئاشتی کە ئەو دیاری دەکا، قەبووڵ بکات. ئەو ستراتیژیستەی کە ئەو کەمپینە ڕێنوێنی دەکا دەبێ پەیوەندی بە مەیدانێکی دیاریکراوە هەبێ، ئەویش دیمەنی شەڕە. ئەم مەیدانە زۆرجار سنووردارە و مانۆڕلێدان لە فەزای کراوە و فراواندا ئەگەری کۆتاییهێنان بە شەڕەکە ئاڵۆزتر دەکا. ئەو ستراتیژیستە دەبێ بە بیرکردنەوە سوپای خۆی بە شێوەیەک بەرێتە نێو شەڕەوە کە دوژمن خافڵگیر بکا یان لە تەنگانە و تەنگژەی بخا. دوژمن یان لە گۆشەوە یان لە پێشەوە و دواوە هێرشی بۆ دەکرێ، یان لەداوێنی کێو و لەسەر تەپۆڵکەکان شەڕ دەست پێبکا. ئەو ستراتیژیستە بۆ ئەوەی هێزەکانی بەهێز ڕاگرێ و زەربەیەکی مەرگهێنەر و گورزێکی باش لە جەستەی دوژمن بدا سوپاکەی بە چڕی و لە نزیک یەک دەهێڵێتەوە و بڵاوەیان پێ ناکا. کاتێک شەڕ دەستی پێکرد سوپا بە شێوەیەکی سروشتی لایەنەکان و پشتی خۆی بە هێز دەکا بۆ ئەوەی خۆی لە گەمارۆدان بپارێزێ، هەڵبەتە هێڵەکانی پێوەندی و دابینکردنی خۆراکیش پێویستە. کۆتایی هێنان بە شەڕێک ڕەنگە پێویستی بە چەندین شەڕ هەبێ، چونکە هەر دوو لایەنی شەڕ هەوڵ دەدەن دەست بەسەر پێگەی سەرەکیدا بگرن و بتوانن بەسەر گۆڕەپانی شەڕدا زاڵ بن، بەڵام ڕێبەرانی نیزامی دەبێ هەوڵ بدەن بە خێرایی کۆتایی بە شەڕەکە بێنن، ئەگەر شەڕەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێ سەرچاوەکانی سوپا تەواو دەبن و سەربازەکان توانای شەرکردنیان نامێنێ و ڕوحیە سەربازەکانیش زەعیف دەبن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک هەر ڕەفتارێکی مرۆیی، ڕەهەندی ئەرێنی و ڕێکوپێکی ئەو، ڕەهەندێکی سێبەر و نەرێنی دروست دەکات کە هێز و لۆژیکی پێچەوانەی خۆی هەیە. ئەم ڕەهەندە نەرێنیە هەمان شەڕی چریکییە. فۆڕمی سەرەتایی شەڕی چریکی بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. کاتێک دراوسێی قودرەتمەند هێرشیان بۆ سەر وڵاتانی چووکە دەکرد و سوپاکەیان ناچار بوو بۆ مانەوەی خۆی ڕوو لەچیاکان بکا چونکە بە هەر شەڕێکی ڕاستەوخۆ لەنێو دەچوون. زۆری نەخایاند ئەوە ڕوون بووەوە کە تا زیاتر پاشەکشە بکەن و شەڕەکە دوابخەن ستراتیژییەکانی دوژمن زیاتر لەنێو دەچێ و بە نەگونجاندن لەگەڵ لۆژیکی ئاسایی شەڕکردن سەریان لێ شێواوە.[١]

هەنگاوی دواتر بریتی بوو لەوەی کە شێوازی خۆیان کاریگەرتر بکەن. یەکەمین شەڕکەرانی شەڕی چریکی، دەرکیان بە بایەخی چالاکی تیمی بچووک و بەربڵاو بەرامبەر بە سوپای گەورە کرد، پاراستنی جووڵەی بەردەوام و ئەوەیکە لایەنی پێش یان پاشی هێزەکەیان وێڵ نەکەن کە دوژمن زەربەیان لێ بدەن، دوژمن دەیهەوێست شەڕ لە شوێنێکی دیاریکراوی سنووردار ڕاگرێ، بۆیە باشترە لە فەزایەکی گەورە و فراواندا شەڕی چریکی بکەن، شەڕەکە بۆ قەراخی شار بکێشن و دوژمن بە هێرشی نامونەزەم و بەربڵاو ناچار بە پاشەکشە و لە دووگەڕان بکەن. بەدڵنیاییەوە دوژمن بە دوای سەرکەوتنێکی خێرا و کۆتایی هاتنی شەڕدا دەگەڕێ، بۆیە باشتر وایە تا دەکرێ شەڕ کێشی پێ بدرێ و لە کاتوسات وەک چەکێکی هێرشکردن بۆ تووڕەکردنی دوژمن و لاوازکردنی وورەی سەربازەکانی

١. ئەو سیستمەی ئیسپانیا لە دژی ئێمە بەکاری هێنا بەم شێوەیە بوو. سەد و پەنجا بۆ دوو سەد گرووپی چریکی کە لە سەرانسەری ئیسپانیادا بڵاو بوونەوە، سوێندیان خواردبوو کە هەریەکەیان هەر مانگێک ٣٠ یان ٤٠ فەڕانسەوی بکوژن: ئەوەش مانگانە شەش بۆ هەشت هەزار پیاوی بۆ هەموو گرووپە چریکەکانی پێکەوە دروست دەکرد. دەستوور ئەوە بوو کە هەرگیز هێرش نەکرێتە سەر سەربازەکان کە گەشت دەکەن، مەگەر تێعدادی چریکەکان لەوان زیاتر بن. بەڵام ئەوان تەقەیان لە هەموو نەفەرەکان دەکرد و هێرشیان بۆ سەر ئیسکۆرت و تیمە بچووکەکان دەکرد و هەوڵیان دەدا بە سەرچاوەی ماڵی بە تایبەتی کاروانەکان بەتاڵان بەرن. بەو پێیەی هەموو دانیشتووان وەک سیخوڕ بۆ هاوشارییەکانیان مامەڵەیان دەکرد، چریکەکان دەیانزانی کەی کاروانەکان دەڕۆن و چەندە بەهێزن، دڵنیا دەبوون لەوەی کە دوو بەرانبەری ئەوان زیاترن. ئەوان زۆر باش وڵاتیان دەناسی و بە گرنگترین خاڵ و شوێن هێرشیان دەکرد. زۆرجار سەرکەوتوو بوون بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ئەفرادێکی زۆریان دەکوشت. وەک چۆن دوازدە مانگ لە ساڵدا هەیە، لە ماوەی ساڵێکدا نزیکەی هەشتا هەزار کەسمان لەدەست دەدا، بەبێ ئەوەی هیچ شەڕێک بکەین. شەڕی ئیسپانیا حەوت ساڵی خایاند، بۆیە زیاتر لە پێنج سەد هەزار کەسمان کوژران. بەڵام ئەوە تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە کە لەلایەن چریکەکانەوە کوژراون. شەڕەکانی "سالامانسا"، "تالاورا" و "ویتۆریا" و چەندینی دیکەشی لێ زیاد بکەن، لەو شەڕانەدا قشوونی زۆرمان لەدەست دا، هێرشی بێ ئەنجام بۆ سەر کادیس، داگیرکردن و چۆلکردنی پورتوقال، تا و نەخۆشییە جۆراوجۆرانەی کە پلەی گەرما بووە هۆی ئەوەی سەربازەکانمان تووشی ئازار بین، دەبینی کە دەتوانین سێ هەزار کەسی دیکە زیاد بکەین بۆ ئەو ژمارەیە لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا کوژران. ئەوەی خەڵکی دیکە و ئەو شتانەی کە گوتراوە، دەردەکەوێ کە ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە شەڕە هێنانەدی لەنێوچوونی دوژمنە بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات، دروست وەک دڵۆپێک ئاو دەکەوێتە سەر بەردێک، کاتێک ئەو دلۆپە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی هەبێ لە کۆتاییدا کونێک لە بەردەکەدا دەکا، سەبر و کۆڵنەدان پێویستە، هەمیشە هەمان ئەنجام وەدەست دێت. دوژمن لە درێژخایەندا لەو خۆڕاگرییە زیاتر تا شەڕی سەخت و قورس دەناڵێنێ. پیرامون پارتیزان‌ها و نیروهای نامنظم، لی میير دی کاروی، ١٨٢٣

کەڵکی لێ وەرگیرێ.

بەم شێوەیە، بە درێژایی هەزاران ساڵ و بە تاقیکردنەوە و هەڵە، هونەری شەڕی چریکی پەرەی ئەستاند و شێوەی ئێستای لێ دروست بوو. ئاموزش و هزری نیزامی باو و ئاسایی جەختیان لەسەر تەرکیزکردن لەسەر شەڕ و مانۆڕ لێدان لە فەزای سنووردار و پێداگرتن لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی دەستبەجێ دەکردەوە، بەڵام شەڕی چریکی ڕوانگەیەکی دیکەی هەبوو و ئەمەش وایکردبوو کە شەڕی سوپای ئاسایی لە گەل چریکدا دژوار بکات. لە شەڕی چریکی‌دا کە هیچکام لە ڕێسا ئاساییەکان لەبەرچاو ناگرێت، سوپای ئاسایی لەنێو دەچێ. دەکرێ بڵێین چریکی شەڕکەر لەشکان‌نەهاتوویە.

وشەی "چریکی" لە ئیسپانیا بە واتای "شەڕی بچووک" دێت، ئاماژەی بۆ شەڕی نیمچەدوڕگەی ساڵی ١٨٠٨-١٨١٤ کراوە کە لە کاتی هێرشی ناپلیۆن بۆ سەر ئەو وڵاتە دەستی پێکرد. ئیسپیناردەکان پەنایان بۆ چیاکانی ئیسپانیا و ناوچە شاخاوی و سەختەکان برد و بە چوون بۆ ئەو ناوچانە فەڕانسەوییەکانیان ئازار دەدا، چونکە بۆیان سەخت بوو کە سوپای زیاتر و چەکی باشتر و کاراتر بەکار بێنن. دوژمنێکی کە هیچ بەرەیەکی نەبوو، ناپلیۆنی تا سنووری شێتی برد. دوژمنی ئەوتۆ بە بێ کردنەوەی بەرە یا پشتی بەرە هێرشی دەکرد. شەڕکەرانی "کازاک" لە ساڵی ١٨١٢ لە ڕووسیە زەبری چاکیان لێدا، زۆر شت لە ئیسپانیاییەکان فێر ببوون و کاربوردی شەڕی چریکی‌یان بە تەواوی دەزانی. ئێش و ئازارەکانی "کازاک"کان کاریگەری خراپی لەسەر جەستەی سوپای فەڕانسە دانا بە شێوەیەک کە هەرگیز سوپای ناکارامەی ڕووسیە بێ یارمەتی کازاک نەیاندەتوانی ئەو سەرکەوتنانە بەدەست بێنن.

ئەو ستراتیژییە لە شەڕی مۆدێرن بە چەندین هۆکارێک بەهێزتر بوو و بۆ ئامرازێکی باوتر گۆڕاوە. یەکەم: بە کەڵک وەرگرتن لە پێشکەوتنە تێکنۆلۆژییەکان لە بەرهەمهێنانی تەقەمەنی و چەکدا، گرووپێکی بچووکی چریکی دەتوانێ ببێتە هۆی وێرانکارییەکی زۆر. دووهەم: شەڕخوازی ناپلیۆنی ڕادەی سوپای ئاسایی لەڕادەبەدەر گەورە کردبووەوە و ئەو ڕادەیە گەورەکردنەوە و توندڕەوییە وای لێکردبوون ببنە ئامانجی لاواز بۆ هێزە دینامیک و سووکەکان یان چریکەکان. لە سایەی هەبوونی بزووتنەوەیەک، ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕ دەتوانێ خەڵکی ناوچە لەگەڵ خۆی بخا و دەسەڵاتی خۆی چەند بەرابەر بکا. ئێستا هێزە ناوخۆییەکان دەتوانن هێزی هێرشبەری دوژمن سەرکوت بکەن و زانیاری بەنرخ بەدەست بێنن و دەوروبەری شارەکان بکەنە ئۆردوگای چەکداری.

هێزی شەڕی چریکی لەبنەڕەتدا دەروونییە. لەشەڕی باو و گرێبەستیدا هەموو شتێک لەسەر پێکدادانی دوو سوپا لە گۆڕەپانی شەڕدا کۆ دەبێتەوە. هەموو ستراتیژییەکان لە سەر ئەو بنەمایە داڕێژراون و ئەوە هەمان ئارامییە کە غەریزەی ڕەزمی داوای دەکا. ستراتیژیستەکانی چریکی بە دواخستنی وەڵام بە ئەم پێویستییە غەریزەییە بەشێوەی یەک لە دوای یەک، ماندوویەتی و لاوازی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕوحیە دروست دەکەن. تا زیاتر ئەو گرژییە بەردەوام بێ کاریگەرییەکەی زیاتر دەردەکەوێ. ناپلیۆن هەر لەبەر ئەو هۆکارە نەیتوانی لە بەرامبەر ڕووسەکان سەرکەوێ چونکە هەموو بیرکردنەوەکانی پێشووی تێک چووبوون و مێشکی نەیتوانی هەموو لایەنەکان وەک جاران لەبەرچاو بگرێ.

بەو پێیە ستراتیژی چریکی لایەنی دەروونناسانەی هەیە، لە ململانێ کۆمەڵایەتییەکانیشدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکار دێت. لە ژیاندا هەروەک شەڕ، بیرکردنەوە و هەستەکانمان بە شێوەیەکی سرووشتی لەسەر ساتەکانی پێوەندیکردن و بەرکەوتن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا کاریگەری دادەنێت. لە پێوەندییەکانماندا کەسانێک دەدۆزینەوە کە بە هەستەوە زیرەکی بەکار دێنن. لە پێوەندیکردندا سنوورشکێن و ئەوانی دیکە خافڵگیر دەکەن. ئێمە چ بمانهەوێ سەرکوتیان بکەین چ ئەوەندە ڕەنجا و بێزار بین کە بمانەوێ زەربەیان لێ بدەین، ئەوان بەرەو خۆیان ڕاماندەکێشن و لە هەر حاڵەتێکدا کەسانی زیرەک بەسەر پێوەندییەکاندا کۆنترۆڵیان هەیە. ئەو نەیارانە دەتوانن هێزێکی ئازاردەر لەسەر مێشکمان دانێن و تا زیاتر ئەو دەسەڵاتە بپارێزن ئێمە زیاتر شەڕیان لەگەڵ دەکەین. دەسەڵات و کارایی ئەو جۆرە شەڕانە لە شەڕە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا بەهۆی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی زیادی کردووە. لە هەلومەرجی گەرمی سیاسیدا هەڵمەتێکی بە شێوەی چریکی کە بزووتنەوەیەکی پێوە بەسترابێ دەتوانرێ بۆ دەست پێکردنی شەڕ لە دژی شوناس، ڕێکخراوەکان و دەسەڵاتی گەورە کەڵک وەربگیرێ. لە خەباتێکی گشتی ئەوتۆدا هەر کەس پێی خۆشە لە ڕەهەندی چریکیدا خەبات بکا، چونکە بەشداربووان قووڵتر لەو جۆرە خەباتە تێوە دەچن و ئەوان تەنیا پێچ و مۆرەی دەزگایەک نین، واتە سیالەشکر نین.

فرانکلێن ڕۆزوێڵت لە سیاسەتدا بە شەڕکەرێکی چریکی دادەنرا. ئەو حەزی لە شەڕی ناڕاستەوخۆ بوو و ستراتیژییەکانی خۆی بە شێوەیەک هەڵدەبژارد کە کۆمارییەکان هیچ ئامانجێکیان بۆ لێدان نەبێ. ئەو لە میدیاکان کەڵکی وەردەگرت بۆ ئەوەی لە هەموو شوێنێک ببینرێ و جۆرێک شەڕی خەڵکی لە دژی قازانجخوازانی ئابووری دەست پێدەکرد. ناوبراو بە شێوەی چریکی لە شێوازی کلاسیک، ناوەندگەرایی حیزبی دێموکراتی کەم کردەوە و بگۆڕی زیاتر کرد و ئەوانی بۆ شەڕە ناوخۆییەکان ئامادە کرد. سەرەڕای ئەو ڕێبازە چریکییە، ستراتیژییەکی بەردەوام بۆ ڕۆزوێڵت نەبوو کە بیکاتە شێوازی خۆی. وەک زۆر کەس دیکە بە شێوەی نەست لە هێزی وریایی تێگەیشتبوو و لەم شێوەیە بە باشترین کارایی کەڵکی وەرگرت. بەڵام بۆ بەکارهێنانی ورد و تەواوی ئەو ستراتیژییە باشتر وایە بە ئاگاهی و بە لۆژیکەوە هەڵی بژێرێ. ستراتیژی چریکی ڕەنگە پێچەوانەی ئاراستەی شەڕ بێ، بەڵام لۆژیکی تایبەتی خۆی هەیە و ڕەنگە لە ڕواڵەتدا شاراوە بێ، بەڵام ورد و جیددییە. ئێوە ناتوانن بە بێ نەزم و بەرنامەسازی و لە خۆڕا دروستی بکەن، بەڵکو دەتوانی بە تێفکرین و وردبوونەیەکی قووڵ و بە شێوەیەکی نوێ بەرنامەڕێژی بۆ بکەن، واتە دینامیکی و ڕەها و خاوەنی ڕەهەندی تایبەت.

یەکەم پرس کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ ئەوەیە کە ئایە کەمپین بە شێوازی چریکی بۆ ئەو دۆخەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە گونجاوە یان نا؟ بۆ نموونە ئەو شێوازە زۆر کاریگەرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنێکی وەک ناپلیۆن کە زۆر شەڕەنگێز و هێرشبەر و لە هەمانکاتدا زۆر زیرەک بوو، کارایيەکی بەربڵاوی هەیە. ئەو کەسانە بە بێ بەرکەوتن لەگەڵ دوژمن ڕوحیە و هێزی خۆیان ناپارێزن. ئەوانە بە مانۆڕ لێدان، زیرەکی و پێشڕەوبوون زیندوون و ئەگەر ئامانجێکیان بۆ زەربە لێدان نەدۆزییەوە، ئەوە هوشمەندی و زیرەکییان پەکی دەکەوێ و هێزی هێرش‌کردنیان کەم دەبێتەوە. جێگای سەرنجە کە بزانین ئەو ستراتیژییە لە خۆشەویستیش‌دا بە هەمان شێوەی شەڕ بەکار دێت و لەو بوارەشدا ناپلیۆن بووە قوربانی ئەو ستراتیژییە: یەکەم ئیمپراتۆری فەڕانسە "ژوزفین"، بە هەمان شێوەی چریکی ناپلیۆنی فریو دا و ئەوی وادار کرد کە پێوشوێنی بکەوێ. ژوزفین جار ناجارێ خۆی نیشان دەدا، بەڵام ئاواتەکانی ناپلیۆن وەدی نەهات و کردی بە کۆیلەی خۆی.

ستراتیژی بێ مانا و پووچ بۆ ئەو کەسانەی کە بە شەڕەنگێزی گرێبەستی ڕاهاتوون کاریگەری عەجایبی هەیە. نەبوونی پەیوەندی بۆ ئەوان دوور لە چاوڕوانییە و کاریگەری لەسەر توانا ستراتیژییەکانیان دەبێ، هەر بۆیەش زۆرجار برۆکراسییە گەورەکان ئامانجی وردن بۆ ستراتیژیستێکی چریکی. ئەوان تەنیا دەتوانن بە شێوازی تەواو ئاسایی وەڵامدەر بن لە هەر هەلومەرجێکدا خەباتکارانی چریکی پێویستیان بە ڕەقیبی گەورە و خاو، بەڵام لە هەمانکاتدا ئامانجی بوێرانەیان لەسەردایە.

کاتێک توانیتان ڕوونی بکەنەوە کە شەڕی چریکی گونجاوە، چاوێک بە سوپای خۆتاندا بخشێنە، سوپایەکی گەورەی باو یان ئاسایی هەرگیز بۆ ستراتیژییەکی ئەوتۆ گونجاو نیە. چالاک بوون و توانای جووڵە لە هەر گۆشەوە لە شەڕی ئەوتۆدا زۆر گرینگە. ئەمە مۆدێلی ڕێکخراوەیی یەک شانەیە، گرووپێکی بچووکی ژن و پیاو کە تێکەڵاون، خۆیان تەرخانی بزووتنەوە کردووە، خۆهاندەرن و کاریگەرییەکی بەربڵاویان هەیە. ئەو شانانە دەتوانن دزە بۆ نێو ئۆردوگای دوژمن بکەن. بەهەمان شێوە مائۆ تسە تۆنگ لە شۆڕشی چین‌دا سوپای خۆی سازماندەهی کرد و بە نفووز و کاریگەری دانان لەسەر ناسیۆنالیستەکان، لە شارەکان کاری تێکدەری و خرابکاری کرد و ئەو کاریگەرییە ترسناک و وێرانکارییەی بەجێ‌هێشت کە هێزەکانی لە هەموو شوێنێکدا ئامادەن.

کاتێک کلونێل جان بۆید لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ بۆ پەرەپێدانی فڕۆکە جەنگییەکانی جێت پێوەندی بە پێنتاگۆنەوە کرد و لەگەڵ برۆکراسییەکی کۆنەپەرستانە ڕووبەڕوو بووەوە کە بەرژەوەندی بازرگانییان بە سەر بەرژەوەندی نیزامی زاڵ کردبوو. پێنتاگۆنیش بە جیددی پێویستی بە چاکسازی بوو، بەڵام شەڕی برۆکراتی نەریتی لە هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی کارمەندانی سەرەکی بە بەرەیەکی ڕاستەوخۆ وەک سەرخەریەکی بێهودە دەچوو، چونکە بۆید بە سادەیی گۆشەگیر دەکرا و لە سیستم دەخرایە دەرەوە. ئەویش بڕیاریدا لەبری ئەوە شەڕی چریکی دەست پێ‌بکا. یەکەمین و گرنگترین هەنگاوی دروستکردنی شانە لە نێو پێنتاگۆن‌دا بوو. ئەو شانانە بچووک بوون، بۆیە دەست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشان‌کردنیان ئەستەم و کاتێک کەسانی کۆنەپەرست دەرکیان بەوە دەکرد کە لە شەڕدا گیریان خواردووە و هیچ هەدەفێک ڕووبەڕوویان نەبوو هێرشی بۆ بکەن. بۆید هێزی چریکی خۆی لە کەسانێک هەڵبژارد کە لە هەلومەرجی مەوجود ناڕازی بوون، زۆربەیان کەسانی گەنج بوون کە هەمیشە بە ڕووخسارێکی کراوە پێشوازییان لە گۆڕانکاری و چاکسازی دەکرد و حەزیان لەو شێوازە خەبات‌کردنە بوو.

دوای ئەوەی بۆید شانەکانی جێگیر کرد هەموو وریایی خۆی لەسەر جەریانی ناو پێنتاگۆن چڕ کردەوە و توانی پێش‌بینی کاتبەندیی و نێوەڕۆکی ئەو هێرشانە بکات کە ڕەنگە بەسەریدا بێت. هەروەها ئەو شانانەی بۆ پەرەپێدانی نفووزی خۆی و لە ڕێگەی پێناسەی وتەی زارەکی سودی وەرگرت و توانی زیاتر بچێتە نێو قووڵایی بڕۆکڕاسییەوە.

خاڵی گرنگ ئەوەیە کە لە کەناڵی فەرمی ڕێکخراو و مەیلی فراوانکردن و تەرکیزکردن دوور بکەویەوە. لەبری ئەو کارە بەدوای جووڵە و دینازمیزمدا بگەڕێ و سوپاکەت سووک و بە نهێنی بێڵەوە. هەروەها دەتوانی شانەکانی چریکی تێکەڵ بە سوپایەکی ئاسایی بکەی. ئەوەش هاوشێوەی پشتیوانیی کازاکەکانە کە لە سوپای ئەلکساندەریان کرد. تێکەڵی باو و ناباو دەتوانێ لەڕادەبەدەر کاریگەر بێ.

کاتێک شانەکانت سازماندەهی کرد بۆ هاندانی دوژمن پێویستە ڕێگەیەک بدۆزییەوە بۆ ئەوەی هێرش بۆ بکا، لە شەڕدا ئەو کارە لە پێشدا بە پاشەکشەکردن و پاشان هێرشکردنە سەر دوژمن لە ڕێگەی کەمین و هێرشی بچووک، بەڵام بەردەوام ئەنجام دەدرێ. ئەوە هەمان ستراتیژیی کلاسیک بوو کە "تی. ئی. لۆرێنس" لە عەرەبستان و شەڕی جیهانی یەکەم گرتیە بەر. جادووگەری ئابووری سەدەی نۆزدەهەمی ئەمریکا "جی گۆڵد"، کە لە بازرگانییەکەیدا شەڕی چریکی زۆری کردبوو لە شەڕەکانی ڕۆژانەیدا شتێکی هاوشێوەی پراکتیزە دەکرد. ئامانجی ئەو ئەوە بوو کە زۆرترین ئاژاوە لە بازاڕەکاندا دروست بکا کە دەیتوانی پێش‌بینی و کەڵکی لێ وەرگرێ. یەکێک لە سەرەکی‌ترین مخالیفانی ناوبراو ئەفسەرێکی بەنفووز "کۆرنێلیۆس واندەربیڵت" بوو کە لە کۆتایی دەیەی ١٨٦٠دا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هێڵی ئاسنی "ئێری" دەدا. گۆڵد ئامادەییەکی زیرەکانەی هەبوو، بۆ نموونە: لە پشت پەردەوە زۆر کاری دەکرد بۆ ئەوەی کاریگەری زیاتر لە ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتی نیویۆرک‌دا بەدەست بێنێ کە دواتر یاسایەکی دەرکرد بۆ سەرکوتکردنی بەرژەوەندییەکانی واندەربیڵت. واندەربیڵت تووڕە و هەڵچوو پێوشوێنی گۆڵد کەوت بۆ ئەوەی زەربەیەکی لێ بداتەوە، بەڵام لەو کاتەدا سەرنجی لەسەر ئامانجێکی دیکەی پێش‌بینی‌کراو بوو. گۆڵد بۆ ئەوەی ئیبتکاری عەمەلی ستراتیژییەکەی واندەربیڵت ئیفلیج بکا ئەوی تووڕە دەکرد و غەریزەی هێرشکردن و کێبەرکێی نیشانە دەگرت پاشان هیچ بیانووی پێ نەدا تا بتوانی زەربەی لێ بداتەوە.

گۆڵد زۆر بە لێهاتوویی لە ڕاگەیاندن کەڵکی وەرگرت. بابەتێکی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردەوە کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەناکاو تێڕوانینەکانی لەسەر واندەربیڵت گۆڕی و ئەوی بە پاوانخواز و شەیتان سفەت شوبهاند. واندەربیڵت دەبوو وەڵامی بداتەوە بەڵام بەو کارە خەڵکێکی زیاتر بابەتەکەی گۆڵدی دەخوێندەوە، لە لایەکی دیکەوە ناوی گۆڵد وەک نووسەری ئەو وتارە نەهاتبوو، لەو حاڵەتەدا میدیاکان وەک شووشەی مات بۆ شاردنەوەی تاکتیکی چریکی و وەک کەرەستە بۆ گواستنەوەیان باش و ناوازەن. لە ڕاگەیاندن کەڵك ورگرە بۆ بێچارەکردنی دوژمن و کارێک بکە هەموو وزەی خۆی لە بەرگریکردن لە خۆیدا بەفیڕۆ بدا. ئێوە بینەر بن و ئامانجێکی دیکە بۆ زەربەلێدان لەودا بدۆزەوە بۆ ئەوەی زیانی پێ بگەیەنن و خۆتان حەشار بدەن. نەبوونی شەڕێکی ڕاستەقینە بۆ خەبات، دوژمن ماندوو دەکات و مل بۆ هەڵەی پڕ تێچوو دەدات.

شێوازی دابینکردنی پێداویستییەکانی سوپا لە شەڕی ئاسایی و باودا پرسێکی زۆر گرنگە، بەڵام لە شەڕی چریکیدا لە دوژمن بە زۆرترین شێوەی مومکین لە سەرچاوە و وزە و دەسەڵاتەکەی وەک سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆتان کەڵک وەردەگرن. زۆرجار مائۆ پێداویستی و خۆراک بۆ سوپاکەی لە دەسکەوتەکان دابین دەکرد. هەروەها گۆڵد لە ڕاستیدا بە دزەکردنە نێو بازنەی دەروونی واندەربیڵت وەک هاوبەشێکی دارایی دەستی پێکرد و پاشان لە سەرچاوەی گەورەی واندەربیڵت بۆ دابینکردنی بودجەی خواستەکانی بەکار هێنا. بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە داراییەکانی دوژمن سەرکەوتنی هەڵمەتی چریکی درێژ بکەنەوە و لە هەر حاڵەتێکدا پێویستە بە شێوەیەک گەڵاڵەڕێژی دابنێی کە بتوانی بە تێچووی کەمتر کاتێکی زیاتر دەوام بێنی.

لەکاتی تێک هەڵچوون، کات مەترسییە و یاسای "مورفی" دەخاتە جووڵەوە، ئەگەر هەڵەیەک بکەی دووبارە دەبێتەوە. ئەگەر سوپاکەت بچووک بێ و تاڕادەیەک خۆبژێو بێت ئەوە شوێنی هەڵەکردن کەمتر دەبێتەوە و لە هەمانکاتدا هەوڵ دەدەن تێپەڕبوونی کات بۆ دوژمن ببێ بە مۆتەکە، و ڕوحیەی کەم دەبێتەوە، سەرچاوەکان تەواو دەبن و تەنانەت گەورەترین گەڵاڵەداڕێژانی وەک ناپلیۆن خۆیان دەبینن کە تووشی کێشەیەک بوون کە هەرگیز پێش‌بینیان نەکردووە. ئەنجامەکەی سەیرە، چونکە کێشە چاوەڕواننەکراوەکان کەڵەکە دەبن و دوژمن دەست بە هەڵە دەکا و کێشەی زیاتر دروست دەکا و ئەو مەوزووعە هەروا درێژەی دەبێ.

کات وەک چەکێکی هێرش‌کردن لە هەڵبژاردنی ستراتیژیدا لەبەرچاو بگرن. مانۆڕەکانت بە شێوەیەک پلانی بۆ دابنێ بۆ ئەوەی دوژمن هەمیشە پێی وابێ شەڕێکی دیکە لە ئارادایە. تۆ دەتهەوێ دوژمن وردە وردە لێک بڵاو بکەی بۆیە ئەگەر تەڵەیەکی بینی کە ئێوە بۆتان داناوە پێش ئەوەی بە تەواوی لەنێو بچێ، ڕا دەکات. با پێگەی سەرەکی بگرنە دەست کە وەهمی سەرکەوتنیان پێ دەبەخشێ. دوژمن بەم پێگەیەوە دەلکێ و بەم شێوەیە هێرشە خێرا و لەناکاوەکانتان زیاتر و زیاتر دەبن. پاشان لەگەڵ لاوازبوونی دوژمن، ژمارە و خێرایی هێرشەکان زیاد بکەن و کارێک بکەن بیر بکاتەوە کە هەوڵی زیاتر بایەخی هەیە و پاشان ئەو وەهمە لەنێو ببەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەک پێچەوانەی نەریتی شەڕ، کاتەکەی درێژتر دەکەنەوە و لەهێرشی زیاتر کەڵک وەردەگرن، دەتانهەوێ ململانێ بۆ فەزایەکی دەرەوەی دیمەنی چاوەڕوانکراوی شەڕەکە ڕابکێشن، لەسەر بنەمای بیروباوەڕی نێودەوڵەتی لەشەڕ، پێگەیەکی سیاسی و جیهانی دروست بکەن بۆ ئەوەی دوژمن ڕووبەڕووی فەزایەکی فراوان بێتەوە و نەتوانێ بەرگری لە خۆی بکات. پشتیوانی سیاسی بۆ هەڵمەتی چریکی زۆر گرنگە. هەر چەندی شەڕ درێژە بکێشێ دوژمن زیاتر بە تاوانبار دەناسرێ و لە ڕووی سیاسییەوە گۆشەگیر دەبێ. هەمیشە هەوڵبدە هەڵمەتی چریکی بە بزووتنەوەیەکەوە ببەستەوە کە دەتوانی بە ڕەوا نیشانی بدن.

لەشەڕی چریکی بە یەکێک لەو دوو ڕێگای خوارەوە سەر دەکەون. ڕێگەی یەکەم، ئەوەیە کە ئاستی هێرشەکانی خۆتان هاوکات لەگەڵ وردکردنی دوژمن زیاد دەکەن و پاشان دوژمن خافڵگیر بکەن و لە گۆڕەپانەکەدا گوم بن، هەروەک چۆن ڕووسیە ناپلیۆنی خافڵگیر کرد. ڕێگایەکی دیکە ئەوەیە کە ماندویەتی و داهێزانی شەڕ لە بەرژەوەندی خۆتان بگۆڕن، واتە کارێک بکەن کە دوژمن بەو ئەنجامە بگا کە درێژەکێشانی شەڕەکە بایەخی نییە. ڕێگای دووەم باشترە، چونکە تێچووی کەمترە و دوژمن بە شمشێری خۆیەوە مەیدان چۆل دەکا، بەڵام تەنانەت شەڕی چریکیش ناتوانێ بۆ هەمیشە بەردەوام بێ چونکە لە خاڵێکی دیاریکراوی زەمەندا لە دژی تۆ کار دەکا. ئەگەر کۆتایی شەڕەکە زۆر دوورە، پێویستە پەنا بۆ هێرشی توند و خەستوخۆڵ ببەن و دوژمن لەنێو بەرن. لە شەڕی ویێتنامدا، خەڵکی ویێتنامی باکوور گەیشتنە ئاستێک کە شەڕەکە بۆ ئەوان زۆر پڕ تێچوویە، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٦٨ هێرشی جێژنی "تێت"یان ڕێکخست و هەمان پلان هەوڵەکانی ئەمریکای بۆ درێژەدان بە شەڕ لەگەڵ بنبەست ڕووبەڕوو کردەوە.

جەوهەری شەڕی چریکی پێویستی بە "سیال" نەوەستان هەیە. دوژمن هەمیشە هەوڵ دەدا خۆی لەگەڵ ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەن ڕێک بخا و پێگەی خۆی لە ناوچەی نەناسراودا بدۆزێتەوە. دەبێ بۆ گۆڕانکاری و گونجاندن هەرچەندە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانت بێ ئامادە بی. مانای ئەوەیە هێندێک جار بە شێوازی باو شەڕ بکەن و سوپای خۆتان لێرە و لەوێ لەسەر کردەوە چڕ بکەنەوە پاشان جارێکی دیکە بڵاوەی پێ بکەن، ئامانجی ئێوە زۆرترین پشێوی و بێنەزمییە.

**لەبیرت بێ:** ئەو شەڕە دەروونییە، بۆیە پێش لە هەموو شتێک زیاتر جەخت لەسەر ستراتیژی دەکرێتەوە، بەجۆرێک کە دوژمن هیچ ئامانجێکی بۆ هێرش نییە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکا و هیچ شتێکی بەرجەستەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە نەبێ. عەقڵی دوژمن بە هەموو ئاراستەکاندا پرش و بڵاوە دەبێتەوە بەم هۆیە پێش ئەوەی هەیکەلی سوپای دوژمن بڕووخێنن، عەقڵ و زەینی تێک بشکێنن.

**بیهێنە بەرچاوت:** مێشوولە. جەستەی ئاژەڵ پێشەوە و دواوە و لایەنی هەیە کە دەتوانی هەڕەشەیان لێ بکەن یان هێرشیان بۆ بکەن، بەڵام مێشوولە بێجگە لە دەنگێکی بێزارکەر ویزەویزکردن هیچی دیکەی نییە. ناتوانن زەربەیان لێ بدەن و بیانبینن، بەڵام چەندین جار هێرش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەنە سەر جەستە و گۆشت و پێستت دەبنە ئامانجی بێوچانیان. ئەوەندە گازت لێدەگرن ناچار دەبی ڕابکەن و ئەو شوێنە بەجێ بێڵن.

هواناتزی دەڵێ: "*هەر شتێک کە بیچمی هەیە دەتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێ و بەسەری‌دا زاڵ بی، هەر شتێک کە ڕەهەندێکی هەیە، بۆ ئەوە دەشێ ڕووبەڕوی بیتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە مرۆڤ بە پێی نەریت ڕێگە بە زەینیان دەدەن لە دونیای خەون و خەیاڵدا سەرگەردان بێ و خۆیان لە چاوی گشتی بشارنەوە.*"

## حاڵەتی دەگمەن

بەربەرەکانی لەگەڵ ستراتیژی چریکی لەڕادەبەدەر سەختە و ئەو سەختییە وایکردووە کاریگەر بێ. ئەگەر لە شەڕی چریکی‌دا شێوازی ئاسایی شەڕکردن بەکار بێنی وەک بوکەڵەیەک بە دەست ئەوانەوە دەبی. لە شەڕێکی ئەوتۆدا بردنەوە و دەسکەوت هیچ مانایەکی نابێ. تەنیا دژەستراتیژی کاریگەر لەو کاتەدا کەڵک وەرگرتن لە مانۆڕی چریکی پێچەوانە بکەیتەوە و باشییەکانی پەک بخەن. پێویستە لە پێدانی ئازادی کات و شوێن کە ئەوان پێویستیانە، خۆتان بەدوور بگرن. دەبێ هەوڵ بدەن لە ڕووی فیزیکی و سیاسی و ئەخلاقییەوە گۆشەگیریان بکەن و لە سەرووی هەمووشیانەوە، نابێ هەرگیز ئەو شێوازە کەم کەم و هەنگاو بە هەنگاوە بگریە پێش، کە ئەمریکا لە وێتنام کردوویەتی. دەبێ سەرکەوتنێکی خێرا و بەهێز و پتەو بەسەر دوژمنێکی ئەوتۆدا بسەپێنی. ئەگەر ئەو سەرکەوتنە مەحاڵ دەرکەوت باشترە لەبری ئەوەی لەنێو ئەو زلکاوەی کە دوژمن بۆی ئامادە کردبووی نوقم بی، هەرچی زووتر خۆتان لەو شەڕە دەرباز بکەن.

# ستراتیژیی بیستوحەوتەم:
# جۆرێک ڕەفتار بکەن وەک ئەوەی کار بۆ بەرژەوەندی کەسانی دیکە دەکەن، بەڵام هەنگاو بۆ قازانج وبەرژەوەندی خۆتان بنێن.
# ستراتیژیی هاوپەیمانی

باشترین ڕێگا بۆ بردنە پێشی ئامانجەکانت بە کەمترین هەوڵ و خوێنڕشتن ئەوەیە کە بەردەوام تۆڕێکی بگۆڕی هاوپەیمانی دروست بکەن، با ئەوانی دیکە قەرەبووی کەموکوڕییەکانت بکەنەوە و تۆش درێژە بە کارە چەپەڵەکانی خۆتان بدە و شەڕەکەت بەرەو پێشەوە ببەن. هونەری ئێوە ئەوەیە هاوپەیمانیەک بدۆزیەوە کە لەگەڵ پێویستییەکانی ئەو چرکەیە هاوتەریب بن و کەلێنەکانی دیواری دەسەڵاتی تۆ پڕ بکەنەوە. مۆڵەتیان پێ بدەن لەگەڵ ئەوان دۆستایەتی و لەکاتی پێویستدا یارمەتیان بدەن. هەموو ئەم شتانە بۆ ئەوەیە کە لە ئاست واقعییەتدا چاو نەکەنەوە و وایان لێ بکەن لە بەرامبەری ئێوەدا هەست بە قەرزداری بکەن. لە هەمان کاتدا دەبێ ناکۆکی بخەیە نێوان یەکڕیزیی دوژمنانتەوە و بە تەریکخستنیان بیانخەنە دۆخێکی لاوازەوە. لەکاتێکدا خەریکی دروستکردنی هاوپەیمانین، خۆتان لە هەر جۆرە کێشەیەک دەرباز بکەن.

**هاوپەیمانی تەواو**

لە ساڵی ١٤٦٧ شارڵ تەمەن ٣٤ ساڵ، (کونتی شارلۆیس)، ئەو هەواڵەی پێگەیشت کە بە نهێنی ئاواتی بۆ دەخواست: باوکی بەنێوی "دوک بۆرگۆندی"، ناسراو بە "فیلیپ نیک"، مردووە، ئێستاش بڕیار وابوو دوای باوکی، وەک دوکی نوێ دیاری بکرێ. باوک و کوڕ ساڵانێک بە یەکەوە شەڕیان بوو. فیلیپ پیاوێکی سەبور و پراگماتیک بوو و لە سەردەمی حوکمڕانیدا بە سستی بنکەی کاریگەریی بۆرگۆندی پەرەی پێدا. شارڵ لە باوکی جیددی و ئازا و شەڕەنگێزتر بوو. ئەو ئیمپراتۆری کە بە میرات پێی گەیشتبوو، زۆر فراوان بوو و فلاندەر، هۆڵەند, زیلاند و لۆکزامبۆرگ لە باکووری فەڕانسەی ئێستا و بێگومان خاکی گرنگی بۆرگۆندی لەخۆ گرتبوو. ئێستا شارڵ وەک دوک، دەسەڵات و سەرچاوەی زۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ژێر فەرمانی دابوو تا بتوانێ خەونی داگیرکردنی ئاڵمان و زیاتر لەوەش وەدی بێنێ.[١]

بەم شێوەیە لەو ڕێگایەوە ڕووبەڕووی دوو بەربەست دەبووەوە. یەکەم بەربەست بوونی کانتۆنە سەربەخۆکانی سویس لە ڕۆژهەڵاتی بۆرگۆندی بوو. شارڵ پێش ئەوەی بچێتە ئاڵمانی باشوور، دەبوو بە پەنابردن بۆ هێزی زۆر ئەو خاکە یەک بخاتەوە. سویسییەکان شەڕکەری ئازاو سەرسەخت بوون کە بە داگیرکردنی خاکەکەیان بەئاسانی ملیان نەدەدا، بەڵام لە کۆتاییدا نەیانتوانی بەرگەی هێز و ڕادەی سوپای دوک بگرن. دووهەم بەربەست لویی یازدەهەمی فەڕانسەوی و ئامۆزای خۆی بوو کە لە منداڵییەوە دوژمنی شارڵ بوو. لەو سەردەمەدا فەڕانسە هێشتا وڵاتێکی دەرەبەگایەتی بوو و لە چەند ناوچەیەکی وەک بۆرگۆندی پێکهاتبوو و هەر ناوچەیەک لە ژێر دەسەڵاتی دۆکێکدا بوو و هەر دوکێک گوێڕایەڵ و لەژێر فەرمانی پادشا دابوو، بەڵام ئەو خاکانە لە ڕاستیدا هێزی سەربەخۆ بوون و ئەگەر پادشاه لەخۆی ڕادەدیت دوژمنایەتی ئەوانەی کردبایە، ئەوان دەیانتوانی یەکگرتوویی بەهێز دروست بکەن. بۆرگۆندی بەهێزترینی ئەو ناوچانە بوو و هەمووان دەیانزانی لویی بەنیازە دەست بەسەر ئەو خاکەدا بگرێ و فەڕانسە بکاتە دەسەڵاتێکی بەهێز و یەکگرتوو.

لە هەر حاڵەتێکدا شارڵ دڵنیا بوو لەوەی کە لەهەر دوو بواری دیپلۆماسی و شەڕکردندا لە ئاموزاکەی باڵاتر و بەهێزترە. لویی لاواز بوو و وا دیار بوو کەمێک سووکسەرە و کەمی هەبوو. دڵسۆزییەکی زۆری بۆ کانتۆنەکانی سویس نیشان دابوو و کەس نەیدەتوانی هۆکارێک بۆ هەڵسوکەوتە سەیرەکانی بدۆزێتەوە. لویی زۆر مێهرەبانانە ڕەفتاری لەگەڵ دەکردن و لە گەل فەڕانسە بە یەکسانی دەزانین. زۆر وڵاتی بەهێز هەبوون بۆ ئەوەی لەگەڵ لویی هاوپەیمانی پێک بێنێ، بەڵام ئەو سەبارەت بە سویس هەستیار بوو. ڕەنگە ئەو عەلاقەی بە شێوازی ژیانی سادەی ئەوان بووبێ، چونکە سەلیقەی خۆی وەک پاشایەکی هاوشێوەی ڕەعییەتەکانی هەبووە. لویی خۆشی لە شەڕ نەدەهات و پێی باشتر بوو ئەو هەزینەیەی کە دەبوو بۆ دروستکردنی سوپایەک خەرجی دەکا بۆ دامەزراندنی ئاشتی خەرجی بکا.

شارڵ لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە باشترە بە زووترین کات دەست پێبکا و پێش ئەوەی لویی عاقل بێ و ڕۆڵی شاهانەی بگرێتە پێش، خەونەکانی بکاتە ڕاستی. شارڵ گەڵاڵەیەکی داڕشت: سەرەتا لە ئالزاس لە نێوان فەڕانسە و ئاڵمان جێگیر بێ و خاکی شانشینی ئەوێ کە لاواز بوو بگرێ،

---

١. سەگ و کەڵەشیر و ڕێوی. سەگێک و کەڵەشیرێک بوون بە هاوڕێ و بە درێژایی ڕێگا دەستیان بە پیاسە کرد. شەو هات، کەڵەشیر لەسەر لقی دارێک هەڵنیشت و لەوێ خەوت و سەگەکەش لە ژێر هەمان داردا خەوت. وەک هەمیشە کەڵەشیر پێش خۆرهەڵاتن دەستی کرد بە قوقولیقوقو. بەدەنگی ئەو، ڕێوی کە لەو نزیکەوە خەوتبوو لە خەو هەڵساند. ڕایکرد بۆ لای دارەکە و بە کەڵەشیری گوت: "کاکە! تکایە وەرە خوارەوە، زۆرم پێ خۆشە بوونەوەرێک بە دەنگێکی ئاوا خۆش لە باوەش بگرم." کڵەشیر گوتی: "بەشەرتێک، ئەگەر ئەو نیگهبانە لە خەو هەڵبستێنی کە لە ژێر دارەکە خەوتووە." کاتێک ڕێویەکە بەدوای نیگهبانەکەدا دەگەڕا، سەگەکە دەستی کرد بە وەڕین و پڕی پێدا کرد و ڕێوی پارچەپارچە کرد. ئەم چیرۆکە فێرمان دەکات کە ئەگەر توانای بەرگریکردنمان لە خۆمان نەبێ، دەبێ دوژمن بەرەو کەسێکی بەهێزتر پاڵ بنێین بۆ ئەوەی بتوانێ لە خۆمان باشتر بەرگریمان لێ بکات. افسانەهای ازوپ. قرن ششم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشان هاوپەیمانی لەگەڵ پادشای شەڕخوازی ئینگلستان ئێدواردی شەشەم، پێک بێنێ و بە قەناعەتی دەگەیەنێ کە سوپایەکی گەورە لە لێوارەکانی شاری کالەی فەڕانسە دابەزێنێ. پاشان سوپای شارڵ لەگەڵ سوپای ئینگلیز لە نیوەڕاستی فەڕانسە واتە لە شاری ڕێنس یەک دەگرنەوە و لەوێش ئێدوارد پادشای نوێی وڵات تاجی لە سەر دەنا. دوک و ئێدوارد بە ئاسانی سوپای لاوازی لویی‌یان تێک دەشکاند، پاشان دوک بەرەو ڕۆژهەڵات لەشکرکێشی دەکرد و کانتۆنەکانی ئیسپانیای لەنێو دەبرد و ئێدواردیش بەرەو باشوور دەچوو و بە یەکەوە دیارترین دەسەڵاتی ئورووپایان پێک دێنا.

ساڵی ١٤٧٤ هەموو شتێک وەک خۆی مابوو، و ئێدواردیش ئەو گەڵاڵەیەی پەسەند کرد. دوک لەشکرکێشی خۆی بەرەو ڕاینی سەرێ دەست پێکرد، بەڵام لەگەڵ دستپێکردنی مانۆڕەکانی، زانی کە هێزێکی گەورە سویسی بۆ خاکی ئەو واتە بۆ بۆرگۆندی هێرشی کردووە. دابینکردنی هەزینەی ئەو هێرشە لویی یازدەهەم وەستۆی خۆی گرتبوو، لویی و سویس بەدەست پێکردنی ئەو هەوڵەیان پەیامیکی ڕوونیان بە دوک دا ئەوێش ئەوە بوو کە لە ئەگەری هەر هێرشێکی دوک، بە مێهرەبانی وەڵامی نادرێتەوە، بەڵام شارڵ بە ڕادەی پێویست هێزی لە بۆرگۆندی هەبوو، بۆ ئەوەی پاشەکشە بە سویسیەکان بکا و ئەو کەسێک نەبوو کە بەڕاحتی تەسلیم بێ و هەر دوو لایەن، واتە هەم سویس هەم لویی دەبوو زۆر بە سختی تاوانی دەستدرێژی بۆ سەر بۆرگۆندی بدەنەوە.

هاوینی ساڵی ١٤٧٥ سوپای ئینگلستان، گەورەترین سوپایەک کە بۆ هێرش‌کردنە سەر فەڕانسە بە فەرماندەهی شەخسی ئێدواردی شەشەم پێکهاتبوو، لە شاری کالە جێگیر بوو. شارڵ چووە لای ئێدوارد بۆ ئەوەی پلانی کۆتاییان و داگیرکردنی شوێنی داهاتوویان دیاری بکەن، پاشان بە خێرایی گەڕایەوە بۆ لای سوپاکەی بۆ ئەوەی زوو پێوەندی بە هێزەکانی ئینگلیزەوە لەسەر ڕووباری ڕاین بکا و لە ناوچەی لۆرینەوە بەرەو باشوور وەجووڵە کەوتن.

لەناکاو هەواڵێکی ناخۆش بە شارڵ گەیشت: سیخوڕەکانی لە کۆشکی فەڕانسەوە ڕاپۆرتیان دا کە لویی بە نهێنی وتووێژی لەگەڵ ئێدوارد کردووە. دیارە لویی قەناعەتی بە پادشای ئینگلستان کردبوو کە شارڵ وەک کەرەستەیەک کەڵکی لێ وەردەگرێ و کەسێکی متمانەپێکراو نییە. لویی کە دەیزانی سەرچاوەکانی ئینگلستان لاوازن، مەرجی بەخشندەی پێشکەش بە ئێدوارد کرد و بڕیار بوو پووڵێکی دیاریکراو ساڵانە ڕاستەوخۆ بە خودی پادشا و دەربارییەکانی بدات. دوای قسەکردن بە خواردن و خواردنەوە ڕەنگاوڕەنگەکان میوانداری پادشای ئینگلستانی کرد، پاشان ئێدوارد پەیماننامەکەی واژۆ کرد و لەگەڵ هێزەکانی خۆی بۆ ئینگلستان گەڕایەوە.

دۆک هێشتا نەیتوانی ئەو هەواڵە تاڵە هەزم بکات کە لەناکاو لویی سەفیری نارد بۆ ئەوەی ئاگربەستێکی درێژخایەن لە نێوان فەڕانسە و بۆرگۆندی‌دا بکرێ. ئەو ڕەفتارە بۆ پادشا ئاسایی بوو. هەموو کارەکانی دژ بە یەک بوون و سەقامگیری تەواوی نەبوو بەڕاستی بیری لە چی دەکردەوە؟ واژۆکردنی ئاگربەستەکە بەو مانایە بوو کە شارڵ دەتوانێ بە ئاسانی بەرەو سویس لەشکرکێشی بکا و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دڵنیا بێ لەوەی فەڕانسە دەستێوەردان ناکا. ڕەنگە پادشا لە شەڕ ترسابێ! شارڵ بە خۆشحاڵیەوە ئەو ئاگربەستەی قەبووڵ کرد.

سویس زۆر توڕە بوو، چونکە لویی دۆستی ئەوان بوو و ئێستا لەو کاتەدا کە پێویستیان پێی بوو پشتی ئەوانی چۆڵ کرد، بەڵام سویس ڕاهاتبوو لەسەر پێی خۆی بوەستێ و بە تەنیا شەڕەکە بەڕێوە بەرێ، بۆ ئەو مەبەستە سوپای سویس ناچار بوو هەموو هێزەکانی خۆی بەکار بێنێ.[١]

لە کۆتایی زستانی ساڵی ١٤٧٧ دۆک کە بە بێ سەبرانە چاوەڕێی سەرکەوتن بوو، لە چیاکانی "ژوورا" تێپەڕی و بەرەو ڕۆژهەڵات ڕۆیشت. سوپای سویس لە نزیک شاری گراندسۆن چاوەڕێی دەکرد. ئەوە یەکەمجار بوو کە دۆک لەگەڵ سویس لەشەڕدا ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە و بەو شتانەی کە بە چاوی خۆی بینی تووشی شۆک بوو. شەڕەکە بە لێدانی شەیپووری سوپای سویس دەستی پێکرد، ئەو دەنگەی کە بەناو شاخەکاندا دەنگی دەدایەوە ترسێکی زۆری دروست دەکرد و پاشان هەزاران سەربازی سویس لە بنارەکان هاتنە خوارەوە و بەرەو نێو بۆرگۆندی سەرەوخوار بوونەوە. بە وردبینییەکی نائاسایی حەرەکەتیان دەکرد و گرووپی سەربازی فالانکس[٢]یان هەبوو کە لە نێزە، نێزەی بچووک و چەکی هاوشێوەیان بەکار دێنا. پشت و لایەکان لەلایەن خەڵکی تەور بەدەست واتە ئەو بیورەی کە وەک چەک بەدەست شەڕکەرانەوە بوو ئاگاداری بوون. دیمەنێکی ترسناک بوو. دوک لەسەر یەک دەستووری هێرشی دەدا و چاوەڕێی ئەوە بوو کە سوارەکانی هێڵی فالانکسەکان بشکێنن، بەڵام ئەو شایەتحاڵی قەتڵ و عامیان بوو. تۆپخانەکانی بۆ مانۆڕلێدان لە ناوچە شاخاوییەکان گونجاو نەبوون و سویسییەکان بە تۆکمەیەکی باوەڕپێنەکراو شەڕیان دەکرد و هێزەکانی فالانکسیش پتە و قایم بوون.

هێزی یارمەتیدەری سویس کە لە نێو دارستانەکانی لای ڕاستی بۆرگۆندی خۆیان حەشار دابوو، لەناکاو هێرشیان دەست پێکرد سوپای دۆک بەناچاری پاشەکشەی کرد. ئەو شەڕە قەتڵ و عامێکی

١. دەسەڵاتدارانی ڕۆم هەمیشە هەنگاوی پێویستیان بۆ هەموو بڕیارەکانیان، جا بە ڕێکەوت بێ یان بە هەڵبژاردن، دەگرت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بمێننەوە، بەم شێوەیە هەرگیز چاوپۆشیان لە هەڵەکان نەدەکرد. زۆر بە فێڵبازانە کەرەستەکانیان بەکار دێنا و تەنانەت لە هەڵبژاردنی هاوپەیمانیشدا زیرەکانە ڕەفتاریان دەکرد، بەجۆرێک هەموویان وەک خزمتکاری خۆیان لێ دەکرد. ڕۆمییەکان سەرەتا خۆیان وا نیشان دەدا کە زۆر دڵسۆزن بۆ ئەوەی بۆچوونی هاوپەیمانی دراوسێکانیان و متمانەیەک بۆ خۆیان بەدەست بێنن، پاشان بە ڕێکوپێکی سەرکوتیان دەکردن. بێگومان ئەو کارەیان بەشێوەیەک ئەنجامدا کە هیچکام لە هاوپەیمانەکان ئاگایان لەوە نەبوو، بۆ نموونە خەڵکی لاتین هەرگیز ئاگایان لەوە نەبوو کە ئەوان لە کۆیلە زیاتر هیچی دیکە نین، تا سامنیتەکانیان بینی کە دیسان شکستیان خوارد و ناچار بوو مەرجەکانی ڕۆم قبوڵ بکەن. مجادلات، نیکولا ماکیاولی. ١٥٢٠

٢. فالانکس، سامانێکی بەرگرییە، لە یۆنان و مەقدونیەی کۆن، پێکهاتەیەکی شەڕکەرە، پێکهاتبوو لە شازدە ڕیزی پیادە بە ڕمی درێژی نزیکەی ٤ مەتر. سوارنیزام لە دوو لا و پشتەوە پشتگیریان دەکرد. فیلیپی دووەم و ئەسکەندەری مەزن ئەم پێکهاتەی شەڕەیان بەکار هێنا و هەرچەندە سەرکەوتووتر بوو لە پێکهاتەی باو چەکی قورس یان پیادەی بەهێز، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ لەشکری ڕۆم لاواز بوو، و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێکەوتەوە کە دوک توانی بەسڵامەتی خۆی دەرباز بکا.

چند مانگ دواتر دەبوو سویس وەڵامی هێرشی دوک بداتەوە و بۆیە بەرەو لۆرێن ڕێ کەوت. مانگی ژانویە [بەفرانبار] ١٤٧٨ دۆک بە هێزیکی لاوازەوە لە بەرامبەر ئەو هێرشە وەستا و دیسان بۆرگۆندی قەتل‌وعام کران، بەڵام ئەمجارە دۆک نەیتوانی ڕابکا و جنازەی ناوبراو لە مەیدانی شەڕ دۆزرایەوە سەری بە بیور دووقاش کرابوو و گیانی پڕ لە نێزە بوو.

چەند مانگی دوای مردنی شارڵ، لویی یازدەهەم بۆرگۆندی گرت و دوایین هەڕەشەی گەورەی لەسەر یەکپارچەی فەڕانسەی لە نێو برد. دوک بەبێ ئەوەی بزانێ کەوتە تەڵەی مەترسیداری لویی، و لویی بەبێ ئەوەی یەک سەربازی فەڕانسەوی بکاتە قوربانی بۆ هەمیشە شارڵی شکست دا.[1]

**لێکدانەوە**

پادشا لویی یازدەهەم لە کۆتاییدا بە "پادشای جاڵجاڵۆکە" ناسرا و ناوبانگی دەرکرد. چونکە بەهۆی ئەو تۆڕە وردانەی کە دەیبەست بۆ ئەوەی نەیارەکانی بخاتە تەڵەوە. ژیرییەکەی لەوە دابوو کە زۆر لە پێشتر بەرنامەڕێژی دەکرد و ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ بۆ ئامانجەکانی دروست دەکرد و گەورەترین ئامانجیشی ئەوە بوو کە فەڕانسە لە دەوڵەتێکی فیئۆدالییەوە بۆ هێزێکی گەورەی یەکگرتوو بگۆڕێ. بۆرگۆندی گەورەترین بەربەست بەسەر ڕێگای بوو، کە نەیدەتوانی بە تەنیا ڕووبەڕووی بێتەوە. سوپاکەی لە سوپای شارڵ لاوازتر بوو و نەیدەویست ببێتە هۆکاری شەڕی نێوخۆیی. بەڵام پێش ئەوەی شارڵ لەسەر کورسی پادشای دانیشێ لویی لەشکرکێشی کورتی دژی سویسیەکان ئەنجام دابوو و بینی کە هێزەکانی (فالانکس) سویس تا چ ڕادەیەک توانای خافلگیریان لەشەڕدا هەیە و ناوچەی شاخاوییەکانیان بۆ مانەوە نابێت و هێزەکانیان بێ‌بەزییانە شەڕیان دەکرد. ئەو دەیزانی کە سویسیەکان لەشەڕدا لەشکان‌نەهاتوون. لویی پلانێکی دانا بۆ ئەوەی شارڵ هان بدا هێرش بۆ سەر کانتۆنەکان بکا و بەمجۆرە سوپا و کەرەستە نیزامییەکانی لەکار بخا.

ڕیشاڵ و تاڵەکانی تۆڕی لویی بە باشی تەنرابوون. ساڵانێکی زۆری بۆ بەدەستهێنانی متمانەی سویسیەکان تێپەڕاند و پەیوەندییەکی لەپسان‌نەهاتوویان لە گەڵیان دروست کرد، بەجۆرێک سویسیەکان نەیتوانی ئامانجی نهێنی پشت پەردەی ئەو ببینن. ئەو هاوپەیمانییە تەنانەت شارڵی تووشی هەڵە کرد چونکە پێی وابوو لویی دەیهەوێ ئەو هاوپەیمانییە دژی ئەو بەکار بێنێ. پادشا

---

١. شەش لە پلەی سێهەم واتە: ئەو دۆستێکی دۆزیەوە. ئێستا تەپڵەکە لێدەدات، پاشان ڕاوەستا، و دەنگی بەرز کردەوە و ئێستا گۆرانی دەڵێ. لێرەدا سەرچاوەی دەسەڵاتی پیاو لە خۆیدا نییە بەڵکوو لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ کەسانی دیکەدایە. هەرچەندە لێیان نزیک بێ ئەگەر ناوەندی قورسایی پشت بەوانەوە ببەستێ، بە ناچاری لە نێوان خۆشی و خەمدا لە هەڵکشان و داکشان دایە. بەردەوام لە نێوان خۆشی و دڵتەنگیدا دەگۆڕێ. هێندێک جار تا بەهەشت و ئاسمان دڵخۆشە و هێندێک جاریش تا دۆزەخ و زەوی دڵتەنگ دەبێ. ئەمە چارەنووسی ئەو کەسانەیە کە پەیوەندییەکی دەروونی لەگەڵ کەسانێکدا هەیە کە هۆگری ئەوانن. ئی چینگ، چین، قرن هشتم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها دەیزانی کە بە ڕازیکردنی سویس بۆ هێرشکردنە سەر بۆرگۆندی لە ساڵی ١٤٧٤دا دوک هێندە تووڕە دەبێ کە بە خێرایی و بەبێ پلانی ورد بە دوای تۆڵە ئەستاندنەوەدا دەگەڕێ.

کاتێک ئێدوارد گەیشتە شاری کالە، پادشا پێش‌بینی ئەو هێرشەی کرد و خۆی بۆ ئامادە کردبوو. لەبری ئەوەی هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی ئەو دوژمنە سەرسەختە بدا، هەوڵیدا بە پێشنیارکردنی بەخشین و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە داراییەکانی ئێدوارد، و لە هاوپەیمانی لەگەڵ بۆرگۆندی پاشگەز بێتەوە و مەترسی شەڕێکی دوور لە ماڵەوە بە گیان نەکڕێ. هەروەها ئێدوارد پووڵێکی باشی بۆ ئەو کارە وەرگرت. لویی لەسەر بنەمای پێش‌بینییەکان بە پێویستی دەزانی کاتێک دەستی بەسەر خاکی دەوڵەمەندی بۆرگۆندیدا گرت زیاتر لەوەی کە بە ئێدواردی داوە بە دەستی دێنێ. شارڵ کە ئێستا ئینگلستان بە تەنیای بەجێی هێشتبوو، هێشتا سوور بوو کە تۆڵە لە سویس بکاتەوە. لەو کاتەدا لویی لەگەڵ دوک پەیماننامەی ئاشتی واژۆ کرد بۆ ئەوەی شارڵ لە دوا لەمپەر لەسەر ڕێگەی شەڕ لەگەڵ کانتۆنەکان بوو، ڕزگار بکا. ڕەنگە ئەو پەیمانە نوێیە دۆستایەتی لەگەڵ سویس خەوشدار بکا، بەڵام گرنگ چی بوو؟ ئەو دۆستایەتیە بۆ لویی زۆر گرنگ نەبوو و لە هەر حاڵەتێکدا سویس بۆ پارێزگاری لە خاکەکەی لەگەڵ شارڵ تووشی شەڕ دەبوو. لویی کە بە سەبرەوە چاوەڕێی گەشەکردنی ئامانجەکانی بوو، لە هاوپەیمانەکانی وەک ئامراز بۆ سەرکەوتن بەبێ ئەوەی بچێتە نێو شەڕ و خوێنڕشتنەوە کەڵکی لێ وەرگرتن.

کەم‌وزۆر هەموومان گرنگی هەبوونی هاوپەیمانی دەزانین، بەڵام بەو پێیەی زۆربەی کاتەکان لەبری بەکارهێنانی ستراتیژی و پلان، لە ژێر کاریگەری هەست و سۆز داین و خراپترین هاوپەیمانان بەرەو لای خۆمان ڕادەکێشین. هەڵەیەکی باو ئەوەیە کە بیر دەکەینەوە تا هاوپەیمان زیاتر بێ باشترە، بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە چۆنیەتی هەمیشە گرنگترە لە چەندایەتی. هەبوونی هاوپەیمانی زۆر ئەگەری تێوەگلان لە شەڕی کەسانی دیکەدا زیاد دەکا. کەواتە وەک هەمیشە لە توندڕەوییەوە بۆ ئەوپەڕی کەمتەرخەمی پەنا دەبەین و پێمان وایە باشترە هاوپەیمانێکی بەهێزمان هەبێ، خافڵ لەوەیکە هاوپەیمانێکی لەو شێوەیە تەنیا بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێ – ڕاست هەروەک چۆن لویی لەگەڵ سویس کردبووی – کاتێک بەرژەوەندییەکانی بۆ خۆی برد، ئێمە لە خراپترین بارودۆخدا بەجێ دێڵێ. لە هەر بوارێکدا وابەستەبوون بە کەسێکی تایبەت هەڵەیەکی گەورەیە. لە کۆتاییدا هێندێک جار کەسانێک هەڵدەبژێرین کە وەک هاوڕێ خۆیان نیشان دەدەن چونکە بە دڵسۆزیان دەزانین، هەستەکانمان وامان لێدەکا کە هەڵەی زۆر بکەین.[١]

١. ڕێوی و خرت (نێری). ڕێوییەک کەوتبووە چاڵێکەوە بیری کردەوە کە چارەنووسی ئەوەیە کە لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام خرت کە زۆر تینوو بوو چووە سەر چاڵە ئاوەکە و چاوی بە ڕێوی کەوت و گوتی: ئاوەکە ڕوون و باشە؟ ڕێوی هەوڵی دا ڕووخسارێکی ئازا لە خۆی نیشان دا و دەستی بە قسە لە بارەی فێنکی ئاو و خۆشی ئاوەکە کرد. بۆیە خرتەکە تەنیا بیری لە تینوێتی دەکردەوە، چووە خوارەوە بۆ بیرەکە و دوای ئەوەی تێر ئاوی خواردەوە، لە ڕێوی پرسی باشترین ڕێگە بۆ دەرچوون لە بیرەکە چییە؟ ڕێوی گوتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**لەبیرت بێ:** باشترین هاوپەیمان ئەو کەسانەن کە شتێکت پێ دەبەخشن بە تەنیا ناتوانن بەدەستی بێنن. ئەوان هەمان سەرچاوەی کە پێویستت پێیەتی بۆتان دابین دەکەن، کارە پیسەکان لەجێگای تۆ ئەنجام دەدەن و شەڕ بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێوە دەکەن. ئەو هاوپەیمانانە هەمیشە وەک سویس بەهێزترین و باشترین دۆست نین. داهێنەری خۆتان نیشان بدەن و بەدوای هاوپەیماندا بگەڕێ کە بتوانی لە بەرامبەر بەرژەوەندی ئەوان کەمتر خزمەتیان پێ بکەن و پێوەندیی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی شەخسی دامەزرێنن. لە دەستدانی ئەو جۆرە هاوپەیمانانە زەربەیەک لە تۆ نادا و هەست ناکەن کە خیانەتت پێ کراوە. پێویستە ئەو هاوپەیمانانە وەک ئامرازێکی کاتی ببینی و کاتێک پێویستت بەو کەرەستەیە نەما هیچ شتێکی خراپ نییە کە لەخۆتانی دوور بخەنەوە.

نیکۆلۆ ماکیاولی، شاهزادە دەڵێ: *"دەسەڵاتی هاوپەیمانێکی بەهێز سوودی بۆ ئەو کەسانە هەیە کە بەکاری دێنن، نەک ئەوانەی وابەستەی ئەوان دەبن."*

### هاوپەیمانی هەڵە

مانگی نوامبری [خەزەڵوەر] ١٩٦٦ مۆری بۆوین پرۆفیسۆر و پزیشکی دەروونی لە زانکۆی جۆرجتاون و یەکێک لەکاریگەرترین چارەسەرکەرەکانی جیهان ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەشەسەندوو لە نێو بنەماڵەکەی لە شاری "ویورلی" لە ویلایەتی تێنسی بووەوە. بۆوین گەورەترین منداڵی بنەماڵەکەی و پێنج خوشک و برا بوون. بنەماڵەکەی لە شاری ویورلی بۆ چەندین نەوە، کارێکی زۆر گرنگیان بەڕێوە دەبرد. سێهەم خوشکی گەورەی لەگەڵ ژوانی برای بۆ ماوەیەک ئەو کارەیان بەڕێوە برد. هەمیشە ژوان کاری زۆر دەکرد و هەستی بەوە دەکرد کە کەس قەدری ماندووبوونی ئەو نازانی، ئێستا دەیهەویست کۆنترۆڵی زیاتری بەسەر کارەکەدا هەبێ. باوکی پشتگیری دەکرد بەڵام دایکی ڕازی نەبوو. ئەندامانی ئەو بنەماڵە فراوانە هەرکامیانە لایەنگری لایەکیان گرت و بارودۆخەکە سەخت بوو.

لە هەمانکاتدا کەسێک لە بنەماڵەی هاوسەری ژوان مرد و بەجۆرێک هاوسەرەکەی تووشی خەمۆکی کرد کە کاریگەری لەسەر تەندروستی مێردەکەی دانا. ئەو ڕووداوە کاریگەری لەسەر باقی ئەندامانی بنەماڵەکەی دانا و دووهەمین خوشکی بچووکی هەموو نیشانە دەمارییەکانی نیشان دا. بۆین زۆر خەمی باوکی بوو کە دڵێکی لاوازی هەبوو. وەک پرۆفیسۆری چارەسەری بنەماڵەیی، لێکۆڵینەوەی لە دیاردەیەک کە پێی دەگوترێ "شەپۆلی دڵەڕاوکێی" کردبوو. بەگوێرەی ئەو دیاردەیە ڕووداوێکی دەرەکی دەتوانێ گورزێکی سۆزداری هێندە بەهێزی لێ بکەوێتەوە کە ببێتە هۆی مردنی بە

"ڕێگایەکی باش دەزانم، کە پێویستی بە هاوکاری هەردووکمانە، ئەگەر دەست بە دیوارەکەوە بنێی و تا دەتوانی شاخەکانت بەرز بکەیەوە، من بەسەرتۆدا تێدەپەڕم و دەچمە دەرەوە، پاشان من دەستی تۆ دەگرم و دێیە دەرەوە." خرت دەسبەجێ هەمان کاری کرد و ڕێویەکە لە قاچ و دەستەکانیەوە بەسەر شاخیدا سەرکەوت و کە گەیشتە لێواری بیرەکە، خۆی فڕێدایە دەرەوە و بە خێرایی ڕایکرد، لە کاتێکدا نێرییەکە دەستی بە هاوار و هاوارکردن و تەشەری پێدا دەدا، بۆچی ڕێککەوتنەکە شکاندووە. افسانەها، ازوپ، قرن ششم پیش از میلا

تەمەنترین یان لاوازترین ئەندامانی بنەماڵەکەی. ناچار بوو ڕێگایەک بۆ ئەوەی ئەو شەپۆلە دڵەڕاوکێیە کە لە بنەماڵەکەیدا هەیە و ڕزگاری بکا، بدۆزێتەوە.

کێشەکە بۆ بۆوین ئەوە بوو کە ئەویش لەو کاتەدا بە جۆرێک لە قەیرانی کەسی و پیشەیی‌دا تێدەپەڕی. یەکێک لە تیۆرییە کاریگەرەکانی بۆوین لەسەر ئەو بنەمایە بوو، کە ئەندامانی خێزانێک تا ئەو کاتە تەندروستن کە بتوانن خۆیان لە خوشک و برا و دایک و باوکیان جیا بکەنەوە و ناسنامەی تایبەتی خۆیان هەبێ و بتوانن بەبێ ئەوەی پشت بە کەسانی دیکە ببەستن بڕیاری خۆیان بدەن و لە هەمان کاتدا یەکگرتوو بن و چالاکانە لەگەڵ باقی خێزانەکەدا بەشدارن. ناوبراو ئەو کارەی بە ئەرکێکی دەروونی قورس بۆ مرۆڤەکان دەزانی. هەموو خێزانێک "ئیگۆیەکی" گرووپی و تۆڕێکی هەستی تەنراوی هەیە، پاراستنی خۆبژێوی دەرەکی لە بنەماڵەیەکدا پێویستی بە هەوڵ و پراکتیزە و ڕاهێنانی زۆر هەیە. بۆوین پێی وابوو ئەو کارە بۆ ئەندامانی خێزان و دەروونناسەکانیش گرنگە کە چارەسەری خێزانی ئەنجام دەدەن، چونکە ئەگەر چارەسەرکەر نەتوانێ مامەڵە لەگەڵ کێشەی بنەماڵەکەی بکا، ناتوانێ زۆر یارمەتی نەخۆشەکەی بدا و تەنانەت ڕەنگە کێشە کەسییەکانیشی بۆ بگوازێتەوە.

لە ڕاستیدا پرۆفیسۆر بۆوین پیاوێک بوو لە سنووری پەنجاساڵیدا و ساڵانێکی زۆر بوو کاری لەسەر پێوەندیی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا دەکرد، بەڵام بۆی دەرکەوت کە هەر جارێک بۆ ماڵەکەی خۆی لە ویلایەتی تێنسی دەگەڕایەوە، گیرۆدەی هەستەکانی گرووپ دەبێتەوە و ئەوەش لەباری سۆزدارییەوە پاشەکشەی پێدەکا و ناتوانی بڕیارێکی دروست بدا. ئەوەش وایکرد زۆر ماندوو و بێ حەوسەلە بێ، بۆیە بەو ئەنجامە گەیشت کە کاتی ئەوە هاتووە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا پشکنینی کەسێنی ورد لەسەر ئەندامانی بنەماڵەکەی ئەنجام بدات.

لە کۆتایی مانگی یەکی ساڵی ١٩٦٧دا ژوان بۆوین نامەیەکی دووروودرێژی لە براکەی مۆرییەوە پێگەیشت. ئەو دوو برایە ماوەیەکی دووروودرێژ، هیچ شتێکیان بۆ یەکتر نەنووسیبوو، لەڕاستیدا ژوان لە براکەی مۆری بێزار و چەند ساڵێک لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ براکە خۆی دەپاراست. هەمیشە باوڕی وابوو کە خۆی بۆ کاروکاسبی هەوڵی دەدا، بەڵام دایکی ئەوان هەمیشە پشتگیری مۆری دەکرد. مۆری لەو نامەیەدا چەندین چیرۆکی گێڕاوەتەوە کە بنەماڵەکەی بەدرێژایی ساڵان لە پشت سەری ژوان باسیان کردووە و جەختی لەوە کردۆتەوە کە مۆری هەمیشە هەوڵی داوە ئەو چیرۆکانە بە گوێی برا هەستیارەکەی نەگاتەوە. مۆری لەو نامەیەدا نووسیویەتی کە لە بیستنی ئەو قسانە بێزار و بیرکردنەوە لە چۆنیەتی هەڵس‌وکەوت لەگەڵ ژوان ماندوو بووە و پێی وابوو باشترە ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ بکا. پاشان لەنامەکەدا درێژەی دەدا، کە ئێستا هەموو شتێکی بە ڕوونی بۆ ژوان ڕوون کردەوە پێویست ناکات لە چوونەوەی داهاتوودا بۆ ماڵەوە ببینێ و ئەوەش بۆ هەردووکیان باشترە. ئەو خوارەوەی نامەکەی بە ناوی "برای بێزارکەری تۆ" (مزاحم) واژۆ کردبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاکوو ژوان زیاتر بیری لەو نامەیە دەکردەوە، زیاتر تووڕە دەبوو. مۆری بە ئەنقەست درزەکەی نێوان ژوان و بنەماڵەکەی خراپتر کردبوو، پاشان چەند ڕۆژ دواتر خوشکی بچووکی ئەو دووانە نامەیەکی لە مۆرییەوە پێگەیشت، لەو نامەیەدا مۆری پێی گوتووە کە ئاگاداری دڵەڕاوکێ و ناڕەحەتی سۆزداری خوشکەکەیەتی و لە نامەیەکدا داوای لە ژوان کردووە کە تا کاتێک مۆری بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە ئاگاداری خوشکەکەیان بێ. ئەو نامەکەی بە ناوی "برا نیگەرانەکەت" واژۆ کرد. ئەو نامەیە خوشکی مۆری تەنانەت لە ژوان تووڕەتر کرد. خوشکی لەوەی کە هەمووان وەک نەخۆش چاویان لێ دەکرد و بەزەییان پێی دا دەهات و دڵیان بۆی دەسووتا ماندوو بوو و ئەو ڕەفتارانەش زیاتر نیگەرانی دەکرد. دوای ماوەیەکی کورت مۆری نامەی سێهەم، ئەمجارەیان بۆ دایکی نووسی. ئاماژەی بەو نامانە کرد کە بۆ خوشک و براکەی ناردبوو و گوتی کە هەوڵ دەدەم بە ڕاکێشانی سەرنجی هەمووان کۆتایی بە قەیرانی بنەماڵەیی بێنێ. ئەو بۆ دایکی نووسیبوو دەیهەوێ براکەی تووڕە بکات و ئەگەر پێویست بکات زیاتر دنەی دەدا بەڵام هۆشداریشی داوە کە هەرگیز ژیرانە نییە ئەو زانیاریانە لەگەڵ دوژمن‌دا باس بکرێ، کەوابوو باشترە دایکی ئەو نهێنی‌یەی ئاشکرا نەکا، ئەو نامەیە لەلایەن "کوڕی وشیاری تۆ" واژۆ کراوە. دایکی کە پێی وابوو مۆری عەقڵی لەدەست داوە و نامەکەی دەسبەجێ سووتاند.

هەواڵی ئەو نامانە بە خێرایی بە تەواوی بنەماڵەکەدا بڵاو بووەوە و شەپۆلێکی تازەی تۆمەت و نیگەرانی و دڵەڕاوکێی دروست کرد. هەمووان نێوچاوانیان لە یەکتر گرژ کردبوو، بەڵام ژوان لە ناوەندی ئەو زریانەدا بوو. نامەکەی مۆری نیشانی خوشکەکەی دا و خوشکەکەشی زیاتر تووڕە بوو، دواتر سوێندی خوارد کە ئەمجارە ژوان بۆ ماڵەوە بێتەوە نەک دووری لێ ناکا بەڵکوو ڕووبەڕووی دەوەستێ و حەقی خۆی پێ بدا.

مۆری سەرەتای مانگی فوریە [ڕێبەندان] گەیشتە وولی، شەوی دووهەم کە مۆری و خوشکەکەی نانیان دەخوارد ژوان لەگەڵ هاوسەرەکەی گەیشتە ئەوێ و دایک و باوکیشی ئامادە بوون. ململانێی بنەماڵەیی نزیکەی دوو کاتژمێر درێژەی کێشا و بەشداربووانی سەرەکی مۆری، ژوان و دایکی بوون. شەڕێکی ناخۆش و تاڵی بنەماڵەیی لە ئارا دابوو. ژوان بە تووڕەییەوە هەڕەشەی لێ پێچینەوە لە مۆری بەهۆی چیرۆکە بێ ئەخلاقییەکانی و دایکی بەهۆی پیلانگێڕی لە دژی کرد. کاتێک مۆری پشتڕاستی کردەوە کە ساڵانێک لەمەوبەر و لەگەڵ دایکی یەکگرتوو بوون و پیلانیان لە دژی ژوان داڕشتووە، دایکی ڕەتیکردەوە کە هیچ زانیارییەکی لەسەر پیلانەکەی پێشوو هەبێ و گوتی کە لەمەودوا هەرگیز هیچ شتێك بە مۆری ناڵێ. هەروەها ژوان چیرۆکی لەبارەی براکەی کە پرۆفیسۆر بوو گێڕایەوە و مۆری وەڵامی دایەوە کە ڕەنگە ئەو چیرۆکانە سەرنجڕاکێش بن، بەڵام خۆی لەوان باشتر دەزانێ. هەموو ئەو گفتوگۆیانە جەختیان لەسەر بابەتی کەسێنی دەکردەوە و هەست و سۆزی سەرکوتکراو ئاشکرا بوون، بەڵام مۆری بە شێوەیەکی سەیر بێلایەن مایەوە. دڵنیا بوو لەوەی ئەمجارە لایەنی نەگرتووە و کەس بە قسەکانی دڵی خۆش نییە و کەسیش لێی ناڕەحەت نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژی دواتر مۆری چووە ماڵی ژوان و ئەو بە بینینی خوشحاڵ بوو. مۆری چیرۆکی دیکەی کە لەبارەی ژوان بیستبووی گێڕایەوە. یەکێک لەو چیرۆکانە حیکایەتی سەردەمێک بوو کە سەرەڕای هەموو نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکانی، ژوان کێشەیەکی بە باشی چارەسەر کردبوو. ژوان کە تووشی دڵناسکی و عاتفی بوو، بڕیاریدا کێشەکانی بە براکەی بڵێ و دەردودڵی خۆی لە لای ئەو هەڵڕێژێ: براکانی زۆر نیگەرانی خوشکەکەیان بوون ئەگەرچی لەڕواڵەتدا شتێکی دیکەی پێشان دەدا. دوای چەند کاتژمێرێک مۆری باسی نیگەرانییەکانی ژوانی بۆ خوشکەکەی کرد، خوشکەکەی لە وەڵامدا گوتی بەهۆی ئەو خێزانەوە زۆر دڵخۆشە و توانایی ئەوەی هەیە کە ئاگای لە خۆی بێ، بەم شێوەیە کۆبوونەوەی زیاتر لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەکەدا ئەنجامدرا. لە هەر بوارێکدا هەر جارێک کەسێک هەوڵ بدا لە پشت سەری یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە قسە بکا یان مۆری بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، مۆری بیروبۆچوونی ڕەد دەکردەوە یان هەڵوێستەکەی بە کەسی پێوەندیدار دەگەیاند.

ئەو ڕۆژەی کە بڕیار بوو مۆری ماڵەوە بەجێ بێڵێ، هەمووان هاتن ماڵئاوایی بکەن و خوشکەکەی ئارامتر دیار بوو، باوکیشی بە هەمان شێوە. دۆخی ئەو بنەماڵەیە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتبوو. دوای هەفتەیەک، دایکی مۆری نامەیەکی بۆ نارد و تێیدا نووسیبووی: "لەگەڵ ئەو هەموو ناکۆکیانەی کە دروستت کرد، دوایین هاتنت بۆ ماڵەوە باشترین سەردان بوو." ئێستا ژوان بە بەردەوامی نامەی بۆ براکەی دەنووسی، ململانێ لەسەر کۆنترۆڵکردنی کێشە بازرگانییەکان چارەسەر کرا. ئێستا، ئێوارەخوانەکانی مۆری لە ماڵەوە بووە بۆنەیەک کە هەمووان چاوەڕێی بوون. هەڵبەتە هێشتا لە فەنوفێڵی چیرۆکەکانی کەڵکی وەردەگرت.[1]

دواتر مۆری لەسەر ئەو ڕووداوەی نووسی و لە ڕاهێنانی دەروونناسانی دیکەی چارەسەرکەری بنەماڵە بەکاری هێنا. ئەو تاقیکردنەوە بنەماڵەییەی بە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی پیشەیی خۆیدا دەزانی.

## لێکدانەوە

ستراتیژی بۆوین لەو تاقیکردنەوەدا کە لەسەر بنەماڵەکەی ئەنجامیدا، سادە بوو: ئاسانکاری بۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی کرد کە بەرەو خۆیان ڕایبکێشن و بە جۆرێک لەگەڵی یەکگرتوو بن. ئەو بە ئاگادارییەوە دۆخێکی ئێحساسی بۆ تێکدانی باری ئاسایی بنەماڵەکەی دروستکرد و لە ئەزموونەکەیدا زیاتر لە هەموو کەس دایک و ژوانی وەک ئامانج دیاری کرد چونکە ئەو دووانە زۆر لەگەڵ یەکتر ناکۆک بوون لە ڕاستیدا ئەو بنەماڵەکەی وادار کرد لە جیاتی ڕاکردن لە چاوپیکەوتن

---

١. هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕەم دەتوانم ئەو کەسانەی کە چاوم پێیان دەکەوێ وەک بارگرانییەک لە سەرگەرمیەکانمدا بەکاریان بێنم. نزیکەی هەموویان درەنگ یان زوو ماندوو دەبن. بەهۆی ئەوەی نەیانتوانی بەرگەی ئەو ڕێپێوانە درێژانە بگرن کە بە خێرایی زۆر و لە ژێر هەموو بارودۆخێکی کەشوهەوادا بە زۆر بەسەریاندا هێنام، لە ڕێگادا گیانیان لەدەستدا. من ئەوانی دیکەم بۆ ئەوەی لە خزمەتم دابن، بەڵێنم دا کە بیانگەیەنمە ئەو شوێنەی کە خۆم دەچووم واتە ئەو وێستگەی کۆتایی شکۆمەندییە کە شاخەوانان بە نائومێدیەوە دەیانهەوێ پێی بگەن.... زندگی مرموز سالوادور دالی، سالوادور دالی، ١٩٤٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەل یەکتر، ڕووبەڕوو باسی پرسە کەسییەکانیان بکەن، لەلایەکی دیکەوە کاری لەسەر خۆی دەکرد بۆ ئەوەی ئارام و عەقڵانی بمێنێتەوە و هەر وەسوەسەیەک بۆ لایەنگری کەسێک یان ڕاکردن لە ڕووبەڕووبوونەوە پشت گوێ بخا.

لەم تاقیکردنەوەدا بۆوین هەستێکی نوێی لە سووک بوون و ڕەزامەندی کەسیی دۆزیەوە. بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا هەستی بە پێوەندی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا کرد بەبێ ئەوەی کەوتبێتە ژێر ڕاکێشانی هەست و سۆزی ئەوانەوە. ئەو دەیتوانی بێ‌ئەوەی قین و ڕقی منداڵیی خۆی زیندوو بێتەوە، یان وا خۆی بنوێنێ کە هەموو خۆشیان بوێ، بە ئاسانی لەگەڵ کێشە و بابەتەکان بەرەوڕوو بێتەوە، لێکیان بداتەوە و لەسەریان بدوێ و تەنانەت خەڵکانێکیش بکاتە گەبچاڕی خۆی. هەر چەندی زیاتر لە گەڵ بنەماڵەی خۆی بەو شێوە هەڵس‌وکەوت دەکرد، مانەوە لەلای ئەوان ئاسان‌تر بوو.

بۆوین تیۆری خۆی لە دەرەوەی خێزان لەبازنەیەکی گەورەتر پەرە پێدا. ئەو شوێنی کاری بە کەشێکی هاوشێوەی ژینگەیەکی خێزانی دەزانی کە سیستمێکی هەیەجانی لە ژێر کاریگەری ئەندامەکانیدایە. ئەو لە شوێنی کارەکەیدا شتێکی لەو شێوەیەی ئەزموون کردبوو. هەموو کاتێک خەڵک ئەویان بەرەو خۆیان ڕادەکێشا دەیانهەویست هاوڕێیان بێ و لە پشت‌سەری هاوکارە غیابیەکانیەوە قسە بکەن، هەموو ئەمانە ئارامییان لێ سەندبوو، دوورکەوتنەوە لەو پەیوەندییانە هیچی چارەسەر نەدەکرد. ڕاکردن نیشانیدا کە بە توندی لەژێر کاریگەری ڕەفتاری کۆدایە و ناتوانێ لەگەڵیان بگونجێ. دەبوو بۆوین هەنگاو هەڵێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەو دینامیکییە لە شوێنی کاریشدا تێک بدا. بۆیە یارمەتی لە تاکتیکێک وەرگرت کە لە بنەماڵەکەیدا بەکاری هێنابوو. بێگومان بە ئاگاهییەوە هەموو شتێکی تێکدا و هەڵبەتە بەجۆرێک خۆی نیشان دەدا کە بێلایەنە و تێگەیشت کە هەر وەک سیستمی بنەماڵە ئەمجارەش خۆبژێوی دەسەلاتێکی سەیر و سەمەرەی پێ دەبەخشێ.

هیچ کەسێک ناتوانێ بەبێ هاوپەیمانی ژیان بە سەر ببات. بەڵام مەسەلەی ئەساسی ئەوەیە کە هاوپەیمانی هەڵە لە هاوپەیمانی ڕاستەقینەکان جیا بکاتەوە. هاوپەیمانییەکی هەڵە لە نیازی سۆزداری دەستبەجێ خۆی نیشان دەدا. پێویستی بەوەیە دەستبەرداری شتێکی جەوهەری لەبارەی خۆت بی و وا دەکات نەتوانی سەربەخۆ بڕیار بدەن. بەڵام هاوپەیمانییەکی ڕاستەقینە لە بەرژەوەندی دوولایەنە پێک دێت، هەر لایەنێک ئەو شتانە دابین دەکات کە ئەوی دیکە بە تەنیا ناتوانێ بەدەستی بێنێ. پێویست ناکا شوناسی خۆت لەگەڵ شوناسیی گرووپێکدا تێکەڵ بکەی یان گرنگی بە هەموو پێداویستییە سۆزدارییەکانی کەسێکی دیکە بدەن. هاوپەیمانی ڕاستەقینە خۆبژێوی و سەربەخۆیت پێ دەبەخشێ[١]

١. شێر و کەرێکی کێوی.

شێرێک و کەرێکی کێوی ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرد بۆ ئەوەی پێکەوە دڕندە کێوییەکان ڕاو بکەن، شێرەکە دەبوو هێزی گەورەی خۆی بەکار بێنێ، لەکاتێکدا کەرەکە سوود لە خێرایی خۆی وەردەگرێ. کاتێک ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئاژەڵیان ڕاو کرد و کۆیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە درێژایی تەمەن لە گرووپ‌گەلێک‌دا دەبن کە ناچارت دەکەن بۆ هەر هاوپەیمانییەکی هەڵە ئەزموون بکەن و بەسەر هەستەکانتدا زاڵ دەبن، دەبێ ڕێگەیەک بدۆزیەوە کە هێز و تواناکانت قسەی یەکەم بکەن، واتە دەتوانی پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا بکەن و لە هەمانکاتدا سەربەخۆیی خۆتان بپارێزن. ڕەفتاری هاندەرانەت هەبێ بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە نەتوانن بە ئاسانی بتخەنە تەڵەوە. بە ئامانجی گرتنی کەسانی کۆنترۆڵکەر و کێشەدار، دینامیزم و ڕەوتی حاکم بەسەر گرووپ‌دا بگۆڕن. کاتێک لە دۆخێک دای کە دەتوانی مەنتقی و ژیرانە ڕەفتار بکەن دەتوانی بەبێ ئەوەی بچووکترین نیگەرانی سەبارەت بە هەستە دەروونییەکانی خۆتان هەبێ، هاوپەیمان دروست بکەن. بەو شێوەیە سەرنج دەدەی وەک کەسێک کە هاوکات بەشێکە لە گرووپ، بەڵام سەربەخۆ کار دەکا، تۆ دەبیە ناوەندی قوورسایی و سەرنجدان.

بالتازار گراسیان (١٦٠١- ١٦٥٨) دەڵێ: *"لە ژێر پەردەی یارمەتیدانی بەرژەوەندی کەسانی دیکەدا دەست بەکار بکەن، بەڵام بەرژەوەندییەکانی خۆتان بەرەو پێش ببەن. ئەمە باشترین خۆداپۆشین و تەویر و تەگبیرە بۆ وەدیهێنانی خەونەکانت، چونکە ئەو سوودانەی کە بە ڕواڵەت پێشکەشی کەسانی دیکەی دەکەی، دەبێتە تەڵە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئیرادەیان هەبێ. ئەوان بڕوایان وایە بەرژەوەندییەکانیان گرنگە لە کاتێکدا ڕێگایان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێوە کردۆتەوە."*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

بۆ مانەوەی خۆمان و پێشکەوتن لە ژیان‌دا، ناچارین ئەوانی دیکە بۆ هێندێک مەبەست و بۆ جێبەجێ‌کردنی هێندێک پێداویستی بە کار بێنین. ئەو پێداویستیانە دەتوانن دەستڕاگەیشتن بەو سەرچاوانە بێ کە ئێمە نیمانە، هێندێک جار پێویستمان بە پاراستن هەیە، یان بەدوای کارامەیی یا تواناییەک‌دا دەگەڕێین کە بۆ خۆمان لێی بێ بەشین. وشەی "کەڵک" (استفادە) لە وەسفکردنی پێوەندیی مرۆڤدا واتایەکی ناشیرینی هەیە و هەمیشە دەمانهەوێ ڕەفتارەکانمان لە ڕەفتاری ئەوانی دیکە ڕەسەنتر و بەرزتر دەربکەون. ئێمە مەیلی ئەوەمان هەیە ئەو پێوەندییە جۆرێک لە پێوەندی دۆستایەتی، کاری و هاوبەشی نێو بنێین.

بابەتەکە تەنیا پێوەندی بە هەستەکانەوە نییە، بەڵکوو ئەم فامەی ئێمە سەرچاوەی ناڕوونییەکی مەترسیدارە کە لە کۆتاییدا زیانمان پێ دەگەیەنێت. کاتێک بەدوای هاوپەیمانێکدا دەگەڕێن، یا نیازێکت هەیە یا بەرژەوەندییەک هەیە کە دەتهەوێ وەدی بێنن. ئەوە پرسێکی پراکتیکی و

---

کردەوە، شێرەکە غەنیمەتەکانی بەسەر سێ بەشدا دابەش کرد. گوتی: "بەشی یەکەمی لەبەر ئەوەی سوڵتانی دارستانم من هەڵی دەگرم. پشکی دووهەمیش هی من دەبێ چونکە من لە ڕاکردن‌دا هاوبەشی تۆ بووم سەبارەت بە پشکی سێهەم بە کەری کێوی گوت، ئەگەر ئەو پشکە هەڵگری ئەوە مەترسییەکی گەورەت بە گیان کڕیوە، کەواببوو باشترە خۆت ئەو بدەی بە من!" هەمیشە ئەوە زۆر گونجاوە بۆ حیسابکردنی هێزی خۆت، لەگەڵ کەسێکی بە هێزتر لە خۆت هاوپەیمانی پێک مەهێنە. افسانەها، ازوپ، قرن ششم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ستراتیژییە کە سەرکەوتنی تۆ بەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر ڕێگە بدەی سۆز و ڕواڵەتەکان سێبەر بخەنە سەر ئەو هاوپەیمانییانە کە دروستی دەکەن ئەوە لە مەترسی‌دا دەبیت. هونەری دروستکردنی هاوپەیمانی پەیوەستە بەتوانای ئێوە بۆ جیاکردنەوەی هاوڕێیەتی لە نیازە.

هەنگاوی یەکەم، ئەوەیە کە بزانین هەمووی ئێمە بەردەوام لەکەسانی دیکە بۆ پێش‌خستنی خۆمان کەڵک وەردەگرین. (بۆوین ئەوەندە لەوبوارەدا بەرەو پێش چوو کە تەنانەت بنەماڵەکەی بۆ چارەسەرکردنی مەتەڵی پیشەیی خۆی لە تاقیکردنەوەیەکدا کەڵکی وەرگرت). ئەو کارە هیچ شەرمەزارییەک لەو بابەتەدا نییە. کەوابوو نابێ هەرگیز هەست بە تاوان بکەن. لەلایەکی دیکەوە کاتێک دەزانی کەسێک کەڵک لەتۆ وەردەگرێ نابێ بە بابەتێکی کەسێتی وەربگری، چونکە کەڵک وەرگرتن لەمرۆڤەکان پێویستییەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتییە. هەنگاوی دووەم، ئەوەیە بە لە بیربوونی ڕاستی پێشوو، دەبێ فێر بن کە ئەو هاوپەیمانیانە بیکە بە هاوپەیمانی ستراتیژی و خۆتان لەگەڵ کەسانێکدا هەماهەنگ بکەن کە دەتوانن شتێکت پێ بدەن کە لای تۆ نیە. ئەوەش پێویستی بەوەوەیە کە تۆ بەرەنگاری وەسوەسەی بڕیاری سۆزداری بیتەوە. نیازی سۆزداری هەستەکی هەمان ڕەهەندی ژیانی تایبەتی تۆیە و کاتێک دەچیە نێو کایەی کۆمەڵایەتی ژیانەوە، دەبێ هەمووی ئەوانە وەلا بنێی. ئەو هاوپەیمانیانەی کە زۆرترین یارمەتی تۆ دەدەن بەرژەوەندی دوو لایەنە دابین دەکەن. ئەو یەکێتییانەی کە لەژێر کاریگەری هەستەکاندان یان شوێنەواری خۆشەویستییان تێدا دەبینرێ کەڵکی نیە، بەڵکوو زیانبەخشن. ڕەفتاری ستراتیژی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی خۆتان، ئێوە لە تەنگ‌وچەڵەمە ڕزگار دەکا.

هاوپەیمانییەکانتان وەک بەردەبازێک ببینن کە بە ئامانجتان دەگەیەنێ. لە ماوەی ژیانتدا، بەردەوام لە بەردێکەوە بۆ بەردێکی دیکە باز دەدەن بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بە ئامانجی خۆتان بگەن. کاتێک لەو ڕووبارە مەترسییە دەپەڕیەوە، پلیکانە بەردەکان لە دوای خۆتان بەجێ دەهێڵن. ئێمە ئەو پێشکەوتنە بەردەوامە بە کەڵک‌وەرگرتن لە هاوپەیمانان "یاریی یەکێتی" (اتحاد) ناو دەبەین.

زۆرێک لە بنەما سەرەکییەکانی گەمەی یەکێتی لە چینی کۆنەوە سەرچاوەیان گرتووە، چینی کۆن لە چەندین دەوڵەت پێکهاتبوو کە دەسەڵاتیان بەردەوام لە گۆڕاندا بووە. ئەوان ئەمڕۆ بەهێز بوون، سبەی لاواز و دووسبەی بەهێزتر دەبوونەوە. شەڕ لە چینی کۆن کەرەستەیەکی زۆر مەترسیدار بوو، چونکە ئەیالەتێک بۆ ئەیالەتێکی دیکە هێرشی دەکرد، نادڵنیایی زۆری لە دڵی ئەوانی دیکەدا دەچاند و لە درێژخایەندا شکستەکانی زیاتر بوو لە سەرکەوتنەکانی. لەو ڕوویەوە ئەگەر ئەیالەتێک بۆ هاوپەیمانی لە گەڵ ئەیالەتێکی دیکە زۆر بە وەفاداری بمێنێتەوە ئەو بەبێ ئاگاداری خۆی دەچووە نێو شەڕەوە و بە ئاسانی نەیدەتوانی لێی ڕزگاری بێ، بەم هۆیەوە پێکهێنانی هاوپەیمانی گونجاو هونەرێکی زۆر گرنگتر لە خودی شەڕەکە بوو، دەسەڵاتدارانی کە لەم بوارەدا مامۆستا بوون تەنانەت لە ڕێبەرانی نیزامی بەهێزتر خۆیان نیشان دا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕێگەی یاریی یەکێتییەوە بوو کە ئەیالەتی چین توانی هێواش هێواش لە ماوەی شەڕەکانی ئەیالەتی لە سالآنی ٤٠٣-٢٢١ پێش زایین پەرە بستێنێ. ئەیالەتی چین لەگەڵ ئەیالەتە دوورەکان هاوپەیمانی پێک دێنا و هێرشی بۆ سەر ئەیالەتی نزیکتر دەکرد. ئەیالەتی نزیک کە چین هێرشی بۆ دەکرد نەیدەتوانی یارمەتی لە دراوسێی دەرەوەی خۆی وەربگرێ چونکە ئەو دراوسێیە یەکێتی و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەیالەتی چین واژۆ کردبوو. ئەگەر چین ڕووبەڕووی دوژمنێک دەبووەوە کە هاوپەیمانێکی بەهێزی هەبوو، ئەوە سەرەتا کاری بۆ تێکدانی هاوپەیمانی دەکرد، دووبەرەکی و ناکۆکی دەنایەوە و شایعەی بڵاو دەکردەوە پاشان لایەنێکی بە پووڵ دەکڕی تا سەرنجام هاوپەیمانی لێک بڵاو دەبوو. دواتر بە ئاسانی هێرشی بۆ یەکێک لەو دوو ئەیالەتە دەکرد و وردە وردە ئەیالەتی چین هەموو ئەیالەتەکانی دەوروبەری داگیر دەکرد تا لە کۆتایی سەدەی سێهەمی پێش زایین توانی چینی یەکپارچە دروست بکا.

ئەمڕۆ وەک چینی کۆن بۆ ئەوەی لە یاریی یەکێتی سەرکەوتن وەدەست بێنی پێویستە واقیعبینانە مامەڵە بکەن و پێشوەختە پێش‌بینی هەموو شتێک بکەن و دۆخەکە تا ئەو جێگایەی کە دەتوانرێ بە نەرمونیانی(سیال) بپارێزن. ڕەنگە هاوپەیمانی ئەمڕۆ دوژمنی سبەینێ بێ. سۆز و هەست لە وێنە کەلآنەکەدا هیچ شوێنێکی نییە. ئەگەر ئێوە لاواز، بەڵام زیرەک بن دەتوانن بە هێواشی وەک بۆق لە هاوپەیمانییەکەوە بۆ هاوپەیمانییەکی دیکە باز بدەن و پێگەیەکی دەسەڵات بەدەست بێنی. ڕێبازی پێچەوانە ئەوەیە کە هاوپەیمانییەکی سەرەکی دروست بکەن و پێی پابەند بن، متمانەی پێ بکەن و پەیوەندی پتەوی لەگەل دروست بکەن. ڕەنگە ئەو پەیوەندییە لە ڕۆژانی سەقامگیریدا کاریگەر بێت، بەڵام لە قۆناغەکانی ناجێگیریدا کە لەم سەردەمەدا زیاتر باو بووە ئەو پەیوەندییە کاریگەر نابێ، چونکە جیاوازی بەرژەوەندییەکان دەردەکەون و لەهەمانکاتدا هاتنەدەر لەو پێوەندییە ئەستەم دەبێ لەبەر ئەوەی سۆز و ئێحساساتی تێیدا بەشدارن و لەودا سەرمایەگوزاریتان کردووە. لەوە سەلامەتتر ئەوەیە کە لە گۆڕانکاری بیر بکەیەوە و بژاردەکانت بە کراوەیی بێڵەوە و هاوپەیمانییەکانتان لەسەر بنەمای پێویستی پێک بێنن نەک بەها ئەخلاقییەکان و وەفاداری.

لە سەردەمی زێڕینی هۆلیووددا، هونەرمەندان سەردەمانێک دەسەڵاتێکی زۆر کەمیان هەبوو. پڕۆژەکانی کاری کورتخایەن بوون و تەنانەت ئەستێرەیەکی دیار دوای چەند ساڵێک جێگەی خۆی بە کەسێکی جوانتر و گەنجتر دەدا. ئەو هونەرمەندەی کە بە دڵسۆزییەوە بۆ ستۆدیۆکەی دەمایەوە دوای تەواوکردنی دەورەکانی(ڕۆڵەکانی)، داماو و نائومێد دەمایەوە. یەکێک لەو ئەکتەرە ژنانەی کە میتۆدێکی ستراتیژی بەکار هێنا "جوئان کراوفۆرد" بوو کە میتۆدی خۆی لە یاری هاوپەیمانیدا پەرە پێدا. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٣٣ لەگەڵ سیناریۆ نووس "ژۆزێف منکیە ویچ" کە لەو کاتەدا گەنجێکی حەیا بەخۆ بوو و کلیلی پڕۆژەیەکی بە ناوبانگی تازە کردبووەوە، چاوپێکەوتنی کرد. کراوفۆرد یەکسەر دەرکی بە بەهرەی منکیە ویچ کرد و بوو بە هاوڕێی و منکیە ویچ پێشوازی لێکرد. ئەو نۆ دانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیناریۆی بۆ کراوفۆرد نووسی و مانەوەی ئەوی درێژتر کردەوە.

هەروەها کراوفۆرد دۆستایەتی لەگەڵ وێنەگرەکان و فیلم هەڵگرەکان کرد و ئەوان کاتێکی زیاتریان بۆ وێنەگرتن و تیشکاوێژی ئەو بەسەر دەبرد بۆ ئەوەی لەوانی دیکە سەرنجڕاکێشتر دەربکەوێ. کراوفۆرد هەمان شێوازی لەگەڵ بەرهەمهێنەران گرتەبەر. شێوازی کراوفۆرد ئەوە بوو کە لەگەڵ بەهرەمەندە گەنجەکاندا یەکگرتوو بێ کە گرنگییان بە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەستێرەکاندا هەبوو، بەڵام کاتێک پێداویستییەکانی دابین دەکرا پەیوەندی و دۆستایەتی لەبیر دەکرا و هەرگیز ئاوڕێکی لە دواوە نەدەداوە. ئەو نە بە ستۆدیۆ و نە بە هیچ کەسی دیکە وەفادار نەبوو، تەنیا دڵسۆزی خۆی بوو. ئەو ڕوانگە نا هەستییە، بووە هۆی ئەوە نەکەوێتە تەڵەیەکەوە کە زۆربەی ژنە ئەکتەرەکان تێی دەکەوتن.

کلیلی ئەو یاریکردنە ئەوەیە کە بزانی کێ دەتوانێ بە باشترین شێوە بۆ بەرەو پێشبردنی بەرژەوەندییەکانتان یارمەتیت بدات. ئەو کەسە پێویست ناکا هەمیشە بە هێزترین کەس بێ، بەڵکوو کەسێک بێ کە زۆرترین کاری بۆ ئەنجام داوی. زۆرجار سوودمەندترین هاوپەیمانەکان ئەوانەن کە دەتوانن نیازە تایبەتەکانی ئێوە دابین بکەن یان هێندێک بۆشایی لە کارەکانی ئێوە داپۆشن. هاوپەیمانی گەورە لە نێوان دوو زلهێزدا زۆرجار بێسوودترین هاوپەیمانییە. لویی یازدەهەم لەشکرێکی لاوازی هەبوو، بۆیە سویسی وەک هاوپەیمانێک هەڵبژارد، کە ئەکتەرێکی گرنگ لە گۆڕەپانی ئورووپادا نەبوو. ئەو کە لە ساڵانێک پێشتر هەموو شتێکی پێشبینی کردبوو، هاوپەیمانێکی هەڵبژارد کە دوژمنەکەی تا ڕادەی مردن تووڕە بکا. لیندۆن جانسۆن وەک یاریدەدەرێکی گەنج و بە ئەمەک لە کۆنگرێس‌دا لە واشنگتۆن بۆ ئەوەی بگاتە لووتکە، دەرکی بەوە کرد کە بەهرە و هێزی تایبەتی نییە. ئەو یەکێک بوو لە زیرەکترین کەسەکان بۆ سوودوەرگرتن لە بەهرەی کەسانی دیکە بوو. جانسۆن کە دەرکی بە گرینگی زانیاری لە کۆنگرە کرد بوو دەستی کرد بە هاوڕێیەتی و پێوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پۆستی سەرەکی پلەی بەرز یان تەنانەت پلەی نزمیان لە زنجیرەی زانیاریدا هەبوو. بە تایبەتی لە پێوەندیکردن لەگەڵ پیرە پیاوەکاندا کە حەزیان لە قسەکردن لەگەڵ گەنجان بوو، مامۆستا بوو. ئەوان ڕۆڵی باوکێکی خەمخۆری و ڕێنوێنیان بۆی دەگێڕا. جانسۆن وردە وردە لەو مندالە هەژارەی تێگزاسیەوە سەری هەڵدا کە کەسی نەدەناسی تا بە لووتکە گەیشت و ئیستا تۆڕێکی هاوپەیمانی و پەیوەندییەکی گەورەی هەبوو.

ستراتیژییەکی باو لە پێشبڕکێی دووچەرخەسواری‌دا ئەوەیە کە هەرگیز زۆر لە پێش ئەوانی دیکەوە نەڕۆن و لە پشت پێشەنگەوە بیت، چونکە ئەمە دۆخێکی باشە کە بەرگری با کەم دەکاتەوە. پێشەنگ لە بەرامبەر بادا دەوەستێ و وزەی ئێوە بە فیڕۆ ناچێ، بەڵام لە دوا ساتدا خێراییەکەتان زیاد بکەن، ڕێگەدان بە کەسانی دیکە لەبری تۆ خۆڕاگری و وزەی خۆیان بۆ ئیوە خەرج بکەن، ئەوە نیهایەتی ستراتیژی و ئابوورییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکێک لە باشترین ستراتیژییەکانی یاریی هاوپەیمانی ئەوەیە کە بە شێوەیەک ڕەفتار بکەن کە وا دیارە یارمەتی کەسێکی دیکە دەدەن بۆ ئەوەی بە ئامانجی بگا، بەڵام ئامانجی سەرەکی گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی خۆتان لەکۆتایی یارییەکەدایە. دۆزینەوەی ئەو جۆرە کەسانە ئاسانە: ئەوان پێویستییەکی دەستبەجێیان هەیە، لاوازییەکی کاتی، کە دەتوانی یارمەتیان بۆ داپۆشینی بدەن. ئێستا زۆر قەرزداری ئێوەن بۆیە دەتوانی بە هەر شێوەیەک کە حەزت لێیە سوودیان لێ وەربگری و بەسەر کارەکانیاندا زاڵ بن و وزەیان بە قازانجی خۆتان بەکار بێنن. ئەو سۆزانەی کە بە هۆی پێشنیاری یارمەتی بەوان لەبەرچاوت گرتبوو، ئەوانی بۆ بینینی ئامانجی تاکە کەسی تۆ کوێر کردووە.

هونەرمەند سالوادۆر دالی مامۆستا شارەزایی ئەو نوسخەیەی یاریی یەکێتی بوو. ئەگەر کەسێک پێویستی بە ڕادەیەک پووڵ بووایە، دالی بە هانایەوە دەهات و یەکسەر دەستی بە چالاکییەکی خێرخوازی دەکرد و بەم شێوەیەش بەربەرکانی ئەو کەسەی پێویستیدار لە دژی دالی کەم دەبووەوە. دالی دۆستایەتی باشی لەگەڵ ئەستێرەکانی هۆلیوود و کەسانی بەگزادە دروست دەکرد. ئەو بۆ چالاکی خێرخوازی هەموو جۆرە پشتگیرییەکی هەبوو. لە ساڵی ١٩٤١ بۆ بەڕێوەچوونی ڕێورەسمێک بە نێوی "شەوێ لە دارستانی سوریالیستیدا" لە "پێبڵ بیچی" لە ویلایەتی کالیفۆرنیا کە بۆ کۆکردنەوەی پووڵ بۆ هونەرمەندەکانی برسی لە ئورووپای شەڕ لێدراو ڕێکخرابوو. داوای زەڕافەیەکی زیندوو و هێندێک دارخورمای بۆ دروستکردنی دارستانێک کرد. هەروەها داوای گەورەترین تەختی خەوی جیهان و ماشێنێکی قوڕازە و هەزاران جووت پێڵاوی کرد. لەکۆتایی ئەو بۆنەیەدا هاتوهاوارێکی زۆری کرد و هەموو جۆرە ناوبانگێکی باش و خراپی بەدەست هێنا، بەڵام وەک هەمیشە تەخشان و پەخشانی دالی فاکتۆری قورستر لە پسووڵەی بۆ هێشتەوە (واتا تێچووی لەداهاتی زیاتر بوو)و هیچ پووڵێکی بۆ تێرکردنی زگی هونەرمەندە برسییەکانی ئورووپا نەمابوو و ئەوەی جێگای سەرنجە، هەواڵ و دەنگە دەنگی ئەو کارە هەموویان ناوبانگی دالی‌یان زیاتر کرد و هاوپەیمانی بەهێزتری بۆ دروست کرد.

یەکێک لە ڕێگاکانی کایەی یاریی هاوپەیمانی بریتییە لەوەی ڕۆڵی ناوبژیوان بگێڕی. لەڕاستی‌دا ناوەندێک بی کە هێزەکانی دیکە بە دەوریدا دەسوڕێنەوە. کاتێک سەربەخۆ دەمێنێیەوە کارێکت کردووە ئەوانی دیکە بۆ ئەوەی ملکەچی خۆیان نیشان بدەن، شەڕتان لە سەر بکەن. ئەوەش هەمان کارێکە کە "فۆن مێترنیخ" وەزیری دەرەوەی ئوتریش لە سەردەمی ناپلیۆن و دوای ئەوە ئەنجامی دا و ئوتریشی وەک دەسەڵاتی سەرەکی ئورووپا پاراست. تەنانەت لە سەردەمی ناپلیۆنیشدا کە ئوتریش لە لاوازترین ئاستدا بوو، مێترنیخ ناچار بوو لەگەڵ فەڕانسە دۆستایەتی بکات بۆ ئەوەی وڵاتەکەی لە کێشەی بەردەوام ڕزگار بکا. بۆ نمونە بەبێ واژۆکردنی پەیمانێکی یاسایی لەگەڵ فەڕانسە، ناپلیۆنی لە ڕووی هەست و سۆزدارییەوە بە ئوتریشەوە بەستەوە و وای لە ناپلیۆن کرد هاوسەرگیری لەگەڵ کچی یەکێک لە بنەماڵەی بەگزادەکان بکات. بە هێشتنەوەی هەموو زلهێزەکانی وەک ڕووسیە، فەڕانسە و ئینگلستان لە دەستی خۆیدا، کارێکی کرد کە هەموو شتێک لە دەوری ئوتریش بسووڕێتەوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرچەندە ئوتریش بە هیچ شێوەیەک بە هێزێکی نیزامی گەورە ئەژمار نەدەکرا.

دەروشاوەیی ئەو گۆڕانکارییە ئەوەیە کە تەنیا بە ڕاگرتنی پێگەیەکی ناوەندی دەتوانی دەسەڵاتێکی گەورە بۆ لای خۆتان ڕاکێشن. بۆ نموونە، ئێوە خۆتان لە خاڵێکی گرنگدا لە زنجیرەی زانیارییەکاندا دادەنێن، کە دەستت پێی ڕادەگا و کۆنترۆڵی دەکەن. یان تۆ شتێک بەرهەم دێنی کە خەڵکی دیکە بە شێوەیەکی بەرچاو پێویستیان پێیەتی و کە بە ئێوە هێزێکی باوەڕپێنەکراو دەبەخشێ. یان تۆ ڕۆڵی نێوبژیوانی دەگێڕی کە هەموو کەسێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەک پێویستی پێیەتی. چونکە هەرچییەک بێ لەم کاتەدا مەوقعییەتی کانونی خۆت لە ژێر پاراستندا بەبێ ململانێ پاراستووە. ئەو ساتەی کە دەچیە نێو جۆرە هاوپەیمانییەکی درێژخایەنەوە، هێزی ئێوە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە.

یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی گەمەی هاوپەیمانی بریتییە لە توانای کاریگەری دانان لەسەر هاوپەیمانییەکانی ئەوانی دیکە و تەنانەت لێک بڵاوبوونیان لە ڕێگەی دووبەرەکی‌نانەوە، بەجۆرێک هاوپەیمانان لەگەڵ یەکتردا شەڕ بکەن. تێکدانی هاوپەیمانی دوژمنەکانت، هێندەی دروستکردنی هاوپەیمانییەک بۆ خۆتان گرنگی هەیە. کاتێک هێرنان کۆرتیس لە ساڵی ١٥١٩دا هێزەکانی خۆی لە مەکسیک جێگیر کرد بە پێنج سەد سەربازەوە ڕووبەڕووی ١٠٠ هەزار ئازتەک بووەوە، ئەو دەیزانی کە زۆرێک لە هۆزە بچووکەکانی مەکسیک لە ئیمپراتۆری ئازتەکییەکان ماندوو بوون، وردە وردە هاوپەیمانی هۆزەکانی لەگەڵ ئازتەکییەکان تێکدا. بۆ نموونە بە گوێی سەرۆک هۆزەکانی دا دەخوێند و پڕی دەکردن لە چیرۆکی نەخشە شوومەکانی ئیمپراتۆری ئازتەکییەکان وای لێکردبوون کە لە کۆبوونەوەی داهاتوو باڵیۆزەکانی ئازتەک بە دیل بگرن. ئەو ڕەفتارە بوو بە هۆی تووڕەیی ئازتەک و هۆزەکان دەکەوتنە مەترسییەوە و بۆ پشتیوانی ڕوویان لە کۆرتیس دەکرد. کۆرتیس بەردەوام بوو لەو یارییە نەرێنییە تا هەموو هاوپەیمانەکانی ئازتەکییەکانی کردە هاوپەیمانی خۆی.

لێرەدا سەرنج بە لەنێوبردنی متمانە دەدرێ. بەسە بۆ ئەوەی یەکێک لە لایەنەکان سەبارەت بە ئەوی دیکەیان بێ متمانە بێ، دەنگۆ بڵاو بکاتەوە، بە ئەنگێزەی کەسانی دیکە دوودڵ بێت یا دۆستایەتیکردن لە یەکێکیان بۆ ئەوەی ئەوی دیکە حەسوودی ببا. دووبەرکی بنێوە و فەرمانڕەوایی بکە. بەم شێوەیە شەپۆلێکی هەست و سۆز دەورووژێنی، سەرەتا لە لایەک و پاشان لە لایەکی دیکەی زەربەی لێ بدە تاکوو هاوپەیمانی لێک هەڵوەشێ. ئێستا ئەندامانی پێشووی ئەو هاوپەیمانییە لاواز بوون. کەمێک زیرەکانە ڕەفتار بکە تا ئەوان بۆ پشتیوانی ئێوە دەست بە دامانتان بن.

لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنێکی کە هاوپەیمانی زۆری هەیە، لە ڕادەی هاوپەیمانی و وەفاداری ئەوان مەترسن. هەروەک ناپلیۆن دەڵێ: "بە من هاوپەیمانی بدەن تا شەڕ بکەم." هاوپەیمانان لە شەڕدا کێشەی فەرماندەهی و کۆنترۆڵیان هەیە، خراپترین شێوەی ڕێبەری، ڕێبەری دابەشکراوە، ژێنراڵەکان پێش هەر کارێک دەبێ ڕەزامەندی سەرکردەکانیان وەدەست بێنن وەک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەیتانۆکە بە خاوی دەجووڵێنەوە. ناپلیۆن هەمیشە لە ئاڵقەی لاواز زەربەی دەدا. یەک زەربە و کەوتنی دوایی دەبێتە هۆی ئەوە یەکرِیزیی تەواوی هاوپەیمانی لێک بڵاو بێ. ناپلیۆن هەروەها لە شەڕدا بەدوای سەرکەوتنی خێرادا دەگەڕا و تەنانەت ڕێزی لە سەرکەوتنێکی بچووکیشی دەگرت، چونکە پێی وابوو هێزی دوژمن بە ئاسانی لە ژێر کاریگەری ژێرکەوتنی دوژمندا دەبن و ئەنگێزەیان لەدەست دەدەن.

لە نیهایەتدا بەهۆی بەشداریکردن لە یاریی هاوپەیمانی هێرشت بۆ دەکەن. هێندێکی دیکە ئێوە تۆمەتبار دەکەن کە خائینی و نامرۆڤانە ڕەفتارت کردووە و بنەما ئەخلاقییەکانت پێشێل کردووە.

**لەبیرت بێت:** ئەو تۆمەتانە هەمیشە ستراتیژین. ئەوانە بەشێکن لە هێرشێکی ئەخلاقین (بڕوانە ستراتیژی ٢٥). کەسانی کە ئێوە تۆمەتبار دەکەن بۆ پێش‌خستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەوڵ دەدەن هەست بە گوناح بکەی یان خراپ دەرکەوی. ڕێگا مەدە ئەو تۆمەتانە کاریگەری لەسەر تۆ هەبێ. تەنیا مەترسی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لە سەر ناوبانگی ئێوە گۆمان دروست بکەن، خەڵک خۆیان لە هاوپەیمانی لەگەڵ تۆ دەپارێزن، بەڵام بزانە کە ئێستا بەرژەوەندی‌خوازان حوکمڕانی جیهان دەکەن. ئەگەر لە ڕابردوودا کەسانی دیکە تۆیان بە کەسێک دەزانی کە سوودت بۆ کەسانی دیکە هەبووە و ئەمڕۆش دەتوانی ئەو کارە بکەی کەوابوو نیگران مەبە و لە هەر حاڵەتێکدا هاوپەیمان دەدۆزیەوە. لە هەمووی گرنگتر تا کاتێک نیازی دوولایەنە هەیە، دڵسۆز و سەخاوەتمەندی و کاتێکیش بە کردەوە نیشانی کەسانی دیکە دەدەی دۆستایەتی کەسانێک ناکەی کە بە ڕواڵەت دڵسۆز دەردەکەون و ڕەفتارێکی جیاوازیان هەیە، بە دڵنیاییەوە بە ڕێزێکی زیاترەوە ڕفتار لەگەڵ ئێوە دەکرێ، زۆر کەس بۆ ئەو شێوازە واقیع‌خوازانە سەرنجیان ڕادەکێشێ.

**بیهێنە بەرچاوت:** بەردەکانی ژێر پێت. ڕووبار زۆر خێرا و مەترسیدار دەڕواتە پێش، بەڵام لە شوێنێکدا دەبێ لێی بپەڕیەوە. بەردەکان لەسەر ڕێڕەوی ڕووبارەکە بۆ ئاراستەیەکی دیکە ڕێنمایی ئێوە دەکەن. ئەگەر زۆر لەسەر بەردێک ڕاوەستی هاوسەنگی لەدەست دەدەن، ئەگەر زۆر بەخێرایی بڕۆن یان یەکێکیان پشتگوێ بخەن دەکەونە خوارەوە، بۆیە دەبێ بە سووکی لە بەردێکەوە بۆ بەردێکی دیکە بڕۆیی و هەرگیز سەیری پشت سەری خۆتان نەکەن.

ئۆتۆفۆن بیسمارک دەڵێ: *"سەبارەت بە هاوپەیمانە سۆزداریەکانت، ئاگاداربە کە هۆشیاری لە ڕەفتاری باش تەنیا ڕێگایە بۆ قەرەبووکردنەوەی فیداکاری ڕاستەقینە."*

### حاڵەتی دەگمەن

ئەگەر تۆ بە یاری هاوپەیمانی سەرقاڵی، ئەوە بزانە کە هەموو دەوروبەرتان هەمان یاری دەکەن، بۆیە ناتوانی ڕەفتارەکانیان شەخسی بکەن. دەبێ لەگەڵ ئەوان پەیوەندیت هەبێ، بەڵام هێندێک لەو هاوپەیمانیانە زەربەت لێ دەدەن. دەتوانی ئەوان لە ڕێگەی ڕادەی تامەزرۆییان بۆ شوێنکەوتنی ئێوە بناسی. یەکەم جووڵە دەکەن و هەوڵ دەدەن بە بەڵێنی ڕەنگاوڕەنگ و سەرنجڕاکێش چاوکانت بە ڕوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

واقعییەتدا دابخەن. بۆ پارێزگاری لە خۆتان لە بەرابەر کەڵکی خراپ، هەمیشە قازانجێکی دیار ببینە کە لەو هاوپەیمانیی بەدەستی دەێنن، ئەگەر قازانجەکە ڕوون نین یان دەست پێڕاگەیشتنیان سەختە، دووبارە بیر لە چوونە نێو ئەو هاوپەیمانییە بکەنەوە. بیر لە ڕابردووی هاوپەیمانەکان بکەوە و بە دوای نیشانەکانی تەماح و ئاشقەخۆیی و کەڵکی خراپ وەرگرتن لە کەسانی دیکەدا بگەڕێ. بەرامبەر بە کەسانێک کە بە باشی قسە دەکەن و دروشمی هاوڕێیەتی و دڵسۆزی و خۆبەخشی دەدەن هەستیار بە، ئەوانە زۆرجار ئەکتەرێکن کە یاریی بە هەستەکانت دەکەن، چاوەکانت بۆ سوودی دوولایەنە بکەنەوە و هەمیشە هۆشت بە سەریانەوە بێ و سەرقاڵ نەبن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی بیست‌وهەشتەم:
# بە دوژمنانی خۆتان تەنافی پێویست بدەن تاکوو خۆیان هەڵواسن.
# ستراتیژیی دەست ڕەپێش‌خستن

زۆرجار گەورەترین مەترسییەکانی ژیان لە دوژمنە دەرەکییەکانەوە نییە بەڵکوو لە هاوڕێ و هاوکارەکانەوە دێت، کە وا خۆیان نیشان دەدەن ئامانجێکی هاوبەشیان لەگەڵ ئێمە هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ سەرکوتکردنی ئێمە هەوڵ دەدەن. پێویستە لە شوێنی کارەکەتدا دەرکەوتنی خۆتان بپارێزن، بەڵام ئەوەش دەبێ فێر بن کە چۆن ئەفراد شکست بدەن. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا هەوڵ بدە شک و گومان بڕەوێنەوە و ئەوان وادار بکەن تا زیاتر بیر بکەنەوە و حاڵەتی دیفاعی بە خۆیانەوە بگرن. بە چالێشی ورد کە وەسوەسەیان بۆ دروست دەکات وایان لێ بکەن دەست بۆ کاری هەڵە بەرن و شەرم بکەن. سەرکەوتنی ئێوە تەنیا بە گۆشەگیرکردنی ئەوانەوە بەندە. ئیزن بدە ئەوان بە تەنافی خۆوێرانگەری، خۆیان هەڵواسن و تۆ بێ تاوان و خاوێن بمێنیتەوە.

### هونەری دەست ڕەپێش‌خستن

بە درێژایی ژیانت خۆتان لە دوو بەرەی شەڕدا دەبینیەوە. یەکەمیان بەرەی دەرەکییە، واتە دوژمنە حەتمییەکانی مرۆڤ، بەڵام دووهەم و گرینگترین‌یان بەرەی ناوخۆییە، هاوکار و هاوڕێی کە زۆر پیلانیان لە دژی ئێوە داڕشتووە و لەسەر حیسابی ئێوە ئەجێندای خۆیان بەرەوپێش دەبەن. خراپترین شت ئەوەیە کە هێندێک جار دەبێ لە یەک کاتدا لە هەر دوو بەرەدا شەڕ بکەین و ڕووبەڕووی دوژمنانی دەرەکی ببینەوە و لە هەمان کاتدا هەوڵی دابینکردنی ئەمنیەتی پێگەی ناوخۆیی بدەین کە شەڕێکی لاوازکەرە.[١]

ڕێگەچارە ئەوەیە کە هەرگیز شەڕی نێوخۆیی پشتگوێ نەخەین. (چونکە ئەگەر وابکەین تەمەنمان کورت دەبێ) و لە لایەکی دیکەوە نابێ ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوویان بینەوە دەست بە هاوار و گلەیی بکەین یان کارێکی توند بکەین. لە بیرت بێت: شەڕی نێوخۆیی ناسنامەیەکی نائاسایی هەیە. بەو پێیەی خەڵک لە ڕواڵەتدا لایەنگری ئێوەن و هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ پاراستنی ئامانجەکانیان، ئەو ڕواڵەتە

١. ژیان شەڕێکە دژی خراپەکاری و قین و ڕقاویبوونی مرۆڤەکان. بالتازار گراسیان، ١٦٠١- ٥٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بپارێزن. سکاڵاکردن لەوانە یان هێرشکردن بۆ سەریان ڕووخسارێکی خراپت پێ دەبەخشێ و دەبێتە هۆی ئەوە لە پەڕاوێز بخرێی. کەواتە کاتێک ڕواڵەتی دڵخۆشییان دەبینی پێویستە چاوەڕوانی هەوڵە ناڕاستەوخۆ و دوژمنکارانەیان بکەن. بزانە کە ئەوانە لە ڕوخساردا خۆشەویست و هاوڕێ و هاوسۆزن، بەڵام لە پشت پەردەوە بەدوای ڕوخاندن و لەنێوبردنی تۆدا دەگەڕێن.

کەواتە، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو جۆرە شەڕانە کە هەموو ڕۆژێک بەردەوامن، پێویستە بە کەرەستەی گونجاو تەیار بکرێی. ئەو ستراتیژییە نامۆ و ناباوەی کە لەم بوارەدا لە هەموو شتێک باشتر کاریگەری هەیە هونەری دەست ڕەپێش‌خستنە. ئەو ستراتیژییە کە لەلایەن ژیرترین میرانی مێژووەوە دروستکراوە و پەرەی پێدراوە لەسەر بناغەی دوو چەمکی سادە دامەزراون: یەکەم: ئەوەیکە ڕقیبەکانی ئێوە تۆوی لە نێو چوونیان بە دەستی خۆیان بڵاو بکەنەوە. دووهەم: ئەو ڕەقیبەی کە تۆ بووی بە هۆی ئەوە هەست بە کەمتەرخەمی و ژێردەستی بکات و بکەوێتە دۆخی بەرگرییەوە بۆ خۆی مەیلی ئەوەی هەیە بە زیانی خۆی مامەڵە بکا و لە دۆخی ژێردەستی و بەرگریدا بمێنێتەوە.

کەسایەتی خەڵک بە زۆری لە دەوری خۆشی، کەموکوڕییەکانی کەسایەتی، هەستە ناخۆش و بێزارکەر لە گۆڕان‌دایە. ئەو کەسانەی کە هەستی پێویستی یان بوغزی(عقده) باڵادەستییان بە سەر ئەوانی دیکەدا هەیە، یان لە ململانێ و ئاژاوە دەترسن یان زۆر پێویستیان بە یاسا و ڕێسا هەیە، ئەوانە دەمامکێکی کۆمەڵایەتییان هەیە کە لە پشتییەوە تاکوو کەمایسی و کەموکوڕییەکان و نوقسانی خۆیان بشارنەوە. ئەو ماسکە نائاساییە وەک پەترۆیەکی (توێژی تەنکی سەربرین) خراپ یان پێکهاتەیەکی نەگونجاو وایە کە برینێکی داپۆشیوە، ئەوەندە بەسە کەمێک بیخورێنی بۆ ئەوەی سەری بکرێتەوە و زیانی پێ بگا. هەروەها دژکردەوەی قوربانییەکانتان لە خاڵێکدا لە کۆنترۆڵی ئەوان دەر دەچێ: سکاڵاتان لێ دەکەن، ڕەفتاری بەرگری یان پارانۆیایی بە خۆوە دەگرن یان لووت بەرزی دەکەن و خۆیان هەڵدەکێشن و هەمیشە هەوڵ دەدەن کە ئەمە بپارێزن، بەڵام لەپڕدا ئەو دەمامکە دەکەوێتە خوارەوە و ڕیسەکەیان لێ دەبێتەوە بە خوری.

کاتێک هەست دەکەی هاوکارانێکت هەیە کە ڕەنگە مەترسیدار بن یان خەریکی پیلانی لەدژی ئێوەن، دەبێ سەرەتا هەوڵبدەی زانیاری هەواڵگری لەسەریان کۆ بکەیەوە و سەیری ڕەفتاری هەموو ڕۆژانەیان بکەن و کردەوەکانی ڕابردوویان هەڵسەنگێنە و لێکی بدەیەوە، هەڵەکانیان لەبەرچاو بگرن و بەدوای نیشانەکانی کەمتەرخەمیدا بگەڕێن. کاتێک ئەو زانیاریانەت هەبوو، ئامادەی یاریی دەست ڕەپێش‌خستن دەست پێ بکەن.

سەرەتا دەست بە کارێک بکەن بۆ کردنەوەی برینی پەترۆی بەستوویان بکولێتەوە. دروستکردنی گومان و نائەمنی و دڵەڕاوکێ باشترین ڕێگایە. ئەو کارە دەتوانێ قسەیەکی بێ بیرکردنەوە بێ یان شتێک بێ کە قوربانییەکانی ئێوە هەست بکەن کە ڕەنگە پێگەی خۆیان لە گرووپی کاریدا خەوشدار بێ. هەوڵ مەدەن زۆر بە خێرایی و بە ڕوونی گومانیان لێ بکەن، بەکورتی ئاوی ژێر کا بە، کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبینرێن. بە شێوەیەک ڕەفتار بکەن کە هەست بکەن هێرشیان بۆ کراوە، بەڵام نەزانن بۆچی و چۆن ئەو هێرشە کراوە. ئاکامی ناڕاستەوخۆ بوون ئەوەیە کە هەستێکی ناڕوون و ناخۆش دروست دەکات. ئێستا هەستی ژێردەستەیی لە نێو ئەواندا دیارە.

پاشان ڕەفتاری لاوەکی نیشان بدە کە دوو دڵییان بەهێزتر دەکا.

لێرەدا باشترین ڕێگا ئەوەیە کە بە نهێنی کار بکەن. لە کەسانی دیکە، میدیا یان تەنانەت لە دەنگۆیەکی سادە کەڵك وەرگرە بۆ ئەوەی ئەو کارەتان بۆ ئەنجام بدەن، یاری کۆتایی زۆر سادەیە: ئێوە ئەوندە گومان دەخنە دڵی قوربانییەکانتانەوە کە لەحاڵی تەقینەوەدایە، ئێستا لە دواوە بوەستە و ڕێگا بدە ئەو با هێرشی یەکەم بکا. دەبێ وشیار بن تووشی وەسوەسە نەبن و لەپێشدا زەربەی یەکەم لێ بدەن. بە پێچەوانەوە لەو قۆناغەدا پێویستە زۆر خوێن‌سارد و بە ئارامی و مێهرەبانیەوە ڕەفتار بکەن، تەنانەت پێشنیاری قسەکردن و هاوسۆزی لەگەڵ باس بکە. دژکردەوەی مەبەستی ئێوە دژکردەوەیەکی توندڕەوانە دەبێ، ئەو چ هێرشێکی شەڕەنگێزانە یان هەڵەیەکی شەرماوی بکا، چ دەروونی ترسناکی ئاشکرا بکا یان تەنانەت بە سەختی هەوڵبدا ڕەواڵەتێکی باش لە خۆی بنوێنێ، پێویستە زۆر بە ئاشکرا هەوڵبدەی و ڕوونی بکەیەوە کە گرنگی بە ئاسوودەیی و ئاسایشی ئەو دەدەن و ڕێز لە گەورەیی دەگرن. کەسانی بەرگریکار، بەبێ ئاگاداری خەڵک لەخۆیان دوور دەخەنەوە.

لەو قۆناغەدا هەموو ڕەفتاری ئاشکرای ئێوە لەبیر دەچنەوە و ئەوەی لە مێشکی ئەوانی دیکەدا دەمێنێتەوە ڕەفتاری سووک و توندڕەوی ڕەقیبەکانتە. دەستی ئێوە گیرۆدە یا ئالوودە نییە، متمانەی ئێوە خەوشدار نەبووە. ئێستا ئەو پێگەی خۆی لەدەست داوە و شکستی ئەو وەک سەرکەوتن بۆ ئێوە ئەژمار دەکرێ، لەوکاتەدا تۆ لەسەرەوە وەستاوی و ئەو بەدەستی خۆی هاتۆتە خوارەوە. ئەگەر لەو شوێنەوە تووشی وەسوەسە بوایەی و هێرشت بۆ سەر ئەو کردبوایە، سەرکەوتنی ئێوە کاتی دەبوو، چونکە ئەو کەسانەی کە چاویان بە ئازاری قوربانییەکە دەکەوت لەگەڵی هاوڕا دەبن و ئەوکاتە پێگەی ئێوە دەکەوتە مەترسییەوە. ئەوان گومانیان لە حەق و مافی تۆ دەکرد و ئێوەیان بە مەسئولی ناکامییەکانی ڕەقیب دەزانی، کەوابوو دەبێ کارێک بکەی بە شمشێری خۆی، خۆی بریندار بکات هەروەها کارێک بکە کە لە ڕوانگەی کەسانی دیکەوە ئەوان تاوانبار بن نەک ئێوە، هەمان ڕەفتار سەرکەوتنی ئێوە دوو بەرابەر دەکا.

لووتکەی شەڕی ناباو ئەوەیە بە شێوەیەک سەرکەوتوو بی، کە قوربانییەکە نەزانێ بۆچی و چۆن ڕووی داوە. سواری ئەم هونەرە بن، تا شەڕەکە لە دوو بەرەدا بۆتان ئاسانتر بێت و ڕێگاکەت بۆ ئاستە بەرزەکان خۆشتر دەکات.

ناپلیۆن بناپارت دەڵێ: *"هەرگیز خۆتان دەرگیری دوژمنێک مەکەن کە لە حاڵی خۆکوشتن‌دایە."*

**نمونەی مێژوویی**

١-جان مەک کلۆرناند (١٨١٢-١٩٠٠) بە دۆست و هاوکاری پارێزەرەی ئابراهام لینکێن کە تا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەیشتن بە سەرۆک کۆماری ئەمریکا پێشکەوتبوو بە حەسرەتەوە چاوی لێ دەکرد. مەک کلۆرناند، پارێزەر و نوێنەری کۆنگرە لە شاری ئیسپرینگفیڵدی ویلایەتی ئیلینۆی بوو. ئەویش هەستی مەزنخوازی و بەرزەفڕی هەبوو. دوای ماوەیەکی کورت لە دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆ لە ساڵی ١٨٦١دا دەستی لە ئەندامەتی کۆنگرە کێشایەوە بۆ ئەوەی پۆستێک لە سوپای یەکێتی وەک سەرتیپ وەربگرێ. ناوبراو هیچ ئەزموونێکی نیزامی نەبوو، بەڵام هاوپەیمانی پێویستی بە ڕێبەرایەتی ئەو هەبوو. ئەگەر لە بەرەکانی شەڕدا خۆی بە باشی بسەلمێنێ دەیتوانی بە خێرایی پلەی بەرز بکرێتەوە.[١]

یەکەم پۆستی مەک کلۆرناند بەرپرسی کۆمیتەی سوپای ویلایەتی میسوری، لە ژێر فەرماندەیی گشتی پولیسیز سایمۆن گرانت دابوو. ئەو لە ماوەی ساڵێکدا پلەی سەرلەشکری لەژێر چاوەدێری گرانت دا پێدرا، بەڵام ئەو پێشکەوتنە بۆ مەک کلۆرناند بەس نەبوو، چونکە بۆ تواناکانی پێویستی بە بەستێنی لەبار بوو کە بەهرکانی خۆی پەرە پێ بدا بۆیە بەدوای کەمپینێکدا بۆ بەڕێوەبردن و پرێستیژ بوو. گرانت سەبارەت بە بەرنامەکانی بۆ گرتنی بنکەی کۆنفیدراڵییەکان لە ویکسبێرگ لەسەر ڕووباری میسیسیپی قسەی لەگەڵ کردبوو. بە گوتەی گرانت داگیرکردنی ویکسبێرگ خاڵی وەرچەرخان لەشەڕەکەدا بوو. مەک کلۆرناند بڕیاریدا بۆ خۆی لەشکرکێشی بۆ ویکسبێرگ بکا و تا وەکو تەختەیەکی پەڕینەوە یان بڵێین بەردەباز بۆ بەرزکردنەوەی پلەکەی بەکار بێنێ.

مەک کلۆرناند مانگی سپتامبری [خەرمانان] ١٨٦٢ کاتیک واشنگتۆنی بەجێهێشت لەگەڵ لینکلێن کۆبوونەوەی گرت. لەو کۆبوونەوەیەدا ڕایگەیاند کە لە بە پێوە هێشتنەوەی مێشکی سوپای گرانت ماندوو بووە. ئەو خۆی لە بەرەکانی شەڕدا سەلماندووە و هەمووان دەزانن کە ئەو ستراتیژیستێکی باشترە لە گرانت، کە تەنیا بیر لە خۆش گوزەرانی دەکاتەوە. مەک کلۆرناند پێشنیاری کرد بۆ ویلایەتی ئیلینۆی بگەڕێتەوە چونکە لەوێ ناوبانگی هەیە و دەیتوانی سوپایەکی گەورە دروست بکا و پاشان ڕووباری میسیسیپی بەرەو باشوور واتە تا ویکسبێرگ پێشڕەوی بکاو و پایگاکە بگرێ.

ویکسبێرگ لە ڕووی تەکنیکییەوە لە بەشی گرانتدا بوو، بەڵام لینکلێن دڵنیا نەبوو کە ئەو ژێنڕاڵە بتوانێ هێرشی پێویست و باوەڕپێکراو ئەنجام بدا. مەک کلۆرناند ڕەوانە کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزیری

---

١. سەرەتا دەبێ بڵێم مانای تەواوی وشەی تەکنیکی "دەست ڕەپێش خستن" لە فەرهەنگەکاندا هەیە، بەڵام لەم دەقەدا ئاماژە بە لێهاتوویی و هونەرێک دەکەین کە مرۆڤ پێگەیەکی باڵاتری پێ دەگرێ و کەسێکی دیکە دەکاتە ژێردەستی خۆی. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە لە پەیوەندییەکانی مرۆڤ و هەڵبەتە پەیوەندییەکانی نێوان شیردەرەکان، مەمکدارەکان. مرۆڤەکان بە گشتی بەردەوام هەوڵدەدەن خۆیان بخەنە پێگەیەکی باڵاترەوە. مەرج نییە ئەم پێگە باڵایە بە مانای پێگەیەکی کۆمەڵایەتی یان ئابووری باشتر بێ. زۆرێک لە خزمەتکاران لە ملکەچکردنی سەرۆکەکانیان مامۆستان، هەروەها بە مانای پۆستی خوێندنی باڵاتریش نییە. باڵادەستی وشەیەکی ڕێژەیی و بەردەوام لە پێوەندییەکانی مرۆڤدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئەو مانۆڕانەی کە بۆ گەیشتن بە پێگەیەکی باڵا ئەنجام دەدرێن هێندێک جار زۆر ڕوون و هێندێک جار زۆر وردن، بۆ نموونە کەسێک کە داواکاری لە کەسانی دیکە دەکا بەزۆری لە پێگەیەکی باڵا دا نییە، بەڵام ئەگەر هەمان داواکاری بە شێوەیەک دەربڕێ بەسەر لایەنی دیکە حوکم بکا کە ئەوە مافی منە، ئەوە لە پێگەیەکی باڵا دایە. استراتژیهای رەوان‌درمانگری، چی هالی، ١٩٦٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڕ ئێدوین ئەستنتۆن کۆ ببێتەوە، کە ئەویش لە ڕابردوودا پارێزەر بووە، وەزیری شەڕ لەگەڵ هەردوو ژێنراڵەکە باسی سەختییەکانی ئەو ئەرکە نیزامییەی کرد و پێداچوونەوەی بە پلانەکانیدا کرد. ئەستنتۆن گوێی لە هەر دووکیان گرت و گەڵاڵەی مەککلرناندی بەدڵ بوو. هەر لە مانگی ئۆکتۆبردا مەک کلۆرناند کە مۆڵەتی لەشکرکێشی بۆ ویکسبێرگ وەرگرت و بە بڕیارێکی نهێنی واشنگتۆنی بەجێهێشت. ئەو بڕیارە کەمێک ناڕوون بوون و گرانتیش ئاگاداری ئەو بڕیارە نەبوو بەڵام مەک کلۆرناند زۆرترین سوودی لێ وەرگرت.

مەک کلۆرناند بە خێرایی هێزی زیاتری لەوەی کە لینکلێن بەڵێنی دابوو کۆ کردەوە. دوای ماوەیەکی کەم ئەوانەی بۆ شاری مەمفیس لە ویلایەتی تێنسی ڕەوانە کرد بۆ ئەوەی لە ویکسبێرگ لەگەڵیان یەک بگرێتەوە، بەڵام کاتێک لە کۆتاییەکانی دیسامبر [بەفرانبار] ساڵی ١٨٦٢ گەیشتە ئەوێ، لەو هەزاران کەسە کە بۆ خزمەتی سەربازی بانگی کردبوون، لەوێ نەبوون. تێلگرامێک لەلایەن گرانتەوە بە ڕێکەوتی دە ڕۆژ زووتر لە مەمفیس بۆی دانرابوو. لەو تێلگرامەدا ئاگاداریان کردەوە کە ژێنراڵ بڕیارە هێرش بۆ سەر ویکسبێرگ بکا. ئەگەر مەک کلۆرناند لە کاتی خۆیدا بگاتێ دەیتوانی پێشەنگایەتی بکا ئەگەر نا، هێزەکانی لەلایەن ژێنراڵ ویلیام تیکامسا شێرمنەوە ڕێنوێنی دەکرێن.

مەک کلۆرناند ماندوو و تووڕە بوو. هەلومەرج بە جۆرێک گۆڕابوو کە مەحاڵ بوو لە کاتی خۆیدا ئامادە بێ و هێزەکانی فەرماندەهی بکا، دەبێ گرانت بە پلانەکەی ئەوی زانیبێ. تێلگرامە بە ئەدەبەکەی ژێنراڵ هەموو شتێکی ناڕوونتر کرد. مەک کلۆرناند دەبوو بە ئەوی نیشان بدا کە کۆڵ نادات، پێویستە بە درێژایی ڕێگای ڕووبارەکە بە خێرایی بەرەو شێرمن بچێ و تا خۆی لەشکرکێشی بکا و بۆ بەدەستهێنانی پرێستیژی خۆی بە داگیرکردنی ویکسبێرگ تۆڵەی لە گرانت دەکردەوە.

مەککلرناند لە ٢ی ژانویەی [١٣ی بەفرانبار] ١٨٦٣دا گەیشتە شێرمن و دەستبەجێ فەرماندەیی سوپاکەی وەستۆ گرت. هەوڵی دا بۆ ئەوەی لای شێرمن خۆش مەشرەف بنوێنێ، هەروەها دەیزانی کە شێرمن گەڵاڵەی داڕشتووە تا هێرش بۆ سەر هێزی هاوپەیمانان لە دەوروبەری ویکسبێرگ بکا بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ سەر قەڵاکە خۆش بکا. ئەو بیرۆکەیە خودا لە ئاسمانەوە بۆ مەک کلۆرناندی نارد، چونکە ئەو هێرشەی بە نێوی خۆی تەواو دەکرد بەبێ ئەوەی نێوی گرانت بێنێ، بەم شێوەیە هەم ناوبانگێکی بۆ خۆی پەیدا دەکرد و هەم بە فەرماندەییکردنی لەشکرکێشی ویسبێرگ هەمووانی دەخستە بەرامبەر ئەو کارەی کە بە ئەنجامی گەیاندوە. ئەو گەڵالەی شێرمنی زۆر بە وردی جێبەجێ کرد و عەمەلیات بە سەرکەوتووی بەڕێوە چوو.[١]

---

١. چی بکەین کە باڵادەست بین و چۆن ئەو هەستە لە کەسێکی دیکەدا دروست بکەین کە هەڵە دەکا. کەسێک کە پێگەیەکی باڵای هەبێ هەرگیز خۆی وەک کەسێکی نزم و سووک نیشان نادات، بەڵکوو کارێک دەکا بۆ ئەوەی کەسێک بۆ ماوەیەکی زۆر هەست بە سووکی بکا. دست پیش‌گیری کامل، استفان پاتر، ١٩٥٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەکاتی ئەو سەرکەوتنەدا، لە پڕ تیلگرامێک لە گرانتەوە هات کە شەڕ ڕاگرێ و چاوەروانی دانیشتن لە گەڵ ژێنراڵ بێت، ئێستا کاتی خۆی بوو کە مەککرناند کارتی بردنەوەی واتە سەرکۆمار دەرخات، ئەو پەیامی بۆ لینکلێن نارد و داوای دەستووری ڕوونتر و سەربەخۆیی لە فەرماندەیی لێ کرد، بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو. گومان، ئارامی زەینی مەک کلۆرناندی تێک دا. شێرمن و ئەفسەرانی دیکە هێمن بوون و ئەو بیری دەکردەوە ڕەنگە شێرمن لەگەڵ گرانت پیلانیان گێراوە تا لە دەستی ئەو خەڵاس بن. گرانت بە خیرایی و بە نەخشەی وردتر بۆ لەشکرکێشی سەر ویکسبۆرگ بە فەرماندەیی خۆی لە مەیدانی شەڕ حازر بوو. مەککلرناند دەبوو لەشکرێک فەرماندەیی بکات کە لە پایگای سنووری هێلنا لە ئارکانزاسدا هەڵکەوتبوو، گرانت بە ئەدەبەوە ئەوی وەلا نا، بەڵام هەموو شتێک بە شێوەی سەرشۆڕانە بوو بە هۆی هەستی شکست لە مەک کلۆرناند.

مەک کلۆرناند کە خەریک بوو لەداخان بتەقێ، لەسەریەک نامەی بۆ لینکلێن و ئێدوین ئەستنتۆن دەنووسی و بیری خستنەوە کە بەهۆی پشتیوانی ئەوانەوە چۆتە نێو ئەو شەڕەوە و بە تووڕەیی گلەیی لە گرانت کرد. دوای چەندین ڕۆژ لە نووسین و هاوارکردن، سەرنجام نامەیەکی لە لینکلێنەوە پێگەیشت. بە خوێندنەوەی نامەکە سەری سوڕما، چونکە سەرکۆمار بە توندی مخالیفەتی لەگەڵ کردبوو. لینکلێن نووسیبووی، "لەم هەموو شەڕە منداڵانەیەی نێوان ژێنڕاڵەکانم ماندوو بێزار بووم و پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانج مەک کلۆرناند پەیڕەوی لە گرانت بکا."

مەککلرناند سەری لێ شێوا. نەیدەتوانی تێبگات کە چی ڕوویداوە و بۆچی هەموو شتێک گۆڕاوە. بە نارەزایەتی و تورەییەوە لە ژێر فەرماندەهی گرانت لەخزمەتکردن بەردەوام بوو، بەڵام تواناکانی مەسئوولەکەی خستە ژێر پرسیارەوە و لای هەموو کەس قسەی دەکرد بە تایبەتی ڕۆژنامەنووسان. لە مانگی ژوئن [پووشپەر] ساڵی ١٨٦٣، دوای ئەوەی بابەتی نەرێنی بڵاو کردەوە، سەرنجام گرانت مەک کلۆرناند لە کارەکەی وەدەرنا و دووری خستەوە. لێرەوە بەرپرسایەتی نیزامییەکانی مەک کلۆرناند کۆتایی هات و لەگەڵ ئەویشدا خەونە شکۆمەندەکانی تەواو بوون.

**لێکدانەوە**

گرانت لەو ساتەی کە جان مەک کلۆرناندی بینی زانی کە کەسێکی کێشەساز دەبێ. مەک کلۆرناند تەنیا بیری لە کارەکەی خۆی دەکردەوە و خەریکی دزینی بیرۆکەی کەسانی دیکە بوو و پلانی لە پشتسەری دادەڕشت بۆ ئەوەی خۆی نیشان بدات، بەڵام گرانت دەبوو ورد و دەقیق بێ. مککلرناند لەلای خەڵکی بەگشتی خۆشەویست بوو، بۆیە کاتێک گرانت زانی کە مەک کلۆرناند بڕیاری داوە لەهێرشکردن بۆ سەر ویکسبێرگ ئاگادار نەکا لەگەڵ ئەو ڕووبەڕوو نەبووەوە و تەنانەت لەو بارەیەوە قسەی نەکرد بەڵکوو هەنگاوی بەکردەوەی نایەوە.

گرانت دەیزانی کە مەککلرناد کەسایەتییەکی زۆر هەستیاری هەیە بۆی دەرکەوت کە زۆر ئاسانە ئەم پیاوە تورە بکا، بە دەستبەسەرداگرتنی ئەو هێزانەی کە لە خزمەتی دابوون (کە بێگومان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموویان لە ناوچەی دەسەڵاتی خۆیدا بوون)، بە تێلگرامێک کە بۆ مەک کلۆرناندی نارد ناچاری کرد کە دەست بە توندڕەویی و شەڕەنگێزی بکا و وەڵامێک بداتەوە کە بە سەرپێچی لە دەستووراتی نیزامی ئەژمار بکرێ و نیشانی هەمووانی بدات کە مەک کلۆرناند تەنانەت شەڕیش بۆ گەیشتن بە خواستە کەسییەکانی دەزانێ. کاتێک مەک کلۆرناند بەپەلە بەرەو ڕووی دەڕۆیشت بۆ ئەوەی هێزەکانی لەشێرمن وەربگرێتەوە، گرانت لە دواوە وەستا. ئەو دەیزانی کە پیاوێکی وەک مەک کلۆرناند ئازاردەر و بێ کەڵکە، هەموو ئەفسەرەکانی کاری لەگەڵ دەکەن بێزاریان دەکا و ئەوانیش لای گرانت گلەیی لێ دەکەن و ئەویش وەک ئەفسەرێکی بەرپرس ئەو گلەییانەی بۆ سەرووی خۆی ڕادەگەیاند و بەبێ ئەوەی نارەزایەتی خۆی بە مەک کلۆرناند نیشان بدات. گرانت ڕەفتاری بە ڕواڵەت زۆر بە ئەدەبەوە بوو، بەڵام شکستدانی مەک کلۆرناند وایکرد بە خراپترین شێوە کاردانەوەی هەبێ. گرانت زۆر باش دەیزانی کە لینکلێن لە نارەزایەتییەکانی نێو فەرماندەکانی بێزار بووە. لە کاتێکدا گرانت هێواش هێواش کار بۆ تەواوکردنی پلانەکانی بۆ گرتنی ویکسبێرگ دەکرد، مەک کلۆرناند توڕەیی و بەدڕەوشتی خۆی زیاتر کرد. ئێستا جیاوازی نێوان ئەو دوو پیاوە بە تەواوی دیار بوو، گرانت بە بردنەوەی ئەو شەڕە، ڕێگەی بە مەک کلۆرناند دا بە گلەیی ناژیرانە بۆ ڕۆژنامەنووسان، ملی بە پەتی بێ عەقڵی خۆیدا بکا و خۆی هەڵواسێ.[1]

ئێوەش زۆرجار لە شەڕەکانی ڕۆژانەدا ڕووبەڕووی کەسانی وەک مەک کلۆرناند دەبنەوە، ئەوانە لە دەرەوە کەسانێکی خۆشەویستن، بەڵام لە پشت پەردەوە خیانەتکارن. ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوویان بنەوە کارێکی ژیرانە نییە چونکە ئەوان مامۆستای گەمە سیاسییەکانن، بەڵام هەڵمەتێکی وردی دەست ڕەپێشخستن دەتوانێ سەرسوڕهێنەری بێ.

ئامانجی ئێوە ئەوەیە کە ئەم ڕەقیبانە وادار بکەی مەزنخوازی و خۆبەزلزانی خۆیان پێشان بدەن. ڕێگای ڕاست ئەوەیە کە نائەمنییە قووڵ و شاراوەکانیان لێ ئاشکرا بکەی. کارێک بکەن بۆ ئەوەی نیگەران بن کە کەسانی دیکە خۆشیان ناوێن، ڕەنگە پێگەیان ناسەقامگیر بێ و ڕێگایان بۆ لووتکەی شاخەکە ناڕوون بێت. ڕەنگە تۆش وەک گرانت بتوانی بە شاردنەوەی نارەزایی خۆتان لە ژێر قسەی شیرین و ئەدەبدا، بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکانیان هەنگاو بنێی، ئێوە کارێک بکەن هەست بە سووکی بکەن و بچنە قاوخی بەرگری خۆیانەوە. هەموو هەیەجاناتی تاریک و ناشیرینی دەروونیان بە شێوەیەک وەکوڵ دەکەوێ کە چیتر ناتوانن حەشاری بدەن. ئەوانە ڕوو لە جنێوفرۆشی دەکەن و شتەکانیان ئاشکرا دەکەن. کارێك بکە هەست و خوێنساردیان نەمێنێ تا زیاتر نێوەرۆکی خۆیان

---

١. ڕێگای زۆر هەیە بۆ تێکدانی مێشکی نەیارێک، لە کاتی شەڕی کەنداوی فارسدا سەرۆک کۆماری ئامریکا بووش نێوی سەدامی بە تۆنێکی دەگوت کە" سەد ئام دەگوتەوە. ئەو وشەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای (کوڕە بۆیاخچی) دێت لە کاپیتاڵ هەیلدا، دەربڕینی بە هەڵە نێوی یەکێک لەئەندامان، ڕێگەیەکی سەلمێنراوە بۆ تێکدانی ئەعسابی بەرامبەر. هەروەها لیندۆن جانسۆن وەستای ئەو هونەرە بوو. هنر جنگاوری سیاسی، جان پیتنی کوچک، ٢٠٠٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەربخەن، کەسانی دیکەش زیاتر لێیان دوور دەکەونەوە و ئەو گۆشەگیرییە بە مانای مەحکوومکردنی ئەوانە.

٢- ئەکادێمی فەڕانسە کە لە ساڵی ١٦٣٥ لەلایەن "کاردیناڵ ڕیشلیۆ" ناسراو بە (عالیجناب سرخپوش) دامەزرا، ئۆرگانێک بوو کە ئەندامانی بژاردەیەک بوون لە چل کەس کە لە ژیرترین و زاناترین زانایانی فەڕانسەوی هەڵدەبژێردران و ئەرکیان چاوەدێری ڕەسەنایەتی زمانی فەڕانسە بوو. لە ساڵانی سەرەتای چالاکی ئەم ئەکادێمییە، کاتێک کورسییەک بە تاڵ دەبوو ئەندامانی بەهێز بۆ پڕکردنەوی ئەو کورسییە داواکارییان پێشکەش دەکرد، بەڵام کاتێک یەکێک لە کورسییەکان لە ساڵی ١٦٩٤دا چۆل بوو، شاه لویی سێزدەهەم بڕیاریدا بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاسایی هەنگاو بنێ و قەشە نەوایون لەسەر ئەم کورسییە دابنێ. ئەو کارەی لویی بە دڵنیاییەوە ئامانجێکی تایبەتی هەبوو، چونکە قەشە نەوایون پیاوێکی دانا، بەڕێز، قسەزان و نووسەرێکی لێهاتوو بوو.

تایبەتمەندییەکی دیکەی قەشە نەوایون، هەستێکی بەهێزی گرنگیدان بە خۆی بوو. لویی ئەو خەسلەتەی ناوبراوی بەدڵ بوو، بەڵام نزیکەی هەموو دەربارەکان ڕقیان لەم خۆبەزلزانییەی ئۆسقۆف بوو، چونکە هەرچەندە هەمووان لە پەنای ئوسقوفدا هەستیان بە ژێردەستی لەئاستی ئەو دەکرد و ئەو تەواوی باڵادەستی ئەخلاقی بریتی لە زانین، تەقوا، بنەچەی بنەماڵەیی دەخستە ژێر پرسیارەوە، بەڵام ئەو ڕواڵەتی خۆی دەپاراست و دەمامکی خۆشەویستی لەسەر دەموچاوی دانابوو.

بۆ نموونە، قەشە نەوایون بە هۆی پلە و پێگەی بەرزەوە ڕێگەی پێدرابوو تا بەر دەرگای پێشەوەی ماڵی شاه کالیسکەکەی بێنێ، ئەمە پوانێکی دەگمەن بوو کە بە هەموو کەسێک نەدەدرا و ئەوانی دیکە دەبوو لە شوێنی نیشتەجێبوونەوە و لە دەرگای چوونە ژوورەوە بۆ لای کالیسکەکانیان بڕۆن. جارێکیان کە قەشەی گەورەی پاریس بە دەرگای چوونە ژوورەوەدا دەڕۆیشت قەشەی نەوایون بەلایدا تێدەپەڕی ئەوەیش سەری لە پەنجەرەی گالیسکەکەوە دەرهێنا و بەدەستی بانگی کرد و داوای لە قەشەی گەورە کرد لێی نزیک بێتەوە. قەشەی گەورە چاوەڕێی ئەوە بوو کە دابەزێ بە پیاسە تا کۆشکی دەربار لەگەڵی بچێ بەڵام دەستووری بە کالیسکەکە دا کە هێواشتر بڕوات و بیباتە بەر دەرگای پێشەوە، لە هەمانکاتدا قۆڵی قەشە گەورەی گرتبوو، وەک ئەوەیی سەگێگ بە دوای خۆیدا ڕابکێشێ بەوشێوەیە قۆڵی ئۆسقۆفی گەورەی گرتبوو بە دوای کالیسکەکەدا ڕایدەکێشا. کاتێک گەیشتنە پلیکانەکان و قەشە نەوایون ناچار بوو لە گالیسکەکە دابەزێ، قەشەی گەورەی بەجێهێشت و بە تەنیا ملی ڕێگای گرت، وەک ئەوەی قەتی نەناسیوە. نزیکەی هەموو ئەو کەسانەی کە لە دەربار بوون چیرۆکێکی لەم شێوەیەیان لەگەڵ قەشەدا ئەزموون کردبوو و هەموویان لە پشتیەوە بۆڵەبۆڵیان دەکرد.

بەهەرحاڵ کاتێک لویی هاتنی قشە نەوایون پەسەند کرد، مەحاڵ بوو دەنگی پێ نەدرێ و تەنانەت پادشا پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە دەربارییەکان بەشداری لەمەڕاسیمی دانانی قەشە نەوایوندا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەن، چونکە ئەمە یەکەم کاندید بوو کە پادشا بە ئەکادێمی ناساندبوو. لە ڕێوڕەسمێکدا وەک نەریتێک بوو کە هەمیشە کاندیدی هەڵبژێردراو وتارێک پێشکەش بکات و بەرپرسی ئەکادێمی کە پیاوێکی بوێر و ڕەوشت باش بە ناوی "ئابادی کامارتین" بوو وەڵامی ئەو بداتەوە، کامارتین بەهیچ جۆرێک خۆشی لە قەشە نەوایون نەدەهات و لەهەموو گرنگتر لە شێوازی نووسینە سەیروسەمەرە و نارِوونەکانی بێزار بوو، بۆیە بڕیاریدا بە شێوەیەکی زۆر ورد گاڵتە بە قەشە نەوایون بکات. ئەو وتاری دووهەمی بە لاسایی وتارەکەی ئۆسقۆف نەوایون ئامادە کرد و کەڵکی لە خوازە (ئیستعارە)ی زۆر پێچەڵپێچ و پەسن و تاریفی نوێترین ئەندامی ئەکادێمی وەرگرت. بەڵام بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو سووکایەتیانەوە هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەبێ سەرەتا دەقی وتارەکەی بۆ خودی قەشە نوایون نیشان دا و بە سەرنجێکی زۆرەوە دەقەکەی خوێندەوە و ڕێگەی بە خۆی دا دەستەواژەی سۆزداری و جێگەی ستایشی دیکەی لێ زیاد بکا.

لە ڕۆژی ناساندنی، هۆڵی ئەکادێمی پڕ بوو لە دیارترین ئەندامانی کۆمەڵگەی فەڕانسەوی، چونکە کەس نەیدەوێرا داواکاری شا لویی پشتگوێ بخات. قەشە نوایون لەبەرامبەریاندا دەرکەوت و ئەو کە بڕیارە بۆ ئەم جەماوەرە هەڵکەوتە قسە بکات لەڕادەبەدەر دڵخۆش بوو. وتارەکەی پڕ بوو لە ڕیزبەندی ئەدەبی و نارِوونی کە خەڵکی زۆر ماندوو دەکرد، بەجۆرێک تەنانەت لەگەڵ وتارەکانی پێشوو خۆیدا بەراورد نەدەکرا. پاشان نۆرەی ئەوە بوو بە ئابادی کامارتین وەڵام بداتەوە. قسەکانی ئابا بە هێواشی دەستی پێکرد و زۆرێک لە گوێگران دەستیان بە باوێشکدان کرد، بەڵام وردە وردە دەنگی بەرز کردەوە تا هەمووان تێگەیشتن کە ئەو دەقە لاساییکردنەوەیەکی گاڵتە جاڕانەیە، بەڵام ورد لە وتارەکانی خودی قەشەی هەڵێنجاوە. گەلاڵەی بوێری ئابا هەمووانی خوشحاڵ کرد و کاتێک وتارەکە تەواو بوو هەموو ئامادەبووان چەپڵەیان لێدا و هوڕە و هاوار و فیکەیان دەکرد، بەڵام ئۆسقۆف کە سەرمەستی دامەزرانەکەی بوو، پێی وابوو کە ئەو حەماسەت و هاوارێکی ڕاستەقینەیە بۆ پەسەندی ستایش و تەعریف لەلایەن ئابا بۆ ئەو و پێی وابوو بەشداربوان لەڕاستیدا ئەو تەشویق دەکەن. بۆیە بە غرور و لووت بەرزییەوە مەڕاسیمەکەی بەجێ هێشت.

قەشە نوایون لەبارەی ئەو ڕێوڕەسمە و گەورەیی لەگەڵ هەموان قسەی کرد، بەڵام لە بەختی خراپی لە کۆتاییدا سەردانی قەشەی گەورەی پاریسی کرد، قەشەی گەورە لە ڕووداوی چەند ڕۆژ پێشتر لە کالیسکە کە بە سووکایەتی چاوی لێ کرا ناڕاحت بوو و نەیتوانی بەسەر خۆیدا زاڵ بێ. قەشەی گەورە گوتی کە وتارەکەی ئابا واقعییەتی نەبوو، بەڵکوو بەم وشانەی گاڵتەی پێ کردی و ئەوانەی دەرباریش بە شەوقەوە بە کەسایەتی تۆ پێ‌دەکەنین. قەشە نەیدەتوانی ئەو ڕاستییە باوەڕ بکا بۆیە سەردانی دۆست و ڕاوێژکاری خۆی پێق لاشێزی کرد ئەویش قسەکانی قەشەی گەورەی پەسەند

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد.[١]

ئێستا هەموو خۆشییەکانی قەشە گۆڕا بە تووڕەییەکی توند و تاڵ، و لە لای پادشا سکاڵای کرد و داوای لێ کرد کە ئابا سزا بدا. پادشا هەوڵی دا کێشەکە بێ ئەهمییەت چاو لێ بکا. پادشا گرنگی بە ئارامی و ئاشتی دەدا، تووڕەیی قەشە نوایون مێشکی تێک دابوو. سەرنجام قەشە تا قووڵایی وجوودی بریندار بوو کۆشکی فەرهەنگستانی بەجێهێشت و بۆ ناوچە دەسەڵاتی قەشەیی خۆی گەڕایەوە و بۆ ماوەیەکی زۆرسەری خۆی بەردابووەوە و باری ئەو هەمووە سووکایەتییەی بە کۆڵی خۆی دەکێشا.[٢]

**لێکدانەوە**

قەشە نوایون پیاوێکی بێئازار نەبوو. خۆبەزلزانییەکەی وای لێکردبوو باوەڕی بەوە هەبێ کە دەسەڵاتەکەی هیچ سنوورێکی نییە. ئەو تەنانەت ئاگاداری ئازاردانی کەسانی دیکەش نەبوو، بەڵام کەس ڕووبەڕووی نەبووەوە و ڕەفتارە خراپەکانی بیری نەخستەوە. ئابا باشترین و ڕاسترین ڕێگای بۆ خستن و لێدانی ئەم پیاوە دۆزییەوە. ئەگەر زۆر بە ئاشکرا و شەفاف ڕەخنەی لێ بگرتبوایە لە پیاوێکی داماو دەچوو کە ئەوانی دیکە بەزەیی و دڵیان بۆی دەسووتا، بۆیە بڕیاریدا بە نەرمی و ورد بیشکێنێ و هێرشەکانی تێکەڵ بە گاڵتەجاڕی کرد. ئەو میوانەکانی دەرباری سەرگەرم کرد و ڕێگەی بە قەشە دەدا بە دژکردەوەی خۆی ڕیسوای بکات تاکوو لە ئاسمانەوە تەپڵی سەری وەعەرزی کەوت. قەشە کە تازە

١. چ کاتێک پێشنیار بکەین؟ بەڕای من تەنیا یەک کاتی گونجاو هەیە کە کەسێکی پیشەگەر بتوانێ ڕاسپاردەیەک بکا، ئەویش ئەو کاتەیە کە سیبقەتی لە سەرکەوتن بەدەست هێناوە، بۆ نموونە لە یارییەکەی بیلیارددا بە ئەنجامی ٦٥ بۆ ٣٠ لە پێش ڕەقیبەوەیە، پاشان بۆ بەکارهێنانی پێویستە شێوازێکی کاریگەر بەکار بێنێ، بۆ نموونە لە بیلیارددا، هەمان دەستەواژە بەکاردەهێنرێ: بە واتای وشەیی: سەیر بکە. بزانە چی دەڵێم. یاریزانی ناشارەزا. بەناوبانگترین یاریزان چییە؟ یاریزانی لێهاتوو: سەختی مەگرە. مەبەستت لە یاریزانی ناشارەزا چییە؟ یاریزانێکی لێهاتوو: مەبەستم ئەوەیە، تۆ دەزانی چۆن زەربە لێبدەی، بەڵام هەمیشە خۆت لەسەر مێزەکە پان دەکەیەوە. هەستە سەر پێ سەیری ڕیزی تۆپەکان بکە و پاشان زەربەی لێبدە. زۆر ئاسانە. بە واتایەکی دیکە ڕەنگە پێگوتن زۆر بەسوود نەبێ و لەوانەیە زیاتر سەرت لێ بشێوێنێ، بەڵام بەگشتی پێشنیارکردن بۆ خودی خۆتان باشە چونکە دەتخاتە دۆخێکی باڵاترەوە. دست پیش‌گیری کامل، استفان پاتر،١٩٥٠

٢. شێر، گورگ و ڕێوی. شێرێکی زۆر پیر و نەخۆش لە ئەشکەوتێکدا خەوتبوو تەواوی ئاژەڵەکان بۆ ڕێزگرتن لە سوڵتانی دارستان سەردانیان دەکرد، بەڵام ڕێوی هەر نەهاتبوو، گورگ ئەوەی بە دەرفەتێکی باش زانی کە ڕێوی لە لای شێر تاوانبار بکا: "ڕێوی هیچ ڕێزێک بۆ ئێوە و بۆ بڕیارەکانت قایل نیە بە هەمان هۆکارە کە تا ئێستا ملاقاتی نەکردووی." ڕاست لەو کاتەی کە گورگ ئەو قسانەی بە شێر گوت ڕێوی پەیدا بوو و گوێی لە قسەکانی گورگ بوو. شێر بە دیتنی ڕێوی غەزەبلێدراو نەعرەتەی کێشاو بەسەر ڕێویدا هاواری کرد. بەڵام ڕێوی بە هێواشی گوتی: "نازانم کام یەک لەو ئاژەڵانە کە لە دەوری تۆ کۆبوونەتەوە وەک من دڵسۆزی ئێوەن، من سەفەرێکی درێژم بە گیان کری تا لەگەڵ دوکتورێکی زۆر سەبارەت بە درمانی نەخۆشی تۆ قسە بکەم و سەرنجام بە دەرمانێکی مناسب گەیشتم." شێر کە پێی خۆش بوو لێرەوە بزانێ ئەو درمانە چیە، ڕووی لە ڕێوی کرد و گوتی: "ئەو دەرمانە چیە؟" ڕێوی گوتی: "پێویستە گورگێگ بە زیندووی پێشتەکەی لێکەیەوە و پاشان گەرماوگەرم پێستەکەی لەدەوری مبارەکی خۆتان بهاڵێنە." شێر بڕیاری دا گورگی بۆ بانگ بکەن و بە زیندوویی پێستەکەی لێ بکەنەوە، گورگ کە بەرەو شێر دەچوو، ڕێوی چاوێکی لێکرد، بە پێکەنینەوە گوتی: "دەبوو لەپشت‌ملە لە لای سوڵتانی دارستان بە باشی قسەت کرد بوایە، تا بەم ڕۆژە گرفتار نەبوایەتی". افسانەها، ازوپ، قرن ششم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرکی بەوە کردبوو خەڵک چ ڕوانگەیەکیان سەبارەت بەو هەیە، هاوسەنگی دەروونی خۆی لەدەست دا و تەنانەت ئەو پادشایەی کە یەکێک لە لایەنگرانی بوو، تووڕە کرد. لە کۆتاییدا پێی لە گۆڕەپانەکە دەرهێنا و خەیاڵی زۆر کەس ئاسوودە بوو.

زۆرجار خراپترین هاوکار و هاوڕێیان ئەوانەن کە خۆبەزلزانن. ئەوان پێیان وایە هەر کارێک بکەن ڕاستە و پێویستە ستایش بکرێن. گاڵتەجاڕی ورد و تەشەر لێدان بۆ سەرکوتکردنی ئەو کەسانە باشترین ڕێگایە. لە ڕووکەشدا ستایشیان دەکەن، شێوازی ڕەفتارەکانت و تەنانەت بیرۆکەکانت هی ئەوانە، بەڵام هەموو ئەو هەستانە لە کۆتاییدا ئامانجێکی دیکەیان هەیە: ئایە لاسایان دەکەیەوە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە پێیان پێ بکەنن؟ ئایە هەموو ستایشەکانت لۆمە و ڕەخنەیان لە پشتە؟ ئەو پرسیارانە مێشکی ئەوان دەگرێتەوە و وایان لێدەکا هەست بە نائەمنی بکەن ڕەنگە تۆ پێت وابێ تایبەتمەندی خراپیان هەیە و کەسانی دیکەش لەگەڵ تۆ هاوڕان. ئێوە ئەو هەستی ئەوانتان کردۆتە ئامانج کە بە گرنگی دەزانن و بە دڵنیاییەوە بە دژکردەوەی نەرێنی و توند وەڵامتان دەدەنەوە. ئەو ستراتیژییە بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانە کاریگەرە کە خۆیان بە بیرمەندێکی بەهێز و لێهاتوو دەزانن و لە هەر باس و مشتومڕێکدا قسەکەری باشن. بە هێنانەوەی و دووبارەکردنەوەی زاراوە و دەربڕینەکانیان، بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە هێزی قسەکانیان کەم دەکەنەوە و هەستێکی نائەمنی و گومانیان تێدا دەچێنی.

٣- لە نێوەڕاستی سەدەی شازدەهەمدا، گەنجێکی سامۆڕایی کە نێوی لە مێژوودا تۆمار کراوە، شێوازێکی نوێی بۆ شەڕکردن دیتەوە: ئەو بە لێزانی دەیتوانی هاوکات دوو شمشێر بە کارامەیی بە هەر دوو دەستی ڕاست و چەپ بەکار بێنێ و شەڕیان پێ بکا. ئەو تێکنیکە زۆر سەخت بوو. هەر بۆیە بڕیاریدا بەناوبانگترین شمشێربازی سەردەمی خۆی، سوکاهارا بوکۆدۆنی بۆ کێبەرکێ بانگهێشت بکات. بۆکودن لە نێوەڕاستی تەمەنی خۆی دابوو و بەرەو خانەنشینی هەنگاوی دەنا. بە نامەیەک وەڵامی شەڕخوازی گەنجەکەی دایەوە و نووسی: "سامۆڕاییەک کە بتوانێ شمشێرێک بە هەمان لێزانی بە دەستی ڕاستی دەگرێ و بە هەمان کاریگەری بە دەستی چەپی بیگرێ، باشییەکی نادادپەروەرانەی هەیە." شمشێربازە گەنجەکە نەیدەتوانی مەبەستی بووکۆدۆن دەرک بکا. ئەویش وەڵامی دایەوە و نووسی، "ئەگەر پێتوایە بەکارهێنانی شمشێر بەدەستی چەپ نادادپەروەرییە، ئەوە دەتوانی ئەو ململانێیە قەبووڵ نەکەی." بەڵام بووکۆدۆن دە دانە نامەی دیکەی بۆ نارد لە هەریەکەیان بە وشەی کەمێک جیاواز سەبارەت بە کارهێنانی دەستی چەپ بابەتێکی باس کرد. هەر نامەیەکی کە بەدەستی گەنجەکە دەگەیشت زیاتر دەڕەنجا، سەرنجام بوکۆدۆن ململانێی قەبووڵ کرد.

سامۆڕایی گەنجەکە ڕاهاتبوو لەسەر غەریزە و بە خێرایی زۆر شەڕ بکا، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی ململانێ، نەیتوانی لە بیرکردنەوەی دەستی چەپی و ترسی بوکۆدۆن کە بەهۆی هێزی دەستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەپیەوە زەربەی لێ بدا، واز بێنێ. ئەو هەر بیری دەکردەوە کە بەدەستی چەپی لە کوێی بدا لەناکاو شمشێرەکەی بوکۆدۆن بەر قۆڵی ڕاستی گەنجەکە کەوت و برینێکی قووڵی تێکرد و شەڕەکە کۆتایی هات. سامۆڕایی گەنجەکە بە خێرایی چاک بووەوە، بەڵام خەمۆکییەکەی نەیهێشت هەرگیز بگەڕێتەوە دۆخی سەرەتایی خۆی. ئیتر نەیدەتوانی بە غەریزە یاری بکات. پێش هەموو جووڵەیەک ئەوەندە بیری دەکردەوە کە کاتی لەدەست دەدا و زۆر بە خێرایی شمشێرەکەی دانا و وازی لە شمشێر هێنا.

لە ساڵی ١٦٠٥دا گنزائمۆن، سەرۆکی کۆمەڵگەی بەناوبانگی یۆشیکای شمشێربازەکانی کیۆتۆ، شایەتحاڵی سەیرترین چالێشی ژیانی بوو. سامۆڕاییەکی نەناسراوی تەمەن ٢١ ساڵ بە ناوی میامووتۆ مووساشی کە وەک سواڵکەرێک جلوبەرگی دەپۆشی و بەنێو شاردا دەسوڕایەوە، ئەوەندە بە خۆبەزلزانییەوە پێشنیاری ململانێی پێکرد، کە سەرەتا پێی وابوو ئەو پیاوە یەکێکە لە بەناوبانگترین شمشێربازەکان. گنزائمۆن بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەو هێندە گەنجە، تەنیا لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە هێندە بەناوبانگ و بەهێزە نابێ هەرکسی سووکوچرووک بە لایدا تێپەڕی وەڵامی ئەرێنی بداتەوە، بەڵام شتێک لە خۆبەزلزانی مووساشیدا هەبوو کە نەیتوانی دەست لە گنزائمۆن هەڵگرێ. ئەو لە دڵی خۆیدا بیری لەوە کردەوە کە ڕەنگە باشترە وانەیەکی باش فێری ئەو گەنجە بکا، بۆیە شەڕەکەی قەبووڵ کرد. بڕیار بوو شەڕی نێوان ئەم دوانە کاتژمێر ٥ی بەیانی هەمان ڕۆژ لە گۆڕەپانێک لە جەرگەی شار ئەنجام بدرێ.

گنزائمۆن لە کاتژمێری دیاری کراو لە شوێنی خۆی لەگەڵ خوێندکارەکانی ئامادە بوو. مووساشی لەوێ نەبوو. پاش چەند دەقیقە و سەعات کوڕە گەنجەکە هەر دیار نەبوو و پێی وابوو ترساوە. گنزائمۆن یەکێک لە قوتابییەکانی خۆی بۆ ئەو شوێنەی کە جێگای پشووی مووساشی بوو ڕەوانە کرد. قوتابییەکەی گەڕاوە پێی گوت کە مووساشی خەوتبوو داوای لێبوردنی کردووە و گوتوویەتی بە خیرایی خۆم دەگەیەنم. گنزائمۆن زۆر تووڕە و دەستی بە پیاسە کردن کرد. مووساشی هەر دیار نەبوو، ماوەی دوو سەعاتی پێ چوو تاکوو لە دوورەوە سەروکەللەی پەیدا بوو و بێ هۆکار بە دەوری گۆڕەپانەکە دا دەگەڕا. ئەو شتێکی سووری لە سەری بەستبوو، لە کاتێکدا نەریت بوو هەموو شەڕکەران وەک چۆن گنزائمۆن ئەنجامی دابوو، سەرپۆشێکی سپی بە پێش سەریان ببەستن.

گنزائمۆن بە دیتنی مووساشی هاواری بە سەردا کرد و هێرشی بۆ کرد، ئەو لەو ڕەفتارەی مووساشی زۆر تووڕە بوو. بەڵام مووساشی کە ماندوو و بێتاقەت دیار بوو، هێرشەکانی گنزائمۆن یەک لە دوای یەک پاسیف و بێکەڵك دەکرد. لەهەر ململانێیەک حەریف حەقی بوو بە شمشێر لە سەرپێچی نەفەری بەرامبەری بدا، کاتێک سەرپێچی سپی گنزائمۆن بە هۆی خوێنەوە سوور بوو، بەڵام سەرپێچی مووساشی وەک خۆی ڕەنگی سوور مابوو. سەرنجام گنزائمۆن ماندوو و سەرلێشیواو هێرشی بۆ مووساشی کردەوە، ئەمجارە شمشێری مووساشی ڕاست وەسەری کەوت و بێ هۆش لەسەر زەوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوت، پاش ماوەیەک وەهۆش هاتەوە، بەڵام بەو شکستە هێندە سووک و زەلیل بوو کە لەگەڵ جیهانی شمشێربازی خواحافیزی کرد و ڕووی لە جیهانی قەشە و ئاینی خاچپەرستی کرد و ماوەی تەمەنی لە نێو ئەواندا تێپەڕ کرد.

**لێکدانەوە**

بۆ سامۆڕاییەک دۆڕاندن لە ململانێدا بە مانای مردن یان سووک و زەلیلبوون لەنێو ئاپۆڕای گشتیدایە. شمشێربازەکان لە هەر تایبەتمەندیەکی سەرتری وەک کارامەیی جەستەیی، شمشێری باشتر، یان تەکنیکی وردتر سوود وەردەگرن بۆ ئەوەی لەو چارەنووسە لە ئەمان دابن. بەڵام گەورەترین سامۆڕاییەکان، بنەماڵەی بۆکودن و مووساشی بەدوای وردترین شێوازیدا دەگەڕان تا هاوسەنگی زەینی ڕەقیبەکان تێک بدەن و لە ململانێدا شکست بدەن. سەرەتا هەوڵیان دەدا بەرامبەرەکەیان کەمێک ئاگاداری تەکنیک و شێوازی خۆیان بکەنەوە و ئەوەش تەڵەیەکی مەرگهێنەر بۆ حەریف بوو، کە دژکردەوەی لەسەر بنەمای زانیاری پێشوو بوو، پاشان هەوڵیان دەدا تەرکیزی بەرامبەری خۆیان بخەنە سەر نیشانەیەکی هەڵە وەک دەستی چەپ یان سەرپێچی سوور. ئەوان بە تایبەتی ئەگەر ڕووبەڕووی نەیارێکی یاسامەند دەبونەوە درەنگتر بۆ مەیدانی شەڕ دەهاتن، ڕەفتارێکیان لەخۆیان پێشان دەدا کە لایەنی بەرامبەر باوەڕیان پێ بکات کە ئەوان ماندوو و شێواون. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا، گۆڕان لە تەرکیزدا یان حاڵەتی دوژمندا، دەبووە هۆی ئەوە هەڵە بکات و نەیار لە نێو شەڕەکەدا کە دەیویست قەرەبووی هەڵەی پێشووی بکاتەوە تووشی هەڵەی دیکە دەبوو. لەوکاتەدا ستراتیژیستی ڕووبەڕووی دەستی خۆی ڕەپێش دەخست و زەربەی کۆتایی لێ دەدا.

**لەبیرت بێت:** لە یاریی دەست ڕەپێشخستندا، ئەوەی پێش هەموو شتێک کاریگەری هەیە سەرلێشێواوی ناڕاستەوخۆی مێشک و حاڵی بەرامبەرە. ئەگەر بە شێوەیەکی ڕووبەڕوو و ڕاستەوخۆ یاری بکەن، بۆ نمونە بۆچوونێکی بێ ئەدەبانە بدەی یان ڕاستەوخۆ و بە ڕوونی هەڕەشەی لێ بکەی، بە دڵنیاییەوە هەست بە مەترسیی دەکا و خۆی تەیار دەکا و باشترینەکانی خۆی نیشان دەدا. بۆچوونێکی زیرەکانە کە کەمێک ختیلکەیان بدا دەبێتە هۆی ئەوە لەگەڵ خۆیان دەرگیر بن و بچنە بیر کردنەوە. کردەوەیەکی بەڕواڵەت ئاسایی کە بتوانێ ببێتە هۆی هەیەجانی وەک تورەیی، ڕق یان بێتاقەتیی ئەوان، بەسە بۆ ئەوەی بەردەمیان تەمومژاوی بێ و کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا تووشی هەڵە دەبن.

ئەو ستراتیژییە بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانە وەڵامدەرە، کە دەبێ لێدوان یان پرۆژەیەک پێشکەش بکەن. بەسە هەیەجان یان بیری ئەوان تووشی بابەتیکی ئازارهێنەر بکەن تا پەیوەندی ئەوان لەگەڵ پرسە سەرەکییەکە بپچڕێت و لەکاتبەندی و تەرکیزدا تووشی هەڵە بن. ئەو فێڵە ئەوەندە بە باشی بەکار بێنە بۆ ئەوەی هیچ کەس و تەنانەت خۆیان لە نیازی خراپی تۆ یان کاریگەری کارەکەت لەسەر هەڵەکانی ئەوان ئاگادار نەبن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤- ژانویەی [ڕێبەندانی] ١٩٨٨ سەناتۆر "ڕۆبێرت جۆزێف دۆل" (بۆب دۆل) لە ویلایەتی کانزاسەوە توانی بۆنی سەرکەوتنی خۆی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا بکا. ڕەقیبی سەرەکی ئەو کاندیدی کۆماریخوازەکان "جۆرج ئێچ. دبلیو بۆش" بوو کە لە کابینەکەی ڕیگان‌دا جێگری سەرۆک کۆمار بوو. لە یەکەم ڕاپرسیدا لە ویلایەتی ئایۆوادا، بۆش هیچ هیوایەکی نەبوو و لە دوای دۆل و پات ڕابرتسۆن ڕێبەری ئیوانجلیستەکان پلەی سێهەمی بەدەست هێنا. بانگەشەی هەڵبژاردنی شەڕەنگێزی دۆل سەرنجی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، سەرکەوتنەکەی خێرایی زۆری بەخۆیەوە گرتبوو و ڕوون بوو کە سەر دەکەوێ.

بەڵام پەڵەیەکی ڕەش لە پەروەندەی دۆل‌دا هەبوو کە دەیتوانێ سەرکەوتنەکەی لە ویلایەتی ئایۆوا بخاتە ژێر پرسیارەوە. لی ئەتواتر، ستراتژیستێکی سی‌وشەش ساڵەی هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ بۆش، چیرۆکێکی بۆ میدیاکان باسکرد کە داوێن پاکی هاوسەری سەناتۆر ئەلیزابێت دۆل و دەبیری پێشووی گواستنەوەی کردە ئامانج. ئەو سەناتۆرە یەکێک بوو لە سیاسەتمەدارە بەهێزەکان کە ڕابردوویەکی سی ساڵانەی هەبوو و حەوت پەراسووی لە ئۆممەتی محەممەد زیاتر بوو، بەڵام هەستی دەکرد هێرشکردنە سەر هاوسەرەکەی بۆ قەبووڵکردن نابێ. ئەو حاڵەتی دوژمنایەتی هەبوو و ڕاوێژکارەکانی هەمیشە هەوڵیان دەدا ئەو حاڵەتەی ئەو باش و هێور کەنەوە، بەڵام کاتێک چیرۆکەکە چاپ کراو و بڵاو بووەوە سووکایەتی بە پەیامنێران دەکرد، ئەتواتر دەرفەتی بۆ ڕەخسا بڵێ: "ڕەنگە باب دۆل لە ڕووکەشدا وەک کەسێکی بەشەخسییەت دەردەکەوێ، بەڵام کاتێک کەسێک زەربەی لێ بدا کارەکتەری ڕەسەنی خۆی ئاشکرا دەکات." دوای ئەوە ئەتواتر نامەیەکی دە لاپەڕەیی بۆ دۆل نارد و تێیدا چەند جارێک ئاماژەی بەوەدا کە وەک سەناتۆرێکی کانزاس هەڵەی کردووە و بڕیاری دوژمنکارانەی داوە و ئەو نامەیەش لەنێو ڕۆژنامەکان سەری دەرهێنا. دۆل زۆر تووڕە بوو، سەرەڕای سەرکەوتنی لە ویلایەتی ئایۆوا، نەیدەتوانی شاهیدی لکەداربوونی ئابڕووی هاوسەرەکەی بێ. ناچار بوو وەڵامی ڕەفتارە دزێوەکانی ئەتواتر و بوش بداتەوە.[1]

ڕاپرسییەکەی دوایی لە ویلایەتی "نیوهامپشایر"، دەرکەوت و لەو ویلایەتەشدا دۆل لە پێش جۆرج بۆشەوە بوو و لە لووتکەی براوەکاندا خۆی دیتەوە، بەڵام ئەمجارە بۆش بۆ خۆی دەخاڵەتی کرد و ململانێ سەختتر بووەوە. ڕاست لە دوایین پشووی پێش دەست پێکردنی هەڵبژاردن، لایەنگرانی بۆش ڕاگەیانراویان بەدەستەوە بوو، کە تێیدا وێنەی دوو ڕوخساری باب دۆلیان کێشابووەوە و دەیانگوت دەنگەکانی دۆل بەهۆی دوو ڕووییەوەیە نەک واقیعییەت. بەرهەمی ئەتواتر لە سەرانسەری ئەو بەیاننامەیە دەبینرا و تۆمەتەکانی وەک ڕیاکاریی، نەرێنی و دووڕوویی ڕەپاڵ دۆل درا. دیاریکردنی ئەو کارە زۆر حیساب کراوبوو، ئیدی هیچ کاتێک نەمابوو تا دۆل لەبەرامبەر ئەو تۆمەتانەی لێی درابوو

---

١. بێ‌دەنگی شێوازێکە بۆ وەڵامدانەوەی هێرشی دمەقرە، بەڵام ئەستەمە هەردوو لایەن تووڕە بن و بێدەنگ بن، چونکە هێرشبەر بە گشتی بێدەنگی وەک نیشانەی سووکایەتیکردن دەبینێ. فردریش نیچە، ١٨٤٤- ١٩٠٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرگری لە خۆی بکات. ئەو ڕاگەیەنراوە دەنگەکانی بۆشی زیاد کرد و چەند ڕۆژێک دواتر بێ ڕەقیب سەرکەوتووی گۆڕەپانەکە بوو.

دوای ماوەیەکی کەم لە ڕاگەیاندنی دەنگەکانی نیوهامپشایر، "تام بروکاو" پەیامنێری کەناڵی ئێن‌بی‌سی سەردانی بۆشی کرد و پرسیاری ئەوەی کرد کە ئایە پەیامێکی هەیە بۆ ڕەقیبەکەی؟ بۆش بە زەردەخەنەوە گوتی: "هیوای باشترینی بۆ دەخوازم." پاشان هەمان پەیامنێر چووە لای باب دۆل و هەمان پرسیاری لێکرد و ئەویش وەڵامی دایەوە: "باشترە واز لە درۆکردن لە دژی من بێنێ."

چەند ڕۆژێک دواتر وەڵامەکەی دۆل لە نێو هەموو ڕاگەیەنراوەکان‌دا بڵاو بووەوە و چەندین بابەتی لەسەر نووسرا، ئەم وەڵامەی دۆل ئەوی کرد بە دۆڕاوێکی خەمناک. هەواڵەکان لەسەر دۆل هەموو ڕۆژێ زیاتر دەبوون و دۆل بە کەسێکی بێ ئەدەب و خوێن‌تاڵ ناسرا. چەند هەفتەیەک دواتر لە کارۆلینای باشوور تووشی شکستێکی زەق بووەوە و دوای ئەوە زنجیرە شکستەکانی یەک لە دوای یەک لە هەموو ویلایەتەکانی باشوور دووبارە بووەوە. چالاکییەکانی هەڵبژاردنی دۆل لێک هەڵوەشا و سووتا. بۆ خۆی باوەڕی بەوە نەدەکرد کە ئەو هەمووە شکستە بەهۆی توندڕەویی لە ویلایەتی ئایووا بێ.

**لێکدانەوە**

لی ئاتواتر پێی وابوو کە گەورەساڵان دەتوانن بەسەر دوو گرووپدا دابەش بکرێن: مرۆڤی تەواو پێگەیشتوو و منداڵ، مرۆڤی زۆر پێگەیشتوو سەرسەخت و زۆر جیددیین و ئەوەش وایان لێدەکات لەجیهانی سیاسەتدا، بەتایبەتی لەسەردەمی ڕاگەیاندن و تەلەڤزیۆندا دا زۆر لاواز بن. دۆل یەکێک بوو لەو کەسە زۆر پێگەیشتووانە و ئەتواتر لە گرووپی دووهەم بوو واتە منداڵ.

ئەتواتر پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆر نەبوو بۆ ئەوەی بزانێ کە دۆل سەبارەت بە هێرشکردنە سەر هاوسەرەکەی زۆر هەستیارە، ئەو توانی بە زیندوو کردنەوەی تۆمەتەکانی ڕابردووی دژی هاوسەری دۆل، حاڵی دۆلی خراب بکا و ختیلکەی بدا. بە ناردنی نامە دۆڵی بە تێوەگلانی لە کاروباری پیس تاوانبار کرد و هەڵەکانی ڕابردووی پێشان دا و خوێنی دۆل وەکوڵین کەوت. پاشان بە هێرشی دوایی واتە بڵاوکردنەوەی ڕاگەینراو لە نیوهمپشایر ئاخرین زەربەی خۆی لێدا. ئەتواتر لەگەڵ ئەوەیکە کەسێک بوو کە سوکانی پرسەکەی بەدەستەوە گرت و دۆلی تورە کرد، بەڵام ئەو ڕستە هەڕەشەئامێزەی کە دۆل بە پەیامنێری ئێن‌بی‌سی گوتبووی، هەموو سەرنجەکانی ڕوویان لە دۆل بوو و ڕەفتارەکانی ناوبراویان بە ناشیرین و قێزەون لەقەڵەم دا، ئەتواتر کە مامۆستای خۆپاراستن بوو، ئێستا لەدواوە وەستا بوو. دۆل هیچ ڕێگایەکی دیکەی نەبوو. بە نێوچاوان تاڵیی زیاتر کارەکەی تێکدا و دەستی بە خۆکوژی هەڵبژاردن کرد.[١]

١. "ڕەفتاری سارد و نادۆستانە" ناوێکە بۆ کۆمەڵێک ڕەفتار کە مەبەستیان دامەزراندنی بێ دەنگییەکی ماناداره یان نایهەوێ قسە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاسانترین کارەکتەرەکان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی دەست ڕەپێش‌خستن، کەسانی سەرسەخت و زۆر پێگەیشتوون. سەرسەخت بوون بێ ئەملا و ئەولا بە مانای جیددی بوون و نەبوونی هەستی جەفەنگ‌بازی و سوحبەتی تێدا نیە، بەڵکوو مەبەستی ئەو کەسانەیە کە بەرگەی هیچ ڕەفتارێک لە دەرەوەی کۆدی ڕەفتاری خۆیان ناگرن. ئەوەندە بەسە بە ئامانجیان بگری و بەشێوەیەکی ناباو بەرامبەر بە ئەخلاقیان ڕەفتار بکەی بۆ ئەوەی هاوسەنگی خۆیان لەدەست بدەن و دەست بە سووکایەتی و هەڕەشە و جنێودان بکەن. ئیدی ڕواڵەتی ئارام و مۆدێرنی ئەم کەسانە دەخرێنە پەراوێزەوە و نائەمنی دەروونی بۆ دروست دەبێ.

لەوەیکە ئەو کەسانە لە دژی خۆتان بورووژێن و هەڵخرێنن، نەترسێن. تا زیاتر و توندتر ڕەخنەت لێ بگرن خراپتر دەبینرێن. ئەوانە لە بیریان دەچێتەوە مەسەلە گرنگەکە ئەوەیە کە کەسانی دەوروبەریان چ لە کەشی سیاسی چ لە فەزای کەسب‌وکاردا، چ تێگەیشتنێکیان بۆیان هەیە و لەوێشەوە بە هیچ شێوەیەک نەرم‌ونیان نین و یەک لە دوای یەک هەڵە دەکەن.

٥- لە ساڵی ١٩٣٩ "جوئان کرافۆرد" (١٩٠٤-١٩٧٧) ڕێگەی خۆی بۆ ڕۆڵێکی بچووک لە فیلمی "ژنان"دا کردەوە. لەو فیلمەدا ڕۆڵی کچێکی فرۆشیاری دەبینی کە مێردی ژنێکی شۆخ و شەنگی لە داو خستبوو و لەگەڵی ڕایدەبوارد، ئەستێرەی ئەو نەخشە "نۆڕما شیرەر" بوو. کرافۆرد و شیرێر لە ژیانی ڕاستەقینەدا ململانێیەکی توندیان هەبوو. شیرێر هاوژینی لەگەڵ ئیروینگ تالبێرگ بەرهەم‌هێنەری فیلم پێکهێنابوو و هەر بەو هۆکارە باشترین ڕۆڵەکانی پێ دەدرا. کرافۆرد لەبەر ئەم هۆکارە و شێوازە خۆبەزلزانەکانی حەزی لە شیرێر نەبوو. تالبێرگ لە ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کرد، بەڵام سەرەڕای ناڕەزایی کرافۆرد، ستۆدیۆ هێشتا نازی شیرێری دەکێشا. هەمووان لە هۆلیوود بە ڕق و کینەی ئەو دوو لایەنەیان دەزانی و چاوەڕێی شەڕی نێوان ئەو دووانە لەم فیلمەدا بوون، بەڵام کرافۆرد زۆر شارەزایانە و لێهاتووانە لەسەر شانۆ ڕۆڵی دەگێڕا و خۆی وەک کەسێکی خاوەن شەخسییەت نیشان دەدا.

کارەکتەرەکانی کرافۆرد و شیرێر لە فیلمی "ژن"دا تەنیا لە یەک کایەدا هاوبەش بوون، ئەویش ئەوکاتە بوو کە شیرێر ڕووبەڕووی کرافۆرد دەوەستا و باسی پێوەندیی ئەوی لەگەڵ هاوسەرەکەی دەکرد. پرۆڤە زۆر بە باشی بەرەو پێش دەچوو و دیمەنە ئاساییەکان بە تەواوی گیراون تا کاتی ئەوە هات کە وێنەی وردەکارییەکان بگرن. هەڵبەتە نۆڕما شیرێر سەرەتا دیالۆگی خۆی گوت. کرافۆرد لەسەر کورسییەکی دوور لە کامێرا دانیشتبوو و ئەو دێڕانەی گوت کە بڕیار بوو لە وەڵامی شیرێردا

---

لەگەڵ هێندێک لە نەیاران بکا، کاریگەری بەستنی ئەم ڕەفتارانە هێندێک جار زۆر بەهێزە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک چیرۆکێکی پێکەنینی بۆ باس دەکا هەرگیز نابێ لە وەڵامدا چیرۆکی پێکەنینی بۆ بگێڕیەوە، بەڵکوو زۆر بە جیددی گوێ بگرە و خۆت لە زەردەخەنە و پێکەنین بەدوور بگرە و تەنانەت ڕەنگی دەموچاوت مەگۆڕە. ماهییەتی نوکتەکەی هەرچی بێ ئەو ڕەفتارەی تۆ وای لێدەکات بیر لەوە بکاتەوە کە ڕەنگە شتێکی خراپی گوتبێ، لەو ڕووەوە دەتوانی زیاتر بچیە پێشەوە. ئەگەر چیرۆکێکی لەسەر پیاوێک گێڕایەوە کە کێشەی یەکێک لە قاچوپێیەکانی هەیە، وا پێشان بدە کە یەکێک لە قاچەکانت کێشەی هەیە. ئەو هەنگاوە هەموو دوانیوەڕۆیان وێرانی دەکا. دست پیش‌گیری کامل،استفان پاتر، ١٩٥٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیڵێ: (زۆرێک لە ئەکتەرەکان، یاریدەدەر یان دەرهێنەرێکیان بوو کە لە کاتی پشوودا بوون یان لە ژووری لیباس گۆڕین، دێڕەکانیان دەخوێندەوە بەڵام کرافۆرد پێداگری دەکرد کە خۆی ئەو کارە بکا.)

کراوفۆرد لەکاتی قسەکردنی دیالۆگەکانیدا خەریکی چنینی بلووزێکی زستانی بوو و هەر جارێک نۆرەی بە وەڵام دانەوەی شیرێر بوو وازی لە چنین دێنا. بە هیچ شێوەیەک سەیری دەموچاوی شیرێری نەکرد. دەنگی میلەکانی چنین ئەوەندە بەرز بوو کە شیرێر خەریک بوو شێت بێ. شیرێر لەکاتێکدا دەیهەویست ئەدەب بپارێزێ گوتی: "جوئان، ئازیزم! دەنگی میلەی چنینی بلووزی ئێوە سەرقاڵم دەکا." کراوفۆرد وا خۆی نیشان دا کە هیچی نەبیستووە و لە چنین بەردەوم بوو. شیرێر ژنێک کە بە شەرم و حەیا و سەنگینی ناسرا بوو کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دا و بەدەنگی بەرز هاواری بەسەر کراوفۆرد دا کرد و پێی گوت هەستە و بچێتە ژووری جلگۆڕین. کاتێک کراوفۆرد هەستا تەنانەت سەیری دەموچاوی شیرێریشی نەکرد. جۆرج کۆکر، دەرهێنەری فیلمەکە چووە لای کراوفۆرد بۆ ئەوەی دڵخۆشی بداتەوە، بەڵام شیرێر بەسەر ئەویش‌دا هاواری کرد و پێی گوت بگەڕێوە. دەنگی شیرێر لەحنێکی توندی هەبوو و هیچ کەس تا ئەو کاتە دەنگێکی وای لێ نەبیستبوو. هەمووان پرسیاریان دەکرد کە ئایە ئەو خودی شیرێرە یان نا؟

لەساڵی ١٩٦٢دا کرافۆرد و بێتی دەیویس، دوو ئەستێرەی بە ڕابردوو کە هەرگیز بەیەکەوە لە فیلمێکدا دەر نەکەوتبوون سەرنجام دواجار لە فیلمی "ڕابێرت ئاڵدریچ" بە نێوی "ئەوەی بە سەر جیندا هات" بە یەکەوە کاریان کرد. کرافۆرد و دەیویس هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ئەوەندە پەیوەندی نزیک‌یان بەیەکەوە هەبێ و وابەستەی یەکتر بن، بەڵام کراوفۆرد پێشوازی لەو هاوکارییە کرد، چونکە پێی وابوو ئەو کارە دەبێتە هۆی ناوبانگ و ژیانی پیشەیی پێش دەخا. بۆیە جارێکی دیکە ڕەفتارەکانیان لەسەر شانۆ زۆر باش بوو، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی فیلمەکە کاندیدی باشترین ئەکتری ژن بۆ جایزەی ئوسکار کراوفۆرد نەبوو، بەڵکوو دەیویس بوو. لەهەمووی خراپتر هەڵسوکەوتی دەیویس بوو کە دەستی بە پێداهەڵگوتنی خۆی کرد و لەنێو خەڵکدا بڵاوی کردەوە کە یەکەم ئەکتەری ژنە تا ئێستا سێ خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهێناوە، لەکاتێکدا کرافۆرد تەنیا یەک خەڵاتی بەدەستهێناوە.

دەیویس بۆ ئۆسکار هەمیشە ناوەندی سەرنج بووە. پێش دەسپێکردنی فستیواڵی ئۆسکار بە شێوەیەکی نائاسایی لەگەڵ کراوفۆرد مێهرەبان و بە ئەدەب بوو، دەبوو هەر واش بێ. ئەو شەوە خۆشترین شەوی ژیانی ئەو بوو. (تەنیا سێ ئەکتەری دیکەی ژن بۆ خەڵاتەکە پاڵێوراو بوون و هەمووان چاوەڕێی ئەوە بوون دەیویس خەڵاتەکە بباتەوە.) کرافۆرد بە هەمان شێوە بە ئەدەب بوو. لە کاتی ئاهەنگەکەدا دەیویس چاوەڕێی ئەوە بوو ناوی وەک براوەی نیهایی ڕابگەیەنرێ، بەڵام سەری سوڕما. ئەو نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ و ئان بنکرافت بۆ گێڕانی ڕۆڵی لە فیلمی "پەرجۆگار" (معجزەگر) وەک براوەی سەرەکی ڕاگەیەندرا، بەڵام ڕووداوێکی دیکە ڕوویدا: لەکاتێک دەیویس لە

شوێنی خۆی وشک ببوو، هەستی کرد دەستێک لەسەر شانییەتی کاتیک ئاوڕی دیەوە، ئەوە کرافۆرد بوو. بەو پێیەی براوەی خەڵاتی ئۆسکار خاتوو بنکرافت ئەو شەوە ئامادەی ڕێوڕەسمەکە نەبوو، کراوفۆرد ناچار بوو بە جێگەی ئەو لە سەر سێن خەڵاتەکە وەربگرێ. ئەو لە شانی دەیویسی دا و گوتی: "ببورە، دەچیە قەراخەوە؟ ئەو شەوەی کە هەمووان چاوەڕێی ئەوە بوون کە شەوی شکۆمەندی دەیویس بێ، ئەوە کرافۆرد بوو کە بە جۆرێک سەرنجی هەمووانی بە تایبەت میدیاکان ڕاکێشا و بووە هۆی ئەوە دەیویسی پێ سووک و شەرمەزار بێ.

**لێکدانەوە**

ئەکتەری هۆلیوود پێویستە خۆڕاگر و پتەو بێ و جوئان کرافۆرد نموونەی تەواو و بێ کەموکوڕی ئەکتەری هۆلیوود بوو. لێهاتووی باشی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نەفرەت و جنێودان هەبوو و هەمیشە بەجۆرێک ڕەفتاری دەکرد کە بە زەردەخەنەیەکی مانادار خراپترین زەرەبەی لە ڕقیبەکەی دەدا و سووکی دەکرد. کرافۆرد زۆر باش دەیزانی کە کەسانی دیکە بە ژنێکی ڕەزاگران و لاساری دەزانن. ئەو هەستی بەوە دەکرد کە ئەم بۆچوونە هەڵە و نادادپەروەرانەیە. هەروەها لەگەڵ خەڵک مێهرەبان و دەیتوانی بەرگەی ئەو سووکایەتییە بگرێ، بەڵام ئەوەی زۆری ئازار دەدا ئەوە بوو، کە دەیزانی شیرێر بە پێچەوانەی ڕوخساری نەرمونیانی خۆیەوە ژنێکی بێئەدەب و بێنەزاکتە و هیچ کەس ناتوانێ دەروونی ببینێ، بۆیە هەوڵیدا لە ژێر ئەو دیمەنە سەرنجڕاکێشە خۆی نیشان بدا. هەمان ئاماژە بەس بوو بۆ ئەوەی شیرێر تووڕە بکا و بە شێوەیەک ڕەفتار بکا کە هەرگیز لە مێشکی هاوکارەکانی هۆلیوودا نەسڕێتەوە و بۆ هەمیشە سووک بکرێ. سەبارەت بە دەیویس هەموو شتێك بە بەرنامەڕێژی بەرەو پێش چوو: کرافورد ئەو شەوە خۆشەی لێ تێکدا. دەیویس چەند مانگ بوو بەرنامەڕێژی بۆ ئەو شەوە کردبوو، تەنانەت یەک وشەی ناشیرین و ناحەزی لەزار نەهاتبووە دەر. کرافورد دەیزانی کە بنکرافت ناتوانێ لە ڕێوڕەسمەکە دا بەشداری بکا و لەکاناڵی نهێنییەوە ئاگادار بوو کە ئەو براوە و خەڵات دەکرێ، کەوابوو بە دڵێکی خۆشەوە ئامادە بوو تا بە نوێنەرایەتی بنکرافت وەری بگرێ.[١]

---

١. بەدڵنیاییەوە ئەو نەخۆشەی بەپێچەوانەی ویستی خۆیەوە چووەتە ناو کۆبوونەوەی شیکاری دەروونییەوە، بەدوای ڕەفتارێکدا دەگەڕێ کە چارەسەری دەرونی وەربگیرێ، چارەسەرکاری دەروونی فێربووە چۆن فێڵەکانی نەخۆشەکە بێلایەن و پاسیڤ بکات، بۆ نموونە شێوازێکی سادە ئەوەیە بە قسە و وتەکانی نەخۆش وەڵامی نەشیاو بدرێتەوە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی نەخۆشەکە بکەویتە دۆخێکی گومانەوە و هەرچەندە لە مێشکیدا سەبارەت بە پێوەندییەکان لەگەڵ کەسانی دیکەدا چاندوویەتی، نەخۆشەکە لەوانەیە بڵێ: "دەبێ هەموو ڕاستگۆ بن." بە دڵنیاییەوە هیوادارە چارەسەرکەری دەروونی هاوسۆزی لەگەڵ بکا و قسەکانی پشتڕاست بکاتەوە. چارەسەرکەری دەروونی دەتوانێ بێدەنگ بێ یان بڵێ: "ئاه!" دوای ڕاوەستانێکی زۆر بپرسێ: "ئێوە چۆن بەم بیرۆکەیە گەیشتوون؟" ئەو شێوازە قسەکردنە وا لە نەخۆشەکە دەکات گومان لە قسەکانی بکا و بیر لەوە بکاتەوە کە چارەسەرکاری دەروونی سەرەتا بۆچی ئاهێکی هەڵکێشاوە. ئەو دوودڵی‌یە بەرامبەر بە وشەکان نەخۆش دەخاتە دۆخێکی ژێر دەستەوە. لێرەیە کە نەخۆش بۆ لابردنی ئەم گومانە پشت بە چارەسەرکەر دەبەستێ، چونکە لە بنەڕەتدا کاتێک پشت بە کەسێک دەبەستین کە لە پێگەیەکی باڵا دایە. مانۆڕی شیکاریی چارەسەرکەری دەروونی بە ئامانجی دروستکردنی گومان لە نەخۆش و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆرجار هەموومان خۆمان لە هەلومەرجێک‌دا دەبینینەوە کە ئارەزووی دەروونمان پێمان دەڵێ پێویستە لە کەسێک تۆڵە بکەینەوە کە ڕەفتاری نەشیاوی لەگەڵ ئێمەدا کردووە. پێمان خۆشە قورس‌وقایم لە بەرامبەری دا بوەستین و زۆر ڕاستگۆیانە پێی بڵێین کە هەستێکی خراپمان سەبارەت بەو هەیە، بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە لێرەدا وشەکان ناکارامەن. سووکایەتی زارەکی تۆ بۆ ئاستی لایەنی بەرامبەر دادەبەزێنێ و هەستێکی ناخۆشت پێ دەبەخشێ. شیرینترین تۆڵەکردنەوە ئەوەیە کە بە کردەوە کارێک بکەن بەجۆرێک کە زەردەخەنەی کۆتایی هی تۆ بێ. هەستێکی ناڕوون بە ژێردەستی‌بوون لە ڕەقیب یان دوژمن‌دا دروست بکە. ئەو هان بدە بۆ ئەوەی لایەنەکەی دیکەی خۆی نیشان بدا. ساتەوەختی شکۆمەندی لێ وەربگری و کارێک بکە بەو مانۆڕە شەڕەکە کۆتایی پێ بێنێ. بەم جووڵانە دەتوانی بە کەسانی دیکە بسەلمێنن کە تۆ ئەو کەسە نیت کە ببی بەداردەستی ئەوان و برینێک لە دڵیاندا بچێنی کە هەرگیز چاک نەبێتەوە. لە کۆنەوە گوتوویانە: تۆڵەکردنەوە خواردنێکە باشترە کە بە ساردی بەخشرێتەوە. واتە بە ساردی دەرخواردی دوژمنی بدرێت.

**بیهێنە بەرچاوت:** دەمامک. هەموو ئەکتەرێک لەسەر شانۆ دەمامکێکی هەیە، کە ئەو دەموچاوە دڵگیر و سەرنجڕاکێشەیە کە بۆ بینەرەکانی پێشانی دەدا. ئەگەر زەربەیەکی بێ مەبەستی ئەکتەرێکی دیکە بێتە هۆی کەوتنەخوارەوەی ئەو دەمامکە ڕواڵەتێکی ناشیرینی دەردەکەوێ، کە هەمان ئەو ڕوخسارەیە هەرگیز لە مێشکی بینەردا ناسڕێتەوە.

ئەزۆپ دەڵێ: "*زۆرجار بۆخۆمان کەرەستەی وێرانکاری بە ڕقیبەکانمان دەدەین.*"

## حاڵەتی دەگمەن

هێندێک جار شەڕی ڕاستەوخۆ، باشترین شەڕە و بۆ نموونە دەتوانی بە گەمارۆدانی دوژمن شکستی بدەن، بەڵام لەپەیوەندییە بەردەوامەکانی ژیانی ڕۆژانەدا دەست ڕەپێش‌خستن باشترین ستراتیژییە. هێندێک جار شەڕی ڕاستەوخۆ باشترین ڕێگایە و هێندێک جاریش ناردنی پەیامێکی ترسێنەر، بەڵام بزانە کە دەسکەوتی خێرای شەڕی ڕاستەوخۆ، کاریگەری کاتی هەیە، چونکە لە نێو هاوکارەکانی دیکەی ئێوەدا ئەو ترسە دروست دەکا کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەکردەوە بەرامبەریان هەنگاو بنێی. کەواتە، ئەگەر دەتهەوێ شادمانی و سەرکەوتنەکانت دەوامی زیاتریان هەبێ، باشتر وایە هەستی خۆشی کەسانی دیکە بە نێشانە نەگری و ڕوخساری خۆتان بپارێزن. کاربەدەستانی ژیری دەربار هەمیشە ڕەفتارێکی شارستانی و بە ئەدەبیان هەیە تا مشتی ئاسنینی خۆیان لە ژێر دەستکێشی مەخمەڵیدا حەشار بدەن.

---

گوێڕایەڵکردنی ئەنجام دەدرێ. بۆ نموونە چارەسەرکەری دەروونی دەپرسێ: "پێم سەیرە ئایە بەڕاستی هەستی ڕاستەقینە تۆ بەم شێوەیە؟" بەکارهێنانی وشەی "ڕاستەقینە" تەواو ئاگاهانەیە، چونکە بۆ نەخۆشەکە ئەوە پێشان دەدا کە ئەنگێزەیەکی هەیە و بۆ خۆی ئاگاداری نیشانەکانی نییە. هەمووومان دەزانین کاتێک کەسێک گومان لە خۆی دەکا، مانای وایە لە پێگەیەکی ژێردەستە دایە. استراتژی‌های روان‌درمانگری، جی هالی، ۱۹۶۳

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی بیستونۆیەم:
# پارووی چووکە دیاری بکەن.
# ستراتیژیی خستن بەسەر کاری کراودا (عمل انجام شده)

ئەگەر زۆر پڕکار بەر چاو بکەوی، لە کەسانی دیکەدا هەستی حەسوودی و بێزاری دروست دەکەن. هێزی ئاشکرا و دیار هەروەها سەرکەوتن و هەڵکشانی خێرا مەترسیدارە و دەبێتە هۆی هەڵخڕانی هەستی بەغیلی و گومان و دوودڵی لە خەڵکانی دیکەدا. باشترین کار ئەوەیە پارووی بچووکبچووک بگرین، ناوچەی بچووک بەدەست بێنین و لەو شوێنانەدا خۆ ڕادەین و مانۆری لێ بدەین وا سەرنجی زۆرمان لەسەر نییە. لەژێر ڕادار مەبە بۆ ئەوەی جووڵەکانت نەبینن و ئەگەر بتبینن تازە درەنگ بووبێ. هەمیشە دەتوانی بانگەشەی ئەوە بکەی کە بۆ بەرگریکردن لە خۆتان هەموو هەوڵێکت داوە، بەم شێوەیە پێش لەوەی کەس پێت بزانێ، بووی بە خاوەنی ئیمپراتۆرییەکی مەزن کە بە دەستی خۆت دات مەزراندووە.

**داگیرکردنی هەنگاو بەهەنگاو**

لە ١٧ی ژوئن [٢٨ی جۆزەردان) ساڵی١٩٤٠دا وینستۆن چرچیل سەرۆک وەزیرانی ئینگلستان لە چاوپێکەوتنی بە بێ بەرنامەی ژێنراڵی فەڕانسەوی شارڵ دیگۆل زۆر سەری سوڕما. ئاڵمان هێرشی بروسکەئاسای خۆی بۆ سەر وڵاتانی خوارەوە دەست پێکرد و پێنج هەفتە پێشتر هێرشی کردبووە سەر فەڕانسە و سوپاکانی پێشڕەوییان کردبوو تا ئەو ڕادەیەی کە هێزی نیزامی فەڕانسە و حکومەتەکەی لەبەرەبەری ڕووخان و لێکهەڵوەشان دابوو. بەرپرسانی فەڕانسەوی بەرەو ئەو شوێنانەی فەڕانسە ڕایان دەکرد کە هێشتا ئاڵمان داگیری نەکردبوو، یان پەنایان بۆ کۆلۆنییەکانی فەڕانسە لە باکووری ئەفریقا دەبرد و هیچیان پەنایان بۆ ئینگلستان نەبرد، بێجگە لە یەک کەسی فەڕانسەوی کە داوای پەنابەری لە ئینگلستان کرد و خزمەتەکانی بۆ ئامانجی هاوبەش خستەڕوو، واتە ژێنراڵ شارڵ دیگۆل.

پێشتر ئەو دووانە یەکتریان بینیبوو، کاتێک دیگۆل ماوەیەکی کەم وەک جێگری وەزیری دەرەوە لە ماوەی هێرشی بروسکەئاسادا خزمەتی دەکرد. چرچیل هەمیشە بە ئازایەتی ئەو پیاوە و بوێری لە ساتەوەختە سەختەکاندا سەرسام بوو و ستایشی دەکرد، بەڵام شارڵ دیگۆل کەسێکی سەیر بوو. لە

تەمەنی ٥٠ ساڵیدا ڕابردوویەکی نیزامی زۆر بەرچاوی نەبوو و بە دەگمەن بە کەسایەتییەکی سیاسی دیار ئەژمار دەکرا، بەڵام هەمیشە بە جۆرێک ڕەفتاری دەکرد وەک ئەوەی ناوەندی هەموو شتێک بێ و ئێستا لەوێ بوو خۆی وەک پیاوێک نیشان دەدا کە دەتوانێ یارمەتیدەرێکی گەورە بۆ ڕزگارکردنی فەڕانسە بێ. بێگومان فەڕانسەیی دیکە زۆر بوون کە پێدەچوو لە شارڵ دیگۆل باشتر بن. لە هەر حاڵەتێکدا شارڵ دیگۆل ئەو کەسە بوو کە چرچیل دەیتوانی بیخاتە نێو قاڵبێکەوە کە پێی خۆشبوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کەڵکی لێ وەرگرێ.

دوای چەند کاتژمێرێک لە گەیشتنی شارڵ دیگۆل بۆ ئینگلستان، نیزامی‌یانی فەڕانسەوی لەگەڵ ئاڵمان بە پێی ڕێکەوتنێک ئاشتی‌یان ڕاگەیاند. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە هەردوو وڵات ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە بەشە داگیرنەکراوەکانی فەڕانسە لەلایەن حکومەتێکەوە بەڕێوە بچێ، کە فەڕانسەوییەکان حاکمی بن، بەڵام ئەو حکومەتە دەبێ لەگەڵ پەلاماردەران مێهرەبان بێ و بنکەکەی لە پارێزگای "ویشی"دا بێ. هەر ئەو شەوە شارڵ دیگۆل پلانێکی پێشکەش بە چرچیل کرد کە لە ڕادیۆی بی‌بی‌سی لە بەرنامەیەکدا بانگی لە هەموو ئەو فەڕانسەوییانە کرد کە هێشتا وەفاداری فەڕانسەی ئازادن و داوای لێکردن هیوایان لەدەست نەدەن. هەروەها بانگهێشتی هەموو ئەو کەسانە کرد کە دەتوانن بۆ بەشداری لە خەبات بێنە ئینگلستان و پێوەندی بە شارل دیگۆلەوە بکەن. چرچیل زۆر حەزی لەم کارەی شارڵ دیگۆل نەبوو، چونکە نەیدەویست سووکایەتی بە حکومەتی نوێی ویشی بکا، بەڵام شارڵ دیگۆل بەڵێنی پێدا هیچ شتێک نەڵێ کە بە خیانەت لە حکومەتی ویشی هەژمار بکرێ، ئەویش لە دەقیقەی ٩٠ مۆڵەتی وەرگرت.

شارڵ دیگۆل هەموو ڕستەکانی بەتەواوی بەو شێوەیەی کە بەڵێنی بە چرچیل دابوو پێشکەش کرد، بەڵام شتێکی زیاد کرد و ئەویش ئەوە بوو کە بەڵێنی دا کە لە ڕۆژی دواتر لە بەرنامەی ڕادیۆیی بەشداری بکا. ئەو هەواڵە بە چرچیل گەیشت. دیگۆل لە دڵی خۆیدا پێی وابوو ئەوە بەڵێنێکە کە دراوە و ئەگەر ڕێگە نەدات دیگۆل جارێکی دیکە بەشداری بەرنامەکە بکا ئەوە خراپ دەبێ و لەو ڕۆژە تاریکانەدا هەر شتێک بە فەڕانسەوییەکان ڕوحیە بدا، جێی خۆیەتی.

شارڵ دیگۆل لەبەرنامەی دواتر بوێرانەتر ڕەفتاری کرد و ڕایگەیاند: "هەر فەڕانسەوییەک کە هێشتا چەکی هەیە ئەرکی سەرشانیەتی بەربەرەکانی بکا." ئەو تەنانەت زۆر لەوە زیاتر پشووی لێ هەڵکێشا و ژێنراڵەکانی هاوشانی خۆی ڕێنوێنی کرد کە گوێڕایەڵی دوژمن نەبن، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد ئەو کەسانەی لە ئینگلستان پەیوەندی پێوە دەکەن، بەشێک دەبن لە وڵاتێکی بێ‌سنوور بە نێوی فەڕانسەی ئازاد و سوپایەکی نوێ بە ناوی فەڕانسەی خەباتگێڕ پێک دێنن و دەست دەکەن بە ڕزگارکردنی خاکی فەڕانسە لە چنگی ئاڵمان.

چرچیل کە مێشکی بە بابەتە گرنگەکانی دیکەوە سەرقاڵ بوو و پێی وابوو گوێگر و بینەرانی شارڵ دیگۆل کەمە و چاوپۆشی لە بێباکی ژێنراڵ دەکرد و ڕێگەی پێدا لە بەرنامەی ڕادیۆیی بەردەوام بێ و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ هەر بەرنامەیەکدا، کارەکانی چرچیلی بۆ کۆنترۆڵکردنی هەلومەرج قورستر دەبوو. شارڵ دیگۆڵ هێندەی کار کرد تا وەک ئەستێرەیەک دەرکەوت. کارایی هێزەکانی نیزامی و حکومەتی فەڕانسە لە کاتی هێرشی بروسکەئاسادا لە ڕوانگەی هەموو لایەک بێ‌ئابڕوویی بوو و دوای ئەوە بێجگە لە شارڵ دیگۆڵ هیچ کەس هەنگاوی بۆ گۆڕینی ئەم تێڕوانینە گشتییە هەڵنەهێناوە. دەنگی ڕەنگدانەوەی متمانە بەخۆبوون بوو، ڕوخساری بەرز و باڵای لە ڕاگەیاندنی هەواڵەکاندا زۆر سەرنجڕاکێش بوو. لە هەمووی گرنگتر قسە و ڕەفتارەکانی کاریگەریان هەبوو، هێزەکانی سوپای فەڕانسەی خەباتگێڕ لە چەند سەد سەربازێکەوە لە مانگی ژوئیەی (پووشپەر) ساڵی ١٩٤٠ بۆ چەند هەزار سەرباز لە مانگی دواتردا زیادی کرد.

شارڵ دیگۆڵ زۆر زوو ڕایگەیاند کە دەیهەوێ فەرماندەهی هێزەکانی بکا لە لەشکرکێشی بۆ کۆلۆنیەکانی فەڕانسە لە ئەفریقای نێوەڕاست و کەمەرەی زەوی (استوا) تا لە دەستی حکومەتی ویشی ڕزگاریان بکا. ئەو ناوچەیە زیاتر لە بیابان و دارستانی باراناوی پێکهاتبوو و لە ناوچە ستراتیژییەکانی باکووری ئەفریقا لە دەریای نێوەڕاست دوور بوو، بەڵام بەندەری هەبوو کە ڕەنگە بە کەڵك بوایە و بۆیە چرچیل پشتگیری لە شارڵ دیگۆڵ کرد. هێزەکانی فەڕانسە توانیان بە ئاسانی چاد، کامیرۆن، کۆنگۆی فەڕانسە و گابۆن بگرن.

کاتێک شارل دیگۆل لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٠ بۆ ئینگلستان گەڕایەوە هەزاران کیلومیتری چوارگۆشەی زەوی کۆنترۆڵ کردبوو. ئێستا فەرماندەیی ئەو نزیکەی بیست هەزار سەربازی هەبوو و ئەو هەوڵە بوێرانەی سەرنجی خەڵکی ئینگلستانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. شارڵ دیگۆل هەمان ئەو پیاوە نەبوو کە چەند مانگێک لەمەوبەر بە نائومێدیەوە داوای مافی پەنابەری لە ئینگلستان کردبوو، ئەو چاوەڕوانی و داواکاری زیاتری لە ئینگلستان هەبوو و زۆر شەڕەنگێزانە ڕەفتاری دەکرد و ئێستا وەک ڕێبەرێکی سیاسی و نیزامی، ڕەفتاری شارڵ دیگۆل زۆر گۆڕابوو. چرچیل وردە وردە لەوەیکە پەڕوباڵی پێدابوو واتە بەری بۆ شل کردبوو پەشیمان بووەوە.

ساڵی دواتر دەزگای هەواڵگری ئینگلستان بۆی دەرکەوت کە دیگۆل پێوەندییەکی زۆر گرنگی لەگەڵ بزووتنەوەی خۆڕاگری فەڕانسە دروست کردووە. لەو سەردەمەدا کۆمۆنیست و سوسیالیستەکان ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی خۆڕاگرییان دەکرد کە تووشی سەرلێشێواو هاتبوو و بەدەست نەبوونی پێکهاتەیەکی یەکگرتوو دەیناڵاند. دیگۆل پێش شەڕ بەرپرسێکی لە حکومەتی سوسیالیستی بە ناوی ژان مۆلێن هەڵبژارد بۆ ئەوەی لە ئۆکتۆبری [ڕەزبەر]ی ١٩٤١ بێتە ئینگلستان و بۆ یەکخستنی هێزەکانی زەمینی یارمەتی بدات. لە نێو هەموو ئەو مانۆڕانەی دیگۆل تا ئەو کاتە کردبووی ئەوە یەکەم هەنگاو بوو کە ڕاستەوخۆ یارمەتی هاوپەیمانیی دەدا، چونکە بە دڵنیاییەوە خۆڕاگری گاریگەر بەنرخ دەبوو، بۆیە ژان مۆلێن لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٢ بە ڕەزامەندی و لوتفی چرچیل هاتە باشووری فەڕانسە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا کۆتایی ئەو ساڵە، دیگۆل کە هەر چرکە زیاتر لەخۆبایی دەبوو، هێندەی سووکایەتی بە خەڵکی نێو حکومەتەکان و سوپای هاوپەیمانان و بەتایبەتی سەرۆک کۆماری ئەمریکا فرانکلین دی ڕۆزوێڵت کردبوو، کە پلانێک پێشنیار کرا بۆ ئەوەی کەسێکی میانەڕەو یان نەرمتر جێگەی بگرێتەوە. ئەمریکاییەکان پێیان وابوو کە کەسێکی گونجاویان بۆ ئەم کارە، واتە ژێنراڵ هێنری ئانری ژیرۆیان دۆزیوەتەوە، ناوبراو یەکێک لە بەرپرسە ماقووڵەکانی هێزی دەریایی فەڕانسە و پیاوێک بوو کە پێشینەیەکی زۆر درەوشاوەتری لە شارڵ دیگۆل هەبوو. هەروەها چرچیلیش ئەوی پەسەند کرد. ژیرۆ وەک فەرماندەی هێزەکانی فەڕانسە لە باکووری ئەفریقا دیاری کرا. دیگۆل کە ئەو پلانەی هاوپەیمانان بە زیانی خۆی دەزانی داوای کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەگەڵ ژیرۆ بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەلومەرجی مەوجود کرد و دوای بڕۆکراسییەکی زۆر مۆڵەتی پێدرا و لە مانگی مەی [بانەمەر] ١٩٤٣ گەیشتە ئەلجەزایر.

دیگۆل و ژیرۆ هەر کە یەکتریان بینی دەستیان بە دەمەقاڵە و مشتومڕ کرد و هەریەکەیان داواکاریی لە لایەنی بەرامبەر بوو کە قەبووڵکردنی زۆر سەخت بوو. سەرەنجام دیگۆل ئاشتی هەڵبژارد و پێشنیاری پێکهێنانی کۆمیتەیەک بۆ ڕێبەرایەتی‌کردن فەڕانسە لە دوای شەڕ ئامادە بکەن و بەڵگەنامەیەکی واژۆ کرد کە ژیرۆ وەک فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان و هاوسەرۆکی فەڕانسە لەگەڵ دیگۆل دەناساند. دیگۆل هەروەها لەبەرامبەر ئەو چاکەیەدا داوای کرد کۆمیتەکە فراوانتر بکرێ و هەموو ئەو بەرپرسانەی پێوەندییان بە حکومەتی ویشییەوە هەیە لەو کۆمیتەیە دوور بخرێنەوە. ژیرۆ ڕازی بوو و ڕێکەوتنەکەی واژۆ کرد. پاش ماوەیەکی کەم دوای ئەو کۆبوونەوەیە، ژیرۆ ئەلجەزایری بەرەو ئەمریکا بەجێ‌هێشت و لە غیابی ئەودا دیگۆل ئەو کۆمیتەیەی لە هاوسۆز و هاوڕایانی خۆی و ئەندامانی خۆڕاگر پڕ کردەوە. هەر کە ژیرۆ لە ئەمریکا گەڕایەوە بۆی دەرکەوت کە زۆرێک لە دەسەڵاتی سیاسیی لێ وەرگیراوەتەوە. ناوبراو لەنێو کۆمیتەیەکدا کە بۆ دروست‌کردنی هەوڵێکی زۆری دابوو، گۆشەگیر کرابوو و هیچ ڕێگەیەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەرگریکردن لە خۆی نەمابوو و لە ماوەی چەند مانگ دیگۆل وەک تاکە بەرپرسی کۆمیتە و پاشان وەک فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان دیاری کرا. ژیرۆ بە هێواشی خۆی خانەنشین کرد.

ڕوزوێڵت و چرچیل تەواوی ئەو ڕووداوانەیان بە وردی لەژێر چاوەدێری دابوو، ئەوان هەوڵیان دا کە دەستی تێوەردەن و هەڕەشەی جۆراوجۆریان لە دیگول کرد، بەڵام لە نیهایەت‌دا پاشەکشەیان کرد. بەرنامەکانی ڕادیۆ بی‌بی‌سی کە بە پاڕانەوە دەستی پێ کردبوو، ئێستا میلیون‌ها فەڕانسەوی گوێی بۆ دەگرن. هەروەها دیگۆل لە ڕێگای ژان مۆلێنەوە کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر هێزەکانی فەڕانسەی خۆڕاگردا گرت. درزێک لە پێوەندی لەگەڵ دیگۆل دەیتوانی پەیوەندییەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ خۆڕاگری بخاتە مەترسییەوە و ئەو کومیتەیەی دیگۆل دروستی کرد کە دوای شەڕ بەسەر فەڕانسە دا دەسەڵاتداری بکا ئێستاش لە حکومەتەکانی سەرتاسەری جیهاندا ناسراوە. هاتنی ئەو ژێنراڵە بۆ نێو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر جۆرە شەڕێکی سیاسی دەیتوانێ کابوسێکی وێرانکەری پەیوەندییە گشتیەکان لە شەڕدا بێ.

هەرچۆنێک بێ ئەو ژێنراڵە نەزۆر بەناوبانگ و متمانەپێکراوە ئێستا چەشنێک ئیمپراتۆری لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوو و کەس نەیدەتوانی کارێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بکا.

**لێکدانەوە**

کاتێک شارڵ دیگۆل بۆ ئینگلستان هەڵات یەک ئامانجی هەبوو، ئەویش بنیاتنانەوە و گەڕاندنەوەی شکۆمەندی فەڕانسە. ئەو بڕیاریدا بە ڕێنمایی ڕێکخراوێکی نیزامی و سیاسی کە بۆ ئازادی فەڕانسە کار دەکا بەو ئامانجە بگا. دەیهەویست وڵاتەکەی وەک وڵاتێکی یەکسان لە نێو هاوپەیمانانەندا چاو لی بکرێ، نەک وڵاتێکی وێران و وابەستە بە وڵاتێکی دیکە.

ئەگەر دیگۆل مەبەستی خۆی ئاشکرا دەکرد بە پیاوێکی مەترسیدار و مەزنیخواز ئەژمار دەکرا، و ئەگەر بە خێرایی بەدوای دەسەڵات کەوتبوایە مەبەستەکانی ئاشکرا دەبوون. بۆیە بڕیاریدا هەر جارێک بە وریاییەوە تیکەیەک یا پارووییەک هەڵبگرێ و چاوەکانی لەسەر ئامانجەکە چڕ بکاتەوە. هەمیشە یەکەم پاروو گرنگترین شتە بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی پێشانی کەسانی دیکە بدا، بۆیە یەکەم بەرنامەی ڕادیۆیی بی‌بی‌سی بە ڕاوتەگبیر بردە شوێنی بڵاو کردنەوە واتە پەخش. توانی بە کەڵک وەرگرتن بە وشیارێکی لێوانلێو لە زیرەکی و دەنگی سەرنجڕاکێشی ئامادەیییەکی ئەرێنی نیشان بدا. ئەو کارانەی بووە هۆی ئەوەی کە گرووپێکی نیزامی بە نێوی فەڕانسەی خۆڕاگر مەیسەر بکا.

دیگۆل بە هێنانی خاکی وڵاتانی ئەفریقا بۆ ژێر کۆنترۆڵی فەڕانسەی خۆڕاگر، پارووی دواتری هەڵگرت. کۆنترۆڵی ئەو بەسەر ناوچەیەکی جوغرافیای بەربڵاودا، جیا لەوە ئەو ناوچەیە چەندە گۆشەگیر بێ، دەسەڵاتێکی سیاسی عەجایبی پێ بەخشی. پاشان پێوەندی بە بزووتنەوەی بەرگری کرد و گرووپێک کە پێگەی کۆمۆنیستی‌یان هەبوو دەستی بەسەردا گرت. لەنیهایەت‌دا وردە وردە پارووی دیکەی مسۆگەر دەکرد، ئەویش دروستکردن و کۆنترۆڵکردنی کۆمیتەیەک بۆ بەڕێوەبردنی فەڕانسەی ئازاد لەداهاتوودا بوو. بەو هۆیەوە کە دیگۆل هەموو ئەو کارانەی بە میتۆدی "خستن بەسەر کاری کراودا" ئەنجام دابوو، هیچ کەس هەستی بەوە نەکرد کە ئامانجی سەرەکیی ئەو چییە. کاتێک چرچیل و ڕۆزوێڵت دەرکیان بەوە کرد کە دیگۆل تا چەند خۆی لە خۆڕاگری فەڕانسە و هەروەها لە بیروڕای گشتی ئەمریکا و ئینگلستان‌دا وەک ڕێبەرێکی ڕەوا و ڕاستەقینە سەلماندووە، تازە زۆر درەنگ بوو. دیگۆل ئەوانی لە بەرامبەر "خستن بەسەر کاری کراودا" دانابوو.

ئاسان نییە بۆ داخوازییەکانی خۆتان لە جیهاندا بە ئاسانی و بە وزەیەکی زۆرەوە هەوڵ بدەن و ئێرەیی و دژایەتی مرۆڤەکان نەورووژێنی. ئەگەر زۆر ڕووک و ڕاست یاری بکەن وەک کەسێکی بوێر و دەسەڵاتخواز دەتبینن کە پێویستە سەرکوت بکرێی. چارەسەر ئەوە نیە داخوازییەکانت پشتگوێ بخەن، چارەسەر ئەوەیە کە داخوازییەکانت حەشار بدەی. ڕوانگەی وردە وردە داگیرکردن بۆ بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆ باشە و باشترین داپۆشێن و دەمامکی هێرش کردنە. کلیلی بەکارهێنانی ئەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕوانگەیە ئەوەیە کە تێگەیشتنێکی ڕوون لە ئامانجەکانت هەبێ، ئیمپراتۆری داهاتووی خۆت بە باشی پێناسە بکە و پاشان پاڕووە چووکەکان دیاری بکە کە سەرەتا دەبێ بیانگری. هەر تیکەیەک دەبێ وەک پارچەیەک لە (پازل)مەتەڵ بێت کە لە نیهایەتدا تێکرای کامڵ دەکا، پێویستە ئەو تیکانە بە مەنتقی و ژیرانە هەڵبگری و هەمیشە وێنە گەورەکە لەزەینتدا بێ. ئەگەر پاڕووەکە زۆر گەورە بن بە دڵنیاییەوە دەست بۆ شتێک دەبەی کە ئامادەی نەبووی و خۆت لەگەڵ کێشە ڕووبەڕوو دەکەیەوە. ئەگەر زۆر خێرا پاڕوو هەڵبگری هەست بە ڕەفتاری عەجاییی ئێوە دەکەن و بە ئامانجەکانتان دەزانن. ڕێگا بدە بە تێپەڕبوونی کات بە لێهاتوویی مەبەستەکانت بشارێتەوە و ڕواڵەتی کەسێکت بە خۆوە بگرە کە ئەوەندە دەسەڵاتخواز و خۆپەرەست نین. کاتێک مخالیفان و ڕەقیبەکانت لە خەوی بێخەبەری هەڵدەستن و دەرک بەوە دەکەن کە تۆ چ ئاشێکت ئامادە کردووە، یانی چ داوێکت بۆ ناونەتەوە. ئەو کاتە تێدەگەن کە دروستکردنی بەربەستێک بۆ تۆ مانای گەورەترین مەترسییە بۆ ئەوانە.

ئێدمۆند بروۆک دەڵێ: *"مەزنی خوازی دەتوانێ وەک شاخەوانی ئارام و بەردەوام بێ."*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

ئێمەی مرۆڤ لە یەکەم نیگادا زۆر توندوتیژ و شەڕەنگێز دەر دەکەوین. ئایە دەکرێ سەرەڕای ئەو هەموو شەڕە لەبراننەهاتوویە بە درێژایی مێژوو کە تا ئەمرۆش بەردەوامە ڕوانگەیەکی دیکەمان هەبێ؟ بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەوە وەهمە. ئەگەر کەمێک خۆمان لە ژیانی ڕۆژانەمان دوور بخەینەوە شەڕ و ململانێیەک سەرنجمان زۆر ڕاناکێشێ، ئەو هەڵوێستە سەبارەت بە کەسانی شەڕەنگێز ڕاستە کە هەمیشە بەدوای زیاتردا دەگەڕێن.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە زۆربەی مرۆڤەکان سروشتێکی خۆپارێزن، ئەوان توانای ئەوەیان هەیە هەوڵی پاراستنی هەمان شت بدەن کە هەیانە. ئەوان لە ئاکامە چاوەڕواننەکراوەکان دەترسێن و خۆیان لەو هەلومەرجە بەدوور دەگرن کە ڕەنگە هەر ململانێیەک بەدوا خۆیدا بیهێنێ. (ئەوە هۆکارێکە بۆ ئەوەی زۆر کەس بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکانی بە شێوەیەکی شەڕەنگێزانە و پەلاماردەرانە ڕەفتار دەکەن). هەر جارێک بتهەوێ ڕێگاکەت بەرەو ئامانجێک بکەیەوە پێویستە ئەو ڕاستییە مرۆڤایەتییە لەبیر بێ، ئەو ڕاستییە بنەمای ستراتیژی "خستن بەسەر کاری کراودا". واتە(عمل انجام‌شدە)یە.

ئەو ستراتیژییە بەم شێوەیە کار دەکا: وادانێین بۆ ئاسایش و دەسەڵاتی خۆت پێویستت بە شتێک هەیە و بێ هیچ ململانێ و مجادلەیەک وەری دەگری و بەو کارە مافی هەڵبژاردن بە دوژمنەکانت دەدەی. ئەوان یان دەبێ لەگەڵت شەڕ بکەن یان شکست قەبووڵ بکەن و بە تەنیا جێتان بێڵن. ئایە ئەوەی کە بەدەستی دێنی و ئەو کارە یەکلایەنانە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی دەدەی بایەخی ئەو هەمووە چەرمەسەری، ئازار، تێچوو و مەترسی چوونە نێو شەڕێکی هەیە کە ڕەنگە لە ئەنجامدا شکستی تۆی لێ بکەوێتەوە؟ ئەگەر شتێکی گەورە و بەنرخ وەربگری، دوژمنەکانت ناچار دەبن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕیارێکی سەخت بدەن، بەڵام ئەگەر شتێکی بچووکی لێ وەربگری ڕەنگە نەیارەکانت شەڕ هەڵ نەبژێرن. بە هۆکاری زۆر پێیان باشترە بە تەنیا بەجێت بێڵن، نەک لەسەر شتێکی بێ بایەخ شەڕێکی شەکەتهێنەر بکەن. بەو شێوازە غەریزەی خۆپارێزی دوژمنەکەت کردۆتە ئامانج و بە دڵنیاییەوە ئەو غەریزانە بەهێزترن لە غەریزە شەڕخوازی و کاتێک بە وردە وردە کاری خۆت بەرەو پێش دەبەی لەنەکاو لە بەرامبەر "خستن بەسەر کاری کراودا"دا جێ دەگرن.

درەنگ یان زوو وەک بەشێک لەو ستراتیژییە، تیکەیەکی بچووکی دیکە هەڵدەگری. کاتێک نەیارەکانت وشیار دەبنەوە وردە وردە نەخشێک دەبینن، بەڵام تۆ دیسان پارووێکی بچووکی دیکە دەگری و دەبێ لە خۆیان بپرسن ئایا چوونە نێو شەڕەوە بایەخی هەیە یان نا. پێشتر هەرگیز نەچوونەتە نێو شەڕەوە، کەواتە بۆچی ئێستا ئەو کارە بکەن؟ وەک شارڵ دیگۆل ستراتیژی "خستن بەسەر کاری کراودا" بە وردی و بە تەواوی جێبەجێ بکە بۆ ئەوەی تەنانەت ئەگەر کاتێک شتەکانت ئاشکرا بوو و ئەوان لە ڕەفتاری ڕابردوویان پەشیمان بوونەوە و بڕیاریاندا شەڕت لەگەڵ بکەن، ئەوە تۆی دەبێ کە گۆڕەپانی یارییەکە بگۆڕی. ئێستا ئیدی نە هێندە لاوازی و نە بە ئاسانی شکست دەخۆی. سەرکەوتن بەسەر تۆدا بە مەترسییەکی گەورە بۆ دوژمنەکانت دادەنرێ، ئێستاش هۆکاری گرنگتریان بۆ دوورکەوتنەوە لە شەڕ هەیە. تەنیا کارێک کە دەبێ بیکەی ئەوەیە دەست لە ئارەزووەکانتان نەدەن، و ترس تورەیی و هیچ هەستێکی دیکە نەورووژێنن. ئیزن بدە لەنێوان دوو سەرگەرمی دا کات تێپەڕێ و دڵنیابە کە لەو شوێنەوە ئیتر سەرنجیان لەسەر تۆ چڕ ناکەنەوە.

کلیلی ستراتیژی "خستن بەسەر کاری کراودا" ئەوەیە کە بە خێرایی و بە بێ تێکهەڵچوون مامەڵە بکەی. ئەگەر مەبەستەکانی خۆتان پێش ئەوەی هەنگاو بنێن ئاشکرا بکەن ئەوە خۆتان لەبەرابەر شەپۆلێکی ڕەخنە، لێکۆڵینەوە و پرسیار دا دەبینیەوە: "ئەو چۆن غیرەتی بەخۆیدا دەستدرێژی بکا؟ بۆچی بەو شتەی کە هەیەتی قانع نیە؟" ئەوە بەشێکە لە سیستمی کۆنەپرستانەی ئەو کەسانە کە قسە و باسی زارەکی لە کردەوە بە باشتر دەزانن. دەبێ بە گەیشتنی خێرا بە داخوازییەکانت پێویستە خۆتان لەو مجادلەیە بەدوور بگرن. بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەو تیکەیەی کە هەڵت گرتووە چەندە چووکە بووە، هەمان بوێری تۆ وا دەکا بە کەسی باڵاتر لە گرووپەکەدا ئەژمار بکرێی.

کاتێک فرێدریکی گەورە لە ساڵی ١٧٤٠دا بوو بە پاشای پڕۆس، پڕۆس زلهێزێکی بچووکی ئورووپا بوو. باوکی فرێدریک بە تێچوویەکی زۆر سوپای پڕۆسی بنیات نابوو، بەڵام بەڕاستی کەڵکی باشی لێ وەرنەگرت. ئەو بە باشی ئاگاداری ئەوە بوو کە لەو ساتەدا سوپاکەی بەکار بێنێ، زلهێزەکانی دیکەی ئورووپا لە دژی یەک دەگرن. بۆیە لە هەر جۆرە هەڕەشەیەک لەوان و تێکچوونی هەلومەرجەکە دەترسا. هەرچەندە فرێدریک زۆر خۆپەرست بوو، بەڵام دەیزانی هۆکاری خۆپارێزی باوکی چ بووە.

فرێدریک هەمان ساڵ بە کورسی دەسەڵات گەیشت و دەرفەتێکی بۆ دروست بوو. ئوتریش گەورەترین دوژمنی پڕۆس بوو کە ماریا ترزا ڕێبەری نوێ، تازە لەسەر تەختی پادشایەتی دانیشتبوو.

زۆر کەس شەرعییەتی ئەویان خستە ژێر پرسیارەوە، فرێدریکیش بڕیاری دا لەو ناسەقامگیری سیاسی کەڵک وەرگرێ و سوپای خۆی بەرەو ئەیالەتی سیلسیای ئوتریش ڕەوانە بکا. ماریا ترزا کە دەیهەویست سەرسەختی و هێزی خۆی پێشان بدا، بڕیاری دا شەڕی لەگەڵ دەست پێ بکا و ئەو شەڕە چەند ساڵ درێژەی کێشا، بەڵام فرێدریک زۆر بە باشی لەبارەی هەموو شتێکەوە قەزاوەتی کردبوو. هەڕەشەی گرتنی خاکی دیکەی کرد بێجگە لە سیلسیا و لەنیهایەت‌دا ماریا ترزا داوای ئاشتیی کرد.[١]

فرێدریک ئەو ستراتیژییەی دووبارە و سێ‌بارە دەکردەوە و ئەیاڵەتە بچووکەکانی لێرە و لەوێی داگیر دەکرد و پێش ئەوەی کەس بزانێ پڕۆسی کردە زلهێزێکی گەورە. ئەگەر ئەو بە هێرشکردنە سەر ئەیالەتە گەورەکان کارەکەی دەست پێ کردبوایە، ئەوە بە ڕوونی پاوانخوازی خۆی ئاشکرا دەکرد و زلهێزەکانی دیکەش لە دژی یەکیان دەگرت. کلیلی ستراتیژی پاڕوو بە پاروو، هەمان دەرفەت بوو کە بۆی دروست بوو. لەو سەردەمەدا ئوتریش لاواز و سیلسیا چووکە بوو، کەوابوو پڕۆس بە داگیرکردنی دەیتوانی کەڵک لە سامانە دەوڵەمەندەکانی ئەو دوڕگەیە وەربگرێ و خۆی لە پێگەیەکی گەشەسەندن جێگیر دەکرد. ئەو هەڵوێستە خێرایی و گوڕی پێویستی بە فەرێدریکی مەزن بەخشی بۆ ئەوەی فەزای پێویست بۆ گەشەپێدانی وڵاتەکەی دروست بکا.

ئەو کێشەیەی کە زۆربەمان ڕووبەڕووی دەبینەوە ئەوەیە کە خەون و ویستی گەورە لە سەرماندایە. ئێمە کە لە هەیەجانی خەونەکانمان و بازنەی ئارەزووەکانماندا گیرمان خواردووە، بەزەحمەت سەرنجمان لەسەر هەنگاوە بچووکەکانە کە بۆ گەیشتن بەو خەونە گەورەکان پێویستن. ئێمە پێمان خۆشە هەنگاوی گەورە بەرەو ئامانجەکەمان بنێین، بەڵام لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا دروست وەک سروشت، هەموو شتێکی گەورە و سەقامگیر بە شێوەیەکی وردە وردە گەشە دەکا. ستراتیژییەکی وردە وردە باشترین دژەژەهرە لە بەرامبەر بێ سەبری جەوهەریمان. ئەو ستراتیژییە تیشک دەخاتە سەر شتێکی بچووک و دەستبەجێ وەکوو یەکەمین پاروو، پاشان پارووی دووهەم وەک ئامانجی داهاتوو بە ئێمە نیشان دەدا. ئەو ستراتیژییە ناچارمان دەکا بیر لە پڕۆسە، ڕیزبەندی، هەنگاو و کردەوە بەستراوەکان بەیەکەوە بکەینەوە و بزانین هەرچەندی بچووک بن، سوودی دەروونی زۆریان بۆ ئێمە هەیە. زۆر جار گەورەیی خەونەکانمان ئێمەی نوقمی خۆی کردوە. بەڵام هەڵێنانەوەی هەنگاوی چووکە، وەدی‌هێنانیان ئاسانتر دەکا و هیچ شتێک لە کردەوە چارەسەرتر نییە.

لە داڕشتنی ئەم ستراتیژییەدا، لە دەرفەتی لەناکاو، قەیران و لاوازی چرکەساتەکانی دوژمن هەستیار بن. بەڵام وەسوەسە مەبە کە هەوڵ بدەی هەر شتێکی گەورە، واتە پاڕوویەکی گەورەتر لە

---

١. هەموو ئەو چەمکانەی لە بێ تاقەتییەوە لەدایک دەبن و ئامانجیان بەدەستهێنانی سەرکەوتنی دەست بەجێیە، هەڵەیەکی قەرەبوو نەکراوەن. پێویستە هەزاران سەرکەوتنی بچووک کۆ بکرێتەوە و بیانگۆڕین بۆ سەرکەوتنی گەورە. ژنرال وو گوین جیاپ، ١٩١١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زاری خۆتان هەڵبگرن، چونکە ئەو بڕیارە لەگەڵ کیشەیەکی زۆر ڕووبەڕووتان دەکاتەوە و ئەگەر نەتوانن ئەوانە مودیرییەت بکەن بە دڵنیاییەوە بێهیوا دەبیت.

زۆرجار ستراتیژی "خستن بەسەر کاری کراودا" باشترین ڕێگایە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو پڕۆژانەی کە بەهۆی ڕێبەرێکی دووبەرەکیخواز لەنێو چوون. ئەلفرێد هیچکاک هەمان ستراتیژی نزیک بە هەموو ئەو فیلمانەی کە دروستی کردبوو جێبەجێ کرد و وردە وردە کۆنترۆڵی فیلمەکەی لەدەستی بەرهەمهێنەر، ئەکتەرەکان و باقی تیمەکە دەرهێنا. ململانێی ئەو لەگەڵ سیناریۆ نووسەکان "کروموزومی" بچووک لە شەڕێکی گەورە بوو. هیچکاک هەمیشە بەدوای ڕوانگەی خۆیدا دەگەڕا تا بە باشی لە فیلمەکەدا ڕەنگ بداتەوە، بەڵام ئەگەر دەستی بە توندی بە دەوری قوڕگی نۆسەردا ڕێک گوشیبوایە بە دڵنیاییەوە ئەنجامەکەی بەدەست نەدەهێنا و تەنیا ماندوێتی و بێزاری بۆ دەمایەوە، بۆیە هێواش هێواش بەڵام بەردەوام ڕێگەی خۆی دەکردەوە و سەرەتا فەزای بە نووسەر دەدا بۆ جێبەجێکردنی بۆچوونی خۆی، پاشان داوای ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری بچووک و بێ بایەخی دەکرد. وردە وردە کۆنترۆڵی خۆی زیاد دەکرد، کاتێک نووسەر لە ڕووی سۆزدارییەوە دەرگیری پڕۆسەکە دەبوو، ڕەزامەندی ئەوی بۆ گۆڕینی نووسینەکە بەدەست دێنا. بەهۆی ئەوەی پیاوێکی زۆر بە سەبروحەوسەلە بوو، بەردەوام کاری زۆری دەکرد، بۆیە بەرهەمهێنەر، نووسەر و تەنانەت ئەکتەرەکانیش کاتێک فیلم بەرەو تەواوبوون دەچوو، تێدەگەیشتن کە هیچکاک هەموو شتێکی لەژێر دەسەڵاتی خۆی گرتووە.

بۆ بەدەستهێنانی کۆنترۆڵی پڕۆژەیەک پێویستە کات بکەیتە هاوپەیمانی خۆت. ئەگەر بە کۆنترۆڵی تەواوەوە دەست پێ بکەن، ئەوە بە دڵنیاییەوە کەسانی دیکە ئێرەیی و بەخیلیت پێ دەبەن. بۆیە ئەو وەهمە دروست بکە کە عاشقی کاری تیمی، ئەگەر کەسێک بەم شێوەیە لێت توڕە بوو نیگەران مەبە و بە نیشانەیەکی بزانە کە هەستەکانی لەکار تێوەگلاون و دەتوانی باشتر بە لاڕێی دا بەری.

لە کۆتاییدا ستراتیژی هەنگاو بە هەنگاو بۆ داشارینی مەبەستی دوژمنکارانەتان لەم سەردەمەدا کە هەموو کاری سیاسییە، نرخی زۆری هەیە، بەڵام نابێ بۆ ڕووماڵکردنی کارەکانت زیادەڕەوی بکەن. کاتێک پاروویەکت گیر دەکەوێ، ئەگەر زۆر بچووکیش بێ، نمایشێک وەرێ بخەن و ئەو دەستدرێژییە بچووکە وەک بەرگریکردن لە خۆتان و تەنانەت خۆت وەک داماو و بێدەسەڵات نیشان بدە. بە دانانی مەودا لە نێوان هەر پاروویەک، ئەو بڕوایە دروست بکەن کە تۆ سنووورداری و لە گوێنەدانی کەسانی دیکە بەرامبەر بە خۆتان زۆرترین سوود وەردەگرن، لە هەمانکاتدا نیشان بدەن کە تۆ کەسێکی شەڕەفمەند و ئاشتی خوازی. لە ڕاستیدا لووتکەی حیکمەت و ژیری لەوەدایە کە هێندێک جار پارووی کەمێک گەورەتر بگری و بەشێکی بۆ سەر سفرە بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە ئەو کارە وەک نیشانەی بەخشندەیی ئێوە و پاراستنی هەرێم ببینن.

**بیهێنە بەرچاوت:** ئارتیشۆک (آرتیشو). لە یەکەم نیگادا بەهۆی ڕووپۆشی دەرەوەی کە زۆر ڕەقە خراپ دەردەکەوێ یان تەنانەت ناخورێ، بەڵام کاتێک چین بە چین و توێ بە توێی لەیەکتر جیای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەیەوە، پاداشتی خۆتان بەدەست دێنن. ئێستا ئەم گیایە نەرمتر و بەتامتر و جوانتر دەبێ تا بە ناوەزێڵە جوانەکەی دەگەی.

فرێدریکی گەورە (١٧١٢-١٧٨٦) لەبارەی دەسکەوتی چووکە دەڵێ: *"وەسەریەکنانی سەرکەوتنی بچووک وەک ئەوە وایە گەنجینەیەک بخەیە سەر گەنجینەی دیکە. وردە وردە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کات دەوڵەمەند دەبی بەبێ ئەوەی زۆر ئازار بچێژی."*

## حاڵەتی دەگمەن

ئەگەر بۆتان دەرکەوت کە تۆ وردە وردە شتێک لەدەست دەدەن یان کەسێک تیکەتیکە سەروەت و سامانەکەتان دەبات، بە دڵنیاییەوە بە ستراتیژییەک بەربەست ڕێگری لەهەر پێشڕەوییەکی دەکەن. وەڵامدانەوەی بەهێز و دەستبەجێ بە شێوەی سروشتی بەسە تا کەسانی دەستدرێژکار کە بەهۆی لاوازی و نەبوونی هێزی پێویست بۆ شەڕکردن، پەنایان بۆ ئەو ستراتیژیە بردووە لە سەر جێی خۆیان دانین، بەڵام ئەگەر ئەو دەستدرێژکارانەی ئاوی ژێر کا، وەک فرێدریکی گەورە خۆپەرستتر بن، هێرشی دەستبەجێ و خێرا وەڵامدەر نیە، ئەگەر ئیزن بدەن ئەوانە بەو تیکە بچووکەی دەستیان کەوتووە ڕابکەن مەترسیدارە، بۆیە باشترە لە تۆو و تۆرەمەوە بیان خنکێنی.

# ستراتیژیی سی‌یەم:
# بچنە ناو زەینیانەوە.
# ستراتیژیی پەیوەندی کردن

پەیوەندی جۆرێک لە شەڕ و گۆڕەپانی خەباتە، زەینی خۆڕاگر و بەرگریکاری کەسانێکە کەوا بڕیارە دزە بکەنە نێویانەوە. ئامانجەکە ئەوەیە بتوانن دزە بکەنە نێو دیواری بەرگرییانەوە و زەین و مێشکیان داگیر بکەن. هەر ڕەفتارێکی دیکە پێوەندییەکی ناکارامە و قسەی بێ‌مانایە. فێر بن بیرۆکەکانتان لە پشت هێڵەکانی دوژمنەوە دابەزێنن، پەیام‌گەلێک بە وردەکاریی تەواوە بنێرن. کارێک بکەن ئەوانی دیکە هەر بەو ئاکامە بگەن کەوا ئێوە دەتانهەوێ، لێیان گەڕێن با لە دڵی خۆیان‌دا پێیان وابێ خۆیان بەو ئاکامانە گەیشتوون. هێندێک کەس بە تێوەپێچانی بیرۆکەی سەرنجڕاکێشی خۆتان بە شێوەی ئاسایی فریو بدەن و هێندێکی دیکە بە زمانێک کە بە وشەی جوان و ڕەسەن تەیار کراوە. لە زمانی جێگیر و ئامۆژگاریکردن و زۆر خۆمانە بە هەموو شێوەیەک دوور بکەوە. قسەی خۆتان بە کردەوە بسەلمێنە و وتاربێژ و قسەکەری بەبێ کردەوە مەبن.

**پێوەندی غەریزی**

کارکردن لەگەڵ دەرهێنەری فیلم، ئەلفرێد هیچکاک بۆ یەکەمجار بەگشتی ئەزموونێکی پڕ لە دڵەراوکێ بوو. ئەو پێی خۆش نەبوو لەگەڵ کەس باسی دیمەنەکانی فیلمەکە بکات و تەنیا بۆچوونی تەشەراوی و قسەخۆشی جەفەنگ‌بازانەی لێدەدا. ئەو وەک کەسێکی ڕەمزاوی ئایە بەدوای ئامانجێکدا دەگەڕا یان بەگشتی کەسێکی مت و دەرونخواز بوو؟ کەسێکی وا ئارام و کەم قسە چۆن دەتوانێ فیلمێک دەربێنێ؟ ئەو دەبێ لەگەڵ زۆر کەس قسە بکا و ڕێنمایی ڕوون بدات کە ئەوانی دیکە چ بکەن و چ نەکەن!

ئەو ڕەفتارەی هیچکاک زۆرترین کێشەی بۆ ئەکتەرەکانی دروست دەکرد. زۆرێک لەوانە بە کاری دەرهێنەرانی فیلم ڕاهاتبوون کە نازیان بکێشن و بە وردی باسیان لە ڕۆڵ و چۆنیەتی کاری ئەکتەرەکان دەکرد کە چۆن ڕۆڵیان بگێڕن، هیچکاک هیچ کام لەمانەی نەدەکرد. لە پرۆڤەکاندا زۆر کەم قسەی دەکرد و لەسەر شانۆ کە ئەکتەرەکان بۆ ڕەزامەندی چاویان لێ دەکرد ڕوخسارێکی

بێدەنگ و ماندووی لێ دەردەکەوت. "تێلما ڕیتر"، یەکێکە لەو ئەکتەرانەی لەگەڵ هیچکاک کاری کردووە سەبارەت بەم بابەتە دەڵێ: "ئەگەر کارەکانی خەڵکی بەدڵ بوایە هیچی نەدەگوت، ئەگەریش بە دڵی نەبوایە بەجۆرێک چاوی لێ دەکردی کە ئێستا لە سێنەکە وەدەرت دەنێ." بە شێوەی بەرخودی ناڕاستەوخۆ ڕێنمایی ئەکتەرەکانی دەکرد و ئەوانیش بە وردی هەمان شتیان جێبەجێ دەکرد کە پێی خۆش بوو بیکەن.[1]

لە یەکەم ڕۆژی وێنەگرتنی فیلمی "٣٩ پلە" لە ساڵی ١٩٣٥دا دوو ئەکتەری سەرەکیی هیچکاک، مادلین کارڕۆڵ و ڕابرت دۆنات، کەمێک سەریان لێ شێوا، ئەو ڕۆژە دەبوو لە یەکێک لە دیمەنە ئاڵۆزەکانی فیلمەکەدا ڕۆڵ بگێڕن. ئەوان دەبوو لەنەخشی دوو غەریبەدا ڕۆڵ بگێڕن کە بەهۆی پلانێکەوە دەستیان کەلەپچە کرابوو و ئێستا ناچارن لە دەستی تاوانباران ڕزگاریان بێ و لە دەوروبەری ئیسکاتلەند ڕابکەن. هیچکاک هیچ سەرەداوێکی پێ نەدان بۆ ئەوەی بزانن چۆن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. کارڕۆڵ زۆر لە ڕەفتاری هیچکاک ناراحەت بوو. ئەو خانمە ئەکتەرە ئینگلیزییە کە یەکێک لە باشترین و جوانترین ئەکتەرەکانی ئەو سەردەمە بوو، زۆربەی ژیانی هونەری لە هۆلیوود بەسەر بردبوو و دەرهێنەرەکان زۆر مێهرەبانانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرد، بەڵام هیچکاک بەشێوەیەک ڕەفتاری دەکرد وەک ئەوەی لەوێ حوزووری نەبێ. ئەو هاتە سەر ئەو بڕوایە کە ترس و سەنگینی ژنانە بەم دەورەی زیاد بکات و بەو جۆرە بجووڵێتەوە کە ئەگەر دەستی ژنێک بە دەستی پیاوێکی غەریبە ببەسرێتەوە، بۆ ئەوەی خۆی ئارام کاتەوە دەستی بە قسەکردن لە گەڵ دۆنات کرد بۆ ئەوەی لە ماوەی دروستکردنی فیلمەکە هەست بە باشتربوونی بکا و لەگەڵ خۆی هاوڕایی بکا.

کاتێک هیچکاک گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە، دیمەنەکەی بۆ هەر دوو ئەکتەرەکە ڕوونکردەوە و دەستبەندێکی لە دەستی هەردووکیان بەست و پێی گوتن کە لە سەر پردەکە و شتی دیکە کە دێتە ڕێگاکەیان بپەڕنەوە. هەر لە نێوەڕاستی ڕاهێنانەکاندا بانگیان کرد بۆ ئەوەی لێدوان لەسەر هەڵوێستێکی تێکنیکی بدا. ڕۆیشت و گوتی بەم زووانە دەگەڕێمەوە. هیچکاک هێندە بە پەلە بوو نەیتوانی کلیلی دەستبەندەکە بدۆزێتەوە. چەند کاتژمێر تێپەڕی و نەگەڕایەوە. دونات وکارڕۆڵ هەردووکیان ماندوو بوون و شەرمیان لە بارودۆخەکە دەکرد، هەستیان دەکرد بەهۆی بارودۆخەکەیانەوە هیچ کۆنترۆڵێکیان نییە و هەستێکی عەجایبیان هەبوو. هەموو تیمی ئەو فیلمە بە ئاسانی دەیانتوانی هەر کارێکی پێیان خۆش بوایە بیکەن، بەڵام ئەو دووانە بەیەکەوە بەسترابوونەوە. ئەو گەرموگوڕی و ناڕاحەتی زۆرەملییە، جەفەنگبازی و قسەخۆشی ئەوانی لە بەین بردبوو. ئەوانە تەنانەت نەیان دەتوانی بچنە ئاودەست، دۆخێکی سووککردن و زەلیلی‌یان بوو.

هیچکاک دوانیوەڕۆ گەڕایەوە و فیلمبەرداری دەستی پێکرد، بەڵام کاتێک ئەکتەرەکان بۆ درێژەی

---

١. ڕووکەشترین هەوڵ بۆ کاریگەری لەسەر ئەوانی دیکە، گفتوگۆیەکە کە هیچی لە پشتەوە نییە. ئەو کاریگەرییەی کە ئەو زمانە دەیبێ، بێ بایەخ و نەبینراوە. ئی چینگ، چین، قرن هشتم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کارەکەیان هاتبوون، لەبیرکردنی ئەزموونی ئەو ڕۆژە کارێکی سەخت بوو. هەموو ئەو بیرۆکانەی کە کاڕۆڵ لە مێشکیدا تەنیبوویەوە هیچی لە مێشکدا نەمابوو، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو تووڕەییەی هەردووکیان زۆر بە سروشتی ڕۆڵیان گێڕا. ئەوان بە تەواوی لەو ڕاستییە تێگەیشتن کە دەستیان بە یەکەوە بەستراوەتەوە و بە دڵ و گیان لە هەموو سەختییەکانی ئەو دۆخە تێگەیشتن و ئیتر پێویستی نەدەکرد ئەو ناخۆشیانە بنوێنن چونکە دەورەکە لە دەروونیانەوە هەڵدەقوڵا.

دوای چوار ساڵ هیچکاک فیلمی ڕێبێکا(ربکا)ی دروست کرد کە "جۆن فۆنتێن" و "لارێنس ئەلیویە" ڕۆڵیان تێدا بینی. فۆنتێن کچێکی ٢١ ساڵە کە یەکەمین ڕۆڵی سەرەکی خۆی دەگێڕا لەبەرامبەر ئەلیویەدا لەڕادەبەدەر عەسەبی و ورووژێنەر بوو. ئەلیویە ئەکتەرێکی زۆر ناسراو و نابغە بوو. ڕەنگە ئەگەر دەرهێنەرێکی دیکە بووایە جۆن فۆنتێنی ئارام بکردایەتەوە، بەڵام هیچکاک بە پێچەوانە دەجووڵایەوە. بڕیاریدا هەموو ئەو قسانەی کە کەسانی دیکە و ستافەکەی لە پشتی سەری جۆن دەیانگوت پێی بڵێتەوە، بۆ نموونە بە جۆنی گوت کە هەمووان دەڵێن لەتوانای تۆ دا نیە ئەو ڕۆڵە بگێڕی و ئەلیویە پێی باشترە "ویوین لیی" هاوسەری، لە بەرامبەریدا دەور بگێڕێ. بە بیستنی ئەو قسانە فۆنتێن هەموو لەشی لە ترس و نائەمنی داگیرا و هەستی بە گۆشەگیرییەکی دەکرد واتە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە دەبوو لە ڕۆڵەکەیدا بیخاتە ڕوو. ئێستا پێویستی بە نواندن نەما و ڕەفتار و نۆستالۆژی و لەبیرنەکراوەکەی لە فیلمی (ربکا) سەرەتای کارێکی شکۆمەندی بوو.

کاتێک هیچکاک لە ساڵی ١٩٤٧دا خەریکی بەرهەمهێنانی فیلمی "پەروەندەی پاراداین" بوو، ئان تاد ئەکتەری سەرەکی فیلمەکە بۆ یەکەمجار لە فیلمێکی هۆلیووددا ڕۆڵی دەگێڕا و زۆر بۆی سەخت بوو. دوای ئەو بێدەنگییەی کە سێبەری خستبووە سەر شانۆ، پێش ئەوەی دەرهێنەر وشەی "ئەکشێن" بڵێ، هیچکاک چیرۆکێکی کۆمیدی بۆ گێڕایەوە و ئەویش دەستی کرد بە پێکەنین و توانی دەسبەجێ ڕۆڵەکەی بە باشی بگێڕێ. ڕەفتاری هیچکاک وایکرد کە نواندنەکەی سروشتیتر دەرکەوێ.[١]

کاتێک ئەکتەرەکان و تیمی فیلمەکە ماندوو دەبوون یان کاتێک جێگرتووی و ئارامی خۆیان لەدەست دەدا و لەبری ئەوەی کارەکانیان ئەنجام بدەن دەستیان بە پچەپچ دەکرد، هیچکاک هاوار و سکاڵای نەدەکرد، لەبری ئەوە مستێکی لە لامپێک دەدا و دەیشکاند یان ئیستکانە چایەکەی بە دیوار دا دەدا و هەمووان یەکسەر بە هۆش خۆیان دەهاتنەوە و تەرکیزی خۆیان بەدەست دێنایەوە.

---

١. کاتێک هەوڵ دەدەی لەگەڵ گرووپێک یان کەسێکدا پێوەندی بگری بەڵام هیچ ئەزموونێک لەو کەسە یان گرووپەدا نابینی کە لەگەڵ وتەکانی ئێوە بگونجێ، دەبێ ئەم ئەزموونەی بۆ دروست بکەی. جارێک بۆ دوو کەسم ڕوون دەکردەوە کە ئەگەر هەڵوێستێک لە دەرەوەی ئەزموونی کەسانی دیکە بخەنە ڕوو، چی ڕوو دەدا. بۆم ڕوون کردنەوە کە لەم حاڵەتەدا هەڵس‌وکەوت یان پێکەوە هەڵکردن نەبووە و زیاتر سەرلێشێواوی ئەوانی لێ کەوتۆتەوە. ڕەنگە زەردەخەنە نیشان بدەن و بە زارەکی یان بە نیگایەک بڵێن کە لە قسەکان تێگەیشتووین، بەڵام بەڕاستی هیچ تێنەگەیشتوون و پەیامەکە نەگەیشتووە. هۆکارەکەشی ئەوەیە پێگەیەک هەیە کە ئەزمونیان لەگەڵ هەیە، سەرەتا ئەزمونیان بۆ دروست بکرێ. قوانین افراطی، ساول دی الینسکی، ١٩٧١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڕوونی هیچکاک باوەڕی بە وشەکان و ڕوونکردنەوە نەبوو و قسەکانی بە کردەوە نیشان دەدا و ئەو بۆچوونە لە فۆڕم و ناوەڕۆکی فیلمەکانی دەبینرا. ئەو تایبەتمەندییە کاری سیناریۆنووسانی سەخت دەکرد، چونکە ئەوان لەگەڵ وشەکان سەروکاریان هەبوو. لە کۆبونەوەکانی پەیوەندی بە سناریۆنووسی بیرۆکەیەکی باس دەکرد کە عەلاقەی پێی بوو، بۆ نموونە لەسەر دووفاقی تاکەکان، نیشاندانی خێر و شەڕ لە ڕەفتاردا تەئکیدی دەکردەوە کە هیچ کەسێک لەو جیهانەدا پاکی ڕەها نییە. هەروەها نووسەران دەبوو لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکانە لاپەڕەی دیالۆگ بنووسنەوە و دواتر بۆیان دەرکەوت کە دەبێ هەموو نووسینەکانیان لەگەڵ فیلم سازگار و دەستکاری بکرێن بۆ ئەوەی لەگەڵ وێنە و شێوازی یارییەکەدا بگونجێ. بۆ نموونە لە فیلمەکانی "سەرەگێژە" ساڵی (١٩٥٨) و "ڕەوانی" ساڵی (١٩٦٠)دا هیچکاک لە زۆر دیمەندا ئاوێنەی زیاد کردووە. لە فیلمی "تەلیسم کراو"دا (١٩٤٥) ڕێڕەوی خلیسکان و هێڵە هاوتەریبەکانی دیکە زیاد کردووە و لەفیلمی "غەریبەکان لە قەتاردا" ساڵی (١٩٥١)دا، کوشتنەکە لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی لە چاویلکەدا ئاشکرا بوو. بۆ هیچکاک وا دیار بوو وێنەی وەک ئەمانە بیرۆکەکانی دووانەیی لە ڕۆحی مرۆڤدا باشتر لە وشەکان پێشان دەدەن، بەڵام لەسەر کاغەز هەموو شتێک ساختە و دەستکرد بووە.

زۆرجار بەرهەمهێنەرانی فیلمەکانی هیچکاک بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەرهێنەریان دەکرد کە لەبری ئەوەی جێگۆڕکێ بە ئەکتەرەکان بکەن، شوێنی کامێراکانیان دەگۆڕی بۆ ئەوەی دیمەنەکان بەو شێوەیەی کە پێی باش بوو، ئامادە بکەن. ئەو کارانە لە ڕوانگەی کەسانی دیکە بێ‌مانا بوون وەک ئەوەی هیچکاک بەشی تەکنیکی فیلمەکەی زیاتر لە دیالۆگ و ئامادەبوونی مرۆڤ بەدڵ بووبێ. لە لایەکی دیکەوە مۆنتاژکاران نەیانتوانی لە وەسوەسەی ئەو بۆ دەنگ و ڕەنگ و ئەندازەی سەری ئەکتەرەکان لە چوارچێوە و خێرایی جووڵەی ئەفراد دەرک بکەن. هیچکاک وا وێدەچێ زیاتر لەوەی چێژ لە چیرۆکی فیلمەکە وەربگرێ، لە وردەکاریی بێ‌کۆتایی بینین و تەمەشاکردن چێژ دەبا.[١]

کاتێک فیلمەکە دەبوو بە بەرهەمی کۆتایی، لەناکاو هەموو ئەو شتانەی کە سەیرەوسەمەرە بوون مانایەکی وردیان هەبوو. بینەران بە جۆش و خرۆشێکی بێ ئەندازە کاردانەوەیان بەرامبەر بە فیلمەکانی هیچکاک هەبوو. گرتەی ویدیویی، خێرایی جووڵەکان، جووڵەی کامێراکان و هەموو وردەکارییەکانی وجودی بینەری داگرتووە. فیلمەکانی هیچکاک تەنیا چاویان لێ نەدەکرا، بەڵکوو

١. پادشای لیدیە، کرۆزۆس، کاتێک گوێی لە دەستگیرکردنی فەرماندە میلتیاد بوو، زۆری بیر لێ کردەوە، بە خەڵکی شاری لامساکوسی گوت بۆ ئازادکردنی هەوڵ بدەن. لەم دەستوورەدادا باسی لەوە کرد کە ئەگەر بۆ ئازادی میلتیاد هیچ کارێک نەکەن یەک بە یەک وەک دارخورما دەتان بڕم. خەڵکەکە لەم ڕستەیەی کرۆزۆس سەریان لێ دەرنەکرد و تێنەگەیشتن بۆچی نێوی دارخورمای لە نێو ئەو هەموو دارانەدا هێناوە، بۆیە چوونە لای پیرەپیاوانی شار و ڕوونیان کردەوە کە دارخورما دارێکە کە ئەگەر ببڕدرێ ئەوە ناتوانرێ دارێکی نوێ لە ڕەگەکانیەوە شین و گەشە بکا. بەسە دارخورما ببڕی و بۆ هەمیشە دەمرێ و قەت شێن نابێتەوە. ئەو شیکردنەوەیە هێندەی ترساندن کە بێ ئەوەی خۆیان بخافڵێنن میلتیادیان ئازاد کرد. تواریخ، هرودوت، ٤٣٢- ٤٨٤ پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەزموون و هەستیان پێدەکرا و زۆر دوای بینینەکەی لە زەیندا دەمایەوە.

**لێکدانەوە**

هیچکاک لە چاوپێکەوتنەکانیدا زۆرجار چیرۆکێکی دەربارەی منداڵیی خۆی دەگێڕایەوە: کاتێک تەمەنی لە دەوروبەری شەش ساڵان بووە باوکی بەهۆی هاروهاجی کە کردبووی، تووڕ بووە و بە یاداشتێکەوە بۆ بنکەی پۆلیسی ناوچەکەی ڕوانە کردوە. ئەو ئەفسەرەی کە نۆبەی ئەرکی بوو یاداشتەکەی دەخوێندەوە و ئەلفرێدی بچووکی بۆ ماوەیەکی کەم لە ژوورێکدا دەرگای لەسەر قوفڵ دەکرد و پێی دەگوت: "ئەوە بەڵایەکە کە بەسەر منداڵی چووکەی هاروهاجی دێنین." تەنیا دوای چەند دەقیقە ئازاد دەکرا، بەڵام ئەزموونەکە بە شێوەیەکی سەیر کاریگەری لەسەری هەبوو. ئەگەر باوکی وەک زۆربەی باوکانی دیکە بەسەریدا هاواری بکردایە، ئەوە دەبووە کەسێکی بەرگریکار و یاخیبوو لەباوکی. بەڵام بەجێهێشتنی بە تەنیا لە دیویەکی تاریک کە بۆنێکی پیس و ناخۆشی لێدەهات، کە لەلایەن کەسایەتییە ترسناکەکانی پۆلیسەوە دەورە درا بوو. ئەوە ڕێگەیەکی زۆر بەهێزتر بوو لە هاوار و قسەی ناشیرین پێ گوتن. وەک هیچکاک بۆی دەرکەوت بۆ ئەوەی مرۆڤەکان فێری وانەیەک بکا، بۆ ئەوەی ناچاریان بکەی بەڕاستی ڕەفتارەکانیان بگۆڕن دەبێ هەستی ئەوان بە نیشانە بگری و وێنەیەکی ئازەرهێنەر بخەیە نێو مێشکیانەوە و بیان‌هەژێنی تا تەکانێکی توند لەخۆیان بدەن. ئەگەر قسەزان و دەم هەراش نەبن بە وشە و ئاماژەی ئەدەبی ناتوانی ئەو ئامانجە بەدەست بێنن. زۆرن ئەو کەسانەی کە لە ژیاندا لە بابەتەکان ئاگادارمان دەکەنەوە و ڕادەسپێرن و ئامۆژگاریمان دەکەن تا ئێمە ڕازی بە ئەنجامدانی کارێک بکەن، بەڵام هەموو قسەکانیان لای ئێمە وەک وزەوزکردنی مێشوولە وایە، یان لە بەرامبەریان‌دا بەرەنگارییان دەبینەوە یان بە گوێیەک گوێی لێدەگرین و بە گوێیەکی دیکەدا دەچێتە دەرەوە.

پێوەندیکردن بەشێوەیەکی کاریگەر و ڕاستەقینە پێویستی بەوەیە مرۆڤەکان بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی منداڵی و دەورانێک کە کەمتر ڕەفتاری بەرگریان دەکرد و زیاتر لەژێر کاریگەری دەنگەکان، وێنە و ڕەفتار دا بوون. ئەو پەیوەندییە پێویستی بە جۆرێک زمانی تێکەڵ لە ڕەفتاردا هەیە کە بە شێوەیەکی ستراتیژی داڕێژراون بۆ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر هەست و حاڵەتی لایەنی بەرامبەر هەبێ بەجۆرێک کە کۆنترۆڵی دۆخەکە لەدەست بدا. ئەوە ڕێک هەمان ئەو زمانەیە کە هیچکاک بەدرێژایی ساڵان پەرەی پێدا و کامڵی کرد. کاتێک دەیهەویست ئەکتەرێک ناچار بکا کە بە شێوەیکی زۆر سروشتی نمایشی خۆی پێشکەش بکا، هەوڵی دەدا بە هیچ شێوەیەک دەور نەگێڕێ. بە بۆچوونی ئەو بانگهێشتکردنی ئەکتەر بۆ پاراستنی ئارامی کارێکی بێ‌مانا بوو، ئەو کارە تەنیا دەبووە هۆی کە ئەکتەرەکان هەستیارتر بن، بەڵکوو ئەو کارەی دەکرد کە باوکی لە منداڵی‌دا لەگەڵ ئەو کرد بووی. بە دڵنیاییەوە لە فیلمی "٣٩ پلە"دا کلیلی دەستبەندی پێ بوو، بەڵام وا خۆی نیشان دا کە کلیلەکەی گوم کردووە. لەبری ئەوەی جنێو و قسە ناشیرین بە ئەکتەرەکان بکا بە ئەنجامدانی شتێکی لەناکاو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەستی دەروونی خۆی نیشان دا. هەموو ئەو هەستانەی کردە بەشێک لە ئەزموونی دەروونی خۆی و کاریگەرییەکانی بە خێرایی دەبردە سەر شانۆ. سەبارەت بە بەردەنگ، هیچکاک هەرگیز بانگەشەی بۆ پەیامەکەی نەدەکرد. بەپێچەوانەوە، لە هێزی بینینی فیلمەکە کەڵکی وەردەگرت تاکوو ئەوانە بۆ یادەوەرییەکانی منداڵییان بگەڕێننەوە و لە سیمبولەکانی و گرتەویدیۆییەکان سوودی وەردەگرت کە کاریگەریی غەریزییان هەبوو.

لە شەڕەکانی ڕۆژانەدا زۆر گرنگە کە بتوانی بیرۆکەکانت بە خەڵک بگەیەنی تا لە بەرژەوەندی ئێوە ڕەفتارەکانیان بگۆڕن. پێوەندیکردن جۆرێک لە شەڕەنگێزییە. دوژمنەکانت لێرە بەرگریکارن و دەیانهەوێ بە تەنیا لەگەڵ دەمارگرژی و بیروباوەڕەکانیان بمێننەوە. تا زیاتر بە قووڵی بچیە نێو دیواری بەرگرییانەوە، زیاتر فەزای دەروونی ئەوان داگیر دەکەی و پێوەندی کاریگەرتر دروست دەکەی. زۆربەی خەڵک لە بەشی زارەکیدا، جۆرێک لە شەڕی سەدەی نێوەڕاست ئەنجام دەدەن و لە وشە، گریان و پاڕانەوە کەڵک وەردەگرن، ئەوان پێیان باشە هەرچۆنی بێت قسەکانیان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. بەڵام هەر چی ڕاست و ڕەوانتر و ڕاستگۆتر بین، ئامانجەکانمان زیاتر خۆڕاگر دەبن. لەبری ئەو کارە فێر بن ناڕاستەوخۆ بچنە نێو شەڕەوە و بە میتۆدێکی تازە و نوێ ئەزموونەکەیان بگۆڕن. ئەوان بە وێنە و هێما بشێوێنن و سەرەداوی ئێحساسی غەریزییان بۆ دەرخەن. گەڕاندنەوەیان بۆ سەردەمی منداڵییان کە زیاتر ناسک و زیت و وریاتر بوون یارمەتیت دەدا کە ئیدەکانت لە مێشک و دڵیاندا بچەسپێنی. بەو پێیە شێوازی ئاسایی بەکار ناهێنی و هێزێکی ناباو پێ دەبەخشی.

تێرویێر لێگێت، زێن سامۆرایی کوان[1]هەای شەڕکەرێکی ئازا (١٩٨٥)دەڵێ: *"قەشە ڕیۆکان داوای لە بۆکان مامۆستای زێن کرد کە باسی چوار جیهانی دارما "چاکرا" بۆ شی بکاتەوە. بۆکان گوتی: "ڕوونکردنەوەی جیهانی دارما پێویستی بە کەلام و قسەکردن نیە." پاشان ئیستیکانێکی پڕکرد لە چا و یەکسەر بەسەرییەوە نا، پاشان لەبەرچاوی قەشەدا ئیستیکانەکەی کردە چەند پارچە و گوتی: "ئایە لە ماناکەی تێگەیشتی؟" قەشە گوتی: "بەهۆی لوتفی فێرکارییە پراکتیکییەکانی تۆوە، من بە باشی لە جیهانی هۆکار و کاریگەریی تێگەیشتم"*

### مێشکی بیرمەند

لە ساڵی ١٤٩٨ نیکۆلۆ ماکیاولی تەمەن بیست و نۆ ساڵان وەک سکرتێری دووهەمی دەفتەری فلۆرانس دیاری کرا کە کاروباری دەرەوەی شارەکەی بەڕێوە دەبرد. دیاری کردن و هەڵبژاردنی ناوبراو نائاسایی بوو: ماکیاولی تاڕادەیەک تەمەنی کەم بوو هیچ ئەزموونێکی لە سیاسەت و بڕوانامەی یاسا یان بڕوانامەی پیشەیی دیکەی نەبوو. هەڵبەتە ئەو کەسێکی لە حکومەتی فلۆرانسدا دەناسی کە ئەو کەسە لە توانایی بەرزی ماکیاولیدا بە ئاگا بوو. لە ڕاستیدا پاش چەند ساڵ ماکیاولی بە هۆی وزەی

---

١. کوانها معماهای خود متناقضی هستند که به عنوان شیوەای از مراقبه در آیین ذن ارائه میشوند. وەرگێری فارسی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماندوونەناسانەی خۆی لە هاوکارەکانی زیاتر پێشکەوتنی بەدەست هێنا. ئەو ڕاپۆرتی وردی سەبارەت بە بابەتە سیاسییەکان پێشکەش دەکرد و ڕاوێژی نایابی بۆ باڵیۆز و وەزیرەکان دەدا. هەروەها ئەرک و مەئمورییەتی خاریجی بە باشی ئەنجام دەدا و بۆ ئەرکە دیپلۆماسییەکان بە سەراسەری ئەورووپادا دەگەڕا. ناوبراو بۆ دیتنی سزار بورژیا بۆ ناوچە جیاوازەکانی باکووری ئیتالیا سەفەری دەکرد بۆ ئەوەی بۆچوونی ئەو کاربەدەستە بێبەزەیی و ڕووداوەکان لەبارەی فلۆرانسەوە بزانێ. سەردانی فەڕانسەی کرد تا لەگەڵ شاە لویی دوازدەهەم چاوپێکەوتن بکا، هەروەها چووە ڕۆم بۆ ئەوەی لەگەڵ پاپا ژولیوسی دووهەم کۆ بێتەوە. پێدەچوو هەر لە سەرەتاوە بدرۆشێتەوە و غەوغایەک و تۆفێک بنێتەوە.

بەڵام لە ژیانی پیشەیی ماکیاولیدا هەموو شتێک بە باش بەرەو پێش نەدەچوو. ئەو گلەیی سەبارەت کەمی حەقدەست بۆ هاوڕێکانی لە دەفتەری پادشایەتی قسەی دەکرد، هەروەها باسی لەوە کرد لە وتوویژە جیاوازەکاندا، ئێجگار تووشی کێشە دەبێ و چەندین سەعات چاوەڕوان دەبێ تەنیا بۆ ئەوەی یەکێک لە وەزیرەکانی باڵا ببینێ و لە دقیقەی نەوەد سەرنجی ئەو بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئەو باوەڕی وابوو زۆرێک لە باڵادەستان گەمژە و تەمبەڵن و تەنیای بە هۆی پەیوەندیی و ئەندامی بنەماڵەی بە ناوبانگ بۆ پۆستەکانیان دەست نیشان کرابوون. ئەو بۆ هاوڕێکانی باس کردبوو کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە پیاوانە ڕێگەیەکی تایبەتی خۆی دۆزیوەتەوە، لەبری ئەوەی کەڵکی لی وەرگرن ئەو سوودی لەوان وەردەگرێ.

پێش هاتنی ماکیاولی بۆ دەفتەری پادشایەتی، فلۆرانس لەلایەن بنەماڵەی مێدیچیەوە ڕێبەرایەتی دەکرا و کاتێک ئەو شارە لە ساڵی ١٤٩٤دا بووە بە کۆماریخواز، ئەو بنەماڵە لە کورسیی دەسەڵات دوور خرانەوە. لە ساڵی ١٥١٢ پاپا ژولیوس دووهەم لەباری ماڵییەوە سوپایەکی دابین دەکرد بۆ ئەوەی بە زۆر فلۆرانس بگرێ و کۆمار بڕوخێنێ تا سەر لە نوێ مێدیچیەکان بۆ دەسەڵات بگەڕێنێتەوە. ئەو گەڵاڵەیە سەری گرت و مێدیچیەکان دوبارە بەدەسەڵات گەیشتنەوە و خۆیان بە قەرزاری ژولیوس دەزانی. چەند حەوتوو دواتر ماکیاولی بە شێوەیەکی ناڕوون کە گویا دەستی لە پیلانێکدا دژی مێدیچیەکان هەبووە ڕەوانەی زیندان کرا. زۆریان ئەشکەنجە کرد، بەڵام لەبارەی تێوەگلانی خۆیەوە یان تێوەگلانی کەسانی دیکە کە لە پیلانێکی ئەتۆدا بەشداری کردبێ هەموو شتێکی ڕەت کردەوە و قسەی نەکرد. ناوبراو لە مانگی مارس [ڕەشەممە] ساڵی ١٥١٣ لە زیندان ئازاد کرا و لەکاریش خانەنشێن کرا و پەنای بۆ مەزرای باوکی برد کە چەند کیلومیتر لەگەڵ فلۆرانس مەودای هەبوو.

ماکیاولی هاوڕێیەکی نزیکی کە بە نێوی فرانچێسکۆ وێتۆری هەبوو کە توانیبووی لە گۆڕانی حکومەت خۆی بپارێزێ و بە خۆشیرینکردن سەرنجی مێدیچیەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. لە بەهاری ساڵی ١٥١٣ وێتۆری چەند نامەی لەلایەن ماکیاولی پێ گەیشت، ماکیاولی لەو نامانەدا باسی ژیانی نوێی خۆی کردبوو. ئەو شەوانە خۆی نوقمی خوێندنەوەی ژیانی کەسایەتیە مێژووییەکان دەکرد تا لە هۆکاری دەسەڵاتی ئەوان تێبگات. ئەو دەیهەویست تەواوی ئەوشتانەی کە لە سەر سیاسەت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فێری بووە لە سیپارەیەکدا کۆ بکاتەوە. ماکیاولی بۆ وێتۆری نووسیوە کە خەریکی نووسینی نامیلکەیەکی بچووک بە نێوی "شهریار"، کە لەودا وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی لەسەر سامان، یاسای پادشاکان، تەشکیلاتی ئەوان، پادشایی میراتی و تازە دامەزراو، و نهێنی مانەوە یا کەوتنیان باس کردووە. بۆ وێتۆری ڕوون کردەوە کە ئەو تێبینی‌یانە زۆرتر لەوەی کە بەکەڵکی سوپایەک یان ژێنراڵێکی نیزامی بێ، بە کەڵکی پادشاکان دەخوا و داوای لێ کرد کە ئایە دەتوانێ پێشانی یەکێک لە شازادەکانی مێدیچی بە نێوی لۆرێنزۆ بدات کە ئەو کتێبەی پێشکەش بەو کردبوو. ماکیاولی بەهۆی پەڕاوێزخستن و دابڕان لە سیاسەت خەمبار بوو، هیوای خواست ئەو نووسینانە بتوانن ڕێڕەوی بۆ کار و پیشەکەی بکاتەوە.

وێتۆری نامیلکەی بە لۆرێنزۆ مێدیچی گەیاند، کە زۆر بە شوروشەوقەوە وەریگرت، هەڵبەتە نەک بە ئەندازەی دوو سەگی ڕاوچی کە لە هەمان کاتدا پێی درابوو خوشحاڵ بێ. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە "شهریار" تەنانەت وێتۆوریش خافڵگیر کرد، چونکە پێشنیارەکانی کتێبەکە زۆر ڕووش و تووڕەیی تەنانەت بێ ئەخلاقی پێوە دیار بوو، بەڵام زمانەکەی تەواو ڕاستی تۆخ و تێکەڵەیەک لە سەرسووڕمان و باوشکێنی تێدابوو. نووسەر ڕاستییەکانی زۆر بوێرانە لە سەر کاغە هێنابوو. ماکیاولی ڕەش‌نووسەکەی بۆ هاوڕێکانی دیکەشی ناردبوو کە بە هەمان شێوە ئەوانیشی داچڵەکاند. هێندێک لەوانە پێیان وابوو مەبەستی تەشەر بووبێ؟ بیزاری ماکیاولی بۆ چینی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار بە ڕوونی لە بەرهەمەکەیدا دیار بوو، بەڵام تاڵی و توونڕوتیژیی ناوەرۆکی بەرهەمەکە لە دوو توێی وشیاری زەینی ماکیاولیدا خۆی حەشاردابوو.

زۆری نەخایاند ماکیاولی کتێبێکی دیکەی بە نێوی وتارەکان نووسی، کە نێوەڕۆکی گفتوگۆکانی لەگەڵ هاوڕێکانی دوای دوورخستنەوەی لە دەسەڵات بوو. ئەو کتێبە بیرکردنەوەکانی لە بواری سیاسییەوە لەخۆگرتبوو و ڕاسپاردەی هاوشێوەی کتێبی پێشووی هەبوو، بەڵام زیاتر جەختی لەسەر پێکهێنانی کۆمار دەکردەوە تا کردەوەکانی شا یان شازادەیەک.[١]

چەند ساڵی دواتر ماکیاولی دووبارە بەخت ڕووی تێکردەوە و ڕێگەی پێدرا بەشداری لە کاروباری فلۆرانسدا بکات. شانۆنامەیەکی بە ناوی "ماندراگۆلا" نووسی، کە هەرچەندە ئابڕووبەرانە بوو بەڵام لەلایەن پاپاوە دەستخۆشی لێ کرا و نمایشکرا. وتارەکان بە بڵاونەکراوەیی مانەوە، بەڵام تەواوی بەرهەمەکانی لە نێو ڕێبەران و سیاسەتمەدارانی ئیتالیادا دەستاودەستی دەکرد. هەرچەند بەردەنگی ئەم کتێبانە کەم بوون و کاتێک ماکیاولی لە ساڵی ١٥٢٧دا کۆچی دوایی کرد، سکرتێری پێشووی مەکتەبی شاهانە، جارێکی دیکە ناوی لەبیر چووەوە، وەک ئەوەی بێ‌ناوبوون چارەنووسێک بوو کە

١. گەمژەترین نەفەر، کەسێکە کە بە وشە و دەستەواژەکانەوە دەلکێت بۆ ئەوەی لایەنی بەرامبەر لە ناسین و دەرک تێ‌بگات. وەک ئەوە وایە هەوڵی لێدانی مانگ بدەی بە دارێکی درێژ، یان چونکە پێیەکانت دەخورێ پێڵاوەکەت بخورێنی. ئەمە هیچ پێوەندییەکی بە ڕاستییەوە نییە. استاد ذن مومون ١١٨٣- ١٢٦٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەیدەتوانی دەستبەرداری بێ و بە باڵای براوە.

بەڵام دوای مردنی ماکیاولی، دوو بەرهەمی بڵاونەکراوەی ئەو لە دەرەوەی ئیتالیا چاپ کران. لە ساڵی ١٥٢٩دا، تامس کڕامۆڵ، وەزیری دەست ڕۆیشتوو هێنری هەشتەمی ئینگلستان، یەک بەرگ لە کتێبی شهریار دەست کەوت و بە پێچەوانەی لۆرنزۆ دی مێدیچی، بە وردی هەمووی خوێندەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە لە خوێندنەوەی حیکایەتەکانی مێژوویی ئەو کتێبە چێژی وەرگرتووە، زمانی سادەی ئەو کتێبە قیزەون نییە و تازەیە. لە هەمووی گرنگتر، ئامۆژگارییە بێ ئەخلاقییەکان لە ڕاستیدا زۆر پێویست بوون. لەو کتێبەدا نووسەر ڕوونی کردووەتەوە کە ڕێبەرێک دەبێ بۆ پاراستنی دەسەڵات چی بکات و باسی لەوە کردبوو کە چۆن دەبێ کارەکانی بۆ ڕای گشتی نیشان بدا، کڕامۆڵ لەوە زیاتر سەرسووڕماو نەبوو، بۆیە لە ئامۆژگارییەکانی ماکیاولی بۆ پادشا کەڵکی وەرگرت.

دەیان ساڵ دوای مردنی ماکیاولی، کتێبی "شهریار" بە زمانی جۆراوجۆر وردە وردە لە هەموو جیهاندا چاپ و ناسرا. لەگەڵ تێپەڕبوونی سەدەکان ئەم کتێبە تایبەتمەندی سیمای دووانەیی خۆی ئاشکرا کرد. لە لایەک هێندێک کەس بە کتێبێکی شەڕلاتانە و پێچەوانەی ئەخلاقیان زانی لە لایەکی دیکەشەوە سەرنجێکی زۆری خەڵکی ڕاکێشا و لانیکەم کەسایەتییە سیاسییە گەورەکان لە کۆبوونەوە تایبەتەکانیاندا باسیان دەکرد. ناپلیۆن زۆربەی کاتەکان ئەو کتێبەی پێ بوو. وەزیری فەڕانسە کاردیناڵ ڕیشێلیۆ نێوی ئینجیلی سیاسی (کتێبی پیرۆزی سیاسی) لێنا. سەرکۆماری ئەمریکا جان ئادامز، ئەو کتێبەی بۆ هەموو شوێنێک پێی بوو، پاشای پڕۆس شا فرێدریکی گەورە بە هاوکاری شانۆنامەنووس ولتێر، وتارێکی بە نێوی دژی ماکیاولی نووسی کە لەو وتارەدا ئەو کتێبەی بە دزێو و ناشیرین لە قەلەم دا، بەڵام زۆر بێ شەرمانە لەهەموو بیرۆکەکانی ماکیاولی کەڵکی وەردەگرت.

نووسینەکانی ماکیاولی بینەرێکی بەرفراوانی بۆ خۆیان ڕاکێشا و کاریگەرییەکەی لە سیاسەت تێپەڕی. فەیلەسوفەکانی وەک بیکێن تا هیگڵ لە نووسینەکانی ماکیاولیدا هۆکاری گونجاویان لەگەڵ تیۆرییەکانی خۆیان دەدۆزییەوە، بەڵام دەکرێ بە پێچەوانەش سەیری ئەم بابەتە بکرێ. ئایە ئەوە ماکیاولی نەبوو کە تەنانەت دوای مردنیشی خوێنەرانی خۆی بەکار هێنا؟ تەواوی ئەو نووسین و نامانەی کە بۆ هاوڕێکانی ناردبوو و هێندێکیان چەند سەدە دواتر لە جیهانەدا ئاشکرا بوون، نیشانەیەک بوون کە ستراتیژی ئەو لە نووسیندا دەسەڵاتێکی بە خەڵک ناساند کە تەنانەت دوای مردنیشی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەڵام زۆر بە قووڵی بیرۆکەکانی لە مێشکی خوێنەرەکانی دەئاخنی و ئەوانی دەکردە هاوڕێی فەلسەفە نائەخلاقییەکەی خۆی.

### لێکدانەوە

کاتێک ماکیاولی لە دەورانی خانەنشین پەنای بۆ مووچەی باوکی برد، کات و مەودای پێویستی هەبوو بۆ ئەوەی بە قووڵی بیر لەو بابەتانە کە زۆرترین پەیوەندییان بەوەوە هەیە، بکاتەوە. یەکەم: هێواش هێواش ئەو فەلسەفە سیاسییەی داڕشت کە لە مێژ بوو لە مێشکیدا پەروەردەی کردبوون. بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕوای ماکیاولی خێر یان چاکەی کۆتایی، جیهانێکە لە گۆڕانکاریی بەردەوام کە لە ڕەوتی خۆیدا شارەکان و کۆمارەکان سەر لەنوێ بنیات دەنێتەوە، بەڵام "شەڕ" یا خراپەی کۆتایی، ڕازیبوون لە دۆخی ئێستا و چەقبەستووییە. ئەو هۆکاری گۆڕانی تەندروستی بە "شەهریارانی نوێ"ی دەزانی، واتە گەنجانی بە تامەزرۆ و بەئەمەک کە بەشێکیان هێزی شێر و بەشێکی دیکەیان فێڵبازی ڕێوین، چونکە ئەوان دوژمنی ئاگا یان نائاگایی نەزمی مەوجوودن. پاشان لە ڕەوتێکی کۆڵییەوە کە لەو ڕێگەیەوە شازادە نوێیەکان دەگەیشتنە لووتکەی دەسەڵات و ناوبانگ، بەڵام بە خێرایی بەرەو پووکانەوە دەڕۆن. هێندێک نەخش ڕوون بوون: پێویستی بە بەڕێوەبردن، پاراستنی ڕواڵەت، کایە بە بنەمای بیروباوەڕی خەڵک و هێندێک جاریش جێبەجێکردنی ڕوونی کردەوەی بێ ئەخلاقی.

ماکیاولی ئەو هێزەی لە بەردەستدا بوو تا بیرۆکە و ڕاسپاردەکانی خۆی بڵاو بکاتەوە. ئەو کە نەیتوانی لە سیاسەتدا درێژە بەم هێزە بدا لە ڕێگەی کتێبەکانی هەنگاوی بۆ پێشەوە دەنایەوە واتە خوێنەرانی بانگهێشتی بیرۆکەکانی دەکرد و ئەوانیش بوونە کەرەستەیەک بۆ گواستنەوەی بیرۆکەکانی. ماکیاولی دەیزانی ئەو کەسانەی لە پۆستێکی دەسەڵات دان، نایانهەوێ ئامۆژگاری لە کەسێک وەربگرن کە لەژێر دەستیان دایە. هەروەها دەیزانی ڕەنگە زۆر کەس کە دەسەڵاتیان نییە لە ڕەهەندە مەترسیدارەکانی فەلسەفەکەی بترسێن و هەر بۆیە خوێنەران لە یەک کاتدا، هەم سەرنجیان بۆ کتێبەکەی ڕادەکێشن و هەم ڕەتی دەکەنەوە (کەسی بێ دەسەڵات بەدوای دەسەڵاتدا دەگەڕێ، بەڵام لە ئەنجامدانی کارەکان دەترسێ کە دەبێ بۆ گەیشتنی بە دەسەڵات جێبەجێی بکا). کتێبەکانی ماکیاولی بۆ ئەوەی لە بەرامبەر ئەو خەڵکەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ، دەبوو بە شێوەیەکی ستراتیژیی، ناڕاستەوخۆ و لێهاتووانە بنووسرێن. بۆیە تاکتیکی کایەکردن بە وشەکان یان ڕیتۆریکی ناباوی داهێنا بۆ ئەوەی بچێتە نێو قووڵایی دیوارەکانی بەرگریی خوێنەرانەوە.

سەرەتا کتێبەکانی بە ئامۆژگاری پێویست دەست پێکرد. ئەو ئامۆژگارییانە، بیرۆکەی پراکتیکی سەبارەت بە چۆنییەتی بەدەستهێنانی دەسەڵات، مانەوە لە دەسەڵات و پاراستنی دەسەڵات بوو. هەمان ئاموژگاری هەموو جۆرە خوێنەرێك بۆ لای خۆی ڕادەکێشا چونکە هەموویان سەرەتا بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە. هەروەها بە چاوپۆشی لە ڕادەی بەرەنگاری خوێنەر دەیزانی کە پشت گوێخستنی ئەو کتێبە و ڕاسپاردەکانی مەترسیدارە.

دوای ئەوە ماکیاولی حیکایەتگەلێکی مێژوویی لە سەرانسەری نووسینەکانی دا جێگیر کرد تا بیرۆکەکانی باشتر بناسرێ. خەڵک حەز دەکەن ڕێگاکانیان لەبەرچاو بێ بۆ ئەوەی ئەمڕۆ خۆیان وەک سزار یان مێدیچی ببینن، لە لایەکی دیکەوە خوێندنەوەی چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش سەرقاڵیانی دەکرد و بەدڵنیاییەوە زەینێک کە دیلی چیرۆک دەبێ، واز لە دیواری بەرگری خۆی دێنێ و پێشنیار و ڕاسپاردەکان قەبووڵ دەکا. خوێنەران بە دەگمەن هەستیان بەوە دەکرد کە لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆک یان باشترە بڵێین نوسخەی ئەو چیرۆکانەی کە ماکیاولی بە شێوەی کە خۆی پێی باش بوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گێرابوویەوە، خەریکن ئیدەکان وەر دەگرن. هەروەها ماکیاولی لە نووسەرانی کلاسیک شتی ئەوانیشی وەرگرتووە و بۆ ئەوەی لەگەڵ مەبەستەکانی خۆیدا بگونجێ، بیرۆکە و ڕاسپاردەکانی ماکیاولی کاتێک لە دەمی مێژوونووسی بەناوبانگی ڕۆمی وەکوو "لیوی یان تاسیتۆس"ەوە دەهاتنە دەرەوە، ئاسانتر قەبووڵ دەکرا.

لە نیهایەتدا ماکیاولی لە زمانی ڕاشکاوانە و بێلایەنانە و بێ پێچوپەنا کەڵکی وەرگرت، بۆ ئەوەی گیان بە نووسینەکانی ببەخشێ، ناوبراو لەبری ئەوەی جووڵەی مێشکی خوێنەر خاو بکاتەوە و بیوەستێنێ، بەم جۆرە زەینی ئەوانی هان دەدا، کە تووشی ئەو ئارەزووەی دەکردن کە زیاتر لە بیرکردنەوە و هەنگاونان سەرکەون. زۆرجار ئامۆژگارییەکانی بە زمانێکی توند دەردەبڕێ. هەمان دەربڕینی توند یارمەتی خوێنەرانی دەدا کە لە گێژی دربازیان بکا. ئەوان دەبوو لە بیرۆکە و ئەزموونی خۆیان سەبارەت بە دەسەڵات کەڵک وەربگرن و خۆیان لەگەڵ نووسینەکانی ماکیاولی بگونجێنن. ماکیاولی لە ڕێگەی ئەو کەرەستە ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆرەوە دەسەڵاتی بەسەر خوێنەرانی خۆیدا بەدەست دێنا و لەهەمان‌کاتدا سروشتی دەستکارییەکانی خۆی دەشاردەوە. هەمووومان دەزانین سەختە بەرەنگاری ئەو شتە ببینەوە، کە ناتوانین بیبینین.

**لەبیرت بێت:** ڕەنگە بیرۆکەی هوشمەندانەت هەبێ، لە هەمان جۆرە بیرۆکەی کە جیهان دەگۆڕێ بەڵام تا نەتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر دەری ببڕی هیچ هێزێکیان نابێت و ناتوانن لە ناخی مێشکی مرۆڤەکاندا بمێننەوە. تۆ نابێ سەرنجت لەسەر خۆتان یان هەستی دەربڕینی ئارەزووەکانت چڕ بکەنەوە، بەڵکوو پێویستە سەرنجت لەسەر بەردەنگەکان چڕ بکەیەو. دەبێ وەک ژێنراڵێک بن کە هەموو سەرنجی خۆی دەخاتە سەر ئەو دوژمنەی کە دەیهەوێ شکستی بدا. کاتێک لەگەڵ کەسانی بێ تاقەت و حەوسەلە سەروکارت هەیە و چوارچێوەی سەرنجەکانت سنوورداره و دەبێ ئەوان سەرقاڵ بکەی و لەکاتێکدا سەریان گەرمە، بیرۆکەکانت بخەیە نێویانەوە، بەڵام لە بارەی ڕێبەراندا دەبێ ورد و ناڕاستەوخۆ هەنگاو بنێی. ڕەنگە باشتر بێ یارمەتی لە نەفەری سێهەم وەربگری بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ سەرچاوەی ئەو بیرۆکانە بزانێ کە هەوڵی بڵاوکردنەوەی دەدەن، بەڵام ئەگەر لەگەڵ گەنجان سەروکارت هەیە دەبێ توند و پڕ وزە بن. بەشێوەیەکی گشتی پێویستە قسەکانت خەڵکی وەجووڵە بخەن و وا لە خوێنەران و گوێگران بکا لەگەڵت چالاک بن بۆ ئەوەی هەرگیز نەتوانن لە شێوازەکانی ئێوە تێبگەن. تۆ نابێ بەدوای نمایشی خۆتان دا بگەڕێن. پێویستە دەسەڵات و کاریگەریی خۆتان نیشان بدەن. هەرچەندی ئامادەبووان کەمتر گرنگی بە پەیوەندیی ئێوە بدەن، کەمتر دەزانن کە تۆ لە حاڵی گوازتنەوەی بیرۆکەی مەترسیدار بۆ مێشکی ئەوان دان.

نیکۆلۆ ماکیاولی، لە نامەیەکدا بۆ فرانچیسکۆ گوئیچاردینی، (١٥٢١) ئاوا دەنووسێ: *""بۆ ماوەیەک هەرگیز نەمدەگوت بیروباوەڕەکانم چییە و هەرچییەکم گوتبایە باوەڕم پێی نەدەکرد و ئەگەر بە ڕێکەوت بیروڕاکانم دەردەبڕی، لەنێو هەزاران درۆدا دەمشاردەوە بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ بە*

*دروستی و نادروستی ئەو بزانێ."*

## کلیلەکانی شەڕ هەڵایسێنی

بۆ چەندین سەدە مرۆڤەکان بەدوای ئەو فورمولە سێحراوییەدا دەگەڕێن کە هێزیان پێبدا و لەڕێگەی وشەوە کاریگەرییان لەسەر کەسانی دیکە هەبێ. ئەو گەڕانە زۆر دژوار بوو چونکە وشەکان سیفەتی سەیر و پارادۆکسیان هەیە، بۆ نمونە ئەگەر ئامۆژگاری کەسانی دیکە بکەن بەدەر لەوەی کە لەحنی ئەو ئاموژگارییە چی دەبێت ئەوە نیشانت داون کە تۆ لەوان باڵاتری و ئاماژە بەوە دەکەن کە تۆ زیاتر لە ئەوان دەزانی. تا ئەو کاتەی ئەم تێڕوانینەیان هەیە واتە هەست بە نائەمنی دەکەن، ناتوانی ئەو خوو و عادەتی کە حەز دەکەی دەستی لێ هەڵگرن، بیکەیە نیشانە و هانیان بدەن بۆ ئەوەی کە ڕەفتارەکانی ئێوە دووبارە بکەنەوە. کاتێک زمانی تۆ نیشانەی باڵادەستی ئێوە بێت، خەڵک بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیانهەوێ لێکی دەدەنەوە. زۆرجار وا خۆیان نیشان دەدەن کە گوێ دەگرن و سەریان دەجووڵێن و لە ڕووکەشدا پێت وایە قەناعەتیان کردووە، بەڵام هەموو ئەو کارانە بۆ ئەوەیە کە لەشەڕی تۆ ڕزگاریان بێت. زۆر وشە هەیە کە بە درێژایی ژیانمان تێیدا نوقم دەبین بەبێ ئەوەی کاریگەری درێژخایەن و ڕاستەقینەیان هەبێ.

ئەوەش بەو مانایە نییە کە گەڕان بەدوای دەسەڵاتدا لە ڕێگەی زمانەوە کارێکی بێهودە بێ، بەڵکوو ماناکەی ئەوەیە دەبێ زۆر ستراتیژیتر و لەسەر بنەمای زانینی دەروونناسی بنەڕەتی و زانیاری وشە و زمان دابنرێ. ئەوەی بەڕاستی ئێمە و ڕەفتارەکانمان دەگۆڕێ ئەو وشانە نین کە بەکاریان دەبەین، بەڵکوو ئەزموونی کەسێتی خۆمان و هەستێک کە لە دەروونمانەوە سەرچاوە دەگرێ و هیچ پێوەندییەکی بە دەرەوە نییە. ڕووداوێک کە لە ڕووی سۆزدارییەوە دەمانهەژێنێ، هەموو نەخشەکانی جیهانبینیمان دەگۆڕێ و کاریگەرییەکی بەردەوامی لەسەرمان هەیە. هێندێک جار شتێک دەخوێنینەوە یان شتێک لە مامۆستایەکەوە دەبیستین کە وامان لێدەکا لە هەموو شتێک کە دەیزانین گومان بکەین و تەنیا سەرنجمان لەسەر ئەو شتانە بێ کە بیستوومانە و خوێندوومانەوە و لەم پرۆسەیەشدا ڕوانگە و بیرکردنەوەمان دەگۆڕین. هێندێک بیرۆکە لە ئێمەدا نەهادینە کراوە و ئەوانە بە شێوەی ئەزموونەکانی کەسیدا وەرمان گرتووە. بۆ نموونە وێنەکانی فیلمێک دەچنە نێو مێشکی نائاگایی ئێمەوە و بە شێوەیەکی نازارەکی پێوەندیمان لەگەڵدا دەکەن و تەنانەت دەبنە بەشێک لە ژیانی خەونەکانمان. تەنیا ئەو شتانەی کە لە قووڵایی بوونماندا جێگیر دەبن و لە زەین و گیانی ئێمەدا وەکوو هزر و ئەزموون ڕیشە دادەکوتن، هێزی ئەوەیان هەیە لە درێژخایەندا ڕەفتارەکانمان بگۆڕن.

ئەو کەسایەتییە مێژووییەی کە ناوەرۆکی پێوەندییەکانی بۆ هەمیشە گۆڕی، بە دڵنیاییەوە سۆقرات بوو. ئەو فەیلەسوفی گەورەی ئاتێنی کلاسیک بوو، ئامانجی سۆقرات سادە بوو: ئەو دەیهەویست خەڵک دەرکی ئەوە بکا کە ناسینی و زانستی ئەوان لە جیهان ئەگەر هەڵە نەبێ، زۆر ڕووکەش و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەواڵەتیە. بەڵام ئەگەر سوقرات ئەو شتەی بە شێوەیەکی ئاسایی و ڕاستەوخۆ باسی بکردایە، تەنیا بەرنگاری بەردەنگانی زیاتر دەکرد. بۆیە زیاتر بیری لەو دیاردەیە کردەوە و لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و هەڵە میتۆدێکی گونجاوی دۆزییەوە. سوقرات بەم قسەیە بواری ڕەخساند کە خۆی خافڵ و نەزانە و بە زۆربەی ئامادەبووان و بەتایبەت گەنجانی گوتووە کە زۆر شت نازانێ و ئەو حیکمەتەی کە هەمووان ڕەپاڵی دەدەن تەنیا لە وشەدا سنوورداره، لە هەمان کاتدا پەسنی بیسەرەکانی دەکرد و لەسەریەک و بێبیرکردنەوەی پێشووتر بە باڵای بیرۆکانیانی ئەوانی دا هەڵدەکوت و بایەخی بە دەماربەرزییان دەدا. دوای ئەوە لەگەڵ یەکێک لەو ئەندامانەی کە بەڕێکەوت تەنیا چەند خولەکێک لەمەوبەر بە بیرۆکەکانی هەڵدەگوت لە کاتی گفتوگۆکەشدا بە وردی لە بیرۆکەکانی ئەوی دەکۆڵییەوە و گومانی لێ دەکرد. هەرگیز ڕاستەخۆ بۆچوونێکی نەرێنی دەرنەدەبڕی و تەنیا بە پرسیارکردنی سەرمۆر، وای لە ئامادەبووان دەکرد زیاتر بیر لە بیرۆکەکەی بکەنەوە و دەرک بە کەمایسی و کەموکوڕییەکانی بکەن. ئەو شێوازە زۆر ناڕوون بوو: سەرەتا ئاماژەی بە نەزانی خۆی دەکرد و پاشان خوێندکارەکانی بەرز دەکردەوە، دواتر گومانی لە دڵی ئەواندا دروست دەکرد تا گومانیان لە زانستەکەیان هەبێ.

ئەم گفتوگۆیە بۆ چەندین ڕۆژ لە مێشکی ئامادەبووانی سۆقراتدا دەمایەوە و وای لێدەکردن دونیای دەوروبەریان بخەنە ژێر پرسیارەوە. بەم چوارچێوەی بیرکردنەوە زیاتر بۆ زانستی ڕاستەقینە وەردەگیران و باشتر فێری زانستی نوێ دەبوون. سۆقرات بەرگریمانە و پێشگریمانەی مرۆڤەکانی سەبارەت بە جیهان بە ڕۆڵێک کە ناوی لێنابوو "مامان" (ماما)، گۆڕی، واتە بیرۆکەکانی خۆی نەدەخستە مێشکیانەوە، بەڵکوو گومانەکانی نێو قووڵایی دەخستە ڕوو و سەرلەنوێ دەیژیاندنەوە.

سەرکەوتنی میتۆدی سۆقرات بەربڵاو بوو: جێلێک لە گەنجانی ئاتێنییەکان هاتنە ژێر ڕێنمایی ئەو و ڕۆژ بەڕۆژ بە هۆی وانەکانی سوقرات گۆڕانکاری باشیان بەسەردا هات. بەناوبانگترین ئەندامی ئەم نەسلە ئەفلاتون بوو کە وەک موریدێک بیرۆکەکانی سۆقراتی بە خەڵکی دیگە گەیاند، ڕەنگە بتوانرێ بڵێی کاریگەری ئەفلاتون لەسەر بیری ڕۆژاوا لە هەموو کەسێکی دیکە زیاتر بوو. میتۆدی سۆقرات زۆر ستراتیژیک بوو. سەرەتا بە کەمگرتنی خۆی و بەرزکردنەوەی کەسانی دیکە بۆ ئەوەی قەڵغانی بەرگرییان وەلا نێن دەستی پێدەکرد، پاشان ئەوانی زۆر ڕەمزاوی بانگهێشت دەکرد کە هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوونیان بۆ نەبوو و بە هەموو بیروباوەڕەکانیان گومانیان دەکرد. "ئەلکیبیادیس"، سیاسەتمەدار و شەڕکەری ئاتێنی کە سۆقرات پەروەردەی کردبوو، سەبارەت بە سۆقرات دەڵێ: "هەرگیز نەتدەتوانی پێشبینی ئەوە بکەن کە ئەو باوەڕی بە چی بووە یان مەبەستی چییە، هەرئەوەی بەسەر زاری دا دەهات وەک (استعاره) نهێنی و میتافۆر وابوو و دڵنیا نەبووی لە کوێوە هاتووە، مەبەستی چییە، گومان و ناڕوونی هەموو گیانی دا دەگرتن و ئەوانی لە بوونی خۆی دەخستە دەرەوە".

بەو شێوەیە بیر لە دێری "پێوەندی لە قووڵاییدا" بکەنەوە، زۆرجار گفتوگۆی ئاسایی و تەنانەت نووسین و هونەری سەرنجراکێش دەچنە نێو چینە ڕووکەشییەکانی مرۆڤەکانەوە. ئێمە هەوڵ دەدەین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە قسەی جوان کاریگەری لەسەر کەسانی دیکە دانێین، بەڵام قسەکانمان لەنێو ئەو دەنگە دەنگەدا گوم دەبن کە ڕۆژانە بە گوێی کەسانی دیکە دەگات. تەنانەت ئەگەر شتێک بڵێین بە دڵیان بێ، بە دەگمەن بۆ ماوەیەکی زۆر لە مێشکیاندا دەمێنێتەوە و لە ئەنجامدا ڕەفتار و ڕوانگەیان ناگۆڕێ. ڕەنگە زۆربەی کات پەیوەندی ئاسایی کارەکانی ئێمە ڕێ بخات. ئێمە کاتمان نییە ڕێ بکەوین و بە هەرکەسێک گەیشتن بی گۆڕین، ئەو کارە پێدەچێ ماندووکردنێکی زۆری بوێ، بەڵام لەبیرمان ناچێ کە هێزی کاریگەری قووڵ و توانای گۆڕینی بیرۆکە و ڕەفتارە ناخۆشەکان هێندێک جار زۆر پێویستە.

ئەوەی پێویستە گرنگی پێ بدەن تەنیا ناوەڕۆکی پێوەندییەکان نییە، بەڵکوو فورم و شێوازێکە کە بێ دەرگیربوونی خۆتان لەگەڵ وشەکان، بەردەنگەکانی خۆتان بەرەو ئەو ئەنجامانە ڕێنوێنی دەکەن کە ئارەزووی دەکەن. ئەگەر دەتهەوێ خوویەکی خراپی کەسێک بگۆڕن، لەبری ئەوەی پێی بڵێن واز لە خووە خراپە بێنە، ڕەنگە باشتر بێ وەک ئاوێنە ڕەفتارە ناشیرینەکانی نیشان بدەن، بۆ ئەوەی تێبگات کە چەندە ئازارهێنەرە. ئەگەر دەتهەوێ ئەو کەسانەی کە خۆبەگەورەزانی و نەفس‌بەرزی‌یان کەمە لەبارەی خۆیان هەست بە باشتربوون بکەن، ستایشکردنیان کاریگەرییەکی کاتی هەیە و لەبری ئەوە وایان لێ بکەن دەستکەوتێکی بەرچاو بەدەست بێنن و ئەزموونێکی واقعی هەست پێ‌بکەن. ئەو کارە متمانە بەخۆبوونێکی قووڵتریان لێ دروست دەکا. ئەگەر دەتهەوێ بیرۆکەیەکی گرنگ بگوازێیەوە نابێ بانگەشەی بۆ بکەی، لەبری ئەوە خوێنەران یان گوێگران لەشتێک کۆ بکەوە و پاشان با خۆیان بە ئەنجامێک بگەن، کارێک بکە ئەو بیرکردنەوەی کە پێت باشە پێیان بگەیەنی با لە دەروونیان‌دا نەهادینە بکرێ، بەجۆرێک ڕەفتار بکە وەک ئەوەی ئەو بیرۆکەیە لە نێو مێشکی خۆیانەوە هەڵێنجابێ. ئەم پێوەندییە ناڕاستەوخۆیە هێزی ئەوەی هەیە کە بچێتە نێو قەڵغانی بەرگری خەڵکەوە.

لە قسەکردن بەم زمانە نوێیە، فێربە وشەکانت سەرتر لە پێوەندی خێرا بەکار بێنی. بۆ نموونە هێندێک جار بێدەنگی دەتوانێ کاریگەرییەکی زۆری هەبێ. بە بێدەنگ بوون و وەڵام نەدانەوە زۆر شت دەڵێی. بە ئاماژەنەکردن بە شتێک کە خەڵک چاوەڕێی گوێ بیستنی دەکەن تۆ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەرنجی کەسانی دیکە بۆ ئەو هەڵوێستە ڕادەکێشی و هەمان شت دەگەیەنن. بەو پێیە هەمان وردەکاری یان ئەو شتانەی کە ماکیاولی بە پرسی بێ بایەخ ناوی دەبا، لە دەق، وتاربێژی یان بەرهەمێکی هونەریدا هێزێکی زۆریان هەیە. کاتێک پارێزەر و وتاربێژی بەناوبانگی ڕۆم، سیسرۆ، ویستی یەکێک لە دوژمنەکانی ناوزڕاو بکا، هەرگیز تۆمەتباری نەکرد و ڕاستەوخۆ سووکایەتی پێ نەدەکرد، لەبری ئەوە وردەکارییەکانی ژیانی دەگێڕایەوە، وەک ئەو کەرەسەی لوکس و زریقەوبریقەی باوەڕپێنەکراو لە ماڵەکەیدا بوون و بە ڕێگەی نایاسایی هەزینەکەی بۆ دابین کردبوو. یان شێوازی لباس لەبەرکردنی یان ئەو نیشانە بچووکانەی کە نیشانیان دەدا کە خۆی لە چینی نێوەڕاستی ڕۆم لەسەرتر دەزانێ. سیسرۆ ئەو قسانەی لە پەراوێزدا کرد، بەڵام ئامانجەکەی ڕوون بوو و بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بۆ دوژمنەکەی هێرش بکا بە ئامانجی دڵخوازی خۆی دەگەیشت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە هەر قۆناغێکدا دەربڕینی هزرێک کە پێچەوانەی بیروباوەڕی ڕای گشتی بێ، دەتوانێ مەترسیدار بێ. باشترین کار ئەوەیە کە بیرۆکەی ئێوە لەگەڵ ئەو نۆڕمانەدا بگونجێ و هزری گشتی لەخۆ بگرێ و ئەنجامەکەی ئەخلاقی بێ، بەڵام دەتوانی لە وردەکارییەکانی بەربڵاو سوود وەرگری بۆ ئەوەی لە پشت ئەو وتە ئاساییانە شتێکی دیکە بڵێی. بۆ نموونە ئەگەر ڕۆمانێک دەنووسی پێویستە بیرۆکە مەترسیدارەکانت لە زاری تاوانبارێکەوە دەربڕی، بەڵام ئەوەندە بە هێز و وزەوە دەری ببڕە کە دیالۆگەکەی تەنانەت لە وتارەکانی قارەمانی چیرۆک سەرنجڕاکێشتر بێ. ڕەنگە هەموو کەسێک لە مەبەست و توێتوێکانی(لایەلایە) مانای قسەکانی ئێوە تێنەگا، بەڵام هێندێکیان بە دڵنیاییەوە لانیکەم ئەوانەی کە تێگەیشتنێکی دروستیان هەیە تێدەگەن و دەرکی دەکەن، پەیامی دژ بە یەک بینەرەکانت دەورووژێنن. پەیامی دژ بە یەک دەتوانن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چەمکەکانی وەک بێدەنگی، تانەوتەشەر، وردەکاری ورد و ژێرجلەکی و هەڵەی هۆشیارانە ئاشکرا بکەن و بەجۆرێک کەسانی دیکە هەست بە بەشداریکردن لە چیرۆکەکەتدا بکەن و مانای دڵخوازی خۆیان دۆزیبێتەوە. تا خەڵک زیاتر خۆیان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بەشداری بکەن بیرۆکەکانت قووڵتر نهادینە دەکرێن.

لە بەکارهێنانی ئەم ڕەوتەدا، لە ئەنجامدانی هەر هەڵەیەکی باو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کەسانی دیکە خۆتان بپارێزن، بۆ نمونە هەرگیز لەفورمێکی سەیر و سەمەرەی پەیوەندیکردن کەڵک وەرمەگرن. ئەو سەرنجەی کە بەم شێوەیە بەدەستی دێنن ڕووکەش و کاتی دەبێت. بە بەکارهێنانی فورمێک کە زۆربەی ئامادەبووان لەگەڵی بێگانەن بینەرەکانی خۆتان سنووردار دەکەن و لە کۆتاییدا ناچار دەبن بانگەشەی بۆ بکەن، وەک ماکیاولی سەلماندی کەڵک وەرگرتن لە فورمێکی باو لە درێژخایەندا کاریگەرتر دەبێ و بینەرێکی زیاتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. کاتێک بەو ڕادەیە بینەرت هەیە دەتوانی نێوەڕۆکی ڕاستەقینە و تەنانەت سەیر و سەمەرەی خۆت لە ڕێگەی وردەکاری و لقە لاوەکییەکانەوە بخەیە نێو مێشکیانەوە.

لە شەڕدا هەموو شتێک بە پێی ئاکامەکەی حوکم دەدرێ. ئەگەر ژێنراڵێک سوپاکەی بەرەو شکست ببا، مەبەستە باشەکانی گرنگ نین و کەس گرنگی بەوە نادات کە ڕەنگە هۆکاری پێش‌بینی‌نەکراو هۆکاری شکستەکەی بووبێ. یەکێک لە بیرۆکە شۆڕشگێڕییەکانی ماکیاولی ئەوە بوو کە ئەو پێوەرە بۆ سیاسەت گشتی بکات(بگشتێنێ)، واتە ئەو شتەی کە گرینگە مەرج نییە ئەو شتانە بن کە خەڵک باسیان دەکات یا قسەی لە سەر دەکات، بەڵکوو ئاکامی کردەوەکانیانە ئەوانە کە دەسەڵات زیاد یان کەم دەکاتەوە. ئەوەش هەمان شتە کە ماکیاولی پێی دەڵێ "ڕاستی کاریگەر" (حقیقت مؤثر). ڕاستی کاریگەر ئەوەیە کە لە واقیعییەتدا ڕوودەدا نەک لە تیۆری و وشەدا. بۆ نموونە، ماکیاولی لە توێژینەوە لە پیشەی یەک پاپ، سەیری هاوپەیمانەکانی، سامان و ئەو زەوییانەی دەکرد کە خاوەنی بووە و هەرگیز کەسایەتی و ئیدیعای ئایینی ئەوی لەبەرچاو نەگرت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردار و ئاکامەکان هیچکات درۆ ناکەن، پێویستە فێر بی ئەو تەرازووە بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکانی خۆت و ئەوانی دیکە بەکار بێنی.

ئەگەر کەسێک شتێک بڵێ یان بنووسێ کە بە گومانی خۆی شۆڕشگێڕانەیە و هیواداره جیهان بگۆڕێ و مرۆڤایەتی بەرەو باشتربوون هان بدا، بەڵام لە کۆتاییدا لەسەر هیچ کەس کاریگەری نەبووە بە هیچ شێوەیەک ناتوانین ئەو حەرەکەتە بە شۆڕشگێڕانە و گۆڕانخواز بزانین. پێوەندییەک کە نەتوانێ ئامانج یان ڕەساڵەتی خۆی بە سەرنجام بگەیەنێ، بێجگە لە قسەی خۆپەرستانە هیچی دیکە نییە و زیاتر لە هەر شتێک نیشانەی شایی بە خۆبوونی بێژەر بە دەنگ و بۆچوونەکانی و ڕۆڵی ئەخلاق‌گەرا نیشان دەدا. تەنیا کاریگەریی ئەو شتە کە دەیڵێ یان دەینووسێ، ئەوەیە هیچ شتێک ئاڵوگۆڕی تێدا پێک نەهاتووە. توانای دەست ڕاگەیشتن بە خەڵک و گۆڕینی بۆچوونەکانیان جیددییە و ڕەنگە بتوانی بڵێی وەک شەڕ جیددی و ستراتیژییە. دەبێ لەگەڵ خۆتان و ئەوانی دیکەدا سەرسەخت و خۆڕاگرتر بن: ناکامی لە پێوەندی‌دا هیچ ڕەبتێکی بە بەردەنگی بێ‌حەوسەلە و کەمتەرخەمەوە نییە، بەڵکوو هۆکاری بە قسەکەر یان نووسەرێکی کارنەزان و ناستراتیژییەوە هەیە.

**بیهێنە بەرچاوت:** کەوشی پاژنە بەرز. بەرزە و نوکی تیژە. پێویستی بە تیژکردن نیە. شێوەی وەک کەرەستەیەک وایە بۆ چوونە نێو قووڵایی تەواو و بێ کەموکوڕییە. چ لە پشتەوە چ لە لاوە چ لە ناوەندەوە لەهەرکەسی بدەی بچێتە ژوورەوە کاریگەری مەرگ‌هێنەری خۆی هەیە.

سوقرات دەڵێ: *"من بەتەنیا ناتوانم ژیان بە ئاوەز ببەخشم، هەروەها ئەو تۆمەتەی کە ئەوانی دیکە لە منی دەدەن و دەڵێن لە کاتێکدا کەسانی دیکە دەخەمە ژێر پرسیارەوە، خۆم تێڕوانینێکم نییە کە ڕێگاکەیان ڕوون بکەمەوە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی حیکمەتی من، بە تەواوی ڕاستە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە خودا وای لێکردووم ڕۆڵی مامان بۆ ئێوە بگێڕم، بەڵام خۆم هیچم بە دونیا نەهێناوە."*

## حاڵەتی دەگمەن

لەگەڵ بەرنامەدانان بۆ ئەوەی پێوەندییەکانتان ستراتیژیتر بن دەبێ ئەو توانایەتان هەبێ بۆ کردنەوەی کۆدەکان، پەیامە شاراوەکان و سیگناڵە نائاگاکانی کەسانی دیکە کە قسەی پێ‌دەکەن، دەبێ پێچەوانەی ئەو تواناییەت هەبێ. کاتێک مرۆڤە ناڕوونەکان قسە دەکەن، بۆ نمونە، زۆر وشەی دەرهەست وەک "دادپەروەری"، "ئەخلاق"، "ئازادی" و بابەتی لەو جۆرە بەکار دێنن، بەڵام زەحمەت بە خۆیان نادەن قسەکانیان ڕوون بکەنەوە، بەدڵنیاییەوە شتێک دەشارنەوە. ئەوە ڕێگای دووڕوویی و نیازپیسی ئەوانە و بەئاگاییەوە پێیان باشە ڕاستییەکان لە پشت پەردەیەکی هەڵەوە بشارنەوە کەوابوو ئاگاداری ئەم جۆرە قسەکردنە بن.

بەهەمان شێوە ئەگەر مرۆڤەکان زمانی ئاخاوتنی بە کلیشە و دەربڕینی زۆر باوەوە بەکار بێنن، ڕەنگە بیانهەوێ هۆشی ئێوە لەسەر کاڵیی بیروبۆچوونەکانی خۆیان بە لاڕێدا بەرن و بەم وشانە هەستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێکنزیکی لە ئێوەدا دروست بکەن، بەڵام کەسانێک کە لەزمانی شیاو و شایستە "فەنتازی و مێتافۆری" زیرەک بەکار دێنن، زۆرجار هەوڵی ئەوە دەدەن نیشانی گوێگران بدەن کە بۆچوونی دروست و ڕەوایان هەیە و بۆیان گرنگ نییە گوێگران بە گوێگرتن لە قسەکانیان بەبیرۆکەیەکی نوێ دەگەن یان نا. بە گشتی پێویستە گرنگی بەو فورمانە بدەی کە مرۆڤەکان خۆیانی پێ دەردەبڕن، هەمان بەها بە ناوەڕۆکەکانیان مەدە کە لە ڕووکەشدا دەیبینی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی سی‌ویەکەم:
# لە دەروونەوە وێران بکەن.
# ستراتیژیی (جبهەی) بەرەی دەروونی

شەڕێک دژی دوژمن تەنیا کاتێک دەکرێ کە خۆی ئاشکرا بکا. بە دزەکردنە نێو توێکانی دوژمنانتان، دایانکێشنە خوارەوە. مەهێڵە ئامانجێک ببینێ، یان بەرامبەر بە شتێک دژکردەوەی هەبێ، ئەوە باشیی کۆتاییە. هەروەها لە ناوەوە دەرک بە خاڵە لاوازەکانی دەکەن و ئەگەری دروستکردنی دووبەرەکی دەبێ. بۆیە مەبەستی دوژمنکارانەی خۆتان بشارنەوە. بۆ ئەوەی ئەو شتە بەدەست بێنی کە دەتهەوێ. بۆ دەستخستنی ئەوەی دەتانەوێ پێویست ناکا شەڕ بکەن، هەر ئەوەندە بەسە لەگەڵ خاوەنەکەی یەکگرتوو بن، ئەوکات وردەوردە دەبنە خاوەنی ئەو شتە، یان ئەوەی کە چاوەڕوانی دەرفەتێکی گونجاو بۆ پیلان‌داڕشتن بن.[1]

١. [ئەو پەڕاوێزە لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسیەکەی وەریاننەگێڕابوو! سپاس بۆ هەر دوو جگەرگۆشەی خۆشەویستم بەیان و موکریان لە ئینگلیزییەوە وەریانگێڕا سەر زمانی شیرینی کوردی.]

ئێستا ئەتین ئیلهامبەخش بوو بۆ پریلیس، کوڕی هێرمێس، کە پێشنیاری ئەوەی کرد کە پێویستە لە ڕێگەی ئەسپێکی دارەوە بچنە ناو ترۆیا، و ئیپیۆس، کوڕی پانۆپیۆس، کە فۆکیای خەڵکی پارناسوس بوو، خۆبەخشانە یەک دانەیان لە ژێر چاودێری ئەتین دروست کرد. دوای ئەوە بێگومان ئۆدیسێس هەموو شانازییەکانی ئەم فێڵە بوو [ئیپیۆس] ئەسپێکی گەورەی کون لە تەختەی دارە دروست کرد، کە دەرگایەکی تەڵەی لە لایەکەوە دانرابوو، لە لایەکەی دیکەشەوە بە پیتی گەورە بڕابوو کە بۆ یۆنانی پێشکەش کرد. بە چاوەڕوانییەکی سوپاسگوزارانە بۆ بە سڵامەتی بۆ ماڵەکانیان گەڕانەوە، یۆنانیەکان ئەم پێشکەشکردنە تەرخان دەکەن بۆ خوداوەندەکە ئۆدیسێس ئازاترینەکانی یۆنانیەکانی ڕازی کرد کە بە تەواوی چەکدارەوە سەرکەونە سەر زیندەبەچاڵێکی پەت و لە دەرگای تەڵەکەوە بچنە ناو سکی ئەسپەکەوە. لەنێویاندا، مێنێلاوس، ئۆدیسێس، دیۆمێدس، ستینێلۆس، ئەکاماس، تۆاس و نیۆپتۆلیموس. ئیپیۆس خۆی بە ڕازی و هەڕەشە و بەرتیلەوە پێوەندی بەو تاقمەوە کرد. دواجار سەرکەوتە سەرەوە، پلیکانەکەی بە دوای خۆیدا کێشا و بەو پێیەی بە تەنیا دەیزانی چۆن دەرگای تەڵەکە کار دەکا، لە تەنیشت قوفڵەکەوە کورسیەکی هەڵگرت. لە شەودا یۆنانییەکانی کە لە ژێر دەستی ئاگامێنۆن مابوونەوە، ڕێنماییەکانی ئۆدیسێسیان جێبەجێ کرد، کە بریتی بوو لە سووتاندنی کەمپەکەیان، کەوتنە دەریا و چاوەڕوان مانەوە لە کەناری تێنێدۆس و دوڕگەکانی کالیدنیا تا ئێوارەی دواتر...... لە کاتی پشووی ڕۆژدا، ترۆجان سکاوتەکان ڕاپۆرتیان دا کە کەمپەکە لە ئاگر دا بۆتە خۆڵەمێش و یۆنانیەکان ڕۆیشتوون، ئەسپێکی زەبەلاحیان لە کەناری دەریادا بەجێ هێشتووە. پریام و چەند کوڕێکی چوونە دەرەو بۆ بینینی و لە کاتێکدا وەستابوون و بە سەرسوڕمانەوە چاویان لێدەکرد، تیمۆیتس یەکەم کەس بوو کە بێدەنگییەکەی شکاند. گوتی" بەو پێیەی ئەمە دیارییەکە بۆ ئەتین، پێشنیار دەکەم کە بیبەینە ناو ترۆی و بیبەینە سەر قەڵاکەی نەخێر نەخێر! کاپیس هاوارێکی کرد، ئەتین بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوژمنی نەبینراو

لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٣ ئەدۆلف هیتلێر دەریاوان ویلهێلم کاناریسی تەمەن ٤٦ ساڵ وەک بەرپرسی ڕێکخراوی هەواڵگری نیزامی ئابوور (ABUR) لە سوپای نازی ئاڵمان دیاری کرا. هیتلێر بەم زوانە هێزە دیکتاتۆرەکانی تەمبێ کردبوو و چاوی لەسەر سەرکەوتنەکانی داهاتووی ئورووپا بوو ویستی کاناریس، ڕێکخراوی هەواڵگری نیزامی بکاتە دامەزراوەیەکی کاریگەر وەک دەزگایەکی هەواڵگری ئینگلستان کار بکا. دانانی کاناریس بۆ ئەو بەرپرسایەتیە کەمێک عەجایب بوو، چونکە ئەو کە ئەندامی حیزبی نازی نەبوو سەر بە چینی ئەشراف بوو، و هیچ کارێکی نیزامی دیار و بەرچاوی نەبوو بەڵام هیتلێر لە کاناریس‌دا سیفەتەکانی بەرپرسایەتی ڕێکخراوێکی سیخوڕی دەبینی. ئەو لەڕادەبەدەر فێڵباز، پڕ لە فێڵ و تەڵەکە و ناڕوون و دەیزانی چۆن کارەکانی بە ئەنجام بگەیەنێ. هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی پلەکەی خۆی بە قەرزداری هیتلێر دەزانی.

چەند ساڵ دواتر هیتلێر هۆکاری دانانی کاناریسی دۆزیەوە بۆ ئەوەی شانازی بە هەڵبژاردنەکەیەوە بکا. کاناریس ئابووری بە تەواوی سازماندەهی کرد و تۆڕە سیخوڕیەکانی لە سەرانسەری ئورووپا پەرەی پێدا، پاشان لە مانگی مەی [بانەمەڕ] ساڵی ١٩٤٠ زانیاری دەگمەن و ناوازەی بۆ هێرشێکی بروسکەئاسا بۆ سەر فەڕانسە و وڵاتانی خوارەوە [بلژیک و هلند] لە شەڕی جیهانی دووهەمدا بەدەست هێنا، بۆیە لە هاوینی ئەو ساڵەدا هیتلێر گرنگترین ئەرکی بە کاناریس سپارد واتە هەمان کۆکردنەوەی زانیاری بۆ عەمەلیاتی شێری دەریایی بۆ داگیرکردنی ئینگلستان بوو. دوای ئەو هێرشی بروسکەئاسا و جێگیرکردنی سوپای هاوپەیمانان لە دانکێرک، ئینگلستان بە ڕواڵەت زۆر لاواز دیار بوو و خستنەدەرەوەی ئەو وڵاتە لە شەڕ لە لیستی هیتلێردا لەو کاتەدا دڵنیایی سەرکەوتنی هیتلێری لە ئورووپادا مسۆگەر دەکرد.

لە هەر حاڵەتێکدا دوای چەند هەفتەیەک لە کارکردنی بەردەوام، کاناریس ڕاپۆرتی ڕەوانە کرد کە لە خەملاندنی ڕادەی سوپای ئینگلستان و هێزی ئاسمانی ئەو وڵاتە هەڵەیان کردووە. شێری دەریایی پێویستی بە سەرچاوەی زۆر زیاتر لەوەی کە پێشتر پێش‌بینی کرابوو، هەیە. ئەگەر هیتلێر بە خێرایی هێزی زیاتری ڕەوانە نەکردبوایە لەو بەرەیە پشێوی دروست دەبوو. ئەو هەواڵە بۆ هیتلێر زۆر نائومێدکەر و جێگەی دڵخۆشی نەبوو چونکە دەیهەویست بە گورزێکی خێرا ئینگلستان تێک بشکێنێ.

---

ماوەیەکی زۆر لایەنگری یۆنانیەکان بوو، یان دەبێ بە یەکجار بیسووتێنین یان بیشکێنین بۆ ئەوەی بزانین سکی چی تێدایە، بەڵام پریام ڕایگەیاند، تیمۆیتس ڕاست دەکات. ئێمە لەسەر ڕۆلەر دەیهێنینە ژوورەوە. با کەس مولْک و ماڵی ئەتین پیس نەکا. ئەسپەکە کە بەتەختەدار دروست کرابوو زۆر گەورە و چوار جار لە دەرگای قەڵا گیری کرد. پاشان ترۆجانەکان بە هەوڵێکی زۆرەوە بەرەو قەڵاکە ڕایانکێشا، بەڵام لانیکەم ڕێشوێنی خۆپارێزییان گرتەبەر بۆ چاککردنەوەی ئەو شکانەی لە پشتیەوە بوو.... لە نیوە شەودا، ئۆدیسێس فەرمانی بە ئیپیۆس کرد کە قوفڵی دەرگای تەڵەکە بکاتەوە.... ئێستا یۆنانیەکان بە بێدەنگی بە شەقامو کۆڵانەکان‌دا ڕژانە نێو خانووە بێ پاسەوانەکان، و لە کاتی خەوتن‌دا قوڕگی ترۆجانەکان ببڕن و قەتڵ‌وعامیان بکەن. ئەفسانەی یونانی، بەرگی یەکەم. ڕۆبێرت گڕاوز، ١٩٥٥.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهۆی ئەوەی چاوی لەسەر لەشکرکێشی بۆ سەر ڕووسیە بڕیبوو، ئامادە نەبوو هێزی زیاتر بۆ عەمەلیاتی شێری دەریایی تەرخان بکا یان ساڵانێکی زۆر بۆ سەرکوتکردنی ئینگلستان بەفیڕۆ بدا. ئەو کە متمانەی بە کاناریس هەبوو هێرشی پلان بۆ داڕێژراوەی بۆ سەر ئینگلستان لەبیر کرد.

هەر لەو هاوینەدا ژێنراڵ ئەلفرێد یوودێل گەڵاڵەیەکی زیرەکانەی بۆ وردکردنی ئینگلستان بە شێوازێکی دیکە داڕشت: بە کەڵک وەرگرتن لە ئیسپانیا وەک پێگەی عەمەلیات بۆسەر دوڕگەی "جبل‌طارق" کە لە ژێر دەستی بەریتانیادایە هێرش بکا و ڕێگا دەریاییەکانی ئینگلستان بە دەریای نێوەڕاست (مدیترانە) و کاناڵی سوئێز بۆ هێندستان کە بەرەو ڕۆژهەڵات دەچوو بپسێنێ و گورزێکی ترسناکی لە ئینگلستان بدا، بەڵام ئاڵمانییەکان ناچار بوون پێش ئەوەی ئینگلستان ئاگاداری ئەم هەڕەشەیە بێ بە خێرایی هەنگاو بنێن. هیتلێر کە جارێکی دیکە بەهۆی هێرشی ناڕاستەوخۆی بۆ سەر ئینگلستان ورووژابوو، داوای لە کاناریس کرد کە جارێکی دیکە بۆ ئەم گەڵاڵەیە لێکدانەوە بکاتەوە. بەرپرسی ئابوور چووە ئیسپانیا و هەلومەرجی هەڵسەنگاند و ڕاپۆرتی بە سەرەوە دایەوە و ئاماژەی بەوەشکرد لەو ساتەدا کە سوپای ئاڵمان دەچێتە نێو خاکی ئیسپانیاوە، ئینگلیزییەکان لەبارەی هێرشەکەوە دەزانن و "جبل‌طارق" سیستمێکی بەرگری ئاڵۆزی هەیە. هەروەها ئاڵمانییەکان پێویستیان بە هاوکاری فرانسیسکۆ فرانکۆ دیکتاتۆری ئیسپانیا بوو، کە کاناریس لەسەر ئەو باوەڕە بوو بە ڕادەی پێویست هاوکاری ناکا و بە کورتی "جبل‌طارق" بایەخی تاقیکردنەوەی نەبوو.

خەڵکێکی زۆر لە دەوروبەری هیتلێر بوون کە باوەڕیان وابوو داگیرکردنی "جبل‌طارق" کارێکە کە جیبەجێ دەکرێ و بە مانای سەرکەوتنی یەکجاری بەسەر ئینگلستان دا. ئەوان سەبارەت بە ڕاپۆرتی کاناریس شۆک لێی دابوون و گومانیان لەو زانیاریانە بوو کە لە کاتی کارەکەیدا پێشکەشی کردبوو. زاتی سەگێتی ئەو - ئەو ڕاستییەی کە بە دەگمەن قسەی دەکرد کەس نەیدەتوانی مێشکی بخوێنێتەوە – بەجۆرێک هەڵس‌وکەوتی دەکرد کەسانی دیکە گومانی لێ بکەن. هیتلێر گوێی لە قسەکانی ئەوانی دیکە گرت، بەڵام دوودڵ بوو، ئەو کۆبووبوونەوەی لەگەڵ فرانکۆ ئەنجامی دەدا هەموو قسەکانی کاناریس‌یان پەسەند دەکرد. فرانکۆ کەسێکی زۆر سەرسەخت و داواکاری گەمژانەی دەکرد و مامەڵەکردنی لەگەڵ ئیسپانیا ئەستەم و ئاڵۆز بوو. بۆیەش هیتلێر بەخێرایی مەیلی لە نەخشەی "جبل‌طارق" لەدەست دا.

لە ساڵانی دواتردا دەسەڵاتدارانی ئاڵمان گومانیان لە دڵسۆزی کانالیس بۆ ڕایشی سێهەم هەبوو، بەڵام کەس نەیدەتوانی بەڵگەنامەیەک لە دژی ناوبراو بدۆزیتەوە. لە لایەکی دیکەوە هیتلێر باوڕی قووڵی بە بەرپرسی ئابوور، کانالیس هەبوو و ئەوی بۆ مەئمورییەتی گرنگی نهێنییە سەرەکییەکان ڕەوانە دەکرد. یەکێک لەو ئەرکانە لە هاوینی ساڵی ١٩٤٣دا پێی درا. ئەو کاتەی مارشال پیترۆ بادوگیلیو فەرماندەی ئەرکانی پێشووی سوپای ئیتالیا "بنیتومۆسۆلینی" دیکتاتۆری ئیتالیا و دڵسۆزترین هاوپەیمانی هیتلێری ئەسیر کردبوو. ئاڵمانییەکان ترسیان لەوە هەبوو کە مەبادا بادوگیلیو لەگەڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژێنراڵ "دوایت دی ئایزنهاوەر" بۆ تەسلیم بوونی ئیتالیا وتووێژی نهێنی بکا چونکە ئەو کارە زەبرێکی قورس لە زلهێزەکانی مێحوەر دەدا و ئەوەندە بەس بوو بۆ هیتلێر کە دڵنیا بێ و بە ناردنی سوپایەک بۆ ڕۆم و گرتنی بادوگیلیو و داگیرکردنی پایتەخت، ڕێگری لەو کارە بکا بەڵام ئایە ئەو کارە پێویست بوو؟

سوپای هیتلێر لە هەموو شوێنێک پێویست بوو، بۆیە هیتلێر کاناریسی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەگەری تەسلیم بوونی ئیتالیا ڕەوانە کرد. ناوبراو لەگەڵ هاوتای خۆی لە حکومەتی ئیتاڵیا ژێنراڵ "سیزار ئیم" کۆ بووەوە و دواتر کۆبوونەوەی نێوان ئەندامانی پلە بەرزەکانی دەزگای هەواڵگریی دوو وڵات ئەنجام درا. لەو کۆبوونەوەیەدا سیزار ئیم هاوڕا لەگەڵ ئاڵمان هەر بڕیارێکی بادوگیلیوی بۆ خیانەتکردن لەو وڵاتە ڕەتکردەوە و وا خۆی نیشان دا کە بە پێچەوانەی مارشاڵ بۆ ئەم بزووتنەوەیە زۆر دڵسۆزە و قسەکانی لە ڕاست دەچوون. هەر لەبەر ئەو هۆکارە هیتلێر ئیتالیای وێڵ کرد. چەند هەفتە دواتر بادوگیلیو خۆی تەسلیمی ئایزنهاوەر کرد و ناوگانی بەنرخی ئیتالیا کەوتە دەستی هاوپەیمانان. ئایە کەناریس فریودرابوو یان فریودەر بوو؟

ژێنراڵ واڵتێر شێلنبێرگ بەرپرسی لقی زانیاری نیزامی ئابوور، دەستی بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ناکامی بادوگیلیو کرد و دوو نەفەری لە دەزگای زانیاری ئیم پەیدا کرد کە گوێیان لە قسەکانی کاناریسی لەگەڵ بەرپرسەکەی خۆی بوو. ئەوان ڕاپۆرتیان دا کە کاناریس ئاگاداری نیازی بادوگیلیو بۆ تەسلیم بوون بە ئایزنهاوەر بووە بەڵام هاوکاری ئیم بە دژی هیتلێری کردووە. بە دڵنیاییەوە ئەمجارە بەرپرسی ئابوور پەتەی کەوتە سەرئاو، واتە شتەکانی ئاشکرا و دەبوو تاوانەکەی بە ژیانی خۆی بداتەوە. شێلنبێرگ یەک پەروەندەی لێوانلێو لەکردەوەکانی دیکەی کاناریس کۆ کردبووەوە کە زیاتر لێی دڕدۆنگ بوون. ئەو پەروەندەکەی پێشانی "هاینریش هیملر" بەرپرسی ئێس ئێس (s s) دا و داوای لە ژێردەستەکەی کرد بێدەنگ بێ و پەروەندەکەی پێ بدا تا لەکاتی گونجاودا نیشانی هیتلێری بدا، بەڵام چەند مانگێک تێپەڕی و هیچ هەواڵێک لەهەوڵی هیملر لە دژی کاناریس نەبوو، تەنیا بە پێدانی ئیمتیازی زۆر کاناریس خانەنشێن کرا.

دوای ماوەیەکی کەم لە خانەنشینی کاناریس، یادداشتەکانی کەوتنە دەستی ئێس ئێس. ئەو یادداشتانە دەریانخست کە کاناریس هەر لە سەرەتای پلەی خۆیەوە وەک پۆستی بەرپرسایەتی ئابوور نەخشەی دژی هیتلێر داڕشتووە و تەنانەت پلانی تیرۆرکردنیشی داڕشتووە، کە دواتر چاوپۆشی لێکردووە. کاناریس لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٥ [خاکەلێوەی ١٣٢٤] ڕەوانەی ئۆردوگای مەرگ کراو و لەوێ ئەشکەنجە و ئێعدام کرا.

**لێکدانەوە**

ویلهێلم کاناریس پیاوێکی محافیزەکار و نیشتمانپەروەر بوو. لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی حیزبی نازی بۆ سەر کورسی ئەو بەو باوەڕە گەیشت کە هیتلێر ئاڵمانی خۆشەویستی ئەو، بەرەو لە نێو چوون دەبات. بەڵام دەیتوانی چی بکات؟ ئەو تەنیا کەسێک بوو، ئەگەر دەنگی بەرز کردبوایە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

متمانەی خۆی لەدەست دەدا و مەرگ چاوەڕوانی دەکرد. کاناریس تەنیا بیری لە ئاکام دەکردەوە. هەر بۆیە بەبێدەنگی دانیشت تا بەرپرسایەتی ئابووریان پێدا و ئەو دەرفەتەی لەدەست نەدا. لە پێشدا تەسلیمی هەلومەرج بوو تاکوو لە ئابوور متمانەیەکی زۆر بەدەست بێنێ، بۆ ئەوەی لە کاروباری نێوخۆیی ئەم سازمانە نهێنییە شارەزا بێ. هاوکات دەستەیەک لە پیلانگێرانی سازماندەهی کرد کە لەگەڵ خۆی هاوبیر بوون، یەکێک لەو کەسانە شوارز کاپلە بوو کە چەندین نەخشەی بۆ تیرۆری هیتلێر کێشا. کاناریس پێگەیەکی کە لە ئابوور هەیبوو دەیتوانی بەربەستی لێکۆڵینەوە لە شوارز کاپلە بکات. هەروەها زانیاری لەسەر پیسترین ڕازەکانی نازییە پلە باڵاکانی وەک هیملێر کۆ کردەوە و ئاگاداری کردنەوە کە هەر جۆرە جووڵەیەک لە دژی ئەو، ڕێسواییەکی لێدەکەوێتەوە کە ئەوان خراپ و وێرانیان دەکا.

کاناریس کە بۆ عەمەلیاتی شێری دەریایی {(شیرآبی)، پێشتر شێری دەریایی نووسراوە، ڕەنگە وەرگێری فارسی لەبیری نەبێ یان سەرنجی نەدابێ لێرە شیر آبی هێناوە.} دەست نیشان کرابوو بە شێوەیەک زانیارییەکانی دەستکاری کرد کە ئینگلستان ملکەچتر لە ڕاستی دەرکەوێ. لە عەمەلیاتی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە "جبل‌طارق" بە نهێنی بە ئیسپانیای گوتبوو ئەگەر ڕێگە بدا ئاڵمان لە وڵاتەکەی کەڵک وەرگرێ دەبێ چاوەڕێی بەڵاو و کارەساتێکی گەورە بکا، چونکە ئاڵمان هەرگیز خاکی ئیسپانیا بەجێ ناهێڵێ و ڕەفتاری سەرسەختانەی فرانکۆ لەگەڵ هیتلێر، ئاکامی ئەو گفتوگۆ نهێنیانە بووە. لە هەر دوو ئەم حاڵەتەدا کاناریس بێ‌تاقەتی هیتلێری بۆ سەرکەوتنی خێرا و ئاسان قۆستەوە بۆ ئەوەی لە هێرشکردن پاشگەز بێتەوە. سەرەنجام لە بارەی بادوگیلیودا دەرکی بە خاڵی لاوازی هیتلێر کرد، واتە پەرۆشییەکی زێدەرۆیانە لە وەفاداری ئەوانی دیکە، و ئیمی فێر کرد کە چۆن سوود لە خاڵی لاوازیی هیتلێر وەربگرێ و نمایشێک لە پابەندبوونی ئیتالیا بە بزووتنەوەی هێزی مێحور نیشان بدات. ئاکامی کارەکانی کاناریس زۆر سەرسوڕهێنەر بوو: پیاوێک کە بۆ ڕزگاری ئینگلستان، ئیسپانیا و ئیتالیا لەو بەڵا گەورەیە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا و شەپۆلی شەڕی بە شێوەیەکی جیددی گۆڕی. سەرچاوەکانی ماشێنی شەڕ لە ئاڵمان بە کردەوە لە دەستی کاناریس‌دابوو و ئەویش هەوڵی لەنێوبردنی هەموویان دەدا.

وەک چیرۆکی کاناریس نیشانی دەدا ئەگەر شتێک هەیە کە دەتهەوێ خراپی بکەن یان شەڕی لەگەڵ بکەن، باشترین کار ئەوەیە کە ئارەزووی دەروونی خۆت بۆ نیشاندانی دوژمنایەتی و نیەتی دەرونی، سەرکوت بکەن و ڕێگا بە کەسانی دیکە نەدەی بیروڕاکانت بزانن. کاتێک مەبەستەکانی خۆتان ئاشکرا دەکەن لەوانەیە هەست بە ئاسوودەیی بکەن بەڵام بە تایبەتی ئەگەر دوژمنەکەت بەهێز بێ، ئیتر هێزی لەنێوبردنت نامێنێ.

لەبری ئەوە، ستراتیژی کۆتایی خۆنمایشکردن بەکار بێنە، خۆتان بە لایەنگریی دوژمن نیشان بدەن و بچۆە نێو هەناویەوە. لەو کاتەدا دەتوانی زانیاری بەنرخ بەدەست بێنی، بۆ نموونە خاڵە لاوازەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمن بۆ هێرش بزانیت و بەڵگە بۆ لەنێوبردنی کۆ بکەیەوە. لەم حاڵەتەدا، مانۆڕی ورد و ژیرانە وەک پێدانی زانیاری ناڕاست یان ناچارکردنی بۆ کردەوەی خۆوێرانکەر، دەتوانێ کاریگەری بەربڵاوی هەبێ و زیانێکی زۆر قورستر لە هێرشی دەرەکی دروست بکا. لەو ستراتیژییەدا، هێزی دوژمن چەکێکە کە لە دەستی ئێوەدایە و دەتوانی لە دژی خۆی بەکاری بێنی، بە خەیاڵکردنی ئەو ڕاستییەی کە لایەنگرێکی دڵسۆز یان دۆستێکی نزیک دەتوانێ بە نهێنی ڕۆڵی دوژمن بگێڕێ. هەر لەبەر ئەم هۆکارە بەبێ ئەوەی دوژمن بزانێ دەتوانی بە ئاسانی مەبەستی دوژمنکارانەی خۆت جێبەجێ بکەی. کاتێک دوژمنەکەتان پلانی تۆ نازانن هیچ بەربەستێک لەبەردەم هێزی ڕووخێنەری ژێر ڕکێفتاندا نییە.

تای کۆنگ، لە شەش فێرکاری نهێنی دا دەڵێ: "*دژی هەستی دەروونی خۆتان قسە بکەن، بەڕێزەوە گوێ بگرن، دەستووراتی دوژمن جێبەجێ بکەن و هەموو شتێک بە پێی ئارەزووی ئەو ئەنجام بدەن. هەرگیز بە خەیاڵیدا نایەت کە ئێوە دژایەتی بکەن، پاشان پلانە خیانەتکارەکانتان جێبەجێ بکەن.*"

### داگیرکردنی دۆستانە

لە هاوینی ساڵی ١٩٢٩دا ئەندرێ بریتۆن ڕێبەری ٣٣ ساڵەی بزووتنەوەی سوررئالیستی ئاوانگارد[١]ی پاریس نمایشێکی تایبەتی فیلمێکی بە ناوی سەگی ئەندەلۆسی بینی. دەرهێنەری فیلم یەکێک بوو لە ئەندامانی ئیسپانیایی گرووپێک بە نێوی لوئیس بونۆئێل بوو. لە یەکەمین دیمەنی فیلمەکەدا پیاوێک بە چەقۆ چاوی ژنێک دەکۆڵێ. بریتۆن ئەو فیلمەی بە یەکەمین فیلمی سوررئالیستی ناوبرد. یەکێک لە هۆکارەکانی کە فیلمی سەگی ئەندەلۆسی ورووژاندنێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، ئامادەبوونی هونەرمەندێکی نوێ بە نێوی سالوادۆر دالی هاوڕێ و هاوکاری بونۆئێل بوو. بونۆئێل قسەی سەبارەت بە هاوکارە ئیسپانیاییەکەی و تابلۆکانی لەگەڵ بریتۆن کرد و بەرهەمەکانی و کەسایەتییەکەی بە نامۆ و سوررئالیست ناوبرد. هێندێکی دیکە دەسبەجێ باسیان لە دالی کرد و باسی شێوازی سوررئالیستی ئەویان دەکرد. دەیانگوت دالی بەرهەمەکانی هەموو پڕە لە خەون و بەبێ گوێدانە ناوەڕۆکی تابلۆکان، بە شێوەیەکی نەست هەڵسوکەوتی کردووە. دالی هێشتا لە ئیسپانیا دەژیا، بەڵام بریتۆن لەناکاو ناوی دالی لە هەموو شوێنێک دەبینی. پاشان لە مانگی نوامبر [خەزەڵوەر] ساڵی ١٩٢٩ دالی تەمەن ٢٥ ساڵ یەکەم پێشانگای گەورەی خۆی لە گالری پاریس دانا و بریتۆنیش بە بینینی ئەو کارە تووشی شۆک و حەپەسان بوو. ئەو سەبارەت بەم پێشانگایە نووسیویەتی: "بۆ یەکەمجار پەنجەرەی زەینی بە باشی کرانەوە."

---

١. آوانگارد، بە واتای پێشەنگ، بەندە بە قوتابخانەی هونەری مۆدێرن و غیری‌سوننەتی، وشەی "آوانگارد" لە زمانی فەڕانسەوی‌دا بە واتای پێشکەوتن لەوانی دیکە دێت. ئەم دەستەواژەیە بۆ یەکەمجار لە سەدەی بیستەمدا بەکارهاتووە دەربارەی کۆمەڵێک هونەرمەند و نووسەری ڕووسی کە هەوڵیان دەدا پێشکەوتنی نوێ لە بواری هونەر و ئەدەبیدا بەدی بێنن و هونەری ئاسایی و پەسەندکراوی سەردەمی خۆیان تێپەڕێنن. و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٢٠ بۆ بریتۆن قۆناغێکی سەخت و جیاواز بوو، ئەو بزووتنەوەیەی کە نزیکەی پێنج ساڵ پێشتر دایمەزراندبوو تووشی وەستان هاتبوو و ئەندامەکانی لەسەر دۆزە ئیدئۆلۆژییەکان کەمتەرخەم بوون، بەشێوەیەک کە بریتۆن زۆر نائومێد بوو. لە ڕاستیدا سوررئالیسم لەلێواری لەنێوچوون دا بوو. ڕەنگە دالی بتوانێ خوێنی تازە بەدەمارەکانی کە پێویستی پێیەتی ببەخشێ، هونەر و بیرۆکەکانی و کارەکتەری وروژێنەری لەوانەیە سوررئالیسم زیندوو بکاتەوە. بریتۆن بە هەموو زەینییەتەوە کە هەیبوو دالی بۆ ئەو بزووتنەوە بانگهێشت کرد و ئەو پیاوە ئیسپانیاییە بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی کرد و ڕووی لە پاریس کرد لەوێ تواناکانی خۆی سەلماند.

بۆ چەند ساڵی دواتر وا دیار بوو ستراتیژی بریتۆن کارامەیی خۆی نیشان دا و تابلۆ و نیگارکێشی ئابڕووبەرانەی دالی لەسەر زمانی خەڵکی پاریس بوون و پێشانگەکانی ئاژاوەی لێکەوتەوە. لەناکاو هەموو شتێك دیسان بەرەو سوررئالیسم ڕۆیشت و تەنانەت هونەرمەندە گەنجەکانیش ڕوویان تێ‌کرد، بەڵام ساڵی ١٩٣٣ بریتۆن وردە وردە لەوەی کە داڵی بانگهێشت کردبوو پەشیمان بووەوە. ئەو هێندێک نامەی لەلایەن ئەو پیاوە ئیسپانیاییە پێگەیشت کە عەلاقەی زۆری بە هیتلێر وەک سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخشی پارانۆیایی دەر بڕیبوو. دالی هەستی بەوە دەکرد تەنیا سوررئالیستەکان دەتوانن سەبارەت بە هیتلێر بە وردی تەواوەوە شت بنووسن، ئەو تەنانەت لەبارەی تاوانە سێکسییەکانی هیتلێر بابەتی نووسی. کاتێک هەواڵی سۆز و خۆشەویستی دالی بۆ هیتلێری نازی لەبزووتنەوەکەدا بڵاو بووەوە مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوە. زۆرێک لە سوررئالیستەکان مەیلی کۆمۆنیستی‌یان هەبوو و لە بیرۆکەکانی ئەو هونەرمەندە ئیسپانیاییە بێزار بوون. دالی بارودۆخی خراپتر کرد و شتەکەی بردە لووتکە و لە یەکێک لە تابلۆ گەورەکانیدا وێنەیەکی لینینی بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە کێشایەوە، بە جۆرێک کە لاسمتێکی گەورەتر کێشایەوە، زۆرێک لە ئەندامانی گرووپی ستایشی لنین‌یان دەکرد ئایە دالی ئاگاهانە ئاژاوەگێڕی دەنایەوە؟ دوای ئەوەی بریتۆن بە دالی گوت کە خۆشی لەو وێنانە نایە، وێنەی گاڵتەجاڕانەی زیاتر لە کارەکانی دالی‌دا دەرکەوت.[١]

---

١. [ئەو پراوێزەی واپێدەچێ زەرەری بۆ پەز هەبێ، لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی وەرنەگێردراوە هەردوو جگەرگۆشەی خۆشەویست بەیان و موکریان لە ئینگلیزییەوە کردیانە کوردی،و.]

حەسەن سەباح [ڕێبەری ئیسماعیلی‌یەکانی نیزاری] بە درێژایی گەشتە شۆڕشگێڕی و تەبلیغییەکانی، بەدوای قەڵایەکی داگیرنەکراودا دەگەڕا کە لەوێیەوە خۆڕاگری خۆی بەرامبەر بە ئیمپراتۆری سەلجوقییەکان بەڕێوە ببا. لە نزیکەی ساڵی ١٠٨٨دا، دواجار قەڵای ئەلەموتی هەڵبژارد، کە لەسەر ڕیزێکی تەسک لەسەر بەردێکی بەرز لە دڵی شاخەکانی ئەلبورزدا لە ناوچەیەکدا بە شێوەی وشترێکی نوستوو دروستکرابوو کە بە ڕوودبار ناسراوە. قەڵاکە زاڵ بوو بەسەر دۆڵی کشتوکاڵی داخراودا کە درێژییەکەی ٥٠ کیلومیتر بوو و پانتایی ٥ کیلومیتر بوو، کە نزیکەی ٢١٦٠ میتر لە ئاستی دەریاوە بەرز بوو. چەندین گوند لە دۆڵێک‌دا جێگیر بوون و دانیشتووانی بە تایبەتی بۆ تەقوای زاهیدانەی حەسەن سەباح پێشوازییان کرد. قەڵاکە تەنیا بە سەختیترین شێوە لە ڕێگەی کانییەکی تەسکی ڕووباری ئەلەموتەوە بە قەڵا دەگەیشت.... حەسەن ستراتیژییەکی وردی بۆ دەست بەسەرداگرتنی قەڵاکە بەکار هێنا، کە قەڵاکە لەلایەن سوڵتانی سەلجوقی مەلیکشا بەخشرابوو بە خاوەنی ئێستای شیعە کە ناوی مەهدی بوو. سەرەتا حەسەن دوعاکەرێکی جێی متمانەپێکراوی خۆی حوسێن قاینی و دوو کەسی دیکەی بۆ ئەوەی دڵی موسڵمانەکان لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٤ بریتۆن نەیتوانی زیاتر تاقەت بێنێ و بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە کە لەلایەن چەند ئەندامێکی هاوبەشەوە واژۆ کرابوو کە دەنگیان بە دەرکردنی دالی لە گرووپی سوررئالیستی دابوو. بەو پێیە بزووتنەوە لە نێوەڕاستەوە دابەش کرا، دالی هەم لایەنگر و هەم دژبەریشی هەبوو. لە کۆتاییدا کۆبوونەوەیەک بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پرسە گیرا. دالی تا(تب) و ئازاری قوڕگی هەبوو. لەکاتێکدا لباسی زۆری لەسەریەک لەبەر کردبوو و گەرماپێوێک (درجە تب) لە نێو دەمیدا بوو، خۆی بە نێو کۆبوونەوە داکرد. کاتێک بریتۆن هاتە ژووری کۆبوونەوە و هۆکارەکانی دەرکردنی دالی دەختەڕوو، دالی دەستی کرد بە دانانی لباسی سەرەوە و چاکەت و بلووزەکەی دەرهێنا و هەوڵیدا پلەی گەرمی خۆی دابەزێنی. بەهۆی ئەوکارە، بۆ ئەندامانی بەشداربوو زەحمەت بوو کە گرنگی بە بریتۆن بدەن.

لە کۆتاییدا داوا لە دالی کرا وەڵام بداتەوە. ئەو لە کاتێکدا پێوەرێکی گەرماپێوی لە دەمیدا ڕاگرتبوو و نەیدەتوانی هێندێک وشە بە باشی بڵێتەوە، گوتی: "من لەسەر بنەمای خەونەکانم هەم هیتلێر و هەم لینینم وێنا کرد، سمتی گەورەی لینین کوفر و تەوهین نەبوون، بەڵکوو بەڵگەی گەشەی سوررئالیزم بوو." ئەندامانی گرووپەکە بەو قسانەی دالی سەریان سوڕمابوو، دالی دانیشتنەکەیانی کردبووە جۆرێک لە نمایشی سوررئالیستی، ئەو ئازادییەی ئەوان خوڵقێنەری بوون گاڵتەی پێدەکرد و هەروەها ئازادی کردەوەی بە قەرزداری کارەکانی خۆی دەزانی. بەمجۆرە ئەوانی وەپێکەنین هێنا. ئێستا بڕیاری دەرکردن بە واتای پشت ڕاستکردنەوەی هەموو ئەو تۆمەتانە بوو کە ئاراستەی کردبوون، بۆیە بڕیاریان دا بە تەنیا بە جێی بێڵن، بەڵام دوای کۆبوونەوەکە ڕوون بووەوە کە بزووتنەوەی سوررئالیستی پێشتر لێک هەڵوەشاوەتەوە.

لە کۆتایی ئەو ساڵەدا دالی ڕووی لە نیویۆرک کرد و گوم بوو. هەواڵ بۆ پاریس هاتەوە کە جیهانی هونەری لە ئەمریکادا بە تەواوی داگیر کردووە و وایکردووە سوررئالیسم ببێتە گەرمترین بزووتنەوە لە جیهاندا. چەند ساڵ دواتر لە ڕاستیدا دوای کۆچی بۆ ئەمریکا، وینەی لەسەر گۆڤاری تایم چاپکرا. ناوبانگی ئەو لە نیویۆرکەوە بۆ سەرانسەری جیهان بڵاو بووەوە. هاوکات سوررئالیستەکان خۆیان بە تەواوی لە چاوی گشتی حەشاردا و لەلایەن بزووتنەوە هونەرییەکانی دیکەوە پەراوێزخران و جێگایان گرتەوە. لە ساڵی ١٩٣٩دا، بریتۆن کە لە کۆنترۆڵ نەکردنی دالی بەتەواوی بێزار بوو، ئەو هونەرمەندە ئیسپانیاییەکەی لە گرووپەکەدا قت کرد، بەڵام ئێستا بوون و نەبوونی ئەو زۆر گرنگی نەبوو. دالی خۆی بووە هاوواتای سوررئالیسم و تەنانەت دوای مردنی ئەو بزووتنەوەیە لە بیرەوەرییەکاندا بە

---

گوندەکانی دەوروبەر بەدەست بێنن. دواتر زۆرێک لە دانیشتووان و سەربازانی قەڵای ئەلەموت بە نهێنی بۆ ئیسماعیلیزم گۆڕدران. پاشان لە مانگی سپتامبر [خەرمانان] ساڵی ١٠٩٠دا، حەسەن خۆی بە نهێنی بە قاچاخ خۆی خزاندە نێو قەڵاکە. کاتێک مەهدی زانی کە حەسەن لە ڕاستیدا بە هێمنی دەستی بەسەر قەڵاکەیدا گرتووە، بە بێ دەنگی ئەوێی بەجێهێشت.
تمپلارها و قاتلان، جیمز واسرمن، ٢٠٠١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیندووی مایەوە.

**لێکدانەوە**

سالوادۆر دالی پیاوێکی زۆر جیددی بوو. تێبینی و یادداشتەکانی دەری دەخەن کە بۆ گەیشتن بە خواستەکانی ستراتیژێکی هەبووە. سەرەتای ژیانی پیشەیی لە ئیسپانیا بەفیڕۆدانی بەهرەکانی بوو و زۆر باش دەیزانی کە داگیرگرتنی جیهانی هونەری پاریس، کە ناوەندی هونەری مۆدێرنە، بۆ گەیشتن بە لووتکەی ناوبانگ پێویستە و ئەگەر بیهەوێ لە پاریس بدرەوشێتەوە دەبێ نێوی ئەو بە بزووتنەوەیەک بەستراوە بێ بۆ ئەوەی شێوازی ئاوانگاردی خۆی نیشان بدا و ببێتە هۆی خۆشەویستی و ناوبانگی. بەهۆی سروشتی کارەکەی و میتۆدی ڕەخنەی ترس و خۆفی ئەو، پێدەچوو سورڕئالیسم تەنیا هەڵبژاردەی لۆژیکی بێ. بێگومان یەکێک لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی ئەم هەڵبژاردنە ئەوە بوو کە هاوڕێکەی بونوئێل ئەندامی ئەم گرووپە بووە. ئەو دەیتوانی لە ڕێگەی ئەو کەسەوە لە هەموو پاریس خۆی بناسێنێ و پاشان ڕاستەوخۆ خۆی بە بریتۆن بناسێنێ. لە ڕاستیدا دالی هەر جۆرە گرووپێکی سازماندراوی بە درک دەزانی و ڕقی لە بریتۆنیش بوو، بەڵام لەوکاتەدا پێویستی بە هەردووکیان بوو. بە کاریگەری دانان لەسەر کەسانی دیکە و ناساندنی خۆی وەک کەسێکی سورڕئالیست، زیرەکانە کارێکی کرد کە بریتۆن بانگهێشتی گرووپەکەی کرد.

ئێستا دالی وەک سورڕئالیستێکی ڕاستەقینە و ئەندامێکی فەرمی دەیتوانی درێژە بە شەڕی فریودەرانەی خۆی بدا. سەرەتا خۆی وەک ئەندامێکی دڵسۆز نیشان دا و بۆ چەندین ساڵ لە نیگارکێشی و تابلۆ نارەزایەتییەکانیدا لە پاریس ناوبانگی خۆی دەرکرد. سورڕئالیستەکان لە بەر ئەوەی دالی ژیانێکی نوێی بە قوتابخانەکەیان بەخشیبوو، خوشحال بوون، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو لە ناوبانگ و حوزووری ئەوان بۆ پێش‌خستنی پیشەکەی کەڵکی وەردەگرت. کاتێک لەناوبانگی خۆی دڵنیا بوو، بڕیاریدا گرووپەکە لە دەروونەوە هەڵتەکێنێ. هەرچەندی سورڕئالیست لە دەروونەوە لاوازتر بوایە، باشتر دەیتوانی بەسەریاندا زاڵ بێ. دالی بە ئاگاهانە ڕوخساری هیتلێر و لینینی لە تابلۆکانیدا نمایش دەکرد چونکە دەیزانی زۆرێک لە ئەندامان توڕە دەکات. ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خۆسەپێنەکانی بریتۆن ڕوون بێتەوە و کەلێنێکی قووڵ لە نێوان ئەندامەکاندا دروست بکا. نمایشی سەرنجڕاکێشی دالی لە کۆبوونەوەکەدا شاکارێکی دیکەیی سورڕئالیستی ئەو بوو و زەربەیەکی بەهێزی لە یەکێتی گرووپەکە دا. سەرەنجام کاتێک کە ئەم کوتلەیە هەڵوەشایەوە، ئەو بۆ تەواوکردنی کەمپینەکەی ڕووی لە نیویورک کرد. ناوبراو کە بەفریودەرانە نێوی خۆی لە نێو باوەڕدارانی سورڕئالیستدا تۆمار کرد، لە مێژوودا وەک یەکێک لە بەناوبانگترین ئەندامانی ئەو قوتابخانەیە و تەنانەت لە بەریتۆن بەناوبانگتر تۆمار کرا.

دیتنەوەی ڕێگەی گونجاو لەو جیهاندا بە تەنیا سەختە و هاوپەیمانییەکان دەتوانن یارمەتی ئێوە بن، بەڵام زەحمەتە کەسانی گونجاو بدۆزیەوە، کە ئامادەبن پشتگیریت بکەن، چونکە ئەو پشتگیرییە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ئەوان سوودی نییە. ژیرانەترین ستراتیژی ئەوەیە کە بەشداری لە گرووپێکدا بکەی کە بەباشترین شێوە بتوانێ خزمەت بە بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی ئێوە بکا، یان ئەوەی کە تۆ هەستێکی دانەبڕاوت بەوان بێ. لەبری ئەوەی لە دەرەوە هەوڵی داگیرکردنی ئەم گرووپە بدەی، ڕێگەی خۆتان بۆ نێو گرووپەکە بدۆزنەوە. وەک کەسێکی نێوخۆیی دەتوانی زانیاری بەنرخ سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی ئەوان، بە تایبەتی دەربارەی دووڕوویی و خاڵی لاوازی ئەندامەکانیان کۆ بکەنەوە. ئەو زانیارییە یارمەتیت دەکا کە بتوانی بەکاری بێنی بۆ ئەنجامدانی شەڕی فێڵبازانەی نێو ڕێکخراوەیی و لە نێوەوە دەتوانی دووبەرەکی بنێوە و فەرمانڕەوایی بکەن.

لەبیرت بێ: سوودی تۆ لێرەدا ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەندامەکانی دیکە، هیچ وابەستەبوونێکی هەستیاریت بە گرووپەکەوە نییە. تۆ تەنیا پەیوەندیت بۆ خۆتەوە هەیە. ئەوەش ئەو ئازادیەت پێ دەبەخشێ کە مانۆڕی وێرانکەر لێ بدەن و دوژمن لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە، لە خۆتان دوور بخەنەوە.

سالوادور دالی دەڵێ: *ئەگەر دەتانەوێ بۆ سەرکەوتنی تەواوی تاکخوازیی خۆتان شەڕێک بنێنەوە، دەبێ بەردەوام و بێوەستان کەسانێک بڕووخێنن و بشکێنن کەوا زیاترین هاوسۆزی و نزیکییان لەگەڵ ئێوەدا هەیە."*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

باوترین شێوەی بەرگری لە شەڕی نەریتی و کۆندا، قەڵای نیزامی یان شاری دیوارچن بوو و فەرماندە نیزامییەکان بۆ چەندین سەدە بەدوای ستراتیژییەکدا بۆ گرتنی ئەو جۆرە پێکهاتەیە دەگەڕان. قەڵای نیزامی کێشەیەکی سادەی بوو: بەشێوەیەک داڕێژرابوو کە نەدەکرا بچیە ژوورەوە و تێپەڕین بە دەرگا و دیوارەکانیدا زۆر سەخت بوو. هیچ سوپایەک ئامادە نەبوو ئەم کارە بکا مەگەر ڕێوشوێنە نیزامییەکانی دەست ڕاگەیشتن بۆ چوونە ژوورەوەیان بە پێویست و زەرووری زانیبا. ستراتیژی ئاسایی لەبەرامبەر قەڵایەکدا بریتی بوو لە چوونە نێو دیوارەکانی و بەکارهێنانی کەرەستەکانی دیواربڕ، قەڵاکوت و گەمارۆدان کەڵك وەرگرن. زۆرجار ئەم کارە پێویستی بە کۆکردنەوەی هێز و گەمارۆدانی بە خەندەق و پێگەلێدان بۆ گەمارۆدران بوو. ئەم ڕێوشوێنانە بۆ ڕێگریکردن لە چوونە ژوورەوەی خۆراک و هێزی یارمەتیدەر بۆ ناو قەڵاکە بوو. لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوە بوو کە بەرگریکارانی نێو قەڵاکە نەتوانن بێنە دەرەوە. بەم شێوەیە ئەوانەی لەنێو شار یان قەڵادا گیریان خواردبوو، وردە وردە لە برسێتی لاواز دەبوون و نفووزکردن بۆ نێو شار یان قەڵاکە جێبەجێ دەکرا. ئەم شێوازە داگیرکردنە زۆر درێژخایەن بوو و تێچووی زۆری دەویست.

بەدرێژایی سەدەکان هێندێک ستراتیژیستی شارەزا و چاوکراوە ڕێگەیەکی جیاوازیان بۆ ڕووخاندنی دیوارەکان دۆزیەوە. ستراتیژی ئەوان لەسەر بنەمای گریمانەی نەگۆڕ بوو. هێزی ڕواڵەتی قەڵا وەهمێکە، چونکە لە پشت دیوارەکانەوە کەسانێک هەن بە ترس و نائومێدیەوە گیریان خواردووە.

ڕێبەرانی شار هیچ بژاردەیەکی دیکەیان نییە و تەنیا پشت بە بەهێزی دیوارەکان و تەلارسازییەکەی دەبەستن. گەمارۆدانی بەو مانایەیە کە دەربارەی هێزی ڕواڵەتی قەڵاکە هەڵەت کردووە. ئەگەر دیوارەکان خاڵی لاوازیان ببێ و دایان شاردبێ، ستراتیژی گونجاو ئەوەیە کە بە دیوارەکاندا تێپەڕی و خاڵە لاوازەکانی وەک ئامانج لەبەرچاو بگری. ئەو کارە پێویستە بە هەڵکەندنی نهێنی تونێلی ژێر زەوی ئەنجام بدرێ کە ئەوەش ستراتیژی دیکەی ئاسایی پێ دەگوتری. ڕێگای باشتر ئەوەیە کە نفووز بکەیە نێو خەڵکی قەڵاکە و لەسەر دانیشتووانی ناڕازی کار بکەی. ئەم کارە "بەرەی کراوەی نێوخۆیی" (جبهه باز درونی) پێ دەگوترێ. واتە دۆزینەوەی گرووپێک لەنێو شار یان قەڵا کە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ناڕازیبوونی بەنێوی تۆوە بدەن و لەپێناو قازانجی تۆ خیانەت بە شاری خۆیان دەکەن و چیتر پێویستی بە گەمارۆدانی شار بۆ ماوەیەکی درێژ نیە.

لە کۆتایی مانگی یەکی ساڵی ١٩٦٨ ویتنامییەکانی باکوور هێرشی بەناوبانگی تێت‌یان بۆ سەر سوپای ویتنامی باشوور و ئەمریکا دەست پێکرد. لەنێو ئامانجەکانیاندا شاری "هوئە" بوو کە پایتەختی کۆنی ویتنام و شارێکی گرنگی گەورەی ئایینی بۆ خەڵکی ویتنام بوو. لە ناوەندی شاری هوئەدا قەڵایەکی گەورە هەیە کە "ئەرەک"ی پێ دەگوترێ و لەنێو قەڵاکەدا کۆمەڵگەی کۆشکی ئیمپراتۆری هەیە کە دڵ و ڕۆحی هوئەیە. قەڵاکە دیوارەکانی بە شێوەیەکی ناباوەڕ ئەستوور و بەرزە و لە هەموو لایەکەوە بە ئاو دەورە دراوە. لە ساڵی ١٩٦٨ لەلایەن سەربازانی ئەمریکی و هاوپەیمانەکانیانەوە پارێزگارییان لەو قەڵایە دەکرد. سەرەڕای ئەوە ویتنامییەکانی باکوور بە جۆرێک توانیان بە ئاسانی و خێراییەکی سەرنجڕاکێش قەڵاکە بگرن و بۆ چەندین حەوتوو دەستیان بەسەردا گرتبوو، پاشان دوای دژەهێرشیکی گەورەی ئەمریکا بە ئاسانی چۆلیان کرد. قەڵای ئەرەک وەک شوێنێکی فیزیکی یان ستراتیژی بۆ ئەوان گرنگ نەبوو، ئەوەی ئەوان بەدوایدا دەگەڕان هێماسازیی توانای داگیرکردنی بوو، و نیشانی جیهان دەدا کە نەدۆڕان و شکست‌نەهێنانی ئەمریکا ئەفسانەیە.

گرتنی قەڵاکە کارێکی دیار بوو و بەڕاستیش هەر وا بوو. چەند مانگێک پێش جێژنی تێت ویتنامییەکانی باکوور بە شێوەیەکی نهێنی خۆیان خزاندە نێو خەڵکی ئەوشارە و لایەنگرانی خۆیان کە پێشتر لە شاری هوئە دەژیان سازماندەهی کرد و لە نێو قەڵاکەدا ئەرکەکانیان بەڕێوە برد. ئەوان دەستیان بە نەخشەی وردی نێو قەڵاکەدا ڕادەگەیشت، هەمان کار بووە هۆی ئەوە کە تونێلی ورد و زۆر پێچەڵاوپێچ لە ژێر دیوارەکانیدا لێ بدەن. هەروەها توانیان چەک و تەقەمەنی لە خاڵە سەرەکییەکان حەشار بدەن. لە ماوەی پشووی جێژنی تێت‌دا زیاتر نفوزیان کردە نێو شارەوە، جلوبەرگی ڕەعییەت‌یان لەبەر دەکرد. هێزەکانی کۆنفیدڕاڵی نێو قەڵا یارمەتیان دەکردن بۆ تێپەڕین لە هێندیک پۆستی نیگهبانی دەروازەکانیان بۆ دەکردنەوە. پاشان لە نێو خەڵک‌دا گوم دەبوون و نەیاندەتوانی بیاننناسنەوە. ویتنامییەکانی باکوور بە داگیرکردنی شوێنی فەرماندەهی نێو قەڵای ئەرەک، کارێکیان کرد کە بەرگریکارەکان نەتوانن پێوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن. ئەوەش بووە هۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرلێشێواوی خەڵک و لە پرۆسەکەدا دیواری بەرگری قەڵاکە داڕما.

ویتنامییەکانی باکوور ئەو ستراتیژییەیان بە "گوڵکردنی نیلوفەر" [لۆتۆسی پشکوتوو] نێو برد. ئەو ستراتیژییە لە بیرکردنەوەی نیزامی ئاسیایی ڕەگ و ڕیشەی قووڵی هەیە و بەکارهێنانی زۆر لە شەڕ زیاتر و لەسەرترە. ستراتیژی نیلوفەر لەبری ئەوەی سەرنجی لەسەر بەرەی ترسناک و تواناکانی دوژمن بێ سەرنج بە خاڵە سەرەکییەکانی دەوروبەری هێڵی بەرگری دەدا و ڕێگایەک بۆ چوونە ژوورەوە دەدۆزێتەوە. ستراتیژی لۆتۆس یان نیلوفەر زیاتر لە هەموو شتێک جەخت لەسەر ناوەند یان بەشی نەرم و لاوازی ژوورەوە دەکاتەوە. ئامانج ئەوەیە کە سەربازەکان بە شکڵی ڕەحەتی (قیف) یان بە هەر کەرەستەیەکی دیکە بۆ نێو ناوەند شۆڕ ببنەوە و بە زەربەلێدان لە ناوەندی سەرەکی سەرلێشێواوی دروست بکەن. ئەو ستراتیژییە لەبری ئەوەی بچێتە نێو دیواری بەرگرییەوە، دەچێتە نێو مێشکی سەرباز و ئەفسەرانی کە بەرگری دەکەن، هێزی ئیستدلال کردنیان دەکاتە ئامانج و لە دەروونەوە دوودڵ و سستیان دەکات، هەروەک گوڵێکی نیلوفەر کە هەموو گوڵەکان لە ناوەندەوە دەست بە کرانەوە و پشکووتن دەکەن.[١]

بنەمای بنەڕەتی لێرەدا ئەوەیە کە بە ئاسانترین شێوەی مومکین یەک پێکهاتە، دیوار، گرووپ یان عەقڵێکی بەرگری لە ژوورەوە بۆ دەرەوە تێک قرمێنی. کاتێک شتێک دەستی بە ڕزین کردووە یان لە ژوورەوە لەبەریەک بڵاو و هەڵوەشاوە چیتر ناتوانێ تاقەتی کێشی خۆی بکا و ئەوەش باشترین ڕێگایە بۆ داڕمانی. لە هێرشکردنە سەر هەر گرووپێک ستراتیژیستەکانی لۆتۆس بیر لە کردنەوەی بەرەیەکی نێوخۆیی دەکەنەوە. هێزەکانی هاوپەیمانان لە ژوورەوە زانیاری بەنرخ سەبارەت بە خاڵە لاوازەکانی دوژمن دەدەن و بە هێواشی و بێدەنگی دوژمن سەرکوت دەکەن و ئەمەش بە زیادکردنی ناکۆکی نێوخۆیی ئەنجام دەدرێ. ئەم ستراتیژییە دوژمن تا ڕادەیەک لاواز دەکا کە بە گورزێکی کۆتایی تۆکمە دەڕوخێ و هەروەها دەتوانێ بەبێ هیچ هێزێکی دەرەکی دوژمن لە بەین بەری.

جۆرێک لە ستراتیژی نیلوفەر ئەوەیە کە دۆستایەتی دوژمنەکان بکەی و بچیتە نێو دڵ و مێشکیانەوە. ئێستا بە ئاسانی نیاز و نائەمنیەکانی ئەوان دەزانی و ئەوە هەمان دەروونی نەرمیە کە شاردنەوەی ئاسان نییە. دیواری بەرگریی لەبەرامبەر دۆستایەتی زۆر بە پتەوی نامێنێتەوە و تەنانەت دوای جێبەجێکردنی مەبەستە خیانەتکارەکانت، دیسان ئەو شنەبایەی دۆستایەتی کە جارجارە هەڵی دەکا وا دەکا ئەو دوودڵ بێ و سەری لێ دەشێوێ و ئێوە دەتوانن یاری بە هەست و سۆزەکانی بکەن و

---

١. ئێمە هەڵەی دژایەتیکردنی ڕەوتێک، حزبێک یان توخمێک دەکەین کە تەنیا ڕەهەندێکی دەرەکی و هەڵە و کۆبوونەوەکانمان بینیوە و بە توندی پێیەوە نووساوین، لە کاتێکدا ڕەنگە هۆکاری ئەوە بێ کە ئێمەش تا ڕادەیەکی زۆر تێوەگلاوین لەو بابەتانەدا، پاشان پشتمان لێکردن و هەنگاومان بە ئاراستەی پێچەوانەدا هەڵگرتووە ئەگەر باشتر بوایە لایەنێکی بەهێزتر و تەندروستترمان دەبینی، یان لانیکەم ئەو لایەنەمان لە نێو خۆماندا پەروەردە دەکرد. بێگومان ئەو کارە پێویستی بە تێڕوانینێکی وردتر و چاوی تیژتر و مەیلێک هەیە بۆ گەشەکردن و تەواوکردنی عەیبەکان، نووقاندنی چاوەکانمان بەڕووی ناتەبایی و کەموکوڕییەکان دایە. انسانی بیش از حد انسان، فریدریش نیچه ١٨٧٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ دۆخێکی کاردانەوە پەلکێشی بکەن. بۆ نمونە دەتوانی ڕەفتارێکی بەخشندە و خۆشەویستانە بەکار بێنی بۆ ئەوەی دیواری بەرگری بڕووخێنی، ئەوە هەمان ستراتیژی ئەسپی تروایە یا ترۆجانە (بۆ چەندین ساڵی دوورودرێژ یۆنانییەکان بە زەربەلێدان و هەر کەرەستەیەکی دیکەیان بەکارهێناوە بۆ لێدانی دیوارەکانی تروا کە هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو، بە لوتفی ئەسپێکی داری سادە ڕێگەی پێدا چەند کەسێک بە دزییەوە بچنە نێو تروا و لە ژوورەوە دەروازەکە بکەنەوە.)

ستراتیژی نیلوفەر بە شێوەیەکی بەرفراوان کاربوردی هەیە. کاتێک ڕووبەڕووی کێشەیەک دەبییەوە لە ڕواڵەتی تۆکمەی مەترسن. ڕێگایەک بۆ ناوەندی نەرم و لاوازی بدۆزەوە، ئەوە هەمان جێگایە کە کێشەکە گوڵی کردووە. ڕەنگە سەرچاوەی کێشەی ئێوە کەسێکی دیاریکراو بێ، ڕەنگە کێشەی خۆت و بیرۆکە کۆنەکانی خۆت بێ، ڕەنگە سەرچاوەی کێشەکە ڕێکخراوێکی ناکارامە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی دیکە بێ. دۆزینەوەی ناوکی کێشەکە هێزێکی زۆرتان بۆ گۆڕانی ئەو کێشەیە لە ناوەوە و بۆ دەرەوە پێ‌دەدا. یەکەمین بیرکردنەوە ئێوە دەبێ نفووزکردن بۆ نێو ناوەندی کێشەکە بێ. ئەو نفووزکردنە دەتوانێ پراکتیکی یان فیکری بێ. هەرگیز بە تەنیا بیر لەزەربەلێدانی دیوارەکان مەکەوە.

ئەگەر کەسێک لەنێو قەڵادا هەبێ کە هەست دەکەی پێویستە لەوێ ڕزگار بێ، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە لەگەڵ کەسانێک یەکگرتوو بی کە لەگەڵ ئێوە هاوڕان و پیلانگێڕن. ئامانجی زۆربەی پیلانگێڕییەکان کاری هەمەلایەنە بۆ ڕووخانی ڕێبەر و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتە. بێگومان ئەو شێوازە مەترسی زۆری هەیە و هەر بۆیەش زۆرجار پیلانگێڕییەکان سەخت و مەترسیدارن. گرنگترین خاڵی لاواز لە هەر پیلانگێڕییەکدا، بە زۆری سروشتی مرۆڤە: تا خەڵک زیاتر لە پیلانگێڕی‌دا بەشدار بن ئەگەری ئەوە زیاترە کە کەسێک بە ئاگاهانە یان بە سوتفە ئاشکرای بکا. هەر وەک بنجامین فرانکلێن دەڵێ: "سێ نەفەر لە حاڵێکدا ڕازێک نادرکێنن، کە دوو کەسیان مردوون." جیا لەوە کە تۆ چەندە متمانەت بە هاوپیلانگێڕەکانت هەیە، ناتوانی دڵنیا بی کە چ شتێک لە مێشکی ئەواندا دەگوزەرێ، چ گومانێکیان هەیە و لەگەڵ چ کەسانێک قسە دەکەن.[١]

هێندێک ڕێکاری خۆپارێزی هەیە کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ. تا دەتوانن ژمارەی پیلانگێڕەکان کەم بکەنەوە. وردەکارییەکانی پلانەکە تەنیا لە کاتی پێویستدا ئاشکرا بکەن چونکە تا کەمتر بزانن ئەگەری ئاشکرابوونی کەمتری هەیە. هەروەها تا ئەو جێگەی دەگونجێ لە دەقیقەی نەوەد بەرنامەکان ئاشکرا بکەن تا کات و دەرفەتی ئەوەیان نەبێ لە دژی بوەستنەوە. کاتێک پلان و بەرنامەکانت ڕوون کردەوە بە پێداگری و شێلگیرییەوە بۆ جێبەجێکردنی کار بکە. هیچ شتێک بەڕادەی گۆڕانکاری دەقیقەی نەوەد پیلانگێڕان دوودڵ و دڕدۆنگ ناکا، تەنانەت ئەگەر هەموو شتێکت

١. ئەگەر خەڵکی شازادەیەکیان خۆش بوێ ئەو کەمتر لەبارەی پیلانەکانی خەڵکەکەی نیگرانی دەبێ، بەڵام ئەگەر خەڵکەکەی لەگەڵ ئەو دوژمن بن و کینەی لە دڵدا پەروەردە بکا، ئەوە لە هەموو شتێک و هەموو کەسێک دەترسێ. نیکۆلۆ ماکیاولی ١٤٦٩-١٥٢٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەرچاو گرتبێ و پلانەکەت دابین و بیمە کردبێ دیسان زۆربەی پیلانەکانیان شکست دێنن و ئەو شکستەش دەتوانێ لێکەوتەی چاوەڕواننەکراوی هەبێ. تەنانەت پلانی سەرکەوتووی تیرۆرکردنی ژولیۆس سزار نەبووە هۆی گەڕانەوەی کۆماری ڕۆم کە ئامانجی پیلانگێڕان بوو، بەڵکوو ڕێژیمی نادێموکڕاتیک ئیمپراتۆری ئاگستۆسی هێنایە سەر دەسەڵات. بۆیە کەمبوونەوەی پیلانگێڕەکان بە واتای باشتر کۆنترۆڵکردنی دەرئەنجامەکانی شکست دێ، پیلانگێڕی زیاتریش بە واتای ئاشکراکردنی پلانەکانە پێش ئەوەی جێبەجێ بکرێن.

بۆ ئەوەی هەموو شتێکی ناوەوە لەنێو ببەی دەبێ سەبرت هەبێ و خۆت لە وەسوەسەی کردەوەی خێرا و دەستبەجێ بە دوور بگری. وەک کاناریس نیشانیدا، دانانی پێچومۆرەی ورد لەنێو ئامێرەکاندا دەتوانێ لە درێژخایەندا وێرانگەر و ڕووخێنەرتر لە هەموو شێوازێکی دیکە بێ، چونکە دۆزینەوەی ئەوانە زۆر سەختە. بیر لەوە بکەوە کە چۆن نەیارانت دڵسارد و بێهیوا بکەیت تا بیر لە هێرشێکی توند و سەریع نەکەنەوە. تەنانەت ئەگەر سەرکەوتنەکانی ئێوە سەرپێی بن، بەجۆرێک نیشانیان بدە کە لایەنی بەرامبەر باوەڕی بەوە هەبێ کە جارێکی دیکە لە بەرەکانی شەڕدا سەرکەتوو نابی. ئەوەندە بەسە چەند سەرکەوتنێک هەبێ بۆ ئەوەی دوژمن لە ناوەوە بڕووخێ.

لە نیهایەتدا، ڕوحیە ڕۆڵێکی گرنگ لە هەر شەڕێکدا دەگێڕێ و ژیرانەیە هەمیشە بۆ تێکدانی ڕوحیەی سەربازانی دوژمن کاری بۆ بکرێ. چینییەکان ئەو کارە بە لابردنی دار لە ژێر دەفر یان مەنجەڵ لەنێو کوانوو نێو دەبەن. ئێوە دەتوانن لە دەرەوە و لە ڕێگەی تەبلیغاتەوە ئەو شێوازە ئەنجام بدەن، بەڵام هۆشت بە خۆتەوە بێ زۆربەی کات ئەو شێوازە وەڵامی پێچەوانەی دەداتەوە، چونکە یەکڕیزی و یەکگرتوویی سەرباز و هاوڵاتی‌یانی بەرامبەر بە هێزی بێگانە بەهێزتر دەکا و هەوڵیان بۆ سەرکەوتن زیاتر دەکا. باشترین کار ئەوەیە هاوبیرو هاوسۆز لە نێو ئەواندا بدۆزیەوە بۆ ئەوەی بتوانن وەک نەخۆشیی، چڵک (عفونت) لە هەموو شوێنێکی ئەو جەستەیە بڵاو بکەنەوە. کاتێک سەربازەکان ببینن هاوسەنگەرانیان گومانیان لە ئامانجێک هەیە کە شەڕی بۆ دەکەن، ئەوانیش ڕوحیەیان لەدەست دەدەن و گومانیان بۆ دروست دەبێ. ئەگەر فەرماندەکانیان بە سزادانی نەیارەکانی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ بکەن ئەوە خۆیان وەک زاڵم و ستەمکار نیشان دەدەن و لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر وەڵام نەدەنەوە، ئەو نەخۆشییە عفوونەتەکەی بڵاو و گشتگیر دەبێ و دوژمن نفووز بۆ نێو هەموو شوێنێک دەکا. بینینی دوژمن لە هەر لایەک دەبێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی زیاتر و هەموو توانا ستراتیژییەکان لەنێو دەبا. بە کەڵک وەرگرتن لە بەرەیەکی نێوخۆیی بۆ دروستکردنی ناتەبایی، بۆ خۆتان تایبەتمەندیی زاڵبوون بەسەر دوژمناندا پێک بێنن.

**بیهێنە بەرچاوت:** خۆرکە یان مۆریانە. لە قووڵایی پێکهاتەی ماڵێکەوە بە بێدەنگی دارەکان دەخوات، سوپاکەی بە سەبرەوە ستوون و بناغەکان تێک دەشکێنێ. کەس چالاکیی ئەوان نابینێ، بەڵام هەمووان ئاکامەکەی دەبینن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سون‌تزو دەڵێ: *"خراپترین سیاسەتی نیزامی ئەوەیە کە هێرشکردن بۆسەر ئەو شارانە کە بە دیوار ژێنگەی سرووشتی دەوردراون. ئەگەر فەرماندەکە نەتوانێ کۆنترۆڵی وەسوەسەی خۆی بکا و سەربازەکانی بەرەو بن دیوارەکان ڕەوانە دەکا، کوژراوەکانی یەک بە سێ دەبێ و سەرەڕای هەموو ئەو زیانانە هەرگیز سەرکەوتوو نابی، بۆیە کەسێک لە جێبەجێکردنی پرنسیپەکانی نیزامیدا شارەزا و پسپۆڕ بێ، دەتوانێ هێزەکانی دوژمن بەبێ ئەوەی بچێتە شەڕەوە سەرکوب بکا و شارە گەمارۆدراوەکانی دوژمن بە بێ شەڕ داگیری بکا."*

## حاڵەتی دەگمەن

هەمیشە ئەو ئەگەرە هەیە کە کەسانی بەدخوڵق لە گرووپی ئێوەدا بن و لە ناوەوە لە دژی تۆ شۆڕش بکەن، خراپترین هەڵە ئەوەیە ترس و گومان لە هەموویان بکەن و هەوڵ بدەن چاودێری هەموو جووڵەیەکیان بکەن. تاکە بەرگریتان لە بەرامبەر پیلانگێڕان و تێکدەرەکان ئەوەیە کە قشوونی خۆت ڕازی بکەن تا بە کارەکانیانەوە سەرگەرم بن و لە گەڵ ئامانجی ئەوان خۆت بگونجێنە. لەم حاڵەتەدا خۆیان یەک دەگرن و لەگەڵ هەر تێکدەرێک کە بیهەوێ کێشەیەک دروست بکا بەرخوردی پێ دەکەن. تەنیا لە جەستەی ناتەندروست و کرمۆڵ دایە کە خانە شێرپەنجەییەکان دەتوانن ڕەگ داکوتن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی سی‌ودووهەم:
# لە کاتێکدا وا پێدەچێ تەسلیم دەبن، هەوڵ بدەن سەرکەوتن بەدەست بێنن.
# ستراتیژیی هێرشی بێگرژی (بێخشوونەت)

هەر هەوڵێک بۆ تەسلیمی کەسانی دیکە لەبەرامبەر ئیرادەی ئێوەدا بە جۆرێک لە هێرش و دەست درێژی دادەنرێ. لە جیهانێکدا کە تێبینی سیاسی گرنگییەکی بەرچاوی هەیە، کاریگەرترین شێوەی هێرش‌کردن جۆری شاراوەیە: هێرشکردن لە پشت ڕواڵەتێکی جوان و تەنانەت خۆشەویستانە. ئەگەر دەتهەوێ لە ستراتیژی هێرشی پاسیڤ پەیڕەوی بکەن پێویستە جۆرێک ڕەفتار بکەی گۆیا لەگەڵ کەسانی دیکەی و هیچ بەرەنگارییەک لە خۆتان نیشان نادەن، نابێ بە هیچ شتێکی تایبەتەوە پابەند بن و داماو دەربکەون، بەڵام لەڕاستی‌دا دەبێ بەسەر هەلومەرج و بارودۆخەکەدا زاڵ بن. نیگەران مەبن، تەنیا دڵنیابە توندوتیژی و شەڕانگێزی خۆتان بە شێوەیەک شاردۆتەوە کە بتوانن نکۆڵی لە بوونی بکەن. کارەکانت بە دروستی ئەنجام بدە و هەوڵ بدن هەموو ئەوانەی تۆمەتبارت دەکەن هەست بە گوناه بکەن. هێرشی ناتوندوتیژی، ستراتیژییەکی دڵرفێنە، ئێوە دەبێ فێر بن چۆن بەرگری لە خۆتان بکەن لە بەرامبەر ئەو لەشکرە بەرفراوانانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا هێرش بۆ ئێوە دەکەن.[١]

---

١. گاندی و هاوکارەکانی چەندین جار بەداخەوە لە بێتوانایی گەلەکەیان لەبەربەرەکانی ڕێکخراو و کاریگەر و توندوتیژ لە دژی نادادپەروەری و ستەمکاری دڵسۆزییان دەکرد. ئەزموونی گاندی خۆی ئەوە بوو کە زۆرێک لە ڕیبەرانی هیندوستان پێیان وابوو کە هیندوستان ناتوانێ شەڕی فیزیکی لە دژی دوژمنەکانی ئەنجام بدا. لەوبارەیەوە زۆر هۆکار خرانەڕوو دەتوانین ئاماژە بە لاوازی و نەبوونی چەک و ئیمکانات و شتی دیکەی هاوشێوە بکەین....... لە بەرامبەر پرسی ئەوەی کە دەتوانێ چ ئامرازێک لە دژی ئینگلیزییەکان بەکار بێنێ، هاتنە سەر ئەو پێوەرانەی دیکە، کە جۆری ئامرازەکانی هەڵبژێردراو و چۆنیەتی بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی بەرچاو وابەستەی ڕوخساری دوژمنە، یان کارەکتەری دژایەتییەکەیەتی. دژایەتی گاندی نەک هەر بەکارهێنانی کاریگەرانەی خۆڕاگری پاسیڤی کردە مومکین، بەڵکوو بە کردەوە بانگەشەی بۆ کرد. دوژمنەکانی ئەو ڕێبەرانی ئینگلیزی بوو کە بە نەریتێکی کۆن و ئەرستۆکراتی و لیبراڵ تایبەتمەند پشتیوانی دەکران، بە پێی ئەم نەریتە مۆدێلی ڕاکێشان و فریودان و وێرانکارییان بەکارهێنا بۆ ئەو کۆلۆنیانەی کە بەرەنگارییان بووەوە. ئەم ستراتیژییەی ئینگلیزییەکان تا پێش حوزووری گاندی و بەکارهێنانی ستراتیژی شەڕەنگێزی - پاسیڤ بە باشی کاریگەری هەبوو. ئەمە ئەو جۆرە دژایەتییە بوو کە تاکتیکی خۆڕاگری پاسیڤ بەرگەی دەگرت و لە کۆتاییدا تەسلیم بوون. قوانین رادیکال‌ها، ساول، دی الینسکی، ١٩٧١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چەکی تاوان

لە مانگی دیسامبر [سەرماوەز]ساڵی ١٩٢٩ ئەو گرووپە ئینگلیزییەی کە بەسەر هیندوستاندا دەسەڵاتیان دەکرد، کەمێک تووڕە بوون. کۆنگرەی نەتەوەیی هیندوستان- بزووتنەوەی سەرەکی سەربەخۆیی ئەو وڵاتە- تازە وتووێژەکانی لەسەر ئەو پێشنیارەی کە ئینگلستان وردە وردە یاسای خۆبەڕێوەبەری بگەڕێنێتەوە بۆ شێوەدوڕگە، ڕاگرتبوو. لە بری ئەو قسانە کۆنگرە ئێستا داوای هیچی کەمتر لە سەربەخۆیی دەستبەجێ و تەواو نەدەکرد و داوای لە مەهاتما گاندی کردبوو کە بۆ دەست پێکردنی ئەو خەباتە ڕێبەرایەتی هەڵمەتی نافەرمانی مەدەنی بکا. گاندی کە ساڵانێک پێشتر لە لەندەن یاسای خوێندبوو، لە ساڵی ١٩٠٦دا جۆرێک نارەزایەتی بەرگری بێخشوونەت داهێنابوو، هاوکات وەک پارێزەر لە باشووری ئەفریقا کاری دەکرد. ناوبراو لە هیندوستان لە سەرەتای دیەی ١٩٢٠دا ڕێبەری هەڵمەتەکانی نافەرمانی مەدەنی لە دژی ئینگلیزییەکان وەرێ خستبوو کە جەنجاڵییەکی زۆری دروست کرد و بووە هۆی ئەوە لە زیندانی بکەن و هەر ئەو گیرانە کردبوویان بە ڕێزدارترین پیاوی وڵات. بۆ ئینگلیزەکان مامەڵەکردن لەگەڵ گاندی هەرگیز ئاسان نەبووە، سەرەڕای ڕەواڵەتی لاوازی، سازشکار نەبوو.

هەرچەندە گاندی باوەڕێکی توندی بە کەڵک وەرنەگرتن لەتوندوتیژی هەبوو و بەردەوام پەرەی پێ دەدا، ئەفسەرانی کۆلۆنیالیزمی ڕاجی حکوومەتی ئینگلستان زۆر لە گاندی ترسیان هەبوو: لە سەردەمێکدا کە ئابووریی ئینگلستان لاواز بوو ئەوان خەیاڵیان دەکرد کە بایکۆتی کاڵای ئینگلستان گاندی سازماندەهی کردووە، لەلایەکی دیکەوە خۆپێشاندانی جەماوەری لە شەقامەکانی شارەکانی هیندوستان بووە کابوسێک بۆ پۆلیس.

ئەو پیاوەی بەرپرسی ستراتیژی ڕاج بوو لە بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوەی سەربەخۆیی، جێگری پادشای هیندوستان واتە لۆرد ئێدوارد ئیروین بوو. هەرچەندە ئیروین زۆری ڕێز لە گاندی دەگرت بەڵام بڕیاریدابوو بە خێرایی و بەهێز وەڵامی بداتەوە، چونکە نەیدەتوانی ڕێگە بدات کۆنترۆڵی دۆخەکە لە دەستی دەربچێ. بە دڵەڕاوکێیەوە چاوەڕێی دەکرد تا بزانێ هەوڵی دواتری گاندی چیە. دوای تێپەڕینی چەند حەتوو لە ٢ی مارسدا [١٢ی ڕەشەممە]، ئیروین نامەیەکی زۆر سادقانەی لە لایەن گاندیەوە پێ گەیشت لە ڕاستگۆیی خۆیدا تا ڕادەیەک کاریگەر بوو، کە وردەکارییەکانی هەڵمەتی نافەرمانی مەدەنی بڕیار بوو گاندی وەڕیی بخا ئاماژەی پێ کرابوو. ئەو بڕیارە ئەوە بوو نارەزایەتییەک بەرامبەر بە باجی خوێ بوو. خەڵکی هیندوستان بە ئاسانی دەیانتوانی خوێی خۆیان لە کەنارەوەکاندا دابین بکەن، بەڵام ئینگلیزییەکان بەرهەمهێنانی خوێی پاوان کردبوو و باجێکی زۆری لەخەڵک وەردەگرت. ئەم باجە بارگرانییەکی زۆری خستە سەر چینە هەژارەکانی خەڵکی هیندوستان، چونکە خوێ تەنیا تامی خواردنەکانی ئەوان بوو. گاندی پلانێکی بۆ شوێنکەوتووانی دانا کە لە ئاشرامەکەیەوە لە نزیک بۆمبای (مۆمبای ئەمڕۆ) لەوێڕا بە کەنار دەریادا بۆ کەنار ئاوی شاری داندی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕۆن و لەوێ خوێ لە کەناری دەریاکەدا کۆ بکەنەوە و کەسانی دیکە هان بدەن کە هەمان کار بکەن، بۆ ئیروینی نووسی، ئەگەر جێگری پادشا ئەو یاسایە هەڵ دەوەشێنێتەوە، هیچ کام لەم کارانە ئەنجام نادرێن و ناکرێن.

ئیروین نامەکەی بە ئارامی خوێندووە و گاندی تەمەن ٦٠ ساڵانی لە خەیاڵدا هێنایە بەرچاو، ئەم پیرە پیاوە لاواز و تورتە کە لەسەر قامیشی بامبۆ دەخەوێ، دەیهەوێ لایەنگرانی ناڕازیی، کە ڕەنگە کەمتر لە هەشتا کەس بن لە ڕێپێوانێکی ٣٢٠ کیلۆمەتریدا بەرەو شارۆچکەیەکی کەنار دەریاوە ڕێپیوان بکەن کە لە نێو لمدا خوێ کۆ بکەنەوە. بە بەراورد بەو شتەی کە ئیروین و هێزەکانی چاوەڕێیان دەکرد ئەو هەنگاوە زۆر چووکە بوو، گاندی بیری لە چی دەکردەوە؟ تەنانەت بەشێک لە ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەیی هیندوستانیش لەو جۆرە ناڕەزایەتییەی گاندی بێ هیوا بوون. ئەو ڕێپێوانە تەنانەت ئەرزشی سەرکوتکردنی نەبوو. باشتر بوو ڕێگە بدەن گاندی پیر و هاواڵەکانی کە زۆربەیان ژن بوون، درێژە بە کارەکانیان بدەن و لە هەر جۆرە کاردانەوەیەکی توند لە دژی ئەوان خۆ بپارێزن. لە کۆتاییدا ناکارایی هەڵمەتی گاندی و ستراتیژییەکانی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و متمانەی خەڵکی هیندوستان بۆ گاندی کەم دەبێتەوە. لەو حاڵەتەدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی خێرایی خۆی لەدەست دەدا و ئەو پێگەیە لە درێژخایەندا دەبێتە بەهێزترین پێگەی ئینگلستان.

کاتێک ئیروین زیاتر ئاگاداری ئامادەکارییەکانی گاندی بۆ ئەم ڕێپێوانە بوو بەو ئاکامە گەیشت کە باشترین ستراتیژی دیاری کردوە، گاندی ئەو ڕووداوەی تا ئەو جێگایەی بۆی گونجا وەک ڕووداوێکی ئایینی نیشان دا، ڕاست وەک چۆن ڕێپێوانی بەناوبانگی لۆرد بودا بۆ گەیشتن بە حیکمەتی خودایی یان پاشەکشەی لۆرد ڕاما لە ڕامایانا. زەمانی ئەو وەک ڕزگاریدەری ئایینی لێهاتبوو: "بەڵام ئێمە بەشداری لە شەڕی ژیان و مردن، شەڕی پیرۆز دەکەین." ئەم زەمانە لەسەر چینی هەژار کە دەستە دەستە پەیوەست بە گاندی دەبوون کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. ئەوان پێشتر دەچوونە لای گاندی بۆ گوێگرتن لە وتارەکانی. گاندی داوای لە هەموو سینەماکارانی جیهان کرد کە کار بۆ تۆمارکردنی ئەو ڕێپێوانە مێژووییە بکەن. ئیروین کە پیاوێکی ئایینی بوو خۆی بە نوێنەری وڵاتێکی شارستانی و لە خواترس دەزانی. ئەوەی کە هیچ کارێکی بەم پیاوە خراپە نەبێ کە وەک سەردەستەی کۆمەڵێک ناڕازی بەرەو دەریا دەچوو تا یاساکان پێشێل بکا، بە بۆچوونی ئەو متمانە و شکۆمەندی ئینگلستان زیاد دەکرد.

گاندی و شوێنکەوتووانی لە ١٢ی مارس [٢٢ی ڕەشەممە] ساڵی ١٩٣٠ ئاشرامیان چۆل کرد و دوای تێپەڕین بە هەر گوندێکدا بە ژمارەیان زیاد دەبوو، هەر ڕۆژێک کە تێدەپەڕی ئازایەتی گاندیش زیاد دەبوو. گاندی داوای لە هەموو خوێندکارانی هیندوستان کرد کە واز لە خوێندن بێنن و بەشداری ئەو ڕێپێوانە بکەن. خەڵک بە پیری بانگەوازەوە هاتن و بە هەزاران کەس وەڵامی ئەرێنییان دایەوە. لە ڕێگادا جەماوەرێکی زۆر پێوەندییان پێوە کرد. وتارەکانی زیاتر بڵێسەیان ئەستاند و وا دیار بوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کارێک دەکا کە ئینگلستان بیگرێ. لە ٦ی ئاوریل [١٦ی خاکەلێوە] شوێنکەوتووانی بەرەو دەریا ڕێنوێنی کرد بۆ ئەوەی خۆیان پاک بکەنەوە و پاشان بڕێک خوێ لە دەریا کۆ کردەوە. بە خێرایی لە سەرانسەری هیندوستان بڵاو بووەوە کە گاندی یاسای خوێی پێشێل کردووە.

ئیروین بە وردی بەدوا داچوونی بۆ ئەم ڕووداوانە دەکرد، وا پێدەچوو گاندی فریوی داوە: ئەو لەبری ئەوەی کاردانەوەی خێرا و یەکلاکەرەوەی هەبێ ڕێگەی داوە ئەم ڕێپێوانە بەڕواڵەت سادە و بێ مەترسی بەڕێوە بچێ. دەستی گاندی بە کراوەیی هێشتەوە و ئەو بزووتنەوەیە خێراتر بەرەو پێش دەچوو. ئێستا وا دیارە سیمبولیزمی ئایینی خەوشدار بووە و ئاژاوە لەنێو جەماوەری خەڵکدا سەری هەڵداوە و بابەتی خوێ بۆتە پریشکە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە دژی سیاسەتەکانی ئینگلستان. گاندی بە ئاگاهییەوە هەڵبژاردنێکی کردبوو کە بە ڕواڵەت هەڕەشە بۆسەر ئینگلیزییەکان نەبوو، بەڵام لە نێو هیندییەکان کاردانەوەی زۆری هەبوو. ئەگەر ئیروین بە خێرایی گاندی دەستگیر بکردبایە هەموو شتێک لە سەرەتای سەرهەڵدانەوە بە دەڵەمەی سەرکوت دەکرا. ئێستا ئیدی زۆر درەنگ بووە، گرتنی لەم قۆناغەدا ئاگری ئەو تووڕەییە هێندەی دیکە گەرمتر دەکرد، بەڵام وێڵکردنیشی نیشانەی لاوازی بوو و دەیکردە کەسێکی ناوازە و تاکەسواری کە ئیبتکاری عەمەلی لەدەست دابوو. لە هەمانکاتدا خۆپیشاندانی ناتوندوتیژی لە شارەکان و گوندەکانی سەرانسەری هیندوستان دەستی پێکرد و وەڵامدانەوەی ئەوان بە توندوتیژی و زۆرەملی دەبووە هۆی ئەوەی هیندییەکانی دیکە هاوڕایی ئەم گرووپە بن. ئیروین پێی وایە هەر کارێک بکا دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکا. بۆیە بیری کردەوە، کۆبوونەوەی زۆری ئەنجامدا، بەڵام لە نیهایەتدا هیچی نەکرد.[١]

بزووتنەوەی گاندی لە ڕۆژانی دواتردا ڕواڵەتێکی پڕڕەنگتری بەخۆیەوە بینی. هەزاران هیندی گەشتیان بۆ کەناراوەکانی هیندوستان کرد تا وەک گاندی خوێ کۆ بکەنەوە. شارە گەورەکان شاهیدی خۆپیشاندانی جەماوەری گەورە بوون کە تێیدا ئەو خوێیە نایاساییە پێشکەش دەکرا یان بە کەمترین نرخ دەفرۆشرا. ناڕەزایەتی ناتوندوتیژ، ناڕەزایەتی دیکەی لێ کەوتەوە و ئەویش بایکۆتکردنی کاڵای بەریتانیا لەلایەن کۆنگرەی نەتەوەیی هیندوستانەوە بوو. لە کۆتاییدا بە پێی بڕیاری ئیروین ئینگلستان دەستی بە وەڵامدانەوەی خۆپیشاندانەکان لە ڕێگای توندوتیژییەوە بکا. لە ٤ی مەی [١٥ی بانەمەڕ] گاندییان دەستگیر کرد و بۆ ماوەی نۆ مانگ بەبێ دادگاییکردن زیندانی کرا.[٢]

---

١. مەحاڵە لە شەڕێکدا لە دژی دوژمنێکی داماو و بێدەسەڵات سەربکەوی، چونکە ئەگەر سەربکەوی هیچ شتێک نییە بۆ بردنەوە. هەر زەربەیەک کە لێی دەدەی بێ وەڵام دەبێ، پاشان هەست بە تاوانباری دەکەن و لە هەمان کاتدا لە دڵی خۆتدا بیر لەوە دەکەیەوە کە خۆزگە پێش دەست پێکردنی شەڕەکە داماوی و بێدەسەڵاتی ئەوت لەبەرچاو گرتبا. ستراتیژیەکانی روان‌درمانگری، جی هیلی، ١٩٦٣

٢. ئیمپراتۆری زەرد یان هوانگ تی، حاکمی ئەفسانەیی و پاڵەوانی نەتەوەیی چین کە بە باپیرەی هەموو خەڵکی چین دادەنرێ، داوایان لێکرا کە دڕندە کێوییەکان و ئاژەڵە کێوییەکان لە نێوان تێکچوونەکاندا ڕام بکات، و دارستان و لەوەڕگەکان لە پیسبوون پاک بکاتەوە و بێ خوێنڕشتن و لەگەڵ تایبەتمەندی باڵای مرۆڤ و گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی سروشتی و تەسلیم‌بوون لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گیرانی گاندی و زیندانی کردنی ئاگری نارەزایەتی لێکەوتەوە. لە ٢١ی مەی [١ی جۆزەردان] خەڵکێکی زۆر پێکهاتوو لە ٢٥٠٠ هیندی بە شێوەیەکی ئاشتیانە ڕێپێوانیان بەرەو کارگەی خوێی داراسانای دەست پێکرد، کە لەلایەن پۆلیسی چەکدارەکانی هیندوستان و ئەفسەرانی ئینگلستانەوە پارێزگاری لێ دەکرا. کاتێک خۆپێشاندەران بەرەو کارخانە پێشڕەوییان دەکرد ئەفسەرەکان بە باتووم لێیان دان. خۆپیشاندەران کە پەیڕەوییان لە فێرکارییەکانی گاندی دەکرد، بەرامبەر بەو توندوتیژییە کاردانەوەیان نەبوو، تەنیا درێژەیان بە ڕێگەی خۆیان دا. هێندێکیان بە ئازاری زۆر دەکەوتنە سەر عەرزی، بەڵام ئەوانی دیکە بەرەو کارگە ڕۆیشتن تا یەک بە یەکیان کوتەکیان خوارد و لێیان دەدرا. ئەم دیمەنە ئازارهێنەرە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کرایەوە. ڕووداوی هاوشێوە لە سەرانسەری هیندوستان یارمەتیدەر بوون بۆ لەنێوبردنی دوا وابەستەیی عاتفی و هەستیار کە هەر هیندییەک هێشتا بەرامبەر بە ئینگلستان هەیبوو.

ئیروین بۆ کۆتاییهێنان بەو نائارامیی و پشێوییە، ناچار بوو وتووێژ لەگەڵ گاندی بکا و لەسەر چەند هەڵوێستێک ڕێککەوتن، ئەوەش ڕووداوێکی زۆر دوور لە چاوەڕوانی بۆ جێگری پاشای ئیمپراتۆری ئینگلیزی بوو. هەرچەندە کۆتایی هاتنی حکوومەت چەند ساڵێکی کێشا، بەڵام ڕێپێوانی ڕاج لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە ئاکام گەیشت و سەرەنجام لە ساڵی ١٩٧٤دا ئینگلیزییەکان بەبێ هیچ خوێنڕشتن و خۆڕاگرییەک هیندوستانیان چۆڵ کرد و وازیان لێ هێنا.

**لێکدانەوە**

گاندی ستراتیژیستێکی زۆر زیرەک بوو کە ڕەواڵەتی لاواز و تەنانەت پیرییەکەی وایکرد دوژمنەکانی نەتوانن کاریگەرییەکی دروستیان لەسەری هەبێ. کلیلی هەر ستراتیژییەکی سەرکەوتوو ئەوەیە کە ئینسان هەم دوژمن و هەم خۆی بناسێ و گاندیش کە لە لەندەن دەرسی خوێندبوو بە باشی لە زمانی ئینگلیزی تێدەگەیشت، ئەو ئینگلیزییەکانی لە بنەڕەتدا بە کەسانێکی لیبراڵ، کە خۆیان وەک ڕاگری

---

بەرامبەر ئیرادەی خداوەنددا، "پێنج دەنگی هاوسەنگ" دروست بکا. فێرکارییەکانی کۆنفۆسیۆس هەر بیرۆکە و چارەسەرێکی نیزامی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤ ڕەت دەکردەوە. یەکێک لەو جێنشینانەی کە هوانگ تی ڕێزی لێدەگرت "تی یائو" بوو. پیاوێکی گەورە بوو کە بە سروشتی بوێری و زیرەکی بەبێ هیچ هەوڵێک هەیبوو. بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەودا هێمای بێنەزمی، واتا لافاو، هەڕەشەی لە خاکەکەی دەکرد، بۆیە بڕیاریدا جێگرێک هەڵ بژێرێ تا نەزمی باوک و باپیرانی بپارێزێ. "تی یائو" شایستەترین پیاوی بۆ ئەم کارە هەڵبژارد. بێجگە لە "شون"، کەسی دیکە نەبوو، پیاوێکی بەڕێز بوو کە هەزاران خانی تێپەڕاند و توانایەکی بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆڤایەتی بە دروستترین شێوە گەورەی نیشان دا. شون هەروەها حەکیمی گەورەی "یو"ی وەک شارەزایەک هەڵبژارد بۆ ئەوەی لافاوەکە کۆنترۆڵ بکا. "یو" هەمیشە هۆشداری دەدا لە خواردنەوەی مەی، ڕەفتارێکی دروستی دەکرد و خۆی لەگەڵ ڕەوتی سروشتدا ڕێک دەخست نەک دژی، و پیاوێکی تایبەت بوو. ئاوی ڕووبارەکەی نەک بە شەڕکردن، بەڵکوو بە دروستکردنی بەنداوێک ئاوەکەی کۆنترۆڵ، کە ڕێڕەوێکی کراوەتر بە ئاراستەیەکی سوودبەخشتردا دروست کرد. ئەگەر حیکمەتی "یو" نەبوایە ئەم چیرۆکە بەردەوام دەبوو. "یو" کەسێک بوو کە لە یەک کاتدا سوودی لە حیکمەتی کۆنفۆسیۆس و "لائو تسە" وەرگرتووە. ئەگەر ئەو و حیکمەتەکەی نەبوایە، هەموومان لە دەریای تووڕەدا ماسی دەبووین. اسطورە شناسی و هنر جنگ، جمیز آلفرد آهو، ١٩٨١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەریتی ئازادی سیاسی و ڕەفتاری شارستانی دەبینن. ئەو خۆوێناکردنە بە پێچەوانەوە کە لەگەڵ ڕەفتاری درندانەی ئینگلیزییەکان لە کۆلۆنییەکانیاندا دژایەتی هەبوو، بۆ ئینگلیز زۆر گرنگ بوو. لە لایەکی دیکەوە هیندییەکان ساڵانێکی زۆر بەدەست سووککردنی بەرپرسانی ئینگلیزییەکانەوە دەیاناڵاند. ئەوان هیچ چەکێکیان نەبوو و لە هەلومەرجێکدا نەبوون کە بتوانن شەڕی چریکی یان شۆڕش بکەن و ئەگەر وەک کۆلۆنیەکانی دیکە دەستیان بە شۆڕشی توندوتیژی کردبوایە، ئینگلیزییەکان ئەوانیان تێک دەشکاند و ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە مەبەستیان بەرگریکردن لە خۆیان بووە و وێنەی پیرۆزیان وەک خۆی دەمایەوە. کەڵك وەرگرتن لە نارەزایەتی بێ توندوتیژی ئیدئالێکی فەلسەفی بوو کە گاندی زۆر ڕێزی لێ دەگرت و لە هیندوستان بە باشی جێگیر بوو. ئەو فەلسەفەیە وایدەکرد ڕێبەرانی ئینگلیزی لە نیشاندانی توندوتیژی دوودڵ بن، چونکە هێرش بۆ سەر ئەو کەسانەی کە بە ئارامی لە شەقامەکاندا دەڕۆن و پەنا بۆ توندوتیژی نابەن، لەگەڵ ئەو ئەخلاقگرایی ڕواڵەتییەی ئینگلستاندا دژایەتی بوو. هەر ئەوەندە بەس بوو بۆ گاندی کە ئینگلیزییەکان هەست بە تاوانباری بکەن کە هەموو بیرکردنەوە و بەرنامەکانیان پەکی بکەوێ و ئیبتکاری عەمەلی لەدەست دەرهێنان، واتە ئینگلیزییەکان ئیبتکاری عەمەلیان لەدەست دەرچوو.

ڕەنگە ڕێپێوانی خوێ نموونەی جەوهەری درەوشاوەیی ستراتیژی گاندی بێ. سەرەتا بە ئەنقەست پرسێکی هەڵبژارد کە ئینگلیزییەکان بە بێ زیان و تەنانەت بە گاڵتەجاڕیان دەزانی. وەڵامی توند بە ڕێپێوانێک سەبارەت بە خوێ، ئینگلستانی تووشی کێشەی دەکرد. پاشان گاندی بە دەست نیشانکردنی ئەو پرسە بێ بایەخەی کە بەڕواڵەت لە نامەکەیدا بۆ ئیروینی نووسی، فەزای بۆ خۆی ڕەخساند کە تێیدا بەبێ ترس لە سەرکوتکردن خۆپێشاندان پەرە پێ بدات. ئەو لەو فەزایەی کەڵک وەرگرت تا بەو خۆپێشاندانەی بە ڕواڵەت سادەیە، سەرنجڕاکێشییەکی بەرفراوانی دروست بکات. هێماخوازی ئایینی گاندی ئەرکێکی دیکەی هەبوو: ئەو بە ئایینداری ئینگلیزییەکانی کردە ئامانج، و ئەوان کە بە شێوازی خۆیان، کە خۆیان بە ئایینی دەزانی هەرگیز نەیان دەتوانی ڕووداوێکی ئایینی سەرکوت بکەن. لە کۆتاییدا گاندی وەک نمایشکارێکی دیکە ئەو ڕێپێوانەی هێنایە نێو ڕاگەیەندراوەکان و وێنەکانی لە مێشکی هەمووانیدا تۆمار کرد.

کاتێک ڕێپێوانەکە بە خێرایی پێویست گەیشت، تازە ڕاگرتنی درەنگ و دژوار بوو. گاندی ئاگرێکی داگیرساند و خەڵکی بە گشتی و بە قووڵی سەرقاڵی خەبات بوون. لەوکاتەدا ئیروین هەر هەوڵێکی دەدا دۆخەکەی خراپتر دەکرد. ڕێپێوانی خوێ نەک هەر بوو بە هێمایەک بۆ نارەزایەتییەکانی داهاتوو، بەڵکوو بە ڕوونی خاڵی وەرچەرخان بوو لە خەباتی هیندستان بۆ سەربەخۆیی.

زۆر کەس لەمڕۆدا وەک ئینگلیزییەکان لەبارەی هەبوونی دەسەڵات و سەلاحییەت دووفاقین. واتە بۆ مانەوە پێویستیان بە دەسەڵاتە و لە هەمان کاتدا پێویستە باوەڕیان بە بیروباوەڕەکانیان و خودا هەبێ. ئەگەر تۆ یەکێک لەو کەسانە بی پێویستە ئەوە بزانی کە ململانێ لەگەڵ ئەوانی دیکە لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگای هێز و توندوتیژی وا دەکات کە وەک کەسێکی خراپ و ناپاک بناسرێی. ئەگەر ئەوان لە تۆ بەهێزتر بن، ئەوە تۆ بە کەڵک وەرگرتن لەهێز دەچیە نێو یاری ئەوانەوە و لە داوی ئەواندا گیر دەخۆی، بۆیە دوایین حیکمەتی ستراتیژی ئەوەیە کە هەست بە تاوانباری بکەن و وا نیشان بدەی کە ئارام و تەنانەت پاسیڤ و بێ دەسەڵاتی، باوڕی ئەوان بۆ ئازادی بورووژێنێ، ئەم کارە دەبێتە هۆی چەک دانانیان و دەتوانی لە بەربەستی بەرگریی ئەوان تێپەڕی. ئەگەر بڕیارە بەرەنگاری بیەوە و بە چاڵیش‌یان بکێشی، باشترە ئەو کارە لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقی بە شێوەیەکی ئاشتیانە ئەنجامی بدەی. ئەگەر نەیانتوانی پێش بە تووڕەیی خۆیان بگرن و پەنایان بۆ هێز برد، ئەوە ڕواڵەت و کەسایەتی خراپ بۆ خۆیان دروست دەکەن، بەڵام ئەگەر دوودڵ بن ئەوە ئێوەن کە دەستی باڵاتان هەیە و دەتوانن هەموو پڕۆسەی شەڕکە مودیرییەت بکەن. بە گشتی شەڕ لەگەڵ کەسانێک کە دەستیان بەرز دەکەنەوە و هێرشبەرانە ڕەفتار ناکەن، دەگمەن یان زۆر دژوارە. ئێوە بەم شێوە هەستی گوناح لە نێویاندا دروست دەکەن و ئەوەش بۆ خۆی چەکێکە. لە جیهانی سیاسیدا، خۆڕاگری ئەخلاق‌گەرایانە و بە رواڵەت پەسیڤانە، دوژمن ئیفلیج دەکا.

ماهاتما گاندی دەڵێ: *"پێشتر باوەڕم بە سیاسەتی وتووێژی دۆستانە، نووسینی داواکاری و دادخوازی بوو، بەڵام هەموو ئەوانە ئێستا ڕێگەیان بۆ جیهانی سەگ دۆزییەوە. دەزانم ئەم شێوازانە بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت بەس نین. ئایینی من ڕاسانە. شەڕی ئێمە، شەڕێکی بێ توندوتیژییە."*

### هێزی پاسیڤ

لە سەرەتای ساڵی ١٨٢٠ شۆڕشێک لە ئیسپانیا سەری هەڵدا، چەند مانگ دواتر شۆڕشێکی دیکەی لە ناپۆلی بەدوای خۆیدا هێنا، کە لەو کاتەدا دەوڵەت‌شاری لەنێو ئیمپراتۆری ئوتریش‌دا بوو. پادشاکانی هەردوو وڵات نزیکەی سی ساڵ پێشتر ناچار بوون کە یاسای لیبراڵی مۆدێلی فەڕانسەی شۆڕشگێڕ قەبووڵ بکەن، ئێستا ترسیان لەوە هەبووە کە ئەوانیش ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی پاشای فەڕانسەی ئەو سەردەمە لوئی شازدەهەم ببنەوە کە لوئی شانزەهەم لە ساڵی ١٧٩٣ ملیان پەڕاند، واتە لە گیوتین‌یان دا. لە هەمانکاتدا ڕێبەرانی زلهێزە گەورەکانی ئورووپا وەک ئینگلستان، ئوتریش و پڕۆس ترسیان لێ نیشت کە نائارامی و ڕادیکالیزم لە سەرانسەری سنوورەکانیاندا پەرەی ئەستاندبوو. هەڵبەتە دوایی شکستی ناپلیۆن لە سنوورەکان ئەمنییەتی ڕێژەیی سەقامگیر بوو. ئەو وڵاتانە دەیانهەویست خۆیان بپارێزن و پێشی شەپۆلی شۆڕش بۆ وڵاتەکەیان بگرن.[١]

---

١. ڕاستە ژولیوس سزار وای لە سەربازەکانی کرد خۆیانی بۆ تەرخان بکەن، لە زۆر فەرموودەدا باس کراوە و ڕاستە. ژولیوس بەبێ ئەو جۆرە سەربازانە هەرگیز ئەو دەستکەوتانەی بەدەست نەدەهێنا. یەکێک لە گێڕانەوە بەناوبانگەکان سەبارەت بە هەڵسوکەوتی ژولیوس لەگەڵ سەربازەکانیدا ئەوەیە، کە ئەوان لە دژی یاخی بوون و وەک هەمیشە بە سەرباز ناوی نەبردوون، بەڵکوو بە هاوڵاتی خاوەن ماف نێوی بردوون و ڕوانگەی تەنیا نیزامی نەبوو بەڵکوو ئینسانی بوو. هەڵبژاردنی ئەو وشانە زیاتر پێوەندی بە هەڵوێست و شێوازی ئەوەوە هەیە نەک ئەگەر پێوەندی بە بەکارهێنانی زیرەکی وشەیەکەوە هەبێ، یەکێک لە ساتەکانی ژولیوس

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە نێوان ئەو نائارامییە گشتیەدا، تزار ئەلکساندەری یەکەمی ڕووسیە لەناکاو گەڵاڵەیەکی پێشنیار کرد کە چارەسەرێکی مەترسیدارتر لە خودی نەخۆشییەکە بوو. لەو سەردەمەدا سوپای ڕووسیە گەورەترین و ترسناکترین سوپای هەموو ئورووپا بوو، ئەلکساندەر ویستی ئەو سوپایە بنێرێ بۆ ئیسپانیا و نیپاڵ بۆ ئەوەی هەردوو شۆڕشی ئەو دوو وڵاتە بێدەنگ و سەرکوت بکەن. لە بەرامبەر ئەوەشدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە پادشاکانی هەردوو وڵات چاکسازی لیبراڵ بە شێوەیەک جێبەجێ بکەن کە خەڵکەکەیان ئازادی زیاتریان هەبێ بۆ ئەوەی دڵخۆش بن و ئارەزووی شۆڕش لە ڕۆح و گیانیاندا بێدەنگ بێ.

ئەلکساندەر پێشنیارەکەی زیاتر لە نەخشەیەکی پراکتیکی بۆ دەستەبەرکردنی شانشینییەکانی ئورووپا دەبینی. ئەوە بەشێک بوو لە شەڕێکی مەزهەبی گەورە، خەونێک بوو کە لە یەکەم ڕۆژەکانی پادشایەتییەوە لە سەریدا بوو، ناوبراو کەسێکی ئایینیەکی توند بوو کە هەموو شتێکی بە چاکە و خراپە دەبینی و دەیهەویست شانشینەکانی ئورووپا چاکسازی بکەن و برایەتییەکی مەسیحی لە نێوان دەسەڵاتدارانی ژیر و نەرمونیان و خودی تزار دروست بکەن. هەرچەندە ئەو زلهێزانە ئەلکساندەر یان بە ڕوسییەکی شێت دەزانی، بەڵام زۆرێک لە لیبراڵەکان و تەنانەت شۆڕشگێڕەکانیش لە سەرانسەری ئووروپادا ئەویان بە دۆست و پارێزەری خۆیان دەزانی و وەک ڕێبەرێکی هاوسۆز و هاوڕای بزووتنەوەی خۆیان چاویان لێدەکرد. تەنانەت دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە پێوەندی بە زۆرێک لە چەپەکانەوە کردووە و پیلانی پەنامەکی لەگەڵ داڕشتوون.

تزار ئەو بیرۆکەیەی زیاتر بەرەو پێش برد: ئێستا دەیهەویست کۆنفرانسی زلهێزەکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر داهاتووی ئیسپانیا و ناپۆلی و خودی ئورووپا پێک بێنێ. وەزیری ڕاوێژکاری لە کارو باری

---

لە دوای شکستی پۆمپیۆ لە ڕۆم ئەو کاتە بوو کە بە کەشتی بەرەو ئەفریقا دەڕۆیشت بۆ ئەوەی یەکتر ببینن سوپای بەهێزی سەناتۆر لەوێ سەرکوت بکا. دوژمنە سەرسەختەکانی لەو شارەدا گەمارۆیان دا. هەموو پشت بەستنێکی بە سوپاکەی بوو، بەڵام باشترین و متمانەپێکراوترین لەشکرەکانی شۆڕشیان کرد و نزیک بوو کە ئەفسەرە بالاکانیان بکوژن، پاشان هاتنە ڕۆم و ئیستعفایان لە سوپای ژولیوس دا و کشانەوە، ئیتر خزمەتیان بەو نەکرد، بەڵام سزار بە شوێنی دا ناردن و کە بە شمشێرەکانیانەوە بگەڕێنەوە. ئەوە تایبەتمەندی ژولیوس سزار بوو، هیچ خەمی ئەو مەترسییەی نەبوو کە ئەو سەربازە یاخیبووانە دەتوانن بۆی دروست بکەن. ئەوان خواستی خۆیان بۆ وازهێنان لە سوپا و ئازادی دەربڕی، شێوازی ژولیوس سزار لە قسەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەدا زۆر سەرنجڕاکێش بوو. زۆر بە هێمنی و پوخت و وردی قسەی لەگەڵ کردن: "هاوڵاتیانی ئازیزم! ڕاست دەکەن زۆر ماندوو بوون، زۆر ئازارتان چێشتووە و شایەنی ئەوەن لە سوپادا ئازاد بن. من بەهەمووتان ئیجازە دەدەم و هەروەها قەرەبووتان دەکەینەوە. من هەرگیز هەڵس‌وکەوتێک ناکەم کە وا بیر بکەنەوە لە مەترسی دابووم کەڵکم لە ئێوە وەرگرتووە، ئێستا کە مەترسی نەماوە ئێوەم دوور خستۆتەوە و لەبیرم نەماوە." ئەوە هەموو قسەکانی سزار بوو. سەربازانی لژیونەکان هاواریان دەکرد کە هەرگیز سزار بەجێ ناهێڵین. داوایان لە ژولیوس سزار کرد کە لێیان خۆش بێ و جارێکی دیکە وەک سەرباز قەبووڵیان بکاتەوە. لە پشت ئەو وشەیەوە کەسایەتییەکی شاراوە هەبوو. ئەم ڕستە کورتانە بەڵام بەهێزانە پێش هەر کاتێک ئەم ئارامییە قووڵەیان پێ بەخشی. ئەو غرورە کە ڕەنگی سواڵکردن و پاڕانەوە و پێداگریی نەبوو و ئەم سەبرە، لە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی کەسایەتی سەرنجڕاکێشی ژولیوس سزار بوون. راە روم، ادیت همیلتون، ١٩٣٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرەوەی ئینگلستان، لۆرد کاسترلیگ، چەند نامەیەکی بە دوای یەک‌دا نووسی بەڵکوو لە گرتنی کۆبوونەوەکە پەشیمانی بکاتەوە. کاسترلیگ زۆر بە سەراحەت بۆی نووسیبوو، کە هەرگیز عاقلانە نیە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەدا بکەی، ئەلێکساندەر پێویستە ئینگلستان بەتەنیا بەجێ بێڵێ تاکوو بۆ خۆی بە نائارامییەکانی ئیسپانیا کە هاوپەیمانی نزیکێتی بە دوا داچوونی بۆ بکا و ئەوە هەمان کارە کە ئوتریشییەکان بۆ ناپۆلی‌یان کرد. وەزیر و دەسەڵاتدارانی دیکەش هاوشیوەی کاسترلیک نامەیان بۆ ئەلکساندەر نووسی. گرنگ بوو کە هەڵوێستێکی یەکگرتوو و هاوبەش لە دژی پلانەکەی نیشان بدرێ، بەڵام وەزیری دەرەوەی ئوتریش شازادە "پرنس کلێمێنس فۆن مترنیخ"، بە شێوەیەکی زۆر جیاواز وەڵامی تزاری دایەوە.

مترنیخ بەهێزترین و ڕێزدارترین وەزیر لە ئوروووپا بوو. ئەو ڕیالیستێکی تۆخ بوو و هەمیشە لە گرتنەبەری هەر هەنگاوێکی ئازایانەدا، لەسەرەخۆ کاری دەکرد و پێی خۆش نەبوو ئوتریش بەشداری لەو سەرگەرمی و گێچەڵانەدا بکا. نەزم و ئاسایش دوو بابەت بوون کە ئەو زۆری گرنگی پێ دەدا. ئەو پیاوێکی محافیزەکار بوو کە لە هەر ڕەوتێکدا چاکییەکانی دەبینی و ئەگەر بڕیار بوایە گۆڕانکارییەک ڕووبدا پەلەی نەدەکرد، بەڵام مترنیخ تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەبوو و ئەویش کەسایەتیی ناڕوونەکەی بوو. ناوبراو دەربارێکی دەسەڵاتدار بوو کەم قسەی دەکرد بەڵام بە هەمان وشەی کورت بە ئامانجەکەی دەگەیشت. ئەو لە بانگەوازی ئەلکساندەر بۆ کۆنفرانس پشتگیری و بە شێوەیەک ڕەفتاری کرد وەک ئەوەی بیرۆکەکانی دیکەی تزار قەبووڵ دەکا. ڕەنگە لە ساڵانی ڕابردوودا خەسڵەتە دەروونییەکانی خۆی گۆڕیبێ و پێوەندی بە چەپەکانەوە کرد بێ. لە ڕاستیدا ئەو کۆنفرانسی بۆ مانگی ئۆکتۆبری [ڕەزبەر] هەمان ساڵ لە شاری ترۆپۆی کۆماری چیک سازماندەهی کرد و ڕێکی خست.

ئەلکساندەر زۆر دڵخۆش بوو: ئێستا کە مترنیخ لایەنگری ئەو بوو دەیتوانی هەموو خەونەکانی وەدی بێنێ. کاتێک بۆ کۆنفرانس گەیشتە ترۆپۆ، نوێنەرانی زلهێزەکانی دیکە دۆستانە هەڵس‌وکەوتیان لەگەڵ نەکرد. نوێنەرانی فەڕانسە و پڕۆس زۆر لەگەڵی سارد بوون و کاسترلیک بۆ کونفرانس نەهات. ئەلکساندەر هەستی کرد لە پڕاوێز خراوە. کاتێک مترنیخ داوای لێکرد کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بیرۆکەکانی ئەو ئەنجام بدەن، دیسان هەستی بە خوشحاڵی کردەوە. بۆ چەند ڕۆژ چەندین کاتژمێر خۆیان لە ژوورێکدا حەپس کردبوو. تزار زۆربەی قسەکانی کرد و مترنیخ بە پێکەنینەوە سەرنجی تەواوی بە هەموو قسەکانی ئەلکساندەر دا و بە پێکەنینەوە سەری بۆ دەجووڵاند. تزار کە بیرکردنەوەکانی کەمێک ناڕوون بوو، هەر ئەوە بوو بە باشترین شێوە دیدگای خۆی بۆ ئورووپا ڕوون کردەوە و جەختی لەسەر پێویستی نیشاندانی یەکێتی ئەخلاقی هەموو ڕێبەرانی ئورووپا و بەستنی کۆنفرانسێک کردەوە. لەوە ڕوونتر نەیدەتوانی بیرۆکەکانی خۆی دەربڕێ.

چەند ڕۆژێک دوای ئەو کۆبوونەوانە، دواجار مترنیخ دانی بەوەدانا کە ئەویش گەشەی مەترسی ئەخلاقی لە ئەوروپادا هەست پێدەکا. شۆڕشی بێ خوداکان بەڵایەکی ئاسمانی ئەو سەردەمە بوو،

تەسلیم بوون بە ڕوحی توندڕەوی، پەڕگیری و نەگەیشتن بە ئاشتی و گونجان، لە کۆتاییدا بەدەست ئەم هێزە شەیتانییانە لەنێو دەچوون. لە کاتی کۆنفرانسی ترۆپۆدا یاخیبوونێک لە گرووپی بەرگریکارانی ڕووسیەدا ڕوویدا و مترنیخ هۆشداریدا بە ئەلێکساندەر کە ئەوە یەکەم نیشانەی تووشبوونی ئەو شۆڕشەیە کە هێرش دەکاتە سەر خودی ڕووسیە، و تزاری بە پایەی دەسەڵاتی ئەخلاقی نێو برد. ئەلێکساندەر دەبوو وەک ڕێبەری ئەو شەڕە دژی شۆڕش بچێتە گۆڕەپانەکەوە. هەر لەبەر ئەو هۆکارە مترنیخ بە هۆی بیرۆکەکانی تزار سەبارەت بە ناپۆلی و ئیسپانیا وروژا بوو.

هەروەها تزار لە حەز و شەوقی مترنیخ دا تواببووەوە، ئەوان پێکەوە دەیانتوانی دژی توندڕەوییەکان بوەستنەوە. بێگومان دەرئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە پەسەندکردنی پلانی ئەلکساندەر بۆ هێرشکردنە سەر ئیسپانیا و ناپۆلی نەبوو لە ڕاستیدا ئەلکساندەر دەرکی بەوە کرد کە کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ سەر پادشاکانی ئەم دوو وڵاتە بۆ چاکسازی فشار بێنێ ئەو کارە تەنیا هۆی لاوازبوونی ئەو پادشایەنەی لێ دەکەوێتەوە. لەو کاتەدا دەبوو وزەی ڕێبەران بۆڕاگرتنی شەپۆلی شۆڕش کۆ ببێتەوە. لە ڕاستیدا تزار کەمێک وازی لە بیرۆکەی لیبراڵی خۆی هێنا و تا ئەو جێگایەی لە توانای دا بوو لەگەڵ مترنیخ هاوڕا بوو. ئەو کۆنفرانسە بە هەمان ئامانجی هاوبەش لە نێوان ڕێبەرانی قودرەتمەند و بەتایبەت تزار کۆتایی هات و ڕێککەوتن کرا، کە هێزی ئوتریش نەک ڕووسیە، پادشای ناپۆلی بە دەسەڵاتی تەواوی بگەیەنێ و پاشان بە تەنیا جێی بێڵن بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی خۆی پەیڕەو و درێژە بدا.

دوای گەڕانەوەی ئەلکساندەر بۆ ڕووسیە، مترنیخ نامەیەکی بۆ نووسی و سەبارت بە ئەوەی کە ڕیگەی کردوەتەوە سوپاسی کرد. لە بەرامبەردا تزار بەو شێوەیە وەڵامی نووسییەوە: "ئێمە هەردووکمان لەخەبات‌کردن دژی شەیتان ڕێککەوتین و بۆ ئەم بابەتە گرنگە باڵوێزەکان بەس نین، تەنیا ئەوانە دەتوانن ئەو هێزە شەیتانییە شکست بدەن کە خودا بۆ ڕێبەرایەتی‌کردنی خەڵک هەڵی بژاردووە، بەمەرجێک قەدری بەخشینەکانی بزانن." لە ڕاستیدا تزار ویستی زیاتر هەنگاو بۆ پێشەوە بنێ، جارێکی دیکە بڕیاری دابوو سوپای خۆی بۆ ئیسپانیا ڕەوانە بکا و شۆڕش لەوێ سەرکوت بکا. مترنیخ لە وەڵامدا گوتی: پێویست بە کارێکی ئەوتۆ ناکا، چونکە ئینگلستان خۆی کۆنترۆڵی هەلومەرجی ئەوێ دەکا، بەڵام کونفرانسێک لە ساڵی داهاتوودا بۆ ئەوەی جارێکی دیکە باس لەم بابەتە بکا پێویستە و دەتوانێ چارەسەری ئەو پرسە بکات.

لە سەرەتای ساڵی ١٨٢١دا شۆڕشێکی دیکە لە حاڵی سەرهەڵدان دابوو. شۆڕشی ئەمجارە لە ئەیالەتی پیمۆنت لە ئیتالیا و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئوتریش دا بوو. پادشا بەناچار لە دەسەڵات دوور خرایەوە. لەو حاڵەتەدا مترنیخ دەستێوەردانی ڕووسیەی بە پێویست زانی و سوپای ڕووسیە کە ٩٠ هەزار کەسی ئامادە کردبوو وەک یەدەک لە سوپای ئوتریش‌دا جێگیر کرا بۆ ئەوەی بەرەو لای پیمۆنت ڕەوانە بکرێن. حوزووری نیزامی ڕوسیە تا ئەو ڕادەیە نزیک لە سنوور، ڕوحی شۆڕشگێران و هاوپەیمانی ئەوانی لە سەرتاسەری ئیتالیا وروژاند و هەموو ئەو چەپانەی کە تزاریان بە دۆست و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوپەیمانی خۆیان دەزانی چی دیکە بەوجۆرە بیریان نەدەکردەوە.

سوپای ئوتریش لە ماوەی چەند حەوتوودا شۆڕشی پیمۆنتی سەرکوت کرد. لەسەر داوای مترنیخ ڕووسەکان بە خێرایی و زۆر بە ئەدەبەوە هێزەکانیان بۆ دواوە کێشایەوە. تزار شانازی بە گەشەسەندنی کاریگەرییەکانی لە ئورووپا دەکرد، بەڵام لەبیری چوو کە بە پێچەوانەی بەرنامەی سەرەتاییەکانی بۆ شەڕ هێزەکانی ڕەوانە کردبوو. لەبری ئەوەی لە هێڵی پێشەوەی شەڕ بە مەبەستی پێشکەوتن و چاکسازی بێ، بوو بە پارێزەری دۆخی مەوجوود و محافیزەکاری دەستی مترنیخ. ئەوانەی دەوروبەری نەیاندەتوانی دەرکی بکەن کە ئەو پێشهاتە چۆن ڕوویداوە.

**لێکدانەوە**

ڕەنگە شازادە مترنیخ بە کاریگەرترین ستراتیژیستی هێرشبەری پاسیف ئەژمار بکرێ. دیپلۆماتکارەکانی دیکە هێندێک جار بە خۆپارێز و تەنانەت بە لاوازیشیان دەزانی، بەڵام لە کۆتاییدا وەک ئەوەی دارێکی سێحراوی پێ بێ چونکە ئەو شتەی گەرەکی بوو، بەدەستی دێنا. کلیلی سەرکەوتنی ئەو تواناییەکانی بۆ شاردنەوەی توندوتیژی و هێرشکردن تا ئەو ڕادەیەی کە کارەکانی بە نهێنی ئەنجام دەدا.

مترنیخ هەمیشە وریا بوو کە تایبەتمەندییەکانی بەرامبەرەکەی لەبەرچاو بگرێ. لە بارەی تزاردا ڕووبەڕووی پیاوێکی ورووژێنەر بووەوە کە گۆڕانی حاڵی دەروونی زۆر بوو، بەڵام تزار لە پشت ئەو ڕوخسارە مەسیحییە ئایینیەوە بە شێوازی خۆی خەریکی هێرش و داگیرکردن بوو، هەوڵی دەدا شەڕێکی گەورە بەنێوی ئایینەوە دەست پێبکا. لە ڕوانگەی مترنیخەوە ئەو بە ڕادەی ناپلیۆن مەترسیدار بوو و بە نێوی خێر و خۆشیەوە بۆ ئورووپا دەستی بۆ هەموو کارێک دەبرد و لەوانە بوو سوپاکەی لە سەرێکی قاڕەوە بۆ سەرەکەی دیکەی بنێرێ و دەست بە شۆڕش و ئاژاوەگێڕی بکا.

ڕاوەستان لەبەرامبەر سوپای بەهێزی ئەلکساندەردا زۆر وێرانکەر بوو، بەڵام مترنیخی فێڵباز دەیزانی هەوڵدان بۆ قەناعەت پێکردنی تزار کە هەڵە دەکا، بە ڕادەی، بەهێزکردنی نائەمنیەکانی و ڕاکێشانی بۆ لای چەپەکان کاریگەری نابێ و تەنانەت ڕەنگە ئەو مەترسیدارتریشی بکا. بەڵکوو دەبوو شازادە مترنیخ وەک منداڵێک ڕەفتار لەگەڵ تزار بکا و وزەکانی ئەو لە ڕێگەی هەڵمەتێکی هێرشکردنی-پاسیڤەوە بەرەو بیری ڕاست لار بکاتەوە.[١]

بەشە پاسیڤەکەی زۆر سادە بوو: مترنیخ خۆی وەک کەسێکی سازشکار نیشان دا و لەگەڵ بیرۆکەکانی تزار هاوڕایی بوو، لە کاتێکدا لە پراکتیک بە توندی دژایەتی دەکرد. بۆ نموونە، ئەو لەسەر

١. کاتێک هەیە مرۆڤ دەبێ ڕووبەڕووی ئەو دوژمنە نهێنی‌یانە بێتەوە کە لە گۆشە تاریکەکاندا خۆیان حەشار داوە. لەو جۆرە حاڵەتانەدا پێویستە مرۆڤ شتێک بکا بۆ ئاشکراکردنی پلانە نهێنی و ترسناکەکانی ئەو دوژمنانە. ڕاستە ئەو پلانانە زۆر ناڕوونن و زۆر ئەستەمە ئاشکرا بکرێن، بەڵام شایانی ئەوەن، چونکە کاتێک ئەو هەوڵە تەمومژاوییانە دەبنە ڕاستەقینە و ئاشکرا دەبن، دەسەڵات و کاریگەرییان بەسەر ئەوانی دیکەدا لەدەست دەدەن. ئی چینگ یا کتاب دگرگونی‌ها، قرن هشتم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داوای تزار بۆ گرتنی کۆنگرە ڕازی بوو بەڵام لە ڕاستیدا دژی بوو، پاشان لە گفتوگۆی تایبەتی لەگەڵ تزار لە ترۆپۆ سەرەتا بە وردی گوێی بۆ ڕاگرت و پاشان بە تامەزرۆییەوە ڕازی بوو. ئایا تزار باوەڕی بە نیشاندانی یەکێتی ئەخلاقی هەبوو؟ پاشان مترنیخ هەرچەندە سیاسەتەکانی هەمیشە پڕاگماتیک‌تر بوون لەگەڵ بیرۆکەکانی تزار هاوڕا بوو. ناوبراو وەستای سیاسەت بە مانای ڕاستەقینەی وشە بوو و بە تایبەتمەندییەکانی ڕەفتاری تزار ئافەرینی دەگوت، بۆ نموونە ئاماژەی بە ئەخلاق‌گەرایی ئەو دەکرد لە کاتێکدا زۆر بە مەترسیداری دەزانی. هەروەها فەزایەکی بۆ تزار ڕەخساند کە زیاتر ئاواتەکانی بەدی بێنێ، بە واتایەکی دیکە هانی تزاری دا کە زیاتر لەگەڵ بیرۆکەکانیدا بڕوا و مەیدانی پێدا تا زیاتر بە ئامانجی بگاو هەست بە سەرکەوتن بکا.[١]

بەم شێوەیە گومانەکانی ئەلکساندەر و خۆڕاگری ئەوی کەم کردەوە و لە هەمانکاتدا زۆر شەڕەنگێزانە ڕەفتاری کرد. لە ترۆپۆ لە پشت پەردەوە کارێکی کرد کە تزار لە پەڕاوێز خرا و ڕێبەری ڕووسیە پشتی بە خۆی بەست. پاشان زۆر زیرەکانە چەندین کاتژمێر درێژەی بە دیداری تایبەتی دا و لەو کۆبوونەوانەدا وردە وردە ئەو بیرۆکەیەی خستە نێو زەینی تزارەوە کە شۆڕش مەترسیدارترە لە هەلومەرجی ئێستا و وایکرد شەڕی ئایینی توندڕەوی ڕووسیە بگۆڕێ بۆ هێرشکردنە سەر خودی لیبرالیزم. لە کۆتاییدا مترنیخ بە ڕەنگدانەوەی هەست و بەرژەوەندی و وزە و باری دەروونی تزار، ئەوی ڕازیی کرد کە سوپای خۆی بۆ سەرکوت‌کردنی شۆڕشی پیمۆنت ڕەوانە بکا. ئەو کارە ئەلکساندەری بە بزووتنەوەی محافیزەکاران پابەند کرد و لە لیبراڵەکانی ئورووپای دابڕاند. ئێستا ئیدی ئەلکساندەر خەریکی دەربڕینی بۆچوونی ناڕوون و دژبەیەک سەبارەت بە چەپەکان بوو، بەڵام ئەو هەنگاوەی کە نایەوە دژی قسەکانی خۆی بوو، بەم شێوەیە سەرکەوتنی مترنیخ کامڵ بوو.

سەرەڕای ئەوەی کە زاراوەی هێرشی پاسیڤانە بۆ زۆربەمان واتایەکی دەروونی نەرێنی هەیە، بەڵام ڕەفتاری هێرشی پاسیڤ ستراتیژێکی هۆشیارانەیە کە ئەوانی دیکە بە گاڵتە دەگرێ و بۆ ڕێکخستنی شەڕی تاکەکەسی بە کار دێت. وەک مترنیخ پێویستە لە دوو بەرەدا چالاکی ئەنجام بدەن. دەبێ بە ڕواڵەت هاوڕا و هاوسۆزی بیروبۆچوونیان بن، وەک پروتئوس بێچم و ڕوخساری خۆت بگۆڕن. لەبیرت بێ خەڵک خوێن ساردن. دژایەتی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەوان یان هەوڵدان بۆ گۆڕینی بۆچوونەکانیان زۆرجار کاریگەری پێچەوانەی دەبێ. لە لایەکی دیکەوە، بەرەیەکی پاسیڤ و سازگار بیانوویەک بە دوژمن بۆ بەرەنگاربوونەوە یان دژایەتیکردن نادات. لەگەڵ وزەیان ئاوێتە و هاوڕاییان بکە تا بتوانی بۆ لادانیان بە ڕێڕەوی دڵخوازی خۆت کەڵک وەرگری، وەک ئەوەی لەبری دروستکردنی بەنداوێک لە بەرامبەر ڕووبارێکی گەورە، ڕێڕەوەکەی بۆ شوێنێکی دڵخواز بگۆڕی. لەهەمانکاتدا بەشی هێرشبەرانەی ئەو ستراتیژییە ئەوەیە کە بە گۆڕانکاری ورد لە بۆچوون و بیرۆکەی دژبەران، دزە

---

١- لەو ڕۆژانەدا، دەسەڵات و سوپا هەمیشە قسەی یەکەمیان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ ڕێوی‌سفەتەکان قسەی یەکەم دەکەن، بۆیە دەگمەنە کەسێکی پاک و ڕاستگۆ بدۆزیتەوە. ملکه الیزابیت اول، ١٥٣٣-١٦٠٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەیتە ناویان و وایان لێ دەکەی لەگەڵ ئێوە هاوڕا بن. ئەگەر نەزانن بوونەتە گەپجاڕ و کایەیان پێدەکرێ، دەرفەتێک دەخوڵقێ بۆ ئەوەی بە وردبوونەوە لە پێشکەوتنەکانیان، لەوانی دیکە دوریان بخەیتەوە و بیانبەیتە ڕێڕەوێک کە زیاتر بەسراوەی ئێوە بن و پێویستیان بە پشتیوانی ئێوە بێ. ئەوان وا بیر دەکەنەوە کە هاوپەیمانی ئێوەن، بەڵام ئەوە ئێوەن لە پشت بەرەیەکی خۆش و گونجاو و تەنانەت لاوازدا، جڵەوی ئەوانتان بەدەستەوەیە.[1]

هنری کیسینجر، لە کتێبی جهانی دۆزرایەوە دەڵێ: *"ئەوە گەورەترین و ڕاستەقینەترین دەستکەوتی مترنیخ بوو، کە توانی لیبرالیزمی ڕووسی بکوژێ و بە لێدانی ئەو دەمامکە کە لەگەڵ ڕووسیە هاوڕایە، بەسەر مەترسیدارترین ڕەقیبی ئوتریش‌دا زاڵ بوو."*

## کلیلەکانی شەڕهەڵایسێنی

ئێمەی مرۆڤ لە توانایی ئیستدلال و بەڵگە هێنانەوە سنووردارین و کێشەیەکی زۆرمان بۆ دروست دەکا: کاتێک بیر لە کەسێک یان ڕووداوێک دەکەینەوە زۆر جار مەیلی ئەوەمان هەیە سادەترین و هەرسترین لێکدانەوە لەبەرچاو بگرین. ئێمە دەڵێین ناسیاوی لەگەڵ فلانە کەس باشە یان خراپە، فلانە کەس مێهرەبانە یان بەد ڕەسەنە، فلان ڕووداو سوودبەخشە یان زیانبەخشە، فلان ڕووداو ئەرێنی یان نەرێنی و ئێمەش دڵخۆشین یان دڵتەنگین، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هیچ شتێک لە ژیاندا

---

١. لەم پاشکۆیەدا کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەی سزار، ناچین ڕوونی بکەینەوە کە "ئۆکتاویان" چۆن هاتە سەر دەسەڵات دوای ئەوەی هاتە ڕۆم بۆ ئەوەی داوای میراتەکەی بکا، دواتر بە هاوکاری "وێسپانیۆس ئەگریپا"، توانی لە شەڕی ئەکتیۆم، ئەنتۆنی و کلیۆپاترا شکست بدا و ببێتە ڕێبەری جیهان، بەڵام دەمانەوێ کورتی بکەینەوە کە چۆن کێشەی سزاری چارەسەر کرد و ئاشتی بەدەست هێنا، کە زیاتر لە دوو سەد ساڵ درێژەی کێشا. کاتێک پلانی ئیمپراتۆری و دەوڵەتانی ناوچەیی دانا کە بەدەستی هێنابوو، دەرکی بەوە کرد کە ئەو ئیمپراتۆریە زۆر گەورە و ئاڵۆزە بۆ ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنێکی حکومەتەوە ڕێبەری بکرێ. ئەو ئیمپراتۆریە پێویستی بە حکومەتێکی سەربەخۆ و ڕێبەرێک هەبوو، بەڵام نەیدەزانی چۆن ئەم سەروەرییە لە خەڵکی دیکە بشارێتەوە. هەر لە سەرەتاوە بڕیاریدا کە بە یاساکانی کۆمار و پاشایەتی شەڕ نەکا. سەرەتا لە ساڵی ٢٨ پێش زایین هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی کەم کردەوە کە پادشا هەیبوو، پاشان نازناوی پرنسیپی واتە هاوڵاتی یەکەم هەڵبژارد، و سیستمەکەی نێونا پرنسیپ. دووهەم: هەموو یاسا نەریتییەکانی وەک بەرپرسانی کونسوڵ، تریون، پرایتۆر، کاهێن و هتد قەبووڵ کرد. سێهەم، لەبری ئەوەی چاوپۆشی لە ئەنجومەنی پیران و سوکایەتی بە ئەندامەکانی، هەروەک ئەو کارەی سزار کردبووی، لە کارەکانیدا ڕاوێژی پێ دەکردن. لە کۆتاییدا لە ١٣ی ژانویەی ٢٧ی پێش زایین لە کۆبوونەوەیەکدا لە ئەنجومەنی پیران، هەموو دەسەڵاتەکانی ڕەت کردەوە و ڕایگەیاند کە ئەو دەسەڵاتانە دەبێ لە دەستی ئەندامانی ئەنجومەنی پیران و خەڵکی ئاسایی‌دا بێ و کاتێک سەناتۆرەکان داوایان لێ کرد بەردەوام بن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دەسەڵاتانە و ئەو سەرچاوانەی کە بە سەختی پێی گەیشتوون ئەوەندە بە ئاسانی تێ ناپەڕن، بە متوازعانە وەڵامی داواکاری ئەوانی دایەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی کونسوڵگەری پارێزگار بەسەر دەوڵەتێکی گەورەدا هەبێ کە ئیسپانیا، گال، سوریا، کیلیکیای (چۆکۆراوی ئەمڕۆ) و قوبرس لەخۆگرتبوو و ویلایەتەکانی دیکەش ڕادەستی ئەنجومەنی پیران دەکات. بەم شێوەیە لە ڕواڵەتدا دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پیران و خەڵك بە خۆیان دەدرایەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەیالەتی گەورەی لە ژێر فەرماندەیی ئەو زۆرینەی لەشکرەکانی لەخۆگرتبوو و بێجگە لەمانەش وەک پادشایەک حوکمڕانی میسری دەکرد و هەموو کۆڵەکە سیاسییەکان لە دەستی ئەودا بوون. دوای سێ ڕۆژ ئەنجومەنی پیران گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە نازناوی ئاگستۆسی پێ بدرێ .ژولیوس سزار، جی.اف.سی.فولر، ١٩٦٥

هەرگیز ئەوەندە سادە نییە. بەڵام مرۆڤەکان تێکەڵەیەکن لە سیفەتی باش و خراپ، خاڵە بەهێز و لاوازەکان. مەبەستی ئەوان بۆ ئەنجامدانی کارێک دەتوانێ هاوکات بۆ ئێمە هەم سوودبەخش بێ و هەم زیانبەخش یان دەرئەنجامی هەستە پێچەوانەکانیان بەرامبەر بە ئێمە بێ. تەنانەت ئەرێنیترین ڕووداویش لایەنی خراپی هەیە. زۆرجار هاوکات هەست بە دڵخۆشی و دڵتەنگی دەکەین. سادەکردنی هەموو شتێک بۆ باشتر تێگەیشتن و بەڕێوەبردن سوودی هەیە، بەڵام بەو پێیەی ئەو ڕەفتارە پێوەندیمان لەگەڵ واقیعیەت کەم دەکاتەوە و هەمیشە بەرەو خراپ تێگەیشتن و بە هەڵەتێگەیشتنمان دەبات. بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی ئێمەدا دەبێ کە هێندێک ناڕوونی و وردبینی بۆ حوکمەکانمان سەبارەت بە کەسەکان و ڕووداوەکان زیاد بکەین.

مەیلی ئێمە بۆ حوکمدان لەسەر شتەکان بە سادەترین شێوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ستراتیژی هێرشی پاسیڤ ئەوەندە کاریگەرە و زۆر کەس بە ئاگاهیەوە یان بە بێ ئاگاهی بەکاری دێنن. لە پێناسەی ئەو ستراتیژییەدا دەبێ بڵێین ئەو کەسانەی کە هێرشبەری- پاسیڤن لە یەک کاتدا هەم پاسیڤن و هەم هێرشبەر. ئەوانە لە ڕواڵەتدا، پابەند، دۆست، گوێڕایەڵ و تەنانەت خۆشەویستن، بەڵام هاوکات لەدەروونەوە سەرقاڵی نەخشەکێشان و ئەنجامدانی کردەوەی دوژمنکارانەن. دوژمنایەتی ئەوانە زۆرجار ورد و زیرەکانەیە. ئەوانە بۆ سەرکوت‌کردنی ئێوە ڕەفتاری ورد یان بۆچوونێک دەردەبڕن تا دیدگای ئێوە سووک و بچووك بکەنەوە، ئەو ڕەفتارە وردانە دەتوانن زیانێکی زۆریان هەبێ.

کاتێک ئێمە قوربانی ڕەفتارێکی ئەوتۆ دەبین، بۆمان ئەستەمە تێبگەین کە دوو دیاردە لە یەک کاتدا ڕوو دەدەن. ڕەنگە بتوانین دەرکی ئەوە بکەین کە مرۆڤ ڕۆژێک باشە و ڕۆژی دواتر ڕەفتارێکی نەشیاو دەکا دواتر دەڵێین ئەو کەسە گۆڕانی حاڵی دەروونی هەیە (حاڵی گۆڕاوە)، بەڵام ئەوەی مرۆڤ لە هەمان کاتدا باش و خراپە، ئێمە تووشی گومان دەکا. ئێمە پێمان خۆشە ڕواڵەتی ئەو کەسانە بە واقیعیەت بزانین و دڵخۆش بین بە ڕواڵەتی خۆشیان. ئەگەر هەست بکەین کارێک بە باشی ناچێتە پێش و سەرەڕای ڕواڵەتی باش و جوانی، کردارێکی دوژمن‌کارانەی لێ ببینین، سەرمان لێ دەشێوێ و هەر ئەم سەرلێشێواوییەش ڕێگە بە لایەنی بەرامبەر دەدا کە ستراتیژیی هێرش‌بەرانەی- پاسیڤی گرتووەتە بەر، کایەمان پێ بکات و بە دڵی خۆی هەڵمانسووڕێنێ.

دوو جۆر هێرشی پاسیڤ هەیە. یەکەمیان ئەوستراتیژی ئاگاهانەیە کە مترنیخ بەرەو پێشی دەبرد و دووهەمیان، ئەو ڕەفتارە نیمچەهۆشیارانە یان ناوشیارانەیە کە مرۆڤەکان بەردەوام لە پرسە بچووک و گەورەکانی ژیانیاندا نیشانی دەدەن. لەوانەیە وەسوەسەت بۆ دروست بێ کە لە گرووپی دووهەم خۆش بی، چونکە ئەوان لە کاریگەری ڕەفتارەکانیان نائاگان یان ناتوانن لێی دەرباز بن، بەڵام زۆرجار مرۆڤەکان باشتر لەوەی بیری لێ دەکەیەوە لە دەرئەنجامی کار و ڕەفتارەکانیان تێدەگەن، و ئەوە تۆی کە فریوی ڕوخساری فریودەر و دۆستانەی ئەو کەسانەت خواردووە. ئێمە زۆرجار لەگەڵ ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسانە بە مێهرەبانی ڕەفتار دەکەین.

کلیلی بەکارهێنانی ستراتیژی هێرشبەری- پاسیف بە شێوەیەکی ئەرێنی و هۆشیارانە بەرەیەکە کە ئێوە بە دوژمنی خۆتانی نیشان دەدەن. ئەوانە هەرگیز نابێ لەو بیرکردنەوە چەوت و دوژمنانەیە تێبگەن کە لەنێو ئێمەدا دەگوزەرێ.

لە ساڵی ١٨٠٢دا ئەو وڵاتەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن هائیتی، موڵک و پێوەندیی بە فەڕانسەوە هەبوو کە بەهۆی ڕاپەڕینی کۆیلەی ڕەش‌پێستەکانی وڵاتەکەوە لە ژێر ڕێبەرایەتی توسان لوورتیوردا دابەش بوو. لە هەمان ساڵدا لە لایەن ناپلیۆنەوە سوپایەک بۆ سەرکوت‌کردنی ئەو شۆڕشە ڕەوانە کرا و توسان وەک خیانەت‌کار دەستگیر و بۆ فەڕانسە دوور خرایەوە و لە زیندان گیانی لەدەستدا. لە نێو هەڵکەوتووترین ژێنراڵەکانی تۆساندا کەسێك بە نێوی "جین ژاک دسالاینز" هەبوو، کە خۆی تەسلیمی فەڕانسە کردبوو و تەنانەت لە سوپای ئەواندا خزمەتێکی زۆری کرد و یارمەتی دەدا تا گرووپە پەراوێزخراوەکانی شۆڕش سەرکوت بکەن و لەلایەن فەڕانسەوییەکانەوە ئافەرینی زیاتریان پێ بگوترێ، بەڵام هەمووی ئەوانە فێڵێک بوو: کاتێک ژاک دسالاینز پاشماوەی یاخیبوونەکەی لە بەین برد، ئەو چەکانەی کە بە دەسکەوت گرتبووی دەبوو ڕادەستی فەڕانسەوییەکانی بکا، بەڵام ئەو هەمیشە بە نهێنی هێندێکیان حەشار دەدا و بەڵکوو بتوانێ هێدی هێدی جبەخانەیەکی گەورە دروست بکا. لەهەمان‌کات‌دا ئەو سوپایەکی شۆڕشگێڕانەی نوێی لە ناوچە دوورەکان دروست کرد و بەرەبەرە پەروەردەی کردن. پاشان ساتێکی هەڵبژارد کە بڵاوبوونەوەی تای زەرد سوپای فەڕانسەی لەنێو بردبوو، ناوبراو دەستی بە دوژمنایەتی کردەوە و دوژمنایەتی خۆی نیشان دا. ناوبراو لە ماوەی چەند ساڵدا فەڕانسەی شکست دا و هائیتی بۆ هەمیشە لە ژێر کۆنترۆڵی کۆلۆنیالیزم و ژێردەستەیی ڕزگاری بوو.

کەڵك وەرگرتن لە ستراتیژی هێرشی- پاسیف لەلایەن دسالاینزەوە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە ستراتیژی نیزامی‌دا هەبوو، کە نێوی "تەسلیم‌بوونی ساختە، یان تەسلیمی درۆ"ی لێ نابوو. دوژمن هەرگیز ناتوانێ لە شەڕدا مێشکت بخوێنێتەوە. پێویستە ڕواڵەتی تۆ وەک ڕێنوێنی خۆیان بەکار بێنن و هەمان نیشانەکان بۆ تێگەیشتن لە ئامانجەکان و بیرکردنەوە دەروونییەکان بەکار بێنن و سوودی لێ وەرگرن. لەهەمانکاتدا تەسلیم‌بوونی سوپایەک دەبێتە هۆی خۆشی و ورووژاندنی دوژمن و گاردی بەرگریی ئەو کەم دەکاتەوە. سوپای سەرکەوتوو ئێستا چاوخشاندنێک بە سوپای شکست‌خواردوو دا دەگێڕێ، بەڵام بەو پێیەی کە ماندوویەتی سەرکەوتن لە جەستەیدا ماوە سەختگیری خۆی کەم دەکاتەوە. ستراتیژیستێکی زیرەک ڕەنگە بە درۆ خۆی تەسلیم بکا و ڕای بگەیەنێ کە بە هەموو توانایەوە شکستی قەبووڵ کردووە و لەو حاڵەتەدا دوژمن ناتوانێ مێشکی ئەو بخوێنێتەوە، پشت بە هەمان نیشانە دەرەکییەکان دەبەستێ و ئێستا سوپا تەسلیم بووە، کات و شوێنی تەواوی بۆ بەرنامەڕێژی دوژمنایەتی نوێ هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە شەڕیشدا وەک ژیان، تەسلیمبوونی درۆینە پشت بە ڕواڵەتی ملکەچبوون و شکست دەبەستێ. ژاک دسالاینز دژی دوژمن هەڵسوکەوتی نەکرد و لە سوپاکەیدا دەستی بە خزمەتکردن کرد. هەروەها پێویستە بۆ ئەوەی دەسکەوتێکت بێ، هەمان شێواز لەبەرچاو بگری: دەروونی وێرانی خۆت پێشان بدە و وا خۆت بنوێنە کە مەیلی دۆستایەتیت لەگەڵ دوژمن هەیە. ئەوە هەمان کارە کە هێزێکی گەورەی لە پەرتەوازەی هۆشی دوژمن هەیە. تۆ دەبێ ئەستێرە(ئەکتەرێکی) باش بی. هەر نیشانەیەکی دووفاقی یان دوانەیی‌بوون دەتوانێ کاریگەری ئەو ستراتیژە لەنێو بەرێ.

لە ساڵی ١٩٤٠ سەرکۆماری ئەمریکا فرانکلێن دی ڕۆزوێڵت ڕووبەڕووی بەڵایەک بووەوە. نزیک بوو لە کۆتایی خولی دووهەمی پۆستەکەی، کە ئەوە نەریتێکی نەنووسراو بوو لە سیاسەتی ئەمریکادا کە هیچ سەرۆکێک بۆی نییە کە خۆی بۆ خولی سێهەم کاندید بکات، بەڵام ڕۆزوێڵت زۆر کاری ناتەواوی بەسەردا مابووەوە. لە دەرەوەی ئەمریکا، ئوروپا خەریکی شەڕ بوو، ئەگەر ئەمریکا لەو شەڕەدا بەشداری بکا کۆتایی پێ دەهات. لە نێوخۆی وڵاتدا ڕۆژگارێکی ناخۆش تێپەڕ دەبوو و ڕۆزوێڵت دەیهەویست بەرنامە تەواونەکراوەکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخە سەختە تەواو بکا. ئەگەر ئەو خواستی خۆی بۆ مانەوە لە پۆستەکەی بۆ خولی سێهەم ئاشکرای بکا، ئەوە تەنانەت لەنێو حیزبەکەی خۆشیدا ڕووبەڕووی دژایەتییەکی بەهێز دەبووەوە، ئەوکاتە زۆر کەس تۆمەتباریان دەکرد کە مەیلی دیکتاتۆری هەیە، بۆیە ڕۆزوێڵت بڕیاریدا کە لە ڕێگەی جۆرێک لە هێرشی - پاسیڤەوە بێتە گۆڕەپانەکە و خواستی خۆی بەدەست بێنێ.

لە چەند مانگی پێش گرتنی کۆنفرانسی دیموکراتەکاندا کە بڕیار بوو کاندیدی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دیاری بکەن، ڕۆزوێڵت چەندین جار ڕایگەیاند کە هیچ ئارەزووی مانەوەی بۆ خولی سێهەم نییە و داوای لە کەسانی دیکە کرد کە کەسێکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە. ئەو لەهەمان کاتدا بە وریایەوە قسەکانی دەکرد، بۆ ئەوەی بە تەواوی دەرگاکان بە سەر خۆیدا دانەداخات و نێوی کەسانێکی بۆ کاندیدکردن دەبرد کە هیچیان خوازراوی ئەنجومەن نەبوون. پاشان بە کرانەوەی کۆبوونەوە لەو شانۆیە پاشەکشەی کرد و بە ئامادەنەبوون لەو جەلەسەیە گرنگیی ئامادەبوونی خۆی بۆ هەمووان نیشان دا. کۆبوونەوە بەبێ ڕۆزوێڵت خاو و بێزارکەر بوو. دواتر ڕاپۆرتیان پێدا کە خەڵک لە نهۆمی بەرامبەری کۆبوونەوەکەدا دروشمی بۆ دەدەن و داوای ئامادەبوونی دەکەن. سەرۆک کۆمار تا ئەو داواکاریانە گەیشتە لووتکە چاوەڕێ مایەوە، دواتر هاوڕێیەکی سەناتۆر ئەلبان بارکلی لە وتارەکەیدا ئەو پەیامەی ڕۆزوێڵتی خوێندەوە: "سەرۆک کۆمار هەرگیز نە پێشتر و نە ئەمڕۆش هیچ مەیلی بۆ مانەوەی لە پۆستی سەرۆک کۆماردا نەبووە و نەیویستووە ئەنجومەن دەست نیشانی بکا." دوای چەند ساتێک بێدەنگی، نهۆمی بەرامبەری ئەنجومەن پڕ بە ژوورەکە هاواریان دەکرد: "ئێمە ڕۆزوێڵتمان دەوێ." ئەو دروشمە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر درێژەی کێشا. بەیانی ڕۆژی دواتر نوێنەران دەبوو دەنگ بدەن و دیسان دروشمی "ڕۆزوێڵت!" هۆڵەکەی پڕ کرد و نێوی سەرۆک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمار بۆ کاندیدکردن نووسرا و دەنگی یەکەمی بە زەبری هێز وەدەست هێنا.[١]

**لەبیرت بێ:** هەرگیز ژیرانە نییە وا نیشان بدەی کە تینووی دەسەڵات و سامان و ناوبانگی. ڕەنگە خولیاکەت بە لووتکەت بگەیەنێ بەڵام لەوانەیە هیچ کەس تۆی نەوێ و خۆشەویستی خۆت لەدەست بدەی، باشترە مانۆڕەکانی خۆت بۆ دەسەڵات بشاریتەوە. ڕاستە تۆ دەتهەوێ بەڵام بە شێوەیەک ڕەفتار بکە وەک ئەوەی بەسەرتدا سەپێنراوە. خۆت پاسیف بکە و کارێک ئەنجام بدە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە وەک کەسێکی زیرەک تۆیان قەبووڵ بێ و ڕوو لە ئێوە بکەن. ئەوە هەمان فورمی هێرشبەری هۆشیارییە.

کردەوەی وردی تێکدەرانە دەتوانێ لە ستراتیژی هێرشبەری- پاسیف سەرسوڕهێنەری دروست بکا، چونکە دەتوانی لە ژێر بەرەیەکی ڕەواڵەتی دۆستانە و گونجاودا بیشاریەوە. ئەوە کارێک بوو کە هیچکاک دەرهێنەری فیلم لە کار لەگەڵ بەرهەمهێنەری فیلمەکە دەیوید سێلزنیک ئەنجامی دا. سێلزنیک دەیهەویست سیناریۆ بە پێی خواستی خۆی بگۆڕێ، بۆیە هاتە گۆڕەپانەکە بۆ ئەوەی دڵنیا بێ لەوەی کە وێنەگرتنی فیلمەکە بەو شێوەیەی کە خۆی گوتوویەتی ئەنجام دراوە. لەم حاڵەتانەدا هیچکاک وای لێ دەکرد کامێرا خراپ بێ یان بەبێ ئەوەی فیلمەکە لەنێو کامێرادا بێ دیمەنەکەی بەپێی بۆچوونی لایەنی بەرامبەر دەگرت و دواتر لە غیابی ئەودا دەیگۆڕی، کاتێک سێلزنیک وەک بەرهەمهێنەر فیلمەکەی چاوی لێ دەکرد هەر جۆرە بڕین و مۆنتاژێک تێچووی زۆری دەویست و مەحاڵ بوو. لە هەمانکاتدا، کاتێک سێلزنیک لەسەر شانۆ دەردەکەوت، هیچکاک خۆی زۆر خوشحاڵ و هەیەجانی نیشان دەدا و هەروەها لەوەیکە کامێرا بە باشی کاری نەدەکرد تووشی شۆک و توڕەیی دەبوو.

ستراتیژی هێرشبەری- پاسیف ئەوەندە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکار دێت، کە پێویستە بزانی چۆن لە کاتی هێرش‌کردندا، ڕۆڵی بەرگری بگێڕی. لە هەر حاڵەتێکدا لەو ستراتیژییە کەڵک وەرگری، سوودی زیاترە لەوەیکە فەراموش یان لەبیری بکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بزانە چۆن هەڵس‌وکەوت لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەی کە بە شێوەیەکی نائاگا یان نیمچەئاگا لەستراتیژی هێرشبەری- پاسیف کەڵك وەردەگرن. چونکە ژمارەی ئەو کەسانە لە جیهانی مۆدێرندا کەم نین. دەبێ بزانی ئامانجیان لەوەیکە دەیانهەوێ بتخەڵەتێنن چیە، بۆ ئەوەی بتوانی خۆت لەو شێوازە نامۆیە لە شەڕەنگێزی دوور بخەیەوە و ئاگاداری بی.

١. ئەو کەسەی کە گاڵتەم پێ دەکات دوژمن نییە، ئەگەر دوژمن بووایە بەرگەگرتنی ئاسان بوو، ئەو کەسەی بە ڕوناکییەک مامەڵەم لەگەڵ دەکا، ئەو دژی من نییە، ئەگەر ڕەقیب و نەیار بووایە من خۆم لە بینینی ئەو دەشاردەوە، ئەو تۆیە، هاواڵەکەمە، بنەماڵەکەمە، هاوڕێمە، هاوڕێی ڕوحمە کە دەستی بەرەو هاوڕێکانی بەرز کردۆتەوە، کە پەیمان و بەڵێنەکانی دەشکێنێ، ڕەنگە قسەکانی لە ڕۆنی کەرە و خامە نەرمتر بن، بەڵام لە دڵێدا شەڕێکی دەست پێکردوە و ڕەنگە قسەکانی ئەگەر لە ڕۆن نەرمتر بن، بەڵام شمشێرێکی تیژیان لە پشتەوە پێیە. مزامیر (زبورەکان)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەتا دەبێ دەرکی ئەوە بکەی کە بۆچی هێرشبەری- پاسیڤ لە جیهانی ئەمڕۆدا زۆر باو بووە. ئەمڕۆ هەر جۆرە ڕەخنەیەکی خێرا و نیشاندانی هەست و سۆزی نەرێنی بۆ ئەوانی دیکە بە دزێو و ناشیرین ئەژمار دەکرێ و سەرزەنشت دەکرێ. کەسانێک مەیلیان هەیە ڕەخنە بە شێوەیەکی کەسیی وەربگرن و بێجگە لەوەش دژایەتی و دووفاقی پرسێکە کە پێویستە بە هەر نرخێک لێی دوور بکەویەوە. فشاری کۆمەڵایەتی پێمان دەڵێ لە چاوی ئەوانی دیکەدا لەبەردڵان و خۆشەویست بین، سەرەڕای ئەوەش سرشتی مرۆڤ ئەنگێزەی هێرشبردن، هەستی نەرێنی و هزری سەرزەنشت‌کراوی سەبارەت بە ئەوانی دیکە هەیە. کەوابوو ڕۆژانە زۆر کەس کە هەستێکی وایان هەیە ڕوو لەو ستراتیژییە دەکەن، بەڵام ناتوانن لە ترسی ئەوەی چیتر خۆشەویست نەبن دەری ببڕن.[١]

زۆربەی کات ڕەفتاری ئەو کەسانە تاڕادەیەک بێ زیانن: ڕەنگە بۆ یارمەتی‌کردنی ئێوە خۆیان درەنگ بگەیەنن یان بۆچوونی وێرانکەر سەبارەت بە ئێوە بڵاو بکەنەوە، ئەوەش بە نهێنی خۆپەرستی ئەوان دەردەخا. بۆیە مەکەونە داوی ئەو بابەتانەوە و ئەو تاکتیکە باوانە پشتگوێ بخەن با ئەم ڕەفتارانە بەشێک بن لە ڕەوتی ژیانی ئەمڕۆ و هەرگیز بە کەسیی وەریان نەگرن. ئێوە شەڕی گرنگترتان لە پێشە، کە دەبێ تەواویان بکەن.

بەڵام ئێمە نوسخەی زۆر بەهێزتر و زیانبەخش‌ترمان هەیە لە ڕەفتاری هێرشبەری- پاسیڤ، کە ڕەفتاری تێکدەرانە لەخۆ دەگرێ و زۆر ئازاری خەڵک دەدەن. بەڕواڵەت هاوکاری لەگەڵ تۆ گەرم‌وگوڕ و دۆستانەیە، بەڵام لە پشت سەرتانەوە قسە و کێشەت بۆ دروست دەکەن، ڕێگە بە کەسێک دەدەی بێتە نێو ژیانتەوە و ئەویش شتێکی بەنرخ بە تاڵان دەبا و دەیدزێ. یەکێک لە هاوکارەکانت دەبێ کاریکت بۆ ئەنجام بدا، بەڵام ئەوەندەی درێژ دەکاتەوە کە کارەکەتان لەگەڵ کێشە ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەو جۆرە کارانە زۆر ڕووخێنەرن، بەڵام بەجۆرێک ئەنجام دەدرێن کە تۆ ناتوانی کەس سەرزەنشت بکەی. ئەوانە بە شێوەیەک ڕەفتار دەکەن کە تۆ و ئەوانی دیکە گومانتان هەیە کە ئایە بەڕاستی شەڕەنگێزانە ڕەفتاریان کردووە یان نا، و لە نیهایەت‌دا کەس تاوانباریان ناکا. هێندێک جار خۆیان وەک تەماشاکەرێکی بێتاوان و قوربانیی پیلانێک نیشان دەدەن. ئەوان نکۆڵی لە هەر جۆرە بەرپرسایەتییەک لەم بابەتانەدا دەکەن و سەرت لێ دەشێوێنن. تۆ گومانت لێیان هەیە بەڵام ناتوانی ئەو ئیدیعایە بسەلمێنن، ئەگەر ئەوان زۆر لێهاتوو بن کارێک دەکەن تەنانەت لەوەیکە گومانت لێیان هەیە هەست بە تاوانباری بکەن. ئەگەر لەبەر توڕەیی ڕەفتارێکی توندت کردبێ، دەبێ تاوانەکەی بدەیەوە و ئەوان سەرنجیان لەسەر ڕەفتاری توندوتیژی و شەڕەنگێزی تۆ هەیە و ئازارت دەدەن و بێزارت دەکەن. هەست بە گوناحی تۆ یەکەم نیشانەی دەسەڵاتی ئەوانە بەسەر تۆ دا. لە ڕاستیدا دەتوانی هەموو جۆرە ڕەفتارێکی هێرشبەری- پاسیڤ لە ڕێگەی هێزی سۆزدارییەوە کە لەدەروون‌تان

١. کەسێکی ڕووخسار پێکەنیناوی و دڵێکی بێ‌بەزەیی بووەتە هێمایەکی سەرەکی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا، لە چین "پڵنگی زەردەخەنە یان دەم بە پێکەنین" پێ دەگوترێ. خدعه‌ای جنگ، ترجمه سان هایچن، ۱۹۹۱

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەکوڵ هاتووە بناسییەوە. ئەوەندە بەسە هەست بکەی کە ئەوە ئێش‌وئازارێکی ڕووکەش نییە بەڵکوو توڕەیی و نائەمنی و پارانۆیا و سەرلێشێواوی تێدایە.

بۆ شکستدانی شەڕکەرێکی هێرشبەری- پاسیف لە پێشدا دەبێ کار لەسەر خۆتان بکەن. مانای ئەوەیە بە وردی ئاگاداری تاکتیکی گۆڕینی سەرکۆنەکردن بیت. هەرجۆرە هەست بە گوناح‌کردنێک لە خۆت دوور بخەوە، ئەو کەسانە دەتوانن زۆر زیرەک بن و بە کارکردنی بەردەوام لەسەر نەبوونی ئەمنییەتی دەروونت تۆ بخەنە تەڵەوە. ئاگاداربە زۆربەی کات خاڵی لاوازییەکانی ئێوەیە وا دەکەن کە لە داوی ئەو کەسانە بکەون. بۆیە پێویستە گرنگییەکی زۆر بەو بابەتە بدەن.

دووهەم، کاتێک ڕووبەڕووی جۆری مەترسی کەسانی هێرشبەری- پاسیف دەبیەوە زیرەکترین هەنگاو خۆلادانە. باشترین کار ئەوەیە کە ئەوانە لە ژیانی تۆ دا نەمێنن و دەریان بکەیت یان لانیکەم زۆر نەیانبینی بۆ ئەوەی بتوانی کۆنترۆڵی هەموو شتێکت لەدەست دابێ. دەبێ هێمنی خۆت بپارێزی، ئەگەر هێرشبەرەکە هاوبەشی ژیانت بێ یان پێوەندییەکی لەگەڵ تۆ هەیە کە زەحمەتە وازی لێ بێنی، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە هەستی ئەمنییەت و ئاسوودەیی تێدا دروست بکەن بۆ ئەوەی بتوانێ هەموو هەستە نەرێنییەکانی خۆی بۆ تۆ ئاشکرا بکا و تەنانەت وای لێ بکە بەوکارە دڵگەرم بێ. ڕەنگە سەرەتا بۆ ئێوە سەخت بێ بەڵام بە ئەنجامدانی ئەو کارە خۆت لە زیانە شاراوەکانی ئەو بەدوور دەگری و مودیرییەتی ڕەخنەی خێرا و ئاشکرا بۆتان ئاسانترە لە مودیرییەتی تێکدانی شاراوە.

ژێنراڵی ئیسپانیایی هێرنان کۆرتیس، چەندین سەربازی هێرشبەری-پاسیفی لەو سوپایەی کە مەکسیکیان لەگەڵ داگیر کرد، هەبوو. ئەوانە بە ڕواڵەت پەیڕەوییان لە کۆرتیس دەکرد، بەڵام لە پشت پەردەوە خیانەتیان پێکرد. کۆرتیس هەرگیز خۆی لەگەڵ ئەو کەسانە دەرگیر نەکرد و تۆمەتباری نەکردن، هەرگیز لۆمەی نەکردن و تانەی لێ نەدان و لەبری هەموو ئەو کارانە شناسایی کردن بزانێ خیانەتکارەکان کێن و دواتر لە میتۆدی خۆیان سوودی وەرگرت. لەگەڵ ئەوان دۆستایەتی ڕووکەشی هەبوو بەڵام لە پشت پەردەوە لەپەڕاوێزی خستبوون و لەگەڵ کار و ئەرکەکانیان سەرقاڵی دەکردن، کە دواجار ناچار بوون ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆیان نیشان بدەن. کاریگەرترین دژەستراتیژی لەگەڵ ئەو کەسانە، ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ورد و نادیار کردەوە و دەسەڵاتیان ناچالاک بکەن و کاریگەرییان نەمێنێ. هەروەها دەتوانن ئەو کارە لەگەڵ کەسانێک کە مەترسی کەمترە ئەنجام بدەی. بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە کارێک درەنگتر لە کاتی دیاریکراو ئەنجام دەدەن، پێویستە هەمان شێواز بۆ ئەوان ڕیجاو بکەن درەنگتر پووڵیان پێ بدەن بۆ ئەوەی کاریگەری ئازارهێنەری ڕەفتارەکانیان ببینن.

بەهەرحاڵ، هەرگیز نابێ بەو کەسانە کات و شوێن و فەزای پێویست بدەن، ڕێگەیان پێ بدەن با ڕەگ‌وڕیشە داکوتن و هەموو جۆرە شێوازێکی پیس بەکار بێنن. باشترین بەرگری ئەوەیە کە لە نواندنی ڕەفتارەکانیان لە دەوروبەرتدا ئاگادار و هەستیار بی و بەڵام مەهێڵە مێشکت دەرگیری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاریگەرییەکانی ڕەفتاری ئەوان بێ.

**بیهێنە بەرچاوت:** ڕووبارێک. ئاوەکەی بە هێزێکی بەقەوەت بە خوڕ دەڕوات. هێندێک جار کە کەنارەکانی لافاو دەیگرێ زیانێکی زۆری دەبێ. هەوڵدان بۆ دروست‌کردنی بەنداو لەبەرامبەری‌دا تەنیا وزە و مەترسییەکانی زیاد دەکا. لەبری ئەو کارە، باشترە ڕێگای بگۆڕن بۆ ئەو ئاراستەیەی کە قازانجی بۆتان تێدایە و وزەی خۆتان بۆ خزمەتی ئامانجەکان خۆت بەکار بێنە.

سان هایچن لە کتێبی فێڵەکانی شەڕ (١٩٩١) دا دەڵێ: *"هەروەک چۆن ئاو دڵۆپ دڵۆپ دەتکێتە سەر بەرد و قووڵی دەکا، کەسانی لاوازیش دەتوانن مرۆڤە بەهێزەکان ببەزێنن."*

## حاڵەتی دەگمەن

پێچەوانەی ئەو ستراتیژییە ئەوەیە کە ڕواڵەتی شەڕەنگێزی و دوژمنکارانە بگریتە بەر، بەڵام لە دەروون‌دا ئارام بن و بزانە کە بڕیارە دۆستانە ڕەفتار بکەن. لەم حاڵەتەدا ئامانجی ئێوە ترساندنی لایەنی بەرامبەرە: تۆ دەزانی کە لەلایەنی بەرامبەر لاوازتری و هیوای ئەوەت هەیە دوژمن بەم شێوەیە لەهێرش‌کردن پەشیمان بکەیەوە، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە ڕواڵەتی خۆت بپارێزی، ئەوان هەرگیز لە مەبەستی دەروونی ئێوە ناگەن. بەگشتی ئەوەی کە بتوانن ڕواڵەتتان بەپێچەوانەی دەروونتان بنوێنن و ئەوەی لە دڵتان‌دایە بیشارنەوە، شێوەیەکی گونجاوە بۆ شاردنەوەی ستراتیژییەکانتان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ستراتیژیی سی‌وسێهەم:
## ترس و دڵەڕاوکێ لە ڕێگەی کردەوەی ترسناکەوە پەرە پێ بدەن.
## ستراتیژیی کاردانەوەی زنجیرەیی

ئاخرین ڕێگایە بۆ ئیفلیج‌کردنی ئیرادەی ئینسان بۆ بەرەنگاربوونەوە و لەنێوبردنی توانای مرۆڤ و پلاندانان بۆ وەڵامدانەوەی ستراتیژیک، ترس و تۆقاندنە. ئەم جۆرە دەسەڵاتە لە ڕێگەی کردەوەی پرش‌وبڵاوی توندوتیژییەوە بەدەست دێت کە هەستێکی بەردەوامی هەڕەشە و تۆقاندن لە سەرانسەری ناوچەکەدا بڵاو دەکاتەوە. ئامانج لە هەڵمەتێکی ترس و تۆقاندن سەرکەوتن لەمەیدانی شەڕدا نییە، بەڵکوو لەو ڕێگەوە دەیانەوێ زۆرترین بشێوی بنێنەوە و هەر بەو پێیە لایەنی بەرامبەر ناچار بکەن، دژکردەوەی توندئاژۆیانە نیشان بدات. ستراتیژیستەکانی ترس و دڵەڕاوکێ بە دزەکردنە نێو ڕاگەیەنەکان و چوونە نێو خەڵکەوە، ئەو وەهمە دروست دەکەن کە ئەوان لە هەموو شوێنێک حزووریان هەیە و هەر بۆیە زۆر بەهێزترن لەوەی کە لە ڕاستیدا هەن. بۆ گەیشتن بە دژەستراتیژی کاریگەر، دەبێ قوربانیانی ترس و سام هاوسەنگی خۆیان ڕاگرن. لە هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێدا، پاراستنی عەقڵانییەت و لۆژیکی تاک، ئاخرین هێڵی بەرگرییە.

### توێکارزانی ترس و دڵەڕاوکێ (ئاناتومی ترس)

لەکۆتایی سەدەی یازدەهەمدا، خاجە نیزامە ئەلمولک (خواجە نظام‌الملک)، وەزیری بەهێزی سوڵتان مەلیک شا، حاکمی ئیمپراتۆری گەورەی ئیسلامی ئەو سەردەمە لە ئیسفەهان، ئاگاداری هەڕەشەیەکی بچووک بەڵام پڕئێش و ئازار بوو. لە باکووری ئێران فیرقەیەک بە نێوی ئیسماعیلیان نزاری دەژیان کە پەیڕەوی ئایینێک بوون و تێکەڵەیەک لە ئامۆژگاری و وانەکانی قورئان و عیرفانیان قەبووڵ کردبوو. ڕێبەری ئەوانە کەسێکی کاریزما بوو بە ناوی حەسەن سەباح کە هەزاران کەسی نوێدینی(تازە دین) بۆ لای بانگەوازەکەی خۆی ڕاکێشا، کە ئەوانە لە کۆنترۆڵی توندی ئیمپراتۆری بەسەر ڕێوڕەسمە ئایینی و سیاسییەکان بێ ئاگا بوون. نفووز و کاریگەری ئیسماعیلیەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەرەی دەستاند و نهێنییەکانی ئەو مەزهەبە بۆ خاجە نیزام ئەلمولک پڕ ئازار و جەزرەبە بوو، چونکە ئەندامانی ئەو مەزهەبە بە نهێنی پەیوەندییان پێوە دەکرد، بۆیە ناسینی ئەوان شتێکی ئەستەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو.[١]

وەزیر تا ئەو جێگەی توانی بە باشترین شێوە چاودێری هەموو چالاکییەکانی ئەوانی دەکرد تا سەرەنجام گوێبیستی هەواڵێک بوو کە هانی دا هەنگاو هەڵێنێتەوە. بەدرێژایی ساڵان وا دیار بوو هەزاران کەس لە نوێدینان ئیسماعیلی دزەیان بۆ نێو قەڵا سەرەکییەکان کردبوو و بە ناوی حەسەن سەباحەوە دەستیان بەسەردا گرتبوو. هەمان شت بووە هۆی ئەوەی کە دەست بەسەر بەشێک لە باکووری ئێراندا بگرن و ناوچەیەکی سەربەخۆ لە نێو چوارچێوەی ئیمپراتۆریدا بۆ خۆیان دروست بکەن. نیزام ئەلمولک وەزیرێکی خێرخواز بوو، بەڵام مەترسی زۆری لە بووژانەوە و گەشەکردنی مەزهەبی ئیسماعیلیدا دەبینی، باشترە ئەو مەترسییە لە تۆو و تۆرەمەوە بخنکێنێ واتە بە ساوایی سیسیان بکا و ڕێگە نەدرێ بەرەو شۆڕش هەنگاو بنێن، بۆیە لە ساڵی ١٠٩٢ وەزیر سوڵتان مەلیک شای ڕازی کرد دوو سوپا بنێرێ بۆ ئەوەی ئەو قەڵایانە داگیر بکەن و بۆ هەمیشە ئیسماعیلییەکان لەنێو ببەن.

قەڵاکان بە توندی چاودێری دەکران و هەوارگەکانی دەوروبەریان هاوسۆز و لایەنگرانی ئەو مەزهەبە بوون. شەڕ لە نێوان سوڵتان و لایەنگرانی ئیسماعیلییە بە بنبەست گەیشت و لەشکرەکانی سوڵتان ناچار بوون بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە. نیزام ئەلمولک دەبوو چارەسەرێکی دیکە بدۆزێتەوە، یەکێک لە ڕێگاکانی لەوانە بوو هێزی داگیرکەر بنێرێتە ناوچەکە، بەڵام دوای چەند مانگێک کاتێک لە ئیسفەهانەوە بۆ بەغدا سەفەری دەکرد، سۆفییێکی دیندار لێی نزیک بووەوە و خەنجەرێکی لە ژێر جلوبەرگی دەرهێنا خەنجەری لەسەردڵی دا و وەزیری کوشت. دواتر دەرکەوت ئەو بکوژە یەکێکە لە ئەندامانی ئیسماعیلی کە جلوبەرگی سۆفییەکانی لەبەر کردبوو، ئەو لە لێپرسینەوەدا دانی بەوەدا هێنا کە حەسەن خۆی داوای لێکردووە ئەو مەئمورییەتە ئەنجام بدا.

چەند حەوتوو دوای کوشتنی نیزام ئەلمولک، مەلیکشا بە مەرگی سروشتی کۆچی کرد. لەدەستدانی وەزیرێکی ژیر و وریا لەو جۆرە زەربەیەکی ترسناک بوو و لە نەبوونی ئەودا سەرپەرستیکردنی کاروبارەکانی ئیمپراتۆری چووە قۆناغێکی پڕ لەگێژاو، کە ساڵانێکی زۆری خایاند و بە قۆناغیکی سەختدا تێپەڕین. لە ساڵی ١١٠٥ سەقامگیری بۆ ئیمپراتۆری گەڕایەوە و دیسان سەرنجی بۆ تەریقەتی ئیسماعیلی ڕاکێشرا. ئیسماعیلییەکان توانیان بە کوشتنی یەک نەفەر بناغەکانی ئیمپراتۆری بلەرزێنن، بۆیە ئیمپراتۆر دەبوو ئەو فرقەیە لە ناو ببا. چالاکی نوێ و چڕوپڕ دژی ئەو تەریقەتە دەستی پێکرد و زۆری نەخایاند کە ڕوون بووەوە کە تیرۆرکردنی خاجە نیزام تەنیا سیاسەتێکی ئیسماعیلی نەبووە بەڵکوو شێوازێکی سەیر و نوێ بۆ دەست پێکردنی شەڕ بووە. لە ماوەی چەند ساڵی

---

١. یەکێک لە دروشمەکانی ئیسماعیلییەکان ئەوە بوو: "براکان! کاتێک وەختی سەرکەوتن هات، لە هەردوو دونیا بەخت ڕوومان تێدەکات دەبێ، ئینجا ئەگەر تەنیا یەک شەڕکەرمان هەبێ، ڕووبەڕووی ئەو پادشایە دەبینەوە کە دەترسێ و تەنانەت هەزاران سواریشی هەیە، ئێمەش هەر سەرکەوتوو دەبین". نقل‌شده در حرفه‌ای‌ها، برنارد لوئیس، ١٩٦٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دواتردا ئەندامانی سەرەکی حکومەتی سوڵتانی نوێ محەممەد تاپار، بە شێوەی پێشوو [وەک نیزام] تیرۆر دەکران، واتە بکوژەکە لەنێو خەڵکدا دەردەکەوت و بە خەنجەر نەفەرەکەی دەکوشت. ئەو عەمەلیاتانە زیاتر لە نێو خەڵک و لە ڕۆژێکی ڕووناک ئەنجام دەدران، بێگومان هێندێک جار کە قوربانییەکە لە جێگادا بوو، ئەندامێکی ئیسماعیلی کە دزەی کردبووە نێو بنەماڵەکەیەوە، تیرۆری دەکرد.

شەپۆلێکی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو پلەبەندییەکانی ئیمپراتۆریدا دەستی پێکرد. دژوار بوو بزانن کێ لە فرقەی ئیسماعیلییە. ئەو کەسانەی کە خۆیان گۆڕی و باوەڕیان بە ئەم مەزهەبە هێنا سەبریان هەبوو، هێندێک بنەمایان پەیڕەو دەکرد و هونەری دەربڕینی بیروڕای خۆیان و گونجانیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەبوو. تەنانەت کاتێک بکوژەکە دەگیرا و ئەشکەنجە دەدرا لێوی بۆ قسەکردن نەدەکردەوە و تۆمەتیان دەخستە ئەستۆی ئەوانەی کە لەدەوروبەری سوڵتان و بە تاوانباریان دەزانی و دەیانگوت ئەو کارانە لەلایەن سیخوڕەکانی سوڵتانەوە کراوە. بەدڵنیاییەوە کەس نەیدەتوانی بزانێ کە ئایا ڕاستییەکان دەڵێن یان نا، بەڵام هەمووان گومانیان لە یەکتر هەبوو.[١]

ئێستا هەموو وەزیر و دادوەر و بەرپرسانی ناوچەیی دەبوو بە چەندین پاسەوان و ئیسکۆرتەوە بۆ ئێرە و ئەوێ بچن. زۆربەیان جلوبەرگی ئەستووریان لەبەر دەکرد. لە هێندێک شاردا کەس نەیدەتوانی بەبێ ئیجازە لە ماڵەکەی خۆی بێتە دەرێ و بچێتە ماڵێکی دیکە، ئەوەش بووە هۆی دووبەرەکی و فەزای بۆ ئەندامانی ئیسماعیلیە کراوەتر کرد. زۆرێک لە وانە شەوانە و لەکاتی خەوتندا دەترسان و تەنانەت لە نزیکترین هاوڕێکانیان گومانیان دەکرد. دەنگۆی زۆر ترسناک لە سەرانسەری ئیمپراتۆریدا بڵاو بووەوە و زۆر کەس بەشداریکردن و گونجاندنیان لەگەڵ حەسەنی سەباح بە باشترین چارەسەر دەزانی، هێندێکی دیکەش پێشنیاری شەڕکردنیان لەگەڵ حەسەن سەباح دەکرد.

لە هەمانکاتدا، بەو پێیەی ئیمپراتۆر هەوڵی سەرکوتکردنی ئیسماعیلییەی دەدا، ئەو تیرۆرانە بەردەوام بوون، بەڵام پەرش‌وبڵاو. چەند مانگێک بەبێ بچووکترین کوشتن تێدەپەڕی و دواتر لەناکاو لە یەک هەفتەدا دوو تیرۆر ڕووی دەدا. ئەو تیرۆرانە ڕیتمێکی تایبەت و دیاریکراویان نەبوو و کەس نەیدەتوانی بڵێ کەی و کام بەرپرس تیرۆر دەکرێ. بەرپرسان بەردەوام باسیان لە مودێلێک دەکرد بۆ ئەوەی هەموو جووڵەیەکی ئیسماعیلییە شی بکەنەوە. بەبێ تێگەیشتنێکی دروست لەم مانۆڕانە و هەبوونی مۆدێلێکی دروست و گونجاو، ئەو مەزهەبە بچووکە بیر و هزری هەمووانی سەرقاڵ کردبوو.

لە ساڵی ١١٢٠ سەنجەر سوڵتانی نوێ، بڕیاریدا کارێک بکا، بۆیە گەڵالەیەکی لەشکرکێشی نیزامی بە هێزێکی زۆرەوە بۆ گرتنی قەڵا ئیسماعیلییەکان دانا، هەروەها ناوچەکانی نزیکی ئەو قەڵایانە وەک ئۆردوگا پڕچەک و چەکداریان بکا. ئەو ڕێوشوێنی خۆپارێزی زیاتری گرتەبەر بۆ ئەوەی لە هەر

---

١. ئەو زیانانەی کە ئێمە پێی ڕاهاتووین، کاریگەری کەمتریان لەسەر ئێمە دەبێ. جوونال، سده اول تا دوم پس از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوڵێک بۆ سەر ژیانی ڕێگری بکا و چەندین ڕێکاری خۆپارێزی بەکارهێنا. تەنانەت شێوازی ژووری نووستنەکەی گۆڕی و تەنیا بەو کەسانە ڕێگەی دەدا بچنە ژوورەوە کە باش دەیناسین. بە پاراستنی خۆی بە شێوەیەکی تایبەتی، بڕوای وابوو کە دەتوانێ دوور بێ لە ترس و دڵەڕاوکێی دەوروبەری.

لەگەڵ دەست پێکردنی ئامادەکارییەکان بۆ شەڕەکە، حەسەنی سەباح دوای ئەوەی باڵیۆزی سەنجەر پێشنیاری وتوویژی بۆ کۆتاییهێنان بە کوشتار کرد، باڵیۆزێکی ڕەوانەی لای ئەوان کرد. هەموو شتێک گۆڕا، ئێستا وا دیار بوو ئیسماعیلیە ترساوە.

پێش ئەوەی لەشکرکێشی دەست پێ بکا، سوڵتان ڕۆژێک بەیانی کە لەخەو هەستا خەنجەرێکی لە لای تەختەکەی لە نزیک سینگی هەڵگرتەوە. لەگەڵ خۆی بیری دەکردەوە کە ئەو خەنجەرە لێرە چی دەکا و مانای چیە؟ ئەو هەرچەندی زیاتر بیری لێ دەکردەوە زیاتر هەستی بەترس دەکرد و خۆف هەموو جەستەی دادەگرت. بە دڵنیاییەوە ئەو خەنجەرە پەیامێکی تایبەت بوو، ئەو لەبارەی ئەو خەنجەرە کە لە ژوورەکەی بوو لەگەڵ هیچ کەس باسی نەکرد چونکە کەسێکی نەبوو کە باوەڕی پێ بکا و جێگەی متمانە بێ. ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ لە باری ڕوحی و دەروونییەوە بە تەواوی شێوا بوو، تەنانەت گومانی لە خێزانەکانی بوو. هەر ئەو شەوە پەیامێکی لەلایەن حەسەن سەباحەوە پێ‌گەیشت: "ئەگەر سڵامەتی سوڵتان بۆم گرنگ نەبوایە، بە دڵنیاییەوە ئەو خەنجەرە لەسەر عەرزێکی ڕەق نەدەدۆزیەوە، بەڵکوو لە ناو دڵی نەرمی خۆتدا هەستت پێ دەکرد."[١]

سەنجەر بەڕادەی پێویست جەزرەبەی کێشا، تەنانەت نەیتوانی ڕۆژێکی دیکە بەم شێوەیە بژی. هەموو مێشکی پڕ لە گومان و بێ‌متمانەیی بوو، بۆیە لە دڵی خۆیدا بیری لەوە کردەوە کە باشترە وتوویژ لەگەڵ ئەو شەیتانە بکا، خێرا بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی ڕاگەیاند و لەگەڵ حەسەنی سەباح ئاشتی و ڕێککەوتنی کرد.

بە تێپەڕبوونی ساڵ، لەگەڵ گەشەکردنی دەسەڵاتی سیاسی ئیسماعیلییەکان و فراوانبوونی ئەو مەزهەبە بۆ سوریا، بکوژانی ئەو مەزهەبە بە شێوەیەکی نهێنی‌تر هەنگاویان دەنایەوە. ئەو کەسانە لە

١. "پیزاندروس" و ئەوانی دیکە، لە گەشتە ئاویەکەیاندا بەپێی بەرنامەی خۆیان دێموکراسی‌یان لە شارەکانی یۆنان لە نێو برد. ئەوانە لە هێندێک شوێن سەربازی بەکرێگیراویان دادەمەزراند تا هێزەکانیان زیاد بکەن و بچنە ئاتێنی پایتەخت. لێرەدا بۆیان دەرکەوت کە ئەندامانی حیزبەکەیان زۆربەی کارەکانیان ئەنجام داوە، هێندێک لە گەنجەکان بەبێ ئەوەی بناسرێن لە نێوان خۆیاندا گرووپیان پێک هێنا. یەکێک لە ڕێبەرانی سەرەکی حیزبی دێموکراتیان کوشت. هەروەها خەڵکی دیکەش هەبوون کە لە لایەن پیزاندروس و گرووپەکەی نەخوازراو بوون و سەریان بە نهێنی دەخرایە ژێر ئاوەوە کە خەڵکی ئاتێن ژمارەی هێزەکانیان دەبینی، ئەوەندە ترسان کە جورئەتی مخالەفەتیان نەبوو. ئەگەر کەسێک بوێری ئەوەی هەبوو دژایەتی بکا ئەوە بە شێوەیەکی نهێنی دەکوژرا و کەس نەیدەتوانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو جۆرە کارە وەحشیانەی بکا. خەڵک بێ‌دەنگ بوون و خۆیان بە بەختەوەر دەزانی کە ڕزگاریان بووە. ئەوان پێیان وابوو ئەم حیزبە شۆڕشگێڕە لەوە گەورەترە کە هەیە و هەر بۆیە متمانەیان بەخۆیان نەمابوو. ئەوان زانیاری دروستیان لەبەردەستدا نەبوو و ئەو نائاگاهیە بەهۆی گەورەی شارەکە و نەبوونی پێوەندی نێوان هاوڵاتیان بوو. خەڵک بە گومانەوە لە یەکتر نزیک دەبوونەوە و هەریەکەیان پێیان وابوو ئەوی دیکە پیلانی لە دژی داڕشتووە.
تاریخ جنگ‌های پلوپونز، توسیدیس ٣٩٩ – ٤٦٠ پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای تیرۆرکردنی هەر کەسێك هەوڵی هەڵاتنیان نەدەدا، بەڵکوو کارەکانیان ئەنجام دەدا. ئەگەر دەستگیر دەکران ئەشکەنجە دەکران و دواتر لەسێدارەیان دەدان. ئەوان بە هیچ شێوەیەک لە ئەندامەتی خۆیان لەو مەزهەبە نارەزاییان دەرنەبڕی. وا پێ دەچێ خۆیان و ژیانی خۆیان بۆ ئەم بزووتنەوەیە تەرخان کردبێ. هێندێک پێیان دەگوتن حەشیشیە یان حەشاشین و ئەو وشەیەیان لە واژەی عەرەبی حەشیش وەرگرتووە کە بە واتای شێواندن بەهۆی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەرەوە دێ. هەروەها شەرکەرانی ئورووپایش چەندین چیرۆکیان لەبارەی هەڵسوکەوتە شەیتانییەکانی حەشاشینەوە بیستووە و بۆ کەسانی دیکەیان گواستەوە. وشەی "حەشاشین" بۆ هەمیشە بە شێوەزاری ئورووپایی بۆ واژەی "ئەساسین" گۆڕدرا.

**لێکدانەوە**

حەسەنی سەباح یەک ئامانجی هەبوو، ئەوەیش دارشتنی دەوڵەتێک بۆ مەزهەبەکەی خۆی لە باکووری ئێران تا بتوانێ لەنێو ئیمپراتۆری ئیسلامیدا بمێنێتەوە و گەشە بکا. بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی کەمی ئەندامانی ئەو مەزهەبە و ئەو هێزە دەسەڵاتدارانەی کە لە دژی ئەو بوون، نەیدەتوانی هیوای زیاتری هەبێ، بۆیە ستراتیژییەکی دارشت کە بە دڵنیاییەوە یەکەم هەڵمەتی تیرۆریستی سازماندراو بۆ دەسەڵاتی سیاسی بوو. نەخشەی حەسەن بە شێوەیەکی فریودەرانە سادە بوو. لە جیهانی ئیسلامدا، ڕێبەرێک کە ڕێزی زۆری هەبوو دەسەڵاتێکی بەرچاوی پێ دەدرا و تا ئەو ڕادەیەی دەسەڵاتی هەبوو مردنەکەی دەیتوانی ئاژاوە و بێ نەزمی زۆر بە دوای خۆی دا بێنێ. حەسەنی سەباح لەسەر ئەو بنەمایە بڕیاری دا ڕێبەرانی دەسەڵاتدار لە بەین بەرێ و بەڵام ئەو کارەی بە هەڵکەوت ئەنجام دەدا، واتە ئەستەم بوو هیچ نەخشەیەک لە هەڵبژاردنەکانیدا ببینرێ و پێش‌بینی بکرێ کە قوربانی دواتر کێیە. لە ڕاستیدا بێجگە لەو قەڵایانەی کە بەدەستیانەوە بوو، ئیسماعیلییەکان تەواو لاواز و زەربەپەزیر بوون، بەڵام ئەو بە سەبرەوە دزەکردنی کەسانی خۆی بۆ نێو قووڵایی دڵی ئیدارەی سوڵتان نارد و توانی ئەو وەهمە دروست بکا کە لە هەموو شوێنێک حوزووری هەیە. ئەو لە تەواوی ژیانی دا پەنجا تیرۆری کرد و لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی ئەو تیرۆرانەوە ئەوەندەی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستهێنا وەک ئەوەی سوپایەکی مەزنی لە ژێر دەستی دابێ.

ئەم دەسەڵاتە تەنیا بە درووستکردنی ترس لە سەر خەڵکی دەوروبەر دروست نەبوو، بەڵکوو بەستراوە بە کاریگەری ئەو کوشتارانە لە سەر گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بوو. لاوازترین بەرپرسانی ئەو زنجیرەیە ئەو کەسانە بوون کە تەسلیمی پارانۆیا، ترس و گومان و دەنگۆیەک دەبوون کە بڵاو دەکرانەوە و بەهەڵکەوت کاریگەرییان لەسەر کەسانی بێ غیرەت و لاواز هەبوو. ئاکامی کاریگەری شەپۆلێک بوو کە هەست و سۆزی سەیر و سەمەرەی لە تورەییەوە تا تەسلیم بوون لە سەرانسەری خەڵکدا دروست کرد. گرووپێک کە ئەم ترسەیان ئەزموون دەکرد هاوسەنگی خۆیان لەدەست دەدا و بە زەربەیەکی بچووک گیانیان لەدەست دەدا. تەنانەت بەهێزترین و بەئیرادەترین کەسانیش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەنجام خۆیان تەسلیم دەکرد، هەروەک چۆن سوڵتان سەنجەر کە هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی ئەمنیەتی گرتەبەر بۆ دڵنیابوون لە گیانی خۆی هەموو ئەو سەختییەی بۆ ڕزگارکردنی ژیانی قەبووڵی کرد، نیشانی دا کە لە ژێر کاریگەری ترس‌دایە. خەنجەرێکی سادە لەسەر زەوی بەس بوو بۆ ئەوەی واداری بکا لە بڕیاری هێرشکردن بۆ سەر ئیسماعیلییە پەشیمان بکاتەوە.

**لەبیرت بێ:** هەمووومان بە توندی بەرامبەر بە هەست و سۆزی دەوروبەرمان زۆر هەستیارین. زۆرجار بۆ ئێمە سەختە بتوانین تێبگەین کە چەندە کاریگەری چۆنیەتی هەستی گرووپێکمان لەسەرە. ئەوە هەمان فاکتۆرە کە بەکارهێنانی تیرۆر هێندە کاریگەر و مەترسیدارە. چەند کردەوەیەکی توندوتیژ لە کاتی خۆیدا یان تیرۆرکردنی چەند کەسێک دەتوانێ هەموو جۆرە بیرکردنەوە و گومانێکی وێرانکەر داگیرسێنێ. لاوازترین ئەندامانی گرووپی ئامانج دەسبەجێ ملکەچی گەورەترین ترسەکانیان دەبن و دەنگۆ و نیگەرانی بڵاو دەکەنەوە و باری دەروونی خراپی خۆیان لە کەسانی دیکەدا دەچێنن. لەوانەیە کەسانی بەهێز بە توندوتیژی یان تووڕەیی، وەڵامی کردەوەی تیرۆریستی بدەنەوە، بەڵام ئەوە نیشان دەدا کە چەندە کاریگەری ترسیان لەسەرە. لەبری پلاندانان و داڕشتنی ستراتیژێکی گونجاو، دژکردەوە دەری دەخا کە کاردانەوەی توند نیشانەی لاوازییە نەک هێز. لە هەلومەرجی ئاساییدا ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ترساون و زەندەقیان چووە، بە تێپەڕبوونی کات هاوسەنگی دەروونی خۆیان بەدەست دێننەوە، بەتایبەتی ئەگەر لەلایەن کەسانی ئارامەوە دەورە درابێتن، بەڵام هەلومەرجی ئەوتۆ لە گرووپێکی ترساو و زەندەق‌چوو ئەستەمە.

کاتێک هێزی خەیاڵ و بینین و وێناکردنی ئەوانی دیکە لە ژێر کۆنتڕۆڵ دەردەچێ، تیرۆریستان دەبنە دیاردەیەکی گەورەتر، وەک ئەوەی هیچکات شکست ناخۆن و لە هەموو شوێنێک ئامادەن. هەروەک حەسەن سەباح سەلماندی، گرووپێکی تیرۆریستی دەتوانێ بە چەند زەربەیەکی حیساب‌کراو لە دژی دەروونی گرووپەکە، تەواوی ئیمپراتۆری بە بارمتە بگرێ و کاتێک ڕێبەرانیی گرووپێک تەسلیمی ڕاکێشانی هەیەجانی دەبن و بیانهەوێ بەبێ ستراتیژێکی گونجاو، دژەهێرش دەست پێ‌بکەن، سەرکەوتنی ئەو هەڵمەتە ترس و تیرۆرکردنە تەواو بووە.

(ضرب‌المثل) پەندێکی عەربی: *"سەرکەوتن بە ژمارەی ئەو کەسانەی کە کوژراون بەدەست نایە، بەڵکوو بە ژمارەی ئەو کەسانەی کە ترساون بەدەست دێ."*

## کلیلەکانی شەڕ هەڵایسێنی

لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕووبەڕووی هەموو جۆرە ترسێک دەبینەوە، ئەو ترسانە بە گشتی پەیوەندییان بە شتێکی تایبەتەوە هەیە: ڕەنگە کەسێک زیانمان پێ بگەیەنێ، ڕەنگە کێشەیەکی تایبەت ڕووبدا و ڕەنگە نەخۆشی یان مردن هەڕەشەمان لێ بکا. لە گەرمەی هەر ترسێکی قووڵدا، هێز و ئیرادەمان لە یەک کاتدا لەدەست دەدەین و بیر لە شتێکی خراپ دەکەینەوە کە ڕەنگە بەسەرمان دا بێ. ئەگەر ئەو حاڵەتە زۆر درێژە بکێشێ یان زۆر چڕ بێتەوە، ڕەنگە بەرگەگرتنی ئەو ژیانە سەخت نەگرین، بۆیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێین بۆ نەهێشتنی ئەو بیرکردنەوانە و سڕینەوەی ترسمان. لەوانەیە بیرمان بخەین سەر کارەکانی ڕۆژانەی وەک: کار، کارلێکی کۆمەڵایەتی یان بەکاری چالاکی لەگەڵ هاوڕێکانمان سەرقاڵ بین. ڕەنگە بیروباوەڕی ئایینی یان بیروباوەڕی دیکەی وەک باوەڕ بە زانست و تێکنۆلۆژی بتوانن هیوامان پێ ببەخشن. باوەڕەکان، بیرچوونەوە و سەرقاڵییەکنی ڕۆژانە هەمان زەوی ژێر پێمانە، کە ئێمە بە پێوە ڕادەگرێ و ڕێگەمان پێدەدا کاتێک ترس بەرۆکمان پێدەگرێ، بە پتەوی ڕادەوەستین بەبێ ئەوەی دەست و پێی خۆمان ون بکەین و بە ڕێگای خۆمان درێژە دەدەین.

هەر چۆنێک بێ لە ژێر هەلومەرجێکی تایبەتیدا ڕەنگە ئەو زەوییەی ژێر پێمان بتەپێ و ئەو کاتە هیچ ڕێگەیەکمان بۆ پاراستنی سەقامگیری و پایەداری خۆمان نەبێ. لە ڕەوتی مێژوودا دەبینین کاتێک کارەساتێک بۆ مرۆڤ دێتە پێش، بۆ نموونە بومەلەرزە، چاوقووڵە (تاعون)، یان شەڕێکی ناوخۆیی، هێندێک جار جۆرێک شێتی بە سەریان زاڵ دەبێ. ئەوەی لەم بارودۆخانەدا زۆرترین کێشەمان بۆ دروست دەکا ڕووداوی تایبەتی ڕابردوو نییە، ئێمە توانایەکی گەورەمان بۆ زاڵبوون و گونجاندن لەگەڵ هەر شتێکی ترسناک هەیە، بەڵکوو ترس لە داهاتووی نادیار و ئەو شتە ترسناکانەیە کە ڕەنگە بەرەو پیری ئێمە بێن و بۆ ئێمە تراژێدی و کارەساتی چاوەڕواننەکراو دروست بکەن و ئازارمان بدەن. ئێمە ناتوانین بە کردەوە یان بیروباوەڕی ڕۆژانەمان ئەو هزرانە لە نێو بەرین، ترس کۆنە و ڕیشەدار دەبێ و مێشکمان پڕ دەبێ لە هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی ناعەقڵانی. ترسە تایبەتەکان زیاتر گشتگیرن و کاتێک لە گرووپێکدا دروست دەبن ئەوان لەناو دەبەن.[١]

لە بنەڕەتدا پێناسەی ترس و دڵەڕاوکێ بریتییە لە: ترسێکی زۆر توند و بەهێز کە ناتوانین بە شێوەیەکی ئاسایی مودیرییەتی بکەین یان لە زەرەر و زیانی ڕزگارمان بێ. لەو حاڵەتەدا گومانێکی زۆرمان هەیە کە مبادا ڕووداوی خراپ بەرەو پیرمان بێ.

لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووهەمدا، کاتێک ئەڵمانییەکان لەندەنیان بۆردومان کرد، دەروونناسەکان بەو ئاکامە گەیشتن کە کاتێک سیستماتیک بۆردومان دەکرێ، خەڵکی شار لێی بێ تاقەت دەبن و خوو بە دەنگ ترسناک، ناڕەحتی یان وێرانیەکەی ڕادێن، بەڵام کاتێک بۆردومانەکە نارێک و بێ نەخشە بێت، ترس دەگۆڕێ بۆ تۆقاندن و زەحمەتە خەڵک ڕووبەڕووی ئەو نادڵنیاییە

---

١. خافڵگیری، وێرانکاری و تۆقاندن بەدوای خۆیدا دێنێ و لە هەمووی گرنگتر نەهامەتی دێنێ. ڕەنگە تۆ بە ڕووداوەکان تووشی شۆک نەبی، بەڵام بەسە دراوسێکەتانی گرفتار کردبێ ئێوەش خێرا هەستی پێ دەکەن. کاتێک شۆکی دەروونی دەگاتە بەرزترین ئاست هێزی بیرکردنەوە و تێڕامان و بوونی عەقڵی مرۆڤ دەستێنێ لەم حاڵەتەدا ڕەفتاری مەعقول دوور لە چاوەڕوانییە. کەواتە باشترین کار ئەوەیە کە بێدەنگ بی تا کەش‌وهەوای نارۆونی لادەبرێ و با ئەو دەرکەوتنە دڵتەزێنە بڕوا. کەسێک کە خۆی تووشی شۆک نەبووە بەڵام دراوسێکەی تووش بووە، دەتوانێ کارێکی دیکە بکا ئەویش ئەوەیە کە لە کاتی خۆیدا بکێشێتەوە و خۆی لە هەر زیانێک ڕزگار بکا، لە هەمان کاتدا دەبێ بە گیانی خۆی وەدەستی بێنێ، بۆ ئەوەی لەم حاڵەتەدا ڕەنگە دراوسێ و هاوڕێکانی لێی ناڕازی بن، بەڵام نابێ گرنگی بە ڕزگارکردنی ژیانی بدا. ئی چینگ یا کتاب دگرگونی‌ها، چین، قرن هشتم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنەوە کە کەی بۆمبێکی دیکە دەخرێتە خوارەوە.

ئەوە یاسای ستراتیژی و شەڕە کە بۆ گەڕان بۆ دۆزینەوەی باشی شتێک زۆر شت تاقی دەکرێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کەسانێک یان گرووپی جیاواز، هێزێکی زۆر لە دروستکردنی تیرۆر و تۆقاندن دەبینن و وەک ستراتیژی کەڵکی لێ وەردەگرن. مرۆڤەکان بوونەوەرێکی شلک، نەرمونیان، وریا و لێهاتوون، تەنیا ڕێگە بۆ ئیفلیجکردنی ئیرادە و لەنێوبردنی توانای بیرکردنەوەی دروستیان ئەوەیە کە بە هۆشیارییەوە گومان، نارِوونی، سەرلێشێواوی و ترسێکی بێ ئەندازەیان تێدا دروست بکرێ.

ئەو جۆرە ترس و دڵەڕاوکێیە ستراتیژییە دەتوانێ نموونەی کردەوەی ڕووخێنەر و وێرانکەر بێ. مامۆستایانی ئەم هونەرە مەغۆلەکان بوون، بە ترسناکترین شێوە شارەکانیان لێرە و لەوێ دەڕوخاند. ئەفسانەی ترسناکی سوپای مەغۆلەکان بە خێرایی لێرە و لەوێ بڵاو بووەوە. لەگەڵ نزیکبوونەوە بۆ هەر شارێک، ترس و دڵەڕاوکێ هاوڵاتیانی دەگرتەوە چونکە دانیشتووانی تەنیا دەیانتوانی خراپترین شتەکان بهێننە بەر چاوی خۆیان. زۆربەی کاتەکان شارەکان بەبێ هیچ بەرەنگارییەک خۆیان تەسلیم دەکرد و ئامانجی مەغۆلەکان بە خێرایی وەڵام دەدرایەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە، سوپای مەغۆلەکان بێجگە لەوەی کە بچووک بوون لە ماڵی خۆیان دوور، و بەرگەی شەڕی قورسیان نەدەگرت.

ئەو ترس و خۆفە ستراتیژییە دەتوانرێ بۆ ئامانجی سیاسیش وەک پاراستنی گرووپێک یان نەتەوەیەک کەڵکی لێ وەرگیرێ. لە ساڵی ١٧٩٢ شۆڕشی فەڕانسە لە ژێر کۆنترۆڵ دەرچوو. سوپای بێگانە خەریک بوو هێرش بۆ سەر فەڕانسە بکەن و ئەو وڵاتە بە شێوەیەکی نائومێدانە خەریک بوو لێک دەپچڕا. ڕادیکاڵەکان بە ڕێبەری "ماکسیمیلیان ڕۆبێسپێر" بە دەستپێکردنی شەڕ بە دژی میانەڕەوەکان، پەرپرچی ئەو هەڕەشەیە بوونەوە و پادشایەتی دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقاندنیان دامەزراند. هەزاران کەس بە تۆمەتی ڕاپەڕینی دژی شۆڕش لە گیوتین دران و هیچ کەس نەیدەزانی کەسی دواتر کێ دەبێ، هەرچەندە ژمارەی توندڕەوەکان زۆر کەم بوو، توانیان بەهۆی ئەو گومان و ترسەوە، ئیرادەی نەیارەکانیان ئیفلیج بکەن. سەیر ئەوە بوو کە حوکمڕانی تیرۆر، کە یەکەم نموونەی تۆمارکراوی بەکارهێنانی وشەی "تێرۆریسم" و "تێرۆریست"مان پێ نیشان دەدا، زۆر سەقامگیر بوو.

هەرچەندە تیرۆر وەک ستراتیژییەکی کارا، لەلایەن سوپای گەورە و لەڕاستیدا زۆربەی دەوڵەتەکانەوە بەکار دێت، بەڵام گرووپی کەم ئەژماریش بە شێوەی کاریگەر کەڵکی لێ وەردەگرێ. هۆکارەکەی سادەیە: بەکارهێنانی تیرۆر بە گشتی پێویستی بە خواستی کوشتنی هاوڵاتیانی بێتاوان، بەناوی چاکەیەکی گەورەتر و ئامانجێکی ستراتیژییەوە هەیە. بۆ چەندین سەدە، بێجگە لە هێندێک خانەدانی وەک مەغۆلەکان، ڕێبەرانی نیزامی هیچ مەیلێکیان بۆ ئەوەی ئەوەندە پێشڕەوی بکەن نەبوو. لە هەمانکاتدا حکومەتێک کە ڕێگەی ترسی گشتی بۆ خەڵکی خۆی بە ڕەوا دەزانی، ڕوحی خراپی خۆی نیشان دەدا و ئاژاوەیەک دەنێتەوە کە کۆنترۆڵکردن و مودیرییەتی سەخت دەبێ. بەڵام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرووپە بچووکەکان کێشەیەکی ئەوتۆیان نیە. بەھۆی ئەوەی ژمارەیان بە ڕادەی پەنجەکانی دەست دەبێ ناتوانن ھیوایان ھەبێ کە شەڕێکی ئاسایی یان تەنانەت لەشکرکێشێکی چریکی ئەنجام بدەن. تۆقاندن و تیرۆر ئاخرین ستراتیژی ئەوانە. کەواتە کاتێک ڕووبەڕووی سوپایەکی گەورە دەبنەوە، توانای مودیرییەتکردنیان نییە بەڵکوو ئامانج و بزووتنەوەیەکیان ھەیە کە بە گیان و دڵ پێی پابەندن. لێرەدایە کە تێڕوانینەکانی دیکەی ئەخلاقی و مرۆیی کاڵ دەبنەوە و تیرۆرکردن و تێکدانی دۆخەکە دەبێتە بەشێک لە ستراتیژیەکەیان.

تیرۆر بۆ چەندین سەدە بەھۆی ئامرازە تایبەتەکانی وەک شمشێر، خەنجەر، دەمانچە و کوشتنی تاکەکەسی، سنووردار بووە. پاشان لە سەدەی نۆزدەھەمدا کەمپینێکی جیا داھێنانێکی قووڵی لەم بوارەدا دروست کرد و تیرۆریسمی ئەمڕۆی دروست کرد.[١]

لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٨٧٠ کۆمەڵێک توندڕەوی ڕووسی کە زۆرتر لە چینی ڕۆشنبیران بوون، چەخماخەی شۆڕشێکیان بە ڕێبەرایەتی جووتیاران لێدا. سەرەنجام تێگەیشتن کە ئامانجی بزووتنەوەکەیان ھیوابەخش نییە: جووتیاران ئامادەی ئەو جۆرە کارانە نەبوون و لە ھەمووی گرنگتر ڕێژیمی چریکی و ھێزە سەرکوتکەرەکانی زۆر بەھێز بوون. تزار ئەلکساندەری دووھەم لەم دواییانەدا دەستی بە شتێک بە ناوی "تیرۆری سپی" کردبوو، کە دڕندانەترین توندوتیژی بۆ سەرکوتکردنی ھەر جۆرە دژایەتییەک بوو. بۆ ئەو توندڕەوانە ئەستەم بوو لە فەزایەکی ئەوتۆدا بە ئاسانی و ھەڵبەتە بە تەنیا چالاکی بکەن و نفووزی خۆیان پەرە پێ بدەن، بەڵام ئەگەر کارێکیان نەکردبوایە دەسەڵاتی تزار ھەموو ڕۆژێک زیاتر دەبوو.

لە نێو ئەو توندڕەوانەدا گرووپێک سەری ھەڵدا کە پەنایان بۆ شەڕی تیرۆریستی برد. ئەوان خۆیان بە "ئیرادەی خەڵک" نێو دەبرد و بۆ ئەوەی کە ڕێکخراوەکەیان بە نھێنی بپارێزن، خەڵکێکی زۆریان لەدەوری خۆیان کۆنەکردەوە. ھەروەھا جلوبەرگی ساختەیان لەبەر دەکرد و دەچوونە نێو خەڵک، و وردە وردە دەستیان بە دروستکردنی بۆمب کرد. کاتێک چەند وەزیرێکی حکومەتیان کوشت، تزار خۆی لە کۆشکەکەی خۆیدا حەپس کرد. ئەو کە ئارەزووی دۆزینەوە و سزادانی ھەموو تیرۆریستانی لە مێشکی دابوو، ھەموو وزەی خۆی بۆ ئەو ئامانجە تەرخان کرد بەڵام زۆربەی ھەوڵەکانی بێھودە بوون.[٢]

---

١. کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێویەکی ئەمڕۆی تێرۆریزمی پەرە پێداو بەربڵاوتری کرد، تەنانەت لە وڵاتی خۆی ھیچ دەستی نەپاراست، بەڵکوو بۆ وڵاتانی ئورووپایشی لە قاڵبی دیپلۆماتیدا ڕەوانە کرد چەندین کەسی لە ڕێبەرانی کورد، سەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمان و ئوتریش ئەحزابی دیکە لە وڵاتانی ئورووپایی بەشێوەیەکی زۆر ناجوامێرانە تێرۆر کرد، و.

٢. بنەمای شەڕخوازی مەغۆلەکان ترس و خۆف بوو. قەتڵوعام، دەستدرێژی و ئەشکەنجەدان وەک سزای شکست ئەژمار دەکرا، ئەم شکستە چ لەسەر بنەمای ڕێککەوتن بێ، چ لەسەر بنەمای شەڕ. ھەموو ئامرازێکی تیرۆریستی بۆ لەنێوبردنی ئیرادەی قوربانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەکار دەھێنران. ھەر کە ھەواڵ دەگەیشت سوپای مەغۆل لە ڕێگادایە یان بڕیارە سنوورێک ببڕێ خەڵکی ئەو ناوچەیە زۆر دەترسان و دەست و پێی خۆیان گوم دەکرد. ھنر جنگ‌افروزی زمینی، دیوید چاندلر، ١٩٧٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له ساڵی ١٨٨٠دا توندڕەوەکان توانیان بۆمبێک له کۆشکی زستانی تزاردا که شوێنی نیشتەجێبوونی له سێنت پترسبۆرگ بوو، بتەقێننەوە و دوای ئەوە له کۆتاییدا ساڵی دواتر بۆمبێکی دیکە ئەلکساندەری کوشت. بۆ سەرکوتکردنی ئەو بۆمبدانانەوە، حکومەت ڕێبازێکی زۆر توندتر له سیاسەتەکانی کۆشکی گرتەبەر و ڕێکخراوێکی چاودێری نهێنی دامەزراند. سەرەڕای هەموو ئەو کارانە، له ساڵی ١٨٨٨ ئەلێکساندەر ئۆلینۆڤ، برای ولادیمێر لینین و ئەندامی گرووپی تیرۆریستی "ئیرادەی خەڵك" هەوڵی دا جێگری ئەلکساندەر، تزار ئەلکساندەری سێهەم بکوژێت.

به گرتن و ئێعدامی ئەلکساندەر ئۆلینۆڤ چالاکییەکانی ئەو گرووپە بە بن‌بەست گەیشت، بەڵام ئەو گرووپە شەپۆلێکی شۆڕشی تیرۆریستی له سەرانسەری جیهان دەست پێکرد لەو نێوەدا دەتوانین ئاماژە بە تیرۆرە ئانارشیستی سەرۆکەکانی ئەمریکا، جیمس ئی گارفیلد له ساڵی ١٨٨١ و ویلیام مەکینلی له ساڵی ١٩٠١ بکەین، هەموو توخمەکانی تیرۆری مۆدێرن له گرووپی تیرۆریستی "ئیرادەی خەڵک"دا دەبینران. ئەو گرووپە بۆمب‌یان له دەمانچە بە باشتر، ترسناکتر و کاریگەرتر دەبینی. ئەوان پێیان وابوو ئەگەر بە ڕادەیەکی پێویست وەزیرەکانی حکومەت بکوژن، دەتوانن هێزی خۆیان ئاراستەی تزار بکەن و ئەو ڕێژیمە یان دەڕوخێت یان بۆ بەرگریکردن له خۆی هەنگاو دەنێ. له ئەگەری هەڵبژاردنی بژاردەی دووهەمدا، بە دڵنیاییەوە کاردانەوەی سەرکوت‌کردن له درێژخایەندا له بەرژەوەندی ئەوان دەبوو و دەبێتە هۆی پەرەپێدانی نارەزایی خەڵک و شۆڕش دەست پێدەکا. چالاکییەکانی بۆمبدانانەوەی ئەو گروپە له ڕاگەیەنەکان زەق دەکرایەوە و ناڕاستەخۆ بزووتنەوەکەیانی بە هاوسۆز و هاوڕاکانیان له سەرانسەری جیهان دەناساند. ئەوان ئەو ئامانجەیان بە "تەبلیغی کار" یان پڕوپاگەندەی کردەوە نێو برد.

گرووپی "ئیرادەی خەڵك" زیاتر حکومەتی وەک ئامانج بە نیشانە گرتبوو، بەڵام له کوشتنی ژمارەیەک کەسی بێتاوان درێغی نەکرد. ڕووخانی حکومەتی تزار بایەخی ئەوەی هەبوو کە چەندین کەس گیانیان لەدەست بدەن و گرنگترین شت ئەوە بوو کە بۆمبدانانەوە زۆر باشتر له بژاردەی دیکە، واتە شەڕی نێوخۆیی، بوو. له لاوازترین حاڵەتدا گرووپی "ئیرادەی خەڵک" بە خەڵکی ڕووسیەی نیشان دا کە حکومەت هێزێکی لەشکان‌نەهاتوو نییە و لاوازە و زەربە دەخوا. ئەندامانی ئەو گرووپە زۆر باش دەیانزانی کە حکومەت ئەوەندە بەهێز نییە کە بتوانێ له ڕەگەوە هەڵیان بکێشێ و له لایەکی دیکەشەوە ئەوەندە باوەڕیان بە بزووتنەوەکەیان هەبووە کە کوشتنیان له پێناویدا بە کارێکی پیرۆز و ئاواتێکی لەمێژینە دەزانی.

گرووپی "ئیرادەی خەڵک" بەو ئاکامە گەیشت، کە دەتوانێ ڕووداوێکی تاڕادەیەک بچووک وەک تەقینەوەی بۆمب، بۆ داگیرساندنی زنجیرەیەک دژکردەوە کەڵک وەرگرێت، واتە تۆقاندنی حکومەت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان بۆ سەرکوتکردنی توند هەنگاو بنێن و ئەویش دەبێتە ڕق و کینە له حکومەت و پشتیوانی خەڵکی ئاسایی لێدەکەوێتەوە، هەروەها پاڵپشتی خەڵک دەبووە هۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرکوتکردنی زیاتر لەلایەن حکومەتەوە و ئەو قۆناغە تا گەیشتن بە شۆڕش درێژەی دەبوو. ئەو گرووپە لاواز و بچووک بوو، بەڵام کردەوە ترسناکەکانی دەکرا هێزێکی زۆری بۆ بڵاوکردنەوەی تۆوی گومان و سەرلێشێواوی پێ ببەخشێ و ڕواڵەتێکی بەهێز و تۆکمە لە مێشکی خەڵک و پۆلیس‌دا دروست بکا. لەڕاستی‌دا بچووکی و نادیاربوون بۆ ئەوان نیعمەتێکی باش بوو چونکە هێزێکی هەزار کەسی لە پۆلیس دەبوو بە تێچووی زۆرەوە بە دوای گرووپێکی بچووک و شاراوەدا بگەڕێن، کە لە خافڵگیری، دینامیزم و نەبینراویدا باڵادەست بوون. بێجگە لەوەی ئەو گرووپە هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی وەک هێزێکی بەڕواڵەت ناپاک، بەڵام قارەمان نیشان بدا، ناهەماهەنگی هێزەکانی بووە هۆی ئەوەی کە کەس نەتوانێ شەڕی لەگەڵ بکا.

ناهاوسەنگی لایەنێکی سەیر و نوێی بە شەڕ بەخشیی: ژمارەیەکی کەم لە خەڵک شەڕیان لە دژی هێزێکی گەورە دەست پێکرد و بچووکی و نهێنی‌بوونی خۆیان کردە چەکێکی بەهێز. هۆکاری ئەوەی کە تیرۆریستان دەتوانن ئەو جۆرە کارەساتە دروست بکەن و هێشتا بەهێز بن، لەبەر ئەوەیە بە بەراورد بەو سوپایانەی کە لە دژی ئەوان وەستاون هیچیان نیە لەدەستی بدەن، بەڵام لە ڕێگەی تۆقاندنەوە دەستکەوتی زۆریان هەیە.

زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە گرووپەکانی تیرۆریستی وەک "ئیرادەی خەڵک" مەحکوم بە شکست دەبن: ئەوانەی حکومەت بانگهێشتی کاردانەوەی سەرکوتگەرانە دەکەن لە کۆتاییدا لەلایەن دەسەڵاتەوە یارییان پێ دەکرێ و هەر کارێکی بێ‌بەزەییانە بۆ نەهێشتنی ئەو مەترسییە دەگرنەبەر و لە کۆتاییدا هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونادا، بەڵام ئەو بۆچوونە تێگەیشتنی دروستی لە تیرۆریزم نییە. گرووپێکی وەک "ئیرادە خەڵك"، میلیۆن‌ها ڕووسی لە بزووتنەوەکەی ئاگادار کردەوە و شێوازەکانی لە هەموو جیهاندا کاری پێکرا و لە هەمانکاتدا بە توندی بەسەر ڕێژیمی تزاردا زاڵ بوو و هاوسەنگی تێک دا، بەڵام ئەو ڕێژیمە سوودی لە ڕەفتاری غێری‌مەنتقی وەرگرت و هەموو سەرچاوەکانی بۆ سەرکوتکردن بەکار هێنا، لە هەمانکاتدا دەیتوانی ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی خەرج بکا، بۆ ئەوەی ڕێژیمەکەی زیاتر دەوام بێنێ.

لە بنەڕەت‌دا تیرۆریستەکان بۆ ئەوەی هەرەسێک ڕنوو دروست بکەن، بەردیان خستە ژێر پێیان. ئەگەر ڕۆچوونی زەوی بەدوای ئەم هەرەسەدا ڕوو بدات، شتێکی زۆر لەدەست ناچێ، هەڵبەتە لەوانەیە ژیانی خۆشیان لەدەست بدەن کە مەیلیان هەیە بۆ بزووتنەوەکەیانی بەخت بکەن. ئەگەر ئاژاوە و نائارامی لێ بکەوێتەوە هێزێکی زۆریان بۆ کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان هەیە. گەلێک‌جار تیرۆریستان لە بەرامبەر بارودۆخێکی تەواو وەستاو کاردانەوەیان دەبێ کە تێیدا گۆڕانکاری بە هەر جۆرێک، ڕێگری لێدەکرێ و کاتێک بێ‌هیوا دەبن زۆرجار هەلومەرجی مەوجود تێک دەدەن.

هەڵەیە کە لەسەر بنەمای شێوازی سەرکەوتن یان شکست حوکم لەسەر شەڕێک بدرێ: هەردوو وڵات هەوراز و نشێویان هەیە. لە مێژوودا کەم سەرکەوتن هەیە ببێتە هۆی ئاشتییەکی بەردەوام و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەم شکستیش بووەتە هۆی لەنێوچوون و وێرانی هەمیشەیی. توانای ئەنجامدانی هێندێک گۆڕانکاری و گەیشتن بە ئامانجێکی سنووردار، شتێکە کە تیرۆر سەرنجڕاکێش دەکا و بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە لاوازن.

[بۆ نموونە، تیرۆریزم دەتوانێ بۆ مەبەستێکی سنووردار بەدەستهێنانی ناوبانگ بۆ بزووتنەوەیەک، بە شێوەیەکی کاریگەر کاربوردی هەبێ. کاتێک ئەو ئەرکە گرنگە وەدیهات، ئامادەییەکی گشتی دروست دەبێ کە وردە وردە دەتوانێ وەک دەسەڵاتی سیاسی خۆی نیشان بدا. کاتێک تیرۆریستانی فەلەستینی لە ساڵی ١٩٦٨ فڕۆکەیەکی "ئەل ئەلیان" ڕفاند سەرنجی ڕاگەیاندنی جەماوەری لە سەرانسەری جیهاندا ڕاکێشا. لە ساڵانی دواتردا، ئەوان زۆر کردەوەی تیرۆریستی دیکەیان بەڕێوە دەبرد کە لە تەلەفزیۆنەکاندا بە باشی ڕەنگدانەوەی هەبوو، لەنێویاندا هێرشە بەناوبانگەکەی ئۆلۆمپیکی مونیخ لە ساڵی ١٩٧٢دا بوو هەرچەندە ئەو جۆرە کارانە وای کرد زۆربەیان لە وڵاتانی غەیرە عەرەبی لێیان بێزار بن، ئەوان ڕازی بوون لەگەڵ ئەو ڕقلێبوونە، چونکە بە دوای بە ناوبانگ‌بوون و دەسەڵاتدا بوون. وەک نووسەر "برایان جێنکنس" ئاماژەی پێ دەکا: "شۆڕشگێڕان بۆ ماوەی ١٤ ساڵ لە ئەنگۆلا، مۆزامبیک، پورتقال و گینە بە بەکارهێنانی تاکتیکی ستانداردی شەڕی چریکی، گوندنشینەکان شەڕیان کرد. جیهان بەزەحمەت سەرنجی خەباتی ئەوانی دا، لەکاتێکدا ژمارەیەکی تا ڕادەیەک یەکسان لە کۆماندۆی فەلەستینی تاکتیکی تیرۆریستی دامەزراند. لە چەند ساڵێکدا دواتر بووە خەمی سەرەکی جیهان".][1]

لە جیهانێکدا کە ڕواڵەتەکان بەسەر هەموو شتێکدا زاڵن و ئاستی بەهاکان بە حزووری گشتی دەپێورێ، تیرۆریست دەتوانێ ڕێگایەکی قەدبڕی سەرنجڕاکێش بۆ بانگەشەکردن بێ. هەر لەبەر ئەو هۆکارەش تیرۆریستان توندوتیژییەکانیان لەڕاگەیەنەکان و بە تایبەت لە تەلەڤزیۆنەکاندا بڵاو دەکەنەوە. ڕەفتارەکانیان هێندە ترسناک و ڕقاوی نیشان دەدەن کە هیچ کەس نەتوانێ لەبیری بکا. پەیامنێران و شارەزایان دانیان بەوەدا ناوە کە خافڵگیر کراون، بەڵام هیچ کارێکیان لەدەست نایە. کاری ئەوان بڵاوکردنەوەی هەواڵ بوو، بەڵام لە ڕاستیدا خەریکی بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسێک بوون کە تەنیا دەتوانێ یارمەتی تیرۆریستان بدا و حوزووریان زیاتر ئاشکرا بکا. کاریگەری ئەو کارە لە نێو گرووپە لاواز و بچووکەکاندا کەم نەبوو و بەکارهێنانی تیرۆر بۆ نەوەی نوێ سەرنجڕاکێش بوو.

بەڵام لەگەڵ هەموو خاڵە بەهێزەکانیدا، تیرۆر سنوورداربوونی هەیە کە مردنی زۆرێک لە هەڵمەتێکی توندوتیژیدا سەلماندووە و ئەوانەی دژایەتی دەکەن پێویستە ئەو هەڵوێستە بزانن و کەڵکی لێ وەرگرن. خاڵی لاوازی سەرەکی ئەم ستراتیژییە، نەبوونی پێوەندی لەگەڵ خەڵکی گشتی یان پێگەیەکی سیاسی ڕاستەقینەیە، زۆرجار تیرۆریستان گۆشەگیرن و بە نهێنی دەژین و تووشی پچڕانی

---

١. ئەو پاراگرافە بۆ فارسی وەرنەگێڕدرابوو چونکە کۆماری ئیسلامی دەستێکی باڵای لەو کارانە و تیرۆرانەدا هەبوو، ئەو پاراگرافە لە ئینگلیزییەوە بەیان و موکریان چووکەڵی کردیانە کوردی. و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

واقیع دەبن، بۆیە دەسەڵاتی خۆیان بە باڵاتر لە واقیع دەزانن. هەرچەندە کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژی دەبێ بۆ سەرکەوتنی ستراتیژی بێ، بەڵام دووری ئەوان لە کۆمەڵ، وا دەکا پاراستنی هەستی هاوسەنگی سەخت بێ. ئەندامانی گرووپی "ئیرادەی خەڵک" کەموزۆر ناسیاویان لەسەر جووتیاران هەبوو، بەڵام زۆربەی گرووپە تیرۆریستییەکانی ئەو دواییە وەک گرووپی "وێدەرمەن" لە ئەمریکا و "سوپای سوور" لە ئیتالیا ئەوەندە لە خەڵک دوور کەوتبوونەوە کە پێدەچوو خەیاڵی و وەهم بن. جەختکردنەوە لەسەر گۆشەگیرکردنی تیرۆریستان و پشتگوێ خستنی ئەوانە، دەبێ بەشێک لە ستراتیژییەکی کاریگەر بۆ بەرەنگاری لەگەڵ ئەوان بێ.[1]

تیرۆریزم زۆرجار لە هەستکردن بە لاوازی و بێهیوایی لەگەڵ ئەو باوەڕە لە دایک دەبێ کە بزووتنەوە و ئامانجێک کە مرۆڤ بۆی وەستاوە، جا چ گشتی بێ یان تاکە کەسی، بەهای کوێرەوەری و زیاندیتنی هەیە. جیهانێک کە زۆرجار ڕوخساری دەسەڵات گەورە و بە ڕواڵەت زەربەنەخۆر و بە هێزن، ئەو ستراتیژییە زیاتر سەرنجراکێش دەکات. بەم مانایە تیرۆر دەتوانێ شێوازێک یان شێوازی ڕەفتارێک بێ کە خۆی زیاتر بە کۆمەڵگا بناسێنێ.

ژاک لاکان، دەروونشیکاری دیاری فەڕانسەوی، لە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠دا، کۆمەڵگەی پزیشکی زۆر محافیزەکاری کە بە سەر هەموو لایەنەکانی بۆچوونی دەروون شیکاری زاڵ ببوو، خستە ژێر پرسیارەوە. ئەو کە دەتوانێ بە شێوەی ئاسایی ڕەخنە لەو جەمسەرانەی دەسەڵات بگرێ، شێوازێکی بەکارهێنا کە دەکرێ بە ترسناک و تیرۆریستی ناوی ببەین. بۆ نموونە دانیشتنەکانی لەگەڵ نەخۆشەکانی زۆر کورت بوون، پێش ئەوەی پەنجا خولەکی دیاریکراو تەواو بێ و تا ئەو کاتەی کە بە گونجاوی دەزانی لە دانیشتنەکانی بەردەوام بوو و هێندێک جار تەنیا بۆ دە خولەک ئەو کارەی دەکرد. ئەم فیتنە هۆشیارانەیە ئابڕووتکاوێکی گەورەی لە سیستەمی پزیشکیدا دروست کرد و زنجیرەیەک

١. کاتێک قەڵای "ئودوارا" لە ساڵی ١٤٩٢-١٥٠١دا لەژێر هێرشی ئافتێسدا داگیر کرا، ئاکیکۆ کە خزمەتکار لە خزمەت مۆری فوجیوری پاشای قەڵاکەدا بوو، لەگەڵ پشیلەیەک هەڵهات، کە ساڵانێک بوو ئاژەڵی ماڵی بوو، دواتر پشیلەکە گۆڕا بۆ ئەهریمەنێکی دەرەوەی زەوی کە خەڵکی دەترساند و تەنانەت منداڵانی گوندیشی دەخوارد. دەسەڵاتدارانی نێوخۆیی و خەڵکی کۆبوونەوە بۆ گرتنی ئەو پشیلەیە، بەڵام ئەو هێزێکی سەرسوڕهێنەری بۆ خۆ حەشاردن و ئاشکراکردن خۆی هەبوو. هیچ کام لە شمشێرباز و تیروانەکان نەیانتوانی بیدۆزنەوە و ژن و پیاوەکان شەو و ڕۆژیان بە ترسەوە تێدەپەڕاند. لە مانگی دسامبر ساڵی ١٥٠٥، کەشیش یاکوکۆ لەسەر سەکۆیەکی ڕووبەرووی کەسانی دیاردا وەستا و وێنەی پشیلەیەکی کێشا و پاشان وتی: "هەروەک چۆن وێنەکەیم کێشا، خۆم ئەویش بە (ورد) دوعایەک دەیکوژم تا بە ئارامی لەسەر ژیانی خۆیان دانیشن." پاشان لە ژێر لێویدا شتێکی گوت و ئاهێکی هەڵکێشا و پارچە کاغەزی وێنەی پشیلەکەی دڕاند. ئەو ڕۆژە داربڕێک لە نزیک تاکۆما گوێی لە دەنگێکی ترسناک بوو و کۆمەڵێک تیرهەڵگری بەرەو بەشی سەرەوەی دۆڵەکە برد و لەوێش لاشەی پشیلەیەکی ئەهریمەنیان دۆزیەوە کە لەسەر بەردێک کەوتبووە خوارەوە. خەڵکەکە کۆک بوون کە بەهۆی هەمان (ورد) دوعای قەشەوە بووە. تاقیکردنەوە: ١- چۆن وشەیەک کە لەگەڵ دڕاندنی وێنەیەکدا ئەهریمەنێکی زیندوو لەنێو دەبا. ٢- ئەم ئەهریمەنە پشیلەیە ئێستا لەنێو خەڵکدا دەژی و لەوانەیە خوڵکیش بخوا هەروەها خێرا بە یەک (ورد) دوعا بیکوژن و ڕاستی ئەم چیرۆکە بسەلمێنن. ذهن ساموراییی: کوانهای یک مبرز اسکاتشا، ترور لگت ١٩٨٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا کە بۆ ساڵانێک کۆمەڵگەی دەروونشیکاری هەژاند. (ئەم دانیشتنە بۆ نەخۆشەکانیش ترسناک بوو چونکە نەیاندەتوانی تێبگەن کەی "لاکان" دانیشتنەکە تەواو دەکات و هەر بۆیە هەموویان سەرنجیان لەسەر یەک خولەک بوو. جیددیبوونی نەخۆشەکان بەهایەکی چارەسەری گەورەی هەبوو، لاکان کە بە شێوازە نوێیەکەی خۆی ناوبانگێکی باشی دەرکرد بە ڕێوشوێنی سەیر و سەمەرەی دیکە بارودۆخەکەی زیاتر گۆڕی، پاشان قوتابخانە نوێیەکەی و کۆمەڵگە تایبەتمەندییەکەی و کتێبەکانی بە شێوازێک نووسراون کە لەگەڵ ئەم ستراتیژیەدا بگونجێ، توندوتیژ و عەجایب. وەک ئەوە وابوو لەپڕدا بۆمبێک بەسەر جیهاندا بەرداتەوە و سەرنجی ئەوانی بە دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ ڕاکێشا.)

ئەو کەسانەی هەست بە لاوازی دەکەن زۆرجار پەنا بۆ ڕەفتاری توندوتیژی یان ئازارهێنەر دەبەن بۆ ئەوەی دەوروبەریان سەبارەت بە کردەوەکانی داهاتوویان بێ خەبەر بهێڵنەوە. ئەو ڕەفتارە لەپڕ و ترسناکانە دەتوانن کاریگەرییەکی ترساندنیان لەسەر ئامانجەکانیان هەبێ و خۆڕاگری لایەنی بەرامبەر کەم دەکاتەوە. هێندێک جار سادەترین دەمودۆ لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە ئەوەندە ناخۆشە، بۆچی شەڕیان لەگەڵ بکەی؟ بۆچی نابێ قەبووڵیان بکەی؟ ڕەفتاری توندوتیژی یان کردەی چاوەڕوان نەکراو، پڕ لە تووڕەیی یان پڕ لە سەرسوڕمان، دەتوانێ وەهمێکی دەسەڵات دروست بکات و نائەمنی و لاوازییەکانی ڕاستەقینە بشارێتەوە. وەڵامی هەیەجانی یان مودیرییەتنەکراو بەوانە وا دەکا ئەو کەسانە بە ئامانجیان بگەن کە بریتییە لە دروستکردنی سەرلێشێواوی و ڕاکێشانی سەرنج. ئەگەر هاوسەر یان بەرپرسێکی تیرۆریست و تۆقێنەرت هەیە، باشترین شت ئەوەیە بێ سەرنج بەڵام پتەو دژکردەوە نیشان بدەی، ئەمە هەمان کاردانەوەیە کە چاوەڕوانی ناکەن.

هەرچەندە تیرۆری سازماندراو گۆڕاوە و توانایی خۆی بۆ توندوتیژی زیاد کردووە، بەڵام پێکهاتەی بنەڕەتیی گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا نەهاتووە و هەمان ئەو توخمانەی کە لەلایەن گرووپی "ئیرادەی خەڵک" لە ڕووسیە کەڵکیان لێ وەردەگرت، هێشتا بەکاری دێنن. بەڵام ئەو پرسیارەی ئەمڕۆ دێتە ئاراوە ئەوەیە، ئایە جۆرێکی نوێ و بێچارەسەری تیرۆر سەرهەڵ دەدا کە لە جۆری شێوازە کلاسیکییەکان باڵاتر بێ؟ ئەگەر تیرۆریستان بتوانن جۆرە چەکێکی نوێی وەک چەکی ئەتۆمی و بایۆلۆژی بەدەست بێنن و توانای ئەوەیان هەبێ کەڵکی لێ وەرگرن، جۆری شەڕ و دەسەڵاتەکەیان دەتوانێ لەباری چلۆنایەتییەوە تەکانێکی بەتەوژم لە کوالێتی بە شێوەیەکی (آخرالزمان) کۆتایی دەورانی جیهان بێ، بەڵام لە ئێستادا فوڕمێکی نوێی تیرۆر سەری هەڵداوە کە پێویستی بە چەکی بەهێز و پیس بۆ ئەوەی ترسوخۆف و تۆقاندن دروست بکا، نیە.

لە ١١ی سپتامبر ٢٠٠١ [٢١ی خەرمانان١٣٨٠] تیرۆریستانی سەر بە بزووتنەوەی ئەلقاعیدە مەرگهێنەرترین هێرشی تیرۆریستییان لە ناوەندی بازرگانی جیهانی نیویۆرک و پێنتاگۆن لە دەرەوەی واشنگتۆن دی سی ئەنجامدا. ئەو هێرشە چەندین تایبەتمەندی تیرۆری کلاسیکی هەبوو: گرووپێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بچووک بە کەرەستەی زۆر سنووردار، بە کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی ئەمریکایی کە لە بەردەستیاندا بوو توانیان زۆرترین کاریگەرییان هەبێ. لێرەشدا هەمان ناتەبایی و ناهەماهەنگی هێزەکان دەبینرێ و بچووک بوون بە سەرمایە دادەنرا، ئەوان کارێکیان کرد کە خۆیان لە گرووپێکی گەورەتردا حەشار بدەن و نەبینرێن و شناسایی‌کردنیان زۆر سەخت بێ. ترسناکیی ئەو ڕووداوە کاردانەوەی زۆری لێ کەوتەوە کە ئەمریکا دوای ئەو هەمووە ساڵە نەیتوانیوە بە تەواوی لێی ڕزگار بێ. سروشتی ڕەمزی تاوەری دووانە (برج دوقلو) ئەگەر نەمانهەوێ ئاماژە بە پێنتاگۆن بکەین، وێنەیەکی دروستکرد کە هێزی دوو بەرامبەری بە تیرۆریستان بەخشی و ئەمریکای وەک وڵاتێکی لاواز و خەسارهەڵگر ناساند، لە کاتێکدا ئەمریکا پێش ئەو ڕووداوە خۆی بە زلهێزی جیهان نێو دەبرد، لە سەرانسەری جیهان کەسانێك هەبوون کە هەرگیز خەیاڵیان نەدەکرد ئەمریکا بەو ڕادەیە لەرزۆک و زیانێکی گەورەی ئەوتۆی پێ‌بگا بەڵام کە زانیان لەهەڵە دان خۆشحاڵ بوون.

زۆر کەس ڕەتی دەکەنەوە کە هێرشەکەی ١١ی سپتامبر فورمێکی نوێی تیرۆر بێ. دەڵێن ئەو هێرشە بەهۆی زۆری قوربانییەکانیەوە لەبیر و هەزریاندا ماوە نەک بەهۆی چۆنیەتی و تایبەتمەندییەکانیەوە. ئەو شرۆڤەکارانە پێیان وایە ئەلقاعیدە مەحکوم بە شکستە. هەروەها دەڵێن دژەهێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر بنکە عەمەلیاتەکانی لە ئەفغانستان بووە بە هۆی وێرانی ئەوان و لەنێوی بردوون و ئێستاش لەژێر ئیرادەی حکومەتی ئەمریکا دان. لەشکرکێشییەکەی ئەمریکا بۆ عێراق قۆناغێک بوو لە ستراتیژی گەورەی خۆی بۆ ڕزگاربوون لە تیرۆر لەناوچە ناوی برد، بەڵام ڕێگەیەکی دیکە هەیە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو هێرشە، تەنیا ئەوەت لەبەرچاو بێ کە کاردانەوەی زنجیرەیی هەمیشە یەکێک بووە لە ئامانجە گرنگەکانی تیرۆریستان.[١]

کاریگەری ئابووریی هێرشەکەی یازدەی سپتامبر سەختە بپێورێ، بەڵام کاریگەری شەپۆلەکانی هێرشەکە بە هەر ستانداردێک گەورە و حاشا هەڵنەگرە. زیادبوونی تێچووی ئەمنی، بەتایبەتی دابین‌کردنی بودجەی بەرنامە نوێیەکانی حکومەت بۆ ئەو مەبەستە، لەشکرکێشی نیزامی بەرفراوان بۆ سەر دوو وڵات و نەتەوەی جیاواز وەک عێراق و ئەفغانستان، کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر بازاڕی بۆرسە کە هەمیشە بەرامبەر بە دەروونناسی ترس هەستیار بووە و زیانگەیاندن بە متمانەی کڕیارانی ئەم بازارە، زەربەلێدان لە هێندێک پیشەسازی تایبەت وەک گەشت و گەشتیاری و کاریگەرییە حاشاهەڵنەگرەکانی لەسەر ئابووری جیهانی یەکێکە لە کاریگەرییە زنجیرەییەکان. ئەو هێرشە کاریگەری سیاسیشی هەبوو. هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لە ساڵەکانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٤ تا ڕادەیەکی زۆر

١. کاتێک مرۆڤ لەنێو دڵیدا فێری ئەوە بووە کە ترس و خۆف واتای چییە، ئەوە لە هەر شتێکی ترسناک کە بەهۆی هێزەکانی دەرەکی بۆی دروست دەبێ، خۆی دەپارێزێ. با گرمەی هەور یان ڕەشەبا لە هەموو شوێنێک بڵاو بێتەوە و سەدان کیلومیتر لێرە و لەوێ ترس بڵاو بکاتەوە، ئەو ڕۆحێکی هێندە بەهێزی هەیە کە هیچ شتێک ناتوانێ نفووزی تێدا بکا. ئەوە هەمان ڕوحە کە پێویستە لە هەموو ڕێبەر و حاکمان ئامادە بێ. ئی چینگ، کتاب دگرگونی‌ها، چین. حدود قرن هشتم پیش از میلاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر ئەو هێرشە بوو و لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەو کاریگەرییە، درزێکی لەحاڵی پەرەسەندنی لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئوورووپا دروست کرد (یەکێک لە ئامانجە شاراوەکانی تیرۆریزم بریتییە لە دروستکردنی درز و لێکترازان و دابەشبوون لە نێوان هاوپەیمانان و کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی و دروستکردنی ململانێ لە نێوانیاندایە). هەروەها هێرشی ١١ی سپتامبر کاریگەرییەکی قووڵ و ڕوونی لەسەر شێوازی ژیانی ئەمریکاییەکان هەبوو و ڕاستەوخۆ بووە هۆی سنووردارکردنی ئازادییە مەدەنییەکان کە نیشانەی بەرچاو و دیاری ئەو وڵاتە بوون. لە کۆتاییدا هەرچەندە ئەوە ئەستەمە بپێورێ و هەڵسەنگاندنێکی سادە نییە، بەڵام کاریگەرییەکی نائومێدکەری لەسەر فەرهەنگ و کولتووری ئەمریکا هەبوو.

ڕەنگە ستراتیژییەکانی ئەلقاعیدە هەموو ئەو حاڵەتانەیان نەکردبێتە ئامانج یان تەنانەت لەبەرچاویان نەگرتبێ و بیریان لێ نەکردبێتەوە. ئێمە نازانین، بەڵام تیرۆر وەکو هەڵدانی مۆرەی تاس وایە، تیرۆریستان هەمیشە بەدوای زۆرترین کاریگەریدا دەگەڕێن. بیرۆکەی گشتی ئەوەیە کە تا دەتوانێ ترس، نائەمنی و سەرلێشێواوی دروست بکا. لەو ڕوانگە و بۆچوونەوە هێرشی ١١ی سپتامبر دەتوانرێ بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ تیرۆریستان ئەژمار بکرێ، چونکە لەباری چۆنایەتییەوە قەڵەمبازێکی لە پەرەپێدانی تیرۆردا دروست کرد. ڕەنگە ئەو هێرشە لە ڕوانگەی فیزیکی و دەرەکییەوە هێزی وێرانکەری بە ڕادەی بۆمبی ئەتۆمی یان بایۆلۆژی نەبێ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات هێزی لەرزین و ڕاژانی ئەو، هەموو هێرشی تیرۆریستی پێشووتری لە بازنەی دەسەڵات بردە دەرەوە، واتە هێزی دەنگدانەوەی زۆر لە هێزی هەر هێرشێکی تیرۆریستی پێش خۆی تێپەڕاند. ئەو هیرشە ناسنامەی ڕەنگاوڕەنگی جیهانی بوو. بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندیی قووڵی دیمەنی جیهانی نوێ، چ بازرگانی، چ سیاسی، یان کولتووری، هێرشێکی بەهێز بۆ سەر خاڵێکی دیاریکراو، دەتوانێ کاریگەری کاردانەوەی زنجیرەیی هەبێ کە تەنانەت کەس لە ساڵانی پێش ئەوەدا بیری لەو کاریگەرییە نەکردۆتەوە. سیستەمی بازاڕ کە هەمیشە بەیەکەوە بەستراوەتەوە و پێویستی بە سنوور و تۆڕی کراوە هەیە، لە بەرامبەر ئەم کاریگەرییانە زۆر هەستیارە. ئەو جۆرە ترسە پێشتر تەنیا دانیشتوانی شارێک یان وڵاتێکی دەکردە ئامانج، بەڵام لەو جۆرە هێرشانەدا کە بە تایبەتی لەلایەن ڕاگەیەنەکانەوە وێنا دەکرێن، ئەو ترسە کاریگەری لەسەر هەموو جیهان دەبێ.

ئەگەر هێرشی ١١ی سپتامبر بە شکستخواردوو بزانین چونکە قاعیدە نەیتوانی بە ئامانجی سەرەکی خۆی بگا کە دەرکردنی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو، خوێندنەوەی هەڵە لە ستراتیژیی ئەوانە و دادوەری لەسەر ئەوان بە پێوانەی ستانداردی شەڕی گرێبەستییە. زۆرجار تیرۆریستان ئامانجێکی گەورەیان هەیە بەڵام دەزانن کە شانسی گەیشتن بەو ئامانجە بە یەک جووڵە یان زەربەلێدان زۆر کەمە. ئەوان هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی کاردانەوەی زنجیرەیی دروست بکەن. دوژمنی ئەوان هەلومەرجی ئێستایە و سەرکەوتنیان بە کاریگەری کارەکانیان بەدرێژایی ساڵان دەپێورێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، چ جۆری کلاسیک بێ یان جۆرێکی نوێ، هەمیشە وەسوەسەمان بۆ دروست دەبێ کە پەنا بۆ ڕێکاری نیزامی ببەین و بە توندوتیژی وەڵامی توندوتیژی بدەینەوە، بە دوژمن بسەلمێنین کە ئیرادەمان هێشتا بەهێزە و هێرشەکانی داهاتوویان تێچووی زۆریان دەبێ. کێشەکە لیرەدایە کە سروشتی تیرۆر ئەوەیە کە هیچی نیە لەدەستی بدا، بەڵام ئێمە زۆرمان هەیە. ڕەنگە توندوتیژی و ڕووبەڕووبوونەوە زیانیان پێ بگەیەنێ بەڵام ڕێگریان لێناکا و تەنانەت ڕەنگە ناچاریان بکا کاردانەوەی توندتریان هەبێ. زۆرجار تیرۆریستان مەیلیان هەیە بۆ سەرکوتکردن و تۆقاندنی ئێوە چەندین ساڵ سەرمایەگوزاری بکەن. وەڵامدانەوەیان بە هێرشی پێچەوانە تەنیا بێ تاقەتی تۆ نیشان دەدات و بۆیان دەسەلمێنێ کە تۆ بەدوای ئەنجامی دەستبەجێدا دەگەڕێی، ئاستی لاوازی تۆ زیادی کردووە و ئەمانە نیشانەی بەهێزی نین.

بەهۆی ناهاوسەنگی هێزەکانی نێو ستراتیژی تیرۆریستی، زۆرجار چارەسەری نیزامی کاریگەرییەکی کەمی هەیە. تیرۆریستان زۆرجار بێ تەرکیز و پەرش و بڵاون و لە ڕووی فیزیکییەوە بە هیچ شوێنێکەوە گرێدراو نین و تەنیا وابەستەن بە بیرۆکەیەکی توندڕەو و کورت بینەوە. ناپلیۆن بناپارت لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرووپە ناسیۆنالیستەکانی ئەڵمانی کە کردەوەی تیرۆریستییان لە دژی فەڕانسە ئەنجامدا گوتی: *"فرقەیەک بە فیشەک و تۆپ لەنێو ناچێ"*.[١]

نووسەری فەڕانسەوی "ڕایمۆند ئارۆن" تیرۆر بە کردەوەیەکی توندوتیژی پێناسە دەکا کە کاریگەرییە دەروونییەکەی زۆر لە کاریگەرییە فیزیکییەکەی زیاترە. ئەو کاریگەرییە دەروونییە دەبێتە هۆی دیاردەی جەستەیی وەک ترس، ئاژاوە و دابەشبوون یان درزی سیاسی، کە هەموو ئەمانە وا دەکەن تیرۆریستان بەهێزتر دەرکەون لەوەی لە ڕاستیدا هەن. هەر دژەستراتیژییەکی کاریگەر پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەبەرچاو بگیرێ. دوای هێرشی تیرۆریستی زۆر گرنگە ڕێگری لە شەپۆلی کاریگەرییە دەروونییەکان بکرێ و ئەو هەوڵەش پێویستە لەلایەن ڕێبەرانی وڵاتێک یان گرووپێکەوە کە هێرشی کراوەتە سەر، بکرێ.

لە ساڵی ١٩٤٤ و نزیک کۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم، شاری لەندەن بەر چالاکی تیرۆریستی فڕۆکە بۆمبڕێژکراوەکانی v-1 و v-2 ئاڵمان کەوت. هیتلێر هیوای خواست ئەو هەوڵ و ڕێوشوێنانە ببێتە هۆی دابەشبوونی سیاسی لە ئینگلستان و ئیرادەی خەڵکی ئەو وڵاتە بۆ درێژەدان بە شەڕ لەناو ببا. لەو بۆمبارانە زیاتر لە شەش هەزار کەس کوژران و ژمارەیەکی زۆر بریندار بوون و بە میلیۆن خانوو وێران کران، بەڵام سەرۆک وەزیری ئینگلستان چرچیل لەبری ئەوەی نیگەران بێ تەقینەوەکانی بە ئیمتیازێک زانی چونکە دەرفەتێک بوو بۆ خەڵکی ئینگلستان کە یەکگرتوو بێ و بە دژی ئاڵمان بێنە

١. تیرۆریستان وەک یاریزانانی پۆکێر هەموو لایەنەکان حیساب دەکەن و بەدوای کەمترین تێچوون و زۆرترین ئەنجامدا دەگەڕێن. هەروەها تیرۆریستان لە هێرشەکەی سەر "منهتن" ئەو جۆرە ڕەچاوکردنەیان هەبوو و تیئۆری ئاژاوەیان بە شێوەیەکی باش نیشان دا ئەو شۆکە سەرەتاییەی کە دەرئەنجامە باوەڕپێنەکراوەکانی بەدوای خۆیدا هێنا. روح تیروریزم، ژان بودریلارد، ٢٠٠٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر شەقامەکان. ئەو بۆ هێورکردنەوەی ترس و نیگەرانییەکانی خەڵک، وتارەکان و ڕێوشوێنی بەرنامەڕێژی دەکرد. بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک بۆ فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی v-1 و نوێترینی واتە v-2 ڕابکێشێ باسی پێویستی پێداگری و سووربوون لە چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کرد و ئەو داواکاریانەی ئاڵمان بەدوایدا دەگەڕا، ئینگلستان پێی نەدا.[١]

لە ساڵی ١٩٦١دا شارڵ دیگۆل، سەرکۆماری فەڕانسە، ڕووبەڕووی تیرۆری هێزە ڕاستڕەوەکانی فەڕانسە لە ئەلجزائیر بووەوە. ئەو کەسانەی دژی بەرنامەی دیگۆل بوون کە دەیگوت فەڕانسە لە بەرپرسیارێتی زاڵبوون بەسەر وڵاتانی کۆلۆنی دەست هەڵگرێ، مخالیف بوون. ناوبراو ستراتیژیەکی هاوشێوەی بەکارهێنا: لە تەلەڤزیۆن خۆی نیشان دا بۆ ئەوەی بڵێ فەڕانسە ملکەچی ئەو جۆرە چالاکییە تیرۆریستییە نابێ و تێچووی قوربانیانی ئەو چالاکییانە بە بەراورد بە قوربانییەکانی جەنگی جیهانی دووهەم هیچ نییە. ئاماژەی بەوەشکرد، ژمارەی تیرۆریستان زۆر کەمە و بۆ ئەوەی فەڕانسە ئەوانە شکست بدا نابێ ڕێگە بدا ترس کاریگەری لەسەر جەستەی هەبێ، بەڵکوو تەنیا پێویستە یەکگرتوو بێ. لە هەر دوو حاڵەتدا ڕێبەرێک توانی کاریگەری سەقامگیر و جێگیری هەبێ و ئەو هەنگاوە کارێکی نوێ بوو بەرامبەر بەو گرژییە شاراوەیەی کە هاوڵاتییە بریندارەکان ئەزموونیان کردبوو و ڕاگەیەنەکان فوویان لێدەکرد و دەیانگەشاندەوە. هەر دوو ڕێبەر چرچیل و دیگۆل ڕایانگەیاند کە ئەو هەڕەشانە جیددین، بەڵام ڕێوشوێنی ئەمنییەتی پێویست لەبەرچاو گیراوە و تەنیا پرسێکی گرنگ ئەوەیە کە وروژاندنی گشتی لە ترس و نیگەرانییەوە بۆ شتێکی ئەرێنی دەگۆڕێ. ڕێبەران ئەو هێرشانەیان کردە بیانوویەک بۆ یەکخستن و یەکگرتوویی خەڵک، ئەوە لە کاتێکدا ئامانجی تیرۆریستان هەمیشە دروستکردنی دووبەرەکییە لە نێوان گەلان و حکومەتەکاندا. چرچیل و دیگۆل لەبری ئەوەی دژەهێرشی توندڕەوانە دەست پێ بکەن، خەڵکی خۆیان بۆ نێو ئەو بیرکردنەوە ستراتیژییە ڕێنوێنی کرد و هاووڵاتییانیان کردە هۆکاری کارا و چالاک لە شەڕی دژی هێزە وێرانکەرەکاندا.[٢]

---

١. بە گشتی کاریگەرترین وەڵام بۆ ئاژاوەگێڕ وگێرەشوێن نائاسایی کەمترین کاردانەوەیە، تا دەتوانی کەمترین کاری مومکین ئەنجام بدە کە بە شێوەیەکی فریودەرانە لەگەڵ ئەو بوارە یەک دەگرێتەوە. زیان مەگەیەنە، تا دەتوانی کەمترین کاردانەوەت هەبێ. ڕەنگە ئەم شێوازە بۆ ئەمریکاییەکان خۆش نەبێ کە حەز دەکەن هەموو هێزی خۆیان پێشان بدەن و خێراترین ئەنجامی کۆتایی بەدەست بێنن. ئەوەی پێویستە گۆڕانکارییە لە تێڕوانینی ئەوانەی لە واشنگتۆن بەرپرسن: کەمترین کار زۆرترین کارە، ئەوانی دیکە وەک ئێمە نین و جیهانێکی پاک و تەندروست ئەرزشی تێچوونەکەی نێە بۆی خەرج بکرێ. جنگهای اژدەها، جی بویر بل ١٩٩٩

٢. ئەوە کاریگەری زنجیرەییە کە دەسەڵاتی ڕاستەقینە بە تیرۆریزم دەبەخشێ. ئەو دەسەڵاتە لە قۆناغی دوای تیرۆردا بە ڕوونی و ناڕوون دیارە، لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و هەموو بوارەکاندا سەرهەڵ دەدا و تەنانەت لە ئیدئولۆژی و سیستمی بەهاکانی خەڵکدا چەقبەستوو دەبێ و هەڕەشە لە ئازادیی بزووتنەوەکان دەکا. هەموو ئەم شتانە ئەوانەن کە جیهانی ڕۆژاوا شانازی پێوە دەکا و سەرچاوەی دەسەڵاتی ئەوان وڵاتانی دیکەی پێ دابینی دەکا. ئێستا تیرۆریزم گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە بیرۆکەی ئازادیی خەریکە نامێنێ و هیچ شوێنەواری لە کولتوور و عەقڵی خەڵکدا نابینرێ. ئێستا جیهانگیری بەها ئازادیخوازەکان بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبەری وڵاتێک لەکاتێکدا پێش بە لە لەنێوچوونی دەروونی هێرشێک دەکا، دەبێ هەرچی پێویست بێ بۆ سەرکوتکردنی هێرشی داهاتوو بیکا. زۆرجار تیرۆریستان بەبێ هۆکار، بە بەربڵاوی و بێنەزمی کار دەکەن. یەکەم، پێش‌بینی‌نەکردن دەبێتە هۆی ترسی زیاتر، دووهەم، ئەوەندە لاوازن کە ناتوانن عەمەلیاتەکان بە شێوەیەکی سابیت و هەمیشەیی بپارێزن. لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی هەڕەشەی تیرۆریستی زیاتر پێویستی بە سەبر و کات و خۆڕاگری هەیە. لێرەدا هەواڵگری و دزەکردن بۆ نێو ڕیزەکانی دوژمن زۆر بەنرختره لە هێزی نیزامی، بەجۆرێک کە بتوانرێ وردە وردە ئەو پووڵ و سەروەت و سامانە لەناو بچێ کە تیرۆریستان پشتی پێ دەبەستن یان وەک سەرچاوە کەڵکی لێ وەردەگرن.

لە هەمانکاتدا گرنگە زەمینەی بەرزی ئەخلاقی لەبەرچاو بگری. ئێوە وەک قوربانییەکی تیرۆر، خاوەنی ئیمتیاز و باڵادەستن، بەڵام ئەگەر بە شەڕەنگێزی دژکردەوە نیشان بدەی، ئەوە ئەو ئیمتیازە لەدەست دەدەی. دەستی باڵا شتێکی بریقەدار و سادە نییە بەڵکوو هۆکارێکی ستراتیژی زۆر گرنگە: بڕوای جیهانی و یەکگرتوویی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە گۆشەگیرکردنی تیرۆریستان و ڕێگریکردن لە دابەشبوون و ئاژاوەی زیاتر، زۆر گرنگە. هەمووی ئەوانە بۆ دەست پێکردنی شەڕێکی چەند ساڵە بێگومان لە پشت پەردەوە پێویستی بە ئامادەیی هەیە. ئیرادەیەکی پشوودرێژانە و پارێز لە هەنگاوی توندئاژۆیانە، دەتوانێ ڕۆڵی پێشگیرانەی هەبێ. با دوژمنەکانتان بزانن کە ئێوە بە بەرەیەکی شەڕەنگێزەوە بۆ مەبەستی سیاسی پەراوێزیان ناخەن، بەڵکوو بە ستراتیژی ئارام و حیسابکراوی ورد لە پەراوێزیان دەخەن، چونکە یەکەمیان نیشانەی لاوازی و دووهەمیان نیشانەی بەهێزیە.

لە جیهانێکدا کە زۆر بە سنووره کراوەکان وابەستەیە، هەرگیز ئاسایشی هەمەلایەنە بوونی نابێ. پرسیار ئەوەیە، تا چ ڕادەیەک دەتوانین لەگەڵ هەڕەشە بژین؟ ئەو کەسانەی کە بەهێزن دەتوانن بە ئاستێکی دیاریکراو لە قەبووڵکردنی نائەمنی ڕۆژانێک تێپەڕ بکەن. هەستکردن بە ترس و تووڕەیی نیشانەی ئەوەیە کە دوژمن سەرکەوتووە و هەروەها ڕێوشوێنی بەرگریی بەهێز لە کۆمەڵگا و کولتووردا کە تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن مشتێک تیرۆریستەوە بە بارمتە گیراوە، هەمان مانای هەیە.

**بیهێنە بەرچاوت:** شەپۆلێکی "تیدال". شتێک لە دەرەوەی دەریا لەسەر ئەو کاریگەری دروست کردووە. ئەو شتە دەتوانێ بوومەلەرزە، گڕکان یان ڕۆچوونی زەوی بێ. شەپۆلێکی چەند ئینچی دەست بەگەشەکردن دەکا و تێکەڵ بە شەپۆلێکی گەورەتر و قووڵایی ئاوەکە خێراتری دەکا تا بە هێزێکی وێرانکەر و مەزن دەچێتە لێوار و کەنارەوە.

ژولیوس سزار دەڵێ: *"هیچ شتێک لەوە خراپتر نییە کە بەردەوام لەژێر پاراستن و چاودێری دابی، چونکە مانای ئەوەیە هەمیشە دەترسی."*

---

شێوەیەکی تەواو پێچەوانە خۆی نیشانداوە، کە بریتییە لە جیهانگیری هێزە ئەمنییەکان و پۆلیس، کۆنترۆڵکردنی توند و ترس لە ڕێوشوێنە ئەمنییەکان. ئەو پێچەوانەبوونەوەیە بەرەو زۆرترین سنووردارکردن دەڕوا، کە لە کۆمەڵگایەکی بناژۆخواز دەچێ. روح تروریسم، ژان بودریلارد، ٢٠٠٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**حاڵەتی دەگمەن**

خاڵی بەرامبەری تیرۆریزم. شەڕی هەماهەنگ و ڕاستەوخۆیە. لەو شەڕەدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هەمان شەڕی سەرەتایی و بە شێوەیەکی سادە و ڕاستگۆیانە لە بەرەی پێچەوانەدا هەڵسوکەوت بکەین. ئەو جۆرە شەڕە نمایشی هێزە لەبەرامبەر هێزدا و لە سەردەمی مۆدێرنیشدا ستراتیژییەکی نەشیاوە و نەگونجاو جێگای نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org